تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# قورئانی پیرۆز

وەرگێڕاوی

## مامۆستا هەژار

# قرآن کریم

ترجمه کردی

استاد عبدالرحمن شرفکندی

«هەژار»

مقابله و تصحیح: محمد هادی مرادی
ویرایش: محمد ماجد مردوخ روحانی
بازنویسی: سید احمد سعادتی
طرح و گرافیکی: پژوند رایانه
حروفچینی: ثریا بابایی
خندان نوابی
پرستو نیرومندی
نمونه‌خوانی: محمد ماجد مردوخ روحانی
محمود نقشی

خوشنویسی: نسخ قرآن: عثمان طه
ثلث و رقاع: محمد سعید غفوری
شکسته: افشین صالحی
نستعلیق: سعید نجاری
تذهیب: بهرام مهربان کردستان
ناشرین: انتشارات تازه نگاه و کردستان
لیتوگرافی: تندیس
چاپ و صحافی: چاپخانه بزرگ قرآن کریم
حق چاپ: محفوظ است.

بسم الله الرحمن الرحيم

## سورة الفاتحة

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم
مالك يوم الدين إياك نعبد وإياك
نستعين اهدنا الصراط المستقيم
صراط الذين أنعمت عليهم غير
المغضوب عليهم ولا الضالين

وآياتها سبع

# سورەی فاتیحە

- بەناوی خودای [illegible] بەخشندە و دلۆڤانە.
- سپاس بۆ خودایە [illegible] جیهانە.
- بەخشندە و دلۆڤانە.
- خاوەنی رۆژی [illegible].
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]

---

- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]

لە مەککە هاتووە و ٧ ئایەتە

# سورة البقرة

بسم الله الرحمن الرحيم

الم ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين
الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون الصلاة
ومما رزقناهم ينفقون والذين يؤمنون بما أنزل
إليك وما أنزل من قبلك وبالآخرة هم يوقنون
أولئك على هدى من ربهم وأولئك هم المفلحون

وآياتها ست وثمانون ومائتان

# سووره‌ی به‌قه‌ره

[illegible]

• ئەلیف، لام، میم.

• [illegible]

• [illegible]

• [illegible]

• [illegible]

له‌ مه‌دینه‌ هاتووه‌ و ۲۸٦ ئایه‌یه‌

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ
لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ۖ وَعَلَىٰٓ
أَبْصَٰرِهِمْ غِشَٰوَةٌ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٧﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ
مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾
يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ
وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ
وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ
لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾
أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا قِيلَ
لَهُمْ ءَامِنُوا۟ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ قَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ ۗ
أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾ وَإِذَا لَقُوا۟
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا
مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ﴿١٤﴾ ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ
فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَٰلَةَ
بِٱلْهُدَىٰ فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿١٦﴾

٦ گەلی خودانەناسانیش بترسێنی، یان ترسیان وەبەر نەهێنی، وەکۆ یەکە؛
ئەوان لە باوەڕی هێنان خۆ دەبوێرن.
٧ لە خوداوە دڵ و گوێیان مۆر کراوەو پەردەیەکیش بە بەر چاویاندا کشاوەو
بەشیان ئازاری بەژانە.
٨ لەم خەڵکەدا ئی‌وا هەیە، ئێژن: باوەڕمان بە خوداو بە ڕۆژی سەڵا
هێناوە؛ کە چی باوەڕیشیان نیە.
٩ ئەوان خوداو باوەڕداران فریودەدەن؛ کە هەر خۆیان فریوداوەو پێش
ناحەسن.
١٠ دڵیان دەغەزێکی هەیەو خوا دەغەزی پتر کردۆن؛ لە سەر ئەم
درۆکردنە، بەشیان ئازاری بەژانە.
١١ ئەگەر کەسێ پێان بێژێ: لەم هەردە بەدفەڕی مەکەن! ئێژن: ئێمە
چاکەکارین.
١٢ باش بزانن، کە خراپەکار ئەوانن؛ بەڵام بەخۆیان نازانن.
١٣ هەرگاش یەکێ پێان بێژێ: ئێوەش سایری ئەمخەڵکە بڕوا بێنن، ئێژن:
جا چۆن ئێمە وەک ئەو نەفامانە بڕوابێنین؟ با بزانن، کە خۆیان
نەفامەکانن؛ بەڵام بەخۆیان نازانن.
١٤ هەر وەختایەک دەگەنە خاوەن باوەڕان، دەڵێن: ئێمەش وەک ئێوە
خاوەن باوەڕین. هەرگاش چۆنە لای شەیتانەکانی خۆیان، ئێژن: ئێمە
وەل خۆتانین؛ هەر گەمە بەمانە دەکەین.
١٥ خودا گاڵتە بەوان دەکاو بەریان بۆ بەرهەڵدا دەکا، تا لەئەو سەرکێشیەدا
سەرگەردان بن.
١٦ ئەوانە ڕاستەڕێیان دا بە گومڕایی و لە سەودادا تێ شکاون و ڕێگەی
ڕاستیان بەدی نەکرد.

---

٩- حەسین: پێ زانین، هەست پێکردن.    ١٠- دەغەز: نەخۆشی، ناساغی.
١١- هەرد: عەرد، زەمین، زەوی.    ١٤- وەل: دەگەڵ، لەتەک.

مَثَلُهُمۡ كَمَثَلِ ٱلَّذِي ٱسۡتَوۡقَدَ نَارٗا فَلَمَّآ أَضَآءَتۡ مَا حَوۡلَهُۥ
ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمۡ وَتَرَكَهُمۡ فِي ظُلُمَٰتٖ لَّا يُبۡصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمُّۢ
بُكۡمٌ عُمۡيٞ فَهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ﴿١٨﴾ أَوۡ كَصَيِّبٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ
ظُلُمَٰتٞ وَرَعۡدٞ وَبَرۡقٞ يَجۡعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمۡ فِيٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ
حَذَرَ ٱلۡمَوۡتِۚ وَٱللَّهُ مُحِيطُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ يَكَادُ ٱلۡبَرۡقُ يَخۡطَفُ
أَبۡصَٰرَهُمۡۖ كُلَّمَآ أَضَآءَ لَهُم مَّشَوۡاْ فِيهِ وَإِذَآ أَظۡلَمَ عَلَيۡهِمۡ قَامُواْۚ
وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ
شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٢٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ
وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ
ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ
بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ
تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ وَإِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّمَّا نَزَّلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا
فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّن مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ
إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ وَلَن تَفۡعَلُواْ فَٱتَّقُواْ
ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾

١٧ ئەمانە ڕاست بە مەرەدی کەسانێ چۆن، کە خەریکی پێکردنی ئاگرێک بۆن؛ هەرکە ڕۆشنایی ئاگر دەوروبەری ڕۆشن کردن؛ خودا ڕۆناکیەکەی بردن و لە تاریکێکی وادا وێڵی کردن، هیچ ئاشتەبایان نەدەدیت.

١٨ کەڕن، کوێرن، لاڵ و پاڵن؛ ناتوانن بشگەڕێنەوە.

١٩ یانە [هەروەکوو کەسانێ کە] بارانی بەلۆزەویان دەگەڵ هەورو چەخماخەدان لەو حەوایە بۆ بباریێ و بکەونە ناو تاریکایی؛ لە ترسی هەورەتریشقە، تلی لەگوێیان ڕابکەن، نەکا بمرن. خودا دەورەی لەم خوانەناسانە داوە.

٢٠ لەوانەیە برۆسکەی هەور کوێریان بکا. هەر شریخەی چەخماخە هات، دەکەونە ڕێ و هەرگا لێیان تاریک داهات؛ ڕادەوەستن. خۆ ئەگەر خوا بیویستایە، گوێ و چاوی لەکار دەخستن؛ خوا هەمۆ شتێکی پێدەکرێ.

٢١ ئەی خەڵکینە! هەر ئەو خوایە بپەرستن کە ئێوەو زۆری تریشی پێش ئێوە وەدی هێناوە. بەشکوو خۆتان بپارێزن.

٢٢ ئەو خودایە هەردی بۆ کردۆن بە ڕایەخ، ئاسمانی بەرزکردەوەو ئاوێکی لەو حەوایەوە بۆ باراندن؛ هەمۆجۆرە بەروبوی - بەهۆی ئەو ئاوە - بۆ رواندن. دەیسا کە ئەوەو زانیوە، چۆن شەریکان بۆ ئەو خوایە پەیدا دەکەن؟

٢٣ ئەگەر لەمەی کە ئێمە بۆ عەبدی خۆمان ناردۆتەخوار بە گومانن و پێشتان وایە ڕاستی بۆچۆن، دەسا ئێوە وێڕای هاوباوەڕەکانتان بە گەلەکۆمەکی یەکتر - جگە لە خوا - سۆرەتێکی وەک ئەو بێژن.

٢۴ ئەگەر نەۆکرد - کە هەرگیز بۆشتان ناکرێ - سا بترسن لەو ئاگرەی دەستەچیلەی تەوەن و لەشی مرۆیەو هەر بۆ خودانەناسەکان هەڵکراوە.

---

**١٧-مەرەد:** حاڵ، بار، مەرە. **١٩-لۆزەو:** تەوژم، ریژنە. **تلی:** ئەنگوست، قامک، تلهی.

**٢۴-تەوەن:** بەرد، کوچک، کەڤر. **هەڵکراوە،** یا: سازکراوە.

وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنۡهَا مِن ثَمَرَةٖ
رِّزۡقٗا قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِي رُزِقۡنَا مِن قَبۡلُۖ وَأُتُواْ بِهِۦ مُتَشَٰبِهٗاۖ
وَلَهُمۡ فِيهَآ أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ وَهُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥
۞إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسۡتَحۡيِۦٓ أَن يَضۡرِبَ مَثَلٗا مَّا بَعُوضَةٗ فَمَا
فَوۡقَهَاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن
رَّبِّهِمۡۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ
بِهَٰذَا مَثَلٗاۘ يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرٗا وَيَهۡدِي بِهِۦ كَثِيرٗاۚ
وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٦ ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ
ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ
وَيُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٢٧
كَيۡفَ تَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمۡ أَمۡوَٰتٗا فَأَحۡيَٰكُمۡۖ
ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٢٨ هُوَ
ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى
ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٩

٢٥ بەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن، موژدە بدە: باغاتێکی وایان دەبێ، جۆباریان بەبەردا دەڕواو لە هەر میوەیەک بچێژن، ئێژن: بەرێ ئەمە کرابوە بەشی مەو ئێستا وێنەیان هێناوە. ژنەکانیان لەوێ زۆر پاک و خاوێنن؛ تا هەتایەش هەر لە بەهەشتا دەمێنن.

٢٦ خودا لەوە شەرم ناکا مێشوولەو لە پێشکەش کەمتر بە نموونە بێنێتەوە. جا ئەوانەی بەباوەڕن، ڕوون دەزانن ئەمە ڕاستەو لە پەروەرندەیان ڕایە. ئەوانەی خودا نەناسن ئێژن: خودا لەم نموونە هێنانەوە چی گەرەک بوو؟ زۆرانی پێ گومڕا دەکاو فرەشیان شارەزا دەکا. هەر ئەوانە پێی تووشی گومڕایی دەبن کە لەڕێگایە لادەدەن.

٢٧ ئەو کەسانەی پەیمان دەگەڵ خوا دەبەستن و دەیشکێنن؛ ئەو شتەی خودا ویستوویە هەر بەساغی بیهێڵنەوە، دەپسێنن و لە عەردا بەدفەڕی دەکەن، هەر خۆیان زیانبار دەبن.

٢٨ چۆن لەو خوایە حاشا دەکەن کە لە نەبوو، ژیانی داوە بە ئێوەو لە پاشان دەتان مرێنێ و دیسان زیندوو دەکاتەوەو ئەوسا گشتوو بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە؟

٢٩ هەر خۆیەتی هەرچی لە زەمیندا هەیە، بۆ ئێوەی بەرهەم هێناوەو ئەوسا پەرژایە بەرزایی و حەوت نهۆمی لێ دروست کرد. هەر ئەویشە ئاگای لە هەموو شت هەیە.

---

٢٦- پێشکە: مێشوولە، توفانە، پەخشە، پێشی. ٢٩- پەرژان: خەریک بوون.

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةًۖ
قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ
نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ
٣٠ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ
فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسْمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ٣١ قَالُواْ
سُبْحَٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ
٣٢ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ
أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّيٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا
تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ٣٣ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُواْ
لِأَدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ
٣٤ وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا
حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٣٥
فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُواْ
بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّۖ وَلَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ٣٦
فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٣٧

٣٠ ئەوکاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێک لە سەر زەمین دیاری بکەم؛ گوتیان: تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپەبکاو خوێن بڕێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نیە.

٣١ خودا هەمۆ ناوێکی فێری ئادەم کرد. ئەوسا هەمۆ شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕاناو گوتی: ئەگەر ڕاستی بۆچۆن، ناوی ئەوانەم بۆ هەڵدەن.

٣٢ گوتیان: هەر تۆی لە کەمایەتی بەدۆری؛ ئێمە بەدەر لەوەی کە تۆ فێرت کردوین، هیچ نازانین. هەر بۆ خۆت زانای کارزانی.

٣٣ گوتی: ئەی ئادەم! دەسا تۆ ناوی هەمۆ ئەوانەیان بۆ هەڵبدە. وەختێ ئادەم هەمۆ ناوێکی بۆ هەڵدان، گوتی: من بە ئێوەم نەۆت کە هەر خۆمم هەر نهێنی لە عاسمانان و زەمیندان و هەرچی ئێوە وەیشێرن و بیدرکێنن، دەیانزانم؟

٣٤ فەرمانمان بە فریشتاندا، کرنۆش لەبەر ئادەم بەزن. غەیرەز ئیبلیس هەمۆیان سوژدەیان بۆ برد؛ ئەو کە خۆی بە زلتر زانی، سوژدەی نەبردو سپڵە بۆ.

٣٥ گوتمان: ئادەم! خۆت و ژنت، لە بەهەشت نیشتەجێ بن و هەرچی لەهەرشوێنێ دەخۆن، نۆشی گیانۆ؛ هەر تخۆنی ئەو دار[ی هانا] مەکەۆن؛ چون [بەم کارە] لە ناهەقیکاران دەبن.

٣٦ شەیتان هەڵی خەڵەتاندن و لە بەهەشت دەری پەڕاندن. گوتمان: داوەزنە خوارەوە، خۆتان دوژمنی خۆتانن؛ تا ماوەیێ دیاریکراو، لە سەر زەمین ڕای ببوێرن.

٣٧ ئادەم لە پەروەرندەی ڕا چەند وشەیەکی پێ گەییشت. ئەوسا تۆبەکەی قبۆڵ کرد. هەر خۆیەتی لە پەژیوانان دەبۆرێ و دلۆڤانە.

---

٣٥- هانا: ١) پەنا، لەبەرپاڕانەوە بۆ دادپرسین؛ ٢) ئاوها، ئەوجۆرە.

داری هانا: داری قەدەغەی بەهەشت بۆ ئادەم. ٣٧- دلۆڤان: خاوەن بەزەیی.

قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَن تَبِعَ
هُدَاىَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٣٩﴾
يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِىٓ
أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّٰىَ فَٱرْهَبُونِ ﴿٤٠﴾ وَءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلْتُ
مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ وَلَا تَكُونُوٓا۟ أَوَّلَ كَافِرٍۭ بِهِۦ ۖ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِى
ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّٰىَ فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾ وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ
وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤٢﴾ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟
ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرْكَعُوا۟ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ۞ أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ
وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٤٤﴾
وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ
﴿٤٥﴾ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾
يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّى فَضَّلْتُكُمْ
عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا
يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَٰعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤٨﴾

٣٨ گوتمان: گشتۆ لە بەهەشت بڕۆنە خوارێ؛ ئەوسا ئەگەر لای منەوە
ڕینوێنییێکتان بۆهات ، ئەوانەی بکەونە شوێنی ڕێنوێنیم، نە لە هیچ شتێ
دەترسن نە خەمدەخۆن.
٣٩ هەر کەسانیش خۆیان تۆشی هەڵەکەن و لە نیشانەکانی من حاشایە
بکەن؛ دەبن بە یاری ئاگرو هەتا سەر هەر تیا دەبن.
٤٠ ئەی زارو زیچی ئیسرائیل! لەبیرۆ بێ چەندم چاکەدەگەڵ کردوٚن.
پەیمانی من بەجێ بێنن؛ منیش پەیمانێ پێم داون، پێک دێنم و هەر
تەنیا لە خۆم بترسن.
٤١ بڕواو هەبێ بەوەی کە ناردوٚمەتەخوار، کە ئەمەش بەڕاست دەزانێ
وائێستا لە لای ئێوەیە. مەبنە پێشەنگی ئەوانەی حاشا لەم کتێبە
دەکەن؛ ناشێ نیشانەکانی من بە نرخێکی کەم بفرۆشن. سا هەر لەخۆم
ترسۆ هەبێ.
٤٢ ڕاستی ڕەوا بە ناڕەوا دامەپۆشن. حاشاو لەو ڕاستیە نەبێ، کە بۆخۆتان
ناسیوتانە.
٤٣ نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ دەگەڵ کڕنۆش بەرەکاندا کڕنۆش بەرن.
٤٤ ئاخۆ ئێوە کە فەرمان بەو مەردمە دەدەن چاکەی بکەن، خۆتانی لێ
هەڵداوێرن و هەر خۆشۆ کتێب خوێنەوەن؟ دەسا چیتانە تێ ناگەن؟
٤٥ بۆ خۆڕاگریۆ بۆ نوێژان هانا بەرن؛ کە ئەم کارە زۆر دژوارە؛ مەگین هەر بۆ
ئەو کەسانەی کە خۆیان بەزل نازانن؛
٤٦ ئەوکەسانەی سۆردەزانن تۆشی پەروەرێنیان دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ لای
خۆی.
٤٧ ئەی زارو زێچی ئیسرائیل! بیر لەو چاکە بکەنەوە کە من دەربارەتانم
کرد؛ لە چاو خەڵکی هەمۆ دنیا پتر ڕێزم لە ئێوەنا.
٤٨ خۆش بپارێزن لەو ڕۆژەی کە کەس تاوانی ناچێتە سەر کەسی‌تر؛ نە
بارمتەی تێدا هەیەو نە هیچ خۆکڕینەوەیەک؛ کەسیش دە هانای کەس
نایە.

---

٤٤-هەڵواردن: جیاکردنەوە. ٤٦-سۆرزانین: دڵنیابوٚن. ٤٨-بارمتە: گرۆ، شتێک لەباتی شتێکی تر بەئەمانەت دانان.

وَإِذْ نَجَّيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ
يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ
مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٤٩﴾ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ فَأَنجَيْنَٰكُمْ
وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٠﴾ وَإِذْ وَٰعَدْنَا مُوسَىٰٓ
أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ
﴿٥١﴾ ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٢﴾
وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿٥٣﴾
وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم
بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ فَتُوبُوٓا۟ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ
خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ
﴿٥٤﴾ وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً
فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ
بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ
ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ۖ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا
رَزَقْنَٰكُمْ ۖ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٥٧﴾

٤٩ ئەوسا کە ڕزگارم کردن لە فیرعەون و داروەدەستەی، کە سەرەڕای
جزیادانۆ، کوڕانی لێ سەر دەبڕین و ژنەکانی ساغ دەهێشتن؛ کە لەمەدا
ئەزموونی زۆر مەزن هەبۆ لە پەروەرندەتانەوە.
٥٠ ئەوساش کە ئێمە دەریامان بۆ قەڵاشتن و نەجاتن‌دان و ئەوانەی وەل
فیرعەون بۆن، هەمۆمان بە خنکاندن‌داو ئێوە تماشاو دەکردن.
٥١ ئەوساکەش کە دەگەڵ مۆسا، ژوانی چل‌شەوەمان دانا، ئێوە ئەو
ناهەقیەتان کرد: پاش ئەو گوێرەکەتان پەرست.
٥٢ لە پاش ئەمەش لێتان خۆش بۆین؛ بەشکۆ شوکرانەبژێر بن.
٥٣ ئەوساش کە ئێمە بە مۆسا کتێب و هۆی بژاردن دا؛ بەشکۆ ئێوە
شارەزابن.
٥٤ ئەوساش مۆسا بە هۆزەکەی خۆی ڕاگەیاند: گەلۆ! بە گۆلک‌پەرستیۆ
ناهەقیتان لە خۆتان کرد؛ پەژیوانی لەلای بەدی‌هێنەرتانەوە دەربڕن؛
سا وەرن یەکتر بکۆژن؛ لای بەدی‌هێنەرتانەوە ئەمکارە بۆتان چاترە. کە
تۆبەی لێ قبۆڵ کردن ؛ هەر ئەویشە لە پەژیوانان خۆش‌دەبێ و دلۆڤانە.
٥٥ ئەوساش کە بە مۆساتان گوت: ئێمە بڕوات پێ‌ناهێنین تا ئاشکرا خوا
نەبینین؛ کە هەر لەبەر چاوی خۆتان بروسکەتان بەسەرداهات.
٥٦ لەپاش ئەوەی کە مردبۆن سەر لەنوێ زیندون کردنەوە، شایەت شوکرانە
بژێربن.
٥٧ هەوریشمان کردە سەیوانۆ؛ گەزۆو مەلی شێلاقەشمان بۆ هەناردن:
بخۆن لەو بژیوە پاکەی بەشمان داون. ئەوان ناحەقیێکیان لە ئێمە
نەکرد؛ دەربارەی خۆیان ناحەق‌بۆن.

---

**٥٧- سەیوان:** سابات، سایەبان. **شێلاقە:** کەڕەواڵە.

وَإِذْ قُلْنَا ٱدْخُلُوا۟ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ فَكُلُوا۟ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا
وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَٰيَٰكُمْ ۚ
وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ قَوْلًا
غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رِجْزًا مِّنَ
ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ
لِقَوْمِهِۦ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ
ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ۖ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ۖ كُلُوا۟
وَٱشْرَبُوا۟ مِن رِّزْقِ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٦٠﴾
وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ
يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا
وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ۖ قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ
بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ ۚ ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ ۗ
وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ
ٱللَّهِ ۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ
ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۗ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٦١﴾

٥٨ ئەوساش پێمان ڕاگەیاندن: بڕۆنە ناو شارەکەوە؛ هەر شتێکی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، بە ئارەزوی خۆتان بکەن. هەر لە دەرگا چوونە ئەو دیو، سوژدە بەرن و بێژن: ئەی پەروەردەمان! ئەرکی گرانمان مەخە سەر. ئەوسا مە لە گوناهانو خۆش دەبین و پاداشمان لە مەڕ کارچاکان پتر دەبێ.

٥٩ ئیتر لەڕێلادەرەکان - هەرچی بەوان سپێرابو - بەراوەژو رەفتاریان کرد؛ ئەوسا ئێمەش لە تۆڵەی ئەو بەدفەریەدا، بەلایەکمان لە عاسمانەوە بۆ ناردن.

٦٠ ئەو هەڕەتەش کە وا مۆسا ئاوی بۆ پەیڕەوانی خواست. گوتمان: بە دارعاساکەی خۆت لەو بەردە دە! دوازدە کانی لێ هەڵقوڵی؛ هەر تیرەیەک جێی وەخواردنی خۆی زانی. سا لەوبەشەی خودا داویە بخۆن، وەخۆن، لە عەرزا بەدفەڕی مەکەن.

٦١ ئەو دەمەشتان لەبیر بێ کە گوتتان: موسا ئێمە بە یەک جۆرە خۆراک هەدا نادەین؛ لە پەروەرندەت بخوازە لەوەی زەوی دەیڕوێنێ، وەک سەوزەوات و خەیار و نیسک و سیر و پیواز، بۆمان بەرهەم بێنێ. گوتی: ئێوە خراپ بە چاک دەگۆڕنەوە؟ سەر بەرەژێر بچنە شارێک دڵخوازی ئێوە لەوێیە. بەلام چونکە لە نیشانانی خودا حاشایان دەکرد، هەر لە ناهەق پێغەمبەرەکانیان دەکوشت، یاغی بوْن و ملیان لە دەس درێژی دەنا، وەبەر غەزەبی خوا کەوتن و چارەڕەشی و زەبوْنیان بۆ بڕیار درا.

---

٥٩- بەراوەژو: پێچەوانە، ئاوەژو، واژی.

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ
مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ
عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ وَإِذْ
أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُواْ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم
بِقُوَّةٍ وَٱذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّنۢ
بَعْدِ ذَٰلِكَ فَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَكُنتُم مِّنَ
ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَواْ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ
فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾ فَجَعَلْنَٰهَا نَكَٰلًا لِّمَا
بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٦٦﴾ وَإِذْ قَالَ
مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُوٓاْ أَتَتَّخِذُنَا
هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾ قَالُواْ
ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ
وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ فَٱفْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾
قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ
إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾

٦٢ ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئەو کەسانەش کە جوولەکەو فەلەو سایبی مەزەب بوون، ئەگەر بە خواو ڕۆژی پەسلان باوەڕیان بێ و ئاکار چاک بن، لەلای پەروەرندەیان ڕا پاداشی خۆیان پێ دەگاو نە هیچ ترسێکیان لەسەرە، نە خەم دەخۆن.

٦٣ ئەوساش کە ئێمە بەڵێنمان لێ وەرگرتن و کێوی تورمان بەسەرتانەوە بڵندکرد؛ گوتمان: هەرچی پێمان داون توندی بگرن، چی تێدا لەبیری مەکەن. شایەتا خۆبپارێزن.

٦٤ لەپاش ئەوە خۆتان لێ بوارد. ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا دەهاناتان نەهاتایە، ئێوە لە زیانباران بوون.

٦٥ لەحاڵی ئەو کەسانەشتان خەبەردار بوون کە وا لە ڕۆژی شەممەدا لەڕادەی خۆیان دەرکەوتن، پێمان گوتن: مەیموونی تڕۆکراو بن.

٦٦ بە پەندێکێ وامان بردن، هاوچەرخان و دوای ئەوانیش، چاوترسێن کاو دەرسێک بێ بۆ پارێزگاران.

٦٧ بیر لەوجارەش بکەنەوە کە مووسا بە هۆزەکەی گوت: خودا فەرمانوو پێ دەدا کە ئێوە چێڵێک سەرژێ کەن. گوتیان: ئاخۆ دەتەوێ گاڵتەن پێ بدەی؟ گوتی: پەنادەبەم بە خوا کە لە ڕیزەی نەزانان بم.

٦٨ گوتیان: لە پەروەرندەی خۆت پرسیاربکە، چوون چێڵێکە؟ گوتی: ئێژێ ئەو چێڵەیە کە نە پیری پەک کەوتەیەو نە کەم تەمەن؛ ناوەنجی یە. بە چیتان فەرمان پێدراوە دەبێ بیکەن.

٦٩ گوتیان لە پەروەرندەی خۆت پرسێ بکە پێمان بێژێ چڕەنگێکە؟ گوتی: ئێژێ چێڵێکی هێندە ڕەنگ زەردە، تواشاچی دڵخۆش دەکا.

---

٦٦- **پەند:** دەرسی تەمێکردن. ٦٧- **چێڵ:** مانگا. **سەرژێکردن:** سەربڕین.

قَالُواْ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ ٱلۡبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيۡنَا وَإِنَّآ
إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهۡتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٞ لَّا ذَلُولٞ
تُثِيرُ ٱلۡأَرۡضَ وَلَا تَسۡقِي ٱلۡحَرۡثَ مُسَلَّمَةٞ لَّا شِيَةَ فِيهَاۚ قَالُواْ
ٱلۡـَٰٔنَ جِئۡتَ بِٱلۡحَقِّۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٧١﴾ وَإِذۡ
قَتَلۡتُمۡ نَفۡسٗا فَٱدَّٰرَٰٔتُمۡ فِيهَاۖ وَٱللَّهُ مُخۡرِجٞ مَّا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ ﴿٧٢﴾
فَقُلۡنَا ٱضۡرِبُوهُ بِبَعۡضِهَاۚ كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَيُرِيكُمۡ
ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴿٧٣﴾ ثُمَّ قَسَتۡ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ
فَهِيَ كَٱلۡحِجَارَةِ أَوۡ أَشَدُّ قَسۡوَةٗۚ وَإِنَّ مِنَ ٱلۡحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ
مِنۡهُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخۡرُجُ مِنۡهُ ٱلۡمَآءُۚ وَإِنَّ
مِنۡهَا لَمَا يَهۡبِطُ مِنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ
﴿٧٤﴾ ۞ أَفَتَطۡمَعُونَ أَن يُؤۡمِنُواْ لَكُمۡ وَقَدۡ كَانَ فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ
يَسۡمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعۡدِ مَا عَقَلُوهُ
وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿٧٥﴾ وَإِذَا لَقُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا
وَإِذَا خَلَا بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ قَالُوٓاْ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ
ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ لِيُحَآجُّوكُم بِهِۦ عِندَ رَبِّكُمۡۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٧٦﴾

٧٠ گوتیان: دیسان لە پەروەرندەت بپرسە با پێن بلێ چۆن چۆنیە؟ مانگا سەری لێ تێک داوین؛ ئەگەر خودا خۆی حەزبکا دەتوانین شارەزاببین.

٧١ گوتی: ئێژێ نە چێلێکی هەڤۆتی‌یە، جۆتی بکاو نە ئاودەکێشێ بۆ زەوی، هیچ پەڵەشی تێدانیە. گوتیان: ئێستا ڕاستەکەت بۆ خستینەڕو. ئیتر ئەوسا سەریان ژێ کرد؛ وەختیش بۆ ئەم کارە نەکەن.

٧٢ ئەوسا یەکێکتان کوشتبو، [لەسەر گوژەر] یەکتری‌تان تێوەدەدا، کە خودا بۆی وەدەرخستن ئەوی کە دەتان‌شاردەوە.

٧٣ ئەوسا گوتمان: پاژێک لە لاشی چێڵەکە لە لاکی کوژراوەکەدەن، خودا ئاوا مردۆ زیندۆ دەکاتەوەو ئاوا نیشانەکانی خۆی نیشان دەدا، بەشکۆ بتوانن تێ‌بگەن.

٧٤ لەپاش ئەمەش بۆنە دڵڕەقێکی وەها لە چەشنی بەرد؛ بگرە ڕەقتریش بۆ لە بەرد؛ چونکە تەختەبەردی وا هەن چەند جۆباری لەبەر دەڕۆن؛ هەیشە ترەک‌ترەک دەبێ‌و ئاوی لێوە فیچقە دەکا؛ هی‌واش هەیە لە ترسی خوا جاڵە دەبێ. خوا لە هەرکارێکی دەیکەن ئاگادارە.

٧٥ ئاخۆ ئێوە بەو هیوایەن کە باوەڕیتان پێ‌بێنن، کەچی دەستەیەک هەر لەوان وتاری خوایان دەبیست‌و لەپاش ئەوە تێی دەگەیین، دەیانگۆڕی‌و دەشیانزانی کە دەیگۆڕن؟

٧٦ هەرگایەکیش تۆشی باوەڕداران دەبن، ئێژن: باوەڕمان هێناوە. هەرگا دەگەنە یەکتری، پێیان ئێژن: ئاخۆ ئێوە ئەو زانستەی خوا پێداون لای ئەوانی دەدرکێنن، تا بیکەنەبەڵگەی خۆیان لجەم پەروەرندەی ئێوە؟ دەئاخر تاکەی تێ ناگەن!؟

---

٧١- هەڤۆتی: ڕاهێنراو، فێرکراو. ٧٢- گوژەر: کوژراو. تێوەدان: ئالودەکردن.

٧٤- جاڵە: جارە، بەردی گلارەوەبۆ لە کێف.

أَوَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٧﴾
وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ
إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَٰبَ بِأَيْدِيهِمْ
ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ
فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ
﴿٧٩﴾ وَقَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً ۚ قُلْ
أَتَّخَذْتُمْ عِندَ ٱللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ عَهْدَهُۥٓ ۖ أَمْ تَقُولُونَ
عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٠﴾ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً
وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ
فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨٢﴾ وَإِذْ
أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ
إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟
لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ
تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾

۷۷ بۆچی ئەمانە نازانن هەرچی نهێنی دڵیانەو هەرچی بە ئاشکرا دەیلێن، خوا دەیزانێ ؟

۷۸ لەوانیشدا ئی‌وا هەن کە نەخوێندەن و بێژگە ئارەزۆ، لەکتێب سەردەرناکەن ؛ ئەمانە هەر لەخەیالات و گوماندان.

۷۹ سا هاوارە بۆ ئەوانە بە دەستی خۆ کتێبەکە دەنۆسن و پاشان ئێژن: ئەمە لەخواوە هاتوە، تا بە نرخێ کەم بیفرۆشن. هاوار لەوان لەوەی بە دەس نۆسیویانەو هاوار لەوان بۆ نرخێ گیریان کەوتوە.

۸۰ دەشڵێن: ئاگر تۆشمان نابێ ؛ مەگین چەند ڕۆژێ ، ئەویش کەم. بێژە: ئاخۆ خودا بەڵێنی پێداوْن - کە خودا لە بەڵێنی خۆی پاشگەز نابێ - یان هەر لە نەزانیەوە قسە لەسەر خودا دەکەن ؟

۸۱ دیارە هەرکەس خۆی تۆشی خراپە بکاو خراپەکەی دەوری دابێ، ئەوانە یاری ئاگرن و تا هەتا هەر تێیدادەبن.

۸۲ ئەوانەش کە باوەڕدارو ئاکارچاک بۆن، بەهەشتین و هەر لەوێدا دەمێننەوە.

۸۳ ئەو سەردەمەش کە پەیمانن لە بەرەی ئیسرائیل وەرگرت: غەیرەز خودا نەپەرستن و چاکە دەگەڵ داک و باب و نزیکان و هەتیوو هەژاران کەن و بۆ مەردم قسەی‌باش بکەن ؛ نوێژبکەن و زەکات بدەن ؛ لەدوای ئەوە - کەمێک نەبێ - پشتۆتێ کردو خۆۆ لە پەیمانەکە بوارد.

---

۷۸- مەبەست لە «بێژگە ئارەزۆ»، ئەوەیە کە: هەر ئەوەندە لەکتێب(تەورات) تێ‌گەیشتون کە خوایان لێ خۆش‌دەبێ و باب‌و کاڵیان - کە پێغەمبەر بۆن - تکایان بۆدەکەن. «کەششاف»

وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَكُمۡ لَا تَسۡفِكُونَ دِمَآءَكُمۡ وَلَا تُخۡرِجُونَ
أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ ثُمَّ أَقۡرَرۡتُمۡ وَأَنتُمۡ تَشۡهَدُونَ ٨٤
ثُمَّ أَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ تَقۡتُلُونَ أَنفُسَكُمۡ وَتُخۡرِجُونَ فَرِيقٗا
مِّنكُم مِّن دِيَٰرِهِمۡ تَظَٰهَرُونَ عَلَيۡهِم بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ
وَإِن يَأۡتُوكُمۡ أُسَٰرَىٰ تُفَٰدُوهُمۡ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيۡكُمۡ
إِخۡرَاجُهُمۡۚ أَفَتُؤۡمِنُونَ بِبَعۡضِ ٱلۡكِتَٰبِ وَتَكۡفُرُونَ
بِبَعۡضٖۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفۡعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمۡ إِلَّا خِزۡيٞ
فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلۡعَذَابِۗ
وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ٨٥ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ
ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا بِٱلۡأٓخِرَةِۖ فَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ
يُنصَرُونَ ٨٦ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ وَقَفَّيۡنَا مِنۢ
بَعۡدِهِۦ بِٱلرُّسُلِۖ وَءَاتَيۡنَا عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدۡنَٰهُ
بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِۗ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمۡ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهۡوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ
ٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡ فَفَرِيقٗا كَذَّبۡتُمۡ وَفَرِيقٗا تَقۡتُلُونَ ٨٧ وَقَالُواْ
قُلُوبُنَا غُلۡفُۢۚ بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفۡرِهِمۡ فَقَلِيلٗا مَّا يُؤۡمِنُونَ ٨٨

۸۴ پەیمانیشمان لێتان ئەستاند کە: هۆنی یەکتر مەڕێژن و خۆتان هەر لە زێدی خۆتان وەدەرمەنێن. پاشان بۆ ئەو پەیمانەشتان بڕیارۆداو بۆخۆشتان شایەتی دەدەن.

۸۵ لەدوای ئەوەش هەر خۆتان بۆن کوشتارۆ لە یەکتر دەکرد؛ بە پشتیوانی خەڵکی تر- بە تاوان و دەسدرێژی - هێندێ کە هەر لە خۆتانن، لە وڵاتیان وەدەردەنێن. کە لیشۆ بەدیل دەگیرێ، هەمۆتان خوێنەکەی دەدەن؛ کە هیچ بۆشتان ڕەوانیە دەریان‌بکەن. ئاخۆ ئێوە بە هێندێ لە ناوەرۆکی کتێبەکەو بڕوادەکەن، لە هێندێکی حاشادەکەن؟ هەر کەس لەنگۆ ئەوە بکا دیارە لە ژیانی دنیادا ڕیسوادەبێ و لەو دنیاشا زۆر بە توندی ئازار دەدرێ. خودا لە هەمۆ کارێکتان ئاگادارە.

۸۶ ئەو کەسانە ژینی دنیایان کڕیوەو قیامەتیان لە نرخی داوە، ئیتر نە باری ئازاریان سۆک دەکرێ و نە کەس یاریدەیان دەدا.

۸۷ ئێمە خۆمان کتێبمان داوە بە مۆساو چەند پێغەمبەری تریشمان لە دوای ئەو نارد. چەند بەڵگەی زۆر ئاشکراشمان دا بە عیسای کوڕی مەریەم، لە گیانی پیرۆزی خۆشمان یاریدەن دا. هەتا ئێستا هەر پێغەمبەرێکۆ بۆ هات و شتێ وای گوت کە ئێوە لێتان خۆش نەهات، خۆتان لەو بەزلتر زانی و بە هێندێکتان گوت درۆزن و هێندێکیشیانۆ هەر کوشتۆن.

۸۸ گوتیان: دڵمان سەرپۆشی پێدا دراوە. نەخێر، ئەوان بەهۆی لە خودا لادانیان، بەر نەحلەتی خوادا کەوتۆن و بەدەگمەن بڕوا دەکەن.

---

۸۴- زێد: زاگە، نیشتمان. ۸۵- لەنگۆ: لەئێوە.

وَلَمَّا جَآءَهُمۡ كِتَٰبٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٞ لِّمَا مَعَهُمۡ وَكَانُواْ
مِن قَبۡلُ يَسۡتَفۡتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم
مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٨٩
بِئۡسَمَا ٱشۡتَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡ أَن يَكۡفُرُواْ بِمَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ بَغۡيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۖ
فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٖۚ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٩٠
وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ ءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ نُؤۡمِنُ بِمَآ
أُنزِلَ عَلَيۡنَا وَيَكۡفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقٗا
لِّمَا مَعَهُمۡۗ قُلۡ فَلِمَ تَقۡتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبۡلُ إِن كُنتُم
مُّؤۡمِنِينَ ٩١ ۞ وَلَقَدۡ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ
ثُمَّ ٱتَّخَذۡتُمُ ٱلۡعِجۡلَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَنتُمۡ ظَٰلِمُونَ ٩٢
وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَكُمۡ وَرَفَعۡنَا فَوۡقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُواْ
مَآ ءَاتَيۡنَٰكُم بِقُوَّةٖ وَٱسۡمَعُواْۖ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَعَصَيۡنَا
وَأُشۡرِبُواْ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡعِجۡلَ بِكُفۡرِهِمۡۚ قُلۡ
بِئۡسَمَا يَأۡمُرُكُم بِهِۦٓ إِيمَٰنُكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٩٣

٨٩ هەرکاتێکی کتێبێکیان لە لایەن خوداوە بۆ دێ و ئەم کتێبەش دەسەلمێنێ کە ئێستا لەلای ئەوانەو لە پێشۆشدا گەرەکیان بۆ بە سەر خودانەناساندا زاڵیان بکا، کەچی وختێ هات و ناسیان، بەگژیدادێن. دەسا کەسانێ دژ بەوِن، بەر نەحلەتی خودا کەوِن.

٩٠ ئای کە خۆیان بە نرخێکی خراپ فرۆشت! هەر چونکە خوا لە هەر عەبدێ لە عەبدانی وا حەزبکا بە چاکەی بخوێنێتەوەو فەرمانی خۆی بەو بسپێرێ، ئێرەیی بەو دەردەی بردن کە لێی بکەونە حاشایە؛ بەم کارەیان دوجار وەبەر غەزەب کەوتن؛ ئەو چاوچنۆکانە ئازارێکی ئابڕوبەریان دەبێ.

٩١ ئەگەر بێتو پێان بێژن: بەوکتێبەی خودا ناردۆیەتەخوارێ، بڕواو هەبێ، ئێژن: ئێمە هەر بەو کتێبەی کە بۆ خۆن هاتۆتە خوار، بڕوادەکەین؛ کتێبی‌تر - با بڕواشی بە کتێبەکەی ئێمە هەبێ - ئێمە بە ڕاستی نازانین. بێژە: ئەگەر بڕواۆ هەیە، ئەدی بۆچی لە پێشودا پێغەمبەرەکانی خوداو [لە خوت و خۆڕایی] دەکوشت؟

٩٢ کاتێ مۆساش بە چەندین نیشانەی پتەو هاتەلاتان، کەچی دوای ئەو گوێرەکەیەکتان پەیداکرد، دەتانپەرست. ناهەقیتان لە خۆتان کرد.

٩٣ لەو کاتەشدا کە پەیمانن دەگەڵ بەستن و کێوی تۆرمان لەسەرتان بەرزکردەوەو پێمان گوتن: هەرچی لە ئێمەوڕا بۆدێ توندی بگرن و ببیسن؛ گوتیان: بەڵی، بیستمان و گوێ نادەینێ. ئەوینی گۆلکپەرستی وەهایان دەدڵ چەقیبو باوەڕی لەبیربردنەوە. بێژە ئەگەر بڕوادارن، بڕواکەتان تۆشی کاری گەلێ نالەباری کردون.

---

٩١- خۆن:خۆمان، وێمان.

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الْآخِرَةُ عِندَ اللَّهِ خَالِصَةً مِّن
دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٩٤﴾
وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ
﴿٩٥﴾ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَىٰ حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ
أَشْرَكُوا ۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ
مِنَ الْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ ۗ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ قُلْ
مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ
مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ
﴿٩٧﴾ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ
وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ ﴿٩٨﴾ وَلَقَدْ أَنزَلْنَا
إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ ۖ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلَّا الْفَاسِقُونَ ﴿٩٩﴾
أَوَكُلَّمَا عَاهَدُوا عَهْدًا نَّبَذَهُ فَرِيقٌ مِّنْهُم ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ
لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٠﴾ وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ
مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ
كِتَابَ اللَّهِ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾

٩٤ بێژە: ئەگەر بەڕاستانەو پێتان وایە لە خوداوە ماڵی ئەولا بۆ ئێوە تەرخان کراوەو بەشی کەسی تێدانیە، دەسا داوابکەن بمرن.

٩٥ هەرگیز ئەو داوایە ناکەن، چون دەزانن چیان کردوە؛ خوداش ناهەقان دەناسێ.

٩٦ بێگومانە دەیانبینی لە هەمۆکەس لە دنیادا بۆ ژیانێ پاپا تڕن؛ تەنانەتی لەو کەسانەش کە شەریک بۆ خوا دەناسن. هەرکام لەوان پێ خۆشە هەزار ساڵ بژی. خۆتەمەنی هەزار ساڵەش لە ئازار دۆری ناخاتەو. خودا هەمۆکردەیانی لەبەر چاوە.

٩٧ بێژە هەرکەس کە دوژمنی جوبرائیلە[بابزانێ:] هەر ئەوە کە ئەم قورئانەی - بە ئیزنی خوا- حەواڵەی دڵی تۆ دەکاو بە کتێبەکانی دیکەی ئاسمانیش باوەڕدەکاو ڕێشاندەرو مژدەدەرە بۆ ئەوانەی باوەڕدارن.

٩٨ هەرکێ دژی خوداو پێغەمبەرەکانیو فریشتانیو جوبرائیلو میکایل بێ، خوداش دژ خوانەناسانە.

٩٩ دیارە ئێمە نیشانانی ئاشکران بۆ تۆ ناردوە؛ ئەوانەی حاشای لێدەکەن، هەر لەڕێ لادەرەکانن.

١٠٠ ئەدی بۆچی هەر جارێکی پەیمان دەگەڵ خوا دەبەستن، هێندێک هەر لە ناو ئەواندا دێن هەڵیدەوەشێننەوە. زۆرینەشیان هەر باوەڕی پێ ناهێنن.

١٠١ دوای ئەمەی ئەم پێغەمبەرە خودا ناردۆیەتە ناویان، بڕوای بەو کتێبەش هەیە کە لایانە؛ دیسان هێندێک لەوانەی ئەهلی کتێبن، لە کتێبی خوا خۆدەبوێرنو روی تێ ناکەن. هەر ئێژی نەشیان زانیوە.

---

**٩٦-پاپا:** ئامەزرۆ، زۆر بە ئاسەو داواکار.

وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ
سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ
ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ
وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ
فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ
وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ
مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ
مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ
أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ١٠٢ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ
وَٱتَّقَوۡاْ لَمَثُوبَةٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ خَيۡرٞۖ لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ
١٠٣ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ
ٱنظُرۡنَا وَٱسۡمَعُواْۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٠٤
مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَلَا ٱلۡمُشۡرِكِينَ
أَن يُنَزَّلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ خَيۡرٖ مِّن رَّبِّكُمۡۗ وَٱللَّهُ يَخۡتَصُّ
بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ١٠٥

١٠٢ کەوتۆنە شوێن ئەوشتانەی شایەتینی لە زەمانی پاشایەتی سولەیماندا بە ورتە دەیان خوێندەوە. سولەیمان خوانەناس نەبۆ؛ شایەتینی خوانەناس بۆن؛ خەڵکیان فێرەجادۆ دەکرد. ئەو زانستەش کە هاتبوە سەر هارۆت و مارۆتی جۆتەفرشتە لە بابلدا، هەر کەسێکیان فێری جادۆ بکردایە، پێشەکی تێیان دەگەیاند: ئێمە هەر بۆ جەڕباندنین، نەکەی خودات لەبیربچێ؛ هەر هێندەشیان لێ فێردەبۆن ژن و شۆ لێک جیاوەکەن؛ کە تواناى ئەوەیان نەبۆ - بێ ئیزنی خوا- زیان لە هیچ کەسێ بدەن. هەر شتێکی وا فێردەبۆن کە زیان لە خەڵک بداو بۆ خۆیان سۆدێکی نەبێ؛ دەشیانزانی کڕیارانی جادۆگەری لەو دنیا هیچ بەشیان نیە. ئای ئەگەر تێگەیشتبان دەیانزانی چۆن خۆیان خراپ دەفرۆشن.

١٠٣ ئەمان ئەگەر بڕوایان بە خودا هەباو پارێزگار بان، دەیانزانی کە پاداشی چاکتر وا لەلای خودایە.

١٠٤ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە مەبێژن «راعِنا»؛ بێژن: «تماشامان بکە» و گوێ بدەنێ. بۆ ئەو خودانەناسانە جەزرەبەی زۆر بەژان هەیە.

١٠٥ ئەوانەی ئەهلی کتێبن و دینی خۆیان لەدەس داوەو ئەوانەی خوا بە خاوەن شەریک دەزانن، حەز ناکەن هیچ شتێکی چاکتان لە پەروەرندەوڕا بۆ بێ. خوداش بە مەیلی خۆیەتی، لە هەر کەسێ خۆی حەزبکا- بەتایبەتی - بە چاکە دەیخوێنێتەوە. خودا خێوی چاکەو بەزەی هەرە زۆرو زەوەندەیە.

---

١٠٢-جەڕباندن: تاقی کردنەوە.      ١٠٤-وشەی «راعِنا» یانێ: چاک گوێمان بدەرێ؛ بەڵام جۆلەکەکان کاتێ دەگەڵ پێغەمبەرا(د) قسەیان دەکرد دەیانگوت: «راعِنو» کە عیبریەو بە ماناى مرۆی زۆر خراپە! جا لەبەر ئەوە خودا فەرمانی دا کە بەجێ «راعِنا» بێژن: «اُنظُرنا» یانی تەماشامان بکەو هۆشت پێمانەوە بێت.

١٠٥-خێو: خاوەن، ساحێو.      زورو زەوەند: یەکجار زۆر.

۞ مَا نَنسَخۡ مِنۡ ءَايَةٍ أَوۡ نُنسِهَا نَأۡتِ بِخَيۡرٖ مِّنۡهَآ أَوۡ مِثۡلِهَآۗ
أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١٠٦ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ
مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن
وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ١٠٧ أَمۡ تُرِيدُونَ أَن تَسۡـَٔلُواْ رَسُولَكُمۡ
كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبۡلُۗ وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلۡكُفۡرَ بِٱلۡإِيمَٰنِ
فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ١٠٨ وَدَّ كَثِيرٞ مِّنۡ أَهۡلِ
ٱلۡكِتَٰبِ لَوۡ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِكُمۡ كُفَّارًا حَسَدٗا
مِّنۡ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡحَقُّۖ فَٱعۡفُواْ
وَٱصۡفَحُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ
١٠٩ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُم
مِّنۡ خَيۡرٖ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ
١١٠ وَقَالُواْ لَن يَدۡخُلَ ٱلۡجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوۡ نَصَٰرَىٰۗ
تِلۡكَ أَمَانِيُّهُمۡۗ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ
صَٰدِقِينَ ١١١ بَلَىٰ مَنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ
فَلَهُۥٓ أَجۡرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ١١٢

١٠٦ هەر ئایەتێک لەکاربخەین یان لە بیری ببەینەوە، ئایەتێکی لەو باشتر یان هەر وەک ئەوی ئەخەینەجێ. مەگەر نەتزانیوە خودا هەمۆ کارێکی پێ دەکرێ؟

١٠٧ نەتزانیوە کە ئەم عەرزو عاسمانانە هەر موڵکی خوان، غەیرەز خوداش دۆستو هاریکارتان نیە؟

١٠٨ ئاخۆ ئێوە دەتانەوێ لە پێغەمبەرتان بپرسن، وەکۆ پێشۆ لە مۆسا پرسیارکرابۆ؟ هەر کەسێکیش بێخودایی بە باوەڕ بگۆڕێتەوە، بەبێگومان رێگەی راسی لێ ون بوە.

١٠٩ زۆر کەس لە خاوەن کتێبان - چونکە ئێرەییو پێدەبەن - حەزێ دەکەن لەپاش باوەڕی هێنانۆ - کە لەلاشیان ئاشکرایە ڕاست کامەیە - پەژیوانۆ بکەنەوە. ئێوە چاویان لێ بپۆشنو لە هەڵەکانیان ببۆرن، تا فەرمانی خودا دەگا؛ خوا هەمۆ کاری پێدەکرێ.

١١٠ نوێژبکەن و زەکات بدەن؛ هەرچاکەیەک بکەنە پێش باری خۆتان، لای خودا پێودەگاتەوە؛ هەرچی بیکەن خوا دەیبینێ.

١١١ گوتیان: هەر تەنیا مۆسایی یان عیسایی دەچنە بەهەشت؛ ئەمە ئاواتی خۆیانە. بێژە: دەسا بەڵگەی خۆتانن نیشان دەن! ئەگەر پێۆوایە راست دەکەن.

١١٢ بەڵێ، هەرکەس - بەبێ خەوش - هەمیشە روی لە خودابێو ئاکارچاک بێ، پاداشی خۆی لە پەروەرندەی وەردەگرێو ئەم کەسانە نە هیچ ترسێکیان دێتە سەر، نە خەم دەخۆن.

وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَيْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ
لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ كَذَٰلِكَ قَالَ
ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ
فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ١١٣ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ
ٱللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِى خَرَابِهَآ أُو۟لَٰٓئِكَ مَا كَانَ
لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ
وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ١١٤ وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ
فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ١١٥
وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا سُبْحَٰنَهُۥ بَل لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ١١٦ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ١١٧ وَقَالَ ٱلَّذِينَ
لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ أَوْ تَأْتِينَآ ءَايَةٌ كَذَٰلِكَ
قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَٰبَهَتْ قُلُوبُهُمْ
قَدْ بَيَّنَّا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ١١٨ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ
بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَا تُسْـَٔلُ عَنْ أَصْحَٰبِ ٱلْجَحِيمِ ١١٩

١١٣ جهوٗ گوتیان : فەلەکان هیچ کارەیەک نین. فەلەش گوتیان: جوٗلەکەکان لەسەر هیچن؛ کە هەر دولاش کتێب خوێنن. نەزانیش هەر ئەوەی دەڵێن کە ئەمانە پێان ئێژن. ئەوسا خودا ڕوٚژی قیامەت بەوکارەیانە ڕادەگا کە کێشەیان لەسەری بوٚ.

١١٤ کێ ناهەقترە لەو کەسەی ڕێگەنەدا ناوی خودا لە مزگەوتەکانی خوادا بهێندرێ و هەوڵیش بدا وێران ببن؟ نەدەبوایە ئەمانە هەر بچنەناویان مەگین بە ترس و لەرزەوە. بەشیان لە دنیا سوٚکی‌یەو لە قیامەتیش ئازاری دژواریان هەیە.

١١٥ خوٚرهەڵات و خوٚرئاوا - هەرتک - هی خودان؛ ڕوٚبکەنە هەرلایەکی، خوا لەوێیە؛ زانستی خوا بەربڵاوەو ئاگادارە.

١١٦ گوتیان: خوا بوٚ خوٚی فرزەندی هەڵبژیوە. خودا لەوشتانە پاکە؛ بەڵکو هەرچی لە ئاسمانان و زەمینە، گش بوٚ ئەوەو گشتی بەر فەرمانی ئەوٚن.

١١٧ داهێنەری عاسمانەکان و زەمینەو هەرکە ویستی کارێ پێک بێ، فەرمان دەدا: ببە! دەبێ.

١١٨ لە هیچ نەزانەکان گوتیان: بوٚچی خوا ئێمە نادوێنێ، یان بەڵگەیکمان بوٚ نایە؟ بەر لەوانیش هەر ئەم قسانەیان هەبوە. دیارە دڵیان لێکتردەکەن. ئێمە بەڵگەکانی خوٚمان نیشانی ئەوانە داوە کە ئامادەن بیسەلمێنن.

١١٩ ئێمە توٚمان بە تێڕادیوی ناردوە کە مزگێنیش بدەی و بیشیان ترسێنی؛ دەربارەی دوٚژەهیەکانیش بەرپرس نیت.

---

١١٦-هەڵبژین: هەڵبژاردن.     ١١٩-تێڕادیوی: متمانەپێکردن، پێداپەرمیان.

وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ قُلۡ إِنَّ
هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم بَعۡدَ ٱلَّذِي جَآءَكَ
مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ١٢٠ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ
ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ
فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ
أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ وَأَنِّي فَضَّلۡتُكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٢٢ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا
لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا تَنفَعُهَا
شَفَٰعَةٞ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ١٢٣ ۞ وَإِذِ ٱبۡتَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٖ
فَأَتَمَّهُنَّۖ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامٗاۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِيۖ قَالَ لَا
يَنَالُ عَهۡدِي ٱلظَّٰلِمِينَ ١٢٤ وَإِذۡ جَعَلۡنَا ٱلۡبَيۡتَ مَثَابَةٗ لِّلنَّاسِ
وَأَمۡنٗا وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلّٗىۖ وَعَهِدۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ
وَإِسۡمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيۡتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلۡعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ
ٱلسُّجُودِ ١٢٥ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجۡعَلۡ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنٗا وَٱرۡزُقۡ
أَهۡلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُم بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ
فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلٗا ثُمَّ أَضۡطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٢٦

۱۲۰ ئەم جوولەکانەو فەلانە، تا نەچیە سەردینی ئەوان، هەرگیز خۆشیان لەتۆ نایە. بێژە: ڕێی ڕاس هەر ڕێی خوداس. ئەگەر تۆ پاش ئەوزانستەی بۆت هاتوە، شوێن ئارەزوی ئەوان کەوی، ئیتر خودا دۆستایەتیت ناکاو تازە نایەتە یاریدەتەوە.

۱۲۱ ئەو کەسانەی کە کتێبمان پیان داوەو وەک پێویستە دەیخوێننەوەو دیارە بڕوایان پێی هەیە، ئەوی بڕواشی پێ نەکەن لە ڕێزەی زیانبارانن.

۱۲۲ ئەی بەرەی سەربە ئیسرائیل! لەبیرمەکەن چەندم چاکە دەگەڵ کردن، لەچاو خەڵکی هەمۆ دنیا، پتر ڕێزم لە ئێوە نا.

۱۲۳ ئەشێ بشترسن لەو ڕۆژەی کە ڕۆژی هەرکەس هەرکەسەو کڕینەوە لەو ڕۆژەدا باوی نیەو تکاکاری بەهرە ناداو کەسیش دەهانای کەس نایە.

۱۲۴ ئەوسا خودا بە چەند وشە ئەزمۆنی ئیبراهیمی کرد؛ پێکی هێنان. گوتی: دەتکەم بە ڕێبەری خەڵکی دنیا. گوتی: ئەدی تۆرەمەکەم؟ گوتی: ناهەقیکارەکان وەبەر بەڵێنم ناکەوْن.

۱۲۵ لەو کاتەشا بڕیارن‌دا ماڵی کابە مەکۆیەکی مەردم بێ بە دڵنیاییو جێی ئیبراهیم بکەن بە نوێژگەی خۆتانو ئیبراهیمو ئیسماعیلیشمان ڕاسپارد کە ماڵەکەم بۆ ئەوانەی لە دەورەی دەسوڕێنەوەو بۆ ئەوی هەر لەوێ دەبنو بۆ ئەوانەی کڕنۆشو سوژدەم بۆ دەبەن، پاکژ بکەن.

۱۲۶ ئیبراهیم بە پاڕانەوە گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەم شارە بێ وەی بهێڵە؛ خەڵکەکەشی هەرکێ بە خواو ڕۆژی سەلا بڕوای هێنا، لە بەروبۆ تەسەلیان کە. گوتی: هەرکێش حاشا بکا، وادەکەم سەردەمێکی کەم ڕای ببوێرێ، ئەوسا بەرەو ئازاری تینی ئاگرو چارەڕەشی بەڕێی دەکەم. ئای چ ئەنجامێ خراپە!

---

۱۲۴-تۆرەمە: رەچەڵەک، نەژاد، بنەچەکە. ۱۲۵-پاکژ: خاوێن، تەمیس.

۱۲۶-بەروبۆ: بەهرەو داهاتی زەوی. تەسەل: تێر.

وَإِذۡ يَرۡفَعُ إِبۡرَٰهِـۧمُ ٱلۡقَوَاعِدَ مِنَ ٱلۡبَيۡتِ وَإِسۡمَٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلۡ
مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١٢٧ رَبَّنَا وَٱجۡعَلۡنَا مُسۡلِمَيۡنِ
لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةٗ مُّسۡلِمَةٗ لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبۡ عَلَيۡنَآۖ
إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١٢٨ رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا
مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ
وَيُزَكِّيهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٢٩ وَمَن يَرۡغَبُ عَن
مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفۡسَهُۥۚ وَلَقَدِ ٱصۡطَفَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ
وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٣٠ إِذۡ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسۡلِمۡۖ
قَالَ أَسۡلَمۡتُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٣١ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ
وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا
وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٣٢ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ
ٱلۡمَوۡتُ إِذۡ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعۡبُدُونَ مِنۢ بَعۡدِيۖ قَالُواْ نَعۡبُدُ
إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ إِلَٰهٗا
وَٰحِدٗا وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٣ تِلۡكَ أُمَّةٞ قَدۡ خَلَتۡۖ لَهَا
مَا كَسَبَتۡ وَلَكُم مَّا كَسَبۡتُمۡۖ وَلَا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٣٤

۱۲۷ لەودەمەشدا کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەیماڵەکەی خۆیان بڵند دەکرد، دەیانگوت: پەروەرندەمان! لێن قبوڵکەی، تۆهەر بۆخۆت زۆر بیسەرو فرە زانای.
۱۲۸ پەروەرێنمان! خۆت وابکەی هەتا سەر بەر فەرمانت بین؛ تۆرەمەشن وا رابێنە کۆمەڵێک بن لە فەرمانی تۆ دەرنەچن و رێوشوێنی تۆپەرستیمان نیشان دەو تۆبەمان لێ قبوڵ بکە. تۆی تۆبە قبوڵ دەکەی و دلۆڤانی.
۱۲۹ پەروەرێنمان! پێغەمبەرێکی هەر لەوان بەرێ بکە، تا نیشانەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوەو لە کتێب و کارزانی دا رایان بێنێ و لە هەڵە بێ پەڵەیان کا. دەستەڵاتداری لە کارزان، هەر بۆخۆتی.
۱۳۰ کێی وا هەیە کە ئایینی ئیبراهیم بنێتەلاوە؟ جامەگین هەر خۆی گەوج بکا. ئێمە ئەومان لەم دنیا هەڵبژاردووەو لەودنیاشا والە رێزی پیاوچاکانا.
۱۳۱ وەختێ پەروەرندەی پێی گوت: وەرە خۆ بە من بسپێرە، گوتی: وا خۆم دایە دەستی راهێنەری هەمۆ دنیا.
۱۳۲ ئیبراهیم بۆکورەکانی و یەعقۆبیشی قەوینتی کرد: فرزەندانم! خوا ئەم دینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردوە؛ ئەگەروایە، غەیربە موسوڵمانی مەمرن .
۱۳۳ ئاخۆ ئێوە ئاگاو لێبۆ کە لە گیانەلادا یەعقۆب بە رۆڵەکانی خۆی دەگوت: لەدوای من چی دەپەرستن؟ گوتیان: چی تۆ پەرستۆتە دەیپەرستین کە باب و باپیرانی تۆ، ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقیش هەر ئەویان پەرست؛ کە خودای تاک و تەنیایەو ئێمەش خۆمان بەو دەسپێرین.
۱۳۴ ئەوانە کۆمەلانێک بۆن کە رابردۆن، کردەوەیان بۆخۆیانە. ئێوەش و کردەوەی خۆتان؛ کەس بۆ کرداری ئەوانۆ لێ ناپرسێ.

---

۱۳۲-قەوینتی: راسپێری، سفارش.

وَقَالُوا۟ كُونُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ تَهْتَدُوا۟ ۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِۦمَ
حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾ قُولُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ
أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِۦمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِىَ ٱلنَّبِيُّونَ
مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٦﴾
فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا
هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ
﴿١٣٧﴾ صِبْغَةَ ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً ۖ وَنَحْنُ لَهُۥ
عَٰبِدُونَ ﴿١٣٨﴾ قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِى ٱللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ
وَلَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ ﴿١٣٩﴾ أَمْ
تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِۦمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ ۗ
وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ
بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ۖ لَهَا مَا كَسَبَتْ
وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ ۖ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤١﴾

١٣٥ گوتیان: ببنە جۆ یان فەلە، تاکۆ ڕێگا پەیدابکەن. بێژە: ئێمە لەسەر دینی ئیبراهیمین کەناهەقی بەجێ‌هیشتو بەرەو هەق هات؛ شەریکیشی بۆ خودایە نەدەناسی.

١٣٦ ئێوە بێژن: ئێمە بە خواو بەوشتانەی کە بۆمان هاتۆتەخوارو بەوانەی کە ناردراون بۆ ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یەعقوب‌و نەتەوەکانی‌و ئەوی بۆ مۆساش‌و عیساش ناردراوەو ئەوشتانەی کە بە پێغەمبەران درا لە لای پەروەرێنیانەوە، باوەڕمان کرد. ئێمە جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ کامێک لەمانەو خۆمان هەر بەو سپاردوە.

١٣٧ گەر ئەوانیش بەوەی کە ئێوە بڕواتان پێ‌هێناوە بڕوابێنن، ئەوە کەوتۆنەتە سەرڕێ؛ بەڵام ئەگەر خۆ ببوێرن، ئەوان دژایەتیو دەکەن؛ خودا لە ئازاری ئەوان ئەتپارێزێ‌و زۆربیسەرو فرەزانا هەر خۆیەتی.

١٣٨ ڕەنگێکە خودا ڕشتۆیەو کێ‌هەیە لە خودا چاکتر ڕەنگ بڕێژێ؟ ئێمەش هەر ئەو دەپەرستین.

١٣٩ بێژە: ئێوە لەمەڕ خودا دەگەڵمان دەکەونە کێشە؛ کە پەروەرندەی ئێمەش‌و ئێوەش ئەوە؟ کردەی خۆمان بۆ خۆمان‌و کرداری خۆتان بۆ خۆتان؛ ئێمە بەدڵ دەیپەرستین؟

١٤٠ یا ئێژن کە: ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یەعقوب‌و نەوەی جۆلەکە، یان مەسیحی بۆن؟ بێژە: خودا چاکتر دەزانێ یان ئێوە؟ کێ لەوکەسە ناهەقترە، شایەتیەکی لەلا هەبێ‌و لە خودای بشارێتەوە؟ خوداش لە هەمو ئاکارۆ ئاگادارە.

١٤١ ئەوانە کۆمەڵێک بۆن ئێستا لەبەینا نەماون، چیان کردبێ بۆ خۆیان کرد؛ ئێوەش کار بۆ خۆتان دەکەن. هەرچی ئەوان کردۆیانە ئێوەی لێ بەرپرس نابن.

۞ سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟
عَلَيْهَا ۚ قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ
مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٤٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟
شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ وَمَا
جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ
مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ
هَدَى ٱللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ
لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِى ٱلسَّمَآءِ ۖ
فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ
ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ
أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ
عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ وَلَئِنْ أَتَيْتَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ بِكُلِّ
ءَايَةٍ مَّا تَبِعُوا۟ قِبْلَتَكَ ۚ وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ ۚ وَمَا بَعْضُهُم
بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ ۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم مِّنۢ بَعْدِ
مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٥﴾

١٤٢ لەم مەردمە، بێ ئاوەزەکانیان ئێژن: چی ئەوانی وەرگێڕا لەو ڕۆگەیانە کە بەرێ ڕۆیان تێدەکرد؟ بێژە: خاوەرو خۆرنشین موڵکی خودان؛ خوا هەرکێ خۆی مەیلی لێ بێ، دەیخاتە سەر ڕاستەڕێیە.

١٤٣ بەو ئاوایە ئێمە ئێوەمان کردوتە ئۆمەتێکی هەڵبژاردە؛ تا ئاگاو لە مەردم هەبێ و پێغەمبەریش چاوەدێریتان لێ بکا. ئەو ڕۆگەیەی پێشوٚ بەرەو ئەم دەوەستای، ئێمە هەر بۆیەمان گۆڕی تا بزانین کێ دوای پێغەمبەر دەکەوێ و کێهە پاشگەز دەبێتەوە. هەر چەند کارێکی دژوار بوٚ؛ مەگین بۆ کەسانێکی وا کە خودا شارەزای کردن. خودا ئەو بڕوای هەتانە تێکی نادا. خودا بەرانبەر بە مەردم زۆر دڵسۆزو دلۆڤانە.

١٤٤ دیتۆمانی کە بەرەوحەوا دەڕوانی؛ ئێمە ڕوٚت بەرەو ڕۆگەیەک وەردەگێڕین پەسەندت بێ. سا ڕوت بەرەو«مسجدالحرام» وەرگێڕەو لە هەرکوێش بن، هەر ڕوٚبکەنە ئەوێوە. ئەوانەی ئەهلی کتێبن دەزانن کە ئەمە ڕاستەو لە پەروەرندەیان ڕایە. خوداش لە هەر کارێ بیکەن ئاگادارە.

١٤٥ ئەهلی کتێب هەر نیشانێکیان شان بدەی ڕوٚ دەڕۆگەکەی تۆ ناکەن؛ ئەتۆش ئیتر ڕوٚناکەیتە ڕۆگەی ئەوان. هەر بەم جۆرە هیچ کامیشیان ڕوٚناکەنە ڕۆگەی یەکتر؛ ئەتۆش لەپاش ئەو زانستەی بۆت هاتوە، ئەگەر بەشوێن ئارەزوی ئەواندا بڕۆی، لە ناهەقیکاران دەبی.

---

١٤٢-ئاوەز: عەقڵ، فام. ١٤٣-کێهە: کام؟، کێ؟

١٤٤-دیتۆمانی: ١) ئێمەی دیتوٚ؛ ٢) تۆمان دیوە. لێرەدا بە مانا دۆوەمەکەیە.

ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ وَإِنَّ
فَرِيقٗا مِّنۡهُمۡ لَيَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٤٦ ٱلۡحَقُّ مِن
رَّبِّكَۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ١٤٧ وَلِكُلّٖ وِجۡهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَاۖ
فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ أَيۡنَ مَا تَكُونُواْ يَأۡتِ بِكُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًاۚ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٤٨ وَمِنۡ حَيۡثُ خَرَجۡتَ فَوَلِّ
وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۖ وَإِنَّهُۥ لَلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَۗ وَمَا
ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ١٤٩ وَمِنۡ حَيۡثُ خَرَجۡتَ فَوَلِّ وَجۡهَكَ
شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ
شَطۡرَهُۥ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيۡكُمۡ حُجَّةٌ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ
مِنۡهُمۡ فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِي وَلِأُتِمَّ نِعۡمَتِي عَلَيۡكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ
تَهۡتَدُونَ ١٥٠ كَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِيكُمۡ رَسُولٗا مِّنكُمۡ
يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمۡ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ
وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمۡ تَكُونُواْ تَعۡلَمُونَ ١٥١ فَٱذۡكُرُونِيٓ
أَذۡكُرۡكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ ١٥٢ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٣

۱۴۶ ئەهلی کتێب - وەک کوڕانی خۆ دەناسن - ئەم پێغەمبەرە دەناسن. دەسەیکیشیان هەرچەند دەزانن هەق چیە، دەیشارنەوە.
۱۴۷ ئەمە ڕاستەو لەپەروەرندەی تۆڕایەو هەرگیز لە دۆدڵان مەبە.
۱۴۸ هەر لایە شوێنێکیان هەیە ڕوی تێدەکەن. دەسا ئێوە بۆ چاکە کێ بەرکێ بکەن. لە هەرکوێ بن خوا لێکۆ کۆدەکاتەوە. خودا توانای بەسەر هەمۆشتدا هەیە.
۱۴۹ لە هەر ئاقارێک دەرکەوتی، ڕۆ بکە «مسجد الحرام»؛ ئەمە ڕاستەو لە پەروەرندەی تۆڕایە. هەر کارێکیش ئێوە بیکەن خوا دەیزانێ.
۱۵۰ لە هەر شوێنێکەوە دەرچوی، هەر کابە بکە بە ڕۆگە. لە هەرجێ بۆن با ڕۆتان هەردەوێوەبێ، تا هیچ بەڵگەی دژی ئێوە بە دەس مەردمەوە نەبێ؛ جا مەگین ئەوی لاسارن و هەر حەز لە لاساری دەکەن. من دەمەوێ تەواو چاکەو دەگەڵ بکەم و دەمەوێ شارەزا ببن. ئێوە هیچ لەوان مەترسن؛ گەرەکە لە خۆم بترسن.
۱۵۱ وەکۆ ئەمەی پێغەمبەرێکمان لە خۆتان ناردەلاتان، نیشانەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێنێتەوەو بۆ پاکی ڕاتان دەهێنێ و فێرتان دەکا لە کتێب و کارامەیی سەرتان دەرچێ و گەلێک شتی واو فێردەکا کە لە پێشدا نەودەزانین.
۱۵۲ سا ئێوە یادی من بکەن؛ تا منیش لەبیرتان نەکەم. هەر شوکرانەی من ببژێرن و لە چاکەی من حاشامەکەن.
۱۵۳ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! پەنابەرنە بەر نوێژان و خۆڕاگربن؛ خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە.

---

۱۴۸-لێکۆ: لێکتان، لە یەکترتان.

وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ وَلَٰكِن
لَّا تَشْعُرُونَ ﴿١٥٤﴾ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ
وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ
﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ
﴿١٥٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ۞ إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ۖ
فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ
بِهِمَا ۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴿١٥٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّٰهُ
لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَٰبِ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ
﴿١٥٩﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَبَيَّنُوا۟ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَتُوبُ
عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ
كُفَّارٌ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ
﴿١٦١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ
﴿١٦٢﴾ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾

١٥٤ بەو کەسانەی لە ڕاهی خودا دەکوژرێن، مەڵێن: مردوٗن؛ بەڵکە زیندوٗن، بەڵام ئێوە پێ نازانن.
١٥٥ دیارە ئێمە جاروبارە بە هێندێک ترس و برچی بوٗن و لەناو چوٗن و کەم بوٗنەوەی مالی دنیاو بەروبوٗتان، دەتان ئەزموٗین. مژدەبدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن.
١٥٦ ئەوکەسانەی کە توٗشی چۆرتمێک دەبن ئێژن: ئێمەش هەر ئی خواین و هەر بۆ لای ئەو دەچینەوە.
١٥٧ خێرو بێرو بەزەیی پەروەرندەیان بۆدەبارێ و شارەزا لە ڕێ ئەوانن.
١٥٨ سەفاو مەروە دوٗ کێلەکی خواپەرستین. هەرکێ دەچێتە زیارەتی ماڵی خودا یان عەمرە بەجێ دەهێنێ، گەر تەوافی ئەو دوانەش بکا گوناهێکی نیە. هەر کەسێکش هەر بە ویستی دڵی خۆی ئەو خێرە بکا، خوا پێ زانەو لە کارەکەی ئاگادارە.
١٥٩ ئەو کەسانەی ئەو شتانەی لەو کتێبەدا هەیەو بۆ شارەزایی مەردمە، لەپاش ئەوەی ناردوٗمانەتەخوارەوە، لە مەردمی دەشێرنەوە، وەبەر نەحلەتی خوداو هەموٗ نەفرین بێژان بکەوٗن؛
١٦٠ جیا لەوانەی پاشان پەژیوان بوٗنەوەو ئاکاری چاکیان ڕەچاو کردو وەشارتوٗیان ئاشکرا کرد. لە پەژیوانان خۆش دەبم و هەر منیشم لە پەژیوانان دەبوٗرم و دلۆڤانم.
١٦١ ئەوانە بوٗنە کافرو بە کافری لە دنیا چوٗن، دەکەونە بەر نەحلەتی خواو فریشتانو هەموٗ خەڵکی.
١٦٢ تاهەتا هەر گرفتاری ئەو نەحلەتەن؛ ئازاریان هیچ سوٗک ناکرێ و وچانیشیان پێ نادرێ.
١٦٣ خودای ئێوە هەر خودای تاک و تەنیایە. بەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ هەر بۆ خۆشی دهەندەیەو دلۆڤانە.

---

١٥٦- چۆرتم: چەڵەمە، بەڵا و بەسەرهاتی خراپ.

إِنَّ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ
وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِى تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ
مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا
مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ
بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾ وَمِنَ
ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ إِذْ يَرَوْنَ
ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ﴿١٦٥﴾
إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ
وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ
لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا ۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ
أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ ۖ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُوا۟ مِمَّا فِى ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا۟
خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾ إِنَّمَا يَأْمُرُكُم
بِٱلسُّوٓءِ وَٱلْفَحْشَآءِ وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٦٩﴾

١٦٤ لە سازدانی ئاسمانان و زەمین و هاتوچۆی شەو و ڕۆژان و لەو گەمیانەی لەدەریادا گەردش دەکەن و بەهرەیان بۆ مەردم هەیەو لە تەڤگەڕی بایەکان و ئەو هەورانەی لە دورِ عەرزو عاسماندا ڕاگیراون و لەو ئاوەی خوا لە حەواوە دەیبارێنێ - کە بەهۆی ئەو زەمینی لەپاش مردنێ بۆژاندەوەو هەموجۆرە زیندەوەری تێدا بلاوکردۆتەوە - بەڵگەی زۆر هەن بۆ ئەوانەی کە تێدەگەن.

١٦٥ لەم مەردمە ئی وا هەیە هاوبەش بۆ خوا پەیدادەکەن و بەقەد خوا خۆشیان دەوێن. ئەوانەی خاوەن بڕواشن خودایان لە هەمۆشتێک خۆشتردەوێ. ئەو کەسانەی خودا بەڕاستی ناناسن، وەختێ چاویان بە جەزرەبەدان دەکەوێ، ئەوسا بۆیان دەردەکەوێ: هێزو توان هەمۆ هی خوایەو ئازارێ کە خودا دەیدا توندو تیژە.

١٦٦ لەودەمەدا کە ئازارو جەزرەبەیان دێتە بەرچاو، ڕێبەرەکان لە پەیڕەوەکانی خۆیان حاشادەکەن و پەیوەندیان لێک پچڕاوە.

١٦٧ پەیڕەوەکان ئەوسا ئێژن: ئای خۆزگە هەرجارێکی تر دەگەڕاینەوە سەر دنیا، هەتا وەک ڕێبەرەکانمان لێن بەحاشان، ئێمەش حاشان لێ دەکردن. خودا ئاوا کردەی خۆیان لێ دەکاتە کوڵ و کەسەر؛ بۆ هەمیشەش هەر لەناو ئاگردا دەبن.

١٦٨ ئەی خەڵکینە! لەو بەروبوی سەرزەمینە، کامی ڕەواو پاکە بخۆن؛ بەشوێن شەیتانیشا مەڕۆن؛ کە ئەو بۆتان دژمنێکی ئاشکرایە.

١٦٩ ئەو هەر فەرمانۆ پێ دەدا: کاری پیس و زۆر نالەبار ڕەچاوکەن و شتانی وا دەربارەی خودا ببێژن کە هەر ئاگاشۆ لێ نیە.

---

١٦٤- تەڤگەڕ: هێدی نەدەر، هەمیشە لە جۆڵەو بزوتندا. دورِ: ناوەند، ناوەڕاس.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ
ءَابَآءَنَآ ۗ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا
يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ
بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ
﴿١٧١﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقْنَـٰكُمْ
وَٱشْكُرُوا۟ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١٧٢﴾ إِنَّمَا حَرَّمَ
عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ
لِغَيْرِ ٱللَّهِ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ
ٱلْكِتَـٰبِ وَيَشْتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ مَا يَأْكُلُونَ
فِى بُطُونِهِمْ إِلَّا ٱلنَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ
وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٤﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَـٰلَةَ بِٱلْهُدَىٰ وَٱلْعَذَابَ بِٱلْمَغْفِرَةِ ۚ فَمَآ
أَصْبَرَهُمْ عَلَى ٱلنَّارِ ﴿١٧٥﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلْكِتَـٰبَ
بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِى ٱلْكِتَـٰبِ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٧٦﴾

١٧٠ ئەگەر بەوانە دەبێژن: هەر بە شوێن ئەوەدا بڕۆن کە لەخواوە ناردراوە، ئێژن: نەخێر، ئێمە هەر ئەوکارە دەکەین کە باب و باپیرەکانمان ڕەچاویان کرد. جا با بابو باپیریشیان هیچیان لە هیچ نەزانیبێ و ڕاستەڕێشیان هەر نەدیبێ!

١٧١ نەقڵی ئەو خوانەناسانە وەک نەقڵی ئەو ئاژاڵەیە کە دەنگ دەدرێ؛ جیا لە خورین و چڕینێ هیچ نابیسن. کەڕن، لاڵن، چاویان کوێرەو لە تلْپاتی تەڕیش ناگەن.

١٧٢ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو بژیوەی پێمان داوْن، کامی پاکە ئەوە بخۆن؛ شوکری خوداش بەجێ بێنن، ئەگەر هەرئەو دەپەرەستن.

١٧٣ تەنیا هەر لاکی مردارو گۆشت بەرازو خوێن و ئەوەی بۆ سەربڕین ناوی غەیرەز خوای لێ دێنن، لەسەرتان حەرام کردوە. بەلام هەرکێ لەناچاری و بێ ئارەزۆ، هەر بەشی تێربوْنی بخوا، هیچ گوناهێکی ناگاتێ؛ خوا لە گوناهان خۆش دبێ و دلۆڤانە.

١٧٤ ئەو کەسانەی ناوەرۆکی کتێبێ کە خوا ناردویە، دەشێرنەوەو بە نرخی کەم دەیفرۆشن، ورگیان لە ئاگر داخنن؛ خودا لە ڕۆژی سەلادا نایان دوێنێ و گونایان پاک ناکاتەوەو بەشیان ئازاری بەژانە.

١٧٥ ئەو کەسانە ڕێگەی ڕاسیان بە گومڕایی و بەخشینی خوایان بەجزیاگۆڕیگەسەو، دەبێ چەندە لەسەرئاگر خۆڕاگرن ؟!

١٧٦ ئەو [ئازارەش] بۆئەوەیە کەخوا بەحەق ئەم کتێبەی هەناردگە. ئەوانەش وا لەسەر باسی ئەمکتێبە کێشە دەکەن، گێرەوکێشەی دۆرودرێژیان تۆش دەبێ.

---

١٧١-لەتلْپاتی تەڕیش ناگەن: هیچ نافامن.

۞ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ
ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ
وَٱلنَّبِيِّـۧنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ
وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ
ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ ۖ
وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
صَدَقُوا۟ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ
عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِى ٱلْقَتْلَى ۖ ٱلْحُرُّ بِٱلْحُرِّ وَٱلْعَبْدُ بِٱلْعَبْدِ وَٱلْأُنثَىٰ
بِٱلْأُنثَىٰ ۚ فَمَنْ عُفِىَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَىْءٌ فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ وَأَدَآءٌ
إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ ۗ ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ ۗ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ
بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٨﴾ وَلَكُمْ فِى ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ
يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧٩﴾ كُتِبَ عَلَيْكُمْ
إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ
وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٨٠﴾ فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ
بَعْدَمَا سَمِعَهُۥ فَإِنَّمَآ إِثْمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٨١﴾

١٧٧ کاری چاک هەر ئەوە نیە ڕوو دەڕۆژهەلاتێ بکەن یان ڕۆژاوا. چاک ئەمەیە باوەڕیتان بە خواو بە ڕۆژی سەلایەو فرشتانو کتێبو پێغەمبەرانی خودا هەبێو لەو سامانەی - هەر چەند زۆریشو خۆش دەوێ - بەشێ بدەن بە خزمانو هەتیوانو هەژارانو ڕێونگانو پارسەکانو عەبدانی پێ بکڕنەوەو نوێژبکەنو زەکات بدەن؛ هەرگاش پەیمانێک دەبەستن نەی شکێنن؛ لە نەداریو گرفتاریو تەنگانەدا خۆڕاگربن. مرۆی بەڕاستی ئەوانەنو دیارە لە خودا دەترسن.

١٧٨ ئەی گەلی خاوەنباوەڕان! لە مەڕ ئەوانەی کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیارداون: ڕزگار لە تۆڵەی ڕزگارو کۆیلە لە تۆڵەی کۆیلەداو مێوینە لەبری مێوینە؛ هەرکێش لە برای هاودینی خۆی دەس لە خوێنگری هەڵگرێ، ئەبێ بەپێی دابی ڕۆژ بجۆڵێتەوەو بە خۆشی خۆی مەسڵەت بکا. ئەم بڕیارە لە پەروەرندەی ئێوەڕا سۆک باریەو بەزەیە دەرهەق بە ئێوە، هەرکێ لەمە خۆببوێرێ، بەشی جەزرەبەی بەژانە.

١٧٩ ئەی خاوەن دڵانی وشیار! ژیانۆ بە تۆڵەوە بەندە؛ بەشکۆ خۆتان بپارێزن.

١٨٠ بۆۆ نۆسراوە: هەرگا کەسێک لەنگۆ هاتە سەر مردنو ماڵێکی لەپاش دەمێنێ، بە تەرزێکی خوداپەسند وەسیەت بکا کە بابو دایکو خزمانی، هەر کەسێ بەشی خۆی پێ بگا. پارێزگاران پێویستە ئەمکارە بکەن.

١٨١ ئیتر هەر کەس پاش بیستنی وەسیەتەکە دەسکاری بکاو بیگۆڕێ، ئەو کەسانەی کە دەیگۆڕن، تاوانبارن. خودا بیسەرو زانایە.

فَمَنۡ خَافَ مِن مُّوصٖ جَنَفًا أَوۡ إِثۡمٗا فَأَصۡلَحَ بَيۡنَهُمۡ فَلَآ إِثۡمَ
عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٨٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ
عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ
لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم
مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ
يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَهُوَ خَيۡرٞ
لَّهُۥۚ وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١٨٤﴾ شَهۡرُ
رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ
وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ
فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ
أَيَّامٍ أُخَرَۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ
ٱلۡعُسۡرَ وَلِتُكۡمِلُواْ ٱلۡعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا
هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿١٨٥﴾ وَإِذَا سَأَلَكَ
عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ
فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ﴿١٨٦﴾

١٨٢ هەرگا کەسێ هەستی پێکرد کە وەسیەتکار لەو وەسیەتەی کردویەتی ناهەق بوەو خۆی تۆشی گوناه کردوە، تێ بکۆشێ میراتگرانی پێک بێنێ، گوناح نیە. خودا لە گوناه دەبۆرێو دلۆڤانە.

١٨٣ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! بۆو نۆسراوە: رۆژۆبگرن - هەر وەک لەسەر پێشینەکانیشۆ نۆسرا - شایەت لە خودا بترسن.

١٨٤ چەند ڕۆژێکن [نە زۆر زێدە]، هەرکێ لەنگۆ لەش بەبارە یان ڕێبوارە با چەند ڕۆژی تر پێ‌ببێ. ئەو کەسانەش وا زۆر بە سەختی ڕۆژۆیان پێ ئەگیرێ، بەجێ رۆژو«فیدیە» یان لەسەرەو دەبێ‌خۆراکی هەژارێک بدەن. ئەر کەسێکیش خۆی حەزبکا خۆراکی زۆرتر ببەخشێ، بۆی باشترە. گەر ئێوە بتان‌زانیبا بەڕۆژۆبۆن بۆ ئێوە گەلێ چاترە.

١٨٥ مانگی ڕمەزان مانگێکە قورئان لەودا کل کراوە؛ کە ڕێ بە مەردم نیشان‌داو زۆر نیشانەی شارەزاییو هۆی لێکترهەڵوەژاردنی پاکو ناپاکی تێدایە. جا هەرکەسێ مانگی ڕمەزان دەبینێ، لەسەریەتی بەڕۆژۆبێ؛ هەرکەسێکیش لەش بەبارە یان ڕێبوارە، ئەو ژمارە لە ڕۆژانی دیکە پێ‌بێ. خوا سانایی ئێوەی دەوێو نایەوێ ئەرکۆ گران بێ. ڕۆژەکانی - تەواو - پێ‌بنو یادی خودا بکەنەوە؛ کە ئەو ڕێگەی نیشان‌داونو پێویستە شوکرانەی بکەن.

١٨٦ هەرگایەکی عەبدەکانم لەمەڕ من لە تۆ دەپرسن، من نزیکم؛ هەر کەس هانام وەبەربێنێ، بێ‌وەرامی ناهێڵمەوە. با ئەوانیش لە فەرمانی من دەرنەچن، بڕوای تەواویان بەمن بێ؛ بەشکۆ ڕێی ڕاست بەدی بکەن.

---

**١٨٥- کل کردن:** ناردن، هەناردن.

أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ
لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ
أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَٱلْـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ
وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ
ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ
إِلَى ٱلَّيْلِ وَلَا تُبَـٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَـٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَـٰجِدِ
تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَـٰتِهِۦ
لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٨٧﴾ وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم
بِٱلْبَـٰطِلِ وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ
أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٨﴾ ۞ يَسْـَٔلُونَكَ
عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ
بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَـٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ
وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ
تُفْلِحُونَ ﴿١٨٩﴾ وَقَـٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ
وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١٩٠﴾

١٨٧ سەرجێیی ژنان کردنۆ، لە شەوانی ڕمەزان، بۆتان ڕەوایە؛ ئەوان کەل‌پەلی ئێون و ئێوە پۆشەنی ئەوانن. خودا لەوە ئاگادارە ئێوە بەرێ دەرهەق بەخۆتان غەیان بۆن؛ بەو پەژیوان بۆنەوەتان عافوی کردن و بەخشیونی. هەر لە ئێستاوە دەتوانن دەستیان دەگەڵ تێکەڵ کەن و هەرچی خودا لەچارەتانی نۆسیوە شوێنی کەون و بخۆن، وەخۆن تا ئەو دەمەی دەمەو بەیان هەودای سپی لە هەودای ڕەش دەناسنەوە. پاشان ڕۆژۆتان تەواوکەن هەتا شەوێ. هەر وەختێکی لەمزگەوتاندا مات دەبن، تخۆن ژنانتان مەکەۆن. ئەمانە سنۆری خودان نەچن تخۆنیان بکەۆن. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ مەردم ئاشکرا دەکا، شایەتا خۆ بپارێزن.

١٨٨ لە خواردنی ماڵی یەکتر - بە ناڕەوا - دۆرکەونەوە؛ مەشیدەن بە کاربەدەستان تا ڕێو هەبێ بە ناڕەوا ماڵی مەردمی تر بخۆن. بۆ خۆتان ئەمە دەزانن.

١٨٩ دەربارەی مانگ نوێ‌بۆنەوەش لێت دەپرسن. بێژە: بۆ زانینی وەخت و چۆنەحەجی مەردم بەهرە دەگەیێنێ. واش چاک نیە لەپشتەوە بچنە ناوماڵی خەڵکەوە؛ چاک ئەوەیە بپرینگێنەوەو لە درگاوە بچنە ناو ماڵانەوە. ترسیشو لە خودا هەبێ؛ بەشکۆ بتوانن ڕزگاربن.

١٩٠ ئێوە دەگەڵ ئەوانەدا کە شەڕ بە ئێوە دەفرۆشن، لەڕاهی خودا بجەنگن. نابێ دەس‌درێژی بکەن؛ خودا لە دەس‌درێژیکەران خۆشی نایە.

---

١٨٧- کەل‌پەل: کەل‌وپەل، جلک، لیباس، پۆشەنی. غەیان: غاین، خائین.

وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ
أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ
فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ١٩١ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ
فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٩٢ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ
ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ١٩٣ ٱلشَّهۡرُ ٱلۡحَرَامُ
بِٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ وَٱلۡحُرُمَٰتُ قِصَاصٞۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ
عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ
ٱلۡمُتَّقِينَ ١٩٤ وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِۛ
وَأَحۡسِنُوٓاْۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٩٥ وَأَتِمُّواْ ٱلۡحَجَّ وَٱلۡعُمۡرَةَ لِلَّهِۚ
فَإِنۡ أُحۡصِرۡتُمۡ فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۖ وَلَا تَحۡلِقُواْ رُءُوسَكُمۡ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ
ٱلۡهَدۡيُ مَحِلَّهُۥۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ بِهِۦٓ أَذٗى مِّن رَّأۡسِهِۦ فَفِدۡيَةٞ
مِّن صِيَامٍ أَوۡ صَدَقَةٍ أَوۡ نُسُكٖۚ فَإِذَآ أَمِنتُمۡ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلۡعُمۡرَةِ إِلَى ٱلۡحَجِّ
فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۚ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖ فِي ٱلۡحَجِّ وَسَبۡعَةٍ
إِذَا رَجَعۡتُمۡۗ تِلۡكَ عَشَرَةٞ كَامِلَةٞۗ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي
ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ١٩٦

۱۹۱ لە هەرشوێنێ دەستۆکەوتن بیانکوژن. لەو شوێنەشیان وەدەربنێن کە
ئێوەیان لێ وەدەرنا. سۆدرەییش زۆر لە کوشتنێ خراترە. لە دەوروبەری
«مسجدالحرام»یشا نابێ شەڕیان دەگەڵ بکەن؛ مەگین ئەوان لەوێ
شەڕتان پێ بفرۆشن؛ ئەگەر لەوێش شەڕیان بۆ ئێوە هەڵگیرساند، لە
کوشتنیان ڕامەوەستن؛ پاداشی خودانەناسان هەر ئەمەیە.
۱۹۲ ئەگەر دەس بەرداریشتان بۆن، خودا لە گوناه دەبۆرێ و دلۆڤانە.
۱۹۳ لە کوشتنیان وچان مەدەن تا ئاژاوە لە دنیا بنەبڕ دەبێ و دین هەر دینی
خودا دەبێ؛ ئەگەر ئەوان دەسبەرداربۆن، دەست درێژی هەر لە دژی
ناهەقانە.
۱۹۴ مانگی شەڕبەس بەرانبەر بە مانگی شەڕبەس؛ شکاندنی هەر ڕێزێکیش
تۆڵەی هەیە. سا هەر کەسێ دەس درێژی لە ئێوە کرد، ئێوەش هەر بە
ئەندازەی ئەو دەس درێژی بکەنەوەو لە خودا ترستان هەبێ؛ خوا
دەگەڵ خۆپارێزانە.
۱۹۵ماڵی خۆتان تا دەتوانن لەڕاهی خودا ببەخشن؛ خۆشتان بە فەتەڕات
مەدەن بە دەستی خۆ. چاکەبکەن، خوا ئاکارچاکی خۆش دەوێن.
۱۹۶ حەج و عەمرە هەر بۆ خودا بە تەواوی بەجێ بێنن. ئەگەر هەر
ڕێگەشیان نەدان، ئەوسا چەندی بۆتان دەلوێ ئاژەڵ بکەنە قوربانی.
هەتا ئاژەڵی قوربانی نەگاتە جێی دیاری کراو، سەر مەتاشن. کێش لە
ئێوە لەش بەبارە یان ئازارێکی لەسەردا، لە بارتەقای بەڕۆژوبێ یان
خێرێک ببەشێتەوە، یان ئاژەڵێک بکاتەخێر هەر لەوێدا. هەرکاتیش
ترسێکو نەما، هەرکێ ویستی بەهرە ببا، لە عەمرە تا کاتی حەجێ، هەر
چەندێکی لە دەستی دێ، حەیوان بکاتە قوربانی. ئەگەر دەستیشی
نەڕۆییشت، سێ ڕۆژ لە حەج بەڕۆژوبێ؛ وەختێ گەڕاشنەوە حەو ڕۆژ؛
کە تێکڕایی دەبێتە دەڕۆژی تەواو. ئەم بەهرەبردنەش هەر بۆ کەسێکە
خۆی ماڵی لە مەککەدا نەبێ. ئەبێ لە خودا بترسن، خودا لە تۆڵەساندنا
توندو تیژە.

---

۱۹۱-سۆدەرەیی: فیتنەنانەوە. ۱۹۵-فەتەڕات: بەلا.

ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلۡحَجَّ فَلَا رَفَثَ
وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّۗ وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ
يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُونِ
يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٧ لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن
تَبۡتَغُواْ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكُمۡۚ فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ
عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖ
وَٱذۡكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمۡ وَإِن كُنتُم مِّن قَبۡلِهِۦ
لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ ١٩٨ ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنۡ حَيۡثُ أَفَاضَ
ٱلنَّاسُ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٩٩
فَإِذَا قَضَيۡتُم مَّنَٰسِكَكُمۡ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكۡرِكُمۡ
ءَابَآءَكُمۡ أَوۡ أَشَدَّ ذِكۡرٗاۗ فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن
يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ
خَلَٰقٖ ٢٠٠ وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا
حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ٢٠١
أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ نَصِيبٞ مِّمَّا كَسَبُواْۚ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ٢٠٢

١٩٧ هەرەتی حەج چەندمانگی دیاری کراون. هەرکەسێکی لەوانەدا فەرزی حەجێ بەجێ بێنێ، تخۆنی ژنان کەوتن و نێوونرتکە لێک هەڵدان و لە رێگەی خودا لادان و قسە بەزۆرانێدان و شەڕو هەرا - ببڕای ببڕای - لە حەجدا نین؛ هەرکارێکی چاکیش بکەن، خوا دەیزانێ. زەوادی ڕێگەشۆ پێبێ؛ چاکترین تۆشە بۆ ئێوە، خۆ لەگوناح پارازتنە. گەرەک لە من ترسۆ هەبێ ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان!

١٩٨ ئەگەر لە ماوەی حەجیش دا رۆزی لە خوا داوابکەن، هیچ گوناهۆ لەسەر نیە. گەر لە«عرفات» داگەڕان، لە پەنا«مشعرالحرام» یادی ناوی خودا بکەن؛ کە دوای ئەوەی هیچ شارەزاییتان نەبۆ، خستنیە سەر ڕاستەڕێیە.

١٩٩ لە هەرکوێشدا خەڵک داگەڕان، ئێوەش لەوێ داگەڕێن و لە خودا بپارێنەوە بتانبەخشێ؛ خودا لە تاوان دەبۆرێ و دلۆڤانە.

٢٠٠ هەرگا ئێوە ڕێوشوێنی پێداویستۆ بەجێ هێنا، وەک یادی باب و باپیری خۆتان دەکەن - هەر ئاواو لەوە پتریش - یاد لە خودا بکەنەوە. لەوخەڵکەدا ئی وا هەیە هەر دەڵێ: پەروەرندەمان! لە دنیا کامڕەوامان کە. ئەوانە لە ڕۆژی سەڵا بەشیان نیە.

٢٠١ ئی واش هەیە ئێژێ: ئەی پەروەرندەمان! هەم لە دنیاو هەم لە سەڵا تۆشی خێرو خۆشیمان کەو لە ئازاری ئاگریش بمانپارێزە.

٢٠٢ جا ئەوان بەپێی کردەیان بەشیان دەبێ. خوا بەپەلە بە کاروباران ڕادەگا.

---

١٩٧-زەواد: تۆشە.

۞ وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ فِىٓ أَيَّامٍ مَّعْدُودَٰتٍ ۚ فَمَن تَعَجَّلَ فِى
يَوْمَيْنِ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ لِمَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ
وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٠٣﴾ وَمِنَ
ٱلنَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُۥ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيُشْهِدُ ٱللَّهَ
عَلَىٰ مَا فِى قَلْبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ
فِى ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۗ وَٱللَّهُ
لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ
بِٱلْإِثْمِ ۚ فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ وَمِنَ
ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ
رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱدْخُلُوا۟
فِى ٱلسِّلْمِ كَآفَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ
إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٠٨﴾ فَإِن زَلَلْتُم مِّنۢ بَعْدِ
مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ
﴿٢٠٩﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ
وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٢١٠﴾

٢٠٣ لە ڕۆژانی دیاری کراوا ناوی خوداو لە بیرنەچێ، هەر کەس دوڕۆژی پێش بخا گوناهێکی نایەتەسەر. هەر کەسێکیش خۆپارێزەو ترسی خودای لە دڵدایە - ئەگەر هێندێکیش دواکەوت - گوناهێکی لەسەر نیە. بیشیزانن کە هەمۆتان لای خواوە خڕ دەکرێنەوە.

٢٠٤ لەم خەڵکەدا ئیوا هەیە قسەو گفتی سەبارەت بە ژیانی دنیا بۆ تۆ سەیرو سەر سوڕێنەو لە سەر ئەوی لە دڵیایە خوا بەشایەت دێنێتەوە؛ کەچی هەر ئەو لە دوژمناتی کردنا زۆر سەرسەختە.

٢٠٥ هەر کە لە تۆ دوورکەوتەوە، مل لە بەدفەڕی دەنێت و لە عەرزا خراپەدەکاو کێڵگەو ڕەسەن لە بەین ئەبا. خودا هەرگیز لە بەدفەڕان خۆشی نایە.

٢٠٦ کە پێی وترا: ئەشێ ترست هەبی لە خوا، دەمارزلی پتر بەرەو گوناه دەیبا. با جەهەندەمی لێ پڕبێ، جێ حەسانەوەیەکی زۆر خراپیشە.

٢٠٧ هی واش لەناو مەردم هەیە بۆ ڕەزای خوا گیان دەبەخشن. خودا دەگەڵ عەبدانی خۆی دلۆڤانە .

٢٠٨ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەمۆلاتان ئامادەی فەرمانبەری بن. پێ مەنێنە جێ پای شەیتان؛ ئاشکرایە کە شەیتان پێتان دوژمنە.

٢٠٩ پاش ئەوەی ئەو بەڵگە ئاشکرایانەتان بۆ هاتوە، ئەگەر بێتو هەڵخلیسکێن، دەبێ ئەوەندە بزانن کە خوا تواناو لەکارزانە.

٢١٠ ئاخۆ ئەوان چاوەنۆڕن خواو فریشتەکانی خودا لەناو سەیوانی هەوراندا بێنەلایان و کارەکە کۆتایی پێ بێت؟ هەمۆ کارێک هەر بەرەو خودا دێتەوە.

سَلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ كَمۡ ءَاتَيۡنَٰهُم مِّنۡ ءَايَةِۭ بَيِّنَةٖۗ وَمَن يُبَدِّلۡ نِعۡمَةَ
ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢١١ زُيِّنَ لِلَّذِينَ
كَفَرُواْ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَيَسۡخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۘ وَٱلَّذِينَ
ٱتَّقَوۡاْ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ
٢١٢ كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ
وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ
فِيمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِۚ وَمَا ٱخۡتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعۡدِ
مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۖ فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
لِمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلۡحَقِّ بِإِذۡنِهِۦۗ وَٱللَّهُ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ
صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٍ ٢١٣ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا
يَأۡتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۖ مَّسَّتۡهُمُ ٱلۡبَأۡسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ
وَزُلۡزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصۡرُ ٱللَّهِۗ
أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ ٢١٤ يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ قُلۡ
مَآ أَنفَقۡتُم مِّنۡ خَيۡرٖ فَلِلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ
وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۗ وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٞ ٢١٥

٢١١ لە بەرەی ئیسرائیل پرسە! چەند نیشانەی ئاشکرامان داوە بەوان؟ هەرکەس چاکەی دەگەڵ بکەین و پێ نەزانێ، با بزانێ خوا لە سزای پێ نەزانان توندو تیژە.

٢١٢ ژینی دنیا بۆ ئەوانەی خوانەناسن خەملیوەو ڕازاوەتەوەو گەمەی خۆیان بە خاوەن باوەڕان دەکەن؛ کەچی لە خودا ترسەکان ڕۆژی سەڵا وان لەسەری ئەوانەوە. خودا بۆ هەر کەسێ حەزکا، بێ ژمارە ڕۆزی دەنێرێ.

٢١٣ بەرێ مەردم هەموی چین و بەرەیەک بۆن. خودا پێغەمبەری ناردن مژدەدەرو ترسێنەر بن، کتێبی ڕاست و ڕەواشی ڕەگەڵ خستن تا ئەوشتەی بۆنە بنەمای کێشەیان، بۆیان یەکالاکەنەوەو پێکیان بێنن. هەر ئەوانەش بۆ یەکتریان نەدەسەلماند کە دەپێشدا کتێب بۆ ئەوان هاتبو، بەڵگەی ئاشکراشیان لابو؛ بەڵام ئێرەیی ناو خۆیان کارێکی وای کرد، پێک نەیەن. ئیتر خودا بە ئیزنی خۆی ڕێگەی ڕاستی نیشانی باوەڕداران داو تێی‌گەیاندن ئەوکێشە لەبەر چی‌کرا. خودا بۆ هەرکەس حەزبکا شارەزای ڕاستەڕێی دەکا.

٢١٤ ئاخۆ ئێوە لاتان وایە [بەهاسانی] دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا ئەوەی بەسەر پیشینانتانا هاتۆە، بەسەر ئیوا نەهاتوە. ئەوان تۆشی گەلێ تەنگانەو ئازارو نەداری و چەوسانەوە بۆن؛ زۆر بە توندی تەکان دران، تەنانەت پێغەمبەریش و یارانی باوەڕداریشی دەیانگوت کە: کەی خودا دەهانامان دێ؟ تۆ بزانە کە یاریدەی خوا نزیکە.

٢١٥ لێت دەپرسن: چێ ببەخشن؟ پیان بێژە: هەرشتی چاک کە دیبەخشن بیدەن بە دای و بابان و بەخزمانی نزیکتان و هەتیوان و هەژاران و ئەوانەی لە ڕێدا ماون. هەر چاکەیی ئێوە بیکەن، دیارە خودا پێ دەزانێ.

كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ
شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ
وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهۡرِ
ٱلۡحَرَامِ قِتَالٖ فِيهِۖ قُلۡ قِتَالٞ فِيهِ كَبِيرٞۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَكُفۡرُۢ بِهِۦ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ وَإِخۡرَاجُ أَهۡلِهِۦ مِنۡهُ أَكۡبَرُ
عِندَ ٱللَّهِۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَكۡبَرُ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ
حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ وَمَن يَرۡتَدِدۡ
مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ
أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ
هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢١٧ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ
هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ
ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٢١٨ ۞ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ
وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثۡمُهُمَآ
أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَاۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلۡعَفۡوَۗ
كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ٢١٩

٢١٦ خەزاتان لەسەر نوسراوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە. رەنگە لە شتێک حەزنەکەن بەڵام بۆتان وەخێرگەڕێ، رەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ بخوازن کە ئاکامەکەی باش نەبێ؛ خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن.

٢١٧ لێت دەپرسن: تۆشی شەڕبۆن لە مانگی شەڕبەسا چۆنە؟ بێژە: شەڕ لە هەیڤی وادا گوناهێکی زۆر گەورەیە و ڕێگەی بەرەو خوا بەستن و حاشا لە خودا کردن و ماڵی خوا بەڕێز نەگرتن، لێوەدەرنانی خەڵکەکەی - لە لای خودا - تاوانی هەرە مەزنە؛ ئاژاوەش بۆ شەڕنانەوە لە کوشتنێ خراپترە. ئەوان دەستۆ لێ بەرنادەن، هەر دەگەڵ ئێوە بەشەڕدێن هەتا - ئەگەر بۆیان بلوێ - ئێوە لە دینەکەی خۆتان وەربگێڕن. هەرکەسیش لە دین وەرگەڕێ و بە خودانەناسی بمرێ، رەنج خەساری دنیاش و قیامەتیش دەبن و دەکەونە ناو دۆزەقەوەو تاهەتا هەر تیادەبن.

٢١٨ ئەوانەی لە ڕێگەی خودا دەربەدەرن و باوەڕیان بە خودا هەیەو لەڕای خودا.چۆنە خەزا، بە هومێدن خوا بەچاکە وەیان خوێنێ، خودا لەوانە دەبۆرێ و دلۆڤانە.

٢١٩ لەمەڕ شەراب و قوماریش لێت دەپرسن؛ بێژە: تاوانیان گەورەیەو بۆ خەڵکیش بەهرەیان هەیە؛ تاوانەکە لە بەهرەکەیان زۆرترە. پرسی ئەوەشت پێدەکەن، چی لەڕێی خوادا بەخت کەن؟ بێژە: زێدە لە پێویستۆ. ئا بەم جۆرە خوا نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدا، شایەت ئێوە بتوانن بیربکەنەوە؛

---

٢١٧-هەیڤ: مانگ. بلوێ:دەست بدا.

فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ
خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ
ٱلۡمُصۡلِحِۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٢٢٠
وَلَا تَنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤۡمِنَّۚ وَلَأَمَةٞ مُّؤۡمِنَةٌ خَيۡرٞ
مِّن مُّشۡرِكَةٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡۗ وَلَا تُنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَتَّىٰ
يُؤۡمِنُواْۚ وَلَعَبۡدٞ مُّؤۡمِنٌ خَيۡرٞ مِّن مُّشۡرِكٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكُمۡۗ أُوْلَٰٓئِكَ
يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ وَٱلۡمَغۡفِرَةِ بِإِذۡنِهِۦۖ
وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ٢٢١ وَيَسۡـَٔلُونَكَ
عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ
وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرۡنَ فَأۡتُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ
أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ٢٢٢
نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ
وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
٢٢٣ وَلَا تَجۡعَلُواْ ٱللَّهَ عُرۡضَةٗ لِّأَيۡمَٰنِكُمۡ أَن تَبَرُّواْ
وَتَتَّقُواْ وَتُصۡلِحُواْ بَيۡنَ ٱلنَّاسِۚ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٢٢٤

٢٢٠ هەم لە دنیاو هەم لە سەلا. لێت دەپرسن: دەربارەی هەتیوان چۆن بین؟ بێژە: ئەگەر بەدڵسۆزی ئاگاولێبن کاری چاکە. ئەگەر دەگەڵ ئێوە دەژین، وەک براو خۆشکی خۆتان بن. خوا دەزانێ کێ بەدفەڕەو کێ کارچاکە؛ ئەگەر خودا مەیلی لێبا ئەرکی لێ گران دەکردن؛ خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.

٢٢١ خواستن و شۆپێ کردنی بتپەرستان بۆ مێرو ژنی باوەڕدار ڕەوا نیە، با زۆریشیان حەزلێبکەن؛ هەتا نەبنە خاوەنباوەڕ ناشێ بیانکەنە هاوسەرتان. کەنیزو بەندەی باوەڕدار بۆ هاوجوٗتی، لە مێرو ژنی ئازادی خودانەناس هێژاترن. ئەوان گەرەکیانە ئێوە بەرەوجەهەندەم ڕاکێشن؛ خواش گەرەکیە بەئیزنی خۆی لە گوناهانتان ببوٗرێ و بتانگەیێنێتە بەهەشت. خودا ئەم نیشانانەی خۆی بۆ مەردم ڕوٗن دەکاتەوە.

٢٢٢ لەمەڕ عوزری ژنانەوەش لێت دەپرسن، بێژە: ئەویش ئازارێکە؛ ئەو چەند ڕۆژەی خوێنیان هەیە، سەرجێیی ژنانوٗ مەکەن؛ ڕاوەستن تا پاک دەبنەوە. هەرگا لە خوێن پابوٗنەوە، لەوجێیەوە کە خوا فەرمانی پێداون بۆیان وەژن. خوا لەوکەسانە خۆشی دێ کە لە گوناح پەژیوانن و دەیانەوێ بە پاک و خاوێنی بژین.

٢٢٣ ژنانوٗ کێڵگەی خۆتانن؛ لە هەرکوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە؛ تۆشەیەکیش وەپێش خۆخەن. دەبێ لە خوداش بترسن، بیشیزانن دەگەڵ خوا ڕوٗبەڕوٗ دەبن. مژدەش بدە بەوانەی خاوەن باوەڕن.

٢٢٤ خودای مەکەن بە کەرستەی سوێندی خۆتان؛ کە ڕێگەی چاکەو لێببڕێ و پارێزگاریو پێنەهێڵێ و بە کاری مەردم ڕانەگەن؛ خودا ئەژنەوێ و زانایە.

لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغۡوِ فِيٓ أَيۡمَٰنِكُمۡ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتۡ
قُلُوبُكُمۡۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٞ ﴿٢٢٥﴾ لِّلَّذِينَ يُؤۡلُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ تَرَبُّصُ
أَرۡبَعَةِ أَشۡهُرٖۖ فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٢٢٦﴾ وَإِنۡ عَزَمُواْ
ٱلطَّلَٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿٢٢٧﴾ وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصۡنَ
بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٖۚ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكۡتُمۡنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِيٓ
أَرۡحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤۡمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ
فِي ذَٰلِكَ إِنۡ أَرَادُوٓاْ إِصۡلَٰحٗاۚ وَلَهُنَّ مِثۡلُ ٱلَّذِي عَلَيۡهِنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ
وَلِلرِّجَالِ عَلَيۡهِنَّ دَرَجَةٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ
فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن
تَأۡخُذُواْ مِمَّآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ شَيۡـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ
ٱللَّهِۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَا فِيمَا ٱفۡتَدَتۡ
بِهِۦۗ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعۡتَدُوهَاۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٢٩﴾ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ
زَوۡجًا غَيۡرَهُۥۗ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ إِن ظَنَّآ أَن
يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِۗ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٢٣٠﴾

٢٢٥ خوا بۆ سوێندی سەرزارەکی گوناهو لەسەر نانوسێ؛ بەڵام ئەگەر لە تەهی دڵتانەوە بێ، خودا لێودەپرسێتەوە. خودا لە هەڵە دەبوورێ و لەسەر خۆیە.

٢٢٦ ئەو کەسانەی سوێندێ لە ژنەکانیان دەخۆن کە ئیتر دەگەڵیان نەنوێن، دەبێ چوارمانگ چاوەنۆڕبن؛ ئەگەر گەڕاشنەوەلایان، ئەوسا خودا گوناهبەخش و دلۆڤانە.

٢٢٧ ئەگەر هەر لەسەر تەڵاقیش بڕیاریان دا، ئەوسا خودا دەبیسێ و ئاگاداریشە.

٢٢٨ تەڵاق دریاو لەسەریانە هەتا سێ جار لە بێ نوێژی پاک دەبنەوە چاوەنۆڕ بن. ئەگەر بڕوایان بە خوداو ڕۆژی هەستانەوە هەیە، ڕەوا نیە ئەو تۆڵەی خوا خستۆیەتە زگیانەوە بیشارنەوە. لەم بەینەدا ئەگەر بیانەوێ ڕێککەوێن، بۆ دیسان هێنانەوەیان، مێردەکانیان شیاوترن. هەر وەک ئەرکی ژنانەیان لەسەرشانە، ژنەکانیش مافی ڕەوای خۆیان هەیە. پیاویش لەژنان پلەیەک بەرەژوورترن، خوداش خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.

٢٢٩ تەڵاقی ژن دوو کەڕەتە، ئەوسا یان ڕاگرتنێ باش و خوداپەسند، یان بەخۆشی و بێ هەرا، دەس لێک بەردانە. لەو ماڵەی کە پێتان داون ڕەوانیە هیچیان لێ وەربگرنەوە؛ مەگین ترسیان لەوە هەبێ کە نەتوانن سنووری فەرمانی خودا بپارێزن. ئەگەر ترستان لەوە هەبوو کە هەردوکیان سنووری خوا ناپارێزن، هیچ گوناهی تێدا نیە ژنەکە خۆی بکڕێتەوە. ئەمانەن سنووری خودا، لە سنووری خوا دەرمەچن؛ ئەو کەسانەی لە سنووری خوا دەردەچن ئەوانەن کە غەدرێ دەکەن.

٢٣٠ ئەگەر لەپاش ئەم دوجارەش تەڵاقی دا، ژنەکەی بۆ حەڵاڵ نیە تا ژنەکە دەچێ مێردێکی تر دەکا؛ ئەگەر لەومێردەی کردۆشیە تەڵاق درا، ئەوساکە هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە دوبارە بگەڕێنەوە بۆلای یەکتر؛ بەومەرجە کە وابزانن هەردوکیان بە تەرزێ ڕەوا - وەک خودا فەرمانی داوە - وێک هەڵدەکەن. ئەمانە سنووری خودان، ڕوونیان دەکاتەوە بۆ ئەو کەسانە وا حاڵی دەبن.

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ
سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ۚ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا۟ ۚ وَمَن يَفْعَلْ
ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۚ وَلَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا ۚ وَٱذْكُرُوا۟
نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَآ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْحِكْمَةِ
يَعِظُكُم بِهِۦ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ٢٣١
وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ
أَزْوَٰجَهُنَّ إِذَا تَرَٰضَوْا۟ بَيْنَهُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ
مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۗ ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ ۗ وَٱللَّهُ
يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ٢٣٢ ۞ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ
حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ۚ وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ
وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَا تُضَآرَّ
وَٰلِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ ۚ وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ ۗ
فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ۗ وَإِنْ
أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ
ءَاتَيْتُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ٢٣٣

٢٣١ ئەگەر ژنۆ تەڵاق دان و ماوەی چاوەنۆڕیەکەیان بڕایەوە، یان بە تەرزێ خوداپەسند ڕایانگرن، یان بەرانبەر بە یاسای دین ئازادیان کەن. نەکا بەقەس ئازاردانیان، ڕایانگرن و لەهەق لادەن. هەرکەسێ وا ڕەفتاربکا ناهەقی لە خۆی کردوە. ئەوانە نیشانەی خودان، ناشێ بە گەمەی بزانن. با لەبیروبێ کە خودا چەندی چاکە دەگەڵ کردن. لەبیرمەکەن خوا ئەوکتێبەی بۆ ناردوۆن کە لەوێدا لە کارزانی سەرڕاست دەبن و بەو ئامۆژگاریتان دەکا. ئەشێ بترسن لە خوداو باش بزانن خودا هەمۆشت دەزانێ.

٢٣٢ هەرگا ژنانتان تەڵاق داو کاتی حەیەیان بەسەر چۆ - ئەگەر بە تەرزێکی ڕەوا وەل ئاوجۆتانی پێشویانا ڕێک کەوتن - ئێوە مەبنە بەر هەڵستی شۆکردنیان. کێ لە ئێوە بڕوای بە خواو بە ڕۆژی قیامەتێ هەبێ، ئەم ئامۆژگاریە پێک دێنێ؛ ئەمە بەسۆدی ئێوەیەو بەهرەی بۆ پاکیتان هەیە. خوا دەیزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن.

٢٣٣ دایکان دەبێ بەمندالّیان دۆساڵی ڕەبەق شیربدەن. بۆکەسێکی کە بیەوێ بەتەواوی شیرێ بدا، لەمماوەدا جلک و بژیوی دایکەکە - لەسەردابی موسوڵمانانی ئەوشوێنە - لەسەرباوکە. کەسیش لەتواناب‌دەری لەسەرنیە. هیچ دایک و بابێ نابێ لەبەر ساوایان زیان بەیەکتر بگەینن. ئەگەر مندالّ بابی نەبۆ، میراتگران لەسەریانە جلک و بژیوی دایکەکەی فەراهەم کەن. جائەگەر داک و باب بەخۆشی و ڕاوێژ، ویستیان [زۆتر] مندالّ لە شیر ببڕنەوە، هیچ گوناهێکیان ناگاتێ. خۆ ئەگەر گەرەکیشتان بێ کەسێکی تر شیربداتە منداڵانتان - بەومەرجە بەپێ دابی رۆژ، کرێی تەواوی بدەنێ - هیچ گوناهتان نایەتەسەر. دەبێ لەخوداش ترسۆبێ. ئەوەندەش دەبێ بزانن هەرکارێکی ئێوە دەیکەن، خوا دەیبینێ.

---

٢٣٢- حەیە: ماوەیەکە بۆژنی شۆمردۆیا تەڵاق دراو دانراوە کەپاش ئەوە ئەتوانێ شۆبکا.

٢٣٣-ڕەبەق: بێ کەم و زیاد. تەخت و تەواو.

وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ
أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ۖ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ
فِيمَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ
٢٣٤ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِۦ مِنْ خِطْبَةِ ٱلنِّسَآءِ
أَوْ أَكْنَنتُمْ فِىٓ أَنفُسِكُمْ ۚ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ
وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلَّآ أَن تَقُولُوا۟ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ۚ
وَلَا تَعْزِمُوا۟ عُقْدَةَ ٱلنِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْكِتَٰبُ أَجَلَهُۥ ۚ
وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ فَٱحْذَرُوهُ ۚ وَٱعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ٢٣٥ لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ
مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا۟ لَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى ٱلْمُوسِعِ
قَدَرُهُۥ وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ مَتَٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ
٢٣٦ وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ
لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّآ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَا۟
ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ ۚ وَأَن تَعْفُوٓا۟ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۚ
وَلَا تَنسَوُا۟ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ٢٣٧

٢٣٤ ئەوانەی لێتان دەمرن و ژنیان لێ بەجێ دەمێنێ، ژنەکانیان هەتا چوارمانگ و دەڕۆژان چاوەنۆڕین؛ لەوە بەولا خۆیان هەرکارێکی دەیکەن - هەر هێندە ناڕەوا نەبێ - بێڵن بیکەن؛ ئێوە گوناحتان ناگاتێ؛ خوداش لە هەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.

٢٣٥ هیچ گوناهیشتان ناگاتێ کەخواستنی ژنەکانی شۆمردۆتان ئارەزۆبێ و ناڕاستەوخۆ پێیان بێژن، یان هەر لەدڵی خۆتاندا بڕیاربدەن دەیانخوازن. خوا دەزانێ کە باسیان هەر ئەدرکێنن. بەڵام نەکەن بەنهێنی بچنە ژوانێ؛ مەگین لەوێش خواپەسندانە بیان دوێنن. تا ماوەکە بەسەرنەچێ باسی مارەکردن مەکەن. دەبێ ئەوەندەش بزانن خوا دەزانێ ئێوە چیتان لە دڵدایە؛ لێی بترسن و بیشیزانن خودا لە گوناه دەبۆرێ و لەسەرخۆیە.

٢٣٦ ئەگەر ژنۆ تەڵاق دەدەن، بەر لەوە دەگەڵیان بنۆن و مارەیی تان هێشتا بۆ دیاری نەکردۆن، چیان ناکەوێ و ئێوە گوناهتان ناگاتێ. بەڵام وا چاکە شتێکیان لەماڵی خۆتان بدەنێ؛ دارا لە ئەندازەی خۆی و هەژاریش بە ئەندازەی خۆی؛ وا چاکە بۆ چاکەکاران.

٢٣٧ خۆ ئەگەر مارەییەکەتان بڕیبۆوەو هێشتا دەگەڵیان نەخەوتۆن، تەڵاقتان دان، نیوەی مارەییان دەکەوێ، مەگین خۆیان پێوببەخشن یان ئەو کەسە پێوببەخشێ کە مارەبڕین بەدەست ئەوە؛ پێ بەخشینیش لە ئاکاری پارێزگاری نزیکترە. لەبیرمەکەن چاکە دەگەڵ یەکتر بکەن، خودا لە هەرکارێ دەیکەن چاوەدێرە.

---

٢٣٥- ڕاستەوخۆ: ڕوت و ڕاست، بێ سێ و دو.

حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ
قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ فَرِجَالًا أَوۡ رُكۡبَانٗاۖ فَإِذَآ أَمِنتُمۡ
فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمۡ تَكُونُواْ تَعۡلَمُونَ
﴿٢٣٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوۡنَ مِنكُمۡ وَيَذَرُونَ أَزۡوَٰجٗا وَصِيَّةٗ
لِّأَزۡوَٰجِهِم مَّتَٰعًا إِلَى ٱلۡحَوۡلِ غَيۡرَ إِخۡرَاجٖۚ فَإِنۡ خَرَجۡنَ
فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ فِي مَا فَعَلۡنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ مِن
مَّعۡرُوفٖۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٢٤٠﴾ وَلِلۡمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعُۢ
بِٱلۡمَعۡرُوفِۖ حَقًّا عَلَى ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ
ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴿٢٤٢﴾ ۞ أَلَمۡ تَرَ
إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَهُمۡ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلۡمَوۡتِ
فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحۡيَٰهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى
ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٢٤٣﴾
وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿٢٤٤﴾
مَّن ذَا ٱلَّذِي يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضۡعَافٗا
كَثِيرَةٗۚ وَٱللَّهُ يَقۡبِضُ وَيَبۡصُۜطُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٢٤٥﴾

٢٣٨ لە نوێژان و بەتایبەتی ئەو نوێژەی لە نێواندایە، ئاگاداربن؛ ئەشێ بۆ فەرمانی خودا ڕابوەستن.

٢٣٩ ئەگەر ترسێکو لەسەر بۆ - بەپیادەیی یان بەسواری - هەرگا ترسیشو بەسەرچۆ - چۆنی خودا فێری کردۆن - یادی بکەن کە لەپێشدا نەودەزانی.

٢٤٠ ئەوانەی لەنکۆ دەمرن و ژنەکانیان بەجێ دێڵن، ڕابسپێرن: هەتا ساڵێک مایەی گوزەرانەکەی دابین بکەن و دەری نەکەن؛ ئەگەر هەر بەخواستی خۆیان چۆنەدەرێ - بۆ کارێکی خوداپەسند - ئێوە گوناهتان ناگاتێ. خودا خاوەن دەستەڵاتی لە کارزانە.

٢٤١ ژنانێ کە تەڵاق ئەدرێن، بەشی ڕەوای خۆیان هەیە؛ کە پێک هێنانی ئەم کارە، بڕیارە بۆ خوداترسان.

٢٤٢ هەر بەو پێیەش خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕۆن دەکاتەوە؛ شایەتا ئێوە تێ بگەن.

٢٤٣ ئەدی تۆ ئەوانەت نەدی بە هەزاران لەوکەسانەی ترسی مردن وای لێکردن زێدی خۆیان بەجێ بێلن؟ خوا فەرمانی پێدان: بمرن! لەپاشان زیندوی کردنەوە. خودا سەبارەت بە مەردم چاکەدەکا، بەڵام بەشی زۆری مەردم لە شوکرانە خۆدەبوێرن.

٢٤٤ لەڕای خودا بچنە خەزاو بزانن کە خوا بیسەرو ئاگادارە.

٢٤٥ کێ ماڵی خۆی بە دەستەواو دەدا بە خوا، هەتا ئەویش چەند ئەوەندەی بداتەوە؟ کەم بژیوی و فەرحانیش هەر بەدەس ئەوەو هەمۆش هەر دێنەوە لای ئەو.

---

٢٤٥- دەستەواو: دەستقەرز، یارمەتی یەکتردان بەنۆرە.

أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلۡمَلَإِ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰٓ إِذۡ قَالُواْ
لِنَبِيّٖ لَّهُمُ ٱبۡعَثۡ لَنَا مَلِكٗا نُّقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ قَالَ
هَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُواْۖ
قَالُواْ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدۡ أُخۡرِجۡنَا
مِن دِيَٰرِنَا وَأَبۡنَآئِنَاۖ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ تَوَلَّوۡاْ
إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ٢٤٦ وَقَالَ
لَهُمۡ نَبِيُّهُمۡ إِنَّ ٱللَّهَ قَدۡ بَعَثَ لَكُمۡ طَالُوتَ مَلِكٗاۚ
قَالُوٓاْ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلۡمُلۡكُ عَلَيۡنَا وَنَحۡنُ أَحَقُّ بِٱلۡمُلۡكِ
مِنۡهُ وَلَمۡ يُؤۡتَ سَعَةٗ مِّنَ ٱلۡمَالِۚ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰهُ
عَلَيۡكُمۡ وَزَادَهُۥ بَسۡطَةٗ فِي ٱلۡعِلۡمِ وَٱلۡجِسۡمِۖ وَٱللَّهُ
يُؤۡتِي مُلۡكَهُۥ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ٢٤٧
وَقَالَ لَهُمۡ نَبِيُّهُمۡ إِنَّ ءَايَةَ مُلۡكِهِۦٓ أَن يَأۡتِيَكُمُ
ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَبَقِيَّةٞ مِّمَّا
تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ تَحۡمِلُهُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُۚ
إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٤٨

٢٤٦ نەتزانیوە چەندکەس لە نەجیم زادەکان - کە تۆرەمەی ئیسرائیل بوون - لەپاش موسا، بە پێغەمبەرەکەی خۆیان وت: شایەکمان بۆ دیاری بکە تا لەڕای خوا خەزابکەین. گوتی: ئەگەر فەرمانی خەزاو بۆ دەرچێ، پێو وانیە خۆ دەبوێرن؟ گوتیان: جا چۆن لە خەزایە - لەڕای خوا بێ - خۆ دەبوێرین، کە دەشبینی ئێمەیان لە زێدی خۆمان وەدەرناوەو لە عەولادی خۆمانیان دوورخستوینەوە؟ کە بڕیاریان بۆ دەرکەوت بچنە خەزا، پشتیان تێکردو ڕایانکرد؛ هەر کەمێکیان مابوونەوە. خوا ناهەقان باش دەناسێ.

٢٤٧ پێغەمبەریان پێانی وت: خودا بۆپاشایەتیتان تالوتی دیاری کردوە. گوتیان: کوا ئەو شایانی ئەم فەرمانەیە؟ کە ئێمە زۆر لەو شیاوترو بە دارایيش زێدەترین. گوتی: خودا ئەوی لەسەر کردونە فەرماندە؛ زانستو قەلافەتیشی لە ئێوە پتر پێداوە. خوا حەزبکا پاشایەتی بە هەرکەسێ بدا دەیدا؛ زانستی خوا بەربلاوەو لە هەموشت ئاگادارە.

٢٤٨ پێغەمبەرەکەیان وتی: درۆشمی پاشایەتی ئەو لە لایەن پەروەرندەوڕا، تابوتێکە دلنیابونی تێدایە؛ دەگەڵ هێندێک کەلەپۆری خانەدانی موساو هارون، فریشتە هەڵیانگرتوە. ئەمە بەلگەیە بۆ ئێوە ئەگەربڕواو بە خوا هەیە.

---

٢٤٦-تۆرەمە: بنەچەکە، رەچەڵەک، نەژاد. ٢٤٧-زێدە: زۆر، زاف.

٢٤٨-کەلەپۆر: بەجێماو لە مردگ.

فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِٱلۡجُنُودِ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ مُبۡتَلِيكُم
بِنَهَرٖ فَمَن شَرِبَ مِنۡهُ فَلَيۡسَ مِنِّي وَمَن لَّمۡ يَطۡعَمۡهُ فَإِنَّهُۥ
مِنِّيٓ إِلَّا مَنِ ٱغۡتَرَفَ غُرۡفَةَۢ بِيَدِهِۦۚ فَشَرِبُواْ مِنۡهُ إِلَّا قَلِيلٗا
مِّنۡهُمۡۚ فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ قَالُواْ
لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلۡيَوۡمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦۚ قَالَ ٱلَّذِينَ
يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٖ قَلِيلَةٍ
غَلَبَتۡ فِئَةٗ كَثِيرَةَۢ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾
وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ قَالُواْ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ
عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ
ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ فَهَزَمُوهُم بِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ
دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ وَٱلۡحِكۡمَةَ
وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم
بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو
فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٥١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ
نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۚ وَإِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٢٥٢﴾

٢٤٩ وەختێ تالوٙت لەشکرەکەی خستەسەرڕێ، گوتی: خودا بە جۆبارێک گەرەکیە تاقیوکاتەوە، هەرکەسێ لێی بخواتەوە لە من نیە؛ هەرکێش چی لێ نەخواتەوە سەر بە منە؛ مەگین کەسێ هەر بە لاوێچ لێی هەڵێنجێ. کەمێک نەبێ هەمۆیان لێیان خواردەوە. ئەوسا خۆی و باوەڕدارانی یارانی لە جۆیەکە پەڕینەوە. گوتیان: ئەمرۆ لەوزەی ئێمەدا نیە کە دەروەستی جالوٙت و لەشکرەکەی بێین. ئەو کەسانەی بە هیوابۆن بە دیداری خودا بگەن، گوتیان: زۆرجار کۆمەڵێکەم - بە ئیزنی خوا- بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا وەسەر کەوتۆن. خوا یاری خۆڕاگرانە.
٢٥٠ لە کاتێکا دەگەڵ جالوٙت و لەشکری تۆشی یەک بۆن، گوتیان: ئەی پەروەرندەمان! وابکە خۆڕاگربین و لە مەیدانێدا بچەقین و لە کەسانی خوانەناس وەسەرمان بخە.
٢٥١ ئیتر - مەیلی خودای لەسەر - دوژمنەکانیان ڕەتاندو جالوٙت بە دەستی داوٙد چو. خودا پاشایەتی و لەکارزانی پێداو هەرچی بۆخۆی پێویستی پێ بۆ، فێری کرد. ئەگەر خودا هێندێکانی لەو ئاپۆرە بە هێندێکان تەرت و تونا نەکردایە، ئەم زەمینە خرابو؛ بەڵام خودا چاکەی لەسەر هەمۆ خەڵکی دنیا هەیە.
٢٥٢ ئەمانە نیشانەی خودان کە بەڕاستی هەر بۆ تۆی دەخوێنینەوە، کە بێگومان یەکێک لە پێغەمبەرانی.

---

٢٤٩-لاوێچ: لاکوێل، لالۆچ، لامشت. هەڵێنجان:هەڵکێشان.

۞ تِلۡكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۘ مِّنۡهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُۖ
وَرَفَعَ بَعۡضَهُمۡ دَرَجَٰتٖۚ وَءَاتَيۡنَا عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ
وَأَيَّدۡنَٰهُ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِۗ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقۡتَتَلَ ٱلَّذِينَ
مِنۢ بَعۡدِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخۡتَلَفُواْ
فَمِنۡهُم مَّنۡ ءَامَنَ وَمِنۡهُم مَّن كَفَرَۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقۡتَتَلُواْ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ
مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا
شَفَٰعَةٞۗ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا
فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ
أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا
شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ
وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ
مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ
ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾

٢٥٣ ئێمە لەناو پێغەمبەرانی خۆماندا هێندێکیانمان لە هێندێکان بەڕێزتر گرت؛ جا لەواندا ئیوا هەبوە کە خوائەوی دواندوە؛ پلەوپایەی بڕێکیشی بردۆتەسەر. چەند نیشانەن دا بە عیسای کوڕی مەریەم؛ بە گیانی پیرۆزی خۆشمان یاریدەن دا. ئەمخەڵکانە لەدوای ئەمەی ئەوگش پێغەمبەرە هاتن، سەرەڕای ئەو نیشانانەی بۆ ئەوان هات - ئەگەر خودا مەیلی لێبا - شەڕی یەکتریان نەدەکرد؛ بەڵام ئەوان لەناو خۆدا پێک نەهاتن؛ بازێک بۆنە خاوەن باوەڕ، بازێکیتر کەوتنە سەر بار خوانەناسی. ئەگەر خودا مەیلی لێبا، نەیدەهێشت دەگژ یەک ڕاچن؛ بەڵام خودا بە خواستی خۆی کاران دەکا.

٢٥٤ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو بژیوەی کە پێمداون بەخت بکەن، پێش ئەوەی ڕۆژەکە دابێ؛ کە ئەوڕۆژە نە سەوداکردن دەمێنێو نە تکاو نە دۆستایەتی؛ خوانەناسان ناهەقی لە خۆیان دەکەن.

٢٥٥ غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ. هەرئەو هەمیشە زیندوەو بەسەر هەمۆشت ڕادەگا. نە خەنۆچکە دەیباتەوە، نە ڕادەزێ. هەرچی هەبێ لە ئاسمانانو زەمیندا هەر بۆ ئەوە. کێی وا هەیە هەتا - بۆ خۆی ئیزنی نەدا - بتوانێ تکای لا بکا؟ لەوەی ئێستا هەیەو دیارە، لەوەش پێش ئەمانیش بۆگەو بەرپێوارە، ئاگادارە. ناشتوانن بە هیچێک لە زانستی ڕاگەن؛ جا مەگین خۆی مەیلی لێبێ. زانستی ئەو، عاسمانەکانو زەمینی داگرتۆەو پاراستنیان بۆ ئەو ئەرکێگران نیە. هەرە پایەبەرزو مەزن، هەر خۆیەتی.

٢٥٦ لەم دینەدا بەزۆر داسەپاندن نیە. شارەزایی لە گومڕایی هاوێر کرا. هەرکێ لە تاغۆت نەبانەو بڕوای بە خودا بهێنێ، هەنگلێکی هێندە توندی بەدەستەوە، هەرگیز پسانی بۆ نیە. خوداش بیسەرو زانایە.

---

٢٥٤- بەخت: شانس، ئیقبال؛ بەختکردن: خەرجکردن.

٢٥٥- ڕازین: خەوتن، خەفتن، نۆستن، نفستن.	٢٥٦- هاوێرکردن: لێک جیاکردنەوە.

ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۖ
وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ
ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِۦمَ فِى رَبِّهِۦٓ
أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِۦمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ
وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْىِۦ وَأُمِيتُ ۖ قَالَ إِبْرَٰهِۦمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى
بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِى
كَفَرَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥٨﴾ أَوْ كَٱلَّذِى مَرَّ
عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ
بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِا۟ئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ
قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِا۟ئَةَ عَامٍ
فَٱنظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ۖ وَٱنظُرْ إِلَىٰ
حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِ ۖ وَٱنظُرْ إِلَى
ٱلْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا ۚ فَلَمَّا
تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٥٩﴾

٢٥٧ خودا یاری گەلی خاوەن باوڕانەو لەناو تاریکستانەوە دەیانبا بەرەو ڕۆناکی. دۆستی خودانەناسانیش هەر تاغوتە؛ لە ڕۆشنی دەریان دەخەن؛ بەرەوڕوی تاریکستانیان بەڕێ دەکەن. دەبێ بچنە ناو ئاگرو هەتا سەر هەر دەوێدا بن.

٢٥٨ تۆ ئەوکابرایەت نەدیبو کە چۆن خودا هێزو دەستەڵاتی پێدا، جوابەجەنگی دەگەڵ ئیبراهیمدا دەکرد، سەبارەت بە پەروەرندەی؟ ئەودەمە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەی من کەسێکە ژینێ دەداو دەش‌مرێنێ. گوتی: منیش زیندو دێلمەوەو دەمرێنم. ئیبراهیم وات: پەروەرندەم خۆر لە خۆرهەڵات رادێنی،[ دادەی] ئەتۆ لە خۆرنشینەوەی بێنە. کاورای خوانەناس حەپەسا. خوا دەستەی ناهەقیکاران لە ڕێگە شارەزا ناکا.

٢٥٩ یان ئەوکەسەی بە لای گوندێکا ڕادەبرد کە بەسەر یەکدا تەپیبۆ. گوتی: کەی خودا دەتوانێ ئەمە زیندۆ بکاتەوە پاش مردنێ؟ ئەوسا خودا بۆ ماوەی سەدساڵ مراندی‌و لەپاشان زیندوی کردەوە. لێی پرسی: تۆ چەندت پێ‌چو؟ گوتی: رۆژێک یا خۆ کەمتریش لە ڕۆژێک. گوتی: نەخیر، ئەوا تۆ سەدساڵە مردوی؛ دە بڕوانە خواردەمەنی‌و خواردنەوەت نەگۆڕاوە؛ تماشای کەرەکەشت کە! گەرەکمانە بتکەینە پەندێک بۆ مەردم. لەم ئێسقانانە بڕوانە چلۆن تێکیان دەخەینەوەو دەناو گوشتیان هەڵدەکێشین. کاتێ ئەمەی بۆ دەرکەوت، گوتی: وا ئێستا دەزانم خوا هەمۆکاری پێدەکرێ.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ
تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ
ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا
ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ٢٦٠
مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ
أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَـٰعِفُ
لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٢٦١ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى ۙ لَّهُمْ
أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ
٢٦٢ ۞ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ
أَذًى ۗ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ ٢٦٣ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟
صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِي يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ
وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ
تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ
شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ٢٦٤

٢٦٠ ئەوساش کە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەم! ئەتۆ مریان چلۆن زیندۆ دەکەیتەوە؟ نیشانم دە. گوتی: ئاخۆ تۆ هێشتا باوەڕت نیە؟! گوتی: بەلێ، بەلام من گەرەکمە ئیتر بەتەواوی دلنیابم. گوتی: دەسا چوارمەل بگرەو پەلپەلیان کەو بیانکە چوارکوت؛ هەر کوتێکیان بە سەر کەژێکەوە دانێو بانگیان بکە، بە فڕکە دێنەوە بۆ لات. بشزانە خوا چەندە خاوەن دەستەلاتو لەکارزانە.

٢٦١ بەسەرهاتی ئەوکەسانەی مالیان لە ڕاهی خودادا بەخت دەکەن، وەک بەسەرهاتی دنکێکە حەوت گولْ دەداو هەر گولەی سەددانەی تێدا. خودا چەند ئەوەندە پاداش دەدا بەهەرکەس بیەوێ. خودا چاکەی یەکجار زۆرەو زۆر زانایە.

٢٦٢ ئەو کەسانەی مالْ لەڕای خوا دەبەخشنو بەچاویان دا نادەنەوەو تۆشی ئازارێکیان ناکەن، خودا تێی هەلْدێنێتەوەو نە هیچ ترسێکیان لەسەرەو نە خەم دەخۆن.

٢٦٣ دواندنی نەرمو نیانو چاو لێپۆشین، لەو خێرکردنە چاکترە کە ئازاری بەشوێنابێ. خودا ئاتاجی کەس نیەو [لەکاردا] بە کاوەخۆیە.

٢٦٤ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خێرەکانۆ بە منەت لەسەر کردنو ئازاردان، بە فیڕۆمەدەن. نەچن وەک ئەو کەسانە بن کە باوەڕیان بە خواو ڕۆژی سەلا نیەو بۆ ڕۆبینی لە مالی خۆیان دەبەخشن؛ ئەم کارەیان لەوە دەکا کە تاتەبەردێکی زۆر لۆس هێندێ خۆلی لەسەر بارەو بارانی توندی وێکەوێو بیشواتەوەو هەر تاتێکی ڕۆت وەمێنێ. هیچ بەهرەیان لەو بەخشینە دەسگیر نابێو خودا گرۆی خوا نەناسان لە ڕێگە شارەزا ناکا.

---

٢٦٢- هەلْدانەوە: بەرەوژۆر بردن؛ شین بۆنەوە دوای بڕین.  ٢٦٣- بەکاوەخۆ: هێدی، لەسەرخۆ،

وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ
وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ
فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ
لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ لَهُۥ
فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ
فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ
لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓا۟ أَنفِقُوا۟ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا
لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم
بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُوا۟ فِيهِ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ
﴿٢٦٧﴾ ٱلشَّيْطَـٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ
وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾
يُؤْتِى ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ
أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿٢٦٩﴾

٢٦٥ ئەوکەسانەش کە لە چاکە دەگەڵ هەژاران کردندا، بەهومێدن خودا لە خۆ ڕازی کەن و دڵیان بە بڕوا پتەوبێ، خێرەکەیان وەک باغێکە لەسەر گردێک و بارانی پەڵەی لێبداو بەروبۆی دو ئەوەندە بێ؛ ئەگەر پەڵەشی لێ نەدا، نمەباران تێراوی کا. هەرکارێ کە ئێوە دەیکەن خوا دەیبینێ.

٢٦٦ کێۆ حەزدەکا ببێتە خاوەنی باغێک لە گش جۆرە خورماو ڕەزێک، شەقەجۆی بەناودا بڕواو هەمۆشیان هاتبنەبەرو پیریش بڕستی بڕیبێ و زارۆی سەروپێچکەی هەبن؛ لە ناخافڵ گڕەبایەکی لێ هەڵکاو بیسۆتێنێ؟ خودا ئاوا نیشانەکانی نیشانی ئێوە دەدا، شایەت بیری لێ بکەنەوە.

٢٦٧ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەوشتانەی کە لە زەمین پێمان داون و پەیدای دەکەن، بەخت بکەن؛ نەک لە شتێ هێندە چرۆک کە بۆ خۆشتان ئەگەر چاوپۆشی لێ نەکەن، ناتانەوێ. بیشیزانن خودا ئاتاجی کەس نیەو هەر دەبێ تاریفی بکرێ.

٢٦٨ شەیتان ئێوە لە نەداری دەترسێنێ و بۆ خراپە هانۆدەدا. خواش بەڵێنی لێ خۆش بۆن و خۆشی ژیانۆ پێدەدا. فەرحانی وا لای خودایەو خۆی زانایە.

٢٦٩ لەکارزانی دەدا بە هەرکەس بیەوێ. بەهەرکەسیش لە کارزانی بدرێ، ئەوە خێری زۆری پێدراوە. ئامۆژگاریش بەهرە نادا مەگین بۆ خاوەن ئاوەزان.

---

٢٦٥-پەڵە: بارانی تێری دەخڵ. ٢٦٦-شەقەجۆ: جۆباری گەورە کەئاوی هەمیشەو زۆرە.

٢٦٧-چرۆک: بێبایەخ، قەڵب. ٢٦٨-فەرحانی: هەرزانی و شت زۆری.

وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوۡ نَذَرۡتُم مِّن نَّذۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ
يَعۡلَمُهُۥۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٍ ٢٧٠ إِن تُبۡدُواْ
ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ
فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمۡۗ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٢٧١ ۞ لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۗ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ
فَلِأَنفُسِكُمۡۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ ٱللَّهِۚ
وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ
٢٧٢ لِلۡفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحۡصِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
لَا يَسۡتَطِيعُونَ ضَرۡبٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ يَحۡسَبُهُمُ
ٱلۡجَاهِلُ أَغۡنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعۡرِفُهُم بِسِيمَٰهُمۡ
لَا يَسۡـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلۡحَافٗاۗ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ
فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ٢٧٣ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُم
بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ
رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٢٧٤

٢٧٠ هەرماڵێکی دەیکەنە خێر یان دەقەبەڵ خودای دەکەن، خوا دەیزانێ و ئەوانەی خودانەناسن هیچ یاریدەدەریان نیە.

٢٧١ گەر بەئاشکرا خێربکەن کارێ خاسە؛ خۆ ئەگەر بەنهێنیش بێ و دەستی نەداری پێ بگرن، باشتریشەو گوناهتان لەسەر لادەبا. خودا لە هەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.

٢٧٢ ئەرکی سەرشانی تۆ نیە ئەمانە بخەیە سەررێ؛ بەلام هەرکەس خودا بۆخۆی مەیلی لێ بێ شارەزای راستەرێی دەکا. هەرچی بەخێر دەیبەشنەوە بۆخۆتانەو دیارە ئێوە هەر بۆ رەزامەندی خودا خێرێ دەکەن. هەر شتێ بەخێری دەدەن تەواوی پێو دەدرێتەوەو هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ.

٢٧٣ ئەوانە خێریان پێ دەشێ کە لە خوداپەرستیدا بێدەرەتان ماونەتەوەو هێزی دەرکەوتنیان نیە کە بۆ خۆیان هەوڵێ بدەن؛ ئەوی ئاگایان لێ نیە، وادەزانن هیچ ئاتاج نین؛ چونکە حەیایان بەخۆیە. لە بیچمیان دەیان ناسیەوە؛ دەنا هەرگیز وەکۆ پارسەکی دیکە نین گێرە بکەن. ئێوە هەرچی بەخێر لەوبارە بەخت کەن، خوا دەیزانێ.

٢٧٤ ئەوانەی بەشەو یان بەرۆژ، بەنهێنی و بەئاشکرا لە رێگەی خودا خێردەکەن، لای خودا پاداشیان هەیەو نە هیچ ترسێکیان لەسەرەو نە خەم دەخۆن.

---

٢٧٢-دەیبەشنەوە: بەشی دەکەنەوە.	٢٧٣-گێرەکردن: چەقەکردن و چەنە لێدان.

ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى
يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ
مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ
مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَمَنْ عَادَ
فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ يَمْحَقُ
ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴿٢٧٦﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ
وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ
وَذَرُواْ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ
فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ
أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ وَإِن كَانَ
ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ
إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾ وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى
ٱللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾

٢٧٥ ئەوکەسانەی نزۆل دەخۆن، راستبونەوەیان لەو دنیا، وەک راپەڕینی کەسێکی شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ، وەهایە. هەر چونکە ئەمانە ئێژن: مامەڵەش هەروەک نزۆلە. خودا سەودای ڕەوادیوەو نزۆلی پێ ناڕەوایە. سا هەرکەسێ ئامۆژگاری خودا دەبیەو دەس هەڵدەگرێ، لەوشتانەی لەمەوبەر دەستی داوەتێ دەبەخشرێو خودا بەکاری ڕادەگا. هەر کەسێکیش دیسان بچێتەوە سەری، دەبن بە یاری ئاگرو تاهەتا هەر تیادەبن.

٢٧٦ خودا پیتی نزۆل هەر کەم دەکاتەوەو پیتی خێرات پتردەکا. خودا ئەوانەی خۆش ناوێ پێ نەزان و گوناباربن.

٢٧٧ ئەو کەسانەی بڕوایان بە خوا هێناوەو کاری چاک ڕەچاودەکەن و لە نوێژکردن و زەکات دان سستی ناکەن، پاداشیان وا لای خودایەو نەهیچ ترسیان دێتەبەرێو نە خەم دەخۆن.

٢٧٨ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەبێ لە خودا بترسن، ئەگەر بەڕاست باوەڕدارن، ئەوسۆتی هێشتا ماوتانە نەتانەوێ.

٢٧٩ ئەگەر دەستی لێ هەڵنەگرن، سا بزانن ئێوە دەگەڵ خوداو پێغەمبەرەکەیدا شەڕێ دەکەن. ئەگەر دەستی لێ هەڵگرن، دەسمایەی خۆو بستێننەوە؛ ئیتر ئەوسا نە ئێوە ناهەقی دکەن نە ناهەقیتان لێ دەکرێ.

٢٨٠ ئەگەر قەرزاریش نەدار بۆ، ماوەی بدەن هەتا دەیبێ. ئەر بشزانن، پێ بەخشینی بۆۆ چاترە.

٢٨١ ترسیشۆ لەو ڕۆژە هەبێ کە دەوهێننەوە لای خودا؛ ئەوێ ڕۆژێ هەرکەس هەرچی کردۆیەتی - بە تەواوی - دێتەوەڕێیو ناهەقی لە کەس ناکرێ.

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى
فَٱكْتُبُوهُ ۚ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌۢ بِٱلْعَدْلِ ۚ وَلَا يَأْبَ
كَاتِبٌ أَن يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُ ۚ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ
ٱلَّذِى عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْـًٔا ۚ
فَإِن كَانَ ٱلَّذِى عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ
أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُۥ بِٱلْعَدْلِ ۚ وَٱسْتَشْهِدُوا۟ شَهِيدَيْنِ
مِن رِّجَالِكُمْ ۖ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَٱمْرَأَتَانِ
مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ
إِحْدَىٰهُمَا ٱلْأُخْرَىٰ ۚ وَلَا يَأْبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُوا۟ ۚ وَلَا تَسْـَٔمُوٓا۟
أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ
عِندَ ٱللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَـٰدَةِ وَأَدْنَىٰٓ أَلَّا تَرْتَابُوٓا۟ ۖ إِلَّآ أَن تَكُونَ
تِجَـٰرَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ
أَلَّا تَكْتُبُوهَا ۗ وَأَشْهِدُوٓا۟ إِذَا تَبَايَعْتُمْ ۚ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٌ
وَلَا شَهِيدٌ ۚ وَإِن تَفْعَلُوا۟ فَإِنَّهُۥ فُسُوقٌۢ بِكُمْ ۗ وَٱتَّقُوا۟
ٱللَّهَ ۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٨٢﴾

٢٨٢ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا بۆ ماوەیێ دیاری، قەرزێ دەگەڵ یەکتر دەکەن، بینوسن و با نۆسەرێ خوداپەسند بۆتان بخاتە ناو قاقەز. ناشێ نۆسەر لەم کارە تەنەخی بکا؛ با بنۆسێ وەک خوا فەرمانی پێداوە. هەرچی قەرزدار بۆی دەڵێ، ئەو بینۆسێ و ئەبێ ترسی خودای هەبێ و ئەولاوئەملای تێدانەکا. ئەگەر ئەو کەسەی قەرداره، کەم ئاوەزە یان بێ هێزە، یان ناتوانێ ئەوی پێویستە بنۆسرێ دەری ببڕێ، با سەرپەرستی ڕەوای ئەو لەباتی ئەو بیدرکێنێ و دۆپیاو لەخۆتان شایەت بن. ئەگەر دۆپیاو پەیدانەبۆن، با پیاوێک و دۆژنیوا کە ئێوەش لێیان ڕازی بن، لە کار ئاگاداربکرێن؛ تا ئەگەر یەکێ لەم دوانە لەبیری چو، ئەوی تر بیری خاتەوە. هەروەختێکی بۆ شایەتی دان بانکران، ڕەوانیە خۆببوێرن. لە نۆسینی ماوەی قەرز- کەم بێ یا زۆر- نابێ لەشگرانی بکەن و هەر بینوسن و مەوداکەشی دیاری بکەن. لەلای خودا ڕەواترەو بۆ شایەتی لەسەردانێ لەبارترەو لە دۆدڵی نەهێشتنێ نزیکترە؛ مەگین وەختێ ئاڵوگۆڕتان دەست بەدەست و بەنەغد بێ؛ ئەوسا ئەگەر نەشی نۆسن قەیدێ ناکا. بەڵام دیسان لە وەختی دادوستەددا شایەت هەبن. ناشێ نە شایەتەکانتان نە نۆسەر زیانێ بکەن؛ گەر وانەکەن تاوان لەملی خۆتانەو ئەشێ لە خودا بترسن. خودا فێری کارتان دەکاو هەر خودایە لە هەمۆشت ئاگادارە.

---

**٢٨٢-تەنەخی کردن:** خۆبواردن. **قەردار:** قەرزدار، قەرزار. **لەشگرانی:** تەمبەڵی، لەش قورسی.

۞ وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا۟ كَاتِبًا فَرِهَٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ ۖ
فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ
ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ
ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨٣﴾ لِّلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ
يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ ۖ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۗ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ
إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ
وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا
وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ
ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ
رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ
عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا
تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ
أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾

٢٨٣ ئەگەر لەسەر سەفەر بوون و نووسەرتان بۆپەیدانەبوو، ئەشێ بارمتە وەرگرن؛ جا مەگین لێک خاترجەم بن کە ئەوسا بارمتەی ناوێ. با قەرزدار ترسی خودای لەدڵدا بێ و قەرزەکەی خۆی بداتەوە. ئەو کەسانەی شایەتیشن خۆ لە شایەتی نەبوێرن. هەرکەسێکی لە شایەتی خۆببوێرێ، بە دڵ خۆی تووش گوناح دەکاو خوا بە گش کارتان دەزانێ.

٢٨٤ سەربە خوایە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندایە. ئەوی لەناو دڵتاندایە - چ دەری خەن، چ وەیشارن - خوا لەوبارە لە ئێوە دەپرسێتەوە. هەرکێ بۆخۆی مەیلی لێ بێ، لێی دەبوورێ و هەرکەسێکیش خۆی حەزبکا، جزیای دەدا. هەر خودایە لەسەر هەموشت توانایە.

٢٨٥ ئەم پێغەمبەرەو ئەوانەی وەل ئەو باوەڕیان هێناوە، لێیان ڕوونە کە ئەوشتە لە لایەن پەروەرندەیان هاتۆتەخوارێ بۆ لایان؛ بڕوادەکەن بە خوداو فرشتەکانی و کتێبانی و سەرلەبەر پێغەمبەرانی و ئێژن: ئێمە بۆ هیچلا لە پێغەمبەرانی فەرق و جیاوازی دانانێین؛ فەرموودەی خودامان بیست و پێکمان هێنا، ئەی پەروەرندەی هەموومان! بمان بەخشەو هەر دەگەڕێینەوە لای تۆ.

٢٨٦ خوا ئەرکی لەتوانا بەدەر، بەسەر کەسدا ناسەپێنێ؛ چاکەی بکا بۆخۆیەتی و خراپەشی دژی خۆیە. ئەی پەروەرندەی گلامان! ئەگەر شتێکمان لەبیرچوو یان تیا بەهەڵە چووبین، لێمان مەگرە. ئەی پەروەرندەی هەموومان! ئەرکی ئەوەندە گرانمان مەخە سەرشان وەک ئەوانەی بەرلە ئێمە لەسەریان بوو. ئەی خودانی هەمووڵامان! ئەرکی وامان پێ مەسپێرە کە لەتوانامان بەدەربێ. تۆ هەر خۆت لێمان ببوورەو بەر بەزەیی خۆتمان بخەو بمانبەخشە. هەموو کاروبارێکی مە بەدەس تۆیەو سەریشمانخەی لەسەر ئەوانەی ناتناسن.

# سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ﴿٢﴾ نَزَّلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ
بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ﴿٣﴾ مِن
قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ
عَذَابٞ شَدِيدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٤﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ
شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿٥﴾ هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ
فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٦﴾ هُوَ
ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ
وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ
مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ
وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ
إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ
لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴿٨﴾ رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ
ٱلنَّاسِ لِيَوۡمٖ لَّا رَيۡبَ فِيهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ﴿٩﴾



# ئالی عیمران

## بەناو خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

٢٠٠ ئایەت

١ ئەلیف، لام، میم.
٢ غەیرەز خودا هیچشت بۆ پەرستن ناشێ؛ هەر زیندووە و بەسەر هەمۆشت
رادەگا.
٣ ئەم کتێبەی - بەڕاست - کە بۆ تۆ ناردوە، باوەڕ بەوکتێبانەش دەکا کە بەر
لەوی لە خواوە بەڕێ کراون؛ تەورات و ئینجیلیشی لە بەرا هەنارد؛
٤ تا ڕێنیشاندەر بن بۆ خەڵک. فورقانیشی [ لەوەودوا] نارد. ئەوانەی کە لە
نیشانەکانی خودا حاشایان کرد، جەزرەبەیان زۆر بەژانەو خودا
خاوەن دەستەڵاتی تۆڵەستێنە.
٥ هەرشتێکی لە زەمین یان لە ئاسمانان بێ، لە خودا وەشێراو نابێ.
٦ هەر ئەوە هەرچۆنێ حەزکا - هەر لە تۆلی دایکانۆدا- بیچمتان بۆ دیاری
دەکاو بەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ؛ هەر خۆشی
دەستەلاتداری لەکارزانە.
٧ هەر ئەویشە ئەم کتێبەی بۆ تۆ بەخەڵات ناردوە، کە لەوێدا ئایەتگەلێکی
پتەو هەن کە ماکن بۆ کتێبەکە؛ تێشیدایە وەک یەک دەچن و مانای
جۆراوجۆر هەڵدەگرن. ئەوکەسانەی دڵی دەغەزداریان هەیە، هەر
ئەوانە حەزلێ دەکەن کە خەڵکی پێ هەڵ دەخەڵەتێ و هەرچۆنی دڵیان
دەیەوێ مانایان لێک دەدەنەوە کە غەیرەز خوا نایانزانن. ئەو کەسانەش
کە زۆر زانان، ئەڵێن: بڕوامان پێ هەیەو ئەمانەگش لە
پەروەرندەمانڕایەو غەیرەز ئەو دڵوشیارانە، بەوردی بیرناکەنەوە.
٨ ئەی پەروەرندەی گ لامان! لەپاش ئەوەی ڕێگەی ڕاستت نیشان داوین،
دڵمان لە ڕێی خۆت لامەدەو وەبەر بەزەی خۆتمان بخە. بەخشندەی
هەرەمەزن تۆی.
٩ پەروەرێنمان! هەر تۆی مەردم لەوڕۆژەدا - کە گومانی تێدانیە - لە یەکتر
کۆدەکەیتەوەو بێ‌سۆ خوا پەیمان ناشکێنێ.

---

٤-فورقان: یەکێک لە ناوەکانی قورئانە؛ یانێ هەڵاوێری هەق لە ناهەق.   ٩-بێ‌سۆ: بێ‌شک.

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَن تُغْنِىَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم
مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ وَقُودُ ٱلنَّارِ ﴿١٠﴾ كَدَأْبِ ءَالِ
فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ۗ
وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١١﴾ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَتُغْلَبُونَ
وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٢﴾ قَدْ كَانَ
لَكُمْ ءَايَةٌ فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا ۖ فِئَةٌ تُقَٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْىَ ٱلْعَيْنِ ۚ وَٱللَّهُ
يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِۦ مَن يَشَآءُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُو۟لِى
ٱلْأَبْصَٰرِ ﴿١٣﴾ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ
وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ
وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ
ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ ﴿١٤﴾ ۞ قُلْ
أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ ۚ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتٌ
تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ
وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿١٥﴾

١٠ ئەوێ ڕۆژێ ماڵ و عەولاد، دەهانای ئەوانە نایە کە خودایان نەناسیوەو
چاری ناچار دەبنە دەستەچیلەی ئاگر؛
١١ وەک داروودەستەی فیرعەون و ئەوانەی بەرلەوانیش بوُن؛ کە نیشانانی
ئێمەیان بەدرۆ زانی و خوا لەسزای تاوانی خۆیان گرتنی. خودا لە
تۆڵەساندنا زۆر دژوارە.
١٢ بەو خوانەناسانە بێژە: بەم زوانە ژێردەکەون و هەربینا ڕەپێچەک دران بۆ
جەهەندەم؛ کە جی‌خەوێکی خراپە!
١٣ ئەمە بۆ ئێوە دەرسێک بوُکە دوُدەستە لەخۆتان دەگژیەک ڕاچوُن؛
دەستەیەکتان بۆ خودا بەشەڕدەهاتن و دەستەکەی تر لەدژی خودا
دەجەنگین و زەق دەیاندی کە خواناسەکان دوُهێندەی ئەمانن . دیارە
خودا بەمەیلی خۆی هەرکەسێکی خۆی حەزبکا، سەری دەخا؛ ئەمەش
پەندە بۆ ئەوانەی خاوەن فامن.
١۴ ئارەزوُی ژنان کردن و کوڕی زۆر پەیداکردن و دەس‌کەوتنی کۆمای زلی
زێوو زێڕان و ڕەوەئەسپی بەدرۆشم و وڵسات و زەوی کێڵانێ، بۆ مەردم
ڕازاوەتەوەو لە ژیانی دنیایەدا مایەی خۆشین؛ بەلام وەختێ دێنەوە
بەردەستی خودا، پێدەزانن کە زۆر لەوە باشتر هەیە.
١٥ بێژە: ئاخۆ گەرەکتانە پێتان بێژم لەمە باشترەکە چوُنە؟ بۆ ئەوانەی لە
هەڵە خۆدەپارێزن، لەلای پەروەرێنیانەوە باغاتێکی وایان دەبێ،
جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتاسەر هەر لەوێ دەبن و چەند ژنی پاک و
بێ‌گەردو سەرەڕای ئەو هەموُ خۆشیەش، ڕەزای خودایان پێدەگا. خودا
چاوی لە عەبدەکانی خۆی هەیە.

---

١٢-ڕەپێچەک‌دان: بەخۆشی و ناخۆشی بردن، خڕکردنەوەو دانەبەر.

١۴-درۆشم: نیشانەی تایبەتی. وڵسات: ئاژەڵ، ماڵات، دەوڵەت.

ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا
عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٦ ٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلۡقَٰنِتِينَ
وَٱلۡمُنفِقِينَ وَٱلۡمُسۡتَغۡفِرِينَ بِٱلۡأَسۡحَارِ ١٧ شَهِدَ
ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ
لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ
ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ
بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ
ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ١٩ فَإِنۡ حَآجُّوكَ فَقُلۡ أَسۡلَمۡتُ
وَجۡهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡأُمِّيِّـۧنَ
ءَأَسۡلَمۡتُمۡۚ فَإِنۡ أَسۡلَمُواْ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا
عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ٢٠ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ
بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَيَقۡتُلُونَ
ٱلَّذِينَ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡقِسۡطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرۡهُم
بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ٢١ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ
فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٢٢

١٦ ئەوانەی کە دەڵێن: ئەی پەروەرندەمان! ئێمە بڕوامان پێت هەیە؛ سا تۆ
لەگوناهن ببوورەو لە جزیادانمان - بەئاگر - بپارێزە.
١٧ ئەو کەسانەی خۆڕاگرن و بەڕاستیانەو ئامادەی هەر فەرمانێکن و ماڵی
خۆیان لەڕای خوا بەخت دەکەن و هەمۆڕۆژێ - سەرلەبەیان - لە خودا
دەپاڕێنەوە لێیان خۆش بێ.
١٨ خودا بۆخۆی ئاگادارەو فرشتەکانی ئەویش و زانایانی بەئینسافیش باش
دەزانن کە هیچ کەسێ غەیرەز خودا، شیاوی پەرستنێ نیەو هەر
خۆیەتی بەدەستەڵاتی لەکارزان.
١٩ لەلای خودا دین ئیسلامەو ئەوانەی ئەهلی کتێبن لەو ڕاستەقینە
دەزانن؛ بەڵام هەر لەبەر ئێرەیی - کە لەناو خۆیاندا هەیە - پێک
نەهاتۆن. هەرکەسێکیش - بە هەرجۆرێ - لە نیشانەکانی خودا حاشا
بکا، با تێ بگەن کە خوا لە لێپرسینەوە زۆر بەلەزەو پێ ڕادەگا.
٢٠ ئەگەر کێشەت دەگەڵ دەکەن، تۆ هەر بێژە: من دەگەڵ پەیرەوەکانم بە
دڵی پاک ڕۆمان کردۆتە خوداوە. بەوکەسانەش کە بۆنە ئەهلی کتێب و
بەو کەسانەش کە نەزانن، بێژە: ئاخۆ ئێوەش وەک مە خۆتان هەر بە خوا
سپاردوە؟ جا ئەر خۆیان سپاردبۆ، ئەوا کەوتۆنە سەر ڕێگا. ئەگەر ڕۆیان
لێ وەرگێڕای، تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕابگەیێنی و خوداش بۆخۆی لە
عەبدانی شارەزایە.
٢١ ئەوکەسانەی لە نیشانەکانی خوایان حاشاکردو پێغەمبەرەکانی خوایان -
لە خوت و خۆڕایی - دەکوشت و ئەوانەیان لەناودەبرد کە فەرمانی
چاکەیان بە مەردم دەدا، با بزانن کە جەزرەبەدانی بەژان بەشیان
دەبێ.
٢٢ لە دنیاو قیامەتیشا هەرکارێ بیکەن فیڕۆیەو هیچکەس دەهانایان نایە.

---

١٩- بەلەز: زۆ، بەپەلە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَٰبِ
ٱللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ ٢٣
ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ ۖ وَغَرَّهُمْ
فِى دِينِهِم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ٢٤ فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَٰهُمْ
لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ٢٥ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ
مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ
مَن تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ٢٦ تُولِجُ ٱلَّيْلَ
فِى ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ ۖ وَتُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ
وَتُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ ۖ وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ٢٧
لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن
يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ
تُقَىٰةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ٢٨ قُلْ
إِن تُخْفُوا۟ مَا فِى صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ مَا فِى
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ٢٩

٢٣ خۆ تۆ دیتت، ئەو کەسانە کە لە کتێبی ئێمەدا بەشێکیان پێ‌گەیشتبوُ،
خۆیان گوتیان: بە هەرحوکمێ خودا بیدا ئێمە ڕازین. کەچی هێندێک
لەوانە پێی ڕازی نەبوُن.
٢٤ هەر چونکە ئەمان دەیانگوت: ئێمە ئەگەر بشمانخەنە دۆزەهەوە،
چەندڕۆژێک پتر پێ‌ناچێ، ڕزگاردەبین؛ بەودرۆیە بۆ دینی خۆیان
هەڵیان بەست، خۆیان پێ هەڵخەڵەتاندوە.
٢٥ سا ئەوڕۆژە دەبێ لە چبارێکدا بن، کە بێ‌گومان هەر وەدی دێ‌و
هەموُیان کۆدەکەینەوەو هەرکەس هەرچی کردوُیەتی دێتەوەڕێی‌و
ناهەقی لە کەس ناکرێ؟
٢٦ بێژە: خوایە! ئەی خاوەن هێزو دەستەڵات! هەرکەس بۆخۆت مەیلت
لێ‌بێ دەستەڵاتی پێ‌دەدەی‌و کێش تۆ حەزکەی دەستەڵاتی
لێ‌دەستێنی؛ هەرکەسێکی وەقەدرخەی‌و هەرکەسێ زەبوُنی بکەی،
خۆت دەیزانی؛ چاکە هەر بەدەستەخۆتەو تۆ لەسەر هەموُشت توانای.
٢٧ شەو دەناو ڕۆژ هەڵدەکێشی، ڕۆژ دەخەیە ناو شەوەوە؛ زیندوُ لە مردوُ
دەردەخەی، مردوُ لە زیندودەردێنی؛ هەرکەسێ خۆت مەیلت لێ‌بێ،
بێ هەژمار بژیوی دەدەی.
٢٨ باوەڕداران، با جگە لە باوەڕداران نەگرن بە دۆست. هەرکەس لەم
فەرمانە دەرچێ، هیچ بەشی بەخواوە نیە. جا مەگین لێیان بترسن‌و لە
ناچاری پێیان بڵێن: دۆستی ئێوەین. خوا دەیەوێ هەر بەڕاستی لەو
بترسن‌و پاشەڕۆژتان هەر لای ئەوە.
٢٩ بێژە: ئەوەی وا لەدڵتانایە ئەگەر بیشارنەوە یا دەریخەن، خوادەیزانێ‌و
لەهەچێکیش لەئاسمانان‌و زەویندا‌س، ئاگادارەو لەسەرهەرشت توانایە.

يَوۡمَ تَجِدُ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ مِنۡ خَيۡرٖ مُّحۡضَرٗا وَمَا عَمِلَتۡ
مِن سُوٓءٖ تَوَدُّ لَوۡ أَنَّ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَهُۥٓ أَمَدَۢا بَعِيدٗاۗ وَيُحَذِّرُكُمُ
ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَٱللَّهُ رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٣٠﴾ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ
فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ
﴿٣١﴾ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ
ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحٗا وَءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ
وَءَالَ عِمۡرَٰنَ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٣٣﴾ ذُرِّيَّةَۢ بَعۡضُهَا مِنۢ بَعۡضٖۗ وَٱللَّهُ
سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ رَبِّ إِنِّي نَذَرۡتُ لَكَ
مَا فِي بَطۡنِي مُحَرَّرٗا فَتَقَبَّلۡ مِنِّيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٣٥﴾ فَلَمَّا
وَضَعَتۡهَا قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي وَضَعۡتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا وَضَعَتۡ
وَلَيۡسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلۡأُنثَىٰۖ وَإِنِّي سَمَّيۡتُهَا مَرۡيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ
وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٣٦﴾ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ
حَسَنٖ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنٗا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّاۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيۡهَا
زَكَرِيَّا ٱلۡمِحۡرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزۡقٗاۖ قَالَ يَٰمَرۡيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ
قَالَتۡ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾

٣٠ لەورۆژەدا کە هەموکەس کردەوەی چاک و خراپی لەبەر چاوی خۆی
دەبینێ، ئاوات خوازە کە لە نێوان خۆی و کردەوەکانی دا مەودایەکی دوور
بوایە. هەر بۆ خودا دەبێ خۆتان بپارێزن؛ خوا هەمیشە بەرانبەر بە
عەبدانی خۆی دلۆڤانە.
٣١ بێژە: ئێوە ئەگەر خوداتان خۆش دەوێ، شوێن من کەون هەتا خوداش
خۆشی بوێن و لە گوناهانیشو ببورێ. دیارە خودا خەتابەخش و دلۆڤانە.
٣٢ بێژە: دەبێ بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بن. جا ئەگەر لەفەرمان
دەرچوون، ئیتر خودا لە خوانەناسان حەزناکا.
٣٣ ئادەم و نوح و نەتەوەی ئیبراهیم و بەرەی عیمران، لە خوداوە لەناو
خەڵکی هەموجیهان هەڵبژاردەن؛ خوا پتر ڕێزی لەوان نا.
٣٤ هەمولا هەر سەربەیەکن و خوا بیسەرو ئاگادارە.
٣٥ کاتێ کەیوانوەکەی عیمران گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەو منداڵەی
کەوتۆتە تۆلی منەوە، من دەقەبەڵی تۆی دەکەم. بەهیوام لێم قبوڵ
بکەی، بیسەرو ئاگادار هەرتۆی.
٣٦ ئەوسا کە بارەکەی دانا، گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەوا من مێوینەم
دیوە - خوداش چاتر خەوەر دارە لەوەی دیویە - دیارە کچیش وەک کوڕ
نیە. من ناوم لێ ناوە مریەم، ئەوا ئەویش و بەریشیم بە تۆ سپارد؛ کە لە
شەیتانی نەحلەتی بیانپارێزی.
٣٧ پەروەرندەی ئەوپێشکەشەی گەلێ بەباشی لێ وەرگرت؛ کیژەکەی باش
بەخودان کردو زەکەریای بۆ سەرپەرشتی وێ دانا. هەرجارێکی
زەکەرییا لە میعراودا سەری دەدا، دەیدی بژیوی لەلایە. گوتی: مریەم!
تۆ ئەم بژیوەت لەکوێ بۆ؟ گوتی: لەلایەن خوداوە بۆم هاتوە؛ خودا حەزکا
بۆ هەرکەسێ ڕۆزی بێ هەژمار دەنێرێ.

---

٣٧- **بەخودان کردن:** بەخێوکردن، بارهێنان. **میعراو:** میحراوی مزگەوت.

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ قَالَ رَبِّ هَبْ لِى مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً
طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾ فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٌ
يُصَلِّى فِى ٱلْمِحْرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ
ٱللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٣٩﴾ قَالَ رَبِّ
أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِىَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِى عَاقِرٌ قَالَ
كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿٤٠﴾ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً
قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَٱذْكُر
رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٤١﴾ وَإِذْ قَالَتِ
ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصْطَفَىٰكِ
عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ يَٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِى لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِى
وَٱرْكَعِى مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ
إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ
مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾ إِذْ قَالَتِ
ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ
عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾

٣٨ هەر لەوێ ڕا زەکەرییا گازی لە پەروەرندەی کرد: ئەی خودانم! زارۆیەکی
چاک و پاکم پێ ببەخشە؛ دەزانم تۆ پاڕانەوەی من دەبیسی.
٣٩ لەکاتێکا کە لەناو میحرابەکەدا نوێژی دەکرد، فریشتەی ئێمە بانگی کرد:
خودا مزگێنیت پێدەدا، کوڕێکی ناو یەحیات دەبێ، کە هەمۆ فەرمۆدەی
خودا دەسەلمێنێ و مرۆڤێکی گەورەو خۆڕاگر [لەژن] و، یەکێک لە
پێغەمبەرە چاکەکان دەبێ.
٤٠ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! جا چۆن ئەمن کوڕم دەبێ، منی وا پیرو
زورهان و ژنیشم لە زگ ویستاوە؟ گوتی: خودا، چی ئارەزۆبێ وادەکا.
٤١ گوتی: ئەی پەروەرێنی من! خۆت نیشانەم بۆ دیاری کە. گوتی: نیشان
بەونیشانەی هەتا سێ ڕۆژ ناتوانی مەردم بدوێنی؛ مەگین بە هێماو
ئاشیرەت. لە ئێوارەو بەیاناندا، یادی پەروەرندەت بکەو لە پەسندانی
مەوێستە.
٤٢ لەوکاتەشدا فریشتە بە مەریەمی گوت: خودا تۆی هەڵبژاردوەو پاک و
خاوێنی ڕاگرتۆی؛ تۆی لەچاو ژنانی دنیا بەڕێزتر گرت.
٤٣ ئەی مەریەم! تۆ لە فەرمانی پەروەرندەی خۆت دەرمەچۆ؛ بۆی بچۆرە
سەر سوژدەوەو تۆش دەگەڵ کڕنۆش بەراندا کڕنۆش بەرە.
٤٤ ئەمە لەو دەنگ و باسەیە کە تۆ ئاگات لێ نەبۆن و ئێمە دەیخەینە دڵتەوە.
هەروەها تۆ لەوێ نەبۆی کە قەڵەمیان تۆڕهەڵدەدان کێ سەرپەرشتی
مەریەم بێ؛ ئەو کاتەش لەناو خۆیاندا کێشەیان کرد، تۆ لەناو ئەواندا
نەبۆی.
٤٥ لەوکاتەدا فرشتەکان گوتیان: مریەم! خودا مژدەی بەڵێنێکی خۆت
پێدەدا، کوڕت دەبێ و بەناو مەسیحی کوڕمەریەم ناو دەردەکاو لە
دنیاش و لە قیامەتیش قەدری هەیەو یەکێک دەبێ لە نزیکەکانی خودا.

---

٤٤-تۆڕهەڵدان: هاویشتن، فڕەدان.

وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٤٦
قَالَتۡ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞۖ قَالَ كَذَٰلِكِ
ٱللَّهُ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٤٧
وَيُعَلِّمُهُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ٤٨
وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡۖ
أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ
فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ
وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ
فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٤٩
وَمُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم
بَعۡضَ ٱلَّذِي حُرِّمَ عَلَيۡكُمۡۚ وَجِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ
فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ٥٠ إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ
هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ٥١ ۞ فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنۡهُمُ
ٱلۡكُفۡرَ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ
أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٥٢

٤٦ لەبێشکەداو بە گەورەییش، قسە دەگەڵ مەردم دەکاو یەکێک لە
پیاوچاکان دەبێ.
٤٧ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! جا چلۆن من کوڕم دەبێ ، هیچ مرۆیەک تا
وێستا تخۆنم نەبوە؟! گوتی: خودا هەرچی حەزکا بەدی دێنێ ؛ هەرکە
ویستی کارێک ببێ، هەر پێی ئێژێ : ببە! دەبێ.
٤٨ هەر بۆخۆشی فێری کتێب وەخوێندن و لەکارزانیو تەورات و ئینجیلی
دەکا.
٤٩ دەشیکا بە پێغەمبەرێک بۆ سەر نەتەوەی ئیسرائیل.[پێان ئێژێ :] ئەوا
من لە پەروەرندەوڕا نیشانەم بۆ هێناون. هەر لە حەڕی شکلی مەلێک
سازدەکەمو بەئیزنی خوا فوی تێدەکەم، دەبێتە باڵداری ڕاستو جگە
لەوەش زگماک کوێرو پێست بەڵەکان چار دەکەم و بە ئیزنی خوا مردۆ
زیندۆدەکەمەوەو هەرچی لەماڵۆدا دەیخۆن، هەچی تێشیدا ڕادەگرن،
پێتان دەڵێم. ئەمانە بەڵگەو نیشانەن بۆتان، ئەگەر بڕواداربن.
٥٠ بەو تەوراتەی - کەلەلامە - بەباوڕمو بە ئەرکی خۆمی دەزانم هێندێک
شتۆ بۆ حەڵاڵ کەم کە لێتان حەرام کراوە. من نیشانەم لە پەروەرندەی
ئێوەڕا بۆ هێناون؛ دەسا ئێوە لە فەرمانی من دەرمەچن و لە خودا ترستان
هەبێ.
٥١ پەروەرێنی منو ئێوە هەر خودایە؛ دەسا هەر ئەو بپەرستن؛ ئەمە
ڕێگەیکی سەر ڕاسە.
٥٢ عیسا پاش ئەوەی تێگەییشت کە باوەڕی پێ ناهێنن، گوتی: کێ بێ لەڕای
خودا یاریم بکا؟ حەواریەکان جوابیان داوە، کە: خۆمانین لەڕای خودا
یاریدەرین. بڕوایان بە خودا هێناو تۆش شایەت بە، ئێمە خۆمان بەو
دەسپێرین.

رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ
ٱلشَّٰهِدِينَ ٥٣ وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ
ٱلۡمَٰكِرِينَ ٥٤ إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ
إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ
فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ
فَأَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٥٥ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمَا
لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٥٦ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٧
ذَٰلِكَ نَتۡلُوهُ عَلَيۡكَ مِنَ ٱلۡأٓيَٰتِ وَٱلذِّكۡرِ ٱلۡحَكِيمِ ٥٨ إِنَّ
مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ
لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٥٩ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ٦٠
فَمَنۡ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ نَدۡعُ
أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمۡ
ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ ٦١

٥٣ ئەی پەروەرندەی گـلامان! بەوشتەی تۆ بۆ ئێمەت نارد، بڕوامان کردو کەوتۆینە شوێن پێغەمبەرت؛ تۆ دەگەڵ شایەتەکاندا بمان نۆسە.
٥٤ ئەمان فێڵی خۆیان کردو خوداش فێڵی خۆی لێکردن؛ فێڵی خودا بە سەر هەمۆ فێڵێکدایە.
٥٥ ئەوسا خوا گوتی: ئەی عیسا! من بۆخۆمت دەبەمەوەو لە لای خۆم جێ بەرز دەبی‌و لەوانەت پاک دەکەمەوە کە باوەڕیان نەهێناوەو ئەوانەش کە پەیڕەوی تۆن، هەتا قیامەت زاڵیان دەکەم بەسەر بێباوەڕەکاندا. لەپاش ئەوە گشتۆ دێنەوە لای خۆم‌و بەو کێشەو گێرە ڕادەگەم کە لە نێوانتاندا ڕوی‌دا.
٥٦ بەڵام ئەوانەی باوەڕیان پێ نەهێنای، لە دنیاش‌و لە قیامەتیش بەتوندی سزایان دەدەم؛ کەسیش دەهانایان نایە.
٥٧ ئەو کەسانەش کە بڕوای تەواویان هەبوەو ئاکارچاک بۆن، خودا هەمۆ پاداشی خۆیان پێدەداو خوا ستەمکاری خۆش ناوێن.
٥٨ ئەوشتانەی کە بۆتۆمان خوێندۆتەوە، لە نیشانانی خودان‌و ڕێ شاندەرن بۆ کارزانی.
٥٩ نەقڵی عیساش - لەلای خودا - لەچەشنی نەقڵی ئادەمە؛ هەر لە گڵ دروستی کردو پاشان پێی گوت: ببە بە ئادەم! ئەویش بۆ.
٦٠ هەق لە پەروەرندەت ڕایەو خۆت لە ڕێزی دڵ بەگومانان دەراوێ.
٦١ هەر کەسێکی پاش ئەوزانستەی بۆ تۆ هات، ویستی کێشەت دەگەڵ بکا، بێژە: وەرن با کوڕانمان‌و ژنانمان‌و یەکترین بانکەین‌و ئەوسا دەس‌کەینە لالەو نزاو نەفرینی خوا بنێرین بۆ ئەوانەی وا درۆزنن.

إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّۚ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ
ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٣﴾
قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ
أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا
بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا
مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِىٓ
إِبْرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوْرَىٰةُ وَٱلْإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعْدِهِۦٓۚ أَفَلَا
تَعْقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِۦ
عِلْمٌ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ
لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ
حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ
بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِىُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ۗ وَٱللَّهُ وَلِىُّ
ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾ وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ
وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٩﴾ يَٰٓأَهْلَ
ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٧٠﴾

۶۲ هیچ گومانت تێدا نەبێ، ئەوانەی بۆت باس کراون، هەمو ڕاستن. هیچ
شتێکیش غەیرەز خودا نابێ هیچ کەس بیپەرستێ؛ هەر خودایە کە
خاوەنی دەستەڵاتەو لەکارزانە.
۶۳ ئەگەر هەر خۆیان لێ بواردی، خودا بۆخۆی خراپەکاران دەناسێ.
۶۴ بێژە: ئێوەی ئەهلی کتێب! دەسا وەزن ئێمەو ئێوە لەسەر ئەو قسەیە
سوربین، کە بۆ هەمۆمان وەک یەکە: غەیرەز خوا نەپەرستین، هاوکاری بۆ
پەیدانەکەین، نەچین هێندێکمان هێندێکان - جیا لە خوا - بۆ پەرستن
هەڵبژێرین. جا ئەگەر هەر خۆیان لێبوارد، پێیان بێژە: ئێوە بە شایەتی
دەگرم، کەوا ئێمە خۆمان بە خودا دەسپێرین.
۶۵ ئەهلی کتێب! ئێوە بۆچی دەربارەی ئیبراهیمەوە کێشەدەکەن؟ کە
دەشزانن تەورات و ئینجیلیش - هەردوک - لەپاش زەمانی ئیبراهیم
هاتونە خوار. دە ئاخر بۆچی تێ ناگەن!؟
۶۶ وامان دانا کە دەتوانن ئێوە لەسەر ئەوشتانە کێشەبکەن کە دەزانن.
دەیسا چۆنە کێشە لەسەر شتێ دەکەن کە هیچی لێ حاڵی نەبون؟ هەر
خودایە زانایە بە هەمۆشت و ئێوەش هیچی لێنازانن.
۶۷ ئیبراهیم نە مۆسایی بو نە مەسیحی؛ بەلام یەکتاپەرستێک بوخۆی بە
خودا سپارد بو؛ هیچ هاوکاری بۆ خودا پەیدانەدەکرد.
۶۷ ئەوکەسانەی لە هەمۆکەس لە ئیبراهیم نزیکترن، ئەوانەن کە ئەوسا
شوێنی ئەو کەوتن و ئەم پێغەمبەرەو ئەوانەش کە بڕوایان پێهێناوە.
خوداش یاری هەمۆ خاوەن باوەڕانە.
۶۹ هێندێک لە خاوەن کتێبان بەتەمابون ئێوە لە ڕێ کلابکەن؛ کەچی
ئەمانە نازانن کە هەر ڕێ لە خۆ دەگۆڕن.
۷۰ ئەهلی کتێب! بۆچی ئێوە حاشا لە نیشانەکانی خودا دەکەن؟ هەرچەندە
دەشزانن ڕاستن.

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ
وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٧١ وَقَالَت طَّآئِفَةٞ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامِنُواْ
بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَجۡهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ
لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٧٢ وَلَا تُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمۡ قُلۡ إِنَّ
ٱلۡهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤۡتَىٰٓ أَحَدٞ مِّثۡلَ مَآ أُوتِيتُمۡ أَوۡ يُحَآجُّوكُمۡ
عِندَ رَبِّكُمۡۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡفَضۡلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ
عَلِيمٞ ٧٣ يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ
ٱلۡعَظِيمِ ٧٤ ۞ وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ
يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا
مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ
سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٧٥
بَلَىٰ مَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ٧٦ إِنَّ
ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا قَلِيلًا أُوْلَٰٓئِكَ لَا
خَلَٰقَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيۡهِمۡ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٧٧

۷۱ ئێوە کە خاوەن‌کتێبن! چۆن ڕەوایە بە ناڕەوا دادەپۆشن و ڕاست و ڕەوا
دەشێرنەوەو دەشزانن چکارێک دەکەن؟
۷۲ لەوانەی ئەهلی کتێبن هێندێک بە هێندێکان دەڵێن: ئێوە لە دانی
بەیانی بڵێن: بڕوامان هێناوە بەوەی کە خودایە بۆ ئێوەی ناردوە؛
سەرلەنگۆڕێ لێیان پەشیمان ببنەوە؛ بەشکۆ ئەوانیش وەگەڕێن.
۷۳ پێشیان وتۆن: باوەڕ هەر بەوانە بکەن کە لەسەر دینی خۆتانن. بێژە: هەر
خوا ڕێگەی ڕاستن نیشان دەداو ئەو دەتوانێ - وەک پێشوۆ شارەزای
کردن - کەسێکی‌تریش وەک ئێوە شارەزاکا. ئەگەر وتیان: کێشەکەمان
دەبەینە لای پەروەرندەتان؛ بێژە: چاکە بەدەس خوایە، کێی حەزبکا بە
چاکە دەیخوێنێتەوەو خاوەن چاکەی هەرەزانا هەر خودایە.
۷۴ هەر کەسێکی ئەو بخوازێ وەبەر بەزەیی خۆی دەخاو خودا چاکەی فرەو
گرینگی لەلایە.
۷۵ هەر لەناو ئەهلی کتێبدا ئی‌وا هەیە، کلۆرێکی لەلا دانێ، بە دەس‌پاکی
دەتداتەوە؛ ئیواش هەیە دینارێکی پێ‌بسپێرە، ناتداتەوە؛ جا مەگین
بەجێی نەهێڵی و هەڵی‌پێچی. بەهانەکەشیان ئەمەیە: زیان گەیاندن بەو
نەخویندەوارانە، بۆمە گوناهێکی نیە. درۆ بۆ خواش هەڵدەبەستن،
دەشزانن درۆیەدەکەن.
۷۶ دیارە هەرکەس ترسێکی لە خودا هەبێ و بەڵێنی بەرێتەسەرێ، خوا
پارێزگاری خۆش‌دەوێن.
۷۷ ئەوانەی پەیمانەکەیان دەگەڵ خوداو سوێندی خۆیان بە نرخێکی کەم
دەفرۆشن، لەودنیا هیچ بەشیان نیەو خوداش لە ڕۆژی قیامەتا
نایان‌دوێنێ و نایان‌دێنێ و گونایان پاک ناکاتەوەو بەشیان جەزرەبەی
بەژانە.

---

۷۲-دان: کات، وەخت سەرلەنگۆڕێ: ئاخرو ئۆخری ڕۆژ، لای ئێواری.

وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُۥنَ أَلْسِنَتَهُم بِٱلْكِتَٰبِ لِتَحْسَبُوهُ
مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَقُولُونَ هُوَ
مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ
وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٨﴾ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ
وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ
وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾
وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّۦنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ
وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ
بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ
قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾
فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾
أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾

٧٨ هەر لەواندا هی‌واش هەیە، جۆرێک زمانیان دەگەڕێ گۆیا لە کتێبی
خودا دەخوێننەوە، کە لە کتێبەکەشدا نیە. دەڵێن: ئەمە خوا گوتۆیە؛
کەچی خوداش نەیگوتوە. بۆ خۆشیان ئەوە دەزانن کە درۆیەو بەدەم
خواوەی هەڵدەبەستن.
٧٩ هیچ مرۆیەک ئەمەی دەخۆڕا نەدیوە، کە خوا کتێبی دابێتێ‌و فێری
کارزانی کردبێ‌و کردبێتی بە پێغەمبەر، پاشان چۆبێ‌و بەخەڵکی
ڕاگەیاندبێ کە: ئێوە لەباتی خودا هەر عەبدایەتی من بکەن. ئەوانە هەر
گوتۆیانە: ئێوە کە فێری کتێب‌و خوێندنەوەی بۆن، لەسەرتانە هەر
پەروەرندەو بناسن.
٨٠ فەرمانی بەوە نەداوە کە فرشتەو پێغەمبەران بپەرستن. ئاخر چۆن دەبێ
وەختێکی دینی خوداو سەلماندبێ، پێتان بڵێن: گەرەکە لە دین
وەرگەڕێن؟
٨١ [بێنەوەبیرا] ئەوکاتە خواپەیمانی بەست دەگەڵ پێغەمبەرەکانا: ئەر من
کتێب‌و زانستی لەکارزانیم بەئێوەداو پاشانەکە پێغەمبەرێک هاتەناوتان
کە ئەوانەی لەلای ئێوەی بەڕاست زانی، دەبێ بڕوای پێ‌بێنن‌و
یاریدەی دەن. ئەوسا گوتی: قبوڵتان کرد؟ ئاخۆ ئێوە ئەوئەرکەم
وەئەستۆدەگرن؟ گوتیان: بەڵێ، ئەوا وەعۆدەی خۆمان گرت. گوتی:
دەسا بەشایەت بن؛ ئەوا منیش دەگەڵتانم.
٨٢ کەسانێ لەمە بەولاوە لە پەیمان پاشگەزبنەوە، دیارە لەڕێ لادەرن.
٨٣ ئاخۆ دینێک بێژگە دینی خوایان دەوێ؟ کەچی هەرچی لە ئاسمانان‌و
زەویدا - چاروناچار - ملکەچی فەرمانی وین‌و دەشگەڕێنەوە بۆلای
ئەو.

قُلۡ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ
وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ
مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ
مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿٨٤﴾ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ
دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾
كَيۡفَ يَهۡدِي ٱللَّهُ قَوۡمٗا كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ وَشَهِدُوٓاْ
أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقّٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمۡ أَنَّ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةَ ٱللَّهِ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ
عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ
بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ
وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ
كُفَّارٞ فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبٗا وَلَوِ
ٱفۡتَدَىٰ بِهِۦٓۗ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٩١﴾

٨٤ بێژە: باوەڕمان هێناوە بە خواو بەوەی کە لەوڕا بۆمان هاتووەو بەو شتانەش کە لەلای پەروەرندەوە بۆ ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوب هاتبۆ؛ بۆ نەتەوەکەش هەر وەتر؛ بەو شتانەش کە بۆ عیساو مۆساو گش پێغەمبەرانی دی هات. ئێمە بەرانبەر بە کەسیان فەرقو جوداییمان نیەو خۆمان بە خودا دەسپێرین.

٨٥ هەر کەسێ بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، قبۆڵ نیەو لە دوارۆژا لە ڕێزەی زیانبارانە.

٨٦ جا چۆن خودا ئەو کەسانە دەخاتە سەر ڕاستەڕێگە کە پاش باوەڕی هێنانو شایەتی دان کە: «ئەم پێغەمبەرە ڕاستە»و چەندین نیشانەشیان دیوە، سەر لەنوێ حاشای لێدەکەن؟ خودا قەت ناهەقیکاران ڕزگارناکا؛

٨٧ جەزای ئەمانە نەفرینە لە خوداوەو لە فرشتانی خوداوەو لە هەمۆ خەڵکی دنیاوە؛

٨٨ تاهەتایە لەم نەفرینا دەمێنیەوەو ئازاریان لەسەر سۆک نابێو ماوەپێدانیشیان نیە؛

٨٩ مەگین ئەوانەی لە دواجار - بۆ خۆ - پەژیوان دەبنەوەو ئاکاری چاک ڕەچاودەکەن؛ ئەوسا خودا گوناهبەخشەو دلۆڤانە.

٩٠ ئەو کەسانەی دوای بڕواهێنان وەرگەڕانو هەروا مانو پێوە چۆن، پەژیوانی تازە بەهرەیان بۆ ناداو چۆنەتە ناو گومڕاهیەوە.

٩١ ئەوانەی خوانەناس بۆنو هەر بە خوانەناسی مردۆن، هەر کامێکیان ئەگەر پڕی ئەم زەمینە زێڕیش بە بارمتە بدا، هەرگیز بەهرەی پێناگەینێ؛ ئەوانە ئازاری بەژانیان دەبێتو کەسیشیان دەهانا نایە.

لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ ۚ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ
فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٩٢﴾ ۞ كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِّبَنِىٓ
إِسْرَٰٓءِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ مِن قَبْلِ أَن تُنَزَّلَ
ٱلتَّوْرَىٰةُ ۗ قُلْ فَأْتُوا۟ بِٱلتَّوْرَىٰةِ فَٱتْلُوهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ
﴿٩٣﴾ فَمَنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩٤﴾ قُلْ صَدَقَ ٱللَّهُ ۗ فَٱتَّبِعُوا۟ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا
وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٩٥﴾ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِى
بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٦﴾ فِيهِ ءَايَٰتٌۢ بَيِّنَٰتٌ مَّقَامُ
إِبْرَٰهِيمَ ۖ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا ۗ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ
مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿٩٧﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ شَهِيدٌ
عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٨﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن
سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُمْ شُهَدَآءُ ۗ وَمَا ٱللَّهُ
بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٩٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن تُطِيعُوا۟
فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ كَٰفِرِينَ ﴿١٠٠﴾

٩٢ تا لەوشتەی کە ئێوە خۆشتان گەرەکە، نەبەخشن لەڕێی خودادا، هەرگیز
هیچ خێرۆ پێ ناگا. هەرشتێکیش بەخێر بیدەن لەڕای خودا، خوا
دەیزانێ.
٩٣ هەموجۆرێ خواردەمەنی بۆ نەتەوەی ئیسرائیل ڕەواکراوە، مەگین ئەوەی
کە ئیسرائیل بەر لەمە تەوراتی بۆ بێ، خۆی پارێزی لێکردوە. بێژە: ئەگەر
ئێوە راستن، تەورات بێنن بیخوێننەوە.
٩٤ سا کەسانێ لەمە بەولا درۆ بە دەم خواوە بکەن، ئەوانە ناهەقیکارن.
٩٥ بێژە: هەرچی خودا گوتۆیە، ئەو ڕاستە؛ ئیتر ئێوە شوێن دینی ئیبراهیم
کەون؛ کە خوای تاقانەی پەرستو هیچ هاوکاری بۆ نەناسی.
٩٦ یەکەمین ماڵ کە بۆ مەردم سازکراوە، هەر ئەوەیە وا لە مەککە؛ کە زۆر
بەپیت و پیرۆزەو نیشانگەی خوداناسینە بۆ هەمۆ خەڵکی دنیایە.
٩٧ بەڵگەی دیاریدەر لەوێدا شوێنەواری ئیبراهیمەو هەرکەسێ پەنای
پێ بەرێ، ناشێ لە هیچشت بترسێ. خوداحەجی بڕیارداوە بۆ هەرکەسێ
کە بۆی بلوێ. هەرکەسێکیش حاشابکا، خوالە هەمۆ خەڵکی
دنیابێ نیازە.
٩٨ بێژە: ئێوەی ئەهلی کتێب! بۆچی لە نیشانانی خوا حاشادەکەن؟ خودا لە
کردەوەی ئێوە ئاگادارە.
٩٩ بێژە: ئێوەی ئەهلی کتێب! لەبەرچی باوەڕدارەکان لەڕێگەی خوا
لادەدەن و گەرەکتانە ئەمڕێگایە لارو نارێک نیشان بدەن؟! خۆشتان
باش ئاگاتان لێیەو خوداش لەوەی ئێوە دەیکەن، خافڵ نیە.
١٠٠ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر بەقسەی هێندێک لەوانەی ئەهلی
کتێبن، دەسخەرۆبن، لەپاش باوەڕی هێنانتان دەتانکەنەوە
خوانەناس.

---

٩٧-بلوێ: دەس بدا.

وَكَيۡفَ تَكۡفُرُونَ وَأَنتُمۡ تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ وَفِيكُمۡ
رَسُولُهُۥۗ وَمَن يَعۡتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدۡ هُدِيَ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ١٠١
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم
مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ
وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ
فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ
فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ
١٠٣ وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ
وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٤ وَلَا
تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ
وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٥ يَوۡمَ تَبۡيَضُّ وُجُوهٞ وَتَسۡوَدُّ
وُجُوهٞۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ
فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ١٠٦ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱبۡيَضَّتۡ
وُجُوهُهُمۡ فَفِي رَحۡمَةِ ٱللَّهِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ١٠٧ تِلۡكَ ءَايَٰتُ
ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۗ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٨

١٠١ جا چۆن ئێوە حاشادەکەن! کەچی ئایەتانی خواتان بە
سەردادەخوێنرێتەوەو پێغەمبەرتان لەناودایە؟ هەرکەس پشت بە خوا
ببەستێ، کەوتۆتەسەر راستەڕێگە.
١٠٢ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چۆن پێویستە، ئاوا لە خوا بترسن و هەر بە
موسوڵمانی بمرن.
١٠٣ هەمۆلاتان دەس دەڕشتەی پەیمانی خوا وەرێنن و بلاو مەبن. بیر
لەوچاکە بکەنەوە کە خودا دەربارەی کردن: کە ئێوە دژ بە یەکتر بۆن،
بەدڵ کردۆنی بە هۆگر؛ لەسایەی چاکەی ئەمەوە، ئێستا لێکتر بۆنە براو
لەسەر لێواری ئاگر بۆن؛ هەر ئەوبۆ ڕزگاری کردن. خوا ئاوا نیشانانی
خۆی بۆ ئێوەڕۆن دەکاتەوە؛ بەڵکۆ ڕێگا بدۆزنەوە.
١٠٤ دەبێ لەنێو ئێوەدا کۆمەڵێک ببن، فەرمان بە چاکە بدەن و ڕێ لە خراپە
ببەستن ؛ هەر ئەوانەش ڕزگاردەبن.
١٠٥ نەکا وەک ئەوانە بکەن کە لێکتر جیابۆنەوەو لەدوای ئەوەی نیشانەی
ئاشکرایان دیت، ئەوسا کێشەیان تێکەوت. بۆ ئەوانە ئازارێکی گەورە
هەیە.
١٠٦ لەوڕۆژەدا کە هێندێک ڕۆیان چەرمگەو هێندێکتر ڕەش داگەڕاون،
ئەوکەسانەی ڕۆڕەشی ڕۆژی قیامەتن، پیان ئێژن: ئێوە دوای باوەڕی
هێنان چۆن ببۆنەوە خوانەناس؟ سا لەو حاشاکردنەتان جەزرەبە گۆڕی
گیانۆ بێ.
١٠٧ ئەوانەش کە ڕۆچەرموگن، بۆ هەمیشە بەزەیی خودایان هەیەو تا هەتا
هەر دەگەڵیانە.
١٠٨ ئەمانە نیشانەی خودان، بەڕاستن و ئێمە بۆتی وەدەخوێنین. هیچگا
خودا ناهەقی لە هیچکەس ناکا.

وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ
١٠٩ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ
وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ وَلَوۡ ءَامَنَ
أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۚ مِّنۡهُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ
وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ١١٠ لَن يَضُرُّوكُمۡ إِلَّآ أَذٗىۖ
وَإِن يُقَٰتِلُوكُمۡ يُوَلُّوكُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ١١١ ضُرِبَتۡ
عَلَيۡهِمُ ٱلذِّلَّةُ أَيۡنَ مَا ثُقِفُوٓاْ إِلَّا بِحَبۡلٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَحَبۡلٖ مِّنَ ٱلنَّاسِ
وَبَآءُو بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَضُرِبَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَسۡكَنَةُۚ ذَٰلِكَ
بِأَنَّهُمۡ كَانُواْ يَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ بِغَيۡرِ
حَقّٖۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ١١٢ ۞ لَيۡسُواْ سَوَآءٗۗ
مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ أُمَّةٞ قَآئِمَةٞ يَتۡلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ
وَهُمۡ يَسۡجُدُونَ ١١٣ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ
وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُسَٰرِعُونَ
فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١١٤ وَمَا يَفۡعَلُواْ
مِنۡ خَيۡرٖ فَلَن يُكۡفَرُوهُۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلۡمُتَّقِينَ ١١٥

۱۰۹ هەرچێ لەناو ئاسمانان و زەمیندایە - گش لە گشتی - سەربە خوایە؛ سەر لەبەری کاروباریش هەر بۆ خوا دەگەڕێتەوە.

۱۱۰ ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دنیادا سەرۆ هەڵدا؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن. باوەڕیشتان بە خوا هەیە. خۆ ئەگەر ئەهلی کتێبیش بڕوایان بهێنابا، بۆیان چاکتربۆ. ئەوانیش ئی‌وایان تێدا کە بەبڕوان؛ بەشی زۆریش لەڕێی خودا لایانداوە.

۱۱۱ ئەوانیش - مەگین هەر بە دەم - دەنا هەرگیز ناتوانن بۆتان بەزەڕبن. ئەگەر دەگژیشۆ ڕابچن، زۆر زۆ پشتۆ تێدەکەن و ڕادەکەن و کەسیش دەهانایان نایە.

۱۱۲ لە هەرجێش بن، هەر ژێرچەپۆکی و زەبۆنی بۆتە بەشیان؛ جا مەگین هەر پەیمان دەگەڵ خوداو خەڵکا بگاتە فریایانەوە. تۆشی تۆڕەیی خوابۆنۆ مۆری زەبۆنیان بەسەردانراوە؛ لەبەرئەوە لە نیشانەکانی خودا بەحاشابۆن و بەناهەق پێغەمبەرانیان دەکوشت و هەر نافەرمانی و دەسدرێژیان دەکرد.

۱۱۳ ئەهلی کتێب گش وەک یەک نین؛ کۆمەڵی وایان تێدایە کە ڕۆ بە خوا دەوێستن و بەشەوا ئایەتانی خوا دەخوێننەوەو سەر دەخەنە سەر سوژدەوە؛

۱۱۴ بڕوایان هەیە بە خوداو ڕۆژی‌سەلاو فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێگە لە خەراپە دەبڕن و بۆ خێرکردن ملەدەکەن؛ ئەوانە لە پیاوچاکانن.

۱۱۵ هەرکارێکی چاک ڕەچاوکەن، بێ‌بەهرە نامێنێتەوەو خوا ئەوانەی لێی دەترسن، باش دەناسێ.

---

۱۱۱-زەڕ: زەرەد، زەرەر.

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم
مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۚ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ١١٦
مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَثَلِ رِيحٖ فِيهَا
صِرٌّ أَصَابَتۡ حَرۡثَ قَوۡمٖ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَأَهۡلَكَتۡهُۚ وَمَا
ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِنۡ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ١١٧ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةٗ مِّن دُونِكُمۡ لَا يَأۡلُونَكُمۡ خَبَالٗا
وَدُّواْ مَا عَنِتُّمۡ قَدۡ بَدَتِ ٱلۡبَغۡضَآءُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَمَا تُخۡفِي
صُدُورُهُمۡ أَكۡبَرُۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡقِلُونَ ١١٨
هَٰٓأَنتُمۡ أُوْلَآءِ تُحِبُّونَهُمۡ وَلَا يُحِبُّونَكُمۡ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱلۡكِتَٰبِ كُلِّهِۦ
وَإِذَا لَقُوكُمۡ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوۡاْ عَضُّواْ عَلَيۡكُمُ ٱلۡأَنَامِلَ
مِنَ ٱلۡغَيۡظِۚ قُلۡ مُوتُواْ بِغَيۡظِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ١١٩
إِن تَمۡسَسۡكُمۡ حَسَنَةٞ تَسُؤۡهُمۡ وَإِن تُصِبۡكُمۡ سَيِّئَةٞ يَفۡرَحُواْ
بِهَاۖ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔاۗ
إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ١٢٠ وَإِذۡ غَدَوۡتَ مِنۡ أَهۡلِكَ
تُبَوِّئُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ مَقَٰعِدَ لِلۡقِتَالِۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ١٢١

۱۱۶ ئەوانەی خودانەناسن دارایی و ماڵ و منالّیان هیچ دەردێکیان دەرمان ناکاو لە لای خودا بەهرە نادا؛ جێگەیان هەر جەحەندەمەو هەتا سەر هەر لەوێ دەبن.

۱۱۷ هەرچی ئەوان بە ڕوبینی لە ژیاندا لە ماڵی خۆیان دەبەخشن، هەر وەکۆ ئەوشەختە وایە کە بۆ کێڵگەی ئەو کەسانەی ناهەقی لە خۆیان دەکەن، وەیشوٗمەیە. خوا ناهەقی لێ نەکردوٗن؛ بەڵام ئەوان ناهەقی لە خۆیان دەکەن.

۱۱۸ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بێژگە خۆتان دەگەڵ کەسا مەبنە هامڕاز. ئەوان لە کارلێ‌تێکدانۆ درێغ ناکەن؛ هەر حەزدەکەن تۆشی نارەحەتیتان کەن. جگە لەوەی کە دژایەتی ئێوەیان بەدەمدا دێت، غەرەزێکی کە لە دڵی ئەواندایە فرەترە. ئەر تێ بگەن، زۆرنیشانەمان بۆئێوە دەرخستوٗە.

۱۱۹ ئاگاداربن! ئێوەئەوانتان خۆش‌دەوێو ئەوان خۆشیان لە ئێوە نای. ئێوە بڕواشتان بەو کتێبە - گشتی - هەس. هەروەختێکیش پێتان دەگەن، ئێژن: بڕوامان هێناوە؛ بەڵام هەر لێۆ تەکینەوە - لە کینەیێ کە هەیانە- سەرپەنجەی خۆیان دەگەزن. بێژە: دەک لەڕکان بمرن! خوابەوەی والەدڵدایە باش‌دەزانێ.

۱۲۰ تا چاکەیەکتان بێتەڕێ، خەمێ دەخۆن. ئەگەر توٗشی ناخۆشی بن، کەیفێ دەکەن. ئەگەر ئێوە خۆڕاگرو پارێزگاربن، گزی و فێڵیان هیچ زیان لە ئێوە نادا. خوا بە کردەیان دەزانێ.

۱۲۱ ئەوسا کە تۆ - سەرلە بەیان - کەس و کاری خۆت جێ هێشت و جێگەت بۆ خاوەن باوەڕان لە شەڕگەدا دیاری دەکرد، خودا دەیبیست و دەیزانی.

---

۱۱۷-ڕوٗبینی: مەرایی،ریا. ۱۱۹-لێوتەکینەوە: لێت جیابوٗنەوە.

إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا ۗ وَعَلَى
ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٢٢﴾ وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ
أَذِلَّةٌ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ
أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَٰثَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ
مُنزَلِينَ ﴿١٢٤﴾ بَلَىٰٓ ۚ إِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ
هَٰذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُسَوِّمِينَ
﴿١٢٥﴾ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِۦ ۗ وَمَا
ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١٢٦﴾ لِيَقْطَعَ طَرَفًا
مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُوا۟ خَآئِبِينَ ﴿١٢٧﴾ لَيْسَ لَكَ
مِنَ ٱلْأَمْرِ شَىْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَٰلِمُونَ
﴿١٢٨﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ
وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ لَا تَأْكُلُوا۟ ٱلرِّبَوٰٓا۟ أَضْعَٰفًا مُّضَٰعَفَةً ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٣٠﴾ وَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِىٓ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ
﴿١٣١﴾ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٣٢﴾

١٢٢ لەوکاتەشدا کە دۆدەستە هەر لە خۆتان خەریکی ورەبەردان بۆن، هەر خودا دەهانایان هات. باوەڕداران کاروباریان دەبێ هەر بە خوا بسپێرن.
١٢٣ وا دیتیشۆ کە خودا لە شەڕی بەدرا سەری خستن؛ هەر چەند کەم و بێ هێزیش بۆن. سا هەر لە خودا ترسۆبێ؛ بەشکەم شوکری بەجێ بێنن.
١٢٤ ئەوسا کە تۆ بە خاوەن باوەڕەکانت ڕاگەیاند: ئەگەر خودا سێ هەزار لە فریشتەکانی بۆ ئێوە بنێرێتە خوار، بێنە یاریو، بەستان نیە؟
١٢٥ بەڵێ ئەگەر خۆ ڕاگرن و ترستان لە خودا هەبێ، لە جەنگەی پەلاماردانی دوژمنۆدا، پەروەرندەو پێنج هەزار لە فرشتانی، بەدرۆشمۆ بەکۆمەکەوە دەنێری.
١٢٦ خودا هەر بۆئەوە مزگێنێک بەئێوەبدات و هەربۆئەوە دڵنیابن، ئەوکارەی کرد. سەرکەوتنیش هەر بە دەستی خودای خاوەن دەستەڵاتی لە کارزانە.
١٢٧ خوا دەیەویست لەو ڕۆژەدا هێندێک لە خوانەناسەکان دەخوێنی خۆیان بگەوزن و ئەوی ماشن دەمکوت بن و بە ناهومێدی وەگەڕێن.
١٢٨ ئیتر لە شەڕ دۆڕاوەکان - چ لەوکارەی کردۆیانە پەژیوان بن و خوا بیان بۆرێ، یان لەسەر ناهەقیەکەیان ئازاریان بۆ بڕیاربدا - تۆ کارێکت بە کاری ئەواندا نیە.
١٢٩ هەرچی لەناو ئاسمانان و زەویدایە، بۆ خودایە. کێ حەزبکا لێی دەبۆرێ و کێش حەزکا ئازاری بدا، خۆی دەزانێ. خودا لە گوناه دەبۆرێ و دلۆڤانە.
١٣٠ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە سۆت خواردن بتەکنەوەو چین لەسەر چین وەری مەگرن. لە خودا ترستان هەبێ، بەشکۆ بگەنە ڕزگاری.
١٣١ خۆشتان دۆرەپەرێز بگرن لەو ئاگرەی نێلێ دراوە بۆ ئەوانەی خوا نەناسن.
١٣٢ بەر فەرمانی خوداو ئەم پێغەمبەرەش بن، بەشکۆ بەر بەزەیی کەۆن.

---

١٢٢- ورەبەردان: ١) زراوچون؛ ٢) ناهومێدبۆن. ١٢٧- گەوزان: تل خواردن لەسەر تەنیشت؛ لەخوێنی خۆداگەوزان: بریتی لە خوێن ڕژان و کوژران.

۞ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا
ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ
فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ
عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣٤ وَٱلَّذِينَ إِذَا
فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ
لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ
مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٣٥ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغۡفِرَةٞ
مِّن رَّبِّهِمۡ وَجَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَاۚ وَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ١٣٦ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُمۡ سُنَنٞ
فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ
١٣٧ هَٰذَا بَيَانٞ لِّلنَّاسِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٞ لِّلۡمُتَّقِينَ ١٣٨
وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ
١٣٩ إِن يَمۡسَسۡكُمۡ قَرۡحٞ فَقَدۡ مَسَّ ٱلۡقَوۡمَ قَرۡحٞ مِّثۡلُهُۥۚ
وَتِلۡكَ ٱلۡأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيۡنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمۡ شُهَدَآءَۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٤٠

۱۳۳ پەلەبکەن بۆ گەیشتن بەبەخشینی پەروەرێنتان و بەهەشتێ کەهەراوی
بەئەندازەی ئاسمانەکان و زەوینەو سازکراوە بۆئەوانەی لەخواترسن.
۱۳۴ ئەوکەسانەی لە تەنگانەو فەرحانیدا، ماڵی خۆیان لە ڕێی خودا
دەبەخشن و ڕکی خۆیان دەخۆنەوەو لە مەردم چاوپۆشی دەکەن؛ خوا
چاکەکاری خۆش دەوێن.
۱۳۵ ئەوکەسانەی هەرگا کاری خراپ دەکەن، یان ناحەقی لەخۆ دەکەن،
خودا لەبیرنابەنەوەو لەبەری دەپارێنەوە: لە خەتاکانیان ببۆرێ؛
بێژگەخوداش کێ لەگوناهان دەبۆرێ ؟ جا ئەوانە لەسەر کارێ کە
زانیویانە هەڵەیە، پێداگر نین.
۱۳۶ ئەوانە پاداشیان لەلای پەروەرێنیان لێبۆردنەو باغاتێکە کە جۆباران بە
بەریاندا دەڕۆن و هەر لەو باغاتە دەمێننەوە. بەها! چەندە جوانە پاداشی
ئاکارچاکان.
۱۳۷ بەر لە ئێوە زۆر ڕێگاوشوێن تێپەڕیون. جائێوە لەم سەرزەمینە گەشتێ
بکەن و سەرنج بدەن کەئاخری کاری هەقبەدرۆزانان بە کوێ گەیشت ؟
۱۳۸ ئەمە پەندی بۆ هەمۆخەڵک تێدایەو نیشانەیە لە خوداوەو بۆ ئەوانەی
دەیانەوێ خۆپارێزبن ڕێ شاندەرە.
۱۳۹ با سستی ڕۆتان تێنەکاو خەمیش مەخۆن. هەر ئێوەن کە سەر
دەکەون، ئەگەر بڕواو بە خوا هەیە.
۱۴۰ ئەگەر ئێوە برینداربۆن، دوژمنیشتان وەک ئێوە برینداربوە. ئێمە ئاوا
لەناو خەڵکا زەمانە دەستاودەس دەکەین، هەتا خودا خاوەنباوەڕان
بناسێ و کەسانێکیش بۆ شایەتی لەبەینتانا هەڵبژێرێ. خودا خۆشی لە
ناهەقیکاران نایە.

---

۱۳۳- هەراو: گوشاد، فرەهـ

وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَمۡحَقَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٤١﴾ أَمۡ
حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ
مِنكُمۡ وَيَعۡلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٢﴾ وَلَقَدۡ كُنتُمۡ تَمَنَّوۡنَ ٱلۡمَوۡتَ مِن
قَبۡلِ أَن تَلۡقَوۡهُ فَقَدۡ رَأَيۡتُمُوهُ وَأَنتُمۡ تَنظُرُونَ ﴿١٤٣﴾ وَمَا مُحَمَّدٌ
إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوۡ قُتِلَ
ٱنقَلَبۡتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡۚ وَمَن يَنقَلِبۡ عَلَىٰ عَقِبَيۡهِ فَلَن يَضُرَّ
ٱللَّهَ شَيۡـٔٗاۗ وَسَيَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ وَمَا كَانَ
لِنَفۡسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِ كِتَٰبٗا مُّؤَجَّلٗاۗ وَمَن يُرِدۡ
ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَن يُرِدۡ ثَوَابَ ٱلۡأٓخِرَةِ نُؤۡتِهِۦ
مِنۡهَاۚ وَسَنَجۡزِي ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٥﴾ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيّٖ قَٰتَلَ مَعَهُۥ
رِبِّيُّونَ كَثِيرٞ فَمَا وَهَنُواْ لِمَآ أَصَابَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُواْ
وَمَا ٱسۡتَكَانُواْۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوۡلَهُمۡ
إِلَّآ أَن قَالُواْ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسۡرَافَنَا فِيٓ أَمۡرِنَا وَثَبِّتۡ
أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا وَحُسۡنَ ثَوَابِ ٱلۡأٓخِرَةِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٤٨﴾

١٢١ هەتاخودا باوەڕداران هەڵاوێرێ‌و بێ‌باوەڕان لەناوبەرێ.
١٢٢ ئاخۆ ئێوە لاتان وایە هەر سەربەخۆ دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا خودا خەباتکاران‌و خۆڕاگرانی ئێوەی دیاری نەکردوە.
١٢٣ بەر لەوە تۆشی مردن بن، ئارەزۆی مردنۆ دەکرد. سا ئەوا مەرگە هاتوەو ئێوە زەق تماشای دەکەن.
١٢٤ موحەممەد پێغەمبەرێکەو چیتر نیە؛ لە پێش ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتۆن‌و چۆن. ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ، لە ئیسلام پاشگەز دەبنەوە؟ هەرکەش پاشگەزببێتەوە، زیانێک بە خودا ناگەینێ. خوا پاداشی سوپاسگوزارانی دەدا.
١٢٥ هیچ کەسێکیش بەبێ ئیزنی خودا نامرێ. کە مردنی هەر کەسێکیش وەختەکەی بۆ داندراوەو لە لای خوداوە نۆسراوە. کێش هەر خۆشی لە دنیادا ئارەزۆبێ، خوا دەیداتێ؛ هەر کەسێکیش خۆشی ئەو دنیای گەرەک‌بێ، خودا ئارەزوی پێک دێنێ. ئەوانەش وا شوکر دەکەن، زۆ جەزایان دەدەینەوە.
١٢٦ بەشی زۆر لە پێغەمبەران دەگەڵ گەلی خواپەرستانی هەڤاڵیان چۆنە خەزا، هەرچەند بەڵای لەرێی خوادا تۆشی هاتن، نە هیچیانی سستەوەکرد نە زەبۆنی ڕوی تێکردن. لەوانەی کە خۆڕاگرن، خوا خۆشی دێ.
١٢٧ هەر ئەوەندەیان ئەدرکاند، دەیانگوت: ئەی پەروەرێنمان! تۆ لە گوناهان‌و لە ئەندازە لادانمان ببۆرەو جێ‌هەنگاومان پتەوترکەو بەسەر خودانەناساندا زاڵمان بکە.
١٢٨ ئەوسا خودا پاداشی ئەم دنیاو چاکەپاداشی ئەودنیای پێدان. خوا کارچاکانی خۆش دەوێ.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
يَرُدُّوكُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ١٤٩
بَلِ ٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلنَّٰصِرِينَ ١٥٠ سَنُلۡقِي
فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعۡبَ بِمَآ أَشۡرَكُواْ بِٱللَّهِ
مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗاۖ وَمَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُۖ وَبِئۡسَ
مَثۡوَى ٱلظَّٰلِمِينَ ١٥١ وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ
وَعۡدَهُۥٓ إِذۡ تَحُسُّونَهُم بِإِذۡنِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلۡتُمۡ
وَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ وَعَصَيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَآ أَرَىٰكُم
مَّا تُحِبُّونَۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا وَمِنكُم
مَّن يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۚ ثُمَّ صَرَفَكُمۡ عَنۡهُمۡ لِيَبۡتَلِيَكُمۡۖ
وَلَقَدۡ عَفَا عَنكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
١٥٢ ۞ إِذۡ تُصۡعِدُونَ وَلَا تَلۡوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٖ
وَٱلرَّسُولُ يَدۡعُوكُمۡ فِيٓ أُخۡرَىٰكُمۡ فَأَثَٰبَكُمۡ
غَمَّۢا بِغَمّٖ لِّكَيۡلَا تَحۡزَنُواْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ
وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمۡۗ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٥٣

۱۴۹ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر ئێوە وەشوێن خوانەناسان کەون، بەرەوپاشۆ دەگێڕنەوەو تۆشی زیانباری دەبن.
۱۵۰ بزانن کە گەورەی ئێوە هەر خودایەو ئەو چاکتر یاریدەرە.
۱۵۱ ئەوانەش کە خوانەناسن، چونکە بێ ئەوە بەڵگەیان لە حەواوە بۆ هاتبێ هاوکار بۆ خودا دەناسن، ترسێ داوێژینە دڵیان؛ ئەنوایان لەناو ئاگرەو جێی ناهەقان خراپترین جێگە دەبێ.
۱۵۲ خوا بەڵێنی بە ئێوە داو بەجێی هێنا: ئەوسا کە بەدەستوری خوا دەتان کوشتن، تا ئەوکاتەی ئەو تالانەی بەتەمای بۆن هاتە بەرچاو، ئیتر کێشەۆ لەناو خۆتان لێ پەیدابۆ؛ لە فەرمان سەر پێچیتان کرد. ئیوا هەبۆ حەزی لە ماڵی دنیا بۆ، ئیواش هەبۆن خۆشی ئەودنیایان دەویست. پاشان هەر تا بتان ئەزموێ، لە شەڕیانی گێڕانەوە. وا ئەو هەڵەش لێتان خۆش بۆ. خودا خاوەنی چاکەیە لەسەر خاوەن باوەڕەکان.
۱۵۳ ئەوکاتەی کە ڕاتان دەکردو ئاوڕتان وەسەر هیچکەس نەدەداوە، پێغەمبەریش لەدواوە گازی دەکردن؛ جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دانەوە. نەکا لەبەر ئەوەی وا لەدەستتان چوەو ئەوەی کەوا تۆشتان بوە خەفەت بخۆن. خودا لەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە.

---

۱۵۱- ترسێ داوێژینە دڵیان: ترس ئەخەینە دڵیانەوە، ئەنوا: جێ حەسانەوە.

۱۵۲- هەڵ: دەرفەت، فرسەت.

ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنۢ بَعۡدِ ٱلۡغَمِّ أَمَنَةٗ نُّعَاسٗا يَغۡشَىٰ طَآئِفَةٗ
مِّنكُمۡۖ وَطَآئِفَةٞ قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ
ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ
قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ يُخۡفُونَ فِيٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبۡدُونَ لَكَۖ
يَقُولُونَ لَوۡ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٞ مَّا قُتِلۡنَا هَٰهُنَاۗ قُل لَّوۡ كُنتُمۡ
فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡۖ
وَلِيَبۡتَلِيَ ٱللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمۡ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۚ
وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٥٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ
يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا
كَسَبُواْۖ وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٞ ﴿١٥٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ إِذَا
ضَرَبُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ كَانُواْ غُزّٗى لَّوۡ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا
قُتِلُواْ لِيَجۡعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسۡرَةٗ فِي قُلُوبِهِمۡۗ وَٱللَّهُ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۗ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿١٥٦﴾ وَلَئِن قُتِلۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
أَوۡ مُتُّمۡ لَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَحۡمَةٌ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿١٥٧﴾

۱۵۴ پاش ئەوخەمە ئارامیەکی ناردە سەرتان، کە بریەتی لە ئۆقرەی خەولێکەوتن بۆ، بەسەر هێندیکانۆ داهات؛ هێندێکیشتان هەر تەنیا خۆتان لەبیربۆ. ئێوەش هەر وەک خوانەناسەکانی پێشین بیرو لە خوا دەکردەوە، دەیانگوت : ئاخۆ لەم کارە چن بۆ دەکرێ؟ بێژە: گش کار بەدەست خودان. ئەوانە نهێنی دڵیان لە لای تۆ ئاشکرا ناکەن؛ ئێژن: ئەگەر بەدەستە خۆمان بوایە، ئێمە لێرە نەدەکوژراین. بێژە: ئێوە ئەگەر لە ماڵی خۆشتان بان، ئەوکەسانەی کوشتنیان لەسەر نۆسراوە، دەهاتنەوە جێی تخێلْ بۆنی جەندەکیان. خوا دەیەوێ دڵتان تاقی بکاتەوەو هەرچی لەدڵتاندا هەیە دەری هاوێ. خوا لە ڕازی دڵەکانتان ئاگادارە.

۱۵۵ ئەوانتانە وا رایان کرد - لەو ڕۆژەدا کە دۆ کۆمەڵ گەیشتنەیەک - شەیتان هەڵی خلیسکاندن، لەبەر کارێ کە کردۆیان؛ خوایش بەخشینی. هەر خودایە کە لە گوناهان دەبۆرێ و لەسەر خۆیە.

۱۵۶ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە وەک ئەوانە مەبن کە خودایان نەدەناسی و سەبارەت بە براکانیان - کە لە سەفەر یان لە شەڕی دوژمنان بۆن - دەیانگوت: ئەگەر ئەوانە لامان مابان، نە دەمردن، نە دەکوژران. هەر بۆیە بۆ خودا بیکا بە ئاخ و داخی سەر دڵیان. خودایە کە ژینێ دەداو دەشمرێنێ و هەرکارێکی ئێوە دەیکەن، خوا دەیبینێ.

۱۵۷ ئەگەر لەڕێی خودا بمرن، یان لەڕای خودا بەکوشت چن، دیارە لێ خۆشبۆنی خوداو بەزەیی ئەو زۆر چاکترە لەوشتەی کۆی دەکەنەوە.

---

۱۵۴-**تخێلْ بۆن**: ڕاست بەسەر عەرزا درێژبۆن. **جەندەک**: لاش، تەرم، کەلاک.

وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى ٱللَّهِ تُحْشَرُونَ ﴿١٥٨﴾ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ
ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ
فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ
فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ إِن يَنصُرْكُمُ ٱللَّهُ
فَلَا غَالِبَ لَكُمْ ۖ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا ٱلَّذِى يَنصُرُكُم مِّنۢ
بَعْدِهِۦ ۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٦٠﴾ وَمَا كَانَ لِنَبِىٍّ أَن
يَغُلَّ ۚ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ
نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦١﴾ أَفَمَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَ
ٱللَّهِ كَمَنۢ بَآءَ بِسَخَطٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ
﴿١٦٢﴾ هُمْ دَرَجَـٰتٌ عِندَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٣﴾
لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ
يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ
وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾
أَوَلَمَّآ أَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَـٰذَا ۖ
قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٦٥﴾

١٥٨ چ بمرن و چ بکوژرێن، بێگومانە کە لای خوا کۆدەکرێنەوە.
١٥٩ لە بەزەیی خوداڕایە کە تۆ هێندە نەرم و نیانی دەگەڵیان؛ ئەگەر یەکێ دڵڕەق و توندو تۆسن بای، بڵاوەیان لێ دەکردی. تۆ بیان بۆرەو لە لای خودا داوای بۆردنیان بۆ بکەو لە کار تەگبیریان پێ بکە. وەختێ لێبڕای کارێ بکەی، هەر بەتەمای خوا تێکەوە؛ خودا ئەوانەی خۆش دەوێ کە خۆیان هەر بەو دەسپێرن.
١٦٠ ئەگەر خوداو دەهانابێ، کەس بەسەرتاندا زاڵ نابێ؛ ئەگەر وازیشتان لێ بێرێ، کێیە پاشان پێیدەکرێ یاریدەو بکا؟ با هانای خاوەن باوەڕان هەر خودا بێ و خۆیان هەر بەوی بسپێرن.
١٦١ بۆ هیچ پێغەمبەرێ ناشێ دەگەڵ خەڵک، فێڵ و فەرەجان بنوێنێ؛ هەر کەسێکیش فێڵبازی و دەسبڕی بکا - بەو تەشقەڵەوە کە دەیکا - ڕۆژی قیامەت دەبیندرێ و ئەوسا هەر کەس لە بارتەقای کردەوەی خۆی سزادەدرێ و هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ.
١٦٢ ئاخۆ کەسێ هەر بۆ ڕەزای خوا کۆشیوە، وەک ئەوەیە کە خودای لە خۆی تۆڕەکرد؟ کە ئەنوای ئەم جەهەندەمەو چارەنۆسێ خراپی هەس.
١٦٣ بۆ هەمۆ ئەو دوجۆنانە خودا چەندپلەی داناوەو هەر خۆی لە هەمۆکردەیان چاوەدێرە.
١٦٤ باوەڕداران بەرمنەتی چاکەی خودان؛ کە یەکێک هەر لە خۆیانی ناردوە پێغەمبەریان بێ؛ نیشانەکانی خودایان بەسەردا دەخوێنێتەوەو بە پاکژی ڕایان دەگرێ و لە کتێب و کارزانیدا ڕایان دێنێ؛ کە دەپێشدا هیچیان لە هیچ نەدەزانی.
١٦٥ ئاخۆ کاتێ زیانۆ لە دوژمن پێگەیشت - کە جارێکیش دۆئەوەندەو زیان لێدان - هیچ پرسیتان: زیانەکەمان لەچی بۆ؟ بێژە: لە خۆتانەوە بۆ، خوا بۆ هەمۆشت توانایە.

---

١٥٩-: تۆسن: سەرکێش. ١٦١-بارتەقا: بەرامبەر، هەمبەر. ١٦٣-جۆن: کۆمەڵە، دەستە، تاقم.

وَمَآ أَصَٰبَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيَعۡلَمَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
﴿١٦٦﴾ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُواْۚ وَقِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ قَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
أَوِ ٱدۡفَعُواْۖ قَالُواْ لَوۡ نَعۡلَمُ قِتَالٗا لَّٱتَّبَعۡنَٰكُمۡۗ هُمۡ لِلۡكُفۡرِ
يَوۡمَئِذٍ أَقۡرَبُ مِنۡهُمۡ لِلۡإِيمَٰنِۚ يَقُولُونَ بِأَفۡوَٰهِهِم مَّا لَيۡسَ
فِي قُلُوبِهِمۡۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يَكۡتُمُونَ ﴿١٦٧﴾ ٱلَّذِينَ قَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ
وَقَعَدُواْ لَوۡ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُواْۗ قُلۡ فَٱدۡرَءُواْ عَنۡ أَنفُسِكُمُ
ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٦٨﴾ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي
سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ
بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ وَيَسۡتَبۡشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمۡ يَلۡحَقُواْ
بِهِم مِّنۡ خَلۡفِهِمۡ أَلَّا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿١٧٠﴾
۞ يَسۡتَبۡشِرُونَ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٧١﴾ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعۡدِ مَآ
أَصَابَهُمُ ٱلۡقَرۡحُۚ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ مِنۡهُمۡ وَٱتَّقَوۡاْ أَجۡرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾
ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ
فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾

۱۶۶ هەرچی ئەو رۆژە تۆشتۆهات - وا دۆ کۆمەڵ بەیەک گەیین - [گشتی] بەئیزنی خودا بۆ، هەتا خاوەن باوەڕەکان نیشان بدا؛
۱۶۷ تا دۆڕۆگەلیش بناسێ؛ پێیان وترا: ئێوەش وەرن لەڕێی خودا خەزابکەن، یان ببنە هێزی بەرگری. گوتیان: ئەگەر بن زانیبا شەڕو بەسەردا سەپاوە، دیارە وەدۆتان دەکەوتین. ئەوێ ڕۆژێ لە بێدینی نزیکتر بۆن تا لە باوەڕی بە خودا. ئەو شتانەی بە دەم دەیلێن، ئەوە نیە کە ڕازەو لە دڵیاندایە؛ خوا لەوەی دەیشارنەوە ئاگادارترە.
۱۶۸ ئەوانەی کەخۆیان نەچۆبۆنە خەزا، لەمەڕ هاوەڵانیان دەگوت: ئەگەر بەقسەیان کردباین نەدەکوژران. بێژە: سا ئەگەر ڕاست دەکەن، خۆ لە مردن بپارێزن.
۱۶۹ ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، هەرگیز نابێ بە مردۆیان حیساب بکەن؛ هەر زیندۆن و خودا بژیویان دەداتێ؛
۱۷۰ دڵیان خۆشە بەو چاکەیە کە خودا دەربارەی کردۆن. شادن بەوەش کە ئەوانەی وا نەگەیشتۆنە ئەمان و بەجێماون، هیچ ترسێکیان لەسەر نابێ و هیچ خەمێکیان لەبەر نابێ .
۱۷۱ دڵیان خۆشە بە نیعمەتی خوداو زیادەبەشانەی ئەو. بەوەش کە خوا پاداشی باوەڕدارەکان ونداناکا.
۱۷۲ ئەو کەسانەی کە لەپاش برینداربۆنیش فەرمانی خواو پێغەمبەریان بەجێ هێنا، بۆ ئەوانیانە وا کاری چاکیان کردو لە خوا ترسان، پاداشێکی گەورە هەیە.
۱۷۳ ئەو کەسانەی پێیان وتن: گەلە کۆمەگیو لێکراوەو بەپانەوە دێنە سەرتان، ئەشێ ترسۆلێیان هەبێ؛ باوەڕیان بەهێزتر بوەو گوتیان: ئێمە هەر خودامان بێ بەسمانەو چاکترین پشت و پەنامان تەنیا ئەوە.

---

۱۷۳- بەپانەوە: بەتەواوی، بەڕاشکاوی.

فَٱنقَلَبُواْ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ لَّمۡ يَمۡسَسۡهُمۡ سُوٓءٞ وَٱتَّبَعُواْ
رِضۡوَٰنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَظِيمٍ ١٧٤ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ
يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٧٥
وَلَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِۚ إِنَّهُمۡ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ
شَيۡـٔٗاۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَلَّا يَجۡعَلَ لَهُمۡ حَظّٗا فِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ
عَظِيمٌ ١٧٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلۡكُفۡرَ بِٱلۡإِيمَٰنِ لَن يَضُرُّواْ
ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٧٧ وَلَا يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ
أَنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ خَيۡرٞ لِّأَنفُسِهِمۡۚ إِنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ لِيَزۡدَادُوٓاْ إِثۡمٗاۚ
وَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٧٨ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَىٰ مَآ
أَنتُمۡ عَلَيۡهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلۡخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطۡلِعَكُمۡ
عَلَى ٱلۡغَيۡبِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجۡتَبِي مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ
وَرُسُلِهِۦۚ وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَلَكُمۡ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ١٧٩ وَلَا
يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ هُوَ خَيۡرٗا
لَّهُمۖ بَلۡ هُوَ شَرّٞ لَّهُمۡۖ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِۦ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ
وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ١٨٠

١٧٤ هاوڕێ‌دەگەڵ نیعمەت و چاکەی خودادا - بێ ئەوەی تووشی زیان بن - گەڕانەوەو هەڵوەدای ڕەزای خودا بوون ؛ هەر خوداشە چاکەی گرینگی بەدەستە.
١٧٥ لەڕاستیدا ئەوە شەیتانەو [ گەرەکیە ئێوە ] لەهاودەستانی خۆی بترسێنێ . ئێوە لەوان ترسۆ نەبێ و ئەگەر بڕوادارن دەبێ هەر تەنیا لە من بترسن.
١٧٦ بەوانە نیگەران مەبە کە بەپەلە لەدژی دین تێدەکۆشن ؛ ناتوانن هیچ زیانێکی لە خوا بدەن. خوا دەیەوێ کە ئەوانە لەو دنیا بەشێکیان نەبێ و تووشی ئازاری دژوار بن.
١٧٧ ئەو کەسانەی لەباتی بڕوا بە خودا، بێ‌بڕوایی هەڵدەبژێرن، هیچ زیان لە خوا نادەن و جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.
١٧٨ با ئەوانەی خوانەناسن وا بیرنەبەن ئەو مۆڵەتەی دەیاندەینێ چاکە بۆیان؛ هەر بۆیە مۆڵەتیان دەدەین تا تاوانیان فرەوەبێ. ئازارێکی ئاوڕووبەریش بەشیان دەبێ.
١٧٩ خواهیچ کاتێ باوەڕدارانی لەبارودۆخێکا - وائێوەهەن - نەهێشتۆتەوە؛ مەگەر لەبەر ئەوەی ناپاکان لە پاکان هەڵاوێرێ. خودا ئێوە لە پێوار ئاگادار ناکا؛ بەڵام خودا لەناو پێغەمبەرانیدا، کێی بوێ هەڵی دەبژێرێ. دەبێ ئێوە بڕواو بە خواو بە پێغەمبەرەکانی بێ و ئەگەر ئەوباوەڕەو هێناو خۆشتان پاراست، پاداشێکی یەکجار گرینگۆ پێ‌دەدرێ.
١٨٠ ئەوانەی چنۆکی دەکەن لەو بەشەی خودا پێیداون، خەیاڵ نەکەن ئەم کارە بۆوان قازانجە؛ بەڵکو بۆخۆیان خراپە. ڕۆژی قیامەت دەبێتە تۆق دەملیاند و [ با بزانن کە] ئاسمانان و زەمینیش هەر بۆ خودا دەمێننەوەو خودا لە هەرکارێ دەیکەن، ئاگادارە.

---

١٧٤- هەڵوەدابوون: بۆمەبەستێک تەرەو ئاوارەبوون. ١٧٩- پێوار: نادیار، نەدیار، نەلەبەرچاو.

لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ
سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا۟ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ
ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ
وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ
ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَآ أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ
تَأْكُلُهُ ٱلنَّارُ ۗ قُلْ قَدْ جَآءَكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِى بِٱلْبَيِّنَٰتِ
وَبِٱلَّذِى قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٨٣﴾
فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَآءُو بِٱلْبَيِّنَٰتِ
وَٱلزُّبُرِ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ ﴿١٨٤﴾ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ
وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۖ فَمَن زُحْزِحَ
عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ
إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾ ۞ لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ
وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَذًى كَثِيرًا ۚ
وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٨٦﴾

١٨١ خودا وتەی ئەوانەی بیست کە دەیانگوت: خوا هەژارەو ئێمە دارایین. وا ئێمە ئەم گفتەیان و بەناحەق کوشتنی پێغەمبەرانیان بۆ تۆمار دەکەین و پێان ئێژین: سا بچێژن دەردی بەئاگرسوٚتانێ؛

١٨٢ چونکە ئێوە ئەو جۆرەکارانەو دەکرد؛ خودا هەرگیز غەدر لە عەبدی خۆی ناکا.

١٨٣ ئەوی گوتیان: «لە خواوە پێن سپێراوە کە باوەڕی بە هیچ پێغەمبەرێک نەکەین، مەگین ئەوەی بە حەیوانێ قوربانیەوە بێتە لامان، ئاگر بیخوا»، بێژە: ئەگەر قسەو ڕاستە، ئەدی بۆچی پێغەمبەرەکانی پێش من چەند نیشانەی ئاشکراشیان بۆ هێنان و ئەوەی ئێستاش ئێوە داوای دەکەن کردیان، کەچی ئێوە کوشتۆتانن؟

١٨٤ هەر وەک بڕوا بە تۆ ناکەن، لە پێغەمبەرانی پێش تۆش حاشایان کرد. هەرچەند بە بەڵگەی ئاشکراو نۆسراوگەل و کتێبی دیاریدەرەوە هاتنە لایان.

١٨٥ هەمۆکەسێک تامی مردنێ دەچێژێ؛ ڕۆژی سەڵاش هەقی خۆتان دەنێنەمشت. کێ لە ئاگر کلاکرێ و ببرێتە نێو بەهەشتەوە، دەیباتەوەو بەختەوەرە. ئەم ژیانەی سەر دنیایە تەنیا بنەمای فریوە.

١٨٦ ئێوە لە گیان و دارایی بەر تاقیکاری دەکەون و لەوانەی ئەهلی کتێبن و لەو کەسانەی شەریک بۆ خودا دادەنێن، زۆر قسەی ناخۆش دەبیسن و ئازاری زۆریشتان دەدەن. جا ئەگەر خۆڕاگربن و لە ناڕەوا بەپارێزبن، کارێ جامێرانە دەکەن.

---

١٨٣- پێن سپێراوە: پێمان ئەسپێراوە.  ١٨۶- جامێر: ئازا، بوێر.

وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ
وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ وَٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦ ثَمَنًا
قَلِيلًا ۖ فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ ١٨٧ لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ
بِمَآ أَتَوا۟ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُوا۟ بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا۟ فَلَا تَحْسَبَنَّهُم
بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ١٨٨ وَلِلَّهِ مُلْكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ١٨٩ إِنَّ فِى
خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ
لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ١٩٠ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا
وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٩١
رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ
أَنصَارٍ ١٩٢ رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِى لِلْإِيمَٰنِ أَنْ
ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ فَـَٔامَنَّا ۚ رَبَّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا
سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلْأَبْرَارِ ١٩٣ رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا
عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ١٩٤

۱۸۷ ئەوسا خودا بەڵێنی لەو کەسانە ساند کە کتێبیان بۆ هاتوە، بە مەردمی ڕاگەیێنن و نەیشارنەوە؛ کەچی ئەوان لە پەیمان پاشگەز بوونەوەو بە نرخێکی کەمیان فرۆت؛ ئای کە سەودای خراپیان کرد.
۱۸۸ قەت وا مەزانە ئەوانەی دڵ خۆش ئەکەن بە کارێ کە کردوویانەو پێیان خۆشە بۆ کارێ کە نەیانکردوە تاریف بکرێن، لەجەزرەبە رزگار دەبن؛ جەزرەبەی بەژان بۆوانە.
۱۸۹ لە عاسمانەکان و زەمیندا فەرمان، فەرمانی خودایەو خودا بەسەر هەموشتدا توانای هەیە.
۱۹۰ لە ئافراندنی ئاسمانان و لە زەمینداو ئاڵوگۆڕی شەوو ڕۆژان، زۆر نیشانەی پتەو هەیە بۆ ئەوانەی کە خێوی دڵی وشیارن.
۱۹۱ ئەوانەی - چ بە وێستاوی و چ لەجێوە، بە دانیشتن، چ لەسەر تەنیشت ڕادەزێن - هەر یادی خودا دەکەن و لە سازدانی ئەم عاسمانان و زمینە ڕادەمێنن، دەڵێن: ئەی پەروەرندەمان! تۆ ئەم دەزگایەت بەفیرۆ سازنەداوە، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە؛ هەر بۆخۆشت لە ئازاری بەئاگرمان بپارێزە.
۱۹۲ پەروەرێنمان! هەرکەس تۆ بیخەیتە ئاگر، تۆشی شورەییت کردوە. ئەوانەی ناهەقیکارن، هیچ کەس دەهانایان نایە.
۱۹۳ پەروەرێنمان! ئێمە بیستمان بانگ ڕایەڵێک گازی دەکرد کە باوەڕی بە پەروەرەندەتان بێنین. ئیمەش باوەڕیمان هێنا؛ سا بۆخۆت ئەی پەروەرێنمان! لە گوناهانمان خۆش بەو هەر خراپەی کردوومانە، وەیکوژێنەو دەگەڵ ئەوانەی پیاوچاکن بن مرێنە.
۱۹۴ پەروەرێنمان! ئەوشتانەش بە ئێمە ڕەواببینە کە لەزوان پێغەمبەرانتەوە بەڵێنت پێمان داوە؛ شەرمەزاری ڕۆژی قیامەتمان مەکە. تۆ لە هەرپەیمانێ بیدەی لاریت نیە.

---

۱۹۰- خێو: خاوەن. ۱۹۱- ڕادەزێن: دەخەوێن، ئەخەفن، دەنوێن، ۱۹۳- بانگ ڕایەڵ: ئەوی بانگ دەکا.

فَٱسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٍ مِّنكُم مِّن
ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ ۖ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ ۖ فَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَأُخْرِجُوا۟
مِن دِيَٰرِهِمْ وَأُوذُوا۟ فِى سَبِيلِى وَقَٰتَلُوا۟ وَقُتِلُوا۟ لَأُكَفِّرَنَّ
عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا
ٱلْأَنْهَٰرُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾
لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى ٱلْبِلَٰدِ ﴿١٩٦﴾ مَتَٰعٌ قَلِيلٌ
ثُمَّ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾ لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟
رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا
نُزُلًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّلْأَبْرَارِ ﴿١٩٨﴾ وَإِنَّ مِنْ
أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَمَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ
أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَٰشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشْتَرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا
قَلِيلًا ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ
سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱصْبِرُوا۟
وَصَابِرُوا۟ وَرَابِطُوا۟ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٢٠٠﴾

## سُورَةُ النِّسَاءِ

١٩٥ پەروەرێنیان ئاوا بەدەنگیانەوە هات، کە: من کردەی هیچ مرۆیەک -
لە نێرو مێ - بەبێ پاداش ناهێڵمەوە؛ گشتۆ لەلای من چون یەکن. ئەو
کەسانەی لە زێدی خۆ دەرکراون و لەڕای من ئازاریان دیوەو چۆنە خەزاو
دژی منیان کوشتبێ یان بەکوشت چۆبن، بێگومانە گوناهیان
دەکوژێنمەوەو لە پاداشی کردەوەیان دەیانخەمە ناو باغاتێک جۆباریان
بەبەردا دەڕوا؛ کە ئەمە چاکەی خودایە دەربارەیان؛ کە پاداشی
هەرەباشیش وا لای خوایە.
١٩٦ هاتوچۆن و گڕوفڕی خوانەناسان لە وڵاتان، نەچێ هەڵت‌خەڵەتێنێ.
١٩٧ رابواردنێکی هنذکەو پاشان شوێنیان جەحەندەمەو جێیان گەلێک
بێ‌زەلەتە.
١٩٨ بەڵام ئەانەی وا ترسیان لە پەروەرندەی خۆیانە، باغاتێکیان دەبێ
جۆباریان بەبەردا دەڕواو تاسەر تیادەبن و میوانداری لای خودایە.
ئەوەی کە لە خواوە دەدرێ هەر بۆ پیاوچاکان ڕەوایە.
١٩٩ لەناو ئەهلی کتێبیش کەسانی وا هەن کە بڕوای بە خودا هەیەو بەو
قورئانەی کە بۆ ئێوە هاتەخوارو بەو کتێبەی کە بۆ خۆیان ناردراوە،
خاکەڕان لە هەمبەر خوداو بەڵگەو نیشانەکانی خوا بە نرخی کەم سەودا
ناکەن؛ ئەوانە پەروەرندەیان پاداشی کاریان دەداتێ. خودا زۆر زۆ بە
کاری هەر کەس ڕادەگا.
٢٠٠ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خۆڕاگربن، لە خۆڕاگریشا هەر لە پێشەوە
بن. بۆ پاراستنی سنۆرگەل هەمیشە سازو تەیار بن. لە خواش ترسۆ
هەبێ، بەشکەم رزگار بن.



## نیساء

١٧٦ ئایەت

---

١٩٧- هندک: کەم. بێ‌زەلەت: خراو، بێفەڕ، نالەبار. ١٩٩- خاکەڕا: بێ‌دەعیە، خاکسار. هەمبەر: بەرانبەر.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا
زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ
بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ وَءَاتُوا۟ ٱلْيَتَٰمَىٰٓ أَمْوَٰلَهُمْ ۖ
وَلَا تَتَبَدَّلُوا۟ ٱلْخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِ ۖ وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَهُمْ إِلَىٰٓ أَمْوَٰلِكُمْ ۚ إِنَّهُۥ
كَانَ حُوبًا كَبِيرًا ﴿٢﴾ وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا۟ فِى ٱلْيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُوا۟
مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟
فَوَٰحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُوا۟ ﴿٣﴾ وَءَاتُوا۟
ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحْلَةً ۚ فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَىْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ
هَنِيٓـًٔا مَّرِيٓـًٔا ﴿٤﴾ وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِى جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ
قِيَٰمًا وَٱرْزُقُوهُمْ فِيهَا وَٱكْسُوهُمْ وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٥﴾ وَٱبْتَلُوا۟
ٱلْيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُوا۟ ٱلنِّكَاحَ فَإِنْ ءَانَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَٱدْفَعُوٓا۟
إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ ۖ وَلَا تَأْكُلُوهَآ إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُوا۟ ۚ وَمَن كَانَ
غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ ۖ وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِذَا
دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ فَأَشْهِدُوا۟ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٦﴾

# وەتاوخوداکەکەخێنگەوکلۆڤانە

١ ئەی خەڵکینە! لە پەروەرندەکەی خۆتان ترسۆ هەبێ، کە هەر ئەوە ئێوەی هەر لە یەک کەسەوە خستۆتەوەو جۆتەکەشی هەر لەوکەسە خستۆتەوەو لەو دوانەوە پیاوی زۆرو ژنی زۆری وەدی هێنا. لەو خودایە ترسۆ هەبێ؛ بەناوی ئەو ئێوە یەکتری سوێنددەدەن؛ ئاگاو لە خزمانیش هەبێ. خوا هەمیشە چاوێرە بەسەرتانەوە.

٢ ماڵی هەتیو بدەنەوە بە هەتیوان. ناپاک بە پاک مەگۆڕنەوەو ماڵی ئەوان تێکەڵ ماڵی خۆتان مەکەن؛ کە تاوانێکی مەزنە.

٣ ئەگەر لەمەڕ کیژە هەتیوەکانەوە، لەوە ترسان کە نەتوانن بە تەرزێکی حەق و ڕەوا دەگەڵیان بجوڵێنەوە، دەتوانن وازیان لێ بێنن و ژنانی تر - چەندی خۆتان پێتان باشەو پێتان دەشێن - مارەبکەن؛ دوان بن یا سیان پێکەوە یا چواریش بن هەر ڕەوایە. ئەگەر ترسان کە نەتوانن ژنەکانتان وەکۆ یەک تماشابکەن، با یەکێک بێ یان وەل ئەوانە ڕابوێرن کە بۆنەتە موڵکی خۆتان. بۆ خۆ لە غەدر پاراستن، ئەمە ئاکارێ پەسندە.

٤ وەک پێشکەشێک مارەیی ژنەکان بدەن. ئەگەر ئەوان هەر بۆخۆیان شتێکیان لە مارەییەکە بەنگۆ بەخشی، بیخۆن و نۆشی گیانۆبێ.

٥ ماڵی خۆتان - کە خوا کردۆیەتە مایەی گوزەرانتان - مەدەنە دەست کەم ئاوەزان؛ [بەلام] جلک و بژیویان لەماڵی خۆتان دابین کەن و بە ڕۆی خۆشەوە بیاندوێنن.

٦ هەتیوان تاقی کەنەوە تا دەبنە گەنجێ ڕەسیدە؛ جا ئەر دیتان خاس و خراپ لەیەکتر جوێ دەکەنەوە، ئەوسا ماڵیان بدەنەوە. لە ترسی ئەوەشدا نەوا گەورە ببن - بەدەر لە ئەندازەو بەلەز - ماڵیان مەخۆن. کێ زەنگینە خۆ پارێزی، کێش نەدارە، هەر ئەوندەی کە پێویستی ژیانیەتی - بەدابی ڕۆژ - لێی هەڵگرێ. هەرکاتێکیش ماڵەکەیان دەدەنەوە، با شایەت ئاگایان لێ بێ. بۆ لێ پرسینەوەش هەر خودا بەسە.

---

٦- زەنگین: دارا، دەوڵەمەند.

لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ
مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ ۚ نَصِيبًا
مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾ وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُولُو الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ
وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا
﴿٨﴾ وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا
خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٩﴾
إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي
بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾ يُوصِيكُمُ اللَّهُ
فِي أَوْلَادِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَاءً
فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا
النِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن
كَانَ لَهُ وَلَدٌ ۚ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ ۚ
فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي
بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۗ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ
نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١﴾

۷ لە کەلەپۆری دایو بابو خزمی نزیک - کەم بێ یان زۆر - نێرینە بەشی
خۆی هەیەو مێوینەش تیا بەشدارەو بەشیان بۆ بڕیاردراوە.
۸ گەر لە وەختی دابەشینی کە لەپۆڕدا، کەسو کارو هەتیوانو بێنەوایان
لەوێ هەبۆن، لەوماڵە شتێکیان دەنێو بە ڕوی خۆشەوە بیاندوێنن.
۹ ئەو کەسانەی لەپاش خۆیان منداڵانی سەروپێچکەی بێ دەستەڵات
بەجێ دێڵن، با لە وەسیەت کردنێدا، ترسی خوایان لە دڵدا بێو شتێکی
وا لەپاشە خۆیان ڕاسپێرن، هیچ ناهەقی تێدا نەبێ.
۱۰ ئەو کەسانەی بە نارەوا دارایی هەتیوان دەخۆن، با بزانن کە ئاگرێ
دەخەنە هەناویانەوەو تۆشی ئاگرێکی بەهەڵپەو گڕ دەبن.
۱۱ خودا پێو ڕادەگەیێنێ: کە لەپۆڕتان با بۆ نێرینە دۆبەشو بۆ مێوینە نیوەی
بەشی نێرینە بێ. گەر ژمارەی مێوینە لە دوان پتر بۆن، دۆبەش لە سێ
بەشی میراتەکەئەبەن. ئەگەر مێوینە یەکێ بۆ، نیوەی کەلەپۆر بۆئەمە.
ئەگەر مردۆ عەولادی لەپاش بەجێ ما، دایو بابی هەرکامێکیان شەش
یەکیان لەوماڵە هەیە. ئەگەر هیچ فرزەندی نیەو دایو بابی دەبێ
میراتەکە بگرن، لە سێکوت کوتێک بۆ دایکە. ئەگەر مردۆ براو خوشکی
بەجێ هێشتۆن، پاش دانەوەی قەرزو قوڵەو پێک هێنانی وەسیەتەکە،
دایک شەش یەکی پێدەبڕێ. ئێوە نازانن لە بابانو فرزەندانۆ کامیان بۆ
بەهرەپێدانۆ نزیکترن. بڕیارێکە لە خواوە بۆو داندراوە. خودا زانای
لەکارزانە.

۞ وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَٰجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن
لَّهُنَّ وَلَدٌۚ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ ٱلرُّبُعُ مِمَّا
تَرَكْنَۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍۚ
وَلَهُنَّ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌۚ
فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ ٱلثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمۚ
مِّنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍۗ وَإِن كَانَ
رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ
وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُۚ فَإِن كَانُوٓاْ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ
فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَآ
أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَآرٍّۚ وَصِيَّةً مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ
﴿١٢﴾ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ
يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ
خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٣﴾
وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدْخِلْهُ
نَارًا خَٰلِدًا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٤﴾

۱۲ لەو میراتەی لە ژنانۆ بەجێ دەمێنێ - ئەگەر هیچ فرزەندیان نەبۆ - لە
دۆبەش بەشێکتان هەیە. ئەگەر عەولادیشیان هەبۆ، ئێوە چوار یەکۆ
پێ‌دەبڕێ؛ پاش دانەوەی قەرزو قۆڵەو وەسیەتێ کە کردویانە. ئەگەر
ئێوە مردن‌و عەولادۆ نەبۆ، ژنەکانۆ چواریەکی میراتۆ دەگرن. ئەگەر
عەولادیشتان هەبۆ، ژنتان هەشت یەکیان پێ‌دەبڕێ؛ پاش پێک هێنانی
وەسیەتتان‌و دانەوەی قەرزو قۆڵە. ئەگەر پیاوێ یاکو ژنێ مردو باب‌و
فرزەندی لێ بەجێ نەماو برایەک یا خوشکێکی بۆ، هەریەک لەوان
شەش یەکی کەلەپۆری هەس. ئەگەر لە یەکێک پتر بون، بە هەمۆیان
سێ یەکی کەلەپۆر دەگا؛ پاش پێک هێنانی وەسیەت‌و دانەوەی قەرز.
ناشێ وەسیەت بە جۆرێک بێ کە بە ئانقەست بەزەرەری کەلەپۆرگران
تەواوبێ. ئەم بڕیارە لە خواوەیەو خوداش بۆخۆی ئاگادارو لەسەر خۆیە.
۱۳ ئەم دەستۆرانە سنۆرن خوا داینـاوە. هەرکەسێکی بە فەرمانی خوداو
پێغەمبەرەکەی بێ، دەینێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕواو
هەتا سەر هەر تیادەبن‌و لەو پەڕی بەختەوەریدان.
۱۴ هەرکەسێکیش لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی دەرچێ‌و سنۆری خوا بە
هیچ بگرێ، دەیخاتە دوڕ ئاگرەوەو هەتا سەر هەر لەوێ دەبێ‌و بەو پەڕی
سۆکایەتیەوە ئازاردەدرێ.

---

۱۴-دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست.

وَٱلَّٰتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ فَٱسۡتَشۡهِدُواْ
عَلَيۡهِنَّ أَرۡبَعَةٗ مِّنكُمۡۖ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمۡسِكُوهُنَّ فِي
ٱلۡبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلۡمَوۡتُ أَوۡ يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلٗا
١٥ وَٱلَّذَانِ يَأۡتِيَٰنِهَا مِنكُمۡ فَـَٔاذُوهُمَاۖ فَإِن تَابَا
وَأَصۡلَحَا فَأَعۡرِضُواْ عَنۡهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ تَوَّابٗا رَّحِيمًا
١٦ إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ
ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٖ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۗ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١٧ وَلَيۡسَتِ ٱلتَّوۡبَةُ لِلَّذِينَ
يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ
قَالَ إِنِّي تُبۡتُ ٱلۡـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمۡ كُفَّارٌۚ
أُوْلَٰٓئِكَ أَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا ١٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗاۖ وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ
لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ
مُّبَيِّنَةٖۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ فَإِن كَرِهۡتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ
أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَيَجۡعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ١٩

۱۵ هەر ژنێکتان کە هەستۆکرد نامۆیان بەخۆ فێردەکەن، چوار کەسی خاوەن باوەڕیان بەرنەسەرێ - لەوعانەدا کە لێک جوٚت بوٚن - وەختێ ئەوان هاتن شایەتیان لەسەر دان، هەر لەماڵدا قەتیسیان کەن تا بە مردن لەناودەچن یان تا خودا دەرەتانیان نیشان دەدا.

۱۶ ئەو جوٚتەی لە ئیوەکە ئەوکارە دەکەن، ئازاریان دەن. ئەگەر پەشیمان بوٚنەوەو دەستیان هەڵگرت و ڕێ چاکەیان گرتەبەر، ئێوە دەستیان لێ هەڵگرن. خوا لە پەژیوان دەبوٚرێ و دلوٚڤانە.

۱۷ خودا توٚبە هەر لەوانە قبوٚڵ دەکا کە لەڕوی نەزانینەوە خراپەیان لێ ڕوٚدەداو گورجێ پەژیوان دەبنەوە. خودا زانای لەکارزانە.

۱۸ ئیتر پەژیوان بوٚنەوەی ئەوانە هیچ بەهرەی نیە کە لە وەختی گیانەڵادا دەڵێن: ئێمە پەژیوانین. پەژیوانی ئەوانەشی قبوٚڵ نیە کە بە خوانەناسی دەمرن. ئێمە بوٚ وان ئازارێکی زوٚر بەژانمان سازکردوە.

۱۹ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بوٚتان ڕەوانیە ژنان بەزوٚرداری بکەنە ماڵی میراتی. نابێ زوٚریشیان بوٚبێنن برێک لەوەی پێتان داون دیسان لێیان بستێننەوە؛ جا مەگین هەر بەئاشکرا کاری بێ‌ناموٚسی بکەن. بەتەرزێکی جوان و ڕەوا، دەگەڵیانا بجوٚڵنەوە. ئەگەر خوٚشتان نەهات لێیان، شتی وا هەن ئێوە حەزی لێ نەکەن و چاکەی زوٚری لە خواوە بوٚنگوٚ تێدابێ.

---

۱۵-نامۆ: بێگانە، غەوارە، غەریبە. قەتیس: بێ‌دەرەتان، گیرکردگ.

۱۸-گیانەڵاو: دەمی ئاویلکەدان، کاتی گیان‌دەرچوٚن، گیانەڵا. ۱۹-بوٚنگوٚ: بوٚئێوە.

وَإِنۡ أَرَدتُّمُ ٱسۡتِبۡدَالَ زَوۡجٖ مَّكَانَ زَوۡجٖ وَءَاتَيۡتُمۡ
إِحۡدَىٰهُنَّ قِنطَارٗا فَلَا تَأۡخُذُواْ مِنۡهُ شَيۡـًٔاۚ أَتَأۡخُذُونَهُۥ
بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ﴿٢٠﴾ وَكَيۡفَ تَأۡخُذُونَهُۥ وَقَدۡ أَفۡضَىٰ
بَعۡضُكُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ وَأَخَذۡنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا
غَلِيظٗا ﴿٢١﴾ وَلَا تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ
ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدۡ سَلَفَۚ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَمَقۡتٗا
وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٢٢﴾ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ
وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ وَعَمَّٰتُكُمۡ وَخَٰلَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُ
ٱلۡأَخِ وَبَنَاتُ ٱلۡأُخۡتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِيٓ أَرۡضَعۡنَكُمۡ
وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمۡ
وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ
ٱلَّٰتِي دَخَلۡتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمۡ تَكُونُواْ دَخَلۡتُم بِهِنَّ
فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ وَحَلَٰٓئِلُ أَبۡنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ
مِنۡ أَصۡلَٰبِكُمۡ وَأَن تَجۡمَعُواْ بَيۡنَ ٱلۡأُخۡتَيۡنِ
إِلَّا مَا قَدۡ سَلَفَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٢٣﴾

۲۰ ئەگەر ویستۆ ژنی خۆتان بە ژنێکی دیکە وەگۆڕن، ئەگەر بە ژنەکەی پێشۆتان کلۆرێک دراوتان دابێ، نابێ لێیان بستێننەوە. گەرەکتانە بەبوختان و بەخۆتۆشی گوناحی ئاشکرا کردن بیستێننەوە!؟
۲۱ جاچۆنیان لێ دەستێننەوە، کە ئێوە بەیەکەوەبۆن و هەر لە جێ و بانێکدا خەوتۆن؛ خۆشیتان لە یەکتر دیوەو ئەوان پەیمانی پتەویان دەگەڵ ئێوەدا بەستۆە!؟
۲۲ ژنانێک مەخوازن کە باوانی ئێوە خواستۆیانن، مەگەر ئەوەی کە بۆریوە. چونکە سەرجێ‌یی ئەمانە بە داوێن‌پیسی دادەندرێ و زۆر شۆرەییەو ڕێبازێکی زۆر خراپە.
۲۳ ئەوژنانەی پێو ناشێن و لەسەرتان حەرام کراون، بریەتین لە: دایک و کچ و خوشک و پلک و خاڵتیک و کچی براو کچی خوشک و ئەو ژنانەی بەساوایی شیری ئەمانۆ خواردوەو ئەو کیژەی هاوشیرتان بوەو خەسۆتان و ئەو کیژانەی خۆتان بەخودانۆ کردۆن و لەو ژنانەن کە ئێوە دەگەڵیان خەوتۆن؛ ئەگەر دەگەڵیان نەخەوتۆن قەیدی نیە. هەروەها ژنی کوڕیشتان؛ کە بەڕاستی ئەو کوڕە هەر لەخۆتان بێ؛ دۆخوشکیش پێکەوە هێنان ڕەوانیە؛ جا مەگین هەر لەپێشۆدا ئەمکارەو بەسەر هاتبێ. کە خوا لە هەڵە دەبۆرێ و دلۆڤانە.

---

۲۲-بۆریو:رابردو. ۲۳-پلک: پۆر،خوشکی باوک. خاڵتیک: خۆشکی دایک.

۞ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۖ
كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمۡ أَن تَبۡتَغُواْ
بِأَمۡوَٰلِكُم مُّحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَۚ فَمَا ٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهِۦ
مِنۡهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةٗۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ
فِيمَا تَرَٰضَيۡتُم بِهِۦ مِنۢ بَعۡدِ ٱلۡفَرِيضَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا
حَكِيمٗا ٢٤ وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ
ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن
فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِكُمۚ بَعۡضُكُم مِّنۢ
بَعۡضٖۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذۡنِ أَهۡلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ
بِٱلۡمَعۡرُوفِ مُحۡصَنَٰتٍ غَيۡرَ مُسَٰفِحَٰتٖ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ
أَخۡدَانٖۚ فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ
مَا عَلَى ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ مِنَ ٱلۡعَذَابِۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ
ٱلۡعَنَتَ مِنكُمۡۚ وَأَن تَصۡبِرُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ
٢٥ يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمۡ وَيَهۡدِيَكُمۡ سُنَنَ ٱلَّذِينَ
مِن قَبۡلِكُمۡ وَيَتُوبَ عَلَيۡكُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٢٦

۲۴ ژنی بەشوٚتان پێ ناشێ؛ مەگین ئەوانەی بوٚنەتەماڵی خوٚتان. لە خوداوە
ئەم بڕیارەو بوٚ نوسراوە. جیا لەمە ڕێودراوە بە دراوی خوٚتان ژن بێنن؛
بەڵام بەپاکی بێ نە بە داوێنپیسی. لە بەرانبەر ئەو لەزەتەی لە ژنەکانی
دەبینن، ئەو ماڵەی خودا بوٚیانی بڕیارداوەو کرای خوٚیانە لەسەرتان،
ئێوە بیدەن. ئەگەر لەپاش دیاری کردنی مارەیی، لەنێو خوٚتاندا پێک
هاتن، هیچ گوناهێکوٚ ناگاتێ و خودا زانای لە کاڕزانە.
۲۵ کێش دەستەنگەو ئەو ماڵەی بوٚ هەڵناسوڕێ کە ژنی خاوەن باوەڕی ئازاد
بێنێ، باڵەو کیژە باوەڕدارانە وابوٚنەتە ئی خوٚتان، مارەبکا. خوداش
لەهەرکەس زیاتر لەبڕواتان ئاگادارە. هەموٚتان تیرەی یەکترن؛ بە
دەستوٚری خاوەنیان مارەیان بکەن. چوٚن باوە لەناو خوٚتاندا مارەییان بوٚ
ببڕنەوە. ئەوانیش با کەنیزانێ داوێن پاک بن، نە داوێن تەڕ؛ لەژێرەوە
دوٚستی نێرینەیان نەبێ. بەڵام ئەگەر لەپاش ئەوەی هاتنەبەر ڕکێفی
ئێوە، دەستیان دەگەڵ پیاوی نامەحرەم تێکەڵ کرد، ئازاردانیان نیوەی
ئەو ژنانە دەبێ کە شوٚیان هەیەو ئازادن. ئەمە بوٚ ئەو کەسانەیە ڕەبەنی
ئازاریان دەدا. ئەگەر ئێوە خوٚڕاگربن، بێ گومان بوٚتان باشترە. خودا لە
هەڵە دەبوٚرێ و دلوٚڤانە.
۲۶ خوا گەرەکیە ڕێتان بوٚ ڕوٚن بکاتەوەو لە ڕێوشوێنی پیشینانیش شارەزاوکاو
پەژیوانیو لێ قەبوٚڵ کا. خودا زانای لەکاڕزانە.

---

۲۵- هاتنە بەرڕکێف: بریتی لە شوٚیێکردن. ڕەبەن: سەڵت، بێ ژن.

وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡكُمۡ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ
ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمٗا ﴿٢٧﴾ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ
عَنكُمۡۚ وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفٗا ﴿٢٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن
تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ﴿٢٩﴾ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ عُدۡوَٰنٗا
وَظُلۡمٗا فَسَوۡفَ نُصۡلِيهِ نَارٗاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ
يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ
عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَنُدۡخِلۡكُم مُّدۡخَلٗا كَرِيمٗا ﴿٣١﴾
وَلَا تَتَمَنَّوۡاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ لِّلرِّجَالِ
نَصِيبٞ مِّمَّا ٱكۡتَسَبُواْۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٞ مِّمَّا ٱكۡتَسَبۡنَۚ
وَسۡـَٔلُواْ ٱللَّهَ مِن فَضۡلِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيۡءٍ
عَلِيمٗا ﴿٣٢﴾ وَلِكُلّٖ جَعَلۡنَا مَوَٰلِيَ مِمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ
وَٱلۡأَقۡرَبُونَۚ وَٱلَّذِينَ عَقَدَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡ فَـَٔاتُوهُمۡ
نَصِيبَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدًا ﴿٣٣﴾

٢٧ خودا دەیەوێ تۆبەتان لێ قبوڵ‌کا. ئەوانەش وا ئەکەونە شوێن هەواو هەوەس، دەیانەوێ - بەتەواوی - ئێوە لە ڕێگە لابدەن.

٢٨ خوا گەرەکیە ئەرکتان لەسەر سوک بکاو مرۆش بە بێ‌هێزو پێزی دروست بوە.

٢٩ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ماڵ‌و دارایی یەکتری - لەخوت وخۆڕایی - مەخۆن؛ مەگین بە سەوداو مامڵەو بەڕازی بۆن لەناو خۆتان؛ کە ئەوسا پێتان ڕەوایە. بەهەق نەبێ نابێ یەکتریش بکوژن. خودا دەربارەی هەمۆتان دلۆڤانە.

٣٠ هەرکەسێکیش لە ناهەق‌و هەر بەنیازی دەسدرێژی ئەم جۆرە کارانە بکا، گرفتاری ئاری دەکەین. ئەم کارە لەلایەن خودا زۆر هاسانە.

٣١ ئەگەر ئێوە ئەوتاوانە زەلامانەی پێمان ڕاگەیاندۆن نەیکەن‌و خۆتان دۆرەپەرێز بگرن، هەڵەو پەڵەی دیکەتان لەسەر لادەبەین‌و دەتانبەینە شوێنێکی بەقەدرو عیزەت.

٣٢ نابێ ئاوات بە ئەوشتانە بخوازن کە خوا بەوانە هێندێک لەنگۆی بەرانبەربە هێندێکی تر سەرخستوە. پیاوان بەپێی کردەوەو کوششی خۆیان، ژنەکانیش بەرانبەر بە کردەوەیان [ هەرکام ] بەشی خۆیان هەیە. ئێوە دەبێ هەر لەبەر خودا وەپاڕێن، چاکەتان دەرباره بکا. خودا بۆخۆی لە هەمۆشت ئاگادارە.

٣٣ دای‌و باب‌و خزمە زۆر نزیکەکان‌و ئەو کەسانەی پەیمانۆ دەگەڵ گرێدان، هەرکا مردن‌و ماڵێکیان لەدوا مابۆ، با بەشی خۆیان پێ‌بگا. خودا لەسەر هەمۆشتی ئاگادارە.

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ
عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ
قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ
نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ
وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا ﴿٣٤﴾ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ
بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن
يُرِيدَآ إِصۡلَٰحٗا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرٗا
﴿٣٥﴾ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ
إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ
ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ
وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن
كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ﴿٣٦﴾ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ
ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِ وَيَكۡتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
مِن فَضۡلِهِۦۗ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ﴿٣٧﴾

٣٤ پیاوان بەسەر ژناندا دەستەلاتیان هەس، کە خوا هێندێکی لەهێندێ
هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێ چۆنی ماڵیان
لەسەرشانە. جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێبیسن‌و - وەک خودا
فەرمانی داوە - دۆر لە شۆیان شەرمی خۆیان دەپارێزن‌و ئاگایان لە
ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بۆنیان دەترسن، نسحەت کەن‌و
جێگەیان لێ جیاکەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر
فەرمان، ئێوە بیانوی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێ‌بەرزو زانایە.
٣٥ ئەگەر ترسان کە ژن‌و شۆ لێک دۆدڵن‌و وێک هەڵناکەن، کەیخودایەک لە
کەس وکاری پیاوەکەو کەس‌و کارێکی ژنەکە بڵا ببنە ناوبژیکەر؛ هەرگا
هەردوک لا ڕازی بۆن پێک بێنەوە، خودا پێکیان دێنێتەوە، خودا زاناو
ئاگادارە.
٣٦ عەبدایەتی خوا بکەن‌و هیچ شت مەکەن بە شەریکی. دەربارەی دای‌و
بابتان‌و خزمەکان‌و هەتیوان‌و هەژاران‌و هاوسای دیوار بە دیوارو هاوسای
دۆرو هەواڵی هەمیشەیی‌تان، ئەوانەی لە ڕێدا ماون‌و ئەوانەی بۆنەتە
موڵکتان، تا دەتوانن چاکەبکەن. ئەوکەسانەی لۆت‌بڵندو خۆپەسندن،
خودا هیچ کامی خۆش ناوێن.
٣٧ ئەو کەسانەی چکۆسی دەکەنە پیشەو خەڵکیش بۆ ڕژدی هان‌دەدەن،
ئەو بەشەی خودا پێیداون دەیشێرنەوە. [با بزانن کە] ئێمە بۆ پێ‌نەزانان
ئازاری ئابڕۆبەرەمان ئامادەیە.

---

٣٤-ئەشقی: یاخی، گوێنەدەر بە یاساو ڕێ‌و شوێن. ٣٥-وێک هەڵناکەن: پێکەوە نایانکرێ، پێک نایەن. ٣٧-چکۆسی: ڕژدی، نان‌نەخۆری.

وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُونَ
بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۗ وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيۡطَٰنُ لَهُۥ قَرِينٗا فَسَآءَ
قَرِينٗا ٣٨ وَمَاذَا عَلَيۡهِمۡ لَوۡ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَأَنفَقُواْ
مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمۡ عَلِيمًا ٣٩ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ
مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ
أَجۡرًا عَظِيمٗا ٤٠ فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ
وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا ٤١ يَوۡمَئِذٖ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا يَكۡتُمُونَ
ٱللَّهَ حَدِيثٗا ٤٢ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي
سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ
أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ
فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ
ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ٤٣ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ
ٱلۡكِتَٰبِ يَشۡتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّواْ ٱلسَّبِيلَ ٤٤

۳۸ ئەوکەسانەش کە بۆ ڕۆبینی لە مەردم، ماڵی خۆ بەخت دەکەن و
باوەڕیشیان بە خواو ڕۆژی قیامەت نیە، [هەواڵەتی شەیتان دەکەن]؛
هەرکەسیش شەیتان یاری بێ، خراپترین یاری هەیە.
۳۹ چیان لێدەهات ئەمانە، باوەڕیان با بە خوداو بە ڕۆژی سەلاو ئەوسا
لەوماڵەی کە خودا بەشی داون، بیانبەخشیبا؟ خوا بەکارو باری ئەوان
باش دەزانێ.
۴۰ خوا بە سەنگی مێروولەی زەردی وردیلەش ناهەقی لە هیچ کەس ناکا؛
بەڵام هەمبەر بە هەرچاکەیێکی بیکەن، دوئەوەندە پاداش دەداو
سەرەڕای ئەو پاداش دانەش خەلاتی گرینگیان هەیە.
۴۱ دەبێ چۆن بێ ئەگەر ئێمە لە هەرکۆمەڵێ هاوئایین یەکێکمان لێ
هەڵبژاردن کە ببنە شایەت لە سەریان؛ تۆشمان کردە شایەتێک لەسەر
ئەمانە؟
۴۲ ئەوێ ڕۆژێ ئەو کەسانەی لەڕێی خودا کلا بونو بەقسەی پێغەمبەریان
نەکرد، حەزێ دەکەن ڕێکی ڕۆکاری زەوی بان؛ ناشتوانن هیچ قسەیێک
لە خوا وەشێرن.
۴۳ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە سەرخۆشی لە نوێژێ نزیک مەبنەوە، هەتا
تێبگەن دەڵێن چی. بە لەش پیسیش نوێژێ مەکەن - مەگین وەختێ
ڕاگوزەر بن - تا کاتێ کە خۆ دەشۆرن. ئەگەر - دنیابو - نەخۆش بوٚن
یان ڕێبواربوٚن یان یەکێکتان لە سەر پێشاوێ هاتەوە یان تخوٚنی ژنان
کەوتن و دەستو بە ئاو ڕانەگەیشت، خوٚڵێکی پاک پەیداکەن و ڕوخسارو
دەستەکانتانی پێ بهەنوٚن. خودا چاوپۆشیو لێدەکاو لێو دەبوٚرێ.
۴۴ ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە کە بەشێک لە کتێبی خودایان پێدراوە، چۆن ڕێ
لەخۆ هەڵەدەکەن، دەشیانەوێ ئێوەش لە ڕێگە لابدەن؟

---

۴۳- هەنوٚن: تێ‌ساوین و توند بەدەست ماڵین.

وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِأَعۡدَآئِكُمۡۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيّٗا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرٗا ٤٥
مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَيَقُولُونَ
سَمِعۡنَا وَعَصَيۡنَا وَٱسۡمَعۡ غَيۡرَ مُسۡمَعٖ وَرَٰعِنَا لَيَّۢا بِأَلۡسِنَتِهِمۡ
وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا وَٱسۡمَعۡ وَٱنظُرۡنَا
لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَقۡوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ
إِلَّا قَلِيلٗا ٤٦ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا
مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبۡلِ أَن نَّطۡمِسَ وُجُوهٗا فَنَرُدَّهَا
عَلَىٰٓ أَدۡبَارِهَآ أَوۡ نَلۡعَنَهُمۡ كَمَا لَعَنَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلسَّبۡتِۚ وَكَانَ أَمۡرُ
ٱللَّهِ مَفۡعُولًا ٤٧ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا
٤٨ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ
وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ٤٩ ٱنظُرۡ كَيۡفَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ
وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثۡمٗا مُّبِينًا ٥٠ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا
مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ
لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا ٥١

۴۵ خودا دوژمنانی ئێوە لە خۆتان باشتر دەناسێ، ئێوە هەر خودا یاریدەرتان بێ، بەسە.
۴۶ هێندێکەس لە جوولەکەکان، وتاری خوا دەگۆڕن و قسەی تری دەخەنە جێ. بە تۆش دەڵێن: بیستمان و گوێمان نەدا؛ تۆش ببیسە: دەک قەت گوێت لە ئێمە نەبێ! زمانیان دەلالچ دەگرن و تانە لە دینت دەدەن و بە تەشەر ئێژن: «راعنا». ئەگەر ئەمان بیانگوتایە: بیستمان و بەقسەت دەکەین و لێمان بیستی و دەبێ چاوێکت لێمان بێ، بۆیان چاکترو ڕاستتر بو. بەڵام خودا لەسەر ئەو ڕێ گۆڕینەیان نەفرینی خۆی لێکردوون و لەوانە - کەمێکیان نەبێ - نایانەوێ بڕوابێنن.
۴۷ ئەی ئەوانەی لەپێشوودا کتێبی خوداو بۆ هاتبو! بڕوابینن بەمەی ئێمە ناردومانەتە خوارەوە؛ کە بڕوای بەوانەش هەیە وان لە کتێبەکەی ئێوەدا. بەر لەوەی دەموچاوگەلێ ساف بکەین و وەکی پشتی سەریان لێکەین، ئێوەش هەر وەک ئەوانەی شەمۆیان شکاند، بەر نەحلەتی ئێمە کەون و خوا بە هەرچی فەرمان بدا هەر وەدی دێ.
۴۸ خودا لەوانە خۆش نابێ کە بێژن هاوکاری هەیە. لەمە بەدەر هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ، لێی دەبوورێ. ئەو کەسانەی دەڵێن: خوا هاوکاری هەیە، بوختانێکی گەورەیان لە دەم دەردەچێ و تاوانێکی مەزن دەکەن.
۴۹ تۆ لەوانەت نەڕوانیوە کە هەر خۆیان پاکانە بۆ خۆیان دەکەن؟ نازانن پاکانەی هەرکەس بە خودایەو هەر خودایە کە بەقەد هەودای باریکی ناوکەخورماش ناهەقی لە هیچ کەس ناکا.
۵۰ دە بڕوانە درۆی چلۆن بەدەم خواوە هەڵدەبەستن؛ تاوان لەمە ئاشکراتر [نەبوەو] نابێ.
۵۱ ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە، کەوا بەشێک لە کتێبیان پێدراوەو بە بت و تاغووتێ بڕوایان هێناوە؟ ئێژن: ڕێ خوانەناسەکان لە ڕێگەی بڕوادارەکان سەرڕاسترە!؟

---

۴۶-راعنا: بڕوانە لاپەڕەی ۱۶؛ ئایەتی ۱۰۴.   ۴۷-شەمۆ: شەممە، ڕۆژی وچاندانی جوو.

أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُۖ وَمَن يَلۡعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾
أَمۡ لَهُمۡ نَصِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُلۡكِ فَإِذٗا لَّا يُؤۡتُونَ ٱلنَّاسَ نَقِيرًا ﴿٥٣﴾ أَمۡ
يَحۡسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۖ فَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ
ءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَءَاتَيۡنَٰهُم مُّلۡكًا عَظِيمٗا ﴿٥٤﴾
فَمِنۡهُم مَّنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن صَدَّ عَنۡهُۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا
﴿٥٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوۡفَ نُصۡلِيهِمۡ نَارٗا كُلَّمَا نَضِجَتۡ
جُلُودُهُم بَدَّلۡنَٰهُمۡ جُلُودًا غَيۡرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَۗ إِنَّ ٱللَّهَ
كَانَ عَزِيزًا حَكِيمٗا ﴿٥٦﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
سَنُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ
لَّهُمۡ فِيهَآ أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ وَنُدۡخِلُهُمۡ ظِلّٗا ظَلِيلًا ﴿٥٧﴾ ۞ إِنَّ
ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ
ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا
بَصِيرٗا ﴿٥٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي
ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ
تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾

۵۲ ئەوانە وەبەر نەحلەتی خودا کەوتوّن؛ هەرکێ خوا نەحلەتی لێ بکا، هیچ
کەسێ دەهانای نایە.
۵۳ ئاخوّ ئەمان بەشیان بەوموڵکەوە هەیە؟ ئەگەر بیشیانبێ، ئەوەندەی
تێکوڵی دەنکەخورمایەک بەهرەیان بوّ مەردم نیە.
۵۴ یان ئەوانە ئێرەیی بەمانە دەبەن کە خوا چاکەی دەگەڵ کردوّن؟ خوّ
دیاریشە ئێمە بە بەرەی ئیبراهیم کتێب و کارزانیمان داو دەستەڵاتێکی
گەورەشمان پێ سپاردن.
۵۵ برێک برِوایان پێ هێناو برێکتر رِویان وەرگێرِا؛ کە ئەوانە کڵی جەهەندەم
[بەشیانەو] بەسیشیانە.
۵۶ ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی ئێمە حاشادەکەن، لە دوارِوّژدا بە ئاگر
دەیان سوّتێنین هەتا پێستیان داپلوّخا، پێستی تریان بوّ دەگوّرِین تا ئازار
پتر بچێژن. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
۵۷ ئەوکەسانەش کە بوّنە خاوەنی برِواو ئاکاری چاک رەچاودەکەن،
دەیانبەینە باغاتی وا جوّباریان بەبەردا دەرِواو هەتا سەر هەر تیادەبن؛
ژنانی پاک لە گش عەیب و سێبەری پریان دەدەینێ.
۵۸ خودا فەرمانو پێدەدا، هەرچی ماڵی ئامانەتە بیاندەنەوە بە خاوەنیان؛
هەرگایەکیش بەکاری مەردم رِادەگەن، بێ لاگری و بەیەکسانی
پێ رِابگەن. خودا زوّرباش ئاموژگاریتان بوّ دەکا. خودا هەموشتێک
دەبیسێ و هەموشتێکیش دەبینێ.
۵۹ ئەی گەلی خاوەن باوەرِان! بەر فەرمانی خوداو پێغەمبەری خوداو
کاربەدەستانی خوّتان بن. هەرکاتێکیش لەسەر شتێ لەنێو خوّدا پێک
نەهاتن، ئەگەر برِواتان بە خوداو بە رِوّژی قیامەتێ هەیە، کێشەی
خوّتان حەواڵەی خواو پێغەمبەری خودا بکەن. ئەم کارە بوّتان باشترەو
ئاکامی چاکتری هەیە.

أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ
وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ
وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦۖ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ
ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ٦٠ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيۡتَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ
صُدُودٗا ٦١ فَكَيۡفَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةُۢ بِمَا
قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّآ
إِحۡسَٰنٗا وَتَوۡفِيقًا ٦٢ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ مَا
فِي قُلُوبِهِمۡ فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ وَعِظۡهُمۡ وَقُل لَّهُمۡ فِيٓ
أَنفُسِهِمۡ قَوۡلَۢا بَلِيغٗا ٦٣ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا
لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ
جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ
لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابٗا رَّحِيمٗا ٦٤ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ
حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ
فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ٦٥

۶۰ ئەدی ئەوانەت نەدیوە، وایان خۆ هەڵخستۆتەوە، بەو قورعانەی بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوەو بەو کتێبەش کە بەرلە تۆ ناردراوە، بڕوا دەکەن؛ دەشیانەوێ کێشەیان بەرنە لای تاغوت؛ فەرمانیشیان پێدراوە: حاشای لێکەن. دیارە شەیتان وای گەرەکە بەیەکجاری لەڕێگەیان هەڵەبکا.

۶۱ ئەگەر بێتو پیان بڵێن: وەرنە لای ئەم قورعانەوە کە خوا ناردویەتە خوارێو وەرنە لای ئەم پێغەمبەرە، دوڕازەکان دەبینی کە زۆر بە توندی ڕۆیان لە تۆ وەردەگێڕن.

۶۲ ئەدی چۆنە کە ئەوانە لەسەر کارێ خۆیان دەیکەن، هەرگا تۆشی بەڵایەک بوَن، دێنە لاتو بە خوا سوێندەخۆن کە: ئێمە بەنیازی چاکەکردنو نێوان خۆشی ئەو ئاکارەمان ڕەچاوکرد؟

۶۳ خوا دەزانێ ئەوانە چیان لەدڵدایە. ئەتۆ هەر وازیان لێ بێنەو نسحەتیان کەو تەرزێکی وایان بدوێنە، دڵیان بەرەو خۆت ڕاکێشی.

۶۴ هەر کەسێکمان بە پێغەمبەری ناردوە، بۆیە بوە کە بەخەڵک ڕابگەیێنێ، بە ئیزنی خوا دەبێ فەرمانی قبوڵکەن. جا ئەمانەش لەپاش ئەوەی کە ئەوغەدرەیان لە خۆ کرد، گەر بهاتبانەوە لای تۆو داوای خودا لێ خۆشبوَنیان بکردایە؛ تۆیەکیش کە پێغەمبەری، داوای لەگوناه بوَردنت بۆ ئەوانە بکردبا، بێگومان ئەوسا دەیاندی کە خوا پەژیوانیەکەیان قبوڵ دەکاو دلۆڤانە.

۶۵ بەڵام نەخێر، سوێندەکە بە پەروەرندەی تۆ ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگین وەختێ کە لە کێشەو هەرای نێوان خۆیانا بتکەنە قازیو لە دڵەوە بە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی ڕەدایان بێو بە تەواوی ملکەچی بن.

---

۶۰- خۆهەڵخستن: خۆنیشاندان، خۆخستنەبەرچاو. ۶۱- دوڕاز: دوڕو، مونافیق.

وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ ٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ أَوِ ٱخْرُجُوا۟ مِن
دِيَٰرِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ ۖ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا۟ مَا يُوعَظُونَ
بِهِۦ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ﴿٦٦﴾ وَإِذًا لَّءَاتَيْنَٰهُم مِّن
لَّدُنَّآ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٦٧﴾ وَلَهَدَيْنَٰهُمْ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٦٨﴾
وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم
مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ
أُو۟لَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾ ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ
بِٱللَّهِ عَلِيمًا ﴿٧٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ خُذُوا۟ حِذْرَكُمْ
فَٱنفِرُوا۟ ثُبَاتٍ أَوِ ٱنفِرُوا۟ جَمِيعًا ﴿٧١﴾ وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ
فَإِنْ أَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَىَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ
شَهِيدًا ﴿٧٢﴾ وَلَئِنْ أَصَٰبَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ ٱللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن
لَّمْ تَكُنۢ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُۥ مَوَدَّةٌ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ
فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧٣﴾ ۞ فَلْيُقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ
يَشْرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَمَن يُقَٰتِلْ فِى
سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٧٤﴾

٦٦ ئەگەر ئێمە بۆ ئەمانەمان نوسیبا، کوشتاری خۆبەخۆ بکەن یان لە وڵاتۆ
دەرکەون - کەمیان نەبێ - نەیاندەکرد. کەچی ئەگەر وەکۆ
نەسیحەتیان دەکرا کردبایان، بۆ ئەوان چاکی دەهێناو باوەڕیشیان بە
خودا پتەوتر دەبو.
٦٧ ئەوسا ئێمەش لە لایەنی خۆمانەوە پاداشێکی مەزنمان بەوان
دەبەخشی.
٦٨ واشمان دەکرد کە لە ڕێگەی ڕاستی ئێمەش شارەزابن.
٦٩ هەرکەسێکی بەرفەرمانی خوداو ئەم پێغەمبەرە بێ، دەبێتە هاوڕێی
ئەوانەی خودا چاکەی دەگەڵ کردون؛ لە ڕێزەی پێغەمبەران و خودا
پەرستانی ڕاستی و شەهیدان و پیاو چاکەکان؛ چ هاوریانێکی چاکیشن
ئەمانە!
٧٠ ئەم چاکەیە خودا دەربارەیان دەکاو خوایان بەسە کە بە کردەیان
دەزانێ.
٧١ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەمیشە هۆشی خۆو هەبێ و ئامادە بن.
دەستە دەستە، یان پێکەوەو بە تێکڕایی، بچنە خەزا.
٧٢ هێندێکی واتان دەناودان کە لەئانقەست خۆ وەدوا دەداو ناوگاتێ. ئەگەر
ئەوسا ئێوە تۆشی چۆرتمێک بن، ئێژێ: خودا منی بە چاکە خوێندەوە کە
من دەگەڵیاندا نەبۆم.
٧٣ ئەگەر ئێوە لەسایەی چاکەی خوداوە دەسکەوتێ باشۆ دەس کەوت،
وەک کەسێکی کە دەپێشدا هەر یەکترو نەناسیبێ و دۆستایەتیتان
نەبوبێ، ئێژێ: خۆزی منیش ڕەگەڵیان کەوتبام؛ ئەوسا منیش لەو
خێروبێرە گەورەیە بەشدار دەبۆم.
٧٤ با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایە هەڵدەگرن، بچنە خەزا لەڕای
خوادا. ئەوەش کە دەچێتە خەزا لەڕێی خودا، چ بکوژرێ و چ سەرکەوێ
لەودنیا پاداشێکی گەورەی دەدەینێ.

وَمَا لَكُمْ لَا تُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ
ٱلظَّالِمِ أَهْلُهَا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ
نَصِيرًا ﴿٧٥﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓا۟ أَوْلِيَآءَ ٱلشَّيْطَٰنِ ۖ إِنَّ كَيْدَ
ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓا۟ أَيْدِيَكُمْ
وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ
مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا لِمَ
كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا
قَلِيلٌ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾ أَيْنَمَا
تَكُونُوا۟ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ۗ وَإِن تُصِبْهُمْ
حَسَنَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا۟
هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ
يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾ مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن
سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ وَأَرْسَلْنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٧٩﴾

۷۵ بۆچی ئێوەناچنە خەزا لەڕای خوداو لەبەر هێزلێ‌گیراوەکان ؟ لەبەر
پیاوان‌و ژنان‌و مندالانێ کە دەلێن : ئەی پەروەرێنمان ! لەم شارە
واخەڵکەکەی ناهەقیکارن، رزگارن‌کەو لەلای خۆتەوە یارویاوەرێکمان
بۆدیاری بکە!
۷۶ ئەوانەی خاوەن باوەڕن، خەزا لەڕای خودا دەکەن. ئەوانەش کە
خوانەناسن لە ڕێگەی تاغوت شەڕدەکەن. دەسا ئێوە بچنە شەڕی
ئەوانەی دۆستی شەیتانن، فێڵی شەیتان زەبۆن‌و بێ‌هێزوپێزە.
۷۷ ئاخو ئەوانەت نەدیوە، پێیان گوترا: هەتا لە مەککەن شەڕمەکەن؛
نوێژبکەن‌و زەکات بدەن. کاتێ بیستیان خەزایان لەسەر نوسراوەو زانیان
دەبێ بچنەشەڕێ، ئەوەندەیان لەوخەڵکەی کە دەچنەگژیان ترس
ڕێ‌نیشت، کە لە خوداش هەر ئەوەندە ترساون‌و بگرە پتریش دەترسان ؟
دەیانگوت: ئەی پەروەرێنمان! بۆچی خەزات بۆ نۆسیوین، چی دەبۆ تا
ماوەیەکی‌تر دوات خستباین ؟ بێژە: ژیانی دنیایە کەم‌و کورتەو بۆ
ئەوانەی کە ترسیان لە خودا هەیە، ژیانی ئەولا زۆر باشترەو بەقەد
داوی زراوی ناو دەنکەخورما، کەس ناهەقی لێ ناکرێ.
۷۸ لە هەرکوێ بن تەنانەت ئەگەر لە قەلای زۆر قایمیش [ خۆ وەشێرن ] ،
مردن دەتاندۆزێتەوە. هەرگا چاکەیان دێتەڕێ، ئێژن: ئەمە لەخواوەیە.
ئەگەر تۆشی ناخۆشیش بۆن، ئێژن: ئەمە لەتۆڕا بۆ. بێژە: خۆشی‌و
ناخۆشی هەر بەدەس خوایە. ئەرێ ئەم مەردمە چیانە ؟ وەکۆ دەهیچ
قسەیەک تێ‌نەگەن وایە!
۷۹ تۆشی هەرچاکەیەک ببی، لەخواوەیە. نالەباریشت بێتەڕێ، بزانە کە
لەخۆتڕایە. تۆمان کل کرد کە بەسەر ئەومەردمەوە پێغەمبەربی.
هێندەت بەسە کە خودا ئاگای لێت هەیە.

مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ
عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ﴿٨٠﴾ وَيَقُولُونَ طَاعَةٞ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنۡ
عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ غَيۡرَ ٱلَّذِي تَقُولُۖ وَٱللَّهُ يَكۡتُبُ
مَا يُبَيِّتُونَۖ فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا
﴿٨١﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ
فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا ﴿٨٢﴾ وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ
أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي
ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ
ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾
فَقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ وَحَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ
عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأۡسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأۡسٗا
وَأَشَدُّ تَنكِيلٗا ﴿٨٤﴾ مَّن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةً حَسَنَةٗ يَكُن لَّهُۥ
نَصِيبٞ مِّنۡهَاۖ وَمَن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةٗ سَيِّئَةٗ يَكُن لَّهُۥ كِفۡلٞ مِّنۡهَاۗ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقِيتٗا ﴿٨٥﴾ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٖ فَحَيُّواْ
بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾

۸۰ هەرکەسێکی بەرفەرمانی پێغەمبەرە، دیارە بەرفەرمانی خوایە؛ هەرکەسیش خۆی لێ ببوێرێ، ئێمە بۆیەمان تۆ نەنارد کە لەسەریان چاوەدێربی.
۸۱ [ لەناویاندا کەسانێ هەن] ئێژن: ئێمە لە فەرمانی تۆ دەرناچین؛ بەڵام کە لێت دۆردەکەون - پێچەوانەی فەرمانی تۆ - شەوانە راوێژێ دەکەن. هەر خەیاڵێ کەلەشەودا بەدڵیاندا ڕادەبۆرێ، خوا دەینۆسێ. تۆ ئەشێ وازیان لێبێنیو خۆت هەر بە خودا بسپێریو کارسازت خودا بێ بەستە.
۸۲ ئاخۆ ئەمانە لە قورئان وردنابنەوەو[ سەرنجی ڕانەکێشاون] ؟ ئەگەر قورئان کاری کەسێکیتر بوایە غەیرەز خودا، دیارە مەبەستی ناڕێکو دژ یەکتریان فرە تێدا پەیدادەکرد.
۸۳ هەرگایەکی سەبارەت بە هێمنایەتی، یان مەترسی، دەنگوباسێکیان پێدەگا، سەربەخۆ لە لای هەمۆکەس دەیکەنەقاو. گەر هەر لەلای پێغەمبەرو کار بەدەستەکانی خۆیان بیانگوتایە، دەیانزانی ڕاستەقینەکەی کامەیەو ئەوجۆرە دەنگوباسانە لەکوێوە سەریان هەڵداوە. ئەگەر چاکەو بەزەیی خواتان نەبوایە، - کەمتان نەبێ - دەبۆنە پەیرەوی شەیتان.
۸۴ تۆ لەسەرتە لەڕای خودا بچیەخەزاو تۆ هەر ئەرکی خۆت لەسەرە. دنەو هانەی باوەڕدارەکانیش بدە، شایەت خودا لە بەدفەڕیو زەبروزەنگی خوانەناسان بۆپارێزێ. خودا لەوان بەگورترو ئازاترەو لە بەلابەسەرهێنانیش لەوان بەدەستوبردترە.
۸۵ هەرکێ بێتە تکاکارو تکای بۆ کاری چاکە بێ، خۆیشی بەشی تێدا هەیە. هەر کەسێکیش تکا بۆ خراپە بکا، ئەویش بەشی لە خراپەکە پێدەگا. خودا لەسەرهەمۆ شتێ توانایە.
۸۶ هەرکەسێکی چاکو خۆشیتان لێدەکا، ئێوە چاکتر چاکو خۆشی دەگەل بکەن؛ یان وەکۆ ئەو پەرسڤەکەی بدەنەوە. خوا بە هەمۆشت ڕادەگا.

---

۸۶- پەرسڤ: جواو، وەرام.

ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۗ
وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ﴿٨٧﴾ ۞ فَمَا لَكُمْ فِى ٱلْمُنَٰفِقِينَ
فِئَتَيْنِ وَٱللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓا۟ ۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُوا۟ مَنْ
أَضَلَّ ٱللَّهُ ۖ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا ﴿٨٨﴾ وَدُّوا۟ لَوْ
تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا۟ فَتَكُونُونَ سَوَآءً ۖ فَلَا تَتَّخِذُوا۟ مِنْهُمْ أَوْلِيَآءَ
حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَخُذُوهُمْ وَٱقْتُلُوهُمْ
حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ ۖ وَلَا تَتَّخِذُوا۟ مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٨٩﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ أَوْ جَآءُوكُمْ
حَصِرَتْ صُدُورُهُمْ أَن يُقَٰتِلُوكُمْ أَوْ يُقَٰتِلُوا۟ قَوْمَهُمْ ۚ وَلَوْ شَآءَ
ٱللَّهُ لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ فَلَقَٰتَلُوكُمْ ۚ فَإِنِ ٱعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ
وَأَلْقَوْا۟ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَمَ فَمَا جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلًا ﴿٩٠﴾
سَتَجِدُونَ ءَاخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُوا۟ قَوْمَهُمْ كُلَّ
مَا رُدُّوٓا۟ إِلَى ٱلْفِتْنَةِ أُرْكِسُوا۟ فِيهَا ۚ فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوٓا۟ إِلَيْكُمُ
ٱلسَّلَمَ وَيَكُفُّوٓا۟ أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ
ثَقِفْتُمُوهُمْ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا ﴿٩١﴾

٨٧ غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. لە ڕۆژی هەستانەوەدا- کە
هاتنی بێگومانە - لێکترو کۆدەکاتەوە. جا قسەی کێ لە قسەی خودا
ڕاسترە؟
٨٨ ئێوە چیتانە دەربارەی ئەودوڕوانە، خۆتان کردۆتە دۆتاقم؟ لەبەر کارێ
کردویانە، بەراوەژۆی کردونەوەو[ بە خوانەناسی داناون]. ئاخۆ ئێوە
گەرەکتانە کەسێ خوا ڕێگەی لێ گوم کا، ببخەنەوە سەر ڕاستەڕێ؟ هەر
کەسێکە خودا ڕێگەی لێی بگۆڕێ، تۆ ناتوانی ڕێگایەکی بۆپەیداکەی.
٨٩ ئەو دۆڕوانە - هەر وەک خۆیان بێدینن - گەرەکیانە ئێوەش لە دینۆ
وەرگێڕن؛ ئەوسا وەکۆیەکتان لێ بێ. جا تا ئەوان لەڕای خودا خۆیان
دەربەدەرنەکەن و وەلتان نەیێنە خەزایە، ئێوە دۆستایەتیان مەکەن.
ئەگەر ئەم کارەشیان نەکرد، ئێوە لە هەرکوێ تۆشیان بۆن، ڕێی
هەلاتنیان مەدەنێ و فەراقی ڕەشیان لێ ببڕن. دەگەڵ هیچ کامیش
لەوانە دۆستایەتیتان هەر نەبێ و یارویاوەر لەنێویانا هەڵمەبژێرن؛
٩٠ مەگین ئەوانەی پەیمانیان دەگەڵ کەسانێکدا هەیە، کە ئەوانیش بۆنە
هاو پەیمانی ئێوە؛ یان ئەوانەی لەناچاری هاتۆنە بەر داڵدەی ئێوەو
لەوناوەدا دۆدڵ ماون کە بەگژ ئێوەدا بچن یا تۆشی خزم کوشتن بن.
ئەگەر خودا مەیلی لێ با، هێندەی دەستەلات پێدەدان کە بەگژتاندا
بچنەوەو سەریش کەون. ئەگەر خۆیان لە ئێوە دۆرخستۆتەوەو بەگژتاندا
نەهاتۆن و دەیانەوێ شەڕتان لەناودا نەمێنێ، خودا ڕێگەی پێ نەداون
کە ئێوە دەستیان بۆبەرن.
٩١ دەگەڵ گرۆیکی تریشا ئێوە روبەڕو دەبن کە دەیانەوێ هەم لەئێوەو هەم
لەخزم و کەس و کاریان ئارخەیان بن؛ هەروەختێکی ئەوان لێیان
بگێڕنەوە، بێ سێودوکردن دەچنەناو خزمەکانیان. جائەوانە ئەگەر
لێتان نەتەکنەوەو دەس لە بەدفەڕی هەڵنەگرن، لە هەرکوێ
بەگیروهێنان بیانکوژن و مەهێڵن لەدەستۆ ڕاکەن. ئەوا ئێمە لەسەر
ئەوان دەستەلاتی تەواومان داوە بە ئێوە.

---

٨٩- فەراقی ڕەش لێ بڕین: برێتی لە کوشتن. ٩٠- داڵدە: پەنا. ٩١- ئارخەیان: خاترجەم.

وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـٔٗاۚ وَمَن قَتَلَ
مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ
أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ
وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ وَإِن كَانَ
مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ
إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ
فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ٩٢ وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا
مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ
ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا ٩٣ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ
لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا تَبۡتَغُونَ
عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٞۚ
كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ
فَتَبَيَّنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ٩٤

۹۲ هیچ باوەڕدارێ بۆی نیە باوەڕدارێکیتر بکوژێ، جا مەگین بە هەڵە
چۆبێ. هەر کەسێکیش باوەڕدارەو، باوەڕداری بە هەڵە بەدەست
کوژراوە، دەبێ لەبری ئەو کوشتنە کۆیلەیەکی خاوەن باوەڕ ئازاردبکاو
خوێنباییشی بدا بە کەس و کارەکەی. جا مەگین پیاوەتی بکەن و پێی
ببەخشن. ئەگەر کوشتە باوەڕدارەو سەربە هۆزی دوژمنتانە، ئەوی
بەدەستی کوژراوە لەسەریەتی کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازادبکاتو[ لە
خوێنبایی وازبهێنن]. ئەگەر کوشتە لە هۆزێکی خوانەناسەو دەگەڵ
ئێوەدا سوێندخۆرن، دەبێ خوێنباییەکەی بدرێ و بەندەیەکی
باوەڕداریش ئازادبکا. ئەوکەسێکی ئەوکارەی لەدەس قەومیوەو ناتوانێ
بەندە ئازادکا، لەسەریەتی دومانگی ڕەبەق لەسەریەک بەڕۆژۆبێ. هەتا
خودا پەژیوانی لێ قبولْکا. خودا زانای لەکارزانە.
۹۳ هەرکەسێکیش هەر لەئانقەست خاوەن باوەڕێک بکوژێ، لەبری ئەوە
تاهەتایە هەر لەناو جەحەندەم دایەو خودا لێی بەڕکداچوەو وەبەر
نەحلەتی خستوەو ئازاردانێکی دژواری بۆ داناوە.
۹۴ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە وەختێ بۆ خەزا بەرێدا دەڕۆن،
هەموشتێک لێکدەنەوە. نەکەن لەبەر ژیانی دنیا، بەوەی کە
فەرمانبەری خۆی دەربڕیوە، بێژن: تۆ خاوەن باوەڕنیت. ئێوە ئەگەر مالی
دنیاتان گەرەکە، دەسکەوتی زۆر وا لای خودا. ئێوەش بەرێ هەر وابۆن و
باوەڕیتان بەخوانەبو؛ خودا ئێوەی بە بەزەیی خۆی خوێندەوە. سا
بەوردی لەکاری خۆ خوردبنەوە؛ خودا لە هەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.

---

۹۲- کۆیلە: عەبد، بەردە. ڕەبەق: تەواوو بێ کەمایەسی.

لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُو۟لِى ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ
فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ
ٱلْمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾ دَرَجَٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً
وَرَحْمَةً ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ
ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ
قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ
جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾
فَأُو۟لَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾
۞ وَمَن يُهَاجِرْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِى ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ
وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ
فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٠﴾ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا۟ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ إِنْ خِفْتُمْ
أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱلْكَٰفِرِينَ كَانُوا۟ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿١٠١﴾

۹۵ ئەوبڕوادارانەی کە هەر لەماڵی خۆیان دەمێنن - جیا لەوانەی نوقوستانن - دەگەڵ ئەوانەی دەچنەجەنگ لەڕای خوداو ماڵ و گیانیان لەڕیی ئەودا بەخت دەکەن، وەکوُیەک نین. خودا خەزاکارانی بەرامبەر بە خانەنشینان - بە پلەیەک - سەرخستوە. خوا بەڵێنی بە هەمولایەکیان داوە کە چاکەیان دەگەڵ دەکا؛ بەڵام ئەوی لە مەیدانی خەزادابن، لەچاو خانەنشینەکان پاداشێکی هەرەمەزنیان دەداتێ؛
۹۶ پلەوپایەگەلێکی زۆر- لەلای خواوە- هاوڕێ دەگەڵ لێخۆشبونو میهرەوانی. خوا بەخشندەو دلۆڤانە.
۹۷ ئەوکەسانەی هەر لەجێی خۆیان مانەوەو ئەو غەدرەیان لەخۆیان کرد، کاتێ فریشتەی گیانکێشان پێان دەڵێ: ئێوە لە چبارێکدا بوُن؟ دەڵێن ئێمە لە زەمیندا هێزو وزەلێگیراو بوین. پێان دەڵین :مەگەر سەرزەوینی خودا هەراو نەبوُ تا لە زێدی خو کوُچ‌کەن و بڕۆنە جێگایەکی‌تر؟ ئەمانە دۆزەه دەبێتە ئەنوایان و دوارۆژی خراپیان هەس.
۹۸ جا مەگین ئەو مێرو ژن و زارۆ هێزلێگیراوانەی هیچ دەرەتانیان نەبوُبێ و بە ڕێگەشیان نەزانیبێ؛
۹۹ هیچ دوُرنیە خودا ئەمانە ببەخشێ. خودا چاوپۆشی لەلایەو بەخشندەیە.
۱۰۰ هەرکەسێکی لەڕای خودا لەماڵی خۆی هەڵوەدابێ، لەم زەمینە گەلێ شوێنێ حاوانەوەو فەرحانی بۆپەیدادەبێ. هەرکەسێکیش لە زێدی خۆی دەربکەوێ و لەڕێی خوداو پێغەمبەری خودادا دەربەدەربوبێ و لە ئاوارەییدا بمرێ، خودا بۆخۆی دەستەبەری پاداشیەتی و خوا لە گوناهان دەبوُرێ و دلۆڤانە.
۱۰۱ ئەر چوُنە سەفەرو ترسان لەوە کە خوانەناسەکان توُشی تەشقەڵەتان بکەن، هیچ گوناهێکوُ ناگاتێ نمێژتان هەڵبقرچێنن. بەڕاستی خوانەناسەکان بەئاشکرا دوژمنتانن.

---

۹۵-نوقوستان: نوقسان، نوخسان.

وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ
مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُوٓا۟ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا۟ فَلْيَكُونُوا۟
مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا۟
فَلْيُصَلُّوا۟ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا۟ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ ۗ وَدَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ
عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ
أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓا۟ أَسْلِحَتَكُمْ ۖ
وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٠٢﴾
فَإِذَا قَضَيْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ
جُنُوبِكُمْ ۚ فَإِذَا ٱطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ
كَانَتْ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ كِتَٰبًا مَّوْقُوتًا ﴿١٠٣﴾ وَلَا تَهِنُوا۟
فِى ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ ۖ إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا
تَأْلَمُونَ ۖ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا
حَكِيمًا ﴿١٠٤﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ
ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُ ۚ وَلَا تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا ﴿١٠٥﴾

١٠٢ ئەگەر ئەتۆش دەگەڵیان[ دەسەفەردابوی ] بۆخۆت نوێژت بۆ دابەستن، با هێندێکیان بەچەکەوە نوێژ لەدوای تۆوە دابەستن؛ ئەگەر لەسوژدەبۆنەوە بچنەدواوەو لەپشتەوە بۆپارێزن. ئەمجار ئەوانەی لەنوێژدا بەشدارنەبۆن ، بێنەپێش و نوێژێ دەگەڵ تۆ دابەستن و لەسەر هۆش بن لەچەکەکان و لەخۆیان. خوانەناسان بەئارەزۆن ئێوە ئاگاو لە چەک و ئەسبابتان ببڕێ و لەپڕ پەلامارتان بدەن. ئەگەر باران تۆشی سەغڵەتیتان دەکا، یان نەخۆشن، ئەگەر چەکەکانۆ دانێن هیچ گوناهێکو ناگاتێ؛ بەڵام هەر دەبێ وشیاربن. دیارە خودا بۆ ئەوانەی دین دوژمنن، ئازاردانێ ئابڕۆبەرەی سازکردوە.
١٠٣ هەرگا لە نوێژێ بۆنەوە، بەپێوەو بەدانیشتن و کە لەسەر لایەک ڕادەکشێن، یادی خوداو لەبیرنەچێ. لەوەختی خاترجەمیش دا- کە هیچ ترستان نەماوە - بەئاسایی نوێژەکانی خۆتان بکەن. نوێژ لەسەر خاوەن باوەڕان نوسراوێکە، وەختی بۆ دیاری کراوە.
١٠٤- لە دانەپەی دوژمنا هیچ سستی مەکەن. ئەگەر ئێوە لەوان تۆشی ئازار دەبن، ئەوانیش - هەر وەکۆ ئێوە - لە ئێوە ئازاردەبینن. ئێوە هومیدو خودایە، ئەوان ئەمەشیان لانیە. خودا زانای لەکارزانە.
١٠٥ ئەم قورعانەمان بۆ لای تۆ ناردۆتەخوار، کە هەرچی تێیدایە ڕاستە. سا تۆ بەهۆی ئەم قورعانە - وەک خودا ڕێی نیشان داوی - بە کاری مەردم ڕابگە، خۆشت مەکە بە لاگری گزیکاران.

---

١٠٤-دانەپەی:وەدۆکەوتن. ١٠٥-گزیکار:فێڵباز،حیلەساز.

وَٱسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٦﴾ وَلَا تُجَٰدِلْ
عَنِ ٱلَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنفُسَهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ
خَوَّانًا أَثِيمًا ﴿١٠٧﴾ يَسْتَخْفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسْتَخْفُونَ
مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرْضَىٰ مِنَ ٱلْقَوْلِ وَكَانَ
ٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا ﴿١٠٨﴾ هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلْتُمْ
عَنْهُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ
ٱلْقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا ﴿١٠٩﴾ وَمَن يَعْمَلْ
سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا
رَّحِيمًا ﴿١١٠﴾ وَمَن يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١١﴾ وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً أَوْ إِثْمًا
ثُمَّ يَرْمِ بِهِۦ بَرِيٓـًٔا فَقَدِ ٱحْتَمَلَ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿١١٢﴾ وَلَوْلَا
فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ أَن
يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن
شَيْءٍ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ
مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴿١١٣﴾

۱۰۶ لەبەر خودا بپارێوە کە لێت خۆش بێ، خودا لە گوناه دەبوورێ و دلۆڤانە.
۱۰۷ گێرەو کێشە لەسەر ئەو کەسانە مەکە کە دەگەڵ خۆیان غەیانن. خوا حەزناکا لەوکەسانەی زۆر غەیان و گوناهبارن.
۱۰۸ شت لە خەڵک دەشارنەوە، خۆ ناتوانن لە خودا هیچ بشێرنەوە؛ خوداش دەگەڵیانە کاتێ کە شەوانە قسەگەلێ دەکەن کە پێ قادێ نیە. هەرکارێکی ئەوان دەیکەن، دیارە خودا ئاگای لێیە.
۱۰۹ وا گریمان تا لەسەر دنیا ژیاون، توانیت لاگیریان لێبکەی و لەسەر ئەوانە بەجواب بی؛ ئەدی کێ لە رۆژی سەلا توانای هەیە - کە لە بەرانبەر خوداوە - لەسەر ئەوان بکاتەوە، یان کێ هەیە کارەکەیان وەستۆبگرێ؟
۱۱۰ هەرکەسێکیش کارێکی نالەبار بکا، یان غەدرێکی لە خۆی بکا، پاشان لە خودا بخوازێ کە بیبەخشێ، دەبینێ کە خوا لیی بوورو دلۆڤانە.
۱۱۱ هەرکەس هەرگوناحێ بکا، گوناهەکەی زیان بە خۆی دەگەیێنێ و خودا زانای لە کارزانە.
۱۱۲ هەرکێ بەهەڵە یان بەقەست، تاوانێکی لێ رۆبداو بیخاتە سەر بێگوناهێک، ئاشکرایە باری تاوانی، بوختانی لەسەرشانە.
۱۱۳ ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا دەهانای تۆ نەهاتایە، هێندێ لەوان قورمی خۆیان خۆش کردبو رێت لێ ونکەن. هەر خۆیانن کە رێگە لە خۆ گوم دەکەن؛ ئەوۆ ناتانن هیچ زیانێک لەتۆ بدەن. خوا کتێبی بۆ ناردوی و لە کارزانینی فێرکردوی؛ زۆرشتی وای فێری تۆکرد کە تۆ پێشۆ نەتدەزانین. چاکەی زۆر هێژاو گرینگت لەخواوە دەگەڵ کراوە.

---

۱۰۷-غەیان: خائن، غاین. ۱۰۸-قادێ: رازی. ۱۱۳-قورمخۆش کردن: تەماتێکردن.

۞ لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ
أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَٰحٍۭ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ
ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾ وَمَن
يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ
سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ
مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا
﴿١١٦﴾ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ
إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴿١١٧﴾ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ
مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿١١٨﴾ وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ
وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ
فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا
مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾
يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾
أُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾

۱۱۴ زوربەی سرتەو چپەکەیان بەهرەی نیە، جا مەگین باسی خێرات و کاری
ڕەواو پێک هێنانەوەی مەردم بێ. هەرکەس مەحزی ڕەزای خودا
چپەبکا، لەدواڕۆژدا پاداشی گەورەی دەدەینێ.
۱۱۵ هەرکەسێکی لەپاش راستی بۆدەرکەوتن و شارەزابۆنی لەم دینە،
پێچەوانەی پێغەمبەر بجوڵێتەوەو رچەیەک بگرێتەبەرێ کە ڕێی
باوەڕداران نیە، ئێمە بەو ڕێیەیدا دەبەین کە خۆی هەڵی بژاردوە؛ تا
دەیخەینە جەهەندەم و دواڕۆژی زۆر ناخۆش دەبێ.
۱۱۶ خودا لەوانە نابۆرێ کە شەریکی بۆ بناسن. لەوە پێوە لە هەر کەسێ
بۆخۆی حەزکا، عافوی دەکا. هەرکەسێکی شەریک بۆ خودا دابنێ
لەرادەبەدەر گومڕایە.
۱۱۷ ئەوانە لەجیاتی خودا هانا دەبەنە بەر بەردو کرەکی وا کە زوربەیان
ناوی مێوینەیان هەیەو دیارە هاوار دەبەنە بەر ئەوشەیتانەی کە
سەربزێوی کردوەو دەرکراوە؛
۱۱۸ خوا بەنەحلەتی کردوەو ئەویش لەجوابا گوتۆیە: شەرتە لە عەبدەکانی تۆ
بەشێک بۆ خۆم گل دەمەوە؛
۱۱۹ دیاریشە لە ڕاستەڕێیان دەردەخەم و دڵیان پڕدەکەم لە ئاوات و بۆخۆم
فەرمانیان پێدەدەم گوێچکەی وڵساتیان دادڕن و فەرمانیشیان بۆ
دەردەخەم تەرح و بیچمی ئەوشتانەی خوا کردوٚیە، تێکی بدەن و
بیگۆڕن. جا هەر کەسێ خودای نەوێ و دەگەڵ شەیتان ببێتەدۆست،
دیارە چەند زیانمەند دەبێ.
۱۲۰ بەڵێ بەڵێنیان پێدەداو دەیانخاتە سەر ئارەزۆ. ئەو بەڵێنی کە شەیتان
بەوانی دەدا، فریو نەبێ چیتر نیە.
۱۲۱ جێی ئەوانە جەحەندەمەو دەرەتانی تریان نیە.

---

۱۱۷- کرەک: بێ جوڵە، نەجۆڵ. سەربزێو: یاخی، عەشقی.

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدۡخِلُهُمۡ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ وَعۡدَ
ٱللَّهِ حَقّٗاۚ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلٗا ﴿١٢٢﴾ لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ
وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ مَن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ
وَلَا يَجِدۡ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ﴿١٢٣﴾ وَمَن
يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ
فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ نَقِيرٗا ﴿١٢٤﴾ وَمَنۡ
أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ وَٱتَّبَعَ
مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلٗا ﴿١٢٥﴾ وَلِلَّهِ مَا
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٖ
مُّحِيطٗا ﴿١٢٦﴾ وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ
فِيهِنَّ وَمَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ فِي يَتَٰمَى ٱلنِّسَآءِ
ٱلَّٰتِي لَا تُؤۡتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ
وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلۡوِلۡدَٰنِ وَأَن تَقُومُواْ لِلۡيَتَٰمَىٰ
بِٱلۡقِسۡطِۚ وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِهِۦ عَلِيمٗا ﴿١٢٧﴾

۱۲۲ ئەوانە کە بەبڕوان و ئاکارچاکن، دەیانبەینە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتاسەر هەر تیادەبن. دیارە وادەی خودا هەقەو کێ لە خودا راسگۆترە؟

۱۲۳ نە بە ئاواتی ئێوەیەو نە بە هەواو ئارەزۆی ئەوکەسانەیە بە ئەهلی کتێب حەسێبن. هەرمرۆیەک کارێکی نالەبار بکا، بەوکارەی خۆی جزیا دەدرێ و جیا لەخوا هیچ کەسی بۆ پەیدانابێ دۆستی بێ و دەهاواری بێ.

۱۲۴ هەرمرۆیەک - نێربێ یان مێ - هەر هێندە خاوەن باوەڕو ئاکارچاک بێ، دەچنە بەهەشتەوەو بە ئەندازەی تڵیشی وردیلەی ناوکەخورمایەش ناهەقیان لێ ناکرێ.

۱۲۵ چ دینداریک دینی لەوکەسە چاترە کە خۆی بە خوا سپاردوەو چاکەکارەو کەتوتە شوێنی ئایینی ئیبراهیمی لە ناڕەوا لادەرو بەرەو هەق هاتۆ؟ ئەو ئیبراهیمەی کە خودا بیوەدۆستی.

۱۲۶ هەرشتێک لەئاسمانان و زەمیندایە، هی خودایەو هەر خودایە لە هەمۆشت ئاگادارە.

۱۲۷ دەربارەی ژنەکانەوە لێت دەپرسن؛ بێژە: بەهۆی ئەم کتێبە - کە بۆتان دەخوێنرێتەوە - خودا جوابی ئەوپرسیارەو دەداتەوە. ئەو کیژانەی کە بەهەتیوی ماونەوەو ئەو ماڵەی کە دەیانکەوێ، نایاندەنێ و گەرەکتانە لەخۆتانیان مارەبکەن، هەروەها ئەو منالانەی زەبۆن و بێ دەرەتانن، لە سەرتانە دەگەڵ هەمۆهەتیواندا بەیەکسانی ڕەفتارکەن و ئێوە هەرکارێ چاک بکەن، لێتان رۆن بێ کە خودا لێی ئاگادارە.

وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضٗا فَلَا جُنَاحَ
عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗاۚ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ وَأُحۡضِرَتِ
ٱلۡأَنفُسُ ٱلشُّحَّۚ وَإِن تُحۡسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ
بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ﴿١٢٨﴾ وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ
بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ
فَتَذَرُوهَا كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ وَإِن تُصۡلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ
كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٢٩﴾ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغۡنِ ٱللَّهُ كُلّٗا
مِّن سَعَتِهِۦۚ وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمٗا ﴿١٣٠﴾ وَلِلَّهِ مَا فِي
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَلَقَدۡ وَصَّيۡنَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ
مِن قَبۡلِكُمۡ وَإِيَّاكُمۡ أَنِ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ
مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدٗا ﴿١٣١﴾
وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿١٣٢﴾
إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأۡتِ بِـَٔاخَرِينَۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرٗا ﴿١٣٣﴾ مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ
ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ﴿١٣٤﴾

۱۲۸ ئەگەر ژنێک هەستی بەوە کرد مێردەکەی ئەشقی بوە یا نە روی لێ وەردەگێڕێ، قەیدێ ناکا هەوڵی لەهەڤهاتن بدەن؛ ئاشتبۆنەوە لەو دڕدۆنگیە باشترە. خۆشەویستی ماڵی دنیاش لەلای هەمۆکەسێ هەیە. جا ئەگەر چاکەی بکەن و خۆ لە هەڵە بپارێزن، خودا لە هەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.

۱۲۹ ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، قەت ناتوانن دەگەڵ ژنانی خۆتاندا بێ جیاوازی ڕەفتاربکەن. سا ئەوەندە لەخۆیان دۆر مەخەنەوە کە بیانکەنە هەڵپەساردەو تەخسیریان کەن. ئەگەر دەگەڵیان پێک بێن و خۆ لە گونا بپارێزن، خودا بۆردنی لەلایەو دلۆڤانە.

۱۳۰ خۆ ئەگەر هەر بەیەکجاریش دەس لێک بەردەن، خودا فەرحانی لەلایەو هەردوکیان بێ نیازدەکاو بەزەیی خودا هەراوەو هەر بۆخۆشی لەکارزانە.

۱۳۱ بۆ خودایە هەرشتێک لەعاسمانان و زەمیندایە. ئەو کەسانەی لەپێشۆدا کتێبی ئێمەیان بۆهات، ئێوەشمان ڕاسپاردوە کە دەبێ لە خوا بترسن. خۆ ئەگەر حاشاشی لێ بکەن، دیسان هەرچی کە لەناو ئاسمانان و زەمیندایە بۆ خودایەو خوا هەمیشە هەر لە گش کەس بێ نیازەو هەر دەبێ پەسندی بدرێ.

۱۳۲ ئارێ هەرچی کە لەناو عاسمانەکان و زەویدایە، سەربەخوایە. هەر خودا کارسازبێ بەسە.

۱۳۳ ئەی مەردم! ئەگەر خوا حەزکا، گشتۆ تەرت وتونا دەکاو غەیری ئێوە لە جێگەو دادەمەزرێنێ و خودا ئەوکارەی لەدەس دێ.

۱۳۴ کێ لە ئێوە گەرەکیەتی لە دنیا خۆشی ڕابوێرێ، با تێ بگا کە خۆشی دنیاو قیامەتیش وا لای خوداو خوداش بیسەرو بینەرە.

---

۱۲۸-لەهەڤهاتن: پێکهاتن. دڕدۆنگ: دۆدڵ. ۱۲۹-هەڵپەساردە: بێکارکراوی بەئەمانەتی. تەخسیر: ژنێ کە مێردەکەی سەرجێی ناکا.

۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ
وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا
أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ فَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُوا۟ ۚ وَإِن
تَلْوُۥٓا۟ أَوْ تُعْرِضُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٣٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ
بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ
ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ ثُمَّ ءَامَنُوا۟
ثُمَّ كَفَرُوا۟ ثُمَّ ٱزْدَادُوا۟ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ
سَبِيلًۢا ﴿١٣٧﴾ بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ
يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَيَبْتَغُونَ
عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِى
ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا
تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ
إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾

١٣٥ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەیەکسانی وبێ جیاوازی [بەکاری مەردم
ڕابگەن] و بۆخوداش شایەتی بدەن؛ هەرچەندە شایەتی دانۆ بەزیانی
خۆتان و دایک و بابتان و خزمانیشۆ بێ. [ئەرشایەتی بۆدراوان] دارابن
یاخۆ هەژاربن، خوا بۆ ئەوان دڵسۆزترە؛ مەکەونە شوێن ئارەزوتان، نەوا
لەڕێگە لا بدەن. ئەگەر زمان بخەنەلا، یا خۆتان لە شایەتی‌دان
بدزنەوە، لە هەرکارێ ئێوە دەیکەن، خوا هەمیشە ئاگادارە.
١٣٦ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! وێڕای ئەوەی بڕواتان بە خوا هێناوە، ئەشێ
بڕواو بە پێغەمبەرەکەی هەبێ و بڕواو بەو قورعانە هەبێ بۆ پێغەمبەری
ناردوەو بڕواتان بەو کتێبەش بێ کە بەرلە قورئان ناردۆیە.
هەرکەسێکیش لە خوداو فرشتەکانی و کتێبانی و پێغەمبەرەکانی خوداو
ڕۆژی سەلا حاشابکا، لەڕادەبەدەر گومڕایە.
١٣٧ ئەو کەسانەی هەوەڵجار بڕوایان هێناو پاشان پەشیمان بۆنەوە؛
دۆبارەبڕوایان هێناو بەشوێنیا حاشایان لێکرد، ئەوسا خودانەناسیان
پتەوتربو، هەرگیز خودا نایانبەخشێ و ڕێگایەکیان نیشان نادا.
١٣٨ مزگێنی بە بە دۆڕازان کە ئازارێکی زۆربەژان والەڕێیان.
١٣٩ ئەوکەسانەی دەبنە دۆستی خوانەناسان و لە کۆمەڵ باوەڕداران
دەتەکنەوە، ئاخۆ بەتەمان کە لای وان قەدرو حورمەتیان دەس‌کەوێ؟
با بزانن کە قەدرو ڕێز هەر لای خوا هەیەو هیچی‌تر.
١٤٠ لەم قورعانا بەئێوەی ڕاگەیاندوە: هەرگایەکی پێتان زانی کەسانێک هەن
لەوەختی قورئان خوێندنا دەس‌دەکەن بە گاڵتەو گەپ و بە درۆی
هەڵبەستەی دەزانن، ئێوە نابێ - هەتا ئەوباسە نەگۆڕن - لەگەڵیاندا
دابنیشن؛ دەنا ئێوەش ئەوسا وەکۆ ئەوان دەبن. دیارە خودا گش
ئەوکەسانەی دوڕۆبن، وێڕای گەلی خوانەناسان لە دۆژەهـ کۆدەکاتەوە.

ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمۡ فَإِن كَانَ لَكُمۡ فَتۡحٞ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓاْ أَلَمۡ
نَكُن مَّعَكُمۡ وَإِن كَانَ لِلۡكَٰفِرِينَ نَصِيبٞ قَالُوٓاْ أَلَمۡ نَسۡتَحۡوِذۡ
عَلَيۡكُمۡ وَنَمۡنَعۡكُم مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ
ٱلۡقِيَٰمَةِۗ وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾
إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمۡ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى
ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا
قَلِيلٗا ﴿١٤٢﴾ مُّذَبۡذَبِينَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِۚ
وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلٗا ﴿١٤٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَتُرِيدُونَ
أَن تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ
فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمۡ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَٱعۡتَصَمُواْ بِٱللَّهِ وَأَخۡلَصُواْ
دِينَهُمۡ لِلَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَسَوۡفَ يُؤۡتِ ٱللَّهُ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴿١٤٦﴾ مَّا يَفۡعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمۡ
إِن شَكَرۡتُمۡ وَءَامَنتُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمٗا ﴿١٤٧﴾

۱۴۱ ئه‌وانه لێتان ده‌خه‌ڤتین؛ سا هه‌رگا خوا ئێوه‌ی سه‌رخست، ئێژن: ئێمه‌ش هه‌ر ده‌گه‌ڵ ئێوه‌دا نه‌بوین؟ خۆ ئه‌گه‌ر خوانه‌ناسانیش له‌ به‌شێکدا باوخۆشتربون، پێان ئێژن: هونه‌ر هونه‌ری ئێمه‌ بو؛ ئێمه‌ به‌دڵ ده‌گه‌ڵتان بوین؛ ئێمه‌ نه‌نهێشت باوه‌ڕداران بتان گه‌نێ‌و ده‌رۆستوبێن. خودا دوایی‌و ڕۆژی سه‌ڵا به‌ کارو بارتان ڕاده‌گا. خودا هه‌رگیز هیچ ڕێگایه‌ک نادا به‌ خودانه‌ناسان که‌ دژی باوه‌ڕداران بێ.

۱۴۲ به‌دڵ ده‌غه‌ڵانی دوڕۆ ده‌یانه‌وێ خوا فریوده‌ن، که‌چی خوا ده‌یانخه‌ڵه‌تێنێ. ئه‌گه‌ر ده‌چن نوێژ دابه‌ستن، به‌ ته‌وه‌زه‌لی هه‌ڵده‌ستن؛ ڕۆبینی له‌ خه‌ڵک ده‌که‌ن؛ که‌میان نه‌بێ که‌متر ناوی خوداش دێنن؛

۱۴۳ وازوازین له‌م نێوانه‌دا؛ دوّدڵن بچنه‌ لای ئه‌مان، یان خۆبده‌نه‌ لای ئه‌وان. که‌سێ خوا ڕێی لێ بگۆڕێ، تۆ ناتوانی هیچ ڕێگه‌یه‌کی نیشان ده‌ی.

۱۴۴ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن باوه‌ڕان! به‌ده‌ر له‌ خاوه‌ن‌باوه‌ڕان مه‌بنه‌ دۆستی خوانه‌ناسان. ئاخۆ ئێوه‌ ده‌تانه‌وێ به‌ڵگه‌یه‌کی به‌ئاشکرای دژی خۆتان بده‌ن به‌ خوا؟!

۱۴۵ دیاره‌ ئه‌و که‌سانه‌ی دوڕۆن، وان له‌ قاتی هه‌ره‌به‌ره‌ژێری دۆژه‌هـ. تۆ ناتوانی یاریده‌ریان بۆ په‌یداکه‌ی.

۱۴۶ مه‌گین ئه‌وکه‌سانه‌ی دوڕۆن، ده‌ست له‌ دوڕۆیی هه‌ڵگرن‌و ته‌واو په‌شیمان ببنه‌وه‌و ڕێگه‌ی چاکه‌ بگرنه‌به‌رو خۆیان به‌ خودا بسپێرن‌و به‌ دڵی پاک ببنه‌ دینداری به‌ڕاستی. ئه‌وسا ئه‌ویش وێڕای باوه‌ڕداران ده‌بن‌و له‌ دواڕۆژدا خودا به‌ باوه‌ڕداره‌کان پاداشی زۆر گرینگ ده‌دا.

۱۴۷ ئه‌گه‌ر ئێوه‌ بڕواتان به‌ خودا هه‌بێ‌و چاکه‌ی ئه‌وتان ده‌چاودابێ، خوا چکاری به‌ ئازاری ئێوه‌ داوه‌؟ خودا سوپاسی پێ‌زانان قبوڵ ده‌کاو له‌ هه‌مۆشت ئاگاداره‌.

---

۱۴۱-**ده‌خه‌ڤتان بۆن:** چاوه‌نۆڕی ده‌رفه‌ت بۆن. ۱۴۳-**وازوازی:** سه‌رسه‌ری، که‌سێ که‌ هه‌رکاته‌ له‌سه‌ر خه‌یاڵێکه‌. ۱۴۵-**قات:** نهۆم.

۞ لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلۡجَهۡرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ إِلَّا مَن ظُلِمَۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا ﴿١٤٨﴾ إِن تُبۡدُواْ خَيۡرًا أَوۡ تُخۡفُوهُ أَوۡ تَعۡفُواْ عَن
سُوٓءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوّٗا قَدِيرًا ﴿١٤٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ
بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ
وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ
أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ
حَقّٗاۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ﴿١٥١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَلَمۡ يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ أُوْلَٰٓئِكَ سَوۡفَ
يُؤۡتِيهِمۡ أُجُورَهُمۡۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٥٢﴾ يَسۡـَٔلُكَ
أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيۡهِمۡ كِتَٰبٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ فَقَدۡ سَأَلُواْ
مُوسَىٰٓ أَكۡبَرَ مِن ذَٰلِكَ فَقَالُوٓاْ أَرِنَا ٱللَّهَ جَهۡرَةٗ فَأَخَذَتۡهُمُ
ٱلصَّٰعِقَةُ بِظُلۡمِهِمۡۚ ثُمَّ ٱتَّخَذُواْ ٱلۡعِجۡلَ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ
ٱلۡبَيِّنَٰتُ فَعَفَوۡنَا عَن ذَٰلِكَۚ وَءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينٗا ﴿١٥٣﴾
وَرَفَعۡنَا فَوۡقَهُمُ ٱلطُّورَ بِمِيثَٰقِهِمۡ وَقُلۡنَا لَهُمُ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا
وَقُلۡنَا لَهُمۡ لَا تَعۡدُواْ فِي ٱلسَّبۡتِ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا ﴿١٥٤﴾

١٤٨ خودا پێ خۆش نیە هیچ کەس بەدەنگی بەرز قسەی ناحەز بدرکێنێ؛ مەگین غەدری لێکرابێ. خودا بیسەرو زانایە.

١٤٩ ئەگەر ئێوە چاکەبکەن - ئەوچاکەیەو ئاشکرابێ یان نهێنی - یان لە کارێکی نالەبار چاوبپۆشن، خوا هەمیشە توانایە بۆ عافوکردن.

١٥٠ ئەو کەسانەی دڵیان دژی خواو پێغەمبەرەکانیەتیو دیارە دەیانەوێ لە نێوان خواو پێغەمبەرەکانی فەرقێ دانێن، ئێژن: ئێمە باوەڕ بە هێندێکیان دەکەین، هێندێکیشیان بە جێگەی باوەڕ نازانین؛ گەرەکیانە لەم نێوانە ڕێگەیەک بۆخۆ پەیداکەن.

١٥١ بەڕاستی کە ئەمانە خودانەناسنو ئێمە بۆ ئەو خوانەناسانە ئازاری ئابڕوبەرەمان ئامادەس.

١٥٢ ئەوانەش کە باوەڕیان هەس بە خواو پێغەمبەرەکانیو لەناویانا فەرقو جیاوازی دانانێن، لەدواڕۆژا خودا پاداشیان دەداتێو لە گوناهانیان دەبوورێو دلۆڤانە.

١٥٣ ئەوانەی ئەهلی کتێبن، لێت دەخوازن کتێبێکیان[بەتایبەتی]لە ئاسمانەوە بۆ بێنی. هەر ئەوانە ئەوی لە مۆسایان دەویست، زۆر لەم کارەش گرینگتر بۆ. گوتیان: خوامان بە ئاشکرا پێ نیشان دە! لە سزای ئەم بەدفەریەدا بەر هەورەتریشقە کەوتن. جارێکیتر - پاش دیتنی گەلێک بەڵگەی بەئاشکرا - چۆن بۆنە گوێرەکە پەرست. چاوپۆشیمان لەوەشیان کرد؛ بەڵگەی دەستەڵاتداریمان دا بە مۆسا.

١٥٤ بەهۆی پەیمانێ کە دایان، چیای تۆرن لەسەروان لە بەرزی ڕاگرت؛ پێمان وتن: بەسوژدەوە لەودەرکەوە بچنەژوورێو پێشمان وتن: نابێ لە ڕۆژی شەممەدا دەستدرێژیۆ لێ ڕۆبدا؛ پەیمانێکی پتەویشمان لێ ستاندن.

فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَقَتْلِهِمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ
بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ ۚ بَلْ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ
فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٥٥﴾ وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ
بُهْتَٰنًا عَظِيمًا ﴿١٥٦﴾ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا ٱلْمَسِيحَ عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ
رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ
ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ ۚ
وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا
﴿١٥٨﴾ وَإِن مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِۦ قَبْلَ مَوْتِهِۦ ۖ وَيَوْمَ
ٱلْقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ﴿١٥٩﴾ فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟
حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾ وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَقَدْ نُهُوا۟ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ
بِٱلْبَٰطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾ لَّٰكِنِ
ٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ مِنْهُمْ وَٱلْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ
أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ ۚ وَٱلْمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ وَٱلْمُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ
وَٱلْمُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ أُو۟لَٰٓئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٦٢﴾

۱۵۵ ئەوسا لەسەر پەیمان شکاندنیان و خۆبواردنیان لە نیشانەکانی خواو هەر
لەناهەق کوشتنی پێغەمبەرانیان و گوتنیان: «ئێمە دلْمان داخراوە»؛
[ بەرنفرینی خۆمان خستن.] هەر خودا خۆی دلّی بەمۆر داخستبوّن.
ئیتر بەشی کەمیان نەبێ، لە باوەڕهێنان بێبەشن.
۱۵۶ لەبەر لەڕێ خوا لادانو ئەو بوختانە گەورە بۆ مەریەمیان هەلْبەست؛
۱۵۷ لەبەر ئەوەش کە دەیانگوت: ئێمە عیسای کوڕی مەریەمن لەناوبرد -
کە پێغەمبەری خودا بو - کەچی نە ئەوان کوشتیان، نە توانیان
لەقەنارەی دەن؛ بەلاّم سەریان لێ تێکچۆبو، نەیانناسیو ئەو
کەسانەی دەربارەی ئەم لەناو خۆدا کێشەیانە، لە ڕایەکەیان دۆدلْن
لەوبارەوەو هەر پەیڕەوانی گومانن و بێگومان نەیانکوشتوە؛
۱۵۸ بەلْکو خوا بەرەوخۆی هەلْکێشایەوە. خوا هەمیشە خاوەنی دەستەلاّت
بوەو لەکارزانە.
۱۵۹ لەوانەی ئەهلی کتێبن، هەر کەسێکیان - بەرلە مەرگی - بڕوای بە
عیسا دەهێنێ، دیارە [ عیساش] ڕۆژی قیامەت دەبێتە شایەت
لەسەریان.
۱۶۰ بەو ناهەقیەی کە لە جۆلەکان دەرکەوتو زۆرکەسیان لەڕێگەی خودایە
وەرگەڕان، لەو شتانەی بۆیان ڕەواکرابۆ، بێبەشمان کردن.
۱۶۱ هەروا بەهۆی سۆت خواردنیان، کە پێیان گوترابو: مەیخۆن و بەفیڕۆ
دارایی مەردمیان دەخوارد؛ ئێمەش بۆ ئەو پێنەزانان و سپلاّنە ئازارێکی
گەلێ بەژانمان سازداوە.
۱۶۲ بەلاّم زۆر زاناکانیان و بڕواداران - بەتایبەت ئەوکەسانە وا نوێژ بەباشی
بە جێدێنن - هەروەها زەکات دەران و ئەوانەی کە بەخوداو بەڕۆژی
سەلا خاوەن بڕوان و بەوەی بۆ تۆناردراوەتەخوارەوەو بەوەش واپێش تۆ
ناردراوە، باوەڕیان هەس؛ بەئەوانە بەمزوانە پاداشێکی گرینگ دەدەین.

۞ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ
وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ
وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ
وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ١٦٣ وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ
مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ
تَكۡلِيمٗا ١٦٤ رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ
لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا
١٦٥ لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ١٦٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدۡ ضَلُّواْ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا
١٦٧ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ لَمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ وَلَا
لِيَهۡدِيَهُمۡ طَرِيقًا ١٦٨ إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ
وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ١٦٩ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُمُ
ٱلرَّسُولُ بِٱلۡحَقِّ مِن رَّبِّكُمۡ فَـَٔامِنُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ
فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١٧٠

۱۶۳ ئێمە فەرمانی خۆمانمان خستە دڵت، هەر وەک نوّح و پێغەمبەرانی دوای ویشمان وا تێگەیاند. خستیشمانە دڵی پاکی ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکان و عیساو ئەیوب و یونس و هارۆن و سولەیمان؛ زەبۆریشمان دا بە داوود.

۱۶۴ پێغەمبەرانی دیکەشمان بەڕێ کردن؛ چ ئەوانەی کە دەپێشدا بوُن و چوُن و سەربهوردیانمان بۆ گوتوّی و چ ئەوانەی کە دەربارەیان نەمدواندوی. خوداش بۆخۆی - ڕاستەوخۆ - موّسای دواندوە.

۱۶۵ گش لەگشتیان پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەربوُن. هەتا لەپاش پێغەمبەران ئەوخەڵکە هیچ بەڵگەیەکیان لەلانەبێ بۆ لای خودا. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.

۱۶۶ خودا بۆخۆی ئاگای لێیەو فرشتەکانیش هەموّیان ئاگادارن، کە خودا بە زانستی خۆی ئەمەی بۆ تۆ ناردوّتەخوار. ئاگاداربوُنی خوا بەسە.

۱۶۷ ئەوانەی لە دین دەرچوُن و ڕێگەی خوداناسان دەبڕن، ڕێ لێ گوم بوّی لەڕادەبەدەر ئەوانن.

۱۶۸ ئەوانە لەڕێگەی خودا لایانداو ناهەقیان کرد؛ خودا نە لێیان خۆش‌دەبێ، نە ڕێگەیکیان نیشان دەدا؛

۱۶۹ مەگەر تەنیا ڕێی جەحەندەم، کە هەر تیا دەمێننەوەو ئەمەش لای خودا هاسانە.

۱۷۰ ئەی خەڵکینە! ئەم پێغەمبەرە بەرهەقەو لە لایەن پەروەرندەتانڕا هاتوّە. دەسا باوەڕی پێ‌بێنن قازانجتانە. ئەگەر لە قسەی خوداش دەرچن، باش بزانن هەرشتێک لە ئاسمانان و زەمیندایە، بۆ خودایەو خودا زانای لەکارزانە.

---

۱۶۴-سەربهورد: سەرگوروشتە، چیرۆکی رابوردە.

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ
عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ
ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ
وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ
وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ١٧١ لَّن يَسۡتَنكِفَ
ٱلۡمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبۡدٗا لِّلَّهِ وَلَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ
وَمَن يَسۡتَنكِفۡ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيَسۡتَكۡبِرۡ فَسَيَحۡشُرُهُمۡ
إِلَيۡهِ جَمِيعٗا ١٧٢ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ
ٱسۡتَنكَفُواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ فَيُعَذِّبُهُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا وَلَا
يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ١٧٣ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ
قَدۡ جَآءَكُم بُرۡهَٰنٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا ١٧٤
فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱعۡتَصَمُواْ بِهِۦ فَسَيُدۡخِلُهُمۡ
فِي رَحۡمَةٖ مِّنۡهُ وَفَضۡلٖ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَيۡهِ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ١٧٥

١٧١ ئەی کەسانی ئەهلی کتێب! هەڵەڕۆیی لە دینی خۆتاندا مەکەن؛ جگە
لە ڕاست دەربارەی خودا مەبێژن. ئاشکرایە کە مەسیحی کوڕی مریەم
پێغەمبەری خودا بوە. خودا بە فەرمانی خۆی و هەر لە نەفەسی پیرۆزی
خۆی هاویتیە ناو تۆلی مەریەم. دەسا ئێوە باوەڕتان بە خودا هەبێ و بە
پێغەمبەرانی ئەویش بڕوابێنن و مەبێژن سێن. واز لەم قسانە بهێنن؛ کە
بۆ ئێوە وا چاکترە. دیارە هەر خوایەکتان هەیە و ئەویش لەو تۆمەتە دۆرە
کە هیچ فرزەندێکی هەبێ. هەرچی لەناو ئاسمانان و زەمیندایە، هەر بۆ
ئەوە. بۆ پێک هێنانی کاروبار هەر خۆی بەسە.
١٧٢ مەسیح هەرگیز لەوە حاشای نەکردوە کە بەندەیەکی خودایە؛ فرشتانی
نزیک بەخوداش، هەر وەتر. هەرکەسێکی بە کوێلایەتی خودا رازی
نەبێت و بادی هەوایی بنوێنێ، هەربینا خوا هەمۆ لایەک لە لای خۆی کۆ
دەکاتەوە.
١٧٣ ئەوسا ئەوی خاوەن باوەڕو کارچاکن، سەرباری پاداشی خۆیان خودا
پتر چاکەیان دەربارەدەکا. ئەو کەسانەش کە لە خودا لایانداوەو
پیشەیان لوت بەرزی بوە، خودا تۆشی جەزرەبەی بەژانیان دەکاو لە خوا
پێوە هیچ دۆست و هاریکارێکیان دەس ناکەوێ.
١٧٤ ئەی خەڵکینە! لە پەروەرندەی ئێوەڕا بەڵگەیەکتان بۆهاتوەو
ڕۆشناییەکی ئاشکرامان بۆ ئێوە ناردۆتەخوارێ.
١٧٥ جا ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێناوەو خۆیان هەر بەو سپاردوە، بە
زوێکی زۆ دەیانخاتە بەر بەزەی خۆی و زیاتریش. دەشیانخاتە سەر
ڕێگەی ڕاستی بەرەوخۆی.

---

١٧١- هاویتیە لە هاویشتن: خستن. ١٧٢- هەروەتر: هەربەوجۆرە. کوێلایەتی: عەبدایەتی،بەندەگی.

يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي ٱلْكَلَٰلَةِ ۚ إِنِ ٱمْرُؤٌا۟ هَلَكَ
لَيْسَ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَهُۥٓ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ
إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَتَا ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ۚ
وَإِن كَانُوٓا۟ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۗ
يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّوا۟ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿١٧٦﴾

## سُورَةُ المَائدَة

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ ۚ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ
ٱلْأَنْعَٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ
يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ﴿١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ
وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَلَا ٱلْهَدْىَ وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ
ٱلْحَرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَٰنًا ۚ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟ ۚ
وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ
ٱلْحَرَامِ أَن تَعْتَدُوا۟ ۘ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟
عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢﴾

١٧٦ لەمەڕ کەسێ کە باوک و فرزەندی نیەو دەمرێ، پرسیارت لێدەکەن؛ بێژە: خودا ئەو جوابەتان دەداتەوە: ئەگەر پیاوێ هیچ عەولادی نیەو دەمرێ و هەر تەنیا خۆشکێکی هەیە، نیوەی میراتەکەی دەبا. خۆ ئەگەر خوشکەکە بمرێ و هیچ فرزەندی لەپاش نەبێ، براکەی میراتێ دەبا. ئەگەر مردۆ پیاوێکەو دۆخوشکی لێ مان، دۆبەش لە سێ بەشیان هەیە. ئەگەر چەندخوشک و چەندبرا لەپاش مردۆ بەجێ مابۆن و مردۆ فرزەندێکی نەبو، هەر نێرینەی دۆ ئەوەندەی مێوینە میراتێ دەگرێ. خوا بۆتان ڕۆن دەکاتەوە، نەوەکۆ لێتان تێک بچێ. خوا لە هەمۆشت زانایە.



# مائیدە

١٢٠ ئایەت

بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر بەڵێنێکی کە دەیدەن، پێکی بێنن.
خواردنی گۆشتی وڵساتۆ بۆ ڕەوایە، مەگین ئەوەی کە پێتان ئێژن
دەریاوێن. هەتا لەوەختی ئیحرامدان، ڕاوێ بە ڕەوا مەزانن. خودا چۆنی
خۆی بیەوێ فەرمان دەدا.
٢ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو ڕێو شوێنەی خودا بۆ ئێوەی داناوە،
کلامەبن. شەڕ لە حەرامەمانگاندا ڕەوانیە. هەر ئاژەڵێ ناوی قوربانی
لەسەرە، یان قەلادەی لەملدا، دەستی بۆمەبەن. ئەو کەسانەش
ئازارمەدەن کە بەتەمان لە ماڵی خوا ڕۆزی و ڕەزای خوا دەس بخەن.
هەرگا لە ئیحرام دەرکەوتن، ڕاوکردنۆ بۆ ڕەوایە. ڕکی کۆنیش هەڵتان
نەنێ، کە نەیانهێشت بە زیارەتی کابەی ماڵی خودا بگەن. لەسەر چاکەو
پارێزگاری یارمەتی یەکتری بدەن؛ نەک لەسەر تاوان و غەدر. ئەشێ لە
خودا بترسن، چونکە خودا نافەرمانان زۆر بەتوندی تەمێ دەکا.

---

١-وڵسات: ئاژەڵ.   دەریاوێن لە هاویتن: هاویشتن، فڕێدان.

حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ
بِهِۦ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ
ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ
بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌۗ ٱلۡيَوۡمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمۡ
فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِۚ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ
عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي
مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣
يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمۡۖ قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ وَمَا عَلَّمۡتُم
مِّنَ ٱلۡجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُۖ فَكُلُواْ مِمَّآ أَمۡسَكۡنَ
عَلَيۡكُمۡ وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ
٤ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ
لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ
مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ
مُحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖۗ وَمَن يَكۡفُرۡ
بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٥

٣ لەسەرتان حەرام کراوە مردارو خوێن و گۆشتی بەرازو هەرئاژەڵێ کە
لەوەختی سەرژێ کردندا ناوی غەیرەز خوای لێ بێنن و خەندقاوو بە
لێدانێ تۆپێنراوو هەڵدێراوو بەشەقۆن تێ هەڵدراوو هەرچی لاۆر
دڕیویەتی، مەگین بەرلە گیان دەرچوونی فریای کەون و هەر چی لەسەر
کێلەکەبەرداندا دادەنرێ و سەرژێ دەکرێ و هەرچی لە سەر قوماری تیر
دابەش دەکرێ؛ کە هەرچی ئەمانەبکا، نافەرمانی خودا دەکا. ئەوا
ئەمڕو ئەوانەی خوداناناسن لە زیان گەیاندن بەدینەکەی ئێوە، ناهومێد
بۆگن؛ لە خۆم بترسن نەک لەوان. وا لەمڕۆوە دینەکەتانم تەواوکردو بەبێ
کورتی و کەمایەسی چاکەم دەربارەی ئێوە کرد؛ ئیسلامیشم بۆ دینی ئێوە
هەڵبژارد. کێش لەبرسان چاری نەبێ و نەیەوێ تۆشی گوناح بێ، ئەوسا
خودا خەتاپۆشەو دلۆڤانە.
٤ لێت دەپرسن: کامەیە ڕەوایە بۆیان. بێژە: هەرشتێ کە پاکەو هەرنچیرێ
کە جانەوەری ڕاوکەرتان - کە فێری ڕاوتان کردبێ وەک لەخوداوە فێری
بۆن - بۆتان بگرن؛ لە گۆشتەکەیان بخۆن و ناوی خودای لەسەر بێنن و
ترستان لە خودا هەبێ. خوا بەپەلە بەکاروباران ڕادەگا.
٥ وا لەمڕۆڕا هەموشتێکی خاوێنتان بۆ ڕەوایە ئەوشتانەش کەوا ئەهلی کتێب
دەیخۆن پێورەوایە. هەر وەک خواردەمەنی ئێوەش بۆ ئەهلی کتێب
ڕەوایە. ژنانی خاوەن باوەڕو ئازادو داوێنپاکیشتان بۆ ڕەوایەو ئەوژنە
داوێنپاکانەش کە بەرلەئێوە کتێبیان پێدراوە؛ بەومەرجە کە
مارەییەکانیان بدەنێ. خۆشتان دەبێ داوێن پاک بن نەداوێن پیس.
دۆستی مێوینەشتان لەژێرەوەنەبێ. هەر کەش لەباوەڕی هێنان
حاشابکا، کردەوەی بەفیرۆچوەو ڕۆژی سەلاش یەکێکە لە زیانباران.

---

٣-لاۆر: جانەوەری کێوی. سەرژێکردن: سەربڕین. خەندقاو: خنکاو. شەقۆن: شاخ لێدانی حەیوان.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ
وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ
وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ
وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ
أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا
فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ
لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ
وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٦
وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم
بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ
ٱلصُّدُورِ ٧ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ
شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ
أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ
ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٨ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٞ ٩

٦ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر دێنە سەر ئەوبڕیارەی نوێژ بکەن، دەم‌و چاوو دەستەکانۆ هەتا سەر ئانیشکان بشۆن؛ دەستۆ بەتەڕی بماڵن بەسەرتانداو پاکانیشتان تاهەردو گوێزینگ بشۆرن. ئەگەر تۆشی لەش پیسی بۆن، خۆتان خاوێن بکەنەوە. ئەگەر نەخۆش یان ڕێبوار بۆن یان یەکێکتان لەسەر پێشاوێ دێتەوە یان دەگەڵ ژنان وێک کەوتن‌و دەستو بەئاو رانەگەیشت، بە تۆزی پاکی سەر زەوی دەم و چاوو دەستەکانی خۆو بهەنۆن. خوا نایەوێ بتانخاتە تەنگانەوە؛ بەڵام گەرەکیە خاوێنتان بکاتەوەو بەتەواوی چاکەتان دەربارەبکا؛ بەشکۆ شوکرانە بژێرین.

٧ ئەوچاکەیە لەبیرمەکەن کە خوا دەربارەی کردۆن‌و ئەو پەیمانەتان لەبیربێ کە دەگەڵ خواتان بەستوەو گوتۆتانە: بیستمان‌و بەر فەرمانین. ترسیشتان هەر لە خودا بێ؛ دیارە خودا هەرچی بەناو دڵیشودابێ دەیزانێ.

٨ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆ خوا ڕاست‌و بێ‌خەش بن‌و بەهەقانەت شایەتی دەن. دوژمنی‌و قینی دەستەیێک هەڵتان‌نەنێ بە هەقانەت ڕەفتار نەکەن. بەیەکسانی‌و بێ‌جیاوازی لەگەڵ خەڵکا ڕەفتارکردن دەبێتە هۆی پترنزیکەوە بۆن بە پارێزگاری. لە خواش ترسۆهەبێ چونکۆ لە هەرکارێ ئێوە دەیکەن ئاگادارە.

٩ ئەوکەسانەی باوەڕداروئاکارچاکن، خودابەڵێنی پێداون کەلە گوناهیان دەبۆرێ‌وپاداشێکی زۆرگرینگیان پێ‌دەبەخشێ.

---

٦- گوێزینگ: گوێزک، قاپی پا.

وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ
ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ هَمَّ قَوۡمٌ أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ
فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ
ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١١﴾ ۞ وَلَقَدۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِيٓ
إِسۡرَٰٓءِيلَ وَبَعَثۡنَا مِنۡهُمُ ٱثۡنَيۡ عَشَرَ نَقِيبٗاۖ وَقَالَ ٱللَّهُ
إِنِّي مَعَكُمۡۖ لَئِنۡ أَقَمۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيۡتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ
وَءَامَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرۡتُمُوهُمۡ وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا
حَسَنٗا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّكُمۡ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ فَمَن كَفَرَ بَعۡدَ
ذَٰلِكَ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٢﴾ فَبِمَا
نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗۖ
يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا
ذُكِّرُواْ بِهِۦۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٖ مِّنۡهُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡۖ
فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٣﴾

١٠ ئەوانەش کە بۆنە خودانەناس و نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆزانی، گشتیان هەواڵی ئاگرن.

١١ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەو چاکەیەو لەبیرنەچێ کە خودا دەرباری کردن، کە ئەوجارە کۆمەڵێک لە دوژمنانۆ گەرەکیان بۆ دەسدرێژیتان بۆبکەن، خودا وای کرد کە ئەوان دەستیان نەوگاتێ. سا هەر لە خوا ترسۆهەبێ و ئەشێ هەرکەس باوەڕی بە خودا هەیە، خۆی هەر بە خودا بسپێرێ.

١٢ خوا دەگەڵ بەرەی ئیسرائیل پەیمانی بەست. هەر لەخۆیان دوازدە کەسمان بۆ کوێخایەتی هەڵبژاردو خوا گوتی: بەڕاستی من دەگەڵ ئێوەم. ئەگەر ئێوە لەسەر نوێژو زەکاتدان هەمیشە سۆربن، بە پێغەمبەرەکانیشم باوەڕتان بێ و قەدریان لای ئێوە هەبێ و ماڵی خۆتان بە دەستەواو بدەن بە خوا، ئەوا منیش کارەنالەبارەکانتان پاک و خاوێن دەکەمەوەو دەتانبەمە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا. هەر کەسیشتان لەمەولا ڕێ خوانەناسی بگرێتەبەر [با بزانێ] کە لە ڕاستەڕێ لایداوە.

١٣ ئەوسا لەبەر پەیمان بەرپێدانیان، وەبەر نفرینی خۆمان خستن و ئەوەندەمان دڵڕەش کردن، قسەکانی ناوەرۆکی پەیمانیان لە جێی خۆ نەهێشت؛ خۆیان شتیان لەجێ داناو زۆر لەوانەی کە فێری ئەوانکرابۆ، لەبیرەخۆیان بردەوە. هەتا ئێستاش - وەک دەبینی - خەیانەتکاریان هەر هەیە؛ مەگین کەمێک لەناویاندا. سا تۆ چاویان لێ بپۆشەو بیانبەخشە. خوا چاکەکاری خۆش دەوێن.

---

١٢-دەستەواو: دەستقەرز. ١٣-ناوەرۆک: کاکڵی مەبەست.

وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ
فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ
وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ
بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ﴿١٤﴾ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ
قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا
كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن
كَثِيرٖۚ قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ
مُّبِينٞ ﴿١٥﴾ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ
سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى
ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ
﴿١٦﴾ لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ
ٱبۡنُ مَرۡيَمَۚ قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ
أَن يُهۡلِكَ ٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي
ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗاۗ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٧﴾

١٤ پەیمانمان لەو کەسانەش ساند کە گوتیان: ئێمە مەسیحین. لەو بڕیارەی کە دەگەڵ ئەوانمان دابۆ، خۆیان لە چەندبەشێکی بوارد. ئیتر ئێمەش کارێکمان کرد، شەڕو ئاژاوە لەناویان بەردەوام بێ هەتا قیامەت؛ لە جەزای ئەو کردەوانەی ئەوان کردیان. بەم زوانەش خودا ئاگاداریان دەکا لەوکارانەی وا دەیانکرد.

١٥ ئەی ئەهلی کتێب! بزانن ئەوەی کە هاتۆتە لاتان پێغەمبەرێکی ئێمەیە؛ زۆر لەو مەبەستو باسو خواسەی کە ئێوە لە کتێبی خۆ حاشارۆدا، ئەو بۆتانی دەردەخاتو لێتانی ئاشکرادەکاو لە زۆرانیشی وازدێنێ. لەلای خواوە ڕۆناکیو کتێبێکی دیاریدەرتان بۆهاتوە.

١٦ بەو قورعانە، خوا ئەوانەی شوێنی ڕەزای ئەو دەکەون، دەخاتە سەر ڕێ هێمنیو بەئیزنی خۆی لە تاریکی دەریاندەخاو بەرەو ڕۆناکیان دەباو ڕێگەی ڕاستیان نیشاندەدا.

١٧ ئەو کەسانەی گوتۆیانە: هەر خودا خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون. بێژە: ئەر خوا مەیلی لێبا مەسیحو دایکی مەسیحو هەرچی لە زمیندا هەیە لەناوبەرێ، کێ دەستی وەبەردەهێنا؟ مولکایەتی ئەم عاسمانانو زەمینە سەر بەخوایەو چی پێ خۆش بێوەدی دێنێو هەر خودایە لەسەر هەمۆشت توانایە.

---

١٥- **حاشاردان:** شاردنەوە، حەشاردان. **حاشارۆدا:** شاردتانەوە، حەشارتاندا.

وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ
فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَۚ يَغۡفِرُ لِمَن
يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۚ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ١٨ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ
رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ عَلَىٰ فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَآءَنَا
مِنۢ بَشِيرٖ وَلَا نَذِيرٖۖ فَقَدۡ جَآءَكُم بَشِيرٞ وَنَذِيرٞۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ
شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٩ وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ ٱذۡكُرُواْ
نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ جَعَلَ فِيكُمۡ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكٗا
وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمۡ يُؤۡتِ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٠ يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ
ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ
فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ٢١ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمٗا جَبَّارِينَ
وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا
فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ٢٢ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ
أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمَا ٱدۡخُلُواْ عَلَيۡهِمُ ٱلۡبَابَ فَإِذَا دَخَلۡتُمُوهُ
فَإِنَّكُمۡ غَٰلِبُونَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٣

١٨ جۆلەکەکان و فەلەکان گوتیان: ئێمە عەولادو دۆستانی خوداین. بێژە:
ئەدی چۆن لەسەر گوناهانتان ئازارتان دەدا؟ نەخێر، ئێوەش هەر
مرۆن، وەکوو خەڵکی دی کە خودا دروستی کردوون. هەرکەسێ خۆی
کەیفی لێ بێ، لێی دەبوورێ و کێش بخوازێ جەزرەبەی بۆ قەراردەداو
هەر بۆ خوایە موڵکایەتی ئەم ئاسمانانەو زەمینەو هەرچی لەناویاندا
هەیەو گەڕانەوەی هەمووش هەر بەرەولای ئەوە.
١٩ ئەی ئەهلی کتێب! پاش ماوەیەک کە پێغەمبەران نەهاتوون، ئەوا
پێغەمبەری ئێمەو هاتۆتەلا، ناهەقتان بۆڕوون کاتەوە. نەکابێژن: لە
خوداوە موژدەدەرو ترسێنەرمان بۆ نەهاتوون؛ دەسا ئەوا مژدەدەرو
ترسێنەرتان هاتۆتەلاو خوا بۆ هەمووشت توانایە.
٢٠ ئەو دەمانەش کە موسا بە هۆزی خۆی گوت: گەلۆ! دەبێ هەرگیز ئێوە ئەو
چاکەیەی لەبیرنەکەن کە خودا دەربارەی کردوون، کە ئەو هەموو
پێغەمبەرەی هەر لەناو خۆتان بۆناردوون، چەندین پادشای لە خۆتان
پەیدا کردووەو ئەوشتەی بە ئێوەی داوە، بە هیچ کەسی لەم دنیایەدا
نەداوە.
٢١ گەلۆ! بچنە ئەو سەرزەمینە پیرۆزەی خوا بۆ ئێوەی بڕیارداوەو بۆو
نوسراوەو بەرەوپاش مەگەڕێنەوە. گەر لە پەیمان خۆببوێرن، بە زیانتان
تەواودەبێ.
٢٢ گوتیان: موسا! گرۆیەکی زۆردارو ملهوڕ لە وێدان. تا ئەوانەی لێ
دەرنەچن، ئێمە ناچینەناویەوە. ئەگەر ئەوان لەوشوێنانە بچنەدەرێ،
ئەوساکە دەچینەناوی.
٢٣ دوپیاو لەوانە وا لەخوا دەترسان و بەر چاکەی خودا کەوتبوون، پێیان
گوتن: لە دەروازەی شار بچنەژوورەوەو هێرشیان بۆبەرن؛ هەرگا پاتان
خستە ئەودیو، سەرکەوتن بەشی ئێوەیە. ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خودا
هەیە، خۆتان بە خودا بسپێرن.

قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَٱذۡهَبۡ
أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ
إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ إِلَّا نَفۡسِي وَأَخِيۖ فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ
ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡۛ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ
يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ
﴿٢٦﴾ ۞ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا
فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَۖ
قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ
لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ
رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ فَتَكُونَ
مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَطَوَّعَتۡ
لَهُۥ نَفۡسُهُۥ قَتۡلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٣٠﴾
فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابٗا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي
سَوۡءَةَ أَخِيهِۚ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا
ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ ﴿٣١﴾

٢٤ گوتیان: مۆسا! هەتا ئەوان لەوشوێنەبن، ئێمە هەرگیز زات ناکەین بچینە ئەوێ. ئەوا خۆت و پەروەرندەت بچن دەگژیان ڕابچن و چاریان بکەن؛ ئەوا ئێمە لێرە نیشتۆین چاوەنۆڕین.

٢٥ مۆسا گوتی: پەروەرندەم! تۆ دەزانی کە من دەستم هەر بەسەر خۆم و برایەکەمدا ڕادەگا[و ئەوانە بەقسەی من ناکەن] سا تۆ من و ئەو هۆزە نافەرمانە[ی من] لە یەکتری جیاکەوە.

٢٦ گوتی: ئەوا ماوەی چل ساڵ بەشیان لەم وڵاتە بڕاو لە زەمیندا وێلان و سەرگەردان دەبن. بۆ ئەم هۆزە نافەرمان و لەڕێدەرچۆگە خەم مەخۆ.

٢٧ هەروەها تۆ دەنگ و باسی ڕاستی ڕوداوی نێوانی هەردوک کوڕانی ئادەمیان بۆ وەخوێنە؛ هەرکام قوربانیەکیان کرد، لە یەکێکیان قبوڵ کراو لەوی تریان وەرنەگیرا [ئەوی کە لێی وەرنەگیرا، هەڕەشەی لەوەکەی تر کرد] گوتی: من دەبێ بتکوژم. گوتی: خودا هەر لەوکەسەی قبوڵ دەکا کە ترسی لە خودا هەیە.

٢٨ گوتی: ئەگەر تۆش دەستم بۆ درێژبکەی کە بمکوژی، من دەستەوەکەری ناکەم تۆ بکوژم. من لە خودا - کە ڕاهێنەری دنیایە - ترسم هەیە.

٢٩ من دەمەوێ تاوانی کوشتنی من و تاوانی خۆت بێتە ملت؛ ئەوسا تۆ دەچیە دۆزەق و تاوانی ناهەق ئەمەیە.

٣٠ ئیتر دڵی هەڵینا کە برایەکەی خۆی بکوژێ. کوشتی و کەوتە ناو ڕیزەی زیانبارەکان.

٣١ خوا قەلەڕەشەیەکی نارد، خەریک بو زەوی دەکۆڵی بۆ ئەمەی پێی نیشان بدا کە چۆن جەندەکی براکەی لە خاکا بشارێتەوە. گوتی: ئەی لەخۆم نەگبەتێ! چۆن نەمزانی وەک قالاو بجوڵێمەوەو لاشەی برای خۆم وەشێرم. [بەم کردەوەی] هاتە ڕیزەی پەشیمانان.

---

٢٨- دەستەوەکەری: دەست کردنەوە، بەگژدوژمناچۆن.

مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ
نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ
ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ
جَمِيعًاۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا
مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ ﴿٣٢﴾ إِنَّمَا
جَزَٰٓؤُا۟ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ
فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓا۟ أَوْ يُصَلَّبُوٓا۟ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ
وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِۚ ذَٰلِكَ
لَهُمْ خِزْىٌ فِى ٱلدُّنْيَاۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ
﴿٣٣﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْۖ فَٱعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُوا۟ فِى سَبِيلِهِۦ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْ أَنَّ
لَهُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُوا۟ بِهِۦ مِنْ
عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٣٦﴾

٣٢ هۆی ئەم کارە فەرمانێکمان بۆسەر بەرەی ئیسرائیل نارد، کە هەرکەسێ بێتاوانێکی بکوژێ - کە نە گوناهی کردبێو نە خراپەی لەزەویندا لێ ڕوٗ دابێ - وەک ئەمەیە کە گش خەڵکی سەرزەوی لەناوبردبێو هەر کەسێکیش بێتاوانێک ڕزگاربکا، وەک ئەمەیە کە هەمۆخەڵکی سەرزەوی لە مردن ڕزگار کردوە. پەیغەمبەرانیشمان گەلێ بەڵگەی ڕۆنو ئاشکرایان بردەلایان؛ بەڵام زۆریان - دوای ئەم گشتە - هەڵەڕۆو سنۆرپەڕێن بۆن.

٣٣ گۆڕی گیانی ئەو کەسانەی دژایەتی خوداو پێغەمبەری دەکەن، لەعەرزا دەبنە خراپکار، کوژرانە یان لەداردانە یان بڕینی دەستو قاچە پێچەوانە، یان لە وڵات دۆرخرانە؛ کە ئەم سزایە بۆ ئەوان ڕیسوابۆنە لە دنیاداو بەشیان لە ڕۆژی سەلادا جەزرەبەدانی بەژانە.

٣٤ مەگین ئەوانەی بەر لەوە گیرتان کەوٗن، لە کار پەژیوان ببنەوەو تۆبەبکەن. ئێوەش پێویستە بزانن کە لەپاش پەژیوان بۆنیان خودا لە گوناه دەبۆرێو دلۆڤانە.

٣٥ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەشێ لە خوا ترسوٗ هەبێو ڕێ نزیکەوبون بە خواوە پەیداکەنو لە ڕای ئەوا بچنە خەزا؛ بەشکە تۆشی ڕزگاری بن.

٣٦ ئەو کەسانەی خوانەناس بۆن، ئەگەر هەرچی لە زەمیندا هەیەوماڵەو هێندەی تریشی ڕەگەڵ خەنو بەهیوابن لە جەزرەبەی ڕۆژی سەلا ڕزگاریان کاو خۆیانی پێبکڕنەوە، جێگەناگرێو بە هیچ ناچێو ئازاری گەلێک بەژانیان هەر تۆش دەبێ.

---

٣٢-هەڵەڕۆ: نابەجێکار. سنۆرپەڕێن: لەڕادەلادەر. ٣٣-گۆڕی گیان: بریتی لەسزای کردەوەی خراپ.

يُرِيدُونَ أَن يَخۡرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنۡهَاۖ
وَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّقِيمٞ ﴿٣٧﴾ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ
أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ
﴿٣٨﴾ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ
عَلَيۡهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٣٩﴾ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُۗ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٤٠﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ
لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ
قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ
هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ
ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦۖ
يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْۚ
وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۚ
أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ لَهُمۡ فِي
ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٤١﴾

٣٧ کۆشش دەکەن کە لەناو ئاگر دەربچن، بەڵام هەرچی هەوڵ بدەن بێ بەهرەیەو هەرگیز ناتانن دەرکەون و ئازارێکی بێ بڕانەوەیان دەبێ.
٣٨ هەر کەسێکی دزی بکا - نێربێ یان مێ فەرقی نیە - لە سزای دزی کردنێ دەبێ هەردو دەستیان ببڕن؛ کە ئەمە تەنبێ کردنە لە خواوە. خودا خاوەن دەستەڵاتی لە کارزانە.
٣٩ هەرکەش دوای ناهەقیکردن پەژیوان ببێتەوەو ڕێگای چاکە بگرێتەبەر، خودا تۆبەی قبوڵ دەکاو خوا لێبورو دلۆڤانە.
٤٠ ئەدی تۆ خۆت نەتزانیوە ئەم ئاسمانان و زەمینە موڵکی خودان؟ هەرکەسێ خۆی مەیلی لێ بێ لێی دەبۆرێ و هەر کەسێکیش خۆی حەزکا ئازاری دەدا؟ خودا لەسەر هەموشتێک توانای هەیە.
٤١ ئەی پێغەمبەر! خۆت بەوانە دڵتەنگ مەکە کە بۆ لەدین وەرگەڕانێ پەلەیانەو دێنەلات و بە دەم دەڵێن: بڕوامان بە تۆ هێناوەو دڵیان بڕوای نەهێناوە. هەروەها لەوجۆلەکانەش خۆت تۆشی خەمباری مەکە، کە گوێ بۆ درۆ هەڵدەخەن، فێربوٚن قسە لە خەڵکیتر دەبیسن و دەیقۆزنەوە، کە ئەوانەش هەرگیز نەهاتۆنە لای تۆ، جێگۆڕکێ بە قسەکان دەکەن؛ دەڵێن: ئەگەر فلان قسەیان بۆ گوتن، وەریگرن، دەنا خۆی لێ بپارێزن. هەر کەسێکیش خودا ویستی جەزرەبەی بۆ ببڕێتەوە، تۆ ناتوانی لە خودای بێنیاز بکەی و هیچ کارێکی بۆ ڕێک بخەی. ئەمانە خودا نایەوێ دڵیان لە گوناه و پیسی بسڕێتەوە؛ بەشیان لە دنیا سۆکیەو لە قیامەتیش جەزرەبەیان دژوار دەبێ.

---

٤١- قۆزتنەوە: لەحەواوە گرتنەوە. جێگۆڕکێ کردن بە قسە: ماناو مەبەستی قسە بەئانقەست گۆڕین.

سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ
فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن
يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٤٢ وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ
ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ
وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٤٣ إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا
هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ
هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ
ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَۚ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ
وَٱخۡشَوۡنِ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم
بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٤ وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ
فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ
بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ
قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن
لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٥

٤٢ بۆ درۆ، گوێ هەڵدەخەن و بە حەرام خواردنێ فێرن. جا ئەگەر جارێ
دێنەلات، تۆ، بە نێوانیان ڕابگە یان خۆیان تێ مەگەیێنە. ئەگەر
وازیشیان لێ بێنی، هیچ زیانێک لە تۆ نادەن. خۆ ئەگەر تۆ بە نێوانیشیان
ڕابگەی، کێشەکەیان بێ لاگری و بەیەکسانی بۆ پێک بێنە. خودا پیاوی
بێ دەغەزو ڕاستو ڕەوای خۆش گەرەکن.
٤٣ جا چۆن ئەوانە دێنەلات کە بە کێشەیان ڕابگەی، کە لای ئەمان تەورات
هەیەو فەرمانی خودا دەوێدان، کەچی پاشان لە پێڕاگەیشتنەکەی تۆ
خۆ دەبوێرن؟ خۆ ئەوانە بڕوادارنین.
٤٤ ئێمە کە ئەم تەوراتەمان ناردۆتە خوار، ڕۆناکایی و ڕێ‌نیشاندانی تێدایە.
هەمۆ ئەو پێغەمبەرانەی کە هەر بەفەرمانی خوا بۆن، هەر بەهۆی ئەم،
بەسەر هەمۆ کاروباری ئەوانەی کە مۆسایی بۆن ڕاگەیشتۆن.
خوداناسانی بەڕاستی و زانا بلیمەتەکانیان گەلێک شتیان هەر لە کتێبی
خوا لەبەربۆ؛ بە تەواویش ئاگادار بۆن کە ئەمە کتێبی خوایەو خودا
لەوێدا پێی گوتۆن: نابێ لە خەڵک بترسن؛ ئەشێ هەر ترسۆ لە خۆم بێو
نەچن بەڵگەو نیشانەی من بە نرخێکی کەم بفرۆشن. هەرکەسێکی
پێچەوانەی فەرمانی خوا فەرمان بدا، دژی خودا ڕاوێستاوەو لە دینی
ڕاست وەرگەڕاوە.
٤٥ لە تەوراتدا بۆ ئەوانە بڕیارماندا، کە گیانێک لەباتی گیانێک، چاو بە چاوو
کەپۆ بە کەپۆ، گوێ بە گوێو ددان لەباتی ددانەو زەخمەکانیش
تۆڵەیکیان هەس؛ کێ لە تۆڵە - بەخێری خۆی - وازبهێنێ، گوناهی پێ
هەڵدەوەرێ. ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانە - کە لە خوداوە
هاتوە - فەرمان بدەن، غەدرێ دەکەن و ناهەقن.

وَقَفَّيۡنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ
ٱلتَّوۡرَىٰةِۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ فِيهِ هُدٗى وَنُورٞ وَمُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ
يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٗ لِّلۡمُتَّقِينَ ٤٦ وَلۡيَحۡكُمۡ
أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٤٧ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ
بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا
عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ
عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ
وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ
ءَاتَىٰكُمۡۖ فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٤٨ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ
أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ
بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم
بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ٤٩ أَفَحُكۡمَ
ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ٥٠

٤٦ لەشوێن ئەوان عیسای کوڕی مریەممان نارد؛ کەباوەڕی بوو بەو تەوراتەی وابەرلەئەو هاتبوو. ئینجیلیشمان دا بە عیسا؛ کە ڕێ‌نیشاندان و ڕوناکی تێدایەو بڕوای بە تەوراتیشە کە بەر لەم هاتبوە خوارێ و بۆ ئەوانەی لەخوداترسن، پڕیەتی لە ئامۆژگاری و ڕێگەی ڕاستیان نیشان دەدا.

٤٧ دەبێ ئەوانەی وا ئینجیلیان لەلایە، بەپێی ناوەڕۆکی ئینجیل - وەک خودا ناردوێیەتەخوار- فەرمان بدەن. ئەو کەسانەی لەو فەرمانانەی کە خودا ناردوێیەتە خوار لابدەن، دیارە لە ڕێ لایانداوە.

٤٨ ئەم قورئانەشمان بە خەڵات بۆ تۆ ناردوتە خوارەوە، کە هەرچی تێیدایە ڕاستە؛ بەکتێبە بەرینەکان بڕوای هەیەو چاودێریانە. ئیتر تۆ بە پێ‌ئەوەی خوا هەناردوێیەتە خوارەوە، بە کاروباریان ڕابگەو بەلادان لەو هەقەی کەوا بۆت هاتوە، مەکەوە شوێن ئاوات و ئارەزۆی ئەوان. بۆ هەرکۆمەڵێک لە ئێوە ڕێوشوێنێکمان داناوە؛ ئەگەر خودا مەیلی لێ‌با، هەموی دەکردنە یەک ئۆمەت. بەڵام ویستی خودا وابۆ لەو شتانەی کە پێیداون بەتاقیتان بکاتەوە؛ دەسا ئێوەش لە کاری چاک پێکەوە کێ‌بەرکێ بکەن. هەمۆلاتان دەگەڕێنەوە لای خوداو ئەوسا ئاگادارتان دەکا، کە لەسەر چی کێشەو لەناو پەیدابو.

٤٩ تۆش بەپێی ئەو فەرمانانەی لە خوداوە بۆت هاتۆتەخوارەوە، بە کاروباریان ڕابگەو دوای ئارەزۆیان مەکەوە. خۆتیشیان لێ‌بپارێزە، نەوەکا فریوت دەن و لە هێندێک لەوفەرمانانەی کە لە ئێمەوە بۆ تۆ هات، هەڵەت بکەن. ئەگەر هەر ڕۆیان وەرگێڕا، سا بزانە کە خودا نیازی وایە لە بەرانبەر بازێک لە گوناهەکانیان تۆڵەیان لێ‌بکاتەوە، زوربەی زۆریش لەومەردمە لە ڕێ دەرچۆن.

٥٠ ئاخۆ ئەوان گەرەکیانە دابی زەمانی نەزانی بەرلەئیسلام بژیەننەوە! دەیسا لەلای ئەو کەسانەی والە بڕوای خۆیانا هیچ شک و گومانێکیان نیە، کامە فەرمان لە فەرمانی خوا چاترە؟

۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ
أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ٥١ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ
يَقُولُونَ نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ
مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ ٥٢
وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ ۙ
إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ ٥٣ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ
وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي
سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ
وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٥٤ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ
يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمۡ رَٰكِعُونَ ٥٥ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ٥٦ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ
ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٥٧

٥١ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم مۆسایی و مەسیحیانە؛ با
ئەوان دوستی یەکتر بن. هەرکەسێکیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش
لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا.
٥٢ ئەو کەسانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە، دەبینی کە بەلەزن بۆ چۆنەلایان؛
دەڵێن: ئێمە دەترسین تۆشی بەلا بین [بۆیە دۆستایەتیان دەکەین].
هیچ دۆر نیە خودا ڕۆژێ سەرتان بخا، یا خۆ کارێکیتر بکا. ئەوسا ئەوان
لەوڕازەی دەدڵیاندایە، تۆشی پەشیمانی دەبن.
٥٣ کەسانی خاوەن باوەڕیش ئەوسا ئێژن: ئاخۆ هەر ئەمانە نەبۆن بە
سوێندان ڕەش دەبۆنەوە کە هەتاسەر دەگەڵتانن؟ ئەوکارە ئەوان کردیان
بەفیڕۆچو؛ دواییەکەشی تۆشی خوسارو زیان بۆن.
٥٤ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! هەرکەس لەدینی خۆی پاشگەزببێتەوە، خوا
لەمەولا کۆمەڵێ‌وا دەخاتەڕۆ، خۆشی بوێن؛ ئەوانیش خوایان خوش
بوێ‌و لە حاندی خاوەن‌باوەڕان نەرم‌و نیان دەبزۆنەوەو لە بەرانبەر
دین‌دوژمنان، سەربلندو توندو تیژن؛ خەزا لەڕای خوا دەکەن‌و لە
تەشەری سەرکۆنەکەران ناترسن. ئەمە زێدەخەلاتێکە لە خوداوە بە هەر
کەسێ خۆی حەزبکا پێی دەبەخشێ. خوا زانایەو [لە بەخشین] زۆر
دەس‌گوشادە.
٥٥ دۆستی ئێوە هەر خوداو پێغەمبەریەتی‌و ئەو دەستەی باوەڕدارانەن کە
نوێژکەرو زەکات دەرن‌و بەرەو خودا لەکڕنۆشدان.
٥٦ هەرکەسێکیش دۆستایەتی وەل خوداو پێغەمبەری خواو ئەوانە بێ کە
بۆنەتە خاوەن باوەڕ، سەربە خوان‌و هەرگرۆیە سەربە خوا بن،
سەردەکەون.
٥٧ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە دەگەڵ ئەو کەسانەی گاڵتە بە دینتان
دەکەن‌و لە ئەهلی کتێب حەسێبن - کە پێشو بۆیان هاتوە- و ئەو
کەسانەی خوانەناسن، هەرگیز دۆستایەتی مەکەن. ئەگەر ئێوە بەڕاستی
خاوەن باوەڕن، ئەشێ لە خودا بترسن.

وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ
لَّا يَعْقِلُونَ ﴿٥٨﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا
بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٥٩﴾ قُلْ
هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ
عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ شَرٌّ
مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ وَإِذَا جَآءُوكُمْ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا
وَقَد دَّخَلُوا۟ بِٱلْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا۟ بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا۟ يَكْتُمُونَ
﴿٦١﴾ وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَأَكْلِهِمُ
ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٦٢﴾ لَوْلَا يَنْهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ
وَٱلْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ ٱلْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟
يَصْنَعُونَ ﴿٦٣﴾ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌ ۚ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا۟
بِمَا قَالُوا۟ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ ۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا
مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ۚ وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ
وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ كُلَّمَآ أَوْقَدُوا۟ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ۚ
وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٤﴾

٥٨ هەرگا ئێوە بۆ نوێژکردنێ بانگ ئەدەن، ئەمانە گاڵتەی پێدەکەن؛ چونکە ئەمان کۆمەڵێکی بێ‌ئاوەزن‌و دەهیچ ناگەن.
٥٩ تۆ بەوانەی کە ئەهلی کتێبن بێژە: ئاخۆ هەر چونکە بڕوامان بە خوا هەیەو بڕوامان بەو قورعانەیە کە بۆ ئێمە ناردراوەو بڕوامان بەوانەش هەیە کە پێش قورئان لە خوداوە ناردراون، ئێوە ڕکتان لە ئێمەیە؟ ئێوەش خۆتان بەشی زۆرتان نافەرمانن.
٦٠ بێژە: ئاخۆ دەتانەوێ لەوانەو ئاگاداربکەم کە سزایان لە لای خواوە لەسزای وان خراترە؟ کەسانێکن بەر نەحلەتی خوا کەوتن‌و خودا غەزەبی لێ‌گرتن‌و هێندێکیانی کردە مەیمۆن؛ هێندێکیانی کردە بەراز؛ کە ئەوانە عەبدایەتی بتیان دەکرد. شوێنی ئەوان لە گش جێیان خراپترەو لە هەمۆ لەڕێ‌لادەرێک گومڕاتربۆن.
٦١ کاتێ دێنەلاتان دەڵێن: مە باوەڕیمان هێناوە؛ کە چی ئەوان دڵ بەحاشا هاتنەژۆرو بە بێ‌بڕوا وەدەرکەوتن. خوداش لەو شتانەی دەیانشاردەوە ئاگادارترە.
٦٢ زۆرێک لەوان دەبینی کە بۆ تاوان‌و دەست‌درێژی‌و حەرام‌خۆری پێشەبڕکەی یەکتر دەدەن؛ ئاکاریان زۆر ناپەسندە.
٦٣ ئەدی بۆچی خواناسان‌و زاناکانیان، لە تاوان‌و حەرامخۆری هیچ دەستیان وەبەرناهێنن؟ دەسکردیان زۆر ناپەسەندە!
٦٤ جهو گوتیان: خودا دەستی بەستراوە. دەک دەسیان لە زنجیر خرێ‌و بەنەحلەت بن، بۆ ئەوەی لە دەمیان دەرچۆ. [با بزانن] دەستی خودا زۆرگوشادن؛ چۆنی خۆی ئارەزۆبکا بەخت دەکا. ئاشکرایە ئەوەی لای پەروەرێنتەوە بۆت هاتوە، لە ئەندازەلادان‌و خودانەناسی زۆرێک لەوانە پتر دەکا. ئێمەش ئەوا هەتا ڕۆژی هەستانەوە، ڕکەبەری‌و دوژمنیمان خستە ناویان. هەرکاتێ کە ئاگری شەڕیان هەڵگرساند، خودا بۆخۆی کوژاندیەوە. تا لە هەردن، هەر بەدفەڕی پیشەیانەو دەیانەوێ خراپە بەڕێوە بەرن‌و خودا لە خراپەکاران خۆشی نایە.

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ
سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَٰهُمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٦٥﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا۟
ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ لَأَكَلُوا۟ مِن
فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم ۚ مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ
سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ ﴿٦٦﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ
مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ
مِنَ ٱلنَّاسِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٧﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ
ٱلْكِتَٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ
وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ ۗ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ
إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ۖ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ
﴿٦٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ
مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ
عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٩﴾ لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ
إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ رُسُلًا ۖ كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولٌۢ بِمَا
لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُوا۟ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ ﴿٧٠﴾

٦٥ ئەوانەی ئەهلی کتێبن، ئەگەر باوەڕیان هێناباو دڵیان لە خودا ترسابا، هەرگوناهێ کردبۆیان ئێمە لێمان دەسڕینەوەو دەن‌بردنە ناو باغاتێک پڕ لە خۆشی‌و بەختەوەری.

٦٦ ئەگەر ئەوان تەورات‌و ئینجیل‌و ئەوەی لە پەروەرێنیانەوە بۆیان هاتوە، تەواو دەکاریان هێنابا، بێ سۆلەلای سەریانەوەو لە [زەمینی] ژێرپایان‌ڕا خواردنیان بۆ دابین دەکرا. ئەوانە کۆمەڵانێکن، هێندێکیان مام‌ناونجینو زۆرینەیان بەدکردارن.

٦٧ ئەی پێغەمبەر! هەرشتێکی لە لایان پەروەرندەت‌ڕا بۆت هاتوە، ڕای‌گەیێنە؛ گەر وانەکەی ڕاسپێریت پێک نەهێناوە. خوا لەوخەڵکەت، کۆمەڵی خودانەناسان شارەزای ڕاستەڕێ ناکا.

٦٨ بێژە: ئەهلی کتێب! ئەنگۆ هەتابەپێی تەورات‌و ئینجیل‌و هەرچی لە پەروەرندەتانەوە بۆتان هاتۆتە خوارەوە، نەبزونەوە، ئێوە لەسەر هیچ [دینێک] نین. ئاشکرایە ئەوەی لای پەروەرێنتەوە بۆت هاتوە، لە ئەندازەلادان‌و خودانەناسی زۆرێک لەوان، پتردەکا. تۆ لەبەر ئەو خوانەناسانە، خەم مەخۆ.

٦٩ ئەوانە بڕوایان هێناو ئەوانەش بونە جۆلەکە، سوبییان‌و فەلەکانیش، هەرکامێکیان باوەڕی هەبێ بە خوداو ڕۆژی سەڵاو ئاکاری چاک ڕەچاوبکا، نە هیچ ترسیان لەسەر هەیەو نە خەم دەخۆن.

٧٠ ئێمە لە بەرەی ئیسرائیل بەڵێنمان ساندو زۆر پێغەمبەرمان بۆ ناردن. هەرکەس لەو پێغەمبەرانە پێچەوانەی دڵخوازی وان شتێکی بۆ بهێنابان، هێندێکانیان بە درۆزن حسێب دەکرد؛ هێندێکیشیان هەر بە کوشتن لەبەین دەبرد.

---

٦٦ـ مام‌ناونجی: مام‌ناوندی، بەینابەینی، نەزۆرنەکەم.　　٦٩ـ سوبیی: هەسارەپەرست.

وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتۡنَةٞ فَعَمُواْ وَصَمُّواْ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ
عَلَيۡهِمۡ ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٞ مِّنۡهُمۡۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا
يَعۡمَلُونَ ٧١ لَقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ
ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۖ وَقَالَ ٱلۡمَسِيحُ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱعۡبُدُواْ
ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۖ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ
ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ٧٢
لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ
إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٣ أَفَلَا يَتُوبُونَ
إِلَى ٱللَّهِ وَيَسۡتَغۡفِرُونَهُۥۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٧٤
مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ
ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ
ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ
يُؤۡفَكُونَ ٧٥ قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا
يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٧٦

٧١ لایان وابو ئیتر بەلایان تۆش نابێ؛ کوێرو کەڕبۆن نە دەیاندی نە دەیانبیست. پاشان پەشیمان بۆنەوە؛ خودا ئەو پەشیمانیەشی قبۆڵ کردن. دیسانەوە گەلێک لەوان کوێروکەڕ بۆن خوداش ئاکاری دەدیتن.
٧٢ ئەو کەسانەی دەڵێن: خودا خۆی مەسیح کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون. کەچی مەسیح گوتۆیەتی: ئێوە ئەی بەرەی ئیسڕائیل! ئەو خودایەی بپەرستن کە منی پەروەردەکردو ئێوەش ئەو پەروەراندویە؛ هەر کەسێکی شەریک بۆ خوا پەیدابکا، خوا بەشی لە بەهەشت دەبڕێ و جێی ئاگرەو هەر کەسێ ناهەقی بکا، هیچ کەسی دەهانا نایە.
٧٣ ئەوانەی کە گوتیان: خودا سێهەمینە لە سێ کەسان، بێ سۆ لەدین لایانداوە. جگە لە خودای تاقانە، هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ. ئەگەر بێتو دەس هەڵنەگرن لەوقسانە - ئەوانیانە کەوا لەدین لایانداوە - گرفتاری ئازارێکی بەژان دەبن.
٧٤ بۆچ ئەوانە پەشیمانی نابەنە بەر قاپی خوداو داوای بەخشینی لێ ناکەن؟ کە خوا لە گوناه دەبۆرێ و دلۆڤانە.
٧٥ مەسیحی فرزەندی مەریەم لە پێغەمبەرێک بەولاوە چیتر نیە، کە بەر لەویش فرەیەک پێغەمبەریتر هاتۆن و چۆن. دایکی ئەویش ژنێکی ڕاست و دروست بو؛ هەردوکیان خۆراکیان دەخوارد. دە بڕوانە چەند نیشانەی ئاشکرایان نیشان دەدەین. دیسان تۆ لەوە ڕامێنە، چۆنین لە هەقێ لادەدرێن؟
٧٦ بێژە: ئاخۆ غەیرەز خودا ئێوە دەچن شتانی وا دەپەرستن کە نە دەتوانێ زیانۆ پێ بگەیەنێ و نە پێی دەکرێ بەهرەی بۆ ئێوە تێدابێ؟ زۆربیسەرو فرەزاناش هەر خودایە.

---

٧١-ئاکار: رەوشت، رەفتار.     ٧٥-رامان: ١)بیرکردنەوەو مات‌بۆن؛ ٢)سەرسوڕمان.

قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ
وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟
كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٧٧﴾ لُعِنَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى
ٱبْنِ مَرْيَمَ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٧٨﴾
كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ
مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ
يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ
أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾
وَلَوْ كَانُوا۟ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِىِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ
مَا ٱتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ
﴿٨١﴾ ۞ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلْيَهُودَ
وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ ۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَٰرَىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ
قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٨٢﴾

٧٧ بەوکەسانەی کە ئەهلی کتێبن، بێژە: بەناڕەوا هەڵەڕۆیی لە دینی خۆتاندا مەکەن؛ مەکەونە شوێنی ئارەزوی ئەوانەش کە بەر لەئیستە گومڕا بۆن و زۆرێکیشیان گومڕا کردو خوشیان لە ڕێیڕاس کلا بۆن.

٧٨ ئەو دەستە لە بەرەی ئیسرائیلێ کە لە دین لایاندا، لەسەر زمانی داودو عیسای فرزەندی مەریەمڕا نەحلەت کران، چونکۆ فەرمانی خوایان بەجێ نەهێناو پیشەیان دەسدرێژی بۆ.

٧٩ لەو ڕەفتارەنالەبارە وادەیانکرد، بەرگرییان لەیەک نەکرد. ئای کە چەند خراپەیان کردا!

٨٠ تۆ زۆر لەوانە دەبینی دەبنە دۆستی خوانەناسان. چەن خراپە ئەو تۆشەی پێشی خۆیان خست: تۆشەی تۆڕەبۆنی خوداو هەر مانەوە لەئازاردا.

٨١ گەر ئەوانە بە خوداو بە پێغەمبەرو هەرچی بۆ ئەو هاتۆتەخوار، بە دڵ باوەڕیان هەبایە، دۆستی ئەمانە نەدەبۆن. بەڵام زۆرکەس لە ناو ئەوان بە فەرمانی خودا ناکەن.

٨٢ بێگومانە جوەکان و شەریک دانەران بۆ خودا، لە دوشمەنی دەگەڵ بڕوادارەکانا سەر سەخت‌ترن. ئەو کەسانەش کە گوتیان: «ئێمە مەسێحین»، پتر بڕوادارەکانیان خۆش گەرەکە. چون بڕێکیان ڕەبەن و کەشەن و خۆ بەزل نازانن.

---

٨٢- ڕەبەن: سەڵتی تەرکەدنیا. کەشە: ئاخونی خاچ‌پەرستان.

وَإِذَا سَمِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ
ٱلدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا۟ مِنَ ٱلْحَقِّ ۖ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكْتُبْنَا مَعَ
ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨٣﴾ وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْحَقِّ
وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٤﴾ فَأَثَٰبَهُمُ
ٱللَّهُ بِمَا قَالُوا۟ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ
وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٥﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟
بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿٨٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
لَا تُحَرِّمُوا۟ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا ۚ
وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ
بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ
فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ
أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ
ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟
أَيْمَٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾

٨٣ هەرکا گوێ دەگرن لەوانەی کە لەخواوە بۆ پێغەمبەر ناردراون، دەیانبینی ئەسرین لە چاویان دەوەرێو چونکە لە ڕاستیەکە دەگەن، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەوا باوەڕیمان هێنا، سا تۆش ناومان وەل شایەتاندا بنۆسە.

٨٤ ئێژن: جا چۆن باوەڕ بە خوا ناهێنینو باوەڕ بەم ڕاستیە نەکەین کە ئێستا بە ئێمە گەیشت؟ کەچی هیوامان ئەمەیە، پەروەرندەی هەمولامان بمانخاتە ناو گرۆی پیاوچاکانەوە!

٨٥ لە هەمبەر ئەوقسانەدا ئەوان وتیان، خوا دەیانباتە باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتاسەر هەر تیادەبن. پاداشی ئاکارباشەکان هەر وادەبێ.

٨٦ ئەو کەسانەش کە دژ بە دین وەستانەوەو نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانی، دیارە جەحەندەم جێیانە.

٨٧ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەوشتانەی خوا بە ئێوەی ڕەوادیوەو پاکو باشن، خۆتانی لێ بێبەش مەکەن؛ لە ئەندازەش پتر مەچن، خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ئەندازە دەردەچن.

٨٨ دەسا ئێوە لەوبژیوەی خودا بۆتانی داناوە، لەوەی وا پاکو ڕەوایە، بخۆنو نۆشی گیانۆ بێ؛ ترسیشۆ لەوخودایە بێ کە باوەڕیتان پێ هەیە.

٨٩ خوا بە سوێندی سەرزارەکیو دۆر لە مەبەست بە گوناهبارتان دانانێ؛ بەڵام سوێندێ لە ناخی دڵتانەوە بێو نەیبەنەسەر، بە گوناهبارتان دادەنێو دەبێ لە بارتەقای ئەودا خواردن بدەن بە دەهەژار؛ لەوخواردنەی بەئاسایی دەیدەن بە خێزانی خۆتان. یان دەبێ جلکی دەهەژار باربۆ بدەن. یان کۆلەیەک ڕزگار بکەن؛ کەسێ کە ئەمانەی نەبو، با سێ ڕۆژان بەڕۆژۆبێ. ئەمە قەرەبوی سوێنتانە کە بەئانقەست خواردبێتو. سوێندی خۆتان بپارێزنو بەجێی بێنن. ئاوا خوا نیشانەکانی خۆی بۆتان ڕۆن دەکاتەوە، کە ئێوە شوکرانەی بکەن.

---

٨٩- باربۆ: پارمەتیدانی پەک کەوتەو هەژار بەپوڵومالٚ.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ
مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ
ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ
وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ وَأَطِيعُواْ
ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ
رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٩٢﴾ لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ
﴿٩٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ
أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ
ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٩٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ
وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ
يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ هَدۡيَۢا بَٰلِغَ ٱلۡكَعۡبَةِ أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ
مَسَٰكِينَ أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا
سَلَفَۚ وَمَنۡ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنۡهُۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٩٥﴾

٩٠ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! شەراب خۆری و قوماربازی و کێل پەرستی و گرێو لەسەر تیران کردن، لە کارەکانی شەیتانن؛ خۆتانی لێ بپارێزن، بەشکەم تۆشی ڕزگاری بن.
٩١ شەیتان مەبەستی ئەمەیە، بە شەراب خواردن و قومار ئاژاوەتان بخاتەناو، لە نمێژو یادی خودا وەتان گێرێ. ئاخۆ ئێوە دەس لەوکارانە بەردەدەن؟
٩٢ بەرفەرمانی خودا بن و بەر فەرمانی پێغەمبەر بن [لە سەرپێچیش] خۆپارێزن. ئەگەر لە فەرمان دەربچن، دەبێ ئەوەندە بزانن کە پێغەمبەر جگە لە پێ ڕاگەیاندن هیچی تری لەسەرنیە.
٩٣ بۆ ئەوانەی بۆنەتە خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن، لەسەر ئەمەی کە لە پێشدا خواردویانە گوناهیان نایەتەسەرێ. ئەگەر ئێستا خۆپارێزبن و بڕوایان بە خودا هەبێ و ئاکاری چاک ڕەچاوبکەن، لە دوارۆژیش خۆ لە گوناه بپارێزن و لەسەر باوەڕیان بمێنن و چاکەی بکەن، خوا چاکەکاری خۆش دەوێن.
٩٤ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خوا دەربارەی ئەونچیرەی کە بەدەستان یان بە نێزە ڕاوی دەکەن، بەتاقیتان دەکاتەوە؛ هەتا وەکوو بزانێ کێ بەنهێنی لێی دەترسێ. هەرکەسێکی لەو سنوورەی کە بۆتان دیاری کراوە پتر بچێ، بەشی ئازاری بەژانە.
٩٥ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەتا ئێوە لە ئیحرامدان، نابێ هیچ نچیرێ بوگژن. کێ لە ئێوە بەئانقەست نچیرێ بکوژێ لەئیحرامدا، لەسەریەتی ئاژەڵێکی - کە بارتەقای ئەونچیرەی ئەو بێتەوەو دومرۆی عادڵ لە خۆتان بارتەقایی بسەلمێنێ - بهێنێتە ماڵی کابەو لەوێ بیکاتە قوربانی؛ یان بارتەقای ئەونچیرە، خواردن بدا بە هەژاران؛ یان بەرانبەر بە قەرسانی ئەونچیرە چەند ڕۆژ دانێن بەڕۆژوبێ؛ هەتا سزای ئەم کردەوەی خۆی بچێژێ. خودا لە کاری ڕابردوو چاودەپۆشێ. هەر کەسیش تێ هەڵچێتەوە، خوا تۆڵەی لێ دەکاتەوە. خودا خاوەن دەستەلات و تۆڵەسێنە.

أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ ۖ وَحُرِّمَ
عَلَيْكُمْ صَيْدُ ٱلْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ
تُحْشَرُونَ ﴿٩٦﴾ ۞ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ
قِيَٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَٰٓئِدَ ۚ ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ
شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٩٧﴾ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٨﴾ مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا
تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٩٩﴾ قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ
وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ ۚ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟
عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْـَٔلُوا۟ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ
ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ قَدْ
سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا۟ بِهَا كَٰفِرِينَ ﴿١٠٢﴾
مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ ۙ وَلَٰكِنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾

٩٦ راو و خواردەمەنی زریّ بۆئێوە رەواکراوە. ئێوەو رێبواران دەتوانن بیانکەنە
بژیوی خۆتان. راوی بەژیش هەتا لە ئیحرامدا دەبن، رێو نیە دەستی بۆ
بەزن. لەو خودایە ترسۆ هەبێ کە لای ئەو کۆدەکرێنەوە.
٩٧ خودا مالّی کابە[ یانێ ] « بیت الحرام »ی کردۆتە هۆی پێکهێنانی کاری
خەڵک ؛ هەروەها حەرامەمانگ‌و قوربانیە بێ‌نیشان‌و قەڵادە
دەملەکانیش . ئەمە[ هەمۆی] بۆئەوەیە تابزانن هەرچی لەناو
ئاسمانەکان‌و زەویدان، خوا دەیزانێ‌و خودا لە هەموشتێکی ئاگادارە.
٩٨ دەبێ ئەوەندەش بزانن کە خودا لە سزاداندا توندو تیژەو هەر خوداشە کە
لە گوناهان دەبۆرێ‌و دلۆڤانە.
٩٩ ئەرکێ لەسەر پێغەمبەرە هەر هێندەیە فەرمانی خوا ڕابگەرینێ.
خودابۆخۆی لەوشتانەی کە ئێوە ئاشکرای دەکەن، لەوشتانەش
دەیشێرنەوە، ئاگادارە.
١٠٠ بێژە: پیس‌و پاک وەک یەک نین؛ با زۆرایی پیسەکەش بۆت سەرسۆڕێن
بێ. کە وابو ئەی دلّ وشیاران! هەر لە خودا ترسۆ هەبێ، ئەگەر بە هیوای
ڕزگارین.
١٠١ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەوشتانە پرسیارمەکەن ئەگەر بۆتان ڕۆن
کەنەوە، پێی تۆشی دلّمەندی دەبن. ئەگەر پرسەکەو هەڵگرن بۆ ئەو
کاتەی کە قورئان دێتەخوارەوە، وەرامەکەو دەدرێتەوە. خوا لەو پرسیارە
نابەجێکانەی ئێوە چاوی پۆشی؛ خودا لە گونا دەبۆرێ‌و لەسەر خۆیە.
١٠٢ کەسانێک لەپێش ئێوەشدا ئەم جۆرە پرسانەیان کردو هەر لەبەر ئەو
پرسانە، لە ڕێکەی خودا لایاندا.
١٠٣ خودا سەبارەت بە «بەحیرە»و «سائیبە»و دەربارەی «حام»و «وەصیلە»
هیچ بڕیارێکی نەداوە؛ بەڵام خودانەناسەکان - کە زۆربەیان بێ‌ئاوەزن
- درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن.

---

٩٦-زریّ: دەریا. ٩٩-ڕاگەیاندن: بەگوێدادانی مەبەست.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُواْ
حَسۡبُنَا مَا وَجَدۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآۚ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ
شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ١٠٤ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ
لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٠٥ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ
بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا
عَدۡلٖ مِّنكُمۡ أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ
فَأَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِۚ تَحۡبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ
فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ لَا نَشۡتَرِي بِهِۦ ثَمَنٗا وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ
وَلَا نَكۡتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلۡأٓثِمِينَ ١٠٦ فَإِنۡ عُثِرَ عَلَىٰٓ
أَنَّهُمَا ٱسۡتَحَقَّآ إِثۡمٗا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ
ٱسۡتَحَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَٰدَتُنَآ أَحَقُّ
مِن شَهَٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعۡتَدَيۡنَآ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٠٧ ذَٰلِكَ
أَدۡنَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجۡهِهَآ أَوۡ يَخَافُوٓاْ أَن تُرَدَّ أَيۡمَٰنُۢ بَعۡدَ
أَيۡمَٰنِهِمۡۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡمَعُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ١٠٨

١٠٤ ئەگەر پێیان بگوترێ کە :بێن بەرەولای ئەوەی خودا
هەناردۆیەتەخوارەوەو بێن بەرەو لای پێغەمبەرێ ، ئێژن : ئێمە هەرئەو
ئایینەمان بەسە کە باب و باپیرەکانمان لەسەری بوّن؛ کە باب و
باپیرانیشیان هیچ شتێکیان نەدەزانی و رێگەی ڕاستیان بەدی نەکرد!
١٠٥ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هۆشتان بە خۆتانەوەبێ ئەگەر ئێوە بەڕاستی
دەگەڵی خوا بن و شارەزابن، لەرێ لادەر زیانۆ پێ‌ناگەیێنن. هەمۆلاشۆ
دێنەوە بەر قاپی خودا؛ ئەوسا ئاگادارۆ دەکا کە ئاکارتان چلۆن بوە.
١٠٦ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا یەکێ لە ئێوە تۆشی مەرگ دێ و
دەیەوێ وەسیەتێ بکا، با لە خۆتان دۆکەس - کە جێگەی بڕوابن -
بێن و لێی ئاگاداربن. ئەر لە سەفەریشدا بۆن و تۆشی بەلای مەرگ
هاتن، دۆکەسی تر لە وەسیەت ئاگادار بکەن . ئەگەر لەو دۆ شایەتانە
بەگومان بۆن، هەتا دوای نوێژ ڕایانگرن و ئەوسا دەبێ سوێندێ بخۆن
کە: بەخودا ئێمە دینمان بە ماڵی دنیا نافرۆشین و شایەتیەکی کە دەبێ
بۆ خودا بیدەین، نامانەوێ نەیدرکێنین؛ با قازانجی ئەو ڕاستی
نەدرکانەشمان بە خزمانی خۆمان بکا. ئەگەر ئێمە لە درکاندنی بەڕاستی
وەسیەتەکە - کە دەبێ بۆ خودای بێژین - خۆ ببوێرین، ئێمە پێی
تاوانبارببین.
١٠٧ ئەگەر دەرچۆ کە دۆشایەتەکەی پێشو خۆیان تاوانبارکردوە، ئەوساکە
دۆشایەتی‌تر - کە لەودوانە نزیکتر لە مردوەکەبن - بێنەپێش و سوێندێ
بخۆن کە: بەخودا ئەو شایەتی ئێمە دەیدەین، لە شایەتی دوەکانی پێشۆ
ڕاست ترەو ئەگەر لە ڕاستی لابدەین، ئێمە لە ناهەق‌کارانین.
١٠٨ ئەم شێوەیە بۆ باش دەرکەوتنی ڕاستی نزیکترە؛ کە شایەتەکان دەترسن
بە سوێندی ئەوانی دیکە، ئەو سوێندەی کە خواردویانە بەسەریاندا
بدرێتەوەو لێیان هەڵوەشێنێتەوە. ئەشێ لە خوا ترسۆ هەبێ و چی
دەیبیسن بیگرنەگوێ. خودا لە فەرمان خۆبوێران شارەزای ڕاستەڕێ
ناکا.

۞ يَوۡمَ يَجۡمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبۡتُمۡۖ قَالُواْ لَا عِلۡمَ
لَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ١٠٩ إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ
ٱذۡكُرۡ نِعۡمَتِي عَلَيۡكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ
ٱلۡقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗاۖ وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ
ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَۖ وَإِذۡ تَخۡلُقُ
مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا
بِإِذۡنِيۖ وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ تُخۡرِجُ
ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ كَفَفۡتُ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذۡ
جِئۡتَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ
مُّبِينٞ ١١٠ وَإِذۡ أَوۡحَيۡتُ إِلَى ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ أَنۡ ءَامِنُواْ بِي
وَبِرَسُولِي قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّنَا مُسۡلِمُونَ ١١١ إِذۡ قَالَ
ٱلۡحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ هَلۡ يَسۡتَطِيعُ رَبُّكَ أَن
يُنَزِّلَ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِۖ قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم
مُّؤۡمِنِينَ ١١٢ قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأۡكُلَ مِنۡهَا وَتَطۡمَئِنَّ قُلُوبُنَا
وَنَعۡلَمَ أَن قَدۡ صَدَقۡتَنَا وَنَكُونَ عَلَيۡهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ١١٣

١٠٩ ڕۆژێ کە خوا گش پێغەمبەرەکانی خۆی کۆوەدەکاو ئێژێ: بێژن چۆنتان بە دەنگەوەهاتن؟ ئێژن: ئێمە هیچ ئاگاداریمان نیە، هەر تۆ لە هەمۆ نەدیاران ئاگاداری.

١١٠ [ئەودەمەشتان با لەبیربێ کە] خوا گوتی: ئەی عیسای فرزەندی مەریەم! وەبیرەخۆتی بێنەوە چەندم چاکە دەربارەی خۆت و دایکت کرد؟ من گیانی هەرەپیرۆزم ناردە یاریت، لە سەر بێشکەو بەگەورەییش دەتتوانی خەڵک بدوێنی. من لە لایەنی خۆمەوە فێری کتێب و کارزانی و تەوراتو ئینجیلم کردی. ئەوساکەشت هەر لەبیربێ کە لە حەری بەئیزنی من شێوەی مەلێکت چێکردو فوت تێکردو بەئیزنی من بۆ بە باڵدارێک و دەفڕی. دیسان هەر بەئیزنی من بو تۆ کوێرەکانی زگماک و نەخۆشینی بەڵەکیت خۆش دەکردەوەو بەئیزنی من مردوشت زیندۆکردەوە. ئەودەمانەش کە پاش ئەوهەمو نیشانە ئاشکرایەی کە پێم دابوی، هاتیە ناو بەرەی ئیسرائیل، نەمهێشت زیانت لێبدەن. ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێت نەهێنا، دەیانگوت: ئەو نیشانانە هەمۆ جادوی ئاشکرانو هیچی‌تر نین.

١١١ ئەو کاتەش من - هەر بە هێمای تایبەتی خۆم - حەواریەکانم تێگەیاند: دەبێ بڕواو بە من هەبێ و بە پێغەمبەرەکەی منیش باوەڕبکەن. گوتیان: خوایە! تۆ شایەت‌بە کە بڕوامان پێ‌هێنای و هەر ملکەچی فەرمانی‌تۆین.

١١٢ کاتێ حەواریەکان گوتیان: ئەی عیسای فرزەندی مەریەم! ئەرێ پەروەرندەکەی تۆ لەدەستی دێ کە خوانێکمان لەحەواوە بۆ بنێرێ؟ گوتی: ئەگەر باوەڕیتان بە خوا هەیە لێ بترسن.

١١٣ گوتیان: ئێمە گەرەکمانە لە خوانی ئاوا بخۆین و دڵنیابین و باوەڕکەین کە هەرچی پێت گوتین ڕاستە؛ ئێمەش بێینە پاڵ ئەوانەی کە شایەتی بۆ تۆ دەدەن.

---

١١١- هیما: ئیشارەت، ئاشیرەت.

قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
تَكُونُ لَنَا عِيدٗا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةٗ مِّنكَۖ وَٱرۡزُقۡنَا وَأَنتَ
خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ١١٤ قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ
مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١١٥
وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي
وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ
أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي
نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ١١٦ مَا
قُلۡتُ لَهُمۡ إِلَّا مَآ أَمَرۡتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۚ وَكُنتُ
عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا مَّا دُمۡتُ فِيهِمۡۖ فَلَمَّا تَوَفَّيۡتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ
عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ١١٧ إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ
وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١١٨ قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوۡمُ
يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدۡقُهُمۡۚ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ
خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١١٩
لِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا فِيهِنَّۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرُۢ ١٢٠

١١٤ عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی خودای پەروەرندەمان! لەوحەوایە تۆ
خوانێکمان بۆ بەڕێ کە، کە بۆ هەوەڵ و دواییمان جێژنەیەک بێ و
نیشانەیەک بێ لە تۆڕاو لە ڕۆزی بێ بەشمان مەکە. تۆ چاکترین
ڕۆزی‌دەری.
١١٥ خودا گوتی: من بۆ ئێوەی بەڕێ دەکەم؛ هەرکەس دوایە لە ئێوە
حاشایەبکا، جەزرەبەیەکی وای دەدەم کە تا ئێستا لەناو خەڵکی
دنیایەدا هیچ کەسێکم ئاوا جەزرەبەنەدابێ.
١١٦ ئەو کاتەش کە خودا گوتی: ئەرێ عیسای کوڕی مەریەم! تۆ گوتۆتە بەو
مەردمە - غەیرەز خودا - دەبێ ئێوە من و دایکم وەک دۆخودا
بپەرستن؟ گوتی: پاکی و بێعەیبی هەر شیاوی تۆیە، من ڕێم ناکەوێ
هیچ‌شتێ جگە لە ڕاستی ببێژم. ئەگەر ئەوقسەم کردبا خۆت دەتزانی.
هەرچیەکیشم بە ناخی دڵدا ببوڕێ، تۆ دەیزانی؛ تەنیا منم کە دەربارەت
هیچ نازانم؛ هەر تۆ لەهەمۆ نەدیاران ئاگاداری.
١١٧ تۆ چۆنت فەرمان بەمن‌دا، منیش هەر ئەوەم ڕاگەیاند. گوتم: خودا
بپەرستن کە ئەمنیش و ئێوەشی پەروەراندوە. هەتا لە ناو ئەوانیش بوم،
ئاگادارو چاوەنۆڕی باوەڕیان بوم؛ لەوساشەوە کە منت بۆ خۆت بردەوە،
بۆخۆت هەر ئاگاداریان بوی. دیاریشە خۆت لە هەمۆشت ئاگاداری.
١١٨ گەر بتەوێ ئازاریان دەی، عەبدی خۆتن؛ گەر بشتەوێ لێیان خۆش
بی، خۆت دەزانی و هەر بۆخۆتی کە دەستەڵاتت بەدەستەو لەکارزانی.
١١٩ خودا گوتی: ئەمرۆ ڕۆژێکە ڕاستەکان ڕاستیەکەیان بەهرەیان پێ
دەگەیێنێ. ئەوان باغاتێکیان دەبێ جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتا سەر
هەر لەوێ دەبن.
١٢٠ ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی لە ناویاندا هەیە - گش لە گش - موڵکی
خودایەو هەر خودایە لەسەر هەمۆشت توانایە.

# سورة الأنعام

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ
وَٱلنُّورَ ۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِى
خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا ۖ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ ۖ ثُمَّ أَنتُمْ
تَمْتَرُونَ ﴿٢﴾ وَهُوَ ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِى ٱلْأَرْضِ ۖ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ
وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴿٣﴾ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ
ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٤﴾ فَقَدْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ
لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٥﴾ أَلَمْ
يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مَا لَمْ
نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا ٱلْأَنْهَٰرَ
تَجْرِى مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا
ءَاخَرِينَ ﴿٦﴾ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَٰبًا فِى قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ
لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ
عَلَيْهِ مَلَكٌ ۖ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِىَ ٱلْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴿٨﴾

# ئەنعام

١٦٥ ئایەت

١ پەسن و سوپاس بۆ خودایێ کە ئاسمانان و زەمینی چێ کردوەو تاریکایی و ڕۆناکاییش ئەو پەیدای کرد. ئەو کەسانەش کە حاشایان لە پەروەرندەیان هەیە، دێن لەپاشان شەریکی بۆ پەیدادەکەن.

٢ ئەو خودایەی کە ئێوەی لە قوڕ چێ‌کردو ماوەی ژینی بۆ داناون. ئەوکاتەشی بڕیارداوەو ناوی‌ناوە [کە لەژیان بێ‌بەش دەبن]. کەچی ئێوە دیسانەکە هەر دوۆدڵن.

٣ لە ئاسمانان و زەمیندا خوا هەر ئەوەو لە نهێنی و ئاشکراتان ئاگادارەو هەرکارێک بیکەن دەیزانێ.

٤ هەرنیشانەیەک لەلایەن خوای پەروەرێنیانەوە بێ و بێتەلایان، ئیللا هەر حاشای لێ‌دەکەن و خۆیانی لێ‌دەبوێرن.

٥ ئەوا وەختێ ئەم ڕاستەشیان بۆ هات، بڕوایان پێ‌نەکرد. لە دواڕۆژدا ئەوانە ئاگادار دەبن لەوشتانەی ئێستا گەپی خۆی پێ‌دەدەن.

٦ ئاخۆ ئەمەندە نازانن کە ئێمە لەپێش ئەواندا چەندین بەرەمان قڕکردن؟ ئەو دەستەڵاتەش لەم زەمینە بەوانمان‌دابۆ، بەمانمان نەداوە. لە حەواوە کەیکەم و شەستەڕەهێڵە بارانەمان بۆ باراندن و وامان کرد کە لەسەر ڕوبارەکان دەژیان. کەچی هێند نافەرمانیان کرد قڕمان کردن و لەپاش ئەوان - لەجێی ئەوان - بەرەی ترمان دامەزراندن.

٧ ئەگەر ئێمە لەسەر کاغەز نامەیەکمان بۆ تۆ ناردبایە خوارەوەو بە دەست هەڵیان گلۆفیبا، ئەوانەی خودانەناسن هەر دەیانگوت: ببێ و نەبێ جادۆ نەبێ چی‌تر نیە.

٨ ئەوا دەشڵێن: ئەدی بۆچی خوا فرشتەی بۆ ئەو نەناردە خوارەوە؟ ئەگەر ئێمە فرشتەشمان بناردایە، بێ‌سۆ کارلەکار دەترازاو هیچ مۆڵەتیان پێ نەدەدرا.

---

٢- چێ‌کردن: درۆستکردن. ٧- هەڵگلۆفتن: لەدەستا گوشین و فلیقاندنەوە.

وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا
يَلْبِسُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ
بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿١٠﴾
قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ
ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١١﴾ قُل لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُل لِّلَّهِ ۚ
كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ
لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿١٢﴾ ۞ وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِى ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ
﴿١٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ
وَلَا يُطْعَمُ ۗ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ ۖ وَلَا
تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٤﴾ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ
رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ
رَحِمَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ
فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ ﴿١٧﴾ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٨﴾

۹ خۆ ئەگەر راسپاردەمان فرشتەش با، هەر دەبۆ جلکی پیاوێکی
دەبەربکەین و ئەوجلەی ئەوان دەیپۆشن ئەو پۆشیبای.
۱۰ بەگەلێک لە پێغەمبەرانی بەرلەتۆ، رشخەن کراو رشخەنکەران تۆشی
کارەکەی خۆیان بۆن.
۱۱ بێژە: ئێوە لەم زەمینە گەشتێ بکەن، تا بزانن دوارۆژی بێباوەڕەکان بە
کوێ گەیشت.
۱۲ بێژە: هەرچی لە ناوی عاسمانەکان و زەمیندایە،ماڵی کێیە؟ بێژە: هەمۆ
بۆ خودایە. خودا لەسەر خۆی نۆسیوە کە دەبێ خاوەن بەزەبێ. دیاریشە
لە ڕۆژی قیامەت - کە بێگومانە هاتنی - گشتو لێک کۆدەکاتەوەو
ئەوکەسانەی گیانی خۆیان دۆڕاندوە ئەوانن بڕواناهێنن،
۱۳ بۆ ئەویشە هەرشتێکی لە شەوگارو لە ڕۆژێدا، هەدا دەداو هەرخۆی
بیسەرو زانایە.
۱۴ بێژە: ئاخۆ دەتانەوێ غەیرەز خودا هیچ کەسیتر بە سەرووەری خۆ بزانم،
کە ئاسمانان و زەمینی داهێناوەو ڕۆزی بە زیندەوەر دەداو خۆی لە بژیو
بێنیازە؟ بێژە: فەرمان بە من درا کە یەکەمین بەرفەرمان بم. سا تۆ
قەت لەوانە مەبە شەریک بۆ خودا پەیدا کەی.
۱۵ بێژە: ئەگەر نافەرمانی خودای پەروەرێنم بکەم، لە ئازاری ڕۆژە
هەرەدژوارەکەی پڕمەترسی، ترسم هەیە.
۱۶ ئەوێ ڕۆژێ خوا لە هەرکەسێ وازبێنێ، ئەوە دیارە وەبەر بەزەیی خستوە؛
ئەمکارەش رزگاریەکی ئاشکرایە.
۱۷ ئەگەر خودا بەڵایەکت بەسەربێنێ، بەغەیرەز خۆی کەس لەسەرتی
وەلانابا. گەر بەچاکەشت وەخوێنێ، هەر خۆیەتی هەموکارێکی
پێدەکرێ.
۱۸ هەر خوداشە لەسەر هەمۆ عەبدەکانی دەستی دەڕواو هەر بۆخۆیەتی
کارزانەو ئاگادارە.

---

۱۳- هەدادان: ئارامگرتن، داسەکنان.

قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا
ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ
ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا
تُشْرِكُونَ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ
أَبْنَآءَهُمُ ۘ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ
مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ
﴿٢١﴾ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ
ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ
رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ
عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ
قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ
لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ
إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ۖ وَإِن
يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ
فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾

۱۹ بێژە: شایەتی دانی کێ لە هەمو شایەتی دانێک گرینگترە؟ بێژە: خودا
شایەتە لە نێوانماندا؛ ئەو قورئانە ئەو بەخەڵات بۆ منی ناردە خوارەوە، تا
بەهۆی ئەو ترس وەبەر ئێوە بنێم و هەرکەسێکیش کە پێدەگا. ئێوە
شایەتی دەدن کە وەل خودا چەند خودایەکی تریش هەیە؟ بێژە: من
شایەتی نادەم. بێژە: خودا هەر یەکێکەو من لە شەریک بۆ خوادانانی
ئێوە دورو بێزارم.
۲۰ ئەهلی کتێب هەر وەک کوڕەکانی خۆیان باش دەناسن، پێغەمبەریش وا
دەناسن. ئەوانەی خۆیان تۆشی خوسار کردۆە، بڕواناکەن .
۲۱ کێی وا هەیە لەوکەسانە ناهەقتربێ کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن یا بە
نیشانەکانی خوا باوەڕناکەن؟ دیاریشە هەرکێ ناهەق بێ، ڕزگارنابێ.
۲۲ ڕۆژی قیامەت کە گشتیان کۆدەکەینەوە، بەو کەسانەی کە شەریکیان بۆ
خودا پەیدا کردبو، ئێژین: کوانێ بە خەیاڵ دەوگوت شەریکن دەگەڵ
خودا؟ دە بیانهێنن.
۲۳ جائەوکاتە هیچ عوزرێکیان نابێ غەیرەز ئەوە بێژن: سوێند بە خودا کە
ئێمەی پەروەراندوە؛ ئێمە هەرگیز هیچ شتێکمان نەکردۆتە شەریکی
ئەو.
۲۴ بڕوانە چۆن درۆ لەسەر خۆشیان دەکەن! ئەوشتانەش کە ئەوان بە درۆ
دەیانگوت ، لەبەین چۆن.
۲۵ ئیوایان لە ناودا هەیە گوێت پێدەدا. بەڵام ئێمە پەردەیەکمان بەسەر
دڵیان هەڵکێشاوە کە تێت نەگەن، گراناییشمان خستۆتە ناو گوێچکەیان
کە [ نەبیسن ] و هەرنیشانەیەک ببینن باوەڕناکەن. ئیواش هەیە کە
دێنەلات جوابەجەنگیت دەگەڵ دەکەن؛ ئەو کەسانەی خوانەناسن
ئێژن: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانەو چیترنیە.
۲۶ هەر ئەوانە ناهێڵن خەڵک بێنەلای و بوخۆشیان خۆی لێ دۆردەگرن. ئەم
کەسانە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن هەر بۆ خۆیان لەبەین دەبەن.
۲۷ ئەگەر ئەوسا بیانبینی کە لەسەر لێواری ئاگر ڕاگیراون، ئێژن: خۆزی
دیسان دەیانگێڕاینەوە، ئەوسا بە نیشانەکانی پەروەرندەن بڕوامان
دەکردو ئێمەش لە ڕیزی باوەڕداران بوین.

بَلۡ بَدَا لَهُم مَّا كَانُواْ يُخۡفُونَ مِن قَبۡلُۖ وَلَوۡ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ
وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالُوٓاْ إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا وَمَا نَحۡنُ
بِمَبۡعُوثِينَ ﴿٢٩﴾ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمۡۚ قَالَ أَلَيۡسَ هَٰذَا
بِٱلۡحَقِّۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ
﴿٣٠﴾ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ
بَغۡتَةٗ قَالُواْ يَٰحَسۡرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطۡنَا فِيهَا وَهُمۡ يَحۡمِلُونَ أَوۡزَارَهُمۡ
عَلَىٰ ظُهُورِهِمۡۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا
لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ وَلَلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ
﴿٣٢﴾ قَدۡ نَعۡلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحۡزُنُكَ ٱلَّذِي يَقُولُونَۖ فَإِنَّهُمۡ لَا يُكَذِّبُونَكَ
وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ
رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ
وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ
﴿٣٤﴾ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكَ إِعۡرَاضُهُمۡ فَإِنِ ٱسۡتَطَعۡتَ أَن تَبۡتَغِيَ
نَفَقٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ سُلَّمٗا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأۡتِيَهُم بِـَٔايَةٖۚ وَلَوۡ شَآءَ
ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمۡ عَلَى ٱلۡهُدَىٰۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾

٢٨ راستیش ناکەن، تەنیا هەر ئەوەیان بۆ ئاشکرابوە کەلەپێشا لەدڵدا
حاشاریان دابو. ئەگەر بشگەڕابانەوە، ئەوکارانەی کە پێیان دەگوترا
مەیکەن، هەر دەیانکرد. ئەمانە هەر درۆزنن.
٢٩ گوتیشیان: جگە لەم ژینەی سەر دنیامان چیتر نیەو ئێمە زیندونابینەوە.
٣٠ گەر بیان دۆنی لەوکاتەدا کە لە هەمبەر پەروەرێنیان ڕاگیراون، پێان
ئێژێ: ئاخۆ ئەمەو پێ ڕاست نەبو؟ ئێژن: بەڵێ، سوێندەکە بە
پەروەرندەن ڕاستی ڕاستە. ئێژێ: دە ئازار بچێژن بۆ ئەو حاشایەی
دەتانکرد.
٣١ ئەوکەسانە زیانمەند بۆن کە هیچ باوەڕیان نەدەکرد، دێنە بەر بارەگای
خودا. تا ئەوساتەی لەپڕ سەلایان لێ ڕابو. ئیتر ئەوسا لەحاڵێکدا
کۆڵەپشتی باری گرانی گوناهیان لەسەر پشتە، هەر ئاخو داخو پەکیانە؛
ئێژن: حەیفێ ئێمە چەندن درێغی کرد. سابزانە چەند بارەکەیان گرانو
نالەبارە.
٣٢ ژینی دنیا جگە لە گاڵتەو گەپ نیەو ماڵی ئەولا بۆ ئەوانەی لەخواترسو
خۆپارێزن زۆر چاکترە. دەسا بۆ دەبێ تێ نەگەن ؟!
٣٣ ئێمە دەزانین ئەو قسەی ئەوان دەیکەن بۆت دەبێتە هۆی دڵتەنگی. خۆ
ئەوانە تۆ وەدرۆ ناخەنەوە؛ لەراستیدا ئەوناهەقیکارانە لەنیشانەکانی
خودایە حاشادەکەن.
٣٤ فرە لە پێغەمبەرانی بەرلەتۆش - هەر وەک ئێستەی تۆ - بە درۆزن
ژمێراون. وێڕای باوەڕپێ نەکرانو ئازاردانیش، هەروا خۆڕاگر ماونەوە؛
هەتاکۆ یارمەتی ئێمەیان پێ گەییشت. سۆزی خوداش بەهیچکەسێک
ناگۆڕدرێو دیاریشە تۆ دەنگو باسی پێغەمبەرانت زانیوە.
٣٥ ئەگەر تۆ لەلات گران دێ کە بە دەنگتەوە نەهاتۆن، سا ئەگەر
لەتواناتدایە، ڕەهۆڵێکی لەم زەمینەدا بکۆڵە، یان پەیژەیەک کە پێی
هەڵچی بۆ ئاسمانو بەڵگەیەکی پتەو بۆ ئەمانە بێنە [ بڕوات پێ بکەن ].
ئەگەر خوا خۆی مەیلی لێ با، هەمویانی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد. ئیتر
ناشێ تۆ لە ڕێزەی نەزانان بی.

---

٣١-لێ ڕابۆن: هەستان، بەرزەوەبۆن. ٣٤-سۆز: پێمان، گفت.

۞ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ وَالْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ
يُرْجَعُونَ ﴿٣٦﴾ وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۚ قُلْ إِنَّ اللَّهَ
قَادِرٌ عَلَىٰ أَن يُنَزِّلَ آيَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٧﴾ وَمَا
مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ
مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾
وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ ۗ مَن يَشَإِ اللَّهُ
يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٩﴾ قُلْ
أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللَّهِ
تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا
تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَاءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا
إِلَىٰ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُم بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ
﴿٤٢﴾ فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ
وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ فَلَمَّا
نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ
حَتَّىٰ إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾

٣٦ هەر ئەوانە گوێت لێدەگرن کە دەبیسن. مردووەکانیش خوا زیندوٚیان
دەکاتەوەو پاشان گشتیان بۆ لای خۆی دەگەڕێنەوە.
٣٧ ئێژن: بۆچی نیشانێکی لە لایەن پەروەرندەیرا بۆ نەهاتوٚتە خوارەوە؟ بێژە:
خودا توانای هەیە هەر بەڵگەیەک [خۆی حەزبکا] بەڕێی بکا؛ بەڵام
ئەوانە زۆربەیان لێ نەزانن.
٣٨ هەر زیندەوەرێ لە عەرزا تەڤگەڕیەتیو هەر مەلێ بە باڵان دەفڕێ،
هەموٚیان کۆمەڵانێکن وەکوٚ ئێوە. ئێمە لەناو ئەم کتێبە هیچ شتمان
هەڵنەبواردوە؛ لەدوارۆژیش گش ئەمانە لەلای پەروەرندەی خۆیان
کۆوەئەکرێن.
٣٩ ئەو کەسانەی کە نیشانانی ئێمەیان بەدرۆزانی، کەڕو لاڵنو لە تاریکیدا
خول دەخۆن. خودا بە کەیفی خۆی دەکا، لە هێندێکان ڕێ دەگۆڕێو
هێندێکانیش دەخاتە سەر ڕاستەڕێیە.
٤٠ بێژە: ئەگەر خوا بەڵایەکوٚ بۆ بنێرێ یان ڕۆژی سەڵاو لێ ڕابێ، ئاخۆ ئەوسا
غەیرەز خودا هانا بۆ کەسیتر دەبەن؟ ئەگەر ڕاستن، ڕاستی بلێن.
٤١ نەخێر، ئەوسا هەر هانا بۆ خودا دەبەن. ئەگەر خودا خۆی حەزبکا،
بەڵاتان لەسەر لادەباو ئەوشتانەتان لەبیردەچێتەوە کە[ ئێستا] بە
شەریکی خودایان دەزانن .
٤٢ ئێمە بۆ سەر گەلێک لە گەلانی پێش توٚش [پێغەمبەرمان] بەڕێکردوٚن.
[ئەوکەسانەی یاغی دەبوٚن] توٚشی بەڵاو نسیبەتانمان دەکردن،
تابەشکێکو لەبەرمان بلاڵێنەوە.
٤٣ دەیسا بۆچی کە بەڵاشمان بەسەرهێنان، لەبەرمان نەپاڕانەوە؟ بەڵام
ئەمان دلڕەش بونو، شەیتانیش کارەکانیانی وا لەبەر ڕازاندبوٚنەوە [کە
هەر لەسەر حاشایە مان].
٤٤ جا وەختێ ئەوهەموٚ ئاموٚژگاریانەیان - کە کرابوٚن - لەبیرەوچوٚ، هەموٚ
دەرگای بەختەوەرین بۆکردنەوە هەتا کەوتنە خۆشیو شادی؛ ئەوسا
لەپڕو نەکاوێک بەر توٚڕەیی خۆمان خستنو هەموٚ ناهومێد مانەوە.

فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾
قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم
مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ
ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ
بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا
نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۖ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ
فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا
يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ
عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ۖ
إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ۚ
أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓا۟
إِلَىٰ رَبِّهِمْ ۙ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ
﴿٥١﴾ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ
وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ
عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾

٤٥ ئیتر ئەوسا ئەوکەسانەی پیشەیان هەر ناهەقی بو، دوابڕاوبوٛن و سپاس بوٛ
خوای ڕاهێنەری هەموٛ دنیا.
٤٦ بێژە: بەمن بێژن ئەگەر خوا هەستی گوێ و سوٛمای چاوتان لێ بستێنێ و
لەسەر دڵگەلیشتانەوە موٛردابنێ، کێ دەتوانێ - بەدەر لە خوا-
بوٛداتەوە؟ دە بڕوانە ئێمە چلوٛن نیشانەکان بوٛ ئەوان شی‌دەکەینەوە؛
هێشتا هەر خوٛی لێ دەبوێرن.
٤٧ بێژە: بەمن بێژن ئەگەر بەڵای خودا لەپڕێک و بە نهێنی یان بە تەرزێکی
ئاشکرا، توٛشتان بێ، جیا لەوانەی غەدرێ دەکەن کێ قڕ دەبێ و
تێدادەچێ؟
٤٨ هەر پێغەمبەرێک دەنێرین پێی دەسپێرین مژدەدەرو ترسێنەر بێ؛ سا
هەرکەسێ بڕوای هێناو ئاکاری چاکی ڕەچاوکرد، نە هیچ ترسی لەسەر
هەیەو نە هیچ خەمێکیان دێتەبەر.
٤٩ ئەوانەوا نیشانەکانی ئێمەیان بەدروٛ ئەژمارد، لە سزای ئەم نافەرمانیە،
گرفتاری ئازاردەبن.
٥٠ بێژە: من بە ئێوەم نەگوت: کلیل‌داری گەنجینەکانی خوا منم؛
نەشم‌گوتوە: لە نادیاران ئاگادارم؛ پێشم نەگوتون: فریشتەم. تەنها من
هەر ئەوە دەکەم کە خودا پێی‌ڕاگەیاندوٛم. بێژە: ئاخوٛ کوێرو چاوساغ وەکوٛ
یەکن؟ دەیسا بوٛ بیرناکەنەوە؟
٥١ بەم قورئانە توٛ ئەوانە بترسێنە، کە لە ڕوٛژی کوٛبوٛنەوە لە قاپی
پەروەرندەیان نیگەرانن؛ کە لەو بەدەر نە هیچ دوٛستیان گیردەکەوێ و
نە تکاکار؛ بەشکو لە خودا بترسن.
٥٢ ئەوکەسانە مەتوٛرێنەو دەریان‌مەکە کە گش شەوەکی و ئێواران هانا دەبەنە
بەر خوای پەروەرێنیان و بوٛ ڕەزای ئەو کوٛشش دەکەن. توٛ هیچ کارت بە
کاری ئەوان نەداێ؛ ئەوانیش هیچ کاریان بەسەر توٛوە نیە. سا ئەگەر
ئەمانە دەرکەی، غەدرێکە لەخوٛتی دەکەی.

---

٤٦- بوٛداتەوە: پێتانی بداتەوە. ٥١- قاپی: درگا، بارەگا.

وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ٥٣ وَإِذَا
جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ كَتَبَ
رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۖ أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ سُوٓءَۢا
بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٥٤
وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ٥٥
قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۚ قُل لَّآ أَتَّبِعُ
أَهۡوَآءَكُمۡ قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦
قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ مَا عِندِي مَا
تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ
ٱلۡفَٰصِلِينَ ٥٧ قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ
ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۗ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ٥٨
۞ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي
ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ
فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٥٩

٥٣ ئێمە ئاوا گەرەکمانە هێندێ لەوان بە هێندێکان تاقی وەکەین، هەتا
بێژن: چلۆن خودا لەناوماندا هەر ئەمانەی وەبەر چاکەی خۆی خستوە؟
ئاخۆ خودا لەوان باشتر شوکربژێران ناناسێ؟
٥٤ هەرگا ئەوانە دێنەلات کە بە نیشانانی ئێمە بڕوادارن، پیان بێژە: دڵنیابن
پەروەرێنتان هەر خۆی لەسەر خۆی نوسیوە بەر بەزەیی خۆیتان بخا؛
دیارە خودا هەرکەسێکی لە ئێوە - لە نەزانی خۆی - کاری خراپی لێ
ڕۆداو پاشان پەشیمان بێتەوەو ئاکاری چاک ڕەچاوبکا، لە گوناحەکانی
دەبۆرێ و دلۆڤانە.
٥٥ ئێمە ئاوا نیشانەکانی خۆمانیان تەواو بۆ شی‌دەکەینەوەو دەمانەوێ
ڕێبازی تاوانباران ڕۆن ببێتەوە.
٥٦ بێژە: من ڕێم پێ‌نەدراوە کە لە خودا بتەکمەوەو ئەوشتانە بپەرستم کە
ئێوە دەیانپەرستن. بێژە: قەت من بە ئارەزوی ئێوە ناکەم. ئەگەر بێتو
شوێن ئارەزوی ئێوەکەوم، دیارە ڕێگەم گومکردوەو لەڕاستەڕێ
وەدەرکەوتوم.
٥٧ بێژە: وا من لەلایەن پەروەرێنمەوە، بەڵگەی پتەوم لەلایە؛ کەچی
ئەوەی لای‌منتان بەدرۆ دانا. ئەوەش ئێوە بۆی بەلەزن، هیچی لە
دەس مندا نیە. فەرمان هەر فەرمانی خوایەو هەر خۆی ڕاستیو بۆ باس
دەکا. چاکتر لێک جوداکەرەوەش هەر خۆیەتی.
٥٨ بێژە: ئەگەر ئەوشتەی داوای دەکەن‌و بۆی بەپەلەن بە دەس من‌با،
کاری نێوان من و ئێوە هەر لەزۆدا دوایی دەهات. هەر خوا باشتر
ناهەقی‌کاران دەناسێ.
٥٩ هەمۆ کلیلی نهێنی و بەرپیواران وا لای ئەوە؛ لە خۆی بەدەر هیچ کەسێ
ئاگای لێ نیەو هەرچی لەزریاو بەژدایە باش دەیزانێ؛ هیچ گەڵایەک لە
هیچ شوێنێ بێ زانینی ئەو ناوەرێ. هەرچی دەنکەو لەتاریکایی زەویداو
هەرچی تەڕە یان زوهایە، گشتی لەناو دەفتەرێکی ئاشکرایە.

---

**٥٩-بەرپێوار:** نادیار، داپۆشراو. **زوها:** وشک، زوا.

وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ
يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ
ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٦٠﴾ وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۖ
وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ
رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ
أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾ قُلۡ مَن يُنَجِّيكُم مِّن
ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ تَدۡعُونَهُۥ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ لَّئِنۡ أَنجَىٰنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ
لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنۡهَا وَمِن كُلِّ كَرۡبٖ
ثُمَّ أَنتُمۡ تُشۡرِكُونَ ﴿٦٤﴾ قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا
مِّن فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم
بَأۡسَ بَعۡضٍۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ ﴿٦٥﴾
وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوۡمُكَ وَهُوَ ٱلۡحَقُّۚ قُل لَّسۡتُ عَلَيۡكُم بِوَكِيلٖ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ
نَبَإٖ مُّسۡتَقَرّٞۚ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٦٧﴾ وَإِذَا رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ
ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ
ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾

٦٠ هەر خۆیەتی بە شەو هەستۆ لێ دەستێنێ و دەشزانێ لەناو ڕۆژا چیتان کردوە. جا بە ڕۆژ ڕاودەپەڕێنێ، هەتا ماوەی دیاری کراو بەسەردەچێ. لەپاشان دەچنەوە لای خۆی؛ ئەوسا ئاگادارتان دەکا کە لەپێشدا چۆکردوە.
٦١ هەرخۆیە دەستەلاتدار بەسەرعەبدانیا. پاسەوانانێکیشتان بۆبەڕێ دەکا. هەرگا وەختی مردنۆ دێ، پێمێردی خوا لە پێک هێنانی فەرمانی درێغ ناکا.
٦٢ پاشان دەیانگەڕیننەوەبۆ لای خودا ،کە سەروەری ڕاستەقینەی هەمۆیانە. بابزانن فەرمان هەر بە دەستی ئەوەو زۆتر لە هەر حیسابگەرێ بە حیسابی گش ڕادەگا.
٦٣ بێژە: کێ رزگارتان دەکا لە تاریکی بەژو دەریا؟ کە ئەوساکە بە نهێنیو بە ئاشکرا لەبەری دەپاڕێنەوە: ئەگەر خودا ئەمجارەش رزگارمان بکا، هەر شوکرانەی ئەو دەبژێرین.
٦٤ بێژە: خوا رزگارودەکا لەوتەنگانەو لە هەمۆ بەلایەکی دیش؛ کەچی ئێوە شەریکی بۆ پەیدادەکەن.
٦٥ بێژە: خودا توانای هەیە کە لەلای سەرۆتانەوە یان لەلای ژێرپاتانەوە ئازارتان بۆ بەڕێ بکا؛ یان بتانکاتە چەنددەستەو تێکتان بەرداو ئازار لە یەکتر بچێژن. دە بڕوانە چۆن ئێمە نیشانەکانمان - جۆرەجۆرە - بەومەردمە نیشان دەدەین، بەشکۆ ئەوانە تێ بگەن.
٦٦ هۆزەکەی تۆ ئەم قورعانی وا ڕاستیشیان پێ درۆیە. بێژە: خۆ من نەبۆمە هەمەکارەتان.
٦٧ زۆر بە زۆ ئاگاداردەبن کە هەر باسو خەبەرێک جێگەی خۆی هەیە.
٦٨ هەرگا ئەوانە دەبینی دەربارەی نیشانەکانمان خراپ دەدوێن، تۆ ڕۆیان لێ وەربگێڕە تا باری قسە دەگۆڕن و قسە لەشتێکیتر دەکەن. گەر وا ڕویدا شەیتان لەبیری بردیەوە، هەرگا وەبیرت هاتەوە ئیتر وەل ناهەقیکاران ڕۆمەنیشە.

---

٦١- پێمێرد: فریشتەی گیان گرتن، عیزراییل. ٦٨- رۆنیشتن: دانیشتن، رونان.

وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنۡ حِسَابِهِم مِّن شَيۡءٖ وَلَٰكِن
ذِكۡرَىٰ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ٦٩ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ
دِينَهُمۡ لَعِبٗا وَلَهۡوٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ
أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ
وَلَا شَفِيعٞ وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ أُوْلَٰٓئِكَ
ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ
أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ٧٠ قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ
كَٱلَّذِي ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِي ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ
يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۖ
وَأُمِرۡنَا لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٧١ وَأَنۡ أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَٱتَّقُوهُۚ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٧٢ وَهُوَ ٱلَّذِي
خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ وَيَوۡمَ يَقُولُ كُن
فَيَكُونُۚ قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ وَلَهُ ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ
عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ٧٣

۶۹ ئەوانەی خودێترسن و خۆپارێزن، هیچ ئوباڵی ئەوانەیان لەستۆ نیە.
بەڵام دەبێ ئامۆژگاری [بۆ نالەبارەکان] بکەن، بەشکۆ لە خودا بترسن.
۷۰ تۆ وازبهێنە لەوانەی دینەکەیان بە گەمەو گاڵتە گرتوەو ژینی دنیا
تەواوێک لەخشتەی بردۆن. بەم قورئانە بیریان خەوە کە هەرکەسێک
بکەوێتە زیندانی بێدەرەتانی کردەوەی خۆی - لە خوا بەدەر - هیچ
کەسی دەهانای نایەو هیچ کەسیش تکای بۆ ناکا. هەرچیماڵی دنیاش
هەبێ و لەلای ئەو بێ لە قەرەبوی خۆیدا بیدا، قبۆڵ ناکرێ. ئەوان لە
سۆنگەی ئەو کارەی کردۆیانەو بڕوایان بە خودا نەبوە، لە دۆزەهێ
دەرناکەون و ئاوی کوڵیو دەخۆنەوەو جەزرەبەی بەژانیان هەیە.
۷۱ بێژە: ئاخۆ گەرەکتانە - لە خوا بەدەر- هاوار بۆ شتانێک بەرین نە
زەرەرێکمان لێدەدەن، نە بەهرەیان بۆمان هەیەو لەپاش ئەوەی
شارەزای ڕاستەڕێگە بۆین، سەرلەنوێ پاشگەزبینەوە؟ هەروەک
ئەوەمان بەسەردێ کە شەیتان خەڵەتاندۆیەو لەسەر زەوی
سەرگەردانە. هێندێک هەواڵی وای هەیە کەپێی ئێژن: وەرەلامان لە
ڕێگەت شارەزادەکەین. بێژە: ڕێی ڕاست هەر ڕێگەی ڕۆبەخودایەو
فەرمان بە ئێمە دراوە خۆ بدەینە دەس ڕاهێنەری دنیایە.
۷۲ فەرموشیە دەبێ نوێژبکەن؛ ترسیشۆ لە خودا هەبێ؛ کە هەمۆتان لە لای
ئەو خڕدەکرێنەوە.
۷۳ هەر خۆیەتی بۆ ڕاستی، ئەم ئاسمانانەو زەمینەی بەرهەم هێناوە.
هەررۆژێکی بۆ دروست بۆنی هەرشتێ فەرمان بدا: ببە! دەبێ. قسەی
ڕاستەو لاری نیەو ئەوێ ڕۆژێ فۆ بە کەڵەشاخدا دەکرێ، تەنیا خۆی
دەستەڵات دارەو دیارو بەرپیوار دەزانێ و هەر خۆیەتی لەکارزان و
ئاگادارە.

۞ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً ۖ إِنِّىٓ
أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُرِىٓ إِبْرَٰهِيمَ
مَلَكُوتَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾
فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ رَءَا كَوْكَبًا ۖ قَالَ هَـٰذَا رَبِّى ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ
لَآ أُحِبُّ ٱلْـَٔافِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَـٰذَا
رَبِّى ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِى رَبِّى لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ
ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَـٰذَا رَبِّى هَـٰذَآ
أَكْبَرُ ۖ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَـٰقَوْمِ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٧٨﴾
إِنِّى وَجَّهْتُ وَجْهِىَ لِلَّذِى فَطَرَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
حَنِيفًا ۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٧٩﴾ وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥ ۚ قَالَ
أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى فِى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ ۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ
إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔا ۗ وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ۗ أَفَلَا
تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا
تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ
سُلْطَـٰنًا ۚ فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾

٧٤ بیر لەوکاتەش بکەرەوە کە ئیبراهیم بە ئازەری ئاپی خۆی گوت: ئەتۆ بۆچی ئەوبتانە دەپەرستی؟ ئەمن تۆشو گەلەکەشت دەبینم لەڕێ لاۆداوە.
٧٥ [هەر ئەو دەمەش بو کە] ئێمە نیشانی ئیبراهیمن دا دامو دەزگای ئەم عاسمانانو زەمینە سەربە کێیە، تا لە ڕێزی باوەڕدارە ڕاستەکان بێ.
٧٦ کە شەوی بەسەردا هاتو تاریک داهات، ئەستێرەیەکی بەدی کرد. گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. هەر کە لەبەر چاو ئاوابو، گوتی: هەرچی ئاوابێ خۆشم ناوێ.
٧٧ وەختێ کە دیتی مانگ هەڵات، گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. کە ئەویش لەبەر چاو نەما، گوتی: ئەگەر پەروەرێنی ڕاستەقانیم خۆی شارەزاییم پێ نەڵێ، منیش لە گومڕایان دەبم.
٧٨ کاتێ دیتی وا خۆر لە کەل سەردەکەوێ، گوتی: ئەمە لەوانیتر مەزنترە، ڕەنگە پەروەرندەکەی من هەر ئەمە بێ. کە خۆریش کەوتە خۆرنشین، گوتی: گەلۆ! من لەوکارەۆکە شەریکان بۆخودانی من دەناسن، تەکیمەوە.
٧٩ وا من - بەدڵپاکی - روم کردە ئەوکەسە کە ئاسمانانو زەمینی داهێناوەو لەوانەنیم شەریکی بۆ پەیدادەکەن.
٨٠ هۆزەکەی لەسەر ئەم باسە شەڕو کێشەیان پێ فرۆشت. گوتی: ئێوە چۆن دەگەڵ من دەربارەی خودایێکەوە کێشەدەکەن کە خۆی شارەزای کردۆمو هیچ ترسێکم لەوانە نیە کە ئێوە دەیانکەنە شەریکی ئەو. هەرشتێکی پەروەرندەم حەزیبکا هەروا دەبێو زانستی پەروەرێنی من هەمۆشتی داگرتۆە. ئاخۆ ئێوە ڕانامێنن؟
٨١ جا چۆن دەبێ لەوبتانەی - کەئێوە دەیانپەرستن - ترسم هەبێ؟ کەچی ئێوە ترسۆ نیەو ئەوبتانە بە شەریکی خوادەزانن و هیچ بەڵگەیەکی پتەوتان بۆ نەهاتۆتەخوارەوە. ئەگەر ئێوە لە زانین هیچ بەشتان هەبا، دەتانزانی لەمن و لەنگۆ کامەلامان پتر شیاوی بەترسانە.

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ
وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٨٢﴾ وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ
قَوۡمِهِۦۚ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴿٨٣﴾
وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ كُلًّا هَدَيۡنَاۚ وَنُوحًا
هَدَيۡنَا مِن قَبۡلُۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ وَأَيُّوبَ
وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٨٤﴾
وَزَكَرِيَّا وَيَحۡيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلۡيَاسَۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾
وَإِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطٗاۚ وَكُلّٗا فَضَّلۡنَا عَلَى
ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ وَمِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡ وَإِخۡوَٰنِهِمۡۖ وَٱجۡتَبَيۡنَٰهُمۡ
وَهَدَيۡنَٰهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٨٧﴾ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي
بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَلَوۡ أَشۡرَكُواْ لَحَبِطَ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ﴿٨٨﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَۚ
فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ
﴿٨٩﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ
أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩٠﴾

٨٢ ئەو كەسانەی بڕوایان بە خودا هێناوە بڕواكەیان تێكەڵی ناحەقی نەكرد، دڵنیایی بۆ ئەوانەو شارەزای ڕای خودا ئەون.
٨٣ ئەمانە چەند بەڵگەیەک بۆن كە دابۆمانە ئیبراهیم، كە بەرانبەر بە هۆزی خوی ڕابوەستێ. هەركەسێ ئێمە حەزبكەین پلەی ڕێزی بالآدەبەین؛ بێگومانە پەروەرندەت لەكارزان و ئاگادارە.
٨٤ ئێمە ئیسحاق و یەعقوبمان هەر بەو بەخشی و هەمۆلامان شارەزای ڕای خۆمان كردو، لەپێش ئەواندا نۆحیشمان بەرەو خۆمان ڕێ نیشانداو لەناو زاروزێچی ئەودا داودو سولەیمانیش و ئەییوب و یۆسف و مۆساو هارۆنمان خستە سەرڕێگا. ئێمە ئاوا پاداشی باش بە كارچاكان دەدەینەوە.
٨٥ هەروەها زەكەریاش و یەحیاو عیسا، وێڕای ئەلیاس؛ هەمۆیان لە مێرخاسان بۆن.
٨٦ ئیسماعیل و ئەلیەسەع و یۆنس و لۆتیش هەروەها؛ سەرلەبەریانمان لە خەڵكی سەرزەمینێ، زیدەتر قەدر لێناوە.
٨٧ لەباب و كاڵ و عەولادو برایانیان، بڕێكیانمان سەرخستن و شارەزای ڕای ڕاسمان كردن؛
٨٨ ئەم شارەزایی كردنە لەلای خوایە. لە هەركەسێ لە عەبدانی مەیلی لێ بێ، بەرەوخۆی ڕێی نیشان دەدا. خۆئەگەر شەریكیان بۆخوا پەیداكربا، كردەوەیان سەرپاكی بەفیڕۆ دەچۆ.
٨٩ ئەوانە كەسانێک بون كە كتێبی خۆمان پێدان و لە كارزانیمان ڕاهێنان و كردمانن بە پێغەمبەر؛ گەر ئەمانە لێیان بكەونە حاشایە، ئێمە ئەوكارە دەدەینە كۆمەڵێوا كە بڕوایان پێیان هەبێ و هیچگا حاشایان لێ نەكەن.
٩٠ ئەوانە كەسانێک بۆن كە خودا ڕێنمونی كردن؛ تۆش هەر لە شوێن ئەوان بڕۆ! بێژە: خۆ من هیچ پاداشێكم لێو ناوێ، ئەم قورئانە هەر تەنیا ئامۆژگاریەكە بۆ هەمۆ خەڵكی دنیایە.

وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ۗ
قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ ۖ
تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا ۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓاْ
أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾
وَهَـٰذَا كِتَـٰبٌ أَنزَلْنَـٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ
أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ۚ وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۖ
وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴿٩٢﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى
ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ
مِثْلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۗ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّـٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ
وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓاْ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ
تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ
وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَـٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ
كَمَا خَلَقْنَـٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَـٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ ۖ
وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَـٰٓؤُاْ ۚ
لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾

٩١ ئەودەمەی واگوتیان: خودا هیچ شتێکی بۆ هیچ کەسێک نەناردوە، وەک پێویستە خوا بناسرێ، نەیان‌ناسی. بێژە: ئەی کێ ئەوکتێبەی ناردوە کە موسا هێنای و رۆناکی و شارەزایی بو بۆ مەردم؟ کتێبێ کە پەڕەپەڕەی دەکەنەوەو بەشی کەمی نیشانی خەڵکی دەدەن و بەشی زۆری دەشارنەوە! بەوکتێبە شتگەلێکتان پێ فێرکرا کە نەخۆنە باب و کاڵتان نەوْدەزانین. بێژە: هەر خودا ناردویە. تۆ ئیتر وازیان لێ بێنە با بە کاڵتەکردنەوە خۆ خەریک کەن.

٩٢ ئەم قورعانەشمان بە خەڵات بۆ تۆ ناردو ممبارەکەو ئەوانەیشی لە لا ڕاستە کە دەپێشدا ناردراون؛ تا تۆ بە هۆی ئەم قورئانە خەڵکی مەککەو دەوروبەری بترسێنی و ئەو کەسانەی بڕوایان بە قیامەت هەیە، دیارە باوەڕی پێ دێنن و هۆشیان بە نوێژەکانیشیانەوە هەیە.

٩٣ کێ لەوکەسە ناهەقترە درۆ بەدەم خواوە بکا؟ یابێژێ من لە خوداوە فەرمانم پێ ڕاگەیەنراوە؛ کە هەرگیز هیچ فەرمانیشی لەخواوە بۆ نەهاتوە؛ یان بێژێ منیش لە وێنەی ئەوانەی خودا ناردویە، دەتوانم بۆتان بنێرم؟ بریا وەختی ئاویلکەدان تۆ ناهەقیکارەکانت بدیبا کە فریشتە لێیان ڕاساوە، کە: گیانۆ لە قالب دەرخەن؛ وا ئەمرۆ لە تۆڵەی ئەوە کە درۆتان بەدەم خوداوە هەڵدەبەست و لەنیشانەکانی خودا حاشاودەکرد، ئێوە بە سۆکایەتیەوە ئازار دەدرێن.

٩٤ هەر وەک تاک تاکەو بەتەنیا لە پێشوْدا، ئێوەمان وەدی هێناوە، هەر واش هاتۆنەوە لامان. هەرچیش ئێمە پێمان دابۆن، لە دواتانەوە بەجێ‌ما. ئەو کەسانەش نابینن کە لاتان وابو تکاکارن و بە شەریکی خواتان زانین. دیارە ئێستا لە یەکتری جیابۆنەوەو چی بە خەیاڵ سازودابو، هەمۆتان لێ بەهیچێ چو.

---

٩١- کال یا کالْ: باپیر، باواگەورە.

۞ إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلۡحَبِّ وَٱلنَّوَىٰۖ يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَمُخۡرِجُ
ٱلۡمَيِّتِ مِنَ ٱلۡحَيِّۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ﴿٩٥﴾ فَالِقُ ٱلۡإِصۡبَاحِ
وَجَعَلَ ٱلَّيۡلَ سَكَنٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ حُسۡبَانٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ
ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿٩٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ
بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ
﴿٩٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞۗ
قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ ﴿٩٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ
مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَيۡءٖ فَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهُ
خَضِرٗا نُّخۡرِجُ مِنۡهُ حَبّٗا مُّتَرَاكِبٗا وَمِنَ ٱلنَّخۡلِ مِن طَلۡعِهَا
قِنۡوَانٞ دَانِيَةٞ وَجَنَّٰتٖ مِّنۡ أَعۡنَابٖ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشۡتَبِهٗا
وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٍۗ ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمۡ
لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٩٩﴾ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلۡجِنَّ وَخَلَقَهُمۡۖ
وَخَرَقُواْ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتِۭ بِغَيۡرِ عِلۡمٖۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا
يَصِفُونَ ﴿١٠٠﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٞ
وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٞۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿١٠١﴾

۹۵ خودا دانەو دەنکی میوە دەقەڵێشێ . هەر ئەویشە زیندۆ لە مردۆ
دەردەخاو مردۆ لە زیندۆ دەردێنێ . ئەمە خوایە، دەسا ئێوە چۆن
[ لەرێگا] کلا دەکرێن ؟
۹۶ تێکوڵی شەوگار لادەداو سپێدەۆ بۆ دەخاتەرۆ. شەوی بۆ ئۆقرە گرتن و
خۆرو هەیڤی بۆ ژمارەی ئێوە سازدا. خودای خاوەن دەستەڵاتی زانا ئەم
کارەی کردوە.
۹۷ هەر ئەویشە ئەستێرەی بۆ خستۆنەرۆ؛ تابەوانە - لەتاریکی بەژ و زریا -
رێ پەیداکەن . ئێمە بۆکەسانێ زانان، نیشانانمان بەرۆنی شی
کردوتەوە.
۹۸ هەر ئەویشە هەمۆ ئێوەی لە تاقەکەسێک خستەوە؛ لە دوای ئەوە لە
شوێنێک کوی کردۆنەوەو دای مەزراندۆن . بۆ ئەو کەسانەی تێدەگەن،
نیشانانمان بەرۆنی شی کردۆتەوە .
۹۹ هەر خۆیەتی لە حەواوە ئاوێکی بۆ ئێوە باراند، هەمۆ رووەکمان پێ رواند؛
هەتا لە سەوزەگیاکەوە دەنک و کەلوی سواری یەک و لە کڵۆکی
دارخورماوە هێشوی پرو شۆرەوەبۆ دەگەڵ باغاتێک لە رەزو زەیتۆن و
بنەهەناری هاووێنەو لەیەک جیامان بەرهەم هێنا. وەختێ میوەیان
پێدەگا سەیری بکەن ، کە لەواندا گەلێک نیشانەی خودا هەن بۆ
کەسانێ کە بڕوایان بە خوا هەیە.
۱۰۰ لە جنۆکان شەریکیان بۆ خوا پەیدا کرد؛ کە بۆخۆی دروستی کردۆن. لەو
نەزانی کە هەیانە، خەیاڵ دەکەن دەبێ کورو کیژی هەبن. خودا پاک و
بەرزترە لەوباسانەی ئەوان دەیکەن.
۱۰۱ داهێنەری ئاسمانەکان و زەمینە؛ چۆن دەبێ عەولادی هەبێ؟ کە هیچ
ژنی نەهێناوەو هەرچی هەیە هەمۆ دەسکردی خۆیەتی و ئاگای لە
هەمۆشت هەیە.

---

۹۶- هەیڤ: مانگ. ۹۹- کەلو: بەری گیا کە چەند دەنکی دەپاڵ یەکی تێدایە.

ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ
فَٱعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴿١٠٢﴾ لَّا تُدْرِكُهُ
ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾
قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ وَمَنْ عَمِىَ
فَعَلَيْهَا وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿١٠٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ
ٱلْأَيَٰتِ وَلِيَقُولُوا۟ دَرَسْتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٥﴾
ٱتَّبِعْ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ
ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٦﴾ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا۟ وَمَا جَعَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ
حَفِيظًا وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٧﴾ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ
يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا
لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟
يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾ وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ
لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا قُلْ إِنَّمَا ٱلْأَيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا
جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾ وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ
يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١٠﴾

١٠٢ هەر خودایە ئێوەی پەروەردەکردوەو بەغەیرەز ئەو هیچ‌شت بۆ پەرستن نابێ؛ هەمۆشتیش ئەو کردویە. لەسەرتانە عەبدایەتی ئەو بکەن‌و سەرپەرستی هەمۆشت هەر بۆخۆیەتی.
١٠٣ ئەو نایەتە بەرچاوانو هەمۆبینەرێک دەبینێ‌و کارناسک‌و ئاگادارە.
١٠٤ ئێوە لە پەروەرندەورا چاوی دڵتان پێدراود. هەرکەسێکی بە چاوی دڵ شت ببینێ، بە قازانجی تەواودەبێ. هەرکەسێکیش چاوی دڵی نابینایە، زیانبارەو من کێشک‌گری ئێوە نیم.
١٠٥ ئێمە نیشانەکان ئاوا جۆراوجۆر شی دەکەینەوە؛ هەتا لەئاکاما نەیژن خوەنەواری ! هەتا رۆنیشیان کەینەوە بۆئەوانەی کەتێدەگەن .
١٠٦ هەرفەرمانێ لە پەروەرندەورا بۆت دێ، پێکی بێنە؛ بەغەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ ناشێ. تۆ وازت لەوانە بێنە شەریک بۆ خوا پەیدادەکەن.
١٠٧ ئەگەر خودا مەیلی لێ‌با، شەریکیان پەیدانەدەکرد . ئێمە تۆمان نەکردۆتە پاسەوان بەسەریانەوەو نەبویتە هەمەکارەیان.
١٠٨ قسەی خراپ دەربارەی ئەوانە مەکەن کە داوا[ی یارمەتی]لەغەیرەزخوا دەکەن؛ چونکە ئەوانەی نەزانن، لەوانەیە لەبەردژایەتی خۆیان، خراپ لەمەڕ خودا بدوێن. ئاکاری هەردەستەیەکمان لەبەر چاو ڕازاندۆنەوەو لە ئاکامدا هەر دێنەوە بەردەستی پەروەرندەیان؛ ئەوسا ئاگاداریان دەکا کە چیان‌دەکرد.
١٠٩ بەسوێندەوە ڕەش بۆنەوە کە بەخودا هەر تاکەنیشانەیەکیان لە خواوە بۆ بێتەخوارێ، بڕوادێنن. بۆش نیشانان هەر لای خودان؛ کۆ دەزانن ؟ [من دەزانم] ئەگەر نیشانەشیان بۆبێ، باوەڕناکەن.
١١٠ هەروائەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد، [ئێمەش] دڵ‌و دیدەی ئەوان لەکاردەخەین. هەر وەک هەن وازیان لێ‌دێنین کە هەر بە نافەرمانیەوە سەرگەردان بن.

۞ وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا
عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ
أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ١١١ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا
شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِى بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ
ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ
١١٢ وَلِتَصْغَىٰٓ إِلَيْهِ أَفْـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ
وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ ١١٣ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ
أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ۚ
وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ۖ
فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ١١٤ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا
وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ١١٥ وَإِن
تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِن
يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ١١٦ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ١١٧
فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ ١١٨

١١١ فرشتەشمان بناردایەو مردیەکانیش قسەیان دەگەڵ کردبان و هەمۆ
شتمان لەڕۆبەڕۆی ئەوانەوە خڕکردباوە، هێمان باوەڕیان نەدێنا؛ جا
مەگین خوا مەیلی لێ با. بەڵام زوربەیان نەزان بۆن .
١١٢ ئێمە بۆ هەر پێغەمبەرێک دوژمنێکمان - لەنێوشەیتانەکانی بنیادەم و
جندۆکە - دانا. هێندێک لەوان - بۆفریودان - قسەی ڕازاوەو درۆیان
بە هێندێک تر رادەگەیاند . پەروەرندەت ئەگەر حەزی بکردایە، ئەو
کارەیان بۆ نەدەکرا. لێیان گەڕێ با هەر درۆیان هەڵبەستن.
١١٣ با ئەوانەی بڕوایان بەو دنیا نیە، بەدڵ گوێ بۆ ڕاگرن و پەسندی کەن و
هەرکارێ دەیکەن با بیکەن.
١١٤ ئاخۆ رەوایە غەیرەزخوا داوەرێکی پەیدابکەم ؟ هەر ئەویشە ئەم کتێبەی
دۆر لە هەمۆ کەمایەسی بۆ ئێوە ناردەخوارەوە. ئەوانەی کتێبمان پێدان ،
سۆر دەزانن کە خەڵاتەو لە پەروەرندەی تۆڕایەو گشتی ڕاستە. کەوایە تۆ
هەرگیز لە دودڵان مەبە.
١١٥ قسەکانی پەروەرندەت - لەبێ لایەنگری و راستیدا - تەواوو بێ
کەموکوڕین؛ کەس ناتوانێ بیانگۆڕێ. زۆربیسەرو هەرەزاناش هەر
خۆیەتی .
١١٦ ئەرگەر کەوتیە شوێنی قسەی زۆربەی ئەوانە وا لەم سەرزەوینەدان،
لەرێگەی خودا لات دەدەن؛ چونکە هەمۆ بەشوێن خەیاڵدا دەڕۆن و
هەرلە پڕوپۆچ خەریکن.
١١٧ پەروەرندەت زۆر لە خۆت باشتر دەزانێ کێن ئەوانەی لە ڕێی خودا
لایانداوەو باشتریش لە تۆ دەزانێ کێ ڕێگەی ڕاستی لەبەرە.
١١٨ دەسا ئێوە ئەگەر بڕواو بە خودا هەیەو نیشانەکانی خوداتان لەلا ڕاستە،
لە گۆشتی ئاژەڵێ بخۆن کە دەمی سەرژێکردنێ، ناوی خوای لەسەر
هاتۆە.

وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ
لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ
بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١١٩﴾
وَذَرُوا۟ ظَٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْسِبُونَ ٱلْإِثْمَ
سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا۟ يَقْتَرِفُونَ ﴿١٢٠﴾ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ
ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ
أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾
أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى
ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ
زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا
فِى كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا۟ فِيهَا ۖ وَمَا
يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿١٢٣﴾ وَإِذَا جَآءَتْهُمْ
ءَايَةٌ قَالُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ ۘ ٱللَّهُ
أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ۗ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟
صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَمْكُرُونَ ﴿١٢٤﴾

۱۱۹ بۆچی ئێوە خۆتان لە گۆشتی ئەوانە دەپارێزن کە ناوی خوایان لەسەر دێ ؟ کە هەر خوداش بەتەواوی باسی ئەمانەی بۆ کردوٚن کە خواردنیان نارەوایە، - مەگین لەڕوی ناچاریەوە - زۆر لەوانە هەر بەئارەزوی خۆیان و لە نەزانی، مەردم لە ڕێگە لادەدەن . خودا خۆی ئاگادارترە لەو کەسانەی لە ئەندازە دەردەکەون.

۱۲۰ لە تاوانی بەئاشکراو نهێنی خۆبپارێزن؛ ئەوانەوا خۆیان تۆشی تاوان دەکەن ، سزای تاوانیان دەبینن .

۱۲۱ هەر ئاژەڵێ لە کاتی سەرژێ کردنێ ناوی خودای لەسەر نەیە، نابێ لە گۆشتەکەی بخۆن؛ ئەمە لە ڕێگەلادانە . شەیتانەکان دنەی دۆستانی خۆدەدەن، تاکێشەتان دەگەڵ بکەن. جا ئەگەر بەگوێیان کردن ، بێ گومان شەریکتان بۆخودا داناوە.

۱۲۲ ئاخۆ کەسێ کە مردوٚبوٚ، ئێمە زیندوٚمان کردەوەو ڕوٚناکیەکمان خستەپێشی، بە سەربەستی لەناو خەڵکا بوخلێتەوە، وەک کەسێکە کە لەناو تاریکیدایەو هیچ دەرەتانێکی نیە؟ ئەو کەسانەی خوانەناسن کارەکانیان لەبەر چاوی خۆیان جوانە.

۱۲۳ هەر وا تاوانکارانی هەرکۆمەڵێکمان کردوٚتە خاوەن دەستەڵات، تا لەوێدا خەڵک فریودەن. لەڕاستیشا هەر فێڵ لە خۆیان دەکەن و هەست پێ ناکەن.

۱۲۴ هەرگا بەڵگەیەکیان بۆبێ، ئێژن: ئێمەش تا وەک پێغەمبەرانی خوا، ئەوبەڵگانەمان بۆ نەیە، نامانکرێ بڕوابێنین. خوداخۆی باشتردەزانێ چکەسێ بۆ پێغەمبەری هەڵبژێرێ. زۆری پێناچێ ئەوانەی تاوانباربوٚن - لەبەر فێڵبازی و دەغەڵیان - لەلای خواوە سوٚکی و ئازارێکی دژواریان توٚش دەبێ .

---

۱۲۱-شەیتانەکان. . یا: شەیتانەکان دەخوێننەگوێ دۆستانیاندا.

فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ وَمَن يُرِدۡ
أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجٗا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ
فِي ٱلسَّمَآءِۚ كَذَٰلِكَ يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ ١٢٥ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا
ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ١٢٦ ۞ لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡۖ
وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٢٧ وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا
يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ وَقَالَ أَوۡلِيَآؤُهُم
مِّنَ ٱلۡإِنسِ رَبَّنَا ٱسۡتَمۡتَعَ بَعۡضُنَا بِبَعۡضٖ وَبَلَغۡنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ
أَجَّلۡتَ لَنَاۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ إِنَّ
رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ١٢٨ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا
بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٢٩ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ
رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ
يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا
وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ١٣٠ ذَٰلِكَ
أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ ١٣١

۱۲۵ هەرکەسێ خودا حەزبکا، بۆخۆی ڕێگەی نیشان دەداو بۆ بڕوا بە ئیسلامەتی دڵی گوشادی دەداتێ. کێش حەزبکا گومڕای بکا، هێندە نەفەس تەنگی دەکا، وەک بەرەوحەوا سەرکەوێ. خودا ئاوا ئەو کەسانەی بڕوا ناهێنن تۆشی ڕسوایی دەکا.
۱۲۶ ئەمە ڕێکەڕێگەی پەروەرندەی تۆیە. بۆ ئەوانەی لە نسیحەت بەهرەدەبەن، نیشانانمان بەباشی ڕۆنکردۆتەوە.
۱۲۷ ئەوکەسانە لە پەروەرندەی خۆیانڕا شوێنەکەیان ئەنوای هێمنایەتی دەبێ و لە بەرانبەر کارەکەیان دۆستایەتی ئەویان هەیە.
۱۲۸ لەو ڕۆژەدا کە هەموان کۆدەکاتەوە: ئەی دەستەوگرۆی جندۆکان! ئێوە زۆرینەی مرۆتان کردبوە پەیرەوی خۆتان. دۆستەکانیان لە نێوان بەرەی مرۆدا ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! بڕێکمان لە بڕێکی تر بەهرەی برد تا گەییشتینە ئەو مۆڵەتەی کە بۆمانت دیاریکرد. گوتی: دەسا جێگەی هەتاهەتاییتان جەهەندەمە؛ مەگین خودا- بەکەیفی خۆی - بۆوبگۆڕێ. پەرەوەرندەت لەکارزان و ئاگادارە.
۱۲۹ ئاوەهاینە بڕێک لە ناهەقیکاران - لە سۆنگەی ئاکارێ دەیکەن - دەخەینە ژێر دەستەلاتی بڕێکتریان.
۱۳۰ ئەی گەلی جنۆکەو مرۆ! مەگەر پەیغەمبەرانێکتان هەرلەخۆتان بۆ نەهاتن، کە لەنیشانەکانی من بەسەر ئێوەدا وەخوێنن و لەم ڕۆژەتان بترسێنن؟ گوتیان: بەڵێ، شایەتی لە خۆمان دەدەین. ژینی دنیا فریویدان شایەتیان لەسەر خۆیاندا، کە خودایان نەناسیوە.
۱۳۱ بۆیە ئەمەمان ڕاگەیاند کە بزانن پەروەرندەت لە ناهەقی هیچ شارێکی قڕنەکردوەو خەڵکەکەی بێئاگا بوبێ.

---

۱۲۹-سۆنگە: لەبەر، بەهۆی.

وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُواْۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا
يَعۡمَلُونَ ١٣٢ وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۚ إِن يَشَأۡ
يُذۡهِبۡكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفۡ مِنۢ بَعۡدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ
أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ ١٣٣ إِنَّ مَا
تُوعَدُونَ لَأٓتٖۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ ١٣٤ قُلۡ يَٰقَوۡمِ
ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنِّي عَامِلٞۖ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ
مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ
١٣٥ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ
نَصِيبٗا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ
فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ
وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمۡۗ
سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ١٣٦ وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ
لِكَثِيرٖ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ قَتۡلَ أَوۡلَٰدِهِمۡ
شُرَكَآؤُهُمۡ لِيُرۡدُوهُمۡ وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ
وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ١٣٧

۱۳۲ بۆ هەرکەسێ - بەرانبەر بە ئاکاری خۆی - پلەوپایەگەلێک هەیەو پەروەرێنت لەوەی دەیکەن خافڵ نیە.

۱۳۳ پەروەرندەت بێ نیازو دلۆڤانە. ئەگەر خۆی ئارەزۆبکا، ناتانهێڵێ و حەزێ بکا، لەپاش ئێوە چینێکی‌تر لە شوێنی ئێوە دادەنێ؛ هەر وەک ئێوەی لە تۆرەمەی کەسانی‌تر خستۆتەوە.

۱۳۴ هەر بڕیارێ بۆتان‌درا، شک نیە هەر ئەوە دەبێ‌و بەسەرودێ‌و ناتوانن خوا بێ‌هێزو دەستەڵات بکەن.

۱۳۵ بێژە: گەلۆ! هەرچی لە دەستی ئێوەدێ، درێغ مەکەن؛ وا منیش هەروا خەریکی کاری خۆمم. لە ئاکامدا تێدەگەن کەئەنجامی [باشی] ئەودنیا بۆ کێ دەبێ . هەر چۆنێک بێ، خوا ناهەقان رزگار ناکا.

۱۳۶ لە[بەروبۆی ئەو] کێڵگەو وڵساتەی کە خوا بەدی‌هێناوە، بەشێکیان بۆخۆی دانا.جابەخەیاڵ گوتیان: ئەمە بەشی خوایەو ئەمەش هی بتەکانمانە. خۆبەهرەی بتەکانیشیان، نەدەکەوتە لای بەهرەی خوا؛ بەڵام بەهرەی خوا دەچوەلای بتەکانیان! ناشیرین داوەری دەکەن.

۱۳۷ بتەوانانی شەریک‌دانەر بۆخودا، وایانکرد کە زۆرێک لە هاوبیرەکانیان، کوشتنی فرزەندی خۆیان بەلاوە جوان‌و رەوابێ؛ تاکۆ لەبەینیان‌ببەنو دینەکەیان لێ تێکەڵ‌و پێکەڵ بکەن. ئەگەر خودا کەیفی لێ‌با، ئەوان ئاوایان نەدەکرد. لێیان‌گەرێ هەربوختانێ دەیکەن بیکەن.

---

۱۳۳-تۆرەمە: رەچەڵەک، بنەچەکە، تیرە، تایفە.

وَقَالُوا۟ هَٰذِهِۦٓ أَنْعَٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن
نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ
ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ ۚ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُوا۟
يَفْتَرُونَ ﴿١٣٨﴾ وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلْأَنْعَٰمِ
خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ۖ وَإِن يَكُن
مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَآءُ ۚ سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ
حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٣٩﴾ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَٰدَهُمْ
سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا۟ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ
قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ ۞ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ
أَنشَأَ جَنَّٰتٍ مَّعْرُوشَٰتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ وَٱلنَّخْلَ وَٱلزَّرْعَ
مُخْتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهًا وَغَيْرَ
مُتَشَٰبِهٍ ۚ كُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ
حَصَادِهِۦ ۖ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٤١﴾
وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرْشًا ۚ كُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ
ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٤٢﴾

١٣٨ هەربەخەیاڵ دەیانگوت کە: ئەم ماڵات و کێڵگە قاخەن. بێ ئیزنی مە هیچکەس نابێ تامیان بکا. ئەم ماڵاتەش کەس نابێ سواری پشتیان بێ. هێندێک ماڵاتیشیان هەیە، لە وەختی سەرژێ کردندا ناوی خوای لەسەر ناهێنن و درۆ بەدەم خواوە دەکەن. خودا لەسەر ئەو درۆهەڵبەستنەیان تۆشی جەزرەبەیان دەکا.

١٣٩ دەشیانگوت کە: چی لە پزدانی ئەوئاژەڵانەدایە، بۆنێرینەی فرزەندی ئێمە ڕەوایەو بۆ ژنانمان ناڕەوایە! ئەگەر مردارەوەبۆش بێ، هەموان تێدا شەریک دەبن. بەمزوانە خوا سزای ئەمقسانەیان دەداتەوە. خودا هەر خۆی لەکارزان و زۆردانایە.

١٤٠ ئەوکەسانە - وا لەبەر گەوجی و نەزانی - فرزەندانی خۆیانیان کوشت، زیانیانباربۆن و بەبوختان کردن بۆ خوا، ئەو بژیوەی کە پێدابۆن، حەرامیان کرد؛ دیارە ڕێیان لێ تێکچوەو شارەزا نین.

١٤١ هەرئەویشە باغاتی وەدیهێناوە. هێندێک داربەستیان گەرەکەو هێندێکیان داربەستی ناوێ. داری خورماو مەزراو کێڵگەی بەدی هێنا، کە لە خواردنا لێک جیان. زەیتۆن و دارهەناریشی چێکردوە؛ کە بە ڕواڵەت وەک یەک و لە تام و ڕەنگا جیاوازن. هەرگا میوەیان پێدەگا، لێی بخۆن و لە ڕۆژی میوەچنیندا بەشی خوداش جوێکەنەوە بۆ هەژاران. کارێک مەکەن کە لە ئەندازە بەدەر بێ؛ خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ئەندازە دەردەچن.

١٤٢ لەماڵاتیش برێکی بۆبارلێنان و برێکی بۆکوڵکەو خوری، بەدی هێنا. لەوەیوا خواکردویەتە ڕۆزی بۆتان، بخۆنو ڕێوشوێنی شەیتان مەگرنەبەر؛ چونکە شەیتان بەئاشکرا دوژمنتانە.

---

١٣٨- قاخە: قەدەغە، بقە.

ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۖ مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِۗ
قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ
أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ نَبِّـُٔونِي بِعِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٤٣
وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ
حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ
أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَاۚ فَمَنۡ
أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيۡرِ
عِلۡمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٤٤ قُل لَّآ أَجِدُ
فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ
مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ
فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ
رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٤٥ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا
كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ
شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا
ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ١٤٦

١٤٣ هەشت سەر ماڵاتی نێرومێ چێکردوە: مەڕو بەران، نێریو بزن. بێژە: ئاخۆ خوا نێرینەکانی حەرام کردوە؟ یان مێوینەکان؟ یان ئەوی وا لە پزدانی مێیەکاندا؟! بەڵگەم نیشاندەن، ئەگەر ئێوە راس ئێژن!

١٤٤ [چواری دیکەش بریەتین لە:] لۆک و سایەو چێڵو مانگا. بێژە: ئاخۆ خوا نێرینەکانی حەرام کردوە؟ یان مێوینەکان؟ یان ئەوی وا لە پزدانی مێیەکاندا؟ یان بۆخۆتان ئاگاداربۆن کە خودا وای ڕاسپاردۆن؟ سا کێ لەوە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ؛ کە بێ ئەوەی بۆخۆی زانستێکی هەبێ، تێ بکۆشێ خەڵکی دیکەش گومڕابکا؟ خودا دەستەی ستەمکاران شارەزای ڕێگەی خۆی ناکا.

١٤٥ بێژە: لەناو ئەوانەدا کە وا پێم ڕاگەێنراوە، شتێکی وا پەیدانا کەم کە خواردنی لەکەسێک حەرام کرابێ، بێژگە لە مردارەوەبۆ یان خوێنی ڕژێندراو یان گۆشتی بەراز - کە پیسە - یان ئاژەڵێ کە بە ناوی غەیرەز خودا سەربڕاوە. هەر کەسێکیش - بە ناچاریو بەبێ مەیلی - لەوناڕەوایانە بخواو لە ئەندازەی تێربۆنی خۆی پتر نەخوا، بێگومان خوا بەخشندەیەو دلۆڤانە.

١٤٦ ئێمە هەمۆ زیندەوەری ناخۆن‌دارو پیوی گاو پەزمان، لەوانەی بۆنە مۆسایی، حەرام کرد؛ مەگین پیوێ کە لەسەر پشتی ئەودوانە جێی‌گرتوە؛ یان ئەو پیوەی دەگەڵ ڕیخۆڵە کانیانە؛ یان ئەو پیوەی تێکەڵاوی پێشە بوە. بۆیەشمان ئەو سزایەدان، ناهەق بۆنو لە ڕێگەی ئێمە دەردەچۆن. دیاریشە ئێمە ڕاست ئێژین.

---

١٤٤-لۆک: وشتری نێر. سایە: وشتری مێ.

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمۡ ذُو رَحۡمَةٖ وَٰسِعَةٖ وَلَا يُرَدُّ
بَأۡسُهُۥ عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ١٤٧ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ
لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖۚ
كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ
قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا
ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ١٤٨ قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُۖ
فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ١٤٩ قُلۡ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ
يَشۡهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَاۖ فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشۡهَدۡ
مَعَهُمۡۚ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١٥٠ ۞ قُلۡ
تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ
شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗاۖ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ
إِمۡلَٰقٖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡۖ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلۡفَوَٰحِشَ
مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَۖ وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي
حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ١٥١

١٤٧ ئەگەر وتیان: تۆ ئەم قسانەت ڕاست نیە، بێژە: پەروەرندەی ئێوە خێوی دلۆڤانییێکی بەربڵاوەو تاوانبارانیش لەسزای لانادرێن.

١٤٨ ئەو کەسانەی شەریک بۆ خودا دەناسن، ئێژن: خودا مەیلی لێبا، ئێمەو باب و باپیرانمان، بتپەرستیمان نەدەکرد؛ هیچ شتیشمان لەخۆمان حەرام نەدەکرد. ئەوی بەرلەوانیش هەبۆن، هەر بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێنا، تا ئەوکاتەی کە جەزرەبەی ئێمەیان چەشت. بێژە: ئەگەر لە زانین شتێک شک دەبەن، بۆمان دەرخەن! بەڵام ئێوە هەر وەشوێن گومان دەکەون و هەر لەخۆوە قسەدەکەن.

١٤٩ بێژە: بەڵگەی بەقەوەت هەر هی خودایە؛ ئەگەر بۆخۆی مەیلی لێبا هەمۆتانی دەخستە سەر ڕاستەڕێ یە.

١٥٠ بێژە ئەو شایەتانەتان بێنن وا شایەتی دەدەن: خوا ئەمەی حەرام کردوە. ئەگەر ئەوشایەتیەشیان دا، تۆ وەلیان شایەتی مەدەو مەچۆرە سەر ئارەزوی ئەو کەسانەی وا بە نیشانەکانی ئێمە بێبڕوان و قیامەتیان لەلا درۆیەو هاوتا بۆ پەروەرندە یان پەیدادەکەن.

١٥١ بێژە: وەزن ئەوشتانەی پەروەرندەو لێی بەناڕەوا زانیون، من بۆتانی بخوێنمەوە، کە هیچ شتێک بە شەریکی خوا مەزانن. دەگەڵ دای و بابی خۆشتان چاکەبکەن. لەترسی لەبرسان مردن، فرزەندی خۆتان مەکوژن؛ ئێمە بژیو بە ئێوەو بەوانیش دەدەین. بەئاشکراو بەنهێنی خۆ تۆشی خراپە مەکەن. کەسیش مەکوژن کە خودا کوشتنی حەرام کردوە؛ مەگین لەڕۆی هەقەوە بێ. خوائەمانەی بەئێوە راسپاردوە، شایەتا ئێوە تێ بگەن.

---

١٤٧- خێو: خاوەن، ساحێو.

وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥۖ
وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا
وُسۡعَهَاۖ وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰۖ وَبِعَهۡدِ
ٱللَّهِ أَوۡفُواْۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾
وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ
فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ
تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ
أَحۡسَنَ وَتَفۡصِيلًا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ
رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ فَٱتَّبِعُوهُ
وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ
عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ
﴿١٥٦﴾ أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ
فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ فَمَنۡ
أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ
يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ﴿١٥٧﴾

١٥٢ مەچنە قەرەی ماڵ و دارایی هەتیوان؛ مەگین بەچەشنێ کەباشتر
[بپارێزرێ]؛ تاکاتێ کە خۆی پێدەگا. با پێوانەو تەرازوشتان
بەرامبەربێ و کەم وکوڕی تێدانەبێ. ئێمە لەتوانایی بەدەر هیچ ئەرکێ
ناخەینە سەرکەس. کاتێ [بۆ ناوبژی یان بۆ شایەتی‌دان] قسەدەکەن،
عەداڵەتتان لە بەرچاوبێ؛ جا با دژی خزمی نزیکی خۆشتان بێ.
پەیمانی خواش - بەتەواوی - بەجێ بێنن. خوائەمانەی بەئێوە
راسپاردوە، شایەتا هەر لەبیرتان بێ.
١٥٣ ئەمەیە ڕێگەی ڕاستی من؛ ئێوە هەر بەوڕێگابچن و مەچنە سەر
ڕێگایانی تر، نەوا لەڕێگای ئەو دوورتان بخەنەوە. خوا ئەوانەی بەئێوە
راسپاردوە، بەشکوو خۆتان بپارێزن.
١٥٤ کتێبیشمان دابە مووسا، هەتا چاکەمان بەرانبەر بەوکەسە وا ڕێگای
چاکەی گرتۆتە پێش، بێ کەم وکوڕی و تەواو بێ؛ تاباسی
هەموشتێکیشمان کردبێ و ببێتە هۆی ڕێ‌شاندان و بەزەیی خوا. شایەتا
بەدیداری پەروەرەندەیان بڕوا بکەن.
١٥٥ ئەم کتێبە پیرۆزو پڕلەپیتە شمان ناردۆتە خوار. گشتۆ پەیڕەوی لەو بکەن و
ترسیشتان لە خودا هەبێ، بەشکوو بەزەیی پێوادابێ.
١٥٦ نەچن بێژن کتێب هەر بۆ دو کۆمەڵی بەرلەئێمە هاتۆتە خوارەوەو ئێمە
هیچ ئاگامان لەزانستی ئەوان نەبوە.
١٥٧ یا خۆ بێژن: ئەگەر ئێمەش وەکوو ئەوان کتێبمان بۆ بهاتایە، دیارە
شارەزاییمان پتر لەوان بوو. ئەوا ئێستا لەلایەن پەروەرندەوڕا بەڵگەیەکی
زۆر ئاشکراو شارەزایی و بەزەییتان بۆ هاتوە. ئەمجار دەبێ کێ لەوکەسە
ناهەقتربێ کە بە نیشانەکانی خوا بڕوانەکاو لە فەرمانی خۆببوێرێ؟
ئەوکەسانەی لەم کتێبە خۆدەبوێرن و بە نیشانەکانی ئێمە باوەڕناکەن،
زۆر پێ‌ناچێ بەتوندی سزایان دەدەین.

---

١٥٢- ناوبژی: ناوجی، نافبژی. ١٥٥- بەزەیی پێوادابێ: بەزەیی پێتاندابێ.
١٥٧- پتر: زیاتر، زێدەتر، فرەتر.

هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ
بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا
لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرًاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ
إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسۡتَ
مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ
﴿١٥٩﴾ مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ
فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١٦٠﴾ قُلۡ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ
إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ دِينٗا قِيَمٗا مِّلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ وَمَا كَانَ مِنَ
ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٦١﴾ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ
رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ
﴿١٦٣﴾ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِي رَبّٗا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيۡءٖۚ وَلَا تَكۡسِبُ كُلُّ
نَفۡسٍ إِلَّا عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ
خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ
فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلۡعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمُۢ ﴿١٦٥﴾

١٥٨ ئاخۆ ئەوان چاوەنۆڕی چشتێک دەکەن بێژگە ئەوە کە فریشتەیان بێتەلا، یان پەروەرێنی تۆ[ بۆخۆی] بێتەلایان، یان بڕێ لە نیشانانی پەروەرندەی تۆیان بۆبێ؟ ئەوێ ڕۆژێ کە ئەم جۆرە نیشانانە بێتەلایان، هەرکەسێکی بەرێ بڕوای نەهێنابێ و ئاکاری چاکی نەبوبێ، بڕوا هێنان تازە بەهرەیان بۆنادا. بێژە: ئێوە چاوەنۆڕبن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین.

١٥٩ ئەوکەسانەی دینەکەیان پەرژوبڵاو کردۆتەوەو دەستەی لێکترجیاوازیان پێک هێناوە، پێویستە تۆ لەوان نەبی. خودا بەکاریان ڕادەگاو لەدواییدا ئاگاداریان دەکاتەوە لەو کردەوەی کردویانە.

١٦٠ هەرکەسێ چاکەیەک بکا، دەئەوەندەی چاکە دەگەڵ دەکرێتەوە. کەسێکیش خراپەبکا، بەئەندازەی خراپەکەی سزادەدرێ و کەس ناهەقی لێ ناکرێ.

١٦١ تۆ بێژە: پەروەرندەی من، خستومیەسەر راستەڕێگە؛ سەردینێ کە پایەدارە: دینی ئەو ئیبراهیمە والەناحەق لایداوەو هەرگیز هیچ شەریکێکی بۆ خوا بڕیارنەداوە.

١٦٢ بێژە: من نمێژکردنم و پێک هێنانی ڕێوشوێنی حەج کردنم و ژین و مەرگم، بۆ خودایە؛ کە ڕاهێنەری دنیایە هەر خۆیەتی.

١٦٣ خودا هیچ شەریکی نیە. فەرمان وا بە من داروەو من لە ڕێزەی موسوڵمانان یەکەمینم.

١٦٤ بێژە: جا چۆن لە خوا بەدەر کەسێکی‌تر بە پەروەرندە بزانم؟ کە هەر ئەوە ڕاهێنەری هەمۆشتێ. هەر کەسێکیش هەرکارێکی خراپ بکا، هەربۆخۆی سزای دەبینێ. هیچ‌کەس باری گرانی هیچ کەسێکی‌تر ناگرێتەکۆڵ. جێی گەڕانەوەی هەمۆتان والای پەروەرندەتانەو ئەوسا ئاگادارتان دەکا کە لەسەر چی پێکەوە پێک نەدەهاتن.

١٦٥ هەربۆخۆشی ئێوەی کردە جێ‌نشینانی زەوین و هێندێکانی بەرانبەربە هێندێکی تر، چەن پلە بردەسەرەوە تا لەوشتانەی پێیداون بەتاقیتان بکاتەوە. پەروەرندەت بەپەلە تۆڵە دەستێنێ و هەر ئەویشە کە لە گوناهان دەبوڕێ و دلۆڤانە.

---

١٥٨- چشتێک: شتێک، چتێک

# سُورَةُ الأَعۡرَافِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓصٓ ﴿١﴾ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ
لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢﴾ ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم
مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾
وَكَم مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأۡسُنَا بَيَٰتًا أَوۡ هُمۡ قَآئِلُونَ
﴿٤﴾ فَمَا كَانَ دَعۡوَىٰهُمۡ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا
ظَٰلِمِينَ ﴿٥﴾ فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَنَسۡـَٔلَنَّ
ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٦﴾ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيۡهِم بِعِلۡمٖۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾
وَٱلۡوَزۡنُ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡحَقُّۚ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ
أَنفُسَهُم بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَظۡلِمُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدۡ مَكَّنَّٰكُمۡ
فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلۡنَا لَكُمۡ فِيهَا مَعَٰيِشَۗ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴿١٠﴾
وَلَقَدۡ خَلَقۡنَٰكُمۡ ثُمَّ صَوَّرۡنَٰكُمۡ ثُمَّ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ
لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ لَمۡ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿١١﴾

# ئەعراف

## ۲۰۶ ئایەت

### وەناوەخوداکە دەهێنەوە لۆقانە

١ ئەلیف، لام، میم، صاد.
٢ کتێبێکە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە، تا بەهۆی ئەو ترس وەبەر مەردم بێنی و
خۆت تۆشی دڵتەنگی مەکە لەوبارەوە؛ ئەم کتێبە نسحەتیشە بۆ وانەی
بڕوای پێ دێنن.
٣ هەرچی لەپەروەرندەتانەوە بۆتان ناردراوەتە خوارەوە، شوێنی کەوِن و
بەغەیرەز ئەو مەکەونە شوێنی سەرپەرستانی دیکە. ئێوە زۆرکەم
عیبرەت دەگرن.
٤ ئێمە خەڵکی چەندین شارمان قڕتێ خستن. وەختێ نیشانەی غەزەبی
ئێمەیان بەسەردا دەهات - لەشەودا بو، یان نیوەڕۆ - دەسانەوە.
٥ کە دەیاندی ئێمە غەزەبمان لێگرتوِن، هەر ئەوەندەیان بۆ دەما بێژن:
ئێمەین ناهەقیمان لە خۆمان کرد.
٦ ئێمە بێ سۆ پرسیاردەکەین، هەم لەوانەی پێغەمبەرمان بۆ ناردوِن و هەم
لەوانەش بە پێغەمبەری ناردنمان.
٧ ئەوسا ئێمە - کەدەزانین - نۆک وبەدی بۆ هەموِلا باس دەکەین و قەت
لێیان بێ ئاگانەبوین.
٨ هەڵسەنگاندنی بەڕاستی، ئەوێ ڕۆژێ دێتەگۆڕێ. ئەو کەسانەی تای
تەرازوِیان گران بێ، ئەوانە رزگارەکانن.
٩ ئەوکەسانەش کردەوەیان لە هەڵکێشانێدا سوِک بێ، زەرەریان لەخوِیان
داوەو بە نیشانانی مە غەدریان کردوە.
١٠ ئێمە ئێوەمان لەم هەردە جێ کردەوە؛ هەر لەوێشدا بژیومان بۆ بڕیونەوە.
کەمتان شوکرانەبژێرن.
١١ ئێمەین ئێوەمان سازداوەو لەپاشانا بەوشکڵەمان دەرێناون؛ پاشان
بەفریشتانمان گوت: سەر بۆ ئادەم نەوی بکەن. هەموِیان سەریان
دانەواند ئیبلیس نەبێ؛ ئەو لە کوِڕی کڕنوِش بەران خوِی هەڵاوارد.

٧- نۆک وبەد: سەرلەبەر، بەتەواوی. ١١- هەڵاواردن: جیاکردنەوە.

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ
وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴿١٢﴾ قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ
فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴿١٣﴾ قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ
﴿١٤﴾ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ
صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ
وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾ قَالَ
ٱخۡرُجۡ مِنۡهَا مَذۡءُومٗا مَّدۡحُورٗاۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمۡ
أَجۡمَعِينَ ﴿١٨﴾ وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ
شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسۡوَسَ
لَهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ
مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا
مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢١﴾
فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا
يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا
عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٢﴾

١٢ گوتی: کە فەرمانم پێدای، لەبەرچی تۆ سوژدەت نەبرد؟ گوتی: من لەو
هێژاترم؛ منت لە ئاگر دروس کرد، ئەوت لە حەڕی سازداوە.
١٣ گوتی: لێرەوە داگەڕێ؛ لەم شوێنەدا ڕێت ناکەوێ بەسەر کەسدا
فیزبنوێنی. سا لەم شوێنەدا مەمێنە، تۆ لە سوکو چرۆکانی.
١٤ گوتی: تا سەلا ڕادەبێ، ماوەم بدە.
١٥ گوتی: وا تۆ لە ماوەدراوەکانی.
١٦ گوتی: چونکە لەڕێت لادام، منیش بۆیان ڕۆدەنیشم، ڕاستەڕێی تۆیان
لێدەگرم.
١٧ ئەوسا لە پێش و پاشەوە بۆیان دەچم، ڕاست و چەپیشیان لێدەگرم؛ جا
دەبینی زۆرینەیان شوکر ناکەن.
١٨ گوتی: لێرە بڕۆدەرێ! ناوزڕاوی تڕۆکراو! دەبێ وێڕای ئەوانەی شوێن تۆ
دەکەون، جەهەندەمتان لێ پڕبکەم.
١٩ ئەی ئادەم! تۆش وێڕای ژنت لە بەهەشت بحاوێنەوە، لە هەرکوێدا
هەرچی دەخۆن بەئارەزوی خۆتان بکەن؛ هەر تخوێنی ئەوداری هانا
مەکەون، دەنا ئێوە لە ناهەقیکاران دەبن.
٢٠ شەیتان کەوتە کلێشەیان تائەو ئەندامەیان - کەپۆشرابو - بێنێتە
بەرچاویان. گوتی: خودا کە نەیدەهێشت لەو دارە نزیک ببنەوە، هەر
بۆیە بوکە ئێوە نەبنەفرشتە؛ یان هەمیشە هەر لە بەهەشتا بمێنن.
٢١ سوێندی بۆ هەردوکانیش خوارد کە: من بەدڵ ئامۆژگاریتان بۆ دەکەم.
٢٢ بە فریوان ئەوانی خستە تەماوە. لەدوای ئەوەی لە بەری دارەکەیان
چەشت، عەیب و عاریان کەوتەدەشت و کۆششیان کرد بە گەڵای
بەهەشت دایپۆشن. پەروەرندە گازی کردن: ئاخر من بە ئێوەم نەگوت
توخنی ئەمدارە مەکەون؟ پێشم ڕانەگەیاندبون بە ئاشکرا شەیتان
دوژمنی ئێوەیە؟

---

١٣- چرۆک: بێ قابل.        ١٦- ڕۆنیشتن: دانیشتن، ڕونان.

قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ
ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى
ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا
تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا
يُوَٰرِى سَوْءَٰتِكُمْ وَرِيشًا ۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ
ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٢٦﴾ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ
ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا
لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ ۗ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ
إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ وَإِذَا فَعَلُوا۟
فَٰحِشَةً قَالُوا۟ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ۗ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ
لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾ قُلْ
أَمَرَ رَبِّى بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَقِيمُوا۟ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ
وَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۚ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾ فَرِيقًا
هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُ ۗ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلشَّيَٰطِينَ
أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٠﴾

۲۳ گوتیان: ئەی پەروەرندەمان! ناهەقیمان لەخۆمان کرد. ئەگەر تۆ لێمان
نەبۆری و بەزەییت پێماندانەیە، بێ شک لە زیانبارانین.
۲۴ گوتی: داگەڕێنە خوارێ، ئێوە دوژمنی یەکترین. تا ماوەیەک جێگاو
مایەی ژیانتان لە زەوی دەبێ.
۲۵ گوتی: دەوێدا دەژین و لەوێش دەمرن؛ هەر لەوێش دەوهێننەوەدەر.
۲۶ ئەی فرزەندەکانی ئادەم! ئێمە جلکی وامان داونێ کە عەیب و عارتان
داپۆشێ و جوانیشتان کا؛ چاکتر لەویش پۆشاکی خۆپارزتنە. ئەمەش
یەکێ لە نیشانەکانی خوایە شایەتا بیربکەنەوە.
۲۷ ئەی فرزەندەکانی ئادەم! شەیتان نەتانخەڵەتێنێ، هەر وەک باوک و
دایکتانی لە بەهەشت بەدەرکردن داو جل و بەرگی لێ داڕنین تا شەرمی
خۆیانیان پیان نیشان بدا. شەیتان و دەستەو بەستەکەی لەلایکەوە
دەتان بینن کە ئێوە ئەوان نابینن. ئێمە شایەتینیەکانمان کردۆتە دۆستی
ئەوانەی بڕوایان بە خودا نیە.
۲۸ هەرگا کارێ خراپی ئابڕوبەرەیان لێ ڕۆدەدا، ئێژن: ئێمە باو باپیری
خۆمان دیوە کە هەر ئاوایان کردوەو خودا فەرمانی پێداوین ئاوابکەین.
بێژە: خودا بۆ کاری پیس فەرمان نادا. ئاخۆ ئێوە بەزمانی خوداوە شتێک
هەڵدەبەستن کە نایزانن ؟!
۲۹ تۆ بێژە: پەروەرندەم فەرمان بە بەرامبەری دەدا. لەهەر مزگەوتێکا ڕۆتان
بەرەو خودا بکەن و بەدڵێکی پاک لەبەری بپاڕێنەوە. وەک بەرێ ئێوەی
دروست کرد، گشتو بۆ لای ئەو دەچنەوە.
۳۰ هێندێکانی شارەزای ڕێگە کردوەو دەستەیێکیش هەر شیاوی گومڕابۆنن،
کە ئەوانە لەبری خودا دەگەڵ شەیاتین بۆنەدۆست؛ لایان وایە شارەزا
هەر بۆخۆیانن.

۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ
وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ
ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ
فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ
لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣٢ قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا
بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ
سُلۡطَٰنٗا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٣ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٞۖ
فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ٣٤
يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ
ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٣٥ وَٱلَّذِينَ
كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ
فِيهَا خَٰلِدُونَ ٣٦ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ
بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمۡ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ
رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ
قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ٣٧

٣١ ئەی فرزەندەکانی ئادەم! هەرگا دەچن بۆ نوێژکردن، جلکی جوان دەبەربکەن؛ خواردنێ بخۆن و وەخۆن و لە ئەندازە دەرمەچن. خوا لەوانە خۆشی نایە لە ئەندازە دەردەکەون.
٣٢ بێژە: کێیە، جلکی جوان و خشڵ و بژیوی پاکژێ - کە خوا بە عەبدەکانی خۆی ڕەوادیوە - لای وایە کە ناڕەوایە؟ بێژە: ئەمانە شایانی ئەوکەسانەن کە لەژیانی دنیادا بڕوایان بە خوا هێناوەو ڕۆژی سەلاش هەر تایبەتی بەخۆیانە. ئێمە ئاوا نیشانەکان بۆ ئەوانەی کە زانابن ڕۆشن دەکەین.
٣٣ بێژە: پەروەرندەم تەنیا ئەمانەی ناڕەوا دیوە: کاری خراپ بەئاشکراو بەنهێنی، بەناهەق لەڕێگەلادان، بێ هیچ بەڵگەیەک شەریک دانان بۆخوداو ئاخافتن دەربارەی خودا، بەبێ زانین.
٣٤ لبۆ مەرگی هەر ئۆمەتێ، وەختێ هەیە؛ ئەگەر وەختی مردنیان هات، نە تاوێک دەکرێ پێش کەون، نە تاوێکیش دوادەکەون.
٣٥ ئەی فرزەندەکانی ئادەم! هەرکاتێ کە پێغەمبەرانێ لەخۆتان دێتەلاتان تا نیشانەکانی منتان بۆ باس بکەن، ئەوانتانە خۆپارێزن و ئاکاری چاک ڕەچاودەکەن، نە ترسێکیان لەسەر هەیەو نە خەمدەخۆن.
٣٦ کەسانێکیش نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆداناو بە بادیهەوایی رویان لێ وەرگێڕا، ئەوانە یاری ئاگرن و لێی دەرناچن.
٣٧ کێ لەوانە ناهەقترە کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن؛ یاخۆ بە نیشانەکانی بڕواناکەن؟ ئەوانە چی لە چارەیانا نۆسرابێ، دێتەرێیان؛ تائەوکاتەی کە فریشتە لە ئێمەوە دێتەلایان بۆگیان کێشان و دەپرسن: کوان ئەوانەی غەیرەز خودا هاناتان وەبەردەهێنان؟ ئێژن: خۆیان لێ‌گوم کردین. ئەوسا هەر خۆیان شایەتی لەخۆ دەدەن کە خودایان نەناسیوە.

---

٣١-وەخۆن: بخۆن، بخوەن. ٣٢-پاکژ: پاک، خاوێن، تەمیس.

قَالَ ٱدْخُلُوا۟ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ
فِى ٱلنَّارِ ۖ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُوا۟ فِيهَا
جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَىٰهُمْ لِأُولَىٰهُمْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمْ
عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ ٱلنَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾
وَقَالَتْ أُولَىٰهُمْ لِأُخْرَىٰهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ
فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟
بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ
ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى
ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾ لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ
وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ
ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعْنَا مَا فِى صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ
تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا
وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ۖ لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ ۖ
وَنُودُوٓا۟ أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾

٣٨ ئـێژێ: وێڕای ئۆمـەتکـەلێ وا بـەرلـە ئـەنـگۆ لەبـەیـن چـۆن - لـەمرۆڤ و
لەجندۆکە - بڕۆنە ناو ئاگرەوە. هەر ئۆمەتێک دەچێتە ناو، تۆک و نەفرین
لە هاو ڕەوشتانی دەکا. وەختێ هەمۆیان لەوێدا کۆبۆنەوە، پەیڕەوانیان
سەبارەت بە ڕێبەرانیان ئێژن : ئەی پەروەرندەمان! ئەوان سەریان لێ
شێواندین ؛ دوئەوەندە لەئاگردا ئازاریان دە! ئێژێ: بۆگشت دوچەندانە،
بەڵام ئێوە پێ‌نازانن.
٣٩ ڕێبەرەکان بە پەیڕەوەکانیان ئێژن : ئـێـوە هـیـچـتان لـە ئـێـمـە زیـاتـرنـیـە؛
دەبچێژن ئازاری ئەوکارانەی وا کردوتانە!
٤٠ ئەوانەوا نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ داناو بەفیزەوە لەوانە ڕویان وەرگێڕا،
دەروازەکانی ئەزمێنیان بۆناکرێتەوەو ناچنەناو بەهەشتەوە هەتا وشتر بە
کونی دەرزیدا نەچێ! ئێمە ئاوا سزای تاوانباران دەدەین.
٤١ رایەخەکـەیـان ئاگرەو هـەر هاڵاویـش دای پۆشـیـون. ئـەوانـەی نـاهـەقـی
دەکەن، ئاوایان جەزرەبە دەدەین.
٤٢ ئەوانەی بڕوایان هێناو کارگەلی چاکیان رەچاوکرد - کە هیچکەسیش
ئەرکی لە وزەبەدەری ناخەینەسەر - دەیانبەینە بەهەشتەوەو هەتا سەر
هەر لەوێ دەبن.
٤٣ کینەمان لە سینەیانا، داماڵیوەو لە بەهەشتا جۆباریان بەبەردا دەڕواو
ئـێژن: سـوپـاس بـۆ خـودایـێ کـە ئـێـمـەی هـێـنـایـە ئـێـرە؛ ئـەگـەر خـودا
نـەیـهـێـنـابـایـن ئـێـمـە کـوا ڕێـمـان‌دەردەکـرد؛ بـێ گـومـان پـێـغـەمـبـەرانـی
پەروەرێنمان بەهەق هاتن. [ لەم کاتەدا ] گازی دەکرێن: ئەو بەهەشتە
پێودراوە، پاداشی کارێکە کەوا کردۆتانە.

---

٣٨-تۆک: دۆعای شەڕ.  ٤٢-وزە: تاقت، توان، قەوەت.

وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا
فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن
لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا
عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ٤٥ وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ
رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ وَنَادَوۡاْ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۚ
لَمۡ يَدۡخُلُوهَا وَهُمۡ يَطۡمَعُونَ ٤٦ ۞ وَإِذَا صُرِفَتۡ أَبۡصَٰرُهُمۡ تِلۡقَآءَ
أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٧ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٗا يَعۡرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمۡ قَالُواْ مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ جَمۡعُكُمۡ
وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ ٤٨ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ لَا يَنَالُهُمُ
ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ
٤٩ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا
مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى
ٱلۡكَٰفِرِينَ ٥٠ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا
وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ
لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ٥١

۴۴ بەهەشتیەکان گازی جەهەندەمیان دەکەن: ئەوا ئێمە ئەو بەڵێنەی پەروەرندەمان پێیداوین جێ بەجێ بۆ؛ ئاخۆ ئێوەش - وەک هەڕەشەۆ لێکرابۆ - هەر وا دەرچو؟ ئێژن: بەڵێ، بەسەرمان هات. ئەوسا یەکێ لەوناوەدا بانگ ڕادێڵێ: دەک هەرچی ناهەقیکارە بەرنەحلەتی خوداکەوێ؛
۴۵ ئەو کەسانەی لە ڕای خودا لادەدەن و وای نیشان دەدەن کە خوارەو بەڕۆی سەلا بێ باوەڕن.
۴۶ پەردەیەکیشیان لەناودا. پیاوانێک هەن لەسەر ئەعراف راوەستاون، هەمۆکەسێ بەتەرح و بیچم دەناسن؛ دەنگ لەو بەهەشتیانە دەکەن - کە هێشتا نەچۆنەتە نێو بەهەشتەوە، بەلام بەتەمان بیچنێ - سلاوتان لێ بێ.
۴۷ هەرگا ئاوڕ لەوکەسانە دەدەنەوە کە دۆزەهین، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! لە گرۆی ناهەقیکاران دۆرمان بگرە.
۴۸ ئەوانەی لەسەر ئەعرافن لەو پیاوانە - وا بەبیچم دەیانناسن - بانگ دەکەن: گردەوەکۆیی و فیزو لەخۆبایی بۆنتان بەهرەی نەدان.
۴۹ هەر ئەوانەنین کە ئێوە سوێندو دەخوارد: بەر بەزەی خوداناکەون؟ دەسا بڕۆنە بەهەشت و نە هیچ ترسۆ لەسەر هەیە نە خەم دەخۆن.
۵۰ جەهەندەمی لە بەهەشتیەکان دەخوازن: لەوئاوە یا لەو رۆزیە خوا پێداون شتێکیش بەشیمە بدەن. ئێژن: خودا ئەم شتانەی بەشی بێ دینان نەداوە.
۵۱ ئەوکەسانەی دینەکەیان هەر بەگاڵتەو گەپ دەزانیو ژیانی دنیا فریوی دان، هەر ئەوانە تۆش هاتنی ئەمڕۆیان لەبیربردەوەو لە نیشانەکانی ئێمە حاشایان کرد؛ ئێمەش ئەمڕۆ ئەوان لەبیردەبەینەوە.

وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ
يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ ۚ يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ يَقُولُ
ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ فَهَل لَّنَا
مِن شُفَعَآءَ فَيَشْفَعُوا۟ لَنَآ أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ ۚ
قَدْ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٥٣﴾
إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ
أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا
وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ
وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا
وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾ وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى
ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ إِنَّ رَحْمَتَ
ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ
ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا
ثِقَالًا سُقْنَٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ
ٱلثَّمَرَٰتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾

٥٢ ئێمە بۆوان کتێبێکمان هاوردوە، کە بە زانستەوە ڕوٚنمان کردۆتەوەو ڕێنمۆنیو بەزەیە بۆ کۆمەڵێ کە بڕوابێنن.

٥٣ ئاخۆ ئەمان هەر بۆ ئەوڕۆژە دەڕوانن کە هەرچی لەم کتێبەدا، بە چاوی خۆیان بیبینن؟ ئەوێ ڕۆژێ کە ئاکام ڕوٚن دەبێتەوە، ئەوکەسانە وا لەپێشا ئەم ڕۆژەیان لەبیرەخۆ بردبوەوە، ئێژن: دیارە هەرچی پێغەمبەرەکانی خودا گوتیان، وەڕاست گەڕا؛ ئاخۆ ئێستە کەس دەبێتە تکاکارمان؟ یاخۆ دیسان بگەڕینەوە سەردنیا، خدەی خۆمان بگۆڕینو ئاکاری باشتر ڕەچاوکەین؟ ئەمان خۆیان دۆڕاندوەو ئەودرۆی کە هەڵیاندەبەست - سەرلەبەری - بەفیڕۆچو.

٥٤ ڕاهێنەرتان خوداییکە ئاسمانەکانو زەمینی لە شەش ڕۆژاندا دروس کرد. ئەوجارەکە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا. ڕۆژێ بەشەوێ دەپۆشێو ڕۆژیش بەلەز دەکەوێتە شوێنی شەوێ. خۆرو مانگو ئەستێرانی بەدی هێناو هەر دەژێر فەرمانی ئەودان. ئافراندنو ڕاگەییشتن هەربۆئەوە. زۆرو زەبەندەیە ودمی خودایێ کە ڕاهێنەری کش جیهانە.

٥٥ بەنهێنیو بەسەرکزی هەر پەروەرندەو لەبیربێو لەبەری بپاڕێنەوە. خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ڕێگەی ئەو لادەدن.

٥٦ خراپەش مەکەن لەم زەمینە دوای باش بۆنی. بەترسەوەو بە هیوای تۆشی چاکەبۆن لەبەر خوا بپاڕێنەوە. ئەو کەسانەی چاکەکارن، لە بەزەی خودا نزیکن.

٥٧ هەر خۆیەتی پێش بارانە - کە بەزەیێکە لەخواوە - بایەکانو بەمزگێنی بۆ هەڵدەکا؛ کاتێ ئەو بایانە هەوری بارگرانیان بەرزەوەکرد، بەرەو وڵاتێکی مردو دەیخەینەڕێو ئەوسا ئاوی پێ دەنێرینە خوارەوەو بەئاوەکەی هەمۆجۆرە بەروبوی زەمین دەڕوێنین. هەر بەم جۆرەش مردۆ زیندۆدەکەینەوە؛ شایەت ئێوە بیر لەوانە بکەنەوە.

---

٥٣- خدە: ئاکار، ڕەوشت. ٥٤- زەبەند: فرە، زۆر. زۆرو زەبەند: یەکجار زۆر. ودم: ممبارەکی، پیرۆزی.

وَٱلۡبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخۡرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ وَٱلَّذِي خَبُثَ لَا يَخۡرُجُ
إِلَّا نَكِدٗاۚ كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَشۡكُرُونَ ٥٨
لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم
مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ٥٩
قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٦٠ قَالَ
يَٰقَوۡمِ لَيۡسَ بِي ضَلَٰلَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ
٦١ أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمۡ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ
مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٦٢ أَوَعَجِبۡتُمۡ أَن جَآءَكُمۡ ذِكۡرٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَلَىٰ
رَجُلٖ مِّنكُمۡ لِيُنذِرَكُمۡ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ٦٣ فَكَذَّبُوهُ
فَأَنجَيۡنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَأَغۡرَقۡنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ
بِـَٔايَٰتِنَآۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمًا عَمِينَ ٦٤ ۞ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمۡ
هُودٗاۗ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ
٦٥ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي
سَفَاهَةٖ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٦٦ قَالَ يَٰقَوۡمِ
لَيۡسَ بِي سَفَاهَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦٧

٥٨ زەمینی باش - بەئیزنی راهێنەری خۆی - روەک بەباشی دەڕوێنێ. زەوی خراپ هەر دڕکوداڵی بێکارەی لێ شین دەبێ. بەم تەرزە نیشانەکانمان بۆ ئەوکەسانە باس دەکەین سپاسکارن.
٥٩ ئێمە نۆحن ڕاسپاردە لای هۆزەکەی. گوتی: گەلۆ! دەبێ ئێوە عەبدایەتی خودا بکەن؛ کە غەیرەز ئەم ئێوە خودایەکتان نیە. من لەوڕۆژەو لێدەترسم کە ئازاردانی دژواری تێدا هەیە.
٦٠ پیاوماقوڵانی گەلەکەی [لەپەرسڤی ئەودا] گوتیان: هیچ گومانێکمان نیە تۆ تۆشی گومڕاییێکی ئاشکرابۆگی.
٦١ گوتی: گەلۆ! من گومڕانیم؛ ڕاسپاردەی راهێنەری هەمۆدنیام.
٦٢ راسپاردەکانی پەروەرندەم بەئێوە رادەگەینم‌و ئامۆژگاریتان دەکەم‌و ئەوی سەبارەت بەخودا من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ‌نیە.
٦٣ ئاخۆ ئێوە پێتان سەیربۆ کە پەندێک لەلای پەروەرندەتانەوە هات بۆپیاوێک هەرلە خۆتان؛ هەتا بتان‌ترسێنێتو خۆپارێزن؛ بەشکەم بکەونە بەر بەزە؟
٦٤ چی وتی بەدرۆیان داناو ئەوسا ئێمە خۆی‌و ئەوانەی وێڕای ئەو چۆبۆنە ناوگەمیەکەوە، رزگارکردو ئەوانەشمان لەئاودا بە خنکاندن‌دا، کە نیشانانی ئێمەیان پێ درۆبو. ئەوانە لەدڵدا کوێربۆن.
٦٥ هۆدیشمان کردە پێغەمبەر بۆ هۆزی عادی هاوتیرەی. گوتی: گەلۆ! عەبدایەتی خودا بکەن؛ بەغەیرەز ئەو ئێوە خودایەکتان نیە. چیتانە لەخوا ناترسن؟
٦٦ پیاوماقوڵانی هۆزەکەی - کە خودایان نەدەناسی - گوتیان: ئێمە تۆ بە نەفام دەزانین‌و پێمان‌وایە تۆ لەدرۆزنەکانی.
٦٧ گوتی: گەلۆ! نەفام نیم، پێغەمبەرێکم؛ پەروەرندەی هەمۆدنیا رای‌سپاردۆم.

أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ٦٨ أَوَعَجِبْتُمْ
أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْۚ
وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ
فِي ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةًۖ فَٱذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ
٦٩ قَالُوٓاْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ
يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَاۖ فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ
٧٠ قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌۖ
أَتُجَٰدِلُونَنِي فِيٓ أَسْمَآءٍ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم
مَّا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍۚ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ
ٱلْمُنتَظِرِينَ ٧١ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا
وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۖ وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ
٧٢ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًاۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ
مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن
رَّبِّكُمْۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةًۖ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ
فِيٓ أَرْضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٣

۶۸ پەیامگەلی پەروەرێنم بە ئێوە رادەگەیێنم. من بۆ ئێوە ئامۆچیاریٚ دروٚسکارم.
۶۹ ئاخۆ ئێوە پێتان سەیربۆ کە پەندێک لەلای پەروەرندەتانەوە هات بۆ پیاوێک هەرلەخۆتان، هەتاوەکۆ بۆترسێنیٚ؟ لەبیرتان بیٚ، پاش هۆزی نوٚح ئێوەی لەجیٚ دامەزراندن و قەلاٚفەتی زۆرتریشی پێتان بەخشی. دەسا ئێوە نابیٚ ئەو هەمۆ چاکەیەی خودا دەربارەتانی کرد، لە بیربکەن؛ بەشکۆ بکەنە ڕزگاری.
۷۰ گوتیان: هاتوی [پێمان بێژی] تەنیا خوا بپەرستین و لەو خودایانە وازبێنین کە باب و باپیرەکانمان پەرستیانن؟ ئەگەر تۆ لە راستبێژانی، بە هەرچیمان دەترسێنی پێکی بێنە.
۷۱ گوتی: بیٚ‌سۆ ئێوە تۆشی ئازارو توڕەیی پەروەرێنتان بۆگن. جا چۆن ئێوە بۆ چەندشتیٚ کە خۆتان و باوانتان ناوتان لیٚ‌ناون و هیچ بەڵگەیەکی پتەوتان لەخواوە بۆنەهاتوە، جوابەجەنگیم دەگەلٚ دەکەن؟ چاوەنۆڕبن؛ ئەوامنیش دەگەلٚ ئێوە چاوەنۆڕم.
۷۲ ئێمە لەچاکەو بەزەیی خۆمانەوە هۆدو هاوڕیٚکانی هۆدمان ڕزگارکردو ئەوکەسانەش کە نیشانانی ئێمەیان بەدرۆ داناو بیٚ‌بڕوابۆن، یەک جیٚ بنەبڕمان کردن.
۷۳ بۆلای سەمۆدیش سالٚحی برای خۆیانمان بەڕیٚ کرد. گوتی: گەلۆ! عەبدایەتی خودا بکەن، بەغەیرەز ئەو ئێوە خودایەکتان نیە. ئەوا لە پەروەرندەوڕا ئەم وشترەو بەنیشانە بۆ هاتوە؛ لیٚ‌گەڕێن با لە زەوی خوادا بچەریٚ، هیچ زیانێکو بۆی نەبیٚ؛ دەنا تۆشی ئازاری زۆر بەژان دەبن.

وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ عَادٖ وَبَوَّأَكُمۡ
فِي ٱلۡأَرۡضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورٗا وَتَنۡحِتُونَ
ٱلۡجِبَالَ بُيُوتٗاۖ فَٱذۡكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
مُفۡسِدِينَ ٧٤ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن
قَوۡمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِمَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُمۡ أَتَعۡلَمُونَ
أَنَّ صَٰلِحٗا مُّرۡسَلٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلَ بِهِۦ
مُؤۡمِنُونَ ٧٥ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ
ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ٧٦ فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوۡاْ عَنۡ
أَمۡرِ رَبِّهِمۡ وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ
ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧٧ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ
جَٰثِمِينَ ٧٨ فَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰقَوۡمِ لَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُمۡ
رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحۡتُ لَكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ
٧٩ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم
بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٨٠ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ
شَهۡوَةٗ مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ ٨١

۷۴ لەبیرتان بێ پاش هۆزی عاد ئێوەی کردە جێنشینو لەسەر زەمین
دایمەزراندن؛ لە پێدەشتان کۆشکانتان بەرزدەکردەوەو لەکێوەکانیشدا
خانوۆتان دەتاشی. نیعمەتی خواتان لەبیربێو پێدامەگرن لەسەر
بەدفەڕی لە هەردا.
۷۵ سەرگەورەکانی هۆزەکەی - ئەوانەی لەخۆبایی بۆن - لای کەمدەستو
هەژارەکانو ئەوانەی بڕوایان هێنابۆ گوتیان: داخۆ ئێوە پێتان وایە سالەح
لای پەروەرێنیەوە ڕاسپێراوە؟ گوتیان: ئێمە باوەڕیمان پێ هێناوە.
۷۶ خۆ بەزل زانەکان گوتیان: ئێمە لەوەی کە بڕواتان پێ هێناوە،
حاشادەکەین.
۷۷ لە فەرمانی خودای خۆیان وازیان هێناو وشترەکەیان پەل کرد.
گوتیان: سالح! ئەگەر ڕاستە پێغەمبەری، چۆنت هەڕەشە لێکردین
بەجێی بێنە.
۷۸ زۆر بەتوندی بۆمەلەرزەیەکیان بۆهات؛ هەر لەناو مالەکانیاندا هەمۆ
مردن.
۷۹ سالح لەوان دۆرکەوتەوە، گوتی: گەلۆ! من پەیامەکانی خودام پێگەیاندن،
زۆریشم نسێحەت کردن؛ بەلام ئێوە ئامۆچیارانتان خۆش ناوێ.
۸۰ لۆتیشمان نارد. ئەوسا بەهۆزەکەی خۆی گوت: ئێوە کاری ئەوەندە
شۆرەیی دەکەن، بەرلە ئێوە کەس لە دنیا نەیکردوە؟
۸۱ ئێوە بۆ خۆڕەحەت کردن - لەبری ژنان - پەلاماری پیاوان دەدەن.
ڕاستی ئێوە بۆ بەدفەڕی لە ئەندازەۆ دەرکردوە.

وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخۡرِجُوهُم مِّن
قَرۡيَتِكُمۡۖ إِنَّهُمۡ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ ٨٢ فَأَنجَيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥٓ
إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ٨٣ وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِم
مَّطَرٗاۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ٨٤
وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ
مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ قَدۡ جَآءَتۡكُم بَيِّنَةٞ مِّن
رَّبِّكُمۡۖ فَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ وَلَا تَبۡخَسُواْ
ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ
إِصۡلَٰحِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ
٨٥ وَلَا تَقۡعُدُواْ بِكُلِّ صِرَٰطٖ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبۡغُونَهَا عِوَجٗاۚ
وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ كُنتُمۡ قَلِيلٗا فَكَثَّرَكُمۡۖ وَٱنظُرُواْ
كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٨٦ وَإِن كَانَ طَآئِفَةٞ
مِّنكُمۡ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِيٓ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٞ لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ
فَٱصۡبِرُواْ حَتَّىٰ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ بَيۡنَنَاۚ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ ٨٧

٨٢ هۆزەکەی لوت وەرامیان هەر ئەوەندەبۆ: لەشاری خۆتان دەریانکەن؛
ئەمانە کەسگەلێکن کە دەیانەوێ بە پاک‌و خاوێنی بژین!
٨٣ ئیتر خۆی وکەس‌و کاریمان رزگار کرد؛ هەرتەنیا ژنەکەی نەبێ، کە
کەوتەتەک بەجێماوان.
٨٤ بارانێکمان بۆ باراندن ئەمما باران! دە بڕوانە پاشەڕۆژی ئەو تاوانبارانە
چۆن بۆ!
٨٥ بۆ «مەدیەن»یش شوعەیبمان نارد، کە ئەویش هەر لەخۆیان بۆ. گوتی:
گەلۆ! عەبدایەتی خودا بکەن، بەغەیرەز ئەو ئێوە خودایەکتان نیە.
نیشانەیکی ئاشکراشتان لای پەروەرندەتانەوە بۆ هاتوە. با پێوانەو
تەرازۆتان بەرانبەربێ‌و لەماڵی خەڵک مەدزنەوە. لە هەردیشا - دوای
ئاوەدانکردنی - بەدفەڕی مەکەن. ئەگەر بڕواو بە خوا هەبێ ئەمە بۆ ئێوە
باشترە.
٨٦ لەسەر هەمۆرێگایەکا دامەنیشن بۆترس وەبەرهێنانی ئەوکەسانە وا
بڕوایان بەخوا هێناوە؛ بۆئەوە کە لەڕێگەی ئەو لایاندەن‌و رێگای ئەویان
بەلارو چەفت نیشان بدەن. لەبیرتان بێ ئێوە کەم بۆن، زۆری کردن؛
لێ‌بڕوانن پاشەڕۆژی بەدفەڕەکان بەکوێ گەییشت.
٨٧ ئەگەر هێندێک لە ئێوە بڕوای هێناوە بەوشتانەی کە منی پێ ڕاسپێراوەو
هێندێکیشتان بڕوایان پێ‌نەهێناوە، خۆڕابگرن هەتا خودا بۆخۆی
لەبەینی ئێمەدا داوەری کا. خۆشی چاترین داوەرە.

۞ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ۚ قَالَ أَوَلَوْ
كُنَّا كَٰرِهِينَ ﴿٨٨﴾ قَدِ ٱفْتَرَيْنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِى مِلَّتِكُم
بَعْدَ إِذْ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنْهَا ۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ
ٱللَّهُ رَبُّنَا ۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا ۚ رَبَّنَا ٱفْتَحْ
بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِٱلْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْفَٰتِحِينَ ﴿٨٩﴾ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ
﴿٩٠﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٩١﴾
ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَا ۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا
كَانُوا۟ هُمُ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٩٢﴾ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ
أَبْلَغْتُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَنَصَحْتُ لَكُمْ ۖ فَكَيْفَ ءَاسَىٰ
عَلَىٰ قَوْمٍ كَٰفِرِينَ ﴿٩٣﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّبِىٍّ إِلَّآ
أَخَذْنَآ أَهْلَهَا بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ ﴿٩٤﴾ ثُمَّ
بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَوا۟ وَّقَالُوا۟ قَدْ مَسَّ
ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ فَأَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٩٥﴾

٨٨ گرەگرەکانی هۆزی - کە لە خۆیان بایی بوبون - گوتیان: شوعەیب! ئێمە
تۆش و ئەو کەسانەش وەل تۆ باوەڕیان هێناوە، لە شاری خۆمان
دەردەکەین؛ یان دێنەوە سەر دینی مە. گوتی: ئەگەر حەزیش نەکەین ؟
٨٩ گوتی: ئەگەر بینەوە سەر دینی ئێوە، لە پاش ئەوە کە خودا لێی ڕزگار
کردین، درۆمان بەدەم خوداوە هەڵبەستۆە. ڕەوانیە ئیتر بکەڕینەوە
سەر ئەوئایینە؛ چا مەگین پەروەرندەمان مەیلی لێ بێ؛ زانستی ئەو
هەمۆشتی داگرتۆتەوە؛ خۆمان بە خوا سپاردوە. ئەی خودای
پەروەرندەمان! تۆ لە نێوان ئێمەو هۆزەکەماندا داوەری بکە؛ چاکترین
داوەر هەر خۆتی.
٩٠ سەرزلەکانی هۆزەکەی - کەوا لە دین لایاندابۆ - گوتیان: ئەگەر پەیرەوی
شوعەیبێ بکەن، بێ سۆ تۆشی زەرەر دەبن.
٩١ ئیتر ئەوسا بۆمەلەرزەی وا بەتەوژم دای گرتن، کەهەمۆ لەماڵی خۆیاندا
لەبەین چۆن.
٩٢ ئەو کەسانەی قسەکانی شوعەیبیان بەدرۆدانا،[وا لەبەین چۆن] دەتگوت
هەر لەوێدانەبۆن. ئەوانەوا قسەکانی شوعەیبیان بەدرۆدانا، هەر
بۆخۆیان زیانباربۆن.
٩٣ ئەوسا شوعەیب روی لێ وەرگێڕان و گوتی: گەلۆ! من پەیامەکانی
پەروەرندەم بە ئێوە ڕاگەیاندوەو ئامۆژگاریشم لێکردن. دەسا چلۆن بۆ
ئەوانەی خوانەناس بۆن، خەمێ دەخۆم ؟
٩٤ ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان بۆ هەر کۆمەڵێک ناردوە، بە نەخۆشی و
ناگوزۆری بەتاقیمان کردۆنەوە؛ شایەتا بپاڕێنەوە.
٩٥ جاری دوایی ناخۆشیمان بە خۆشی بۆگۆڕیونەوە، تا هەمۆ شتیان زێدەبۆ.
گوتیان: باب و باپیریشمان تۆشی خۆشی و ناخۆشیان بۆن. ئیتر لەپڕ -
بەبێ ئەوەی هەست پێ بکەن - گرتمانن.

٩٤-ناگوزۆری: فەقیری ودەستەنگی.

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَـٰتٍ
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ وَلَـٰكِن كَذَّبُوا۟ فَأَخَذْنَـٰهُم بِمَا كَانُوا۟
يَكْسِبُونَ ﴿٩٦﴾ أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَـٰتًا
وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا
ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩٨﴾ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ
مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾ أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ
يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ أَن لَّوْ نَشَآءُ أَصَبْنَـٰهُم
بِذُنُوبِهِمْ ۚ وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾
تِلْكَ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآئِهَا ۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم
بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ بِمَا كَذَّبُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ
كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٠١﴾ وَمَا وَجَدْنَا
لِأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ ۖ وَإِن وَجَدْنَآ أَكْثَرَهُمْ لَفَـٰسِقِينَ
﴿١٠٢﴾ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ
فَظَلَمُوا۟ بِهَا ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٠٣﴾
وَقَالَ مُوسَىٰ يَـٰفِرْعَوْنُ إِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾

٩٦ نیشتەجێی ئەو باژێڕانە ئەگەر خوایان بناسیباو خۆپارێزبان، دەروازەی
بەرەکەتانمان لە ئاسمان و زەمینەوە بەڕۆیاندا دەکردەوە. بەڵام ئەوان
نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆزانی؛ لە سزای ئەم ئاکارەیان گرتمانن.
٩٧ ئاخۆ خەڵکی ئەوشارانە نەترسابۆن کە لەشەودا، بەڵای ئێمەیان تۆش
ببێ و ئەوان لە جەنگەی خەودابن؟
٩٨ ئەو شارنشینانە داخۆ نەترسابۆن کە لە دەمی چێشتەنگاوداو لە جەنگەی
گەمەکردندا، ئێمە تۆشی بەڵایان کەین؟
٩٩ ئاخۆ لەوە دڵنیابۆن لە مەکری خودا ڕزگارن؟ خۆ بەغەیرلە زیانباران،
کەس لەمەکری خوا هەستی هێمنی ناکا.
١٠٠ ئەوکەسانەی ئەم عەرزەیان - پاش نەمانی خەڵکەکەی - بەمیرات بۆ
دەمێنێتەوە، بەوەندەیان نەزانیوە ئەگەر حەزکەین - بەگوناهانێ کە
دەیکەن - تۆڵەیان لێ دەکەینەوەو مۆریان لەسەردڵ دادەنێین؛ کە هەر
نەتوانن ببیسن؟
١٠١ ئێمە برێک لە نەقلێ ئەو باژێرانەت بۆباس دەکەین؛ ڕاست ئەوەیە
پێغەمبەریان بەنیشانەی ئاشکراوە هاتەلایان؛ وەک لەپێشدا بڕوایان
بەخودا نەبۆ، هەروا بێباوەڕ مانەوە. ئاوا خودا مۆر دەخاتە سەردڵی
لەدین لادەران.
١٠٢ زوربەی ئەوانەمان نەدی کە پەیمانی خۆ پێک بێنن؛ زۆرینەشیان لە
ڕیزەی نافەرمانان بۆن.
١٠٣ پاش ئەوان بەچەند نیشانەی ئاشکرا مۆسامان نارده سەر فیرعەون و
سەرزلەکانی هۆزەکەی، دژیان وێستان. سا بڕوانە پاشەڕۆژی ئەو
بەدفەڕانە چلۆن بۆ.
١٠٤ مۆسا گوتی: ئەی فیرعەون! من ڕاسپاردەی ئەوکەسەم کە ڕاهێنەری
گشت دنیایە.

حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ قَدۡ جِئۡتُكُم
بِبَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ فَأَرۡسِلۡ مَعِيَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿١٠٥﴾ قَالَ إِن كُنتَ
جِئۡتَ بِـَٔايَةٖ فَأۡتِ بِهَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٠٦﴾ فَأَلۡقَىٰ
عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعۡبَانٞ مُّبِينٞ ﴿١٠٧﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيۡضَآءُ
لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٠٨﴾ قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ
عَلِيمٞ ﴿١٠٩﴾ يُرِيدُ أَن يُخۡرِجَكُم مِّنۡ أَرۡضِكُمۡۖ فَمَاذَا تَأۡمُرُونَ ﴿١١٠﴾
قَالُوٓاْ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ وَأَرۡسِلۡ فِي ٱلۡمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿١١١﴾ يَأۡتُوكَ
بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٖ ﴿١١٢﴾ وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرۡعَوۡنَ قَالُوٓاْ إِنَّ
لَنَا لَأَجۡرًا إِن كُنَّا نَحۡنُ ٱلۡغَٰلِبِينَ ﴿١١٣﴾ قَالَ نَعَمۡ وَإِنَّكُمۡ
لَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ ﴿١١٤﴾ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن
نَّكُونَ نَحۡنُ ٱلۡمُلۡقِينَ ﴿١١٥﴾ قَالَ أَلۡقُواْۖ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ سَحَرُوٓاْ
أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٖ ﴿١١٦﴾
۞ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۖ فَإِذَا هِيَ تَلۡقَفُ مَا
يَأۡفِكُونَ ﴿١١٧﴾ فَوَقَعَ ٱلۡحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١١٨﴾ فَغُلِبُواْ
هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُواْ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾ وَأُلۡقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾

١٠٥ وارەوایە لەڕاستپێوە، دەربارەی خودا هیچ نەڵێم. لەپەروەرندەی ئێوەڕا نیشانەم بۆتان هێناوە. تۆ گەرەکە فرزەندانی ئیسرائیل وێڕای من کل کەی.
١٠٦ گوتی: ئەگەر بەڕاستیتەو هیچ نیشانەت دەگەڵەخۆتا هێناوە، نیشانی بدە.
١٠٧ مۆسا عاساکەی فڕێدا؛ کەچی لەپڕ بۆ بە مارێک بەئاشکرا.
١٠٨ دەستی خۆشی لەباخەڵیەوە وەدەرخست؛ لەبەر چاوی چاوەدێران سپیەکی بەبێ خەش دەرکەوت.
١٠٩ سەرزلانی هۆزی فیرعەون گوتیان: ئەمە جادۆگەرێکی زۆرزانە.
١١٠ وای گەرەکە گشتۆ لەم وڵاتە دەرکا، خۆتان بەچی فەرمان دەدەن؟
١١١ گوتیان: تۆ خۆی و براکەی گل بدەوە؛ دەستەیەکی کۆکەرەوەش بەرێ بکە بۆ شارەکان.
١١٢ تا جادوگەرانی زۆرزان بێنن بۆلات.
١١٣ جادۆگەرەکان لە فیرعەون کۆبۆنەوە. گوتیان: گەر ئێمە سەرکەوتین، تۆ دەبێ خەڵاتمان بکەی.
١١٤ گوتی: بەڵێ، ئێوە بێ‌سۆ لەنزیکانی خۆم دەبن.
١١٥ گوتیان: مۆسا! تۆ داوێژی یان ئێمە پێش تۆ بهاوێین؟
١١٦ گوتی: ئێوە بهاوێژن. ئەوانەی ئەوان هاویتیان، چاوی حەشامەتەکەیان پێ خەڵەتاو لێیان ترسان و جادوی زۆر عاجباتیان کرد.
١١٧ خستمانە دڵی مۆساوە، کە: عاساکەت بهاوێژە. هەر لەجێوە هەمۆ جادۆکاریەکانی ئەوانی ماشی وهەڵ لۆشی.
١١٨ ئیتر کە ڕاستی هاتەڕۆ، پڕوپۆچی کردەوەیان چرۆک دەرچۆ.
١١٩ هەرلەوێدا تێشکان و بەکزی و زەبۆنی دامان.
١٢٠ هەرچەندی جادۆگەر هەبۆن، کڕنوشیان کرد.

---

**١٠٥- کل‌کردن:** ناردن، هەناردن، ڕەوانەکردن. **١١٦- هاویتن:** هاویشتن، فڕێدان، خستن.

قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿١٢٢﴾ قَالَ
فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَمَكۡرٞ مَّكَرۡتُمُوهُ
فِي ٱلۡمَدِينَةِ لِتُخۡرِجُواْ مِنۡهَآ أَهۡلَهَاۖ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿١٢٣﴾ لَأُقَطِّعَنَّ
أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿١٢٤﴾
قَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ﴿١٢٥﴾ وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا
بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتۡنَاۚ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَتَوَفَّنَا مُسۡلِمِينَ
﴿١٢٦﴾ وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوۡمَهُۥ لِيُفۡسِدُواْ
فِي ٱلۡأَرۡضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَۚ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَنَسۡتَحۡيِۦ
نِسَآءَهُمۡ وَإِنَّا فَوۡقَهُمۡ قَٰهِرُونَ ﴿١٢٧﴾ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ
ٱسۡتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصۡبِرُوٓاْۖ إِنَّ ٱلۡأَرۡضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن
يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۖ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾ قَالُوٓاْ أُوذِينَا
مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَاۚ قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمۡ
أَن يُهۡلِكَ عَدُوَّكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ
فَيَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ ﴿١٢٩﴾ وَلَقَدۡ أَخَذۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ
بِٱلسِّنِينَ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾

۱۲۱ گوتیان: وا بڕوامان هێنا بە ڕاهێنەری گش دنیا؛
۱۲۲ ڕاهێنەری مۆساو هارۆن.
۱۲۳ فیرعەون وتی: بەرلەوە من ئیزنۆبدەم، ئێوە چۆن بڕواۆپێ‌هێنا؟ ئێوەی فێڵباز ویستۆتانە لەمشارەدا فێڵێک بکەن تا خەڵکەکەی لێ وەدەرنێن. سا لەدواییدا دەزانن.
۱۲۴ پێچەوانە دەستو پێ‌یەکانۆ دەبڕم. لێشتان ڕۆن بێ گشتۆ لەقەنارەدەدەم.
۱۲۵ گوتیان: ئێمە دەچینەوە بۆ لای پەروەرندەی خۆمان.
۱۲۶ هەر بۆیە ڕکت لە ئێمە هەستاوەو سزامان دەدەی، چۆن کاتێ نیشانەکانی پەروەرندەی خۆمان هاتن، تەواو بڕوامان پێ هێنان. ئەی خودای پەروەرندەمان! خۆڕاگریمان بدەیەو بەباوەڕی پاکەوە بمان‌مرێنە.
۱۲۷ سەرگەورەکانی هۆزەکەی فیرعەون گوتیان: چۆن تۆ لە مۆساو هۆزەکەی وازدەهێنی، وڵاتت لێ بشێوێننو دەس لە خۆتو پەرستوەکانی تۆ بەردەن؟ گوتی: بەمزۆ کوڕەکانیان دەکوژینو ژنانیشیان [بۆڕاژە] دەهێڵینەوە. ئێمە لەسەر ئەوان زاڵین.
۱۲۸ مۆسا بەهۆزەکەی خۆی گوت: هەر پشت بەخوا ببەستنو خۆڕاگربن؛ ئەم زەمینە هی‌خودایە؛ بە هەرکەسێ لە عەبدانی خۆی حەزبکا، پێی‌دەبەخشێو دوا ڕۆژیش بۆ ئەوانەیە کە لە خودا ترسیان هەیە.
۱۲۹ گوتیان: بەرلەوە کە تۆ بێی، چەوسااینەوە؛ کە تۆش هاتوی، هەروا دەمان‌چەوسێننەوە. گوتی: دۆرنیە ئەوڕۆژەی پەروەرندەو دوژمنتان لەبەین‌بەرێو ئێوە بکاتە جێ‌نشین لەم عەرزەداو بڕوانێ ئێوە چۆن دەکەن.
۱۳۰ کارێکمان کرد کە لاگیرەکانی فیرعەون بکەونە قاتیو قڕیەوەو داهاتیان کەمتر دەس کەوێ، بەشکە بیرلەخۆبکەنەوە.

---

۱۲۷-ڕاژە: کاربۆکردن، خزمەت. ۱۲۹-چەوسانەوە: ڕەنج‌دان، زەحمەت‌کێشان.

فَإِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَٰذِهِۦۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ
يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓۗ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ
أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿١٣١﴾ وَقَالُواْ مَهۡمَا تَأۡتِنَا بِهِۦ مِنۡ ءَايَةٖ
لِّتَسۡحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ
ٱلطُّوفَانَ وَٱلۡجَرَادَ وَٱلۡقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٖ مُّفَصَّلَٰتٖ
فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيۡهِمُ
ٱلرِّجۡزُ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَۖ لَئِن
كَشَفۡتَ عَنَّا ٱلرِّجۡزَ لَنُؤۡمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرۡسِلَنَّ مَعَكَ بَنِيٓ
إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾ فَلَمَّا كَشَفۡنَا عَنۡهُمُ ٱلرِّجۡزَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ
هُم بَٰلِغُوهُ إِذَا هُمۡ يَنكُثُونَ ﴿١٣٥﴾ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ
فِي ٱلۡيَمِّ بِأَنَّهُمۡ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ عَنۡهَا غَٰفِلِينَ ﴿١٣٦﴾
وَأَوۡرَثۡنَا ٱلۡقَوۡمَ ٱلَّذِينَ كَانُواْ يُسۡتَضۡعَفُونَ مَشَٰرِقَ
ٱلۡأَرۡضِ وَمَغَٰرِبَهَا ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَاۖ وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ
ٱلۡحُسۡنَىٰ عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُواْۖ وَدَمَّرۡنَا مَا كَانَ
يَصۡنَعُ فِرۡعَوۡنُ وَقَوۡمُهُۥ وَمَا كَانُواْ يَعۡرِشُونَ ﴿١٣٧﴾

۱۳۱ ئەگەر تۆشی خۆشی دەبۆن، دەیانگوت: کاری خۆمانە. ئەگەر تۆشی بەلا و چورتمیش دەهاتن، دەیانگوت کە: ئەمە شۆمی مۆساو یارانی مۆسایە. خۆ دیاریشە ئەگەر چاکەو خراپەیە، لەخواوەیە. بەلام زوربەیان نەزان بۆن.

۱۳۲ دەیانگوت: هەرنیشانێکمان بەنیازی جادۆلێکردن نیشان بدەی، ئێمە بڕوات پێ ناهێنین.

۱۳۳ ئەوجار ئێمە چەندنیشانەی ئاشکرامان ناردەسەریان کە بریەتی لە لافاوو کوللەو ئەسپێ و خوێن و بەق بۆ. بەلام ئەوان دەمارزلیان نواندو گرۆیەکی تاوانبار بۆن.

۱۳۴ لەپاش ئەوە کە ئەوبەلایانەیان دی، گوتیان: مۆسا! لە پەروەرندەت وەپاڕێ - وەک پەیمانی بە تۆ داوە - ئەگەر بێتو بەلامان لەسەر لابەرێ، شەرتە باوەڕیت پێ بکەین و تۆرەمەی ئیسرائیلیشت ڕەگەڵ بخەین.

۱۳۵ بەلام کاتێ بەلامان لەسەر لابردن - تا ئەوماوە دیاریکراوە تێپەڕیانکرد - جارێ تر پەیمانەکەیان وەبەرپێدا.

۱۳۶ جا تۆڵەمان لێکردنەوەو لەدەریادا قومـمان کردن. چونکە ئەوان نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆدانا؛ هەر بەلاشیانەوە نەچۆن.

۱۳۷ ئەوسا ئێمە خۆرهەلات و خۆرئاوای ئەو ولاتەمان - کە بەرەکەتمان پێدابو - کردە بەشی ئەوانەی چەوسابۆنەوە. بەلێنی هەرەپیرۆزی پەروەرندەت - بێ کەم وکۆڕی - دەربارەی بەرەی ئیسرائیل هاتەجێ؛ لەباتی خۆڕاگرتنیان. هەرچی فیرعەون و یارانی دایان ناو بەرزیان کردەوە، هەمۆمان لێ تێک وپێک دان.

---

۱۳۱- چۆرتم: بەلا و بەسەرهاتی خراپ. ۱۳۳- بەق: بۆق، قورواق.
۱۳۴- تۆرەمە: نەژاد، بنەچەکە، ڕەچەڵەک. ۱۳۷- قومکردن: نوقم کردن، خستنەژێرئاو، بریتی لە خنکاندن.

وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡمٖ يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ
أَصۡنَامٖ لَّهُمۡۚ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ
قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ١٣٨ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٞ مَّا هُمۡ فِيهِ وَبَٰطِلٞ
مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٣٩ قَالَ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِيكُمۡ إِلَٰهٗا
وَهُوَ فَضَّلَكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٤٠ وَإِذۡ أَنجَيۡنَٰكُم
مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَسُومُونَكُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ يُقَتِّلُونَ
أَبۡنَآءَكُمۡ وَيَسۡتَحۡيُونَ نِسَآءَكُمۡۚ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَآءٞ مِّن
رَّبِّكُمۡ عَظِيمٞ ١٤١ ۞ وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ
وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ وَقَالَ
مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ
سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ١٤٢ وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ
رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِي وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ
إِلَى ٱلۡجَبَلِ فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوۡفَ تَرَىٰنِيۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ
رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗاۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ
قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٤٣

١٣٨ بەرەبابی ئیسرائیلمان لە دەریایە پەڕاندەوە. ئەوسا تۆشی هۆزێک هاتن،
هەرخەریکی پەرستنی بتگەلیان بۆن. گوتیان: مۆسا! خودایەکمان وەکۆ
خوداکانی ئەوان بۆ پەیداکە! گوتی: ئێوە هۆزێکن کە هیچ نازانن.
١٣٩ ئەوئاکارەی ئەوان دەیکەن، بێ بەهرەیەو هەرچی دەیکەن بەفیرۆیە.
١٤٠ ئاخۆ ئێوە دەتانەوێ - غەیرەز خودا- پەرستوێکۆ بۆ پەیداکەم! کە هەر
بۆخۆی لەچاو خەڵکی ئەم دنیایە، ئێوەی بەڕێزتر کردوە؟
١٤١ لەبیرمەکەن کە ئێمە ڕزگارمان کردن لە فیرعەون و دەستەوبەستەی، کە
ئێوەیان زۆربەسەختی سزا دەدان؛ نێرینەکانیان دەکوشت و ژنەکانیان
[بەیەخسیری] دەهێشتەوە. ئەوبەڵایەو لەلایەن پەروەرندەوڕا
ئەزمۆنەکی پرمەزن بۆ.
١٤٢ دەگەڵ مۆسا ژوانی سی شەوەمان دانا؛ دەی دیکەشمان بۆ خستەسەر.
بەم چەشنە ماوەی ژوانی پەروەرندەی، بوبە چل شەو. بەهارۆنی برای
خۆی گوت: تۆ لەناو هۆزەکەمدا بەو لەجێی من بەو هەر کاری چاک
ڕەچاوبکەو لەدوی خراپکاران مەچۆ.
١٤٣ کە مۆسا گەیشتە ژوانگە بۆ لای ئێمەو پەروەرندەی دەگەڵی کەوتە
ئاخافتن، گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئارەزۆمە تۆ ببینم. گوتی: ناتوانی
بمبینی؛ بەڵام لەم کەژە بڕوانە؛ ئەگەر لە شوێنی خۆی نەبزۆت، ئەوسا
دەتوانی بمبینی. کە خۆی بۆ کەژەکە دەرخست، هەر بەجارێ کەژەکەی
پریش پریش کرد. مۆسا بە بێ هۆشی کەوت. وەختێ هاتەوە سەرەخۆ،
گوتی: پاکی هەر بۆتۆیە، پەژیوانم؛ من لەخاوەن باوەڕاندا یەکەمینم.

---

١٣٨-بەرەباب: زاروزێچ، تۆرەمە. ١٤٠-پەرستۆ: پەرستراو.

قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي
فَخُذۡ مَآ ءَاتَيۡتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ وَكَتَبۡنَا
لَهُۥ فِي ٱلۡأَلۡوَاحِ مِن كُلِّ شَيۡءٖ مَّوۡعِظَةٗ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ
شَيۡءٖ فَخُذۡهَا بِقُوَّةٖ وَأۡمُرۡ قَوۡمَكَ يَأۡخُذُواْ بِأَحۡسَنِهَاۚ سَأُوْرِيكُمۡ
دَارَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿١٤٥﴾ سَأَصۡرِفُ عَنۡ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ
فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَإِن يَرَوۡاْ كُلَّ ءَايَةٖ لَّا يُؤۡمِنُواْ
بِهَا وَإِن يَرَوۡاْ سَبِيلَ ٱلرُّشۡدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلٗا وَإِن يَرَوۡاْ
سَبِيلَ ٱلۡغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا
وَكَانُواْ عَنۡهَا غَٰفِلِينَ ﴿١٤٦﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآءِ
ٱلۡأٓخِرَةِ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡۚ هَلۡ يُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ﴿١٤٧﴾ وَٱتَّخَذَ قَوۡمُ مُوسَىٰ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِنۡ حُلِيِّهِمۡ
عِجۡلٗا جَسَدٗا لَّهُۥ خُوَارٌۚ أَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّهُۥ لَا يُكَلِّمُهُمۡ وَلَا يَهۡدِيهِمۡ
سَبِيلًاۘ ٱتَّخَذُوهُ وَكَانُواْ ظَٰلِمِينَ ﴿١٤٨﴾ وَلَمَّا سُقِطَ
فِيٓ أَيۡدِيهِمۡ وَرَأَوۡاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ ضَلُّواْ قَالُواْ لَئِن لَّمۡ يَرۡحَمۡنَا
رَبُّنَا وَيَغۡفِرۡ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾

١٤٤ گوتی: مۆسا! من تۆم - بە پەیامەکانم و ئاخافتنم - بەرانبەر بە خەڵکی دنیا، خستۆتە سەر؛ چم پێداوی، وەری بگرەو لە شوکرانەبژێران بە.
١٤٥ دەربارەی هەمۆکارێک و ئامۆژگاری بۆ گەلەکەی، هەمۆشتمان - بێ کەم وکۆڕی - بۆ نۆسی و بۆمان خستە سەر تەتەڵان. مۆسا! ئاگات لەوانە بێ و توندیان بگرەو فەرمان بە هۆزەکەت بدە با هەرە چاکیان وەرگرن. من زۆ پێتان نیشان دەدەم جێگەو ڕێگەی ئەوانەی سەرپێچی بکەن بەرەوکوێیە.
١٤٦ بەم زوانە روی ئەوانە وابەناحەق لەسەر زەمین فیز دەنوێنن، لە نیشانەکانی خۆم وەردەسوڕێنم؛ بەچەشنێک کە هەرنیشانەیەک ببینن، نەیسەلمێنن؛ یائەگەر ڕێی ڕاست ببینن پێیدا نەچن؛ بەڵام ئەگەر ڕێگای گومڕایی ببینن، بیگرنە بەر. چون ئەوانە نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆداناو هەرگیز سەرنجیان نەدانێ.
١٤٧ ئەوکەسانە نیشانەکانی ئێمەو ڕۆژی پەسڵانیان بەدرۆدانا، کارەکانیان بەفیڕۆچۆ. ئاخۆ جگە لە بارتەقای کردەی خۆیان سزادەدرێن؟
١٤٨ لەپاش مۆسا هۆزەکەی ئەو - لە خشڵ و زەنبەری خۆیان - کۆتەڵی گوێرەکەیەکیان دروس کرد کە هەر دەیبۆڕاند! مەر نەیاندی ئەو گوێرەکە قسەیان دەگەڵا ناکاو ڕێگایان پێ نیشان نادا؟ بەڵێ کەوتنە [پەرستنی و] ستەمکاربۆن.
١٤٩ کاتێ تەواو پەژیوانی دایگرتن و دیتیان سەریان لێ شێواوە، گوتیان: ئەگەر پەروەرێنمان بەر بەزەیی خۆیمان نەخاو لە گوناهانمان نەبۆرێ، ئێمە لە زیانبارانین.

---

١٤٥- تەتەڵان: پارچەبەرد یان پارچەتەختەی پانکەڵە بۆ نۆسین، لەوح.

١٤٧- بارتەقا: بەرامبەر، هەمبەر.     ١٤٨- کۆتەڵ: پەیکەر، هەیکەل.

وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ غَضۡبَٰنَ أَسِفٗا قَالَ بِئۡسَمَا خَلَفۡتُمُونِي
مِنۢ بَعۡدِيٓۖ أَعَجِلۡتُمۡ أَمۡرَ رَبِّكُمۡۖ وَأَلۡقَى ٱلۡأَلۡوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأۡسِ
أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيۡهِۚ قَالَ ٱبۡنَ أُمَّ إِنَّ ٱلۡقَوۡمَ ٱسۡتَضۡعَفُونِي وَكَادُواْ
يَقۡتُلُونَنِي فَلَا تُشۡمِتۡ بِيَ ٱلۡأَعۡدَآءَ وَلَا تَجۡعَلۡنِي مَعَ ٱلۡقَوۡمِ
ٱلظَّٰلِمِينَ ١٥٠ قَالَ رَبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَلِأَخِي وَأَدۡخِلۡنَا فِي
رَحۡمَتِكَۖ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ١٥١ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ
ٱلۡعِجۡلَ سَيَنَالُهُمۡ غَضَبٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَذِلَّةٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ
وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُفۡتَرِينَ ١٥٢ وَٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ثُمَّ
تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِهَا وَءَامَنُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ
١٥٣ وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلۡغَضَبُ أَخَذَ ٱلۡأَلۡوَاحَۖ وَفِي
نُسۡخَتِهَا هُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلَّذِينَ هُمۡ لِرَبِّهِمۡ يَرۡهَبُونَ ١٥٤ وَٱخۡتَارَ
مُوسَىٰ قَوۡمَهُۥ سَبۡعِينَ رَجُلٗا لِّمِيقَٰتِنَاۖ فَلَمَّآ أَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ
قَالَ رَبِّ لَوۡ شِئۡتَ أَهۡلَكۡتَهُم مِّن قَبۡلُ وَإِيَّٰيَۖ أَتُهۡلِكُنَا بِمَا فَعَلَ
ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّآۖ إِنۡ هِيَ إِلَّا فِتۡنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ وَتَهۡدِي
مَن تَشَآءُۖ أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَاۖ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡغَٰفِرِينَ ١٥٥

١٥٠ مۆسا وەختێ گەڕایەوە ناو هۆزەکەی، بەتۆڕەیی و بەدڵپڕی تێی ڕاخوڕین
کە: لەدوای من چەند جێنشینی خراپ بوّن؛ ئاخر بۆچی ڕانەوەستان تا
فەرمانی پەروەرندەتان پێدەگا؟ تەتەڵەکانی تۆرهەڵداو قژی برایەکەی
کێشاو بەرەوخۆی برد. گوتی: ئەی دایک براکەم! هۆزەکەم هێزیان
لێ سەندم؛ لەوانەش بۆ بشمکوژن! دژمنان بەمن خۆش مەکەو منیش
دەگەڵ ناهەقکارەکان دامەنێ.
١٥١ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لەخۆم و برام ببۆرەو بەر بەزەیی خۆتمان
بخە. تۆ لە گش خاوەن بەزەییان دڵسۆزتری.
١٥٢ ئەوکەسانەی کە بوّنە گوێرەکەپەرست، بەر غەزەبی پەروەرندەیان
دەکەون و لە ژیانی سەر دنیایە زەلیل دەبن. هەرکەس درۆیان
هەڵبەستێ، ئێمە وایان سزادەدەین.
١٥٣ ئەو کەسانەش کە ئاکاریان خراپ بوە، پاشان پەژیوان ببنەوەو
بڕوابێنن، پەروەرندەت لە گوناهانیان دەبۆرێ و دلۆڤانە.
١٥٤ کاتێ مۆسا لە تۆڕەیی هێدی بۆوە، تەتەڵەکانی چنیەوە؛ کە تێیاندا
ڕێ شاندان و بەزیی بۆ بۆ ئەوانەی خودێ ترسن.
١٥٥ ئەوسا مۆسا حەفتاکەسی لەهۆزەکەی دەس نیشان کرد کە بێنە دیدەنی
ئێمە. کاتێ بۆلەرزە دایگرتن، گوتی: ئەی پەروەرندەکەم! ئەگەر مەیلت
لەسەربایە هەر لەپێشدا دەت مراندین. ئاخۆ دەتەوێ بەوکارەی کە
بێ ئاوەزان لە ئێمە کردویانە، تۆ هەمۆمان لەناوبەری؟ ئەمەش هەر
ئەزموّنی خۆتە؛ بە مەیلی خۆت کەسانێ گومرادەکەیت و هێندێکانیش
بەرەوخۆت شارەزادەکەی. گەورەمان تۆی، بمان بۆرەو بەزەت
پێماندابێتەوە. باشترین بەخشێنەر هەرتۆی.

۞ وَٱكۡتُبۡ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِنَّا
هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنۡ أَشَآءُۖ وَرَحۡمَتِي
وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ
ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ ١٥٦ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ
ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلۡأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ
فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ
عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ
عَلَيۡهِمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ
ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓۙ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٥٧ قُلۡ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي
لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ
فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ
وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ١٥٨
وَمِن قَوۡمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٞ يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ ١٥٩

١٥٦ لە دنیایەو لە قیامەتیش بەچاکە بمانخوێنەوە؛ ئێمە هاتوینەوە لای تۆ.
گوتی: هەرکێ ئازاربدەم کەیفی خۆمە. بەزەییشم هەمۆشتی داگرتۆە.
چاکەی ئەوانە دەنۆسم لە خراپە خۆپارێزن و زەکات دەدەن؛
ئەوکەسانەش کە بڕوایان بە خوا هەیە؛
١٥٧ ئەوانەوا دەکەونەشوێن ئەم پێغەمبەرەی کە ڕاسپاردەی خوایەو
نەیخوێندوەو لە تەورات و ئینجیلیش ناوی نوسراوەو هانەی چاکەیان
دەدات و ناهێڵێ خراپەبکەن؛ پاکژ بەڕەوا دەزانێ و گەماری پێ ناڕەوایەو
گرانایی زنجیریان لەسەر لادەبا؛ کە بەوانیان شەتەک دابۆن. ئەوانەی
بڕوای پێدەکەن، بەقەدرەوە لێی دەڕوانن؛ لە یاریدەی دانامێنن و
لەدوی ئەو ڕۆناکیە دەچن کە وێڕای ئەو ناردراوە؛ ئەوانە ڕزگارەکانن.
١٥٨ بێژە: خەڵکینە! بزانن ئەمن خودا ڕای‌سپاردۆمە لای ئێوە، گش‌لەگشتۆ.
ئەو خودایەی موڵکایەتی ئاسمانەکان و ئەم هەردەش هەر بۆ ئەوە؛
لەخۆی بەدەر هیچ‌شت بۆ پەرستن نابێ. گیان دەبەخشێ و گیان
دەستێنێ. دەسا ئێوە بەخوداو بە پێغەمبەری نەخوێندەوار بڕوابکەن؛
کە ئەویش خۆی باوەڕی بە خودا هەیەو بە هەرچی خودا گوتۆیە
بڕوادەکا. پەیڕەوی بن، شایەت شارەزای ڕێگەبن.
١٥٩ دەستەیەکیش لەهۆزی موسادا هەنە، بەڕاستی ڕێ دەنوێنن و
بەڕاستیش داوەری دەکەن.

---

١٥٧- پاکژ: خاوێن، تەمیس. گەمار: پیس، چڵکن. ١٥٨- گش‌لەگشتۆ: هەمۆتان، گشتان.
١٥٩- هەنە: هەن، هەیە.

وَقَطَّعۡنَٰهُمُ ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا أُمَمٗاۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ
إِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰهُ قَوۡمُهُۥٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ
فَٱنۢبَجَسَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ
مَّشۡرَبَهُمۡۚ وَظَلَّلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡغَمَٰمَ وَأَنزَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَنَّ
وَٱلسَّلۡوَىٰۖ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡۚ وَمَا
ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ١٦٠ وَإِذۡ
قِيلَ لَهُمُ ٱسۡكُنُواْ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةَ وَكُلُواْ مِنۡهَا حَيۡثُ
شِئۡتُمۡ وَقُولُواْ حِطَّةٞ وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا نَّغۡفِرۡ
لَكُمۡ خَطِيٓـَٰٔتِكُمۡۚ سَنَزِيدُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٦١
فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ قَوۡلًا غَيۡرَ ٱلَّذِي قِيلَ لَهُمۡ
فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ
يَظۡلِمُونَ ١٦٢ وَسۡـَٔلۡهُمۡ عَنِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلَّتِي كَانَتۡ
حَاضِرَةَ ٱلۡبَحۡرِ إِذۡ يَعۡدُونَ فِي ٱلسَّبۡتِ إِذۡ تَأۡتِيهِمۡ
حِيتَانُهُمۡ يَوۡمَ سَبۡتِهِمۡ شُرَّعٗا وَيَوۡمَ لَا يَسۡبِتُونَ لَا
تَأۡتِيهِمۡۚ كَذَٰلِكَ نَبۡلُوهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ١٦٣

١٦٠ ئەوانمان بە دوازدەدەستە(دوازدە ئۆمەت) بەش بەش کردو ئەوکاتەش هۆزەکەی مۆسا داوای ئاوی وەخواردنیان لە مۆسا کرد، ئێمە مۆسامان تێگەیاند کە: بە دارعاساکەی دەستت لەوبەردەدە. دوازدەکانی لە بەردەکەوە هەڵقوڵین؛ هەردەستەیەی دەراوی خوێ ناسیەوە. هەوریشمان لەلای سەرۆیان کردە سەیوان؛ گەزۆشمان دەگەڵ شیلاقە بۆهەناردن: بخۆن لەوشتەپاکانەی کردومانەتە ڕۆزیتان. هیچ غەدرێکیان لێمان نەکرد؛ بەڵام خۆیان غەدریان لە خۆیان دەکرد.

١٦١ [لەبیرۆ بێ] ئەوکاتەش کەپیان گوترا: لەوشارەنیشتەجێ بن و لە هەرلایەک هەرچی دەتانەوێ بیخۆن. نزابکەن گوناهۆ لێ هەڵبوەرێ و لە درگاوە کە دەچنەژۆر، سوژدەبەرن؛ هەرهەڵەیێ کردوتانە دەتانبەخشین. بۆ ئەوانەی ئاکارچاکن، پاداشی زیاتریش دەدەین.

١٦٢ ئەوسا ناهەقیکارانیان ئەوقسەی پێان وترابۆ، گۆڕیانە بارێکی دیکە. ئێمەش لەسەر ئەو ناهەقی کردنەیان، بەڵایەکمان لە ئاسمانەوە بۆناردن.

١٦٣ دەربارەی ئەوبازێڕەی واکەوتبوە قەراخی دەریا لێیان پرسە، کە بە شەممە نافەرمانی خوایان دەکرد. چونکە لە ڕۆژی شەممەدا ماسیگەل سەراو دەکەوتن و ڕۆژێ کە شەممە نەبوایە، دیاریان نەبو. ئەو کەسانەی لە ڕێگەی خودا لادەدەن، ئێمە ئاوا دەیان ئەزمۆین.

---

١٦٠-دەراو: جێ خواردنەوەی ئاو. سەیوان:سابات، سایەبان.

شیلاقە: گاوانی، سێرۆ، ریشوڵە، رەشوڵە.

وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا ۙ اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ
عَذَابًا شَدِيدًا ۖ قَالُوا مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾
فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ
وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ
﴿١٦٥﴾ فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ
﴿١٦٦﴾ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن
يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُ
لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾ وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الْأَرْضِ أُمَمًا ۖ مِّنْهُمُ
الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ ۖ وَبَلَوْنَاهُم بِالْحَسَنَاتِ
وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٦٨﴾ فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ
وَرِثُوا الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا الْأَدْنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا
وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُ يَأْخُذُوهُ ۚ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ
أَن لَّا يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ وَدَرَسُوا مَا فِيهِ ۗ وَالدَّارُ الْآخِرَةُ
خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦٩﴾ وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ
بِالْكِتَابِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ ﴿١٧٠﴾

١٦٤ کە دەستەیەکیش لەخۆیان گوتیان: بۆچی ئێوە دەربارەی کەسانێ خودا
گەرەکیە قڕیانکا یان بەتوندی ئازاریاندا، بەئامۆژگاری خەریکن؟ گوتیان:
تا لای پەروەرندەتانەوە تۆشی شەرمەزاری نەبین و شایەت ئەوانیش
بترسن.
١٦٥ کە ئامۆژگاری کردنیان بەهرەی نەدا، ئەوکەسانەمان ڕزگار کرد کە دژی
خراپە وێستان؛ زۆر بەتوندی ئازاری ئەوانەشمان دا کە ناهەقی
پیشەبۆن و فەرمانیان بەجێ نەهێنا.
١٦٦ کاتێ هەر ئەوکارەیان کرد کە پێیان گوترابۆ مەیکەن، گوتمان: ببنە
مەیمۆن گەلی تڕۆکراو!
١٦٧ ئەوکاتەشۆ لەبیربێ کە پەروەرێنی تۆ رایگەیاند: دەیانکەمە بەرفەرمانی
کەسانیوا کە تا قیامەت - بەتوندی - ئازاریان دەن. پەروەرندەت
بەپەلە تۆڵەدەستێنێ و هەر بۆخۆشی لە گوناهکاران دەبۆرێ و دلۆڤانە.
١٦٨ لەزەمیندا کردمانن بە چەندین دەستەی لێکتر جیا. هێندێ لەوان بە
چاک دەرچۆن؛ هێندێتر وەک ئەوان نەبۆن؛ بە خۆشیان و بە
ناخۆشیانیشمان ئەزمۆن، سا بەشکۆ بگەڕێنەوە.
١٦٩ ئەوسا جێ نشینانێکی بەدفەڕ هاتنە جێگایانو، کتێبەکە لای ئەوان بە
کەلەپوڕ ما؛ کە هەر بۆ تەماحی دنیا تێدەکۆشان. دەشیانگوت: ئێمە هەر
زۆرزۆ عافو دەکرێین. ئەگەر دیسانیش لە شتێک دەستیان گیربا،
وەریان دەگرت. مەر لەو کتێبەدا لەوان پەیمان وەرنەگیرا، لە ڕاستی
بەولاوە دەربارەی خودا نەخێون؟ کە هەرچی تێشیدا هەبۆ خوێندبۆیان.
ماڵی ئەولا بۆ ئەوانەی خۆپارێزن زۆر باشترە، هێشتا ئێوە تێ ناگەیەن؟
١٧٠ ئەوکەسانەی کە بەرانبەر بەکتێب ڕەفتاردەکەن و نوێژیش دەکەن، ئێمە
پاداشی ئەوانەی ئاکارچاکن ونداناکەین.

---

١٦٦-تڕۆکردن: ١)ئابڕۆبردن، ٢)دەرکردن بەسۆکایەتی.　١٧٠-ونداکردن: گومکردن.

۞ وَإِذْ نَتَقْنَا ٱلْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٌ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُۥ وَاقِعٌۢ بِهِمْ
خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ١٧١
وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ
عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ
ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ١٧٢ أَوْ تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أَشْرَكَ
ءَابَآؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّنۢ بَعْدِهِمْ ۖ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ
ٱلْمُبْطِلُونَ ١٧٣ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ
١٧٤ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا
فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ١٧٥ وَلَوْ شِئْنَا
لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ فَمَثَلُهُۥ
كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ
يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۚ فَٱقْصُصِ
ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ١٧٦ سَآءَ مَثَلًا ٱلْقَوْمُ ٱلَّذِينَ
كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ ١٧٧ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ
فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِى ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ١٧٨

١٧١ ئەوکاتە کە کێوەکەمان وێنەی سەیوان بەسەریاندا ڕاهەنگاوت و لایان
وابو هەر بەسەریاندا دەڕۆخێ [وتمان] : ئەوی داومانە پێتان پەیت
بیگرن؛ چی تێدایە لەبیرتان بێ؛ دەشقەم خۆتان بپارێزن.
١٧٢ ئەوساش کە پەروەرندەی تۆ لە پشتی عەولادی ئادەم زاروزیچی
بەرهەم هێنا، لەسەر خۆیان شایەتی هەر بەخۆیان دا. گوتی: من
پەروەرێنتان نیم؟ گوتیان: بەڵێ، ئێمە لەوە ئاگادارین. نەکا ڕۆژی سەڵا
بێژن : نەمانزانی.
١٧٣ یان نەبێژن: ئەوکەسانەوا لەپێشدا شەریکیان [بۆخودا] دانا،
باب و باپیرانمان بوُن و ئێمە بەرەی دوای ئەوانین؛ ئاخۆ ئێستا تۆ گەرەکتە
لەسەر ئاکاری ناحەقان ئێمە قڕکەی؟
١٧٤ نیشانەکان ئاوا ڕۆشن دەکەینەوە، شایەتا بگەڕێنەوە.
١٧٥ دەنگ وباسی ئەو کەسەشیان بۆ وەخوێنە کە نیشانەکانی خۆمان
پێ بەخشیبو، خۆی لێ بواردن؛ ئەوسا شەیتان وەدوێ خۆی داو کەوتە ناو
ڕیزی گومڕایان.
١٧٦ ئێمە گەر بمان ویستایە لەمانەڕا پایەبەرزیمان دەدایە؛ بەڵام ئەو هەر
خۆی بەعەرزەوە چەسپاندو پەیڕەوی ئارەزوی خۆی بو. نەزیلەی ئەو
وەکوُ نەزیلەی سەگێکە بۆی بچی زمان دەردێنێ و لێشی گەڕێی زوان
دەکێشێ. ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی ئەوانەیە کە نیشانانی ئێمەیان بەدرۆ
دانا. تۆ لەوتەرزە باسانەیان بۆوەگێڕە، شایەتا بیربکەنەوە.
١٧٧ چەن خراپە سەرگوروشتەی ئەوکەسانە نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆزانی و
لەخۆیان ناهەقیان کرد.
١٧٨ هەرکەسێکی خودا خۆی شارەزای بکا، ڕێگەی ڕاست دەگرێتەبەرێ و
هەر کەسێکیش گومڕابکا، لەڕیزەی زیانبارانە.

---

١٧١- پەیت: توند، سفت. دەشقەم: بەشکەم، بەڵکۆ. ١٧٢- زاروزیچ: تیرەو تایفە، بنەچەکە.

وَلَقَدۡ ذَرَأۡنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ لَهُمۡ قُلُوبٞ
لَّا يَفۡقَهُونَ بِهَا وَلَهُمۡ أَعۡيُنٞ لَّا يُبۡصِرُونَ بِهَا وَلَهُمۡ ءَاذَانٞ لَّا يَسۡمَعُونَ
بِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ١٧٩
وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ
أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٨٠ وَمِمَّنۡ خَلَقۡنَآ أُمَّةٞ
يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ ١٨١ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا
سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ لَا يَعۡلَمُونَ ١٨٢ وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ
كَيۡدِي مَتِينٌ ١٨٣ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْۗ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍۚ إِنۡ
هُوَ إِلَّا نَذِيرٞ مُّبِينٌ ١٨٤ أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ وَأَنۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقۡتَرَبَ
أَجَلُهُمۡۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ ١٨٥ مَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَا
هَادِيَ لَهُۥۚ وَيَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ١٨٦ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ
أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَاۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّيۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقۡتِهَآ إِلَّا هُوَۚ ثَقُلَتۡ
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَا تَأۡتِيكُمۡ إِلَّا بَغۡتَةٗۗ يَسۡـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ
عَنۡهَاۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ١٨٧

۱۷۹ ئێمە گەلێک لەجنۆکەو لەمرۆمان بۆجەهەندەم وەدی هێنا: دڵیان هەیەو پێی تێناگەن؛ چاویان هەیەو پێی نابینن، گوێیان هەیەو پێی نابیسن؛ ئەوانە وەکۆ ئاژەڵن؛ بگرە لەوان گومڕاترن؛ ئاگایان لە هیچشت نیە.
۱۸۰ ناوی خودا، هەموٚیان ڕندو لەبارن؛ هەر بەوناوانە بانگی کەن. گوێمەدەنە ئەوکەسانەی ناوەکانی هەر بەئانقەست بۆدەگۆڕن. ئەمانە بۆ ئەوکارەیان سزادەدرێن.
۱۸۱ لەوانەدا کە ئێمە دروستن کردوٚن، دەستەیەک هەن بەرەولای هەق ڕێشاندەرن و بەهەقیش داوەری دەکەن.
۱۸۲ ئەوانەش کە نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانا، وردەوردە - بێئەوەی بەخۆبزانن - بەرەو تێداچۆنیان دەبەین.
۱۸۳ ماوەیەک مۆڵەتیان دەدەین، چونکە تەگبیرم پتەوە.
۱۸۴ ئاخۆ بەبیریاندا نەهات هاوڕێکەیان توٚشی شێت بوٚن نەهاتوە؟ ئاشکرایە ئەو لەترس وەبەرهێنەرێک بەدەر نیە.
۱۸۵ ئاخۆ ئەوان لە دامو دەزگای پڕشکۆی عاسمانەکان و زەمین و هەرچی خوا دروستی کردوٚن، ڕانەماون؟ وێشدەچێ بەم نزیکانە بە ئاکامی مەرگ بگەن. دەیسا لەپاش ئەم قورعانە بە کام قسە بڕوادەکەن؟
۱۸۶ خوا ڕێ لە هەرکەس بگۆڕێ، هیچ ڕێبەری دەس ناکەوێ. وازیان لێ دێنێ با هەر وا لە سەربزێوی خۆیاندا سەرگەردان بن.
۱۸۷ دەربارەی ڕۆژی سەلاوە لێت دەپرسن: کەی وەدی دێ؟ بێژە: زانینی هەر تەنیا لەلای پەروەرێنی منە؛ بۆخۆی نەبێ کەس ناتوانێ وەختەکەی ئاشکرا بکا؛ هەڵێنانی بۆ ئەوانەی لەئاسمانان و زەمیندان، زۆر گرانەو لەنەکاوێک ئەوڕۆژە ڕۆتان تێدەکا. جۆرێک پرسیارت لێدەکەن وەک تۆ دەربارەی بزانی. بێژە: تەنیا هەر خودا بۆخۆی دەیزانێ؛ بەلام زوربەی ئەم خەڵکە ئەمە نازانن.

---

۱۸۰-رند: جوان، پێکەفتک. ۱۸۴-ترس وەبەرهێنەر: ترسێنەر، بریتی لە پێغەمبەر.

قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ
أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ
أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١٨٨ ۞ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم
مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَجَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا لِيَسۡكُنَ إِلَيۡهَاۖ فَلَمَّا
تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتۡ حَمۡلًا خَفِيفٗا فَمَرَّتۡ بِهِۦۖ فَلَمَّآ أَثۡقَلَت دَّعَوَا
ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنۡ ءَاتَيۡتَنَا صَٰلِحٗا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ١٨٩
فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحٗا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَاۚ فَتَعَٰلَى
ٱللَّهُ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ١٩٠ أَيُشۡرِكُونَ مَا لَا يَخۡلُقُ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ
١٩١ وَلَا يَسۡتَطِيعُونَ لَهُمۡ نَصۡرٗا وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ١٩٢
وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمۡۚ سَوَآءٌ عَلَيۡكُمۡ أَدَعَوۡتُمُوهُمۡ
أَمۡ أَنتُمۡ صَٰمِتُونَ ١٩٣ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ
عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن
كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٩٤ أَلَهُمۡ أَرۡجُلٞ يَمۡشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَيۡدٖ
يَبۡطِشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَعۡيُنٞ يُبۡصِرُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ ءَاذَانٞ
يَسۡمَعُونَ بِهَاۗ قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ١٩٥

١٨٨ بێژە: ئەمن خاوەنی سوودو زیانی خودی خۆم نیم؛ جا مەگین خودا حەزبکا. گەر نادیارم زانیبان بەهرەی فرەم گیردەکەوت و زیانێکم تووش نەدەهات. من هەر تەنیا ترسێنەرو مژدەدەرم بۆ کەسانێ بڕوادەکەن.

١٨٩ هەر ئەو ئێوەی لە یەک کەس وەدی هێناوە؛ ژنەکەشی هەر لە ماکی ئەو پێک هێنا، کە لەورا بحەسێتەوە. وەختێ [ئادەم] وەل [دایکەوا] سەرجێی کرد، باردار بۆ بەبارێکی سووک. ماوەیەک پێیەوە گەڕا. کە هەستی بەقورس بوون کرد، هەرتک لە پەروەرندەیان پاڕانەوە: ئەگەر زارۆیێ هێژامان پێ ببەخشی، لە شوکرانەبژێران دەبین.

١٩٠ کە زارۆی هێژای پێ بەخشین، لەوەی کە خودا پێدابوون، چەندشەریکیان بۆپەیداکرد؛ کە خودا زۆر بەرزترە لەوەی کە شەریکی هەبن.

١٩١ چۆن ئەوانە دەکەن بە شەریکی خودا کە ناتوانن هیچشتێ دروست بکەن و خۆیان دەبێ دروست بکرێن.

١٩٢ توانایان نیە یارمەتی ئەوان بدەن و یاریدەی خۆشیان پێ نادرێ.

١٩٣ ئەگەر ئێوەش بانگیان بکەن کە بێنە سەرڕاهی خودا، دواوناکەون. بانگیان بکەن یان دەنگ نەکەن، بۆ ئێوە هەر وەکۆیەکە.

١٩٤ ئەوانەی کە - بەجێ خودا - ئێوە هانایان پێ دەبەن، عەبدگەلێکن وەک خوەتان. دەسا ئەگەر ئێوە ڕاستن، بانگیان بکەن با وەرامتان بدەنەوە.

١٩٥ ئاخۆ ئەوان دەتوانن لەسەرپا بڕۆن، یان دەستی ڕاسانیان هەیە، یان چاوی دیتنیان هەیە، یان گوێی بیستنیان پێوەیە؟ بێژە: بانگی ئەوهاوبەشانەتان بکەن، ئەوسا داوی فێڵانم بۆ بنێنەوەو ماوەم مەدەن.

---

١٩٥-ڕاسان: دەست بەرزکردنەوە بۆهەڕەشە.

إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩٦
وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَكُمۡ وَلَآ
أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ١٩٧ وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَسۡمَعُواْۖ
وَتَرَىٰهُمۡ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ وَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ١٩٨ خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ
بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ١٩٩ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ
ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٠٠ إِنَّ
ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ
فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ٢٠١ وَإِخۡوَٰنُهُمۡ يَمُدُّونَهُمۡ فِي ٱلۡغَيِّ ثُمَّ
لَا يُقۡصِرُونَ ٢٠٢ وَإِذَا لَمۡ تَأۡتِهِم بِـَٔايَةٖ قَالُواْ لَوۡلَا ٱجۡتَبَيۡتَهَاۚ
قُلۡ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ مِن رَّبِّيۚ هَٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡ
وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ٢٠٣ وَإِذَا قُرِئَ ٱلۡقُرۡءَانُ
فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ٢٠٤ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ
فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ
وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٢٠٥ إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ
لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسۡجُدُونَۤ۩ ٢٠٦

١٩٦ گەورەی من هەر خودایە کە ئەم کتێبەی ناردۆتەخوار؛ هەر بۆخۆشی سەپەرستی چاکان دەکا.
١٩٧ ئەوکەسانەی - بەغەیرەز ئەو - ئێوە هانایان پێدەبەن، ناشیەن یاریدەتان دەن و یاریدەی خۆشیان پێ نادرێ.
١٩٨ ئەگەر ئێوە بەرەو رێی ڕاستیان بانگ بکەن، لێونابیسن؛ دەبینی تواشات دەکەن و نەشیان دیتوی.
١٩٩ چاو بپۆشەو فەرمان بە کاری چاک بدەو لەونەزانانە وازبێنە.
٢٠٠ هەرگایەکیش خەیاڵاتێکی خراپت لە شەیتان بەدڵدا بۆری، هەر پەنا بەخودابەرە؛ کە خۆی بیسەرو زانایە.
٢٠١ ئەوکەسانەی پارێزگارن، هەرگا خەیاڵی خراپیان لەشەیتانەوە تۆش دەبێ، گورجێ یادی خوا دەکەن و بەرچاویان رۆن دەبێتەوە.
٢٠٢ براکانیشیان بۆ ئەوەی هەر گومڕابن، تێدەکۆشن و لە تەقالادانەکەیان کۆتانایەن.
٢٠٣ هەرگا هیچ نیشانەیەکیان نیشان نادەی، ئێژن: تۆ بۆ لەخۆتەوە رێکی ناخەی؟ بێژە: من هەر لەوانە پەیڕەوی دەکەم کە لەلای پەروەرندەمڕا پێم ڕادەگا. ئەمانە چاوڕۆشن کەرن لە پەروەرندەی ئێوەڕاو ڕێ شاندەرن و بەزەیین بۆ ئەوکەسانەی بەباوەڕن.
٢٠٤ هەرگا قورئان دەخوێندرێ، کڕبن و گوێی لێ بدێرن؛ شایەت بەر بەزەی خوا کەون.
٢٠٥ هەمۆبەیانی و ئێواران، بەپاڕانەوەو ترسەوە - بەبێ ئەوە دەنگ هەڵێنی - یادی پەروەرندەت بکەو هەرگیز تۆ لەوانە مەبە کە بەبیریشیاندا نایە.
٢٠٦ ئەو کەسانەی لای پەروەرندەت پەسندن، بێ فیزن لە پەرستنی و پەسنی پاکی ئەو دەدەن و هەر بەرەوئەو سوژدەدەبەن.

# سُورَةُ الأَنفَالِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم
مُّؤْمِنِينَ ﴿١﴾ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ
قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ
يَتَوَكَّلُونَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ
يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ
رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٤﴾ كَمَآ أَخْرَجَكَ رَبُّكَ
مِنۢ بَيْتِكَ بِٱلْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ﴿٥﴾
يُجَٰدِلُونَكَ فِى ٱلْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلْمَوْتِ
وَهُمْ يَنظُرُونَ ﴿٦﴾ وَإِذْ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحْدَى ٱلطَّآئِفَتَيْنِ أَنَّهَا
لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ ٱلشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ
وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقْطَعَ دَابِرَ ٱلْكَٰفِرِينَ
﴿٧﴾ لِيُحِقَّ ٱلْحَقَّ وَيُبْطِلَ ٱلْبَٰطِلَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٨﴾



# ئەنفال

## بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

٧٥ ئایەت

١ لەمەڕ دەسکەوتی جەنگەوە لێت دەپرسن، بێژە: تالانی دوژمنان بۆ خوداو
بۆ پێغەمبەرە. ئەگەر بڕواتان هێناوە، ئێوە ترسۆ لە خودا بێ و لەناو خۆتاندا
پێک وەرن و بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بن.
٢ خاوەن بڕوا ئەوکەسانەن هەر کە ناوی خودا برا، دڵیان ترسی
ڕێ دەنیشێ و کە نیشانەکانی ئەویان بۆوەخوێنن، بڕوایان بەهێزتر دەبێ و
دەربەست خۆیان بەپەروەرێنیان دەسپێرن.
٣ ئەوانەن کە نوێژدەکەن و لەو بژیوەی بەشمان داون بەشی هەژارانیش
دەدەن.
٤ باوەڕداری بێکەمایەسی ئەمانەن کە لە پەروەرێنیانەوە پلەو پایەو
لێ خۆشبۆن و بژیوی پەسندیان هەیە.
٥ هەر وەک ئەوەی پەروەرندەت - بەهەقانەت - تۆی لە ماڵی خۆت
هێنادەر؛ هێندێکیش لە باوەڕدارەان ناڕازی بۆن.
٦ لەپاش ڕاستی ڕۆن بۆنەوەش، ئەوان کێشەت دەگەڵ دەکەن؛ وەک
بەئاشکرا ببینن کە بەرەومردنیان داژۆن.
٧ ئەوسا کە خوا سۆزی پێدان کە یەکێک لەودۆکۆمەڵە بۆ ئێوەیە، ئێوە هەر
ئارەزۆتان بۆ دەستە بێ دەستەڵاتەکە بۆ ئێوە بن. خوداش ویستی
هەرچۆنی خۆی گوتۆیەتی وەڕاست گەڕی و خوانەناسان بنەبڕکا.
٨ تا ڕاستی سەقام گیربکاو پۆچ و چرۆک لەناوبەری؛ هەرچەند تاوانبارەکان
حەزی لێ نەکەن.

---

٦- داژۆن لە ئاژۆتن: لێ خوڕین. ٧- سۆز: پەیمان، گفت، سۆز.
٨- سەقام گیربۆن: بەتەواوی دامەزران.

إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّى مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ
مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُرْدِفِينَ ﴿٩﴾ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ
وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمْ ۚ وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ إِذْ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ وَيُنَزِّلُ
عَلَيْكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ
ٱلشَّيْطَٰنِ وَلِيَرْبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلْأَقْدَامَ ﴿١١﴾
إِذْ يُوحِى رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّى مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ
سَأُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ فَٱضْرِبُوا۟ فَوْقَ
ٱلْأَعْنَاقِ وَٱضْرِبُوا۟ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ ﴿١٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ
شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ
شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٣﴾ ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَٰفِرِينَ
عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلْأَدْبَارَ ﴿١٥﴾ وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ
دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَآءَ
بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٦﴾

٩ لەوکاتەشدا کە هاناتان بۆ پەروەرندەتان دەبرد، گوتی: ئەوا بەشوێن یەکدا هەزارفریشتە دەنێرم بۆ یاریتان.

١٠ خودا ئەوبەڵێنەشی هەربۆیە پێدان، هەتاکۆ موژدەیەک بێتۆ دڵگەلتان پێ ئۆقرەبگرێ. یاریدەش هەر لەخواوەیە. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.

١١ ئەودەمەشتان هەر لەبیربێ وا ئەو سۆکەخەوەی لەلای خۆیەوە بۆهەناردن وبۆبە هۆی دڵنیاییتان. بارانیشی لەحەواوە بۆ باراندن تا خاوێنتان بکاتەوەو خەیاڵاتی شەیتانو لێ‌دوورخاتەوەو دڵگەرمتانکاو مەیدانێ بەجێ نەهێڵن.

١٢ خوا فریشتەی تێگەیاندن کە: خۆشم دەگەڵ ئێوەدام، غیرەت وەبەر خاوەن باوەڕەکان بێنن، منیش ترس وەبەر خوانەناسان دەنێم. سا ئێوە لەملیان دەن و هەمۆ ئەنگوستەکانیشیان بپەڕێنن.

١٣ چونکە ئەوان بەرهەڵستی خوداو پێغەمبەری وێستان. هەرکەسانێک دژی خوداو پێغەمبەر بن، خوا بەتوندی سزادەدا.

١٤ با بیچێژن! خوانەناسان بەئاگریش ئازاردەدرێن.

١٥ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! ئەر تۆشی خوانەناسان بۆن - با زۆریش‌بن - ئێوە لەبەریان هەڵمەیەن.

١٦ هەرکەس لەڕۆژێکی وادا خۆ لە شەڕێ بدزێتەوە - مەگین بۆ شەڕکردن لەشوێنێکی‌کەوە، یان بۆ یاریدەی یارانی - خودا لەخۆ تۆڕەدەکاو جێگەی لەجەهەندەم دەبێ و چارەنۆسی زۆر خراپە.

---

٩- هانابردن: پەنابردن بۆفریاڕەس. ١٣- بەرهەڵست: دوژمن، دژ.

١٥- هەڵمەیەن لە هەڵاتن: راکردن. ١٦- چارەنۆس: بەخت و هات.

فَلَمۡ تَقۡتُلُوهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمۡۚ وَمَا رَمَيۡتَ إِذۡ رَمَيۡتَ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبۡلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡهُ بَلَآءً حَسَنًاۚ
إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿١٧﴾ ذَٰلِكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيۡدِ
ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٨﴾ إِن تَسۡتَفۡتِحُواْ فَقَدۡ جَآءَكُمُ ٱلۡفَتۡحُۖ
وَإِن تَنتَهُواْ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَإِن تَعُودُواْ نَعُدۡ وَلَن تُغۡنِيَ عَنكُمۡ
فِئَتُكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَوۡ كَثُرَتۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ
تَسۡمَعُونَ ﴿٢٠﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَهُمۡ
لَا يَسۡمَعُونَ ﴿٢١﴾ ۞ إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلۡبُكۡمُ
ٱلَّذِينَ لَا يَعۡقِلُونَ ﴿٢٢﴾ وَلَوۡ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمۡ خَيۡرٗا لَّأَسۡمَعَهُمۡۖ
وَلَوۡ أَسۡمَعَهُمۡ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٢٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡۖ
وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيۡهِ
تُحۡشَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ
مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٢٥﴾

۱۷ ئەوان ئێوە نەتان کوشتن ؛ خوا کوشتنی . کە هاویشتت ، هاوێژەرەکە تۆنەبوی ؛ خوا هاویشتی . ئەو دەیەویست باوەڕداران بە باشی تاقی‌کاتەوە . خودا بیسەرو زانایە .
۱۸ بەڵێ ، ئاوا خودا فێڵی دین دوژمنان پۆچەڵ دەکا .
۱۹ گەر دەتانەویست سەرکەون ، وا سەرکەوتن ؛ ئەگەر لە شەڕ بەسیش بکەن ، قازانجتانە ؛ ئەگەریش تێ هەڵبچنەوە ، ئێمەش تێ هەڵدەچینەوەو با دەستەوبەستەتان زۆربن ، هیچ بەهرە بۆ ئێوە نادا . خودا وەل باوەڕدارانە .
۲۰ ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان ! بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەری بن‌و لە هەرشتێ ئەو پێتان ئێژێ‌و دەیبیسن ، خۆمەبوێرن .
۲۱ ئێوە وەک ئەوانەمەبن ، گوتویانە : گوێمان لێ‌یە ، کەچی هەر نەشیان بیستوە .
۲۲ خراترین زیندەوەران لەلای خودا ، ئەوکەرو لاڵانەن کەوا هیچ تێ ناگەن .
۲۳ ئەگەر خودا بیزانیبا خێرێکیان دەباراندایە ، کارێکی دەکرد ببیسن . خۆ ئەگەر گوێ بیستنیشی پێ بدابان ، هەر ڕۆیان لێ وەردەگێڕاو خۆیان دەبوارد .
۲۴ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان ! هەرگا خوداو پێغەمبەر لێو داوا دەکەن کارێ بکەن ئێوەی پێ بژۆژێنەوە ، گورجێ بیکەن ؛ ئێوەی پێ دەبۆژێنەوە . بشزانن خوا دەبێتە لەمپەر لەنێوان مرۆو دڵی ؛ هەمۆلاشتان لەلای ئەو کۆدەکرێنەوە .
۲۵ لەو بەڵایەش خۆپارێزن کە تایبەتی ناحەقیکارانتان نیە . بشزانن کە تۆڵەی خودا توندوتیژە .

---

۱۷- هاویشتن: هاویژتن، فرێدان، تۆڕدان. تاقی‌کردنەوە: تەجربەکردن، ئەزمۆن، جەڕباندن.
۱۹- قازانج: بەهرەی سەودا. تێ هەڵچۆنەوە: سەرلەنوێ کردنەوە، بەسەرگرتنەوە، لەسەرەو دەس پێکردن. ۲۴- بوژانەوە: وەکەیف‌کەوتن لەپاش لەڕی‌و کەساسی، زینگەوبۆن.

وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ أَنتُمۡ قَلِيلٞ مُّسۡتَضۡعَفُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ تَخَافُونَ
أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمۡ وَأَيَّدَكُم بِنَصۡرِهِۦ وَرَزَقَكُم
مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ
﴿٢٧﴾ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ
عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ﴿٢٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ
ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ
لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٢٩﴾ وَإِذۡ يَمۡكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ لِيُثۡبِتُوكَ أَوۡ يَقۡتُلُوكَ أَوۡ يُخۡرِجُوكَۚ وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ
ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا
قَالُواْ قَدۡ سَمِعۡنَا لَوۡ نَشَآءُ لَقُلۡنَا مِثۡلَ هَٰذَآ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ
أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذۡ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا
هُوَ ٱلۡحَقَّ مِنۡ عِندِكَ فَأَمۡطِرۡ عَلَيۡنَا حِجَارَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
أَوِ ٱئۡتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٣٢﴾ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمۡ
وَأَنتَ فِيهِمۡۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمۡ وَهُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ ﴿٣٣﴾

٢٦ بیر لەودەمە بکەنەوە کە ئێوە لەم وڵاتەدا کەمێکی بێ دەستەڵات بوُن؛
ترسوُ هەبوُ خەڵکی تر دەرتان بکەن و بێ جێ و ڕێ بمێننەوە. پەنای دان و
یاریدەی دان و سەرکەوتن و ڕۆزی پاک و ڕەوای پێدان؛ بەشکە
شوکرانەبژێر بن.
٢٧ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەگەڵ خوداو پێغەمبەر دەغەڵی مەکەن.
ئەوشتانەش کە دەزانن ئامانەتن، غەیانەتی تێدامەکەن.
٢٨ بشزانن ماڵ و منداڵتان هۆی ئەزموُنن؛ پاداشی زۆر لای خودایە.
٢٩ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر لە خودا بترسن، ئامێری جیاکردنەوەی
پاک و پیستان پێدەدات و لە خراپەتان دەبوُرێ. خودا زۆر چاکەی
لەلایە.
٣٠ بێتەبیرت ئەوسا خودانەناسەکان ویستیان فێڵێکت لێ بکەن، یان
بەندت کەن، یان بت کوژن، یان دەرت کەن. ئەوان فێڵەکەی خۆیان کرد؛
خواش فێڵی کرد. خواش چاترین فێڵەزانە.
٣١ هەرگا نیشانەی ئێمەیان بۆوەخوێنن، ئێژن: بیسمان؛ ئەگەر حەزمان
بکردایە، ئێمەش وەک ئەمەمان ئەوت؛ لە چەند چیرۆکی کەونارا بەدەر
نیە.
٣٢ ئەوساش گوتیان: ئەی خودایە! ئەگەر بەڕاستیەو لە لایەن تۆوە هاتوە،
لەحەواوە وەبەر تەوەن بارانمان دە یان ئازارێکی بەژانمان بۆبنێرە.
٣٣ هەتا تۆیان لەناودابی، خودا جەزرەبەیان نادا. هەتا داوای بوُردن
لەگوناهیش بکەن، خودا هەر ئازاریان نادا.

---

٢٩-ئامێر: ئەسپاب، ئامراز. ٣٢-تەوەن: بەرد، کوچک، کەڤر.

وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ ٱللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ
ٱلْحَرَامِ وَمَا كَانُوٓا۟ أَوْلِيَآءَهُۥٓ ۚ إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ
وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ
عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً ۚ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ
بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنفِقُونَ
أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ
عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ
يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ
ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ
فِى جَهَنَّمَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٣٧﴾ قُل لِّلَّذِينَ
كَفَرُوٓا۟ إِن يَنتَهُوا۟ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ وَإِن يَعُودُوا۟
فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ
لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۚ فَإِنِ
ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٣٩﴾ وَإِن تَوَلَّوْا۟
فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَىٰكُمْ ۚ نِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ﴿٤٠﴾

٣٤ خودا چۆن ئازاریان نەدا، کە ئەوانە ڕێگەی « مَسْجِدُالْحَرام »یان لە زیارەت کەران گرتوەو هەڵیش ناگرن خاونی بن؟ خاوەنانی هەر دەبێ ئەو کەسانەبن کە ترسی خودایان هەیە؛ بەلام زوربەیان نەزانن.
٣٥ نوێژیان لەماڵی خودادا هەر بریەتی لە چەپڵەو فیتۆکێشانە. سا لەسزای ئەو بڕوا نەهێنانەدا، ئەشێ تۆشی ئازار ببن.
٣٦ ئەوانەی خودانەناسن، ماڵی خۆیان خەرج دەکەن ڕێگەی بەرەوخودا بگرن. ئەو ماڵ بەخت کردنەیان دەبێتە کەسەرێک بۆیان و پاشان هەر ژێردەکەون. خڕوپڕی خوانەناسان لە دۆزەهـ کۆ دەکرێنەوە.
٣٧ هەتا خودا پاک و پیس لێک هەلاوێرێ و پیسەکان لەسەریەک دانێ و بەتێکڕایی کۆگایانداو بیانخاتە دۆزەهەوە؛ هەر خۆیان زیانبار بۆگن.
٣٨ بەخوانەناسەکان بێژە: ئێستاش ئەگەر دەس هەڵگرن، هەرچی پێشو کردوتانە عافودەکرێ. ئەگەریش تێ هەڵبچنەوە، بەسەرهاتی پێشینەکان دیارە چبو.
٣٩ وەلیان شەڕکەن هەتا ئاژاوە نامێنێ و دین گشتی دینی خوا دەبێ. سا ئەگەر تەمێ گرتۆبۆن ئەوسا هەرکارێکی بیکەن خوا دەیبینێ.
٤٠ ئەگەریش رویان وەرگێڕا، بابزانن کە گەورەتان هەر خودایە؛ گەورەی هەرەباشتان هەیەو چاکترین یاریدەرتانە.

---

٣٦- **هەلاواردن:** لێک جیاکردنەوە، هاوێر. **کۆگادان:** بەسەریەکا دانان، خڕکردنەوە لەشوێنێکـ.

٣٨- **هەڵچۆنەوە:** لەسەررِا دەست پێکردنەوە. ٣٩- **وەل:** لەتەک، لەگەل.

۞ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ
وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن
كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ
يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿٤١﴾ إِذۡ
أَنتُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلۡقُصۡوَىٰ وَٱلرَّكۡبُ
أَسۡفَلَ مِنكُمۡۚ وَلَوۡ تَوَاعَدتُّمۡ لَٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡمِيعَٰدِ
وَلَٰكِن لِّيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗا لِّيَهۡلِكَ مَنۡ
هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٖ وَيَحۡيَىٰ مَنۡ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٖۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ
لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٤٢﴾ إِذۡ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلٗاۖ
وَلَوۡ أَرَىٰكَهُمۡ كَثِيرٗا لَّفَشِلۡتُمۡ وَلَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٤٣﴾ وَإِذۡ
يُرِيكُمُوهُمۡ إِذِ ٱلۡتَقَيۡتُمۡ فِيٓ أَعۡيُنِكُمۡ قَلِيلٗا وَيُقَلِّلُكُمۡ
فِيٓ أَعۡيُنِهِمۡ لِيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗاۗ وَإِلَى ٱللَّهِ
تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ
فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٤٥﴾

٤١ ئەگەر باوەڕتان بە خوداو باوڕیتان بەوەش هەیە کە ڕۆژی لێک هەڵاواردن بۆ عەبدی خۆمان ناردەخوار، ئەوێ ڕۆژێ کە دۆکۆمەڵ تۆشی یەک بۆن؛ دەبێ ئەوەندەش تێبگەن هەر تاڵانێکو دەس کەوت، پێنج یەکێکی بەشی خوداو پێغەمبەرەو بۆ خزمانو هەتیوانو هەژارانو ڕێبوارانە. خودا توانای بەسەر هەمۆشتدا هەیە.

٤٢ وەختێ ئێوە لە داوێنەی نزیکترو ئەوان لە داوێنەی دورتر دامەزرابۆن، کاروانیش لەخوار ئێوە بۆ، ئەگەر کاتی پێکگەیشتنۆ دانابا، بێسۆ لەسەر ژوانگە تۆشی کێشە دەبۆن؛ بەڵام دەبۆ هەرچی خوا بڕیاری دابۆ هەر ڕۆبدا. تامردنو ژینی هەرکەس، بەبەڵگەی ئاشکراوەبێ. خوا دەبیسێو ئاگادارە.

٤٣ لەخەونتدا خودا ژمارەی ئەوانی کەم نیشان دای؛ ئەگەر زۆرایی ئەوانی نیشان دابان، لەترسان زراوتان دەچۆ؛ لەناو خۆدا کێشەتان لێ پەیدادەبۆ. بەڵام خودا ئێوەی پاراست، خۆی لە نهێنی دڵانیش ئاگادارە.

٤٤ ئەوساش کە تۆشی یەک هاتن، لەبەر چاوتان ئەوانی کەمتر نیشان داو ئێوەشی کەم هێنایە بەرچاوی ئەوان. دەبۆ خودا کارێ کە بڕیاری درابۆ بێنێتەجێ. کاریش هەر دەچنەوە لای ئەو.

٤٥ ئەی گرۆی خاوەنباوەڕان! ئەگەر دەگەڵ دوژمنان ڕۆبەڕۆ دەبن، خۆبگرنو گەلێک یادی خودا بکەن، شایەتا ئێوە سەرکەون.

---

٤٣- زراوچۆن: دڵتۆقین، زاڵەترەک بۆن.

وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ
وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ
خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بَطَرٗا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ﴿٤٧﴾ وَإِذۡ زَيَّنَ لَهُمُ
ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلۡيَوۡمَ مِنَ
ٱلنَّاسِ وَإِنِّي جَارٞ لَّكُمۡۖ فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلۡفِئَتَانِ نَكَصَ
عَلَىٰ عَقِبَيۡهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكُمۡ إِنِّيٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوۡنَ
إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٤٨﴾ إِذۡ يَقُولُ
ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمۡۗ
وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٤٩﴾
وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَضۡرِبُونَ
وُجُوهَهُمۡ وَأَدۡبَٰرَهُمۡ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ﴿٥٠﴾ ذَٰلِكَ
بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ﴿٥١﴾
كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ
فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيّٞ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٥٢﴾

٤٦ لە فەرمانی خوداو پێغەمبەر دەرمەچن. نەچن کێشەو لێ پەیدابێ و سست ببنەوەو هەمۆ هێزۆ لەبەین بچێ. خۆڕاگربن؛ خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە.
٤٧ ئێوە وەک ئەوانە مەبن، بۆ خۆبینی و بۆ ڕۆبینی لەناو مەردم لە زێدەکەیان دەرکەوتن؛ دەیانەویست ڕێگەی خودا بەربەست بکەن. خودا لە هەمۆکارێکیان ئاگادارە.
٤٨ شەیتان ئاکاری ئەوانی ئەوکاتە لەبەر جوان کردن، گوتی: ئەمرۆ هیچ هێزێک دەرۆستۆنایە، منیش جێگەی هاناتانم. لە کاتێکا هەردوک لا لێک وەدەرکەوتن، پێ دزەی کردو بۆی دەرچۆ، گوتی: ئەمن وەل ئێوە نیم؛ من شتیوام دێتە بەرچاو کە بۆ ئێوە نادیارە؛ من لە خودا ترسم هەیە؛ تۆڵەی خودا زۆر دژوارە.
٤٩ دۆڕوان و ئەوکەسانەی دڵی دەغەزداریان هەیە، ئەوسا وتیان: ئەوانە بەدینەکەیان خەڵەتاون. هەرکەسێکی هەر خۆ بەخودا بسپێرێ، خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
٥٠ گەر ببینی ئەوسا خودانەناسەکان فریشتە دەیان مرێنن و دیم و پشتیان دەکوتنەوە[ پێان ئێژن] : دەیسا دەردی بەئاگرسۆتان بچێژن.
٥١ ئەمە سزای ئەوکارانەی کە دەتانکرد؛ خودا هەرگیز غەدر لە عەبدی خوێ ناکا.
٥٢ [ئاکاریان هەر] وەک ئاکاری داروودەستەی فیرعەون و ئەوکەسانەیە بەرلەوان بۆن؛ کە لە نیشانەکانی خوا حاشایان کرد. خواش لەسزای گوناهانیان وەبەر غەزەبی خۆی خستن. خودا بەهێزو توانایەو تۆڵەی ئەو گەلێ دژوارە.

---

٤٧- زێد: زاگە، جێگەی لەدایک بۆن. ٤٨- پێ دزە: پێدزکێ، کەم‌کەم خۆکشانەوە، باریکەوبۆن.
٥٠- دیم: دەموچاو، روخسار. ٥٢- تۆڵە: تۆڵ، حەق سەندنەوە.

ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ
مَا بِأَنفُسِهِمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿٥٣﴾ كَدَأۡبِ ءَالِ
فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم
بِذُنُوبِهِمۡ وَأَغۡرَقۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَۚ وَكُلّٞ كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ﴿٥٤﴾
إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٥﴾
ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنۡهُمۡ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهۡدَهُمۡ فِي كُلِّ مَرَّةٖ
وَهُمۡ لَا يَتَّقُونَ ﴿٥٦﴾ فَإِمَّا تَثۡقَفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡحَرۡبِ فَشَرِّدۡ بِهِم
مَّنۡ خَلۡفَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴿٥٧﴾ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن
قَوۡمٍ خِيَانَةٗ فَٱنۢبِذۡ إِلَيۡهِمۡ عَلَىٰ سَوَآءٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡخَآئِنِينَ
﴿٥٨﴾ وَلَا يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُوٓاْۚ إِنَّهُمۡ لَا يُعۡجِزُونَ ﴿٥٩﴾
وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ
تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ
لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فِي سَبِيلِ
ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ ﴿٦٠﴾ ۞ وَإِن جَنَحُواْ
لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٦١﴾

٥٣ چونکە خودا دەرۆی چاکەی لە هەرگەلێ وەکردبێ، هەتا ئەوان بیری خۆیان نەگۆڕیبێ، قەت خودا لێی نەگۆڕیۆن. خوا بیسەرو زۆر زانایە.
٥٤ جا ئەوانە - وەک داروودەستەی فیرعەون و پێشینیانیان - بەوەدەردەچۆن: بەنیشانەی خودای خۆیان باوەڕنەکرد؛ لەسۆنگەی گوناهەکانیان قرمان کردن. هەرچی سەربەفیرعەونیش بۆن، بڕیارمان دا کە لەئاوێدا بخنکێن؛ کە سەرلەبەریان ناهەق بۆن.
٥٥ خراترین زیندەوەران لەلای خودا ئەوکەسانەن کە خودایان نەناسیوەو ئیتریش بڕواناهێنن.
٥٦ ئەوکەسانەی پەیمانت دەگەڵ بەستن و لەپاشانا هەمۆجاران پەیمانیان هەڵدەوەشێنن و هیچ ترسی خودایان نیە،
٥٧ جا ئەوانەت کە لەشەڕدا بەگیرهێنان، وێڕای ئەوانەش کە هاتۆن پشتیان بگرن، بڕەتێنە؛ بەشکۆ تەمێ گرتۆبن.
٥٨ گەر هەستت کرد کۆمەڵێ لەوسوێندخۆرانە غەیان دەرچۆن، تۆش وەک ئەوان سوێندیان بەسەردابدەوە. خودا غەیانی خۆش ناوێن.
٥٩ خوانەناسان وابیرنەبەن وەپێش کەوتۆن؛ ئەوان ئێمە نابەزێنن.
٦٠ تا بۆودەکرێ چەک و جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدابکەن؛ دوژمنی پێ بترسێنن؛ کە دوژمنانی خوداشن. غەیری وانیش دوژمنو هەن نایان‌ناسن، بەڵام خودا دەیان‌ناسێ. هەرماڵێکی لەڕاهی خودای بەخت کەن، خودا دەیبژێرێتەوەو هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ.
٦١ ئەگەر داوای شەڕبەسیان کرد، قبۆڵی کەو هەر خۆت بەخودا بسپێرە؛ هەر خۆی گوێدێرو زانایە.

---

٥٣- دەرۆ: دەرفەتی رزگاربۆن، رێگەی نەجات. ٥٧- تەمێ‌گرتۆبۆن: سزادیتن لەسەرخەتاو تاوان.

٦١- گوێدێر: گوێدەر، بیسەر.

وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ
بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡۚ لَوۡ أَنفَقۡتَ
مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مَّآ أَلَّفۡتَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ وَلَٰكِنَّ
ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٦٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسۡبُكَ
ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ
يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا مِّنَ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ﴿٦٥﴾ ٱلۡـَٰٔنَ خَفَّفَ
ٱللَّهُ عَنكُمۡ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمۡ ضَعۡفٗاۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ
صَابِرَةٞ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمۡ أَلۡفٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفَيۡنِ
بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ
لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا
وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٦٧﴾ لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ
ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٦٨﴾ فَكُلُواْ مِمَّا
غَنِمۡتُمۡ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٦٩﴾

٦٢ گەر ویستیشیان فریوت دەن، بەستە کە خودات دەگەڵە. هەر ئەویش هاتەهاواری خۆت و خاوەن باوەڕان و یاریدەی دان.
٦٣ بەدڵ وانی کردە هۆگری یەکتری. ئەگەر هەرچی لەم سەرزەمینەدا هەیە، هەمۆت بەخت بکردایە، نەت دەتوانی وا لێکیان کۆبکەیتەوە؛ بەڵام خودا وا لێکی کردۆن بە هۆگر؛ هەر خۆی خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
٦٤ ئەی پێغەمبەر! بۆ تۆو بۆ باوەڕدارانێ شوێنت کەوتۆن، خودا بەسە.
٦٥ ئەی پێغەمبەر! هانەی باوەڕداران بدە بچنەخەزا؛ ئەگەر ئێوە بیست کەس بن و خۆڕاگربن، هێزتان بەدۆسەدکەس دەشکێ؛ گەر سەدکەستان خۆڕاگربن، - بەئیزنی خوا - دۆهەزارکەس لە خوا نەناسان رادەنێن؛ چونکە ئەوان کەسانێکی بێئاوەزن.
٦٦ ئێستا خودا کە دەزانێ ورەو تواناتان کەم بوە، کاری بۆ هاسانتر کردن. ئەگەر ئێوە سەدکەس بن و خۆڕاگربن، دەرەقەتی دۆسەتان دێن. خۆ ئەگەر ئێوە هەزاری خۆڕاگربن - بەئیزنی خوا- دەرۆستی دۆهەزاریان دێن. خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە.
٦٧ بۆ هیچ پێغەمبەرێک نەبوە دیلی هەبن؛ مەگەر وەختێ لەسەر زەمین بەتەواوی بۆبێتە خاوەن دەستەڵات. دەتانەوێ ماڵی دنیاتان دەس کەوێ، خوداش پاشەڕۆژی دەوێ. خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
٦٨ ئەگەر خودا ئەم ڕۆداوەی پێشۆتر نەنۆسیبایە، لەمەی کە وەدەستۆکەوت ئازاری زۆرۆ تۆش دەهات.
٦٩ ئەوتاڵانەی گرتۆتانە، حەڵاڵ و زەڵاڵە بیخۆن؛ ترسیشتان لە خودا هەبێ. خودا لە گونا دەبۆرێ و دلۆڤانە.

---

٦٣- وانی: ئەوانی. ٦٦- ورە: قەوەت، زۆر، هێز. دەرۆست هاتن: دەرەقەت هاتن.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ
فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرٗا يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرٗا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ
وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٧٠ وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدۡ خَانُواْ
ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ فَأَمۡكَنَ مِنۡهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ٧١ إِنَّ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ
ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ
وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ
بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٧٢ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ٧٣ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ
وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ٧٤ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ
بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ
بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ٧٥

٧٠ ئەی پێغەمبەر! تۆ بەو بەخسیرانە بێژە کە دەبەردەستی ئێوەدان: ئەگەر خودا ئاگای لێ بێ چاکەیەکتان لەدڵدایە، چاکتر لەوەی لێوسەنراوە، دەوداتەوەو لێوخۆش دەبێ. خودا لە گونا دەبۆرێ و دلۆڤانە.
٧١ خۆ ئەگەر بەونیازەش بن کە درۆ دەگەڵتو بکەن، زۆ وەل خوداش ناڕاست بۆن و ئەتۆی زاڵکرد بەسەریانا. خودا زانای لەکارزانە.
٧٢ ئەوانەی خاوەن باوەڕن و زێدی خۆیان جێهێشتوەو لە ڕای خودا بە گیان و ماڵ خەزایان کرد، ئەو کەسانەش کە ئەمانیان حاواندەوەو ئاریکاربۆن، بۆنە کەس وکاری یەکتر. ئەو گرۆی باوەڕدارانەش کە هەر لە شوێنەکەی خۆیان ماونەتەوەو نەهاتنەدەر، هەتا ئەوانیش دەرنەچن، نابێ دۆستایەتیان بکەن. بەڵام گەر ئەوان دەربارەی دینەکەیان یاریدە لەنگۆ بخوازن، لەسەرتانە کە ئێوە کۆمەگیان بکەن؛ مەگین لەدژی ئەوانەی دەگەڵ ئێوە هاوپەیمانن. هەرچی بیکەن خوا دەیبینێ.
٧٣ بەرەی خودانەناسانیش دۆستی نزیکی یەکترین. گەر ئێوە - وەک من پێم گوتۆن - ڕەفتارنەکەن، بشێوێنی و خراپەی زۆر لەم سەرزەمینە ڕۆدەدا.
٧٤ ئەوانەی خاوەن باوەڕن و لەوڵات ئاوارەبۆن و لەڕای خودا خەزایان کرد، ئەوانەش پەنایان دان و کۆمەگیان کرد، خاوەن باوەڕی بەڕاستن. خودا لەوانە خۆش بوەو بژیوی باش بۆ ئەوانە.
٧٥ ئەوکەسانەش کە پاشان بڕوایان هێناو بە ئاوارەیی دەرکەوتن و وێڕای ئێوە خەزایان کرد، لەخۆتانن. بەگوێرەی کتێبی خودا، خزم بۆ خزم لە نامۆ نزیکترە. خوا لە هەرشت ئاگادارە.

---

٧٢- حاواندنەوە: پەنادان. لەنگۆ: لە ئەنگۆ، لەئێوە. ٧٣- بشێوێنی: ئاژاوە، بشێوە. ٧٥- نامۆ: بیانی، بێگانە، غەوارە.

# سورة التوبة

بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١﴾
فَسِيحُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ غَيۡرُ مُعۡجِزِي
ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخۡزِي ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢﴾ وَأَذَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ
إِلَى ٱلنَّاسِ يَوۡمَ ٱلۡحَجِّ ٱلۡأَكۡبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِيٓءٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ
وَرَسُولُهُۥۚ فَإِن تُبۡتُمۡ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ
أَنَّكُمۡ غَيۡرُ مُعۡجِزِي ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ
﴿٣﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ثُمَّ لَمۡ يَنقُصُوكُمۡ
شَيۡـٔٗا وَلَمۡ يُظَٰهِرُواْ عَلَيۡكُمۡ أَحَدٗا فَأَتِمُّوٓاْ إِلَيۡهِمۡ عَهۡدَهُمۡ إِلَىٰ
مُدَّتِهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٤﴾ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ
فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ
وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥﴾
وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ
كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡلَمُونَ ﴿٦﴾



# تەوبە

١٢٩ ئایەت

١ دەربڕینی بێزاریە لە خوداو پێغەمبەریەوە، لەو شەریکدانەرانە وا ئێوە بۆنە
هاوپەیمانیان.
٢ هەتا چوارمانگ ڕێتان هەیە لەم زەمینەدا بگەڕێن؛ دەبێ ئەوەندەش
بزانن کە ناتوانن خۆتان لە خودا ڕزگارکەن. خوا هەمۆ دوژمنانی دین
ریسوادەکا.
٣ خوداو پێغەمبەری خودا لەڕۆژی حەجی مەزن دا، بە مەردم ڕادەگەیەنن
کە خوداو پێغەمبەری خوا لە بتپەرستان بێزارن. ئەگەر پەشیمان
بینەوە، قازانجتانە؛ ئەگەریش قبوڵی نەکەن، لێتان ڕۆن بێ کە لە دەس
خودا دەرناچن. مژدەش بدە بەوانەی خودانەناسن، بەشیان ئازاری
بەژانە.
٤ غەیرەز بتپەرستانێ کە پەیمانۆ دەگەڵ بەستۆن و لەسەر پەیمانەکەیان
لانەکەوتۆن و دژی ئێوە یاریدەی کەسیان نەداوە، هەتا ماوەی پەیمانەکە
بەسەردەچێ، ئێوە پەیمانتان مەشکێنن. خوا پارێزگاری خۆش دەوێن.
٥ هەر کە مانگەحەرامەکان بڕانەوە، ئەو بتپەرستانەو لە کوێ وەدەس
کەوێ، لە گرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان
بۆبنێنەوە. ئەگەر پەژیوان بۆنەوەو بۆنە نوێژکەرو زەکات دەر، ئەوسا
دەستیان لێ هەڵگزن. خودا لە گونا خۆش دەبێ و دلۆڤانە.
٦ هەرگا یەکێک لەوکەسانەی بتپەرستن خۆی خستە بەر داڵدەی تۆوە،
پەنای بدە؛ با گوتەی خودا ببیسێ. ئەوساکە بینێرە شوێنێ کە نەترسێ؛
چونکە ئەوانە نەزانن.

---

٥- بۆسە: داو، سیپە، رەبەت، مردەوزیندە.	٦- داڵدە: پەنا.

كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ
رَسُولِهِۦٓ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ فَمَا
ٱسْتَقَٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ
﴿٧﴾ كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا۟ فِيكُمْ إِلًّا
وَلَا ذِمَّةً ۚ يُرْضُونَكُم بِأَفْوَٰهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ
فَٰسِقُونَ ﴿٨﴾ ٱشْتَرَوْا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا۟
عَن سَبِيلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾ لَا يَرْقُبُونَ
فِى مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾
فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَإِخْوَٰنُكُمْ
فِى ٱلدِّينِ ۗ وَنُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿١١﴾ وَإِن نَّكَثُوٓا۟
أَيْمَٰنَهُم مِّنۢ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا۟ فِى دِينِكُمْ فَقَٰتِلُوٓا۟
أَئِمَّةَ ٱلْكُفْرِ ۙ إِنَّهُمْ لَآ أَيْمَٰنَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ
﴿١٢﴾ أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوْمًا نَّكَثُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ وَهَمُّوا۟
بِإِخْرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۚ
أَتَخْشَوْنَهُمْ ۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣﴾

٧ کوا ئەوانەی بتپەرستن، ئەوپەیمانەی بەخواو پێغەمبەری دەدەن بەجێی
دێنن؟ هەر ئەوانە هێشتا لەسەرپەیمان ماون، کە پێکەوە لەپەنا
«مَسْجِدُالْحَرام» پەیمانۆ بەست؛ تا لەسەر پەیمانەکە مان، ئێوە
پەیمانشکێن مەبن. خوا پارێزگای خۆش دەوێن.
٨ چۆن پەیمانێک! ئەوان هەرکاتێ بزانن پێودەوێرن، بەبێ ئەوەی گوێبدەنە
سوێندخۆری یان خزمایەتی، بەگژودادێن؟ هەر بە دەم دڵخۆشتان
دەکەن، بەڵام نیازی خراپیان لەدڵدایە؛ زوربەیان تۆشو بەدفەڕن.
٩ نیشانەکانی خودایان بەنرخێکی هنذک فرۆت؛ ئەوسا ڕێگەی خودایان
بەست. ئاکاری زۆر خراپ دەکەن.
١٠ لەمەڕ هیچ خاوەنباوەڕێک، هاوپەیمانیو خزمایەتی ڕەچاوناکەن؛ ئەمانە
هەر دەستدرێژی پیشەیانە.
١١ سا ئەگەر لە بتپەرستی وازیان هێناو نوێژیان کردو زەکاتیان دا، ئیتر
برای دینی ئێوەن. ئێمە ئەم نیشانانەمان بۆ خەڵکێ ڕۆن دەکەینەوە کە
زانابن.
١٢ ئەگەر لەدوای پەیمان بەستن سوێندەکەیان هەڵوەشاندو تەوسیان
دەدینەکەتان گرت، ئێوە لەیەل گەورەکانی خوانەناسان بەشەڕەوەرن؛
ئەوانن کە بێپەیمانن، بەشکۆ دەستوڵێ هەڵگرن.
١٣ ئاخۆ ئێوە بەگژ ئەوانەداناچن کە لە سوێند پاشگەزبۆنەوەو نیازیان وابۆ
پێغەمبەر لەناو خۆ دەرکەن؛ دەس پێشکەریش [لەشەڕێدا] ئەوان
کردیان؟ بۆ ئێوە لەوان دەترسن، ئەگەر باوەڕوهێناوە؟ بۆ لێترسان،
خودا لەوان هێژاترە.

---

٩- هنذک: کەم، کێم، پێچەوانەی زیاد.　١٢- تەوس: تیز، تانە، قسەی بەتێکوڵ.

١٣- پاشگەز: پەشیمان، پەژیوان.

قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ
عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٤﴾ وَيُذۡهِبۡ
غَيۡظَ قُلُوبِهِمۡۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ
﴿١٥﴾ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تُتۡرَكُواْ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ
مِنكُمۡ وَلَمۡ يَتَّخِذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
وَلِيجَةٗۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٦﴾ مَا كَانَ لِلۡمُشۡرِكِينَ
أَن يَعۡمُرُواْ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلۡكُفۡرِۚ
أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ وَفِي ٱلنَّارِ هُمۡ خَٰلِدُونَ ﴿١٧﴾
إِنَّمَا يَعۡمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ
وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمۡ يَخۡشَ إِلَّا ٱللَّهَۖ فَعَسَىٰٓ
أُوْلَٰٓئِكَ أَن يَكُونُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴿١٨﴾ ۞ أَجَعَلۡتُمۡ سِقَايَةَ
ٱلۡحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ كَمَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ
وَجَٰهَدَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ لَا يَسۡتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ أَعۡظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾

۱۴ ئێوە دەگۆیان ڕابچن؛ خودا هەر بە دەستی ئێوە ئەوان توشی ئازار دەکاو
ژێریان دەخاو سەرۆدەخا بەسەریان‌داو کارێک دەکا کولی دلی
باوەڕداران دابمرکێ.
۱۵ رکی دلیان رادەمالێ‌و خودا حەزکا، هەرکەسێکی لە گوناهان
دەس‌هەلگرێ، لیی وەردەگرێ. خودا زانای لە کارزانە.
۱۶ پێتان وایە کەس خۆتان تێ‌ناگەیەنێ‌و خواش لەوانەی لە ئێوە چۆنە
خەزایەو غەیرەز خوداو پێغەمبەرو باوەڕداران هیچ‌کەسێ رازداریان
نەبوە، بێ‌ئاگایە؟ خودا لە هەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.
۱۷ نوێژگەی خودا ئاواکردن بۆ بت‌پەرستان نەشیاوە. خۆیان ئێژن: خوا
ناناسین؛ هەرچی دەیکەن فیرۆ دەچێ‌و هەتاسەر لە دوژەهـ دەبن.
۱۸ هەر ئەوانە بۆیان هەیە نوێژگەی خودا ئاوابکەن، کە باوەڕیان بەخواو
ڕۆژی سەلا هەیەو نوێژدروست‌و زەکات دەرن‌و - لەخوا نەبێ - ترسیان
لە هیچ کەسێ نیە. لەوانەیە ئەمانە ڕێ‌زانەکان بن.
۱۹ ئاو لەحەجاج بەشینەوەو سەرپەرشتی مالی کابە، پێتان وایە دەگەلێ
کاری ئەوکەسانەی بۆ خودا چۆنەخەزایەو بڕوایان هەیە بە خوداو ڕۆژی
سەلا، وەکویەکە؟ لجەم خودا وەکویەک نین. خوا گرۆی ناهەقیکاران
ناخاتە سەر ڕاستەڕێگە.
۲۰ ئەوی بڕوایان هێناوەو توشی ئاوارەیی بۆن‌و بۆ خودا چۆنە خەزایەو
دەستیان لە مالێ‌و گیانی خۆ هەلگرتوە، لای خودا زۆر لە پێشترن‌و
بەئاواتی خۆیان دەگەن.

---

۱۵- رامالین: راستەوراست ماشینەوەو پاک‌کردنەوە.

۱۹- بەشینەوە: بەخشینەوە، بەشەوکردن، دابەش‌کردن.　　لجەم: لەلای.

يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا
نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ
عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَابَآءَكُمْ
وَإِخْوَٰنَكُمْ أَوْلِيَآءَ إِنِ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْكُفْرَ عَلَى ٱلْإِيمَٰنِ ۚ
وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ قُلْ إِن
كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ
وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ
تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ
فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى
ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ
كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ
تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ
بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا
وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦﴾

٢١ پەروەرێـنـیـان مـژدەی بەزەورەزای [ خـۆیو] بـاغـاتـی وایـان پـێـدەدا
کەدەوێدا خۆشی پایەداریان دەبێ.
٢٢ هەتاسەر هەر لەوێ دەبن. خودا پاداشی زۆرگەورەی لەلاهەیە.
٢٣ ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! ئەگەر بابو برای ئێوە لایان وابۆ ناباوەڕی لە
باوەڕهێنان باشترە، ئێوە تخۆنیان مەکەونو خۆشتان نەوێن؛ هەرکەس
لەنگۆ خۆشی بوێن، دیارە ناهەقیکارە.
٢٤ بێژە: ئەگەر بابو کوڕو براو ژن و خزمەکانوو ئەوماڵەی پەیداوکردوەو کەل
وپەلی بازرگانی - کە دەترسن لەبرەوکەوێ- و خانو بەرەی رندو
دڵخۆشکەرەی خۆتان، پێ لە خوداو پێغەمبەرو خەزاکردن لەڕێی خوادا
گرینگترە؛ چاوەنۆڕبن تا فەرمان لە خوداوە دێ. ئەوانەی
لەڕێلادەرن، خودا شارەزایان ناکا.
٢٥ خودا لەگەلێک شوێناندا دەهاناوهات؛ رۆژی حونەینیش هەروەها؛ کە
هەرچەندە بەزۆری خۆتان دەنازین، کەچی هیچ بەهرەی بۆنەدان؛ ئەم
زەمینە گوشادەتان لێ تەنگ هەڵات. لە دواییدا هەمۆ پاشەکشەتان
کردو بەرەودوا گەڕانەوە.
٢٦ پاشان خودا دڵنیایی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆیو بڕواداران بەڕێکردو
زۆرپێشمەرگەشی دابەزاند کە نەودەدین. خوانەناسانی سزاداو سزای
خودانەناسەکان هەر ئەمەیە.

---

**٢٣-تخۆن نەکەوتن:** توخن نەکەوتن، بەلادانەچۆن. **٢٤- کەل وپەل:** کەل پەل، ئەسپاباتی ماڵ.

**خانوبەرە:** خانۆی گەورە. **رند:** باش، پەسند.

ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ
رَّحِيمٞ ٢٧ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ
نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ
وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن
شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٢٨ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ
ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ
ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ
٢٩ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى
ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ
يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ قَٰتَلَهُمُ
ٱللَّهُۚ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٣٠ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ
وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ
مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ
لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١

۲۷ لەدوای ئەوەش هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ پەژیوانی قبوڵ دەکاو خوا
دەبوورێ و دلۆڤانە.
۲۸ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەو کەسانەی شەریک بۆ خودا دەناسن
ناپاکن، نابێ - پاش ئەمساڵ - لە «مَسْجِدُالْحرام» خۆ نزیک کەنەوە.
ئەگەر لەئاتاجیش ترسان، خوا بخوازێ لە چاکەی خۆی هەمۆتان
بێ نیازدەکا. خودا زانای لەکارزانە.
۲۹ وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بەخوداو ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خواو
پێغەمبەری خوا بەناڕەوایان زانیوە، ئەمان بەڕەوای دەزانن و نایەنە
سەردینی ڕاستیش، تا ئەوکاتەی بەزەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ
بەنکۆ دەدەن.
۳۰ جۆلەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە. فەلەش گوتیان: مەسیح
فرزەندی خودایە. ئەوقسانەی دەمی ئەوان ئەیدرکێنێ، وێنەی قسەی
خودانەناسانی پێشۆن. خوا بیان کوژێ، چۆنین لەحەقێ لادەدرێن؟
۳۱ لەبری خودا، مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فرزەندی
مەریەمیان کردە خوا؛ فەرمانیشیان پێدرابۆ بێژگە لەخوای تاک وتەنیا
نەپەرستن. لەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ. خودا بێ عەیبەو
بەدۆرە لەوشتانەی بەهاوتای ئەوی دەزانن.

---

۲۸- ئاتاجی: کەمایەسی، ئیحتیاج. ۲۹- وەل: وەگەرد، لەتەک، لەگەڵ.

۳۱- لەبری: لەجیاتی، بەجێگەی، لەجیای.

يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ
أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٣٢﴾ هُوَ ٱلَّذِيٓ
أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ
كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴿٣٣﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡأَحۡبَارِ وَٱلرُّهۡبَانِ لَيَأۡكُلُونَ
أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۗ
وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٣٤﴾ يَوۡمَ يُحۡمَىٰ
عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكۡوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمۡ وَجُنُوبُهُمۡ
وَظُهُورُهُمۡۖ هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ
تَكۡنِزُونَ ﴿٣٥﴾ إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثۡنَا عَشَرَ
شَهۡرٗا فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوۡمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ
مِنۡهَآ أَرۡبَعَةٌ حُرُمٞۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُۚ فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ
أَنفُسَكُمۡۚ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا
يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٣٦﴾

٣٢ دەیانەوێ بە فوی دەمیان، تیشکی ڕۆشنیایی خودا وەکوژێنن؛ خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ، جا با خودانەناسەکانیش حەزنەکەن.

٣٣ خودا بۆ ڕێ نیشاندان و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، پێغەمبەری خۆی ناردوە؛ تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا؛ هەرچەند ئەوانەش حەزنەکەن کە شەریک بۆ خودا دادەنێن.

٣٤ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەلاچاک و ڕەبەنەکانی ئەوانە، بەشی زۆریان - لە هەوانتە - ماڵی ئەوخەڵکە دەخۆن و ڕێی خوداشیان نیشان نادەن. ئەوکەسانەی زێڕو زێو کۆدەکەنەوەو لەڕای خودا بەختی ناکەن، تۆ لەوئازارە بەژانەی تۆشی دێن ئاگاداریان کە.

٣٥ ڕۆژێ کە ئەم زێڕو زێوە بە ئاگری جەهەندەم سوردەکرێنەوە، تویڵ و کەلەکەو پشتیانی پێ داغ دەکرێ: دەردی ئەوشتە بچێژن کە بۆخۆتان سەریەکۆنان.

٣٦ لەو ڕۆژەوە خوا ئاسمانان و زەمینی داهێناوە، نوسیوەتی ژمارەی مانگەکان دوازدەن؛ لەچواریاندا شەڕ دەوەستێ. ئەمە ڕەوشتێکی ڕاستە، لەمانەدا ناهەقی لەخۆتان مەکەن. ئەگەر ئەم بتپەرستانە بەتێکڕایی بەگژودادێن، ئێوەش بەگەلەکۆمەگی بەگژئەواندابچنەوە؛ بیشی زانن خوا دەگەڵ خۆپارێزانە.

---

٣٤- هەوانتە: خوڕایی، لەهیچ وپوچ. تۆلەو ئازارەبەژانەی...یا: مرگێنی ئازاری بەژانیان بدەرێ.

إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
يُحِلُّونَهُۥ عَامٗا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامٗا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ
فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُۚ زُيِّنَ لَهُمۡ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ وَٱللَّهُ
لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٧ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ
إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ
فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ٣٨
إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبۡكُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا وَيَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا
غَيۡرَكُمۡ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيۡـٔٗاۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ
قَدِيرٌ ٣٩ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدۡ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذۡ أَخۡرَجَهُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ إِذۡ
يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحۡزَنۡ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَاۖ فَأَنزَلَ
ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيۡهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٖ لَّمۡ تَرَوۡهَا
وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفۡلَىٰۗ
وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِيَ ٱلۡعُلۡيَاۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ٤٠

۳۷ ڕاگوێزان و ئاڵوگۆڕی ئەو مانگانە، دەبێتە هۆی زێدەبوونی خوانەناسی و خودانەناسەکانی پێ گومڕادەبن. لەساڵێکا شەڕ بە ڕەوا دەزانن و لەساڵێکا بە ناڕەوا؛ تاژمارەی مانگەڕەواو ناڕەواکان ئەوسا بەرانبەربێنەوەو لەئاکاما، ئەوەی خودا ڕەوای نەدیوە، ڕەوای‌کەن. دیارە شەیتان ئەوکردەوە نالەبارەی بۆجوان کردوون. خوا ئەوانەی دژی دینن، شارەزای ڕاستەڕی ناکا.

۳۸ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چیتانە کە پێتان ئێژن: وەدەر کەون بۆ خەزا لەڕای خودادا، تەمەڵن و لەجێی خۆ نابزوون؟ ئاخۆ ژیانی دنیاتان لە قیامەتێ پێ‌خۆشترە؟! گوزەرانی سەردنیایە بەرانبەر بە گوزەرانی ئەودنیاتان شتێکی زۆر کەم بایەخە.

۳۹ ئەگەر نەڕۆنە خەزایە، لەخواوە تووشی جەزرەبەی بەژان دێن و دەستەیەکی تازەبابەت دەخاتە شوێنەکەی ئێوەو لەم بارەوە هیچ زیانێکی پێ‌ناگەینن. خوا بۆ هەموشت توانایە.

۴۰ ئەر ئێوە یاریدەی نادەن، خودا بۆخۆی دەهانای‌هات: وەختێ خودانەناسەکان ئەویان دەرکرد، ئەودەمەش کە لە ئەشکەوتەکەدابوون و هەر یەکێک بوو لەدووکەسان، ئەوێ‌کاتیش بەهەواڵەکەی خۆی دەگوت: خەمت‌نەبێ! ئێمە خودامان دەگەڵە؛ ئۆقرەی لەخوداوە بۆهات و چەندین پێشمەرگەشی بۆنارد یاری بکەن؛ کە ئێوە نەتان دەدیتن. قسەی خودانەناسەکان وەبن کەوت و هەر قسەی خودا لەسەرە. خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.

---

۳۷- ڕاگوێزان: گوێزانەوە، شتێک لە جێکەوە بۆجێیەکی‌تر بردن. ئاڵ‌و گور: پێک‌گۆڕینەوە.

۴۰- ئەشکەوت: غار، هلۆڵ‌و ڕەهۆڵ لە کێودا. هەواڵ: دۆست، برادەر، ئاواڵ.

ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾
لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَّٱتَّبَعُوكَ وَلَٰكِنۢ بَعُدَتْ
عَلَيْهِمُ ٱلشُّقَّةُۚ وَسَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَوِ ٱسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا
مَعَكُمْ يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٤٢﴾
عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ
صَدَقُواْ وَتَعْلَمَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٤٣﴾ لَا يَسْتَـْٔذِنُكَ ٱلَّذِينَ
يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلْمُتَّقِينَ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَا يَسْتَـْٔذِنُكَ ٱلَّذِينَ
لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱرْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ
فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ ﴿٤٥﴾ ۞ وَلَوْ أَرَادُواْ ٱلْخُرُوجَ
لَأَعَدُّواْ لَهُۥ عُدَّةً وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ
وَقِيلَ ٱقْعُدُواْ مَعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴿٤٦﴾ لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم
مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُواْ خِلَٰلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ
ٱلْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾

٤١ سۆکبار بن یان گرانبار بن، بۆ خەزایە ڕێ دابگرن و لە گیان و ماڵ بەخت کردن درێغ مەکەن. گەر بزانن هەر بەقازانجی خۆتانە.

٤٢ ئەگەر دەسکەوتێ بێ ڕەنج و سەفەری سانا لەڕێ با، هاسان بەدوێت دا دەهاتن؛ بەڵام مەودای دوور و سەختیان، لا گران هات. دێن سوێندێ بە خودا دەخۆن کە: ئەگەر بمان توانیبا، ئێمەش دەگەڵتان دەهاتین. [بەوسوێندە] خۆ لەبەین دەبەن. خواش دەزانێ کە ئەمانە درۆدەکەن.

٤٣ خوا بت بەخشێ، بۆچ ئیزنت دان؟ ڕاوەستابای هەتا بۆت ڕۆشن ببا وە، کام ڕاستن و دروزنەکانیش بناسی.

٤٤ ئەوانەی بڕوایان هەیە بە خوداو بە ڕۆژی سەڵا، نایەن ئیزنت لێ بخوازن تا بەماڵ و گیان لەڕێی خوا خەزابکەن. خوا خۆپارێزان دەناسێ.

٤٥ هەر ئەوانە دێن کە ئیزنت لێ بخوازن، کە بڕوایان بە خواو ڕۆژی دوایی نیەو لەوناوەدا دوودڵ ماون و لەگومانی خۆیاندا هاتوچۆیانە.

٤٦ ئەگەر بیان ویستایە دەرچن، خۆیان بۆئامادەدەکرد؛ بەڵام خودا هاتنیانی پێ خۆش نەبۆ؛ وەرەی لەدڵیان بردەدەر. پێیان گوتن: ئێوەش وێڕای بەجێ ماوان بەجێ مێنن.

٤٧ گەر وێڕای ئێوەش هاتبان بۆ خەزایە، کاریان لەئێوە تێک دەداو کێشەیان بۆدەنانەوەو ئاژاوەیان بەرپادەکرد؛ هێندێکیشتان لەناودا بۆن قسەکانیان لێ دەبیستن. خودا لە ناهەقیکاران بەئاگایە.

---

٤٢- سانا: ئاسان، نەدیژوار. ٤٣- ئیزن: ئیجازە، مەرەخەستی.

٤٦- وەرە: زراو، وراو، ئازایی، تین و تاوی دڵ.

لَقَدِ ٱبۡتَغَوُاْ ٱلۡفِتۡنَةَ مِن قَبۡلُ وَقَلَّبُواْ لَكَ ٱلۡأُمُورَ حَتَّىٰ
جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَظَهَرَ أَمۡرُ ٱللَّهِ وَهُمۡ كَٰرِهُونَ ﴿٤٨﴾
وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ ٱئۡذَن لِّي وَلَا تَفۡتِنِّيٓۚ أَلَا فِي ٱلۡفِتۡنَةِ
سَقَطُواْۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ
﴿٤٩﴾ إِن تُصِبۡكَ حَسَنَةٞ تَسُؤۡهُمۡۖ وَإِن تُصِبۡكَ
مُصِيبَةٞ يَقُولُواْ قَدۡ أَخَذۡنَآ أَمۡرَنَا مِن قَبۡلُ وَيَتَوَلَّواْ
وَّهُمۡ فَرِحُونَ ﴿٥٠﴾ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ
ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوۡلَىٰنَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ
﴿٥١﴾ قُلۡ هَلۡ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحۡدَى ٱلۡحُسۡنَيَيۡنِۖ وَنَحۡنُ
نَتَرَبَّصُ بِكُمۡ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٖ مِّنۡ عِندِهِۦٓ
أَوۡ بِأَيۡدِينَاۖ فَتَرَبَّصُوٓاْ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ﴿٥٢﴾ قُلۡ
أَنفِقُواْ طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمۡ إِنَّكُمۡ كُنتُمۡ
قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَا مَنَعَهُمۡ أَن تُقۡبَلَ مِنۡهُمۡ نَفَقَٰتُهُمۡ
إِلَّآ أَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأۡتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ
إِلَّا وَهُمۡ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمۡ كَٰرِهُونَ ﴿٥٤﴾

٤٨ بەرێش پشێویان نایەوەو کاری تۆیان بەراوەژۆ نیشان دەدا. هەتا کارەکە ڕاست هاتو بەکوێرایی چاوی ئەوان فەرمانی خودا هاتەجێ.

٤٩ هەر لەوانەدا ئیوا هەن، دێن پێت ئێژن: ئیزنمان بدە با نەیەین؛ نەوەک تۆشی گوناهان بین. با بزانن کە هەر ئێستا کەوتۆنە ناو گوناهەوە. ئەوانەی خودانەناسن، دۆژەهـ دەورەیان لێدەدا.

٥٠ ئەگەر چاکەت بێتەڕێگە، ئەوانە پێیان ناخۆشە؛ ئەگەر تۆشی بەلایەش بی، ئێژن: ئێمە هەر لەپێشدا مشۆری خۆمان خواردوەو بەدڵخۆشی خۆت لێ دۆرەپەێز دەگرن.

٥١ بێژە: بێژگە ئەوەی خودا بۆی نۆسیبین تۆشمان نایە؛ هەر ئەو سەروەری ئێمەیەو گەرەکە خاوەنباوەڕان هەر خۆ بەخودابسپێرن.

٥٢ بێژە: ئاخۆ چاوەنۆڕن جگە لە یەکێ لەودوانەی - کە هەردوکیان باشەکانن - شتێکیترمان تۆش ببێ؟ ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین خودا هەر خۆی، یان بەهۆی ئێمە جەزرەبەۆ بۆبنێرێ. دەسا ئێوە چاوەنۆڕبن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین.

٥٣ بێژە: بەخۆشی خۆتان بێ یان بەزۆری ماڵ بەخت کەن، خودا لێتان قبۆڵ ناکا؛ چونکە ئێوە کۆمەڵێ لەڕێلادەربۆن.

٥٤ بۆیەش هەرچی بەختی بکەن، خودا لێیان قبۆڵ ناکا، چونکە ئەوان حاشایانکرد لە خوداو پێغەمبەرەکەی، نوێژەکانیان بە تەنبەڵی بەجێ دێننو ئەومالەش کەوا دەیبەخشن، زۆر بەنابەدڵی دەیدەن.

---

٤٨- پشێوی: ئاژاوە، بشێوە. ٥٠- مشۆرخۆری: بەتەگبیر خۆماندۆکردن بەکەسێ یان کارێکەوە.

٥١- گەرەکە: پێویستە، ئەشێ.

فَلَا تُعۡجِبۡكَ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُمۡۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم
بِهَا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَتَزۡهَقَ أَنفُسُهُمۡ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾
وَيَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمۡ لَمِنكُمۡ وَمَا هُم مِّنكُمۡ وَلَٰكِنَّهُمۡ
قَوۡمٞ يَفۡرَقُونَ ﴿٥٦﴾ لَوۡ يَجِدُونَ مَلۡجَـًٔا أَوۡ مَغَٰرَٰتٍ
أَوۡ مُدَّخَلٗا لَّوَلَّوۡاْ إِلَيۡهِ وَهُمۡ يَجۡمَحُونَ ﴿٥٧﴾ وَمِنۡهُم مَّن يَلۡمِزُكَ
فِي ٱلصَّدَقَٰتِ فَإِنۡ أُعۡطُواْ مِنۡهَا رَضُواْ وَإِن لَّمۡ يُعۡطَوۡاْ مِنۡهَآ إِذَا
هُمۡ يَسۡخَطُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ رَضُواْ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
وَرَسُولُهُۥ وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤۡتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ
وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ
لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ
وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ
فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٦٠﴾ وَمِنۡهُمُ
ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلنَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٞۚ قُلۡ أُذُنُ خَيۡرٖ
لَّكُمۡ يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَيُؤۡمِنُ لِلۡمُؤۡمِنِينَ وَرَحۡمَةٞ لِّلَّذِينَ
ءَامَنُواْ مِنكُمۡۚ وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٦١﴾

٥٥ سەیرت نەیە لە دارایی و زاروزیچێ کە هەیانە؛ خوا دەیەوێ لەدنیادا بەمانە ئازاریان داو هەر بەخوانەناسی بمرن.

٥٦ بەسوێندەوە ڕەش دەبنەوە، دەڵێن: ئێمەش لەخۆتانین؛ درۆش دەکەن لەئێوەنین؛ بەڵام ئەوان گرویەکی ترسەنۆکن.

٥٧ گەر ئەنوایەک یان ڕەهۆڵێک یان ئەشکەوتێکیان شک بربا، بە هەڵەداوان بۆی دەچۆن.

٥٨ هێندێک لەوان لەسەدەقەبەشینەوەت بەگازندەن؛ ئەگەر بەشی خۆیان بدرێ، ڕازی دەبن؛ ئەگەر بەشیان بەرنەکەوێ، تۆڕە دەبن و بۆڵە دەکەن.

٥٩ ئەگەر ئەوان بەوبەشە ڕازی بۆنایە کە خوداو پێغەمبەری خوا دەیانداتێ و بیانگوتا: ئێمە هەر خودامان بەسەو بەم‌زوانە خوداو پێغەمبەری خودا لەچاکەی خۆ بەشمان دەدەن، چدەقەوما؟

٦٠ زەکات هەر دەبێ بدرێتە هەژاران و کەم دەستان و ئەوکەسانەی پێ ڕادەگەن؛ بەختیش بکرێ بۆ هۆگری نەیاران و ڕزگارکردنی کۆیلان و قەرزداران لەڕای خوداو لەڕێگابەجێ ماواندا. بڕیارێکە لەخوداوە؛ خودا زاناو لەکارزانە.

٦١ لەوانەدا ئی‌واش هەیە پێغەمبەر ناڕەحەت دەکەن؛ ئێژن: هەمۆشت دەبیسێ. بێژە: گوێ لەچاکە دەگرێ کە بەقازانجی ئێوەیە؛ باوەڕی بەخودا هەیە؛ بەباوەڕدارانی تریش بڕوای هەیەو بەزەییشە بۆ ئەوانەی لە ئێوە بڕواوهێناوە. ئەوکەسانەش کە پێغەمبەر عەزیەت دەدەن، تۆشی ئازاری بەژان دێن.

---

٥٧- ئەنوا: پەناو پەسیو، جێ حاوانەوەی شەو، شوێنی باران نەگر. هەڵەداوان: پەلەی زۆر.

٥٨- گازندە: تۆڕە، قەڵس. ٦٠- نەیار: دژمن، بێگانە. کویلە: عەبد، بەندە.

يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَحَقُّ
أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّهُۥ
مَن يُحَادِدِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَأَنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدًا فِيهَا ۚ
ذَٰلِكَ ٱلْخِزْىُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٣﴾ يَحْذَرُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ
أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِى قُلُوبِهِمْ ۚ قُلِ ٱسْتَهْزِءُوٓا۟
إِنَّ ٱللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ
لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ
وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم
بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ
بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ
بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ
عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ۗ
إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ وَعَدَ ٱللَّهُ
ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ
فِيهَا ۚ هِىَ حَسْبُهُمْ ۚ وَلَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٦٨﴾

٦٢ سوێندو بە خودا بۆدەخۆن، کە ئێوەیان لێ ڕازی بن. با ئەگەر خاوەن باوەڕن، کارێ بکەن خواو پێغەمبەری خودایان لێ ڕازی بن.
٦٣ بۆ دەبێ نەیانزانیبێ هەرکەسێکی دژی خوداو پێغەمبەری خوا بوەستێ، تاهەتایە لەئاگری دۆزەهدایە؛ کە ڕیسوابۆنی گەورەیە؟
٦٤ ئەوانەی دوڕۆن دەترسن سەبارەت بەوان سوڕەتێک بێتە خوارێ، هەرچی لەدڵیاندا هەیە ئاشکرای کا. بێژە: ئێوە گاڵتەبکەن، ئەوەی خۆی لێ‌دەپارێزن خودا هەر ئاشکرای دەکا.
٦٥ خۆ ئەگەر لێشیان بپرسی: خەریکی چن؟ دەڵێن: ئێمە خەریکی گەپ‌وگاڵتە بۆین. بێژە: ئاخۆ گاڵتەو بەخواو پێغەمبەری خودا دەکرد؟
٦٦ داوای لێبۆردنێ مەکەن؛ ئێوە لەپاش بڕواهێنان بۆنە دژی ئیسلامەتی؛ ئەگەر ئێمە لەهێندێکانو خۆش ببین، دەبێ هێندێک ئازاربدرێن؛ لەبەر ئەوەی تاوانبار بۆن.
٦٧ نێرو مێ لەم دوڕوانە وەکویەکن؛ فەرمان بەخراپە دەدەن‌و ڕێگە لەبەر چاکە دەگرن؛ دەستی خۆشیان لە خێرکردن دەقوچێنن؛ خودایان لەبیربردەوەو خوداش ئەوانی لەبیرکرد. ئەوانەی دوڕۆیی دەکەن، هەمۆیان لەڕێ لادەرن.
٦٨ بڕیاری خودا هەر وەک بۆ خودانەناسەکان هەیە، دوڕوانی ژن‌و پیاویش دەگرێتەوە؛ بەتێکڕایی دەیانخاتە جەهەندەم‌و تاهەتا هەر تیادەبن؛ کە ئەمە بۆئەوان بەسە؛ بەر نەفرینی خواش کەوتۆن‌و ئازاردانیان بنەی نایە.

---

٦٧ـ لەبیرکردن: ژبیرکردن، لەهۆش بردنەوە. ٦٨ـ تێکڕایی: گش لەگش، سەرپاک، هەمۆ.

كَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً وَأَكْثَرَ
أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا فَٱسْتَمْتَعُوا۟ بِخَلَٰقِهِمْ فَٱسْتَمْتَعْتُم بِخَلَٰقِكُمْ
كَمَا ٱسْتَمْتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُم بِخَلَٰقِهِمْ وَخُضْتُمْ
كَٱلَّذِى خَاضُوٓا۟ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا
وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٦٩﴾ أَلَمْ يَأْتِهِمْ
نَبَأُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَقَوْمِ
إِبْرَٰهِيمَ وَأَصْحَٰبِ مَدْيَنَ وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتِ ۚ أَتَتْهُمْ
رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن
كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٧٠﴾ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ
أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ
وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾
وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا
ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ۚ
وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٧٢﴾

٦٩ وەک ئەوانەی پێش ئێوە بوُن، زۆر لە ئێوە بەهێزتر بوُن؛ مال و منداڵیشیان پتر. ئەوان لەوبەشەی کە بۆیان کەڵکیان وەرگرت؛ ئێوەش وەتر؛ هەروا ئەوانەی پێش ئێوەش، لە بەشی خۆ کەڵکیان وەرگرت. ئەنگۆ تۆشی پڕوپۆچ بوُن؛ هەروەک ئەوانە تۆشی بوُن. ئەوان لەدنیاو سەڵادا کردەوەیان بەفیڕۆچوُ؛ هەر بۆخۆشیان زیانبار بوُن.

٧٠ ئاخۆ دەنگ وباسی نوُح و عادو سەموُدو خەڵکی مەدیەن و موئتەفیکەو هاوچەرخانی ئیبراهیمیان پێ نەگەیوە، کە لەپێش واندا ژیاون؛ کە پێغەمبەرانی ئەوان بەچەندبەڵگەی ئاشکراوە چوُنەناویان؟ خوا ناهەقی لێ نەکردن؛ هەر بۆخۆیان ناهەقیان لەخۆیان کرد.

٧١ ژن و پیاوی باوەڕداردۆستی یەکترین؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و بەر لە کاری کرێت دەگرن و نوێژدەکەن و زەکات دەدەن و بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەری خودان. خوا ئەمانە وەبەر بەزەیی خۆی دەخا. خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.

٧٢ خوا بەڵێنی بەپیاوان و ژنانی بەباوەڕ داوە، باغاتێکیان خەڵات دەکا، جۆباریان بەبەردادەڕواو هەر دەوێدا دەمێننەوە. چەندین خانوی هەرەباشی لەناو باغاتی عەدن دا بۆداناون. ڕەزای خوداش، کە لە گشتی هێژاترە؛ دەسکەوتی مەزن ئەمەیە.

---

٦٩- کەڵک وەرگرتن: فایدەبردن، قازانج کردن.   ٧١- کرێت: نالەبار، پیس و خراب.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ
وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٧٣ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ
مَا قَالُواْ وَلَقَدۡ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلۡكُفۡرِ وَكَفَرُواْ بَعۡدَ إِسۡلَٰمِهِمۡ
وَهَمُّواْ بِمَا لَمۡ يَنَالُواْۚ وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنۡ أَغۡنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ
مِن فَضۡلِهِۦۚ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيۡرٗا لَّهُمۡۖ وَإِن يَتَوَلَّوۡاْ يُعَذِّبۡهُمُ
ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَمَا لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ
مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ٧٤ ۞ وَمِنۡهُم مَّنۡ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنۡ
ءَاتَىٰنَا مِن فَضۡلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٧٥
فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضۡلِهِۦ بَخِلُواْ بِهِۦ وَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعۡرِضُونَ
٧٦ فَأَعۡقَبَهُمۡ نِفَاقٗا فِي قُلُوبِهِمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ يَلۡقَوۡنَهُۥ بِمَآ أَخۡلَفُواْ
ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُواْ يَكۡذِبُونَ ٧٧ أَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ
أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ سِرَّهُمۡ وَنَجۡوَىٰهُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ
ٱلۡغُيُوبِ ٧٨ ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ٱلۡمُطَّوِّعِينَ مِنَ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا
جُهۡدَهُمۡ فَيَسۡخَرُونَ مِنۡهُمۡ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنۡهُمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٩

٧٣ ئەی پێغەمبەر! دەگەڵ خودانەناسان و ئەوانەی دوڕوویی دەکەن، بەشەڕوەرەو بەتوندو تیژی ڕەفتاریان دەگەڵ بکە. ئەنوای ئەوان جەهەندەمەو دوارۆژی دژواریان هەیە.

٧٤ سوێندێ دەخۆن کە بەخودا ئەوەیان نەدرکاندوە؛ کەچی قسەی خودانەناسانەیان کرد. دیارە لەپاش موسوڵمان بوُن لەدین پەشیوان بوُنەوە؛ خەیاڵیان دابوەسەرشتێ، بۆیان نەلوا پێکی بێنن. هەر بۆیەش ڕکیان بۆتەوە کە خوداو پێغەمبەری خوا بەوچاکەی دەگەڵی کردوُن، ناگوزوُری بۆ نەهێشتوُن. ئەگەر پەشیمان ببنەوە، هەر بەقازانجی خۆیانەو ئەگەر هەر ڕوُیان وەرگێڕا، خودا لەم دنیاو لەودنیا، ئازاری بەژانیان دەداو لەم هەردەدا، نە کەس دۆستایەتیان دەکا، نە یاوەریان دەس دەکەوێ.

٧٥ هێندێک لەنێو ئەوانەدا پەیمانیان دەگەڵ خودا بەست کە: شەرتە ئەگەر خودا لە چاکەی خۆی بەشمان بداتێ، ئێمەش خێرو خێرات دەکەین و دەچێنە ڕێزەی پیاوچاکانەوە.

٧٦ کە خوا کردی و لە چاکەی خۆی زێدەی دانێ، ڕژدایەتیان لەسەرکردو دیسان پشتیان هەڵکردو ڕوُیان وەرگێڕا.

٧٧ چونکە ئەوان پەیمانی خوایان شکاندو درۆیان لەیەل خوداکرد، دوڕوُیی هەر لەدڵیاندا هێشتۆتەوە، تا ئەو ڕۆژەی دێنەبەر بارەگای خودا.

٧٨ بۆ نازانن خودا بەڕازیان دەزانێ و ئاگای لە سرتەشیان هەیەو خۆی لە هەرچی نادیارە، ئاگادارە.

٧٩ ئەوکەسانە تەوس دەگرنە بڕوادارانێ کە زێدە لە زەکات، خێراتێ دەکەن؛ تانەش دەدەن لەوانە وا هەر ئەوەندەیان دەس دەڕوا کە دەیبەخشن؛ ئەوسا گاڵتەشیان پێدەکەن. خودا گاڵتە بەمان دەکاو ئازارێ بەژانیان دەبێ.

٧٤- لوان: ڕەخسان، هەڵکەوتن. ٧٩- تەوس گرتن: تانەلێدان، تیزگرتن، تەشەروەشاندن.

ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً
فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۗ
وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٨٠﴾ فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ
بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓا۟ أَن يُجَٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُوا۟ لَا تَنفِرُوا۟ فِى ٱلْحَرِّ ۗ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ
أَشَدُّ حَرًّا ۚ لَّوْ كَانُوا۟ يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ فَلْيَضْحَكُوا۟ قَلِيلًا وَلْيَبْكُوا۟ كَثِيرًا
جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ إِلَىٰ طَآئِفَةٍ
مِّنْهُمْ فَٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخْرُجُوا۟ مَعِىَ أَبَدًا وَلَن
تُقَٰتِلُوا۟ مَعِىَ عَدُوًّا ۖ إِنَّكُمْ رَضِيتُم بِٱلْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَٱقْعُدُوا۟
مَعَ ٱلْخَٰلِفِينَ ﴿٨٣﴾ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ
عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ
﴿٨٤﴾ وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَأَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُعَذِّبَهُم
بِهَا فِى ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾ وَإِذَآ
أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُوا۟ مَعَ رَسُولِهِ ٱسْتَـْٔذَنَكَ
أُو۟لُوا۟ ٱلطَّوْلِ مِنْهُمْ وَقَالُوا۟ ذَرْنَا نَكُن مَّعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴿٨٦﴾

٨٠ لێ خۆشبوّنیان بۆ داوابکەی یان نەکەی، بێ بەهرەیە. ئەگەر تۆ حەفتا
کەرەتیش نزای بەخشینیان بۆبکەی، خوا هەرگیز لّیان خۆش نابێ؛ چون
ئەوانە لە خوداو پێغەمبەرەکەی حاشادەکەن؛ خواش گرۆی
لەرێلادەران ناخاتەسەر ڕاستەرێیە.
٨١ ئەوانەی بەوە دڵخۆشن کە لەماڵەخۆیان مانو لە هاورێبوّن دەگەڵ
خوداو پێغەمبەری خۆیان بواردو نەیانویست کە ماڵو گیانیان لەڕاهی
خودا بەخت کەنو دەیانگوت: لەم گەرمایەدا دەرمەکەوّن. بێژە: ئەگەر
تێگەیشتنیان هەبوایە، خۆ ئاگری جەحەندەم زۆر گەرمترە.
٨٢ با کەم بخەننو زۆر بگرین لەسزای ئەوکارانەدا کە دەیانکرد.
٨٣ ئەر خوا تۆی لە خەزا گەڕاندەوە بۆ لای هێندێک لەوانو لەتۆیان داواکرد
ئیزنیان بدەی بچنەخەزا؛ بێژە: هەرگیز ناشێ دەگەڵمان دەرکەونو قەت
دەگەڵ من ناچنەشەڕی هیچ دوژمنێک. ئێوە هەر سەرلەهەوەڵێ
خانەنشینیتان نەقاند؛ ئێستاش هەر خانەنشین بن؛ وێڕای ئەوانەی
مانەوە.
٨٤ هەرکەسێکیشیان لێبمرێ، نابێ نوێژی لەسەربکەی و لەسەر گۆڕی
ڕامەوەستە. ئەوان لە خواو پێغەمبەر حاشایان کردو کە مردن لەڕێ
لادەربوّن.
٨٥ داهاتو عەولادی زۆریان بەلاتەوە گرینگ نەبێ. خوا دەیەوێ هەر
بەمانە لە دنیا جەزرەبەیانداو بەبێدینی گیانیان دەرچێ.
٨٦ هەرکا سوّرەتێک دێتەخوار کە باوەڕ بە خوا بهێننو لەتەک
پێغەمبەرەکەیدا بچنەخەزا، خاوەن دەستەڵاتەکانیان دێن ئیزن لەتۆ
دەخوازنو ئێژن: وازلە ئێمە بێنە، با ئێمەش لەماڵ بمێنین؛ وەک
خانەنشینانیتر.

---

٨٣- نەقاندن: هەڵبزاردن، هەڵبژارتن. وێڕا: لەیەل، لەتەک، لەگەڵ.

رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ
لَا يَفْقَهُونَ ﴿٨٧﴾ لَٰكِنِ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ
جَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْخَيْرَٰتُ ۖ
وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨٨﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى
مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٨٩﴾ وَجَآءَ
ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟
ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
﴿٩٠﴾ لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ
لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا۟ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ
مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩١﴾
وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ
مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوا۟ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ
حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا۟ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾ ۞ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى
ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَآءُ ۚ رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟
مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٩٣﴾

۸۷ بەوە ڕازی بۆن وەل بەجیٚماوەکان بن؛ مۆریان بەسەردڵەوەیەو هیچ تیٚناگەن.
۸۸ بەڵام پیٚغەمبەری خوداو ئەوانەی دەگەڵ ئەودان و باوەڕدارن، بە ماڵ و گیان چۆنەخەزا؛ خۆشی و چاکی بۆئەوانەو ڕزگارەکانیش ئەوانن.
۸۹ خودا باغاتیٚکی بۆوان سازداوە کە جۆباریان بەبەردادەڕواو تا هەتایەی تیٚدادەبن. ئەمەیە دەسکەوتی گەورە.
۹۰ عارەبی دەشتەکی هاتۆن، بڕوبەهانە دەتاشن ئیزنیان بدەی[نەچنە خەزا]. ئەو کەسانەش کە حاشایان لەخواو پیٚغەمبەری هەیە، لەماڵەخۆیان ڕۆنیشتۆن. ئەوانە بۆنەخوانەناس - بەمزوانە - تۆشی ئازاریٚ تۆش دەبن.
۹۱ لەسەر ئەوانەی بیٚهیٚزو لەش بەبارو ئەوانەی هیٚندە شک نابەن خیٚرات بکەن، سۆچیٚک نیە، ئەگەر ئەوان بۆ خوداو پیٚغەمبەرەکەی ئامۆژگاری مەردم بکەن. هیچ گلەیەک لەسەر چاکەکاران نیە. خودا لەگونا دەبۆریٚ و دلۆڤانە.
۹۲ هیچ گلەش لەوانە ناکریٚ کە هاتنەلات هەڵیانگری و گوتت: چارەوای وام نیە هەڵتانگریٚ. لە خەمباری فرمیٚسکیان دەچاوان تزاو گەڕانەوە؛ چونکە هیچی وایان نەبۆ بەختی بکەن.
۹۳ ڕیٚی گازندە هەر لەسەر ئەوکەسانەیە کە بۆدەن و مەرەخەسیت لیٚ دەخوازن؛ بەمە ڕازین دەگەڵ بەجیٚ ماوەکان بن؛ خودا مۆری بەسەر دڵیانەوە ناوەو هیچ تیٚناگەن.

---

۹۰- ڕۆنیشتن: دانیشتن، نیشتن، ۹۲- تزان: هاتن (بۆفرمیسک لەچاو). ۹۳- بۆدە: دەوڵەمەند.

يَعۡتَذِرُونَ إِلَيۡكُمۡ إِذَا رَجَعۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡۚ قُل لَّا تَعۡتَذِرُواْ لَن
نُّؤۡمِنَ لَكُمۡ قَدۡ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنۡ أَخۡبَارِكُمۡۚ وَسَيَرَى
ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ
وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٩٤﴾ سَيَحۡلِفُونَ
بِٱللَّهِ لَكُمۡ إِذَا ٱنقَلَبۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡ لِتُعۡرِضُواْ عَنۡهُمۡۖ فَأَعۡرِضُواْ
عَنۡهُمۡۖ إِنَّهُمۡ رِجۡسٞۖ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ
يَكۡسِبُونَ ﴿٩٥﴾ يَحۡلِفُونَ لَكُمۡ لِتَرۡضَوۡاْ عَنۡهُمۡۖ فَإِن
تَرۡضَوۡاْ عَنۡهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَرۡضَىٰ عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ
﴿٩٦﴾ ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ
حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٩٧﴾ وَمِنَ
ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغۡرَمٗا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ ٱلدَّوَآئِرَۚ
عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿٩٨﴾ وَمِنَ
ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَيَتَّخِذُ
مَا يُنفِقُ قُرُبَٰتٍ عِندَ ٱللَّهِ وَصَلَوَٰتِ ٱلرَّسُولِۚ أَلَآ إِنَّهَا قُرۡبَةٞ
لَّهُمۡۚ سَيُدۡخِلُهُمُ ٱللَّهُ فِي رَحۡمَتِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٩٩﴾

٩٤ کاتێ ئێوە دەگەڕێنەوە بۆلایان، عوزرخواییتان لێدەکەن. بێژە: هیچ عوزری پێ ناوێ، ئێمە بڕواتان پێ ناکەین؛ لەمەڕ ئێوە خودا خەبەری پێداوین. خوداو پێغەمبەری خودا کردەوەکانتان دەبینن و لەئاکاما دەبرێنەوە بۆلای ئەوەی کە لە خویاو بەرپێواران ئاگادارە؛ ئەوسا خەبەردارتان دەکا کە چۆن کارێکتان کردوە.

٩٥ هەرگا ئێوە دەگەڕێنەوە بۆلایان، دێن و بەخواتان سوێنددەدەن کە خۆیان تێ نەگەیەنن. ئێوە وازلەوانە بینن، چونکە ئەوانە گەمارن و لەسزای کردەوەکانیان دوڕ جەهەندەمە جێگایان.

٩٦ ملتان بۆ لەسوێندان دەنێن کە ئێوە لەخۆ ڕازی کەن؛ گەر ئێوەش لێیان ڕازی بن، خوا لە گرۆی لەڕێ لادەر ڕازی نابێ.

٩٧ عارەبەکانی دەشتەکی لەمەڕ خودانەناسین و دوڕوٗیی، بێ ڕەزاترن و بۆ سنوٗر پێ نەزانینی هەرچی خودا بۆ پێغەمبەری ناردوە، کوٚلّی ترن. خودا زانای لەکارزانە.

٩٨ هێندێک هەر لەودەشتەکیانە، هەرچی بیدەن وای دەزانن کە خاوەیان لێ سەنراوە؛ لێودەخەفتێن کە بەلاّیەکتان بەسەربێ؛ بەلاّ هەر بەسەر خۆیان بێ. خودا بیسەرو زانایە.

٩٩ هەر لەناو ئەو دەشتەکیانەش ئیوا هەیە بڕوای بە خواو بە ڕۆژی قیامەتێ هەیەو هەرچی لەم ڕێیەدا دەیدا، بۆ نزیکی لەخودایەو بۆ ئەمەیە کە پێغەمبەر بەنزا لەبیریان نەکا با بزانن کە هەربینا نزیک دەبنەوە لە خوداو دەیانخاتە بەربەزەی خۆی. خودا دیارە گوناە بەخش و دلۆڤانە.

---

٩٤- **خویا:** دیار، ئاشکرا. **بەرپێوار:** نادیار ٩٥- **گەمار:** پیس، چڵکن. **دوڕ:** ناوەند، ناوەڕاست.
٩٧- **کۆڵی:** ناشی، لەکارنەزان. ٩٨- **خاوە:** باج، پیتاک. **دەخەفتێن لە خەفتان:** چاوەنۆڕی دەرفەت بوٗن.
**هەربینا:** بەوزوانە.

وَالسَّٰبِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَٰجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ
اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ
لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا أَبَدًا
ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾ وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ الْأَعْرَابِ
مُنَٰفِقُونَ وَمِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ مَرَدُوا عَلَى النِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ
نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ
عَظِيمٍ ﴿١٠١﴾ وَءَاخَرُونَ اعْتَرَفُوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا عَمَلًا صَٰلِحًا
وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى اللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠٢﴾
خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ
إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٣﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوا
أَنَّ اللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَأْخُذُ الصَّدَقَٰتِ وَأَنَّ
اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾ وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ
وَرَسُولُهُۥ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَٰدَةِ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ وَءَاخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ
اللَّهِ إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠٦﴾

١٠٠ خوا لەوانەی هەر پێشوٚ ئاوارەبوٚن و لەوانەش کە یاریدەربوٚن، لەوانەش کە لەچاکەدا دایانە سەر شوٚپی ئەوان، رازی بوەو ئەوانیش لە خوا ڕازین و باغاتێکی بوٚ سازداون جوٚباریان بەبەردادەڕواو تا هەتایە تێدادەبن و ئەمەیە دەسکەوتی گرینگ.

١٠١ لەوعەرەبە دەشتەکیانەی - کە لە دەوروبەری ئێوەن - هێندێکیان و هێندێکیش لە خەڵکی مەدینە دوٚڕون و هەر بوٚ دوڕوٚیی ڕاهاتوٚن؛ ئەتوٚ ئەوانە ناناسی، ئێمە زوٚر باشیان دەناسین. دوٚ جار ئازاریان دەدەین و لەدواییدا دەیانخەینە بەر جەزرەبەی هەرەدژوار.

١٠٢ هی‌تریش هەن دانیان ناوە بە گوناهەکانی خوٚیاندا، کارێ باش و یەکێ خراپیان تێکەڵ کرد؛ شایەت خودا توٚبەیان لێ قبوٚڵ بکا. خودا لە گوناه دەبوٚرێ و دلوٚڤانە.

١٠٣ لەداراییەکی هەیانە سەدەقەیان لێ‌وەرگرە، تا بەوە پاک و خاوێنیان بکەیتەوە. نزای باشیان دەرهەق بکە، نزای توٚ ئوٚقرەیە بوٚوان. خودا بیسەرو زانایە.

١٠٤ چوٚن دەبێ نەیانزانیبێ خودا توٚبە لەعەبدی خوٚی قبوٚڵ دەکاو سەدەقەشیان لێ‌وەردەگرێ و خودا توٚبەقبوٚڵ‌کارو دلوٚڤانە؟

١٠٥ بێژە: دەسا وەکارکەون، کاری ئێوە بەزوێکی زوٚ لەلای خوداو پێغەمبەری و خاوەن‌باوەڕان دیارئەداو بەوزوانە دەبرێنەوە بوٚلای زانا بە نادیاری و دیاران؛ ئەوسا ئاگادارۆدەکا کە چوٚن کارێکتان کردوە.

١٠٦ هێندێکیشیان چاوەڕێی فەرمانی خودان. جا یان جەزرەبەیان دەدا، یان توٚبەیان لێ‌وەردەگرێ. خودا زانای لەکارزانە.

---

١٠٠-شوٚپ: شوێن‌پا. ١٠١-راهاتن: فێربوٚن بەتەواوی، بارهاتن.

وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسۡجِدٗا ضِرَارٗا وَكُفۡرٗا وَتَفۡرِيقَۢا بَيۡنَ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَإِرۡصَادٗا لِّمَنۡ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبۡلُۚ
وَلَيَحۡلِفُنَّ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّا ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ
﴿١٠٧﴾ لَا تَقُمۡ فِيهِ أَبَدٗاۚ لَّمَسۡجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقۡوَىٰ مِنۡ أَوَّلِ
يَوۡمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِۚ فِيهِ رِجَالٞ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْۚ
وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ أَفَمَنۡ أَسَّسَ بُنۡيَٰنَهُۥ
عَلَىٰ تَقۡوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٍ خَيۡرٌ أَم مَّنۡ أَسَّسَ بُنۡيَٰنَهُۥ
عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٖ فَٱنۡهَارَ بِهِۦ فِي نَارِ جَهَنَّمَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي
ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٩﴾ لَا يَزَالُ بُنۡيَٰنُهُمُ ٱلَّذِي بَنَوۡاْ رِيبَةٗ
فِي قُلُوبِهِمۡ إِلَّآ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١١٠﴾
۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم
بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ
وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ
وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ
بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١١١﴾

١٠٧ ئەوانەش وا مزگەوتێکیان چێکردوە تا هۆی زیان و خوانەناسی و پرگ وبلاوی نێوان باوەڕدارەکان بێ و تا ڕوانگەبێ بۆ ئەوانەی لەپێشوودا دژی خوداو پێغەمبەری ڕاوەستابون، سوێندیش دەخۆن کە: جگە لەچاکەکردن نیازێکی ترمان نەبوگە؛ خوا شایەتە کە ئەوانە درۆزنن.

١٠٨ هەرگیز لەوێدا نوێژمەکە. ئەو مزگەوتەی ڕۆژی بەرێ لەسەر هەستی خوداترسی دامەزرابێ، هێژاترە کە تۆ نوێژی تێدابکەی. لەوێندەرێ پیاوی وا هەن حەزدەکەن بەپاکی بژین؛ خوداش لە پاکان خۆشی دێ.

١٠٩ ئاخۆ کەسێ کە هیمی مزگەوتەکەی خۆی لەسەر هەستی خواپەرستی و ڕەزای خودا دارشتبێ هێژاترە، یان ئەوکەسەی کە بناغەی مزگەوتەکەی لەسەر لێواری کەندالی فشەڵەو ڕۆخەک داناوەو دەگەڵ ئەودا دەکەوێتە ناو ئاگرو کلپەی دۆزەه؟ خودا دەستەی ستەمکاران شارەزای ڕاستەڕێ ناکا.

١١٠ ئەو خانوەی سازیان داوە، هەر مایەی دڵخورتیانە؛ جا مەگین ئەودڵانەیان کوت کوت ببێ. خوداش زانای لەکارزانە.

١١١ خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوەو لەباتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە ڕای خوا شەڕ دەکەن و دەکوژن و دەشیانکوژن. لەتەورات و لە ئینجیل و قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە. سا کێ لە خوا بۆ پێک هێنانی بەڵێنی دروسترە؟ دەسا ئێوە بەوسەودایەو مزگێنی بەیەکتربدەن، کە دەسکەوتێکی زۆرگەورەو دەس کەوتوە.

---

١٠٩- هیم: بنەڕەت، بنچینە. کەندال: دادڕاوی زەوی لەئاو یان لە روخان. فشەڵە: فشەڵۆک، سست و شل و خۆنەگرتۆ. ڕۆخەک: ڕۆخە، نزیک بە ڕمان، لەسەر ڕۆخان. ١١٠- دڵخورتی: دڵەڕەپێ، دڵەخورپێ، نیگەرانی.

ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلۡعَٰبِدُونَ ٱلۡحَٰمِدُونَ ٱلسَّٰٓئِحُونَ
ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ
وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ
وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١١٢﴾ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن
يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ
مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ وَمَا كَانَ
ٱسۡتِغۡفَارُ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوۡعِدَةٖ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ
فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوّٞ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنۡهُۚ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٞ
﴿١١٤﴾ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ
يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾ إِنَّ ٱللَّهَ
لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۚ وَمَا لَكُم مِّن
دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ﴿١١٦﴾ لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى
ٱلنَّبِيِّ وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي
سَاعَةِ ٱلۡعُسۡرَةِ مِنۢ بَعۡدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٖ
مِّنۡهُمۡ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّهُۥ بِهِمۡ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٧﴾

١١٢ تۆبەکارن، خواپەرستن، هەر پەسندی خودا دەدەن؛ ڕۆژۆگرن، بەکڕنوش و سوژدەبەرن، هانەی کاری چاک دەدەن و بەر لە ناڕەوا دەگرن و سنۆری خوا دەپارێزن. مژدە بدە بەوانەی خاوەن باوەڕن.

١١٣ ڕەوانیە بۆ پێغەمبەر و ئەوانەی باوەڕدارن، داوای بۆردن بۆ بت پەرستەکان بکەن - جا با خزمی نزیکیش بن - لەپاش ئەوەی سۆر دەزانن کە جەحەندەم جێگەیانە.

١١۴ کە ئیبراهیم داوای عافوکردنی بۆ ئاپی خۆی کرد، تەنیا بۆ بەجێ هێنانی بەڵێنێک بۆ کە پێی دابو. بەلام کاتێ کە سۆر زانی دژی خوایە، ئیتر هیچ خۆی تێ نەگەیاند. بێگومان ئیبراهیم گەلێک لەخواترس و لەسەرخۆبۆ.

١١٥ پاش ئەوەی خوا کۆمەڵێکی خستە سەرڕێ، ئیترهەتا دیاری نەکا دەبێ لەچی بەپارێزبن، لەڕاستە ڕێیان دەرناخا. خودا هەمۆشت دەزانێ.

١١۶ خاوەن موڵکی عاسمانەکان و زەمینێ هەر خودایە. گیان وەبەر دێنێ و دەمرێنێ و جیا لەخودا، دۆست و یاریدەرتان نیە.

١١٧ خوا لە پێغەمبەر و ئەوانەی دەربەدەرن و ئەوانەی یاریدەدەرن و لەجەنگەی تەنگانەدا هەر پەیڕەوی ئەوبۆن، خۆش بوە. لەپاش ئەوەی هێندێک لەوان وەختابو دڵیان گومڕابێ * ، دیسان خودا عافوی کردن. خودا دڵسۆزی ئەوانەو دەگەڵیانا میهرەوانە.

---

١١۴- بەڵێن: سۆز، قەول، پەیمان. ئاپ: مام، مامۆ، برای باوک. ١١٧- وانە: ئەوانە.

* مەبەست لە گومڕابونی دڵ، لەڕێ لادانە.

وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ
بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ
مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ
ٱلرَّحِيمُ ١١٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ
ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩ مَا كَانَ لِأَهۡلِ ٱلۡمَدِينَةِ وَمَنۡ حَوۡلَهُم
مِّنَ ٱلۡأَعۡرَابِ أَن يَتَخَلَّفُواْ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ وَلَا يَرۡغَبُواْ بِأَنفُسِهِمۡ
عَن نَّفۡسِهِۦۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ لَا يُصِيبُهُمۡ ظَمَأٞ وَلَا نَصَبٞ
وَلَا مَخۡمَصَةٞ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوۡطِئٗا يَغِيظُ
ٱلۡكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنۡ عَدُوّٖ نَّيۡلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم
بِهِۦ عَمَلٞ صَٰلِحٌۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٢٠
وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةٗ صَغِيرَةٗ وَلَا كَبِيرَةٗ وَلَا يَقۡطَعُونَ
وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمۡ لِيَجۡزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحۡسَنَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ١٢١ ۞ وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ
فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ
وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ ١٢٢

۱۱۸ دەربارەی ئەوسێکەسانەش خۆیان لە خەزا دزیەوە، تا وای لێهات ئەم زمینە هەراوەیان لێ‌وەتەنگ هات؛ خۆشیان تەنگانەیان هاتێ‌و تێگەییشتن هیچ پەنایەکیان نەماوە، مەگین هەر پەنا بەوبەرن. پاشان ئەوانیشی بەخشی کە بەرەوخودا وەگەڕێن. خودا تۆبە قبوڵ دەکاو دلۆڤانە.

۱۱۹ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! با ترسۆ لەخودا هەبێ‌و لەڕێزی ڕاستاندا بژین.

۱۲۰ مەدینەیی‌و ئەوعارەبە دەشتەکیانەی لەدەوریانن، نەدەبوایە پێغەمبەری خودایان وەلابنایەو خۆیان لەو هەلاواردایە؛ چونکۆ هەرچی لە تینگی‌و لە مانگی‌و لە برسیەتی - کە لەڕای خودا تۆشیان دێ - و هەر هەنگاوێکی دەیهاوێن، خوانەناسان تۆڕەدەکاو هەرزەربەتێ لەدوژمنی دەوەشێنن، گشتی خودا بەچاکەیان بۆدەنۆسێ. خوا پاداشی چاکەکاران وندا ناکا.

۱۲۱ هەرچەندە ماڵ بەخت دەکەن، کەم‌و زۆری‌و لە هەرگەلّیەک دەربازدەبن، خودا بۆیانی دەنۆسێ، تا پاداشی لەوەچاکتریان بداتێ.

۱۲۲ نەپێویستە باوەڕداران هەمۆ تێکڕا وەدەرکەون؛ با لەناو هەرکۆمەڵگایەک دەستەیەکیان بچنەدەرێ، تا لەدین شارەزادەبن‌و کە گەڕانەوە ناو هۆزیان بیانترسینن، بەشکۆ خۆیان بپارێزن.

---

۱۱۸- ئەو سێ‌کەسە بریتین لە: «کعب بن مالک»، «هلال بن امیّة» وە«مرارة بن الربیع» کە لەبەرا خودا تۆبەی لێ قبوڵ نەکردن؛ بەڵام پاشان ئەوانیشی بەخشی.

۱۲۰- مانگی: شەکەتی، ماندویی. ۱۲۱- گەلّی: دۆڵ، دەرە. دەرباز: ڕابردن، بواردن، بگاردن.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ
وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ١٢٣
وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ
إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ
١٢٤ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا
إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ١٢٥ أَوَلَا يَرَوۡنَ
أَنَّهُمۡ يُفۡتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٖ مَّرَّةً أَوۡ مَرَّتَيۡنِ ثُمَّ
لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمۡ يَذَّكَّرُونَ ١٢٦ وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ
سُورَةٞ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰكُم مِّنۡ أَحَدٖ
ثُمَّ ٱنصَرَفُواْۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ
١٢٧ لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ
عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ
رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٢٨ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ١٢٩

## سُورَةُ يُونُسَ

١٢٣ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەگەڵ ئەو خوانەناسانەی هاوساتانن
بەشەڕوەرن؛ با زەبرو زەنگۆ ببینن. بیشیزانن خوا دەگەڵ خۆپارێزانە.
١٢٤ ئی وایان دەناودا هەیە، تا سوڕەتێک دێتە خوارێ، ئێژێ: کێتان بڕوای
پێ پتەوتزبوە؟ جا ئەوانەی بڕوایان بە خوا هێناوە باوەڕیان بەهێزتردەبێ و
کەیفێ دەکەن.
١٢٥ ئەوی دڵیشیان ساغ نیە، حاشا دێتە سەرحاشایان و بە خوانەناسی
دەمرن.
١٢٦ ئاخۆ ئەمانە نابینن کە ساڵانە کەڕەتێک یان دۆکەڕەتان دەکەونە بەر
تاقیکاری؟ لەئاکامدا نە تۆشی پەژیوانی دێن نە پێی تەمێ گرتۆ دەبن.
١٢٧ هەرگا سوڕەتێک دێتەخوار، هێندێک دەڕواننە هێندێکان: ئاخۆ کەس
ئێوە دەبینێ؟ لەپاشان دەگەڕێنەوە. خوا دڵیانی وەرگێڕاوە؛ چونکە
ئەمان لە دەستەی بێئاوەزانن.
١٢٨ پێغەمبەرێک هاتەلاتان، لەخۆتانە؛ هەربەڵایە بەسەرتان بێ، لای
گرانە؛ زۆری دڵ لەسەرئێوەیە؛ دڵسۆزی باوەڕدارانەو دلۆڤانە.
١٢٩ ئەگەر هەر ڕۆیان وەرگێڕا، بێژە: من هەر خودام بەسە، بە غەیرەز ئەو
هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ کاری خۆم داوەتە دەست ئەو، هەر ئەویشە
خودانی تەختی مەزنە.

## یونس

١٠٩ ئایەت

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿١﴾ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا
أَنۡ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ رَجُلٖ مِّنۡهُمۡ أَنۡ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ
أَنَّ لَهُمۡ قَدَمَ صِدۡقٍ عِندَ رَبِّهِمۡۗ قَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا
لَسَٰحِرٞ مُّبِينٌ ﴿٢﴾ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ
فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۖ مَا مِن شَفِيعٍ
إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ إِذۡنِهِۦۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ أَفَلَا
تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗاۖ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقًّاۚ إِنَّهُۥ
يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
بِٱلۡقِسۡطِۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ
أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ﴿٤﴾ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلشَّمۡسَ
ضِيَآءٗ وَٱلۡقَمَرَ نُورٗا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعۡلَمُواْ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ
وَٱلۡحِسَابَۚ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۚ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ
لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٥﴾ إِنَّ فِي ٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ
ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَّقُونَ ﴿٦﴾

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

١ ئەلیف، لام، ڕا، ئەمە چەند نیشانەیەکن لە کتێبی لەکارزانیی دوُر لەگۆڕان.
٢ ئاخۆ مەردم سەیرماون، پیاوێکمان هەر لەناوخۆیان ڕاسپاردوە کە: ترسێ وەبەر مەردم نێ و مژدەبدا بەوانەی خاوەن باوەڕن: پلەی بەرزیان لەلای پەروەرێنیان هەیە؟ خودانەناسەکان گوتیان: ئەم کابرایە ئاشکرایە جادۆگەرە.
٣ پەروەرێنتان خودایەکە بەشەش ڕۆژان ئەم ئاسمانانەو زمینەی چێکردوەو ئەوسا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزراوەو بەکاروباری ڕادەگا. کێ دەتوانێ لای ئەو ببێتە تکاکار، مەگین بۆ خۆی ئیزنی بدا؟ هەر ئەو خودایە پەروەرندەی ئێوەیە؛ دەسا عەبدایەتی بکەن. ئاخۆ ئێوە هیچ بیری لێ ناکەنەوە؟
٤ بەلێنی خودا دروستە، ئێوە گشتۆ بەرەوئەو دەگەڕێنەوە. ئەولەپێشدا دەئافرێنێ و پاشان دەیگەڕێنێتەوە؛ تا ئەوانەی باوەڕدارن و کردەوەی ڕەوایان بوە - بێ جیاوازی - پاداشی خۆیان بداتێ؛ ئەوانەش کە خوانەناس بوُن - لەسزای ناسوپاسیدا- ئاوی زۆر گەرم وەخوُن و جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.
٥ ئەو خۆیەتی خۆری کردە تیشکدەرو هەیڤی کردە تریفەدارو چەند قوُناغی بۆدیاری کرد؛ تا هەژماری ساڵەکان و حیسابتانی پێ بزانن. خوا بەڕاستی ئەمانەی وەدی هێناوە. بەڵگەکان شیدەکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە زانان.
٦ لە هاموشۆی شەووڕۆژو ئەوەی کە لەم عاسمانان و زمینەدا ئافراندوُنی، زۆربەڵگە هەن بۆ ئەوانەی لە خواترسن.

---

٣-چێ کردن: دروست کردن، ساز کردن.

إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱطۡمَأَنُّواْ
بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ٧ أُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمُ
ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٨ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهۡدِيهِمۡ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمۡۖ تَجۡرِي مِن
تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ٩ دَعۡوَىٰهُمۡ فِيهَا سُبۡحَٰنَكَ
ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمۡ فِيهَا سَلَٰمٞۚ وَءَاخِرُ دَعۡوَىٰهُمۡ أَنِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ
رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٠ ۞ وَلَوۡ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ
ٱسۡتِعۡجَالَهُم بِٱلۡخَيۡرِ لَقُضِيَ إِلَيۡهِمۡ أَجَلُهُمۡۖ فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ
لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ١١ وَإِذَا مَسَّ
ٱلۡإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوۡ قَاعِدًا أَوۡ قَآئِمٗا فَلَمَّا كَشَفۡنَا
عَنۡهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمۡ يَدۡعُنَآ إِلَىٰ ضُرّٖ مَّسَّهُۥۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ
لِلۡمُسۡرِفِينَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٢ وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ
مِن قَبۡلِكُمۡ لَمَّا ظَلَمُواْ ۙ وَجَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُواْ
لِيُؤۡمِنُواْۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ١٣ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكُمۡ
خَلَٰٓئِفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لِنَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ ١٤

٧ ئەو کەسانەی دیداری ئێمەیان ناوێ و بە ژینی دنیا ڕازین و لەو بارەوە
خاترجەمن، ئەوانەش لەبەڵگەکانمان هایان نیە،
٨ لەسۆنگەی کردەوەکانیان ئاگر دبێتە جێگەیان.
٩ ئەو کەسانەش کە بۆنە خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن، بەوباوەڕەی کە هەیانە
خوا ڕێگەیان نیشان دەداو دەیانباتە ناو باغاتێک پڕ لە خۆشی و جۆباریان
بەبەردادەڕوا.
١٠ نزایان لەبەهەشتێدا هەر ئەمەیە: خودایە! پاکی بۆتۆیەو خۆش و بێشیان
هەر سڵاوە. دوامین نزایان هەر ئەمەس: سپاس بۆ خوای ڕاهێنەری
گش دنیایە.
١١ ئەگەر هەر وەک مەردم لەخۆشی بەلەزن، خوداش بۆ زیان لێدانیان
بەلەزبایە، دیارە دەمێک بۆ نەدەمان. ئێمە لەوانە واز دێنین کە حەز
بەدیدارمان ناکەن؛ با هەر لەسەرکێشی خۆیاندا سەرگەردان بمێننەوە.
١٢ مرۆ ئەگەر بەڵایەک پێسیری دەگرێ - لەسەر تەنیشت یا بەڕاکشان یان
بەپێوە - لەبەرمان دەپاڕێتەوە. کاتێ بەڵان لەسەرلادان، وەهادەڕوا
هەر وەک هیچ لەبەرمان نەپاڕابێتەوە، بۆ بەڵایەک تۆشی بوە! ئا بەم جۆرە
کردەوەمان بۆ ئەوانەی هەڵەڕۆن، ڕازاندۆتەوە.
١٣ گەلێک بەرەمان - لەپێشۆدا- لەبەین برد؛ کاتێ کە ناهەقیان کرد.
پێغەمبەران بەنیشانانی دیارییەوە هاتنەلایان، هەر باوەڕیان
پێ نەهێنان. ئێمە ئاوا تاوانباران سزادەدەین.
١٤ لەپاش ئەوان ئێوەمان لەم سەرزەمینە جێ نشین کرد؛ کە ببینین
کردەوەی ئێوە چۆن دەبێ.

---

٧- ها: ئاگا، خەبەر. هایان نیە: بێ خەبەرن. ١٢- پێسیر: بەرۆک، یەخە.

وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٍ ۙ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ
لِقَآءَنَا ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَٰذَآ أَوْ بَدِّلْهُ ۚ قُلْ مَا يَكُونُ لِىٓ
أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآئِ نَفْسِىٓ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ۖ إِنِّىٓ
أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ قُل لَّوْ شَآءَ
ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ ۖ فَقَدْ لَبِثْتُ
فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦﴾ فَمَنْ أَظْلَمُ
مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ
لَا يُفْلِحُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿١٧﴾ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا
عِندَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا
فِى ٱلْأَرْضِ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٨﴾ وَمَا كَانَ
ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَٱخْتَلَفُوا۟ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ
سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ
﴿١٩﴾ وَيَقُولُونَ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ فَقُلْ إِنَّمَا
ٱلْغَيْبُ لِلَّهِ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٢٠﴾

۱۵ کاتێ بەڵگەئاشکراکانی ئێمەیان بەسەردادەخوێنرێتەوە، ئەو کەسانەی
بەئاواتی چاوپێکەوتنی ئێمە نین، دەڵێن: قورئانێکی ترمان - بەغەیرەز
ئەمە - بۆبێرە، یان بیگۆڕە. بێژە: لە وزەمدا نیە کە لەخۆمەوە بیگۆڕم.
من هەرچی لەخواوە بۆم بێ، هەر لەوە پەیڕەوی دەکەم؛ ئەگەر ئەمن لە
فەرمانی پەروەرندەی خۆم دەربچم، ترسم هەیە لە جەزرەبەی
ڕۆژامەزن.
۱۶ بێژە: گەر خوا بیویستایە، بۆتانم نەدەخوێندەوەو هەر فێریشی
نەدەکردن. من بەرلەوەش تەمەنێکم لەناوئێوەدا ڕابوارد، دەی‌سا چۆنە
کە تێ ناگەن؟
۱۷ کێ لەوکەسە ناهەقترە درۆ بۆخوا هەڵدەبەستێ، یان نیشانەکانی خودای
بەدرۆزانی؟ بێگومانە تاوانباران ڕزگار نابن.
۱۸ غەیرەز خودا شتانێ وا دەپەرستن، نە زیانێکیان لێ دەدەن نە بەهرەیان
بۆیان هەیە؛ دەشڵێن ئەمانە لای خودا بۆمان دەبن بە تکاکار. بێژە:
ئاخۆ گەرەکتانە خوا لەشتێک ئاگاداربکەن کە لەناو ئاسمانەکان‌و زەمیندا
پێی نەزانیون؟ خودا پاکەو بەرزترە لەوشتانەی ئەوان دەیکەن بە
شەریکی.
۱۹ هەمۆ مرۆ، یەک تیرەبۆن؛ پاشان لێک جیابۆنەوە. گەر لەپێشدا گفتی
پەروەرندەت نەبا، ئەوەی کە مایەی کێشەیە لەناویاندا، ئێستە یەکالا
کرابۆ.
۲۰ دەشڵێن: بۆچی پەرجوێکی لەلای پەروەرندەیەوە بۆنەهاتۆتەخوارەوە؟
بێژە: زانستی نەدیاری بۆخودایە. دەسا ئێوە چاوەنۆڕبن، ئەوا منیش
دەگەڵ ئێوە لەڕێزەی چاوەنۆڕانم.

---

۱۹-یەکالا: یەک لاکردنەوەی تێکەڵاو.      ۲۰-پەرجۆ: موجزات.

وَإِذَآ أَذَقۡنَا ٱلنَّاسَ رَحۡمَةٗ مِّنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُمۡ إِذَا لَهُم مَّكۡرٞ فِيٓ
ءَايَاتِنَاۚ قُلِ ٱللَّهُ أَسۡرَعُ مَكۡرًاۚ إِنَّ رُسُلَنَا يَكۡتُبُونَ مَا تَمۡكُرُونَ
٢١ هُوَ ٱلَّذِي يُسَيِّرُكُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ فِي ٱلۡفُلۡكِ
وَجَرَيۡنَ بِهِم بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ وَفَرِحُواْ بِهَا جَآءَتۡهَا رِيحٌ عَاصِفٞ
وَجَآءَهُمُ ٱلۡمَوۡجُ مِن كُلِّ مَكَانٖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ أُحِيطَ بِهِمۡ دَعَوُاْ
ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ
ٱلشَّٰكِرِينَ ٢٢ فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمۡ إِذَا هُمۡ يَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ
ٱلۡحَقِّۗ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغۡيُكُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۖ مَّتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُكُمۡ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٢٣
إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ
نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ
زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ
أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ
بِٱلۡأَمۡسِۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢٤ وَٱللَّهُ
يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٢٥

٢١ هەرگا لەپاش زیان دیتن - کە ئەومەردمە تووشی دێن - لەئێمەوە تامی
بەزەیی دەچێژن، بەلای ئەوان لەنیشانانی ئێمەدا گزی هەیە. بێژە:
خودا لەسەر گزی بەلەزترەو هەرگزیەکی ئێوە دەیکەن، ئەسپاردەکانمان
دەینوسن.
٢٢ هەر خۆیەتی لەناو دەریاو لەسەربەژا دەتانگێڕێ. هەرگا لەناو
کەشتیدان و بە بای لەبار تەڤگەڕیانە، پێی دڵخۆشن؛ تا بای زۆر بەتوند
هەڵدەکاو لەگش لاوە پێلیان بۆدێ و باش دەزانن کە هەمۆ دەوریان
گیراوە؛ بەوپەڕی برِوای پاکەوە لەخودا دەپاڕێنەوە: گەر تۆ لەمەمان
ڕزگارکەی، لە سپاسگوزاران دەبین.
٢٣ هەرگا خودا نەجاتی دان - بەناهەقی - لەسەر زەوی یاغی دەبن.
خەڵکینە! ئەم ناهەقیانە هەر زیانی بۆخۆتانەو بۆ خۆشی ژیان لەدنیایە؛
پاشان دینەوە لای ئێمەو ئەوسا ئاگادارتان دەکەین کە چۆدەکرد.
٢٤ هەڵبەت ژیانی ئەو دنیایە هەروەکۆ ئەوئاوە وایە کە لە حەوا دەیبارێنین و
ڕوەکی جوراوجۆری ئەم سەرزەمینەی پێ دەڕوێ؛ ئەوشتانەی کە
مرۆڤ و ئاژەڵ دەیخۆن. تا ئەوکاتەی زەمین ڕەنگاوڕەنگ دەبێت و خۆ
جوان دەکاو خێوی زەوی لایان وایە لەدەستەلاتی واندایە. هەتا کاتێ
فەرمانی ئێمەی دێتەسەر - جا بەشەو یان لەڕۆژێدا - ئاوا وەکۆ
درەوکراوی لێ دەکەین، هەر وەک دوێنێ هەر نەبۆبێ! ئێمە ئاوا نیشانان
شی دەکەینەوە بۆوانەی بیردەکەنەوە.
٢٥ خودا بۆ ماڵی هێمنی گازی دەکاو هەرکەسێ ئەو خۆی حەزبکا، ڕێگەی
ڕاستی نیشان دەدا.

---

٢٢- **تەڤگەڕ:** دانەسەکاو. **پێل:** شەپۆلی دەریا. **٢٥- گازی کردن:** بانگ کردن، قاوکردن.

۞ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ ٱلۡحُسۡنَىٰ وَزِيَادَةٞۖ وَلَا يَرۡهَقُ وُجُوهَهُمۡ قَتَرٞ
وَلَا ذِلَّةٌۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٦﴾ وَٱلَّذِينَ
كَسَبُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ جَزَآءُ سَيِّئَةِۭ بِمِثۡلِهَا وَتَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ مَّا لَهُم مِّنَ
ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۖ كَأَنَّمَآ أُغۡشِيَتۡ وُجُوهُهُمۡ قِطَعٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مُظۡلِمًاۚ
أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧﴾ وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ
جَمِيعٗا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ مَكَانَكُمۡ أَنتُمۡ وَشُرَكَآؤُكُمۡۚ فَزَيَّلۡنَا
بَيۡنَهُمۡۖ وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمۡ إِيَّانَا تَعۡبُدُونَ ﴿٢٨﴾ فَكَفَىٰ بِٱللَّهِ
شَهِيدَۢا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ إِن كُنَّا عَنۡ عِبَادَتِكُمۡ لَغَٰفِلِينَ ﴿٢٩﴾
هُنَالِكَ تَبۡلُواْ كُلُّ نَفۡسٖ مَّآ أَسۡلَفَتۡۚ وَرُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ
ٱلۡحَقِّۖ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٣٠﴾ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ
ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ
فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلۡحَقُّۖ
فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ
حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ فَسَقُوٓاْ أَنَّهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٣٣﴾

۲۶ بۆ ئەوانەی چاکەدەکەن، چاکەی دەکەین و زیاتریش؛ تۆزی ڕەش و سۆکایەتی نانیشێتە سەر ڕوخساریان. ئەوانە بەهەشتیەکانن؛ تاهەتایە تیادەبن.
۲۷ ئەوکەسانەش کاری خراپیان کردوە، سزایان خراپەیەکی وەکوئەوەو سۆکایەتیش سەرباریانەو کەس لەخوایان ناپارێزێ؛ ئێژی ڕۆیان چەند بەتلێک لەتاریکەشەو داپۆشیون. ئەمانە یاری ئاگرن؛ تا هەتایە تیادەبن.
۲۸ لەوڕۆژەدا کە هەموان کۆدەکەینەوە، پاشان بەوکەسانە ئێژین کە، شەریکیان بۆخوازانی: ئێوە دەگەڵ شەریکانۆ لەجێ مەبزۆن! ئەوسا لێکیان هەڵداوێرین. شەریکەکان دەیاندوێنن: ئێوە هەرگیز ئێمەتان نەپەرستوە.
۲۹ لەنێوان ئێمەو ئێوەدا خودامان شایەت بێ بەسە؛ ئێمە هیچ ئاگان لێ نەبوە کە ئێوە پەرستوتانین.
۳۰ هەر لەوجێیە هەمۆکەسێک بەئەزمۆنا تێدەپەڕێ؛ هەرکارێکی کە لەپێشدا کردویەتی دێتەوەڕۆ. دەیانبەنەوە لای خودای گەورەی بەڕاستی هەمۆیان؛ هەردرۆی هەڵیان بەستبۆ بەفیڕۆچۆ.
۳۱ بێژە: کێیە لەئاسمان و زمینەوە ڕۆزیۆدەدا؟ یان خاوەنی ئەم گوێ و چاوانەتان کێیە؟ چکەسێکیش زیندۆ لەمردۆ دەردەخاو مردۆ لەزیندۆ دەردێنێ و کێیە بەکاران ڕادەگا؟ زۆ ئێژن: خوا. بێژە: دەی بۆ لێی ناترسن؟
۳۲ بەڵێ، هەر خوا پەروەرندەی ڕاستیتانە؛ لەپاش ڕاستی چ هەیە غەیرەز گومڕایی؟ دەی چۆن لەڕاستی لادەدرێن؟!
۳۳ ئا بەم جورە وتاری پەروەرندەی تۆ لەسەر لەڕێ لادەرەکان وەڕاست گەڕا؛ کە ئەوان بڕواناهێنن.

---

۲۷- بەتلێ: پاژێک لە شەو.

قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَؤُاْ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥۚ قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُاْ
ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣٤﴾ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهْدِيٓ
إِلَى ٱلْحَقِّۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهْدِي لِلْحَقِّۗ أَفَمَن يَهْدِيٓ إِلَى ٱلْحَقِّ أَحَقُّ أَن
يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّيٓ إِلَّآ أَن يُهْدَىٰۖ فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٥﴾
وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّاۚ إِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ
عَلِيمُۢ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ
ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ
فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُۖ قُلْ فَأْتُواْ بِسُورَةٖ
مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُواْ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾
بَلْ كَذَّبُواْ بِمَا لَمْ يُحِيطُواْ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٩﴾
وَمِنْهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِۦ وَمِنْهُم مَّن لَّا يُؤْمِنُ بِهِۦۚ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ
بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٤٠﴾ وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْۖ
أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ وَأَنَا۠ بَرِيٓءٞ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٤١﴾ وَمِنْهُم مَّن
يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَۚ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ وَلَوْ كَانُواْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٢﴾

٣٤ بێژە: ئاخۆ لەناو ئەو شەریکانەوُدا ئیوا هەیە کە لەنوێ شتێک چێ‌بکاو
لەپاشان زیندوی کاتەوە؟ بێژە: خودا پێشوُ بوُنەوەر چێ‌دەکاو دوایەش
زیندوُی دەکاتەوە. دەی چۆن لەڕاستی لادەدرێن؟
٣٥ بێژە: ئاخۆ لەناو شەریکەکانوُدا ئیوا هەیە، کە ڕێبەری ڕاستەڕێ بێ؟
بێژە: خودا بەرەوڕاست شارەزادەکا. دەسا کەسێک کە ڕێبەری
ڕاستەڕێیە، هێژاترە شوێنی‌کەوُن، یان کەسێکی بۆخۆی بەڕێگە نازانێ،
مەگین ڕێگەی پێ‌نیشان دەن؟ چیتانە، چۆن پێ‌ڕادەگەن؟
٣٦ زۆرینەیان هەر لەشوێن خەیاڵ وێل دەبن؛ خۆ خەیاڵیش لەحاند ڕاستی
چ‌ناهێنێ. خودا لە ئاکارەکانیان ئاگادارە.
٣٧ ناگونجێ ئەم قورئانە هی خودا نەبێ‌و هەڵبەسترابێ. ئەم قورئانە
باوەڕدەکا بەو کتێبەی کەوا لەپێشدا هاتوُەو ئێستا لەبەردەستێ دایەو
ڕوشنیشی دەکاتەوە؛ هیچ گومانی تیدانیە لە لایەن پەروەرێنی گش
جیهان‌ڕایە.
٣٨ یا ئێژن: خوی هەڵی بەستوە. بێژە: گەر بەڕاستیتانە خۆتان‌و هەرکەسێکی
تر - کە دەتوانن غەیرەز خودا گازی بکەن - تاقەسوُرەتێکی وەک ئەم
وەدی بێنن.
٣٩ نەخێر ئەوان شتێک بەدرۆدەزانن، کە هیچی لێ‌تێ نەگەیوُن‌و بۆشیان
لێک نەدراوەتەوە. ئەوانەی پێش ئەمانەش بوُن، بەودەردە چوُن. سا
بڕوانە دواڕۆژی ناهەقیکاران بەکوێ گەیشت.
٤٠ لەوانیشدا ئیوا هەیە بڕوای پێ‌یەو هەشیانە بڕوای پێ‌نیەو پەروەرندەت
بەدفەڕان باشتر دەناسێ.
٤١ ئەگەر ئێژن: تۆ درۆیان دەکەی، بێژە: ئاکاری من سەربەمنەو کردەی
ئێوە سەربەخۆتان؛ ئێوە لەکارم تەریکن‌و منیش تەریکم لەو کارەی ئێوە
دەیکەن.
٤٢ لەناویاندا ئیواش هەیە گوێت لێدەگرن؛ ئاخۆ ئەگەر هیچ تێ‌نەگەن، تۆ
دەتوانی گوێ‌نەبیستان تێ بگەیەنی؟

وَمِنْهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ أَفَأَنتَ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَلَوْ كَانُوا۟
لَا يُبْصِرُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ ٱلنَّاسَ شَيْـًٔا وَلَٰكِنَّ
ٱلنَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٤﴾ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا
سَاعَةً مِّنَ ٱلنَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ
وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿٤٥﴾ وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ
فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴿٤٦﴾ وَلِكُلِّ
أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَآءَ رَسُولُهُمْ قُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿٤٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ
﴿٤٨﴾ قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِى ضَرًّا وَلَا نَفْعًا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ لِكُلِّ أُمَّةٍ
أَجَلٌ إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَلَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٤٩﴾
قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُهُۥ بَيَٰتًا أَوْ نَهَارًا مَّاذَا يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ
ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٥٠﴾ أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ ءَامَنتُم بِهِۦٓ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ كُنتُم بِهِۦ
تَسْتَعْجِلُونَ ﴿٥١﴾ ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ
هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٥٢﴾ ۞ وَيَسْتَنۢبِـُٔونَكَ
أَحَقٌّ هُوَ قُلْ إِى وَرَبِّىٓ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥٣﴾

٤٣ تیشیاندایە لێت دەڕوانێ؛ ئاخۆ تۆ گەرەکتە - کوێران کە چاوی دیتنیان
نیە - شارەزاکەی؟
٤٤ دیارە خودا - بەهیچ ئاوا- ناهەقی لەمەردم ناکا؛ بەڵام مەردم ناهەقی
لەخۆیان دەکەن.
٤٥ ڕۆژێ کۆیان دەکاتەوە - هەر وەک تاوێک لە ڕۆژێکا مابێتنەوە - خۆ
بەیەکتر دەناسێنن. بێگومانە زیانبارن ئەوکەسانەی کە بڕوایان
بەدیداری خودا نەبوەو شارەزای ڕێگەش نەبۆگن.
٤٦ ئەر ئێمە هێندێک لەمانەی بەڵێنمان پێیان‌داوە، شانت بدەین، یان
بۆخۆشت ببەینەوە، ئەوان هەر دێنەوەلامان؛ ئەوسا خودا شایەتە لەسەر
ئاکاریان.
٤٧ هەرتیرەیەک لە بنیادەم پێغەمبەری خۆیان هەبۆ. کاتێ پێغەمبەرەکەیان
هاتەناویان، بێ جیاوازی کاریان بۆ بەڕێوەچوەو هیچ ناهەقیان
لێ نەکراوە.
٤٨ دەڵێن: ئەگەر قسەو ڕاستن، کەی ئەم بەڵێنە بەجێ دێ؟
٤٩ بێژە: مەگین خودا حەزکا، دەنا من خۆم لەقازانجو زیانی خۆشم نازانم.
هەرکەسێ لە هەرتیرەیەک مەودایەکی دیاردەی بۆ دیاری کراوە؛ ئەگەر
مەودایان تێ‌پەڕی، بۆ ساتێکیش دواناکەفن و پێش‌ناکەون.
٥٠ بێژە: ئەگەر لەشەوێک یان لەڕۆژێکدا بەڵا و لەخوداوە بۆبێ، تاوانکار
پەلەی چی‌دەکەن؟
٥١ ئەگەر دواجار دەناو بەڵای خودا کەوتن - کە زۆر پەلەتان بۆ دەکرد-
ئەوسا بڕوا بەخوا دێنن؟
٥٢ ئەوسا بەوانە دەبێژن کە بەناهەق جوڵانەوە: دە بچێژن ئازاری
لەبنەنەهاتۆ؛ ئاخۆ جیا بۆ کارانێکی دەتانکرد، سزادەدرێن؟
٥٣ لێت دەپرسن: داخۆ ڕاستە؟ بێژە: بەڵێ، سوێند بەپەروەرندەکەم تەواو
ڕاستەو ناتوانن لەبەری ڕاکەن.

وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي ٱلْأَرْضِ لَٱفْتَدَتْ بِهِۦۗ وَأَسَرُّواْ
ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُاْ ٱلْعَذَابَۖ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِۚ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿٥٤﴾ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۗ أَلَآ إِنَّ
وَعْدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾ هُوَ يُحْيِۦ وَيُمِيتُ
وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٥٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٞ
مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحْمَةٞ لِّلْمُؤْمِنِينَ
﴿٥٧﴾ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٞ مِّمَّا
يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٖ
فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامٗا وَحَلَٰلٗا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْۖ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ
تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ وَمَا ظَنُّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ
يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ
لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦٠﴾ وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٖ وَمَا تَتْلُواْ مِنْهُ مِن قُرْءَانٖ
وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ
فِيهِۚ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٖ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِي
ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٍ ﴿٦١﴾

٥٤ هەرکێ ناهەقی کردبێ، گەر هەرچی لەزەمیندایە ماڵی ئەو با، لەبارتەقای خۆیا دەیدا. کاتێک چاویان بە ئازار کەوت، پۆشمانی خۆیان وەشێرن. بەیە کسانی بەناویاندا ڕادەگەن و هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ.
٥٥ باش بزانن هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەویدان، گش هی خودان. لێشتان ڕوٚن بێ کە بەڵێنی خودا ڕاستە؛ بەڵام زوربەیان نازانن.
٥٦ خۆی ژین دەداو گیان دەستێنێ و هەر بەرەوخۆی دەوگێڕنەوە.
٥٧ ئەی خەڵکینە! لەلایەن پەروەرندەورا ئامۆژگاریەکۆ بۆگەیشت؛ چارەی دەردی دڵانیشەو ڕێ شاندەرەو بەزەییە بۆ باوەڕداران.
٥٨ بێژە: لەو چاکەو بەزەییە - کە خوا دەربارەی ئێوەی کرد - کەیف خۆش بن؛ کە ئەمە لە هەرشتێکی وەکۆی دەکەن هێژاترە.
٥٩ بێژە: ئاخۆ لەو بژیوەی کە خودا بۆی بەڕێ کردوٚن، نۆڕیوتانە؟ کە بەڕەواو ناڕەوا دابەشۆکردن؟ بێژە: خودا ئیزنی پێدان یان بۆخودای هەڵدەبەستن؟
٦٠ ئەو کەسانەی درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن، بەگومانیان دەبێ ڕۆژی قیامەت چۆن بێ؟ دیارە خودا خاوەن چاکەیە بۆ مەردم؛ بەڵام بەشی هەرەزۆریان ناسوپاسن.
٦١ ئەتۆ لەهەر بارێکدابی و هەرچی لە قورئان بخوێنی و هەرکارێکی ئێوە بیکەن، ئێمە لێتان ئاگادارین، کاتێ خەریکی ئەو کارەن. هەرچی هەیە لەزەمین و لەعاسمانا - با لەسەنگی میروٚلەی هەرەوردیلەش یان ورتر یان درشتتر بێ - هیچیان لە پەروەرێنی تۆ پێوارنابێ و والە کتێبی دیاری دەردا.

---

٥٤- پۆشمانی: پەژیوانی، پەشیمانی.

أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ
﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ
فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ
ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٦٤﴾ وَلَا يَحۡزُنكَ قَوۡلُهُمۡۘ إِنَّ
ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًاۚ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٦٥﴾ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ
مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَمَا يَتَّبِعُ ٱلَّذِينَ
يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُرَكَآءَۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا
ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ ﴿٦٦﴾ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ
ٱلَّيۡلَ لِتَسۡكُنُواْ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبۡصِرًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَسۡمَعُونَ ﴿٦٧﴾ قَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗاۗ
سُبۡحَٰنَهُۥۖ هُوَ ٱلۡغَنِيُّۖ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ
إِنۡ عِندَكُم مِّن سُلۡطَٰنِۭ بِهَٰذَآۚ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا
لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٦٨﴾ قُلۡ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ
لَا يُفۡلِحُونَ ﴿٦٩﴾ مَتَٰعٞ فِي ٱلدُّنۡيَا ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُهُمۡ ثُمَّ
نُذِيقُهُمُ ٱلۡعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ﴿٧٠﴾

۶۲ با تێ بگه‌ن که ئه‌وانه‌ی دۆستی خودان، هیچ ترسێکیان له‌سه‌رنیه‌و
خه‌میش ناخۆن.
۶۳ ئه‌وانه‌ی خاوه‌ن باوه‌ڕن و خۆ له‌گوناه ده‌پارێزن،
۶۴ مژده بۆوان که له‌دنیاو له قیامه‌تێ گفتی خودا گۆڕانی به‌سه‌ردانایه؛
ئه‌مه‌یه ده‌سکه‌وتی مه‌زن.
۶۵ قسه‌یان خه‌مگینت نه‌کا؛ هه‌مۆ ده‌سته‌ڵات به‌خوایه‌و هه‌ر خۆی بیسه‌رو
زانایه.
۶۶ با بزانن هه‌رکێ له‌ناو ئاسمانان و زه‌میندایه، بۆ خودایه. که‌سانێکیش که
هانایان - جگه له‌خوا- ده‌به‌نه به‌رشه‌ریکانی، وه‌دوی ئه‌وانه نه‌که‌وتۆن؛
وه‌دۆی خه‌یاڵی خاو که‌وتۆن و له‌گومان نه‌ترازاون.
۶۷ هه‌ر خۆیه‌تی، شه‌وی بۆ ئێوه هێناوه که تێیدا بحه‌سێنه‌وه‌و ڕوناکیشی
دابه‌ڕۆژێ؛ که له‌مه‌دا به‌ڵگه زۆرن بۆ ئه‌وکه‌سانه‌ی ئه‌ژنه‌وَن.
۶۸ گوتیان: خودا فرزه‌ندی هه‌ڵبژاردوه! خوا له‌وتۆمه‌تانه پاکه‌و بێ‌نیازه. هی
خۆیه‌تی هه‌رچی له‌ناو ئاسمانان و زه‌میندایه‌و ئێوه هیچ به‌ڵگه‌تان بۆ ئه‌م
قسه نیه؛ چۆن شتێکی که نایزانن ده‌رباره‌ی خودا ده‌بێژن؟
۶۹ بڵێ: ئه‌وی درۆ بۆخوا هه‌ڵده‌به‌ستن، ڕزگارنابن.
۷۰ رابواردنێکی هندکه له‌دنیایه؛ له‌دوایدا ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ لامان له‌پاش
ئه‌وه، له‌سزای حاشا کردنیان به‌توندی ئازاریان ده‌ده‌ین.

---

۷۰- هندک: که‌م. پێچه‌وانه‌ی زیاد

۞ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُم
مَّقَامِى وَتَذْكِيرِى بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَعَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُوٓا۟
أَمْرَكُمْ وَشُرَكَآءَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ ٱقْضُوٓا۟
إِلَىَّ وَلَا تُنظِرُونِ ﴿٧١﴾ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ إِنْ
أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٧٢﴾
فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ وَجَعَلْنَٰهُمْ خَلَٰٓئِفَ
وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُنذَرِينَ
﴿٧٣﴾ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ
فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ بِمَا كَذَّبُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ ۚ كَذَٰلِكَ نَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِ
ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٧٤﴾ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ وَهَٰرُونَ إِلَىٰ
فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ بِـَٔايَٰتِنَا فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿٧٥﴾
فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٦﴾
قَالَ مُوسَىٰٓ أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَكُمْ ۖ أَسِحْرٌ هَٰذَا وَلَا يُفْلِحُ
ٱلسَّٰحِرُونَ ﴿٧٧﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَا
وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ ﴿٧٨﴾

٧١ تۆ بەسەرهاتەکەی نوحیان بۆوەخوێنە، کە وا بەهۆزەکەی خۆی گوت:
گەڵوا ئەگەر مانەوەم و بیرهێنانی نیشانانی خوا لەمن ڕا لاو گران دێ،
من خۆم بەخودا سپاردو ئێوەش دەگەڵ شەریکانۆ کاری خۆتان
بکەنەیەک و کارسازیەکی وەها بکەن هیچ دودڵی تێدانەبێ. ئەوسا
پەلامارم دەن و ماوەم مەدەن.
٧٢ ئەگەر نەشهاتنە ڕەدایە، من داوای هیچ پاداشتێکم لێ نەکردوٚن؛ پاداشم
لەخوداڕایە. من فەرمانم پێدراوە ملکەچی بەربارەگای بم.
٧٣ هەر بەدرۆزنیان دەرێنا، ئەوسا خۆی و ئەوانەی کە دەگەڵیا بوٚن -
لەگەمیەدا - نەجاتمان دان و کردمانن بە جێنشین لەسەرزەمین.
ئەوانەشمان وەژێرئاوخست کە نیشانانی ئێمەیان باوەڕنەکرد. دە بڕوانە
ئەوانەی ترسێندرابوٚن، چیان بەسەرهات.
٧٤ لەپاش ئەویش فریەمان لە پێغەمبەران بەنیشانانی دیاریەوە ناردە لای
گەلانی خۆیان؛ بەلام نەهاتنە سەربڕوا بەوشتانەی کە لەکوٚندا بڕوایان
پێنەهێنابوٚ. ئێمە ئاوا مۆر دەخەینە سەردڵی دەسدرێژیکەران.
٧٥ لەپاش ئەوان موٚساو هاڕوٚنمان بەرێ کرد وێڕای نیشانانی خۆمان، بۆ
فیرعەون و سەرزلەکانی دیوانی. خۆیان گەلێک بەزل زانی و تاوانکاربوٚن.
٧٦ کاتێ ڕاستیان لەلای ئێمەوە پێگەیشت، گوتیان: ئەمە هەر بەئاشکرا
جادوە.
٧٧ موٚسا گوتی: وەختێ ئەم ڕاستەو پێگەیوە، ئاخۆ بەمە ئێژن جادوٚ؟ کە
جادوگەر ڕزگارنابن.
٧٨ گوتیان: ئاخۆ هەر بۆئەوە هاتیەلامان، کە لەوانەی باب و کاڵمان لەسەری
بوٚن، وەرمان گێڕی و ئاغایەتی ئەم زەمینە بۆ ئێوە بێ؟ بەڵام ئێمە
باوەڕیمان پێتان نیە.

وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِي بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٖ ﴿٧٩﴾ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ
قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلۡقُواْ مَآ أَنتُم مُّلۡقُونَ ﴿٨٠﴾ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ قَالَ
مُوسَىٰ مَا جِئۡتُم بِهِ ٱلسِّحۡرُۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبۡطِلُهُۥٓۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصۡلِحُ
عَمَلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٨١﴾ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ
ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿٨٢﴾ فَمَآ ءَامَنَ لِمُوسَىٰٓ إِلَّا ذُرِّيَّةٞ مِّن قَوۡمِهِۦ عَلَىٰ
خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ وَإِنَّ فِرۡعَوۡنَ لَعَالٖ
فِي ٱلۡأَرۡضِ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٨٣﴾ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ
ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴿٨٤﴾ فَقَالُواْ عَلَى ٱللَّهِ
تَوَكَّلۡنَا رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٥﴾ وَنَجِّنَا
بِرَحۡمَتِكَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰ وَأَخِيهِ
أَن تَبَوَّءَا لِقَوۡمِكُمَا بِمِصۡرَ بُيُوتٗا وَٱجۡعَلُواْ بُيُوتَكُمۡ قِبۡلَةٗ
وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٧﴾ وَقَالَ مُوسَىٰ
رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيۡتَ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةٗ وَأَمۡوَٰلٗا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَۖ رَبَّنَا ٱطۡمِسۡ عَلَىٰٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ
وَٱشۡدُدۡ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُواْ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ ﴿٨٨﴾

۷۹ فیرعه‌ون گوتی: هه‌مۆ جادۆگه‌ره‌کانی فره‌زانم لێ کۆوه‌که‌ن.
۸۰ که جادۆگه‌ره‌کان هاتن، مۆسا گوتی: چیتان گه‌ره‌که باوێژن، بیهاوێژن.
۸۱ که ئاویتیان، مۆسا گوتی: هه‌رچی ئێوه هاوردوتانه جادوه‌و خوا لێتانی پۆچه‌ڵ ده‌کا. خودا کاری خراپکاران ڕاست ناهێنێ.
۸۲ خودا هه‌ر وه‌ڕاست گه‌ڕانی به‌ڵێنه‌کانی شان‌ده‌دا؛ جا با تاوانبارانیش حه‌زی لێ‌نه‌که‌ن.
۸۳ به‌غه‌یره‌ز چه‌ند تازه‌لاوێک له هۆزه‌که‌ی، هیچ که‌سی‌تر - له‌ترسی رک لێ‌هه‌ستانی فیرعه‌ون‌و پایه‌به‌رزانی دیوانی ئه‌و - نه‌یان‌وێرا بڕوایه به مۆسا بێنن. فیرعه‌ون له‌و سه‌رزه‌مینه‌دا جێ‌به‌رزێک‌و له‌ڕێزی هه‌ڵه‌ڕۆیان بۆ.
۸۴ مۆسا به‌هۆزه‌که‌ی خۆی گوت: گه‌لۆ! ئه‌گه‌ر باوه‌ڕیتان به‌خوا هه‌یه‌و ملکه‌چی فه‌رمانی ئه‌ون، سا پشتۆ هه‌ر به‌و بسپێرن.
۸۵ گوتیان: خۆمان به خوا سپارد. ئه‌ی په‌روه‌رنده‌ی هه‌مۆمان! مه‌مانخه‌ره به‌ر ئازارو بێگاری ناهه‌قیکاران.
۸۶ له‌سۆنگه‌ی به‌زه‌یی خۆت‌ڕا، ڕزگارمان که، له کۆمه‌ڵی خوانه‌ناسان.
۸۷ مۆساو برایمان تێگه‌یاند، که: ئێوه بۆ هۆزی خۆتان - له‌میسردا - چه‌ند ماڵێک بکه‌ن به‌ئه‌نواو ماڵانتان بکه‌ن به‌ڕوگه‌و نوێژبکه‌ن‌و مژده‌ده به باوه‌ڕداران.
۸۸ مۆسا گوتی: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌ی گلامان! تۆ له‌ژینی دنیایه‌دا مایه‌ی خه‌مڵ‌و ماڵی دنیات دا به فیرعه‌ون‌و پیاوانی دیوه‌خانی. خودانێ مه! هه‌ر تا ڕێگه‌ی تۆ ونداکه‌ن. خودانێ مه! ماڵیان لێ ته‌رت‌و تۆناکه‌و دڵیان پتر ڕه‌ق‌و ڕه‌ش که بڵا باوه‌ڕی نه‌هێنن؛ هه‌تا جه‌زره‌به‌ی زۆر به‌ژان به‌چاوی خۆیان ده‌بینن.

---

۸۰- باوێژن له هاویژتن: فڕێدان، تۆڕدان.		۸۸- خه‌ملێ: ۱) خشلێ، زه‌نبه‌ر؛ ۲) رازانه‌وه.

قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَانِّ سَبِيلَ
الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾ ۞ وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ
فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُ بَغْيًا وَعَدْوًا ۖ حَتَّىٰ إِذَا أَدْرَكَهُ
الْغَرَقُ قَالَ آمَنتُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ
وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴿٩٠﴾ آلْآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ
مِنَ الْمُفْسِدِينَ ﴿٩١﴾ فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ
خَلْفَكَ آيَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ ﴿٩٢﴾
وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ
فَمَا اخْتَلَفُوا حَتَّىٰ جَاءَهُمُ الْعِلْمُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ
فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٩٣﴾ فَإِن كُنتَ فِي شَكٍّ مِّمَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ
فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَءُونَ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكَ ۚ لَقَدْ جَاءَكَ
الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ ﴿٩٤﴾ وَلَا تَكُونَنَّ
مِنَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ الْخَاسِرِينَ
﴿٩٥﴾ إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَاءَتْهُمْ كُلُّ آيَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ ﴿٩٧﴾

٨٩ گوتی: نزاتان قبوڵ بۆ، ئێوە لەمەیدان دەرمەچن و مەکەونە شوێن ئەوکەسانەی کە نەزانن.

٩٠ وەچەو بەرەی ئیسرائیلمان لەدەریایە پەڕاندەوە. فیرعەون و لەشکرەکەشی - بۆ ناهەقی و دەستدرێژی - شوێنیان کەوتن؛ تا ئەوسا کە هات بخنکێ، گوتی: من باوەڕیم هێنا؛ هیچکەس بۆ پەرستن ناشێ، مەگین ئەوەی کە تۆرەمەی ئیسرائیل باوەڕیان پێیە؛ منیش لەتەسلیم بۆگانم.

٩١ جا تازە؟ تۆیەک لەپێشدا یاغی بۆی و لەڕیزەی خراپکاران بۆی؟

٩٢ ئەمرۆ لاشت - بە زرێتەوە- ڕزگاردەکەین، تا بۆوانەی لەپاشەتۆ دێن، پەندێک بێ؛ چونکە زۆری ئەم مەردمە لە نیشانەکانی ئێمە ئاگادارنین.

٩٣ ئیتر ئەوسا ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لەشوێنێک خۆش دامەزراندو ڕۆزی پاک و چاکمان دانێ. هەتا زانستیان هاتەلا، کێشەیان لێ‌پەیدا نەبۆ؛ خودانی تۆ ڕۆژی سەڵا پێ‌ڕادەگا کە لەسەر چی کێشەیان بۆ.

٩٤ گەر تۆ لەوەی بۆمان ناردۆیەتە خوارێ بەگومانی، سا بپرسە لەوکەسانەی بەر لەتۆ کتێبیان دەخوێنن. هەرچی لەپەروەرندەت ڕا بۆت هاتوە، بێ‌شک ڕاستەو لەڕێزەی دۆدڵان مەبە.

٩٥ هەرگیز ناشێ لەوانەش بی کە نیشانانی خودایان بەدرۆدانا، ئەوساکە تۆش دەچیە ڕێزی زیانباران.

٩٦ ئەوکەسانەی گفتی پەروەرندەی تۆیان لێ‌هاتەدی، ئیتر باوەڕی ناهێنن.

٩٧ جا با هەمۆ نیشانەیەکیشیان بۆبێ، هەتاکۆ ئازاری بەژان بە چاوی خۆیان دەبینن.

---

٩٠-وەچە: رەچەڵەک، تیرەو تایفە.

فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَـٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ
ءَامَنُوا۟ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَـٰهُمْ
إِلَىٰ حِينٍ ﴿٩٨﴾ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَـَٔامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ
جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَمَا
كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ
عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾ قُلِ ٱنظُرُوا۟ مَاذَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِى ٱلْـَٔايَـٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠١﴾
فَهَلْ يَنتَظِرُونَ إِلَّا مِثْلَ أَيَّامِ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ
قُلْ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿١٠٢﴾ ثُمَّ نُنَجِّى
رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ ٱلْمُؤْمِنِينَ
﴿١٠٣﴾ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِى شَكٍّ مِّن دِينِى فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ
تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَـٰكِنْ أَعْبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُمْ ۖ وَأُمِرْتُ
أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٤﴾ وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا
وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٥﴾ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾

٩٨ بۆچی هیچ شارێک نه‌بۆکه خه‌ڵکه‌که‌ی بڕوابێنن تا ئه‌وده‌مه‌ی که بڕواکه‌یان به‌هره‌یان پێ‌بگه‌یێنێ؛ بێژگه له هۆزه‌که‌ی یونس؟ که کاتێ بڕوایان هێنا، ئازاری ئابڕوَبه‌ره‌مان، له‌سه‌ر دنیا لێ‌لادان‌و وان کرد که هه‌تا ماوه‌یه‌ک خۆش ڕابوێرن.
٩٩ ئه‌گه‌ر خودا که‌یفی لێ‌با، دیاره هه‌رکێ له‌م زه‌مینه‌ن، تێکڕا باوه‌ڕیان ده‌هێنا. ئاخۆ تۆ ده‌ته‌وێ به‌زۆر ئه‌م مه‌ردمه بڕوابێنن؟
١٠٠ هیچ که‌س نه‌بوه بڕوابێنی، مه‌گین هه‌ر به ئیزنی خودا. خوا کرێتی بۆ ئه‌وانه بڕیارداوه که تێ‌ناگه‌ن.
١٠١ بێژه: به‌ری خۆ بده‌نێ له‌ئاسمانان‌و زه‌میندا چها هه‌یه؛ که‌چی ئه‌م هه‌مۆ نیشانه‌و ترساندنه کارناکاته سه‌ر گرۆی بڕوا نه‌هێنان.
١٠٢ ئاخۆ نه هه‌ر چاوه‌نۆڕی ڕۆژانێکن هه‌روه‌ک ڕۆژانی ئه‌وانه که به‌رله‌وان بۆن‌و نه‌مان؟ بێژه: ده‌سا چاوه‌نۆڕبن، ئه‌وا منیش وێڕای ئێوه چاوه‌نۆڕم.
١٠٣ پاشان پێغه‌مبه‌رانمان‌و ئه‌وانه‌ی بڕوایان هه‌یه، ڕزگارده‌که‌ین؛ چون ئه‌وه ئه‌رکی ئێمه‌یه که باوه‌ڕداران ڕزگارکه‌ین.
١٠٤ بێژه: خه‌ڵکینه! گه‌ر ئێوه له‌دینی من به‌گومانن، من ئه‌وانه‌ی غه‌یره‌ز خودان‌و ئیوه ده‌یانپه‌رستن، ناپه‌رستم. به‌ڵام ئه‌من ئه‌وخودایه‌ی ده‌په‌رستم، ده‌ومرێنێ‌و فه‌رمانیش به من دراوه له‌ڕێزه‌ی باوه‌ڕداران بم.
١٠٥ ڕۆش هه‌ر بکه ڕه‌وشتی خوداپه‌رستی‌و هه‌رگیز نه‌که‌ی له‌ڕێزی بت‌په‌رستان بی.
١٠٦ جگه له‌خوا هانا بۆ شتێ‌وا مه‌به که نه به‌هره‌ی بۆتۆ هه‌یه‌و نه زیانی لێ‌ده‌بینی. ئه‌گه‌ر کردت، ئه‌وساکه له ناهه‌قانی.

---

١٠٠-کرێتی: پیسی، خرابی. ١٠١-به‌ردان: لێکۆڵینه‌وه.

وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن
يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ
وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ
ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن
ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٨﴾ وَٱتَّبِعْ
مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿١٠٩﴾

## سُورَةُ هُودٍ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓر ۚ كِتَٰبٌ أُحْكِمَتْ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴿١﴾
أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ۚ إِنَّنِى لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ ﴿٢﴾ وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟
رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ
كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ ۖ وَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ
كَبِيرٍ ﴿٣﴾ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ
يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُوا۟ مِنْهُ ۚ أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ
يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٥﴾

۱۰۷ خوداش ئەگەر تۆشی زیانێکت بکا - بێژگەلەخۆی - هیچ کەسێ نیە لای
بدا. ئەگەر چاکەشتی گەرەک بێ، کەس پێش بەچاکەی ناگرێو هەر
عەبدێکی ئەو حەزبکا، تۆشی دەکا. هەر خۆی لەگوناە دەبۆرێو دلۆڤانە.
۱۰۸ بێژە: خەڵکینە! وا ڕاستیو لەلایەن پەروەرندەتانەوە بۆهات. هەر کێ
ڕێگەی ڕاست بەدی کا، شارەزابۆن بۆخۆیەسی؛ هەرکەسێکیش
گومڕاببێ، گومڕایی دژی خۆیەسی. من بریکاری کەستان نیم.
۱۰۹ هەرفەرمانێ بۆت دەنێرین، شوێنی کەوەو خۆڕابگرە، هەتا خودا
پێ ڕادەگاو خودا باشترین داوەرە.

# هۆد

۱۲۳ ئایە

وەناوی خوداکەی دڵسۆزو دلۆڤانە

۱ ئەلیف، لام، ڕا. کتێبێکە بەڵگەکانی پتەوکراونو لەپاشان لەلایەن کارزانی
زانا شیکراون.
۲ کە نابێ هیچ بپەرستن غەیرەز خودا؛ من لەخوداوە بۆ ئێوە ترسێنەرو
مۆژدەدەرم.
۳ لە پەروەرندەی خۆتانیش داوابکەن، لێوببۆرێو بشگەڕێنەوە بۆلای ئەو، تا
ماوەیەکی ناونراو ژیانی خۆشتان بۆدابین کاو دەگەڵ خاوەن
هەرچاکەیەک چاکەی بکا. ئەگەر پشتیشۆ هەڵبکەن، ترسم هەیە ڕۆژا
مەزن سزاوبدرێ.
۴ بەرەوخوا دەگەڕێنەوەو خۆی هەمۆشتی پێدەکرێ.
۵ تۆ بزانە کە ئەوانە سنگی خۆ خواردەکەنەوە تا لەخوداوە دیار نەبن؛ تۆ بزانە
لەوکاتەدا خۆ بەجلکیان دادەپۆشن، ئەو دەزانێ چپە لەمەڕچی دەکەنو
چی بەئاشکرا دەبێژن؛ خۆی لە ڕازی هەمۆدڵان ئاگادارە.

---

۱۰۸-بریکار: نایب، وەکیل.

۞ وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا وَيَعۡلَمُ مُسۡتَقَرَّهَا
وَمُسۡتَوۡدَعَهَاۚ كُلّٞ فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ﴿٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَكَانَ عَرۡشُهُۥ
عَلَى ٱلۡمَآءِ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۗ وَلَئِن قُلۡتَ
إِنَّكُم مَّبۡعُوثُونَ مِنۢ بَعۡدِ ٱلۡمَوۡتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ
إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴿٧﴾ وَلَئِنۡ أَخَّرۡنَا عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابَ إِلَىٰٓ
أُمَّةٖ مَّعۡدُودَةٖ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحۡبِسُهُۥٓۗ أَلَا يَوۡمَ يَأۡتِيهِمۡ لَيۡسَ
مَصۡرُوفًا عَنۡهُمۡ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٨﴾
وَلَئِنۡ أَذَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِنَّا رَحۡمَةٗ ثُمَّ نَزَعۡنَٰهَا مِنۡهُ إِنَّهُۥ
لَيَـُٔوسٞ كَفُورٞ ﴿٩﴾ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ نَعۡمَآءَ بَعۡدَ ضَرَّآءَ
مَسَّتۡهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّيٓۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٞ فَخُورٌ ﴿١٠﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ
وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ﴿١١﴾ فَلَعَلَّكَ تَارِكُۢ بَعۡضَ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيۡكَ
وَضَآئِقُۢ بِهِۦ صَدۡرُكَ أَن يَقُولُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ كَنزٌ أَوۡ جَآءَ
مَعَهُۥ مَلَكٌۚ إِنَّمَآ أَنتَ نَذِيرٞۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٌ ﴿١٢﴾

٦ له‌م زه‌مینه هه‌رشتێ ده‌جوڵێته‌وه گشتی رۆزی له‌سه‌ر خوایه؛ ده‌زانێ بنکه‌ی له‌کوێ‌یه‌و له‌کوێدا خۆی حه‌شارده‌دا؛ سه‌رله‌به‌ری له‌نۆسراوی دیاریدایه.

٧ هه‌ر ئه‌ویشه که ئاسمانان‌و زه‌مینی له‌شه‌ش رۆژا دروست کردو ته‌ختی فه‌رمانڕه‌وایی ئه‌و له‌سه‌ر ئاو بۆ؛ تا به‌تاقیتان کاته‌وه، کامۆ ئاکارۆ چاکتره. گه‌ر وتیشت: له پاش مردن ئێوه زیندۆده‌کرێنه‌وه، دیاره خودانه‌ناسه‌کان ئێژن: ئه‌مه هه‌ر به‌ئاشکرا جادوه.

٨ ئه‌گه‌ر بۆ ماوه‌یێ که‌میش ئازاریان لێ وه‌دوابخه‌ین، ئێژن: چی رێ پێ‌نه‌داوه؟ بزانن رۆژێ ئازاریان بگاته‌لا، ئیتر لێیان ناوه‌گه‌رێ، ئه‌وی گه‌مه‌یان پێده‌هات ده‌وریان ده‌دا.

٩ گه‌ر تامی خۆشیمان به‌مرۆ چێژاندو پاشان لێمان ئه‌ستانده‌وه، بێ‌گومان له‌ناهومێدی مل له‌ناسوپاسی ده‌نێ.

١٠ ئه‌گه‌ر پاشی لێ‌قه‌ومانیش شادمانیمان پێ‌تاماند، هه‌ڵبه‌ت ئێژێ: قۆرته‌کانم لێ‌ڕه‌ویۆن. به‌که‌یفه‌و به‌خۆی هه‌ڵده‌ڵێ.

١١ مه‌گین ئه‌وی خۆڕاگرو ئاکارچاک بۆن؛ به‌شی ئه‌وان بۆردن‌و پاداشی هه‌ره مه‌زن ده‌بێ.

١٢ وێده‌چێ له هێندێ فه‌رمان - که بۆتۆ دێ - خۆببوێری‌و ببێته مایه‌ی دڵته‌نگیت، که پێت ئێژن: چما گه‌نجێ له بالاوه بۆی نه‌هاتۆته خواره‌وه؛ یان لانی‌که‌م، فرشتێکی ده‌گه‌ڵ نه‌هات؟ تۆ ته‌نیا ترسێنه‌رێکی‌و هه‌ر خودایه که‌چاودێری هه‌مۆشته.

---

٦- حه‌شاردان: شاردنه‌وه، داشاردن. ٨- ناوه‌گه‌رێ: ناگه‌ڕێته‌وه.

أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَٰتٍ
وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٣﴾
فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أُنزِلَ بِعِلْمِ ٱللَّهِ وَأَن لَّآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٤﴾ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ
ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ
﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ
مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ أَفَمَن كَانَ
عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ
مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ
مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ۚ فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ
مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٧﴾ وَمَنْ
أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُعْرَضُونَ
عَلَىٰ رَبِّهِمْ وَيَقُولُ ٱلْأَشْهَٰدُ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰ
رَبِّهِمْ ۚ أَلَا لَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٨﴾ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿١٩﴾

١٣ یان ئێژن: هەڵی بەستکە. بێژە: ئەگەر قسەو ڕاستە، دەسا ئێوە
بەیارمەتی هەرکەسێ دەستۆدەکەوێ - غەیرەز خودا - دەسوٗڕەتی
هەڵبەستە هەر وەک ئەم بێنن.
١۴ - ئەگەر لە پەرسڤتان دامان، سا بزانن قورعان لەزانستی خواوە ناردراوەتە
خوارەوە؛ کە هیچ شتیش شیاوی پەرستنێ نیە، مەگین هەر خۆی. ئاخۆ
ئێوە دەیسەلمێنن؟
١۵ هەرکێ ژینی ئەم دنیایەو زەرق و بەرقی ئەوی دەوێ، ئێمە مزەی
کردەوەیان - بەتەواوی - هەر لەم دنیایە دەدەینێو چیشیان لێ
کەمەوەناکرێ.
١۶ ئەوانە هەر ئەوکەسانەن ڕۆژی سەلا، غەیرەز ئاگر، بەشیان نیەو هەرچی
لەزەمین کردیان بەفیڕۆچوٗ.
١٧ ئاخۆ کەسێ لە پەروەرندەی خۆیەوە بەڵگەی ڕوٗنی پێدراوەو شایەتێکیش
لە خواوە بەشوێنیا هاتوٗەو کتێبی موٗساش - کە بەرلەو پێشەواو جێ
بەزەیی بوٗ - باسی دەکا، [وەل ئەوانەی کە بێبەڵگەن وەکوٗ یەکن؟
ئەوانە بەڵگەیان هەیە] بەو قورئانە بڕوادەکەن. هەر کەسیش لەو
کوٚمەلانە حاشای لێبکا، جێی لەئاگر خۆش کراوە. سا تۆ لێی بەگومان
مەبە، ئەمە ڕاستەو لەپەروەرندەی توٚڕایە؛ بەلام زوربەی ئەم مەردمە
باوەڕناکەن.
١٨ کێ لەوکەسە ناهەقترە درۆ بۆخوا هەڵبەستێ؟ گش ئەمانە لە بەرانبەر
پەروەرێنیان ڕادەنێن و شایەتان شایەتی دەدەن کە ئەمانە بەدەم
پەروەرندەی خۆیان ئەو درۆیانەیان هەڵبەست. دەبا ناهەقیکارەکان
بەرنەحلەتی خودا کەوٗن.
١٩ هەر ئەمانەن ڕێی بەرەوخوا دەبەستن و مەردمی پێلارێ دەکەن و
خۆشیان بە ڕۆژی قیامەتێ بێبڕوان.

أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يَكُونُواْ مُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانَ لَهُم مِّن
دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَۘ يُضَٰعَفُ لَهُمُ ٱلۡعَذَابُۚ مَا كَانُواْ يَسۡتَطِيعُونَ
ٱلسَّمۡعَ وَمَا كَانُواْ يُبۡصِرُونَ ﴿٢٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ
أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٢١﴾ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ
فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ ﴿٢٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَخۡبَتُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ
هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٣﴾ ۞ مَثَلُ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ كَٱلۡأَعۡمَىٰ
وَٱلۡأَصَمِّ وَٱلۡبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِۚ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ
﴿٢٤﴾ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴿٢٥﴾
أَن لَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ أَلِيمٖ
﴿٢٦﴾ فَقَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرٗا
مِّثۡلَنَا وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمۡ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ
ٱلرَّأۡيِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلِۭ بَلۡ نَظُنُّكُمۡ كَٰذِبِينَ
﴿٢٧﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي رَحۡمَةٗ
مِّنۡ عِندِهِۦ فَعُمِّيَتۡ عَلَيۡكُمۡ أَنُلۡزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمۡ لَهَا كَٰرِهُونَ ﴿٢٨﴾

٢٠ ئەمانە لەم سەرزەمینە ناتوانن لەخودا ڕاکەن؛ لەخواش پێوە کەسیان بۆ دۆست دەس ناکەوێ. ئەو کەسانە دۆسەرە ئازاریان هەیەو نە توانیویانە ببیسن، نە توانیویانە ببینن.
٢١ ئەوانەن کە خۆیان دۆڕاند؛ هەر درۆیەکیش هەڵیان بەست، بەفیڕۆ چۆ.
٢٢ هیچ گومان لەوەدانیە کە لەودنیا لە هەمۆکەس دۆڕاوترن.
٢٣ ئەوانەی خاوەن باوەڕو ئاکارچاک بۆن و دڵیان بە پەروەرێنیان داسەکناوە، ئەوانەن دەچنە بەهەشت و تاهەتایەی تێدادەبن.
٢٤ نەزیلەی ئەم دۆتاقمە وەک نەزیلەی کوێرو کەڕو چاوساغ و ژنەوندەیە؛ ئاخۆ ئەمانە چون یەکن؟ دەی بۆچی پەند وەرناگرن؟
٢٥ نۆحمان شاندە لای هۆزەکەی، کە: من بۆتان ترسێنەرێکی ئاشکرام.
٢٦ جگە لەخوا مەپەرستن؛ نیگەرانم نەوەک ڕۆژێ ئازاری بەژانۆ تۆش بێ.
٢٧ گرەگرەی هۆزەکەی - کە خوانەناس بۆن- گوتیان: وەک ئێمە دەت بینین، تۆش مرۆیەکی وەک خۆمان؛ ئەمانەش کە شوێن تۆ کەوتۆن، ڕۆتەوپۆتەی بێ ئاوەزن؛ نەشمان دیوە شتێکتان لەمە زیاتربێ؛ بەڵکۆ ئێمە پێمان وایە درۆدەکەن.
٢٨ گوتی: گەلۆ! ئەگەر بێژم پەروەرندەم بەزەیی بەمنداهات و خوێندومیەوەو نیشانەی ئەوم لەلایەو ئێوە ئاگاتان لێ نیە، چۆن دەبینن؟ ئاخۆ گەر خۆتان حەزنەکەن، دەکرێ ئێمە بەسەرتاندا بسەپێنین؟

---

٢٠-لە خواش پێوە: بێجگە لە خوا. ٢٤-نەزیلە: نەزیرە، چیرۆکی کورت. ٢٧-گرەگرە: پیاوماقوڵان.

وَيَٰقَوْمِ لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مَالًا ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَمَآ
أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَلَٰكِنِّىٓ أَرَىٰكُمْ
قَوْمًا تَجْهَلُونَ ﴿٢٩﴾ وَيَٰقَوْمِ مَن يَنصُرُنِى مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمْ ۚ
أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣٠﴾ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ
أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ إِنِّى مَلَكٌ وَلَآ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِىٓ
أَعْيُنُكُمْ لَن يُؤْتِيَهُمُ ٱللَّهُ خَيْرًا ۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِىٓ أَنفُسِهِمْ ۖ إِنِّىٓ إِذًا
لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣١﴾ قَالُوا۟ يَٰنُوحُ قَدْ جَٰدَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ
جِدَٰلَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ
إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ ٱللَّهُ إِن شَآءَ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَنفَعُكُمْ
نُصْحِىٓ إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ ٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ ۚ
هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٣٤﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ
قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَعَلَىَّ إِجْرَامِى وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ ﴿٣٥﴾
وَأُوحِىَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ
فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا
وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴿٣٧﴾

۲۹ گه‌لۆ! ئه‌وه‌نده‌ش بزانن هیچ مزم له‌ئێوه ناوێ؛ پاداشی من له‌سه‌ر خوایه‌و ئه‌وانه‌ی خاوه‌ن‌باوه‌ڕن ده‌ریان‌ناکه‌م؛ بێ‌سۆ ئه‌وان ده‌گه‌ڵ په‌روه‌رێنی خۆیان دیدار ده‌که‌ن. به‌ڵام من ده‌بینم ئێوه کۆمه‌ڵێکی بێ‌ئاوه‌زن.
۳۰ گه‌لۆ! ئه‌گه‌ر من له‌لای خۆمیان ده‌ربکه‌م، کێ له‌خوا ڕزگارم ده‌کا؟ ئاخۆ هیچ بیرناکه‌نه‌وه؟
۳۱ پێشۆناڵێم من گه‌نجینه‌داری خودام؛ به پیوارانیش نازانم؛ ناش‌بێژم فرشته‌یێکم؛ ناشڵێم ئه‌وانه‌ی که ئێوه به‌سوۆکی لێان ده‌ڕوانن، خوا چاکه‌یان ده‌گه‌ڵ ناکا. خوا چاکتر ده‌زانێ چیان له‌دڵدایه. ئه‌گه‌ر وابم، ئه‌وسا یه‌ک له‌ناهه‌قانم.
۳۲ گوتیان: ئه‌ی نوٗح! ده‌م‌به‌ده‌مه‌ت وه‌ل کردین‌و جوابه‌جه‌نگیت فره‌ی خایاند؛ گه‌ر ڕاست ئه‌که‌ی، هه‌رچی ئێژی به‌سه‌رتان دێ، پێن بنوێنه.
۳۳ گوتی: خودا ئه‌گه‌ر حه‌زکا، پێو ده‌نوێنێ‌و ناکرێ له‌به‌ری بڕه‌وٗن.
۳۴ هه‌رئامۆژگاریه‌کتان بکه‌م به‌هره‌نادا؛ ئه‌گه‌ر خودا بڕیاربدا گومڕاوبکا. خۆی خودانی هه‌موٗتانه‌و هه‌ر بۆلای ئه‌ویش ده‌چنه‌وه.
۳۵ یان ده‌بێژن: خۆی هه‌ڵیبه‌ست. بێژه: ئه‌ر هه‌ڵمبه‌ستوه، تاوانه‌که‌ی له‌سه‌ر خۆمه؛ منیش له‌تاوانی ئێوه به‌رکه‌نارم.
۳۶ به نوٗح ڕاگه‌یه‌ندرابوٗ، که: له‌ناو هۆزه‌که‌ی تۆدا، جگه له‌وانه‌ی تا ئێستا باوه‌ڕیان به خوا هێناوه، که‌سی‌تر بڕواناهێنێ‌و له‌وئاکاره‌ی که هه‌یانه غه‌مگین مه‌به.
۳۷ له‌ژێر چاوه‌دێری ئێمه‌و هانای ئێمه، که‌میه سازکه‌و له‌مه‌ڕ ئه‌وانه مه‌مدوێنه که ناهه‌ق بوٗن، ئه‌وان ده‌بێ ژێرئاو که‌وٗن.

وَيَصۡنَعُ ٱلۡفُلۡكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيۡهِ مَلَأٞ مِّن قَوۡمِهِۦ سَخِرُواْ
مِنۡهُۚ قَالَ إِن تَسۡخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسۡخَرُ مِنكُمۡ كَمَا تَسۡخَرُونَ ٣٨
فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيۡهِ عَذَابٞ
مُّقِيمٌ ٣٩ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَمۡرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلۡنَا ٱحۡمِلۡ فِيهَا
مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَأَهۡلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيۡهِ ٱلۡقَوۡلُ
وَمَنۡ ءَامَنَۚ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٞ ٤٠ ۞ وَقَالَ ٱرۡكَبُواْ
فِيهَا بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡر۪ىٰهَا وَمُرۡسَىٰهَآۚ إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ٤١ وَهِيَ
تَجۡرِي بِهِمۡ فِي مَوۡجٖ كَٱلۡجِبَالِ وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبۡنَهُۥ وَكَانَ
فِي مَعۡزِلٖ يَٰبُنَيَّ ٱرۡكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٤٢
قَالَ سَـَٔاوِيٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِي مِنَ ٱلۡمَآءِۚ قَالَ لَا عَاصِمَ
ٱلۡيَوۡمَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَۚ وَحَالَ بَيۡنَهُمَا ٱلۡمَوۡجُ فَكَانَ
مِنَ ٱلۡمُغۡرَقِينَ ٤٣ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ
أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ
بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤ وَنَادَىٰ نُوحٞ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ
ٱبۡنِي مِنۡ أَهۡلِي وَإِنَّ وَعۡدَكَ ٱلۡحَقُّ وَأَنتَ أَحۡكَمُ ٱلۡحَٰكِمِينَ ٤٥

٣٨ خەریکی گەمیەسازدان بۆ؛ هەرچەند خاوەن پایەومایە لە هۆزەکەی
بەلایدا ڕابردنایە، حەنەکی خۆیان پێدەکرد. گوتی: ئەگەر ئێوە گاڵتەمان
پێدەکەن، بەم زوانە هەر وەک ئێوە گاڵتەدەکەن، ئێمەش گاڵتەتان
پێدەکەین.
٣٩ لەمە بەولاوە تێدەگەن، کێ تۆشی ئازاری وا دێ ئابڕوی بچێو
جەزرەبەی لەبنەنەهاتۆی بەسەردابێ.
٤٠ تا ئەوکاتەی کە فەرمانی ئێمە گەیی و تەندۆر بەنهێم زایەوە؛ گوتمان:
لەگش نێرو مێوێ دوان هەڵگرە؛ دەگەڵ کەس وکارەکەت و هەرکێ باوەڕی
هێناوە؛ مەگین ئەوی بەرێ بڕیاری بۆدراوە؛ کە هەمۆیان بێباوەڕ بۆن،
مەگین کەمیان.
٤١ گوتی: لەناویدا سواربن! ڕەوانەبۆنی و لەنگەری، بەناو خوایە؛ خودانی من
بەبۆرینەو دلۆڤانە.
٤٢ گەمیکە ئەوانی دەبرد، بەناو پێلی وادا دەچۆ وەک چیایان. نۆح
گاسیکردە کوڕێ خۆ - کە لەشوێنێکی چەپەک بۆ - : کوڕیژگەکەم! وەل
ئێمەدا سواربەو دەگەڵ خوانەناسان مەبە.
٤٣ گوتی: ئەمن پەنا بەچیایەک دەبەم کە لەئاوم دەپارێزێ. گوتی: ئەمڕۆ
هیچ پارازتن لەفەرمانی خودا نیە؛ مەگین کەسێ خۆی بەزەی
پێدابێتەوە. شەپۆل کەوتەنێوانیان و خرایە ڕێزی خنکاوان.
٤٤ ئەوجا گوترا: زەمین! ئاوت هەڵقوڕێنە؛ بەرزایی! بەس ببارێنە. ئاو ڕۆچۆ
بەناخی ئاخاو کار سەری گرت؛ لەسەر جۆدی لەنگەری گرت. وترا:
تارن، ئەوانەی ناهەقیکارن.
٤٥ نۆحیش لەبەر پەروەرندەی پاڕایەوە، گوتی: ئەی پەروەرێنی من! کوڕم
کەس وکاری منە؛ بەڵێنی تۆش هەر دێتەجێ و تۆ لە گش فەرمانڕەوایەک
لێزانتری.

٣٨- حەنەک: گاڵتە. ٤٠- نهێم: تەوژم. زانەوە: ئاودەرچۆن لە وشکانی.
٤٢- چەپەک: دۆرلەڕێبازی گشتی. گاسی: گازی، بانگ. کوڕیژگە: کوڕی بچوک.
٤٤- ناخ: زۆرەوەی هەرشت.(چۆبەناخی عەرزا). ئاخ: خاک. تار: هەڵوەداو، دۆرکەوتە.

قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيۡسَ مِنۡ أَهۡلِكَۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيۡرُ صَٰلِحٖۖ فَلَا تَسۡـَٔلۡنِ
مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۖ إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ٤٦
قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا
تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٤٧ قِيلَ يَٰنُوحُ
ٱهۡبِطۡ بِسَلَٰمٖ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيۡكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٖ مِّمَّن مَّعَكَۚ
وَأُمَمٞ سَنُمَتِّعُهُمۡ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ ٤٨ تِلۡكَ
مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهَآ إِلَيۡكَۖ مَا كُنتَ تَعۡلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوۡمُكَ
مِن قَبۡلِ هَٰذَاۖ فَٱصۡبِرۡۖ إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ ٤٩ وَإِلَىٰ عَادٍ
أَخَاهُمۡ هُودٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ
غَيۡرُهُۥٓۖ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا مُفۡتَرُونَ ٥٠ يَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ
أَجۡرًاۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱلَّذِي فَطَرَنِيٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ٥١
وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ
عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ
مُجۡرِمِينَ ٥٢ قَالُواْ يَٰهُودُ مَا جِئۡتَنَا بِبَيِّنَةٖ وَمَا نَحۡنُ
بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوۡلِكَ وَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ٥٣

۴۶ گوتی: ئه‌ی نۆح! ئه‌م کوڕه‌ت که‌سی تۆ نیه؛ ئاکاری ناپه‌سندی هه‌س؛ هه‌رشتێ چی لێ نه‌زانی، داوامه‌که؛ من ئامۆژگاریت لێده‌که‌م که نه‌چیه ڕیزه‌ی نه‌زانان.
۴۷ گوتی: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌که‌م! هه‌ر خۆ به‌تۆ ده‌پارێزم؛ داوای شتێکت لێ بکه‌م که نایزانم؛ ئه‌گه‌ر به‌زه‌ت پێم‌دانه‌یه‌و لێم نه‌بۆری، یه‌کێکم له‌زیانباران.
۴۸ وترا: ئه‌ی نۆح! به‌سلامه‌تی‌و به‌و پیته‌وه - که داومانه به‌تۆو به هاوسه‌فه‌رانت - دابوه‌زه؛ چین‌و به‌ره‌کانی دوایه‌ش، تا ماوه‌یه‌ک مه‌ودای ژیانیان ئه‌ده‌ینێ‌و پاشان تۆشی ئازاری به‌ژانیان ده‌که‌ین.
۴۹ ئه‌مانه له‌و هه‌والانه‌ی به‌رپێوارن - که به‌تۆی ڕاده‌گه‌یه‌نین - له‌مه‌وبه‌ر نه تۆ ده‌ت زانین نه هۆزه‌که‌ت. خۆڕاگربه، دواڕۆژ بۆ خودێ ترسانه.
۵۰ بۆ لای عادیش هۆدمان نارد - که برایان بۆ - گوتی: گه‌لۆ! په‌رستنده‌ی خودای تاک بن؛ به‌غه‌یره‌ز ئه‌و ئێوه خودایه‌کتان نیه؛ ئێوه ته‌نیا هه‌ر درۆیان ده‌نه‌خشێنن.
۵۱ گه‌لۆ! بۆ ئه‌م کاره مزێکم لێو ناوێ؛ پاداشی من له‌سه‌ر داهێنه‌ری منه. ئاخۆ بۆ ده‌بێ تێ نه‌گه‌ن؟
۵۲ گه‌لۆ! داوای لێ بۆردنیش هه‌ر له‌وبکه‌ن‌و به‌ره‌وئه‌و بگه‌ڕێنه‌وه؛ که له‌وبه‌رزه‌وه به‌ڕێژنه بارانه‌تان بۆ بنێرێ‌و پێزێ‌تر بدا به‌هێزتان. هه‌روا به‌تاوانباری ڕۆ وه‌رمه‌گێڕن.
۵۳ گوتیان: ئه‌ی هۆد! تۆ هیچ به‌ڵگه‌ت له‌خوداوه بۆنه‌هێناین؛ هه‌ر به‌قسه‌ی تۆش، مه له په‌رستیوه‌کانمان ده‌س به‌رناده‌ین؛ بڕوایه‌ش به‌تۆناهێنین.

---

۴۸- چین‌و به‌ره: تیره‌و تایفه. ۴۹- به‌رپێوار: نادیار، داپۆشیاگ. ۵۲- پێز: هێز، قه‌وه‌ت.

إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍۗ قَالَ إِنِّىٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ
وَٱشْهَدُوٓاْ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِى
جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُمۚ مَّا
مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ
﴿٥٦﴾ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْۚ وَيَسْتَخْلِفُ
رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔاۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ
﴿٥٧﴾ وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ
مِّنَّا وَنَجَّيْنَٰهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٨﴾ وَتِلْكَ عَادٌۖ جَحَدُواْ بِـَٔايَٰتِ
رَبِّهِمْ وَعَصَوْاْ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿٥٩﴾ وَأُتْبِعُواْ
فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُواْ رَبَّهُمْۗ أَلَا
بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ ﴿٦٠﴾ ۞ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًاۚ قَالَ
يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥۖ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ
وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيْهِۚ إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ
﴿٦١﴾ قَالُواْ يَٰصَٰلِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَآۖ أَتَنْهَىٰنَآ أَن
نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٦٢﴾

٥٤ ئێمە هەر ئەوەندە ئێژین: ڕەنگە هێندێک لەوانەی دەیانپەرستین، تۆشی تۆشیەکیان کردبی. گوتی: خوا بەشایەت دەگرم، ئێوەش هەروەها شایەت بن لەوی ئێوە دەیپەرستن بەرکەنارم؛
٥٥ لەغەیرەز خوا. سا هەمۆتان فێڵانم لێبدۆزنەوەو مەودام مەدەن.
٥٦ من خۆم سپارد بەوخودایە کە منی پەروەراندوەو پەروەرندەی ئێوەش ئەوە. هەرشتێ دەجۆڵێتەوە، ژیو ژیاری لەسەر ئەوەو دیارە ڕێگەی پەروەرندەم ڕاستەڕێیە.
٥٧ ئەگەر نەیێنە ڕەدایەش، من بەهەرچی راسپێراوم پێمگەیاندن؛ خودانی من مەردمێتر لەشوێنی ئێوە دادەنێو هیچ زیانیشی لێ نادەن. پەروەرندەم چاوەدێری هەمۆشتە.
٥٨ کاتێ فەرمانی ئێمە هات - لەبەزەیی خۆمانەوە- هۆدو ئەوانەی دەگەڵ ئەو هاوباوەڕبۆن، لە جەزرەبەی هەرەسەخت نەجاتمان دان.
٥٩ ئەوەش عاشیرەتی عادبۆ، کە سەبارەت بەنیشانەی پەروەرێنیان حاشایان کردو لە فەرمانی پێغەمبەرەکانی خۆیان لایاندا. هەرکەسێکی بلەوەزو لاساربۆ شوێنی دەکەوتن.
٦٠ لەم دنیایەو لەڕۆژی هەستانەوەشدا، نەفرینیان هەر بەشوێنەوە. ئاگادار بن کە هۆزی عاد لەمەڕ پەروەرندەی خۆیان بەحاشا بۆن. با بتارێن عادەکان کە هۆزی هۆد بۆن.
٦١ بۆلای سەمۆدیش برایان سالحمان نارد. گوتی: گەلۆ! هەر خودای تاک بپەرستن؛ ئێوە بەغەیری ئەو خودایەکتان نیە؛ ئەو لەم خاکەی وەدی هێنان و ویستی ئاوەدانی بکەن؛ لێبۆردنی لێ بخوازن؛ پاشان بەرەو خۆی وەگەڕێن. پەروەرندەی من نزیکەو دەفریاودێ.
٦٢ گوتیان: سالح! بەرلە ئێستێ جێگەی هومێدی ئێمە بوی؛ ئاخۆ ڕێ نادەی ئەوانەی باب و کالّمان دەیانپەرست، بیانپەرستین؟ ئێمە لەوەی کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، بەگومانین و دۆدڵین.

---

٥٧- ڕەدا: قایل بۆن، رازی بۆن.    ٥٩- بلەوەز: گوێ نەبیس، لاسار.

قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي
مِنۡهُ رَحۡمَةٗ فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِنۡ عَصَيۡتُهُۥۖ فَمَا تَزِيدُونَنِي
غَيۡرَ تَخۡسِيرٖ ٦٣ وَيَٰقَوۡمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗ
فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٖ فَيَأۡخُذَكُمۡ
عَذَابٞ قَرِيبٞ ٦٤ فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمۡ
ثَلَٰثَةَ أَيَّامٖۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ ٦٥ فَلَمَّا جَآءَ
أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا صَٰلِحٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا
وَمِنۡ خِزۡيِ يَوۡمِئِذٍۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ٦٦ وَأَخَذَ
ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ
٦٧ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ أَلَا بُعۡدٗا
لِّثَمُودَ ٦٨ وَلَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُواْ
سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞۖ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجۡلٍ حَنِيذٖ ٦٩ فَلَمَّا
رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ وَأَوۡجَسَ مِنۡهُمۡ خِيفَةٗۚ
قَالُواْ لَا تَخَفۡ إِنَّآ أُرۡسِلۡنَآ إِلَىٰ قَوۡمِ لُوطٖ ٧٠ وَٱمۡرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٞ
فَضَحِكَتۡ فَبَشَّرۡنَٰهَا بِإِسۡحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ يَعۡقُوبَ ٧١

٦٣ گوتی: گەلۆ! ئەر من لەپەروەرندەمڕا بەڵگەی ئاشکرام هێنابێ و وەبەر
بەزەی ئەو کەوتبم، ئەگەر لەفەرمانی دەرچم، کێ هەیە بەفریام بگا؟
لەنگۆش هیچم نایەتەبەر غەیرەز زەرەر.
٦٤ گەلۆ! ئەمە وشتر خوایەو نیشانەیەکە بۆ ئێوە؛ بەرەڵدای کەن لە زەوی
خودا بچەرێ و بەخراپ دەستی بۆمەبەن؛ دەنا ئازارێکی نزیک
دەتانگرێ.
٦٥ کەچی لەت و پەتیشیان کرد. گوتی: سێ ڕۆژ لەماڵ خۆتانا ڕایبوێرن؛ ئەمە
بەڵێنی [خودایەو] بێ درۆیە.
٦٦ هەر کە فەرمانی ئێمە هات، لەبەزەیی خۆمانەوە ساڵح و ئەو چەند
کەسانەی دەگەڵ ئەوا هاوباوەڕبوون، لەڕیسوابوونی ئەوڕۆژە
نەجاتمان دان. پەروەرندەت خێوی هێزو دەستەڵاتە.
٦٧ ئەوانەش کە ناهەقیان کرد، نارەتەیێ وایان بۆهات، لەناو ماڵانی خۆیاندا
دەمەوڕۆ هەستیان لێ بڕا؛
٦٨ دەتگوت هەرلەوێ نەژیاون. بزانن کە هۆزی سەموود لە پەروەرندەی
[مەزنیان] حاشایان کرد؛ هەی لەوەش بەولا وەترچن.
٦٩ ڕاسپاردەکانی ئێمەش مژدەیان دا بەئیبراهیم؛ گوتیان: سەلام. وتی:
سەلام. زۆر پێ نەچۆ گۆلکێکی بریانی هاورد.
٧٠ وەختێ دیتی دەستیانی بۆدرێژناکەن، کارەکەیانی پێ بەلاجەوی هات و
ترسی ڕێ نیشت. گوتیان: تۆ ئەندێشت نەبێ؛ ئێمە بۆلای هۆزی لووت
بەرێ کراوین.
٧١ ژنەکەی - کە هەڵوێستابوو - کەنی هاتێ. ئەوسا مزگێنیمان پێدا
بەئیسحاق و سەرەڕای ئیسحاق بە یەعقووب.

---

٧٠-ئەندێش: ترس، خۆف. ٧١-کەنی هاتن: پێکەنین، خەنین.

قَالَتْ يَٰوَيْلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٌ وَهَٰذَا بَعْلِى شَيْخًا ۖ إِنَّ هَٰذَا
لَشَىْءٌ عَجِيبٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوٓا۟ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۖ رَحْمَتُ ٱللَّهِ
وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ ﴿٧٣﴾ فَلَمَّا ذَهَبَ
عَنْ إِبْرَٰهِيمَ ٱلرَّوْعُ وَجَآءَتْهُ ٱلْبُشْرَىٰ يُجَٰدِلُنَا فِى قَوْمِ لُوطٍ ﴿٧٤﴾
إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٌ مُّنِيبٌ ﴿٧٥﴾ يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَآ ۖ إِنَّهُۥ
قَدْ جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ۖ وَإِنَّهُمْ ءَاتِيهِمْ عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٍ ﴿٧٦﴾ وَلَمَّا
جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِىٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَٰذَا
يَوْمٌ عَصِيبٌ ﴿٧٧﴾ وَجَآءَهُۥ قَوْمُهُۥ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِن قَبْلُ كَانُوا۟
يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِى هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ ۖ
فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ فِى ضَيْفِىٓ ۖ أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ
﴿٧٨﴾ قَالُوا۟ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِى بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ
﴿٧٩﴾ قَالَ لَوْ أَنَّ لِى بِكُمْ قُوَّةً أَوْ ءَاوِىٓ إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ ﴿٨٠﴾ قَالُوا۟
يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓا۟ إِلَيْكَ ۖ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ
مِّنَ ٱلَّيْلِ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ إِلَّا ٱمْرَأَتَكَ ۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا
مَآ أَصَابَهُمْ ۚ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ ٱلصُّبْحُ ۚ أَلَيْسَ ٱلصُّبْحُ بِقَرِيبٍ ﴿٨١﴾

۷۲ ژنە گوتی: های لەمنێ! ئاخۆ منی پیرێژن منالّم دەبێ و ئەم شوەشم پیرەمێرە؟ بەڕاستی شتێکی سێرە!

۷۳ گوتیان: ئاخۆ فەرمانی خودات پێ سەیرە؟ خێزانی ئەم مالّە! بەزەو پیتی خوداتان نسیوٗ بێ. پایەبەرزی و پێ هەلّگوتن هەر لەخۆی دەوەشێتەوە.

۷۴ ئیبراهیم - کە ترسی شکاو مزگێنیەکەشی پێگەیشت - لەسەر هۆزی لوٗت سکالّای دەگەلّ کردین.

۷۵ کە ئیبراهیم لەسەرەخۆو دلّنەرم و بەرەو خودا بوٗ.

۷۶ ئیبراهیم لەمە وازبێنە، فەرمانی خودات هاتگەو بێ گومانە بەلّایەکی بێگەڕانەوەیان بوٗدێ.

۷۷ کاتێ ڕاسپاردەکانمان گەینە لای لوٗت، بەگەیشتنیان دژداماو پیان کەوتە تەنگانەوەو گوتی: ئەمرۆ کار دژوارە.

۷۸ هۆزەکەی بەهەلّەداوان لێی وەکۆبوٗن؛ دەپێشیشدا هەر کاریان بێناموٗسی بوٗ. گوتی: گەلۆ! ئەم کیژانەم بۆ ئێوەبن، پاکژترن؛ ترستان لە خودا هەبێ و شەرمەزاری میوانەکانی خۆم مەکەن. ئاخۆ پیاگێ ئاکارباشتان تێدانیە؟

۷۹ گوتیان: خۆت ئەمەت زانیوە، هیچ کارێکمان بەکیژەکانی تۆ نیە؛ دیارە بۆخۆشت دەزانی چیمان دەوێ.

۸۰ گوتی: بریا هێزم بەئێوەبشکایە، یا خۆ پەنام ببردایە بەجێ پەنایەکی حەستەم.

۸۱ گوتیان: ئەی لوٗت! ئێمە ئەسپاردەی خوداتین؛ دەستی ئەمانەت پێ ناگا. تۆ دەگەلّ مالّ و خێزانت - لەچەند بەتلّێکی شەوێدا - بکەونەڕێ؛ کەستان ئاوڕنەداتەوە؛ غەیری ژنت، کە هەرچی توٗشی ئەوان بێ، توٗشی ویش دێ. ژوانیشیان بەری بەیانە؛ ئاخۆ بەیان نزیک نیە؟

---

۷۳- هەر لەخۆی دەوشێتەوە: هەر بە خوەی نەکەفێ، هەر شیاوی خۆیە.

۷۴- سکالّا: ۱)رازو نیاز؛ ۲) پاڕانەوە. ۷۸- هەلّەداوان: پەلەی زۆر ۸۱- بەتلّ: بەشێک لە شەو.

فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا
حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ
وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ﴿٨٣﴾ ۞ وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ
شُعَيۡبٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ
وَلَا تَنقُصُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَۚ إِنِّيٓ أَرَىٰكُم بِخَيۡرٖ
وَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ مُّحِيطٖ ﴿٨٤﴾ وَيَٰقَوۡمِ
أَوۡفُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا تَبۡخَسُواْ
ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ﴿٨٥﴾
بَقِيَّتُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم
بِحَفِيظٖ ﴿٨٦﴾ قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ أَن
نَّتۡرُكَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوۡ أَن نَّفۡعَلَ فِيٓ أَمۡوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْۖ
إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلۡحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ ﴿٨٧﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن
كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنۡهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ
أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُۚ إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ
مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴿٨٨﴾

٨٢ کە فەرمانی ئێمە گەییشت، ئەوجێمان سەرەونخوٗن کرد. گزموٗلەقوڕی
بەرداسان بەبێ ناوبڕ بۆباراندن.
٨٣ بەدروشمی پەروەرندەت هەموٗ نیشانەکرابوٗن. بەلاّی ئاوا دەربارەی
ناهەقیکاران هیچ دوٗرنیە.
٨٤ بۆ مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان [نارد]. گوتی: گەلۆ! خودای تەنیا
بپەرستن؛ لەغەیری ئەو هیچ پەرستۆیەکتان نیە. لەکێشان و پێوانەدا
گزی مەکەن. خۆش گوزەرانوٗ دەبینم و من لەوڕۆژە ترسم هەیە ئازاری
داگرتان بۆبێ.
٨٥ گەلۆ! کێشانەوٗ پێوانەوٗ بەرانبەربێ؛ شتیش کەم مەدەن بەخەلّک و لەدنیا
لەسەر بەدفەڕی، پێ دامەگرن.
٨٦ ئەگەر بڕواتان بەخوابێ، هەرچی ئەو بۆو بێلّێتەوە بۆتان چاکەو چاوەدێریوٗ
بەمن نیە.
٨٧ گوتیان: شوعەیب! مەر نوێژەکەت هانەت دەدا ئێمە واز لەوشتە بێنین کە
باب و باپیرانی مە دەیانپەرست، یان وەک خۆمان دەمانەوێ لەدارایی
خۆماندا دەسکاری نەکەین؟ بەڕاستی کە تۆ پیاوێکی لەسەرەخۆو
بەسەلیقەی.
٨٨ گوتی: گەلۆ! ئەگەر بێژم بەلّگەیەکی بەهێزم لەپەروەرندەمڕا لەلایەو هەر
ئەویشە بژیوی باشی پێداوم، چۆن دەبینن؟ ئەگەر درۆ دەوێستم و ئێژم
فلاّن کارە مەکەن، خۆ نیازم ئەوە نیە کە خۆم بیکەم. نیازی من هەر
ئەوەیە - تادەتوانم - [کاروبارتان] سامان بدەم. بە ئاوات گەیشتنیشم
هەر بەخوایە و ژینی خۆم بەو سپاردوەو بەرەوخۆی دەگەڕێمەوە.

---

٨٢- گزموٗلە: خڕی چکۆلّە لە قوڕ.

وَيَٰقَوۡمِ لَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شِقَاقِيٓ أَن يُصِيبَكُم مِّثۡلُ مَآ أَصَابَ
قَوۡمَ نُوحٍ أَوۡ قَوۡمَ هُودٍ أَوۡ قَوۡمَ صَٰلِحٖۚ وَمَا قَوۡمُ لُوطٖ مِّنكُم
بِبَعِيدٖ ﴿٨٩﴾ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِۚ إِنَّ رَبِّي
رَحِيمٞ وَدُودٞ ﴿٩٠﴾ قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ مَا نَفۡقَهُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَقُولُ
وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفٗاۖ وَلَوۡلَا رَهۡطُكَ لَرَجَمۡنَٰكَۖ وَمَآ أَنتَ
عَلَيۡنَا بِعَزِيزٖ ﴿٩١﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَهۡطِيٓ أَعَزُّ عَلَيۡكُم مِّنَ
ٱللَّهِ وَٱتَّخَذۡتُمُوهُ وَرَآءَكُمۡ ظِهۡرِيًّاۖ إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ
مُحِيطٞ ﴿٩٢﴾ وَيَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنِّي عَٰمِلٞۖ
سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ وَمَنۡ هُوَ
كَٰذِبٞۖ وَٱرۡتَقِبُوٓاْ إِنِّي مَعَكُمۡ رَقِيبٞ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا جَآءَ
أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا شُعَيۡبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَأَخَذَتِ
ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾
كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّمَدۡيَنَ كَمَا بَعِدَتۡ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾ وَلَقَدۡ
أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ ﴿٩٦﴾ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ
وَمَلَإِيْهِۦ فَٱتَّبَعُوٓاْ أَمۡرَ فِرۡعَوۡنَۖ وَمَآ أَمۡرُ فِرۡعَوۡنَ بِرَشِيدٖ ﴿٩٧﴾

٨٩ گەلۆ! دژویستانی ئێوە لەحاندی من تۆشی تاوانێکتان نەکا کە ئەوبەلای
هۆزی نۆح و هۆزی هوٌدو هۆزی سالّح بەسەریان هات، بەسەرۆبێ.
بەسەرهاتی هۆزی لوٌتیش لەمێژنیە.
٩٠ ئێوە لەپەروەرندەتان داوابکەن، لێوببوٌرێ؛ پاشان بەرەوخۆی وەگەڕێن.
پەروەرندەم دلۆڤان و میهرەوانە.
٩١ وتیان: شوعەیب! زۆر لەوشتانە تێناگەین کە تۆ ئێژی؛ لەناو خۆمان
بێدەستەڵاتت دەبینین. ئەگەر لەبەرخاتری خزمانت نەبا،
بەردەبارانمان دەکردی؛ تۆ دەرۆستی ئێمە نایەی.
٩٢ گوتی: گەلۆ! ئاخۆ خزمەکانی منتان پێ لەخودا گرینگترە، کە خوداتان
خستۆتە پشت گوێتانەوە؟ هەر کارێکی ئێوە دەیکەن، پەروەرندەم
دەورەی داوە.
٩٣ گەلۆ! ئێوە ئەوەی لە دەستوٌدێ بیکەن؛ منیش وا خەریکیکارم. لەوە
بەولاوە دەزانن کێ ئازاری ئابڕوٌبەرەی دێتەسەرو کێ بەدرۆزن
دەردەچێ. چاوەنۆڕبن؛ ئەوا منیش دەگەڵ ئێوە چاوەنۆڕم.
٩٤ کە فەرمانی ئێمە گەییشت، لەبەزەیی خۆمانەوە شوعەیب و هەواڵەکانی
باوەڕداریمان نەجات دا؛ ناهەقکارانیش نەعرەتێک وای تاساندن کە
هەموٌیان دەمەورۆ پشوٌیان بڕا؛
٩٥ دەتگوت هەر لەوێشدا نەبوٌن. با بتارێن خەڵکی مەدیەن؛ وەکوٌ هۆزی
سەموٌد تاران.
٩٦ هەروا ئێمە موٌسامان بەچەندین نیشانەی خۆمان و بەڵگەیەکی
ئاشکرانارد،
٩٧ بەرەو فیرعەون و پیاوانی لەدیوانی. ئەویش هەر گوێ بەفەرمانی فیرعەون
بوٌن؛ کە فەرمانی فیرعەونیش دژی ڕاستی بوٌ.

---

٩٤-تاساندن: گێژوورکردن.

يَقۡدُمُ قَوۡمَهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَأَوۡرَدَهُمُ ٱلنَّارَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡوِرۡدُ
ٱلۡمَوۡرُودُ ﴿٩٨﴾ وَأُتۡبِعُواْ فِي هَٰذِهِۦ لَعۡنَةٗ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ بِئۡسَ
ٱلرِّفۡدُ ٱلۡمَرۡفُودُ ﴿٩٩﴾ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيۡكَۖ
مِنۡهَا قَآئِمٞ وَحَصِيدٞ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ
أَنفُسَهُمۡۖ فَمَآ أَغۡنَتۡ عَنۡهُمۡ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِي يَدۡعُونَ مِن دُونِ
ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖ لَّمَّا جَآءَ أَمۡرُ رَبِّكَۖ وَمَا زَادُوهُمۡ غَيۡرَ تَتۡبِيبٖ ﴿١٠١﴾
وَكَذَٰلِكَ أَخۡذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلۡقُرَىٰ وَهِيَ ظَٰلِمَةٌۚ إِنَّ أَخۡذَهُۥٓ
أَلِيمٞ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّمَنۡ خَافَ عَذَابَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ
ذَٰلِكَ يَوۡمٞ مَّجۡمُوعٞ لَّهُ ٱلنَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوۡمٞ مَّشۡهُودٞ ﴿١٠٣﴾ وَمَا
نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٖ مَّعۡدُودٖ ﴿١٠٤﴾ يَوۡمَ يَأۡتِ لَا تَكَلَّمُ نَفۡسٌ
إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ فَمِنۡهُمۡ شَقِيّٞ وَسَعِيدٞ ﴿١٠٥﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِي
ٱلنَّارِ لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ
ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ
﴿١٠٧﴾ ۞ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِي ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ
ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَۖ عَطَآءً غَيۡرَ مَجۡذُوذٖ ﴿١٠٨﴾

۹۸ رۆژی سه‌لا وه‌پێش ده‌سته‌ی خۆی ده‌که‌وێ‌و هه‌موان ده‌باته ناو ئاگر.
چه‌ند خراپه ئه‌وجێی ئه‌وانه ده‌یچنێ!
۹۹ له‌م دنیاو له‌ڕۆژی داوییش، نه‌حله‌تیان به‌شوێنه‌وه‌یه. ئای له‌وخه‌لاته
دزێوه!
۱۰۰ ئه‌مانه چه‌ندهه‌والێک بوٗن له‌و شارانه که بۆتۆی ده‌گێڕینه‌وه؛ هێندێک
له‌وانه هه‌رهه‌ن‌و هێندێکیشیان له‌به‌ین چوٗگن.
۱۰۱ ناهه‌قیمان لێ‌نه‌کردن؛ به‌لام ئه‌وان ناهه‌قیان ده‌رباره‌ی خۆکرد. کاتێ
فه‌رمان له‌په‌روه‌رنده‌ی تۆڕا هات، ئه‌وانه‌ی په‌رستیویان بوٗن - جگه
له‌خوا - هیچ کارێکیان بۆنه‌کردن‌و - جیا له‌زیان - هیچ‌شتیان
بۆزیادنه‌کردن.
۱۰۲ ئاواینه‌یه غه‌زه‌بی په‌روه‌رنده‌ی تۆ، کاتێ شارانێ داده‌گرێ که
خه‌لکه‌که‌یان ناحه‌قن. ئه‌و ئازاره‌ی خودا ده‌یدا، زۆر به‌ژان‌و زۆر دژواره.
۱۰۳ له‌مانه‌دا بۆ ئه‌وانه‌ی له‌ئازاری ڕۆژی په‌سلانێ بترسن، په‌ندێ هه‌یه؛ که
ڕۆژێکه هه‌موٗ مه‌ردم گش له‌وێ کۆده‌کرێنه‌وه؛ ڕۆژێکی دیارو به‌رچاوه.
۱۰۴ ئه‌و ڕۆژه وه‌دره‌نگی ناخه‌ین، مه‌گین بۆ ماوه‌یه‌کی که‌م.
۱۰۵ ڕۆژێ که‌دێ، هیچ که‌س به‌بێ ئیزنی خودا مته‌ق ناکا؛ له‌ناویاندا
قه‌ره‌به‌خت‌و به‌خته‌وه‌ر هه‌ن.
۱۰۶ سا ئه‌وانه‌ی قه‌ره‌به‌ختن، له‌ئاگران به‌ئاخ‌و هه‌نیسک‌دانن.
۱۰۷ هه‌ر ده‌وێدا ده‌مێننه‌وه، هه‌تاکوٗ ئه‌م عاسمانانه‌و زمینه هه‌ن؛ جا مه‌گین
په‌روه‌ردگارت مه‌یلی لێ‌بێ. په‌روه‌رنده‌ت هه‌رچی خۆی بیه‌وێ ده‌یکا.
۱۰۸ ئه‌وانه‌ش که به‌خته‌وه‌رن، هه‌ر له‌به‌هه‌شتێدا ده‌بن، هه‌تا ئه‌م
ئاسمانانه‌و ئه‌م زه‌مینه هه‌ن؛ مه‌گین ئه‌وه‌ی په‌روه‌رنده‌ت مه‌یلی لێ‌بێ.
به‌خششێکه نابڕێته‌وه.

---

۹۹- دزێو: ناحه‌ز، ناشیرین. ۱۰۶- هه‌نیسک: خیسک، نزگه‌ره‌ی به‌ده‌م‌گریانه‌وه.

فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَٰٓؤُلَآءِۚ مَا يَعْبُدُونَ إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ
ءَابَآؤُهُم مِّن قَبْلُۚ وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ ١٠٩
وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ
سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْۚ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ
١١٠ وَإِنَّ كُلًّا لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَٰلَهُمْۚ إِنَّهُۥ بِمَا يَعْمَلُونَ
خَبِيرٌ ١١١ فَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطْغَوْاْۚ
إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ١١٢ وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ
فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ
لَا تُنصَرُونَ ١١٣ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ
ٱلَّيْلِۚ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ
١١٤ وَٱصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ١١٥ فَلَوْلَا
كَانَ مِنَ ٱلْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُوْلُواْ بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْفَسَادِ
فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْۗ وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ
ظَلَمُواْ مَآ أُتْرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجْرِمِينَ ١١٦ وَمَا كَانَ
رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ١١٧

۱۰۹ سا تۆ سه‌باره‌ت به‌وه‌ی وان ده‌یپه‌رستن، دڕدۆنگ مه‌به. هه‌ر ئه‌وانه ده‌په‌رستن که باب‌و کاڵی پێشۆیان په‌رستیانن. ئێمه‌ش به‌بێ که‌مایه‌سی به‌شی خۆیانیان ده‌ده‌ینێ.

۱۱۰ مه کتێبمان دا به موساو کێشه‌ی له‌سه‌ر هه‌ڵاییسا. خۆ ئه‌گه‌ر په‌روه‌رنده‌ی تۆ ئه‌وسا بڕیاری نه‌دابا، زۆ کێشه‌یان ده‌بڕایه‌وه؛ که ئێستێکه‌ش سه‌باره‌ت به‌م، هه‌ر دوودڵ‌و به‌گومانن.

۱۱۱ بێگومانه په‌روه‌رنده‌ت قه‌ره‌بۆی کرده‌ی هه‌مۆیان به‌ته‌واوی ده‌داته‌وه‌و هه‌ر خۆی له‌هه‌رکارێ ده‌یکه‌ن، ئاگاداره.

۱۱۲ وه‌ک فه‌رمانت پێدراوه، خۆڕاگره! ئه‌وانه‌ش که له‌ته‌ک تۆدا به‌ره‌و خودا وه‌گه‌ڕاون، با هه‌روابن؛ سه‌رپێچیش له‌فه‌رمان مه‌که‌ن! هه‌رچی بیکه‌ن خوا ده‌یبینێ.

۱۱۳ رمۆده‌ی ئه‌وانه‌مه‌بن غه‌درێ ده‌که‌ن؛ ده‌نا به‌ئاگر ده‌سۆتێن. غه‌یره‌ز خوداش هیچ‌که‌س دۆستایه‌تیۆ ناکاو ئیتر که‌سیش پاشان یاریده‌تان نادا.

۱۱۲ له هه‌ردوک ئالی ڕۆژێداو چه‌ن به‌تڵی سه‌ره‌تای شه‌وێ، نوێژێ بکه؛ چونکه چاکه خراپه‌یه له‌به‌ین ده‌به‌ن. ئه‌مه په‌نده بۆ ئه‌وانه‌ی په‌ندگر بن.

۱۱۵ هه‌ر خۆبگره؛ بێسۆ خودا پاداشی چاکه‌کاره‌کان وندا ناکا.

۱۱۶ ئه‌م هه‌مۆ به‌ره‌وچینانه‌ی به‌رله‌ئێوه هاتن‌و چۆن، چۆنه که‌سێ وایان نه‌بۆن، ڕێگانه‌ده‌ن له‌زه‌میندا خراپه به‌ڕێوه‌بچێ؟ مه‌گین که‌مێک له‌وانه‌ی ڕزگارمان کردن له‌نێویانا. ناهه‌قیکاره‌کانیش هه‌ر که‌وتنه شوێنی خۆشگوزه‌رانی خۆیان‌و تاوانبار بۆن.

۱۱۷ په‌روه‌رنده‌ت - به‌ناهه‌قی - چجار قڕانی نه‌خسته ئه‌و شارانه‌ی ئاکار چاک بۆن.

---

۱۰۹- دڕدۆنگ: دودڵ، به‌گومان. ۱۱۳- رمۆده: ئالوده، هۆگر. رمۆده‌ی... یا: مه‌چن به‌ره‌ولای ئه‌وانه‌ی غه‌درێ ده‌که‌ن. ۱۱۴- ئالی: ته‌ره‌ف، ره‌خ، لا. ۱۱۷- چجار: هیچگا، هه‌رگیز.

وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ
١١٨ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمۡۗ وَتَمَّتۡ كَلِمَةُ رَبِّكَ
لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ١١٩ وَكُلّٗا نَّقُصُّ
عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَۚ وَجَآءَكَ فِي هَٰذِهِ
ٱلۡحَقُّ وَمَوۡعِظَةٞ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ١٢٠ وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ
ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنَّا عَٰمِلُونَ ١٢١ وَٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ
١٢٢ وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ
فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ١٢٣

## سُورَةُ يُوسُف

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ١ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا
لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ
بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ
لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٣ إِذۡ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي رَأَيۡتُ
أَحَدَ عَشَرَ كَوۡكَبٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ رَأَيۡتُهُمۡ لِي سَٰجِدِينَ ٤

۱۱۸ پەروەردەت ئەگەر حەزی بکردایە، خەلکی دنیای گشتی دەکردە یەک
ئاین؛ بەلام بەناتەبایی هەر دەمێننەوە؛
۱۱۹ [جا] مەگین پەروەردەی تۆ بەزەی پێیاندابێتەوە؛ کە هەر بۆیەی
دروس کردوون. بڕیاری پەروەردەشت هەر دێتەجێ، کە: جەهەندەم،
لە جندۆکەو بنیادەم - هەموو - پڕدەکەم.
۱۲۰ ئەم حەمکە دەنگ و باسانەی پێغەمبەرانت بۆ دەکەین، کە دلداریت
بدەینەوە. هەرچی لەمەدا بۆتو هات، ڕاستی ڕستەو بۆ گەلی
خاوەن باوەڕان ئامۆژگاری و بیرەوەری تێداهەیە.
۱۲۱ بەو کەسانەش کە باوەڕیان نیە، بێژە: هەرچی لەدەستۆدێ بیکەن؛ وا
ئێمەش کاری خۆدەکەین.
۱۲۲ چەمەڕاش بن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین.
۱۲۳ هەرشتێکی بەرپێوارە - لەئاسمانان و زەمیندا - گش بۆ خودان؛
هەمۆکارێک هەر سەربەوە. سا تۆ هەر ئەو بپەرستەو چارەنۆست
بەوبسپێرە. هەرکارێ کە ئێوە دەیکەن، پەروەردەت لەهیچی
بێ ئاگانیە.

۱۱۱ ئایەت

## یوسف

بەناو خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

۱ ئەلیف، لام، ڕا. ئەمانە چەندین نیشانەن لەکتێبی دیاری دەرەوە.
۲ قورئانێکە بەعارەبی ئێمە ناردمانە خوارەوە، شایەتا ئێوە تێبگەن.
۳ ئێمە وێڕای ئەم قورعانەی کە بەتۆن ڕاگەیاندوە، شیرین ترین چیرۆکت
بۆوەدەگێڕین؛ کە دەپێشدا تۆ هەرئاگاشت لێ نەبوە.
۴ وەختێ یوسف بەباوکی گوت: بابۆ! من یازدە ئەستێرەو خۆرو هەیفم بەخەو
دیتن، کە سەر بۆمن دەچەمێنن.

قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيۡدًاۖ
إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لِلۡإِنسَٰنِ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ يَجۡتَبِيكَ
رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ
وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعۡقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيۡكَ مِن قَبۡلُ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَۚ
إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٦﴾ ۞ لَّقَدۡ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخۡوَتِهِۦٓ
ءَايَٰتٞ لِّلسَّآئِلِينَ ﴿٧﴾ إِذۡ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ
أَبِينَا مِنَّا وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ٱقۡتُلُواْ
يُوسُفَ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ وَتَكُونُواْ مِنۢ
بَعۡدِهِۦ قَوۡمٗا صَٰلِحِينَ ﴿٩﴾ قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ لَا تَقۡتُلُواْ يُوسُفَ
وَأَلۡقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ يَلۡتَقِطۡهُ بَعۡضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمۡ
فَٰعِلِينَ ﴿١٠﴾ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأۡمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ
لَنَٰصِحُونَ ﴿١١﴾ أَرۡسِلۡهُ مَعَنَا غَدٗا يَرۡتَعۡ وَيَلۡعَبۡ وَإِنَّا لَهُۥ
لَحَٰفِظُونَ ﴿١٢﴾ قَالَ إِنِّي لَيَحۡزُنُنِيٓ أَن تَذۡهَبُواْ بِهِۦ وَأَخَافُ
أَن يَأۡكُلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَأَنتُمۡ عَنۡهُ غَٰفِلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ لَئِنۡ
أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّآ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ ﴿١٤﴾

٥ گوتی: ئەی کوڕیژگەکەی خۆم! ئەم خەونەت لای براکانت مەگێڕەوە، نەوەک گەڕێکت پێ بکەن؛ چونکە شەیتان بۆبنیادەم دوژمنێکی ئاشکرایە.
٦ ئەمە دیارە پەروەرندەت ویستۆیە هەڵت بژێرێ و فێرت بکا مانای خەونان لێک دەیەوەو دەربارەی تۆو هەمۆخانەدانی یەعقوب، چاکەی بێکەمایەسی بکا؛ وەک ئەوچاکەی سەبارەت بەئیبراهیم و ئیسحاقی باوانی تۆی کرد. دیارە پەروەرندەی تۆ هەرە زانای لەکارزانە.
٧ لەڕابوردەی ناو یۆسف و برایانی، پەندی زۆرهەن بۆ ئەو کەسانەی دەپرسن.
٨ کاتێ گوتیان: دیارە یۆسف و براکەی لای باوەمان لە ئێمە خۆشەویست‌ترن؛ خۆ ئێمەش دەستەپیاوێکین. بێگومانە بابی ئێمە بەئاشکرا گومڕابوە.
٩ یۆسف بوکژن، یان لەشوێنێکا فڕێی‌دەن؛ هەتا باوک ببێتە تایبەت بەخۆتان. لەپاش ئەویش ئێوە ببن بەکۆمەڵێکی بەرکەتی.
١٠ یەکێ لەوان هەڵیدایە: ئەگەر کارەکەی هەر دەکەن، لە یۆسف کوشتن گەڕێن و بیخەنە بن بیرەکەوە؛ کاروانچی هەڵیگرنەوە.
١١ گوتیان: بابۆ! چۆنە کەتۆ لەمەڕ یۆسف لەئێمە ئارخەیان نابی؟ خۆ ئێمە خۆشمان گەرەکە.
١٢ سۆ دەگەڵ ئێمەی بنێرە، گەشت بکات و گەپ بدات و خۆمان پارێزگاری دەبین.
١٣ گوتی: ئەگەر بیبەنەدەر، تۆشی کوڵ و کەسەر دەبم؛ ترسیشم هەس گورگ بیخواو ئێوە ئاگاتان لێ نەبێ.
١٢ گوتیان: ئەگەر گورگ خواردی - کە دەخۆرتین و پێکەوەین - دیارە ئێمە زیانبارین.

---

٩- بەرکەتی: هەڵکەوتە، هەڵکەفتک. ١١- ئارخەیان: خاترجەم.
١٢- سۆ: سبەی، سۆزی. ١۴- خۆرت: لاو، جحێڵ.

فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِۦ وَأَجْمَعُوٓا۟ أَن يَجْعَلُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ۚ وَأَوْحَيْنَآ
إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٥﴾ وَجَآءُوٓ
أَبَاهُمْ عِشَآءً يَبْكُونَ ﴿١٦﴾ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ
وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ ۖ وَمَآ أَنتَ
بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ
بِدَمٍ كَذِبٍ ۚ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ
وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا۟
وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُۥ ۖ قَالَ يَٰبُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةً ۚ
وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍۭ بَخْسٍ
دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَالَ
ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ أَكْرِمِى مَثْوَىٰهُ عَسَىٰٓ
أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا ۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى
ٱلْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ
أَمْرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢١﴾ وَلَمَّا بَلَغَ
أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٢٢﴾

۱۵ کاتێ که بردیانه‌ده‌رێو به‌گه‌له‌کۆمه‌گی ویستیان بیخه‌نه بن‌بیره‌که‌وه،
[ئیتر کاریان ته‌واو کردو] ئێمه‌ش ئه‌ومان تێگه‌یاند که: تۆ له‌م کاره
ئاگاداریان ده‌که‌یه‌وه؛ که خۆیان هه‌ستی پێ‌ناکه‌ن.
۱۶ ئێوارێ له‌تاریکاندا، بۆ لای بابیان - به‌گریانه‌وه - وه‌گه‌ڕان.
۱۷ گوتیان: بابۆ! چۆبۆین غارغارێنێ بکه‌ین‌و یۆسفیشمان لای که‌ل‌و په‌لمان
به‌جێ‌هێشت؛ گورگ خواردی. هه‌رچه‌ند ڕاستیشت پێ‌ده‌ڵێین، بڕوایه
به‌ئێمه ناکه‌ی.
۱۸ کراسه‌که‌شیان هێنابۆ؛ خوێنه درۆزنه‌ی پێوه‌بۆ. گوتی: دیاره دڵی خۆتان
کارێکی له‌به‌ر خه‌ملاندون. خۆڕاگری بێ‌ناشکوری [چاری منه]؛ له‌مه‌ڕ
ئه‌وانه‌ش که ئێژن، خودا ده‌هانامه‌وه‌دێ.
۱۹ کاروانێ هات، ئاوکێشیان نارد، دۆڵچه‌ی داهێشت: مژده، ئه‌مه
کوڕێژگه‌یه. وه‌کۆ کالا تاقه‌تیان کرد؛ خوا له‌کاریان به‌ئاگابۆ.
۲۰ به‌نرخێ که‌م، به‌چه‌ند دره‌م فرۆتیان‌و نه‌شیان‌ده‌ویست.
۲۱ ئه‌وکه‌سه‌ی له‌میسر سه‌ندی، به ژنێ خۆی وت: قه‌دری بگره به‌شکۆ
قازانجی لێ‌بکه‌ین؛ یان بیکه‌ینه زارۆی خۆمان. به‌م ئاوایه له‌وهه‌رده‌دا
یۆسفمان زۆر باش دامه‌زراند؛ تا ئێمه فێریشی بکه‌ین چۆن خه‌ونان
لێک بداته‌وه. خوا له‌سه‌ر کاری خۆی زاڵه؛ به‌لام زوربه‌ی ئه‌م مه‌ردمه
لێ‌نه‌زانن.
۲۲ وه‌ختێ بۆبه پیاوێ ته‌واو، سه‌لیقه‌و زانستمان پێدا. ئێمه ئاوا پاداش
به‌کارچاکان ئه‌ده‌ین.

---

۱۸- خه‌ملاندن: ڕازاندنه‌وه، له‌به‌رچاو جوان‌کردن.

۱۹- تاقه‌ت‌کردن: حه‌شاردان، شاردنه‌وه‌ی شتێ له خه‌ڵک.

وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ
وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ
إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا
لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ
وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٢٤﴾ وَٱسۡتَبَقَا
ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ
قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ
أَلِيمٞ ﴿٢٥﴾ قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ
أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ
ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ وَهُوَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٧﴾ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ قَالَ إِنَّهُۥ
مِن كَيۡدِكُنَّۖ إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ ﴿٢٨﴾ يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ
هَٰذَاۚ وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ
﴿٢٩﴾ ۞ وَقَالَ نِسۡوَةٞ فِي ٱلۡمَدِينَةِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا
عَن نَّفۡسِهِۦۖ قَدۡ شَغَفَهَا حُبًّاۖ إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٣٠﴾

٢٣ ئەوژنە وا یۆسف لەماڵی ئەوا بۆ، تەمای تێکرد. دەرگاکانی لێ‌گاڵەداو
گوتی: بەلەز ئامادەبە. گوتی: ئەی پەنا بەخودا؛ ئەو ئاغامە، قەدری
گرتۆم، [ بێ ئەمەگانی داوێن پیس ] کە ناهەقن، ناخەلەسێن.
٢٤ وێ پەلاماری ئەمی داو ئەمیش گەر بەڵگەی پەروەرندەی نەدیبا،
ئاوقای دەبۆ. بۆئەمەبۆ کە خراپەو شۆرەیی لێ‌وەپرینگێنین؛ ئەم یەکێ بۆ
لەعەبدە دڵپاکەکانمان.
٢٥ بە کێ بەرکێ هەردۆ گەینە لای دەرگاکە؛ گجی یۆسفی لای پشتەوە
دادڕی‌و لەبەردەری، تۆشی سەروەری وێ هاتن. گوتی: سزای کەسێ
چیە دەگەڵ ماڵ‌و خێزانی تۆ، تەماداری شۆرەیی بێ؛ غەیر لە زینان یا
جەزرەبەیەکی بەژان؟
٢٦ پەرسقی‌دا: وێ تەمای دەمن کردبۆ. یەکێ لەخزمەکانی وێ هەڵیدایە:
گەر گجی ئەم لەلای پێشەوە دڕاوە، وێ ڕاست ئەکاو ئەم ڤڕۆیە؛
٢٧ گەر گجیشی لەپشتەوە دادڕاوە، وێ درۆی کرد، ئەو ڕاست دەکا.
٢٨ وەختێ دیتی کراسەکەی لەپشتەوە دادڕاوە، وتی: ئەمە لە هێندێک فێڵی
ئێوەیە؛ فێڵی ئێوەش زۆر گەورەیە.
٢٩ یۆسف ! واز لەم باسە بێنە. حورمێ! تۆش بۆردن لەخەتات داوابکە؛ کەتۆ
لە خەتاکارانی.
٣٠ ژنانی شار قاویان داخست: ژنا عەزیز حەز لەخولامێ خۆ دەکا؛
لەدڵداریدا سۆتاوە؛ وادیارە تەواو لەڕێگە دەرچۆە.

---

٢٣- گاڵەدان: بەستن، داخستن (دەرگا). خەلەسین: ڕزگاربۆن.

٢٤- وێ: ئەوژنە. پرینگاندنەوە: سڕینەوە، پاکەوکردن. ٢٥- گجی: کراس.

٢٦- ڤڕۆ: درۆزن. ٢٩- حورمێ: وشەی بان کردنی ژن لەلای مێردەوە.

فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا وَءَاتَتْ
كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ ۖ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ
وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ
كَرِيمٌ ﴿٣١﴾ قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى لُمْتُنَّنِى فِيهِ ۖ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن
نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ ۖ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا
مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَىَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ
إِلَيْهِ ۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّى كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ
﴿٣٣﴾ فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا رَأَوُا۟ ٱلْءَايَٰتِ لَيَسْجُنُنَّهُۥ
حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٣٥﴾ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ ۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ
إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَعْصِرُ خَمْرًا ۖ وَقَالَ ٱلْءَاخَرُ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَحْمِلُ فَوْقَ
رَأْسِى خُبْزًا تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُ ۖ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓ ۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ
ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٦﴾ قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا
بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ۚ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِى رَبِّىٓ ۚ إِنِّى تَرَكْتُ
مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٣٧﴾

۳۱ لەپاش ئەوەی تیزو تانەی ئەوانی بیست، لەدوی ناردن؛ گەلێ باڵگەو
[خواردەمەنی] لادانان و هەر یەکەی چەقۆیەکیشی پێ سپاردن. گوتی:
بۆیان وەرەدەرێ. هەرکە دیتیان حەپەسان و دەستەکانی خۆیان بڕی و
گوتیان: ئەی نامەخوا! ئەمە مرۆنیەو بێ سۆ فرشتەیێ خۆشەویستە.
۳۲ وێ گوت: ئەمەئەوکەسەیە کە لەسەر ئەو سەردەنشی منتان دەکرد؛
ویستم ببێتە دۆستم و دەستم دەگەڵ تێکەڵ بکا، خۆی ڕاگرت و بۆم
تاونەکرا؛ ئەگەر ئەوەی لەوم دەوێ بیکا، نەیکا، دەبێ بچێتە زیندانێ و
وەک ئێسیرانی ڕابوێرێ.
۳۳ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! زیندانەکەم پێ خۆشترە لەوەی ئەوان لێم
دەخوازن؛ ئەگەر تۆ گەڕی ئەوانەم لێ لانەدەی، دڵم دەچێ بۆلایان و
یەکێک دەبم لەنەزانان.
۳۴ خودا نزای قبوڵ کردو گەڕی ئەوانی لێ لادا؛ کە خۆی بیسەرو زانایە.
۳۵ پاشان وایان بەباش زانی - دوای ئەو هەمو نیشانانەش - تا ماوەیەک
زیندانی بێ.
۳۶ دو خوڵامیش دەگەڵ ئەو چوونە زیندانێ. یەکیان گوتی: من خەونم دیت
ترێ دەوشم. ئەودی گوتی: من لەخەوما نانم بەسەرسەرەوەیە، مەل
لێی دەخۆن. خەونەکەمان بۆلێکدەوە؛ ئێمە دەتۆڕادەبینین کە لە
خێرەومەندەکان بێ.
۳۷ گوتی: بەرلە ژەمەنانێ کە بۆتان دێ و پێش خواردنی، مانای خەونەکەۆ
پێدەڵێم؛ کە ئەمەش لەو بەهرانەیە پەروەرندەم فێری کردوم. من ئاینی
ئەوکەسانەم وەلانایە، کە نە بڕوایان بە خوایەو لاشیان وایە قیامەت
نایە.

---

۳۱-«تیزو تانە» یا: گزی و فێڵ. باڵگە: باڵشت. حەپەسان: واق وڕمان. ۳۲-تاوکردن: فریودان،
لەخشتەبردن. ۳۶-دەوشین: گوشین.

وَٱتَّبَعۡتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ مَا كَانَ
لَنَآ أَن نُّشۡرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۚ ذَٰلِكَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ عَلَيۡنَا وَعَلَى
ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٣٨﴾ يَٰصَٰحِبَيِ
ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ
﴿٣٩﴾ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ
وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ
أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ
ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا
فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ
مِن رَّأۡسِهِۦۚ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ ﴿٤١﴾ وَقَالَ لِلَّذِي
ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ
ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ
﴿٤٢﴾ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ
سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖۖ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ ﴿٤٣﴾

٣٨ من شوێن دینی باوانی خۆم، ئیبراهیم‌و ئیسحاق‌و یه‌عقوب كه‌فتگم؛
به‌ره‌وامان نه‌زانیگه‌ هیچ شتێكی به‌ شه‌ریكی خوا بزانین. ئه‌مه‌ش
له‌چاكه‌ی خواوه‌یه‌ كه‌ ده‌رباره‌ی ئێمه‌و مه‌ردمی كردگه‌؛ به‌ڵام به‌شی
زۆر له‌مه‌ردم هه‌ر ناشكورن.
٣٩ ئه‌رێ ئێوه‌ی دۆهاوبه‌ندم! ئاخۆ چه‌ندین په‌روه‌رنده‌و پێ‌باشتره، یا خۆ
خودای تاك‌و ته‌نیای زاڵ به‌سه‌ر هه‌مۆشتێكا؟
٤٠ ئه‌وانه‌ی ده‌یانپه‌رستن، چه‌ندشتێكی غه‌یره‌ز خودان، كه‌خۆتان‌و باب‌و
كاڵتان - سه‌ربه‌خۆ - ناوتان لێ‌ناون؛ هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی پته‌ویان له‌خواوه
له‌ده‌ستانیه. فه‌رمانیش هه‌ر هی خودایه‌و هه‌ر ئه‌ویش فه‌رمانی‌داوه‌ كه
غه‌یره‌ز ئه‌و مه‌په‌رستن. دینێ كه‌ ڕاست‌و دروسته‌ هه‌ر ئه‌مه‌یه، به‌ڵام
زوربه‌ی خه‌ڵكی دنیایه‌ نازانن.
٤١ ئه‌ی هه‌ردوی هاوبه‌ندیخانه‌م! یه‌ك له‌ئێوه‌ ده‌بێته‌ مه‌یگێڕی خێوی؛
ئه‌وه‌كه‌ی‌تر له‌دارده‌درێ، ئه‌وسا مه‌لان چینه‌ی له‌ سه‌ریداده‌كه‌ن.
كارێكی كه‌ ده‌تانه‌ویست له‌ئه‌نجامه‌كه‌ی بپرسن، وا زاندراو هه‌ر وه‌دیش
دێ.
٤٢ به‌یه‌كێك له‌و دۆكه‌سانه‌ی بۆی دانابو ڕزگارده‌بێ، وتی: كه‌ ده‌چیه‌ لای
ئاغات، باسم‌بكه. شه‌یتان نه‌یهێشت له‌بیری بێ، له‌لای ئاغای
باسی‌بكا؛ تا چه‌ندساڵێك له‌گرتۆخانه‌ مایه‌وه.
٤٣ شا گوتی: له‌خه‌وما دیتم، حه‌وگای قه‌ڵه‌و حه‌وچێڵی له‌ڕ ده‌یانخواردن؛
حه‌وگوڵه‌ده‌خڵی شینیش و حه‌وتی دیكه‌ی وشكه‌ڵاتۆ. ئه‌ی دیوه‌خان
نشینه‌كان! ئه‌م خه‌ونه‌م بۆلێكده‌نه‌وه، ئه‌گه‌ر لێكده‌ره‌وه‌ی خه‌ونن.

---

٤١-خێو: خاوه‌ن، ساحیب.        ٤٣-چێڵ: مانگا.

قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ٤٤
وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ
فَأَرۡسِلُونِ ٤٥ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفۡتِنَا فِي سَبۡعِ بَقَرَٰتٖ
سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ
وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ لَّعَلِّيٓ أَرۡجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٤٦ قَالَ
تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا
قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ ٤٧ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ يَأۡكُلۡنَ
مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ ٤٨ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ
عَامٞ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ ٤٩ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي
بِهِۦۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسۡـَٔلۡهُ مَا بَالُ
ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّۚ إِنَّ رَبِّي بِكَيۡدِهِنَّ عَلِيمٞ ٥٠ قَالَ
مَا خَطۡبُكُنَّ إِذۡ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفۡسِهِۦۚ قُلۡنَ حَٰشَ لِلَّهِ
مَا عَلِمۡنَا عَلَيۡهِ مِن سُوٓءٖۚ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡـَٰٔنَ حَصۡحَصَ
ٱلۡحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٥١ ذَٰلِكَ
لِيَعۡلَمَ أَنِّي لَمۡ أَخُنۡهُ بِٱلۡغَيۡبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ ٥٢

٤٤ گوتیان: هەر خەونە‌درۆزنەن؛ ئێمە لەم تەرزەخەونانە سەر دەرناکەین.
٤٥ لەو دۆکەسە ئەوەی کە ڕزگارکرابۆ - بەدێروژوان - تازە وەبیری هاتەوە؛
گوتی: ئەمن بۆتانی لێکدەدەمەوە؛ سا بمنێرن.
٤٦ یۆسف! مێری هەمیشە ڕاست! حەوگای قەڵەو حەوچێڵی لەجەر
ئەیانخۆن، حەوت وشۆی هێشتا هەر شینو حەوتی دیکەش
وشکەڵاتۆن. ئەم خەونەمان بۆلێکدەوە؛ کە من دەچمەوە لای مەردم،
بەشکۆ ئەوانیش تێبگەن.
٤٧ وتی: حەوساڵ لەکشتوکاڵ وچان نادەن؛ هەرچیەکی درۆتانەوە -
کەمێک نەبێ کە لێی دەخۆن - لە وشۆی خۆیا بێڵنەوە.
٤٨ لەپاش ئەمە حەوتی قاتیوقڕی دادێ؛ هەرچی پێشۆ بۆ ئەمانەتان
هێشتەوە، هەمۆی دەخۆن؛ مەگین کەمێ لەوەی قایم هەڵیدەگرن.
٤٩ لەدوای ئەمە ئەمجارە ساڵێکی وا دێ، بۆ هەمۆکەس باران و ڕوەک
مشەیەو لەودا مل لەگوشین دەنین.
٥٠ شا گوتی: بۆمی بهێنن. کاتێ ڕاسپاردەکە هات، گوتی: وەگەڕێ لای
ئاغات و لێی پرسە، ئەوژنانەی کە دەستی خۆیانیان بڕی، نیازیان چبو؟
پەروەرندەم لە دەهۆیان ئاگادارە.
٥١ وتی: بۆچی گەرەکتان بۆ یۆسف بۆ خۆو دەستەمۆکەن؟ گوتیان: خوا
بەوڕۆژەنەکا، ئێمە کاری شۆرەییمان لێنەدیوە. ژنا عەزیز هەڵیدایە:
ئێستە ڕاستی ئاشکرابۆ؛ من تەماحم دەو کردبۆ؛ هەرچی ئەو گوتۆیە
ڕاستە.
٥٢ [یوسف گوتی:] ئەمەش بۆیەبۆ بزانێ، پاشەملەش غەیانەتم پێنەکردو
خودا دەهۆی دەغەڵبازان ناخاتەڕێ.

---

٤٦-لەجەر: لاواز، داڵگۆشت. وشۆ: گوڵی دەخڵ. ٤٩- مشە: زۆر، فرە، زەحف، بۆش.
٥٠- دەهۆ: گزی و فێڵ. ٥٢- پاشەملە: لە پشتەسەر.

۞ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ
رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٥٣ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ أَسۡتَخۡلِصۡهُ
لِنَفۡسِيۖ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ ٥٤ قَالَ
ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ٥٥ وَكَذَٰلِكَ
مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ نُصِيبُ
بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُۖ وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٥٦ وَلَأَجۡرُ
ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٥٧ وَجَآءَ إِخۡوَةُ
يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَعَرَفَهُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ٥٨ وَلَمَّا
جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمۡ قَالَ ٱئۡتُونِي بِأَخٖ لَّكُم مِّنۡ أَبِيكُمۡۚ أَلَا تَرَوۡنَ
أَنِّيٓ أُوفِي ٱلۡكَيۡلَ وَأَنَا۠ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ ٥٩ فَإِن لَّمۡ تَأۡتُونِي بِهِۦ فَلَا
كَيۡلَ لَكُمۡ عِندِي وَلَا تَقۡرَبُونِ ٦٠ قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ
وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ٦١ وَقَالَ لِفِتۡيَٰنِهِ ٱجۡعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ فِي رِحَالِهِمۡ
لَعَلَّهُمۡ يَعۡرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ
٦٢ فَلَمَّا رَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيهِمۡ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلۡكَيۡلُ
فَأَرۡسِلۡ مَعَنَآ أَخَانَا نَكۡتَلۡ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٦٣

۵۳ منیش هەرگیز هیچ پاکانە بۆخۆم ناکەم. نەوس هەمۆخراپەیەک بەپیاو
دەکا؛ مەگین ئەوی پەروەرندەم بەزەیی پێدابێتەوە. پەروەرندەم
خەتابەخش و دلۆڤانە.
۵۴ شا گوتی: بیهێننە لای من، وادەکەم هەر سەر بەمن بێ. کاتێ دواندی،
گوتی: تۆ هەر لەمرۆکەوە لەلای ئێمە بەڕێزیو جێگای باوەڕی.
۵۵ گوتی: بمکە بەسەرکاری نەغدینەو بەروبوی وڵات؛ چاوەدێری لێدەکەمو
لێزانیشم.
۵۶ ئابەم جۆرە یۆسفمان لەم سەرزەمینە [بەڕێزەوە] جێکردەوە؛
[خۆش‌نشینێک بو] لە هەرجێ خۆی ویستبای لەوێ دەژیا. هەرکێ ئێمە
بمانەوێ بەربەزەییمانی دەخەین؛ پاداشی چاکەکارانیش ونداناکەین.
۵۷ خۆ دیارە پاداشی ئەولاش هێژاترە بۆ ئەوانەی باوەڕدارو خۆپارێزن.
۵۸ برایانی یۆسف هاتن؛ بۆ دیتنی وەژۆرکەوتن؛ ناسینیەوە؛ ئەوان ئەمیان
نەدەناسی.
۵۹ دوای ئەمە باری بارکردن، گوتی: ئێوە برایەکی باوکیتان هەس، بۆمی
بێرن؛ ئەی نەتاندی من خانەخوێی چاکمو پێوانەکەشم تەواوە؟
۶۰ ئەگەر ئەوم بۆنەهێنن، پێوانەو لەلای من نیەو لێشم نزیک مەکەونەوە.
۶۱ گوتیان: بەفێڵ ئەو لەبابی دەستێنینو بێ‌خەم‌بە ئەم کارەدەکەین.
۶۲ خولامانی خۆی تێگەیاند: ئەو دراڤەی کەداویانە، بیخەنە ناوبارەکانیان؛
شایەت ئەگەر گەڕانەوە ماڵی خۆیان، بیناسنەوە؛ بەشکۆ ئەمجارەش
بێنەوە.
۶۳ کە چۆنەوە لای باوەیان، گوتیان: باڤۆ! لەپێوانە بێ‌بەش کراین؛ سا تۆ
بران وێڕای ئێمە ڕەوانەکە؛ دەشپێوین و ئاگاداریشی لێدەکەین.

---

۶۲-دراڤ: دراو، پارە، پوڵ.

قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن
قَبْلُ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَمَّا فَتَحُواْ
مَتَٰعَهُمْ وَجَدُواْ بِضَٰعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا
مَا نَبْغِي هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ
أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾ قَالَ لَنْ
أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِۦٓ إِلَّآ
أَن يُحَاطَ بِكُمْ فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ
﴿٦٦﴾ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدْخُلُواْ مِنۢ بَابٍ وَٰحِدٍ وَٱدْخُلُواْ مِنْ أَبْوَٰبٍ
مُّتَفَرِّقَةٍ وَمَآ أُغْنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا
لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٦٧﴾ وَلَمَّا
دَخَلُواْ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم
مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا وَإِنَّهُۥ
لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَٰهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ
﴿٦٨﴾ وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ قَالَ
إِنِّيٓ أَنَا۠ أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٦٩﴾

۶۴ گوتی: هەروەک جاری پێشوُ براکەیم پێتان سپارد، ئەویش بسپێرم بە ئێوە؟ چاکتر پارێزەر خودایەو هەر خۆی لەهەموُ دلّسۆزان دلّسۆزترە.

۶۵ کە بارەکانیان کردەوە، دراڤەکەیان دەسکەوتەوە کە بۆیان ناردرابوُوە. گوتیان: باڤۆ! چمان دەوی؟ ئەمە دەزمایەکەمانە کە بۆمان ناردراوتەوە. بژیوی خێزانمان دێنین؛ براکەشمان دەپارێزین؛ پێوانەی پشت وشترێکیش زیدە دێنین؛ ئەم پێوانەیە هندکە.

۶۶ گوتی: ڕەگەلّتانی ناخەم تا پەیمانم بەناوی خودا نەدەنێ، کە هەر دەبێ بۆم بیننەوە؛ مەگین گش درەتانێکوُ لێگیرابێ. کاتێ کە پەیمانیان دایە، گوتی: خودا لەم بنارە ئاگادارە.

۶۷ گوتی: ئەی فرزەندەکانم! لەیەک درگاوە مەچنەناو، لەدەروازەی جیاجیاوە بچنەژوُر؛ ئەمن ناتوانم هیچ شتێک لە قەزای خوا لە ئێوە دوُر بخەمەوە؛ فەرمان هەر بۆخودایەو بەس؛ خۆم هەر بەوی دەسپێرم‌و کەسانێکیش کە ئەو بەکارسازدەزانن، با خۆیان هەر بەو بسپێرن.

۶۸ کاتێ لەوجێی - کە بابیان ڕای سپاردبوُن - چوُنە ژوُرێ، ئەم کارەیان هیچ شتێکی لەئەوان دوُر نەخستەوە، تەنیا هەر بوُ نیازێک بوُ کە لەدلّی یاقوُبدابوُ پێکی هێنا؛ ئەویش بۆخۆی لەوشتانەی کە فێرمان کرد زانایەک بوُ؛ بەلاّم زوربەی زۆری مەردم لێی نازانن.

۶۹ کاتێ لەماڵەکەی یوُسف چوُنە هوندور، براکەی خستە لای خۆی‌و گوتی: من برایەکەی تۆم؛ لەوەی کە ئەوان وایانکرد خەمگین مەبە.

---

۶۵- هندک: کەم، پێچەوانەی زیاد. ۶۶- بنار: گرم‌وقال، گفتوگۆ.

۶۹- هوندور: ئەندەرون، ژوُرەوە.

فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِى رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ
أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَٰرِقُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟
عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ ﴿٧١﴾ قَالُوا۟ نَفْقِدُ صُوَاعَ ٱلْمَلِكِ
وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ
لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ
﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمْ كَٰذِبِينَ ﴿٧٤﴾ قَالُوا۟ جَزَٰٓؤُهُۥ
مَن وُجِدَ فِى رَحْلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ
﴿٧٥﴾ فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَآءِ أَخِيهِ ثُمَّ ٱسْتَخْرَجَهَا مِن
وِعَآءِ أَخِيهِ ۚ كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ ۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ
فِى دِينِ ٱلْمَلِكِ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ
وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾ ۞ قَالُوٓا۟ إِن يَسْرِقْ
فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ ۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِى نَفْسِهِۦ
وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ۚ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ۖ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا
تَصِفُونَ ﴿٧٧﴾ قَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥٓ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا
فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓ ۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٧٨﴾

۷۰ گاڤا باری بۆبارکردن؛ زەرکا ئاوێی خستە دورباری براکەی؛ پاشان
جارچیک جاری راهێشت: کاروانینە! ئێوە دزیتان کردوە.
۷۱ رۆیان تێکردن و گوتیان: ئێوە چیتان لێ گوم بوە؟
۷۲ گوتیان: شەربەی ئاوی شامان لێ گوم بوەو هەرکەسێ بی هێنێتەوە،
بارەحوشترێکی هەیە؛ منیش دەستەبەری دەبم.
۷۳ گوتیان: سوێندەکە بەخودا - خۆو دەزانن - ئێمە بۆیە نەهاتگین لەم
هەردە بەدفەری کەین و دزی لەمە روی نەداوە.
۷۴ گوتیان: ئەگەر درۆو لەسەر سوُرەوەبوُ، سزاو چیە؟
۷۵ وتیان: هەرکێ لەباریدا پەیداکرا، هەر بۆخۆی سزای خۆیەتی؛ کە
سزادانی ناهەقان هەر ئەمەیە.
۷۶ ئەوسا پێش باری براکەی باری ئەوانی پشکنی؛ پاشان لەباری براکەی
هێنایەدەر. ئاوا فێڵمان بۆیوُسف کرد. لەیاسای ئەو پاشایەدا نەدەبوایە
براکەی گل بدرایەوە؛ مەگین خودا وا حەزبکا. هەرکەسێکی ئێمە
حەزکەین پلەپلە بالای دەبەین. لەبان هەموُزانایێ زاناترێک هەس.
۷۷ گوتیان: ئەگەر ئەو ئێستاکە دزی دەکا، لەپێشوُشدا برایەکی ئەو دزی کرد.
یوُسف ئەمەی دەدڵ گرت و لەوانی ئاشکرانەکرد. گوتی: حاڵی ئێوە لەوان
خراترە؛ ئەوباسەش کە ئێوە دەیکەن، خوا لەنگۆی چاتر دەزانێ.
۷۸ وتیان: ئەی عەزیز! باوکێکی زورهانی هەس؛ لەجێگەی ئەو یەکێ لەئێمە
گل دەوە؛ تۆ دەبینین لەرێزەی خێرەومەندانی.

---

۷۰- گاڤا: کاتێک. زەرکا: ئاوخۆری، لیوان. دورِ: ناوەند، نێوەراست.
۷۲- دەستەبەر: زامن. ۷۴- سوُربوُنەوە: روُن بوُنەوە.

قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ أَن نَّأۡخُذَ إِلَّا مَن وَجَدۡنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ إِنَّآ
إِذٗا لَّظَٰلِمُونَ ٧٩ فَلَمَّا ٱسۡتَيۡـَٔسُواْ مِنۡهُ خَلَصُواْ نَجِيّٗاۖ
قَالَ كَبِيرُهُمۡ أَلَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ أَبَاكُمۡ قَدۡ أَخَذَ عَلَيۡكُم
مَّوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبۡلُ مَا فَرَّطتُمۡ فِي يُوسُفَۖ فَلَنۡ أَبۡرَحَ
ٱلۡأَرۡضَ حَتَّىٰ يَأۡذَنَ لِيٓ أَبِيٓ أَوۡ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ لِيۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ
٨٠ ٱرۡجِعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيكُمۡ فَقُولُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبۡنَكَ سَرَقَ
وَمَا شَهِدۡنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمۡنَا وَمَا كُنَّا لِلۡغَيۡبِ حَٰفِظِينَ
٨١ وَسۡـَٔلِ ٱلۡقَرۡيَةَ ٱلَّتِي كُنَّا فِيهَا وَٱلۡعِيرَ ٱلَّتِيٓ أَقۡبَلۡنَا فِيهَاۖ
وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ٨٢ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ
فَصَبۡرٞ جَمِيلٌۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَنِي بِهِمۡ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ
ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ٨٣ وَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ
يُوسُفَ وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ مِنَ ٱلۡحُزۡنِ فَهُوَ كَظِيمٞ ٨٤
قَالُواْ تَٱللَّهِ تَفۡتَؤُاْ تَذۡكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا
أَوۡ تَكُونَ مِنَ ٱلۡهَٰلِكِينَ ٨٥ قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي
وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٨٦

٧٩ گوتی: ئه‌ی په‌نابه‌خودا ئه‌گه‌ر ئێمه غه‌یره‌ز که‌سێ کالاّی خۆمان له‌لای ئه‌و دۆزیوه‌ته‌وه، گل ده‌ینه‌وه. گه‌ر وه‌بکه‌ین، ئه‌وسا له‌ناهه‌قکارانین.

٨٠ کاتێ که لێی ناهومێدبوُن، بۆسرته چوُنه که‌نارێک. گه‌وره‌که‌یان هه‌ڵیدایه: بۆ ئێوه نه‌تانزانیوه که باوکتان په‌یمانێکی به‌ناوی خودا لێ‌ساندن؛ له‌وه‌پێشیش خراپه‌و له‌ڕاده‌به‌ده‌ر ده‌رباره‌ی یوُسف کردوه؟ سا له‌م هه‌رده ده‌رناکه‌وم هه‌تا بابم ئیزنم ده‌دا، یان خوا بڕیارم بۆده‌دا؛ ئه‌و خۆی چاکتر له‌هه‌رکه‌سێ پێ‌ڕاده‌گا.

٨١ ئێوه بچنه‌وه لای بابتان؛ بێژن: بابۆ! کوڕه‌که‌ت دزی کردوه؛ شایه‌تیشمان نه‌دا مه‌گه‌ر له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که زانیمان؛ ئاگاشمان له‌نه‌دیار نه‌بوُ.

٨٢ له‌مه‌ردمی ئه‌وشاره که ئێمه‌ی لێ‌بوُین له‌وکاروانه‌ش که ده‌گه‌ڵیان هاتینه‌وه، پرسیاربکه؛ ئێمه بێسوُ ڕاست ده‌بێژین.

٨٣ گوتی: نه‌خێر، هه‌وای دڵتان کاره‌که‌ی له‌به‌رخه‌ملاندوُن. [دیسانه‌که] خۆڕاگری بێ ناشکوری؛ ئه‌وه خوایه به‌شکوُ گشتیان بهێنێته‌وه بۆلای من. خودا بۆخۆی ئاگادارو له‌کارزانه.

٨٤ ئیتر ڕوی له‌وان وه‌رگێڕاو گوتی: ئه‌ی داخم بۆ یوُسف‌و له‌سوێ‌یانی تانه په‌ڕیه سه‌رچاوانی‌و هه‌روا پیشی ده‌خوارده‌وه.

٨٥ گوتیان: به‌خودا سوێنده‌که، تۆ قه‌ت یوُسف له‌بیرناکه‌ی؛ له‌وانه‌یه نه‌خۆشت خا یان بتکوژێ.

٨٦ گوتی: گازنده‌و دڵمه‌ندیم هه‌ر بۆخودا ئه‌درکێنم‌و من له‌خواوه گه‌لێ شتی‌وا ده‌زانم که ئێوه لێی ئاگادارنین.

---

٨٤- سوێ: داخ و عه‌زره‌ت. ٨٦- گازنده: شکایه‌ت. دڵمه‌ندی: خه‌م و که‌سه‌ر.

يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ
مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ
﴿٨٧﴾ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ
وَجِئۡنَا بِبِضَٰعَةٖ مُّزۡجَىٰةٖ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآۖ
إِنَّ ٱللَّهَ يَجۡزِي ٱلۡمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾ قَالَ هَلۡ عَلِمۡتُم مَّا فَعَلۡتُم
بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ ﴿٨٩﴾ قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ
لَأَنتَ يُوسُفُۖ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيۡنَآۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ
ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٩٠﴾ قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا
وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴿٩١﴾ قَالَ لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ
ٱلۡيَوۡمَۖ يَغۡفِرُ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٩٢﴾
ٱذۡهَبُواْ بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلۡقُوهُ عَلَىٰ وَجۡهِ أَبِي يَأۡتِ بَصِيرٗا
وَأۡتُونِي بِأَهۡلِكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا فَصَلَتِ
ٱلۡعِيرُ قَالَ أَبُوهُمۡ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَۖ لَوۡلَآ أَن
تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾ قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلۡقَدِيمِ ﴿٩٥﴾

٨٧ ڕۆڵه‌كانم! بڕۆن، به‌ڵكه سۆراغێكی یۆسف و براكه‌ی بكه‌ن؛ ناهومێدیش مه‌بن له به‌زه‌یی خودا؛ هه‌ر ئه‌وانه‌ی خوانه‌ناسن، له‌به‌زه‌ی خوا ناهومێدن.
٨٨ له‌دوای ئه‌وه‌ی گه‌یشتنه‌لای، گوتیان: ئه‌ی عه‌زیزا هه‌م خۆمان هه‌م خێزانمان له بێبژیوی كه‌له‌لاین؛ كه‌مێكمان دراو هێناوه، بیكه سه‌ده‌قه‌ی سه‌ری خۆت، پێوانه‌ی ته‌واومان ده‌یه؛ خوا پاداشی خێره‌ومه‌ندان له‌بیرناكا.
٨٩ گوتی: ئاخۆ پێوزانیوه چیتان به سه‌ر یۆسف و براكه‌ی هێنا؟ ئێوه به‌ڕاستی نه‌زان بۆن.
٩٠ گوتیان: ئا توخوا به‌ڕاسته! یۆسف خۆتی؟ وتی: به‌ڵێ، خۆم یۆسفم و براكه‌شم ئه‌وه‌تانێ. خودا به‌رمنه‌تی كردین؛ چونكۆ هه‌ركێ خۆ پارێزو خۆڕاگربێ، دیاره خودا پاداشی ئاكارپه‌سندان وندا‌ناكا.
٩١ گوتیان: وه‌خودا سوێنده‌كه، خوا تۆی - به‌رانبه‌ر به‌ئیمه - سه‌ر خستۆه‌و ئێمه له‌خه‌تاكاران بۆین.
٩٢ گوتی: ئه‌مڕۆ گازنده‌و له‌سه‌ر نه‌ماوه؛ خودا خه‌تاتان ده‌پۆشێ و هه‌ر خۆی له‌گش به به‌زه‌ییه‌ك دڵسۆزتره.
٩٣ ئه‌م كراسه‌ی من به‌رنه‌وه، بیخه‌نه‌سه‌ر دیمی بابه‌م؛ چاوه‌كانی چاده‌بنه‌وه. هه‌مۆ كه‌س و كارێكیشتانم بۆبێنن.
٩٤ وه‌ختێ كاروان ڕه‌وانه‌بۆ، بابیان گوتی: ئه‌گه‌ر نه‌یژن هاته‌ران پاته‌رانی وت، من بۆنی یۆسفم بۆدێ.
٩٥ گوتیان: به‌خوا، تۆ هه‌ر له‌سه‌ر ڕێ نه‌زانینی پێشۆتی.

---

٩٣- دیم: ده‌م و چاو، ڕوخسار. ٩٤- هاته‌ران: قسه‌په‌ڕاندن. پاته‌ران: وڕاوه.
هاته‌ران پاته‌ران: قسه‌ی بێ ماناو هیچ و پوچ، هه‌ڵیت و په‌ڵیت.

فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلۡبَشِيرُ أَلۡقَىٰهُ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ فَٱرۡتَدَّ بَصِيرٗاۖ قَالَ
أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٩٦ قَالُواْ
يَٰٓأَبَانَا ٱسۡتَغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ٩٧ قَالَ سَوۡفَ
أَسۡتَغۡفِرُ لَكُمۡ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٩٨ فَلَمَّا
دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ
إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ٩٩ وَرَفَعَ أَبَوَيۡهِ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ وَخَرُّواْ
لَهُۥ سُجَّدٗاۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَعَلَهَا
رَبِّي حَقّٗاۖ وَقَدۡ أَحۡسَنَ بِيٓ إِذۡ أَخۡرَجَنِي مِنَ ٱلسِّجۡنِ وَجَآءَ بِكُم
مِّنَ ٱلۡبَدۡوِ مِنۢ بَعۡدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بَيۡنِي وَبَيۡنَ إِخۡوَتِيٓۚ إِنَّ
رَبِّي لَطِيفٞ لِّمَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ١٠٠ ۞ رَبِّ
قَدۡ ءَاتَيۡتَنِي مِنَ ٱلۡمُلۡكِ وَعَلَّمۡتَنِي مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ فَاطِرَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ تَوَفَّنِي
مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ١٠١ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ
نُوحِيهِ إِلَيۡكَۖ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ أَجۡمَعُوٓاْ أَمۡرَهُمۡ وَهُمۡ يَمۡكُرُونَ
١٠٢ وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ ١٠٣

٩٦ کەمزگێنیدەر هاتەبەر، هاویتیە سەر دەموچاوی؛ چاوەکانی چاک
بۆنەوە. گوتی: من نەواتم پێتان، ئەوی من لەخوای دەزانم، لەزانستی
ئێوە دوورە؟
٩٧ وتیان: باڤۆ! ئێمە لەڕێ لامانداوە، لەپەروەرێنت داواکە لێمان
خۆش بێ.
٩٨ گوتی: هەر زۆ داوا لەپەروەرێنی خۆم دەکەم کە عافۆتان بکاو هەر خۆی
لەگوناهـ دەبۆرێو دلۆڤانە.
٩٩ وەختێ گەهانە جەم یۆسف، داکو بابی بردە نک خۆو گوتی: ئێوە
وەرنەمیسرو - خودا یاربێ - هیچ ناڕەحەتیو تۆش نابێ.
١٠٠ دایو بابی وەبان تەختەوە نیشاندو هەمۆیان کڕنۆشیان بۆکرد. گوتی:
باڤۆ! ئەمە خەونەکەی پێشۆمە؛ پەروەرێنم ئاکامەکەی وەدیهێناو
لەپاش ئەوەی شەیتان لە نێوانی منو براکانم بەدفەڕی کرد، زۆر
چاکەی دەربارەکردۆم؛ لەزیندانی دەرهێنامو هنگۆشی لەو سارایەوە
هاوردەوە. پەروەرێنم، بۆ هەرکەسێکی خۆی حەزکا دڵاوایەو بۆخۆی
زانای لەکارزانە.
١٠١ ئەی خودانم! لەم وڵاتە تۆ دەستەڵاتت پێداومو فێرت کردم چلۆن
خەونان لێکدەمەوە. وەدی هێنی ئاسمانەکانو زەمینێ! هەر تۆی
لەدنیاو لە قیامەت گەورەی منی. لەسەر بڕوای تەواو بەخۆت،
بممرێنەو بمگەێنەوە بە پیاوچاکان.
١٠٢ ئەمانە ئەو دەنگو باسانەی نادیارن کە بەتۆی ڕادەگەیێنین؛ ئەوسا
ئەوان کاکەوبرالەی خۆیان کرد فێڵێ بکەن، تۆ هەر ئاگاشت لێنەبوە.
١٠٣ هەر چەندە زۆریش پاپابی، ئەم مەردمە زوربەیان بڕوا ناهێنن.

---

٩٩- **گەهانە:** گەیشتنە. **جەم:** لا، نک. ١٠٠- **هنگۆشی:** ئێوەشی. ١٠٢- **کاکەوبرالە:** راوێژو ڕێکەوتن بەنهێنی بۆمەبەستێکی ناپەسند. ١٠٣- **پاپا:** زۆر بەتاسەو داواکار.

وَمَا تَسۡـَٔلُهُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٤
وَكَأَيِّن مِّنۡ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يَمُرُّونَ عَلَيۡهَا
وَهُمۡ عَنۡهَا مُعۡرِضُونَ ١٠٥ وَمَا يُؤۡمِنُ أَكۡثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا
وَهُم مُّشۡرِكُونَ ١٠٦ أَفَأَمِنُوٓاْ أَن تَأۡتِيَهُمۡ غَٰشِيَةٞ مِّنۡ عَذَابِ ٱللَّهِ
أَوۡ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ١٠٧ قُلۡ هَٰذِهِۦ
سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ
ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٨ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ
إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓۗ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي
ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۗ
وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ١٠٩ حَتَّىٰٓ
إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ جَآءَهُمۡ
نَصۡرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُۖ وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُنَا عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ
١١٠ لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِۗ مَا كَانَ
حَدِيثٗا يُفۡتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ
وَتَفۡصِيلَ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١١١

١٠٤ خۆ تۆ هەرگیز [بۆ ئەم کارە] پاداشێکت لەوان ناوێ و ئەمە تەنیا پەندێکە بۆ خەڵکی دنیا.

١٠٥ چەندە زەحفن نیشانەگەل لەعاسمانان و زەمیندا؛ بەلایاندا ڕادەبرن و گوێی پێ نادەن.

١٠٦ بەشی زۆریان بڕوا بەخوا ناهێنن و هەر گەرەکیانە شەریکی بۆوەدۆزن.

١٠٧ ئاخۆ ئەوان ئارخەیانن کە جەزرەبەی داپۆشەری خوایان بۆنای؟ یان گوزوگوممەت سەلایان لێ ڕانابێ؛ کە هەر هەستیشی پێ نەکەن؟

١٠٨ بێژە: ئەمە ڕێگای منە؛ هەم خۆم و هەم ئەو کەسانەش شوێنم کەفتوٚن - بە بەڵگەوە - بۆ خواناسی، گاسی دەکەم. خواش هەمیشە پاکە و تاکە و لەوانەنیم کە شەریکی بۆ پەیداکەم.

١٠٩ پێشتر لە تۆش، هەر پیاوانێ لەخەڵکی باژێڕەکانمان - لەلایەن خۆمان - تێگەیاند. بۆچی نەچوٚن لەم زەمینە گەشتێ بکەن، تا ببینن چارەنوٚسی پێشینەکانیان چوٚن بوٚگە؟ بۆ ئەوانەی خودێ ترسن،ماڵی ئەو دنیا خاسترە. دەی سا بۆچە هەر تێ ناگەن؟

١١٠ تا ئەوسا کە پێغەمبەران ناهومێد بوٚن، مەردمیش وایان دەزانی کە درۆیان دەگەڵ کردوٚن؛ یارمەتی ئێمەیان بۆهات. ئەوانەش واحەزمان کرد، ڕزگار کران و توندوتیژیشمان لە هەمبەر تاوانباران ناوەگەڕێ.

١١١ لە سەرگوروشتەی ئەمانە، پەند هەیە بۆ بەئاوەزان. واتەیکی هەڵبەستە نیە؛ بەڵکو [ڕاستە] باوەڕدەکا بەوەی لەبەردەستیدایە و شیکەرەوەی هەموٚشتە و ڕێ شاندەرەو بەزەییە بۆ ئەوکەسانەی بەباوەڕن.

---

١٠٥- **زەحف:** فرە، زۆر  ١٠٧- **گوز و گوممەت:** لەپڕونەکاو. **ئارخەیان:** خاترجەم، بێ ترس و دودڵی.  ١٠٨- **گاسی کردن:** بانگ کردن.  ١٠٩- «**پێشتر لە تۆش...**» وەرامە بۆ ئایەتی ٢٤، سوٚرەی موئمینوٚن، (سەفحەی ٣٤٣) «**کەششاف**»  ١١٠- **ناوەگەڕێ:** ناگەڕێتەوە.

# سُورَةُ الرَّعۡدِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِۗ وَٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ ٱلۡحَقُّ
وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ ١ ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ
عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ
يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ
رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ٢ وَهُوَ ٱلَّذِي مَدَّ ٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ
وَأَنۡهَٰرٗاۖ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ
ٱلنَّهَارَۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٣ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ
قِطَعٞ مُّتَجَٰوِرَٰتٞ وَجَنَّٰتٞ مِّنۡ أَعۡنَٰبٖ وَزَرۡعٞ وَنَخِيلٞ صِنۡوَانٞ
وَغَيۡرُ صِنۡوَانٖ يُسۡقَىٰ بِمَآءٖ وَٰحِدٖ وَنُفَضِّلُ بَعۡضَهَا عَلَىٰ بَعۡضٖ
فِي ٱلۡأُكُلِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٤
۞ وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ
جَدِيدٍۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَغۡلَٰلُ
فِيٓ أَعۡنَاقِهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٥

# ڕەعد

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

٤٣ ئایەت

١ ئەلیف، لام، میم، ڕا. ئەمانە چەندنیشانێکی ئەم کتێبەن. ئەوەی لە پەروەرێنتەوە بۆتۆ هاتۆتەخوارەوە، دیارە ڕاستە؛ بەڵام زوربەی ئەم مەردمە بڕواناکەن.

٢ خودایێکە ئاسمانەکانی بەرزۆکرد، بێ هەستوندەک، کە لێودیارن؛ جا ئەوساکە نیشتە سەرتەخت. خۆرو هەیڤیشی خستەکار؛ هەریەکەیان بۆماوەیەکی دیارکراو دێن و دەچن. خۆی بەکاروبار ڕادەگاو نیشانان شی دەکاتەوە؛ بەشکۆ ئێوە لەدیداری پەروەرندەۆ بێگومان بن.

٣ هەر ئەمیشە ئەم زەمینەی ڕاخستوەو گەلێ کێوات و ڕوباری لێ ئافراندو ئەوکش بەروبۆەزۆرەشی - کە هەمۆی کردۆنە جۆتە - لە وێدا بەدی هێناوە؛ شەو بەسەرڕۆژ هەڵدەکێشێ. ئەمانە گشتی نیشانەن بۆئەوانەی ڕادەمێنن.

۴ لەم هەردەدا گەلێک پارچە بەپەنا یەکتری‌یەوە هەن. هەروەها باغاتی ڕەزو زەوی و زارو دارەخورمای لفی یەکترو لێک جودا؛ گش لەیەک ئاو پاراودەبن؛ [بەڵام] تام و چێژەی بڕێکیان بەرانبەربە بڕێکی‌تر وەسەردەخەین.

٥ ئەگەر تۆ سەیردەمێنی، سەیر وا لەقسەکانیاندا کە دەبێژن: ئاخۆ ئەگەر دەبینە ئاخ، سەرلەنوێ سازدەکرێینەوە؟ ئائەمانەن لەپەروەرندەکەی خۆیان حاشادەکەن؛ ئەوانە تۆقی ئاسنیان لەملدایەو ئەوانە یاری ئاگرن و تاهەتایەی تێدادەبن.

---

٣-ڕامان: بیرکردنەوە. ۴-پارچە: پاژ، لەت. ٥-ئاخ: خاک.

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلسَّيِّئَةِ قَبْلَ ٱلْحَسَنَةِ وَقَدْ خَلَتْ مِن
قَبْلِهِمُ ٱلْمَثُلَٰتُ ۗ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ ۖ
وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٦﴾ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَآ
أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۗ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرٌ ۖ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ
﴿٧﴾ ٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلْأَرْحَامُ
وَمَا تَزْدَادُ ۖ وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ
وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ ﴿٩﴾ سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ
ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍۭ بِٱلَّيْلِ وَسَارِبٌۢ
بِٱلنَّهَارِ ﴿١٠﴾ لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٌ مِّنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ يَحْفَظُونَهُۥ
مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ۗ
وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوْمٍ سُوٓءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن
وَالٍ ﴿١١﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا
وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ ﴿١٢﴾ وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعْدُ بِحَمْدِهِۦ
وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِۦ وَيُرْسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا
مَن يَشَآءُ وَهُمْ يُجَٰدِلُونَ فِى ٱللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ ٱلْمِحَالِ ﴿١٣﴾

٦ بەرلەوە چاکەو پاداشت لێ بخوازن، بەهەڵپەولەز، ئازارت لێداوادەکەن. بەرلەوانیش زۆری وا بوُن توُشی جەزرەبە کراون؛ گەرچی مەردم ستەمکاربن پەروەرندەت بەخشندەیەو لە تۆڵەشدا توندوتیژە.

٧ خودانەناسەکان ئێژن: ئەدی بۆچی لەپەروەرندەی خۆیەوە بەڵگەیەکی پەوی بۆنەهاتگە؟ تۆ هەر تەنیا ترسێنەرێکیو هیچیتر؛ بۆ هەرگەلێک لەگەلانیش ئەشێ ڕێشاندەرێک هەبێ.

٨ لە تۆلی هەرمێچکەیەکدا هەرچی هەیە خوا دەیزانێو دەزانێ چی دێتەسەرێو چیشی لێکەم دەبێتەوە. هەمۆشتێک لەلای ئەو ئەندازەی هەیە.

٩ لەنەدیاران و لەدیاران ئاگادارەو جێبەرزی هەرەمەزنە.

١٠ هەرکێ لەنگۆ پەنامەکی قسەبکاو دەنگ هەڵبڕێ، یان لەشەودا خۆ پەناداو لەناو ڕۆژی ئاشکرادا بێتوبچێ، لای ئەم گشتی وەکۆیەکە.

١١ لە پێشیەوەو لەدوایەوە، فریە پەیجۆری وای هەیە کە بەپێی فەرمانی خودا دەیپارێزن. خوا لە هیچ گەلێک ناگۆڕێ، تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن. ئەگەر خودا گەرەکی بێ تیرەیەک توُشی بەلابن، هیچ لەمپەری نایەتەبەرو خواش نەبێ، هیچکەس دۆستایەتیان ناکا.

١٢ هەر خۆیەتی - بۆترسانو تەماداری - بروسکەتان بەرچاودێنێو هەوری پڕ دادەوەستێنێ.

١٣ هەورەکانو فرشتەکان - لەسامی ئەم - هەمیشە هەر پەسن دەدەن. هەورەتریشقەش دەنێرێ، کێ حەزبکا توُشی دەکا؛ کەچی ئەوان لەمەڕ خودا کێشەیانەو خوا لە جزیادانا گەلێ توندوتیژە.

---

٨-**تۆل:** پزدان. **مێچکە:** مێوینە. ١٠-**پەنامەکی:** بەنهێنی، بەدزیەوە. ١١-**لەمپەر:** بەرگر، مانیع. ١٣-«**مِحال**» بە«فێڵەزانی»ش مانای لێدراوەتەوە.

لَهُۥ دَعۡوَةُ ٱلۡحَقِّۖ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسۡتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيۡءٍ إِلَّا
كَبَٰسِطِ كَفَّيۡهِ إِلَى ٱلۡمَآءِ لِيَبۡلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦۚ وَمَا دُعَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ
إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ ١٤ وَلِلَّهِ يَسۡجُدُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا
وَكَرۡهٗا وَظِلَٰلُهُم بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ۩ ١٥ قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ قُلِ ٱللَّهُۚ قُلۡ أَفَٱتَّخَذۡتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ لَا يَمۡلِكُونَ لِأَنفُسِهِمۡ
نَفۡعٗا وَلَا ضَرّٗاۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُ أَمۡ هَلۡ تَسۡتَوِي
ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُۗ أَمۡ جَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُواْ كَخَلۡقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلۡخَلۡقُ
عَلَيۡهِمۡۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّٰرُ ١٦ أَنزَلَ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَسَالَتۡ أَوۡدِيَةُۢ بِقَدَرِهَا فَٱحۡتَمَلَ ٱلسَّيۡلُ زَبَدٗا رَّابِيٗاۖ
وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيۡهِ فِي ٱلنَّارِ ٱبۡتِغَآءَ حِلۡيَةٍ أَوۡ مَتَٰعٖ زَبَدٞ مِّثۡلُهُۥۚ كَذَٰلِكَ
يَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ وَٱلۡبَٰطِلَۚ فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذۡهَبُ جُفَآءٗۖ وَأَمَّا مَا
يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمۡكُثُ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ كَذَٰلِكَ يَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ ١٧
لِلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَهُۥ
لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفۡتَدَوۡاْ بِهِۦٓۚ
أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ سُوٓءُ ٱلۡحِسَابِ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ١٨

١٤ نزای هەقیش هەر بۆ ئەوە [تەنها هاوار لەخوابکەن]. ئەوکەسانەی گاسی غەیرەز خودا دەکەن، کەسیان بەدەنگەوەنایە. وەک کەسی وان کە هەر لە دوُر دەستی بۆ ئاو ڕابدێرێ و حەزبکا بێتەدەمیەوەو ناشیگاتێ. نزای خودانەناسەکان گش پۆچەو بەفیڕۆدەچێ.

١٥ هەرچیەک هەیە لەنێوانی ئەم عاسمانانەو زەوینە - خوانەخوایی - خۆیان و سێبەرەکانیان هەمۆبەیانی و ئێواران، گشتیان سوژدە بۆخوادەبەن.

١٦ بێژە: کێیە ڕاهێنەری ئەم عاسمانان و زەوینە؟ بێژە: خودا. بێژە: ئاخۆ گەورەگەلێکتان بۆ خۆتان نەقاندوە، کە قازانج و زیانی خۆشیان بەدەس نیە؟ بێژە: ئاخۆ کوێرو بینا بەرانبەرن؟ یاخۆ تاریکی و ڕوُناکی سەربەسەرن؟ یان ئەوانە شتیوایان بەشەریکی خوا داناوە کە وەکوُ ئەو چێکراویان چێ کردوەو، وەک ئەوەیە کە خودا دروستی دەکاو تیا سەریان لێ شێواوە؟ بێژە: هەرشتێکی هەیە، گشتی دەسکاری خودایەو هەر ئەمیش تاک و تەنیایەو بەسەر هەمۆشتدا زاڵە.

١٧ لەوحەوایە ئاوێکی داڕژاندوە، پڕاوپڕی بارستایی نەوالان دێ؛ لەهی کەفێکی بڵندی هاتەسەر، هەر وەک ئەوکەفەی بەهۆی ئاگردەماندنێ، دێتەسەر کەرستەی خشڵ و ئەسپابیتر. ئا بەم تەرزە خوداش باسی ڕاست و دەغەڵ دەخاتەڕوُ. جا کەفەکە لەناو دەچێ و هەر ئەوشتەی کە بۆ مەردم بەهرەی هەس دەمێنێتەوە. خودا ئاوا نموُنە دەهێنێتەوە.

١٨ ئەو کەسانەی بەدەنگی خوداوە هاتوُن، چاکەیان دەربارەدەکرێ. ئەو کەسانەش کە بەدەنگیەوە نەهاتوُن، ئەگەر هەرچی لەم هەردەدا هیئەوان بێ و هێندەی دیش و لەباتی خۆیانی بدەن، زۆر بەسەختی دەکەونە بەر پرسینەوەو هەر جەهەندەمیان جێگایە؛ کە خراپترین ئەنوایە.

---

١٦- قاندن: کوُلین، کەندن، هەڵکەندن. ١٧- نەوال: دەرە، دوُڵ. لەهی: لافاو.

۞ أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰٓ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ
أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلْمِيثَٰقَ
﴿٢٠﴾ وَٱلَّذِينَ يَصِلُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ
وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢١﴾ وَٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ
وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ
بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٢﴾ جَنَّٰتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا
وَمَن صَلَحَ مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ۖ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ
عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ
﴿٢٤﴾ وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ
أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعْنَةُ
وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٢٥﴾ ٱللَّهُ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ وَفَرِحُوا۟
بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا مَتَٰعٌ ﴿٢٦﴾ وَيَقُولُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ
مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ
قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾

١٩ ئاخۆ کەسێ بڕوای وابێ ئەوەی لە پەروەرێنتەوە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە هەمۆ ڕاستە، وەک ئەوەیە کە لەم بارە کوتوکوێرە؟ ئەم ڕامانە هەر بۆ خاوەن ئاوەزانە.
٢٠ ئەو کەسانەی پەیمانی خوا پێک دێنن و تازە لێی پاشگەزنابنەوە؛
٢١ ئەو کەسانەش کە هەودای نێوانی خۆیان دەگەڵ خودا - وەک خودا فەرمانی داوە - قوت ناکەن و لەپەروەرێنیان دەترسن و لە حیساب کێشانی دژوار نیگەرانن؛
٢٢ ئەوکەسانەش کە لەڕاهی ڕەزای خودا خۆیان گرتو- بەنهێنیی و بە ئاشکرا- لەوبەشەی ئێمە پێمان دان، خێردەکەن و بەچاکە خراپەکانیان دەشۆنەوە؛ دوارۆژی خۆش بۆ ئەوانە.
٢٣ خۆیان و باب و کاڵیان و ژنەکان و تۆرەمەشیان - ئەوانەی خوداپەسند بن - لەباغاتی دور لەنەمان، دەچنەژۆرو فرشتە لەهەمۆلاوە دەچنەلایان.
٢٤ هەر لەسای هێمنیدابن، چونکە ئێوە خۆڕاگربۆن؛ پیرۆزتان بێ دوارۆژی ڕۆن.
٢٥ ئەو کەسانە کە پەیمانیان دا بەخوداو لەپاشان پاشگەزبۆنەوەو هەودای نێوان خۆو خودانی خۆیان پساند - کە خۆی فەرمانی پێدابۆن نەیپسێنن - و لە هەردا بەدفەڕی دەکەن، لەبەهرەی خودا بێبەشن و دوارۆژی دژواریان هەیە.
٢٦ هەر خودایە- چ زۆر چ کەم - بەهەرکەسێ خۆی حەزبکا، ڕۆزی دەدا. ئەوان بەژینی سەردنیا دڵیان خۆشە؛ ژینی دنیاش لەچاو ژیانی ئەودنیا ڕابواردنێکی هندکە.
٢٧ ئەوانەی خودانەناسن، ئێژن: بۆچە بەڵگەیەکی لەخواوە بۆنەهاتگە؟ بێژە: خودا هەر کەسێکی خۆی حەزبکا گومڕای ئەکاو هەرکەسێکیش بەرەو ئەو بگەڕێتەوە، شارەزای ڕاستەڕێی دەکا.
٢٨ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە خوا هەیەو بەیادی خوا دڵیان ئارام دەبێتەوە، باش بزانن کە یادی خوا ئۆقرەو ئارامی دڵانە.

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ طُوبَىٰ لَهُمۡ وَحُسۡنُ
مَـَٔابٖ ٢٩ كَذَٰلِكَ أَرۡسَلۡنَٰكَ فِيٓ أُمَّةٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهَآ أُمَمٞ
لِّتَتۡلُوَاْ عَلَيۡهِمُ ٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ
قُلۡ هُوَ رَبِّي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ مَتَابِ ٣٠
وَلَوۡ أَنَّ قُرۡءَانٗا سُيِّرَتۡ بِهِ ٱلۡجِبَالُ أَوۡ قُطِّعَتۡ بِهِ ٱلۡأَرۡضُ أَوۡ كُلِّمَ
بِهِ ٱلۡمَوۡتَىٰۗ بَل لِّلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ جَمِيعًاۗ أَفَلَمۡ يَاْيۡـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ
أَن لَّوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۗ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوۡ تَحُلُّ قَرِيبٗا مِّن دَارِهِمۡ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ
وَعۡدُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ٣١ وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ
مِّن قَبۡلِكَ فَأَمۡلَيۡتُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ثُمَّ أَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ
عِقَابِ ٣٢ أَفَمَنۡ هُوَ قَآئِمٌ عَلَىٰ كُلِّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡۗ وَجَعَلُواْ
لِلَّهِ شُرَكَآءَ قُلۡ سَمُّوهُمۡۚ أَمۡ تُنَبِّـُٔونَهُۥ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَم
بِظَٰهِرٖ مِّنَ ٱلۡقَوۡلِۗ بَلۡ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ مَكۡرُهُمۡ وَصُدُّواْ عَنِ
ٱلسَّبِيلِۗ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ ٣٣ لَّهُمۡ عَذَابٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَشَقُّۖ وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٖ ٣٤

٢٩ ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، خۆشی لەوان؛ کە دواڕۆژی
باشیان هەیە.
٣٠ ئاوا تۆمان ڕاسپاردە ناو ئەوگەلە، کە بەرلەوان زۆرگەلی‌تر هاتۆن و چۆن؛
کە هەرشتێ لە ئێمەوە بەتۆ گەیوە، بۆئەوانی بخوێنیەوە؛ کەچی ئەوان
لەخوای ڕۆزی‌دەری خۆیان حاشادەکەن. بێژە: ئەو پەروەرندەمەو
بەغەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ نابێ و من خوم هەر بەو سپاردوەو هەر
بۆلای ئەویش دەچمەوە.
٣١ ئەگەر قورئانێ واش هەبا کەژی لەجێ لابردبان، یان زەوی پێ‌لەت کرابا،
یان مردۆی وەقسەهێنابان، [هێمان باوەڕیان نەدێنا.] هەمۆکار هەر
بەدەس خودان. بۆچی خاوەن‌باوەڕان ئەوە نازانن، ئەگەر خودا حەزی
لێ‌با، گش مەردمی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد؟ خودانەناسەکانیش هەر
- لەبەر کاروکردەوەیان - گرفتاری بەڵایەکی دژواردەبن؛ یان هەر لە
پەنامالْ خۆیان ئەوبەڵایە دێتەسەریان؛ تا ئەوکاتەی بەڵێنی خودا
دێتەجێ. دیارە خوداش بەڵێنی خۆی ناداتە پاش.
٣٢ بە پێغەمبەرەانی پێش تۆش گاڵتەکرا. ئەوکەسانەم مۆڵەتدا کە
خوانەناس بۆن؛ تا لەئاکاما گرتمن؛ چۆن تۆڵەیەکم لێ‌ساندن!
٣٣ ئاخۆ ئەوی چاودێری کاروکردەوەی هەمۆکەسە [وەک ئەوەیە کە
خەبەری لە هیچ نیە]؟ شەریک گەلێکیان بۆ خودا بڕیارداوە. بێژە دەسا
ناویان هەڵدەن. یا خۆ ئێوە نیازو وایە ئەو لە شتێک - لەم زەمینە -
ئاگادار کەن، کە نایزانێ؟! یا نە ئەمە وتەیەکی پڕوپۆچە؟ نەخێر،
ئەوخوانەناسانە گزی خۆیان لەلا خەملاوەو لەڕێ ڕاستیش لادراون.
هەرکەش خودا گومڕای بکا، هیچ کەسێ شارەزای ناکا.
٣٤ هەتا لەسەر دنیا دەژین، هەر تۆشی ئازارێ دەبن. دیارە جەزرەبەی
دواڕۆژیش دژوارترەو کەس ناتوانی لەخودایان بپارێزێ.

۞ مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ ۖ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ
أُكُلُهَا دَائِمٌ وَظِلُّهَا ۚ تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَوا ۖ وَّعُقْبَى
الْكَافِرِينَ النَّارُ ﴿٣٥﴾ وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَفْرَحُونَ
بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ ۖ وَمِنَ الْأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُ ۚ قُلْ إِنَّمَا أُمِرْتُ
أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ وَلَا أُشْرِكَ بِهِ ۚ إِلَيْهِ أَدْعُو وَإِلَيْهِ مَآبِ ﴿٣٦﴾
وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا ۚ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم بَعْدَمَا
جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ
أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً ۚ وَمَا كَانَ
لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ﴿٣٨﴾
يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ﴿٣٩﴾
وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ
الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ ﴿٤٠﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا
مِنْ أَطْرَافِهَا ۚ وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ ۚ وَهُوَ سَرِيعُ
الْحِسَابِ ﴿٤١﴾ وَقَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلِلَّهِ الْمَكْرُ جَمِيعًا ۖ
يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ ۗ وَسَيَعْلَمُ الْكُفَّارُ لِمَنْ عُقْبَى الدَّارِ ﴿٤٢﴾

٣٥ ئەو بەهەشتەی بەڵێن وایە بەر خودێ ترسان بکەوێ، جۆباری بەبەردا
دەڕۆن، خواردمەنی دوایی‌نایەو هەمیشە سێبەریش هەیە. ئائەمەیە
ئاکامی لەخوداترسان؛ پاشەڕۆژی خوانەناسانیش ئاگرە.
٣٦ ئەوکەسانەی ئێمە کتاومان پێداون، بەوەی کە بۆتۆ هاتوە، دڵیان خۆشە.
بڕێکیشیان بڕوا بەبازێکی ناکەن. بێژە: فەرمانم پێدراوە کە خودا
بپەرستم‌و کەسی لێ‌نەکەم بەشەریک؛ هاوار هەر بۆ ئەودەبەم‌و
بەرەوخۆی دەگەڕێمەوە.
٣٧ ئێمە ئەم فەرمانەی خۆمان بەعەرەبی بۆتۆ هەنارد. ئەگەر لەدوای ئەو
زانستەی بۆت هاتگە، شوێن ئارەزوی ئەمان کەوی، ئیتر نە خودا یارتەو
نە ئەویش پارێزگارتە.
٣٨ هەڵبەت پێش تۆش پێغەمبەرانمان هەناردوە؛ ڕێکەشمان دان ژن‌و
نەتەوەشیان هەبن. هیچ یەک لەوپێغەرانەش نەیتوانیوە هیچ بەڵگەیەک
نیشان‌بدا، مەگین خودا ئیزنی دابێ‌و بۆ هەرکارێک وەختێکی تایبەتی
هەیە کە نوسراوە.
٣٩ لەناودان‌و هێڵانەوە، بەستە بەویستی خودایەو ماکی هەمۆکتێبانیش وا
لای ئەوە.
٤٠ یان هێندێکت لەوەی بۆمان بڕیارداون نیشان دەدەین، یان بۆخۆنت
دەبەینەوە. تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕاگەیێنی‌و بەحیساب
ڕاگەیشتنیش لەعۆدەی مە.
٤١ چۆن هێشتا نەیانزانیوە ئێمە دین‌و ئەم زمینە - لەگش‌لا - کەم
دەکەینەوەو فەرمانڕەوا هەر خودایەو کەس ناتوانێ دەس دەکاری خودا
بداو زۆر زو بە حیساب ڕادەگا؟
٤٢ ئەوانی بەرلەمانەش بون، گەلێک فێڵیان دەدیتەوە؛ فێڵیش هەمۆ هی
خودایە. خۆی دەزانێ هەرکەسێ چکارێک دەکاو هەربینا خوانەناسەکان
تێکەیشتن کە دواڕۆژ کێ دەیباتەوە.

---

٣٩-لەناودان: لەناوبردن. ماک: بنچینە، هۆی دروست بون.

وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَسْتَ مُرْسَلًاۚ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ
شَهِيدَۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٤٣﴾

## سُورَةُ إِبْرَاهِيمَ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓرۚ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ
إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿١﴾
ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِۗ وَوَيْلٌ
لِّلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ
ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْءَاخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ
وَيَبْغُونَهَا عِوَجًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴿٣﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا
مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ
مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ
﴿٤﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ أَنْ أَخْرِجْ
قَوْمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّىٰمِ
ٱللَّهِۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٥﴾

٢٣ ئه‌وانه‌ی خودانه‌ناسن، پێت ئێژن: تۆ پێغه‌مبه‌رنیت. بێژه: خوداو که‌سێ که زانستی کتاوی له‌لایه، بۆ شایه‌تی نێوان من و ئێوه به‌سه.

# ئیبراهیم

٥٢ ئایه‌ت

وەناو خوداکەی کەهەندەو دلۆڤانە

١ ئه‌لیف، لام، را. کتێبێکه بۆ تۆمان نارده‌خواره‌وه، هه‌تا خه‌ڵکی - به‌ئیزنی په‌روه‌رنده‌یان - له‌تاریکی به‌ره‌ورۆناکی وه‌گوێزی؛ رێگه‌ی خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتی شایانی هه‌مۆپه‌سنێکیان نیشان بده‌ی.

٢ ئه‌و خودایه‌ی هه‌رچی له‌ناو ئاسمانه‌کان و زه‌میندان، گش هی ئه‌ون. واوه‌یلا بۆ خوانه‌ناسان له جه‌زره‌به‌ی زۆر توندوتیژ.

٣ ئه‌وانه‌ی ژینی دنیایان له‌هین ئه‌ولا پێ‌باشتره، ده‌بنه له‌مپه‌ر له رای خوداو گه‌ره‌کیانه خواروخێچ بێ؛ ئه‌وانه له گومراییدا زۆر پێوه چۆن.

٤ هیچ پێغه‌مبه‌رێکمان نه‌نارد، مه‌گین به‌زوان گه‌له‌که‌ی خۆی؛ تاهه‌قیان بۆ رۆن‌کاته‌وه. خودا هه‌رکه‌سێ حه‌زبکا گومرای ده‌کاو کێشی بوێ شاره‌زای راسته‌رێی ده‌کاو هه‌ر خۆی خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتی له‌کارزانه.

٥ مۆساشمان وێرای چه‌ندبه‌ڵگه‌ی له‌خۆمانه‌وه راسپارد، که: هۆزی خۆت له‌تاریکایی رزگارکه‌و به‌ره‌ورۆناکایی به‌ره؛ رۆژه‌کانی خودایان وه‌بیربێنه‌وه؛ که ئه‌م کاره بۆ هه‌مۆ خۆراگرێکی سوپاسگوزار زۆر په‌ندی باشی تێدایه.

---

١-وه‌گوێزی: بگۆزیته‌وه. ٣-له‌مپه‌ر: به‌رگر، مانیع. خواروخێچ: لاروگێڕ. ٥-وێڕا: ده‌گه‌ڵ، پێڕا، وه‌ل.

وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ
إِذۡ أَنجَىٰكُم مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَسُومُونَكُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ
وَيُذَبِّحُونَ أَبۡنَآءَكُمۡ وَيَسۡتَحۡيُونَ نِسَآءَكُمۡۚ وَفِي
ذَٰلِكُم بَلَآءٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَظِيمٞ ٦ وَإِذۡ تَأَذَّنَ
رَبُّكُمۡ لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡۖ وَلَئِن كَفَرۡتُمۡ إِنَّ
عَذَابِي لَشَدِيدٞ ٧ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكۡفُرُوٓاْ أَنتُمۡ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ
جَمِيعٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ ٨ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ
مِن قَبۡلِكُمۡ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ
بَعۡدِهِمۡ لَا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا ٱللَّهُۚ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ
فَرَدُّوٓاْ أَيۡدِيَهُمۡ فِيٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَقَالُوٓاْ إِنَّا كَفَرۡنَا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم
بِهِۦ وَإِنَّا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَنَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ ٩ ۞ قَالَتۡ
رُسُلُهُمۡ أَفِي ٱللَّهِ شَكّٞ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يَدۡعُوكُمۡ
لِيَغۡفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرَكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ
مُّسَمّٗىۚ قَالُوٓاْ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا
عَمَّا كَانَ يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأۡتُونَا بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ١٠

٦ ئه‌وسا مۆسا بەهۆزەکەی خۆی ڕاگەیاند: ئەو چاکەیەی خودا دەربارەی ئێوی کرد، لەبیرمەکەن؛ کە لەدەستی فیرعەون و دارو دەستەکەی دەری هێنان؛ زۆر خراپ ئازاریان دەدان، کوڕەکانیان لێ سەردەبڕین ، ژنەکانیان بەزیندوێی دەهێشتەوەو ئەمەش ئەزموێنێ گەورەبۆ لەلایەن پەروەرندەورا.

٧ پەروەرندەتان ڕای‌گەیاند: ئەگەر شوکرانەبژێربن، بۆۆ زیاد دەکەم؛ خۆ ئەگەر سەرپێچی بکەن، جەزرەبەم زۆر توند و تیژە.

٨ مۆسا گوتی: جا ئەگەر ئێوەو هەرکەسێ لەم عەردەیە ناسوپاس‌بن، خوا نیازی بەکەس نیەو هەر شیاوی تاریف کردنە.

٩ ئاخۆ ئێوە دەنگ‌و باسی ئەوانەتان نەبیستوە کە بەرلە ئێوە ژیاوُن؟ وەک هۆزی نوُح‌و هۆزی عادو سەموُدو ئەوانەی لەدوی ئەوان بوُن؛ کە خوا نەبێ، هیچ کەسی‌تر نایانزانێ. پێغەمبەرەکانی ئەوان بەبەڵگەی زۆرئاشکراوە هاتنەلایان. گشتیان دەسیان خستە ناو دەمی خۆیان‌و گوتیان: ئێمە بەوشتانەی ڕاسپێراون باوەڕناکەین؛ لەوەش ئێمەی بۆبانگ دەکەن، زۆر بەگومانین.

١٠ پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئاخۆ ئێوە لەداهێنی عەرزو عاسمانان بەشکن؟ بانگتان دەکا تا لەگوناحانۆ خۆش بێ‌و تا ماوەیەکی دیارکراو لێۆ ڕاوەستێ. گوتیان: ئێوە هەر بنیادەمەخۆمانەن؛ گەرەکتانە لەوانەی کە باب‌و کاڵمان دەیانپەرست، وەرمانگێڕن؟ سا هەر بەڵگەیێ پتەوتان لەجانتادا، پێن بنوێنن.

---

١٠- جانتا: خورجین. پێن: پێمان.

قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ

يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم

بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ

﴿١١﴾ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَا ۚ

وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ

﴿١٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ

أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ۖ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ

ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٣﴾ وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ

ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِى وَخَافَ وَعِيدِ ﴿١٤﴾ وَٱسْتَفْتَحُوا۟

وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿١٥﴾ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ

مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ

وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ ۖ وَمِن

وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴿١٧﴾ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ ۖ

أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ ۖ لَّا يَقْدِرُونَ

مِمَّا كَسَبُوا۟ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ ﴿١٨﴾

۱۱ پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئاریٚ ئێمەش بنیادەمێکین وەک ئێوە؛ بەڵام خودا لەهەرعەبدێکی خوٚی حەزکا، بەچاکە دەیخوێنێتەوە؛ بوٚمە ناشیٚ هیچ بەڵگەیەکتان بوٚبێنین، مەگین خوٚی ئیٚزنی لەسەر بیٚ. با هەرچی خاوەن باوەڕن، خوٚیان بدەنە دەس خودا.

۱۲ جا چوٚن ئێمە خوٚمان بەخودا ناسپێرین، کە هەر بوٚخوٚی ڕێگەی ڕاستی نیشان داوین؟ هەرئازارێکیشمان بدەن، خوٚڕادەگرین. با ئەوانەش خوا بەپشتیوان دەزانن، خوٚیان بدەنە دەس خودا.

۱۳ ئەوانەی دژی خودا بوٚن، بەپێغەمبەرەکانیان گوت: ئێمە دیارە لەم سەرزەمینەی خوٚمانتان وەدەردەنێین، یان دێنەوە سەری ئایینەکەی خوٚمان. پەروەرێنیان تێیگەیاندن: ئێمە ناهەقیکارەکان گەرەک قڕکەین.

۱۴ لەپاش ئەوان لەم عەرزەدا ئێوەی لیٚ دادەمەزرێنین؛ ئەمەش لەمەڕ کەسانێکە کە لەپایەبەرزی منو لە هەڕەشەی من دەترسن.

۱۵ داوایان کرد خودا دەرویٚکیان لیٚوەکا. هەرکەسێکیش کە ملهوڕو لاسارێک بوٚ، ناهومێدبوٚ؛

۱۶ لەدواشیەوە جەهەندەمەو ئەشیٚ زوٚخاو بخواتەوە.

۱۷ فڕی دەکا بەڵام بەقێزوبێزەوەو لە گش لاوە مەرگی بوٚدیٚ کە ناشمریٚو جەزرەبەی هەرەبەژانیش بەدوایەوە.

۱۸ ئەوکەسانەی لەپەروەرێنەکەی خوٚیان حاشادەکەن، نەقڵیان نەقڵی ئەوبوٚڵەیە کە لەڕوٚژی ڕەشەبادا بای لیٚهەڵکا. لەوەش بەدەسیان هێناوە، ناتوانن بەهرەیەک ببەن. ئەمەیە لەڕیٚ لادانیٚ کە زوٚر لەڕیٚ وەلاکەوتوٚن.

---

۱۵-دەرو: دەرفەتی ڕزگاربوٚن. لیٚوەکا: لیٚ بکاتەوە. ۱۷-فڕ: قوم لەتراوادان، هەڵقوڕان.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ إِن يَشَأْ
يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٩﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ
﴿٢٠﴾ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ جَمِيعًا فَقَالَ ٱلضُّعَفَٰٓؤُا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟
إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ ٱللَّهِ
مِن شَىْءٍ ۚ قَالُوا۟ لَوْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَهَدَيْنَٰكُمْ ۖ سَوَآءٌ عَلَيْنَآ
أَجَزِعْنَآ أَمْ صَبَرْنَا مَا لَنَا مِن مَّحِيصٍ ﴿٢١﴾ وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ
لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ
فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ
فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ مَّآ أَنَا۠
بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ
أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
﴿٢٢﴾ وَأُدْخِلَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ
تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ ۖ تَحِيَّتُهُمْ
فِيهَا سَلَٰمٌ ﴿٢٣﴾ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً
كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾

١٩ تۆ نابینی خودای مەزن ئاسمانەکان و زەمینی هەر بۆڕاستی چێ کردوە؟
ئەگەر خۆی مەیلی لەسەربێ، ئێوە دەباو سەرلەنوێ ئی‌تر چێ‌دەکا.
٢٠ کە ئەم کارەش لەبەر خودا گران نیە.
٢١ گشت لەگشتیان لەلای خودا کۆدەبنەوە. کەم دەستەکان بە باغرەکانیان
ئێژن: ئێمە پەیڕەوی ئێوە بوین؛ ئاخۆ ئێوە پێتان دەکرێ لەسزادانی
خودامان بپارێزن؟ ئێژن: ئەگەر خودا ئێمەی شارەزای رێ بکردایە،
دیارە ئێمەش ئێوەمان ڕەگەڵ خۆدەخست. ئێستا بۆ هەمۆلایەکمان -
لەسەر خۆبین یان بیکەین بەدادو هاوار - هیچ دەرەتانێک نەماوە.
٢٢ لەپاش کارلەکارترازان، شەیتان دەڵێ: خوا بەڵێنی ڕاستی پێدان، منیش
بەڵێنی خۆم پێدان؛ بەڵام درۆم دەگەڵکردن. هیچ زۆرێکیشم
بەسەرتانەوە نەبۆ؛ غەیرەز ئەوە گازیم کردن، ئێوە بەدەنگمەوە هاتن.
ئێوە سەرکۆنەی من مەکەن، سەرزەنشتی خۆتان بکەن؛ ناشتوانم
دەفریاتان بێم؛ هەر وەک ئێوە ناتوانن بەفریام بگەن. لەمەش کە
لەپێشودا منتان بەشەریکی خوا زانی، حاشام هەیە. بێگومانە ئەوانەی
ناهەقیکارن، ئازاری بەژانیان دەبێ.
٢٣ ئەوکەسانەش کە بڕوایان بەخوا هەیەو ئاکارچاک بۆن، بەئیزنی
پەروەرندەیان دەبرێنە ناوەند باغاتێک ڕۆباریان بەبەردا دەڕواو تاهەتایە
لەوێ دەبن و هەر بەسەلام، خۆشی‌وبێشی لێکتردەکەن.
٢۴ نەودی خودا چلۆن مەسەل دێنێتەوە؟ قسەیەکی بەرێ‌وجێ،
بەشەنگەدارێک دەشبهێ، ڕەگی قایم داکوتاوەو لقی لەتەشقی ئاسمانە.

---

٢١-باغر: لەخۆدەرچۆ، بەفیزوهەوا. ٢٢-سەرکۆنە: لۆمە، لۆمان. ٢۴-دەشبهێ: تەشبێ دەکرێ.

تُؤۡتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذۡنِ رَبِّهَاۗ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ
لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ٢٥ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٖ
كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجۡتُثَّتۡ مِن فَوۡقِ ٱلۡأَرۡضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٖ
٢٦ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ وَيَفۡعَلُ
ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ٢٧ ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ كُفۡرٗا
وَأَحَلُّواْ قَوۡمَهُمۡ دَارَ ٱلۡبَوَارِ ٢٨ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَاۖ وَبِئۡسَ
ٱلۡقَرَارُ ٢٩ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا لِّيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِهِۦۗ قُلۡ
تَمَتَّعُواْ فَإِنَّ مَصِيرَكُمۡ إِلَى ٱلنَّارِ ٣٠ قُل لِّعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ يُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ
مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خِلَٰلٌ ٣١ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ
بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلۡفُلۡكَ لِتَجۡرِيَ
فِي ٱلۡبَحۡرِ بِأَمۡرِهِۦۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلۡأَنۡهَٰرَ ٣٢ وَسَخَّرَ لَكُمُ
ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ دَآئِبَيۡنِۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ ٣٣

۲۵ به‌ئیزنی ڕاهێنه‌ره‌که‌ی خۆی چوارفه‌سڵه میوه‌ی ده‌بێ. خوا نه‌زیلان بۆ ئه‌وخه‌ڵکه دێنێته‌وه، به‌شکۆ په‌ندی لێ وه‌رگرن.
۲۶ نه‌زیله‌ی قسه‌ی نابه‌جێش، وه‌کو پنجێکی ناجسنه، که له‌زه‌مین هه‌ڵکه‌نرابێ و هه‌ر خۆی نه‌گرێ.
۲۷ خودا له دنیاو سه‌لادا، به‌قسه‌ی پته‌و بڕواداران توندوقایم ده‌کاته‌وه. ناهه‌قیکارانیش له ڕێگه‌لاده‌دا. خودا چۆنی بوێ ده‌یکا.
۲۸ ئه‌دی نه‌ت‌دی ئه‌وکه‌سانه‌ی ناشوکریان له‌به‌رانبه‌ر چاکه‌ی خودادا کردوه‌و گه‌لی خۆیان به‌ره‌وهه‌ڵدێری زۆر هه‌ته‌ر ڕه‌تاندوه،
۲۹ له دۆزه‌ها هه‌ڵده‌چۆقێن؛ پیسترین بنکه‌یان هه‌یه؟
۳۰ هاوتاشیان بۆ خوا بڕیاردا، تا[ خه‌ڵکی ]له‌ڕێی کلاکه‌ن. بێژه: جارێ خۆش ڕابوێرن! چاره‌نۆستان ئاگرده‌بێ.
۳۱ تۆ به‌عه‌بده‌باوه‌ڕداره‌کانم بێژه نوێژبکه‌ن و له‌وبژیوه‌ی به‌شمان داون - په‌نامه‌کی و به‌ئاشکرا- خێرێ‌بکه‌ن؛ به‌رله‌وه ئه‌وڕۆژه دابێ که نه کڕین و فرۆشتنێ له‌گۆڕێ‌یه‌و نه دۆستایه‌تی و هه‌واڵێ.
۳۲ ئه‌و خودایه‌ی ئاسمانه‌کان و زه‌مینی داهێناوه‌و له‌حه‌واوه ئاوێکی داباراندوه، به‌روبوی بژیوی ئێوه‌ی پێ‌ده‌ڕوێنێ؛ گه‌میه‌شی داوه‌ته ده‌ستۆ - که هه‌ر به‌پێی فه‌رمانی ئه‌و - له‌زه‌ریادا بێت و بچێ و ئه‌م هه‌مۆ ڕۆبارانه‌شی بۆڕام کردۆن.
۳۳ خۆرو هه‌یڤی بۆ ئێوه خستۆته به‌رکار؛ وه‌ستان و وچانیان نیه. ئه‌م شه‌وگارو ڕۆژگاره‌شی هه‌ر بۆ ئێوه ده‌سته‌مۆکرد.

---

۲۶-نه‌زیله: چیرۆکی کورت، سه‌رگوروشته. ۲۹- هه‌ڵچۆقین: هه‌ڵبرژیان.

وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ ٱللَّهِ
لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾ وَإِذْ
قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَـٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ
أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ
فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ۖ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾
رَّبَّنَآ إِنِّىٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِى بِوَادٍ غَيْرِ ذِى زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ
ٱلْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ
تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ ﴿٣٧﴾
رَبَّنَآ إِنَّكَ تَعْلَمُ مَا نُخْفِى وَمَا نُعْلِنُ ۗ وَمَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ
فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٣٨﴾ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى وَهَبَ لِى
عَلَى ٱلْكِبَرِ إِسْمَـٰعِيلَ وَإِسْحَـٰقَ ۚ إِنَّ رَبِّى لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٩﴾
رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ
دُعَآءِ ﴿٤٠﴾ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ
ٱلْحِسَابُ ﴿٤١﴾ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَـٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ
ٱلظَّـٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَـٰرُ ﴿٤٢﴾

٣۴ هه‌رچی لێتان خواستوه، پێی‌ڕه‌وادیون. ئه‌گه‌ر بێنه سه‌ر ژماری چاکه‌ی خودا، له‌ژماردن داده‌مێنن. به‌ڕاستی‌که مرۆ گه‌لێ ناهه‌قیکارو سپڵه‌یه.
٣۵ کاتێ که ئیبڕاهیم گوتی: په‌روه‌رنده‌م! هێمنایی بده به‌م شاره‌و من‌و زارۆڵه‌کانیشم له بت‌په‌رستی دوٚرخه‌وه.
٣۶ په‌روه‌رنده‌م! ئه‌وبتانه خه‌ڵکێ زۆریان له‌ڕێ‌لادا؛ سا هه‌رکه‌سێ شوێن من که‌وت، ئه‌و له‌خۆمه؛ هه‌رکه‌سێکیش لێم‌یاخی‌بوٚ، ئه‌وسا ئه‌تۆ خه‌تابه‌خشێ دلۆڤانی.
٣٧ په‌روه‌رنده‌ی هه‌موٚلامان! من له‌ناو شیوێکی قاقڕ، له‌په‌نا ماڵی پیرۆزت، یه‌کێ‌له زارۆڵه‌کانم جێ‌کرده‌وه. په‌روه‌رێنمان! بۆ ئه‌وه که نوێژان بکه‌ن. ده‌سا تۆش کارێ وابکه خه‌ڵک به‌دڵ خۆشی‌بوێن‌و له‌بژیویش به‌شیان بده؛ شایه‌تا شوکری تۆ بکه‌ن.
٣٨ په‌روه‌رێنمان! هه‌رچی نهێنی‌و ئاشکرای ئێمه هه‌بێ، تۆ ده‌یزانی‌و هه‌رچیه‌ک هه‌یه - چ‌له‌عه‌رز چ‌له‌عاسمان - هیچی له‌خودا گوم نابێ.
٣٩ شوکرانه بۆ ئه‌و خودایه که - به‌پیری - ئیسماعیل‌و ئیسحاقی به‌من به‌خشیوه. په‌روه‌رنده‌م، نزای نزاکار ده‌بیسێ.
۴٠ په‌روه‌رنده‌م! کارێ‌بکه منیش‌و فرزه‌ندانیشم سوٚربین له‌سه‌ر نوێژخوێندنێ. په‌روه‌رێنمان! دوعایه‌که‌م قبوٚڵ‌بکه.
۴١ په‌روه‌رێنمان! ڕۆژی ژمار که دامه‌زرا، له‌منیش‌و دای‌و بابم‌و هه‌موٚخاوه‌ن باوه‌ڕانی دیکه‌ش خۆش به.
۴٢ پێت وانه‌بێ خودا له‌کرده‌ی زاڵمان بێ‌ئاگایه؛ به‌ڵام ده‌یان‌هێڵێته‌وه تا ئه‌وڕۆژه‌ی که له‌ویدا هه‌موٚچاو موٚله‌ق ده‌وه‌ستن.

---

٣٧-شیو: دوٚڵی ته‌نگه.     قاقر: زه‌وینێ که‌گیای لێ ناڕوێ.
۴٢-موٚله‌ق: ده‌ربه‌ڕیوی زه‌ق‌و بێ جوٚڵه(زیاتر بۆ چاو ده‌یڵێن)

مُهۡطِعِينَ مُقۡنِعِي رُءُوسِهِمۡ لَا يَرۡتَدُّ إِلَيۡهِمۡ طَرۡفُهُمۡۖ وَأَفۡـِٔدَتُهُمۡ
هَوَآءٞ ﴿٤٣﴾ وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوۡمَ يَأۡتِيهِمُ ٱلۡعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ
ظَلَمُواْ رَبَّنَآ أَخِّرۡنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ نُّجِبۡ دَعۡوَتَكَ وَنَتَّبِعِ
ٱلرُّسُلَۗ أَوَلَمۡ تَكُونُوٓاْ أَقۡسَمۡتُم مِّن قَبۡلُ مَا لَكُم
مِّن زَوَالٖ ﴿٤٤﴾ وَسَكَنتُمۡ فِي مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ
أَنفُسَهُمۡ وَتَبَيَّنَ لَكُمۡ كَيۡفَ فَعَلۡنَا بِهِمۡ وَضَرَبۡنَا
لَكُمُ ٱلۡأَمۡثَالَ ﴿٤٥﴾ وَقَدۡ مَكَرُواْ مَكۡرَهُمۡ وَعِندَ ٱللَّهِ
مَكۡرُهُمۡ وَإِن كَانَ مَكۡرُهُمۡ لِتَزُولَ مِنۡهُ ٱلۡجِبَالُ
﴿٤٦﴾ فَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخۡلِفَ وَعۡدِهِۦ رُسُلَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٞ
ذُو ٱنتِقَامٖ ﴿٤٧﴾ يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُۖ
وَبَرَزُواْ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ وَتَرَى ٱلۡمُجۡرِمِينَ يَوۡمَئِذٖ
مُّقَرَّنِينَ فِي ٱلۡأَصۡفَادِ ﴿٤٩﴾ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٖ وَتَغۡشَىٰ
وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ﴿٥٠﴾ لِيَجۡزِيَ ٱللَّهُ كُلَّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡۚ
إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿٥١﴾ هَٰذَا بَلَٰغٞ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُواْ
بِهِۦ وَلِيَعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ وَلِيَذَّكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٥٢﴾

٤٣ له‌ترسانا به‌له‌ز ده‌چن؛ سه‌رو گه‌ردنیان ره‌ق‌بوه‌؛ چاوه‌کانیان ناتروکێنن‌و دڵیان به‌تاڵ‌و حه‌تاڵه‌.
٤٤ هه‌ڕه‌شه له‌وخه‌ڵکه بکه‌، له‌وڕۆژه که جزیاده‌درێن. ناهه‌قکاران ئێژن: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌مان! تۆ هه‌ر که‌مێک مۆڵه‌تن‌ده هه‌تا به ده‌نگته‌وه‌بین‌و وه‌شوێن پێغه‌مبه‌ران که‌وین. ئاخر هه‌ر بۆخۆتان نه‌بوٚن که له‌پێشوٚ سوێندوٚده‌خوارد، که هه‌رگیز له‌به‌ین ناچن؟
٤٥ هه‌ر چوٚنه جێگه‌ی ئه‌وانه‌ش که ناهه‌قیان له‌خۆده‌کردو تێش‌گه‌یشتن که چیمان به‌سه‌روان هێناو زۆرنه‌زیله‌شمان بۆگوتوٚن.
٤٦ مه‌کری خۆیان ده‌کارهێناو مه‌کره‌که‌شیان له خواوه‌بوٚ؛ هه‌ر چه‌ند ئه‌ومه‌کره‌ی ئه‌و کردیان، چیاشیان پێ‌هه‌ڵده‌ته‌کان.
٤٧ پێت وانه‌بێ خوا له‌وبه‌ڵێنانه‌ی که به‌پێغه‌مبه‌رانی خۆی داوه‌، هیچگا پاشگه‌زده‌بێته‌وه‌. خودا خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتی تۆڵه‌ستێنه‌.
٤٨ ڕۆژێ زه‌مین ده‌گۆردرێت‌و ده‌بێته زه‌مینێکی‌تر؛ ئاسمانه‌کانیش هه‌روه‌ها؛ ئه‌وسا هه‌موٚ دێنه به‌رباره‌گای خودای تاک‌و ته‌نیاو زاڵ به‌سه‌ر هه‌موٚ شتێکا.
٤٩ ئه‌وێ ڕۆژی تاوانباره‌کان ده‌بینی به‌زنجیر جه‌له‌کراون.
٥٠ پۆشاکیان قه‌ترانی ڕه‌شه‌و ڕوٚیان ئاگر دای‌پۆشیوه‌.
٥١ هه‌تا خودا هه‌رکه‌سێکی - به‌گوێره‌ی ئاکارێ کردی - جزیابدا. خودا - به‌له‌ز- به‌گش حیسابان ڕاده‌گا.
٥٢ ئه‌مه جاڕێکه بۆ مه‌ردم تا به‌وبۆنه‌وه بترسن‌و بیشیزانن که ئه‌و خوایه‌کی یه‌کتایه‌و تا خاوه‌ن ئاوه‌زه‌کانیش ئامۆژگاری لێ وه‌رگرن.

---

٤٩- جه‌له‌: ماڵاتی پێکه‌وه به‌ستراو. ٥١- به‌گوێره‌ی: به‌رانبه‌ربه‌.

# سُورَةُ الحِجر

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ وَقُرۡءَانٖ مُّبِينٖ ١ رُّبَمَا يَوَدُّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ كَانُواْ مُسۡلِمِينَ ٢ ذَرۡهُمۡ يَأۡكُلُواْ
وَيَتَمَتَّعُواْ وَيُلۡهِهِمُ ٱلۡأَمَلُۖ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ ٣ وَمَآ أَهۡلَكۡنَا
مِن قَرۡيَةٍ إِلَّا وَلَهَا كِتَابٞ مَّعۡلُومٞ ٤ مَّا تَسۡبِقُ مِنۡ أُمَّةٍ
أَجَلَهَا وَمَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ ٥ وَقَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِي نُزِّلَ عَلَيۡهِ
ٱلذِّكۡرُ إِنَّكَ لَمَجۡنُونٞ ٦ لَّوۡ مَا تَأۡتِينَا بِٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِن كُنتَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٧ مَا نُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَمَا كَانُوٓاْ
إِذٗا مُّنظَرِينَ ٨ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩
وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي شِيَعِ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٠ وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن
رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ١١ كَذَٰلِكَ نَسۡلُكُهُۥ فِي
قُلُوبِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ١٢ لَا يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَقَدۡ خَلَتۡ سُنَّةُ ٱلۡأَوَّلِينَ
١٣ وَلَوۡ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَابٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعۡرُجُونَ
١٤ لَقَالُوٓاْ إِنَّمَا سُكِّرَتۡ أَبۡصَٰرُنَا بَلۡ نَحۡنُ قَوۡمٞ مَّسۡحُورُونَ ١٥

# حیجر

٩٩ ئایەت

بەناو خوا کە بەخشندەو دلۆڤانە

١ ئەلیف، لام، ڕا. ئەمانە بەڵگەو نیشانەی ئەم کتێبەن کە قورئانەو چاک و
خراپ نیشان دەدا.
٢ هیچ دوورنیە ئەوانەی خودانەناسن، ڕۆژێ بێژن: خۆزی موسوڵمان بوینایە.
٣ لێیان گەڕێ بخۆن و خۆش ڕابوێرن و ئارەزوو سەرگەرمیان بکا؛ زۆر ناخایەنێ
دەزانن.
٤ ئێمە خەڵکی هیچ شارێکمان تونانەکرد، مەگین پێشان دیاردەیەکیان
بۆنووسرابێ.
٥ هیچ تیرەیەک بەرلە ڕۆژی خۆی نامرێ و هەرگیز وەپاشیش ناخرێ.
٦ وتیشیان: کاورای کە ئەوشی «ئەم قورعانە بۆمن بەخەڵات هاتوە»،
بەڕاستی تۆ پیاوێ لیوەی.
٧ ئەگەر قسەکانت ڕاستن، دەی بۆ فریشتەکان ناهێنی بۆلامان؟
٨ ئێمە فریشتە نانێرین مەگین بەهەق؛ جا ئیتریش قان نادرێن.
٩ مە خۆمان ئەم قورعانەمان ناردۆتەخوار، هەر ئێمەشین دەیپارێزین.
١٠ بەرلەتۆش پێغەمبەرانمان ناردۆتە ناو کۆمەڵەکانی پێشوون.
١١ هیچ پێغەمبەرێک نەهات بۆلایان مەگەر، دایانە بەر گاڵتەو تەشەر.
١٢ ئەمەش ئێمەین کە دەیخەینە دڵی تاوانبارانەوە.
١٣ بڕوایە بەمە ناهێنن و شێوەی پێشینەکانیشیان هەر وابوگە.
١٤ تەنانەت ئەگەر دەرکێکیان لەم ئاسمانە بۆبکەینەوەو خەریکی
سەرکەوتنێ بن،
١٥ بێ شک ئێژن: ئێمە چاومان بەستراوەو دیارە جادوومان لێکراوە.

---

٨ـ قان: مۆڵەت، دەرفەت.

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّٰهَا لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٦﴾
وَحَفِظْنَٰهَا مِن كُلِّ شَيْطَٰنٍ رَّجِيمٍ ﴿١٧﴾ إِلَّا مَنِ ٱسْتَرَقَ ٱلسَّمْعَ
فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾ وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَٰهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا
رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ ﴿١٩﴾ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا
مَعَٰيِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُۥ بِرَٰزِقِينَ ﴿٢٠﴾ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا
خَزَآئِنُهُۥ وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ وَأَرْسَلْنَا ٱلرِّيَٰحَ
لَوَٰقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَسْقَيْنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمْ لَهُۥ
بِخَٰزِنِينَ ﴿٢٢﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِۦ وَنُمِيتُ وَنَحْنُ ٱلْوَٰرِثُونَ ﴿٢٣﴾
وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَـْٔخِرِينَ ﴿٢٤﴾
وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ
مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٦﴾ وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ
ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن
صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٨﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن
رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ
أَجْمَعُونَ ﴿٣٠﴾ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٣١﴾

١٦ لەم ئاسمانە چەند برجێکمان هەڵناوەو خەملاندومانە بۆ ئەوانەی
سەیری دەکەن.
١٧ ئەوانەشمان لە گش شەیتانێکی ترۆکراو پاراست؛
١٨ مەگین ئەوەی کۆڵەدەکا؛ کە گڕئاگرێکی ڕۆناک ڕاوی دەنێ.
١٩ زەویشمان کردە ڕایەخ و کێواتیشمان هاویشتەناو. هەمۆجۆرە ڕوەکێکمان
بەتەکۆزی تیا رواند.
٢٠ مایەی گوزەرانی ئێوەو بۆنەوەرانی جیالەنگۆ - کە ئێوە بژیویان نادەن -
لەوێدا پێکمان هێناوە.
٢١ گەنجینەی هەمۆشتێکیش لای ئێمەیەو ئەوەشمان هەر بە ئەندازەی
دیاری کراو ناردۆتەخوار.
٢٢ بامان ناردن ئاوس بکەن؛ لەو هەواشە ئاومان هەناردو ئێوەمان پێ
تێراوکرد. ناشتوانن ئەوئاوە لەلای خۆ ڕاگرن.
٢٣ هەر خۆمانین گیان بەخشین و گیان ئەستێنین؛ ئێمەش میراتبەری
هەمۆین.
٢٤ ئاگادارین لەوانەی بەرلەئێوە بۆن. دەشزانین کێن ئەوانی لەدوای ئێوە
دێن.
٢٥ پەروەرندەت هەمۆیان کۆدەکاتەوە، هەر خۆی کارزان و زانایە.
٢٦ ئێمە مرۆمان دروست کرد، لەقوڕەڕەشەی بۆگەنیوی ڕەق هەڵاتۆ.
٢٧ لەمەوبەریش جنۆکەمان ئافراندوە، لەئاگرێکی بەهاڵاو.
٢٨ کاتێ پەروەرندەت بەفریشتانی گوت: وا من مرۆم لە قوڕەڕەشەی
بۆگەنیوی وشکەڵاتۆ چێ‌کردوە؛
٢٩ هەرگا ڕێک وپێکم کردو لەگیانی خۆم فۆم‌پێدا کرد، ئێوە بۆ سوژدەبۆبردن
داوەرنەوەو دەمەوڕۆبن.
٣٠ فریشتە گش سوژدەیان برد؛
٣١ مەگین ئیبلیس، ملی نەدا دەگەڵ سوژدەبەرەکان بێ.

---

١٨- کۆڵە کردن: گوێ گرتن لەقسەی خەڵک لەپەناوە. ١٩- روەک: هەرشتی کەلەزەوین شین دەبێ.
تەکۆزی: ڕێک و پێکی.

قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ لَمۡ أَكُن
لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ﴿٣٣﴾ قَالَ
فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ
ٱلدِّينِ ﴿٣٥﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿٣٦﴾ قَالَ فَإِنَّكَ
مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿٣٧﴾ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ﴿٣٨﴾ قَالَ رَبِّ بِمَآ
أَغۡوَيۡتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٣٩﴾
إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٤٠﴾ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ
مُسۡتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ إِنَّ عِبَادِي لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٌ إِلَّا مَنِ
ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوۡعِدُهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٤٣﴾
لَهَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ ﴿٤٤﴾ إِنَّ
ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ﴿٤٥﴾ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ ﴿٤٦﴾
وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ
﴿٤٧﴾ لَا يَمَسُّهُمۡ فِيهَا نَصَبٞ وَمَا هُم مِّنۡهَا بِمُخۡرَجِينَ ﴿٤٨﴾
۞ نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي
هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ ﴿٥٠﴾ وَنَبِّئۡهُمۡ عَن ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ ﴿٥١﴾

٣٢ گوتی: ئەی ئیبلیس! تۆ چیتە، دەگەڵ ئەم سوژدەبەرانە سوژدەنابەی؟
٣٣ گوتی: من چۆن سوژدەدەبەم بۆ مرۆیەک، لەقورەڕەشەی بۆگەنیوی ڕەق هەڵاتۆت چێکردوە؟
٣٤ گوتی: سا لێرە دەرکەوە، تۆ [لەلای من] دەرکراوی.
٣٥ نفرەی خودا لەسەرتۆیە، تا ڕۆژی پێڕاگەیشتن.
٣٦ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! مەودام بدە تا ڕۆژێ زیندۆدەبنەوە.
٣٧ گوتی: برۆ، تۆ لەمۆڵەت دراوانی؛
٣٨ هەتا وەختی دیاری کراو.
٣٩ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! هەر چونکە تۆ گومڕات کردم، لەڕوی زەمین خراپەیان وەها لەبەردەخەملێنم، گشتیان لەڕێ هەڵدەکەم؛
٤٠ مەگین عەبدە دڵو دەرۆن پاکەکانت.
٤١ گوتی: ئەمە ڕێگەی ڕاسی بەرەومنە.
٤٢ عەبدانی من - جیا لەوانەی شوێن تۆکەوتۆن و گومڕابۆن - لەوانە نین تۆ بتوانی دەرۆستیان بێی.
٤٣ جەحەندەمیش جێژوانێکی هەموانییەو،
٤٤ حەودرگای هەس. بۆ هەردرگایەک لەمانە پاژێکی لێ بەش کراوە.
٤٥ پارێزکاران لەباغات و کانیاوانن.
٤٦ بچنەژۆرەو بەهێمنی و خاترجەمی.
٤٧ هەرکینەیەک لەسینەیان بۆ، دانمالّی. دەبنەبراو لەبان تەختان هەمۆیان هەمبەر بەیەکن.
٤٨ لەوێدا نە ماندۆبۆنەو نە هەرگیز لێیدەردەکەون.
٤٩ خەوەر بدە بەعەبدانم، کە هەر خۆمم لەگوناهان دەبۆرم و دلۆڤانم.
٥٠ جەزرەبەشم زۆر بەژانە.
٥١ باس و خواسی میوانانی ئیبراهیمیشیان بۆبێژە.

إِذۡ دَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَقَالُواْ سَلَٰمٗا قَالَ إِنَّا مِنكُمۡ وَجِلُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُواْ
لَا تَوۡجَلۡ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٖ ﴿٥٣﴾ قَالَ أَبَشَّرۡتُمُونِي عَلَىٰٓ أَن
مَّسَّنِيَ ٱلۡكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ﴿٥٤﴾ قَالُواْ بَشَّرۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ
فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡقَٰنِطِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ وَمَن يَقۡنَطُ مِن رَّحۡمَةِ
رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ قَالَ فَمَا خَطۡبُكُمۡ أَيُّهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ
﴿٥٧﴾ قَالُوٓاْ إِنَّآ أُرۡسِلۡنَآ إِلَىٰ قَوۡمٖ مُّجۡرِمِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ
إِنَّا لَمُنَجُّوهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٥٩﴾ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ قَدَّرۡنَآ إِنَّهَا لَمِنَ
ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ
إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ مُّنكَرُونَ ﴿٦٢﴾ قَالُواْ بَلۡ جِئۡنَٰكَ بِمَا كَانُواْ فِيهِ
يَمۡتَرُونَ ﴿٦٣﴾ وَأَتَيۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٦٤﴾ فَأَسۡرِ
بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَٱتَّبِعۡ أَدۡبَٰرَهُمۡ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٞ
وَٱمۡضُواْ حَيۡثُ تُؤۡمَرُونَ ﴿٦٥﴾ وَقَضَيۡنَآ إِلَيۡهِ ذَٰلِكَ ٱلۡأَمۡرَ أَنَّ
دَابِرَ هَٰٓؤُلَآءِ مَقۡطُوعٞ مُّصۡبِحِينَ ﴿٦٦﴾ وَجَآءَ أَهۡلُ ٱلۡمَدِينَةِ
يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٦٧﴾ قَالَ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ ضَيۡفِي فَلَا تَفۡضَحُونِ ﴿٦٨﴾ وَٱتَّقُواْ
ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ ﴿٦٩﴾ قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ نَنۡهَكَ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٧٠﴾

٥٢ کاتێ لێی چوونەژوورەوەو گوتیان: سەلام. گوتی مە لێتان دەترسین.
٥٣ گوتیان: ترست ڕێ نەنیشێ؛ ئێمە مزگێنیت ئەدەینێ تۆ کوڕێ زۆرزانت دەبێ.
٥٤ گوتی: منێکی هێندەپیر، بەچیم مزگێنی دەدەنێ؟
٥٥ گوتیان: ئەو مژدەی پێماندای، ڕاستەو دەبێ و لەهێڤی بڕاوان مەبە.
٥٦ گوتی: کێ لەبەزەی خودا بێ‌هومێدە، مەگین لەڕێ لادەرەکان؟
٥٧ گوتی: ئێوە ڕاسپاردەکان! کارتان چیە؟
٥٨ گوتیان: ئێمە بۆ سەر گەلێکی تاوانبار ناردراوین.
٥٩ مەگین خاو وخێزانی لووت، کە هەموویان ڕزگاردەکەین.
٦٠ غەیرەز ژنی، کەبڕیارمان داوە دەبێ جێ‌بمێنێ.
٦١ کاتێ کە ڕاسپاردەکان بوونە میوانی ماڵی لووت،
٦٢ گوتی: ئێوە کەسانێکن ناتان‌ناسین.
٦٣ گوتیان: بەڵام ئێمە شتێکمان هێناوە، کە ئەوانە لێی دودڵ‌بوون.
٦٤ ڕاستیمان بۆ تۆ هێناوەو ئێمە دیارە درۆناکەین.
٦٥ کە چەندبەتلێک لەشەو بووری، تۆ خاو وخێزانت بەرەو خۆت لە دوایان وەڕێ کەوە. کەسیش ئاوڕنەداتەوە، بۆکوێتان ڕێ نیشان دەدرێ، بووێ بچن.
٦٦ نۆک وبەدی کارەکەمان لەپێش دانا؛ کە لەدەمی بەیان بەربوون ئەمانە دوابڕاودەبن.
٦٧ خەڵکی شاریش - وە هەلهەلەکێشانەوە - پەیایان بۆ.
٦٨ گوتی: ئەوانە میوانمن، ڕووزەردی ئەوانەم مەکەن.
٦٩ ترستان لەخودا هەبێ و ئابڕووم مەبەن.
٧٠ گوتیان: ئەدی پێن نەوتوی نابێ کەس تخوونت کەوێ؟

---

٥٥- هێڤی:هومێد ٦٦- نۆک: چاک.

قَالَ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِيٓ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ٧١ لَعَمۡرُكَ إِنَّهُمۡ لَفِي سَكۡرَتِهِمۡ
يَعۡمَهُونَ ٧٢ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُشۡرِقِينَ ٧٣ فَجَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا
سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٍ ٧٤ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ٧٥ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٖ مُّقِيمٍ ٧٦ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَةٗ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٧٧ وَإِن كَانَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَيۡكَةِ لَظَٰلِمِينَ ٧٨
فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٖ مُّبِينٖ ٧٩ وَلَقَدۡ كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡحِجۡرِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٨٠ وَءَاتَيۡنَٰهُمۡ ءَايَٰتِنَا فَكَانُواْ عَنۡهَا مُعۡرِضِينَ
٨١ وَكَانُواْ يَنۡحِتُونَ مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتًا ءَامِنِينَ ٨٢ فَأَخَذَتۡهُمُ
ٱلصَّيۡحَةُ مُصۡبِحِينَ ٨٣ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٨٤
وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ وَإِنَّ
ٱلسَّاعَةَ لَأٓتِيَةٞۖ فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ ٨٥ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
ٱلۡخَلَّٰقُ ٱلۡعَلِيمُ ٨٦ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ سَبۡعٗا مِّنَ ٱلۡمَثَانِي وَٱلۡقُرۡءَانَ
ٱلۡعَظِيمَ ٨٧ لَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ
وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨ وَقُلۡ إِنِّيٓ
أَنَا ٱلنَّذِيرُ ٱلۡمُبِينُ ٨٩ كَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَى ٱلۡمُقۡتَسِمِينَ ٩٠

٧١ گوتی: ئەوا کیژەکانم، چیتان دەوێ وەرن دەگەڵ وانی بکەن.
٧٢ دە بەگیانی خۆت سوێندەکە، ئەوانە لەبەر سەرخۆشی، سەرگەردان بوُن.
٧٣ دەگەڵ گزینگی هەتاوێ شریخەو گرمە گرتنی.
٧٤ هەمۆمان ژێروڕۆکردو بارانێکمان لەکەستەکێ - کە ببوەبەرد - لەسەر ئەمانە داباراند.
٧٥ بەڕاستی لەم ڕۆداوەدا زۆر بەڵگە هەن بۆ ئەوانەی کەوشیارن.
٧٦ ئێستاش شوێنەواری ئەوان لەسەر ڕێکی ئاوەدانە.
٧٧ ئا لەمەدا نیشان زۆرن بۆ ئەوانەی بەباوەڕن.
٧٨ خاوەنانی بێشەو داریش هەروا لەسەر ناهەقی بوُن.
٧٩ تۆڵەن لەوانیش کردەوە؛ کە هەردوکیان وان لەسەر کاروانەڕێیە.
٨٠ خەڵکی «حیجر»یش پێغەمبەرەکانی خۆیان بەدرۆزن لەقەڵەم دا.
٨١ نیشانەی خۆشمان بۆناردن، کە هیچیان لێ نەسەلماندن.
٨٢ لەکاواندا خانوگەلێکیان دەتاشی، هەتا لیان ئارخەیان بن.
٨٣ تا لەبەرە بەیانێکدا شریخەو گرمە گرتنی.
٨٤ هەرچی پەیدایان کردبۆ هیچ بەهرەیەکی بۆنەدان.
٨٥ ئاسمانەکان و زەوین و هەرچی لەناوئەودوانەیە، بۆ ڕاستیمان وەدی هێنان. ڕۆژی قیامەتیش هەر دادێ؛ سا تۆ گەرەک چاوپۆشی بکە بەپیشەو چاوپۆشیت بێ گازندەبێ.
٨٦ بێ گومان بە، هەر پەروەرندەت وەدی هێنی زانایە.
٨٧ ئێمە حەونیشانەکانی فاتیحامان داوە بەتۆو قورئانی گەورەش هەر وەتر.
٨٨ چاوت مەدە سەر ئەوشتەی کە داومانە بە دەستەگەلێ لەوانەو خەمیان مەخۆ؛ تۆ هەر باوەردارەکان بخە ژێربالْت.
٨٩ بێژە ئەمن ترسێنەری ڕوُن کەرەوەم.
٩٠ هەر وەک ئەوەی هەناردمان بۆ بەشکەرەکان؛

---

**٧٤ـ کەستەک:** کلۆ، سندە. **٨٢ـ کاوان:** ١) شاخان، چیایانی بەردین؛ ٢) کێوان، چیایان؛ ٣) بستۆ، شانەشاخ.

الَّذِينَ جَعَلُوا الْقُرْآنَ عِضِينَ ﴿٩١﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ
أَجْمَعِينَ ﴿٩٢﴾ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾ فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ
عَنِ الْمُشْرِكِينَ ﴿٩٤﴾ إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ ﴿٩٥﴾ الَّذِينَ
يَجْعَلُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ ۚ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَقَدْ نَعْلَمُ
أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُنْ
مِنَ السَّاجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ ﴿٩٩﴾

## سُورَةُ النَّحْلِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

أَتَىٰ أَمْرُ اللَّهِ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ ۚ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ
﴿١﴾ يُنَزِّلُ الْمَلَائِكَةَ بِالرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَىٰ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ
أَنْ أَنْذِرُوا أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاتَّقُونِ ﴿٢﴾ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ
وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ۚ تَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣﴾ خَلَقَ
الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُبِينٌ ﴿٤﴾ وَالْأَنْعَامَ
خَلَقَهَا ۗ لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ
﴿٥﴾ وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ ﴿٦﴾

٩١ ئەو کەسانەی قورئانیان دابەش دابەش کرد.
٩٢ سوێندەکە بەپەروەرندەت، لەهەموان دەپرسینەوە.
٩٣ بۆ ئەوکارانەی دەیانکرد.
٩٤ هەرفەرمانێک بەتۆدەدرێ، ئاشکرای کەو لە بتپەرستان وازبێنە.
٩٥ ئەو کەسانەی گاڵتەی خۆیان بەتۆدەکرد، ئێمە لێخەتمان کردنەوە.
٩٦ ئەوکەسانەی - وێڕای خودا - شتیتریش دەپەرستن، لەدواییدا لێی تێدەگەن.
٩٧ ئێمە ئاگامان لێ هەیە کە تۆ لەگفتی ئەمانە دلتەنگ دەبی.
٩٨ سا هەر شوکری پەروەرندەی خۆت لەبیربێ و لەڕێزەی سوژدە بەران بە.
٩٩ پەروەرندەت بپەرستە تا ئەوکاتەی کە شتە بێگومانەکەت لێ ڕوّدەدا.

# نەحل

١٢٨ ئایەت

بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ ئەوا فەرمانی خودا هات، پەلەی مەکەن. خودا پاکەو گەلێک لەوە بەرزترە کە بێژن هاوکاری هەیە.
٢ فرشتەکان وێڕای وەڵامەکانی ئەو - بەپێی فەرمانێ کە ئەیدا - دەنێرێتە خوارێ بۆلای هەرکەسێ لەعەبدەکانی کە خۆی حەزکا؛ گەفان لەخەڵکەکە بکەن کە: هیچ شتێ شیاوی پەرستنێ نیە جگە لەخۆم؛ دەبێ هەر لەخۆم بترسن.
٣ ئەم عاسمانانەو زەوینەی هەر بۆڕاستی داهێناوە. بەرزترەو دوٚرە لەوەی ئەوان دەیکەن بە شەریکی.
٤ بنیادەمی لەتنۆکێک بەرهەم هێنا؛ کەچی بۆتە دوژمنێکی بەئاشکرا.
٥ وڵساتیشی هەر بۆ ئێوە بەرهەم هێنا، کە گەرمایی و بەهرەیان بۆئێوە تێداو لێشیان دەخۆن.
٦ لاتان جوان و ڕازاوەن، کاتێک دەیانبەن بۆ لەوەڕو کاتێکیش دەیانهێننەوە.

---

٩٥-**لێخەت کردنەوە:** لەکۆڵکردنەوە. ٩٩-مەبەست لە **شتی بێ گومان**، مەرگە؛ چون هیچ شکی تێدانیە.
٢-**گەفان:** هەڕەشە. ٤-**تنۆک:** دلۆپ، قەترە.

وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ
ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴿٧﴾ وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ
وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٨﴾
وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ
أَجۡمَعِينَ ﴿٩﴾ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗۖ لَّكُم مِّنۡهُ
شَرَابٞ وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ ﴿١٠﴾ يُنۢبِتُ لَكُم
بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ
ٱلثَّمَرَٰتِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١١﴾
وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ وَٱلنُّجُومُ
مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ
﴿١٢﴾ وَمَا ذَرَأَ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥٓۚ إِنَّ
فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي
سَخَّرَ ٱلۡبَحۡرَ لِتَأۡكُلُواْ مِنۡهُ لَحۡمٗا طَرِيّٗا وَتَسۡتَخۡرِجُواْ
مِنۡهُ حِلۡيَةٗ تَلۡبَسُونَهَاۖ وَتَرَى ٱلۡفُلۡكَ مَوَاخِرَ فِيهِ
وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿١٤﴾

۷ گرانبارتان ڕادەگوێزێ بۆ جێگەی وا کە بۆ ئێوە زۆر دژواردەبۆ بیگەنێ. پەروەرندەت زۆر دڵسۆزو دلۆڤانە.

۸ ئەسپ و ئێسترو کەریشی، هەم بۆ سواری هەم بۆ خۆبەجوان ڕانانی ئێوە چێکرد. شتیوەهاش دروس دەکا کە نایزانن.

۹ خودا هەر هێندەی لەسەرە ڕێگەی ڕاست دەستنیشان بکا. ڕێگەی خێچ و خواریش هەیە. ئەگەر بۆخۆی بیویستبا، هەمۆتانی دەخستە سەر ڕاستەڕێیە.

۱۰ هەر خۆیەسی لەم حەوایە ئاوێکی بۆداباراندن کە ئێوە لێی ڤەدەخۆن و ڕوەکیشی پێ شین دەبێ و لەو ڕوەکە، وڵساتەکانۆ دەچەزن.

۱۱ هەر بەوئاوە چاندەمەنی و زەیتۆن و ڕەزو دارخورماو بۆ دەڕوێنێ و گش بەروبۆتان پێدەدا. ئەمە زۆر بەڵگەی تێدایە بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.

۱۲ شەوو ڕۆژی بۆڕام کردن؛ هەیڤ و خۆرو گش هەسارەش مل کەچی فەرمانی ئەون. لەمەشدا زۆر نیشانە هەن بۆ کەسانێ کە تێدەگەن.

۱۳ لەم زەمینەش گەلێ شتی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ئێوە وەدی هێناوە؛ لەمەدا نیشانە هەیە بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.

۱۴ هەر ئەویشە زەریای خستۆتە بەردەستۆ کە گۆشتی تازەی لێ بخۆن؛ خشڵیشی لێی بێننەدەرێ و بەخۆتانیەوە هەڵواسن. ئەوا دەبینی کە گەمیەش سنگی دەریا دەقەڵێشن؛ تا چاکەی ئەوتان دەس کەوێ و بەشکۆ شوکرانە بژێرن.

---

۷- ڕاگوێزتن: شتێ لە جێکەوە بۆ جێگایەکی تر بردن، گوێزانەوە. ۹- خێچ: چەفت، لار و گێڕ.

۱۰- ڤەدەخۆن: دەخۆنەوە. ۱۱- بەروبۆ: بەهرەی زەوین، داهاتی زەوی.

۱۴- هەڵواسین: دالەقاندن، هەڵاواستن.

وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَٰرًا وَسُبُلًا
لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥﴾ وَعَلَٰمَٰتٍۚ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ
﴿١٦﴾ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن
تَعُدُّواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾
وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴿١٩﴾ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْوَٰتٌ غَيْرُ
أَحْيَآءٍۖ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٢١﴾ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌۚ
فَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ
﴿٢٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَۚ إِنَّهُۥ
لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ ﴿٢٣﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمْۙ
قَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ لِيَحْمِلُوٓاْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً
يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۙ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍۗ أَلَا
سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ
فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ
مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾

١٥ کێوەهەڵەمۆتەکانی لەم زەمینە کردەلەنگەر، هەتا ئێوە نەلەرزێنیّ و چۆم و ڕێبازیشی شاندان، تا ئێوە ڕێو بدۆزنەوە.
١٦ نیشانەگەل دیکەش هەن و بەئەستێرەش ڕێ دەردەکەن.
١٧ ئاخۆ کەسێ لەچێکردنێ وەستایە، چلۆن وەک ئەوکەسە وایە، لەو بارە چی لەدەس نایە؟ ئاخۆ ئێوە پەند ناگرن؟
١٨ ئەگەر هەرچی چاکەی خودایە بژمێرن، لەژماردن دواییونایە. خودا لەگونا دەبۆرێ و دلوڤانە.
١٩ هەرشتێکی وەیشێرن و هەرچی ئاشکراشی بکەن، خوا دەیزانێ.
٢٠ ئەوشتانەش کە هانایان پێ دەبەن و غەیرەز خودان، لیان نایە هیچ دروس کەن؛ هەر بۆ خۆشیان دروس دەکرێن.
٢١ مردۆێکن گیانیان بەبەردانەکراوە؛ هەستیش ناکەن کەنگێ زیندۆ دەکرێنەوە.
٢٢ خودای ئێوە هەر یەکێکە. ئەوکەسانەی بڕوایان بەدوارۆژنیە، دڵەکانیان دژباوەڕن و خۆشیان هەر بەزل دەزانن.
٢٣ بێگومانە خوا دەزانێ چی لەخودا دەشارنەوەو چی دەردەخەن. خودا لە خۆبەزل‌زانان خۆشی‌نایە.
٢٤ هەرگایەکی لیان پرسی: پەروەرێنتان کام مەبەستی ناردۆتەخوار؟ ئێژن: چیرۆکی پێشینان.
٢٥ دەسا با ڕۆژی قیامەت باری تاوانی خۆیان و ئەو کەسانەش هەڵگرن کە بە بێ‌زانست، ئەوان لە ڕیان لادەدەن؛ ئای چەند بارێ نالەبارە!
٢٦ ڕاستت دەوێ ئەوی لەپێش ئەمانەش بۆن، دەهۆبازبۆن. خودا دام و دەزگایانی لەهیمەوە هەڵتەکاندو میچیشیان بەسەردا ڕماو لەشوێنێکەوە ئازاریان بۆدابارێ، کە هەر هەستیشیان پێ نەکرد.

---

١٥- هەڵەمۆت: زۆر بەرزو هەزار بە هەزار.

٢٦- دهۆباز: فێڵباز. هیم: بناغە، خیم، بنچینەی خانۆ.

ثُمَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يُخۡزِيهِمۡ وَيَقُولُ أَيۡنَ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ
كُنتُمۡ تُشَٰٓقُّونَ فِيهِمۡۚ قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ إِنَّ ٱلۡخِزۡيَ
ٱلۡيَوۡمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٧﴾ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡۖ فَأَلۡقَوُاْ ٱلسَّلَمَ مَا كُنَّا نَعۡمَلُ مِن سُوٓءِۭۚ بَلَىٰٓ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٢٨﴾ فَٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ
خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَلَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴿٢٩﴾ ۞ وَقِيلَ
لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ مَاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡۚ قَالُواْ خَيۡرٗاۗ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي
هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۚ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞۚ وَلَنِعۡمَ دَارُ ٱلۡمُتَّقِينَ
﴿٣٠﴾ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ لَهُمۡ فِيهَا
مَا يَشَآءُونَۚ كَذَٰلِكَ يَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٣١﴾ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمُ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ بِمَا
كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٣٢﴾ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
أَوۡ يَأۡتِيَ أَمۡرُ رَبِّكَۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ وَمَا ظَلَمَهُمُ
ٱللَّهُ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿٣٣﴾ فَأَصَابَهُمۡ
سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٣٤﴾

٢٧ پاشان لەڕۆژی سەلاشدا ئابڕۆیان پیوەناهێڵێ و دەڵێ: لەکوێن ئەو شەریکانەم کە ئێوە کێشەتان لەسەردەکردن؟ ئەوانەی ئەهلی زانستن، ئێژن: ئەمڕۆ ئابڕۆچوٚن و بەدبەختی خوانەناسانە.

٢٨ ئەوکەسانەی کە پێ مێردی خودا گیانیان لێ دەستێنێ و ستەمیان لەخۆ کردوە، مل ڕادەکێشن و ئێژن: چی خراپن نەکردوە؛ بەڵێ، خودا خۆی دەزانێ کە ئێوە ئاکارو چۆن بۆ.

٢٩ سا لەدەرگای دۆزەهەوە بچنە ئەودیو، تاهەتایە هەر لەوێ بن. ئای کە جێی بادی هەوایان ناهەموارە.

٣٠ لە پاریزگاران دەپرسن: پەروەرندەو چی بەخەلات ناردەخوارێ؟ ئێژن: هەرچی هەرەباشە. بۆئەوانەی لەدنیا خاوەن چاکەبۆن، چاکە هەیەو دیارە بارەگای ئەودنیاش زۆر باشترەو ئای کە مالی لە خوداترسان چەندخۆشە!

٣١ دەڕۆنە ناوباغاتێکی وا کە هەرگیز لەبەین ناچێ؛ جۆباریان بەبەردا دەڕوا؛ چی ئارەزۆکەن تیایە. خودا ئاواینە پاداشی خۆپارێزان دەداتەوە.

٣٢ ئەو کەسانەی فرشتە گیانیان دەکێشێ و چاک وپاک لەدنیا دەڕۆن؛ ئێژن: سلامی خواو لێ بێ و لەباتی کردەوەکانتان دە بچنە ناو بەهەشتەوە.

٣٣ ئاخۆ ئەو خوانەناسانە غەیرەز ئەوە کە فریشتان بێنەلایان، یان فەرمانی پەروەرندەتیان پێ بگا، چاوەنۆرێکی تریان هەس؟ پێشینەکانی ئەمانەش هەر ئەم ئاکارەیان هەبۆ. خوا ناهەقی لێ نەکردن؛ بەلام هەر خۆیان ناهەقیان لەخۆیان کرد.

٣٤ سزای ئاکاری خراپیان هاتە ڕێیان؛ ئەوشتەی گاڵتەجاڕیان بۆ ئابلۆقەی دان.

---

٢٨- پێ مێرد: فریشتەی گیان کێشان، عیزراییل. ٢٩- بادی هەوا: بەدەعیەو دەمار، خۆبەزل زان.

٣٤- ئابلۆقە: دەورەدان، چواردەورگرتن.

وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن
شَيۡءٖ نَّحۡنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖۚ كَذَٰلِكَ
فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ فَهَلۡ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ
﴿٣٥﴾ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ
وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنۡهُم مَّنۡ
حَقَّتۡ عَلَيۡهِ ٱلضَّلَٰلَةُۚ فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٣٦﴾ إِن تَحۡرِصۡ عَلَىٰ هُدَىٰهُمۡ
فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَن يُضِلُّۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٣٧﴾
وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَا يَبۡعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُۚ بَلَىٰ
وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٨﴾
لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي يَخۡتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ
كَانُواْ كَٰذِبِينَ ﴿٣٩﴾ إِنَّمَا قَوۡلُنَا لِشَيۡءٍ إِذَآ أَرَدۡنَٰهُ أَن نَّقُولَ
لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٠﴾ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ
لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ
يَعۡلَمُونَ ﴿٤١﴾ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٤٢﴾

٣۵ ئەوکەسانەی شەریکیان بۆخوا پەیداکرد، گوتیان: ئەر خوا مەیلی لێ با، نە ئێمەو نەباب و کاڵمان، غەیرەز خۆی چن نەدەپەرست؛ هیچمان بێ فەرمانی ئەومان بە ناڕەوا نەدەزانی. ڕابردوەکانی ئەوانەش هەر ولۆبوٚن. پێغەمبەران جگە لەڕاگەیاندنی بەئاشکرا، چیدیکەیان لەسەر هەیە؟

٣۶ بۆ ناو هەمۆ کۆمەڵەیەک پێغەمبەرێکمان بەڕێ‌کرد، کە خودا بپەرستن و لەشەیتان دۆرەپەرێزبن. بازێ لەوان خودا خۆی شارەزای کردن؛ هێندێکیشیان گومڕایی بە بەژنیان بڕا. دە لەسەر ئەرز بگەڕێن و تواشاکەن چارەنۆسی پێغەمبەر بەدرۆزن زانان بەکوێ گەیشت.

٣٧ هەرچەندە هەوڵ بۆ شارەزابوٚنیان بدەی، گومڕایەکان، خوا ڕێگەیان نیشان ناداو کەسیش دەهانایان نایە.

٣٨ بەسوێندەوە ڕەش بوٚنەوە، کە: وەخودا، خودا کەسێکی کە دەمرێ، تازە زیندوی ناکاتەوە. هەربەڵێنێ خودا بیدا، هەر دێتەجێ؛ بەلام زوربەی ئەومەردمە دەوەناگەن.

٣٩ تاکوٚ خودا ئەوشتەی وا ئەوان کێشەیان لەسەرکرد، ئاشکرا کاو با خوا نەناسان تێ‌بگەن کە ئەوان درۆیان دەکرد.

۴٠ مە هەرچی‌یەک بمانەوێ پەیدابێ، هەر هێندەیە کە پێی‌بێژین: ببە؛ دەبێ.

۴١ ئەو کەسانەی لەبەر زوڵمێ تەرەبوٚن و ئاوارەی ڕاهی خودا بوٚن، لەم دنیایە جێگەیێ باشیان ئەدەینێ و ئەگەر بۆخۆیان بیزانن، پاداشی ئەولاش باشترە.

۴٢ ئەو کەسانەی خۆڕاگربوٚن و خۆیان هەر بەخودا ئەسپارد.

---

٣۵-ولۆ: بەم‌جۆرە. ٣۶-بازێ: برێ، تاقمێ.

وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ
ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ
ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ
﴿٤٤﴾ أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ
أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٤٥﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ
فِي تَقَلُّبِهِمۡ فَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿٤٦﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ عَلَىٰ تَخَوُّفٖ فَإِنَّ
رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿٤٧﴾ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ
يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَٰلُهُۥ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ سُجَّدٗا لِّلَّهِ وَهُمۡ دَٰخِرُونَ
﴿٤٨﴾ وَلِلَّهِ يَسۡجُدُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن دَآبَّةٖ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٤٩﴾ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ
وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ۩ ﴿٥٠﴾ ۞ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ
ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٥١﴾ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ﴿٥٢﴾ وَمَا بِكُم مِّن
نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ﴿٥٣﴾ ثُمَّ
إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنكُم بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾

٤٣ لەپێش تۆشدا هەرکەسێکمان بەپێغەمبەری ناردوە - ئیللان و بیللان - پیاوبوەو بەفرشتەدا فەرمانی خۆمان بۆناردوٚن. ئەگەر ئێوە نەوزانیوە، سالەوکەسانە بپرسن، کە کتێبیان خوێندوٚتەوە.
٤٤ بەبەڵگەو نیشانانەوەو بەپەڕەنوٚسراوانەوە [ئەوانمان نارد]. وا بوٚتوٚش ئەمکتێبەن نارد، تا خەڵکی لێ تێ بگەیێنیو ئایەتا بیربکەنەوە.
٤٥ ئاخوٚ ئەوانەی بەفێڵبازی خەریکی بەدفەڕی بوٚن، ئارخەیانن کە خوا نوقمی عەرزیان ناکا، یان لەشوٚینێکەوە - کەهەر بیریشی لێ ناکەنەوە - ئازارێکیان بوٚنابارێ؟
٤٦ یان لەڕێی هاتوچوٚیاندا دەگیریان خاو نەتوانن خوٚیان دەربازکەن؟
٤٧ یان کاتێ کە توٚشی ترسن، بیانگرێ؟ سا هەر پەروەرندەی توٚیە وا دڵسوٚزو دلوٚڤانە.
٤٨ داخوم بەچاو نەیاندیگە، کە هەرچێ خوا دایهاوردگە، سێوەریان بەڕاس و چەپا - بەمل کەچی - سوژدە بەرەوخوا ئەوەن؟
٤٩ هەرچی لەناو ئاسمانان و هەرچی لەناوزەویندا بزاوی هەیەو فریشتانیش، سوژدە بوٚخودا دەبەن و باغریش نین.
٥٠ ترسیان هەیە لەپەروەرندەی بان سەریان؛ هەر فەرمانێکی بوٚیان بێ، بەجێی دێنن.
٥١ خوا وتوٚیە: با دوٚپەرستوٚتان نەبێ، پەرستوٚ تەنیا یەکێکەو ئەشێ هەر لەمن بترسن.
٥٢ هەرچیش لە ئاسمانەکان و زەویندا هەن، هەر هی ئەون و دینی هەمیشەییش هەر تایبەتی ئەوە. ئاخوٚ دەبێ لەغەیرەز خودا بترسن؟
٥٣ هەر بەهرەیەک ڕوٚوتێدەکا لەخواوەیە؛ پاشان ئەگەر چورتمێکیشتان بەسەردێ، بەرەوئەو دەلالێنەوە.
٥٤ لەدوای ئەوە بەلاشی لەسەرلابردن، هێشتا کوٚمەڵێک لەئێوە شەریک بوٚپەروەرندەی خوٚ پەیدادەکەن.

---

٤٦- دەرباز: رزگار. ٤٩- بزاو: جوٚڵە. باغر: لەخوٚدەرچوگ، بادی هەوا.
٥١- پەرستوٚ: مەعبود، پەرستراو.

لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ ۚ فَتَمَتَّعُوا۟ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾ وَيَجْعَلُونَ
لِمَا لَا يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَٰهُمْ ۗ تَٱللَّهِ لَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ
تَفْتَرُونَ ﴿٥٦﴾ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ ٱلْبَنَٰتِ سُبْحَٰنَهُۥ ۙ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ
﴿٥٧﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ
﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ۚ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ
أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ
بِٱلْـَٔاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ
﴿٦٠﴾ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن
يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ
سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٦١﴾ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ
وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ ٱلْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ ٱلْحُسْنَىٰ ۖ لَا جَرَمَ أَنَّ
لَهُمُ ٱلنَّارَ وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ ﴿٦٢﴾ تَٱللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن
قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَهُمْ
عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ
ٱلَّذِى ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۙ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٦٤﴾

٥٥ هەر تا هەرچی پێمان‌داون حاشای لێ‌بکەن. سا ڕای‌بوێرن، زۆر ناخایەنێ تێدەگەن.
٥٦ لەوبژیوەش کە پێمان‌دان، بەشێکی دەدەن بەوانەی‌کە هیچ‌قازانج‌و زیانیان لێ‌نابینن. سوێندبەخودا، لەسەر درۆهەڵبەستنۆ لێ‌پرسینەوەتان دەبێ.
٥٧ کیژان بۆ خودا دادەنێن - کە ئەو لەوشتانە پاکە - بۆخۆشیان چی ئارەزۆکەن.
٥٨ هەرکاتێکیش مژدەی کچێ بۆیەکێک لەمانە بچێ، ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕێ‌و لەبەر خۆی پیش دەخواتەوە.
٥٩ لەمەینەتی ئەو هەواڵەی پێیدراوە، لە هۆزی خۆی تەرەدەبێ؛ ئاخۆ بەسۆکایەتی بەخێوی بکا، یان دەناخی ئاخی ڕاکا؟ ئای چەندخراپ پێ‌ڕادەگەن!
٦٠ ئەم کردەوە خراپانە هی‌وانەیە، کە باوەڕیان بەڕۆژی سەلایە نیە. نمۆنەی باشترین ئاکار، لای خودایەو هەر خۆی خاوەن دەستەلاتی لەکارزانە.
٦١ ئەگەر مەردم لەسەر ناهەقی کردنیان خوداگیربان، لەم سەرهەردە جۆقەواریان لێ‌بڕابۆ؛ بەلام دەیانهێڵێتەوە هەتا ڕۆژی دیاری کراو؛ ئەگەر ئەودەمەش وەختی‌هات، نە تاوێک وەپێشیان دەخا، نە دەشکرێ بمێننەوە.
٦٢ هەرشتێ پەسندی ناکەن، لایان وایە هی‌خودایە؛ زمانی فێرەدرۆشیان چاکەی دەداتە پاڵ‌خۆیان. بێ‌گومانە بەشی ئەمانە ئاگرەو بۆلای ئەوەش دەدرێنەبەر.
٦٣ سوێند بەخودا، بەرلەتۆش پێغەمبەرانمان بۆسەر گەلان بەرێ کردن. شەیتان کردەوەکانیانی بۆخەملاندن؛ کەوا ئەمڕۆش دۆستی نزیکی ئەمانە، هەر شەیتانەو بەشیان ئازاری بەژانە.
٦٤ هەر بۆیە ئەم کتێبەمان ئەڕای تۆ هەناردەبەرۆ، کە بەکێشەی نێوان ئەمانە ڕابگەی‌و ڕێ‌شاندەرو بەزەیی‌بێ بۆ کەسانی خاوەن باوەڕ.

---

٦١- جۆقەوار: زینەوەر.

وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَسۡمَعُونَ ٦٥ وَإِنَّ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةٗۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا
فِي بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيۡنِ فَرۡثٖ وَدَمٖ لَّبَنًا خَالِصٗا سَآئِغٗا لِّلشَّٰرِبِينَ ٦٦
وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلۡأَعۡنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا وَرِزۡقًا
حَسَنًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٦٧ وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ
أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ ٦٨ ثُمَّ كُلِي
مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسۡلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلٗاۚ يَخۡرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا
شَرَابٞ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٞ لِّلنَّاسِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ
يَتَفَكَّرُونَ ٦٩ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمۡۚ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ
ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡ لَا يَعۡلَمَ بَعۡدَ عِلۡمٖ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٞ قَدِيرٞ ٧٠ وَٱللَّهُ
فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُواْ بِرَآدِّي
رِزۡقِهِمۡ عَلَىٰ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَهُمۡ فِيهِ سَوَآءٌۚ أَفَبِنِعۡمَةِ
ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ٧١ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا
وَجَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةٗ وَرَزَقَكُم مِّنَ
ٱلطَّيِّبَٰتِۚ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ وَبِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ هُمۡ يَكۡفُرُونَ ٧٢

۶۵ خودا ئاوی لەوحەوایەوە داباراند؛ زەوی مردوی پێ ژیاندەوە. کە لەمەدا بۆ ئەوانەی گوێ بیس دەبن، نیشانەیە.

۶۶ لەوڵساتیشا بۆ ئێوە پەندێک هەیە: لەناوسکیان، لەنێوانی ڕیخ و خوێن ڕا، شیرێکی پاک و ڕەوانۆ دەرخوارد ئەدەین، بۆ ئەوانەی وەخۆرەوەن گۆارایە.

۶۷ لەبەرهەمی دارەخورما و رەزەکانیش، سەرخۆش کەرەو بژیوی باش رەنێودێنن. لەمەشدا نیشانە هەیە بۆ ئەوکەسانەی تێدەگەن.

۶۸ خوا مێشەنگوینی ڕائەسپارد، کە: لەکاوان و داران و ئەوشوێنی هەڵیدەبەستن، شوێنی ژینی خۆت هەڵبەستە.

۶۹ پاشان لەگش بەروبۆ بژیوت بمژە؛ ئیتر - بە ملکەچی - ڕێگەی ڕاهێنەری خۆت بگرەبەر. لەدەروٗنی تراوێکی هەمەڕەنگە دێتەدەرێ؛ مفای بۆ مەردم تێدایە؛ کە لەمەشدا بۆ کەسانێ ڕادەمێنن، نیشانەیە.

۷۰ خودا ئێوەی هەر لەنەبۆ دروس کردو پاشان گیانۆ لێ دەستێنێ. تێتاندایە دەبێتە پیری زمینگیر، تا لەپاش زانینی زۆر شت هیچ شتی لەبیر نەمێنێ. خودا زانایەو توانایە.

۷۱ خودا ڕۆزی هێندێکتانی لەهێندێکان پتر داوە. ئەوی پتریان پێدراوە، بەشی ژێردەستانی خۆیان نادەنەوە؛ کە لەوەشدا وەکوٗ یەکن. ئاخۆ ئێوە لەبەهرەی خوا حاشادەکەن؟

۷۲ خودا هەر لەجسنی خۆتان جوٗتەی دانێ؛ لەهاوجوٗتان کوڕو نەوەی پێ بەخشیون و ڕۆزی پەسندی پێداون. چۆن بڕوایان بەو هیچ و پوٗچانە هەیەو لە بەهرەی خوا حاشادەکەن؟

---

۶۶- ڕیخ: ڕەم، شیاکە، سەنێر. ۶۷- رەنێوهێنان: پێگەیاندن، پەروەردەکردن. ۶۸- کاوان: چیایان، کێوان. ۶۹- مفا: شفا، چابوٗنەوە لە نەخۆشی.

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٧٣﴾ فَلَا تَضْرِبُوا۟ لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ ۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧٤﴾ ۞ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا
مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَمَن رَّزَقْنَٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا
فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا ۖ هَلْ يَسْتَوُۥنَ ۚ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ
بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلَيْنِ
أَحَدُهُمَآ أَبْكَمُ لَا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ
مَوْلَىٰهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ ۖ هَلْ يَسْتَوِى هُوَ وَمَن
يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ ۙ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٧٦﴾ وَلِلَّهِ غَيْبُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ
أَوْ هُوَ أَقْرَبُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٧٧﴾ وَٱللَّهُ
أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَجَعَلَ
لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۙ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ
﴿٧٨﴾ أَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ مُسَخَّرَٰتٍ فِى جَوِّ ٱلسَّمَآءِ
مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٧٩﴾

۷۳ غەیرەز خودا، شتی وەها دەپەرستن کە لەناو عەرزو عاسماندا هیچ بژیوێ شک نابەن کە بیاندەنێو هەر ناشتوانن.
۷۴ ئێوە نەزیلان بۆ خودا مەهێننەوە؛ خودا هەمۆشت دەزانێو ئێوەن کە هیچێک نەزانن.
۷۵ خوا نەزیلێک دێنێتەوە: بەنیەک هەیە هیچکارێکی لەدەس نایە؛ کەسێکیش هەس بژیوی باشمان داوەتێ، بەنهێنیو بەئاشکرا بەختی دەکا؛ ئاخۆ وەکویەک دێنەوە؟ سوپاس هەر شایانی خوایە؛ بەڵام زوربەیان نەزانن.
۷۶ ئەمەش بەنەزیلە دێنێ: دوٚمرۆ هەن؛ یەکیان لاڵەو هیچکارێکی لەدەس نایەو سەرباری ئاغای خۆیەتیو بۆ هەرکویەکی بنێرێ، هیچ بەهرە ناهێنێتەوە؛ لەل ئەوکەسەی فەرمان بۆیەکسانی دەداو خۆیشی لەسەر ڕاستەڕێیە، چۆن چونیەکن؟
۷۷ هەرپیوارێ لە ئەرزو ئاسماناندایە، بۆ خودایە. هاتنی ڕۆژی سەلایەش وەک چاوترۆکانێ وایە؛ یا نزیکتر. خودا هێزی بەسەر هەموشتدا دەشکێ.
۷۸ خودا ئێوەی لەپزدانی دایکتانەوە وەدەرخست؛ کەچی هیچۆ نەدەزانی. چاو و گوێچکەو دڵی دانێ، بەشکۆ شوکرانەبژێربن.
۷۹ ئاخۆ پەلەوەر نابینن، کە لە تەشقی عاسمانێ ڕام کراون؟ غەیرەز خوا کێ ڕایاندەگرێ؟ کە لەمەدا نیشانەن بۆ باوەڕداران.

---

۷۴-نەزیل: مەسەل. ۷۵-بەنی: عەبد. ۷۶-لەل: لەگەڵ، لەتەک.

وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمۡ سَكَنٗا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ
ٱلۡأَنۡعَٰمِ بُيُوتٗا تَسۡتَخِفُّونَهَا يَوۡمَ ظَعۡنِكُمۡ وَيَوۡمَ إِقَامَتِكُمۡ
وَمِنۡ أَصۡوَافِهَا وَأَوۡبَارِهَا وَأَشۡعَارِهَآ أَثَٰثٗا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٖ
٨٠ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلٗا وَجَعَلَ لَكُم
مِّنَ ٱلۡجِبَالِ أَكۡنَٰنٗا وَجَعَلَ لَكُمۡ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ
ٱلۡحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأۡسَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ
عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تُسۡلِمُونَ ٨١ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ
ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ٨٢ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا
وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٣ وَيَوۡمَ نَبۡعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٖ
شَهِيدٗا ثُمَّ لَا يُؤۡذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ وَلَا هُمۡ يُسۡتَعۡتَبُونَ
٨٤ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلۡعَذَابَ فَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمۡ وَلَا هُمۡ
يُنظَرُونَ ٨٥ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ شُرَكَآءَهُمۡ
قَالُواْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدۡعُواْ مِن دُونِكَۖ
فَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡهِمُ ٱلۡقَوۡلَ إِنَّكُمۡ لَكَٰذِبُونَ ٨٦ وَأَلۡقَوۡاْ
إِلَى ٱللَّهِ يَوۡمَئِذٍ ٱلسَّلَمَۖ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ٨٧

٨٠ خودا خانوی بۆچێ‌کردوون کە تیاندا بسێنەوە. ئەنواشی لە پێستی ولْسات بۆسازداون کە لە ڕۆژی کۆچ کردناو لەکاتی مانەوەشتانا، سوک بێ بۆتان. لەهریش‌و لواو مۆیان، کەل‌پەلی پێویستی ماڵ‌و کاڵا هەیە لەماوەی گوزەرانودا.

٨١ خوا لەوەی خولقاندویەتی، نسێ زۆری بۆ ئێوە وەدی هێناوەو لەکێوانیش پەسیوی بۆچێ کردوون‌و جل‌و بەرگێکیشی بۆتان سازداوە کە لەکاتی شەڕو گەرمادا دەوپارێزێ. ئاوا خودا بەهرەگەلی خۆی بۆ ئێوە تەواودەکا؛ بەلْکۆ گوێ بەفەرمانی بن.

٨٢ ئەگەر هەر ڕۆیان وەرچەرخاند، ڕاگەیاندنی ئاشکرا، لەسەر تۆیەو هیچی‌تر نا.

٨٣ بە بەهرەی خودا دەزانن؛ کەچی حاشای لێدەکەن‌و زوربەیان ئەمەگ نەناسن.

٨۴ ڕۆژێ کە لەهەر کۆمەلْێک یەکێ بۆشایەتی دێنین، ئەوسا ئیزنی [ئاخافتن] بە خودا نەناسان نادرێ‌و عوزریشیان لێ ناپەزێرن.

٨۵ هەرگا ئەوانەی ناهەق بون، ئازارو جەزرەوەیان دی؛ نە لێیان سڤکتر ئەکرێ‌و نە هیچ وچانیان پێ‌دەدرێ.

٨۶ ئەو کەسانەی دەیانوت: خوا شەریکی هەن، هەرکە چاویان بەهاوبەشەکانیان کەوت، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەمانەن هاوبەشەکانمان کە جیا لەتۆ هانامان ئەبردەبەریان. ئەمان لە جواویانا ئێژن: ئێوە دەرەوان دەبێژن.

٨٧ ئیتر هەر لەوێ ڕۆژێدا ناچاردەبن ملکەچی فەرمانی خوابن. ئەوەش کەوا هەلْیان دەبەست، هەمۆ بە فیڕۆ دەردەچێ.

---

٨٠- ئەنوا: پەناو پەسیو. هری: خوری. لوا: بەرگن. ٨١- نسێ: سێبەر.
٨٣- ئەمەگ: وەفا، بەینەت. ٨۵- سڤک: سوک، هاسان. ٨۶- دەرەو: درۆ

ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدۡنَٰهُمۡ عَذَابٗا فَوۡقَ
ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يُفۡسِدُونَ ﴿٨٨﴾ وَيَوۡمَ نَبۡعَثُ فِي كُلِّ
أُمَّةٖ شَهِيدًا عَلَيۡهِم مِّنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَجِئۡنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ
هَٰٓؤُلَآءِۚ وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى
وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ
وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ
وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ
﴿٩٠﴾ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ
بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَيۡكُمۡ كَفِيلًاۚ إِنَّ
ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿٩١﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّتِي نَقَضَتۡ
غَزۡلَهَا مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثٗا تَتَّخِذُونَ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا
بَيۡنَكُمۡ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرۡبَىٰ مِنۡ أُمَّةٍۚ إِنَّمَا يَبۡلُوكُمُ
ٱللَّهُ بِهِۦۚ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٩٢﴾
وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن
يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَلَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٩٣﴾

٨٨ ئەوانەی خوایان نەناسیو ڕێگەی خوایان بەربەست ئەکرد، لەجەزای ئەوبەدفەڕیەدا کە دەیانکرد - قات لەبان قات - هەر ئازاریان پتر دەکەین.

٨٩ رۆژێ کە لەناو هەرگەلێ یەک لەخۆیان بەشایەت ڕاست دەکەینەوە، تۆ شایەتی ئێمەی بەسەر ئەمانەوە. ئەم کتێبەشمان بۆ ناردوۆی، هەمۆشت ڕۆن دەکاتەوەو ڕێ نوێنیو دلۆڤانیو مژدەیە بۆ موسوڵمانان.

٩٠ خوا بەعەداڵەتو چاکەو بەخشین بە خزمو کەسو کار، فەرمان دەداو ڕێنادا بە ئاکاری پیسو خراپەو دەسدرێژی. ئامۆژگاریتان لێدەکا بەشکۆ پەندی لێوەرگرن.

٩١ ئەو پەیمانەش کە دەگەڵ خودای دەبەستن، بەجێبێنن. سۆندەکانیشۆ مەشکێنن؛ پاش ئەوەی کە لێبڕاون پێکیان بێننو خوداتان بە چاودێری خۆتان داناوە. دیارە خودا های لەکردەوەتان هەیە.

٩٢ نەچن وەک ژنەکە بکەن، کە ریسەکەی - لەپاش کرژی - خاوکردەوەو پسپسیکرد، سوێندەکەتان بکەنە هۆی فریودانێ؛ بەو بەهانەی فلانەگەل لەگەلێتر باوخۆشترن. دیارە خودا بەمە تاقیودەکاتەوە؛ تا لەڕۆژی قیامەتێشدا بۆتانی رۆشن بکاتەو، لەسەرچی پێک نەدەهاتن.

٩٣ ئەگەر خودا کەیفیلێبا، گش دەیکردن بەهاوئایین؛ بەلام کەسێ خۆی حەزبکا، گومڕای دەکاو لەکێش حەزکا، دەیخاتە سەر ڕاستەڕێیە. دیاریشە لێتان دەپرسن کە ئێوە چیتان کردوە.

---

**٨٨- قات:** ئەوەندە، لەئەندازە، بەرانبەر. **بەربەست:** لەمپەری سەرڕێگە، ڕێبەندان.

**٩١- ها:** ئاگا، خەبەر. **٩٢- پس پس:** زۆرپچڕاو، کوتکوت. **٩٣- تاقی کردنەوە:** تەجرەبەکردن، ئەزمۆن، جەڕباندن.

وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ ثُبُوتِهَا
وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلَكُمۡ عَذَابٌ
عَظِيمٞ ٩٤ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلًاۚ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ
هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٩٥ مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُۖ
وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖۗ وَلَنَجۡزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ
مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٦ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ
أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ
أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٧ فَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ
فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ٩٨ إِنَّهُۥ لَيۡسَ لَهُۥ سُلۡطَٰنٌ
عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ٩٩ إِنَّمَا
سُلۡطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوۡنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ
١٠٠ وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖۙ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ
بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفۡتَرِۭۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ
١٠١ قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ لِيُثَبِّتَ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ١٠٢

٩۴ بەسوێندانۆ یەکتری لەخشتەمەبەن؛ نەکا پاتان پاش پتەوبۆنێ بخلیسکێ‌و لەبەر ڕێگەی بەرەو خودا بەستنیشتان، تامی بەڵا بچێژن‌و جەزرەبەی زۆرۆ لەسەربێ.
٩۵ پەیمانی خوا بەنرخی هندک مەفرۆشن؛ گەر تێبگەن، ئەوی کە لەجەم خوا هەیە زۆر باشترە.
٩۶ ئەوەی ئێوە لە لاتانە لەبەین دەچێ؛ ئەوی لەلای خودا هەیە، هەر دەمێنێ‌و ئەوکەسانەی خۆڕاگربۆن، لەبەرانبەر کردەوەیان - بەزیادەوە - بۆیان تێ هەڵدێنینەوە.
٩٧ هەر کەسێ کرداری باشەو بەباوەڕە - چ نێر، چ مێ - هەتا دەژی وادەکەین بەخۆشی بژی؛ دیاریشە باشتر لەوەی واکردۆیانە، ئێمە پاداشیان دەدەینێ.
٩٨ کاتێ قورئانێ دەخوێنی، هەر پەنابەخودابەرە لەشەیتانی ترۆکراو.
٩٩ ئەو هیچ زۆرێکی نیە بەسەروانەوە کە بۆنە خاوەن باوەڕو خۆیان بەپەروەرندەیان ئەسپاردوە.
١٠٠ ئەو هەر بەسەر ئەوانەدا دەستی دەڕوا، کە خۆیان کردۆتە دۆستی‌و شەریک بۆخوا پەیدادەکەن.
١٠١ هەرگا ئێمە بەڵگەیەکمان بەبەڵگەیێ‌تر وەگۆڕی - خوداش خۆی چاکتر دەزانێ چی دەنێرێ - ئێژن: خۆت هەڵتبەستوە. نا وانیە! ئەوان زۆربەیان نازانن.
١٠٢ بێژە: گیانە پیرۆزەکە، بەڕاستی لەپەروەرندەتڕا هێناویە؛ هەتا خاوەن باوەڕەکان دڵنیاکاو ڕێشاندەرو مژدەبێ بۆ ئەوکەسانەی موسوڵمانن.

---

**٩۴-لەخشتەبردن:** فریودان. **خلیسکان:** خزیان، ڕەت‌بردن لەسەر سەهۆڵ، شەمتین.

**٩۶-تێ هەڵێنانەوە:** قەرەبۆکردنەوە، جزیادانەوە.

وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌ ۗ لِّسَانُ
ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ
مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهْدِيهِمُ
ٱللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾ إِنَّمَا يَفْتَرِى ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ
لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ
﴿١٠٥﴾ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ
وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلْكُفْرِ صَدْرًا
فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٦﴾
ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْءَاخِرَةِ
وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٠٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ
ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ ۖ
وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ ﴿١٠٨﴾ لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِى
ٱلْءَاخِرَةِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٠٩﴾ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ
لِلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُوا۟ ثُمَّ جَٰهَدُوا۟
وَصَبَرُوٓا۟ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٠﴾

١٠٣ ئێمە ئەوەباش دەزانین ئەوان ئێژن: بنیادەمێ فێری دەکا. ئەوکەسەی ئەو نیازیانە لەعارەبی‌دا کۆڵیەو ئاشکراشە کە زمانی ئەم قورئانە بەعارەبی‌یەکی ڕەوانە.

١٠٤ ئەو کەسانەی بەبەڵگەکانی خودایی باوەڕناکەن، خودا شارەزایان ناکاو جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.

١٠٥ هەر ئەوانە درۆ بەدەم خواوە دەکەن، کە بە بەڵگەکانی خودا باوەڕناکەن. هەر بۆخۆشیان درۆزنن.

١٠٦ هەرکەس بڕوای بەخوا بۆبێ و لەپاشان حاشای لێ‌بکا، [سزادەدرێ] مەگین کەسێ ناچارکرێ و لەباوەڕی دڵنیابێ. بەڵام کەسێ بەحاشاکەی دڵی خۆش‌بێ، بەرتۆڕەیی خوا کەوتۆن و ئازاری زۆر دژوار دەدرێن.

١٠٧ چون ئەمانە گوزەرانی سەردنیایان لەدواڕۆژ پتر خۆش دەوێ؛ دیارە خوداش گرۆی خودانەناسان شارەزاناکا.

١٠٨ ئەمانە هەر ئەوکەسانەن خودا مۆری بەسەردڵیانەوەناوەو چاوی بێ‌سۆو گوێی کپ کردون؛ ئەمانەن بێ‌ئاگایەکان.

١٠٩ دیاریشە لەقیامەتێدا هەر ئەوانن زیانبارن.

١١٠ جا ئەوسا کە پەروەرندەت، لەوانە وا پاش ئەو ئەزمونە سەختانە، زێدی خۆیان بەجی هێشتو چۆنە خەزاو خۆڕاگر بۆن، پەروەرندەت - پاش ئەمانە - دیارە لەوانە دەبۆرێ و دلۆڤانە.

---

١٠٣- کۆڵی: ناشی، لەکارنەزان.

١١٠- زێد: ١) نیشتمان، مەڵوەن، شوێنێ کەمرۆی تێدا بحەسێتەوە؛ ٢) زاگە، جێگەی لەدایک‌بۆن.

۞ يَوۡمَ تَأۡتِي كُلُّ نَفۡسٖ تُجَٰدِلُ عَن نَّفۡسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ
نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١١١﴾ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا
قَرۡيَةٗ كَانَتۡ ءَامِنَةٗ مُّطۡمَئِنَّةٗ يَأۡتِيهَا رِزۡقُهَا رَغَدٗا
مِّن كُلِّ مَكَانٖ فَكَفَرَتۡ بِأَنۡعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ
ٱلۡجُوعِ وَٱلۡخَوۡفِ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ﴿١١٢﴾ وَلَقَدۡ
جَآءَهُمۡ رَسُولٞ مِّنۡهُمۡ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَهُمۡ
ظَٰلِمُونَ ﴿١١٣﴾ فَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا
وَٱشۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴿١١٤﴾
إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ
أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ
ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٥﴾ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ
ٱلۡكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٞ وَهَٰذَا حَرَامٞ لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۚ
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ ﴿١١٦﴾ مَتَٰعٞ قَلِيلٞ
وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١١٧﴾ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا مَا قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ
مِن قَبۡلُۖ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿١١٨﴾

١١١ لەو ڕۆژەدا کە هەر کەسێک هەر تەنیا کێشەی خۆیەتی و هەرکەس بەپێی کردەوەی خۆی، پاداشی تەواو وەردەگرێ و هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ.

١١٢ خوا شارێکی نەزیلە هێناوەتەوە، کە زۆر هێمن و بێ وەی بۆن؛ لەهەمۆئاقارێکەوە فرە بژیویان بۆدەهات؛ کەچی لەم هەمۆ چاکەیەی کە خودا دەربارەی کردن، حاشایان کرد. لەبارتەقای ئەو کردارەی کە دەیانکرد، خودا دەبەرگی برسێتی و ترسی پێچان.

١١٣ پێغەمبەرێک هەر لەخۆیان هاتەلایان، هەمۆ بەدرۆزنیان زانی. جا چونکە هێندە ناهەق بۆن، هەمۆ تۆشی تۆشی هاتن.

١١۴ لەو بژیوەی خوا پێیداون، بخۆن، حەلاڵ و زەلاڵەو هەر شوکرانە بژێری بەهرەکانی بن؛ ئەگەر هەر ئەو دەپەرستن.

١١۵ خودا تەنیا هەر پارێزی بۆداناون لەمردارو گۆشت بەرازو خوێن و هەرچی ناوی غەیرەز خوای لێ دێنن. کێش ناچاربۆ، هەر ئەوەندە تێری بکاو ئیتر دەست درێژی نەکا؛ ئەوسا خودا گونابەخش و دلۆڤانە.

١١۶ بەدرۆ زمانۆ نەگەڕێ؛ کە ئەم ڕەواو ئەو ناڕەواس؛ هەر بۆ ئەوە بەدەم خواوە ڤڕ هەڵبەستن. ئەو کەسانەی درۆ بۆخوا هەڵدەبەستن ڕزگارنابن؛

١١٧ گوزەرانێکی هندک و ئازاری بەژانیان هەیە.

١١٨ بۆ ئەوانەی جۆلەکەشن، ئەو پارێزەمان داناوە کە دەپێشدا بەتۆمان گوت. ئێمە هیچگا ناهەقیمان لەوان نەکرد؛ ئەوان خۆیان ناهەقی لەخۆیان دەکەن.

---

١١٢-**ئاقار:** ١) شوێن و جێگە؛ ٢) دەوروبەر؛ ٣) مەڵبەندو ناوچە. **بارتەقا:** هەمبەر، بەرانبەر، باتەقا.

١١٣-**تۆشی:** سەختی، سەخڵەتی. ١١۶-**ڤڕ:** درۆ.

ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ
بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٌ ١١٩
إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ حَنِيفٗا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ
١٢٠ شَاكِرٗا لِّأَنۡعُمِهِۚ ٱجۡتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ
١٢١ وَءَاتَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
١٢٢ ثُمَّ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ أَنِ ٱتَّبِعۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۖ وَمَا كَانَ
مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٢٣ إِنَّمَا جُعِلَ ٱلسَّبۡتُ عَلَى ٱلَّذِينَ
ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِۚ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا
كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ١٢٤ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ
وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ
هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ١٢٥
وَإِنۡ عَاقَبۡتُمۡ فَعَاقِبُواْ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبۡتُم بِهِۦۖ وَلَئِن صَبَرۡتُمۡ
لَهُوَ خَيۡرٞ لِّلصَّٰبِرِينَ ١٢٦ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ
وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ
١٢٧ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨

١١٩ بۆ ئەوانەی لەنەزانی خراپەیان لێ ڕوودەداو لەپاشان دەپرینگێنەوەو دەبنە پیاوچاک، پەروەرندەت - پاش ئەمانە - گونابەخش و دلۆڤانە.

١٢٠ ئیبراهیم پێشەواییکی بەرەو هەق چوگ و بەرفەرمانی خودابۆ؛ نە لەڕێزەی ئەوانەبۆ شەریک بۆخودا دەناسن.

١٢١ چاکەی خودای لەچاودابۆ؛ خواش بۆخۆی هەڵیبژاردو شارەزای ڕیگەی ڕاستیکرد.

١٢٢ لە دنیا بەهەرەمان دایەو لەو دنیاش لەبەرکەتیانە.

١٢٣ پاشان بەتۆمان ڕاگەیاند، کە: پەیرەوی ئایینی ئیبراهیمی بەرەوهەق چوگ بە؛ ئەو وێڕای ئەوانە نەبۆ کە شەریک بۆخوا دادەنێن.

١٢۴ ڕێزگرتنی ڕۆژی شەممە بۆ ئەوانە بڕیاردرا کە کێشەیان لەسەردەکرد. پەروەرندەت ڕۆژی سەڵا دیارە بەو کێشە ڕادەگا کە لەناو ئەواندا ڕویدا.

١٢۵ بەکارزانی و ئاموژگاری پەسند، مەردم بەرەوڕێگەی پەروەرندەت گازی بکەو بەچاکترین شێوە لەگەڵیانا بدوێ. پەروەرندەت لەو کەسانەی لەڕێگەی ئەو لایانداوە - لەگش کەس - ئاگادارترەو هەر خۆیشی باشتر دەزانێ کێ یە لەسەر ڕاستەڕێ یە.

١٢۶ ئەگەر تۆڵە دەستێننەوە، داربەداربێ و پترنەبێ؛ خۆ ئەگەر خۆڕاگریش بن، دیارە بۆ خۆڕاگرەکان زۆر باشترە.

١٢٧ خۆڕاگربە! دیارە خۆڕاگرتنیشت هەر بەخوایەو خەمیان مەخۆو لەوگزی و فێلانەش دەیکەن، دڵتەنگ مەبە.

١٢٨ بێ سۆ خودا وێڕای خۆپارێزان و چاکەکارانە.

---

**١١٩- پرینگانەوە:** کشانەوە بەترسەوە، گەڕانەوە دواوە، سڵەمینەوە.(بۆ مرۆڤی دەڵێن)

**١٢٢- بەرکەتی:** هەڵکەوتە، شیاوی ڕیزلێگرتن.    **١٢۶- داربەدار:** نەزیاد نەکەم، بەرامبەر.

**١٢٨- وێڕا:** لەگەڵ، دەگەڵ، پێڕا، وەل.

# سورة الإسراء

بسم الله الرحمن الرحيم

سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ
إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ
هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١ وَءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلۡنَٰهُ
هُدٗى لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَلَّا تَتَّخِذُواْ مِن دُونِي وَكِيلٗا ٢
ذُرِّيَّةَ مَنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٍۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَبۡدٗا شَكُورٗا ٣
وَقَضَيۡنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَتُفۡسِدُنَّ فِي ٱلۡأَرۡضِ
مَرَّتَيۡنِ وَلَتَعۡلُنَّ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ٤ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثۡنَا
عَلَيۡكُمۡ عِبَادٗا لَّنَآ أُوْلِي بَأۡسٖ شَدِيدٖ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ
وَكَانَ وَعۡدٗا مَّفۡعُولٗا ٥ ثُمَّ رَدَدۡنَا لَكُمُ ٱلۡكَرَّةَ عَلَيۡهِمۡ
وَأَمۡدَدۡنَٰكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ أَكۡثَرَ نَفِيرًا ٦
إِنۡ أَحۡسَنتُمۡ أَحۡسَنتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡۖ وَإِنۡ أَسَأۡتُمۡ فَلَهَاۚ فَإِذَا جَآءَ
وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمۡ وَلِيَدۡخُلُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ
كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوۡاْ تَتۡبِيرًا ٧

# ئیسراء

وەناوغوداکەکەهندەوکلۆڤانە

١١١ ئایەت

١ پاکی و بێ عەیبی بۆکەسێ لەشەوێکدا شەورِۆیی بەعەبدی خوی کرد؛
لە«مَسْجِدالحَرام»ەوە تا «مَسْجِدالاقصی» (مزگەوتەکەی ئەولاتر)؛
ئەومزگەوتەی ئێمە پیتو پیرۆزیمان داوە بەدەوروبەرەکەی؛
بەونیازەی کە هێندێک بەڵگەی خۆمانی پیشان بدەین. هەر خۆی
بیسەرو بینایە.
٢ کتێبیشمان دا وەمۆساو کردمانە رِێنوێنییێک بۆ بەرەو هۆزی ئیسرِائیل، کە:
غەیرەز من با بریکارێکتان نەبێ.
٣ ئەی تۆرەمەی ئەوانەی کە دەگەڵ نۆحا هەڵمانگرتن! بەرِاستی ئەو
عەبدێ شوکرانەبژێربۆ.
٤ هەر لەناو کتێبەکەدا ئاگاییمان بە تۆرەمەی ئیسرِائیل دا، کە: ئێوە لەم
سەرزەمینە - لەدۆهەلدا - مل لەبەدفەرِی دەنێن و زۆر بەتوندی بادی
هەوایی دەنوێنن.
٥ هەرگا ئێکەم لەم دوهەلانە هاتەبەر، چەندعەبدێکی هەرەئازای خۆن
ناردنەسەر، گش وڵاتیان لێ ئاژنین. ئەمبرِیارەش جێبەجێ بۆ.
٦ لەپاشان کارێ وامانکرد، ئێوە لەوان بەهێزتربن؛ هەژماریشتان فرەتربێ و
بەدارایی و زاروزیچیش یارمەتیمان پێگەیاندن.
٧ ئەگەر ئێوە چاکەبکەن، چاکەی دەگەڵ خۆتان دەکەن؛ ئەگەریش
خراپەتانکرد، لەخۆتانە. هەرکاتێکی بەڵێنی پاشین هاتەجێ، دیسان
دەنێرینەسەرتان، واتان لێکەن پەژارەو خەم لەرِوخسارتانا دیاربێ و تا
بشچنە مزگەوتەوە - وەک جاری پێشوشی چۆنێ - و هەرچێکیشیان
دەسکەوێ تەفروتۆنای کەن.

---

٥- ئێکەم: یەکەم. خۆن: خۆمان، خوەمان.

عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يَرۡحَمَكُمۡۚ وَإِنۡ عُدتُّمۡ عُدۡنَاۚ وَجَعَلۡنَا جَهَنَّمَ لِلۡكَٰفِرِينَ
حَصِيرًا ٨ إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ وَيُبَشِّرُ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمۡ أَجۡرًا كَبِيرًا ٩
وَأَنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ أَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا ١٠
وَيَدۡعُ ٱلۡإِنسَٰنُ بِٱلشَّرِّ دُعَآءَهُۥ بِٱلۡخَيۡرِۖ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ عَجُولًا ١١
وَجَعَلۡنَا ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيۡنِۖ فَمَحَوۡنَآ ءَايَةَ ٱلَّيۡلِ وَجَعَلۡنَآ ءَايَةَ
ٱلنَّهَارِ مُبۡصِرَةً لِّتَبۡتَغُواْ فَضۡلًا مِّن رَّبِّكُمۡ وَلِتَعۡلَمُواْ عَدَدَ
ٱلسِّنِينَ وَٱلۡحِسَابَۚ وَكُلَّ شَيۡءٍ فَصَّلۡنَٰهُ تَفۡصِيلًا ١٢ وَكُلَّ
إِنسَٰنٍ أَلۡزَمۡنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِي عُنُقِهِۦۖ وَنُخۡرِجُ لَهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا
يَلۡقَىٰهُ مَنشُورًا ١٣ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبًا
١٤ مَّنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ
عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ
رَسُولًا ١٥ وَإِذَآ أَرَدۡنَآ أَن نُّهۡلِكَ قَرۡيَةً أَمَرۡنَا مُتۡرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا
فَحَقَّ عَلَيۡهَا ٱلۡقَوۡلُ فَدَمَّرۡنَٰهَا تَدۡمِيرًا ١٦ وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِنَ
ٱلۡقُرُونِ مِنۢ بَعۡدِ نُوحٖۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا بَصِيرٗا ١٧

۸ بەشکۆ پەروەرندەی خۆتان بتانخاتە بەربەزەیی. ئەگەریش تێ هەڵچنەوە،
ئێمەش تێ هەڵدەچینەوەو، دۆزەهیشمان کردە زیندان بۆگرۆی
خودانەتاسان.
۹ بێگومانە ئەم قورعانە ڕێگایەکی پیشاندەدا لەگش ڕیان سەرڕاسترە. بەو
بڕوادارانەش کەوا ئاکار چاکن، موژدەدەدا: پاداشیکی گەورەیان
هەس.
۱۰ ئەوکەسانەش کە باوەڕ بەدواڕۆژناکەن، ئازارێکی زۆر بەژانمان بۆ
سازکردوٚن.
۱۱ مرۆ چۆن دەبۆ بخوازێ چاکی بۆبێ، ئاواش دەیەوێ خراپی لێ بقەومێ.
مرۆ هەروابەلەزبوە .
۱۲ شەوو ڕۆژمان بەدوٚنیشانە نیشاندان: نیشانی شەومان داکوژاند، نیشانی
ڕۆژیشمان کردە هۆی دیتنێ؛ تا بگەڕێن بەشوێن ڕۆزی کە
پەروەرندەتان دەیداو لەژماری ساڵەکان و ژماردنێ سەرو دەرچێ؛
هەمۆشتمان بەوردی شیکردۆتەوە.
۱۳ نامەی ئاکاری هەر کەسمان - وەک تۆق - لە ئەستۆی کردوەو ڕۆژی
سەڵا بەنوٚسراوی سەرئاواڵە، شانیدەدەین.
۱۴ نامەی خۆت بخوێنەرەوە! ئەمڕۆ ئیتر هەر خۆت حەسێوگەری خۆتی.
۱۵ کەسێکی شارەزای ڕێبێ، شارەزایی بۆخۆیەتی؛ هەرکەسێکیش لەڕێ
دەرچێ، هەڵەبوٚن لەدژی خۆیە. کەس گرانایی کەسێتر ناگرێتەمل. تا
پێغەمبەرێش نەنێرین، جەزرەبە لەمەڕا نیە.
۱۶ هەرکەویستمان شارێک قڕکەین، دەوڵەتمەنە خۆشگوزەرانەکانی وان،
دنەدەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپکاری و لە ئاکاما ئازاریان بۆ واجۆدەبێ؛
ئەوساکە تێکی دەهاڕین.
۱۷ زۆر بەرەشمان لەپاش نوٚح لەناوبردوە. بۆتۆ ئەوەندە بەسە کە
پەروەرندەت لەگوناحانی عەبدانی ئاگادارەو دەیانبینێ.

---

۱۵-لەمەڕا: لەلای ئێمەوە. ۱۶-واجۆ: پێویست، لازم.

مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعَاجِلَةَ عَجَّلۡنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ
جَعَلۡنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصۡلَىٰهَا مَذۡمُومٗا مَّدۡحُورٗا ﴿١٨﴾ وَمَنۡ أَرَادَ
ٱلۡأٓخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعۡيَهَا وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ
سَعۡيُهُم مَّشۡكُورٗا ﴿١٩﴾ كُلّٗا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنۡ عَطَآءِ
رَبِّكَۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحۡظُورًا ﴿٢٠﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ فَضَّلۡنَا
بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ وَلَلۡأٓخِرَةُ أَكۡبَرُ دَرَجَٰتٖ وَأَكۡبَرُ تَفۡضِيلٗا
﴿٢١﴾ لَّا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقۡعُدَ مَذۡمُومٗا مَّخۡذُولٗا ﴿٢٢﴾
۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًاۚ إِمَّا
يَبۡلُغَنَّ عِندَكَ ٱلۡكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوۡ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ
أُفّٖ وَلَا تَنۡهَرۡهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوۡلٗا كَرِيمٗا ﴿٢٣﴾ وَٱخۡفِضۡ
لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي
صَغِيرٗا ﴿٢٤﴾ رَّبُّكُمۡ أَعۡلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمۡۚ إِن تَكُونُواْ صَٰلِحِينَ
فَإِنَّهُۥ كَانَ لِلۡأَوَّٰبِينَ غَفُورٗا ﴿٢٥﴾ وَءَاتِ ذَا ٱلۡقُرۡبَىٰ حَقَّهُۥ
وَٱلۡمِسۡكِينَ وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرۡ تَبۡذِيرًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ ٱلۡمُبَذِّرِينَ
كَانُوٓاْ إِخۡوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِۖ وَكَانَ ٱلشَّيۡطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورٗا ﴿٢٧﴾

١٨ هەرکەسێکی خۆشی هەر لەدنیا دەوێ، ئەگەر ئێمە بمانەوێ، ئاواتەکەی
زۆ پێک دێنین؛ پاشان بەئابڕۆنەماوی و دەرکراوی دۆژەهێکمان بۆداناوە،
دەیبرژێنێ.
١٩ کێش خۆشی ئەودنیای دەوێ و - بەپێی توانا - بۆی دەکۆشی و باوەڕدارە،
کۆششیان بەفیڕۆناچێ و لەبەرچاوە.
٢٠ هەمۆلایان - چ ئەوان و چ ئەمانە - لەخەلاتی پەروەرندەت بێبەش
ناکەین. خەلاتی پەروەرندەی تۆ هیچ لەمپەری لەبەرنیە.
٢١ دە بڕوانە، چۆن بازێکمان لەچاوبازێک سەرخستوە؛ دیارە کە
لەدواڕۆژیشدا پلەو پایەو سەرخستن لەمە زۆرترە.
٢٢ دەگەڵ خودا هیچ‌شتێ‌تر مەپەرستە، دەنا ئەوسا بە وەبەرتەشەر دراوی و
دەرکراوی ڕۆدەنیشی.
٢٣ پەروەرێنت فەرمانی‌دا کە غەیرەز وی مەپەرستن؛ سەبارەت بە دای و
بابیش چاکەبکەن. هەرگا یەکیان یان هەردوکیان - تالەلای تۆن -
تۆشی تەمەنی پیری بۆن، هەرگیز ئۆفیشیان پێ‌مەڵێ و تێان مەخوڕەو
بەزمانی خۆشیان بدوێنە.
٢٤ بەبێ فیزی بیانخە ژێربالّی بەزەیی و بێژە: ئەی پەروەرندەی من! وەکۆ
ئەمان منیان بەشلکی پێگەیاند، تۆش وەبەر بەزەی خۆتیانخە.
٢٥ خودانێ وە، لەخۆتان چێتر دەزانێ چیتان بەدڵدا دەبۆرێ؛ ئەگەر
کردەوەتان چاک بێ، بۆ ئەوانەی لەگوناه دەپرینگێنەوە، بەبۆردنە.
٢٦ خزمت بەشی خۆی بدەرێ؛ هەژارو لەڕێداماویش بێبەش‌مەکە؛
تەواویش دەس بلاو مەبە.
٢٧ ئەوکەسانەی هەڵەخەرجن، دەگەڵ شەیتان دەبنە برا؛ شەیتانیش بۆ
پەروەرندەی، بێ‌ئەمەگ و سپڵە دەرچۆ.

وَإِمَّا تُعۡرِضَنَّ عَنۡهُمُ ٱبۡتِغَآءَ رَحۡمَةٖ مِّن رَّبِّكَ تَرۡجُوهَا فَقُل لَّهُمۡ قَوۡلٗا
مَّيۡسُورٗا ﴿٢٨﴾ وَلَا تَجۡعَلۡ يَدَكَ مَغۡلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبۡسُطۡهَا
كُلَّ ٱلۡبَسۡطِ فَتَقۡعُدَ مَلُومٗا مَّحۡسُورًا ﴿٢٩﴾ إِنَّ رَبَّكَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ
لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا بَصِيرٗا ﴿٣٠﴾ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ
أَوۡلَٰدَكُمۡ خَشۡيَةَ إِمۡلَٰقٖۖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُهُمۡ وَإِيَّاكُمۡۚ إِنَّ قَتۡلَهُمۡ كَانَ
خِطۡـٔٗا كَبِيرٗا ﴿٣١﴾ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ
سَبِيلٗا ﴿٣٢﴾ وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ وَمَن
قُتِلَ مَظۡلُومٗا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنٗا فَلَا يُسۡرِف فِّي
ٱلۡقَتۡلِۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورٗا ﴿٣٣﴾ وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي
هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥۚ وَأَوۡفُواْ بِٱلۡعَهۡدِۖ إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ
مَسۡـُٔولٗا ﴿٣٤﴾ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ إِذَا كِلۡتُمۡ وَزِنُواْ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِۚ
ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلٗا ﴿٣٥﴾ وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ
إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ﴿٣٦﴾
وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ وَلَن تَبۡلُغَ
ٱلۡجِبَالَ طُولٗا ﴿٣٧﴾ كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكۡرُوهٗا ﴿٣٨﴾

٢٨ ئەرنەشتبو بەشیان دەی و چاوەنۆڕبۆی خودا لەبەزەی خۆیەوە دەروێکت
لێ بکاتەوە ، بەزمانێکی نەرم و نیان بیاندوێنە .
٢٩ دەستەکانت دەگەردنت وەرمەهێنەو تەواویش پانیان مەکەوە، کە
بەسەرکۆنەکراوی و عەزرەتەوە دەمێنیەوە .
٣٠ پەروەرندەت بەپانەوەو بەدەستندە ڕۆزی بەهەرکەسێ بدا بەستە
بەمەیلی خۆیەتی ؛ هەر خۆیەتی لەعەبدانی ئاگادارەو دەیانبینێ .
٣١ زارۆی خۆتان لەترسی لەبرسان مردن لەناومەبەن. ئێمەین ڕۆزی
ئەوانیش و ئێوەش دەدەین. کوشتنی وان، هەڵەکاریەکی مەزنە.
٣٢ تخۆنی زیناح مەکەون ؛ داوێن پیسی ئاکاری زۆر نالەبارەو ڕێبازێکی
ناهەموارە.
٣٣ بنیادەمێ کە کوشتنی بەناڕەوا زاندراوە، مەکوژن مەگین لەسەر هەق.
هەرکەسێکی بەناهەقی بێتەکوشتن ، دەسەڵاتمان دواەتەدەس
خوێنگرەکەی ؛ ناشێ لەتۆڵەساندنا هەڵەڕۆبێ و لەوبارەوە ئاریکاری
بۆکراوە.
٣٤ نەچن تخۆن ماڵی هەتیوان بکەون، مەگین جۆرێ کە باشتربێ ؛ هەتا
پێدەگاو تێدەگا. پەیمانیشتان بەرنەسەرێ ؛ پەیمان، پرسینەوەی هەیە.
٣٥ ئەگەر پێوانە دەپێون، با تەکوزبێ. کێشانەشتان بەتەرازۆی بەرانبەربێ ؛
وا هەم بۆئێوە باشترە، هەم ئاکامی پەسندترە.
٣٦ مەکەوە شوێن شتێکی وا کەنازانی چیەو چۆنە، چونکە گوێچکەو چاوو
دڵیش، گشتیان پرسیاریان لەسەرە.
٣٧ بەفیزەوە هەنگاو بەسەر هەردا مەنێ ؛ تۆ ناتانی ئەمزمینە بقەڵێشی و
لەدرێژیشدا هەرگیز ناگەیە بەندەنان.
٣٨ گش ئەمانە - خراوەکانیان - بەلای پەروەرندەی تۆوە ناپەسەندن.

---

٣٠- بەپانەوە: بەتەواوی و راشکاوی.  دەستندە: شت پێدان کەمکەم و بەئەژمار.

٣٧- بەندەن: هەوراز، بڵندی، بەرزی.

ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا
ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومٗا مَّدۡحُورًا ٣٩ أَفَأَصۡفَىٰكُمۡ رَبُّكُم
بِٱلۡبَنِينَ وَٱتَّخَذَ مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنَٰثًاۚ إِنَّكُمۡ لَتَقُولُونَ قَوۡلًا عَظِيمٗا ٤٠
وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لِيَذَّكَّرُواْ وَمَا يَزِيدُهُمۡ إِلَّا نُفُورٗا ٤١
قُل لَّوۡ كَانَ مَعَهُۥٓ ءَالِهَةٞ كَمَا يَقُولُونَ إِذٗا لَّٱبۡتَغَوۡاْ إِلَىٰ ذِي ٱلۡعَرۡشِ سَبِيلٗا
٤٢ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ٤٣ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ
ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن
لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۗ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤ وَإِذَا قَرَأۡتَ
ٱلۡقُرۡءَانَ جَعَلۡنَا بَيۡنَكَ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ حِجَابٗا
مَّسۡتُورٗا ٤٥ وَجَعَلۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ أَكِنَّةً أَن يَفۡقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ
وَقۡرٗاۚ وَإِذَا ذَكَرۡتَ رَبَّكَ فِي ٱلۡقُرۡءَانِ وَحۡدَهُۥ وَلَّوۡاْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِمۡ نُفُورٗا
٤٦ نَّحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَسۡتَمِعُونَ بِهِۦٓ إِذۡ يَسۡتَمِعُونَ إِلَيۡكَ وَإِذۡ هُمۡ نَجۡوَىٰٓ
إِذۡ يَقُولُ ٱلظَّٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلٗا مَّسۡحُورًا ٤٧ ٱنظُرۡ
كَيۡفَ ضَرَبُواْ لَكَ ٱلۡأَمۡثَالَ فَضَلُّواْ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ سَبِيلٗا ٤٨
وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ٤٩

٣٩ ئەمانەش بەشێکن لەو لەکارزانیانە، کە پەروەرندەت بەتۆی ڕاگەیاندوە. وێڕای خودا پەرستۆیتر مەپەرستە؛ کە ئەوسا بە لۆمەکراوی و راونراوی تۆڕئەدرێیتە دوڕجەهەندەم.
٤٠ ئاخۆ پەروەرندەی ئێوە، بەتایبەتی کوڕی بەئیوە بەخشیون و فرشتە مێوینەکانیشی بۆخۆی دانا؟ قسەیەکی زۆرزل دەکەن.
٤١ ئێمە لەناو ئەم قورئانە زۆر شتمان شی کردۆتەوە هەتا ئەمان پەند وەرگرن، کەچی هەر ڕەوینەوەیان پتردەکا.
٤٢ بێژە: ئەگەر - بەو جۆرە ئەوان دەبێژن - وێڕای خودا خوایانێکیتر ببۆنا، ئەوسا پەیجۆر دەبۆن کەڕێی چۆنەلای خاوەنی تەختیان وەدۆزیبا.
٤٣ خوا لەکەمایەسیان دۆرەو زۆر بەرزترە لەوانەی کە ئەوانە باسی لێدەکەن.
٤٤ حەوت ئاسمانان و زەوین و هەرچی لەناو ئەواندایە، هەر پاکانەی خودا دەکەن. هەمۆ شتێک - بە پەسن دانەوە - پاکانەی ئەو دەکا؛ بەڵام ئێوە پاکانەی ئەوان نابیسن. ئەو لەسەر خۆو بەبۆردنە.
٤٥ دەمێ کە قورعان دەخوێنی، ئێمە لەنێو تۆو ئەوانەی بەدواڕۆژ بڕوایان‌نیە، پەردەیەکی داپۆشێنەر ڕادەنگێوین.
٤٦ سەرپۆش‌گەلێکی وامان نایە بان‌دڵیان کە تێی‌نەگەن؛ گوهەکانیشیان کپ دەبن. هەرگا لەقورئانەکەدا ناوی پەروەرندەی تاکت بەدەمدا دێ، بەقینەوە پشت هەڵدەکەن.
٤٧ ئێمە باشتر دەزانین گوێ لەچی‌دەگرن، لەودەمەدا کە گوێ بۆتۆ رادەدێرن، ئەوکاتەش کە خەریکی سرتەکردنن. کاتێ ناهەقان دەبێژن: ئێوە هەر دەکەونە شوێنی مێرێکی جادو لێکراو.
٤٨ دە بڕوانە چۆن مەزموٗدەت لێ‌دەخوێنن، ئەوانە وا لەڕێ کلان، کە تازە ڕێگە دەرناکەن.
٤٩ دەشڵێن: ئاخۆ ئەگەر ئێسک و پروسکیش بین، ژنۆ دروست دەبینەوە؟

---

٣٩- دوڕ: ناوەڕاست. ٤٥- رادەنگێوین: دادەمەزرێنین. ٤٦- گوه: گوێ، گوێچکە.
٤٨- مەزموٗدە: نەزیلە، نەزیرە، مەسەل. ٤٩- ژنۆ: لەسەرڕا، سەرلەنوێ.

۞ قُلْ كُونُوا۟ حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا ﴿٥٠﴾ أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِى
صُدُورِكُمْ ۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا ۖ قُلِ ٱلَّذِى فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۚ
فَسَيُنْغِضُونَ إِلَيْكَ رُءُوسَهُمْ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَ ۖ قُلْ عَسَىٰٓ أَن
يَكُونَ قَرِيبًا ﴿٥١﴾ يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِۦ
وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٥٢﴾ وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ
أَحْسَنُ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلْإِنسَٰنِ
عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿٥٣﴾ رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِكُمْ ۖ إِن يَشَأْ يَرْحَمْكُمْ أَوْ إِن يَشَأْ
يُعَذِّبْكُمْ ۚ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا ﴿٥٤﴾ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ
بِمَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ عَلَىٰ بَعْضٍ ۖ
وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿٥٥﴾ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا
يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ
رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾
وَإِن مِّن قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ
أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا ۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورًا ﴿٥٨﴾

٥٠ بێژە: کوچک یان ئاسن بن،
٥١ یان چێ بوێک کە لە خەیاڵی ئێوەدا زل دەنوێنێ. ئەوسا ئێژن: کێ زیندۆمان دەکاتەوە؟ بێژە: ئەوی یەکەم جار دروستی کردن. ئەوسا سەردەلەقێنن و ئێژن: کەنگێ؟ بێژە: شایەت بەم زوانە.
٥٢ رۆژێ کە بانگۆ لێدەکاو ئێوە بەپەسن دانەوەو سوپاسەوە پەرسڤی لێ وەگەڕێنن و واتێدەگەن - کەمێک نەبێ - لەسەر دنیا نەماونەوە.
٥٣ تۆ بەعەبدانی من بێژەچی باشترە ئەوە بێژن؛ چونکە شەیتان سۆدرەیۆ لەنێودادەکا. ئەوشەیتانە بەئاشکرا دوژمنی جسنی عینسانە.
٥٤ پەروەرندەت بەئێوە ئاگادارترە. ئەگەر حەزکا بەربەزەیی خۆیتان دەخا؛ حەزیش بکا تۆشی جەزرەبەتان دەکا؛ تۆشمان نەناردۆتە لایان بریکاربی.
٥٥ پەروەرندەت بەوشتانەی لەئاسمانان و زمیندان، زاناترە. لەناو پێغەمبەرەکانیش هێندێکمان لەهێندێکی دی بەڕێزترگرت، زەبۆریشمان دا بەداوُد.
٥٦ بێژە: هانا بەرن بۆ ئەوکەسانە وا - بەجێ خودا - بەپەرستۆتان دەزانین؛ کە ناتوانن بەلاۆ لەسەر وەلا بەرن، پێشیان ناکرێ بۆ یەکی تری بنێرن.
٥٧ ئەوکەسانەی ئەوان هانایان پێ دەبەن، کامانیانە نزیکترن، بەدۆی هۆدا دەگەڕێن کە بگەن بە پەروەرینیان و هیوای بەزەیی ئەویانەو لەجەزرەبەشی دەترسن. جەزرەبەی پەروەرندەی تۆ هێژایە لێی بەپارێزبن.
٥٨ پیش هاتنی ڕۆژی قیامەت، هیچ ئاوەدانی نامێنێ تێکی نەدەین یان خەڵکەکەی تۆش ئازارێ بەژان نەکەین؛ کە هەر ئەمەش لەکتێبەکەدا نوسراوە.

---

٥١- چێ بۆ: درۆست کراو. ٥٢- پەرسڤ لێ وەگەڕاندن: جواب دانەوە.
٥٣- سۆدرەیی: شەڕهەڵخڕاندن.

وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرۡسِلَ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلۡأَوَّلُونَۚ
وَءَاتَيۡنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ مُبۡصِرَةٗ فَظَلَمُواْ بِهَاۚ وَمَا نُرۡسِلُ بِٱلۡأٓيَٰتِ
إِلَّا تَخۡوِيفٗا ﴿٥٩﴾ وَإِذۡ قُلۡنَا لَكَ إِنَّ رَبَّكَ أَحَاطَ بِٱلنَّاسِۚ وَمَا
جَعَلۡنَا ٱلرُّءۡيَا ٱلَّتِيٓ أَرَيۡنَٰكَ إِلَّا فِتۡنَةٗ لِّلنَّاسِ وَٱلشَّجَرَةَ ٱلۡمَلۡعُونَةَ
فِي ٱلۡقُرۡءَانِۚ وَنُخَوِّفُهُمۡ فَمَا يَزِيدُهُمۡ إِلَّا طُغۡيَٰنٗا كَبِيرٗا ﴿٦٠﴾
وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ
قَالَ ءَأَسۡجُدُ لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينٗا ﴿٦١﴾ قَالَ أَرَءَيۡتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِي
كَرَّمۡتَ عَلَيَّ لَئِنۡ أَخَّرۡتَنِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَأَحۡتَنِكَنَّ
ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٦٢﴾ قَالَ ٱذۡهَبۡ فَمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ فَإِنَّ
جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمۡ جَزَآءٗ مَّوۡفُورٗا ﴿٦٣﴾ وَٱسۡتَفۡزِزۡ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتَ
مِنۡهُم بِصَوۡتِكَ وَأَجۡلِبۡ عَلَيۡهِم بِخَيۡلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكۡهُمۡ
فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِ وَعِدۡهُمۡۚ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ إِلَّا
غُرُورًا ﴿٦٤﴾ إِنَّ عِبَادِي لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٞۚ وَكَفَىٰ
بِرَبِّكَ وَكِيلٗا ﴿٦٥﴾ رَّبُّكُمُ ٱلَّذِي يُزۡجِي لَكُمُ ٱلۡفُلۡكَ
فِي ٱلۡبَحۡرِ لِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ﴿٦٦﴾

٥٩ ئێمە کە نیشانەکانمان نەدەناردن، هەر بۆیەبو پێشینەکان بەدرۆیان لەقەڵەم دەدان. ئاروانیشمان بەئاشکرا دابە سەمۆد؛ کەچی ناهەقیان دەگەڵ‌کرد. ئێمە هەر بۆ ترس وەبەرنان، نیشانەکان بەڕێ دەکەین.

٦٠ ئەوحەلەش کە بەتۆمان‌وت: پەروەرەێنی تۆ دەورەی لە مەردم داوە؛ خەونێکیش کە پێمان‌دیتی‌و ئەو دارەنەحلەتی‌یە کە لەقورعاندا باسی‌کراوە؛ گش بۆ ئەزمۆنی مەردم‌بۆ. ئێمە ئەوان دەترسێنین؛ کەچی ئەوان هەر پتر ملهوڕێ‌دەکەن.

٦١ کاتێ وتمانە فریشتان: سوژدە لەبەر ئادەم بەزن، سوژدەیان برد ئیبلیس نەبێ. گوتی: چۆن من سوژدە دەبەمە بەرکەسێ کە لەحەڕیت چێ‌کردوە؟

٦٢ گوتی: بەمن بیژە ئەم تەرح‌و دیدارەت، لەمن بەزلتر زانیوە؟ ئەگەر هەتا ڕۆژی سەڵا بەرم بۆبەرهەڵابکەی، تۆرەمەکەی - کەمێک نەبێ - سەر لەبەری، دەبێ بخەمە ژێرچنگم.

٦٣ گوتی :بڕو! سا هەرکەسێ لەوان وەشوێن توبکەوێ، سزای هەمۆتان دۆژەهەو سزایەکی پڕبەپڕە.

٦٤ هەرکامێ تۆ پێی‌دەوێری، بانگی‌بکەو دنەی‌بدەو بەسوارو پیادەی خۆتەوە بگەسەری‌و ببە هاوبەش لەماڵ‌و زارۆڵەکانیان، سۆز بدەوان؛ سۆزی شەیتان تەنیا هەر خەڵەتاندنە.

٦٥ تۆ بەسەر عەبدانی‌مندا هیچ دەستەڵاتێکت نیە؛ پەروەرندەت بریکاریانە، بەسیانە.

٦٦ پەروەرندەو لەحاند ئێوە دلۆڤانە. گەمیەتان لەزەریایەدا دەخاتەگەڕ تا لەسۆنگەی، بژیوی خۆتان دەس‌کەوێ.

---

٥٩- ئاروان: وشتر. ٦٠- ئەوحەلە: ئەوکاتە، ئەووەختە. ٦١- حەڕی: قوڕ، هەڕگ.
٦٤- سۆز: وادە، بەڵین. پێی‌وێران: دەرەقەت هاتن.

وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِي ٱلۡبَحۡرِ ضَلَّ مَن تَدۡعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُۖ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمۡ
إِلَى ٱلۡبَرِّ أَعۡرَضۡتُمۡۚ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ كَفُورًا ٦٧ أَفَأَمِنتُمۡ أَن يَخۡسِفَ
بِكُمۡ جَانِبَ ٱلۡبَرِّ أَوۡ يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗا ثُمَّ لَا تَجِدُواْ لَكُمۡ
وَكِيلًا ٦٨ أَمۡ أَمِنتُمۡ أَن يُعِيدَكُمۡ فِيهِ تَارَةً أُخۡرَىٰ فَيُرۡسِلَ
عَلَيۡكُمۡ قَاصِفٗا مِّنَ ٱلرِّيحِ فَيُغۡرِقَكُم بِمَا كَفَرۡتُمۡ ثُمَّ لَا تَجِدُواْ
لَكُمۡ عَلَيۡنَا بِهِۦ تَبِيعٗا ٦٩ ۞ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ
فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ
كَثِيرٖ مِّمَّنۡ خَلَقۡنَا تَفۡضِيلٗا ٧٠ يَوۡمَ نَدۡعُواْ كُلَّ أُنَاسِۭ
بِإِمَٰمِهِمۡۖ فَمَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَقۡرَءُونَ
كِتَٰبَهُمۡ وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلٗا ٧١ وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ
أَعۡمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ أَعۡمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلٗا ٧٢ وَإِن كَادُواْ
لَيَفۡتِنُونَكَ عَنِ ٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ لِتَفۡتَرِيَ عَلَيۡنَا غَيۡرَهُۥۖ
وَإِذٗا لَّٱتَّخَذُوكَ خَلِيلٗا ٧٣ وَلَوۡلَآ أَن ثَبَّتۡنَٰكَ لَقَدۡ كِدتَّ
تَرۡكَنُ إِلَيۡهِمۡ شَيۡـٔٗا قَلِيلًا ٧٤ إِذٗا لَّأَذَقۡنَٰكَ ضِعۡفَ
ٱلۡحَيَوٰةِ وَضِعۡفَ ٱلۡمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيۡنَا نَصِيرٗا ٧٥

۶۷ هه‌رگا له‌ناوده‌ریایه‌دا تۆشی فه‌رته‌نه‌یه‌ک هاتن، هانا بۆ هه‌ر که‌سێک به‌رن، به‌رپێواره، به‌غه‌یره‌ز ئه‌و. هه‌ر که رزگاری کردن و چۆنه سه‌ربه‌ژ، ئاوڕیشی لێ نادەنه‌وه؛ مرۆ زۆر ئه‌مه‌گ نه‌ناسه.
۶۸ ئاخۆ له‌وه ئارخه‌یانن که له به‌ژه‌که ڕۆناچن یان باهۆزتان لێ هه‌ڵناکا، ئه‌وسا که‌ستان گیرنه‌که‌وێ فریاۆ که‌وێ ؟
۶۹ یاخۆ له‌وه ئارخه‌یان بۆن جارێکی‌تر ڕێتان ده‌وێ ناخاته‌وه، ئه‌وسا بایه‌کی به‌هێزتان لێ‌هه‌ڵبکاو له‌تۆڵه‌ی پێ‌نه‌زانیتان نوقمۆ بکا؟ له‌پاشانیش هیچکه‌ستان بۆ په‌یدانه‌بێ که له‌به‌رانبه‌ر ئێمه‌وه یاریده‌ۆ دا؟
۷۰ ئێمه ڕێزمان له‌تۆره‌مه‌ی ئاده‌م‌گرت و له‌وشکانی و له‌زه‌ریادا هه‌ڵمان‌گرتن؛ ڕۆزی پاکژمان پێداون؛ له‌چاو زۆر له‌کرده‌ی خۆمان زۆر پتر قه‌درمان گرتۆن.
۷۱ له‌وڕۆژه‌دا که هه‌رتیره‌یه‌ک له‌مه‌ردم - وێڕای نامه‌ی کرده‌ویان - گاسی‌ده‌که‌ین؛ هه‌رکێ نامه‌ی ده‌ده‌ستی ڕاستی نراوه، ئه‌مانه نامه‌که‌ی خۆیان ده‌خوێننه‌وه‌و به‌قه‌ی داوی زراوی ناو ناوکه‌خورماش هه‌قیان لێ‌زه‌ۆت ناکرێ.
۷۲ هه‌رکێش له‌م دنیایه کوێره، له‌دواڕۆژیشدا کۆره‌یه‌و پتریش ڕێگه‌ی لێ‌گوم ده‌بێ.
۷۳ هێنده‌ی نه‌مابو ئه‌مانه له‌وفه‌رمانه‌ی - که ئێمه پێن‌ڕاگه‌یاندوی - کلات‌که‌ن و شتێکی تریان بۆبێنی و درۆ به‌زاری ئێمه‌وه هه‌ڵبه‌ستی؛ که ئه‌وسا ده‌بۆنه دۆستت.
۷۴ ئه‌گه‌ر خۆمان تۆمان توند ڕانه‌گرتایه، له‌وانه‌بۆ که‌مێک به‌لای‌ئه‌واندا بێی.
۷۵ ئه‌گه‌ر واش‌با، سۆر بزانه هه‌ر له‌ژیندا دۆقات جه‌زره‌به‌مان‌ده‌دای؛ له‌مه‌رگیشدا ئازاره‌که‌ت دۆسه‌ره‌بۆ. ئه‌وسا که‌سی‌واشت نه‌بو - ده‌سه‌ر مه‌ڕا - بێته‌هانات.

---

**۶۷-فه‌رته‌نه:** ۱) فرتونه‌ک، تۆفان؛ ۲) برێتی له وه‌یشۆمه‌و ئاژاوه‌و پشێوی. **۷۱- داو:** هه‌ودا، تاڵ. **زه‌ۆت:** ۱) زه‌یت، زه‌فت، داگیرکردن؛ ۲) برێتی له‌ناڕه‌وا. **۷۵- ده‌سه‌ر مه‌ڕا:** له به‌رانبه‌ر ئێمه‌وه.

وَإِن كَادُواْ لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ ٱلْأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَاۖ
وَإِذًا لَّا يَلْبَثُونَ خِلَٰفَكَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٧٦﴾ سُنَّةَ مَن قَدْ
أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَاۖ وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا ﴿٧٧﴾ أَقِمِ
ٱلصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ ٱلشَّمْسِ إِلَىٰ غَسَقِ ٱلَّيْلِ وَقُرْءَانَ ٱلْفَجْرِۖ إِنَّ
قُرْءَانَ ٱلْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا ﴿٧٨﴾ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِۦ
نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴿٧٩﴾ وَقُل رَّبِّ
أَدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ وَأَخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ وَٱجْعَل لِّي مِن
لَّدُنكَ سُلْطَٰنًا نَّصِيرًا ﴿٨٠﴾ وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَٰطِلُۚ
إِنَّ ٱلْبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ
وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾ وَإِذَآ
أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦۖ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ كَانَ يَـُٔوسًا
﴿٨٣﴾ قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ فَرَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَنْ هُوَ أَهْدَىٰ
سَبِيلًا ﴿٨٤﴾ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي
وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ وَلَئِن شِئْنَا لَنَذْهَبَنَّ
بِٱلَّذِيٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ بِهِۦ عَلَيْنَا وَكِيلًا ﴿٨٦﴾

٧٦ هێندەی نەمابۆ ئەوانە لەو سەرزەمینە بتخەنە تەنگانەوە، تاکۆ لەوێ وەدەرت نێن. ئەگەر واش با، بەشۆن تۆدا - دەمێک نەبێ - [ئەوانیش] تێدا نەدەمان.
٧٧ پێودانێکە[لە ئێمەوە]، کە بۆئەو پێغەمەرانەی بەرلەتۆش بۆن، ناردومانن؛ یاسای ئێمە گۆڕانی بەسەردانایە.
٧٨ لەوماوەی خۆر کلادەبێ هەتا تاریکانی شەوێ نوژێ بکەو نوێژخۆندنی سپێدەشت هەر لەسەرە. نوژخۆندنی سپێدە بەهەڕمەیە.
٧٩ لەشەویشدا بۆی هەستەوە؛ ئەمە زیادەنوێژی تۆبێ. بەشکێکم پەروەرندەی تۆ بتنێرێتە جێگایەکی پەسندکراو.
٨٠ بشپاڕێوە کە: ئەی پەروەرندەکەی من! ڕێکەم بەرەوڕاستی بەرەو بەرەوڕاستیم بەرێ بکە؛ هێزێکی ئاریکاریشم بۆدیاری‌کە.
٨١ بێژە: ئەوا ڕاستی هات و چرۆک لە نەما؛ دیارە چرۆک لە نەمانە.
٨٢ ئێمە وێڕای ئەمقورعانە، شتی‌واو بۆبەڕی‌دەکەین کە مفاو بەزەی تیدایە بۆ خاوەن‌باوەڕەکان و ناهەقانیش پترپێی زیانباردەبن.
٨٣ مرۆ هەرگا ئێمە بەهرەیکی دەدەینێ، پشت تێدەکاو بادی‌هەوایی دەنوێنێ؛ هەرگا بەلاشی بەسەرهات، تۆشی ناهومێدی دەبێ.
٨٤ بێژە: ڕەفتاری هەرکەسێ بەپێ ئاکاری خۆیەتی. پەروەرندەت زاناترە، کێ لەئێوە لەڕێکە شارەزاترە.
٨٥ لەتۆ دەپرسن: گیان چیە؟ بێژە: گیان هەر لەوانەیە کە پەروەرندەم دەیزانێ ؛ ئێوە کەمێکتان لەزانست پێدراوە.
٨٦ ئەگەر ئێمە کەیفن‌لێ‌بێ، هەرچیەکمان پێ‌ڕاگەیاندوی دەیبەینەوە؛ کەسیش نیە دژی ئێمە لەمەدا ئاریکات بێ.

---

٧٧- پێودان: ڕێوشوێن.   یاسا: دام‌و دەستور، قانون.
٧٨- هەڕەمە: پڕایی.   ٨٢- مفا: شفا، چابۆنەوە لە نەخۆشی.

إِلَّا رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ إِنَّ فَضۡلَهُۥ كَانَ عَلَيۡكَ كَبِيرٗا ٨٧ قُل
لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ
لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ٨٨ وَلَقَدۡ
صَرَّفۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ فَأَبَىٰٓ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ
إِلَّا كُفُورٗا ٨٩ وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ
ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ٩٠ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ
فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ٩١ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا
زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ٩٢
أَوۡ يَكُونَ لَكَ بَيۡتٞ مِّن زُخۡرُفٍ أَوۡ تَرۡقَىٰ فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤۡمِنَ
لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبٗا نَّقۡرَؤُهُۥۗ قُلۡ سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ
كُنتُ إِلَّا بَشَرٗا رَّسُولٗا ٩٣ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤۡمِنُوٓاْ إِذۡ جَآءَهُمُ
ٱلۡهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرٗا رَّسُولٗا ٩٤ قُل لَّوۡ كَانَ
فِي ٱلۡأَرۡضِ مَلَٰٓئِكَةٞ يَمۡشُونَ مُطۡمَئِنِّينَ لَنَزَّلۡنَا عَلَيۡهِم
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكٗا رَّسُولٗا ٩٥ قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ
شَهِيدَۢا بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا بَصِيرٗا ٩٦

٨٧ جا مەگین پەروەرندەی تۆ بەزەیی پێتابێتەوە، کەزۆری چاکە لەسەرتە.
٨٨ بێژە: ئەگەر مرۆو جن، گش وەکۆبن، وێنەی ئەمقورئانە بێنن، لەشبی ئەو دادەمێنن؛ با هەمۆشیان پشتیوانی یەکتری بن.
٨٩ ئێمە لەهەربارێکەوە لەقورئاندا نەزیلەمان بۆمەردم هێناوەتەوە، بەلام زوربەی ئەم مەردمە - حاشا نەبێ - هیچ نازانن.
٩٠ گوتیان: بڕوات پێناهێنین تا لەم عەرزە کانیەکمان بۆ هەڵدەقوڵێنی؛
٩١ یان باغێکی خورماو ڕەزت هەبێو کارێکی وابکەی کە جوباران لەناویانا فڕکەیان بێ؛
٩٢ یان - وەک خۆت خەیاڵت دەکرد - پاژپاژی ئەم عاسمانەمان بەسەردا دابوەڕێنە؛ یا خوداو چەندفرشتەیەک بێنەو ڕۆبەڕۆمان بکە؛
٩٣ یان ماڵێکت لەزێڕ هەبێ؛ یان بە ئاسماندا هەڵبچیو سەریشکەوی، باوەڕناکەین؛ تا کتێبێکمان دەگەڵ خۆت بۆدێنیو دەیخوێنینەوە. بێژە: پاکی هەر بۆپەروەرندەکەمە، ئاخۆمن چیم بل لەمرۆیێ پێغەمبەر؟
٩٤ تەنیا بیانوی ئەممەردمە - کە شارەزاییشیان بۆهاتو بڕوایان پێ نەکرد - ئەمەیە ئێژن: جا چۆن خودا مرۆیەکی بەپیغەمبەر ناودێردەکا؟
٩٥ بێژە: ئەگەر فرشتە بەئارخەیانی لەمهەردەدا ڕۆیشتبان، دیارە ئێمە لەئاسمانۆ پێغەمبەرێ فرشتەمان بۆدەناردن.
٩٦ بێژە: خودا بەسە بۆ شایەت لەنێوان ئێمەو ئێوە؛ هەر ئەو دەربارەی عەبدانی ئاگادارەو دەیانبینێ.

---

٨٨-شبی: وەکۆ، لەڕەنگی.　　٩٣-بل بەجگە، بەغەیرەز، بێجگە.

٩٤-ناودێر: ناونراو.　　٩٥-ئارخەیان: خاترجەم، دڵنیا.

وَمَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَلَن تَجِدَ لَهُمۡ أَوۡلِيَآءَ
مِن دُونِهِۦۖ وَنَحۡشُرُهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ عُمۡيٗا وَبُكۡمٗا
وَصُمّٗاۖ مَّأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ كُلَّمَا خَبَتۡ زِدۡنَٰهُمۡ سَعِيرٗا ٩٧
ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُم بِأَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا
وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدًا ٩٨ ۞ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ
ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يَخۡلُقَ مِثۡلَهُمۡ
وَجَعَلَ لَهُمۡ أَجَلٗا لَّا رَيۡبَ فِيهِ فَأَبَى ٱلظَّٰلِمُونَ إِلَّا كُفُورٗا ٩٩
قُل لَّوۡ أَنتُمۡ تَمۡلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحۡمَةِ رَبِّيٓ إِذٗا لَّأَمۡسَكۡتُمۡ خَشۡيَةَ
ٱلۡإِنفَاقِۚ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ قَتُورٗا ١٠٠ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ
ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖۖ فَسۡـَٔلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِذۡ جَآءَهُمۡ فَقَالَ لَهُۥ فِرۡعَوۡنُ
إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسۡحُورٗا ١٠١ قَالَ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَآ أَنزَلَ
هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ
يَٰفِرۡعَوۡنُ مَثۡبُورٗا ١٠٢ فَأَرَادَ أَن يَسۡتَفِزَّهُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ
فَأَغۡرَقۡنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ جَمِيعٗا ١٠٣ وَقُلۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِۦ لِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
ٱسۡكُنُواْ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ جِئۡنَا بِكُمۡ لَفِيفٗا ١٠٤

٩٧ که‌سێ خودا ڕێی نیشاندا، شاره‌زایه؛ گومڕاشی‌کا، غه‌یره‌ز خودا تۆ
دۆستیان بۆ په‌یداناکه‌ی. ڕۆژی سه‌ڵاش به‌ده‌مه‌وڕوویی و کوره‌یی و لاڵی و
که‌ڕی، هه‌مۆیان کۆده‌که‌ینه‌وه. ئه‌نوایان جه‌حه‌نده‌م ده‌بێ. هه‌تا ئاگر
دێ دامرکێ، کڵه‌که پتر نێڵ ده‌ده‌ین.
٩٨ با ئه‌مه گۆڕی گیانیان بێ؛ چونکه ئه‌وان له‌نیشتانه‌کانی مه حاشایان
کردو گوتیان: ئاخۆ ئه‌گه‌ر ئێسک و پروسکیش بوین، دیسان زیندۆ
ده‌کرێینه‌وه؟
٩٩ ئاخۆ ئه‌وه‌نده نازانن، ئه‌وخودایه‌ی ئاسمانه‌کان و زه‌مینی داهێناوه،
ده‌توانێ هی وه‌ک ئه‌وانیش دروس‌بکا؛ ماوه‌یشی بۆدیاری‌کردۆن که
بێ‌گومانه هه‌ر ده‌گا؟ به‌ڵام ناهه‌قیکاره‌کان هه‌ر حاشاکردن ده‌زانن.
١٠٠ بێژه: ئه‌گه‌ر ئێوه خێوی گه‌نجینه‌کانی به‌زه‌یی په‌روه‌رنده‌ی من بۆنایه،
هێمان ده‌س‌ڕژدیتان ده‌کرد. مرۆ چکۆس و قرِنیسه.
١٠١ نۆنیشانه‌ی ئاشکرامان دابه‌مۆسا؛ له‌به‌ره‌ی ئیسرائیل پرسه، [ئه‌ۆ
ده‌زانن.] کاتێ گه‌یشته‌به‌ره‌وه، فیرعه‌ون پێی‌وت: مۆسا! من وا
خه‌یاڵ‌ده‌که‌م ئه‌تۆ جادۆت لێکراوه.
١٠٢ گوتی: تۆ خۆت سۆر ده‌زانی ئه‌م‌شتانه که‌وا زه‌ق له‌به‌ر چاوانن، هه‌ر
داهێنه‌ری زه‌وین و عاسمانه‌کان ناردۆنیه‌خوار. فیرعۆن! منیش لام‌وایه تۆ
تێداده‌چی.
١٠٣ ویستی گه‌ڕیان تێ‌هاڵێنێ و له‌وسه‌رزه‌مینه ده‌ریان‌کا، ئێمه‌ش ئه‌م‌و خرِ
ئه‌وانه‌ی ده‌گه‌ڵیابۆن، نوقمن‌کردن.
١٠٤ له‌پاش ئه‌ویش به به‌ره‌ی ئیسرائیلمان گوت: نیشته‌جێ بن له‌م ولاته‌و
هه‌رده‌مێکیش سه‌ڵا ڕابو، ئه‌وسا گشتۆ پێکه‌وه کۆده‌که‌ینه‌وه.

---

١٠٠-چکۆس و قرِنیس: ڕژد و چنۆک. ١٠٣-خرِ: هه‌مۆ، گش.

وَبِٱلۡحَقِّ أَنزَلۡنَٰهُ وَبِٱلۡحَقِّ نَزَلَۗ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ﴿١٠٥﴾
وَقُرۡءَانٗا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡثٖ وَنَزَّلۡنَٰهُ تَنزِيلٗا ﴿١٠٦﴾
قُلۡ ءَامِنُواْ بِهِۦٓ أَوۡ لَا تُؤۡمِنُوٓاْۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهِۦٓ إِذَا يُتۡلَىٰ
عَلَيۡهِمۡ يَخِرُّونَۤ لِلۡأَذۡقَانِۤ سُجَّدٗا ﴿١٠٧﴾ وَيَقُولُونَ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ
وَعۡدُ رَبِّنَا لَمَفۡعُولٗا ﴿١٠٨﴾ وَيَخِرُّونَ لِلۡأَذۡقَانِ يَبۡكُونَ وَيَزِيدُهُمۡ
خُشُوعٗا ۩ ﴿١٠٩﴾ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ
ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَلَا تَجۡهَرۡ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتۡ بِهَا وَٱبۡتَغِ
بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلٗا ﴿١١٠﴾ وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي لَمۡ يَتَّخِذۡ وَلَدٗا وَلَمۡ يَكُن
لَّهُۥ شَرِيكٞ فِي ٱلۡمُلۡكِ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلِيّٞ مِّنَ ٱلذُّلِّۖ وَكَبِّرۡهُ تَكۡبِيرَۢا ﴿١١١﴾

## سُورَةُ الكَهۡفِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ ﴿١﴾
قَيِّمٗا لِّيُنذِرَ بَأۡسٗا شَدِيدٗا مِّن لَّدُنۡهُ وَيُبَشِّرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱلَّذِينَ
يَعۡمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمۡ أَجۡرًا حَسَنٗا ﴿٢﴾ مَّٰكِثِينَ
فِيهِ أَبَدٗا ﴿٣﴾ وَيُنذِرَ ٱلَّذِينَ قَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗا ﴿٤﴾

١٠٥ ئەمەمان بەڕاستی ناردو بەڕاستیش هاتەخوارەوە؛ ئێمە تۆمان هەر بۆیە
نارد مژدەدەرو ترسێنەربی.
١٠٦ قورئانێکە بەجیاجیا ناردوومانە؛ تا هێدیکا بۆمەردمی بخوێنیەوەو بەرانبەر
بەپێویستی ڕۆژ بەڕێمان کرد.
١٠٧ بێژە: ئێوە بڕواتان پێ بێ یانەبێ، ئەوکەسانەی لەپێشوودا [لەمە]
ئاگادارکرابوون، هەرگا بۆیان دەخوێننەوە ئەرزینگ دەخەنە سەرزەوی و
سوژدەدەبەن.
١٠٨ ئەشڵێن: پاکی بۆ پەروەرندەی ئێمەیە، بەڵێنی پەروەرندەمان وا
وەدی هات.
١٠٩ دمەوڕوو خۆ تخێڵ دەکەن و دەگیرن و ئەمەش خۆبەکەمزانینیان پتردەکا.
١١٠ بێژە: هاوار لەخوابکەن یان هانا بەڕەحمان بەرن، هەر یەکێکە؛ ئەو ناوی
زۆرپیرۆزی هەن. لەنۆژتدا مەقیڕێنەو مەش ورتێنە! شێوەیەکی ناونجی
بۆخۆت ڕەچاوکە.
١١١ بێژە: سوپاس بۆ خودایێ کە هیچ فرزەندێکی بۆ خۆی هەڵنەبژاردو لە
موڵکیدا هیچ برابەشێکی نەبوەو بەناچاری هانای بەکەس نەبردوەو
تاریفی گەورەیی بکە؛ تاریفێ کە هێژای ئەوە.

## کەهف

وەناوخوداکەی کەهەندەوکلۆڤانە

ئایەت ١١٠

١ شوکرانە بۆ ئەوخودایەی ئەمکتێبەی بۆ عەبدی خۆی ناردەخوارێ و هیچ
نالەباری تێ نەخست. ٢ [کتێبێکی] زۆر پتەوە، تا لەسزای توندوتیژی
- کە بینوێنێ - ترسێ وەبەر مەردم بنێ و بە ئەوخاوەن باوەڕانەی
ئاکارچاکن مژدە بدا کە پادشای باشیان دەبێ؛ ٣ پادشای
هەتاهەتایی. ٢ هەتا ئەوانەش بترسێنێ کە وتیان: خودا فەرزەندی
بۆخۆی هەڵبژاردوە.

---

١٠٦-هێدیکا: بە ئارامی. ١٠٧-ئەرزینگ: چەناکە. ١٠٩-تخێڵ: ڕاست بەسەر عەرزدا درێژبوگ.
١١٠-ورتە: ورت، قسەی لەژێر لێوانەوە. لەنۆژتدا. . یا: لە نۆژتدا دەنگت نە بەرز بێ نە نەوی.
١١١-برابەش: شەریک، هاوبەش.

مَّا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِآبَآئِهِمْۚ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ
أَفْوَٰهِهِمْۚ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا ﴿٥﴾ فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ
عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا ﴿٦﴾ إِنَّا
جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا
﴿٧﴾ وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا ﴿٨﴾ أَمْ حَسِبْتَ
أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾
إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً
وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى
ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ﴿١١﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ
أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا ﴿١٢﴾ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّۚ
إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ وَرَبَطْنَا
عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا۟ فَقَالُوا۟ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًاۖ لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴿١٤﴾ هَٰٓؤُلَآءِ
قَوْمُنَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةًۖ لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم
بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿١٥﴾

٥ نە خۆیان چیان لێ زانیوە نە باب و باپیرانیشیان؛ قسێکی یەگجار زەلامیان
لەدەم دەرچۆ. هەرچی ئێژن لەڤڕ پێوە، چی تر نیە.
٦ ڕەنگە تۆ بۆ ئەوکەسانەی بڕوا بەمکتێبەناکەن، خەمێ وابخۆی، تێ بچی.
٧ هەرچی لەمسەرزەمینەیە ئێمە کردن بەزەنبەری تا بیانئەزمۆین کامەیان
کارچاکتر دەبن.
٨ ئێمە ئەوەی وا لەڕوی ئەم زەمینەیە دەکەینە بیاوانێکی وشکارۆی قاقڕ.
٩ تۆ پێت وابو کە یارانی غارو ڕەقیم، لەنێوانی نیشانەکانی ئێمەدا
سەمەرەیە؟
١٠ کاتێ لاوەکان پەنایان بۆ غارەکەبردو گوتیان: ئەی پەروەرێنی هەمۆمان!
تۆبەربەزەی خۆتمان بخەو کارەکەمان بۆ مەیسەرکە.
١١ لەو غارەدا هەتاچەندسالّو زەمانان، گوێی هەمۆیانمان ئاخنیو
[دەخەوڕاچۆن].
١٢ پاشان وەخەبەرمان هێنان تا بزانین کام لەدۆلا - هەر بە هەژمار -
سالّەکانی ئەممانەوەیان لەبیرە.
١٣ ئێمە سەرگوروشتەی ڕاستی ئەمانت بۆوەدەگێڕین: چەندخورتێک بۆن کە
بەڕاستی بەهوەڕیان بەپەروەرندەی خۆیان هەبۆ؛ ئێمەش پتر
شارەزاییمان دابۆنێ.
١٤ ئازاییشمان خستە دلّیان، کە ڕاپەڕێن. ئەوسا وتیان: پەروەرێنمان،
پەروەرێنی ئاسمانەکانو زەوینە. ئەگەر بێژگە لەئەو هانا بۆ هەر
پەرستوێک بەرین، دیارە ئێمە لەڕاستیگوتن لانداوە.
١٥ ئەوانەی لەهۆزی ئێمەن، بەغەیرەز ئەو چەندپەرستوی تریشیان هەس.
ئەدی چۆنە بەلّگەیەکی ئاشکرایان بۆناهێنن؟ سا کێ لەوە ناهەقترە کە
بوختانێ بەخوا دەکا؟

---

٥-ڤڕ: درۆ      ٨-وشکارۆی قاقڕ: بیاوان، زەوینێ واکەهیچی لێ شین نەبێ.      ١٠-مەیسەر: شیاوی
دەسکەوتن بەهاسانی.      ١٣-خورت: لاو، جحێلّ.      بەهوەڕی: باوەڕ.

وَإِذِ ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ
يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا
﴿١٦﴾ ۞ وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ
ٱلْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمْ فِى فَجْوَةٍ
مِّنْهُ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ۗ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن
يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا ﴿١٧﴾ وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا
وَهُمْ رُقُودٌ ۚ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِ ۖ وَكَلْبُهُم
بَٰسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِٱلْوَصِيدِ ۚ لَوِ ٱطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ
فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا ﴿١٨﴾ وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَٰهُمْ
لِيَتَسَآءَلُوا۟ بَيْنَهُمْ ۚ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ ۖ قَالُوا۟ لَبِثْنَا
يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۚ قَالُوا۟ رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَٱبْعَثُوٓا۟
أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَآ أَزْكَىٰ
طَعَامًا فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ
بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾ إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ
أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِى مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوٓا۟ إِذًا أَبَدًا ﴿٢٠﴾

١٦ ئەگەر ئێوە لەوان و لەو چتگەلەی وا - غەیرەز خوا - دەیانپەرستن،
هەڵبڕاون، سا بەم غارە پەنابەرن؛ پەروەرێنۆ وەبەر بەزەی خۆیتان
دەخاو هۆیەکی واش دەڕەخسێنێ بەئاواتۆ بگەهێنێ.
١٧ کە خۆر هەڵدێ، بڕوانی لەئالی ڕاستی ئەشکەوتەکەیانی داوە؛ لەدەمی
زەردەپەڕیشدا، بەرەو چەپ لێیان لادەداو ئەوان لەگۆڕاییەکەدان.
هەرکەس خوا شارەزای بکا، ئەوە شارەزا دبێتۆ هەر کەسێکیش گومڕابکا،
دۆستێکی ڕێنمای بۆ نادوزرێتەوە.
١٨ تۆپێت وایە کە بێدارن، کەچی خەوتۆن. ئێمە بەڕاستەو چۆپەدا
هەڵگێڕوەرگێڕیان پێدەکەین. سەیەکەشیان لەلای ڕێسمەی دەرگاکەوە
وەرکەوتبو. تۆئەگەر چۆبای بتدیبان، بەقاچاندن بەرەودوا دەگەڕایەوەو
سەرتاپات ترس دای دەگرت.
١٩ ئاواش وەخەبەرمان هێنان تا لەگەڵ یەکترا بدوێن. یەکیان وتی: چەند
مانەوە ؟ گوتیان: ڕۆژیک یان پاژە ڕۆژێک ماینەوە. گوتیان: پەروەرندەی
ئێوە لەخۆتان چاتر دەزانێ چەند مانەوە. دە یەکێکی بەم دراوەو بنێرنە
شار با ببینێ کام خواردەمەنی پاکترە، بژیوێکتان لەو بۆبێنێو بەزیتی
بزوێتەوەو هیچکەسیش پێتان نەزانێ.
٢٠ چونکۆ ئەگەر دەستیانکەون، یا بەردەبارانۆدەکەن، یادەتانبەنەوە
سەردینی خۆیانو هەرگیز ڕزگاریتاننایە.

---

١٦- **هۆ:** سەبەب، سۆنگە. ١٧- **گۆڕایی:** جێگەی تەختو ڕاست. ١٨- **ڕێسمەی دەرگا:** بەر دەرک، پای درگا. **وەرکەوتن:** ڕاکشان، ڕازان، درێژەوەبۆن بۆخەوتن. **قاچاندن:** ڕاکردن، هەڵاتن.

١٩- **دراو:** پۆڵ، پارە.

وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ
ٱلسَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَآ إِذْ يَتَنَٰزَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ ۖ فَقَالُوا۟
ٱبْنُوا۟ عَلَيْهِم بُنْيَٰنًا ۖ رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُوا۟ عَلَىٰٓ
أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ﴿٢١﴾ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ
رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًۢا
بِٱلْغَيْبِ ۖ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ۚ قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ
بِعِدَّتِهِم مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ ۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمْ إِلَّا مِرَآءً ظَٰهِرًا
وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا ﴿٢٢﴾ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَا۟ىْءٍ
إِنِّى فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَٱذْكُر رَّبَّكَ
إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰٓ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّى لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا
﴿٢٤﴾ وَلَبِثُوا۟ فِى كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِينَ وَٱزْدَادُوا۟ تِسْعًا
﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟ ۖ لَهُۥ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ
أَبْصِرْ بِهِۦ وَأَسْمِعْ ۚ مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا يُشْرِكُ
فِى حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ وَٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ
رَبِّكَ ۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٧﴾

٢١ هەر بەم جۆرە وامان کرد پێیان بزانن کە بەڵێنی خودا ڕاستەو ڕۆژی سەلاش بێ گومانە. دەربارەیان لەناوخۆدا ملیان لەڕاویژکردننا؛ گوتیان: چاوەخانوێکیان لەسەر دروس‌کەن، پەروەرێنیان لەنگۆیان چاتر دەناسێ. ئەوانەی دەربارەی ئەمان قسەیان زۆرتر دەڕۆیی، گوتیان: دەبێ مزگەوتێکیان لەسەر بکەین.

٢٢ دبێن: سێن و بەبەشدارەکەوە چارن؛ ئەشڵێن: پەنجن، بە سپڵۆتەکەڕا شەشن. لە نەدیو خەیالات دەکەن تەنانەت بازێکیش ئێژن: حەوتن وێڕای سەیەکەیان دەبن بەهەشت. بێژە پێیان: پەروەرندەم چاتر دەزانێ چقاسن. کەمێکیان نەبێ بۆی‌نەچۆن، تۆ لەوبارە [بنارەکەیان ببیسەو] زۆر لەسەر باسەکە مەڕۆ؛ سەبارەت بەوانیش لە کەسیان مەپرسە.

٢٣ هەرگیز مەیژە: من سۆزی ئەم‌کارە ئەکەم،

٢٤ مەگین خواحەزکای دەگەڵ بێ. ئەگەر لەبیریشت نەما، یادی پەروەرندەت بکەو بێژە: بەشکۆ پەروەرندەم ڕێگایەکی نزیکتر لەمەم نیشان با.

٢٥ سێسەد سالان لەئەشکەوتەکە مانەوەو نۆساڵیشیان لێ زێدەکرد.

٢٦ بێژە: خوا باشتر دەزانێ چەند مانەوە؛ بەرپیواری ئەم عاسمانانەو زەمینە لەوڕا دیارە. پەک چ‌بیسەرو بینایە! بە غەیرەز ئەو کەسیان بەدۆست دەس‌ناکەوێ و کەس ناکا بەشەریک لەفەرمانی خۆیدا.

٢٧ ئەوەی بۆت هاتگە خوارەو لە کتێبی پەروەرندەت، بخوێنەوە. ناشێ هیچ‌کەس وتاری خودا بگۆڕێ و لەغەیرەز ئەو هیچ‌کەسێ دەهانات نایە.

---

٢١- چاوەخانو: ماڵۆچکە، ماڵێک وا تەنیا ژوورێکی بێ. ٢٢- دبێن: ئێژن، دەڵین.
بەشدار: سەگ. قاس: ئەندازە. بنار: دەمەقاڵە. ٢٦- بەرپێوار: نادیار، داپۆشراو.

وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ
يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ
أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا ٢٨ وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن
شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡۚ إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمۡ سُرَادِقُهَاۚ
وَإِن يَسۡتَغِيثُواْ يُغَاثُواْ بِمَآءٖ كَٱلۡمُهۡلِ يَشۡوِي ٱلۡوُجُوهَۚ بِئۡسَ
ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتۡ مُرۡتَفَقًا ٢٩ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجۡرَ مَنۡ أَحۡسَنَ عَمَلًا ٣٠ أُوْلَٰٓئِكَ
لَهُمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ
مِن ذَهَبٖ وَيَلۡبَسُونَ ثِيَابًا خُضۡرٗا مِّن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَّكِـِٔينَ
فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِۚ نِعۡمَ ٱلثَّوَابُ وَحَسُنَتۡ مُرۡتَفَقٗا ٣١ ۞ وَٱضۡرِبۡ
لَهُم مَّثَلٗا رَّجُلَيۡنِ جَعَلۡنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيۡنِ مِنۡ أَعۡنَٰبٖ وَحَفَفۡنَٰهُمَا
بِنَخۡلٖ وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمَا زَرۡعٗا ٣٢ كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا وَلَمۡ
تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ وَفَجَّرۡنَا خِلَٰلَهُمَا نَهَرٗا ٣٣ وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٞ فَقَالَ
لِصَٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠ أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا وَأَعَزُّ نَفَرٗا ٣٤

٢٨ تۆ هەر دەگەڵ ئەوانە بە کەسبەینان و ئێواران بۆ دیداری پەروەرندەیان بەنزان و تەنیا ڕەدای ئەویان دەوێ و چاو لەوانە هەڵمەبوێرە بۆ ژینی پڕزەرق و بەرقی ئەم دنیایە و گوێ لەمستی کەسێ مەبە کە نەمانهێشت دڵی یادی ئێمە بکا و هەر لەشوێن ئارەزوی خۆیە و کاری لەڕادە دەرچوە.

٢٩ بێژە: ئەمەیە بەڕاستی لەپەروەرندەتان ڕایە؛ کێ بڕوای پێدەکا، بیکاو کێش بڕواناکا هەرنەیکا. ئێمە بۆ ناهەقیکاران کڵێکی وامان نیڵ داوە، کەبڵێسەی هەروەکۆکۆن دەورەی گرتۆن؛ تا هاواری چارەدەکەن ئاوێکیان دەفریادەخەن وەک مسی تاواوە وایە؛ دموچاویان دەبرژێنێ و وەخواردنێکی کرێتە و ژیگەیێ زۆر نالەبارە.

٣٠ ئەوانەی خاوەن‌باوەڕن و ئاکارچاکن ،[بابزانن] ئێمە پاداشی کارچاکان وندا ناکەین.

٣١ بۆ نشیمەن دەیانبەینە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا. پارچەی سەوزی تەنک و ستۆری ئاوریشم دەبەردەکەن و لەوێدا بەبازنەی زێڕ دەخەملێن و لەسەر تەختان پاڵ ئەکەفن؛ ئای چەند پاداشێکی باشە و شوێنەکەیان چەند لەبارە!

٣٢ تۆ نەزیلەی دۆمرۆڤیان بۆوەگێڕە: دۆ ڕەزمان بەیەکێکیان داو بەدارخورما دەورەن گرتن و ناویشیانمان کردەمەزرا.

٣٣ ئەو دۆ ڕەزە بەری خۆیان بەبێ کەمایەسی دەداو لەناو هەرکان شەقەجۆیەکمان ڕاکێشا.

٣٤ دارایی دیکەشی زۆر بۆ؛ کاتێ دەگەڵ هەواڵەکەیدا خەریکی گفتوگۆی بۆ. گوتی: ئەمن لەتۆدراوم زۆرترە و دەست و پیۆەندیشم پتر.

---

٢٩- کۆن: ڕەشماڵ، چادر. کرێت: خراپ. کڵ: جێگەی سواڵەت تێدا سۆر کردنەوە. ژیگە: جێ ژین. ٣٢- ڕەز: باغی ترێ، باخ هەنگور. ٣٤- دەست و پیۆەند: خزمەتکاران.

وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ
أَبَدٗا ٣٥ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي
لَأَجِدَنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهَا مُنقَلَبٗا ٣٦ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ
أَكَفَرۡتَ بِٱلَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلٗا
٣٧ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي وَلَآ أُشۡرِكُ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ٣٨ وَلَوۡلَآ إِذۡ
دَخَلۡتَ جَنَّتَكَ قُلۡتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠
أَقَلَّ مِنكَ مَالٗا وَوَلَدٗا ٣٩ فَعَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يُؤۡتِيَنِ خَيۡرٗا مِّن
جَنَّتِكَ وَيُرۡسِلَ عَلَيۡهَا حُسۡبَانٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصۡبِحَ صَعِيدٗا
زَلَقًا ٤٠ أَوۡ يُصۡبِحَ مَآؤُهَا غَوۡرٗا فَلَن تَسۡتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبٗا ٤١
وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ فَأَصۡبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيۡهِ عَلَىٰ مَآ أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ
عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ٤٢ وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ
فِئَةٞ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ٤٣ هُنَالِكَ ٱلۡوَلَٰيَةُ
لِلَّهِ ٱلۡحَقِّۚ هُوَ خَيۡرٞ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ عُقۡبٗا ٤٤ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ
فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ٤٥

٣٥ بەنێو باغەکەیدا گەڕاو بۆخۆی ناهەقی لەخۆکرد. گوتی: هەرگیز پێم وانیە ئەمەم لەدەستی دەربچێ.
٣٦ باوەڕناکەم سەلاش ڕابێ. گەر هەر براشمەوە بۆ لای پەروەرندەم، دەزانم لەمەچاکترم دەس دەکەوێ.
٣٧ هەوالەکەی - کە خەریکی گفتوگۆ بۆ دەگەڵ ئەودا - پێگوت: ئەرێ چۆن تۆحاشات کرد لەوکەسەی تۆی لەئاخێ دروس‌کردو پاشان هەرلە دڵۆپێک‌و دوایی کردۆتی بەپیاوێ؟
٣٨ بەلام من هەر [دەبێژم] کە ئەو خودایەو پەروەرندەمەو کەس ناکەم بە شەریک بۆ پەروەرندەم.
٣٩ وەختێ چۆیە ناوباغەکەت، بۆچی نەتگوت: ئەمە بەمەیلی خودایە؛ تواناییش هەر بەخودایە؟ ئەگەر ئێستە تۆ دەمبینی کە بەماڵ‌و زارۆڵە لەتۆ کەمترم،
٤٠ نابێ بەدوری بزانی، پەروەرندەم لەباغی‌تۆم باشتریش بۆبڕەخسێنێ‌و بەلایەکیش لەحەواوە بەسەرباغەکەی تۆبێنێ‌و لێت ببێتە دەشتێکی بێرۆنی قاقڕ.
٤١ یان ئاوەکەی بەناخی‌ئاخدا ڕۆبچێ‌و نەتوانی تازە پەیدای‌کەی.
٤٢ هەمۆ بەروبۆی هەڵوەری‌و دارەکانی گشتی بەسەریەکاهاتن؛ کە بەیانی هاتەناوی، هەر دەستی‌خۆی دەشکاندەوە بۆ ئەوماڵەی لێی‌بەخت کرد. دەیگوت: بریا هیچ‌کەسێکم بەشەریکی پەروەرندەم نەزانیبا.
٤٣ لەخوابەدەر، هیچ‌دەستەیەکی وا نەبۆ بێنەیاری‌و بەبێ‌یاریدەدەر مایەوە.
٤٤ لەوێندەرێ یاریدەر هەر خودای هەقە؛ پاداشی باشتر دەدات‌و سەرنجامەکەش باشترە.
٤٥ نەزیلەیەکیان لەژینی سەردنیایە بۆبێنەوە؛ وەک ئاوێکە لەحەواوە دامان‌باراند، هەمۆتەرزە روەکێکی تەڤ لهەڤی بەرهەم‌هێنا، سەرەنجامیش بۆبە پۆش‌و با پژگاندی. خوا بەسەرهەمۆشتاندا توانای هەیە.

---

٤٠- بێرۆن: چۆڵ‌و بیابان. قاقڕ: زەوینێ کە گیای لێ نەڕوێ.
٤٥- تەڤ لهەڤ: تێکەڵ‌پێکەڵ، لێکدراو.

ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ
خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴿٤٦﴾ وَيَوْمَ نُسَيِّرُ ٱلْجِبَالَ وَتَرَى
ٱلْأَرْضَ بَارِزَةً وَحَشَرْنَٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا ﴿٤٧﴾ وَعُرِضُوا۟
عَلَىٰ رَبِّكَ صَفًّا لَّقَدْ جِئْتُمُونَا كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۭ ۚ بَلْ زَعَمْتُمْ
أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا ﴿٤٨﴾ وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ
مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ
لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟
حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟
لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ ۗ
أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ ۚ
بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا ﴿٥٠﴾ ۞ مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا
﴿٥١﴾ وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا۟ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ
فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ﴿٥٢﴾ وَرَءَا ٱلْمُجْرِمُونَ
ٱلنَّارَ فَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُوا۟ عَنْهَا مَصْرِفًا ﴿٥٣﴾

٤٦ ماڵ و منالٚ زەنبەری ژینی دنیان و ئەو کارە چاکانەش کەوا دەمێننەوە،
پاداشەکەیان لە لای پەروەرێنتەوە هێژاترەو بێتریش جێگەی هومێدن.
٤٧ رۆژێ کەژان دەخەینەرێ و تەختیبنیان بە ئاشکرایە دەبینیو هەمۆیان
کۆدەکەینەوە، بێ ئەوە کەسیان وەمێنێ.
٤٨ لەبەرانبەر پەروەرندەت لەریزدەدرێن؛ وەک یەکەمجارمان چێکردن،
هەر ئاوا هاتۆنەلامان؛ لاشتان وابۆ لەژوانێکۆ وەکۆناکەین.
٤٩ دەفتەرەکە دێتەگۆرێ؛ دەبینی تاوانبارەکان - لە بەر ئەوەی کەتیایە -
ترسی زۆریان رێ نیشتوە؛ دەڵێن: هاوارە لەئێمە، ئەمە چتۆدەفتەرێکە!
هەمۆشتێک - وردودرشت - سەرلەبەر تیانۆسراوە. ئەوساکردەوەی
خۆیانی تیادەبینن. پەروەرندەت ناهەقی لەهیچ کەس ناکا.
٥٠ ئەوسا بە فریشتەکانمان گوت: سوژدە وەبەر ئادەم بەرن. سوژدەیان برد
ئیبلیس نەبێ؛ بنەجن بۆ، لەفەرمانی پەروەرێنی سەرپێچی کرد. ئاخۆ
ئێوە توخمی شەیتان و تۆرەمەی، بێ من دەکەن بە دۆستی خۆ، کە ئاشکرا
دوژمنتانن؟ خوانەناس لەو یاربەیارە پیس تێ شکاون.
٥١ ئێمە لە چێکردنی ئەم ئاسمانان و زەوینەدا، هیچ پرسێکمان بەوان نەکرد؛
تەنانەت بۆ چێکردنی خودی خۆشیان. هەرگیز ئەوی رێگە لەمەردم
تێک دەدەن، نەمکردۆن بەیاریدەرم.
٥٢ رۆژێ ئێژێ: دەسا بانگ لەوانەبکەن کە بەخەیاڵ پێتان وابۆ شەریک
منن؛ بانگیان دەکەن؛ کەندالێکی هەراومان کردە نێوانیان، هەر
جوابیشیان نەدانەوە.
٥٣ تاوانباران ئاگریان بەچاوی خۆ دی؛ زانیان هەر تێی دەکەون و هیچ
دەرەتانێکیان نیە .

---

٤٦- **زەنبەر:** زەمبەر، خشڵ.    ٥٠- **بنەجن:** لەتیرەی جن.

٥٢- **کەندال:** دادڕاوی زەوی لە ئاو یا لە ڕۆخان.    **هەراو:** بەربڵاو، گوشاد، فرەهـ.

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍۚ وَكَانَ
ٱلْإِنسَٰنُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا ﴿٥٤﴾ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤْمِنُوٓاْ
إِذْ جَآءَهُمُ ٱلْهُدَىٰ وَيَسْتَغْفِرُواْ رَبَّهُمْ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمْ سُنَّةُ
ٱلْأَوَّلِينَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ ٱلْعَذَابُ قُبُلًا ﴿٥٥﴾ وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ
إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَۚ وَيُجَٰدِلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلْبَٰطِلِ
لِيُدْحِضُواْ بِهِ ٱلْحَقَّۖ وَٱتَّخَذُوٓاْ ءَايَٰتِي وَمَآ أُنذِرُواْ هُزُوًا ﴿٥٦﴾ وَمَنْ
أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُۚ
إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًاۖ
وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ فَلَن يَهْتَدُوٓاْ إِذًا أَبَدًا ﴿٥٧﴾ وَرَبُّكَ
ٱلْغَفُورُ ذُو ٱلرَّحْمَةِۖ لَوْ يُؤَاخِذُهُم بِمَا كَسَبُواْ لَعَجَّلَ لَهُمُ
ٱلْعَذَابَۚ بَل لَّهُم مَّوْعِدٌ لَّن يَجِدُواْ مِن دُونِهِۦ مَوْئِلًا ﴿٥٨﴾
وَتِلْكَ ٱلْقُرَىٰٓ أَهْلَكْنَٰهُمْ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم
مَّوْعِدًا ﴿٥٩﴾ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَىٰهُ لَآ أَبْرَحُ حَتَّىٰٓ
أَبْلُغَ مَجْمَعَ ٱلْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا بَلَغَا
مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلْبَحْرِ سَرَبًا ﴿٦١﴾

٥٤ ئێمە لەناو ئەم قورئانە هەموجۆرە نەزیلەمان بۆمەردم هێناوەتەوە؛ مرۆش
لەهەرشتێ پتر، وازی لەگێرە کردنە.
٥٥ ئەوەی نەیهێشت کە ئەو خەڵکە - پاش هاتنی ڕێنیشاندەر - بڕوابێنن و
داوای بۆردن لە پەروەرندەیان بکەن، ئەوە بۆ کە: [چاوەنۆڕبۆن] یا
بەدەردی ئەوانی پێشۆیان بچن، یان ڕۆبەڕۆ جەزرەبە بەگژیاندابێ.
٥٦ کەپێغەمبەران دەنێرین، هەر ئەوەندەیان لەسەرە مژدەدەرو
ترسێنەربن. خوانەناسان هەر بەناهەق چەقە دەکەن، تا هەقی پێ
لەبەین بەرن. ئەوان نیشانەکانی مەو ئەو کتێبە کەوا ترسی وەبەرناون،
هەر بە گاڵتەو گەپ دەزانن.
٥٧ کێ لەوکەسە ناهەقترە چەندنیشانەی پەروەرێنی بۆ وەخوێندراو گوێ
نەدایەو ئەوەشی لە بیربردەوە کە دەپێشدا کردویەتی. ئێمە پەردەن
بەسەردڵیان هەڵکێشاوە کە تێنەگەن؛ گوێشمان هێندە گرانکردۆن کە
نەبیسن. چەند بکۆشی شارەزای ڕێگەیان بکەی، هەرگیز بۆت ناکەونە
سەرڕێ.
٥٨ پەروەرندەت گوناحبەخش و دلۆڤانە. ئەگەر هەرکێ کاری خراپی کردباو
ئەویش بۆ لێپرسینەوە بیگرتبا، دەبوایە هەر گوزوگوممەت سزای دابان.
بەڵام خستۆیەتە دەمی دیاری کراو؛ کە ئەو دەمەش هات، ناتوانن خۆ
خەلاس کەن.
٥٩ ئەو شارانەش هەرگا ملیان لە زوڵم نا، قرمان تێخستن و بۆ لەبەین
بردنیان، قەیرانێکمان لبۆدانان.
٦٠ جارێ مۆسا بەلاوی بەردەستی خۆی گوت: من لێبڕاوم سەفەربکەم تا
دەگەمە جەمسەری هەردو دەریاکان؛ یان لەوێش وێوەتر بچم.
٦١ وختێ گەینە ئەو جەمسەرە، ماساوەکەیان لەبیرکرد؛ ئەویش
بەهەڵبزۆقینێ خۆی گەیاندەوە دەریاکە.

---

**٥٤- گێرە:** چەقە کردن و چەنەلێدان. **٥٨- گوزوگوممەت:** لەپرو ناکاو. **٥٩- قەیران:** بەڵێن بۆکات دیاریکردن. **٦٠- جەمسەر:** جێگەی پێکەوە لکانی دۆشت. **٦١- هەڵبزۆقین:** بەرزەوەبۆن و داکەوتنی لەدوای یەک و بەپەلە، هەڵتەک و داتەک.

فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَىٰهُ ءَاتِنَا غَدَآءَنَا لَقَدۡ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا
هَٰذَا نَصَبٗا ﴿٦٢﴾ قَالَ أَرَءَيۡتَ إِذۡ أَوَيۡنَآ إِلَى ٱلصَّخۡرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ
ٱلۡحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ أَنۡ أَذۡكُرَهُۥۚ وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ
فِي ٱلۡبَحۡرِ عَجَبٗا ﴿٦٣﴾ قَالَ ذَٰلِكَ مَا كُنَّا نَبۡغِۚ فَٱرۡتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا
قَصَصٗا ﴿٦٤﴾ فَوَجَدَا عَبۡدٗا مِّنۡ عِبَادِنَآ ءَاتَيۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنۡ
عِندِنَا وَعَلَّمۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلۡمٗا ﴿٦٥﴾ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلۡ أَتَّبِعُكَ
عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمۡتَ رُشۡدٗا ﴿٦٦﴾ قَالَ إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ
مَعِيَ صَبۡرٗا ﴿٦٧﴾ وَكَيۡفَ تَصۡبِرُ عَلَىٰ مَا لَمۡ تُحِطۡ بِهِۦ خُبۡرٗا ﴿٦٨﴾ قَالَ
سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرٗا وَلَآ أَعۡصِي لَكَ أَمۡرٗا ﴿٦٩﴾ قَالَ
فَإِنِ ٱتَّبَعۡتَنِي فَلَا تَسۡـَٔلۡنِي عَن شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ أُحۡدِثَ لَكَ مِنۡهُ ذِكۡرٗا
﴿٧٠﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِي ٱلسَّفِينَةِ خَرَقَهَاۖ قَالَ أَخَرَقۡتَهَا
لِتُغۡرِقَ أَهۡلَهَا لَقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـًٔا إِمۡرٗا ﴿٧١﴾ قَالَ أَلَمۡ أَقُلۡ إِنَّكَ
لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا ﴿٧٢﴾ قَالَ لَا تُؤَاخِذۡنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا
تُرۡهِقۡنِي مِنۡ أَمۡرِي عُسۡرٗا ﴿٧٣﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا لَقِيَا غُلَٰمٗا فَقَتَلَهُۥ
قَالَ أَقَتَلۡتَ نَفۡسٗا زَكِيَّةَۢ بِغَيۡرِ نَفۡسٖ لَّقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـٔٗا نُّكۡرٗا ﴿٧٤﴾

٦٢ کە دەربازبوون موسا بەبەردەستەکەی گوت: لەوسەفەرە زۆرشەکەت
بوین، کانێ تاشتیا مە، وەرێنە.
٦٣ گوتی: ئەوسا کە لەپەنا بەردەکەدا دەسایینەوە، دیتت چلۆن من
ماساوەکەم لە بیرچوو؟ دیارە شەیتان نەیهێشت وەبیرم بێتەوە. ئەمیش
وەک شتی سەمەرە ڕێگەی دەریای گرتەبەرێ.
٦٤ گوتی: ئێمەش هەر شتێکی وامان دەویست. ئیتر بەشۆپی خۆیاندا
بەچاوگێڕان، گەڕانەوە.
٦٥ ئەوسا تووشیان هات بەتووشی عەبدێک لەعەبدانی ئێمە کە بەربەزەی خۆن
خستبوو زانیاریشمان لەخۆمانەوە پێدابوو.
٦٦ موسا پێی وت: ئاخۆ دەتوانم دوات کەوم و لەوزانستەی فێرکراوی منیش
وەکوو خۆت ڕابێنی؟
٦٧ گوتی: تۆهەرگیز ناتانی دەگەڵ منا دەری بەری.
٦٨ نەمازە گەر ئاگاداری کاریش نەبی، چۆن دەردەبەی؟
٦٩ گوتی: ئەگەر خودا حەزکا، بەخۆڕاگرم دەبینی و هیچ نافەرمانیەکت ناکەم.
٧٠ گوتی: ئەرگەر شوێنم کەوتی، هیچ شتێکم لێ مەپرسە هەتا بۆخۆم
دەربارەی باست بۆدەکەم.
٧١ سا ڕۆیشتن تا هەردو سواری گەمیەبوون؛ کونی تێکرد. گوتی: هەر بۆیە
کونت کرد خەڵکەکەی لەئاوا قومکەی؟ کارێکی ناشیرینت کرد.
٧٢ گوتی: ئاخر بەتۆم نەگوت تۆ ناتوانی لەگەڵ منا خۆڕابگری؟
٧٣ گوتی: لەمەی لەبیرم چوو لێم ببوورەو گەلێکم سەخت لێ مەگرە.
٧٤ وەرێ کەوتن، تووشی کوڕیژگەیەک هاتن، کوشتی. گوتی: چۆن گیانێ پاکت
زایەکرد کە بێ ئەوەی کەسی کوشتبێ؟ کارێکی زۆر نابەجێت کرد.

---

٦٢- کانێ تاشتیامە، وەرێنە: لە کوێیە بەرقلیانەکەمان بیهێنە. ٦٤- شۆپ: شوێن.

٦٨- نەمازە: نەخوازە، ناوازە. ٧١- گەمیە: کەشتی. قوم: نوقم.

۞ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا ٧٥ قَالَ إِن
سَأَلۡتُكَ عَن شَيۡءِۭ بَعۡدَهَا فَلَا تُصَٰحِبۡنِيۖ قَدۡ بَلَغۡتَ مِن لَّدُنِّي عُذۡرٗا
٧٦ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَيَآ أَهۡلَ قَرۡيَةٍ ٱسۡتَطۡعَمَآ أَهۡلَهَا فَأَبَوۡاْ
أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارٗا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُۥۖ
قَالَ لَوۡ شِئۡتَ لَتَّخَذۡتَ عَلَيۡهِ أَجۡرٗا ٧٧ قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيۡنِي
وَبَيۡنِكَۚ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأۡوِيلِ مَا لَمۡ تَسۡتَطِع عَّلَيۡهِ صَبۡرًا ٧٨ أَمَّا
ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا
وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا ٧٩ وَأَمَّا ٱلۡغُلَٰمُ
فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤۡمِنَيۡنِ فَخَشِينَآ أَن يُرۡهِقَهُمَا طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗا
٨٠ فَأَرَدۡنَآ أَن يُبۡدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيۡرٗا مِّنۡهُ زَكَوٰةٗ وَأَقۡرَبَ رُحۡمٗا
٨١ وَأَمَّا ٱلۡجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيۡنِ يَتِيمَيۡنِ فِي ٱلۡمَدِينَةِ وَكَانَ
تَحۡتَهُۥ كَنزٞ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحٗا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبۡلُغَآ
أَشُدَّهُمَا وَيَسۡتَخۡرِجَا كَنزَهُمَا رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ وَمَا فَعَلۡتُهُۥ
عَنۡ أَمۡرِيۚ ذَٰلِكَ تَأۡوِيلُ مَا لَمۡ تَسۡطِع عَّلَيۡهِ صَبۡرٗا ٨٢ وَيَسۡـَٔلُونَكَ
عَن ذِي ٱلۡقَرۡنَيۡنِۖ قُلۡ سَأَتۡلُواْ عَلَيۡكُم مِّنۡهُ ذِكۡرًا ٨٣

٧٥ گوتی: نەمگوت ناتوانی دەگەڵ من هەڵکەی؟
٧٦ گوتی: ئەگەر پاش ئەمجارە هیچ شتێکم لەتۆپرسی، هاوڕێم مەبەو هیچ گلەییشت لێ ناکەم.
٧٧ دیسان ڕۆیین، هەتا گەینە خەڵکی شارێ. زەوادیان لێ داواکردن؛ ڕازی نەبوون ڕایانگرن. دیوارێکیان لەوێندەرێ چاوپێکەوت، خەریک بوو بەلادادەهات؛ ڕاستی کردەوە. گوتی: ئەگەر بتویستبا کرای ئەمکارەت وەردەگرت.
٧٨ گوتی: ئەوا لەیەکتر جیادەبینەوە؛ وا ئێستەکێ نهێنی ئەوڕووداوانەت بۆباس دەکەم، کە نەت دەتوانی خۆبگری.
٧٩ گەمیەکە بۆهەژارانێک بوو، لەدەریا کاریان دەکرد؛ ویستم زەدەداری بکەم، کە لەملایان پاشایەک بوو هەموو گەمیەکی زەوت دەکرد.
٨٠ کوڕێژگەکەش دای و بابی باوەڕدار بوون. ترسم بوو ناچاریان بکا لەفەرمانی خوا دەرچن و کافر بن.
٨١ ئێمە ویستن پەروەرندەی دای و بابی، بەڕۆڵەیەکی دڵ پاک و بەزەدارتر بۆیان تێ هەڵێنێتەوە.
٨٢ دیوارەکەش بۆ دوو کوڕێژگەی سێوی بوو لەمباژێرە؛ لەژێریدا گەنجێ هەبوو سەربەوان بوو. باوکیشیان لەمێرخاسان بوو. پەروەرندەت ویستی ئەمدوانە پێ بگەن و گەنجینەی خۆیان دەرێنن؛ کەبەزەیەک بوو لەلای پەروەرێنتەوەو من هیچم لەخۆوە نەکرد. ئەمەبوو کە تۆ نەت تانی خۆڕاگری تا دەزانی.
٨٣ لێت دەپرسن: ئەدی زیل قەرنەین چۆن بوە؟ بێژە: وا دەربارەی ئەویش شتێکتان بۆدەخوێنمەوە.

---

٧٧-زەواد: تۆشە. ٨٠- کوڕێژگە: کوڕی بچوک.
٨١-تێ هەڵێنان: قەرەبوودانەوە. ٨٢- سێوی: هەتیو.

إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِن كُلِّ شَيۡءٖ سَبَبٗا ﴿٨٤﴾ فَأَتۡبَعَ سَبَبًا
﴿٨٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ
وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ
فِيهِمۡ حُسۡنٗا ﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوۡفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ
فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا نُّكۡرٗا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُۥ جَزَآءً
ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنۡ أَمۡرِنَا يُسۡرٗا ﴿٨٨﴾ ثُمَّ أَتۡبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ حَتَّىٰٓ
إِذَا بَلَغَ مَطۡلِعَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَطۡلُعُ عَلَىٰ قَوۡمٖ لَّمۡ نَجۡعَل لَّهُم مِّن
دُونِهَا سِتۡرٗا ﴿٩٠﴾ كَذَٰلِكَۖ وَقَدۡ أَحَطۡنَا بِمَا لَدَيۡهِ خُبۡرٗا ﴿٩١﴾ ثُمَّ أَتۡبَعَ
سَبَبًا ﴿٩٢﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيۡنَ ٱلسَّدَّيۡنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوۡمٗا
لَّا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ قَوۡلٗا ﴿٩٣﴾ قَالُواْ يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِنَّ يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ
مُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَهَلۡ نَجۡعَلُ لَكَ خَرۡجًا عَلَىٰٓ أَن تَجۡعَلَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَهُمۡ
سَدّٗا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيۡرٞ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجۡعَلۡ بَيۡنَكُمۡ
وَبَيۡنَهُمۡ رَدۡمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلۡحَدِيدِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيۡنَ ٱلصَّدَفَيۡنِ
قَالَ ٱنفُخُواْۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارٗا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا
﴿٩٦﴾ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا ﴿٩٧﴾

٨٤ وامان‌کرد له‌م‌زه‌مینه‌دا ده‌ستی بڕواو گش هۆیه‌کیشمان بۆڕه‌خساند.
٨٥ سا به‌شوێن مه‌به‌ستیدا چۆ،
٨٦ تا گه‌یشته لای خۆرنشین؛ لای وابۆ له‌ناو کانی‌یه‌کی قوره‌ڕه‌شه ئاواده‌بێ. له‌وئالی تۆشی هۆزێک بۆ. گوتمان: زیل‌قه‌ڕنه‌ین! ده‌توانی ئازاربده‌ی و بۆشت هه‌یه چاکه‌یان له‌گه‌ڵا بکه‌ی.
٨٧ وتی: به‌ڵام هه‌رکه‌سێ ناهه‌قی بکا - له‌دوارۆژا - ئێمه ئازاری ده‌ده‌ین و پاشانیش ده‌برێته‌وه لای په‌روه‌رنده‌ی؛ ئه‌وسا ئه‌ویش به‌توندی ئازاری ده‌دا.
٨٨ هه‌رکه‌سیش باوه‌ڕی هێناو ئاکارچاک بۆ، پاداشی چاک به‌شی‌ده‌بێ و کاری له‌سه‌ر هاسان‌ده‌که‌ین. ٨٩ دیسانیش ڕێگه‌ی گرته‌به‌ر.
٩٠ هه‌تا گه‌ییشته خۆرهه‌ڵات. دیتی تیشکی به‌سه‌ر گه‌لێکدا ده‌بارێ که جیا له‌و هیچ‌ستارێکمان نه‌دانێ.
٩١ ئا به‌م‌جۆره هه‌رچی ئه‌و بیری بۆی‌ده‌چۆ، ده‌مانزانی.
٩٢ دیسانیش ڕێگه‌ی گرته‌به‌ر.
٩٣ تا گه‌یشته ناو دۆچیا. له‌په‌نا دۆکه‌ژه‌که‌دا هۆزێکی‌دی، که له‌وانه نه‌بۆن له‌هیچ زمانێکی حاڵی ببن.
٩٤ دواندیان، که: ئه‌ی زیل‌قه‌ڕنه‌ین! عاجوج ماجوج له‌م‌وڵاته‌دا به‌دفه‌ڕن؛ ئاخۆ باجێکت پێ‌بده‌ین که له‌نێوان ئێمه‌و ئه‌وان به‌ربه‌ستێکمان بۆچێ‌بکه‌ی؟
٩٥ گوتی: ئه‌وه‌ی په‌روه‌رنده‌م بۆی‌ڕه‌خساندۆم، هێزاتره؛ سا ئێوه به‌هێز[ی خۆتان] یاریم‌بکه‌ن، تا له‌نێو ئێوه‌و ئه‌وانا به‌ربه‌ندێکی وه‌دی‌بێنم.
٩٦ پاژه‌ئاسنم بۆبێنن. وه‌ختێ هه‌ردو لاشانه‌که‌ی پڕکرده‌وه، گوتی: ئێوه بیده‌مێنن؛ هه‌تاوه‌کۆ کردیه ئاگر. گوتی: ئه‌مجا پاقری تواوه‌م بۆبێنن، تا به‌سه‌ریا دابڕێژم.
٩٧ ئیتر تازه بۆیان نه‌لوا سه‌ری‌که‌ون و نه‌شیان‌ده‌توانی کونی‌که‌ن.

---

٨٦- ئالی: لا، ته‌ره‌ف.    ٩٠- ستار: پۆشش.    ٩٥- به‌ربه‌ند: سه‌د.    ٩٦- پاقر: مس.

قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي ۖ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّاءَ ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي
حَقًّا ﴿٩٨﴾ ۞ وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ ۖ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ
فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا ﴿٩٩﴾ وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِّلْكَافِرِينَ عَرْضًا ﴿١٠٠﴾
الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِي غِطَاءٍ عَن ذِكْرِي وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ
سَمْعًا ﴿١٠١﴾ أَفَحَسِبَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن يَتَّخِذُوا عِبَادِي مِن دُونِي
أَوْلِيَاءَ ۚ إِنَّا أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ نُزُلًا ﴿١٠٢﴾ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ
أَعْمَالًا ﴿١٠٣﴾ الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ
يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ
فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا ﴿١٠٥﴾ ذَٰلِكَ جَزَاؤُهُمْ
جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُوا وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُوًا ﴿١٠٦﴾ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا
وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ خَالِدِينَ
فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴿١٠٨﴾ قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي
لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِۦ مَدَدًا ﴿١٠٩﴾ قُلْ
إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُو
لِقَاءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦ أَحَدًا ﴿١١٠﴾

۹۸ گوتی: ئه‌مه به‌زه‌ییه‌كه له‌لایه‌ن په‌روه‌رنده‌مڕا؛ جا هه‌رگا په‌روه‌رنده‌ی من
به‌ڵێنه‌كه‌ی به‌جێگه‌یشت، گشتی ده‌كاته گۆڕایی و به‌ڵێنی
په‌روه‌رنده‌ی‌من هه‌ر وه‌دی دێ.
۹۹ ئه‌وێ ڕۆژێ واده‌كه‌ین له‌ناو یه‌كترا پێل‌بده‌ن و ده‌كه‌ڵه‌شاخ ده‌مێندرێ و
گشتیان لێک كۆده‌كه‌ینه‌وه.
۱۰۰ هه‌ر ئه‌وڕۆژه دۆژه‌ه له‌به‌ر خوانه‌ناسه‌كان ڕاده‌نێین؛ چ ڕانانێ!
۱۰۱ ئه‌وانه‌ی چاویان له‌یادی من قۆچاوبۆ نه‌شیان‌ده‌توانی ببیسن.
۱۰۲ ئاخۆ خودانه‌ناسه‌كان پێیان وایه - له‌باتی من - عه‌بده‌كانم بكه‌ن به
سه‌روه‌ری خۆیان [هیچ قازانجێكیان ده‌داتێ] ؟ ئێمه دۆژه‌هه‌مان بۆ
په‌زێرایی له‌و خوانه‌ناسانه سازكردوه!
۱۰۳ بێژه: ئاخۆ ده‌تانه‌وێ پێتان‌بڵێم، كێن ئه‌وانه‌ی له‌كرده‌وه‌كانی خۆیان
زۆرتر زیانیان پێده‌گا؟
۱۰۴ ئه‌وكه‌سانه‌ی ته‌قالایان له‌ژیانی سه‌ردنیایه‌دا فیڕۆچوه‌و لاشیان‌وایه
كارێكی‌چاكیان كردوه.
۱۰۵ ئه‌وانه كه‌سگه‌لێكن كه له‌نیشانان و دیداری په‌روه‌رێنیان حاشایان كرد،
ئیتر هه‌ركارێكی كردیان پۆچه‌ڵ‌بۆگه‌و ڕۆژی سه‌ڵاش هیچ‌سه‌نگێكیان
بۆدانانێین.
۱۰۶ به‌هۆی ئه‌وحاشاكردنه‌و گه‌مه‌یان به‌پێغه‌مبه‌رو نیشانانم، جه‌هه‌نده‌م
گۆڕی‌گیانیان‌بێ.
۱۰۷ ئه‌وكه‌سانه‌ش كه بۆنه خاوه‌ن‌باوه‌ڕو ئاكارچاک بۆن، جێ په‌زێراییان
باغاتی فیرده‌وسه. ۱۰۸ هه‌میشه هه‌ر تیاده‌بن و نایانه‌وێ جێ‌بگۆڕن.
۱۰۹ بێژه: ئه‌گه‌ر بۆنۆسینی وتاری په‌روه‌رنده‌ی‌من ده‌ریا هه‌مۆ مه‌ره‌كه‌ف‌بێ،
به‌رله دوایی‌پێ‌هێنانی وتاری په‌روه‌رنده‌ی‌من، بێ‌شک ده‌ریا
هه‌ڵده‌چۆڕێ؛ ته‌نانه‌ت گه‌ر هێنده‌ی‌دیشی ده‌فریاخه‌ین.
۱۱۰ بێژه: منیش هه‌ر مرۆیه‌كم وه‌ک ئێوه؛ له خواوه فه‌رمانم بۆدێ كه:
خودای ئێوه هه‌ر یه‌كه. هه‌ركێ له‌نگۆ بۆدیداری په‌روه‌رنده‌ی به‌ئاواته، با
كاری چاک ڕه‌چاوبكاو له‌غه‌یره‌ز په‌روه‌رنده‌ی خۆی هیچ‌كه‌سێكی
نه‌په‌رستێ.

---

۹۸- گۆڕایی: ته‌ختایی، زه‌وینی ڕاست و ته‌خت. ۱۰۶- گۆڕ: سزا، جزیا.

# سورة مريم

بسم الله الرحمن الرحيم

كهيعص ﴿١﴾ ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُۥ زَكَرِيَّآ ﴿٢﴾
إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا ﴿٣﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلْعَظْمُ
مِنِّي وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ
شَقِيًّا ﴿٤﴾ وَإِنِّي خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِيَ مِن وَرَآءِى وَكَانَتِ
ٱمْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا ﴿٥﴾ يَرِثُنِي وَيَرِثُ
مِنْ ءَالِ يَعْقُوبَ ۖ وَٱجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا ﴿٦﴾ يَٰزَكَرِيَّآ
إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا
﴿٧﴾ قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِي
عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱلْكِبَرِ عِتِيًّا ﴿٨﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ
قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ
شَيْـًٔا ﴿٩﴾ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةً ۚ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا
تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٍ سَوِيًّا ﴿١٠﴾ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ
مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴿١١﴾

# مەریەم

وەناوی خوداکەی کە هەندە دلۆڤانە

٩٨ ئایەت

١ کاف، ها، یا، عەین، صاد.
٢ باسی چاکەی پەروەرێنتە سەبارەت بە زەکەریای خولامی خۆی.
٣ ئەوکاتە کە هانای بۆ پەروەرندەی برد بەدەنگێکی نزمو نەوی.
٤ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! من ئەوا پێشەم سیس بۆن و سەرم
لەبەر [دەردی] پیری تروسکەی دێ. پەروەرندەم! تا لەبەزت پاڕاومەوە،
هەرگیز لێت ناهومێ نەبۆم.
٥ من لەپاش خۆم لەخزمانم نیگەرانم؛ کەیوانوەکەشم نەزۆکە. سا تۆ لەلایەن
خۆتەوە فرزەندێکم پێ ببەخشە؛
٦ با میراتی من و خانەدانی یاقوب بەرئەوکەوێ. پەروەرندەم! هێڤیمە تۆش
پەسندی کەی.
٧ ئەی زەکەریا! ئێمە مزگێنی منالێک بەتۆ ئەدەین، وەناو یەحیا؛ کە پێشتر
لەم، کەس نەکردە هاوناوی.
٨ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! جا کوا من منالم دەبێ! لەبەر پیری
کەلەلام و خێزانەکەشم نەزۆکە.
٩ گوتی: [فەرمان] هەر ئەمەیەو پەروەرندەکەی تۆ ئێژێ: ئەمە لەلای من
هاسانە؛ ئاخر تۆشم لەبەرێدا هەر لەنەبوڕا دروس کرد.
١٠ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! نیشانێکم بۆدابنێ. گوتی: نیشان
بەونیشانەی تا سێ شەوان - بێ وەی هیچ وەییکت هەبێ - قسیە دەگەڵ
مەردم ناکەی.
١١ ئەوسا لەمیحرابەکەوە رۆویشتە لای هۆزەکەی و بەهیمایە تێی گەیاندن کە
بەیانیان و ئێواران هەر پاکانەی خودابکەن.

---

٦- هێڤیمە: بەئاواتم.   ١٠- بێ وەی: بێ ئەوەی.   وەییکت هەبێ: ئازاریکت هەبێ.

يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا ﴿١٢﴾
وَحَنَانٗا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَوٰةٗۖ وَكَانَ تَقِيّٗا ﴿١٣﴾ وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَيۡهِ وَلَمۡ
يَكُن جَبَّارًا عَصِيّٗا ﴿١٤﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ وَيَوۡمَ يَمُوتُ
وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا ﴿١٥﴾ وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ مَرۡيَمَ إِذِ ٱنتَبَذَتۡ
مِنۡ أَهۡلِهَا مَكَانٗا شَرۡقِيّٗا ﴿١٦﴾ فَٱتَّخَذَتۡ مِن دُونِهِمۡ حِجَابٗا
فَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرٗا سَوِيّٗا ﴿١٧﴾ قَالَتۡ إِنِّيٓ
أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا ﴿١٨﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ
رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمٗا زَكِيّٗا ﴿١٩﴾ قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي
غُلَٰمٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا ﴿٢٠﴾ قَالَ كَذَٰلِكِ
قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٞۖ وَلِنَجۡعَلَهُۥٓ ءَايَةٗ لِّلنَّاسِ وَرَحۡمَةٗ
مِّنَّاۚ وَكَانَ أَمۡرٗا مَّقۡضِيّٗا ﴿٢١﴾ ۞ فَحَمَلَتۡهُ فَٱنتَبَذَتۡ
بِهِۦ مَكَانٗا قَصِيّٗا ﴿٢٢﴾ فَأَجَآءَهَا ٱلۡمَخَاضُ إِلَىٰ جِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ
قَالَتۡ يَٰلَيۡتَنِي مِتُّ قَبۡلَ هَٰذَا وَكُنتُ نَسۡيٗا مَّنسِيّٗا ﴿٢٣﴾
فَنَادَىٰهَا مِن تَحۡتِهَآ أَلَّا تَحۡزَنِي قَدۡ جَعَلَ رَبُّكِ تَحۡتَكِ سَرِيّٗا ﴿٢٤﴾
وَهُزِّيٓ إِلَيۡكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ تُسَٰقِطۡ عَلَيۡكِ رُطَبٗا جَنِيّٗا ﴿٢٥﴾

١٢ ئەی یەحیا! کتێب توندبگرە. هەر لەزارۆکایەتیشدا لەکارزانیمان پێ بەخشی.
١٣ دەگەڵ دڵسۆزیو بێگەردی - لەلایەنی خۆمانەوە - کەسێکی خۆپارێزیش بۆ.
١٤ لەیەل دایوبابیشیدا خۆشڕەفتاربۆ؛ سەربزێویو لاساری نەببوەپیشەی.
١٥ سڵامی لێ بێ، ڕۆژێ کە لەدایک بوەو ڕۆژێ دەمرێو ڕۆژێ زیندۆدەکرێتەوە.
١٦ لەمکتێبە باسی مەریەمیش بێنەگۆڕ؛ کاتێ دۆر لە کەسوکاری، شوێنێکی خۆرەلاتی بۆخۆی هەڵبژارد.
١٧ لەنێوان خۆیو ئەماندا پەردەیەکی ڕاهەنگاوت. ئێمە ڕۆحیخۆمان بۆنارد؛ بنیادەمێکی تەواوی هاتەبەرچاو.
١٨ وێ گوت: ئەمن پەنادەبەمەبەر خودا لەدەستی تۆ[سا]ئەگەر تۆ خۆپارێزی [لێم مەیەپێش].
١٩ ئەو گوت: ئەمن لەپەروەرندەیتۆوە ڕاسپێراوم فرزەندێکی پاکو خاوێنت پێ ببەخشم.
٢٠ وێ گوت: چۆن منالمدەبێ، کە هیچمرۆیەک لەپێشدا منی بەدەست نەگرتووە هەرگیز داوێنتەڕیش نەبۆم.
٢١ گوتی: فەرمان هەر ئەمەیەو پەروەرندەیتۆ وتۆیە. ئەوە لەلایمن هاسانەو دەمانەوێ چاکەیەک بێ لەئێمەوەو نیشانەیەک بێ بۆ مەردم. ئەمفەرمانەش هەر دێتەجێ.
٢٢ دەناوتۆلی وێدا گۆراو بەوزگەوە خۆیگەیاندە شوێنێکی دۆر.
٢٣ ژانی زانی، وێ بردەلای دارخورمایێ. گوتی: خۆزیا هەر بەرلەئێستا دەمردمو یەکجێ لەبیردەچۆمەوە.
٢٤ لەخواروی وێڕا بانگیکرد: خەمت نەبێ، پەروەرندەت لەژێرتۆڕا جۆگەئاوێکی پێک هێنا.
٢٥ کۆتەرەی ئەودارخورمایەش بهەژێنە، خورمای تازەپێگەیشتۆت بەسەردا دادەوەرێنێ.

---

١٧-**ڕاهەنگاوتن:** ڕایەڵ کردن، ڕاستەوڕاست درێژکردنی شتێک بەسەر بۆشاییدا.

٢٢-**گۆران:** دروست بۆنی بێچۆ لەناو زگدا.	٢٥-**بهەژێنە:** ڕاتەکێنە، ڕاوەشێنە، بیتەکنە.

فَكُلِي وَٱشۡرَبِي وَقَرِّي عَيۡنٗاۖ فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلۡبَشَرِ أَحَدٗا فَقُولِيٓ
إِنِّي نَذَرۡتُ لِلرَّحۡمَٰنِ صَوۡمٗا فَلَنۡ أُكَلِّمَ ٱلۡيَوۡمَ إِنسِيّٗا ٢٦
فَأَتَتۡ بِهِۦ قَوۡمَهَا تَحۡمِلُهُۥۖ قَالُواْ يَٰمَرۡيَمُ لَقَدۡ جِئۡتِ شَيۡـٔٗا
فَرِيّٗا ٢٧ يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمۡرَأَ سَوۡءٖ وَمَا كَانَتۡ
أُمُّكِ بَغِيّٗا ٢٨ فَأَشَارَتۡ إِلَيۡهِۖ قَالُواْ كَيۡفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي
ٱلۡمَهۡدِ صَبِيّٗا ٢٩ قَالَ إِنِّي عَبۡدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي
نَبِيّٗا ٣٠ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيۡنَ مَا كُنتُ وَأَوۡصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ
وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمۡتُ حَيّٗا ٣١ وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمۡ يَجۡعَلۡنِي
جَبَّارٗا شَقِيّٗا ٣٢ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ
وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيّٗا ٣٣ ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَۖ قَوۡلَ ٱلۡحَقِّ
ٱلَّذِي فِيهِ يَمۡتَرُونَ ٣٤ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٖۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓۚ
إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٣٥ وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ
فَٱعۡبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ٣٦ فَٱخۡتَلَفَ ٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ
بَيۡنِهِمۡۖ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن مَّشۡهَدِ يَوۡمٍ عَظِيمٍ ٣٧ أَسۡمِعۡ بِهِمۡ
وَأَبۡصِرۡ يَوۡمَ يَأۡتُونَنَاۖ لَٰكِنِ ٱلظَّٰلِمُونَ ٱلۡيَوۡمَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٣٨

۲۶ بەچاوی ڕۆن بخۆو وەخۆ؛ هەرکەسێکیشت لەمرۆ چاوپێ‌کەوت بێژەپێی:
لەخۆم‌گرتوە لەڕای‌خودا لەئاخافتن بتەکمەوەو ئیتر ئەمڕۆ هیچ مرۆیەکی
نەدوێنم.
۲۷ هاتەوە ناوکەس‌وکاری‌و منالێک بەباوەشەوە. گوتیان: مریەم! قەت
دەتۆمان وا ڕانەدیت ئەم‌سەمەرەت لێ ڕۆبدا.
۲۸ خوشکی هارۆن! تۆ نە باوکت پیاوخراوبۆ، نە دایکیشت داوێن‌تەڕبۆ.
۲۹ هیمای بۆمنالەکەکرد. وتیان: جاچۆن دەگەڵ ساوای سەربێشکەدا
بئاخێوین.
۳۰ [منداڵەکە] وتی:من خولامی‌خودام؛ کتێبی بەخەڵات دامێ‌و
منی‌کردۆتە پێغەمبەر.
۳۱ لەهەرکوێش‌بم، پێوقەدەمم پیرۆزدەکاو ڕای‌سپاردۆم - هەتا زیندۆم -
نوێژبکەم‌و زەکات بدەم.
۳۲ گوێ‌لەمستی دایکیشم‌بم؛ نەشی‌کردۆم بەملهوڕێکی سەربزێو.
۳۳ سڵامم لێ‌بێ ڕۆژێ کە لەدایک‌بۆم‌و ئەوێ‌ڕۆژێ کە دەمرم‌و
ئەوێ‌ڕۆژێش کە زیندۆ ڕادەکرێمەوە.
۳۴ قسەی دروست لەمەڕ عیسای‌کوڕی‌مەریەم، هەر ئەمەیە؛ کە ئەمان تیا
دۆدڵن.
۳۵ لەخودا ناوەشێتەوە زارۆی هەبێ؛ پاکی‌و بێ‌عەیبی بۆئەوە. هەرگا ویستی
کارێک ببێ، هەر پێی‌بێژێ: ببە! دەبێ.
۳۶ هەر خودایە پەروەرندەی من‌و ئێوە؛ سا هەر دەبێ بیپەرستن؛ ئەمە
ڕاگەیکی سەرڕاستە.
۳۷ هێندێ لەودەستەوبەستانە لەناوخۆدا، دەستیان‌کردە کێشەو هەرا. جا
واوەیلا بۆئەو خودانەناسانە، لەکاتی دیتنی ڕۆژەدژوارەکە.
۳۸ ڕۆژێ کە دێنە لای ئێمە گەلێک چاوزیت‌و گوێ‌سۆکن؛ بەلام ئەوڕۆ
ناهەقەکان بەئاشکرا لەڕێگەی ڕاست لایانداوە.

---

۲۶- **وەخۆ:** بنۆشە، بخۆرەوە. **لەخۆگرتن:** نەزرکردن. **ئاخافتن:** قسەکردن.
۲۹- **بئاخێوین:** قسەبکەین. ۳۲- **سەربزێو:** برێتی لە یاخی.

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْحَسْرَةِ إِذْ قُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَهُمْ فِى غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿٣٩﴾ إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ ٱلْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴿٤٠﴾ وَٱذْكُرْ
فِى ٱلْكِتَٰبِ إِبْرَٰهِيمَ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا ﴿٤١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ
لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِى عَنكَ شَيْـًٔا ﴿٤٢﴾ يَٰٓأَبَتِ
إِنِّى قَدْ جَآءَنِى مِنَ ٱلْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَٱتَّبِعْنِىٓ أَهْدِكَ صِرَٰطًا
سَوِيًّا ﴿٤٣﴾ يَٰٓأَبَتِ لَا تَعْبُدِ ٱلشَّيْطَٰنَ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ
عَصِيًّا ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ
فَتَكُونَ لِلشَّيْطَٰنِ وَلِيًّا ﴿٤٥﴾ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ ءَالِهَتِى
يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَٱهْجُرْنِى مَلِيًّا ﴿٤٦﴾ قَالَ
سَلَٰمٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّىٓ إِنَّهُۥ كَانَ بِى حَفِيًّا ﴿٤٧﴾
وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدْعُوا رَبِّى عَسَىٰٓ
أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّى شَقِيًّا ﴿٤٨﴾ فَلَمَّا ٱعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ وَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا ﴿٤٩﴾
وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا ﴿٥٠﴾
وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ مُوسَىٰٓ إِنَّهُۥ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا ﴿٥١﴾

٣٩ لەوڕۆژی داخ و کەسەریان بترسێنە؛ کاتێ کارلەکار دەترازێ؛ کەچی
ئەوان هەر بەخۆیان نەزانیوەو خۆیان لەباوەڕ بواردوە.
٤٠ ئەم زەمینەو هەرچی وا بەسەریەوەیە لەدواجاردا هەر بۆ ئێمە ئەمێنێت و
سەرلەبەریان دەهێننەوە بۆلای خۆمان.
٤١ لەم کتێبە باسی ئیبراهیمیش بکە، کە [لەکارو وتاریدا] هەر راست و
پێغەمبەریش بۆ.
٤٢ ئەوچاخە بەئاپی خۆی گوت: ئاپۆ! تۆ بۆ شتێکی وا دەپەرستی، نە دەبیسێ و
نە دەبینێ و هیچ بەهرەیەک بەتۆ نادا.
٤٣ ئاپۆ! ئەوەی من دەیزانم تۆنایزانی؛ شوێنم کەوی، شارەزای
راستەڕێت دەکەم.
٤٤ ئاپۆ! شەیتان پەرست مەبە. شەیتان لەفەرمانی خودا سەرپێچی کرد.
٤٥ ئاپۆ! من لەوە دەترسم، لەخواوە تۆشی ئازاربی و ببی بەدۆستی شەیتانێ.
٤٦ [گوتی:] ئاخۆ ئەی ئیبراهیم! تۆ بەبێزی لەوانەی دەیانپەرستم؟ ئەگەر
دەست لەمە هەڵنەگری، بەردەبارانت دەکەم و تا ماوەیەکی درێژیش
لەلام برۆ.
٤٧ گوتی: سڵام لەسەر تۆبێ؛ لەپەروەرێنم دەخوازم لێت ببۆری و ئەو دەگەڵە
من بەڤیانە.
٤٨ من لەئێوەو لەوانەش بەغەیرەز خودا لەبەریان دەپاڕێنەوە، دۆرئەگرم و
گازی پەروەرندەم دەکەم؛ بەشکۆ لەگازی کردنی پەروەرندەم، تۆشی
قەرەبەختی نەبم.
٤٩ جا کە ئەوانەی وەلاناو وازی لەوشتانەهێنا کە ئەوان - بەغەیرەزخودا -
دەیانپەرست، ئیسحاق و یاقۆبمان دایەو گشمان کردن بەپێغەمبەر.
٥٠ وەبەربەزەی خۆشمان خستن و واشمان کردکە زۆربەچاکە ناویان دەرچێ.
٥١ باسی مۆساش هەر لەم کتێبەدا بکە؛ کەبێ سۆ هەڵبژاردەو راسپاردەیەکی
پێغەمبەر بۆ.

---

٤٢-ئەوچاخە: ئەوکاتە، ئەووەختە. ئاپ: مام. ئاپۆ: مامە. ٤٦-بەبێز: وەڕەز، جاڕز، جارس، بێزار.
٤٧-بەڤیان: میهرەوان.

وَنَٰدَيْنَٰهُ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَٰهُ نَجِيًّا ﴿٥٢﴾ وَوَهَبْنَا لَهُۥ مِن
رَّحْمَتِنَآ أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيًّا ﴿٥٣﴾ وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِسْمَٰعِيلَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ
صَادِقَ ٱلْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا ﴿٥٤﴾ وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُۥ بِٱلصَّلَوٰةِ
وَٱلزَّكَوٰةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرْضِيًّا ﴿٥٥﴾ وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِدْرِيسَ ۚ
إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا ﴿٥٦﴾ وَرَفَعْنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا ﴿٥٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِن ذُرِّيَّةِ ءَادَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ
وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْرَٰٓءِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَٱجْتَبَيْنَآ ۚ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ
ءَايَٰتُ ٱلرَّحْمَٰنِ خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَبُكِيًّا ۩ ﴿٥٨﴾ ۞ فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ
خَلْفٌ أَضَاعُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلشَّهَوَٰتِ ۖ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا
﴿٥٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ
وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْـًٔا ﴿٦٠﴾ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِى وَعَدَ ٱلرَّحْمَٰنُ عِبَادَهُۥ
بِٱلْغَيْبِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ وَعْدُهُۥ مَأْتِيًّا ﴿٦١﴾ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا إِلَّا سَلَٰمًا ۖ
وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴿٦٢﴾ تِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِى نُورِثُ مِنْ
عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيًّا ﴿٦٣﴾ وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ ۖ لَهُۥ مَا بَيْنَ
أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَٰلِكَ ۚ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾

٥٢ لەلای ڕاستی چیای تۆریش گازیمان‌کرد، لەخۆشمان‌نزیک کردەوە کە
بەنهێنی حاڵی‌کەین.
٥٣ هەر لەچاکەی‌خۆشمانەوە هارۆنی‌برایمان پێ بەخشی؛ کە ئەویش هەر
پێغەمبەربۆ.
٥٤ لەم‌کتێبە باسی ئیسماعیلیش‌بکە؛ ئەو ڕاست‌بۆ لەبەڵێنیداو پێغەمبەرێ
ڕاسپاردەبۆ.
٥٥ کەس‌وکاری بۆ نوێژکردن‌و خێرکردن هەڵدەپێچاو جێگەی ڕەزامەندی
پەروەرێنی خۆی بۆ.
٥٦ هەروەها لەم‌کتێبەدا لەمەڕ ئیدریسیش باخێوە؛ کەئەو هەرەڕاست‌بێژێکی
پێغەمبەربۆ؛
٥٧ بەپایەی بەرزیشمان گەیاند.
٥٨ ئەوانە لەوپێغەمبەرانەن کە بەرچاکەی خواکەوتن؛ لەڕەگەزی بابەدەم‌بۆن‌و
لەوانەش دەگەڵ نوحا هەڵن‌گرتن‌و لەتۆرەمەی ئیبراهیم‌و ئیسرائیل‌و
لەوکەسانەی خۆمان شارەزان‌کردن‌و بۆخۆمان هەڵمان‌بژاردن. هەرگا
نیشانانی‌خوایان بەسەردا دەخوێنرایەوە، دەمەورۆ دەکەوتنەزەوی
بۆسوژدەو بەکوڵ دەگریان.
٥٩ لەدوای‌ئەوان کەسانێ بۆنەجێگریان، بەلای نوێژاندا نەچۆن‌و شوێن
ئارەزوی خۆیان کەوتن؛ ئەوانە بەم‌زوانە تۆشی ئازارو خوسار دەبن؛
٦٠ مەگین ئەوی بڕوابێنێ‌و لەگوناهـ بپرینگێتەوەو ئاکارچاک‌بێ؛ ئەوانە
دەچنەبەهەشت‌و هیچ ناهەقی‌یان لێ‌ناکرێ.
٦١ باغاتێ هەمیشەخۆشەو لەنەدیتە خوا بەڵێنی‌بەعەبدەکانی‌خۆی‌داوەو
بەڵێنی‌ئەو هەر دێتەجێ.
٦٢ چەڵتەی لابەلا نابیسن‌و هەر سڵاوەو هەمۆبەیانی‌وئێواران ژەمیان‌هەیە.
٦٣ ئائەمەیە ئەوبەهەشتەی کە دەیبەخشین بەعەبدانی‌خۆپارێزمان.
٦٤ بەفەرمانی پەروەرندەی‌تۆنەبێ ئێمە هەر داناوەزینەخوار، هەرچی ئێستا
لەلامانەو هەرچی لەدوامانەوەیەو هەرچی لەم‌ناوەداهەیە هەر بۆئەوەو
پەروەرندەی تۆ هیچ‌شتی لەبیرنەچوە.

---

٦٠- بپرینگێتەوە: پاشگەزبێتەوە. ٦٢- چەڵتەی‌لابەلا: قسەی‌قۆڕو خواروخێچ.

رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَٱعْبُدْهُ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦ ۚ
هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴿٦٥﴾ وَيَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ أَءِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ
أُخْرَجُ حَيًّا ﴿٦٦﴾ أَوَلَا يَذْكُرُ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ
وَلَمْ يَكُ شَيْـًٔا ﴿٦٧﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَٱلشَّيَٰطِينَ ثُمَّ
لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا ﴿٦٨﴾ ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ
شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحْمَٰنِ عِتِيًّا ﴿٦٩﴾ ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِٱلَّذِينَ
هُمْ أَوْلَىٰ بِهَا صِلِيًّا ﴿٧٠﴾ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ
حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ
فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا ﴿٧٣﴾ وَكَمْ
أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَٰثًا وَرِءْيًا ﴿٧٤﴾ قُلْ مَن
كَانَ فِى ٱلضَّلَٰلَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ مَدًّا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ
إِمَّا ٱلْعَذَابَ وَإِمَّا ٱلسَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا
وَأَضْعَفُ جُندًا ﴿٧٥﴾ وَيَزِيدُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ هُدًى ۗ
وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا ﴿٧٦﴾

٦٥ راهێنه‌ری عاسمانه‌كان و زه‌مینه‌و هه‌رچی له‌ناویانداهه‌یه. سا تۆش هه‌ر ئه‌وبپه‌رسته‌و ده‌بێ بۆپه‌رستنی ئه‌و خۆڕاگربی. ئاخۆ ئاگات لێیه هاوناوێكی هه‌بێ؟

٦٦ مرۆ ئێژێ: ئه‌گه‌ر مردم، ئاخۆ وه‌ك زیندوبوم به‌رێ، هه‌روا ده‌م هێننه‌وه‌ده‌رێ؟

٦٧ ئه‌ومرۆیه بۆ هیچ بیرێك ناكاته‌وه، كه سه‌ره‌تا ئێمه ئه‌ومان دروس كردو هیچیش نه‌بو؟

٦٨ سوێنده‌كه به‌په‌روه‌رێنت، هه‌ر ده‌بێ ده‌گه‌ڵ شه‌یاتین پێكه‌وه كۆیان كه‌ینه‌وه‌و ده‌وراندەور له‌جه‌هه‌نده‌م چۆك دابده‌ن.

٦٩ پاشان له‌ناو هه‌ر گرۆیه‌ك، ئه‌وی پتر دژی خودای ڕه‌حمان بۆگن، ئێمه جوێیان ده‌كه‌ینه‌وه.

٧٠ دواجار دیاره هه‌ر خۆمان باشترده‌زانین كامه‌یان بۆ چۆنه دۆزه‌ه هێژاترن.

٧١ هه‌مۆكه‌ستان - ئیللاوبیللا - هه‌ر ده‌بێ بچنه جه‌حه‌نده‌م، بڕیارێكه په‌روه‌رنده‌ی تۆ داویه‌تی‌و هه‌ر ده‌بێ جێ به‌جێ ببێ.

٧٢ پاشان له‌خوداترسه‌كان ڕزگارده‌كه‌ین. ناهه‌قانیش - ده‌سته‌وئه‌ژنۆ - له‌ناویدا دێڵینه‌وه.

٧٣ هه‌ركاتێكی نیشانانی دیاریده‌ری ئێمه‌یان بۆوه‌خوێندرێ، خوانه‌ناسان به‌خاوه‌ن باوه‌ڕان ئێژن: كامه‌لا ماڵی خۆشتره‌و دیوه‌خانی له‌بارتره؟

٧٤ ئای كه چه‌ندبه‌ره‌ن پێش ئه‌وان له‌ناوبردوٚن، كه له‌وانه كه‌ل‌په‌لی ناوماڵ ڕێكترو به‌دیمه‌ن له‌مان جوانتربوٚن.

٧٥ بێژه: كه‌سێ له‌گومڕاییدا تل‌ده‌دا، با خوا په‌تی بۆشل بكاو وێڵی بكا؛ تا ئه‌وساته كه ده‌بینن قه‌یرانێ بۆیان داناون سه‌روه‌ختی هات؛ یان ئازاردانه یان سه‌لا. له‌وه‌به‌ولاوه تێده‌گه‌ن كێ ماڵه‌كه‌ی ناخۆشتره‌و كێ یاریده‌ری كه‌متره.

٧٦ ئه‌وكه‌سانه‌ی خودا شاره‌زای كردگن پتر شاره‌زایان ده‌كا؛ په‌روه‌رنده‌ت بۆخێرێ ده‌مێنێته‌وه پاداشی باشتری هه‌یه‌و سه‌ره‌نجامیشی باشتره.

---

**٧٥- قه‌یران:** به‌ڵێن بۆ كات دیاری كردن.

أَفَرَءَيْتَ ٱلَّذِى كَفَرَ بِـَٔايَـٰتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا
﴿٧٧﴾ أَطَّلَعَ ٱلْغَيْبَ أَمِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَـٰنِ عَهْدًا ﴿٧٨﴾ كَلَّا ۚ
سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُۥ مِنَ ٱلْعَذَابِ مَدًّا ﴿٧٩﴾ وَنَرِثُهُۥ
مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا ﴿٨٠﴾ وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً
لِّيَكُونُوا۟ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾ كَلَّا ۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ
عَلَيْهِمْ ضِدًّا ﴿٨٢﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّآ أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَـٰطِينَ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ
تَؤُزُّهُمْ أَزًّا ﴿٨٣﴾ فَلَا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا ﴿٨٤﴾
يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَـٰنِ وَفْدًا ﴿٨٥﴾ وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ
إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا ﴿٨٦﴾ لَّا يَمْلِكُونَ ٱلشَّفَـٰعَةَ إِلَّا مَنِ ٱتَّخَذَ عِندَ
ٱلرَّحْمَـٰنِ عَهْدًا ﴿٨٧﴾ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَلَدًا ﴿٨٨﴾ لَّقَدْ
جِئْتُمْ شَيْـًٔا إِدًّا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ
وَتَنشَقُّ ٱلْأَرْضُ وَتَخِرُّ ٱلْجِبَالُ هَدًّا ﴿٩٠﴾ أَن دَعَوْا۟ لِلرَّحْمَـٰنِ وَلَدًا
﴿٩١﴾ وَمَا يَنۢبَغِى لِلرَّحْمَـٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا ﴿٩٢﴾ إِن كُلُّ مَن فِى
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِى ٱلرَّحْمَـٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾ لَّقَدْ أَحْصَىٰهُمْ
وَعَدَّهُمْ عَدًّا ﴿٩٤﴾ وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَرْدًا ﴿٩٥﴾

٧٧ کاوراکەت دی، حاشای هەبو لە نیشانانمان و گوتی: لێم ڕۆنە ماڵ ومناڵم
هەردەدەنێ؟
٧٨ ئاخۆ نهێنی دەزانێ یان لەخواوە بەڵێنێکی پێدراوە؟
٧٩ نەخێر، هەرچی ئەودەیلێ ئێمە دەینوسین و ماوەی جەزرەبەدانی
پتردەکەین.
٨٠ هەرچی ئێژێ لای ئێمە دەمێنێتەوەو خۆی بەتەنیا دێتەلامان.
٨١ بەدەرلەخوا، ئەوان پەرەستیوانێکی تریان پەرست، تابنەهۆی
سەربەرزیان.
٨٢ نەخێر، حاشا لەپەرستنیان دەکەن و لەدژیشیان ڕادەوەستن.
٨٣ تۆ نەتزانی ئێمە شەیاتینیەکانمان ناردۆتە سەرخوانەناسان ختۆکەو
هانەیان دەدەن؟
٨٤ هیچ پەلەیەکیان لێ مەکە، ئەوا ئێمە بەژماردن لەسەرئەوانی دەژمێرین.
٨٥ لەورۆژەدا کە ئێمە خۆپارێزەکان بەپانەوە دەبەینە دیداری خودا.
٨٦ تاوانبارانیش بۆ دۆزەق [وەکو گاگەل بۆ سەراوا]، دەمتێنگ
ڕەپێچەک دەدەین.
٨٧ ئەوانە دەستەڵاتی تکایان نیە، مەگین ئەوی لەخوا پەیمانی ساندبێ.
٨٨ وتۆشیانە: خودا بویتە خاوەن فرزەند.
٨٩ ئای کە قسەی ڕەقتان بەدەمداهاتوە!
٩٠ لەوانەیە لەو[ قسەیە] ئاسمانەکان هەڵتەکێن و زەمین شەقباو کێوەکان
لەبەریەک بچن؛
٩١ لەبەرئەوە گوتیان خودا فرزەندی هەس.
٩٢ لەخوداناوەشێتەوە کە هیچ فرزەندێکی هەبێ.
٩٣ هەرچی لەناو ئەم عاسمانان و زەمینەن - گش لەگشتی - بەخوڵامەتی
دێنەلای خوا.
٩٤ سەرحیسابی هەمۆیانەو هەر بەهەژمار ژماردۆنی.
٩٥ سەرلەبەریان ڕۆژێ سەلا، تاک وتەنیا، دێنەلای ئەو.

---

٨٦-ڕەپێچەک دان: خرکردنەوەو دانەبەر، بەخۆشی و ناخۆشی بردن. ٩٤-سەرحیساب: ئاگادار.

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ
ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ﴿٩٦﴾ فَإِنَّمَا يَسَّرۡنَٰهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ
ٱلۡمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوۡمٗا لُّدّٗا ﴿٩٧﴾ وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم
مِّن قَرۡنٍ هَلۡ تُحِسُّ مِنۡهُم مِّنۡ أَحَدٍ أَوۡ تَسۡمَعُ لَهُمۡ رِكۡزَۢا ﴿٩٨﴾

## سُورَةُ طه

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طه ﴿١﴾ مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ﴿٢﴾ إِلَّا تَذۡكِرَةٗ
لِّمَن يَخۡشَىٰ ﴿٣﴾ تَنزِيلٗا مِّمَّنۡ خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلۡعُلَى ﴿٤﴾
ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ﴿٥﴾ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَمَا تَحۡتَ ٱلثَّرَىٰ ﴿٦﴾ وَإِن تَجۡهَرۡ بِٱلۡقَوۡلِ
فَإِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخۡفَى ﴿٧﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ
ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴿٨﴾ وَهَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴿٩﴾ إِذۡ رَءَا نَارٗا
فَقَالَ لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم مِّنۡهَا بِقَبَسٍ
أَوۡ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدٗى ﴿١٠﴾ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ يَٰمُوسَىٰٓ ﴿١١﴾
إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوٗى ﴿١٢﴾

٩٦ ئەوانەی باوەڕیان هەیەو ئاکارچاکن، خوا دەیانکاتە خۆشەویست.
٩٧ ئێمە بۆیە ئەمقورئانەن بەزوانی خۆتی هێسانی ڕەوانەکرد، تا تۆ بەوی
پارێزگاران دڵخۆشکەی و گەلی دوژمنی سەرسەخت، بترسێنی.
٩٨ چەندین بەرەن بەرلەمانەش قڕتێ خستوٚن؛ ئاخۆ هەست
بەهیچیان دەکەی، یان نۆزەشیان لێ دەبیسی؟

# تاها

[illegible]

١٣٥ ئایەت

١ طا،ها. ٢ ئەمقورعانەن بۆنەناردی کە تۆشی چەوسانەوەبی.
٣ تەنها بیرهێنانەوەیە بۆکەسێ کە ترسی هەیە.
٤ لەلایەنی داهێنەری ئەمزەمین و ئاسمانە بڵندانەوە هاتۆتەخوار.
٥ ئەوخودایەی لەسەرتەختی خۆی دامەزرا.
٦ هەرچی هەیە لەئاسمانان و زەمینداو هەرچیەکیان لەنێواندایە، گش
بۆئەوەو هەرچی لەژێرخاکیشدایە.
٧ ئەگەر دەنگیشت هەڵبڕی، ئەو بەڕازو هێدیکاتریش دەزانێ.
٨ خودایێکە لەغەیرەزئەو کەس بۆپەرستنێ نابێ؛ ناوەهەرەپیرۆزەکان هەر
بۆئەوون.
٩ ئاخۆ سەرگوروشتەی مۆسات بۆهاتوە؟
١٠ ئەوکاتە ئاگرێکی دی و بەماڵ و خێزانەکەی گوت: لێرە مەبزۆن، من
ئاگرێکم بەدیکرد؛ بەشکۆ لەوێ خەتیرەیەکتان بۆبێرم؛ یان کەسێکم -
بۆشارەزا - هەرلەوێ وەدەس بکەوێ.
١١ دەمێ گەیشتە بەرئێکر، گاسی لێکرا: ئەی مۆسا!
١٢ من، منم پەروەرندەی تۆم. شەکالەکانت باوێژە. تۆ وای لەناو شیوی
پیرۆزی «توا»دا.

---

٩٧-هێسانی: ئاسانی.　٧-هێدیکاتر: هێدی‌تر، نزم‌تر.　١٠-خەتیرە: چڵۆسکە
١١-گاسی: بانگ.　١٢-شەکال: جۆرێ کەوش.　باوێژە: دەربێنە، فڕێدە.

وَأَنَا ٱخْتَرْتُكَ فَٱسْتَمِعْ لِمَا يُوحَىٰٓ ﴿١٣﴾ إِنَّنِىٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠
فَٱعْبُدْنِى وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكْرِىٓ ﴿١٤﴾ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ
أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا تَسْعَىٰ ﴿١٥﴾ فَلَا يَصُدَّنَّكَ
عَنْهَا مَن لَّا يُؤْمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرْدَىٰ ﴿١٦﴾ وَمَا تِلْكَ
بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿١٧﴾ قَالَ هِىَ عَصَاىَ أَتَوَكَّؤُا۟ عَلَيْهَا
وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِى وَلِىَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخْرَىٰ ﴿١٨﴾ قَالَ أَلْقِهَا
يَٰمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ ﴿٢٠﴾ قَالَ خُذْهَا
وَلَا تَخَفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلْأُولَىٰ ﴿٢١﴾ وَٱضْمُمْ يَدَكَ
إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخْرَىٰ ﴿٢٢﴾ لِنُرِيَكَ
مِنْ ءَايَٰتِنَا ٱلْكُبْرَى ﴿٢٣﴾ ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٢٤﴾ قَالَ
رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى ﴿٢٦﴾ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن
لِّسَانِى ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِى ﴿٢٨﴾ وَٱجْعَل لِّى وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِى ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ
أَخِى ﴿٣٠﴾ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِى ﴿٣١﴾ وَأَشْرِكْهُ فِىٓ أَمْرِى ﴿٣٢﴾ كَىْ نُسَبِّحَكَ
كَثِيرًا ﴿٣٣﴾ وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا ﴿٣٤﴾ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا ﴿٣٥﴾ قَالَ قَدْ
أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَىٰٓ ﴿٣٧﴾

۱۳ هه‌ر خۆمم تۆم ده‌س‌نیشان‌کرد؛ سا گوێدێری ڕاسپێری‌به.
۱۴ ئه‌من خودام، جگه‌له‌من خوای‌ترنیه؛ سا تۆ هه‌ر من‌بپه‌رسته‌و نوێژێ‌بکه
تا وه‌بیرخۆتم‌خه‌یته‌وه. ۱۵ ڕۆژی سه‌ڵا ها له‌ڕێدا؛ من ده‌مه‌وێ که جارێ
ئاشکرانه‌بێ‌و بیشێرمه‌وه، تا هه‌رکه‌سێ به‌ره‌ی کۆششی ده‌س‌که‌وێ.
۱۶ ئه‌وی باوه‌ڕی‌پێی‌نیه‌و شوێن ئاره‌زۆی خۆی که‌وتوه، نه‌کا تۆی
لێ‌وه‌پرینگێنێ‌و به‌ڵای به‌لاته‌ت تۆش‌بوێ.
۱۷ ئه‌ی مۆسا! ئه‌ی ئه‌مه چیه که له‌ده‌ستی ڕاستت‌دایه؟
۱۸ گوتی: ئه‌مه عاساکه‌مه، وه‌به‌رپشتی‌خۆی‌ده‌ده‌م‌و گه‌ڵای پێ داده‌وه‌رێنم
بۆ ڕانه‌که‌م، چه‌ندئیشی دیشی پێده‌که‌م. ۱۹ گوتی: مۆسا بیهاوێژه!
۲۰ که هاویشتی، له‌پڕ دیتی وا مارێکه‌و دشێڵه‌هێ.
۲۱ گوتی: بیگره‌و ترست نه‌بێ؛ هه‌ر ئێستاکه ده‌یخه‌ینه‌وه ته‌رحی پێشۆی.
۲۲ ده‌ستیشت بخه‌باخه‌ڵت - به‌بێ‌ئازار - دێته‌ده‌رێ وه‌ک چۆڕی
شیر؛[ئه‌میش] نیشانێکی‌تره. ۲۳ تا ئێمه له‌نیشانانی هه‌ره‌گرینگی
خۆمانت نیشان‌بده‌ین. ۲۴ ڕێکه‌وه بۆلای فیرعه‌ون، یه‌کجار شۆی
لێ‌هه‌ڵکێشاوه. ۲۵ گوتی: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌ی‌من! پشۆدرێژترم‌بکه.
۲۶ کاریشم‌لێ‌سانابکه. ۲۷ گیریه‌کم له‌زماندایه، بۆم ڕه‌هاکه.
۲۸ تا ده‌ئاخافتنم‌بکه‌ن. ۲۹ له‌خزمانم ئاریکارێکم بۆدانێ.
۳۰ [مه‌به‌ست] هارۆنی برامه. ۳۱ پشتی منی پێ‌پته‌وکه.
۳۲ بیشیکه شه‌ریک له‌کارم. ۳۳ تا ئێمه، زێده په‌سنی پاکی تۆبده‌ین.
۳۴ گه‌لێکیش یادی‌تۆبکه‌ین. ۳۵ تۆ چاوه‌دێریت لێ‌کردۆین. ۳۶ گوتی: مۆسا!
هه‌رچی تۆ ویستت پێت‌درا. ۳۷ جارێ‌تریش تۆمان وه‌به‌رچاکه‌ی
خۆخست.

---

۱۸- دیشی: تریشی. ۲۰- ده‌شێڵه‌هێ: ده‌خزێ. ۲۴- شۆ: ئه‌ندازه‌و ژمار.
شۆی لێ هه‌ڵکێشاوه: له‌ئه‌ندازه لایداوه.

إِذْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ ﴿٣٨﴾ أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِى ٱلتَّابُوتِ فَٱقْذِفِيهِ
فِى ٱلْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّى وَعَدُوٌّ لَّهُۥ ۚ وَأَلْقَيْتُ
عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّى وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِىٓ ﴿٣٩﴾ إِذْ تَمْشِىٓ أُخْتُكَ
فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ ۖ فَرَجَعْنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَىْ تَقَرَّ
عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ ۚ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ۚ
فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٠﴾
وَٱصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِى ﴿٤١﴾ ٱذْهَبْ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِى وَلَا تَنِيَا
فِى ذِكْرِى ﴿٤٢﴾ ٱذْهَبَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا
لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَآ
أَوْ أَن يَطْغَىٰ ﴿٤٥﴾ قَالَ لَا تَخَافَآ ۖ إِنَّنِى مَعَكُمَآ أَسْمَعُ وَأَرَىٰ
﴿٤٦﴾ فَأْتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ
وَلَا تُعَذِّبْهُمْ ۖ قَدْ جِئْنَٰكَ بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكَ ۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ
ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٤٧﴾ إِنَّا قَدْ أُوحِىَ إِلَيْنَآ أَنَّ ٱلْعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ
وَتَوَلَّىٰ ﴿٤٨﴾ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ
كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴿٥١﴾

٣٨ کاتێ ئەوەی کەپێویست بۆ ئاویتمانە دڵی داکت؛
٣٩ کە: بیخەرە داربەستەوەو بیهاوێژەرە ناوزێوە؛ با زێش بیخاتە کەنارێو
دژێکی من - کە دوژمنێکی ئەویشە - بیگرێتەوە. ڤیانی خۆم خستە
سەرتۆ، تا لەژێر چاوەدێری خۆم بپەروەرێی.
٤٠ کاتێ خۆشکت دەچۆودەیگوت: گەرەکتانە کەسێکتان بۆبدۆزمەوە کە
بۆتانی بەخێوبکا؟ ئا بەمجۆرە هێنامانیەوە لای داکت، کە چاوی پێت
رۆن بێتەوەو خەمێ نەخوا. ئەی مۆسا! ئەمەش دەزانی، یەکیش
بەدەستت زایەبۆ؛ لەوخەمەش رزگارمانکردی، چەندجاری دیش
ئەزمۆمانی. چەندساڵێکیش لەناو خەڵکی مەدیەنا مای؛ پاشان لەسەر
بڕیاری خۆن ئەوا هاتی. ٤١ من تۆمکردە تایبەتی خۆم.
٤٢ بەنیشانەگەلمنەوە لەلبراکەتا ڕێکەوەو لەوەبیرهێنانەوەی من
سستیمەکەن. ٤٣ هەردوک هەڕنە نک فیرعەون، ئەو لەڕادەی
دەرکردوە. ٤٤ نەرمونیانی بدوێنن، شایەتا بیربکاتەوە، یان بترسێ.
٤٥ وتیان: پەروەرندەی ئێمە! ترسن هەیە لێن دەرهەڵبێو یان تەواو لەشۆری
دەرکا. ٤٦ گوتی: هیچ ترسێکۆنەبێ، من لەلئێوەم. ئەبیەم،
چاویشمتێوەیە. ٤٧ سا بچنەلای و پێی بێژن: ئێمە هەرتک ڕاسپاردەی
پەروەرندەی توێن؛ تۆ تۆرەمەی ئیسرائیلمان
ڕەگەڵبخەو[چیتر] مەیان چەوسێنەوە. وا بەڵگەشن لەئالی پەروەرندەت
ڕا بۆهێناوی؛ درود لەسەر ئەوکەسەش بێ، لە ڕاستەڕێ لانەکەوێ.
٤٨ بەئێمەڕاگەینراوە کە هەرکەسێ بڕوا نەکاو پشتیتێکا، ئازاردەدرێ.
٤٩ گوتی: مۆسا! پەروەرندەی ئێوە کێیە؟ ٥٠ گوتی: پەروەرندەی ئێمە
ئەوکەسەیە کە بەهەمۆدەسکردی خۆی هەمۆ پێداویستیداوە، پاشانیش
ڕێی نیشانداوە. ٥١ گوتی: بەرەو چینەکانی پێشۆ چۆن بۆن؟

---

**٣٨-ئاویتمانە:** خستمانە. **٣٩-زێ:** بەحر، دەریا. **ڤیان:** خۆشگەرەک بۆن.
**٤٠-زایە:** بڕیتی لە مردۆ(پیاوێکی لەدەستی زایەبۆ). **٤٣-هەڕنە:** بڕۆنە. **نک:** لا.
**٤٥-دەرهەڵبێ:** تۆڕەبێ. **لە دەرهەڵبۆن:** تۆڕەبۆن لەپڕێکا. **٤٦-ئەبیەم:** دەبیسم.
**٤٧-ئالی:** لا، تەرەف. **٤٨-پشتیتێکا:** پشت هەڵکا، گوێ نەداتێ.

قَالَ عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾
ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مَهۡدٗا وَسَلَكَ لَكُمۡ فِيهَا سُبُلٗا وَأَنزَلَ
مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّن نَّبَاتٖ شَتَّىٰ ﴿٥٣﴾ كُلُواْ
وَٱرۡعَوۡاْ أَنۡعَٰمَكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ﴿٥٤﴾ ۞مِنۡهَا
خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ﴿٥٥﴾ وَلَقَدۡ
أَرَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴿٥٦﴾ قَالَ أَجِئۡتَنَا لِتُخۡرِجَنَا
مِنۡ أَرۡضِنَا بِسِحۡرِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٥٧﴾ فَلَنَأۡتِيَنَّكَ بِسِحۡرٖ مِّثۡلِهِۦ
فَٱجۡعَلۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكَ مَوۡعِدٗا لَّا نُخۡلِفُهُۥ نَحۡنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانٗا
سُوٗى ﴿٥٨﴾ قَالَ مَوۡعِدُكُمۡ يَوۡمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحۡشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحٗى
﴿٥٩﴾ فَتَوَلَّىٰ فِرۡعَوۡنُ فَجَمَعَ كَيۡدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ﴿٦٠﴾ قَالَ لَهُم
مُّوسَىٰ وَيۡلَكُمۡ لَا تَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا فَيُسۡحِتَكُم بِعَذَابٖۖ
وَقَدۡ خَابَ مَنِ ٱفۡتَرَىٰ ﴿٦١﴾ فَتَنَٰزَعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ وَأَسَرُّواْ
ٱلنَّجۡوَىٰ ﴿٦٢﴾ قَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخۡرِجَاكُم
مِّنۡ أَرۡضِكُم بِسِحۡرِهِمَا وَيَذۡهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلۡمُثۡلَىٰ ﴿٦٣﴾ فَأَجۡمِعُواْ
كَيۡدَكُمۡ ثُمَّ ٱئۡتُواْ صَفّٗاۚ وَقَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡيَوۡمَ مَنِ ٱسۡتَعۡلَىٰ ﴿٦٤﴾

۵۲ گوتی: له‌ده‌فته‌رێکدایه له‌لای په‌روه‌رنده‌مه‌وه‌و ئه‌و ده‌یزانێ. په‌روه‌رنده‌م
نه هیچ شتی لێ‌گوم‌ده‌بێ و نه هیچیشی له‌بیرده‌چێ.
۵۳ که‌سێکه زه‌وی بۆکردن به‌ڕایه‌خ و ڕێبازگه‌لێکی بۆ ئێوه تێ هه‌ڵکێشاو،
ئاوێکشی له‌وحه‌وایه‌وه داباراند، که زۆر جۆته‌ی جۆراوجۆری ڕوه‌کانمان
پێ ده‌رهێنا. ۵۴ بخۆن و وڵساته‌که‌شتان بچه‌ڕێنن؛ که له‌مه‌دا زۆرنیشانه
بۆ خاوه‌ن ئاوه‌زان هه‌یه. ۵۵ له‌زه‌ویمان به‌رهه‌م‌هێنان؛ دیسان
ده‌تانخه‌ینه‌ناوی و جارێکی‌تر له‌وێتان ده‌رده‌خه‌ینه‌وه.
۵۶ ئێمه هه‌مۆنیشانه‌کانمان نیشان‌دا؛ ئه‌و هه‌ر بڕوای پێ نه‌کردو
گوێی پێ نه‌دا.
۵۷ گوتی: ئه‌ی مۆسا! ئاخۆ تۆ هاتیه‌لامان، تا به‌جادۆت له‌عه‌رزی خۆمان
ده‌رمانکه‌ی؟
۵۸ مه‌رجه ئێمه‌ش جادۆی وه‌ک ئه‌مه‌ت بۆبێنین. سا خۆت بۆ ئێمه‌و بۆ
خۆشتان جێ‌ژوانێکی له‌ته‌ختانێ ڕه‌چاوبکه؛ نه‌مه‌و نه تۆ، هیچمان
ته‌نه‌خی لێ نه‌که‌ین.
۵۹ گوتی: جێ‌ژوان له‌ڕۆژی ڕازانه‌وه‌بێ، له‌وه‌ختی چێشته‌نگاوێدا که مه‌ردم
خڕده‌کرێنه‌وه.
۶۰ فیرعه‌ون [جڤاتی] جێ هێشت و فێڵی خۆی [گشت] کۆکرده‌وه‌و گه‌ڕایه‌وه.
۶۱ مۆسا به‌فێڵبازانی‌گوت: نه‌چن به‌ده‌م خوداوه درۆ هه‌ڵبه‌ستن؛ به‌جه‌زره‌به
گشتۆ ته‌رت‌وتۆنا ده‌کا. کێ بوختانێ به‌خوابکا، ده‌م‌له‌پۆشه.
۶۲ لێ‌یان‌بۆ به‌مقۆمقۆو ملیان‌له‌سرته‌کردن‌نا.
۶۳ گوتیان: دیاره ئه‌وانه دۆجادۆگه‌رن، ده‌یانه‌وێ به‌جادۆیان له‌هه‌ردی
خۆتان ده‌رکه‌ن و نه‌ریته هه‌ره‌باشه‌که‌و له‌ناوبه‌رن.
۶۴ فێڵی خۆتان کۆکه‌نه‌وه‌و پاشان هه‌مۆ به‌ڕێز وه‌رن. ئه‌مرۆ هه‌ر که‌سێ
سه‌رکه‌وێ، رزگارده‌بێ.

---

۵۳- رایه‌خ: راخه‌ر. ڕوه‌ک: هه‌رچی له‌زه‌ویین شین‌ده‌بێ. ۵۸- ته‌نه‌خی کردن: خۆلێ بواردن.
۵۹- چێشته‌نگاو: به‌رله نیوه‌ڕۆ، قاوه‌ڵتۆن. ۶۰- جڤات: کۆبۆنه‌وه. ۶۱- ده‌م‌له‌پۆش: ره‌نج‌به‌با،
ناهمێ. ۶۳- نه‌ریت: خده‌وئاکار. مه‌به‌ست ڕێ‌وشوێنه.

قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ٦٥ قَالَ
بَلۡ أَلۡقُواْۖ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ
٦٦ فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ٦٧ قُلۡنَا لَا تَخَفۡ إِنَّكَ
أَنتَ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٦٨ وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ
كَيۡدُ سَٰحِرٖۖ وَلَا يُفۡلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيۡثُ أَتَىٰ ٦٩ فَأُلۡقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدٗا
قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ٧٠ قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ
لَكُمۡۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِي عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحۡرَۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ
وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمۡ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخۡلِ وَلَتَعۡلَمُنَّ
أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابٗا وَأَبۡقَىٰ ٧١ قَالُواْ لَن نُّؤۡثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ
ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِي فَطَرَنَاۖ فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ
ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ ٧٢ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغۡفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكۡرَهۡتَنَا
عَلَيۡهِ مِنَ ٱلسِّحۡرِۗ وَٱللَّهُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ٧٣ إِنَّهُۥ مَن يَأۡتِ رَبَّهُۥ مُجۡرِمٗا
فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ ٧٤ وَمَن يَأۡتِهِۦ مُؤۡمِنٗا قَدۡ
عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلۡعُلَىٰ ٧٥ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ ٧٦

٦٥ گوتیان : ئەی مۆسا! یان باوێ، یان ئێمە پێش تۆ داوێژین ؟
٦٦ گوتی : نا ئێوە باوێژن. لەپڕ مۆسا - لەجادۆی وان - وای گومان برد
پەتەکان و عاساکانیان دێن و دەچن. ٦٧ مۆسا ئەوسا لەدڵی خۆیا کەمێک
ترسا. ٦٨ گوتن : هیچ ترسێکت نەبێ، تۆ سەرتری.
٦٩ ئەوی لەدەستی ڕاستتدا بیهاوێژە، هەرچی ئەمان کردۆیانە
قوتیی دەدا. ئەوانەی ئەو کردۆیانە، تەڵەکەی جادۆگەرانە؛ جادۆگەران
لەهەرکوێ بن سەرناکەون. ٧٠ جادۆگەر سوژدەیان بردو گوتیان : بڕوان
بەوەهێنا مۆساو هارۆنی پەروەراند.
٧١ گوتی : بەرلەوە ڕێوبدەم، ئێوەبڕواتان پێ هێنا. دەرکەوت ئەو مەزنتانەو
درزی جادۆگەری دادان. سۆر بزانن هەمۆ دەستو پایەکانتان
بەپێچەوانە دەبڕم و بەکۆتەرەی دارخورمایانو دادەکەم؛ سا تێدەگەن
ئێشاندنی کێ توندترو پرکێش ترە.
٧٢ گوتیان : لەدوای ئەونیشانانەی دیومانە، سوێند بەوکەسەی کە ئێمەی
دروس کردوە، هەرگیز بۆتۆ دەسمان پێ لەوهەڵناگیرێ؛ سا هەرچیەکی
لەدەستت دێ دریغ مەکە؛ تۆ هەر تەنیا لەژینی ئەم دنیایەدا
دەستت دەڕوا. ٧٣ ئێمە بڕوان بەپەروەرندەن هێناوە؛ هەتاوەکۆ
لەهەڵەکانمان ببۆرێ و لەوجادۆگەریەشمان خۆش بێ؛ کە تۆ
بەسەرتاسەپاندین. خوا چاترەو هەر دەشمێنێ.
٧٤ هەرکەسێ بەتاوانباری بچێتەلای پەروەرندەی، دیارە بەشی
جەهەندەمەو - نەمر، نەژێ - تیادەبێ.
٧٥ هەرکەسیش خاوەن باوەڕو ئاکارچاک بێ و بچێتەلای، ئەنوای ئەوان وان
لەپلەبەرزەکانا.
٧٦ نشیمەنیان باغاتێکە جۆباریان بەبەردا دەڕواو تا هەتایە تیادەبن. ئەمەیە
پاداشی پاکان.

---

٦٥- **باوێ:** باوێژە، فرێ دە. ٧١- **درزدان:** دەرس دان، فێرکردن. ٧٤- **مر:** مردن.
٧٥- **ئەنوا:** پەنا، پەسیو، جێ حاوانەوە.

وَلَقَدْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِى فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا
فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا لَّا تَخَٰفُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَىٰ ﴿٧٧﴾ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ
بِجُنُودِهِۦ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ ﴿٧٨﴾ وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُۥ
وَمَا هَدَىٰ ﴿٧٩﴾ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ قَدْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ وَوَٰعَدْنَٰكُمْ
جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ﴿٨٠﴾ كُلُوا۟
مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَلَا تَطْغَوْا۟ فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِى ۖ
وَمَن يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِى فَقَدْ هَوَىٰ ﴿٨١﴾ وَإِنِّى لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ
وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ۞ وَمَآ أَعْجَلَكَ عَن
قَوْمِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٨٣﴾ قَالَ هُمْ أُو۟لَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِى وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ
رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴿٨٤﴾ قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ
ٱلسَّامِرِىُّ ﴿٨٥﴾ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَٰنَ أَسِفًا ۚ قَالَ
يَٰقَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًا ۚ أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ
ٱلْعَهْدُ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُم
مَّوْعِدِى ﴿٨٦﴾ قَالُوا۟ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ
أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ فَقَذَفْنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِىُّ ﴿٨٧﴾

٧٧ ئیتر بەمۆسان ڕاگەیاند، کە وێڕای عەبدەکانی من بەشەو برۆ، ڕێیەکی
وشکوبرینگیان لەدەریا بۆڕەچاوبکە؛ نە نیگەرانی گرتن بەو نە بترسە.
٧٨ فیرعەون بەخۆو لەشکرەوە کەوتەدوێیان. پێلی دەریا هاتەسەریان و
دای پۆشین.
٧٩ فیرعەونیش ڕێی لەگەلەکەی هەڵەکردو نەیکرا شارەزایان کا.
٨٠ ئەی وەچو بەرەی ئیسرائیل! لەبەر چەنگی دوژمنۆ ڕزگارن کردن؛
بۆشمان دانان - لەلای ڕاستی چیای تۆرێ - بگەنەلام؛ گەزۆو مەلی
شێلاقەشمان بۆناردنەخوار.
٨١ لەوبژیوە پاکانەی پێمان دان، بخۆن؛ بەلاَم هەڵەڕۆیی مەکەن؛ نەوەکا
لێتان تۆڕەبم. هەرکەس تۆشی تۆڕەییم بێ، هەڵدێراوە؛
٨٢ هەرکەسێکیش تۆبەکارو باوەڕدارو ئاکارچاک و شارەزای ڕاستەڕێگەبێ،
من دەیبەخشم.
٨٣ ئەرێ مۆسا! ئەوە چۆنە لەهۆزەکەت بەلەزتربوی؟
٨٤ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! پەلەم بۆ زۆ بگەم بەتۆ، هەتاوەکۆلێم ڕازی
بی؛ وا ئەوانیش هان لەدوی من. ٨٥ گوتی: پاش تۆ ئێمە
هۆزەکەتمان ئەزمۆ. سامری لەڕێی دەرکردن. ٨٦ ئەوسا مۆسا -
بەتۆڕەیی و داخ لەدڵی -- هاتەوە بۆناو هۆزەکەی. گوتی: گەلۆ! ئاخۆ
پەروەرێنی ئێوە بەڵێنی باشی پێ نەدان؟ بۆچی من زۆرم پێ چوە، یان
هەر ویستۆ بەرتۆڕەیی پەروەرندەتان بکەون، وا پەیمانی منتان شکاند؟
٨٧ گوتیان: ئێمە بەخۆشی خۆ پەیمانەکەی تۆمان نەشکاند. چەندبار خشڵی
گەلەکەیان لەکۆڵ نابۆین، ناچار ئاویتنە ناوبۆتە؛ هەروا سامریش
تێی هاویشت.

---

٧٧- **نەنیگەرانی** ... یا: بێ ئەوەی کە نیگەرانی گرتنێ بی، یان بترسی.

٨٥- **ئەزمۆ:** تاقی کردنەوە. ٨٧- **بۆتە:** دەفرێ کە کانزای تێدا دەتاوێننەوە.

فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ فَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ
وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِىَ ﴿٨٨﴾ أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا
يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ﴿٨٩﴾ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ
يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِى وَأَطِيعُوٓا۟
أَمْرِى ﴿٩٠﴾ قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ
﴿٩١﴾ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟ ﴿٩٢﴾ أَلَّا تَتَّبِعَنِ ۖ
أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى ﴿٩٣﴾ قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِى وَلَا بِرَأْسِىٓ ۖ
إِنِّى خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ
قَوْلِى ﴿٩٤﴾ قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِىُّ ﴿٩٥﴾ قَالَ بَصُرْتُ
بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا۟ بِهِۦ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ
فَنَبَذْتُهَا وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِى نَفْسِى ﴿٩٦﴾ قَالَ
فَٱذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِى ٱلْحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ ۖ وَإِنَّ لَكَ
مَوْعِدًا لَّن تُخْلَفَهُۥ ۖ وَٱنظُرْ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِى ظَلْتَ عَلَيْهِ
عَاكِفًا ۖ لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِى ٱلْيَمِّ نَسْفًا ﴿٩٧﴾ إِنَّمَآ
إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ وَسِعَ كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ﴿٩٨﴾

٨٨ ئیتر کۆتەڵی گۆلکێکی بۆدەرخستن کە ئەیبۆڕاند. ئەوسا وتیان: ئەمەیە خودای ئێوەیەو خوای مۆساشە؛ [جا مۆسا ئەمەی] لەبیرچۆ.
٨٩ ئاخۆ ئەمانە نابینن، نە جوابێکیان دەداتەوەو نە زیانێکی بۆیان هەیەو نە قازانجێ؟
٩٠ هارۆنیش بەرێ پێی‌وتن: گەلۆ! هۆن بڤێ گۆلکێ خاپێنراون؛ پەروەرێنتان دەهەندەکەی ڕۆزیتانە. دەوەرن وەدۆی منکەون‌و فەرمانی‌من بەجێ‌بێنن.
٩١ گوتیان: لێی‌وەلاناکەوین، هەتا مۆسا دەگەڕێتەوە بۆلامان.
٩٢ گوتی: هارۆن! ئەگەر دیتت ئەوانە لەڕێ‌لاکەوتن، چی نەیهێشت تۆ،
٩٣ شوێنم کەوی؟ ئاخۆ تۆش لەفەرمانی‌من سەرپێچیت‌کرد؟
٩٤ گوتی: ئەی دایک‌براکەم! ریشم‌بەردەو قژم‌مەگرە. من لەوە ترسام کە بێژی: تۆ جودایت خستە نێوان من‌و بەرەی ئیسرائیل‌و لەسەر قسەم ڕانەوەستای. ٩٥ گوتی: سامری! ئەم‌کارە چبۆ کردت؟
٩٦ گوتی: شتێکم بەدی‌کرد، کە ئەوانی‌دی نەیاندی: لەدەوسی ڕاسپاردەکەدا لاوێچەخۆڵێکم هەڵگرت، ئەویشم هاویشتەناوی. ئاوەهاینە نەفسم ئەوەی بۆخەملاندم.
٩٧ گوتی: دەسا برۆ گوم‌بە! ئەشێ هەتا ژینت ماوە، هەر بێژی توخنم مەکەون؛ چارەنۆسێکیشت هەیە هەر دێتەڕێت. دەبش‌نۆڕە، ئەوشتەی تۆ دەت‌پەرست‌و دەت‌گوت: قەت بەجێی‌ناهێڵم، چتۆ ئاگری دەدەین‌و خۆڵەکەشی لەدەریایە دەپرژێنین، بەپرژاندن.
٩٨ پەرستیوۆ هەرخودایە کە هەمۆشتێک دەزانێ‌و هیچ‌شتی‌تر - لەغەیرەز ئەو - هێژای پەرستنێ نیە.

---

٨٨- **کۆتەڵ:** پەیکەر، هەیکەل.		٩٠- **هۆن بڤێ گۆلکێ خاپێنراون:** ئێوە بەم گوێرەکە هەڵخڵەتاون.
٩٤- **ریشم بەردەو...** یا: تۆڕدێن‌و قژم مەگرە.	٩٦- **دەوس:** جێ‌پێ.	٩٧- **بش‌نۆڕە:** بڕوانە، چاوی‌لێکە.

كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ مَا قَدۡ سَبَقَۚ وَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ مِن لَّدُنَّا
ذِكۡرٗا ﴿٩٩﴾ مَّنۡ أَعۡرَضَ عَنۡهُ فَإِنَّهُۥ يَحۡمِلُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وِزۡرًا
﴿١٠٠﴾ خَٰلِدِينَ فِيهِۖ وَسَآءَ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ حِمۡلٗا ﴿١٠١﴾ يَوۡمَ يُنفَخُ
فِي ٱلصُّورِۚ وَنَحۡشُرُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ يَوۡمَئِذٖ زُرۡقٗا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ
بَيۡنَهُمۡ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا عَشۡرٗا ﴿١٠٣﴾ نَّحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذۡ يَقُولُ
أَمۡثَلُهُمۡ طَرِيقَةً إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا يَوۡمٗا ﴿١٠٤﴾ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡجِبَالِ
فَقُلۡ يَنسِفُهَا رَبِّي نَسۡفٗا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعٗا صَفۡصَفٗا ﴿١٠٦﴾
لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجٗا وَلَآ أَمۡتٗا ﴿١٠٧﴾ يَوۡمَئِذٖ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِيَ
لَا عِوَجَ لَهُۥۖ وَخَشَعَتِ ٱلۡأَصۡوَاتُ لِلرَّحۡمَٰنِ فَلَا تَسۡمَعُ إِلَّا هَمۡسٗا
﴿١٠٨﴾ يَوۡمَئِذٖ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنۡ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُۥ
قَوۡلٗا ﴿١٠٩﴾ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ
عِلۡمٗا ﴿١١٠﴾ ۞ وَعَنَتِ ٱلۡوُجُوهُ لِلۡحَيِّ ٱلۡقَيُّومِۖ وَقَدۡ خَابَ مَنۡ
حَمَلَ ظُلۡمٗا ﴿١١١﴾ وَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا
يَخَافُ ظُلۡمٗا وَلَا هَضۡمٗا ﴿١١٢﴾ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا
وَصَرَّفۡنَا فِيهِ مِنَ ٱلۡوَعِيدِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ أَوۡ يُحۡدِثُ لَهُمۡ ذِكۡرٗا ﴿١١٣﴾

٩٩ ئا بەمجۆرە سەرگوروشتەی پێشینەکانت بۆئێژین. هەروەها ئەم قورعانەشمان لەخۆمانڕا داوەبەتۆ.
١٠٠ هەرکەسێ خۆی لێ نەبانکا، ڕۆژی سەڵا بارێکی گران هەڵدەگرێ.
١٠١ هەرگیز لەژێری دەرناچێ. ئای کە لەڕۆژی قیامەتا بۆئەوانە چەند بارێکی نالەبارە.
١٠٢ ئەورۆژە وا فوبەکەڵەشاخدادەکرێ، ئەوێ ڕۆژێ تاوانباران کۆدەکەینەو؛ کۆرەن و شین هەڵگەڕاون.
١٠٣ هێدیکا بەیەکتردەڵێن: دەڕۆژ نەبێ، نەماونەوە.
١٠٤ لەوشتەی ئەوان لێی دەدوێن، ئێمە پتر ئاگادارین. لەگشتیان هێژاتر ئێژێ: تەنیا هەر ڕۆژێک ماونەوە.
١٠٥ لەمەڕ کێوان لێت دەپرسن. بێژە: پەروەرندەکەی من هەر بە هاڕین دەیانهاڕێ؛ ١٠٦ دەیانکاتە دەشتێکی کاکی بەکاکی؛
١٠٧ نە هیچ کەندی تیادەبینی و نە هیچ کۆسپێ.
١٠٨ لەورۆژەدا وەدەنگ کەسێکەوەدەچن، کە بەهیچ بارا خوارنیە. لەبەر خودا هەمۆدەنگێک نەوی دەبێ؛ چپەچپ نەبێ نابیسی.
١٠٩ ئەوێ ڕۆژێ تکا [بۆکەس] بەهرەنادا، مەگین کەسێ خودا ئیزنی تکای بداو قسەکەشی پەسندبکا.
١١٠ ئەو دەزانێ چیان بەسەرهات یان بەسەردێ؛ هەر ئەمانن کەلەمەڕئەو هیچ نازانن.
١١١ هەمۆ مەردم لارەملی ئەوکەسەن کە هەر نامرێ و پایەدارە؛ کێ ناهەقێکی کردوە، ناهومێدە.
١١٢ هەرکەسیش خاوەن باوەڕەو ئاکارچاکە، ناترسێ کە پاداشەکەی زەوت کرێ یا کەمتربێ.
١١٣ هەر بەمتەرزەش قورئانێ بەعەربیمان ناردەخوارێ؛ گەلێک مایەی ترساندنێن تێ خستوە، بەشکو پێی بپرینگێنەوە یان خۆیان وەبیربێننەوە.

---

١٠٠-**نەبان:** گوێ نەدەر، بێ مبالات. ١٠٣-**کۆرە:** کوێر، هیچ نەبین. ١٠٦-**کاکی بەکاکی:** دەشتی زۆرڕاست وتەخت. ١١٣-ئاخر ئایە: **یاخۆ پەندێکیان بۆ بێنێ.**

فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۗ وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن
يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا ١١٤ وَلَقَدۡ عَهِدۡنَآ
إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبۡلُ فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ١١٥ وَإِذۡ قُلۡنَا
لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ
١١٦ فَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوّٞ لَّكَ وَلِزَوۡجِكَ فَلَا يُخۡرِجَنَّكُمَا
مِنَ ٱلۡجَنَّةِ فَتَشۡقَىٰٓ ١١٧ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعۡرَىٰ ١١٨
وَأَنَّكَ لَا تَظۡمَؤُاْ فِيهَا وَلَا تَضۡحَىٰ ١١٩ فَوَسۡوَسَ إِلَيۡهِ
ٱلشَّيۡطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلۡ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلۡخُلۡدِ وَمُلۡكٖ
لَّا يَبۡلَىٰ ١٢٠ فَأَكَلَا مِنۡهَا فَبَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا
يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ١٢١
ثُمَّ ٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيۡهِ وَهَدَىٰ ١٢٢ قَالَ ٱهۡبِطَا مِنۡهَا
جَمِيعَۢاۖ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى
فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ١٢٣ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن
ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ
أَعۡمَىٰ ١٢٤ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرۡتَنِيٓ أَعۡمَىٰ وَقَدۡ كُنتُ بَصِيرٗا ١٢٥

١١٤ پایەبەرزە ئەوخودایە کە پاوشای ڕاستەقینەیە. تۆش بەرلەوەی ئێمە
پێتی ڕاگەیێنین ،دبۆ [ خوێندنی] ئەمقورئانە پەلەت نەبێ و بێژە: ئەی
پەروەرندەی من! گەشە بەزانستم بدە.
١١٥ بەرلەئێستاش دەگەڵ ئادەم پەیمانن بەست؛ لەبیری کردو پێی نەکرا
پێکی بێنێ.
١١٦ ئەوساش بەفرشتانمان وت: سوژدە لەبەر ئادەم بەرن. هەمۆیان
سوژدەیان بۆبرد مەگین ئیبلیس؛ ئەو لەفەرمان سەرپێچی کرد.
١١٧ گوتمان: ئادەم! ئەمە هەم نەیاری تۆیە، هەم نەیاری ژنەکەتە؛ لەم
بەهەشتەتان دەرنەکاو تۆشی قەرەبەختی ببی.
١١٨ [ هەتا لێرەی] نە قەت ڕۆتی ڕۆت تێدەکا، نە برسێتی؛
١١٩ نە قەت تێیدا تۆنی دەبی، نە تاوان گاز.
١٢٠ شەیتان دنەی خراپەی دا. گوتی: ئادەم! گەرەکتە داری هەرمانت
پێ بڵێم و ئەوی هەتە دوایی نەیە؟
١٢١ ئەوسا هەردوک لەبەری دارەکەیان خوارد. شەرمی خۆیان بۆدەرکەوت؛
خەریک بۆن بەگەڵای بەهەشت خۆداپۆشن. ئادەم لە فەرمانی
پەروەرندەی لای داو، لەڕێ دەرچۆ.
١٢٢ پاشان پەروەرندەی، ئەوی هەڵبژاردو پەژیوانی قبۆڵ کردو ڕێی نیشاندا.
١٢٣ گوتی: هەرتکۆ سەربەرەژێر داخۆزنەژێر؛ سەرلەبەر دژی یەکترین؛ ئەر
لەمن ڕا ڕێنوێنیتان هاتەلا، ئەوسا هەرکەس ڕێگەی منی گرتەبەرێ، ئیتر
نە ڕێ هەڵەدەکا، نە تۆشی نەگبەتی دەبێ.
١٢٤ هەرکەسێکیش بەئامۆژگاری من نەکا، ژینی لەتەنگانەدایەو ڕۆژی
سەڵاش کۆرە لەگۆڕی دەردەخەین.
١٢٥ ئێژێ: ئەی پەروەرندەی من! بۆچی منت بەکوێری زیندۆکردەوە؟ خۆ
من ئەوسا چاوم ساغ بۆن.

---

١١٧-نەیار: دشمن، دوژمن. ١١٩-تاوان‌گاز: تاوبردۆ.
١٢٠-داری هەرمانت... یا: گەرەکتە داری هەرمان و مڵک و ماڵی بێ بڕانەوەت پێ بڵێم؟
١٢٤-ژینی لەتەنگانەدایە یا: ژینێکی دژواری دەبێ. کۆرە: بەکوێری.

قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ وَكَذَٰلِكَ
نَجۡزِي مَنۡ أَسۡرَفَ وَلَمۡ يُؤۡمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦۚ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَشَدُّ
وَأَبۡقَىٰٓ ﴿١٢٧﴾ أَفَلَمۡ يَهۡدِ لَهُمۡ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم مِّنَ ٱلۡقُرُونِ يَمۡشُونَ
فِي مَسَٰكِنِهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ﴿١٢٨﴾ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ
سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامٗا وَأَجَلٞ مُّسَمّٗى ﴿١٢٩﴾ فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ
مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَاۖ
وَمِنۡ ءَانَآيِٕ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡ وَأَطۡرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرۡضَىٰ ﴿١٣٠﴾ وَلَا
تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا
لِنَفۡتِنَهُمۡ فِيهِۚ وَرِزۡقُ رَبِّكَ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ ﴿١٣١﴾ وَأۡمُرۡ أَهۡلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ
وَٱصۡطَبِرۡ عَلَيۡهَاۖ لَا نَسۡـَٔلُكَ رِزۡقٗاۖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكَۗ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلتَّقۡوَىٰ
﴿١٣٢﴾ وَقَالُواْ لَوۡلَا يَأۡتِينَا بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّهِۦٓۚ أَوَلَمۡ تَأۡتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِي
ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ﴿١٣٣﴾ وَلَوۡ أَنَّآ أَهۡلَكۡنَٰهُم بِعَذَابٖ مِّن قَبۡلِهِۦ
لَقَالُواْ رَبَّنَا لَوۡلَآ أَرۡسَلۡتَ إِلَيۡنَا رَسُولٗا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن
قَبۡلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخۡزَىٰ ﴿١٣٤﴾ قُلۡ كُلّٞ مُّتَرَبِّصٞ فَتَرَبَّصُواْۖ
فَسَتَعۡلَمُونَ مَنۡ أَصۡحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِيِّ وَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ ﴿١٣٥﴾

١٢٦ ئێژێ: هەر وەک تۆ نیشانگەل ئێمەت بۆهات و لەبیرەخۆتت بردەوە،
ئەمڕۆش تۆ لەبیردەچیەوە.
١٢٧ هەرکەسێکی بەنیشانگەل پەروەرندەی بڕوانەکاو لەئەندازەی خۆی
لابدا، ئەشێ ئەمدەردەی بدەینێ. دیارە جەزرەبەی دواڕۆژیش توندترو
بەمەوداترە.
١٢٨ مەگەر بۆیان دەرنەکەوتۆە - بەرلەوان - هەر لەوشوێنەی ئەوان پیا
دێن و دەچن، چەندبەرەمان لەناوبردن. هەر لەمەدا بۆ ئەوانەی
بەئاوەزن، زۆربەڵگە هەن.
١٢٩ گەر بەڵێنێک بەرلەئێستا لەپەروەرندەتڕا نەبا، وەختێکیش
دیاری‌نەکرابا، جەزرەبەیان بەسەردەهات.
١٣٠ لەسەر هەرچی ئەوان ئێژن، خۆڕاگربە. [هەمۆدەمان] - پێش
تاوهەڵات، پێش خۆراوا - هەر پەسنی پاکی ئەوبدەو لەبەتڵەکانی
شەوێداو لەهەردوئالی ڕۆژێدا سەرگەرمی سوپاسی ئەوبە، بەشکۆ
بەئاواتت‌بگەی.
١٣١ چاوت مەدە سەر ئەوشتەی کەداومانە بەدەستەگەلێ لەوانە؛ کە ئەمە
هەر خۆشی ژیانی دنیایەو هەر ویستۆمانە بیان‌ئەزمۆین. بژیوی
پەروەرندەی تۆ چاترو بەردەوامترە. ١٣٢ بەکەس‌وکاری‌خۆت بێژە
نوێژان‌بکەن؛ خۆشت وازی‌لێ‌مەهێنە. ئێمە ڕۆزین لەتۆناوێ؛ خۆمان
بژیو بەتۆدەدەین. لەدواییشدا پارێزگاری بەهرەدەدا.
١٣٣ وتیان: ئەی بۆچ بەڵگەیەکی پەروەرندەن بۆناهێنێ؟ ئەدی بەڵگەی
ئاشکرایان لەنۆسراوانی‌پێشۆدا نەهاتەلا؟
١٣٤ ئەگەر ئێمە بەرلەمقورئانە ئەوانمان بەئازارێک لەناوبردبا، دەیانگوت:
ئەی پەروەرینمان! تۆبەر لەوەوا بێچارەو ڕیسوابین، بۆچی
پێغەمبەرێکی خۆت بۆنەناردین، تا بەگوێرەی نیشانەکانی تۆ بکەین؟
١٣٥ بێژە: هەمۆ چاوەنۆڕن، سا ئێوەش هەر چاوەنۆڕبن؛ هەربینا
لێتان حاڵی‌بۆ: کێ ڕێگەی ڕاستی لەبەرەو بۆ شارەزایی لەسەرە.

---

١٣٠- **بەتڵ**: بەشێک لەشەو. **ئالی**: تەرەف، لا. ١٣٤- **گوێرە**: گۆرە، بەرانبەربە.
١٣٥- **یا**: کەرێڕەوانی ڕیگەی راست، کامانەن و کێ لەڕێ شارەزا بۆە.

# سُورَةُ الأَنبيَاءِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِى غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ ١
مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا ٱسْتَمَعُوهُ وَهُمْ
يَلْعَبُونَ ٢ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ ۗ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟
هَلْ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ۖ أَفَتَأْتُونَ ٱلسِّحْرَ وَأَنتُمْ
تُبْصِرُونَ ٣ قَٰلَ رَبِّى يَعْلَمُ ٱلْقَوْلَ فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۖ
وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ٤ بَلْ قَالُوٓا۟ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍۭ بَلِ
ٱفْتَرَىٰهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِـَٔايَةٍ كَمَآ أُرْسِلَ ٱلْأَوَّلُونَ
٥ مَآ ءَامَنَتْ قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَآ ۖ أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ
٦ وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ۖ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ
ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ٧ وَمَا جَعَلْنَٰهُمْ جَسَدًا
لَّا يَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُوا۟ خَٰلِدِينَ ٨ ثُمَّ صَدَقْنَٰهُمُ
ٱلْوَعْدَ فَأَنجَيْنَٰهُمْ وَمَن نَّشَآءُ وَأَهْلَكْنَا ٱلْمُسْرِفِينَ ٩
لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ١٠

# ئەنبیاء

٢١٢ ئایەت

وەناوخوداکەی لەھندەوەکلوڤانە

١ خەڵک ئاگایان لێ نیە، ڕۆژی ژماریان نزیکەو هەر باوەڕیش ناکەن هەیێ.
٢ هەر پەندێکی تازەیان لە پەوەرێنیانەوە بۆبێ، دەی بیسن و گورجێ
دەیکەنە گاڵتەجاڕ؛
٣ دڵ خافڵن. ئەوانەش ناهەقیان کرد، بەسرتەسرتەوە گوتیان: ئاخۆ ئەمەش
مرۆیەک وەک خۆتان نیە؟ دەی چۆن ئێوە بەجادوۆ دەسخەرۆدەبن کە
بەچاوی خۆ دەبینن؟
٤ گوتی: پەروەرندەکەی من، لەهەر قسێ لەعەرزو عاسمانان بکرێ،
ئاگادارەو هەر خۆی بیسەرو زانایە.
٥ گوتیان: خەونەدرۆزنەیە؛ نەخێر خۆی هەڵی بەستوە؛ دەشبێ هەر خۆی
شاعرێک بێ. دەسا با نیشانەییێکمان نیشان بدا، وەک پێغەمبەرانی پێشۆ.
٦ بەرلەوانیش ئەوشارانەی قڕمان کردن، هەر بڕوایان نەهێنابۆ؛ ئاخۆ ئەمان
بڕوادەکەن؟
٧ ئەومێرانەی بەرلەتۆش ڕامان سپاردۆن - هەر وەکو تۆ - ئێمە وڵامان
بۆناردن. سا ئەگەر ئێوە نازانن، لە خاوەن کتێبان پرسن.
٨ هیچ لەشی واشن پێ نەدان کە هیچ نەخۆن و نەمربن.
٩ پاشان هەمۆبەڵێنێکی - کە پێن دابۆن - بەجێن هێنا؛ کە ئەوانیش و
هەرکەسیش خۆمان ویستمان نەجاتن دان؛ هەڵەڕۆشمان
قڕان تێ خست.
١٠ ئەوا ئێمە کتێبێکمان بۆئێوە ناردۆتە خوارێ، باسی ئێوەشی تێدایە. چیتانە
کە هەر تێ ناگەن؟

---

٣-**دەسخەرۆ**: فریودراو، خەڵەتاو. ٧-**وڵام**: پەیام، راسپێری.

٨-«**نەمربن**» یا: تەمەنی بێ بڕانەوەشیان هەرنەبۆ.

وَكَمۡ قَصَمۡنَا مِن قَرۡيَةٖ كَانَتۡ ظَالِمَةٗ وَأَنشَأۡنَا بَعۡدَهَا قَوۡمًا
ءَاخَرِينَ ﴿١١﴾ فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأۡسَنَآ إِذَا هُم مِّنۡهَا يَرۡكُضُونَ ﴿١٢﴾
لَا تَرۡكُضُواْ وَٱرۡجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتۡرِفۡتُمۡ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ
تُسۡـَٔلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿١٤﴾ فَمَا زَالَت تِّلۡكَ
دَعۡوَىٰهُمۡ حَتَّىٰ جَعَلۡنَٰهُمۡ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴿١٥﴾ وَمَا خَلَقۡنَا
ٱلسَّمَآءَ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿١٦﴾ لَوۡ أَرَدۡنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهۡوٗا
لَّٱتَّخَذۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٧﴾ بَلۡ نَقۡذِفُ بِٱلۡحَقِّ
عَلَى ٱلۡبَٰطِلِ فَيَدۡمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٞۚ وَلَكُمُ ٱلۡوَيۡلُ مِمَّا تَصِفُونَ
﴿١٨﴾ وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَنۡ عِندَهُۥ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ
عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسۡتَحۡسِرُونَ ﴿١٩﴾ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ
لَا يَفۡتُرُونَ ﴿٢٠﴾ أَمِ ٱتَّخَذُوٓاْ ءَالِهَةٗ مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ هُمۡ يُنشِرُونَ
﴿٢١﴾ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَرۡشِ
عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ لَا يُسۡـَٔلُ عَمَّا يَفۡعَلُ وَهُمۡ يُسۡـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ أَمِ
ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗۖ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡۖ هَٰذَا ذِكۡرُ مَن مَّعِيَ
وَذِكۡرُ مَن قَبۡلِيۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡحَقَّۖ فَهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٢٤﴾

١١ چەند باژێڕیشمان وێرانکرد؛ چونکە ئەوانەی تیابوُن، ستەمکاربوُن؛
لەپاش ئەوان خەڵکیترمان لێ دامەزراند.
١٢ هەر پێ حەسیان کەئێمە بەگژیان دادێین، لەپڕێکدا لەئاوایی ڕایان دەکرد.
١٣ ئێوە رامەکەن و بگەڕێنەوە سەر خۆشگوزەرانی خۆتان و ماڵەکانتان؛ بەڵکۆ
پرسیارتان لێ بکرێ.
١٤ وتیان: هەی ماڵ‌ویران خۆمان! دیارە کە ئێمە ناهەق بوُین.
١٥ هەر دەربارەی ئەمە دەدوان، تا بەدەردی ساقەتەی دوُراومان بردن و
دان مرکاندن.
١٦ ئێمە ئاسمان و زەوین و هەرچی لەناو ئەواندایە بۆ لەیستۆک دروس نەکرد.
١٧ ئەگەر ئێمە گەرەکمان با لەیستۆکێک هەڵبژێرین، هەرلای خۆمان
هەڵمان دەبژارد. ئەگەر بمانویستایە ئەوکارە بکەین [ هەر دەمانکرد].
١٨ نەخێر، ئێمە گەرەکمانە پڕوپوُچ لەبەین بچێت و ڕاستی جێگەی
بگرێتەوە. واوەیلا هەر بۆ ئێوەیە لەوباسی خوداکردنەو.
١٩ هەرچی لەعاسمانەکان و زەوی دایە، سەربەخوایە؛ ئەوانەش کە
لەلای ئەون، لەپەرستنی بەفیزنین؛ فلیش نابن. ٢٠ بەشەوو ڕۆژ هەر
پاکانەی خوادەکەن؛ سستی نازانن. ٢١ ئاخۆ ئەوان خواگەلێکیان
لەمسەرهەردە دەسکەوتوە، مریان لەگۆڕان وەژیەنێن؟ ٢٢ ئەر
لەئاسمان و زەویدا - بێژگەلەخوا - خواگەلێکی تربوُنایا، بێ شک
هەردوُکیان تێک دەچوُن. خودای پەروەرێنی تەخت، زۆر پاکترە لە
هەرچی ئەوان بۆی دەڵێن. ٢٣ چی ئەو بیکا ناشێ پرسیاری لێ بکری و
ئەوانن کە بەرپرسیارن. ٢٤ ئاخۆ ئەوان - لەغەیرەزخوا - خوداگەلێکیان
بۆخۆیان دیوەتەوە؟ بێژە: بەڵگەی خۆتان بێنن؛ ئەمە پەندە بۆئەوانەی
دەگەڵ مندان؛ بۆئەوانەش کە پێش من بوُن. بەڵام ئەوان - زوربەی
زۆریان - لەڕاستی سەریان دەرناچێ و لێی نەبانن.

---

**١٥- دوُراو:** دروێنەکراو. **١٦- لەیستۆک:** لەیزتۆک، ئامرازی گەمە. **١٨- یا:** نەخێر، راستی بەرەو ناهەق دەهاوێژن، هەتا تێکی بشکێنێت و لەبەین بچێ. **١٩- فل:** ماندوُ. **٢١- وەژیەنێن:** زیندوبکەنەوە.
**٢٢- هەردوُکیان**، یانێ ئاسمان و زەوی.

وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ
إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۚ
بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ وَهُم
بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ ﴿٢٧﴾ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ
وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ
﴿٢٨﴾ ۞ وَمَن يَقُلۡ مِنۡهُمۡ إِنِّيٓ إِلَٰهٞ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجۡزِيهِ
جَهَنَّمَۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ
أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا
مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٣٠﴾ وَجَعَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ
رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمۡ وَجَعَلۡنَا فِيهَا فِجَاجٗا سُبُلٗا لَّعَلَّهُمۡ
يَهۡتَدُونَ ﴿٣١﴾ وَجَعَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ سَقۡفٗا مَّحۡفُوظٗاۖ وَهُمۡ عَنۡ
ءَايَٰتِهَا مُعۡرِضُونَ ﴿٣٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ
وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ﴿٣٣﴾ وَمَا جَعَلۡنَا لِبَشَرٖ مِّن قَبۡلِكَ
ٱلۡخُلۡدَۖ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلۡخَٰلِدُونَ ﴿٣٤﴾ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ
ٱلۡمَوۡتِۗ وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةٗۖ وَإِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ﴿٣٥﴾

٢٥ بەرلەتۆش ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان نارد، رامان سپارد، کە: هیچ پەرستیوێک بەغەیرەز من نیەو هەر تەنیا من بپەرستن.
٢٦ وتیشیان: خودا ڕۆڵەی هەس. نەخێر؛ ئەوانەعەبدانی ڕێزگیراون، خودا لەوشتانە پاکە.
٢٧ لەقسە پێشی ناکەون و هەر بەپێ فەرمانی ئەویش دەجوڵنەوە.
٢٨ لەوەی کە ئێستا دەیکەن و لەوەش کەوا کردویانە، ئاگادارەو هەرکەسێ خۆی ڕازی نەبێ، ناتوانن تکای بۆبکەن؛ وای لێ دەترسن، دەلەرزن.
٢٩ هەرکێ لەوان بێژێ: منیش خودایەکم بەغەیرەز ئەو؛ سزای ئەوکەسە دۆژەهەو هەر بەم جۆرەش خوانەناسان سزادەدەین.
٣٠ ئاخۆ خودانەناسان ئەمە نازانن، کە عاسمانەکان و زەمین یەکپارچەبوُن، ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن. هەرجانەوەرێکیش هەیە، لەئاومان بەرهەم هێناوە؟ ئاخۆ هێشتا باوەڕناکەن؟
٣١ لەسەر زەویش کەژوکۆمان وەدی هێنا، نەوەکا وەیان لەرزێنێ و چەند ڕێبازمان لێ پێک هێنا بەڵکو ئەوان شارەزابن.
٣٢ ئاسمانیشمان کردەمیچێکی پارێزراو؛ کەچی ئەوان لەوگش نیشانانەی تێیدان، خۆدەبوێرن.
٣٣ هەر خۆیەتی شەوو ڕۆژو خۆرو هەیڤی دروستکردو هەریەک لە شوێنی خۆیاندا مەلەدەکەن.
٣٤ وامان نەکرد هیچ مرۆیەک بەرلەتۆ هەبێ و نەمرێ. ئاخر چۆن ئەگەر تۆ بمری، ئەوانە تاسەر دەمێنن؟
٣٥ هەمۆگیانێک تامی مردن هەر دەچێژێ. بەخراپەو بەچاکەبێ، بەتاقیتان دەکەینەوەو هەر دەوهێننەوە لای خۆمان.

---

٢٦- نیاز لە **ئەوانە**، فریشتەکانن؛ کە بڕێک بەفرزەندی خوایان دەزانین.

وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا
أَهَٰذَا ٱلَّذِي يَذۡكُرُ ءَالِهَتَكُمۡ وَهُم بِذِكۡرِ ٱلرَّحۡمَٰنِ
هُمۡ كَٰفِرُونَ ٣٦ خُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ مِنۡ عَجَلٖۚ سَأُوْرِيكُمۡ
ءَايَٰتِي فَلَا تَسۡتَعۡجِلُونِ ٣٧ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ
إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٣٨ لَوۡ يَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ حِينَ
لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمۡ وَلَا
هُمۡ يُنصَرُونَ ٣٩ بَلۡ تَأۡتِيهِم بَغۡتَةٗ فَتَبۡهَتُهُمۡ فَلَا
يَسۡتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ٤٠ وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ
بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ
يَسۡتَهۡزِءُونَ ٤١ قُلۡ مَن يَكۡلَؤُكُم بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ مِنَ
ٱلرَّحۡمَٰنِۗ بَلۡ هُمۡ عَن ذِكۡرِ رَبِّهِم مُّعۡرِضُونَ ٤٢ أَمۡ
لَهُمۡ ءَالِهَةٞ تَمۡنَعُهُم مِّن دُونِنَاۚ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَ
أَنفُسِهِمۡ وَلَا هُم مِّنَّا يُصۡحَبُونَ ٤٣ بَلۡ مَتَّعۡنَا هَٰٓؤُلَآءِ
وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡعُمُرُۗ أَفَلَا يَرَوۡنَ أَنَّا نَأۡتِي
ٱلۡأَرۡضَ نَنقُصُهَا مِنۡ أَطۡرَافِهَآۚ أَفَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ٤٤

٣٦ هەرکاتێ خوانەناسەکان تۆ دەبینن، گاڵتەی خۆیان بەتۆدەکەن: ئاخۆ ئەمە باسی بتەکانۆ دەکا؟ کەچی خۆشیان لەیادی [خودای] دەهندە حاشادەکەن.
٣٧ مرۆ لەپەلە چێبوە. هەربینا زۆ نیشانانیخۆم نیشاندان؛ ئیتر هیچ پەلەم لێ مەکەن.
٣٨ ئێژن: ئەگەر بەڕاستانە، دەی کەی ئەمبەڵێنەو پێکدێ؟
٣٩ ئەگەر ئەوخوانەناسانە ئاگاداربان لەورۆژەی کە قەت ناتوانن ئاگر لەسەر سەروچاویانو لەپشتیان وەلادەنو کەسیش دەهانایاننایە، [ئیتر ئاوایان نەدەکرد].
٤٠ لەپڕ تێیانهەڵدەگەڕێو تۆشی واقوڕمانیان دەکا؛ ناتوانن خۆی لێلادەنو هیچ مۆڵەتیشیان پێنادەن.
٤١ ئەوگاڵتانە بەپێغەمبەرانی بەرلەتۆش هەر کراوە. جا ئەوسا گاڵتەجارەکان، سزای ئەوگاڵتەی دەیانکرد، دەوریگرتن.
٤٢ بێژە: کێیە - بەشەووڕۆژ - ئێوە لە [ئازاری] خودا بپارێزێ؟ نەخێر، ئەوان لەیادی پەروەرندەیان خۆدەبوێرن.
٤٣ یاخۆ ئەوان - غەیرەزئێمە - خواگەلێکی تریان هەیە، لەبەڵایان بپارێزن؟! [ئەو خواگەلە] یاریدەی خۆشیان پێنادرێو ئێمەش پەنایان پێنادەین.
٤٤ بەڵکو ئێمە کارێکمان کرد کە ئەوانو بابو باپیرانی وانیش رایببوێرن، هەتاوەکۆ تەمەنی زۆریان بردەسەر. ئەدی ئەوەندە نازانن ئێمە دێینو ئەمزەمینە - لە هەمۆلا - هەروا لێی کەمدەکەینەوە؟ ئاخۆ هەر خۆیان لەسەرن؟

---

٣٧- چێبوە: دروسبوە. هەربینا: بەوزوانە؛ لەنەکاو. ٤٠- واقوڕمان: گێژومەنگبۆن.

قُلْ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلْوَحْيِ ۚ وَلَا يَسْمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا
مَا يُنذَرُونَ ﴿٤٥﴾ وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ
لَيَقُولُنَّ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٤٦﴾ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ
ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ
مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ
﴿٤٧﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً وَذِكْرًا
لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٨﴾ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَهُم مِّنَ
ٱلسَّاعَةِ مُشْفِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَهَٰذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَٰهُ ۚ أَفَأَنتُمْ لَهُۥ
مُنكِرُونَ ﴿٥٠﴾ ۞ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا
بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ
أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴿٥٣﴾
قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٥٤﴾ قَالُوٓا۟
أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ
﴿٥٦﴾ وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٥٧﴾

٤٥ بێژە: من هەر بەو فەرمانەی بۆم هاتوە، دەوترسێنم. بەڵام بانگ بەگوێی
کەڕانداو ترساندنیان بەهرەی نیە؟
٤٦ خۆ ئەگەر هەر سۆزەیەکیان لەئازاری پەروەرندەت وەلەش کەوی، ئێژن:
ئەی هاوارە لەمە، ئێمە هەر لەسەر ناهەق بوین.
٤٧ رۆژی قیامەت چەندین تەرازوی بەرانبەر وەکاردەخەین. ئەوسا بەقەد
سەنگی تۆمی وردیلەی دانەخەردەلیش دەخەینەڕوو ناهەقی لەکەس
ناکریّ. ئەوسا بەسە کە هەر خۆمان پیّ ڕادەگەین.
٤٨ دیارە ئێمە هۆی هەڵاوردنمان دا بەمۆساو هارۆن؛ کە ڕۆشنیو
بیرەوەری تێدایە بۆخۆپارێزان.
٤٩ ئەوکەسانەی کە بەنهێنی لەپەروەرندەی خۆیان دەترسنو لەسەڵا ڕابوّن
دەلەرزن.
٥٠ ئەمەش پەندێکی پیرۆزە کە ناردومانەتە خواریّ. ئاخۆ ئێوە خۆتانی
لیّ نەبان دەکەن؟
٥١ لەمەوبەریش ئیبراهیممان لەکاران شارەزاکردو هەمیشە لێی بەئاگابوین.
٥٢ لەودەمەدا کە بەئاپیو هۆزەکەی گوت: ئەم کۆتەڵانە چکارەن کە ئێوە
دەیانپەرستن؟
٥٣ گوتیان: باڤ و کاڵی ئێمەش هەر ئەمانەیان دەپەرست.
٥٤ گوتی: ئەگەر ڕاستودەویّ، دیارە باب و کاڵی ئێوەش هەر وەکو خۆتان
گومڕابوّن.
٥٥ گوتیان: ئاخۆ ڕاستێکت بۆهاوردگین، یان هەر گاڵتەمان پێدەکەی؟
٥٦ گوتی: پەروەرندەی ئێوە، پەروەرندەی ئاسمانەکانو زەمینە؛ کە خۆی
دروستیکردونو منیش وێڕای شایەتانم.
٥٧ سوێند بەخودا، هەر ئێوە پشت بکەنەوەو لێرە لاچن، دەبیّ گەڕێک
دەوبتانەو بهاڵێنم.

---

٥٢- **کۆتەڵ:** پەیکەر، هەیکەل. ٥٧- **گەڕتیّ هاڵاندن:** تەشقەڵەپێکردن، شەڕپیّ فرۆشتن.

فَجَعَلَهُمۡ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرٗا لَّهُمۡ لَعَلَّهُمۡ إِلَيۡهِ يَرۡجِعُونَ
٥٨ قَالُواْ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٩
قَالُواْ سَمِعۡنَا فَتٗى يَذۡكُرُهُمۡ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبۡرَٰهِيمُ ٦٠ قَالُواْ فَأۡتُواْ بِهِۦ
عَلَىٰٓ أَعۡيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡهَدُونَ ٦١ قَالُوٓاْ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ
هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ٦٢ قَالَ بَلۡ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمۡ
هَٰذَا فَسۡـَٔلُوهُمۡ إِن كَانُواْ يَنطِقُونَ ٦٣ فَرَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ
أَنفُسِهِمۡ فَقَالُوٓاْ إِنَّكُمۡ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٦٤ ثُمَّ نُكِسُواْ عَلَىٰ
رُءُوسِهِمۡ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ٦٥ قَالَ
أَفَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا
يَضُرُّكُمۡ ٦٦ أُفّٖ لَّكُمۡ وَلِمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ أَفَلَا
تَعۡقِلُونَ ٦٧ قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ إِن كُنتُمۡ
فَٰعِلِينَ ٦٨ قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ ٦٩
وَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيۡدٗا فَجَعَلۡنَٰهُمُ ٱلۡأَخۡسَرِينَ ٧٠ وَنَجَّيۡنَٰهُ
وَلُوطًا إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَا لِلۡعَٰلَمِينَ ٧١ وَوَهَبۡنَا
لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ نَافِلَةٗۖ وَكُلّٗا جَعَلۡنَا صَٰلِحِينَ ٧٢

٥٨ گشتی تیکەتیکەکردن، بتە مەزنەکەیان نەبێ؛ بەشکوٚ بێنەوە بوٚ لای ئەو.
٥٩ گوتیان:ئاخوٚ کێ ئەمکارەی بەسەرخواکانمان هێناوە؟دیارە لە ناهەقان بوە.
٦٠ گوتیان: ئێمە بیستومانە لاوێک دەربارەیان دەدوا؛ کە ناویشی ئیبراهیمە.
٦١ گوتیان: بیهێنن با خەڵکیش چاویان لێ بێ ، شایەت ئەوانیش شایەت بن.
٦٢ گوتیان: ئاخوٚ ئەی ئیبراهیم! توٚ ئەمکارەت دەربارەی بتەکانمان کرد؟
٦٣ گوتی: نەخێر، گەورەکەیان ئەمکارەیکرد؛ دەئەوەتانێ لێیپرسن، ئەگەر دەتوانن پەرسڤتان بدەنەوە.
٦٤ زوٚر بەخوٚداشکانەوەو ئەوسا گوتیان: دیارە خوٚتان ستەمکارن .
٦٥ پاشان سەری خوٚیان داخست: خوٚت دەتزانی کە ئەمانە قسەناکەن.
٦٦ گوتی: ئاخوٚ - غەیرەزخودا- ئێوە شتێ دەپەرستن کە نە هیچ بەهرەو پێدەدەن، نە زیانیشولێدەدەن؟
٦٧ بێزم لەئێوە هەستاوەو لەوشتانەش کە بەغەیرەزخودانو دەیانپەرستن. بوٚ تێناگەن؟
٦٨ گوتیان: ئەگەر لەدەستوٚدێ، بیسوٚتێنن و خوداکانوٚ یاریبدەن.
٦٩ گوتمان: ئاگر! دەبێ ساردو بێزیان بی بوٚ ئیبراهیم.
٧٠ ویستیان تەشقەڵێکی پێبکەن، زوٚر زیانبارترمانکردن.
٧١ ئێمە ئەویش و لوٗتیشمان بەرەو ئەوعەرزە نەجاتدا کە بوٚ هەموٗ خەڵکی دنیا پیت و پیروٚزیمان پێدا.
٧٢ ئیسحاقیشمان هەر پێبەخشیو یەعقوٗبیش زێدەبەشیبێو هەموٗمان کردن بەمێرخاس.

---

٦٧-بێزهەستان: بێزاربوٗن.	٧٢-مێرخاس: پیاوچاک.

وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِمْ فِعْلَ
ٱلْخَيْرَٰتِ وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا
عَٰبِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ
ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ۗ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ
فَٰسِقِينَ ﴿٧٤﴾ وَأَدْخَلْنَٰهُ فِى رَحْمَتِنَآ ۖ إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
﴿٧٥﴾ وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَنَجَّيْنَٰهُ
وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٦﴾ وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ
ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ
أَجْمَعِينَ ﴿٧٧﴾ وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِى ٱلْحَرْثِ إِذْ
نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَٰهِدِينَ ﴿٧٨﴾
فَفَهَّمْنَٰهَا سُلَيْمَٰنَ ۚ وَكُلًّا ءَاتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَسَخَّرْنَا
مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ ۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿٧٩﴾
وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ ۖ
فَهَلْ أَنتُمْ شَٰكِرُونَ ﴿٨٠﴾ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِى بِأَمْرِهِۦٓ
إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا ۚ وَكُنَّا بِكُلِّ شَىْءٍ عَٰلِمِينَ ﴿٨١﴾

۷۳ کردیشمانن بەپێشەوا - کە هەر بەفەرمانی ئێمە - شارەزایی مەردم
بکەن و بەهەمۆشیانمان ڕاگەیاند لەکاری چاک نەوێستن و نوێژبکەن و
زەکات بدەن و، گشتیان ئێمەیان دەپەرست.
۷۴ لۆتیشمان فێری کارزانی و زانستی کرد. رزگاریشمان کرد لەوشارەی
بێ نامۆسی تێدادەکرا. خەڵکی ئەوێ کۆمەڵێکی خراپی لەڕێ لادەربۆن.
۷۵ وەبەر بەزەیی خۆشمان خست. ئەویەکێ لە پیاوچاکان بۆ.
۷۶ نۆحیش هەر وەبیربێنەوە کە لەوەپێش گازی کردین، ئێمە بەدەنگیەوە
هاتین؛ خۆی و کەس وکارەکەیمان لەبەڵای گەورە نەجات دا.
۷۷ لەبەرانبەر هۆزەکەیدا - کەنیشانانی ئێمەیان بەدرۆزمارد - فریای
کەوتین. گەلێکی گەلێک بەدفەڕبۆن؛ هەمۆمان بەئاو خنکاندن.
۷۸ لەداوۆدو سولەیمانیش باسێک بکە، کە بەسەر کێشەی کێڵگەیەک
ڕاگەیشتن، ئەوسا کە ئاژەڵی گەلێک - کاتی شەوێ - پێی وەربۆن.
ئێمە ئاگان لەپێ ڕاگەینەکەیان بۆ.
۷۹ سولەیمانمان تێگەیاند کە دەبێ چبکا؛ بەهەردوکان کارزانی و زانستیمان
داو کێوەکان و مەلانیشمان کەوی کرد کەوێڕای داوود، هەر پەسندی
خودا بدەن؛ ئەم کارەش لەئێمەڕابۆ.
۸۰ فێریشمان کرد زرێتان بۆ دروس بکا، تا لەشەڕدا بۆپارێزێ. ئاخۆ ئێوە
شوکرێ دەکەن؟
۸۱ بۆسولەیمان بای بەهێزمان دەستەمۆکرد، کە بەفەرمانی بگاتە ئەو
زەمینەی ئێمە پیتمان تێ خستوەو ئێمە لەمەڕ هەمۆشتێک ئاگاداربۆین.

---

**۷۸-وەربۆن:** بەکۆمەڵ خەریکی کارێک بۆن.

وَمِنَ ٱلشَّيَـٰطِينِ مَن يَغُوصُونَ لَهُۥ وَيَعۡمَلُونَ عَمَلٗا
دُونَ ذَٰلِكَۖ وَكُنَّا لَهُمۡ حَٰفِظِينَ ﴿٨٢﴾ ۞ وَأَيُّوبَ إِذۡ
نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٨٣﴾
فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ
وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ ﴿٨٤﴾
وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِدۡرِيسَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ
﴿٨٥﴾ وَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ فِي رَحۡمَتِنَآۖ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
﴿٨٦﴾ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ
فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي
كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ
مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾ وَزَكَرِيَّآ
إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ
﴿٨٩﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا
لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ
وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾

٨٢ لەشایەتینیش بازێکیان بۆئەو دەچوُنە بنئاویّ و کاری تریشیان بۆدەکرد.
هەرئێمەش دەمانپاراستن.
٨٣ یادیّ لەئەیوبیش بکە؛ کاتێ کەگازی لەپەروەرندەی خۆیکرد، کە: توُشی
مەینەتیّ هاتوُم، ئەتۆش لەهەموُدڵسۆزان دڵسۆزتری.
٨٤ نزامان لیّ قبوُڵ کردو وەزەنمان لەسەر لابردو خێزانەکەیمان پێداوەو
هێندەیتریش وێڕای ئەوان. بەزەیی بیّ لەئێمەوەو پەندێکیش بیّ
بۆئەوانەی کە هەر ئێمە دەپەرستن.
٨٥ [یادیش بکە لە] ئیسماعیلو [لە] ئیدریسو زەلکیفل؛ کەهەموُیان
لەدەستەی خۆڕاگران بوُن.
٨٦ وەبەر بەزەیخۆمان خستن، کە ئەوان لەپیاوچاکان بوُن.
٨٧ ماخۆی ماسیش بێنەوەبیر؛ ئەوسا بەتوُڕەیی ڕۆیو هەر پێیوابوُ ئێمە
دەرۆستی ئەو نایەین؛ تا لەناو تاریکاییدا هاواریکرد: لەغەیرەز تۆ
هیچ‌خودایەکی شک‌نابەم، پاکیو بیّ‌عەیبی بۆتۆیە، من لەڕێزەی
ناهەقان‌بوُم.
٨٨ سا دەهانای ئەویش هاتین، لەخەمەکەمان رزگارکرد. ئێمە ئاوا
باوەڕداران رزگاردەکەین.
٨٩ باسێکی زەکەریاش بکە، کە هاواریبردە بەرپەروەرندەی خۆی:
پەروەرندەم! هەر بەتەنێم مەهێڵەوەو تۆ باشترین‌کەسێکی کە هەر
دەمێنی.
٩٠ نزامان لیّ‌قبوُڵ‌کردو یەحیامان بەبەخشش‌دایەو ژنەکەیمان چاک‌کردەوە.
ئەمان لەکاری چاکەدا بەهەڵپەبوُن؛ بەهومێدو بەترسەوە لەبەرمان
دەپاڕانەوەو لەحاند ئێمە لارەمل‌بوُن.

---

**٨٤- وەزەن:** تازار. **٨٧- ماخۆ:** خاوەن.

وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا
وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩١﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ
أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٩٢﴾
وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ كُلٌّ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ ﴿٩٣﴾
فَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا كُفۡرَانَ
لِسَعۡيِهِۦ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ ﴿٩٤﴾ وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ
أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ﴿٩٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ
يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾
وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا
ظَٰلِمِينَ ﴿٩٧﴾ إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ
ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ لَوۡ كَانَ
هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةٗ مَّا وَرَدُوهَاۖ وَكُلّٞ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٩٩﴾
لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَهُمۡ فِيهَا لَا يَسۡمَعُونَ ﴿١٠٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ ﴿١٠١﴾

٩١ ئەوپیرەکەش کە وا شەرمی خۆی دەپاراست، ئێمە بەهۆی ڕۆحی خۆمان
فوومان تێکرد؛ خۆی و کوڕەکەی ئەویشمان کردەنیشانەی ئاشکرا بۆ هەمۆ
خەڵکی دنیایە.
٩٢ ئەمە ئایینی ئێوەیەو یەک ئایینە. منیش پەروەرندەی ئێوەم، ئەشێ هەر
من بپەرستن.
٩٣ ئەمانە کارەکەی خۆیان لەناوخۆیاندا بەش بەش کرد. سەرلەبەریشیان
بۆلای مە وەدەگەڕێن.
٩٤ هەرکەسێکی لەکاری چاکە خەریک بێ و بەباوەڕبێ، تەقالای بە
فیڕۆناچێ و دیارە ئێمە بۆی دەنۆسین.
٩٥ هەرشارێ کە قڕمان تێ خست، تازە ناشێ بەرەودوا بگەڕێنەوە.
٩٦ هەتا ئەوسا درگا لەئاجۆج باجۆجان دەکرێتەوەو لەهەمۆشوێنی بەرزەوە
دادەگەڕێن.
٩٧ بەڵێنە راستەکەش نزیک ببێتەوە، ئەوسا - لەپڕ - چاوی خودانەناسەکان
دەردەپەڕی و ئێژن: واوەیلا لەخۆمان، ئێمە لەوە بێ ئاگابۆین؛ نەخێر
[ئاگاشیان پێدابۆین] بەلام خۆمان ناهەقیمان لەخۆمان کرد.
٩٨ ئێوە وێڕای ئەوانەی - لەغەیرەزخودا - دەوپەرستن، گش ئێزنگی
جەهەندەمن و هەر دەبێ بچنەناویەوە.
٩٩ ئەگەر ئەوپەرستیوانە [وەک خۆیان ئێژن] خوابۆنا، دیارە نەدەچۆنە ناوی.
ئێستا هەمۆ - تاهەتایە - هەر لەوێدان.
١٠٠ لەوێ هەنیسکان دەدەن و هیچ نابیسن.
١٠١ ئەوکەسانەی لەپێشۆدا بڕیارن دا کە چاکەیان دەگەڵ دەکەین، ئەوان
لەدۆژەه بەدۆرن.

---

**٩١-پیرەک:** ژن. **٩٨-ئێزنگ:** داری سوتان.

لَا يَسۡمَعُونَ حَسِيسَهَاۖ وَهُمۡ فِي مَا ٱشۡتَهَتۡ أَنفُسُهُمۡ
خَٰلِدُونَ ١٠٢ لَا يَحۡزُنُهُمُ ٱلۡفَزَعُ ٱلۡأَكۡبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا يَوۡمُكُمُ ٱلَّذِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ
١٠٣ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ كَمَا
بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ
١٠٤ وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ
يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ١٠٥ إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَٰغٗا
لِّقَوۡمٍ عَٰبِدِينَ ١٠٦ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ
١٠٧ قُلۡ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ
فَهَلۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٨ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ ءَاذَنتُكُمۡ
عَلَىٰ سَوَآءٖۖ وَإِنۡ أَدۡرِيٓ أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٞ مَّا تُوعَدُونَ ١٠٩
إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا تَكۡتُمُونَ
١١٠ وَإِنۡ أَدۡرِي لَعَلَّهُۥ فِتۡنَةٞ لَّكُمۡ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ١١١ قَٰلَ
رَبِّ ٱحۡكُم بِٱلۡحَقِّۗ وَرَبُّنَا ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ١١٢

## سُورَةُ الحَجِّ

١٠٢ کڵپەی کڵی جەهەندەمیان گوێ لێ نابێ و هەرچی ئارەزوی دڵیانە - هەتاهەتا - هەر هەیانە.
١٠٣ ترسە هەرەگەورەکە خەمباریان ناکا. فرشتانیش تۆشیان دەبن: ئەوا ئەمرۆ ئەورۆژەیە کە بەڵێنتان پێدرابو.
١٠٤ رۆژێ کە ئێمە ئاسمانێ لەچەشنی تۆماری قاقەز بۆنوسینێ، هەڵدەپێچین. هەر وەک پێشوُ دروسمان کرد، دیسان سازی دەکەینەوە. بەڵێنێکە لە ئێمەوەو هەر دەشی کەین.
١٠٥ لەزەبوُردا، - کە لەپاش تەورات بوُ - نوُسین: ئەم زەمینە هەر بۆ عەبدەهێژاکانی مە دەمێنێ.
١٠٦ دیارە لەمانەدا بانگەوازێک هەیە بۆگەلی خوداپەرستان.
١٠٧ ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە بەزەیی و چاکەیەک بی بۆ هەموُخەڵکی دنیایە.
١٠٨ بێژە: من هەر پێم ڕادەگەیەنرێ بێژم: خواتان یەکە. ئاخۆ ئێوە دەی سەلمێنن؟
١٠٩ ئەگەر ڕوُیان لێ وەرگێڕای، بێژە: وا من بەگشتانم ڕاگەیاند، بەبێ جیاوازی؛ ناشیزانم ئەوی بەڵێنوُ پێدراوە، زوُ دێتەجێ یان ماوەیەک دەخایەنێ.
١١٠ هەرقسێکی بەئاشکرا بیدرکێنن یا وەیشێرن، ئەو دەیزانێ.
١١١ ناشیزانم، شایەت ئەمە لەمەڕ ئێوە ئەزموُنێک بێ و هەتا ماوەی دیاری کراو ڕای ببوێرن.
١١٢ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! تۆ چوُن ڕاستە [بەکاری ئێمە] ڕابگەو، پەروەرێنمان خودای ڕۆزی دەهەندەیەو دەربارەی وتاری ئێوەش هەر لەو یارمەتی دەخوازین.

## حەج

٧٨ ئایەت

---

**١٠٥-نوُسین:** نوُسیمان.

**١٠٦-لەمانەدا:** هێمایە بۆئەوپەندو فەرمانانە کە لەم سوُرەتەدان.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ
عَظِيمٞ ١ يَوۡمَ تَرَوۡنَهَا تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ عَمَّآ
أَرۡضَعَتۡ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ
سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ
٢ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّبِعُ كُلَّ
شَيۡطَٰنٖ مَّرِيدٖ ٣ كُتِبَ عَلَيۡهِ أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ
وَيَهۡدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ٤ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي
رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ
مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ
وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ
طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ
وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ
بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا
ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ٥

## بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ ئەی خەڵکینە! لەپەروەرندەو بترسن، بۆمەلەرزەی ڕۆژی سەلا ڕوداوێکی زۆرگرینگە.

٢ ڕۆژێ چاوتان پێدەکەوێ، گ شیردەرێک شیرەخۆرەی لەبیردەچێ و هەرچی تۆلی لەزگدایە بەرداوێژێ. وادەزانن هەمۆ ئەوخەڵکە سەرخۆشن؛ خۆ مەستیش نین، بەڵام ئازار لەخوداوە زۆر دژوارە.

٣ هێندێ کەس هەن، بەبێ ئەوە هیچ تێگەیبن کێشەی لەمەڕ خوا دەکەن و دەکەونە دوی هەموشەیتانێکی بەدفەڕ.

٤ بۆشەیتان بڕیاردراوەو بۆی نۆسراوە، کە هەرکەس ببێتەدۆستی، دیارە ئەو لەڕێ لای دەداو بەرەو ئازاری ئاگری بەڕێ دەکا.

٥ ئەی خەڵکینە! ئەگەر لەزیندوبۆنەوە بەگومانن، سا بزانن ئێمە ئێوەمان دروس کرد، هەوەڵ لەئاخ، پاشان لە تنۆکەیێک و پاشان لەجەڵتەخوێنێک و پاشان لەپلەگوشتێکی بیچمپێدراو، یان پێ نەدراو، تا پێتانی بسەلمێنین. چیمان بوێ تا ماوەیەک دەخەینە ناوپزدانەوەو پاشان بەساوایی دەوهێنینەدەرێ؛ ئەوسا [ماوەتان پێدەدەین] هەتا دەگەنە توانایی. هێندێ لەئێوە دەمرن و هێندێکتان دەخرێنەپیری و کەلەلایی، هەتا هەرچی دەیزانێ لەبیری بکا. ئەمزەمینەش دەبینی - بێ هەستوخوستە - هەرگا بارانمان لێ باراند، بەخۆدادێ و گەشەدەکاو هەموجۆتێکی دیمەن جوان، ڕوەک لەخۆیدا دەڕوێنێ.

---

٢- **تۆل:** بێچۆی ناوزگ. **بەرداوێژێ:** منداڵەکەی زیان دەکا.

٥- **ئاخ:** خاک. **جەڵتە:** خوێنی بەسیاگ. **بیچم:** شکڵ، تەرح.

**پزدان:** مناڵدان. **هەستوخوست:** دەنگ وبزوتن. **ڕوەک:** هەرچی لەزەوین شین دەبێ.

ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ
﴿٦﴾ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي
ٱلۡقُبُورِ ﴿٧﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى
وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ ﴿٨﴾ ثَانِيَ عِطۡفِهِۦ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ لَهُۥ فِي
ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَنُذِيقُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ﴿٩﴾ ذَٰلِكَ
بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ﴿١٠﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ
مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ
فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ
ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١١﴾ يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ
وَمَا لَا يَنفَعُهُۥۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ ﴿١٢﴾ يَدۡعُواْ لَمَن
ضَرُّهُۥٓ أَقۡرَبُ مِن نَّفۡعِهِۦۚ لَبِئۡسَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَلَبِئۡسَ ٱلۡعَشِيرُ ﴿١٣﴾
إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿١٤﴾ مَن كَانَ
يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ فَلۡيَمۡدُدۡ بِسَبَبٍ إِلَى
ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لۡيَقۡطَعۡ فَلۡيَنظُرۡ هَلۡ يُذۡهِبَنَّ كَيۡدُهُۥ مَا يَغِيظُ ﴿١٥﴾

٦ ئەمە بەڵگەس کە بەڕاستی خودا هەقەو هەر ئەمیشە مریان زیندۆ
دەکاتەوەو هەر ئەویشە لەسەر هەرشتێ توانایە.
٧ ڕۆژی قیامەتیش بێگومان هەروەدی دێ و هەر خودا خۆی ئەوکەسانەی
لەگڵکۆدان - هەمۆیان - دەردەخاتەوە.
٨ لەناوخەڵکا هی‌وا هەیە، لەمەڕ خودا کێشەدەکا، بێ ئەوەی چی لێ بزانێ؛
نە هیچ شارەزایی هەیەو نە کتێبێ کە بۆی ڕۆشن بکاتەوە.
٩ بەفیز مل بەلاوەدەنێ، تاخەڵکی لەڕێگەی خودا کلا بکا. لەدنیادا بەشی
هەر سۆکایەتیەو ڕۆژی سەلاش لەئێمەوە ژانی سۆتانێ دەچێژێ.
١٠ ئەمە سزای ئاکارو کردارەکەتە؛ خوداش هەرگیز ناهەقی لەعەبدان ناکا.
١١ هەر لەمخەڵکەدا ئی‌وا هەن، بەدودڵی خواپەرستە؛ ئەگەر چاکەیەکی
تۆش هات، بەوە لەخوا دڵنیایە؛ ئەگەر بەلاشی بەسەردێ، بەرەوپاش
دەگەڕێتەوە. دنیاش و قیامەتیشی چۆ، دۆسەرە زەرەر ئەمەیە.
١٢ لەغەیرەزخوا، هانا بۆشتێ وادەبا، کە نە زیانی لێدەدا نە قازانجیشی
پێدەدا. ئەوەیە لەڕێ هەتڵەبۆن.
١٣ هانا بۆکەسێ وادەبا، زیانەکەی لەقازانجی نزیکترە. ئای چیارێکی
بەدکارەو چهاودەمێ نالەبارە.
١٤ ئەوانەی خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن، خوا دەیانباتە باغاتێک جۆباریان
بەبەردادەڕوا. دیارە خودا هەرچونێکی بوێ دەیکا.
١٥ کێ پێی وایە کە خوا لەدنیاو قیامەتیش دەهانای [پێغەمبەر] نایە، با
بەپەتێک خۆی هەڵواسێ تا دەخنکێ؛ دەبابزانێ بەمفێڵە ئۆخەی
دڵی دێ؟

---

٦-مریان: مردوگەل. ٧- گڵکۆ: گۆڕ. ١٢-لەڕێ هەتڵەبۆن: لەڕێ کلابۆن.

وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يُرِيدُ
١٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ
وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ١٧ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ
يَسۡجُدُۤ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ
وَٱلنُّجُومُ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ
وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيۡهِ ٱلۡعَذَابُۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ۩ ١٨ ۞ هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ
فِي رَبِّهِمۡۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ يُصَبُّ
مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ ١٩ يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمۡ
وَٱلۡجُلُودُ ٢٠ وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٖ ٢١ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ
أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ
٢٢ إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ
أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ٢٣

١٦ بەوئاوایەش ئەوقورئانەمان ناردەخوار، کەنیشانەگەلێکی رۆشنکەرەوەن. هەرکەسێکیش خوا بیەوێ، شارەزای بەرەوخۆی دەکا.

١٧ ئەوانەی بڕوایان هێناو ئەوانەی بۆنە جوولەکەو سوببیو مەسیحیو مەجوسیو ئەو کەسانەش شەریک بۆخودا دەناسن، دیارە خودا ڕۆژی سەلا بەکاری هەموان ڕادەگا. دیارە خودا لەهەمووشت ئاگادارە.

١٨ تۆنابینی ئەوکەسانەی وا لەناو عاسمانەکانو ئەوانەی لەزەمیندانو خۆرو هەیڤو ئەستێرەکانو کۆسارو درەختانو جانەوەرو زۆر لە مەردم سوژدە هەربۆخودادەبەن؟ زۆرێکیش ئازاریان بۆ بڕیاردراوە. خودا هەرکێ تۆشی سوکایەتی بکا، تازە کەس ڕێزی لێنانێ. دیارە خودا هەرچی ئارەزوی بێ دەیکا.

١٩ ئەم دوانە لەسەر پەروەرندەی خۆیان کێشەیانە: ئەوانەی بۆنە خوانەناس، کراسێکی ئاگریان بەبەژنیبڕا؛ ئاوی گەرمی داتولێنیان لەسەرڕا بەسەردادەکرێ.

٢٠ هەر بەوئاوە قژکولاوە، هەناویان بەپێستیانەوە دادەبەلۆخێ.

٢١ بەرگورزی ئاسنیش دەدرێن.

٢٢ تا گەرەکیان بێ لەمەینەت ڕزگاربن، هەسدەدرێنەوە بۆ ناوی: دەی ژانیئاگر بچێژن!

٢٣ ئەوی باوەڕیانهێناوەو ئاکارچاکن، خوا دەیانباتە باغاتێک جۆباریان بەبەردادەڕوا. خشلیان بازنەی لەزێڕومرواریەو بەرگی بەریان هەورەمیشە.

---

١٩- **داتوڵێن لە توڵانەوە:** لەبەر زۆرکولێن لەبەریەک چوُن. ٢٠- **قژکولاو:** کولاتو. **دادەبلۆخێ:** دەسوتێو لادەچێ. ٢٢- **هەس دان:** گەڕانەوەی گا لەسەر خەت. ٢٣- **هەورەمیش:** هەوریشم.

وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡحَمِيدِ
٢٤ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسۡجِدِ
ٱلۡحَرَامِ ٱلَّذِي جَعَلۡنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِۚ
وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۭ بِظُلۡمٖ نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ٢٥
وَإِذۡ بَوَّأۡنَا لِإِبۡرَٰهِيمَ مَكَانَ ٱلۡبَيۡتِ أَن لَّا تُشۡرِكۡ بِي
شَيۡـٔٗا وَطَهِّرۡ بَيۡتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلۡقَآئِمِينَ وَٱلرُّكَّعِ
ٱلسُّجُودِ ٢٦ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ
كُلِّ ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ ٢٧ لِّيَشۡهَدُواْ
مَنَٰفِعَ لَهُمۡ وَيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ
عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۖ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ
ٱلۡبَآئِسَ ٱلۡفَقِيرَ ٢٨ ثُمَّ لۡيَقۡضُواْ تَفَثَهُمۡ وَلۡيُوفُواْ
نُذُورَهُمۡ وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ ٢٩ ذَٰلِكَ وَمَن
يُعَظِّمۡ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦۗ وَأُحِلَّتۡ
لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمُ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡۖ فَٱجۡتَنِبُواْ
ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ وَٱجۡتَنِبُواْ قَوۡلَ ٱلزُّورِ ٣٠

٢٤ بەرەو وتاری پاکژو بەرەو ڕێگەی خوداپەسند، ڕێگەیان نیشان دراوە.
٢٥ ئەوانەی خودانەناسن و دەبنە لەمپەر لەڕای خوداو ئەو «مَسْجِدِ الْحَرام»ەی کە کردوّمانەتە [پەرسگە] بۆهەموٚخەلْک - چ نیشتەجێ و چ غەوارە - [توٚشی سزای دژوار دەبن]. هەرکەسێکیش لەوێ دەسدرێژی بکاو لەڕێ لادا، ئازارێکی زۆربەژانی پێ دەچێژین.
٢٦ ئەوحانە کە ئیبراهیم‌مان لەجێ ئەم ماڵە ئەنوادا، کە: نەکەی کەس بکەی بە شەریکی من و ماڵی‌من خاوێن‌کەرەوە، بۆ دەورەدەرو وێستاوو کڕنوٚشکەرو سوژدەبەران.
٢٧ بانگەوازی خەڵک بکە بێنەزیارەت؛ با بەپیادەیی‌و بەسواری، تەنانەت لەسەر چارەوێی لەجەریش ڕا، لەڕێی دوٚرودرێژیشڕا، بەتوٚبگەن.
٢٨ با بێنە بەهرەبردنێ بۆخۆیان و لەچەندڕۆژی دیاری‌کراو، لەسەر وڵساتێ پێیداون، یادی ناوی خودا بکەن. خۆتان لەگوشتیان بخۆن و با ئەوکەسانەش لێی بخۆن کە تامەزرۆن و هەژارن.
٢٩ لەپاش ئەوە گەمار لەخۆ دورخەنەوەو نەدرەکانیان پێک بێنن و باخول بخۆن بەدەوری ماڵی کەونارا.
٣٠ ئا بەم جۆرەو هەرکەس دەستوٚراتی خودا بەڕێزبگرێ، لەلای پەروەرندەیەوە بۆی چاترە. پاتاڵیشتان بۆڕەوایە؛ مەگین ئەوی کە پێتان ڕادەگەیەنرێ. لەگەماری بتەکان دوٚرەپەرێزبن؛ لەدرۆش خۆ بپارێزن.

---

**٢٦- حان:** وەخت، دەم، کات. **ئەنوادان:** جێ‌کردنەوە، پەنادان.

**٢٧- لەجەر:** لاواز، داڵگوٚشت. **٢٨- وڵسات:** ئاژەڵ، مالات.

**٢٩- گەمار:** چڵک. **نەدر:** نەزر. **کەونارا:** لەمێژینە، قەدیمی. **٣٠- پاتاڵ:** ئاژەڵ، وڵسات، مالات.

حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيۡرَ مُشۡرِكِينَ بِهِۦۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ
٣١ ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ
٣٢ لَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلۡبَيۡتِ
ٱلۡعَتِيقِ ٣٣ وَلِكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكٗا لِّيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ
ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۗ فَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ
فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ ٣٤ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ
قُلُوبُهُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمۡ وَٱلۡمُقِيمِي ٱلصَّلَوٰةِ وَمِمَّا
رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣٥ وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ
ٱللَّهِ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞۖ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ فَإِذَا وَجَبَتۡ
جُنُوبُهَا فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرۡنَٰهَا
لَكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٣٦ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا
وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقۡوَىٰ مِنكُمۡۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمۡ لِتُكَبِّرُواْ
ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٣٧ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ
يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ ٣٨

۳۱ بە دڵی پاک بۆخودابن؛ شەریکی بۆپەیدامەکەن؛ هەرکەسێکی شەریک بۆخودا بناسێ، وەک ئەوەیە لەحەواوە هەڵدێراوەو مەل تێی ڕۆبێن، یان بایەک هەڵیداشتبێ بۆ شوێنێکی دوری چەپەک.

۳۲ دیارە هەرکەس ئەوپێودانەی خوادایناوە ڕێزلێ بگرێ، نیشانەیە، کە بەدڵ لەخوادەترسێ.

۳۳ تا ماوەیێ ناودێرکراو بەهرەی وڵساتۆ پێدەگا، ئەوسا جێی سەرژێ‌کردنیان لای ماڵەکەوناراکەیە.

۳۴ بۆهەمۆخاوەن‌ئاینان یاسای قوربانی‌کردنمان دیاری کرد؛ تاوەکۆ لەسەر وڵساتێ کە بۆڕۆزی پێمان داون، ئەوان ناوی خودابێنن. خوای ئێوە تاک‌و تەنیایە؛ خۆتان بدەنەدەست ئەم‌و مژدە بەو کەسانەبدە کە خۆیان بەکەم دەزانن.

۳۵ ئەوکەسانەی هەتا ناوی خودادەبیەن، دڵیان ترسی‌ڕێ دەنیشێ‌و هەرگا بەڵایان بەسەردێ، خۆڕاگرن‌و نوێژدەکەن‌و لەوڕۆزی ئێمە پێن‌داون، لەڕای خودای بەخت دەکەن.

۳۶ بۆمان‌دانان، کە وشتری قوربانی لەوانەیە کە بەریاسای خودادەکەوێ؛ ئێوەش بەهرەیان لێ‌دەبەن. تا بەپێوەن، ناوی خوایان لەسەربێنن. هەرگا لەسەرتەنیشت کەوتن‌و سەرژێ کران، لێیان بخۆن؛ تامەزرۆی شەرمێونیش‌و پارسەکی لێ‌بێ بەش مەکەن. ئێمە ئەوانەن بۆئێوە دەستەمۆ کرد، بەشکۆ شوکرانەبژێربن.

۳۷ گۆشت‌و خوێنی ئەوانە بۆخودا ناچێ؛ تەنیا هەستی ترسۆ لەخوایە بەو دەگا. ئەوانەی ئاوەهاینە بۆئێوە رام کرد؛ هەتا باسی مەزنایەتی‌و سوپاسی خودای خۆبکەن؛ کە ئەم‌ڕێگەی نیشان‌داون. مژدەش بەکارچاکان بدە.

۳۸ خودا لەسەر ئەوکەسانە دەکاتەوە کە باوەڕیان پێ‌هێناوە؛ چونکە خودا گش خەیانی پێ‌نەزانی ناخۆشدەوێن.

---

**۳۱-هەڵداشتن:** لەبەرزەوە فڕێدان. **چەپەک:** دوُرلە ڕێبازی گشتی. **۳۲- پێودان:** ڕێ‌وشوێن‌و دەستوُر. **۳۳-سەرژێ‌کردن:** سەربڕین، هێمایە بۆقوربانی‌کردن. **۳۸-خەیان:** غەیان، خاین.

أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ
لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن
يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ
صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ
كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ
عَزِيزٌ ﴿٤٠﴾ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ
وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴿٤١﴾ وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدۡ كَذَّبَتۡ
قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَعَادٞ وَثَمُودُ ﴿٤٢﴾ وَقَوۡمُ إِبۡرَٰهِيمَ وَقَوۡمُ لُوطٖ ﴿٤٣﴾
وَأَصۡحَٰبُ مَدۡيَنَۖ وَكُذِّبَ مُوسَىٰ فَأَمۡلَيۡتُ لِلۡكَٰفِرِينَ ثُمَّ
أَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٤﴾ فَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ
أَهۡلَكۡنَٰهَا وَهِيَ ظَالِمَةٞ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا
وَبِئۡرٖ مُّعَطَّلَةٖ وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ ﴿٤٥﴾ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا
لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾

٣٩ ئەوکەسانەی شەڕیان بەسەرداسەپاندون، چونکە ناهەقیان لێکراوە، دەتوانن تۆڵەی خۆوەکەن. خوداش دەتوانێ سەریان خا.

٤٠ ئەوانەی هەر لەناهەقی لەزێدی خۆیان دەرکران، گوناهیان هەر ئەوەندەبۆ کە دەیانوت: خودا پەروەرندەمانە. ئەگەر خودا هێندێکانی بە هێندێکان ڕاونەنابا، دێرو کلیساو کەنشتو مزگەوتەکان - کە لەواندا فرە ناوی خودا دەبرێ - وێران دەکران. خوا دەهانای ئەوانەدێ کە یاریدەی خودادەدەن؛ دیاریشە خوا زۆر بەهێزو دەستەڵاتە.

٤١ ئەوانەی وا ئەگەر لەم زەوینەدا دایانمەزرێنین، نمێژکەرو زەکاتدەرن و فەرمان بەچاکەدەدەن و بەرلەکاری خراپ دەگرن. سەرئەنجامی هەمۆ کاریش هەر بۆ خوایە.

٤٢ گەر ئەمانە ئەتۆ بەدرۆزن دەزانن، پێش ئەمانەش هۆزی نوحو عادو سەمۆد، هەر ئەمە پیشەیان بوە.

٤٣ دیسان هۆزی ئیبراهیمو هۆزی لۆتیش.

٤٤ خەڵکی مەدیەنیش هەروەها. مۆساش بەدرۆزنزاندرا. ئەوسا تاماوەیەک وازمان لەو خوانەناسانە هێنا، پاشان غەزەبملێگرتن، بەڵام چۆن غەزەب گرتنێک!

٤٥ ئای کە قرمان دەچەندشاری ناهەقان خست؛ داریان بەسەربەردادرا؛ دەوری چاڵاویان چۆڵکرا؛ کۆشکی پتەویان تێکدرا.

٤٦ ئاخۆ هێشتا بەزەویدا نەگەڕاون، تابنە خاوەن دڵانو گوێچکەگەلێ کە پێ تێبگەنو ببیسن؟ لەڕاستیدا چاو کۆرنابن؛ ئەو دڵانە کوێردەبن کە جێیان لەناوسینەکانە.

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُۥ وَإِنَّ يَوْمًا
عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن
قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ الْمَصِيرُ
﴿٤٨﴾ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٩﴾ فَالَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ الصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٥٠﴾
وَالَّذِينَ سَعَوْا۟ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ الْجَحِيمِ
﴿٥١﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ
أَلْقَى الشَّيْطَٰنُ فِيٓ أُمْنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَٰنُ
ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٢﴾ لِّيَجْعَلَ
مَا يُلْقِي الشَّيْطَٰنُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ
قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ الظَّٰلِمِينَ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ ﴿٥٣﴾ وَلِيَعْلَمَ
الَّذِينَ أُوتُوا۟ الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا۟ بِهِۦ
فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ
مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٤﴾ وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِي مِرْيَةٍ مِّنْهُ حَتَّىٰ
تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ ﴿٥٥﴾

٤٧ بۆ ئازارێت لێ بەپەلەن؛ خوداش هەرگیز لەبەڵێنی پاشگەزنابێ. تاقەڕۆژێک لەکن پەروەرندەت، بەقەد هەزارساڵە کە ئێوە حیسابی دەکەن.

٤٨ بە زۆر شاران - کە ناهەق بۆن - مۆڵەتم داو لەپاشانا وەبەرتۆڕەیی خۆم خستن.

٤٩ بێژە: مەردم! ئەمن بۆئێوە تەنیا هەر ترسێنەرێکی ئاشکرام.

٥٠ ئەوانەی بڕوایان هێناو ئاکاری چاکیان ڕەچاوکرد، لێ خۆشبۆن و بژیوێکی باشیان دەبێ.

٥١ ئەو کەسانەش کۆششیان کرد کە نیشانەکانی ئێمە گەشەنەکەن، پێشیان وابۆ کە دەتوانن دەستەڵاتمان لێ بستێنن، ئەوانە یاری دۆژەهن.

٥٢ لەپێش تۆشدا ئێمە هەرچەند پێغەمبەرو ڕاسپاردەمان ناردوەو لەنیشانەکانی ئێمەی بەمەردم ڕاگەیاندوە - ئیللاوبیللان - شەیتان [بە هەلی زانیوەو لەخۆیەوە] شتێکی دەپاڵ ئاخنیوە. ئەوسا خودا فەندوفێڵەکەی شەیتانی پوچ کردوەو؛ لەدواجاردا نیشانەکانی خۆی پتەو کردۆتەوە. خودا زانای لەکارزانە.

٥٣ هەتا وەبکا ئەوەی شەیتان هاویشتۆیەتەناویەوە، ببتەمێملێ بۆئەوانەی دڵی دەغەزداریان هەیەو دڵیان ڕەقە. ناهەقان بۆ دژایەتی زۆر چۆنەپێش.

٥٤ تا زاناکانیش بزانن، ئەمە ڕاستە[و] لەپەروەرندەی تۆڕایە؛ ئیتر بڕوای پێ بکەن و دڵیشیان پێ دابمەرزێ. هەرکێ باوەڕیان پێی هەیە، بێ سۆ خودا شارەزای ڕاستەڕێی کردۆن.

٥٥ ئەوانەی خودانەناسن هەتائێستاش لێ دۆدڵن، تا - گوزو گومەت - سەلایان لێ ڕادەبێ؛ یان بەڕۆژێکی هومێدبڕ دەکەونە ناوئازارەوە.

---

٥٢- هەل: دەرفەت، فرسەت. ٥٣- مێملێ: بەلا.

ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ٥٦ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٥٧
وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ
لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ
ٱلرَّٰزِقِينَ ٥٨ لَيُدۡخِلَنَّهُم مُّدۡخَلٗا يَرۡضَوۡنَهُۥۗ وَإِنَّ
ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٞ ٥٩ ۞ ذَٰلِكَۖ وَمَنۡ عَاقَبَ بِمِثۡلِ
مَا عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيۡهِ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ
لَعَفُوٌّ غَفُورٞ ٦٠ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي
ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ
٦١ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن
دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ٦٢
أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَتُصۡبِحُ ٱلۡأَرۡضُ
مُخۡضَرَّةًۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ٦٣ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ٦٤

٥٦ ئەویٚ ڕۆژیٚ هەر خودا فەرمانڕەوایەو بەکاری گشتان ڕادەگا. ئەوسا ئەوی خاوەن بڕواو ئاکارچاک بوٙن، لەباغاتی پڕخێروبێر دادەمەزرێن.

٥٧ ئەوانەی خوانەناس بوٙن و نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆزانی، بەشیان جەزرەبەدانێکی ئاورۆبەرە.

٥٨ ئەو کەسانەش لەڕای خودا ئاوارەبوٙن، پاشان کوژراون یان مردوٙن، خودیٚ ڕۆزیکە گەلەک ڕند دەداتە وان. دیارە خودا دلٚاواتر لەهەموٙ ڕۆزی دەرێکە.

٥٩ هەر دەیانباتە ئەوشوێنەی کە خۆیان حەزی لیٚکەن. خودا زانای لەسەرخۆیە.

٦٠ ئەگەر ناهەقی لێکراوێک بۆتۆلٚەی خۆی دەس ببزێویٚو دیسان ناهەقی لیٚبکریٚ، بیٚگومانە خودا کۆمەکی پێدەکا. خوا لیٚ بوردەو گونابەخشە.

٦١ چونکە خودا شەو دەڕۆژیٚ هەلٚدەکێشیٚو ڕۆژیش دخاتە ناوشەویٚو هەر خۆی ئەبینیٚو ئەژنەویٚ.

٦٢ چونکوٙ هەرخودایە راستەو، هەرشتێکی بەدەرلەو هانای بۆدەبەن، لەپڕوپوٙچ بەدەرنیەو بالاٚدەستی هەرەمەزن هەر خودایە.

٦٣ ئەی نەتدیوە خوا بارانی لەوحەوایەوە باراندو زەوی پیٚ کەسک هەلٚگێرا؟ دیارە خودا لەهەموٙ وردەکاریەک ئاگادارە.

٦٤ هەرچی لەو عاسمانانەیەو هەرچی لە زەمیندا هەیە، مالٚیئەوەو خودا بۆخۆی بیٚنیازەو هەر دەبیٚ تاریفی بکریٚ.

---

**٥٨- گەلەک ڕند:** فرەباش. **٦٣- کەسک:** سەوز.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ
بِأَمْرِهِۦ وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ ۗ إِنَّ
ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ٦٥ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاكُمْ
ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَكَفُورٌ ٦٦
لِّكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ ۖ فَلَا يُنَـٰزِعُنَّكَ
فِى ٱلْأَمْرِ ۚ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ ۖ إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدًى مُّسْتَقِيمٍ ٦٧
وَإِن جَـٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ ٦٨ ٱللَّهُ يَحْكُمُ
بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ٦٩
أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ إِنَّ ذَٰلِكَ
فِى كِتَـٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ٧٠ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ
ٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَـٰنًا وَمَا لَيْسَ لَهُم بِهِۦ عِلْمٌ ۗ وَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ
مِن نَّصِيرٍ ٧١ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُنَا بَيِّنَـٰتٍ تَعْرِفُ فِى
وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمُنكَرَ ۖ يَكَادُونَ يَسْطُونَ
بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِنَا ۗ قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن
ذَٰلِكُمُ ۗ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ٧٢

٦٥ ئەی نەتدیوە، هەرچی لەزەمیندا هەیە بۆئێوەی کەوی کردوەو گەمیەش هەر بەفەرمانی ئەو [لەدورڕ] دەریادا ڕەوانەو، ئەم عاسمانەی ڕاگرتوە کە بەسەرعەرزا نەکەوێ، مەگین خۆی ئیزنی لەسەربێ؟ بێ سۆخودا بۆئەم خەلکە، زۆر دلسۆزو دلۆڤانە.

٦٦ هەر ئەویشە ژی پێدان و لەپاشان دەتان مرێنی، پاشان ژیو پێدەداتەوە. راستی مرۆ ناسپاسە.

٦٧ هەرکۆمەلێک ڕێو شوێنێکمان بۆداناوە، کە هەر بەوپێودانە بڕوا. سا نابێ لەسەرئەم کارە ئەوان کێشەت دەگەلێ بکەن. تۆ هەر بەرەو پەروەرندەت گازی بکەو سۆر بزانە کە تۆ لەسەر ڕێگەی ڕاستی.

٦٨ ئەگەر کێشەشیان پێکردی، بێژە: خودا ئاگادارترە لەوکارەی ئێوە دەیکەن.

٦٩ خودا لەڕۆژی قیامەتا، ئەوشتانەو بۆ یەکالا دەکاتەوە کە لەسەریان کێشەتان بۆ.

٧٠ مەرتۆ نەتزانیوە هەرچی لە ئاسمان و زەویدایە خوا دەیزانێ؟ ئەمە گش لەدەفتەردایەو ئەمکارە بۆ خوا هاسانە.

٧١ شتی وەهای غەیرەزخودا دەپەرستن کە بەلگەیەکی پتەوی بۆ نەناردۆتە خوارەوەو، خۆشیان هیچی لێ نازانن و ناهەقانیش هیچ یاریدەدەریان نیە.

٧٢ کاتێ نیشانەئاشکراکانی مەشیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە، لەچڕوچاوی خودانەناسەکاندا، نیشانەی حاشادەبینی و لەوانەیە هێرش بەرنە سەرئەوانەی کە نیشانانی ئێمەیان بەسەردا خوێندۆنەتەوە. بێژە: ئاخۆ پێتان بێژم کە چی لەمە خراترە؟ ئەوئاورەی کەخوا بەلێنی داوە بە بێباوەڕان؛ پەک لەوئاکامەخراوە!

---

٦٧- **پێودان:** ڕێوشوێن، دەستۆر. ٦٩- **یەکالاکردنەوە:** یەک لا کردنەوەی تێکەلاو.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ
تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ
وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ
ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ٧٣ مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓۚ إِنَّ
ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٧٤ ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ
رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ ٧٥ يَعۡلَمُ
مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ٧٦
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْۤ وَٱعۡبُدُواْ
رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۩ ٧٧
وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ
عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ
ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ
وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ
وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨

## سُورَةُ المُؤۡمِنُونَ

٧٣ هۆ خەڵکنۆ! مەسەلێک هێنراوەتەوە گوێ بۆبگرن: لەخوابەدەر، ئەوانەی
هانای پێ دەبەن، ئەگەر هەمۆیان وەکۆبن، ناتانن مێشێ سازبدەن.
ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بقاپێنێ، ناتوانن لێی بستێننەوە. داواکارو
داواکراو چەند زەبۆنن!

٧٤ خوایان - وەک هێژای ناسین بێ - نەناسیوە. خودا یەکجار توانـاو
بەدەستەڵاتە.

٧٥ خودا لەناو فرشتەکان پەیامنێری هەڵدەبژێرێ و لەنێو مرۆشدا هەر وەتر.
خودابیسەرو بینایە.

٧٦ لەوەی کە ئێستا دەیکەن و لەوەش کەوا کردۆیانە، ئاگادارەو هەمۆکاریش
هەر دەچنەوە بەردەستی خوا.

٧٧ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! پەروەرندەو بپەرستن، کرنۆش و
سوژدەی بۆبەرن، چاکەش بکەن؛ لەوانەیە ڕزگاربن.

٧٨ بەدڵ وداو - وەک پێویستە - لەڕای خودا بچنەخەزا. ئەوهەر خۆی
ئێوەی هەڵبژارد؛ لەم دینەشدا تۆشی زەحمەتی نەکردۆن؛ هەر ئاینی
ئیبراهیمی باوەتانە؛ لەپێشداو لەم قورئانەشدا، هەرئەو ناوی نان
موسوڵمان؛ تا پێغەمبەر بەشایەت بێ لەسەر ئێوەو ئێوەش شایەت بن
لەسەر خەڵک. سا نوێژکەن و زەکات بەن و پشتۆ هەر بەخوابەستن؛ ئای
چەن گەورەو یاریدەرێکی هێژایە.

١١٨ ئایەت

## موئمینون

٧٣- هۆخەڵکنۆ: ئەی مەردم.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ﴿٢﴾
وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ
فَٰعِلُونَ ﴿٤﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ﴿٥﴾ إِلَّا عَلَىٰٓ
أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ﴿٦﴾
فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ﴿٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ
لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ
يُحَافِظُونَ ﴿٩﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ
ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١١﴾ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن
سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ ﴿١٣﴾ ثُمَّ
خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡعَلَقَةَ مُضۡغَةٗ فَخَلَقۡنَا
ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا
ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ثُمَّ إِنَّكُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ
لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ تُبۡعَثُونَ ﴿١٦﴾ وَلَقَدۡ
خَلَقۡنَا فَوۡقَكُمۡ سَبۡعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلۡخَلۡقِ غَٰفِلِينَ ﴿١٧﴾

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

١ بێ گومانە باوڕداران، ڕزگارانن.
٢ ئەوکەسانەی لەنوێژیاندا خۆیان بەگەورە نازانن؛
٣ ئەوانەش کە لەقسەی پوچ دوری دەکەن؛
٤ ئەوانەش کە زەکات دەدەن؛
٥ هەر ئەوانەش کە شەرمی خۆ دەپارێزن؛
٦ مەگین لەهاوسەری خۆیان، یان ئەوی ملکی خۆیانن؛ کە نابێ سەرکۆنەبکرێن.
٧ هەرکێش جیالەمانەی بوێ، ئەو لەئەندازە لادەرە.
٨ ئەوانەش [لەڕزگارانن] کە ئامانەت و بەڵێنیان دەپارێزن؛
٩ ئەوانەش کە لەسەر نوژخوێندنێ سورن؛
١٠ ئەمانە گشتیان بەشبەرن.
١١ ئەوکەسانەی کە بەشبەری بەهەشتن و تاهەتا هەر تیادەبن.
١٢ ئێمەین مرۆن لەقوڕێکی خۆشکراو دروست کردوە.
١٣ ئەوسا کردمانە تنۆکێک، لە بنکەیەکی پتەودا.
١٤ پاشان هەر لەوتنۆکەوە خوێنیپندرمان پێک هێناو لەوخوێنەوە پلەگۆشتێکمان سازکردو ئەوسا لەپلەگۆشتەکە هەستین چێکرد؛ هەستیەکەشمان خستەناوپۆشەنێ لەگوشت. لەپاشانا کرمانە چێکراوێکی تر. دەس ڕەنگینی هەر بۆخوایە؛ کە هیچ وەستایە پێی ناگا.
١٥ لەئاکامدا هەمۆ تۆشی مردن دەبن.
١٦ ڕۆژی سەلاش سەرلەنوێ زیندۆدەبنەوە.
١٧ ئێمەین کە ئەم حەوت نهۆمەن لەژۆرئێوەرا پێک هێناو لەهەرچی دروستی دەکەین ئاگادارین.

---

١٤- پندر: توندەوەبۆی شل. هەستی: ئێسک، پێشە. چێکردن: درۆست کردن.

وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءَۢ بِقَدَرٖ فَأَسْكَنَّٰهُ فِي ٱلْأَرْضِۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابِۭ
بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴿١٨﴾ فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعْنَٰبٖ
لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٞ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَجَرَةٗ تَخْرُجُ مِن
طُورِ سَيْنَآءَ تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٖ لِّلْأٓكِلِينَ ﴿٢٠﴾ وَإِنَّ لَكُمْ فِي
ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةٗۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٞ
وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدْ
أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ
غَيْرُهُۥٓۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ ٱلْمَلَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِۦ مَا هَٰذَآ
إِلَّا بَشَرٞ مِّثْلُكُمْ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ
مَلَٰٓئِكَةٗ مَّا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا
رَجُلُۢ بِهِۦ جِنَّةٞ فَتَرَبَّصُواْ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٖ ﴿٢٥﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِي
بِمَا كَذَّبُونِ ﴿٢٦﴾ فَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ أَنِ ٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا
وَوَحْيِنَا فَإِذَا جَآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ فَٱسْلُكْ فِيهَا مِن
كُلّٖ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ
مِنْهُمْۖ وَلَا تُخَٰطِبْنِي فِي ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴿٢٧﴾

۱۸ لەوحەوایە بەئەندازە ئاومان [ بۆتان ] داباراندو جێگەمان لە زەمین پێداو
هەر ئێمەشین کە دەتوانین لەبەین بەرین .
۱۹ سا بەوئاوە هەر بۆئێوە باغاتێکمان لەدارخورماو لەڕەزان بەرهەم هێناوە،
زۆر میوەجاتۆ دەداتێو لێیان دەخۆن.
۲۰ دارێکیش هەر [ لەسۆنگەی ئەو ] لە تۆری سینایە دەڕوێ، کە رۆنێ
بەرهەم دێنێتو پێخۆریشە بۆ خۆرایان .
۲۱ دیارە وڵساتیش بۆ ئێوە هەر دەرسێکە : لەوەی کە وا لە دەرونیاندایە،
پێتان دەنۆشێنین . لێان دەخۆنو زۆریش بەهرەیان بۆوهەیە ؛
۲۲ لەسەریانو لەسەر گەمی هەڵدەگیرێن .
۲۳ هەروەها نۆحیشمان ناردە لای هۆزەکەی . گوتی : گەلۆ! تەنیا
خوداپەرستن ؛ بەغەیرەز ئەو هیچشت بۆپەرستن ناشێ ؛ دەسا بۆ هیچ
ترسۆنیە ؟
۲۴ گرەگرەی هۆزەکەی ئەو - کە خودایان نەدەناسی - گوتیان : ئەمە هەر
بنیادەمەخۆمانەس ؛ نیازی وایە خۆتان بەسەردا زل بکا . گەر خودا
مەیلی لێبوایە، فرشتێکی دەناردەخوار ؛ ئێمە لەبابو کالانیش
شتیوامان نەبیستوە .
۲۵ ئەم پیاوە دیارە لێوەیە، تا ماوەیەک واباشە چاوێری بکرێ .
۲۶ گوتی : ئەی پەروەرندەی خۆم! وا بەدرۆزنم دەزانن، هەر بۆ خۆت
دەهانام وەرە .
۲۷ ئیتر خۆمان تێمانگەیاند، کە : لەژێر چاوەدێریو فەرمانی ئێمە، گەمیە
سازدە . جا کاتێ فەرمانمان هاتو ئاو لەتەندوُردا زایەوە ؛ لەهەرجسنەی
جۆتەیەکی بخەناوی . وێڕای خێزانەکەی خۆشت ؛ مەگین ئەوی بڕیاری
لەسەردراوەو لە مەڕ ئەوانەم مەدوێنە کە ناهەقەیان کردوە ؛ چونکە
لەخنکاوەکانن .

---

۲۰- خۆرایان: ئەوانی دەخۆن، ئەوانە وا ئەخوەن. ۲۴- گرەگرە: پیاوماقوڵان.
۲۷- زایەوە: هەڵقوڵی؛ لەزانەوە: هەڵقوڵین.

فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى نَجَّىٰنَا
مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٨﴾ وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ
ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٢٩﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ أَنشَأْنَا
مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٣١﴾ فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ أَنِ ٱعْبُدُوا۟
ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱلْءَاخِرَةِ وَأَتْرَفْنَٰهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا
مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا
تَشْرَبُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ
﴿٣٤﴾ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ
﴿٣٥﴾ ۞ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴿٣٦﴾ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا
ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٣٧﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ
ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا وَمَا نَحْنُ لَهُۥ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٣٨﴾ قَالَ رَبِّ
ٱنصُرْنِى بِمَا كَذَّبُونِ ﴿٣٩﴾ قَالَ عَمَّا قَلِيلٍ لَّيُصْبِحُنَّ نَٰدِمِينَ ﴿٤٠﴾
فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ بِٱلْحَقِّ فَجَعَلْنَٰهُمْ غُثَآءً ۚ فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴿٤٢﴾

۲۸ هەرگا خۆت و هاورێکانت لەسەر گەمیەکە جێتان‌گرت، بێژە: سوپاس بۆخودایێ کە لەکێشەی ناهەقان ڕزگاری کردین.
۲۹ بشلێ: ئەی پەروەرندەی خۆم! لەشوێنێکی بەپیتم دابەزێنەو؛ تۆ لەهەمو میوانداران باشتر میوان بەخێودەکەی.
۳۰ لەمەشدا چەندنیشانە بوُن. دیارە ئێمەش ویستمان بەتاقی‌کەینەوە.
۳۱ لەپاش ئەوان چینێ‌ترمان بەدی هێنا.
۳۲ هەرلەخۆیان پێغەمبەرێکمان بۆناردن، کە: تەنیا خوابپەرستن؛ کەسی‌تری واتان‌نیە کە بۆ پەرستن هێژابێ. مەر ناترسن؟
۳۳ پیاوماقوڵانی هۆزەکەی - کە خودایان نەدەناسی‌و دیداری ڕۆژی سەلایان پێ‌درۆبۆ؛ لەژینی سەردنیایەشدا خۆشگوزەرانین پێدابوُن - گوتیان: ئەمە مرۆیەکی لە خۆتانەو بۆ وەخواردن‌و خواردنیش وەک خۆتانە.
۳۴ ئەگەر وەشوێن مرۆیێ وەک خۆتان کەون، لێتان ڕوُن‌بێ زیانبارن.
۳۵ چۆن دەتوانێ بەلێن‌بدا، هەرگا مردن‌و لاشەتان بوُ بەخۆڵ‌و چەند پێشەیەک، سەرلەنوێ زیندوُدەبنەوە؟
۳۶ باواش بلێ، چۆن ئاوەز قبوُڵی‌دەکا؟
۳۷ ژینن لەوە پترنیە، لەسەردنیایە هەمانە. ئێمە هەردەمرین‌و دەژین؛ [هەرکە مردین] تازە زیندوُنابینەوە.
۳۸ ئەم کاورایە پەیدابوە درۆ بەناوخواوەدەکا؛ ئێمەش باوەڕی پێ‌ناکەین.
۳۹ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! وا بەدرۆزنم دەزانن؛ هەر بۆ خۆت دەهانام‌وەرە.
۴۰ گوتی: هەر زۆر بەزوێکی زوُ، یانە پەشیمان‌دەبنەوە.
۴۱ ئەوسا - وەک هێژای خۆیان بوُ - نارەتە دایانی‌گرتوُ وەکوُ ئاومالکن لێکردن. ناهەقان تەرت‌و تونابن!
۴۲ لەپاش ئەوان چەندبەرەی ترمان پێک هێنا.

---

**۳۶-یا:** ئەو بەلێنەی پێتان دەدرێ، یەکجار دوُرە.　　**۳۷-«ئێمە هەر دەمرین و دەژین»** یانێ: بڕێکمان دەمرین و بڕێکیشمان بە دنیادێین‌و تا ماوەیەک دەژین؛ ئیتر پاش مردن ژیانێک نیە.　　**۴۰-یانە:** ئەمانە.
**۴۱-ئاومالک:** چیلکەو چالێ کە لافاو دەیهێنێ.　　**نارەتە:** گوڕە بەدەنگی بەرز.

مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَـْٔخِرُونَ ﴿٤٣﴾ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا
كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا وَجَعَلْنَٰهُمْ
أَحَادِيثَ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٤٤﴾ ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ
هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٤٥﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ
فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا عَالِينَ ﴿٤٦﴾ فَقَالُوٓا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا
وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا مِنَ الْمُهْلَكِينَ
﴿٤٨﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى الْكِتَٰبَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٤٩﴾ وَجَعَلْنَا
ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً وَءَاوَيْنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ
﴿٥٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَٰتِ وَاعْمَلُوا صَٰلِحًا إِنِّي بِمَا
تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٥١﴾ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ
فَاتَّقُونِ ﴿٥٢﴾ فَتَقَطَّعُوٓا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ
فَرِحُونَ ﴿٥٣﴾ فَذَرْهُمْ فِي غَمْرَتِهِمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٥٤﴾ أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا
نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَٰتِ بَل لَّا يَشْعُرُونَ
﴿٥٦﴾ إِنَّ الَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَالَّذِينَ هُم
بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَالَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾

۴۳ هەرکۆمەڵێ لەبنیادەم - کە دێتە وەختی مردنیان - نەوەپێش دەخرێن
نەوەپاش. ۴۴ بۆ هەرکۆمەڵێک لەوانە پێغەمبەرمان بەڕێ کردۆن، کە
باوەڕیان پێ نەکردۆن؛ بەشوێن یەکا بەدەردێکی وامان بردۆن کە
بەچیرۆک بیانگێڕنەوە. با دۆرکەون ئەوانەی بڕواناهێنن.
۴۵ لەپاش ئەوان، مۆساو هارۆنی برایمان وێڕای نیشانەکانمان و بەڵگەیەکی
ئاشکرا نارد،
۴۶ بۆ لای فیرعەون و سەرزلانی هۆزەکەی؛ [بەڵام] خۆیان بەزل زانی و
کۆمەڵێکی بەدەعیەبۆن. ۴۷ گوتیان: جاچۆن بەدۆمرۆی وەکەخۆن
بڕوادەکەین و هۆزەکەیان [بەگشتی] کۆیلەی خۆمانن؟ ۴۸ هەر
بەدرۆزنیان زانین و بۆ بەمایەی لەناوچۆنیان. ۴۹ کتێبیشمان دابەمۆسا،
بەشکێکم شارەزاببن. ۵۰ کوڕی مریەم و دایکیشی لەئێمەوە کران
بەنیشانەیەک و لای گردێک دامان مەزراندن؛ کە جێ حەسانەوەو
کانیاوێکی لێ بو. ۵۱ ئەی کۆمەڵی پێغەمبەران! بژیوی پاکژ بخۆن و
ئاکارچاک بن؛ لەهەرکارێ ئێوە دەیکەن ئاگادارم. ۵۲ دیارە ئەمە دینی
وەیەو هەردینێکی یەکپارچەیەو ئەمن پەروەرێنی ئێوەم؛ سا هەر لەخۆم
ترسۆهەبێ. ۵۳ دینەکەیان لەناوخۆدا لەت وپارکرد. هەرکۆمەڵێکیش
لەوانە، بەو پشکەی ئێستا هەیانە، دڵی خۆشە.
۵۴ لێیان گەڕێ تا ماوەیەک لەزەلکاوی نەزانی خۆدا ڕۆبچن. ۵۵ ئاخۆ ئەوان
پیان وایە ئێمە کە بەماڵ و کوڕان یارمەتیان دەدەین، هەر بۆئەوەیەکە:
۵۶ پەلەمانە لەچاکەدەگەڵ کردنیان؟ نەخێر، ئەمانە نەزانن.
۵۷ ئەوانە کە لەترسی پەروەرندەیان تۆشی لێوەلەرزێ دەبن،
۵۸ ئەوانەش کە بە هەمۆ نیشانەکانی پەروەرێنیان باوەڕدەکەن،
۵۹ ئەوانەش کە هیچ شەریکێ پەیداناکەن بۆ پەروەرندەکەی خۆیان،

---

۴۴- یا: ئەوسا پێغەمبەرەکانمان - یەک لە دوای یەک - بەڕێ کردن. هەرجارە کە پێغەمبەرێک چوەلای کۆمەڵەکەی خۆی، قسەکانیان بە درۆژمارد. بە شوێن یەکا قڕمان کردن و کارێکمان کرد کە بە چیرۆک بیانگێڕنەوە. ۵۲- وە: ئێوە، ئەنگۆ. ۵۳- پشک: پاژ، پار، بەش.

وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ٦٠
أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ ٦١ وَلَا نُكَلِّفُ
نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۖ وَلَدَيۡنَا كِتَٰبٞ يَنطِقُ بِٱلۡحَقِّۚ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٦٢
بَلۡ قُلُوبُهُمۡ فِي غَمۡرَةٖ مِّنۡ هَٰذَا وَلَهُمۡ أَعۡمَٰلٞ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ هُمۡ لَهَا
عَٰمِلُونَ ٦٣ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذۡنَا مُتۡرَفِيهِم بِٱلۡعَذَابِ إِذَا هُمۡ يَجۡـَٔرُونَ
٦٤ لَا تَجۡـَٔرُواْ ٱلۡيَوۡمَۖ إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ٦٥ قَدۡ كَانَتۡ ءَايَٰتِي
تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَكُنتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ تَنكِصُونَ ٦٦ مُسۡتَكۡبِرِينَ
بِهِۦ سَٰمِرٗا تَهۡجُرُونَ ٦٧ أَفَلَمۡ يَدَّبَّرُواْ ٱلۡقَوۡلَ أَمۡ جَآءَهُم مَّا لَمۡ يَأۡتِ
ءَابَآءَهُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٦٨ أَمۡ لَمۡ يَعۡرِفُواْ رَسُولَهُمۡ فَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ
٦٩ أَمۡ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةُۢۚ بَلۡ جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ وَأَكۡثَرُهُمۡ لِلۡحَقِّ
كَٰرِهُونَ ٧٠ وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلۡحَقُّ أَهۡوَآءَهُمۡ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ
وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ بَلۡ أَتَيۡنَٰهُم بِذِكۡرِهِمۡ فَهُمۡ عَن
ذِكۡرِهِم مُّعۡرِضُونَ ٧١ أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ خَرۡجٗا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيۡرٞۖ
وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ٧٢ وَإِنَّكَ لَتَدۡعُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٧٣
وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ عَنِ ٱلصِّرَٰطِ لَنَٰكِبُونَ ٧٤

۶۰ ئەوانەش کە هەچی لەڕای خودا داویانە، هەر دەیدەن؛ کەچی لەسامی گەڕانەوەیان بۆلای پەروەرێنیان، دڵەکوتەیان تۆش دەبێ؛
۶۱ ئەوانەن کە لەچاکەدا لەز دەکەن و بۆئاکاری چاک لەپێشن.
۶۲ ئەرکی پتر لەتوانا ناخەینە سەر کەس. کتێبێکیشمان لەلایە، هەرچی دەوێدایە ڕاستەو هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ.
۶۳ بەڵام ئەمان دڵیان ئاگای لەمە نیەو خجڵی کارگەلی ترن.
۶۴ تا ئەودەمەی کە خۆشگوزەرانەکانیان گرفتاری ئازاردەکەین؛ لەپڕ دەست دەکەن بەهاوار.
۶۵ ئەمڕۆ ئیتر هاوارودادی پێناوێ؛ ئێمە دەفریاتان نایەین.
۶۶ نیشانەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێندرایەوە، هەمۆتان پێدزەتان بۆ.
۶۷ خۆتان زۆر بەزل دەزانیو لەشەونشینی خۆتاندا، هاتەران پاتەرانتان بۆ.
۶۸ ئاخۆ ئەوان لەمەوتەیە ڕانەماون، یان ئەوی بۆوان هاتوە، بۆ باب و کاڵی پێشویان نەهاتبۆ.
۶۹ یان پێغەمبەرەکەی خۆیان نەناسیبو، کە واحاشایان لێدەکرد؟
۷۰ یان دەبێژن: جن دەستی لێوەشاندوە. نەخێر، کە ئەو ڕاستی بۆ ئەوان هێناوە؛ کەچی زۆربەیان خۆشیان لەڕاستی نایە.
۷۱ ئەگەر ڕاستی شوێن ئارەزوی وان کەوتبا، بێگومانە ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی دەناوئەواندایە، خرادەبۆن. بەڵکۆ ئێمە ئامۆژگاریمان بۆناردن؛ ئەوان لەئامۆژگاری خۆ دەتەکنەوە.
۷۲ یان تۆمزت لەوان‌دەوێ؟ خۆ مزی پەروەرندەی خۆت زۆر باشترەو باشترین ڕۆزیدەر ئەوە.
۷۳ تۆ هەر گەرەکتە بیانخەیە سەر ڕاستەڕێ.
۷۴ ئەوکەسانەش کە باوەڕیان بە ڕۆژی سەلایە نیە، هەر لەڕاستەڕێ لادەدەن.

---

۶۰- **هێژ:** هێشتا، بەوحاڵەشرا. ۶۱- **لەز:** پەلە. ۶۳- **خجڵ:** خەریک، سەرگەرم.
۶۶- **پێدزە:** خۆکشانەوەی کەمکەم. ۶۷- **هاتەران پاتەران:** قسەی بێماناو هیچ و پوچ. ۷۲- **مز:** پاداش.

۞ وَلَوۡ رَحِمۡنَٰهُمۡ وَكَشَفۡنَا مَا بِهِم مِّن ضُرّٖ لَّلَجُّواْ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ
يَعۡمَهُونَ ﴿٧٥﴾ وَلَقَدۡ أَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡعَذَابِ فَمَا ٱسۡتَكَانُواْ لِرَبِّهِمۡ
وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ﴿٧٦﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَابٗا ذَا عَذَابٖ شَدِيدٍ
إِذَا هُمۡ فِيهِ مُبۡلِسُونَ ﴿٧٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ
وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَۚ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴿٧٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي ذَرَأَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ
وَإِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴿٧٩﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخۡتِلَٰفُ
ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٨٠﴾ بَلۡ قَالُواْ مِثۡلَ مَا قَالَ
ٱلۡأَوَّلُونَ ﴿٨١﴾ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا
لَمَبۡعُوثُونَ ﴿٨٢﴾ لَقَدۡ وُعِدۡنَا نَحۡنُ وَءَابَآؤُنَا هَٰذَا مِن قَبۡلُ إِنۡ هَٰذَآ
إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٨٣﴾ قُل لِّمَنِ ٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهَآ إِن
كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ
﴿٨٥﴾ قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبۡعِ وَرَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ
﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلۡ مَنۢ بِيَدِهِۦ
مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيۡهِ إِن
كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ فَأَنَّىٰ تُسۡحَرُونَ ﴿٨٩﴾

٧٥ ئەگەر بەر بەزەیی خۆشمان بخستنایەو ئەو بەڵایەشمان لادایە کە
بەسەریانداهاتوە، ئەوانەهەر بەلاساری و سەرگەردانی دەمانەوە.
٧٦ تۆشی ئازاریشمان کردن؛ کەچی لەحاند پەروەرینیان نە لەفیز داوەزین و
نە ملیان لە پاڕانەوە نا.
٧٧ تا ئەوکاتە بەتوندی جەزرەبەمان دان؛ ئەوسا زانیان هومێد نەما.
٧٨ ئەو کەسێکە چاوو دڵ و گوێی بۆ ئێوە قەرارداوە. کەم شوکرانەبژێری
دەکەن.
٧٩ هەر ئەویشە کە ئێوەی لەم زمینەدا چێ کردوەو هەر لای ئەو
کۆدەکرێنەوە.
٨٠ هەر ئەویشە ژین دەبەخشێ و دەش مرێنێ؛ ئاڵوگۆڕی شەووڕۆژیش
بەدەس ئەوە. دەی ئاخر تاکەی تێ ناگەن؟
٨١ نەخێر، ئەویش وەک ئەمانەی پێشوٚ ئێژن.
٨٢ ئێژن: ئاخۆ ئەر مردین و بۆینە ئاخ و ئێسک وپروسکێک، دیسان
زیندوٚدەبینەوە؟
٨٣ ئێمەو باب و کالمان - بەرێ - ئەم بەڵێنەمان پێدرا؛ ئەم قسانە گش
چیرۆکی پێشونانن.
٨٤ بێژە: ئەگەر هیچ دەزانن، ئەم زەمینەو هەرچی لەناویدا هەیە،
سەربەکێیە؟
٨٥ هەموٚ دەڵێن: سەربەخوایە. بێژە: هیچ بیر ناکەنەوە؟
٨٦ بێژە: راهێنەری حەو عاسمانەکان و راهێنەری تەختی هەرەمەزن کێیە؟
٨٧ ئێژن: گش دەسکاری خوایە. بێژە: بۆ هیچ ترسوٚنیە؟
٨٨ بێژە: دەستەڵاتی هەرشت بەدەس کێیەو ئەردەزانن کێیە، پەنای
پەنابەرەو دژی ئەو پەنا نادرێ؟
٨٩ ئێژن: ئەمە هەر خودایە. بێژە: دەی چۆن دەخەڵەتێن؟

---

٨٢- ئاخ: خاک. ئێسکوپروٚسک: پێشەوپلان.

بَلۡ أَتَيۡنَٰهُم بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿٩٠﴾ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٖ
وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنۡ إِلَٰهٍۚ إِذٗا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهِۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا
بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ عَٰلِمِ
ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٩٢﴾ قُل رَّبِّ
إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ ﴿٩٣﴾ رَبِّ فَلَا تَجۡعَلۡنِي فِي ٱلۡقَوۡمِ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٩٤﴾ وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمۡ لَقَٰدِرُونَ ﴿٩٥﴾
ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَۚ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾
وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنۡ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ
رَبِّ أَن يَحۡضُرُونِ ﴿٩٨﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ
ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ
هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ فَإِذَا نُفِخَ
فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾
فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَنۡ
خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ
خَٰلِدُونَ ﴿١٠٣﴾ تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ﴿١٠٤﴾

٩٠ بەڵکو ئێمەین کە ڕاستیمان بۆ هێناون و دیارە ئەوان درۆزنن.
٩١ خوا هەرگیز ڕۆڵەی بۆخۆ پەیدانەکردو هیچ خێویشی دەگەڵ نیە. دەنا
ئەوسا هەرخێوێ هەرچی خۆی دروستی دەکرد، بۆخۆی دەبردو هێندێک
بەسەر هێندێکانیاندا زاڵ دەبۆن. ئەو بەدۆرە لەوشتانەی ئەوان ئێژن.
٩٢ ئەو لەپیوارو ئاشکرا ئاگادارە؛ بەرزترە لەوەی دەیکەنە شەریکی.
٩٣ بێژە: ئەی پەروەرێنی من! ئەگەر ئەوەی کەوا بڕیاریان پێ‌دەدرێ هەر
نیشانی منی دەدەی،
٩٤ پەروەرندەم! ڕەگەڵ ناهەقانم مەخە.
٩٥ ئێمە هەرچی بۆ ئەوانی بڕیاردەدەین، دەتوانین نیشانتی بدەین.
٩٦ تۆ وەرامی خراپە بەچاکە بدە؛ ئێمە باشتر دەزانین ئەوان چ ئێژن.
٩٧ تۆ بێژە: ئەی پەروەرندەم! هانام بەتۆ، لە دنەدانی شەیتانان.
٩٨ هەر هاناش دەبەمە بەرتۆ؛ کە ئەوان دێن بەلامەوە.
٩٩ [ئەوان هەروان] تاکاتێ کە مردن دێتە سەر یەکێکیان، ئەوسا دەڵێ:
ئەی پەروەرندەم! وەم‌گێڕە.
١٠٠ بەشکۆ ئەو ئاکارەچاکەی لێی نەبان‌بوم ئەوجار بیکەم. نەخێر، قسە
بۆخۆی‌دەکا؛ تازە تا ڕۆژی قیامەتێ لەمپەرێکی زۆر گەورەیان لە
پێشدایەو [گەڕانەوەیان بۆنیە].
١٠١ هەرگایەکیش دەکەڵەشاخ دەمێندرا، نە خزمایەتی لەنێوانیان دەمێنێ و
نە کەسیان لەکەس دەپرسێ.
١٠٢ هەرکەسێکی کێشانەی گرانتری بێ، ئەو دیارە لەڕیزی ڕزگارەکانە.
١٠٣ هەرکەسێکیش لەکێشانە کەمی هێنا، ئەوانە دۆڕاوەکانن و لەدۆژەهدا
دەمێننەوە.
١٠٤ دەم‌وچاویان بەئاگر هەڵدەپڕوزێت و لێوەکانیان هەڵدەچرچێ.

---

٩١- خێو: خاوەن، لێرەدا بریتیە لە خوا.	١٠٤- هەڵچرچان: ١) چرچ‌ولۆچ تێکەوتن؛ ٢) سیس‌بۆن.

أَلَمۡ تَكُنۡ ءَايَٰتِي تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿١٠٥﴾ قَالُواْ
رَبَّنَا غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا وَكُنَّا قَوۡمٗا ضَآلِّينَ ﴿١٠٦﴾ رَبَّنَآ
أَخۡرِجۡنَا مِنۡهَا فَإِنۡ عُدۡنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخۡسَـُٔواْ فِيهَا
وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٞ مِّنۡ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَآ
ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّخَذۡتُمُوهُمۡ
سِخۡرِيًّا حَتَّىٰٓ أَنسَوۡكُمۡ ذِكۡرِي وَكُنتُم مِّنۡهُمۡ تَضۡحَكُونَ ﴿١١٠﴾
إِنِّي جَزَيۡتُهُمُ ٱلۡيَوۡمَ بِمَا صَبَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿١١١﴾ قَٰلَ
كَمۡ لَبِثۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ
يَوۡمٖ فَسۡـَٔلِ ٱلۡعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗاۖ لَّوۡ أَنَّكُمۡ
كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١١٤﴾ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ
إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا
ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ
ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ وَقُل رَّبِّ ٱغۡفِرۡ وَٱرۡحَمۡ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١١٨﴾

## سُورَةُ النُّورِ

١٠٥ مەر نیشانانی مەتان بەسەردا نەدەخوێنرایەوەو هەر بەدرۆتان دەژماردن؟
١٠٦ ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! نەگبەت برستی برین و ئێمەخەڵکێکی گومڕا بوین.
١٠٧ ئەی پەروەرندەی گلامان! لێرەمان بهێنەدەرێ؛ ئەگەر ئەمجاریش هەر وابوین، دیارە لەناهەقان دەبین.
١٠٨ ئێژێ: ناشێ من بدوێنن، تا لەوێشدان نابێ هەر فزەتان لێ بێ.
١٠٩ هێندێکیش لەعەبدەکانم هەر دەیانگوت: پەروەرێنمان! ئێمە باوەڕیمان هێنا، تۆش بەزەییت پێماندابێ و لەگوناهەکانمان ببوره؛ تۆ لە گش کەس دڵسۆزتری.
١١٠ ئێوە هەر گاڵتەوپێدەکرد؛ هەتا ئەوان یادی منیان لە بیری ئێوە بردەوەو ئێوە بەوان پێدەکەنین.
١١١ وا من ئەمڕۆ پاداش ئەوخۆڕاگرتنەم پێ بەخشیون؛کە هەر ئەوان ڕزگار دەبن.
١١٢ پێیان ئێژێ: چەندساڵ لەزەمین مانەوە؟
١١٣ ئێژن: ئێمە هەر ڕۆژێک یان هێندێک لەڕۆژێ ماینەوە؛ لەحیسابگەران بپرسە.
١١٤ ئێژێ: ئەگەر بۆزانیبا، کەمێک نەبێ نەمانەوە.
١١٥ ئاخۆ ئێوە پێتان وابو بەگەمە دروستن کردون، ناشۆهێننەوە لای خۆمان؟
١١٦ پایەبەرزی بۆخودایە، کە پاشای ڕاستەقینەیە؛ هیچ پەرستیوێکیش بێژگە لە ئەو نیە؛ هەر خۆیەتی پەروەرێنی تەختی هێژا.
١١٧ هەرکەسێکیش - وێڕای خودا- هانا بۆ کەسێ‌تر بەرێ و بەڵگەشی لەدەستانەبێ، پەروەرندەی دەیکێشێتە پای حەساب و ئەو پێ‌نەزانانە هەرگیز ڕزگارنابن.
١١٨ بێژە: ئەی پەروەرندەکەم! تۆ بم‌بەخشەو بەزەییت پێمدا بێتەوە؛ تۆ چاکترین دلۆڤانی.

## نوور

٦٤ ئایەت

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سُورَةٌ أَنزَلۡنَٰهَا وَفَرَضۡنَٰهَا وَأَنزَلۡنَا فِيهَآ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لَّعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ
١ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ وَلَا تَأۡخُذۡكُم
بِهِمَا رَأۡفَةٞ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ وَلۡيَشۡهَدۡ
عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢ ٱلزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوۡ
مُشۡرِكَةٗ وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٞۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٣ وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ
فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡفَٰسِقُونَ ٤ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ
رَّحِيمٞ ٥ وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ
فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٦
وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٧ وَيَدۡرَؤُاْ
عَنۡهَا ٱلۡعَذَابَ أَن تَشۡهَدَ أَرۡبَعَ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ
٨ وَٱلۡخَٰمِسَةَ أَنَّ غَضَبَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَآ إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٩
وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ ١٠

## بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ سوُرەتێکە ناردومانەتە تەخوارەوەو [ مەبەستەکانمان ] کردوّتە ئەرکی پێویست ؛ چەن نیشانەی ئاشکراشمان تێدا ناردوتە خوارەوە، بەشکێکو پەند[ ی پێ] بگرن.

٢ ئەگەر ئێوە باوەڕیتان بەخواو ڕوّژی سەلا هەیە، داوێن پیسانی مێرو ژن - هەریەکەیان - بەلێدانی سەدتازیانە تەمێ کەن. لە ئایینی سەربەخودا، بەزەیی هاتن بێ جێ‌یە. با چەندکەسیش لەوانەی خاوەن باوەڕن، لەو لێدانە ئاگاداربن.

٣ مێری داوێن پیس هەر دەبێ ژنی داوێن تەڕ بخوازێ؛ یان ژنی بتپەرستی بێ. ژنی داوێن تەڕیش هەروا: یان مێرد بەداوێن‌پیس بکا، یان مێری بتپەرستی بێ‌و لەبۆ خاوەن باوەڕانیش ئەم کارە بەربەست کراوە.

٢ ئەو کەسانەش کە بوختانێ بۆ ژنی داوێن‌پاک دەکەن، چوار شایەتیش ناهێننن، هەشتاشەلاقیان لێ‌بدەن. هەرگیز نابێ بەشایەتیان قبوُڵ بکەن ؛ ئەوانەن‌کە لەڕێی خودا لایانداوە.

٥ مەگین ئەوی پاش ئەم‌کارە پەژیوانی دەردەبڕن‌و ئاکاری خۆیان چاک دەکەن. دیاریشە کە خوا لێ‌بوردەی دلۆڤانە.

۶ ئەوکەسانەش کە بوختانی داوێن‌تەڕی بەژنانی خۆ دەکەن‌و غەیری خۆیان چەن شایەتی[ تریان ] نیە، هەرکامێکیان دەبێ چوارجار خودای لێ‌بەشایەت بگرێ کە لەم‌بارە دروّناکا.

٧ با بۆ جاری پێنجەم بێژێ: ئەگەر ئەم قسەم درۆیە، بەرنەفرینی خوداکەوم.

٨ ژنەکەش لە ئازاردانێ ڕزگاردەبێ، کە ئەویش هەتا چوارکەڕەت خوا بەشایەت بێنێتەوە کە مێردەکەی درۆدەکا.

٩ بۆ جاری پێنجەمین بێژێ: ئەگەر قسەی کابرا ڕاست بێ، بەر غەزەبی خودا کەوم.

١٠ ئەگەر چاکەو دلۆڤانی‌و لەکارزانی‌و تۆبەپەژێری خوداتان نەبوُبایە، [ ئێوە چتان بەسەردەهات ؟] .

إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْۚ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ
خَيْرٌ لَّكُمْۚ لِكُلِّ ٱمْرِيٍٕ مِّنْهُم مَّا ٱكْتَسَبَ مِنَ ٱلْإِثْمِۚ وَٱلَّذِى تَوَلَّىٰ
كِبْرَهُۥ مِنْهُمْ لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١﴾ لَّوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ ٱلْمُؤْمِنُونَ
وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِفْكٌ مُّبِينٌ ﴿١٢﴾ لَّوْلَا
جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَۚ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ
عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٣﴾ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ
فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِى مَآ أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٤﴾
إِذْ تَلَقَّوْنَهُۥ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ
وَتَحْسَبُونَهُۥ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ وَلَوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ
قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ
﴿١٦﴾ يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ أَن تَعُودُوا۟ لِمِثْلِهِۦٓ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧﴾
وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَلَوْلَا
فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٠﴾

١١ ئەوانەی ئەوبوختانەیان هەڵبەستبو، دەستەیەک هەر لەخۆتان بوُن. پێتان وانەبێ بۆ ئێوە خراپ دەبێ، بەڵکو قازانجە بۆ ئێوەو هەرکێش لەوان چەند لەم تاوانە بەشدارە، تاوانی لەسەر نوُسراوە. ئەوکەسەش کە بەشی زۆری ئەو گوناهەی وەئەستۆگرت، جەزرەبەی دژواری هەیە.

١٢ ژن و پیاگی خاوەن باوەڕ، بۆچی هەرگا ئەم دەنگۆیەو بەگوێ گەیشت، بەچاکیان لێک نەدایەوە بۆخۆیان و نەیانگوت کە ئاشکرایە ئەمە درۆی هەڵبەستەیە؟

١٣ ئەدی بۆچی چوارشایەتیان بۆنەهێنا؟ کە هەر شایەتیان نەهێنان؛ ئەوانە بەلای خوداوە درۆزنن.

١٤ ئەگەر خودا بەزەی پێتاندا نەهاتباو چاکەی دەربارە نەکردبان، ئێوە لەدنیاو قیامەتێ لەسەر درۆیە سازتان کرد - سوُربزانن - ئازارێکی یەکجار گەورەتان توُش دەبوُ.

١٥ کاتێ لەیەکتان دەبیست و هیچیشوُ لێ نەدەزانی، هەر بەدەموُدا دەهات و بە زمانوُ دەتانقۆزتەوەو لاتان وابو زۆر هاسانە؛ کە ئەم کارە لجەم خودا زۆرگەورەبوُ.

١٦ بۆچی وەختێ ئەوەتان بیست، نەتانگوت کە: ئێمە چیمان بەسەر ئەم قسانەداوە؛ پاکی و بێعەیبی بۆ تۆیە؛ ئەمە تۆمەتێ گەورەیە.

١٧ خودا نسیحەتوُدەکا؛ ئەگەر بڕواتان پێی هەیە، جارێکیتر بوختانی وا هەڵنەبەستن.

١٨ خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوُن دەکاتەوە؛ خودا زانای لەکارزانە.

١٩ ئەوکەسانەی حەزێ دەکەن باسی کاری بێ ناموُسی لەناو باوەڕدارەکاندا ببێتە قاو، لەدنیاو لەقیامەتیشا جەزرەبەی بەژانیان دەبێ و خوا دەیزانێ و ئێوە ئاگاتان لێ نیە.

٢٠ ئەگەر چاکەو بەزەی خوداو میهرەوانی و دلۆڤانی ئەوتان نەبا، [ دیارە توُشی ئازار دەبوُن].

---

١٢-دەنگۆ: شایعە. ١٥-قۆزتنەوە: لەحەواگرتنەوە.

۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ
خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۚ وَلَوْلَا فَضْلُ
ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى
مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾ وَلَا يَأْتَلِ أُو۟لُوا۟ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ
وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓا۟ أُو۟لِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى
سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُوا۟ وَلْيَصْفَحُوٓا۟ ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ
وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْغَٰفِلَٰتِ
ٱلْمُؤْمِنَٰتِ لُعِنُوا۟ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾
يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ
﴿٢٤﴾ يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلْحَقَّ وَيَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ
ٱلْمُبِينُ ﴿٢٥﴾ ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ وَٱلْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَٰتِ ۖ
وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ
مِمَّا يَقُولُونَ ۖ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا۟
وَتُسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَهْلِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾

٢١ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەدەنە سەر شۆپی شەیتان. هەرکەسێ گاڤ
لەجێگاڤی شەیتان دانێ، با بزانێ شەیتان هەر فەرمان بەکاری
ناشیرین و کرێت دەدا. ئەگەر چاکەو بەزەی خوداو لەسەرنەبا، هیچ
کەسێکتان هەرگیز پاک نەدەبوونەوە؛ بەڵام خودا - لەهەرکەسێکی
حەزبکا - گەماری لەسەر لادەباو خودا بیسەرو زانایە.
٢٢ با ئەوانەی لەناوتاندا دەوڵەمەندن، سوێندێ نەخۆن کە خزمان و
هەژاران و ئاوارەکانی ڕای خودا بێبەش دەکەن. بڵا چاویان لێ بپۆشن و
لەهەڵەکانیان ببوورن؛ مەگەر ئێوە حەزناکەن خوا لەگوناهانۆ ببوورێ؟ خودا
لەگونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
٢٣ ئەوکەسانەی بۆژنانی باوەڕداری داوێن‌پاکی دوورەئاگا[ سەربەخۆ] بوختان
ڕێک دەخەن، لەدنیاش و لەسەلاشا، بەرنەحلەتن؛ جەزرەبەشیان زۆر
دژوارە.
٢٤ رۆژێ دەبێ کە زمان و دەست و پایان، لەسەر هەرکارێ دەیانکرد
دەبنەشایەت.
٢٥ ئەوێ ڕۆژێ چی لیان دەوەشێتەوە، خودا دەگەڵیانی دەکا. سا دەزانن
خودا هەقی ئاشکرایە.
٢٦ کێ ناپاکن بۆناپاکان، یا پاکیشن بۆپاکانن. ئەمانە دوورن لەوانەی
قسەیان بۆهەڵبەستن؛ [ خودا] ئەوانەی بەخشیوەو بژیوی باشیان
دەداتێ.
٢٧ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! جیالەوە ماڵی خۆتان بێ، سەر بەهیچ
ماڵاندا مەکەن هەتا ئیزنێ نەخوازن و سڵاو بۆخەڵکەی دانەخەن.
ئەمە بۆئێو باشترەو شایەت پەندی لێ وەربگرن.

---

**٢١-شۆپ:** شوێن پا. **گاڤ:** هەنگاو. **کرێت:** پیس و خراپ. **گەمار:** چڵک، پیساتی.

**٢٥-لێ وەشانەوە:** شیانی کارێک یا جلکێک بۆکەسێ. ٢٦-مەبەست ژن و پیاوی پاک و ناپاکە.

فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ ۖ وَإِن
قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا ۖ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ
عَلِيمٌ ﴿٢٨﴾ لَّيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ مَسْكُونَةٍ
فِيهَا مَتَاعٌ لَّكُمْ ۚ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٢٩﴾
قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ
ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ
يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ
زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ
وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ
آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ
أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ
أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ
الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ۖ
وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوا
إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾

٢٨ ئەگەر کەسۆ تێدانەدیت، مەچنەژوورێ تا خاوەنی ئیزنۆدەدا. ئەگەر گوتیشیان: وەگەڕێن، پێویستە بگەڕێنەوە. ئەمە بۆ ئێوە باشترە. خودا لەهەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.

٢٩ هیچ سەرکۆنەو لەسەرنیە بچنە ماڵێک کە هیچ کەسی تێدانیەو کەل‌پەلی ئێوەی تێدایە. هەرچی ئێوە دەیشیرنەوەو خۆیای دەکەن خوا دەیزانێ.

٣٠ تۆ بەباوەڕداران بێژە؛ چاوداخەن‌و شۆرەیی خۆ بپارێزن. ئەمە بۆ ئەوان باشترەو خوداش ئاگای لەهەمۆ ئاکاریان هەیە.

٣١ بە ژنانی باوەڕداریش بێژە با چاویان داخەن‌و شەرمی خۆیان بپارێزن‌و خشڵی خۆیان وەدەرنەخەن؛ مەگین ئەوانەی لەدەرێن. با سەرپۆشیان تا سەر پێسیر دابپۆشێ‌و خەملی خۆیان نیشان نەدەن، مەگین بەمێرد، یان بابۆیان، یا خەزوریان، یان فرزەندی نێری خۆیان، یان زڕکوڕیان، یان برا، یان برازایان، یان کوڕانی خوشکەکانیان، یان ژنانی هاوباوەڕیان، یان ئەونێری خولامیانن، یان ئەوپیاوی سەربەوانن‌و هەر نیازیان بەژن نیە، یان منداڵانێ نەگەیونە ئەو تەمەنەی وازیان بچێتە مێوینە. پاشیان بەزەویدانەدەن، کە بزانرێ چۆن خشڵێکیان وەشاردوە. هەمولاتان بگەڕێنەوە لای خودا، ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەشکۆ گشتۆ ڕزگاربن.

---

٢٩- **سەرکۆنە:** سەرکۆ، سەرزەنشت، لۆمە. **کەل‌پەل:** ١) جلک، لیباس؛ ٢) شتی ناومالْ.
**خۆیا:** دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو. **٣١- پێسیر:** یەخە، بەرۆک.

وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن
يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٣٢
وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ
وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَـٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ
عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ۚ وَلَا
تُكْرِهُوا۟ فَتَيَـٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
٣٣ وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ ءَايَـٰتٍ مُّبَيِّنَـٰتٍ وَمَثَلًا مِّنَ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟
مِن قَبْلِكُمْ وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ٣٤ ۞ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ ۖ
ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَـٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ
لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ
نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَـٰلَ
لِلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ٣٥ فِى بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ أَن تُرْفَعَ
وَيُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْـَٔاصَالِ ٣٦

٣٢ مێوینەی بێ مێردی خۆتان بەشۆبدەن. عەبدو کەنیزی هێژاشتان بزەوجێنن. ئەگەر لەهەژارانیش بن، خودا بەدڵاوایی خۆی هەمۆلا بێ نیازدەکا. بەخشینی خودا هەراوەو ئاگادارە.

٣٣ با ئەوانەی توانای زەماوەندیان نیە، خۆڕابگرن هەتا خودا- لەچاکەی خۆی - دەرویکیان لێ دەکاتەوە [و کارەکەیان مەیسەردەکا]. ئەوانەش مالێ ئێوەن و دەیانەوێ پسۆلەیان بۆبنوسرێ، ئەگەر خێرێکتان تێدا دین، با پسۆلەو لەناودابێ و شتێکیشیان لەومالەی خودا پێیداون، پێ ببەخشن. نەچن کە نیزەکانیشتان - کە گەرکیانە پاک بژین - ناچار بکەن خۆ بفرۆشن؛ هەر هەتا مالی دنیاتان وەدەس کەوێ. هەرکەسیش ناچاریان بکا، خوداپاش ناچارکردنیان، گونابەخش و دلۆڤانە.

٣٤ ئەوا ئێمە چەندنیشانەی نیشاندەرمان بۆ ئێوە نارد، وێڕای چەندین سەرگوروشتەی ڕابردوەکانی پێش ئێوەو پەندێکیش بۆ پارێزگاران.

٣٥ خوا ڕۆناکی ئاسمانەکان و زەمینە. ڕۆناکی ئەو وەک تاقێکە چرای تێدا هەڵکرابێ، چراکە لەجامێکدابێ، جامەکە وەک ئەستێرەیەک تروسکەی بێ و ماکی چرا لەزەیتۆنێکی ممبارەک دەس کەوتبێ؛ کە دارەکەی نە هەمیشە بەرەوڕۆژەو نە هەمیشە لەنزارە. تۆ ئێژی ڕۆنی چراکە- بەبێ ئاگرتخۆن کەوتن - تیشک دەدا؛ ڕۆناکی لەبان ڕۆناکی. خودا هەرکەسێ حەزبکا، ڕۆناکی خۆی نیشان دەدا. خودا بۆ مەردم نەزیلان دێنێتەوە. خوا بە هەمۆشت دەزانێ.

٣٦ لەناو مالانێکدا خودا ئیزنی داوە، کە دەستی ڕێزیان لەسەربێ و ناوی ئەویان تیا ببرێ، هەمۆ بەیانی و ئێواران هەر پەسنی پاکی ئەودەدەن:

---

٣٢- **بزەوجێنن:** ژنیان بۆبێنن و بیاندەنە شۆ.  ٣٣- **پسۆلە:** نامە، کاغەز.

رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَإِقَامِ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءِ
ٱلزَّكَوٰةِ ۙ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ ٱلْقُلُوبُ وَٱلْأَبْصَـٰرُ ٣٧
لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَرْزُقُ
مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ٣٨ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَعْمَـٰلُهُمْ كَسَرَابٍۭ
بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا
وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ٣٩
أَوْ كَظُلُمَـٰتٍ فِى بَحْرٍ لُّجِّىٍّ يَغْشَىٰهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ مِّن
فَوْقِهِۦ سَحَابٌ ۚ ظُلُمَـٰتٌۢ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَآ أَخْرَجَ يَدَهُۥ لَمْ
يَكَدْ يَرَىٰهَا ۗ وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ٤٠ أَلَمْ تَرَ أَنَّ
ٱللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلطَّيْرُ صَـٰٓفَّـٰتٍ ۖ كُلٌّ قَدْ
عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسْبِيحَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَفْعَلُونَ ٤١ وَلِلَّهِ مُلْكُ
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ٤٢ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُزْجِى
سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُۥ ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ رُكَامًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ
خِلَـٰلِهِۦ وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِنۢ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ
وَيَصْرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُ ۖ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِۦ يَذْهَبُ بِٱلْأَبْصَـٰرِ ٤٣

٣٧ پیاوانێ کە نە بازرگانی نە سەودا، یادی خوداو نوێژکردن و زەکات دانیان، لە بیرنابا؛ ترسی ئەورۆژەیان هەیە، کە لەوێدا دل و چاو گش وەردەچەرخێن.
٣٨ بۆئەوەی خوا لەبارتەقای کردەوەیان باشتر پاداشیان بداتێ و بەچاکەی خۆی لێشیان زیادکا. خودا هەرکەسێ حەزبکا، بەبێ هەژمار ڕۆزی دەدا.
٣٩ ئەوانەی خودانەناس بوون، کردەوەیان وەک ئەو تراویلکە وایە کە لەبیاواندا هەیە؛ تینو وادەزانێ ئاوەو کە دەیگاتێ، ئەوسا دەزانێ هیچ نیە. بەلام خودا لەنزیکی خۆی دەبینێ و حیسابی ئەنێتە مستی. خوا زو بەحیساب ڕادەگا.
٤٠ یان وەک لەتاریکستانێ، لەزەریایەکی بێ پەیدا، پێل لەسەرپێل دای پۆشن و لەلای ژوورۆشی هەوربێ؛ تاریکایی بارە لەسەر تاریکایی و هەرگا دەستی خۆی دەربخا، لەوانەیە هەر نەی بینێ. هەرکەسێکی خوا ڕووناکی نیشان نەدا، هیچ ڕووناکایی شک نابا.
٤١ تۆ نەت دیوە کە هەرشتێ لەئاسمانان و زەمیندان، ئەومەلانەش کە لەحەوا لەنگەردەگرن، پەسنی پاکی خودادەدەن؟ گشتیان نزاو پەسنی خۆیان دەزانن و خوا لە کاریان ئاگادارە.
٤٢ موڵکایەتی عاسمانان و زەمینیش هەر هی خودایەو گەڕانەوەش بۆ لای خوداس.
٤٣ ئەتۆ نەت دیوە خودا هەورێک لەسەرەخۆ دەئاژوێ؛ پاشان چەند پارچەی لێک دەداو دەیانکا بەهەورێکی پڕ؟ ئەوسا تۆدەبینی دڵۆپەی بارانی لێ دێتەدەر؛ [هەر خوداشە] لەوحەوایە و لەوکێوانە - کە لەوێدان - تەیرۆکان دادەبارێنێ؛ هەرکەسێ ئەو مەیلی لێ بێ، بەری دەداو کێش حەزکا بەری ناکەوێ؛ بروسکەکەی لەوانەیە سۆما لەچاوان برفێنێ.

---

٤٠- زەریا: دەریا، بەحر.     پێل: شەپۆلی ئاو، مەوج.
٤٣- تەیروک: تەرزە.     بەری دەدا: بەهرەی پێدەدا.

يُقَلِّبُ ٱللَّهُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ٤٤
وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٖ مِّن مَّآءٖۖ فَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ بَطۡنِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن
يَمۡشِي عَلَىٰ رِجۡلَيۡنِ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰٓ أَرۡبَعٖۚ يَخۡلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُۚ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٤٥ لَّقَدۡ أَنزَلۡنَآ ءَايَٰتٖ مُّبَيِّنَٰتٖۚ
وَٱللَّهُ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٤٦ وَيَقُولُونَ
ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعۡنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٞ مِّنۡهُم مِّنۢ بَعۡدِ
ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٤٧ وَإِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ
لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم مُّعۡرِضُونَ ٤٨ وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلۡحَقُّ
يَأۡتُوٓاْ إِلَيۡهِ مُذۡعِنِينَ ٤٩ أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ أَمۡ يَخَافُونَ
أَن يَحِيفَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَرَسُولُهُۥۚ بَلۡ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٥٠
إِنَّمَا كَانَ قَوۡلَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ
أَن يَقُولُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥١ وَمَن
يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ
٥٢ ۞ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِنۡ أَمَرۡتَهُمۡ لَيَخۡرُجُنَّۖ قُل
لَّا تُقۡسِمُواْۖ طَاعَةٞ مَّعۡرُوفَةٌۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٥٣

٤٤ ئاڵوگۆڕی شەووڕۆژان خودا دەیکا. کە لەمەشدا پەندێک هەیە بۆ هەرکێ خاوەن ئاوەزە.
٤٥ خودا هەموجانەوەری هەر لەئاو بەرهەم هێناوە. هەیە زگەخشکێ دەکاو، هەیە لەسەر دوێێ دەڕواو هەیە لەسەر چوارپەلانە. خوا هەرشتێ حەزێ بکا سازیئەدا. خودا بەسەر هەموٚ شتدا توانای هەیە.
٤٦ دیارە ئێمە چەن نیشانەی نیشاندەرمان ناردەخوارێ. خودا هەرکەسێکی حەزکا، شارەزای ڕاستەڕێی دەکا.
٤٧ ئەشڵێن: ئێمە باوەڕیمان بەخواو پێغەمبەر هێناوەو بەر فەرمانین. لەدوای ئەمەش بڕێکیان ڕۆ وەردەگێڕن؛ ئەوانە هەر بڕوادارنین.
٤٨ هەرگایەکیش بەرەوخوداو راسپاردەی بانگیان دەکەن، کە خۆی بەکاریان ڕابگا؛ کەچی دەستەیەکیان هەر خۆی لێ دەبوێرن.
٤٩ ئەگەر لەقازانجی وان بێ، دێنەلایو دەیسەلمێنن.
٥٠ ئاخۆ ئەمانە دەغەزیان لەدڵدایە، یان دودڵن، یان دەترسن خوداو پێغەمبەری خودا ناهەقیەکیان لێبکەن؟ نا، ئەوان خۆیان ناهەقن.
٥١ بەڵام ئەوی باوەڕدارن، هەرکاتێ بانگ دەکرێن کە بێن بەرەو خوداو راسپاردەی، هەتا بەکاریان ڕابگا؛ گورجێ دەڵێن: بیستمان و بەرفەرمانین. ئەوانە دیارە ڕزگارن.
٥٢ هەرکەسێکی بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بێو ترسو شەرمی لەخوا هەبێ، ئەوان بردویانەتەوە.
٥٣ بەسوێندان ڕەش بوٚنەتەوە، کە: بەخودا، هەرگا فەرمانیان پێبدەی بچنەخەزا، خۆناگرن. بێژە: هیچ سوێندی پێناوێ؛ فەرمانبەردارێکی خاس بن. هەرکارێکی ئێوە دەیکەن، خوا دەیزانێ.

قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ
وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ
إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴿٥٤﴾ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا
الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ
الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ
وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي
شَيْئًا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٥٥﴾
وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ
تُرْحَمُونَ ﴿٥٦﴾ لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ
وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٥٧﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا
لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ
ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ
وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ
وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ
بَعْضٍ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٨﴾

٥٤ بێژە: بەرفەرمانی خوداو بەرفەرمانی پێغەمبەربن. جا کە هەر خۆشیان وەپاش‌دا، ئەو هەر ئەرکی خۆی لەسەرەو ئێوەش ئەرکی خۆتان هەیە. خۆ ئەگەر بەقسەی ئەوبکەن، شارەزاییەکە بۆخۆتان. پێغەمبەریش لەراگەیاندن بەولاوە هیچی‌تری لەسەرنیە.

٥٥ خوا بەوانەی لەئێوە بڕوایان هەیەو ئاکارچاکن، بەڵێنی‌دا: لەم‌زەمینە دەیانکاتە جێگەنشین؛ هەروەکوو چۆن ئەوانەی بەر لەوانی کردە جێ‌نشین. دینەکەشیان - کە خۆی پەسندی کردوە - هەر بۆیان دادەمەزرێنێ‌و ترسەکەشیان بۆدەکاتە دڵنیایی[تا] تەنیا من بپەرستن؛ هیچ شتێکیش بەشەریکی من نەزانن. هەرکەسێکیش لەمە بەولا سپڵەیی بکاتەپیشە، لەڕیزەی سەرچەوتەکانە.

٥٦ نوێژەکەتانیش بخوێنن‌و زەکات بەن‌و بەر فەرمانی پێغەمبەربن؛ بەشکوو بەربەزەی خواکەون.

٥٧ وامەزانن ئەوکەسانەی خوانەناسن، دەتوانن لەم زەمینە لەدەستن ڕاکەن؛ جێگەی ئەوانە ئاگرەو سەرئەنجامیان زۆرخراپە.

٥٨ ئەی گەلی خاوەن باوڕان! با ئەوانەی خولام‌و کەنیزی ئێوەن، ئەوکەسانەش لە ئێوە کە بلۆق نەبوون، سێ جار ئیزنوو لێ‌بخوازن: لەپیش نوێژی بەیانی‌داو نیمەڕۆیان، کاتێ شمەکان دادەنێن‌و لەپاش نوێژی خەوتنانیش؛ کە ئەم سێ کاتە وەختی تەنیایی ئێوەس. لەپاش ئەوە، نە بۆ ئێوە قەیدێ دەکا، نە بۆ ئەوان، کە بەدەورو بەرتاندابێن؛ ئێوە پێکەوە تێکەڵن. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ئاشکرادەکا. خودا زانای لەکارزانە.

---

٥٨- شمەک: پۆشاک.

وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ
عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٩﴾ وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِى لَا يَرْجُونَ
نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ
غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَٱللَّهُ
سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٦٠﴾ لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ
حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا۟
مِنۢ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَٰتِكُمْ
أَوْ بُيُوتِ إِخْوَٰنِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ
أَعْمَٰمِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَٰلِكُمْ
أَوْ بُيُوتِ خَٰلَٰتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُۥٓ
أَوْ صَدِيقِكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا۟
جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا ۚ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ
تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ
يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦١﴾

۵۹ هەرکاتێ منداڵەکانۆ بلۆقیان بۆ - ئەویش وەک ئەوانی بەرێ - گەرەکە ئیزن بخوازن. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ئاشکرادەکا. خودا زانای لەکارزانە.

۶۰ ئەوژنانەی وەختی شۆیان بەسەرچوە، هیچ تاوانیان لە سەر نیە کە سەرپۆش لەسەرفڕێ دەن؛ بەڵام نابێ خشڵی خۆیان نیشان‌بدەن. بۆئەوان وەها باشترە پاک‌و شەرمێون بمێنن. خودا ئەژنەوێ‌و زانایە.

۶۱ شەل‌و کوێران، لەش بەبارو بناوبوێران، خودی خۆشتان، هیچ تاوانۆ لەسەر نیە لەماڵ خۆتان یان باوکانتان، یان دایکانتان، یان لە ماڵی برایانتان، یان ماڵی سەربەخوشکانۆ، یا ماڵی ئاپ‌و پلکانۆ، یان لەماڵانی خاڵانۆ، یان میمانۆ، یان ئەو ماڵەی کلیلەکەی لای ئێوەیە، یان لە ماڵی دۆستی چاکۆ، خواردن بخۆن. هیچ گوناهیشتان ناگاتێ هەمۆتان پێکەوە بخۆن؛ یان هەرکەس بەتەنیا بخوا. هەرگاش دەچنە ماڵانەوە، سڵامی یەکتری بکەن؛ سڵامێکی پاک‌و پیرۆز لە لای خواوە. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕۆن دەکاتەوە، شایەتا ئێوە تێ‌بگەن.

---

**۵۹- گەرەکە:** پێویستە.		**۶۰- یا:** ئەوژنە لە کارکەوتانەش کە بە هیوای شۆکردن نین.

**۶۱- بناوبوێر:** نەخۆش، دەغەزدار.		**ئاپ:** مامۆ، مام.		**پلک:** خوشکی باوک، پور.

**میم:** خوشکی دایک، میمک.

إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِذَا كَانُواْ مَعَهُۥ
عَلَىٰٓ أَمۡرٖ جَامِعٖ لَّمۡ يَذۡهَبُواْ حَتَّىٰ يَسۡتَـٔۡذِنُوهُۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَـٔۡذِنُونَكَ
أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ فَإِذَا ٱسۡتَـٔۡذَنُوكَ
لِبَعۡضِ شَأۡنِهِمۡ فَأۡذَن لِّمَن شِئۡتَ مِنۡهُمۡ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمُ
ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٦٢ لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ
بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗاۚ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمۡ لِوَاذٗاۚ فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ
أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٦٣ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ
مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قَدۡ يَعۡلَمُ مَآ أَنتُمۡ عَلَيۡهِ وَيَوۡمَ
يُرۡجَعُونَ إِلَيۡهِ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُواْۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ٦٤

## سُورَةُ الفُرۡقَانِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا
١ ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَمۡ يَتَّخِذۡ وَلَدٗا وَلَمۡ
يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٞ فِي ٱلۡمُلۡكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖ فَقَدَّرَهُۥ تَقۡدِيرٗا ٢

٦٢ باوەڕدار هەر ئەوکەسانەن کە باوەڕیان بەخواوپێغەمبەری هێناو هەرکاتێکی بۆکارێکی بەکۆمەڵ ڕەگەڵی کەون، لاناکەون، هەتا ئیزنی لێ دەخوازن. ئەوکەسانە لێت دەخوازن ئیزنیان بدەی، ئەوکەسانەن کە باوەڕیان بەخوداو پێغەمبەرەکەی هاوردوە. هەرگا بۆکارێکی خۆیان هاتن ئیزنت لێ بخوازن، هەرکامێکیان ئیزن دەدەی، کەیفی خۆتەو بۆیان لەخوا داوای لێبوردنێ بکە. کە خوا لەگونا دەبوورێ و دلۆڤانە.

٦٣ گازی لەپێغەمبەرکردن وەک گازی کردن لەخۆتان حەسێب مەکەن. هەرکەسیش خۆی پەنادەداو پێدزەی دەربازبوونیەتی، خوا دەیزانێ. با ئەوانەی کە خۆیان لەفەرمانی ئەو دەدزنەوە، ترسیان هەبێ کە بەڵایەکیان بەسەربێ؛ یان وەبەر جەزرەبەیەکی بەژان کەون.

٦٤ باش بزانن، هەرچی لەناو عاسمانان و زەویدایە، بۆخودایە. خودا هەم لە ئێستەی ئێوەو هەم لەوڕۆژەش کە دەبرێنەوە بۆلای ئەو، ئاگادارە. ئەوساش ئاگاداریان دەکا لەوشتەی وا کردوویانەو خودا هەموشت دەزانێ.

## فورقان

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤانە

٧٧ ئایەت

١ مەزنایەتی بۆخودایێ ئەم فورقانەی بۆعەبدی خۆی ناردەخوارێ، تا ببێتە هۆی ترسانێ بۆهەموخەڵکی جیهانێ.

٢ ئەوخودایەی فەرمانڕەوای ئاسمانەکان و زەمینەو کەسی نەکردە ڕۆڵەی خۆی؛ لەفەرمانڕەواییشدا شەریکی نەبوەو هەموشتی لەڕادەی خۆی دروست کردو ئەندازەی گرت.

---

٦٣- پێدزە: خۆکشانەوەی کەم کەم. دەربازبوون: ڕزگاربوون.

وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ
وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا
وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ﴿٣﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ
ٱفْتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيْهِ قَوْمٌ ءَاخَرُونَ ۖ فَقَدْ جَآءُو ظُلْمًا وَزُورًا
﴿٤﴾ وَقَالُوٓا۟ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ٱكْتَتَبَهَا فَهِىَ تُمْلَىٰ
عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٥﴾ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ
فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٦﴾ وَقَالُوا۟
مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأْكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشِى فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۙ
لَوْلَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا ﴿٧﴾ أَوْ يُلْقَىٰٓ
إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُۥ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا ۚ وَقَالَ
ٱلظَّٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا ﴿٨﴾ ٱنظُرْ
كَيْفَ ضَرَبُوا۟ لَكَ ٱلْأَمْثَٰلَ فَضَلُّوا۟ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ
سَبِيلًا ﴿٩﴾ تَبَارَكَ ٱلَّذِىٓ إِن شَآءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَٰلِكَ
جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًۢا ﴿١٠﴾ بَلْ
كَذَّبُوا۟ بِٱلسَّاعَةِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ سَعِيرًا ﴿١١﴾

٣ بەجێگەی ئەو چتگەلێکیان کردە خودا، کە ناتوانن شتێک چێ کەن؛ بۆ خۆشیان هەر چێ کراون. تەنانەتی قازانجو زەرەری خۆشیان بەدەس نیە؛ نە مردنیشیان بەدەستەو نە ژیانو نە ژینەوەی لەپاش مردن.
٤ خودانەناسەکان وتیان: ئەمە هەمۆی درۆی هەڵبەستەی خۆیەسیو کەسانێتر لەمەدا یاریان داوە. ئاشکرایە هەرچی وتیان درۆیەو ناهەقی دەکەن.
٥ گوتیان: ئەمانە چیرۆکی پێشینانن؛ هەمۆ بەیانیو ئێواران بۆی دەڵێنو لەبەری دەنۆسێتەوە.
٦ بێژە: کەسێکە ناردویە، لەنهێنی عاسمانەکانو زەمینێ ئاگادارە؛ ئەویش لەگوناح دەبۆرێو دلۆڤانە.
٧ گوتوشیانە: ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە خۆراک دەخواو بەبازاراندا دەگەڕێ؟ ئەدی چۆنە فرشتێکی دەگەڵ نەهات، کە وێڕای ئەو ترس وەبەر مەردم بێنێ.
٨ یان گەنجێکی بۆهاوێژرابایە خوارێ، یان باغێکی هەبوایە لێی بخواردایە. ناهەقیکارانیش گوتیان: ئێوە هەر شوێن پیاوێ کەوتۆن سیحرو جادوی لێکراوە.
٩ دەبڕوانە چلۆن نەزیلەیان بۆ تۆ هێناوەو لە ڕێ لایان داو هەرچی دەکەن ڕێ دەرناکەن.
١٠ مەزنایەتی هەر بۆکەسێ ئەگەر حەزکا لەوەچاترت دەداتێ. باغاتێکت پێ دەبەخشێ جۆباریان بەبەردادەڕواو چەندکۆشکیشت بۆدادەنێ.
١١ دیارە ئەوان قیامەتیان بە درۆزمارد؛ ئێمەش کڵی جەهەندەممان سازداوە بۆ هەر کەسێ کە قیامەت بە درۆ دەزانێ؛

---

٩- نەزیلە: نەزیرە، مەزمۆدە، چیرۆکی کورت بۆگاڵتە.

إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ سَمِعُوا۟ لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا ﴿١٢﴾ وَإِذَآ
أُلْقُوا۟ مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُّقَرَّنِينَ دَعَوْا۟ هُنَالِكَ ثُبُورًا ﴿١٣﴾
لَّا تَدْعُوا۟ ٱلْيَوْمَ ثُبُورًا وَٰحِدًا وَٱدْعُوا۟ ثُبُورًا كَثِيرًا ﴿١٤﴾ قُلْ
أَذَٰلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ ٱلْخُلْدِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ۚ كَانَتْ
لَهُمْ جَزَآءً وَمَصِيرًا ﴿١٥﴾ لَّهُمْ فِيهَا مَا يَشَآءُونَ خَٰلِدِينَ ۚ
كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ وَعْدًا مَّسْـُٔولًا ﴿١٦﴾ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا
يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى
هَٰٓؤُلَآءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿١٧﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ مَا كَانَ
يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ
وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٨﴾ فَقَدْ
كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا
نَصْرًا ۚ وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا ﴿١٩﴾
وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ
ٱلطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۗ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ
لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ ۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا ﴿٢٠﴾

۱۲ کە لەشونێکی دوورەوە دەیانبینێ، لرفەو نێڵەی کڵی ئاگریان دێتەگوێ.
۱۳ هەرگایەکیش شەتەک دراو داوێژرێنە ناوجێگەی تەنگەبەرایی دۆژهەوە، منە بۆمردنێ دەکەن.
۱۴ ئەمڕو ئیتر هەر مردنێ داوامەکەن؛ داوای گەلێ مردن بکەن.
۱۵ بێژە: ئاخۆ ئەمە باشە، یان بەهەشتی هەمیشەیی؛ کە بەڵێنی بەخودێترسان دراوە، کە: پاداش و دوارۆژیانە؟
۱۶ چی بخوازن لەوێ هەیەو هەروهەر تێدا دەمێنن. ئەم بەڵێنە لەپەروەرندەی تۆڕایەو هەر دێتەجێ.
۱۷ لەورۆژەدا کە ئەمانەو ئەوانەی - لەغەیرەز خودا - دەیانپەرست، لەجێیەک کۆدەکاتەوە، دەپرسێ: ئاخۆ ئێوە بوُن ئەم عەبدانەموُ لارێ کرد، یان خۆیان لەرێ کلابوُن؟
۱۸ ئێژن: پاکانەی تۆدەکەین؛ ئێمە کەی ڕێمان دەکەوێ - بەدەرلەتۆ - کەسێ بکەینە دۆستی خۆ؛ بەڵام هەرخۆت بۆئەوان و باب و کالانی ئەوانیش ئەوەندەت بەربەرەڵداکرد، کە یادی تۆیان لەبیرچۆ، بوُنە گەلێکی وا بێ خێر.
۱۹ ئەوا بۆ ئەو قسانەتان، ئێوەیان وەدرۆ خستەوە. خۆ ئێستا ئیتر ناتانن [ئازار لە خۆتان] لابدەن؛ یان هانادەرێ پەیاکەن؛ هەرکامیشتان ناهەقیکا، ئێمە ئازاردانی گەورەی پێ دەچێژین.
۲۰ لەپێش تۆشا هەر کەسێکمان بۆ پێغەمبەری ناردوە، هەموُ خواردنیان خواردوەو لەناو بازاڕان گەڕاون؛ هێندێکیشتانمان کردۆتە مایەی ئەزموُنی هێندێ تر. ئاخۆ ئێوە خۆڕادەگرن؟ وا پەروەرندەت دەبینێ.

---

۱۲-لرفە: دەنگی گڕگڕی تەندوُر. نێڵە: ئاگری زۆر بە تەوژم. ۱۳-منە: پەلە، لەز.

۞ وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ
أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا ۗ لَقَدِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا
﴿٢١﴾ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ
حِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٢٢﴾ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَٰهُ
هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا
وَأَحْسَنُ مَقِيلًا ﴿٢٤﴾ وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلْغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ
تَنزِيلًا ﴿٢٥﴾ ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ لِلرَّحْمَٰنِ ۚ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى
ٱلْكَٰفِرِينَ عَسِيرًا ﴿٢٦﴾ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ
يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ
فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى ۗ
وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ وَقَالَ ٱلرَّسُولُ
يَٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِى ٱتَّخَذُوا۟ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا ﴿٣٠﴾ وَكَذَٰلِكَ
جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا مِّنَ ٱلْمُجْرِمِينَ ۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا
وَنَصِيرًا ﴿٣١﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً
وَٰحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾

٢١ ئه‌وانه‌ی كه به‌هیوانین به‌دیداری ئێمه بگه‌ن، گوتیان: بۆچی فرشته‌مان نه‌هاته‌لا؟ یان په‌روه‌رنده‌ی خۆن نه‌دی؟ ئه‌وانه له‌پاڵ خۆیاندا خۆیان به‌زل ده‌زانن و سه‌ربزێوی و فیزێكیان لێ په‌یدابوه كه ئه‌وسه‌ری دیاری نه‌بێ.
٢٢ ئه‌وڕۆژه‌ی ئه‌وان فرشتان به‌چاوی خۆیان ده‌بینن، كه فرشته ده‌نگیان ده‌ده‌ن: هه‌یدێ گوم‌بن! هیچ مژده‌یه‌كمان لانیه كه بیده‌ین به‌تاوانباران؛ پێشیان ده‌ڵین: مژده له ئێوه حه‌رامه.
٢٣ هه‌ر كارێكی كردۆیانه ڕای‌ده‌نین و هه‌روه‌كۆ تۆزی بابرده‌ڵه‌ی پێده‌كه‌ین.
٢٤ ئه‌وێ ڕۆژێ ئه‌نواو جێگه‌ی حه‌سانه‌وه‌ی به‌هه‌شتیه‌كان باشترینه.
٢٥ ئه‌وێ‌ڕۆژیش ئه‌زمان به‌هه‌ور ده‌قه‌ڵه‌شێ و فریشته‌كان - به‌هه‌ڕه‌مه - به‌ره‌و زه‌مین به‌ڕێ ده‌كرێن.
٢٦ ئه‌وێ‌ڕۆژێ فه‌رمانڕه‌وایی به‌ڕاستی بۆخودایه‌و بۆگه‌لی خودانه‌ناسان، ڕۆژێكی پڕته‌نگانه‌یه.
٢٧ له‌وڕۆژشدا كه ناهه‌قكار به‌ده‌ستی خۆیداده‌نۆسێ و ئێژێ: ئه‌ی‌كاشكایه منیش وه‌ل پێغه‌مبه‌ر چۆبامه‌ڕێ.
٢٨ ئه‌ی مخابن، خۆزی هه‌رگیز نه‌بوبام به‌دۆستی فلان.
٢٩ له پاش ئه‌وه‌ی كه ئه‌م قورعانه‌م پێ‌گه‌یشت، هه‌ر ئه‌و منی لێ كلا كرد؛ شه‌یتان هه‌میشه مرۆ به‌ره‌ڵا ده‌كا.
٣٠ پێغه‌مبه‌ریش ئێژێ: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌كه‌م! هۆزه‌كه‌م ئه‌م‌قورئانه‌یان وه‌پشت گوێ خست.
٣١ هه‌رواش بوه؛ ئێمه بۆ هه‌رپێغه‌مبه‌رێک دژمنێكمان - له‌تاوانباران - بۆدانان. په‌روه‌رنده‌ت بۆشاره‌زایی كردن و هاریكاری به‌سی‌تۆیه.
٣٢ خوا نه‌ناسه‌كان دبێژن: بۆچی خودا به‌تێكڕایی ئه‌م قورئانه‌ی بۆ نه‌ناردۆته‌خواره‌وه؟ هه‌ر بۆئه‌مه‌بۆكه ئێمه دڵتی پێ دامه‌زرێنین و به‌ته‌كۆزی و هێدیكا بۆتی وه‌خوێنین.

---

**٢١- پاڵ:** ئه‌نده‌رون (له‌پاڵ خۆیدا تۆڕه‌یه). **٢٢- هه‌یدێ:** بڕۆ. لاچۆ. **٢٧- به‌ده‌سدا نۆسان:** برێتی له‌په‌شیمانی كێشانی زۆر. **٢٨- مخابن:** حه‌یف، به‌داخه‌وه. **٣١- هاریكاری:** كۆمه‌ک، یارمه‌تی. **٣٢- ته‌كۆزی:** ڕێک‌وپێكی. **هێدیكا:** به ئارامی.

وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴿٣٣﴾
ٱلَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ أُوْلَٰٓئِكَ شَرٌّ
مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٣٤﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ
وَجَعَلْنَا مَعَهُۥٓ أَخَاهُ هَٰرُونَ وَزِيرًا ﴿٣٥﴾ فَقُلْنَا ٱذْهَبَآ إِلَى
ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَدَمَّرْنَٰهُمْ تَدْمِيرًا ﴿٣٦﴾ وَقَوْمَ
نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُواْ ٱلرُّسُلَ أَغْرَقْنَٰهُمْ وَجَعَلْنَٰهُمْ لِلنَّاسِ
ءَايَةً ۖ وَأَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٣٧﴾ وَعَادًا وَثَمُودَاْ
وَأَصْحَٰبَ ٱلرَّسِّ وَقُرُونًۢا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا ﴿٣٨﴾ وَكُلًّا ضَرَبْنَا
لَهُ ٱلْأَمْثَٰلَ ۖ وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا ﴿٣٩﴾ وَلَقَدْ أَتَوْاْ عَلَى ٱلْقَرْيَةِ
ٱلَّتِىٓ أُمْطِرَتْ مَطَرَ ٱلسَّوْءِ ۚ أَفَلَمْ يَكُونُواْ يَرَوْنَهَا ۚ بَلْ
كَانُواْ لَا يَرْجُونَ نُشُورًا ﴿٤٠﴾ وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ
إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى بَعَثَ ٱللَّهُ رَسُولًا ﴿٤١﴾ إِن كَادَ
لَيُضِلُّنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا لَوْلَآ أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا ۚ وَسَوْفَ
يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٢﴾ أَرَءَيْتَ
مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾

٣٣ ئه‌گه‌ر ئه‌وان نه‌زیلانت بۆدێننه‌وه، ئێمه ڕاستیت بۆدێنین و [نه‌زیله‌یه‌کی]
پڕماناتر له ئیوان.
٣٤ که‌سگه‌لێ که ده‌مه‌وڕوو ڕاده‌کێشرێن بۆ جه‌هه‌نده‌م و هه‌رله‌وێ
کۆده‌کرێنه‌وه، خراپترین جێیان هه‌یه‌و به‌ته‌واوی له‌ڕێ کلان.
٣٥ کتێبیشمان دا به مۆساو هاڕۆنی براشیمان کرد به وه‌زیری.
٣٦ ئه‌وسا گوتمان: بڕۆن بۆلای ئه‌و هۆزه که نیشانه‌کانی ئێمه‌یان به‌درۆ
ژمارد؛ ڤێکاڤێ تێکمان شکاندن.
٣٧ هۆزی نۆحیش - کاتی به پێغه‌مبه‌ران باوه‌ڕیان نه‌کرد - نوقمی
بناومان‌کردن و کردمانن به‌نیشانه بۆ مه‌ردم و ئازارێکی به‌ژانیشمان
سازداوه بۆ ناهه‌قه‌کان.
٣٨ عادو سه‌مۆدو خاوه‌نی چالاوه‌کانیش و گه‌لێ به‌ره‌وچینی نێوانیان [هه‌ر
به‌وده‌رده چۆن].
٣٩ بۆهه‌موانیان چه‌ندنه‌زیله‌مان هێناوه‌و له‌ئاکامدا ونجڕبه‌ونجڕمان کردن.
٤٠ خو ئه‌وانه به‌وشاره‌دا ڕابردۆن که بارانه‌ی به‌لامان بۆباراندۆن؛ مه‌گه‌ر
به‌چاوی خۆیان ئه‌وه‌یان نه‌دی؟ به‌لام به‌هیوای زیندۆبۆنه‌وه نه‌بۆن.
٤١ هه‌ر که تۆیان چاوپێکه‌وت، ده‌تکه‌نه گه‌پجاڕی خۆیان: هه‌ر ئه‌مه‌یه که
خودا ڕای‌سپاردوه؟!
٤٢ له‌وانه‌بو له‌په‌رستیوه‌کانی خۆن لامان‌بدا، ئه‌گه‌ر خۆمان له‌سه‌ریان
ڕانه‌گرتایه. دواجار - که ئازارده‌بینن - پێده‌زانن که کێ پتر له‌ڕێگه‌ی
ڕاست هه‌ڵه‌بوه.
٤٣ تو ئه‌وکه‌سه‌ت دی که هه‌رچی خوی حه‌زبکا ده‌یکاته په‌رستیوی خۆی؟
ئاخۆ ئه‌تۆ بۆئه‌میش هه‌ر ده‌سته‌به‌ری؟!

---

٣٦- ڤێکاڤێ: ئه‌وجار، ئانجا، ئیمجا.  ٣٩- ونجڕبه‌ونجڕ: شڕو شیتاڵ، ته‌واو دڕاو.
٤٣- ده‌سته‌به‌ر: زامن.

أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا
كَالْأَنْعَٰمِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ
ٱلظِّلَّ وَلَوْ شَآءَ لَجَعَلَهُۥ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا ٱلشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا
﴿٤٥﴾ ثُمَّ قَبَضْنَٰهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا ﴿٤٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ
لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِبَاسًا وَٱلنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ ٱلنَّهَارَ نُشُورًا ﴿٤٧﴾
وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۚ وَأَنزَلْنَا
مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً طَهُورًا ﴿٤٨﴾ لِّنُحْـِۧىَ بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُۥ
مِمَّا خَلَقْنَآ أَنْعَٰمًا وَأَنَاسِىَّ كَثِيرًا ﴿٤٩﴾ وَلَقَدْ صَرَّفْنَٰهُ بَيْنَهُمْ
لِيَذَّكَّرُوا۟ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٥٠﴾ وَلَوْ شِئْنَا
لَبَعَثْنَا فِى كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا ﴿٥١﴾ فَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ
وَجَٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا ﴿٥٢﴾ ۞ وَهُوَ ٱلَّذِى مَرَجَ
ٱلْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا
وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٥٣﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ
نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ ۗ وَكَانَ ٱلْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرًا ﴿٥٥﴾

٢٢ یان پێت وایە کە زوربەیان گوێ شل دەکەن و تێدەگەن ؟ ئەوانە وێنەی ولّساتن ، بگرە لەویش گومڕاترن .
٤٥ بۆ نەت دیوە پەروەرندەت درێژە بەسێبەردەدا ؟ ئەگەر خۆی حەزی کردبا ، وای دەکرد لەجێ نەبزوێ . خۆریشمان کردۆتە بەڵگەی .
٤٦ لەئاکامدا - کەمەکەمە - بەرەوخۆنی دەبەینەوە .
٤٧ هەر خۆیەتی کە بۆئێوە شەوی کردۆتە پۆشاک و خەوی بۆسانەوە[ تان ]و ڕۆژیشی بۆهەڵسانەوە[ تان ] داناوە .
٤٨ هەر ئەویشە باکانی نارد ، کە مزگێنی بەزەیی ئەوتان بۆبێنن ؛ جا ئەوسا لەوحەوایەوە بارانێکی پاک و خاوێنمان ناردەخوار ؛
٤٩ تا زەمینی هێزلێبڕاو - بەهۆی ئەم - زیندۆکەینەوەو ولّسات و زۆر لەوخەڵکانەی - کە خۆمان دروستن کردۆن - تێراوبکەین .
٥٠ ئەوەشمان هەر جۆرەجۆرە لە نێوانیانا دابەش کرد ، تا پەند بگرن ؛ بەڵام زوربەی ئەم مەردمە هەر فێرن ناشکوری بکەن .
٥١ ئەگەر بۆخۆن کەیفن لێبا بۆهەر شارێ کەسێکی وامان ڕادەسپارد بیان ترسێنێ .
٥٢ سا تۆ هەرگیز بەقسەی خوانەناسان مەکەو بەهەمۆ هێزو تواناوە هەر بەگژیانداوەرەوە .
٥٣ خوا کەسێکە کە دۆزەریای بەیەک گەیاند ؛ یەکێ شیرن ، یەکێ شۆری ئامالّ تاڵەو لەمپەرێک و بەرگرێکی زۆر ئەستۆری لەنێوانیان بەدی هێنا [ کە تخۆنی یەکترنەبن ] .
٥٢ هەر خۆیەتی لە [ تنۆکێ ] ئاو ، مرۆیەکی وەدی هێناو کردیە ماکی تۆرەمەو خزم پەیدابۆن . پەروەرندەت هەمۆکارێکی پێدەکرێ .
٥٥ غەیرەز خودا شتی وەها دەپەرستن کە نە بەهرەیان پێدەدا ، نە زیانیشیان لێدەدا . خوانەناسان خۆدەکەنە پشتیوانی دژی پەروەرندەی خۆیان .

---

**٤٤- ولّسات:** ئاژەلّ، ماڵات. **٥٠- ئەوەشمان:** نیاز لە ئەوەش ، دەکرێ باران بێ و دەشکرێ قورئان و وەحی بێ؛ خاوەنی «کەششاف» مانای دوهەمی بەدڵە.

وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ٥٦ قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ
مِنۡ أَجۡرٍ إِلَّا مَن شَآءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلٗا ٥٧ وَتَوَكَّلۡ
عَلَى ٱلۡحَيِّ ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِهِۦۚ وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ
عِبَادِهِۦ خَبِيرًا ٥٨ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا
فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ
خَبِيرٗا ٥٩ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسۡجُدُواْۤ لِلرَّحۡمَٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحۡمَٰنُ
أَنَسۡجُدُ لِمَا تَأۡمُرُنَا وَزَادَهُمۡ نُفُورٗا ۩ ٦٠ تَبَارَكَ ٱلَّذِي جَعَلَ
فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجٗا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجٗا وَقَمَرٗا مُّنِيرٗا ٦١ وَهُوَ
ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ خِلۡفَةٗ لِّمَنۡ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوۡ أَرَادَ
شُكُورٗا ٦٢ وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ
هَوۡنٗا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمٗا ٦٣ وَٱلَّذِينَ
يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمۡ سُجَّدٗا وَقِيَٰمٗا ٦٤ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ
رَبَّنَا ٱصۡرِفۡ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا
٦٥ إِنَّهَا سَآءَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ٦٦ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ
لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ٦٧

٥٦ ئێمه تۆمان ته‌نیا بۆئه‌وه ناردوه، مژده‌ده‌رو ترسێنه‌ربی.
٥٧ بێژه: من بوئه‌و کاره هیچ پاداشێکم له‌نگۆناوێ، غه‌یره‌ز ئه‌وه: کێ پێ‌خۆش‌بێ، به‌ره‌و لای په‌روه‌رنده‌ی خۆی ڕێ‌ده‌ربکا.
٥٨ سا تۆ خۆت بده‌ده‌س که‌سێ که هه‌ر زیندوه‌و نامرێ‌و بۆشوکرانه‌ی، پێی‌هه‌ڵبڵێ‌و هه‌ر ئه‌و به‌سه که له‌گوناهی عه‌بدانی ئاگاداره.
٥٩ ئه‌وخودایه‌ی عاسمانه‌کان‌و زه‌مین‌و هه‌رچی له‌ناویاندا هه‌یه، به‌شه‌ش ڕۆژی داهێناوه. پاشان له‌سه‌ر ته‌ختی فه‌رمانڕه‌وایی خۆی دامه‌زراوه؛ هه‌ر ئه‌ویشه خودای ڕه‌حمان، سا تۆ له‌وانه‌ش بپرسه که چازانن.
٦٠ هه‌رگا پێیان بۆترێ که: به‌ره‌وڕه‌حمان سوژده‌به‌رن، ئێژن: ڕه‌حمان چکه‌سێکه؟ ده‌ته‌وێ هه‌رکێ تۆبێژی، ئێمه کڕنۆشی بۆبه‌رین؟ سڵ بۆنیشیان پترده‌کا.
٦١ سه‌روه‌ری بۆئه‌وکه‌سه‌یه چه‌ندقۆناغی له‌عاسمانا دامه‌زراندو له‌ناو ئه‌مدا چرایه‌ک‌و هه‌یڤێکی تریفه‌داری جێ کرده‌وه.
٦٢ هه‌ر ئه‌ویشه نۆره به‌شه‌وورۆژ ده‌کا، هه‌تا که‌سێ گه‌ره‌کی‌بێ بیرکاته‌وه یان بیه‌وێ سوپاسکاربێ.
٦٣ عدبده‌ڕاسته‌کانی ڕه‌حمان ئه‌وکه‌سانه‌ن که بێ‌ده‌عیه ده‌چنه‌ڕێوه‌و هه‌ر کاتێکیش نه‌زانه‌کان بیاندوێنن، په‌رسڤی نه‌رم‌ونیانیان ده‌ده‌نه‌وه.
٦٤ ئه‌وانه‌شن که شه‌و تاڕۆژ، ڕوه‌و په‌روه‌رنده‌ی خۆیان سوژده ده‌به‌ن‌و وێستاون.
٦٥ ئه‌وانه‌شن که وا ئێژن: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌ی هه‌مۆمان! جه‌زره‌به‌دانی دۆزه‌خمان لێ‌دوُرخه‌وه؛ چونکه جه‌زره‌به‌ی جه‌هه‌نده‌م دوایی نایه.
٦٦ که به‌ڕاستی زۆر شوێنێکی ناله‌بارو زۆر ئه‌نوایه‌کی خراپه.
٦٧ ئه‌وانه‌شن که له‌کاتی ماڵ به‌خشینا، نه یه‌کجاری ده‌س بڵاون، نه ته‌واویش ده‌س‌قوچاون؛ هه‌ر له‌وناوه‌نده‌دا، ماون.

وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ
ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ
أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفۡ لَهُ ٱلۡعَذَابُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ
مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا
فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا
رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ
مَتَابًا ﴿٧١﴾ وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ
مَرُّواْ كِرَامًا ﴿٧٢﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ
لَمۡ يَخِرُّواْ عَلَيۡهَا صُمًّا وَعُمۡيَانًا ﴿٧٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا
هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا
لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ بِمَا
صَبَرُواْ وَيُلَقَّوۡنَ فِيهَا تَحِيَّةٗ وَسَلَٰمًا ﴿٧٥﴾ خَٰلِدِينَ
فِيهَاۚ حَسُنَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ﴿٧٦﴾ قُلۡ مَا يَعۡبَؤُاْ بِكُمۡ رَبِّي
لَوۡلَا دُعَآؤُكُمۡۖ فَقَدۡ كَذَّبۡتُمۡ فَسَوۡفَ يَكُونُ لِزَامَۢا ﴿٧٧﴾

## سُورَةُ الشُّعَرَاءِ

٦٨ ئەوانەشن کە وێڕای خوا، هیچ شتی‌تر ناپەرستن؛ کەسێکیش ناکوژن
کەخوا ڕژتنی خوێنی بە ناڕەوا زانیوە؛ مەگین بەهەق؛ تووشی
داوێن‌پیسیش نابن. هەرکێ ئەم‌کارانەبکا، تاوانی خۆی دێتەوەڕێی.
٦٩ ڕۆژی سەلا دوچەندانە ئازاردەدرێ‌و بە سۆکایەتی هەر لەوێدا دەمێنێ؛
٧٠ مەگین ئەوی تۆبەدەکاو باوەڕدێنێ‌و ئاکاری چاک ڕەچاو دەکا؛ کە خودا
خراپەکانیان بەچاکە بۆوەدەگۆڕێ‌و خوا لێ بوردەی دلۆڤانە.
٧١ هەر کەسێکی تۆبەبکاو ئاکاری چاک ڕەچاوبکا، بەڕاستی دەگەڕێتەوە
بۆلای خودا.
٧٢ ئەوانەشن کە بە درۆ، شایەتی نادەن‌و هەرگا بەلای‌کاری نالەباردا
ڕادەبۆرن، مەردانە خۆی لێ‌لادەدەن.
٧٣ ئەوانەشن کە هەرکاتێ نیشانەکانی پەروەرندەیان وەبیردەخرێتەوە، وەک
کەڕوکوێر ناوێستن[ و گوێ پێدەدەن].
٧٤ ئەوانەشن کە ئێژن: ئەی پەروەرێنمان! ژن‌و منالانی وامان پێ‌ببەخشە،
ببنە مایەی چاوڕۆنیمان؛ بشمانکە پێشەوا بۆ خۆپارێزەکان.
٧٥ جا ئەوانە لە پاداشی خۆڕاگرتنیان، ئۆدە[کانی بەهەشت]یان
پێ‌دەدرێت‌و لەوێدا هەر بە درودو سەلامەوە تەکیانا ڕوبەڕو دەبن.
٧٦ هەر لەوێدا دەمێننەوە؛ کە زۆر بنکەیەکی باشەو زۆر نشیمەنێکی خۆشە.
٧٧ ئەتۆ بێژە: پەروەرندەم هیچ هەواڵتان لێ ناپرسێ، ئەر لەبری نەپاڕێنەوەو
نەیپەرستن. ئەوا ئێوەش باوەڕیتان بەو نەهێناو بەم زوانە گرفتاری
سزادەبن‌و هەر لێتان جوێ نابێتەوە.

## شوعەراء

٢٢٧ ئایەت

---

٧٠-لێ بوردە: گونابەخش. ٧٧-لەبری: لەبەری، لەدەرگای.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طسٓمٓ ﴿١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴿٢﴾ لَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ
أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴿٣﴾ إِن نَّشَأۡ نُنَزِّلۡ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةٗ فَظَلَّتۡ
أَعۡنَٰقُهُمۡ لَهَا خَٰضِعِينَ ﴿٤﴾ وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ مُحۡدَثٍ
إِلَّا كَانُواْ عَنۡهُ مُعۡرِضِينَ ﴿٥﴾ فَقَدۡ كَذَّبُواْ فَسَيَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ
بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٦﴾ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَمۡ أَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجٖ
كَرِيمٍ ﴿٧﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٨﴾ وَإِنَّ
رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩﴾ وَإِذۡ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱئۡتِ ٱلۡقَوۡمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ قَوۡمَ فِرۡعَوۡنَۚ أَلَا يَتَّقُونَ ﴿١١﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَخَافُ
أَن يُكَذِّبُونِ ﴿١٢﴾ وَيَضِيقُ صَدۡرِي وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِي فَأَرۡسِلۡ
إِلَىٰ هَٰرُونَ ﴿١٣﴾ وَلَهُمۡ عَلَيَّ ذَنۢبٞ فَأَخَافُ أَن يَقۡتُلُونِ ﴿١٤﴾ قَالَ
كَلَّاۖ فَٱذۡهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسۡتَمِعُونَ ﴿١٥﴾ فَأۡتِيَا فِرۡعَوۡنَ
فَقُولَآ إِنَّا رَسُولُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ أَنۡ أَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
﴿١٧﴾ قَالَ أَلَمۡ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدٗا وَلَبِثۡتَ فِينَا مِنۡ عُمُرِكَ سِنِينَ ﴿١٨﴾
وَفَعَلۡتَ فَعۡلَتَكَ ٱلَّتِي فَعَلۡتَ وَأَنتَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾

## وەرگێڕانی ماناکانی سورەتی شوعەراء

١ طا، سین، میم.
٢ ئەمانە نیشانەکانی ئەم‌کتێبە دیاری‌دەرەن.
٣ لەوانەیە بەوخەمە خۆت لەبەین بەری، کە ئەوانە نایانەوێ بڕوابێنن.
٤ ئەگەر ئێمە حەزێ‌بکەین نیشانێکیان لەحەواوە بۆدەنێرین، کە ملیانی لەبەرکەچ‌کەن.
٥ هەرقسێکی تازەبابەت لەڕەحمانەوە بۆیان‌دێ، رویانی لێ‌وەردەگێڕن.
٦ [ئەوان] باوەڕیان نەهێنا؛ بەم زوانەش هەر دەنگ‌وباسی ئەوەیان پێدەگەیێ، کە گاڵتەو گەپیان پێدەکرد.
٧ ئاخۆ زەمینیان نەدیوە، کە چەندجۆتەی ڕوەکی پڕلەبەهرەمان تێداڕواند.
٨ لەمەدا دەرسێ[ باش] هەیە؛ بەڵام بەشی هەرەزۆریان بەبڕوانین.
٩ خۆ دیارە پەروەرندەت هەر خۆی خاوەن دەستەڵات‌و دلۆڤانە.
١٠ [بێنەوە بیر] ئەوکاتە کە پەروەرندەت بانگاوازی لەمۆساکرد، کە: بچۆلای کۆمەڵەی ناهەقیکاران؛
١١ بۆلای داروەدەسەی فیرعەون. ئاخۆ ئەوانە ناترسن؟
١٢ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ترسم هەیە کە بە ڤڕبێژم بزانن.
١٣ دڵم تەنگ دەبێت و زمانم گۆ ناکا؛ ڕاسپێرە بۆ لای هاڕون.
١٤ ئەوانە تاوانێکیان لەسەر من هەیە، دەترسم هەر بشم‌کوژن.
١٥ گوتی: نەخێر، قەت وانیە. سائێوە نیشانەکانی ئێمە بەرن؛ ئێمەش دەگەڵ ئێوەدا هەین‌و دەبیسین.
١٦ سا بگەنە نک فیرعەون‌و بێژن: ئێمە پێغەمبەری پەروەرندەی گش جیهانین.
١٧ تۆرەمەی ئیسرائیلێمان ڕەگەڵ بخە.
١٨ [فیرعەون] گوتی: تۆ هەر منداڵەکە نەبوی کە ئێمە پەروەردەن کردی‌و چەندساڵێکیش لەناومان‌مای؟
١٩ ئەوکارەشت کرد کە کردت؛ دیارە ئەتۆ لەڕێزەی ناسوپاسانی.

---

١٢- ڤڕبێژ: درۆزن. ١٣- گۆناکا: ناگەڕێ، نابزوێ ١٦- نک: لا.

قَالَ فَعَلْتُهَآ إِذًا وَأَنَا۠ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٢٠﴾ فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ
فَوَهَبَ لِى رَبِّى حُكْمًا وَجَعَلَنِى مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢١﴾ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا
عَلَىَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾ قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿٢٣﴾ قَالَ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ
﴿٢٤﴾ قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُۥٓ أَلَا تَسْتَمِعُونَ ﴿٢٥﴾ قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٦﴾ قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ ٱلَّذِىٓ أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ ﴿٢٧﴾
قَالَ رَبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾ قَالَ
لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِى لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ
أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَىْءٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾ قَالَ فَأْتِ بِهِۦٓ إِن كُنتَ مِنَ
ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿٣٢﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ
فَإِذَا هِىَ بَيْضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ﴿٣٣﴾ قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُۥٓ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ
عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِۦ فَمَاذَا
تَأْمُرُونَ ﴿٣٥﴾ قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَٱبْعَثْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ
﴿٣٦﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ ﴿٣٧﴾ فَجُمِعَ ٱلسَّحَرَةُ
لِمِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٣٨﴾ وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ ﴿٣٩﴾

۲۰ گوتی: ئه‌وه‌م له‌ده‌س قه‌وماو ئه‌وساکه له‌گومڕایان بۆم.
۲۱ له‌ترسی ئێوه بازم‌دا؛ دوایه په‌روه‌رنده‌ی من، له‌کارزانی پێ به‌خشیم و منی خسته ڕێزه‌ی پێغه‌مبه‌رانه‌وه.
۲۲ تۆ منه‌تی ئه‌وچاکه‌یه‌م له‌سه‌رده‌نی، که تۆره‌مه‌ی ئیسرائیلت - هه‌مۆ - کردۆته عه‌بدی خۆت؟!
۲۳ فیرعه‌ون گوتی: په‌روه‌رنده‌ی هه‌موجیهان وه‌چه‌ئێژن؟
۲۴ گوتی: ئه‌گه‌ر بیسه‌لمێنن، ڕاهێنه‌ری ئاسمانه‌کان و زه‌مینه‌و هه‌رچی له ناویاندا هه‌یه.
۲۵ له‌ده‌وروبه‌ری خۆی پرسی: گوێتان لێ‌یه؟
۲۶ گوتی: په‌روه‌رنده‌ی ئێوه‌و په‌روه‌رنده‌ی باب و کالی پێشوتانه.
۲۷ گوتی: دیاره پێغه‌مبه‌رێ که بۆئێوه ناردراوه، جن ده‌ستی لێ‌وه‌شاندوه.
۲۸ گوتی: گه‌ر ئاوه‌زتان هه‌بێ، ڕاهێنه‌ری خۆرهه‌ڵات و خۆراواو نێوانی‌وانه.
۲۹ گوتی: ئه‌گه‌ر به‌ده‌ر له‌من بپه‌رستی، خاترجه‌م ده‌به‌ندێت ده‌که‌م.
۳۰ گوتی: ئه‌گه‌ر نیشانێکی به‌ئاشکرام بۆهێنابی؟
۳۱ گوتی: ئه‌گه‌ر له‌ڕاستانی، کوا؟ بیهێنه.
۳۲ عاساکه‌ی ده‌ستی فڕێدا؛ ئاشکرا بۆبه‌حه‌زیایه‌ک.
۳۳ ده‌ستیشی ده‌رخست، بۆوانه‌ی لێیان ڕوانی سپی‌ده‌چو.
۳۴ به سه‌رگه‌وره‌کانی ده‌وروبه‌ر خۆی گوت: دیاره ئه‌مه جادوگه‌رێکی زانایه.
۳۵ گه‌ره‌کیه‌تی به‌جاددوی خۆی، له‌زێدی خۆتان ده‌رتان‌کا؛ ئێوه له‌وباره ده‌ڵێن چی؟
۳۶ گوتیان: خۆی و براکه‌ی لێره‌بمێنن؛ تۆ بنێره له‌شاران خه‌ڵکی وه‌کۆکه‌ن.
۳۷ هه‌مۆ جادوگه‌ری زانات بهێننه‌لا.
۳۸ ئه‌وساکه جادوگه‌ره‌کان له‌ڕۆژێکی دیاری کراو کۆکرانه‌وه.
۳۹ به‌مه‌ردمیشیان ڕاگه‌یاند: ئاخۆ ئێوه‌ش کۆده‌بنه‌وه؟

---

۲۱- بازدان: له ترسا هه‌ڵاتن.

۳۲- حه‌زیا: هه‌ژدیها،حه‌فی. ۳۵- زێد: جێ به‌دنیا هاتن، سه‌رزه‌وی.

لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ ٱلسَّحَرَةَ إِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿٤٠﴾ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ
قَالُوا۟ لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿٤١﴾ قَالَ نَعَمْ
وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٢﴾ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ
﴿٤٣﴾ فَأَلْقَوْا۟ حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا۟ بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ
ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾ فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ
﴿٤٥﴾ فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿٤٦﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾
رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿٤٨﴾ قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّهُۥ
لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ۚ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ
وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٩﴾ قَالُوا۟ لَا ضَيْرَ ۖ إِنَّآ
إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ﴿٥٠﴾ إِنَّا نَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَٰيَٰنَآ أَن كُنَّآ
أَوَّلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥١﴾ ۞ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِىٓ إِنَّكُم
مُّتَّبَعُونَ ﴿٥٢﴾ فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ
لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ ﴿٥٤﴾ وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَآئِظُونَ ﴿٥٥﴾ وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَٰذِرُونَ
﴿٥٦﴾ فَأَخْرَجْنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٧﴾ وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٥٨﴾
كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ ﴿٦٠﴾

٤٠ ئه‌گه‌ر ئه‌م جادوگه‌رانه بیبه‌نه‌وه، له‌وانه‌یه ئێمه‌ش وه‌شوێن ئه‌وان‌كه‌وین.
٤١ جادوگه‌ران - كه‌هاتن - به‌فیرعه‌ونیان گوت: ئه‌گه‌ر ئێمه بیبه‌ینه‌وه چین‌ده‌ده‌یه‌ی؟
٤٢ گوتی: دیاره ئه‌وسا ئێوه له‌نزیكانی خۆم ده‌بن.
٤٣ مۆسا به‌وانی ڕاگه‌یاند: چیتان ئاماده‌كردوه بۆهاویشتن، بیهاوێژن.
٤٤ جا ئه‌وساكه په‌ت و دارده‌سته‌كانیان فڕێ‌داو گوتیان: سوێندا به‌گه‌وره‌یی فیرعه‌ون، هه‌ر بۆخۆمان ده‌یبه‌ینه‌وه.
٤٥ ئه‌وسا مۆساش دارده‌سته‌كه‌ی خۆی فڕێدا. گوزوگوممه‌ت، هه‌مۆ فێڵی جادوگه‌رانی چنیه‌وه.
٤٦ جادوگه‌ران [به‌پانه‌وه] كڕنۆشیان برد.
٤٧ گوتیان: ئێمه بڕوامان كرد به‌په‌روه‌رنده‌ی جیهانێ.
٤٨ په‌روه‌رنده‌ی مۆساو هارۆن.
٤٩ گوتی: به‌رله‌وه ڕێوبده‌م، ئێوه بڕوتان پێ هێنا؟ دیاره هه‌ر ئه‌و گه‌وره‌تانه‌و
خۆی فێری جادوی كردگن. دوایی تێتان ده‌گه‌یه‌نم؛ ده‌ستولاقو
به‌پێچه‌وانه ده‌بڕم‌و سه‌رله‌به‌رو له‌دار ده‌ده‌م.
٥٠ گوتیان: منه‌تت به‌پۆشێك؛ ئه‌وسا به‌ره‌وپه‌روه‌رێنمان ده‌چینه‌وه.
٥١ هیوان‌وایه په‌روه‌رنده‌ن له‌گوناهه‌كانن ببۆرێ؛ كه به‌رله‌گش ئێمه
باوه‌ڕیمان‌هێنا. ٥٢ ئێمه مۆسامان تێگه‌یاند: عه‌بده‌كانم له‌شه‌وێدا
وه‌ڕێ‌بخه، كه دیاره به‌دۆتاندا دێن. ٥٣ فیرعه‌ون وه‌كۆكه‌رانی نارد بۆ
شاره‌كان. ٥٤ [وتی:] ئه‌وان كۆمه‌ڵه‌یه‌كی هێندكن. ٥٥ به‌ڕاستی كه
ئێمه‌یان تۆڕه كردوه. ٥٦ ئێمه هه‌مۆ وریایانین. ٥٧ ئیتر باغات‌و كانیاون
پێ جێ هێشتن. ٥٨ وێڕای هه‌مو گه‌نجینه‌و خانوه‌خۆشه‌كان.
٥٩ هه‌ر به‌وجۆره ئه‌م هه‌موه‌شمان دابه‌تۆره‌مه‌ی ئیسڕائیل.
٦٠ هه‌ر گزینگ له‌سه‌رانی‌دا، دوایان‌كه‌وتن.

---

٤٥-**گوزوگوممه‌ت:** له‌پڕو ناكاو. ٦٠-**گزینگ:** سه‌ره‌تای تاوی به‌یانی.

فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلۡجَمۡعَانِ قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ
كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ﴿٦٢﴾ فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضۡرِب
بِّعَصَاكَ ٱلۡبَحۡرَۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرۡقٖ كَٱلطَّوۡدِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٦٣﴾
وَأَزۡلَفۡنَا ثَمَّ ٱلۡأٓخَرِينَ ﴿٦٤﴾ وَأَنجَيۡنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجۡمَعِينَ ﴿٦٥﴾
ثُمَّ أَغۡرَقۡنَا ٱلۡأٓخَرِينَ ﴿٦٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم
مُّؤۡمِنِينَ ﴿٦٧﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦٨﴾ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ
نَبَأَ إِبۡرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦ مَا تَعۡبُدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُواْ
نَعۡبُدُ أَصۡنَامٗا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ ﴿٧١﴾ قَالَ هَلۡ يَسۡمَعُونَكُمۡ إِذۡ
تَدۡعُونَ ﴿٧٢﴾ أَوۡ يَنفَعُونَكُمۡ أَوۡ يَضُرُّونَ ﴿٧٣﴾ قَالُواْ بَلۡ وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا
كَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ ﴿٧٤﴾ قَالَ أَفَرَءَيۡتُم مَّا كُنتُمۡ تَعۡبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمۡ
وَءَابَآؤُكُمُ ٱلۡأَقۡدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمۡ عَدُوّٞ لِّيٓ إِلَّا رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ
﴿٧٧﴾ ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهۡدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِي هُوَ يُطۡعِمُنِي وَيَسۡقِينِ
﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ ﴿٨٠﴾ وَٱلَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ
يُحۡيِينِ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِيٓ أَطۡمَعُ أَن يَغۡفِرَ لِي خَطِيٓـَٔتِي يَوۡمَ ٱلدِّينِ
﴿٨٢﴾ رَبِّ هَبۡ لِي حُكۡمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٣﴾

۶۱ ئەوکاتە کە هەردوکۆمەڵ یەکتریان دی؛ هاوڕێیانی مۆسا گوتیان: پیس پێوەبوین.
۶۲ گوتی: نابێ هیچ بترسن، چوٚن پەروەرندەم دەگەڵەو بەمزوانە دەروێکم لێ دەکاتەوە.
۶۳ ئەوسا مۆسامان تێگەیاند: بەعاساکەت لەزەریادە؛ زەریا قەڵشی و هەرلایەکی وەک چیایەکی مەزن بۆ.
۶۴ وامان کرد ئەوانی‌تریش هەر لەوێ نزیک بنەوە.
۶۵ مۆساو هەرکێ دەگەڵی بوٚن، نەجاتن‌دان.
۶۶ پاشان ئەوانی دیکەمان بەخنکان‌دا.
۶۷ ئەم ڕوداوە بەڵگەیەک بو؛ زوربەی زۆریش هێشتا باوەڕیان نەهێنا.
۶۸ خۆ دیاریشە پەروەرندەت هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
۶۹ ڕۆداوی ئیبراهیمیشیان بۆوەخوێنە.
۷۰ ئەوسەردەمەی کە بەئاپ و هۆزی خۆی گوت: ئەمە چیە دەیپەرستن؟
۷۱ گوتیان: ئێمە بتانێک دەپەرستین و هەر وازیشیان لێ ناهێنین.
۷۲ گوتی: ئاخۆ ئەگەر هانایان بۆدەبەن، لێودەبیسن؟
۷۳ یاخۆ هیچ بەهرەوٚ پێدەدەن؟ یان هیچ زیانۆلێدەدەن؟
۷۴ گوتیان: نەخێر، بەڵکو باب و کالی ئێمەش هەر ئەمانەیان دەپەرست.
۷۵ گوتی: ئاخۆ زانیوتانە چۆدەپەرست؟
۷۶ خۆتان وێرای باب و کالانی پێشۆتان؟
۷۷ هەمویان دوژمنی منن؛ جگە لەڕاهێنەری حەمۆ دنیایە.
۷۸ ئەوی منی‌دروس کردو هەر ئەویش شارەزام دەکا.
۷۹ هەر ئەویشە خواردەمەنیم پێدەدات و ئاویشم دەفریادەخا.
۸۰ ئەگەر تۆشی نەساغیش بم، هەر خۆی چاکم دەکاتەوە.
۸۱ هەر ئەویشە دەممرێنێ و پاشان زیندوم دەکاتەوە.
۸۲ ئەوکەسەیە کە بەهیوام ڕۆژی سەڵا لەهەڵەکانم ببوٚرێ.
۸۳ پەروەرندەم! خۆت فێری کارزانیم بکەو بمگەینە بە پیاوچاکان.

وَٱجۡعَل لِّي لِسَانَ صِدۡقٖ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ﴿٨٤﴾ وَٱجۡعَلۡنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ
ٱلنَّعِيمِ ﴿٨٥﴾ وَٱغۡفِرۡ لِأَبِيٓ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا تُخۡزِنِي يَوۡمَ
يُبۡعَثُونَ ﴿٨٧﴾ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ
سَلِيمٖ ﴿٨٩﴾ وَأُزۡلِفَتِ ٱلۡجَنَّةُ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٩٠﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلۡجَحِيمُ لِلۡغَاوِينَ
﴿٩١﴾ وَقِيلَ لَهُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡبُدُونَ ﴿٩٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ هَلۡ يَنصُرُونَكُمۡ
أَوۡ يَنتَصِرُونَ ﴿٩٣﴾ فَكُبۡكِبُواْ فِيهَا هُمۡ وَٱلۡغَاوُۥنَ ﴿٩٤﴾ وَجُنُودُ إِبۡلِيسَ
أَجۡمَعُونَ ﴿٩٥﴾ قَالُواْ وَهُمۡ فِيهَا يَخۡتَصِمُونَ ﴿٩٦﴾ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي
ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذۡ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ وَمَآ أَضَلَّنَآ
إِلَّا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿٩٩﴾ فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ ﴿١٠٠﴾ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٖ ﴿١٠١﴾
فَلَوۡ أَنَّ لَنَا كَرَّةٗ فَنَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٠٢﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ
أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾ كَذَّبَتۡ
قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٠٥﴾ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٠٦﴾
إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ﴿١٠٧﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٠٨﴾ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ
عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ
وَأَطِيعُونِ ﴿١١٠﴾ ۞ قَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لَكَ وَٱتَّبَعَكَ ٱلۡأَرۡذَلُونَ ﴿١١١﴾

٨٤ وەبکە لە ناو چینە دواییینەکانیشا ناوم بە چاکە دەربچێ. ٨٥ وابکە من
لە بەشبەرانی بەهەشتی پڕلەخۆشی بم. ٨٦ لەئاپی منیش ببۆرە؛ کە
ڕێگەی هەڵەکردبۆ. ٨٧ لەڕۆژی زیندوبوونەوەش ریسوام مەکە.
٨٨ ئەوڕۆژە کە ماڵ و منالّ بەکارنایە. ٨٩ مەگین ئەوەی وەل دڵێ پاک،
بچێتە بارەگای خودا. ٩٠ کە بەهەشتیش بۆخۆپارێزان نزیکە.
٩١ جەهەندەمیش دەخرێتەڕۆ بۆگومڕایان. ٩٢ [کە ئەوڕۆژە] پێیان ئێژن:
لەکوێن ئەوی دەوپەرستن، ٩٣ لەغەیرەزخوا؟ ئاخۆ ئەو دێنەهاناتان،
یان ئەوان هانادەخوازن؟ ٩٤ سا دەمەوڕو ئەوانیش و گومڕاکانیش
دەوێ دەخرێن. ٩٥ لە شکرەکانی شەیتانیش - بەتێکڕایی - ٩٦ هەر
لەوێدا - بەکێشە - دێن و دبێژن: ٩٧ سوێند بەخودا ئێمە ئاشکرا لا ڕێ
بوین؛ ٩٨ کە ئێوەمان دەگەڵ داهێنەری جیهان بەرانبەرکرد؛
٩٩ تاوانبارانیش ئێمەیان لەڕێ لادا؛ ١٠٠ ئێستاش نە تکاکارمان هەن،
١٠١ نە هەواڵێکی دڵسۆزیش. ١٠٢ خۆزی جارێ وەگەڕابایین، ئەوسا
باوەڕیمان دێنا. ١٠٣ ئالەمەدا نیشانێکی [بەهێز] هەیەو بەشی زۆریان
بێباوەڕبۆن. ١٠٤ دیاریشە پەروەرندەی تۆ هەر خۆی خاوەن
دەستەڵاتەو دلۆڤانە. ١٠٥ هۆزی نۆحیش بەوتەی پێغەمبەرانیان بڕوا
نەکرد. ١٠٦ کاتێ نۆحی برای خۆیان گوتی: ئێوە مەر ناترسن؟
١٠٧ من بۆتان پێغەمبەرێکی جێ باوەڕم. ١٠٨ دەسا لەخوابترسن و
بەفەرمانی منیش بکەن. ١٠٩ پاداشێکم - بۆئەمکارە - لێتان ناوێ؛
پاداشی من پەوەرندەی جیهان دەیدا. ١١٠ ئیتر هەر ترسۆ لەخوابێ و
بەگوێم بکەن. ١١١ گوتیان: چۆن بڕوات پێدەکەین؟ تۆ هەر ڕۆتەوپۆتەت
لەدۆن!

---

١١١-ڕۆتە و پۆتە: هەژار و نەدار.

قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١١٢﴾ إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّي
لَوْ تَشْعُرُونَ ﴿١١٣﴾ وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٤﴾ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ
﴿١١٥﴾ قَالُوا لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَا نُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمَرْجُومِينَ ﴿١١٦﴾ قَالَ
رَبِّ إِنَّ قَوْمِي كَذَّبُونِ ﴿١١٧﴾ فَافْتَحْ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِي وَمَن
مَّعِيَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾ فَأَنجَيْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ
﴿١١٩﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ الْبَاقِينَ ﴿١٢٠﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ
أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٢١﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿١٢٢﴾ كَذَّبَتْ
عَادٌ الْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٢٤﴾ إِنِّي لَكُمْ
رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٢٥﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٢٦﴾ وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ
مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٢٧﴾ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ
آيَةً تَعْبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ ﴿١٢٩﴾
وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٣١﴾
وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ ﴿١٣٣﴾
وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٣٤﴾ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ
﴿١٣٥﴾ قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ الْوَاعِظِينَ ﴿١٣٦﴾

١١٢ گوتی: ئەمن چۆزانم کە ئەوان بەرێ چیان دەکرد؟ ١١٣ ئەر تێ بگەن،
پەروەرێنم دەبێ بەکاریان ڕابگا. ١١٤ لەوانەنیم - بەهیچ ئاوا-
باوەڕداران وەدەربنێم. ١١٥ من هەر تەنیا ترسێنەرێکی ئاشکرام.
١١٦ گوتیان: ئەی نۆح! ئەگەر لەم کارەت بەس نەکەی، ئەشێ سەنگەسارت
بکەین. ١١٧ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! هۆزەکەی من هەر بڕوایان
پێ نەکردم. ١١٨ سا تۆ لەنێومن و ئەوان ڕێگەیەکمان بۆبکەوە و من و ئەو
باوەڕدارانەی دەگەڵ منن، ڕزگاربکە.
١١٩ ئەوسا خۆی و ئەوکەسانەی دەگەڵی بوُن، لە کەشتیە تژیکەدا نەجاتن دا.
١٢٠ ئەوانی تریش لەپاشان ئاوەوئاوچوُن و تونابوُن.
١٢١ لەمەشدا بەڵگەیەک هەیە؛ [بەڵام] زوربەیان هەر بڕوایان نەهێنا.
١٢٢ پەروەرندەت هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
١٢٣ هۆزی عادیش بەپێغەمبەرەکان بڕوایان نەهێنا. ١٢٤ کاتێ کە
هوُدی برایان پێیانی گوت: چۆنە هیچ ترسێکوُ نیە؟ ١٢٥ من بۆئێوە
پێغەمبەرێ جێ باوەڕم. ١٢٦ ترسوُ لەخودا هەبێت و لەفەرمانی من
دەرمەچن. ١٢٧ [بۆ ئەمکارە] من هیچ پاداشم لێوناوێ؛ پاداشی من
پەروەرندەی جیهان دەیدا. ١٢٨ ئاخۆ ئێوە لەهەر جێگایەکی بەرز،
کۆشکی تەرز دروس دەکەن، کە هەر خەریکی کارگەلی پڕو پوُچ بن؟
١٢٩ کۆشک و قەڵای زۆرپتەویش دادەڕێژن، لاتان وایە هەر دەمێنن؟
١٣٠ هەرگا پەلاماریش دەدەن، ملهوڕانە هێرش دەبەن.
١٣١ سا لەخودابترسن و بەگوێم بکەن. ١٣٢ با ترسوُ لەوکەسە هەبێ کە
لەوشتانەی دەیزانن، یاری کردوُن. ١٣٣ وڵسات و کوڕگەلی داونێ.
١٣٤ دەگەڵ باغات و کانیاویش. ١٣٥ ئەمن هەر لێو نیگەرانم، بۆئازاری ڕۆژی
مەزن. ١٣٦ گوتیان: ئەگەر ئامۆژگاریمان بکەی و هیچ ئاموژگاریشمان
نەکەی، لای ئێمە هەروەکۆیەکە.

---

١١٩-**تژی**: پڕ، لیپاولیپ.	١٢٠-**یا**: پاشان ئەوانی دیکەمان بەخنکان دا.

إِنْ هَٰذَآ إِلَّا خُلُقُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣٧﴾ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿١٣٨﴾ فَكَذَّبُوهُ
فَأَهْلَكْنَٰهُمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ وَإِنَّ
رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٤٠﴾ كَذَّبَتْ ثَمُودُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٤١﴾ إِذْ قَالَ
لَهُمْ أَخُوهُمْ صَٰلِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٤٢﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٤٣﴾
فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ
إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٥﴾ أَتُتْرَكُونَ فِى مَا هَٰهُنَآ ءَامِنِينَ ﴿١٤٦﴾
فِى جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٤٧﴾ وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ ﴿١٤٨﴾
وَتَنْحِتُونَ مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا فَٰرِهِينَ ﴿١٤٩﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ
﴿١٥٠﴾ وَلَا تُطِيعُوٓا۟ أَمْرَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٥١﴾ ٱلَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ
وَلَا يُصْلِحُونَ ﴿١٥٢﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ ﴿١٥٣﴾ مَآ أَنتَ
إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِـَٔايَةٍ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٥٤﴾ قَالَ
هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿١٥٥﴾ وَلَا تَمَسُّوهَا
بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥٦﴾ فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا۟
نَٰدِمِينَ ﴿١٥٧﴾ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ
أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٥٨﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٥٩﴾

۱۳۷ ئەمانە گش پروپوچی پێشینیانە. ۱۳۸ کەس ئازاری ئێمە نادا.
۱۳۹ ئەو هەر بڕوایان پێ نەکرد؛ ئەوسا ئێمەش قڕمان کردن. لەمەشدا
بەلگەیەک هەبۆ؛ [بەڵام] زۆری ئەوانە بڕوایان نەبۆ. ۱۴۰ پەروەرندەت
هەر خۆی خاوەن دەستەلات و دلۆڤانە. ۱۴۱ هۆزی سەمۆد بڕوایان
بەپێغەمبەرەکان نەهێنا. ۱۴۲ وەختێ سالحی برایان پێانی گوت: چۆنە
هیچ ترسێکتان نیە؟ ۱۴۳ من بۆئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
۱۴۴ سا لەخودابترسن و بەگوێم بکەن. ۱۴۵ من پاداشی کاری خۆم لە ئێوە
ناوێ؛ پەروەرندەی هەمۆ جیهان، بۆخۆی پاداشی من دەدا. ۱۴۶ ئاخۆ
هەروا لێودەگەڕێن، هەر لێرە دڵنیابژین؟ ۱۴۷ لەباغات و لەکانیاوان؟
۱۴۸ کێڵگەکان و دارەخورمای خاوەن شکۆفەی نەرم‌ونۆڵ؟ ۱۴۹ هەر بە
خۆشی و شادمانی ماڵان لەکاوان دەتاشن. ۱۵۰ سا لەخودابترسن و
بەگوێم بکەن. ۱۵۱ گوێش مەدەنە فەرمانی هەڵەڕۆیەکان؛
۱۵۲ ئەوانەی لەم زەمینەدا هەرخەریکی خراپەن و کاری چاکیان لەدەس
نایە. ۱۵۳ گوتیان: ببێ‌ونەبێ، جادوت لێکراوە.
۱۵۴ تۆش هەر مرۆی وەکۆ خۆمان. سا ئەگەر تۆ بەڕاستیتە، دە نیشانێکمان
نیشان دە. ۱۵۵ گوتی: ئەمە وشترێکە، کە نۆرە ئاوێکی هەیەو ئێوەش
نۆرە ئاوێکتان هەس؛ لە ڕۆژێکی دیاری کراوا. ۱۵۶ هیچ وەزەنیشتان
بۆی نەبێ، دەنا تۆشی جەزرەبەی ڕۆژی مەزن دێن. ۱۵۷ پەیان کردو
سەریان بڕی و دوایە پەشیمان بۆنەوە. ۱۵۸ ئازار هەمۆلای لێ گرتن.
لەمەدا نیشانەهەبۆ؛ کەچی زۆریان بێباوەڕبۆن. ۱۵۹ پەروەرندەت خۆی
خاوەنی دەستەلات و دلۆڤانە.

---

**۱۳۹-زۆری:** پرایی، زۆربە. **۱۵۶-وەزەن:** زەرەروزیان.

كَذَّبَتۡ قَوۡمُ لُوطٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٦٠﴾ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ
﴿١٦١﴾ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ﴿١٦٢﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٦٣﴾ وَمَآ
أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦٤﴾
أَتَأۡتُونَ ٱلذُّكۡرَانَ مِنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمۡ رَبُّكُم
مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٌ عَادُونَ ﴿١٦٦﴾ قَالُواْ لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰلُوطُ
لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُخۡرَجِينَ ﴿١٦٧﴾ قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلۡقَالِينَ ﴿١٦٨﴾
رَبِّ نَجِّنِي وَأَهۡلِي مِمَّا يَعۡمَلُونَ ﴿١٦٩﴾ فَنَجَّيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥٓ أَجۡمَعِينَ ﴿١٧٠﴾
إِلَّا عَجُوزٗا فِي ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿١٧١﴾ ثُمَّ دَمَّرۡنَا ٱلۡأٓخَرِينَ ﴿١٧٢﴾ وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِم
مَّطَرٗاۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلۡمُنذَرِينَ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم
مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٧٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٧٥﴾ كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ
لۡـَٔيۡكَةِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٧٦﴾ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ شُعَيۡبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ إِنِّي لَكُمۡ
رَسُولٌ أَمِينٞ ﴿١٧٨﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٧٩﴾ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ
مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٨٠﴾ ۞ أَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَلَا
تَكُونُواْ مِنَ ٱلۡمُخۡسِرِينَ ﴿١٨١﴾ وَزِنُواْ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِ ﴿١٨٢﴾
وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ﴿١٨٣﴾

١٦٠ هۆزی لوتیش قسەی پێغەمبەرەکانیان، بەدرۆزمارد.
١٦١ کاتێ کە لوتی برایان پیانی گوت: ئێوە بۆ هیچ ترسۆ نیە؟
١٦٢ من بۆئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
١٦٣ سا ترسۆ لەخوداهەبێ و بەگوێم بکەن.
١٦٤ بۆ ئەمکارە من هیچ پاداشم لیوناوێ؛پاداشی من پەروەرندەی جیهان دەیدا.
١٦٥ ئێوە بۆچی لەناو هەمۆخەڵکی دنیا پەلاماری نێران دەدەن؟
١٦٦ لەژنەکانیشو وازدێنن، کە خوا بۆئێوەی چێ کردون؟ ئێوە هۆزێکی لە ئەندازە لادەرن.
١٦٧ گوتیان: ئەی لوت! گەر لەمقسانە بەس نەکەی، سۆربزانە دەرت دەکەین.
١٦٨ گوتی: لەو ئاکارەی ئێوە یەکجار قەڵسم.
١٦٩ پەروەرندەم! لەم کارانەی ئەوان دەیکەن، من و خێزانم ڕزگارکە.
١٧٠ سا ئەویش و هەمو خاووخێزانیشیمان ڕزگارکرد.
١٧١ مەگین تاقەپیرێژنێک لەناو ئەوانا مایەوە.
١٧٢ پاشان ئەوەکانی‌ترمان قڕان تێ خست.
١٧٣ بارانێکی [بەلا] مان بۆداباراندن. چەند بەزەڕ بۆ بارانی ترسێنراوەکان.
١٧٤ ئا لەمەشدا بەڵگە هەبۆ؛ کە چی زۆریان بێ‌باوەڕبۆن.
١٧٥ پەروەرندت هەر خاوەنی دەستەڵاتەو دلۆڤانە.
١٧٦ خاوەن دەحلان قسەی پێغەمبەرەکانیان بە درۆ ژمارد.
١٧٧ کاتێ شوعەیب پیانی گوت : چۆنە هیچ ترسێکۆنیە؟
١٧٨ من بۆئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
١٧٩ سا لەخودا ترسۆ هەبێ و بەگوێم بکەن.
١٨٠ بو ئەمکارە من پاداشێکم لێوناوێ؛پاداشی من پەروەرندەی دنیادەیدا.
١٨١ ڕاست بن لەپێوانەپێوان و زیان بەکەس مەگەیەنن.
١٨٢ کێشانەشتان بەتەرازوی بەرانبەربێ.
١٨٣ شت لەمەردم مەدزنەوەو پادامەگرن لەسەر بەدفەڕی لە هەردا.

---

١٧٦-دەحل: بێشە، دارستان.

وَٱتَّقُواْ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلۡجِبِلَّةَ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٨٤ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ
مِنَ ٱلۡمُسَحَّرِينَ ١٨٥ وَمَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ
ٱلۡكَٰذِبِينَ ١٨٦ فَأَسۡقِطۡ عَلَيۡنَا كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١٨٧ قَالَ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٨٨ فَكَذَّبُوهُ
فَأَخَذَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمِ ٱلظُّلَّةِۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٍ ١٨٩
إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ١٩٠ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ
ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ١٩١ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٩٢ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ
ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ
مُّبِينٖ ١٩٥ وَإِنَّهُۥ لَفِي زُبُرِ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٩٦ أَوَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ ءَايَةً أَن يَعۡلَمَهُۥ
عُلَمَٰٓؤُاْ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ١٩٧ وَلَوۡ نَزَّلۡنَٰهُ عَلَىٰ بَعۡضِ ٱلۡأَعۡجَمِينَ ١٩٨
فَقَرَأَهُۥ عَلَيۡهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ مُؤۡمِنِينَ ١٩٩ كَذَٰلِكَ سَلَكۡنَٰهُ
فِي قُلُوبِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ٢٠٠ لَا يُؤۡمِنُونَ بِهِۦ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ
ٱلۡأَلِيمَ ٢٠١ فَيَأۡتِيَهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٢٠٢ فَيَقُولُواْ
هَلۡ نَحۡنُ مُنظَرُونَ ٢٠٣ أَفَبِعَذَابِنَا يَسۡتَعۡجِلُونَ ٢٠٤ أَفَرَءَيۡتَ
إِن مَّتَّعۡنَٰهُمۡ سِنِينَ ٢٠٥ ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُواْ يُوعَدُونَ ٢٠٦

١٨٤ ده‌بێ بترسن له‌وكه‌سه‌ی ئێوه‌و كۆمه‌ڵانی پێشوی به‌دی هێنا.
١٨٥ گوتیان: ببێ ونه‌بێ، جادوت لێكراوه.
١٨٦ تۆش هه‌رئه‌وا مرۆیه‌كی وه‌كی ئێمه‌و پێمان‌وایه تۆش هه‌ر له ڤڕبێژه‌كانی.
١٨٧ ده‌سا ئه‌گه‌ر تۆ ڕاست ئێژی، چه‌ندپاژێكمان - له‌ئاسمان - به‌سه‌ردا باوێژه‌خوارێ.
١٨٨ گوتی: په‌وه‌رنده‌م پتر ئاگای له‌ئاكارۆ هه‌یه.
١٨٩ ئیتر باوه‌ڕیان نه‌هێنا، تا له‌ڕۆژێكی هه‌وردا، گڕه‌بامان لێ‌هه‌ڵكردن؛ له‌و ڕۆژه‌دا ئه‌و به‌ڵایه زۆرمه‌زن بۆ.
١٩٠ له‌مه‌شدا نیشانه‌هه‌بۆ، كه‌چی زوریان بێ باوه‌ڕبۆن.
١٩١ په‌روه‌رنده‌ت هه‌ر خاوه‌نی ده‌سته‌ڵاته‌و دلۆڤانه.
١٩٢ ڕاهێنه‌ری گش جیهانه؛ ئه‌م قورئانه‌ی ناردۆته‌خوار.
١٩٣ «روح‌الامین» هێنایه خوار،
١٩٤ بۆ سه‌ردڵت؛ تا تۆ له ترسێنه‌ران بی.
١٩٥ به‌زوانێكی عه‌ره‌بی ڕه‌وان‌و هاسان.
١٩٦ له‌كتێبه‌كانی پێشۆشدا باسی هه‌یه.
١٩٧ داخۆ ئه‌مه بۆئه‌وان به‌ڵگه‌یه‌ک نیه؟ كه زاناكانی تۆره‌مه‌ی ئیسرائیلیش، هه‌ر له‌وه ئاگایان هه‌یه.
١٩٨ خۆ ئه‌گه‌ر بمان‌ناردایه بۆلای عاره‌بی نه‌زانێک،
١٩٩ بۆ ئه‌وانه‌ی وه‌خوێندبا، قه‌ت باوه‌ڕیان پێ نه‌دێنا.
٢٠٠ هه‌روه‌هاینه قورئانیشمان خسته دڵی تاوانباران.
٢٠١ هه‌ر بڕواشی پێ‌ناهێنن، هه‌تا ئازاری زۆر به‌ژان به‌چاوی خۆیان ببینن.
٢٠٢ له‌نه‌كاویش دێته لایان، كه هه‌ر هه‌ستیشی پێ‌ناكه‌ن.
٢٠٣ ئه‌وساش ئێژن: ئاخو مۆڵه‌تمان پێده‌درێ؟
٢٠٤ بۆ له‌ئازاردانی ئێمه، په‌له‌ده‌كه‌ن؟
٢٠٥ تۆ پێم بێژه ئه‌ر بڵێین چه‌ن‌ساڵ ڕابوێرن،
٢٠٦ ئه‌مجار ئه‌و ئازاره‌ی كه لێ ترسێنرابۆن، بێته‌لایان؛

---

١٨٦-ڤڕبێژ: درۆزن. ١٨٩-تاله ڕۆژێكی. . .یا: تا ئازاری ڕۆژی هه‌وره ساداره‌كه گرتیانی-

مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يُمَتَّعُونَ ٢٠٧ وَمَآ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةٍ إِلَّا
لَهَا مُنذِرُونَ ٢٠٨ ذِكۡرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ٢٠٩ وَمَا تَنَزَّلَتۡ بِهِ
ٱلشَّيَٰطِينُ ٢١٠ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُمۡ وَمَا يَسۡتَطِيعُونَ ٢١١ إِنَّهُمۡ
عَنِ ٱلسَّمۡعِ لَمَعۡزُولُونَ ٢١٢ فَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ
مِنَ ٱلۡمُعَذَّبِينَ ٢١٣ وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ٢١٤ وَٱخۡفِضۡ
جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢١٥ فَإِنۡ عَصَوۡكَ فَقُلۡ إِنِّي
بَرِيٓءٞ مِّمَّا تَعۡمَلُونَ ٢١٦ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ٢١٧ ٱلَّذِي
يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ٢١٨ وَتَقَلُّبَكَ فِي ٱلسَّٰجِدِينَ ٢١٩ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلۡعَلِيمُ ٢٢٠ هَلۡ أُنَبِّئُكُمۡ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ ٢٢١ تَنَزَّلُ عَلَىٰ
كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ ٢٢٢ يُلۡقُونَ ٱلسَّمۡعَ وَأَكۡثَرُهُمۡ كَٰذِبُونَ ٢٢٣
وَٱلشُّعَرَآءُ يَتَّبِعُهُمُ ٱلۡغَاوُۥنَ ٢٢٤ أَلَمۡ تَرَ أَنَّهُمۡ فِي كُلِّ وَادٖ
يَهِيمُونَ ٢٢٥ وَأَنَّهُمۡ يَقُولُونَ مَا لَا يَفۡعَلُونَ ٢٢٦ إِلَّا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَذَكَرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا وَٱنتَصَرُواْ مِنۢ
بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْۗ وَسَيَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَيَّ مُنقَلَبٖ يَنقَلِبُونَ ٢٢٧

## سُورَةُ النَّمۡلِ

٢٠٧ ئەوماوەی کە ڕای‌دەبوێرن، چ بەهرەیەکیان بۆدەدا؟
٢٠٨ هەرشارێکمان قڕکردبێ، سۆربزانە ترسێنەرانێکی بوە؛
٢٠٩ کە ئامۆژگاری وەرگرن‌و، ناهەقیمان نەکردوە.
٢١٠ شایەتینیش نەیان‌هێناوەتەخوارێ.
٢١١ نە لێیان دەوەشێتەوەو نە دەشتوانن.
٢١٢ دیارە ئەوان لە بیستن بێ‌بەش کراون.
٢١٣ تۆ وێڕای‌خوا، هیچ‌شتی‌تر مەپەرستە؛ دەنا لەوانەدەبی کە ئازاردەدرێن.
٢١٤ نزیکترین خزمی‌خۆشت بترسێنە.
٢١٥ باڵت شۆڕکە بۆ ئەو بڕوادارانەی کە شوێنت کەوتۆن.
٢١٦ جا ئەر بە گوێیان نەکردی، بێژە: من بێزارم لەوەی ئێوە دەیکەن.
٢١٧ هەرخۆشت بە خاوەن دەستەڵاتی دلۆڤان بسپێرە؛
٢١٨ ئەوکەسەی کە تۆدەبینێ، وا بەپێوە هەڵدەوەستی.
٢١٩ هاتوچۆشت دەگەڵ سوژدەبەرەکاندا [لە بەر چاویە].
٢٢٠ بیسەرو زاناش هەر ئەوە.
٢٢١ دەوەوێ ئاگادارۆکەم شایەتینی دێنەلای کێ؟
٢٢٢ ئەوان لەلای درۆنەخشینی تاوانبار دادەبەزن.
٢٢٣ گوێ دەگرن‌و زۆر بە زۆریان درۆزنن.
٢٢٤ شاعیرانیش، کێ لەدۆیان دەچێ گومڕان.
٢٢٥ مەر نەت‌دیوە - بەشێواوی - سەربەهەر شیوێکدادەکەن؟
٢٢٦ ئەوان شتێ دەبێژن کە خۆیان نایکەن.
٢٢٧ مەگین ئەوانەی باوەڕیان بەخواهەیەو ئاکارچاکن‌و زۆر یادی خوایان کردوەو پاش ئەوەی چەوسێنرانەوە، هەر تۆڵەی خۆیان کردەوە. ناهەقانیش زۆرپێ ناچێ دەوەدەگەن کە سەرەنجام کێوەدەچن.

نەمل

٩٣ ئایەت

٢١١-لێ‌وەشانەوە: شیاوی کارێک بۆن.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طسٓۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡقُرۡءَانِ وَكِتَابٖ مُّبِينٍ ١ هُدٗى وَبُشۡرَىٰ
لِلۡمُؤۡمِنِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم
بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ٣ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمۡ
أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُمۡ يَعۡمَهُونَ ٤ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَهُمۡ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ
وَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ ٥ وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى ٱلۡقُرۡءَانَ مِن
لَّدُنۡ حَكِيمٍ عَلِيمٍ ٦ إِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهۡلِهِۦٓ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا سَـَٔاتِيكُم
مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ ءَاتِيكُم بِشِهَابٖ قَبَسٖ لَّعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ ٧ فَلَمَّا
جَآءَهَا نُودِيَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ ٨ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّهُۥٓ أَنَا ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٩ وَأَلۡقِ عَصَاكَۚ
فَلَمَّا رَءَاهَا تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنّٞ وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡۚ يَٰمُوسَىٰ لَا تَخَفۡ
إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ١٠ إِلَّا مَن ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسۡنَۢا بَعۡدَ
سُوٓءٖ فَإِنِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١١ وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ
مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖۖ فِي تِسۡعِ ءَايَٰتٍ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَقَوۡمِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ
١٢ فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَٰتُنَا مُبۡصِرَةٗ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ١٣

## بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤانە

۱ طا ، سین . ئەمانە نیشانەکانی قورعانێن و کتێبێکی دیاری دەرە .
۲ ڕێ شاندەرەو مژدەدەرە بۆ گرۆی خاوەن باوەڕان .
۳ ئەوانەی نوێژان دەکەن و زەکات دەرن و بە تەواوی بڕوایان بەودنیا هەیە .
۴ ئەوکەسانەی بڕوایان بەودنیانەبێ ، کردەیانمان لەبەرچاو ڕازاندۆنەوەو بە سەرلێ شێواوی ماوۆن .
۵ بەش ئەوانە هەر ئازاردانی بەژانەو لەودنیاشا زیانی زۆر بۆئەوانە .
۶ تو ئەم قورئانەت هەر لە لای کارزانێکی زۆر زاناوە ، پێ فێردەکرێ .
۷ [ بێنەوەبیر ] ئەوکاتەش کە مۆسا بە خێزانی خۆی گوت : من ئاگرێکم لێ دیارە ؛ ئەوادەچم خەبەرێکۆ بۆدێنمەوە ؛ یان بزۆتێکی لێ دێنم ؛ بەشکۆ گەرمتان بێتەوە .
۸ وەختێ لێی نزیک کەوتەوە ، بانگ کرا : پیت و پیرۆزە ئەوکەسەی کە لەوێدایەو ئەوی لەدەورەی ئەویشەو پاکی و بێ عەیبی بۆخوایە ؛ کە خودانی گش دنیایە .
۹ ئەی مۆسا ! ئەوە منم ، خوای بەدەستەڵاتی لەکارزان .
۱۰ چۆدەسەکەشت باوێژە ! کاتێ دیتی هەروەکۆ مارێک شێڵەها ، هەڵات بێ ئاوڕدانەوە . مۆسا ! ترست ڕێ نەنیشێ ، پێغەمبەران نابێ لەلای من بترسن .
۱۱ مەگین کەسێ کە وا ناهەقی کردوە ؛ ئەگەر ئەویش خراپەکەی بەچاکە گۆڕیبێتەوە ، دیارە کە من لێ بۆردەو دلۆڤانم .
۱۲ دەسیشت بخەباخەڵت [ و دەریخەوە ] ؛ بەسپیەکی [ وەک چۆری شیر ] بە بێ زیان دیاری دەدا . وەل نۆبەلگە ، بچو بۆلای فیرعەون و دارو دەستەکەی ؛ کە ئەوانە کۆمەڵێکی نافەرمانن .
۱۳ جا وەختێکیش نیشانە ڕۆنکەرەوەکانی ئێمەیان گەیشتەلا ، گوتیان : ئەمە جادویەکی ئاشکرایە .

---

۷-**بزۆت:** چڵوسک، داری نیوەسۆتاوی بەگڕ. ۱۰-**شێڵەها:** ڕاخوشی، خزی بەسەر زەویدا. **شێڵەهان یا شێڵەهین:** خزین.

وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ١٤ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ عِلۡمٗاۖ
وَقَالَا ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي فَضَّلَنَا عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّنۡ عِبَادِهِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٥
وَوَرِثَ سُلَيۡمَٰنُ دَاوُۥدَۖ وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمۡنَا مَنطِقَ ٱلطَّيۡرِ
وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيۡءٍۖ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡمُبِينُ ١٦ وَحُشِرَ
لِسُلَيۡمَٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ وَٱلطَّيۡرِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ ١٧
حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ
مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ
١٨ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكٗا مِّن قَوۡلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ
نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا
تَرۡضَىٰهُ وَأَدۡخِلۡنِي بِرَحۡمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩
وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيۡرَ فَقَالَ مَالِيَ لَآ أَرَى ٱلۡهُدۡهُدَ أَمۡ كَانَ مِنَ
ٱلۡغَآئِبِينَ ٢٠ لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابٗا شَدِيدًا أَوۡ لَأَاْذۡبَحَنَّهُۥٓ
أَوۡ لَيَأۡتِيَنِّي بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ٢١ فَمَكَثَ غَيۡرَ بَعِيدٖ فَقَالَ
أَحَطتُ بِمَا لَمۡ تُحِطۡ بِهِۦ وَجِئۡتُكَ مِن سَبَإِۭ بِنَبَإٖ يَقِينٍ ٢٢

١٤ هه‌رچه‌ند له‌دڵی خۆیاندا هه‌مۆیان به‌ڕاست ده‌زانی، خۆبه‌زل زانیو ناهه‌قی، بۆنه‌هۆی حاشاکردنیان. جا بڕوانه پاشه‌ڕۆژی به‌دفه‌ڕه‌کان به‌کوێ گه‌یشت!
١٥ هه‌ر ئێمه‌ش بۆین که زانستمان دا به‌سوله‌یمانو داوود. گوتیان: شوکور بۆخودایێ ئێمه‌ی له‌چاو زۆرێ له‌عه‌بده باوه‌ڕداره‌کانی خۆی، به‌ڕێزترکرت.
١٦ له‌پاش داوود، سوله‌یمان بۆبه‌جێ‌نشین. بانگه‌وازی کرد: خه‌ڵکینه! ئێمه فێری زمانی مه‌لان کراوین؛ هه‌مۆشتێکیان پێداوین؛ دیاره ئه‌مه‌ش چاکه‌یه‌کی ئاشکرایه.
١٧ سوپای سوله‌یمان - تێکه‌ڵاو له‌جندۆکه‌و مرۆو مه‌لان - ده‌نگ‌درابۆن، هه‌مۆ به‌ڕیز ده‌ڕۆیشتن؛
١٨ تا گه‌ینه بوهلی مێرولان. مرۆچه‌یه‌ک ده‌نگی مێروله‌کانی‌دا: بچنه‌وه ناوکونه‌کانۆ! تا سوله‌یمانو له‌شکری - به‌بێ ئه‌وه پێ‌بحه‌سێن - ده‌به‌ر پێ‌یانودا نه‌به‌ن.
١٩ ئیتر که ئه‌و ئه‌مانه‌ی گوت، بزه‌ی هاتێ. گوتی: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌ی من! وام ڕابێنه سوپاسی چاکه‌ی تۆبکه‌م که ده‌رباره‌ی منو داکو بابمت کرد؛ ئاکاری چاکی‌واشم بێ، په‌سندی که‌ی؛ هه‌ر له‌به‌زه‌یی خۆشته‌وه بمخه‌ڕیزی عه‌بده‌کارچاکه‌کانته‌وه.
٢٠ چاوی به‌مه‌لانداگێڕا، گوتی: چۆنه په‌پوسێمانه نابینم، ئاخۆ خۆی دزیوه‌ته‌وه؟
٢١ له‌سه‌ر ئه‌مه ئه‌شێ سزای زۆری بده‌م؛ یان ملی‌هه‌ڵده‌قرتێنم، یان به‌ڵگه‌یه‌کی ئاشکرا بۆمن بێنێ.
٢٢ ماوه‌یێ زۆری نه‌خایاند، هاتو وتی: من شتێکم ده‌س که‌وتوه که ده‌سته‌تۆ نه‌که‌وتبو؛ وا من له سه‌باوه هاتۆم، ده‌نگو باسێکی دروستم بۆهێناوی.

---

**١٨- بوهل:** دۆڵ، ده‌ره.

إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةٗ تَمۡلِكُهُمۡ وَأُوتِيَتۡ مِن كُلِّ شَيۡءٖ وَلَهَا
عَرۡشٌ عَظِيمٞ ٢٣ وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ
فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ ٢٤ أَلَّا يَسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ ٱلَّذِي يُخۡرِجُ ٱلۡخَبۡءَ
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُخۡفُونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ ٢٥ ٱللَّهُ
لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ۩ ٢٦ ۞ قَالَ سَنَنظُرُ
أَصَدَقۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٢٧ ٱذۡهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا
فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ثُمَّ تَوَلَّ عَنۡهُمۡ فَٱنظُرۡ مَاذَا يَرۡجِعُونَ ٢٨ قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلۡمَلَؤُاْ إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ ٢٩ إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ
ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣٠ أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ٣١
قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ
تَشۡهَدُونِ ٣٢ قَالُواْ نَحۡنُ أُوْلُواْ قُوَّةٖ وَأُوْلُواْ بَأۡسٖ شَدِيدٖ وَٱلۡأَمۡرُ إِلَيۡكِ
فَٱنظُرِي مَاذَا تَأۡمُرِينَ ٣٣ قَالَتۡ إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً
أَفۡسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗۚ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ ٣٤
وَإِنِّي مُرۡسِلَةٌ إِلَيۡهِم بِهَدِيَّةٖ فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ٣٥

٢٣ من لەوێ ژنێکم دیوە پاشایە بەسەریانەوەو خاوەنی هەمۆشتێکەو تەختێکی زۆرگەورەی هەیە.
٢٤ دیتم کە خۆی و هۆزەکەی - بەجێ خودا - سوژدەدەبەنە بەرخۆرو شەیتان کردەوەکانی بۆخەملاندوٚن و ڕێگەی هەڵەی نیشان داون و ڕێ دەرناکەن.
٢٥ [وەی کردوە] سوژدەبۆ خودایەک نەبەن کە پێواری ناو ئاسمانەکان و زەوی خۆیادەکاو، چی وەیشێرن و هەرچێکی ئاشکرای بکەن، ئەو دەیزانێ.
٢٦ ئەوخودایەی کە لەوبەدەر هیچ‌شت بۆپەرستن نابێ و ئەو پەروەرێنی تەختی هەرەمەزندە.
٢٧ گوتی: بەم زوانە دەڕوانین تابزانین بەڕاستت بۆ، یان تۆش هەر لە ڤڕبێژانی.
٢٨ ئەم نامەیەم بۆ بەرەو بۆیان باوێژەو ئەوسا تۆزێک دوٚرەوکەوەو بنوارە پەرسڤیان چیە؟
٢٩ وێ گوت: ئەی پیاوماقوڵەکان! نامەیەکیان بۆهاویشتوٚم زۆرگرینگە؛
٣٠ کە لەسولەیمانەوەیەو بەناوی خودای دەهندەو دلۆڤانە.
٣١ نابێ خۆتان لەمن بەزلتربزانن، وەرنەلام و خۆتان بەدەستەوەبدەن.
٣٢ وێ گوت: ئەی پیاوماقوڵەکان! ئیوە دەربارەی ئەم کارەم، بێژن چبکەم؟ هەتا ئێوە کۆنەبنەوە، بڕیاری هیچ کارێ نادەم.
٣٣ گوتیان: ئێمە هەم بەهێزین هەم زۆر بوێر، فەرمانیش هەر بەدەس خۆتە، تۆ بۆخۆت بڕوانە چفەرمانێک دەدەی؟
٣٤ وێ گوت: گەلی پادشایان بچنەناو هەرشارێکەوە، تێکی دەدەن؛ خەڵکەکەی - هەرکام بەگەورە ناوی هەبێ - سۆکایەتی بەسەردێنن و ئەوتەرزەکارانە دەکەن.
٣٥ ئەوا من دیاریەکیان بۆ دەنێرم؛ چاوەڕێم کە ڕاسپاردەکان بەچیەوە دەگەڕێنەوە.

---

٢٥-خوٚیا: ئاشکرا. ٢٨-پەرسڤ: جواب.

فَلَمَّا جَآءَ سُلَيۡمَٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٖ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ
ءَاتَىٰكُمۚ بَلۡ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمۡ تَفۡرَحُونَ ٣٦ ٱرۡجِعۡ إِلَيۡهِمۡ فَلَنَأۡتِيَنَّهُم
بِجُنُودٖ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخۡرِجَنَّهُم مِّنۡهَآ أَذِلَّةٗ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٣٧ قَالَ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَيُّكُمۡ يَأۡتِينِي بِعَرۡشِهَا قَبۡلَ أَن يَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ٣٨
قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَۖ وَإِنِّي
عَلَيۡهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٞ ٣٩ قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ
بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا
مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشۡكُرُ
لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيّٞ كَرِيمٞ ٤٠ قَالَ نَكِّرُواْ لَهَا عَرۡشَهَا
نَنظُرۡ أَتَهۡتَدِيٓ أَمۡ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهۡتَدُونَ ٤١ فَلَمَّا جَآءَتۡ قِيلَ
أَهَٰكَذَا عَرۡشُكِۖ قَالَتۡ كَأَنَّهُۥ هُوَۚ وَأُوتِينَا ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهَا وَكُنَّا مُسۡلِمِينَ
٤٢ وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعۡبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ
٤٣ قِيلَ لَهَا ٱدۡخُلِي ٱلصَّرۡحَۖ فَلَمَّا رَأَتۡهُ حَسِبَتۡهُ لُجَّةٗ وَكَشَفَتۡ عَن
سَاقَيۡهَاۚ قَالَ إِنَّهُۥ صَرۡحٞ مُّمَرَّدٞ مِّن قَوَارِيرَۗ قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي
ظَلَمۡتُ نَفۡسِي وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٤٤

۳۶ وەختێ هاتەلای سولەیمان؛ گوتی: ئێوە دەتانەوێ بەماڵ یارمەتی من بکەن؟ ئەوی خودا داویەبەمن، لەوەی کە بەئێوەی داوە هێژاترە؛ بەڵام وادیارە کە ئێوە بەدیاری خۆتان دڵخۆشن.
۳۷ وەگەڕێ بچۆوەلایان، وا مە بەلەشکرێکەوە دێنە سەریان؛ کە ئەوان دەرۆستی نایەن. بەزەلیلی و سوکایەتیش لەوێندەرێ دەریان دەکەین.
۳۸ گوتی: ئەی گەلی دیوانێ! - بەرلەوە بێنەئامانێ - کێودەتوانێ تەختی ئەوژنەم بۆبێنێ؟
۳۹ لۆزەندەرێک لەجنەکان گوتی: ئەمن بەرلەوە لەجێی خۆت هەستی بۆتی دێنم؛ توانام بەسەریداهەیەو دەسپاکیشم.
۴۰ ئەوی کە لە کتێب شتێکی دەزانی، هەڵیدایە: هێندەی چاوت بتروکێنی بۆتی دێنم. کە لێ مەیزاند، وا لایەتی، گوتی: ئەمەش چاکەی پەروەرندەی منە، ویستی تاقیم بکاتەوە؛ ئاخۆ شوکرانە بژێرم یان پێ نەزان. هەرکەسێکی شوکربکا بۆخۆی دەکاو کێش سپڵەبێ، ئەوسایە پەروەرندەی من بێ نیازو دڵاوایە.
۴۱ گوتی: تەختەکەی بگۆڕن؛ تابزانین دەتوانێ بیناسێتەوە یان بەسەری ناکاتەوە.
۴۲ کاتێ گەییشتەبەرەوە، وتیان: تەختەکەی تۆ وابوٚ؟ گوتی: هەر ئێژی خۆیەسی؛ لەبەریشەوە دەتزانی و ئێمە هەر گوێ بەفەرمان بوٚین.
۴۳ ئەوەی کە وێ - غەیرە لە خودایە - دەیپەرست، ئەوی [ لەباوەڕی هێنان ] گێڕابووەوە؛ چونکە پێشوٚ لەڕێزەی خوانەناسان بوٚ.
۴۴ پێی وترا: وەرەناو کۆشک. کە لێی ڕوانی، هەر پێی وابوٚ ئاوێکی زۆرو زەبەندەو [ داوەستاوەو ] لنگی هەڵکرد. پێی وت: ئەم کۆشکە لەشوٚشەی ڕوٚن و حولی داڕژاوە. گوتی: خودانی ژیانم! من تائێستا ناهەقیم لەخۆم کردوەو لەئێستاوە - وەل سولەیمان - خۆم دەدەمە دەس ڕاهێنەری گش جیهان.

---

۳۹-لۆزەندەر: زەبەلاحی تەزە، زلحۆرت.    ۴۰-مەیزاندن: تماشا کردن، روانین.
۴۴-حولی: بێ گرێ و زبری، ساف.    حەموی ئاوە. . .یا: ئاوێکی زۆرو زەبەندە.

وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمۡ صَٰلِحًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ فَإِذَا
هُمۡ فَرِيقَانِ يَخۡتَصِمُونَ ﴿٤٥﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ لِمَ تَسۡتَعۡجِلُونَ
بِٱلسَّيِّئَةِ قَبۡلَ ٱلۡحَسَنَةِۖ لَوۡلَا تَسۡتَغۡفِرُونَ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ
تُرۡحَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالُواْ ٱطَّيَّرۡنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَۚ قَالَ طَٰٓئِرُكُمۡ
عِندَ ٱللَّهِۖ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تُفۡتَنُونَ ﴿٤٧﴾ وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ تِسۡعَةُ
رَهۡطٖ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ﴿٤٨﴾ قَالُواْ
تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدۡنَا
مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا
وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٥٠﴾ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ مَكۡرِهِمۡ أَنَّا دَمَّرۡنَٰهُمۡ وَقَوۡمَهُمۡ أَجۡمَعِينَ
﴿٥١﴾ فَتِلۡكَ بُيُوتُهُمۡ خَاوِيَةَۢ بِمَا ظَلَمُوٓاْۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٥٢﴾ وَأَنجَيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٥٣﴾ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ
أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ وَأَنتُمۡ تُبۡصِرُونَ ﴿٥٤﴾ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ
ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ﴿٥٥﴾

۴۵ سالّحیشمان ڕاسپاردە هۆزی سەمۆد؛ کە هاوڕەگەزی خۆیان بۆ. کە: دەبێ خوداپەرست بن. کەچی ئەوان بۆنەدۆدەستەی دژی یەک.
۴۶ وتی: گەلّوا بەرلەوە تۆشی چاکەبن بۆ بەرەوخراپە دەچن؟ بۆ لەخودا داواناکەن عافوتانکا؟ بەلّکو بەزەی پێتاندابێ.
۴۷ وتیان: ئێمە تۆش و ئەوی لەگەلّ تۆشن، بەشۆم و بێفەڕ دەزانین. گوتی: چارەنۆسی ئێوە بەدەس خوایە؛ بەلاّم ئێوە هۆزێکن کە کەوتۆنەبەر ئەزمۆنەوە.
۴۸ لەوشارەدا نۆدەستەی [ نەگونجاو ] هەبۆن، کە ولاّتەکەیان تێکدەداو بۆ لابردنی بەدفەڕی هیچ تەقالایان نەدەدا.
۴۹ گوتیان: ئێوە سوێندبخۆن، ئێمە ئەمشەو خۆی و مالّ و مندالّیشی لەناودەبەین؛ بەخوێنگرانیشی ئێژین: کە ئەوخێزانە کوژراون، ئێمە ئاگامان لێنەبوەو ڕاستیش دەکەین.
۵۰ خەریک بۆن کەتنێ بگێڕن؛ ئێمەش کەتنی خۆن پێکردن، بێ ئەوە هەستی پێبکەن.
۵۱ سا بنۆڕە، سەرەنجامی کەتنەکەیان بەکوێ گەیشت: بەوانەوە کۆمەلّەکەی ئەوانیشمان لەبەین برد.
۵۲ ئێستا [ جێ ] مالّە کانیوان - لەسەر ناهەقیکردنیان - چۆلّ وهۆلّەو دەرسێکیشە بو ئەوانەی کە دەزانن.
۵۳ ئەوکەسانەشمان ڕزگارکرد کە ببۆنە خوداناس و لێی دەترسان.
۵۴ لۆتیشیان وەبیربخەوە، کە وا بەهۆزەکەی خۆی وت: ئێوە چلۆن کاری بێنامۆسی دەکەن، کەچی دەشزانن خراپە؟
۵۵ لەژنان وازۆهێناوەو پەلاماری پیاوان دەدەن؛ دیارە ئێوە زۆرکۆمەلّێکی نەزانن.

---

۵۰- کەتن گێڕان: ئاژاوەنانەوە.

۞ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخْرِجُوٓاْ ءَالَ
لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ ٥٦ فَأَنجَيْنَٰهُ
وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ قَدَّرْنَٰهَا مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ٥٧ وَأَمْطَرْنَا
عَلَيْهِم مَّطَرًاۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ٥٨ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ
عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓۗ ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ ٥٩
أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ
أَن تُنۢبِتُواْ شَجَرَهَآۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ٦٠
أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا وَجَعَلَ لَهَا
رَوَٰسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًاۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ بَلْ
أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٦١ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ
وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِۗ أَءِلَٰهٌ
مَّعَ ٱللَّهِۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ٦٢ أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي
ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَيْ
رَحْمَتِهِۦٓۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ٦٣

٥٦ تەنیاوەرامی هۆزەکەی هەر ئەمەبوو: خێزانی لووت لەشاری خۆتان دەربکەن؛ چونکە ئەوان چاویان لەداوێن پاکیە.
٥٧ سا ئەویش و خێزانیشیمان ڕزگارکرد؛ مەرژنەکەی، کە بڕیارمان دا بمێنێ.
٥٨ بارانێکمان بۆ باراندن ئەمباران؛ بارانی ترسێنراوەکان چەن خرابو!
٥٩ بێژە: شوکرانە بۆخوداو درۆد لەسەر عەبدە هەڵبژاردەکانی. ئاخۆ خودا چاترە یا ئەوی دەیکەنە شەریکی؟
٦٠ یا ئەوکەسەی چاترە کە عاسمانەکان و زەمینی وەدی هێناو لەحەواوە ئاوی بۆ ئێوە ناردوە؟ گەلێک باخچەی بەدیمەنمان بەئاوەکەی شین کردوە، کە خۆتان نەتاندەتوانی دارەکانی بەرهەم بێنن؛ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ نەخێر دیارە گەلێکی لەهەق لادەرن.
٦١ یا ئەو کەسەی چاترە کە زەوی کردەجێی سانەوەو ئەوگش جۆبارو ڕۆبارەی تێداکێشاو کەژوکۆی لێ بەرهەم هێناو لەنێوان دۆدەریادا بەرزەکی دانا؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ نەخێر دیارە زوربەی ئەوانە نازانن.
٦٢ یا ئەوکەسەی چاترە کە هەر وەختێ هومێدبڕاوێک لەبەری بپاڕێتەوە، دەهانای دێ و لەچۆرتم ڕزگار[ی] دەکاو دەتانکاتە جێنشین لەم سەرزەمینە؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ ئەمانە کەم پەند وەردەگرن.
٦٣ یا ئەو کەسەی چاترە کە لە تاریکی بەژو دەریا، لەڕێ شارەزاتاندەکاو هەر ئەویشە ئەوبایانە بەڕێ دەکا کە مزگێنی خێروبێری ئەویان پێیە؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ خوا زۆر لەوەی بەرزترە کە دەیکەنە شەریکی ئەو.

---

٥٨- خرا: نالەبار. گەف: ترساندن بە قسە، هەڕەشە.

٦١- بەرزەک: بڵندایی نێوان تەختایی. ٦٣- بەژ: وشکانی، بەڕ.

أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ
أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾
قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ
أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱدَّٰرَكَ عِلْمُهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ ۚ بَلْ هُمْ
فِى شَكٍّ مِّنْهَا ۖ بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ ﴿٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟
أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخْرَجُونَ ﴿٦٧﴾ لَقَدْ وُعِدْنَا
هَٰذَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا مِن قَبْلُ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٦٨﴾
قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ
﴿٦٩﴾ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُن فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿٧٠﴾
وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٧١﴾ قُلْ عَسَىٰٓ
أَن يَكُونَ رَدِفَ لَكُم بَعْضُ ٱلَّذِى تَسْتَعْجِلُونَ ﴿٧٢﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ
لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾ وَإِنَّ
رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٤﴾ وَمَا مِنْ غَآئِبَةٍ
فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٧٥﴾ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ
يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾

٦٤ یا ئەو کەسەی چاترە کە بۆنەوەر وەدی دێنێت و لەدواییدا دەیباتەوە؟ ئەدی کێیە لەئاسمان و زەمینەوە بژیوتان بۆ بەڕێ دکا؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ سا ئەگەر پێو وایە ڕاستن، بەڵگەی خۆتان نیشان بدەن.

٦٥ بێژە: ئەوانە وا لە ئاسمانەکان و زەمیندا هەن - لەخوا بەدەر- لەبەرپێوار بێ خەبەرن. هەستیش ناکەن کەنگێ زیندۆدەکرێنەوە.

٦٦ زانستەکەیان بڕناکا سەلاڕابێ، دودڵن دەبێ یان نابێ؟ ئەم چاوی دینەیان نیە.

٦٧ خودا نەناسەکان وتیان: ئاخۆ وەختێ ئێمەو باب و باپیرانمان بۆینە خۆڵێک[بەزیندویی لە گۆڕ] دەمانهێننە دەرێ؟

٦٨ ئەوبەڵێنەی بەمەی دەدن، لەوەپێشیش بەباب و کالن دراوە؛ ئەمانە گش چیرۆکی پێشینەکانن.

٦٩ بێژە: گەشتێ بەم سەرزەمینەدابکەن، تاببینن سەرەنجامی تاوانباران بەکوێ‌گەیوە.

٧٠ خەمیان مەخوەو لەبەر گزیکاری ئەوان دڵتەنگ مەبە!

٧١ ئێژن: دەسا ئەگەر ڕاستن، ئەم‌بەڵێنەو کەی دێتەجێ؟

٧٢ بێژە: ڕەنگە ئەوبەڵێنەی - کەئێوە پەلەی‌لێدەکەن - زۆرلێتانەوە نزیک‌بێ.

٧٣ پەروەرندەت چاکەی زۆری بەسەر ئەو خەڵکەوە هەیە؛ بەڵام زوربەیان ناشکورن.

٧٤ پەروەرندەت لەهەرشتێ لەدڵیانداو نهێنیەو لەهەرشتێ دەیدرکێنن، ئاگادارە.

٧٥ هەر پێوارێ لەعاسمان و زەمیندایە- گش لەگشتی - لە کتێبێکی رۆن‌کەرەوەدا نۆسراوە.

٧٦ ئەم قورئانە بۆ تۆرمەی ئیسرائیلێ - لەمەڕ زوربەی ئەوشتانە کە لەسەریان هەرایانە - قسەدەکا.

---

٦٥- **بەرپێوار:** نادیار.

وَإِنَّهُۥ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٧٧﴾ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُم
بِحُكْمِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٧٨﴾ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۖ إِنَّكَ عَلَى
ٱلْحَقِّ ٱلْمُبِينِ ﴿٧٩﴾ إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ
إِذَا وَلَّوْا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٨٠﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِى ٱلْعُمْىِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ ۖ إِن
تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨١﴾ ۞ وَإِذَا
وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ
ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾ وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ
فَوْجًا مِّمَّن يُكَذِّبُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿٨٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُو
قَالَ أَكَذَّبْتُم بِـَٔايَٰتِى وَلَمْ تُحِيطُوا۟ بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ
﴿٨٤﴾ وَوَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُوا۟ فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ ﴿٨٥﴾ أَلَمْ
يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِيَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ فِى
ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٨٦﴾ وَيَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ فَفَزِعَ
مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ
دَٰخِرِينَ ﴿٨٧﴾ وَتَرَى ٱلْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِىَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِ ۚ
صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴿٨٨﴾

٧٧ بێ سۆ بۆ خاوەن باوڕان، ڕێ شاندەرو بەزەویە.
٧٨ بێگومانە پەروەرندەت بەرانبەربە فەرمانی خۆی ، بەنێو ئەوانەڕادەگا. کۆڵ نەدەرو هەرەزاناش هەر خۆیەتی.
٧٩ دەسا خۆت بە خوا بسپێرە ؛ بەڕاستی تۆ وا لەسەر حەقی ئاشکرای.
٨٠ بانگەوازت بۆئەوانەی کە ڕۆ لەتۆ وەردەگێڕن، وەک ئەوەیە مردوی گۆڕستان بدوێنی؛ یان بەگوێی کەڕدابخوێنی؛ کە لەوزەی تۆدانیە.
٨١ تۆ ناتکرێ کوێران لە گومڕاییەکەیان ڕزگارکەی و بیانخەیە سەر ڕاستەڕێیە. تۆ هەر دەتوانی دەنگی خۆت بە ئەوانە بگەیەنی کە بەنیشانانی ئێمە بەبڕوان و ملکەچی فەرمانی خودان.
٨٢ هەر دەمێکیش بەڵێن[مان] بۆیان هاتەجێ، دەحبایەکیان لەم زەمینە بۆدەردەخەین، کە دەگەڵیان قسەدەکا[ وپیان ئێژی :] مەردم بەدڵ نیشانەکانی ئێمەیان نەدەسەلماند.
٨٣ ئەوێ ڕۆژێ مە لەناو هەرتیرەیەکدا، تاقمێک لەوکەسانە وا باوەڕیان بە نیشانانمان نەدەهێنا کۆدەکەینەو؛ جا ئەوکاتە ڕێزدەکرێن و بەڕێ دەکرێن.
٨٤ هەتا دەگەنەبەرەوە، ئێژێ : ئێوە نیشانەکانی ئێمەتان - بێ ئەوە چیان لێ بزانن - بەدرۆزانی ؟ ڕاستی ئێوە چیتان دەکرد ؟
٨٥ هەر بە سزای ئەوە کە ناهەقیکار بۆن، وەبەر بەڵێنەکە کەوتن، هەر متەقیشیان لێ نایە.
٨٦ بۆ ئەوانە نەیاندەدی ئێمە شەومان داهێناوە، ئەوانی تێداوەحەسێن؛ ڕۆژیش هەمۆشت ببینن؟ لە مەشدا زۆر نیشانەهەن بۆ ئەوانەی بڕوادێنن.
٨٧ ئەوێ ڕۆژێ دەکەڵەشاخ دەمێندرێ، هەرکەس لەعاسمانەکان و زەمیندایە - گلا - ترسیان ڕێ دەنیشێ و بەزەلیلی دێنەبەربارەگای خودا؛ مەگین کەسێ کە بەرمەیلی خوداکەوێ.
٨٨ کێویشت وادێنەبەرچاو، کە هەر نابزۆن؛ کەچی وەک ڕەوینەوەی هەور دەڕەونەوە. ئەمەش کری خوداییکە هەمۆشتی زۆر بە چاکی چێ کردوە. هەرئەویشە لەکردەتان شارەزایە.

---

**٨٥- متەق:** فزە.　**٨٨- کر:** دەسکار.　**چێ کردن:** دروس کردن، سازدان.

مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيۡرٞ مِّنۡهَا وَهُم مِّن فَزَعٖ يَوۡمَئِذٍ ءَامِنُونَ ﴿٨٩﴾
وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَكُبَّتۡ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ هَلۡ تُجۡزَوۡنَ
إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَآ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ رَبَّ هَٰذِهِ
ٱلۡبَلۡدَةِ ٱلَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُۥ كُلُّ شَيۡءٖۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ
ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٩١﴾ وَأَنۡ أَتۡلُوَاْ ٱلۡقُرۡءَانَۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي
لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَقُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ﴿٩٢﴾ وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ
لِلَّهِ سَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعۡرِفُونَهَاۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٣﴾

## سُورَةُ القَصَصِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طسٓمٓ ﴿١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴿٢﴾ نَتۡلُواْ عَلَيۡكَ
مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرۡعَوۡنَ بِٱلۡحَقِّ لِقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ
فِرۡعَوۡنَ عَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلَ أَهۡلَهَا شِيَعٗا يَسۡتَضۡعِفُ
طَآئِفَةٗ مِّنۡهُمۡ يُذَبِّحُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَيَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ
ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٤﴾ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ
فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنَجۡعَلَهُمۡ أَئِمَّةٗ وَنَجۡعَلَهُمُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾

٨٩ هەرکەسێ چاکەیەک بکا، لەوچاتری دێتەوەرێ و لەمەترسی ئەوێ ڕۆژێ
ئارخەیانن.
٩٠ هەرکەسێکش کاری خراپی لێ ڕۆدا، لەپەورۆ دەخرێتەئاگر. ئاخۆ زیاتر
لەقەرەبۆی کارەکەتان ئازارۆ بۆدەبرێتەوە؟
٩١ بەمن هەر فەرمان دراوە کە خودانی ئەم باژێڕە - کە بۆخۆی ڕێزی لێ ناوە
- بپەرستم. هەمۆشتێکیش لەوڕایەو فەرمانیشم پێدراوە لەڕێزەی
موسوڵمانان بم؛
٩٢ هەروا، قورعانیش بخوێنم. جا کێ شارەزای ڕێگە بۆ، هەر بەقازانجی
خۆیەتی و هەر کەش لە ڕێگە کلا بۆ، بێژە: من هەر یەکێکم لەترسێنەران.
٩٣ بێژە: سوپاس بۆخودایەو بەم زوانە ئەو نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەداو
دەیان ناسن. پەروەرندەت ئاگاداری هەمۆ کردەوەیەکتانە.

## قەسەس

٨٨ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ طا، سین، میم.
٢ ئەمانە نیشانەکانی کتێبی ڕۆشن کەرەوەن.
٣ ئێمە بۆتۆ، بۆ [ئاگاداری] ئەوانەی بڕوادێنن، باسی مۆساو فیرعەون
دەخوێنینەوە.
٤ بێ سۆ فیرعەون لەوزەمینا بالادەس بۆ؛ خەڵکی ئەوێ کردبۆنە چەند
دەستەیەک؛ هێندێکی هەر زەبۆن دەکرد، کوڕەکانی سەردەبڕین و
ژنەکانی ڕادەگرتن. لەبەدفەڕو بەزەڕان بۆ.
٥ بڕیارن دا ئەوانەی لەوزەمینەدا زەبۆن کران، بەچاکە وەیان خوێنین و
بیان کەینە پێشەوا[ی خەڵک]؛ لەدواییشدا بۆخۆیان بمێنێتەوە.

---

٩٠-لەپەورو: دەمەورۆ. ٩١-باژێڕ: شار. ٤-زەڕ: زەرەد، زەرەر.

٥-بمینێتەوە: یانێ زەمین بۆخۆیان بمێنێتەوە.

وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا
مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَحْذَرُونَ ﴿٦﴾ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ
أَنْ أَرْضِعِيهِ ۖ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي ٱلْيَمِّ وَلَا تَخَافِي
وَلَا تَحْزَنِيٓ ۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧﴾
فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ۗ إِنَّ
فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا۟ خَٰطِـِٔينَ ﴿٨﴾
وَقَالَتِ ٱمْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ ۖ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَىٰٓ
أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾ وَأَصْبَحَ
فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا ۖ إِن كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِۦ لَوْلَآ أَن
رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠﴾ وَقَالَتْ
لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ ۖ فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ
﴿١١﴾ ۞ وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ
عَلَىٰٓ أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُۥ لَكُمْ وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ ﴿١٢﴾
فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ
أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾

٦ لەوعەرزەدا جێگایان بۆ خۆش بکەین و بە فیرعەون و هامان و
لەشکرەکانیان ئەوشتانە نیشان بدەین، کە ئەوان لێیان دەترسان.
٧ بەدایەمۆسان ڕاگەیاند: شیری دەیەو، هەروەختێ لێی نیگەران بۆی،
بیهاوێژە ناو دەریاوەو هیچ مەترسەو خەمیش مەخۆ؛ ئێمە بۆتی
دێنینەوەو دەشیکەینە یەکێ لە پێغەمبەرەکان.
٨ دەستەوبەستەی فیرعەون ئەویان هەڵگرتەوە، تا ببێتە دوژمنیان و هۆی
مەینەتیان. دیارە فیرعەون و هامان و دەس وپێوەندەکانیشیان بەخەڵەت
چۆن.
٩ پیرەکا فیرعەون گوتی: بۆ من وتۆ دەبێتەمایەی چاوڕۆنی؛ وازلە کوشتنی
بهێنن، بەشکۆ سوودی بۆمان هەبێ، یان بیکەینە کوڕی خۆمان. کەچی
هیچ ئاگاشیان نەبۆ.
١٠ ئیتر ئەوسا دایکی مۆسا هیچ هۆشی لەدڵدانەماو لەوانە بۆکە ئەوڕازە
بدرکێنێ؛ کە هەر ئێمەش دڵی ئەومان واپتەوکرد تالەخاوەن باوەڕان بێ.
١١ بەخۆشکی گوت: شوێنی کەوە! بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، کارێکی کرد
دۆراودۆر چاوی پێ بکەوێ.
١٢ هەر لەپێشدا وان بۆدانا مەمکی هیچ تایەنێک نەمژێ. وێ گۆ: ئاخۆ
دەتانەوێ ماڵێکتان بۆ بدۆزمەوە کە بۆتانی بەخێوبکاو زۆر باشیشی
پێ ڕابگا؟
١٣ ناردمانەوە لای دایکی، تا چاوی پێ ڕۆن بێتەوەو خەمێ نەخوا؛ تا
بشزانێ کە بەڵێنی خودا ڕاستە؛ بەڵام زوربەیان نازانن.

---

٩- پیرەک: ژنی پیاو. پیرەکا: ژنەکەی. ١٢- تایەن: تایە، دایەن. وێ گۆ: ئەو گوتی.
وێ: پیتی ئیشارەت بۆ مێوینە: (وێ گوت: ژنەکە گوتی).

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى
ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤﴾ وَدَخَلَ ٱلْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا
فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِۦ ۖ
فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ
فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ۖ قَالَ هَٰذَا مِنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۖ إِنَّهُۥ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ
﴿١٥﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى فَٱغْفِرْ لِى فَغَفَرَ لَهُۥٓ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ
ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦﴾ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ فَلَنْ أَكُونَ
ظَهِيرًا لِّلْمُجْرِمِينَ ﴿١٧﴾ فَأَصْبَحَ فِى ٱلْمَدِينَةِ خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ فَإِذَا
ٱلَّذِى ٱسْتَنصَرَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُۥ ۚ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰٓ إِنَّكَ لَغَوِىٌّ
مُّبِينٌ ﴿١٨﴾ فَلَمَّآ أَنْ أَرَادَ أَن يَبْطِشَ بِٱلَّذِى هُوَ عَدُوٌّ لَّهُمَا قَالَ
يَٰمُوسَىٰٓ أَتُرِيدُ أَن تَقْتُلَنِى كَمَا قَتَلْتَ نَفْسًۢا بِٱلْأَمْسِ ۖ إِن تُرِيدُ إِلَّآ
أَن تَكُونَ جَبَّارًا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِينَ ﴿١٩﴾
وَجَآءَ رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ يَسْعَىٰ قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ ٱلْمَلَأَ
يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ فَٱخْرُجْ إِنِّى لَكَ مِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢٠﴾
فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ ۖ قَالَ رَبِّ نَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢١﴾

۱۴ وەختێ گەییە تافی جوانی و پیاوێ تەواوی لێ دەرچۆ، زانست و کارزانین دایەو ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین.

۱۵ [جارێ] روی‌کردە شارەوە، بێ ئەوەی خەڵکەکەی ئاگایان لێ ببێ. لەوێ تۆشی دو پیاوان هات، پێکەوە مشت‌ومڕیان بۆ؛ یەکیان لەڕەگەزی خۆی و ئەوی تریان سەربەدوژمنەکانی بۆ. ئەوی هاوڕەگەزی خۆی بۆ، دژی کاورا نەیارەکە هانای پێ‌برد؛ مۆسا مستێکی تێ‌سرەواند، مرخەی‌بڕی. گوتی: دیارە ئەم‌کارە شەیتان پێمی‌کرد؛ کە ئاشکرا دوژمنەو ڕێگا دەگۆڕێ.

۱۶ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەمن ناهەقیم لە خۆم کرد، عافوم‌بکە. ئیتر خودا خەتای‌بەخشی؛ کە ئەو لەخەتادەبۆرێ و دلۆڤانە.

۱۷ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لەبەرانبەر ئەوچاکەی دەگەڵ منت کرد، بڕیار ئەدەم هەرگیزنەبمە پشتیوانی تاوانباران.

۱۸ لەوشارەدا بەترسەوە شەوی بۆری و چاوەنۆڕبۆ. هەر ئەوکەسەی دوێنێ هانای پێ‌بردبۆ، دیسان هاواری بۆهێنا. مۆسا گوتی: دیارە تۆ لەڕێگەدەرچوی.

۱۹ کاتێ بەرەوئەوکەسەچۆ کە دوژمنی هەردوکیان بۆ، گوتی: مۆسا! هەر وەک دوێنێ یەکێکت کوشت، دەتەوێ منیش بکوژی؟ تۆ گەرەکتە لەم هەردە ببیە ملهوڕو ناتەوێ لەوانەبی وا کاروباران سامان دەدەن.

۲۰ پیاوێک لەوپەڕی شارەوە بەهەڵەداوان گەیشتێ، وات: ئەی مۆسا! سەرگەورەکان دەربارەی تۆ ڕاوێژدەکەن؛ گەرەکیانە تۆبکوژن. زۆ دەرکەوە، ئەمەت بەچاکە پێ‌دەڵێم.

۲۱ بەترسەوە لەوێ ڕۆیی و بەنیگەرانی دەیڕوانی. گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لەم کۆمەڵە ستەمکارە رزگارم کە.

---

۱۴- کارزانین دایە: کارزانینمان پێدا. ۱۵- مرخەی‌بڕی: نەفەسی چنی. ۲۰- وات: گوتی.

وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَآءَ مَدْيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهْدِيَنِي سَوَآءَ
ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٢﴾ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةٗ مِّنَ
ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِۖ
قَالَ مَا خَطْبُكُمَاۖ قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُۖ وَأَبُونَا
شَيْخٞ كَبِيرٞ ﴿٢٣﴾ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ
رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٖ فَقِيرٞ ﴿٢٤﴾ فَجَآءَتْهُ إِحْدَىٰهُمَا
تَمْشِي عَلَى ٱسْتِحْيَآءٖ قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ
أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَاۚ فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ قَالَ
لَا تَخَفْۖ نَجَوْتَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا
يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُۖ إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِيُّ ٱلْأَمِينُ
﴿٢٦﴾ قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ٱبْنَتَيَّ هَٰتَيْنِ عَلَىٰٓ أَن
تَأْجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرٗا فَمِنْ عِندِكَۖ
وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَۚ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ
ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٢٧﴾ قَالَ ذَٰلِكَ بَيْنِي وَبَيْنَكَۖ أَيَّمَا ٱلْأَجَلَيْنِ
قَضَيْتُ فَلَا عُدْوَٰنَ عَلَيَّۖ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ ﴿٢٨﴾

۲۲ کاتێ بەرەومەدیەن دەچۆ، گوتی: بەشکوٚ پەروەرندەم شارەزای ڕاستەڕێم بکا.
۲۳ کە هاتەسەر ئاوی مەدیەن، کۆمەڵێ لەخەڵکەکەی دیت ئاوهەڵدێنجن. لەولای ئەوان دوژنی دین [پەزێ خۆ] دوٚردەخەنەوە. گوتی: ئێوە خەریکی چن؟ گوتیان: هەتا شڤانەکان پەزەکانیان لە ئاودانێ نەهێننەوە، ئێمە پەزێ خۆ ئاونادەین؛ باوکی ئێمەش ئیختیارێکی زورهانە.
۲۴ ئەوسا ئاوی بۆهەڵێنجان؛ پاشان خۆی گەیاندەسێبەر. گوتی: ئەی پەرورندەی من! من ئاتاجی ئەوخێرەم کە بۆم دەنێری.
۲۵ یەک لەودوانە - کە بەشەرمەوە ڕێ‌دەچۆ - هاتەلای و گوتی: باوکم بانگت‌دەکا تا بۆئاوێ کە بۆ ئێمەت هەڵێنجاوە، کرێت داتێ. وەختێ هاتو ڕوٚداوەکەی بۆ گێڕاوە، گوتی: ئیتر ترست نەبێ، لەکۆمەڵی ستەمکاران ڕزگارت بۆ.
۲۶ یەکێ لەوان گوتی: باوە! بەکرێی بگرە؛ چاترین ڕنجبەر ئەوەیە بەتاقەت و جێباوەڕبێ.
۲۷ گوتی: من خەیاڵم‌وایە یەکێ لەودوٚکیژانەی خۆم بدەم بەتۆ؛ بەو مەرجە هەتا هەشت ساڵان ڕەنجبەرم‌بی. ئەگەر دەساڵت بردەسەر، کەیفی خۆتەو نامەوێ زۆریت بۆبێنم. گەر خوا حەزکا زۆدەزانی کە لەپیاوە باشەکانم.
۲۸ گوتی: ئەمە بڕیارێک بێ لەنێوانی من و تۆدا؛ هەرکام لەو دو ماوەم پەڕاند، نابێ ناهەقیم لێ‌بکرێ؛ خوداش لەسەر هەرچی ئێژین، بریکارە.

---

**۲۳-هەڵدێنجن:** هەڵدەگۆزن ؛لە: **هەڵێنجان:** هەڵگۆزان. **ئیختیار:** پیرو کۆنەساڵ.
**زورهان:** پیری لە کار کەوتە. **۲۶-بەتاقەت:** خاوەن هێز، توانا.

۞ فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلۡأَجَلَ وَسَارَ بِأَهۡلِهِۦٓ ءَانَسَ مِن جَانِبِ
ٱلطُّورِ نَارٗاۖ قَالَ لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم
مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ جَذۡوَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ لَعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ
٢٩ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ مِن شَٰطِيِٕ ٱلۡوَادِ ٱلۡأَيۡمَنِ فِي ٱلۡبُقۡعَةِ
ٱلۡمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ أَن يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّيٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٠ وَأَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۖ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا
جَآنّٞ وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡۚ يَٰمُوسَىٰٓ أَقۡبِلۡ وَلَا تَخَفۡۖ إِنَّكَ
مِنَ ٱلۡأٓمِنِينَ ٣١ ٱسۡلُكۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ
غَيۡرِ سُوٓءٖ وَٱضۡمُمۡ إِلَيۡكَ جَنَاحَكَ مِنَ ٱلرَّهۡبِۖ فَذَٰنِكَ
بُرۡهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ
قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ٣٢ قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلۡتُ مِنۡهُمۡ نَفۡسٗا فَأَخَافُ
أَن يَقۡتُلُونِ ٣٣ وَأَخِي هَٰرُونُ هُوَ أَفۡصَحُ مِنِّي لِسَانٗا
فَأَرۡسِلۡهُ مَعِيَ رِدۡءٗا يُصَدِّقُنِيٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ٣٤
قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ وَنَجۡعَلُ لَكُمَا سُلۡطَٰنٗا فَلَا
يَصِلُونَ إِلَيۡكُمَا بِـَٔايَٰتِنَآۚ أَنتُمَا وَمَنِ ٱتَّبَعَكُمَا ٱلۡغَٰلِبُونَ ٣٥

٢٩ مۆسا کە ماوەکەی پەڕاندو خێزانی بردو ڕۆیی، ئاگرێکی لەئالی تۆرێ
بەدی کرد. بەماڵ و منداڵی خۆی گوت: ڕابوەستن، من ئاگرێکم بەدی
کرد؛ بەشکۆ لەوێ خەبەرێکوبۆ بهێنم؛ یان چۆڵێکۆ لەوئاگرە بۆ بێنمەوە؛
بەڵکۆ خۆ گەرمکەنەوە.
٣٠ وەختێ گەییشتە لای ئاگر، لای دەستی ڕاستی دۆڵەوە - لە شوێنە
پیرۆزەکەدا - لە دارەکەوە بان کرا: ئەی مۆسا! من هەر خودی خۆم،
ئەوخودایەم کە ڕاهێنەری جیهانم.
٣١ عاساکەشت فڕێبدە! وەختێ دیتی لەچەشنی مارێ دەبزوێ، هەڵات و
هیچ ئاوڕێکی نەدایەوە. ئەی مۆسا لێیوەرەپێش و ترسێت نەبێ، هیچ
زیانێکت پێ ناگا.
٣٢ دەستیشت بخە باخەڵت، چەرمۆی بێ زەرەر دێتەدەر؛ بۆ ئەوەش ترست
نەمێنێ، دستت بنە ژێری باڵت. ئەم دوانە دۆبەلگەی ڕۆنن، لە
پەروەرندت ڕا بۆلای فیرعەون و داروەدەستەکەی؛ ئەوان گەلێ
نافەرمانن.
٣٣ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! من یەکم لەوان کوشتوە؛ لەوە دەترسم
بمکوژن.
٣٤ برام هاڕۆن، لەمن زوان ڕەوانترە؛ سا ئەویشم دەگەڵ کل‌کە، یاوەرم بێ و
قسەکانم بسەلمێنێ. من ترسم هەس پێم بێژن: تۆ درۆزنی.
٣٥ گوتی: وادەکەین براکەت پشتت بگرێ؛ بەنیشانەکانی خۆشمان
دەستەڵاتێکۆ دەدەینێ، دەستیان بەئێوەڕانەگا؛ ئێوە دوان و ئەوانی
لەدوی ئێوەبن سەردەکەون.

---

٢٩- ئال: تەرەف، لا. چۆڵ: چڵۆسک، داری نیوەسوتاوی بەگڕ. ٣٤- کل‌کە: بنێرە.

فَلَمَّا جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا بَيِّنَٰتٖ قَالُواْ مَا هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ
مُّفۡتَرٗى وَمَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣٦﴾ وَقَالَ
مُوسَىٰ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَن جَآءَ بِٱلۡهُدَىٰ مِنۡ عِندِهِۦ وَمَن تَكُونُ
لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٣٧﴾ وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ
يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ
لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ
إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾ وَٱسۡتَكۡبَرَ
هُوَ وَجُنُودُهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ إِلَيۡنَا
لَا يُرۡجَعُونَ ﴿٣٩﴾ فَأَخَذۡنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذۡنَٰهُمۡ فِي
ٱلۡيَمِّۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾
وَجَعَلۡنَٰهُمۡ أَئِمَّةٗ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ
لَا يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ وَأَتۡبَعۡنَٰهُمۡ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا لَعۡنَةٗۖ
وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ هُم مِّنَ ٱلۡمَقۡبُوحِينَ ﴿٤٢﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا
مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِ مَآ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ ٱلۡأُولَىٰ
بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٤٣﴾

٣٦ کاتێ مۆسا وەل بەڵگە ئاشکراکانمان هاتەلایان، گوتیان: ئەمە بل ژجادۆ شتێ‌نیەو لەخۆوە ڕێکی خستوە؛ کە لەباوانی پێشوشمان ئەم شتەمان نەبیستوە.

٣٧ مۆسا گوتی: پەروەرندەم لەهەرکەس چاتردەزانێ کێ لجەم ئەو ڕێنوینی هاوردوەو کێ پاشەڕۆژ تۆشی بەختەوەری دەبێ. بێ‌سۆ ناهەقیکارەکان ڕزگار نابن.

٣٨ فیرعەون گوتی: ئەی دیوەخان‌نشینەکان! وانازانم غەیرلەمن خوایەکتان هەبێ؛ سا هامان! تۆ خشتی کاڵم لەکڵدا بۆبخارێنە، قەڵایەکم بۆ دروس کە، تا لەوێرا بڕوانمە خوداکەی مۆسا؛ کە من تەواو لەڤڕبێژانی دەزانم.

٣٩ فیرعەون‌و لەشکرەکانی لەوزەمینە، هەر بەناهەق خۆیان بەزلتردەزانی‌و لایان‌وابۆ ناگەڕێنەوە لای‌ئێمە.

٤٠ سا فیرعەون‌و لەشکریمان وەگیرهێناو هەڵمانداشتنە دەریاوە. دەسا بڕوانە ئاکامی ناهەقیکاران چڵون بۆ.

٤١ کردیشمانن بە پێشەوایانێک کەوا بانگ بۆ ئاگر ڕادەهێڵن‌و ڕۆژی‌سەڵاش هیچ کەس دەهانایان نایە.

٤٢ هەر لەم دنیایە نەحلەتمان وەشوێن خستن‌و ڕۆژی‌سەڵاش [ ڕۆڕەش‌و] بیچم‌کرێتن.

٤٣ لەپاش ئەوەی چین‌وبەرەکانی پێشۆن قڕتێخستن، ئەو کتێبەن دابە مۆسا کە بۆمەردم ببێتە هۆی ڕۆشن بێنی‌و بەزەیی‌و شارەزای ڕێ بۆن؛ بەشکۆ بیرلەخۆکەنەوە.

---

٣٦- بل: بەجگە، بەغەیرلە. ٣٨- بخارێنە: سۆربکەرەوە. خاراندن: سۆر کردنەوەی هەڕی.
ڤربێژ: درۆزن. ٤٠- هەڵداشتن: فڕێدان. کرێت: بێ‌بەش لە جوانی.
٤٣- پێشۆن: پێشۆمان.

وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَى ٱلْأَمْرَ وَمَا كُنتَ
مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٤٤﴾ وَلَٰكِنَّآ أَنشَأْنَا قُرُونًا فَتَطَاوَلَ عَلَيْهِمُ
ٱلْعُمُرُ وَمَا كُنتَ ثَاوِيًا فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُواْ عَلَيْهِمْ
ءَايَٰتِنَا وَلَٰكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ﴿٤٥﴾ وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ
ٱلطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَٰكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا
مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٤٦﴾
وَلَوْلَآ أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَيَقُولُواْ
رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ وَنَكُونَ
مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُواْ
لَوْلَآ أُوتِىَ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ مُوسَىٰٓ أَوَلَمْ يَكْفُرُواْ بِمَآ أُوتِىَ
مُوسَىٰ مِن قَبْلُ قَالُواْ سِحْرَانِ تَظَٰهَرَا وَقَالُوٓاْ إِنَّا بِكُلٍّ كَٰفِرُونَ
﴿٤٨﴾ قُلْ فَأْتُواْ بِكِتَٰبٍ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ هُوَ أَهْدَىٰ مِنْهُمَآ أَتَّبِعْهُ
إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٩﴾ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعْلَمْ
أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ
هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾

٤٤ ئەو سەردەمەی کە ئێمە ئەمکارەی خۆمان بەئەرکێک دانا بۆ مۆسا، نە تۆ لەلای خۆراواکەی [ تۆر ] ەوەبۆی، نە هیچ ئاگاشت لێ بوە.

٤٥ بەلاّم ئێمە زۆر بەرەمان هێنایەرۆ؛ تەمەنیشیان زۆر درێژ بۆ. تۆ ئەوکاتە لەناوخەلّکی مەدیەن نەبۆی، کە نیشانەکانی مەیان بۆوەخوێنی؛ بەلاّم ئێمە هەر پێغەمبەرن دەناردن.

٤٦ لەودەمەشدا کە ئێمە گازی مۆسان کرد، تۆ لەنزیک تۆرێ نەبۆی؛ بەلاّم ئەمە بەزەییەکە لەلایەن پەروەرندەت ڕا، کە ئەوانەی بەرلەتۆ کەسی وا نەبوە ترسێکیان وەبەربهێنێ؛ ئەتۆ ترسیان وەبەربێنی، شایەت بیرلەخۆکەنەوە.

٤٧ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبا کە کاتێکی - لە سۆنگەی ئاکارەکانیان - تۆشی بەلاّیە بن، بێژن: پەروەرێنمان! تۆ بۆچی پێغەمبەرێکت بۆنەناردین، تا پەیڕەوی لەنیشانانی تۆ بکەین و لەڕیزی بەباوەڕان بین، [ سزادانمان پێش دەخستن ].

٤٨ بەلاّم وەختێ ئەمڕاستەیان لەلایەن ئێمەوە بۆهات، گوتیان: بۆچی ئەوی بۆ مۆساهاتوە بۆ ئەم نەهات؟ ئەدی ئەوی لەوەپێش بەمۆسادرا، ئەمان حاشایان لێ نەکرد؟ گوتیان: ئەمە دۆجادۆن کە پشتی یەکتریان گرتوەو گوتیشیان: ئێمە لەهەرکان حاشامانە.

٤٩ بێژە: ئەگەر ئێوە ڕاستن، نۆسراوێک لەخواوە بێنن کە لە هەردوکانیان پتر ڕاستەڕێگە نیشان بدا؛ هەتا من شوێنی بکەوم.

٥٠ گەر پەرسڤیان نەدایەوە، سا بزانە کە ئەوانە پەیڕەوی ئارەزۆیانن؛ کێش خودا شارەزای نەکاو پەیڕەوی ئەلهای دلّی بێ، کەسی لێ گومڕاترنیە. خواش ناهەقان لەڕێگە شارەزا ناکا.

---

٥٠- پەرسڤ: وەلاّم. ئەلها: هانا، ئارەزۆ، کەلکەلە.

۞ وَلَقَدۡ وَصَّلۡنَا لَهُمُ ٱلۡقَوۡلَ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ٥١ ٱلَّذِينَ
ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِهِۦ هُم بِهِۦ يُؤۡمِنُونَ ٥٢ وَإِذَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ
قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِهِۦٓ إِنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّنَآ إِنَّا كُنَّا مِن قَبۡلِهِۦ مُسۡلِمِينَ ٥٣
أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡتَوۡنَ أَجۡرَهُم مَّرَّتَيۡنِ بِمَا صَبَرُواْ وَيَدۡرَءُونَ بِٱلۡحَسَنَةِ
ٱلسَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٥٤ وَإِذَا سَمِعُواْ ٱللَّغۡوَ
أَعۡرَضُواْ عَنۡهُ وَقَالُواْ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ
لَا نَبۡتَغِي ٱلۡجَٰهِلِينَ ٥٥ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ
ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦ وَقَالُوٓاْ إِن
نَّتَّبِعِ ٱلۡهُدَىٰ مَعَكَ نُتَخَطَّفۡ مِنۡ أَرۡضِنَآۚ أَوَلَمۡ نُمَكِّن لَّهُمۡ
حَرَمًا ءَامِنٗا يُجۡبَىٰٓ إِلَيۡهِ ثَمَرَٰتُ كُلِّ شَيۡءٖ رِّزۡقٗا مِّن لَّدُنَّا وَلَٰكِنَّ
أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٥٧ وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةِۭ
بَطِرَتۡ مَعِيشَتَهَاۖ فَتِلۡكَ مَسَٰكِنُهُمۡ لَمۡ تُسۡكَن مِّنۢ بَعۡدِهِمۡ
إِلَّا قَلِيلٗاۖ وَكُنَّا نَحۡنُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ٥٨ وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهۡلِكَ
ٱلۡقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبۡعَثَ فِيٓ أُمِّهَا رَسُولٗا يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِنَاۚ وَمَا
كُنَّا مُهۡلِكِي ٱلۡقُرَىٰٓ إِلَّا وَأَهۡلُهَا ظَٰلِمُونَ ٥٩

٥١ لەپەستا ئەو وتارەمان بۆ هەناردن ، بەشکو پەند[ ی لیّ ] وەربگرن .
٥٢ ئەوکەسانەی کە بەرلەهاتنی قورعان ، ئێمە کتێبمان پێداون ، باوەڕیان بە قورعان هەیە .
٥٣ هەتا بۆیان وەدەخوێنن ، ئێژن : بڕوامان پیّ هێناو بیّ سۆ ڕاستەو لە پەروەرندەمان ڕایە . بەرلەوەش بێتەخوارەوە ئێمە قبوڵن کردبو .
٥٤ ئەوانە چۆن خۆڕاگربۆن ، دۆجار پاداشیان پیّ دەدریّ . کاری خراپیش بەچاکە دەسڕنەوەو لەوبژیوەی پێمان داون ، خێران دەکەن .
٥٥ هەر کە وتاری هەرزەشیان بەگویّ دەگا ، لەگوێی خۆیانی دەرداوێن و ئێژن کە : ئێمە کاری خۆدەکەین و ئێوەش ئاکاری خۆوهەیە ، لەئێمەوە بیّ وەزەنن ؛ کەیفن بەنەزانان نایە .
٥٦ تۆ ناتانی کەسیّ بۆخۆت خۆشت بویّ شارەزای کەی ؛ بەلاّم خودا کیّ بخوازیّ ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا . هەرخۆشی چاتردەزانیّ کیّ هێژای ئەم ڕێبازەیە .
٥٧ ئێژن : ئەر دەگەڵ تۆبین و پەیڕەوی دینەکەی تۆبین ، لەزێدی خۆن تەرەن دەکەن . ئەدی ئێمە لەشوێنێکی هێمنمان دانەمەزراندون ، کە هەمۆجۆرە بەروبۆی بۆدەنێرن و ئەم بژیوە لەمەڕایە ؟ بەلاّم زوربەیان نەزانن .
٥٨ چەندە شاریشمان قڕکردن [ کەخەڵکەکەی ] بەخۆشگوزەرانی خۆیان سەرخۆش ببۆن . ئەمەش ماڵەکانیانە کە لە دوای ئەوان - کەمێک نەبیّ - کەسیان لیّ نیشتەجیّ نەبوەو هەر بۆخۆمان ماونەتەوە .
٥٩ پەروەرندەت ئەوشارانەی قڕنەکردن ، تا لەناوەندی ئەوانا پێغەمبەری بۆ هەناردن ، نیشانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنێتەوە . هەرگیز ئێمە هیچ شارێکمان بەقڕنەدا ، مەرخەڵکەکەی ناهەق بۆبن .

---

٥١- لە پەستا: یەک لە دوی یەک. ٥٥- دەرداوێن: فڕیّ دەدەن. لە: هاویشتن: فڕیّدان.
وەزەن: ئازار. ٥٧- زێد: زاگە، جێگەی لەدایکبون. تەرەن دەکەن: دەمانکەنە دەرەوە.

وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتُهَا ۚ وَمَا عِندَ
ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٠﴾ أَفَمَن وَعَدْنَٰهُ وَعْدًا حَسَنًا
فَهُوَ لَٰقِيهِ كَمَن مَّتَّعْنَٰهُ مَتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ
مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ ﴿٦١﴾ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ
كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٦٢﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ
ٱلَّذِينَ أَغْوَيْنَآ أَغْوَيْنَٰهُمْ كَمَا غَوَيْنَا ۖ تَبَرَّأْنَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كَانُوٓا۟ إِيَّانَا
يَعْبُدُونَ ﴿٦٣﴾ وَقِيلَ ٱدْعُوا۟ شُرَكَآءَكُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟
لَهُمْ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ۚ لَوْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَهْتَدُونَ ﴿٦٤﴾ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ
فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦٥﴾ فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَنۢبَآءُ
يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿٦٦﴾ فَأَمَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ
صَٰلِحًا فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلْمُفْلِحِينَ ﴿٦٧﴾ وَرَبُّكَ
يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ ۗ مَا كَانَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ ۚ سُبْحَٰنَ
ٱللَّهِ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٨﴾ وَرَبُّكَ يَعْلَمُ مَا تُكِنُّ
صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٦٩﴾ وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ
ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْأُولَىٰ وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٧٠﴾

٦٠ ئەوی بەئێوە دراوە هەر مایەی گوزەرانتانە لەدنیاداو زەمبەریەتی. ئەوەش کە لجەم خودایە، چاترەو زۆرتر دەمێنێ؛ ئاخۆ لەوەندەش تێناگەن؟
٦١ ئاخۆ کەسێ بەڵێنی باشمان پێداوەو بۆشی پێکدێ، دەگەڵ کەسێ هەر لەدنیا ژیاندۆمانە، وەکویەکن؟ کە ئەمەشیان ڕۆژی سەڵا دەهێنن بۆ جابدانەوە؟
٦٢ ئەوێ ڕۆژێ بانگیان دەکاو،ئێژێ:کوا شەریکەکانم،وەک ئێوە خەیاڵتان دەکرد؟
٦٣ ئەوانەی وەبەربڕیاری ئێمە کەوتۆن، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەمانە هەر ئەوانەن کە ئێمە لەڕێگەمان لادان؛ بۆیەش لەڕێگەمان لادان کە بۆخۆن ڕێن لێتێکچۆبۆ. وا لەلای خۆت ئێمە حاشایان لێدەکەین. ئەوانە هەرگیز ئێمەیان نەدەپەرست.
٦٤ پێشیان ئێژن: شەریکەکانتان بانگ بکەن. بانگیان دەکەن؛ هیچ وەرامیان نادەنەوە. هەست بە جەزرەبەدان دەکەن، ئێژن: خوزیا لەشارەزایان بوینایە.
٦٥ هەرئەوڕۆژە بانگیان ئەکاو پیان ئێژێ: چلۆن وەدەنگ پێغەمبەرەکانەوە چۆن؟
٦٦ ئەوێ ڕۆژێ لەهەواڵان زەینکوێردەبن. لەو ڕۆژەدا نایانکرێ پرسێ بەیەکتریش بکەن.
٦٧ بەلام ئەوی کە پەژیوان بوەتەوەو بڕوای بەخودا هێناوەو ڕوی دەکاری چاک کردوە، لەوانەیە لەدەستەی ڕزگارەکانبن.
٦٨ پەروەرندەت هەرشتێکی مەیلی لێبێ وەدیدێنێو هەڵدەبژێرێ [بەلام] ئەوان هەقی بژاردنیان نیە .لەوشەریک بۆدۆزینەوەشیان ،خودا پاکەو بەرزترە. ٦٩ هەر پەروەرندەت دەزانێ چیان لەدڵداپەناداوەو چیش ئاشکرا ئەدرکێنن. ٧٠ خوا هەرئەوەو لەغەیرەزئەو هێزای پەرستنێک نیە. لەدنیاش و لەقیامەتیش سوپاس هەرتایبەتی ئەوە؛ فەرمان هەر فەرمانی ئەوەو بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە.

---

٥٩- زەمبەر: خشڵ. ٦٤- شەریکەکانتان: یانێ: ئەوبتگەلە - کە بە خەیاڵ - بە شەریکی منتان دەزانین.

قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ
مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ ۖ أَفَلَا تَسْمَعُونَ ﴿٧١﴾
قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ
يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ
فِيهِ ۖ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٧٢﴾ وَمِن رَّحْمَتِهِۦ جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ
وَٱلنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ
﴿٧٣﴾ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ
تَزْعُمُونَ ﴿٧٤﴾ وَنَزَعْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا فَقُلْنَا
هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ فَعَلِمُوٓا۟ أَنَّ ٱلْحَقَّ لِلَّهِ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟
يَفْتَرُونَ ﴿٧٥﴾ ۞ إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ
عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ
أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ
﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ
نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ
وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾

٧١ بێژە: چۆن بیردەکەنەوە ئەر خوا شەوتان هێندە لێ درێژکاتەوە، کە تاقیامەت نەبڕێتەوە؟ غەیرەزخودا کام شیاوی پەرستنێ هەس ڕوناکاییتان بۆبێنێ؟ مەر نابیسن؟!
٧٢ بێژە: ئێوە چۆن بیردەبەن ئەر خوا ڕۆژتان هێندە لێ درێژکاتەوە هەتا قیامەت بخایەنێ؟ غەیرەزخودا چپەرستیوێ دەتوانێ شەوێکتان بۆ دابێنێ کە ئێوە تێیدا هەدابدەن؟ مەرنابینن؟!
٧٣ لەبەزەیی خوداوەیە، کە شەوی بۆ هەدادان و ڕۆژی بۆ پەیداکردنی ئەو ڕۆزی‌یەی ئەو دەتانداتێ بۆدانان؛ بەشکەم ئێوە شوکرێ بکەن.
٧٤ ئەو ڕۆژە کە بانگیان دەکاو ئێژێ: کوا شەریکەکانم کە بەخەیاڵودا دەهات؟
٧٥ وەختێ لەناو هەر کۆمەڵێک یەکیان لێ‌دەکەینە شایەت، ئەوسا ئێژین: کوانێ؟ بەڵگەی خۆتان بێنن؛ جا تێدەگەن ڕاست هەر ئەوەیە لای خوایەو هەرچی کە هەڵیان‌دەبەست لە دەسیان دەچێ.
٧٦ قارۆن لەهۆزی مۆسابۆ، کە دەستی‌کرد بە ناهەقی‌کردن لێیان. هێندن گەنجینە دابۆیە، هەر تەنیا کلیلەکانیان گرۆیەکی زۆربەهێزی شەکەت دەکرد. کاتێ هۆزەکەی پێیان‌گوت: غللۆرمەبە! خودا پیاوی لەخۆدەرچۆگی خۆش‌ناوێن؛
٧٧ بەوەی خودا بەتۆی‌داوە، بە شوێن ماڵی سەلاوەبە! بەشی خۆشت لەم دنیایە لەبیرمەکە! وەک خوا چاکەی دەگەڵ کردوی، چاکەی بکەو لەم عەرزەشدا مەکەوە شوێنی بەدفەڕی! خودا بەدفەڕی خوش ناوێن.

---

٧٣- هەدادان: ئوقرەگرتن، ئارام‌گرتن. ٧٦- غللۆر: بادی‌هەواو فیزن لەبەر دەوڵەمەندی.

قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ
مِن قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرُ جَمۡعٗاۚ
وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٧٨ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ
فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا
مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ٧٩ وَقَالَ
ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ
وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ٨٠ فَخَسَفۡنَا
بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ
ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ ٨١ وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ
مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن
يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ
وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٢ تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا
لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ
٨٣ مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيۡرٞ مِّنۡهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا
يُجۡزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٨٤

٧٨ گوتی: ئەوەی کە من هەمە، گشت لەزانستی خۆمڕایە. بۆچ ئەوەندەی نەزانیبوٚ کە پێش ئەویش خودا چەن چینی بەقڕدا؛ کە لەویش زۆر بەهێزترو بەدەست و پێوەندتریش بوٚن؟ لەو تاوانبارانە - لەمەڕ تاوانگەلیان - ناپرسنەوە.

٧٩ بەتەنتەنەو سەنسەنەوە [ڕۆژێ] هاتە ناوهۆزەکەی. ئەوانەی هەر بەئارەزوی ژینیدنیان، گوتیان: خۆزی مەش وەک قارۆن دەوڵەمەن باین؛ ئای لەو بەختەی ئەوهەیەتی!

٨٠ هۆزانەکانیش دەیانگوت: هەی ماڵ وێران! هەرکەسێ باوەڕی بەخودا هەبێت و ئاکارچاک بێ، ئەو خەڵاتی خوا دەیداتێ، زۆرچاکترەو ئەوخەڵاتەش هەر بەشی خۆڕاگرانە.

٨١ سا قارۆنمان بەماڵیەوە ڕۆبرد بەناخی زەمیندا. هیچ دەستەیەکیشی نەبوٚ کە لەخودای بپارێزێو خۆشی یاریدەی خۆی نەدا.

٨٢ ئەوکەسانەی دوێنێ خۆزگەیان پێدەخواست، ڕۆژی دوایی دەیانگوت: پەکوٚ لەوسەیرە! وادیارە کە ڕۆزی عەبدان - زۆربێ یان کەم - بەستەبەمەیلی خودایەو ئەر خوا چاکەی بۆنەکردباین، ئێمەشی هەر لەناخی زەمین ڕۆ دەبرد. وا دیارە خودانەناسان ڕزگار نابن.

٨٣ ئێمە ماڵەکەی دواڕۆژن هەر بۆئەوانە دادەنین، کە لەم عەرزە نایانەوێ خۆ بەزلتر بزانن و بەدفەڕیکەن. پاشە ڕۆژیش هەر بۆ خۆپارێزەکانە.

٨٤ هەرکێ کارێکی چاک بکا، چاکترلەوی دێتەوەڕێ؛ هەرکێش ئاکاری خرابن، هەر بەرانبەر بەکردەخراپەکانیان جزیادەدرێن.

---

٧٨-لەوتاوانبارانە...: یانێ خودا لە گوناهگەلیان ئاگادارەو نیازی بە پرسینەوە لەوان نیە.

٧٩-تەنتەنەو سەنسەنە: جەلال و شکۆ.

إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍۚ قُل رَّبِّىٓ
أَعْلَمُ مَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ وَمَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨٥﴾ وَمَا كُنتَ
تَرْجُوٓاْ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبُ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَۖ
فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا يَصُدُّنَّكَ عَنْ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَۖ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ
ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَۘ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَۚ كُلُّ شَىْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥۚ لَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾

## سُورَةُ العَنكَبُوتِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا
يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
صَدَقُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣﴾ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ
ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَسْبِقُونَاۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٤﴾ مَن كَانَ يَرْجُواْ
لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَأٓتٍۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٥﴾ وَمَن
جَٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦﴾

٨٥ ئەوکەسەی کە ئەمقورئانەی کردە ئەرکی سەرشانی تۆ، خاترجەمبە
دتباتەوە ئەوشوێنەی بەڵێنی پێدای. بێژە: هەر پەروەرندەی من زاناترە
کە کێ لەڕاستەڕێ دەڕواو کێ بەئاشکرا لەناو گومڕاییدایە.
٨٦ خۆ ئەر بەزەیی پەروەرێنت نەبوایە، تۆ هەر بە هیوا نەبۆی کە ئەم کتێبەت
بۆ کل‌کرێ؛ سا تۆش هەرگیز پشتیوانی لە خودانەناسان مەکە!
٨٧ لەدوای ئەوەش کە نیشانەکانی خودات بۆ کل‌کرا، هەرگیز نابێ تۆ لەوانە
هەڵەبکەن. هەر بەرەو پەروەرندەی خۆ گازیبکەو هیچگا دەگەڵ ئەو
بتپەرستانەمەبە.
٨٨ دەگەڵ خودا هانا بۆ هیچ پەرستیوێکیتر مەبە. بەغەیرەز ئەو
پەرستیوێکیتر نیە. بەغەیرەزئەو هەمۆشتێ لەبەین دەچێ. فەرمان هەر
فەرمانی ئەوەو هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە.



## عەنکەبوت

بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

ئایەت ٦٩

١ ئەلیف، لام، میم. ٢ ئاخۆ مەردم لایان وایە هەر کەبێژن: ئێمە باوەڕمان
هێناوە، ئیتر وازیان لێ دەهێنرێو تۆشی هیچ ئەزمۆنێ نابن؟
٣ ئێمە ئەوانەی بەرلەمانیشمان بەتاقی کردەوە. بێگومانە خوا ئەوانەی کە
ڕاسیانگوت، ئەوانەش کە درۆزنن، دیاری دەکا.
٤ ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن، وادەزانن ناکەونە بەرقەمچی ئێمە؟ خراپیان
لێکداوەتەوە.
٥ هەرکەسێ هومێدی وایە بگا بەدیداری خودا، وەختێ کە خودادایناوە،
هەربینا هات. بیسەروزاناش هەر ئەوە.
٦ هەرکەس دەچێتە خەزایە، خەباتێکە بۆخۆی دەکا. دیارە خودا
لەهەمۆکەس بێنیازە.

---

٥- هەربینا: بەم زوانە، لەناکاو.

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ
وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٧﴾ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ
بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ
فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِى ٱلصَّٰلِحِينَ
﴿٩﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِىَ فِى ٱللَّهِ جَعَلَ
فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ وَلَئِن جَآءَ نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ
إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ ۚ أَوَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِى صُدُورِ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿١٠﴾ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ
﴿١١﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّبِعُوا۟ سَبِيلَنَا
وَلْنَحْمِلْ خَطَٰيَٰكُمْ وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنْ خَطَٰيَٰهُم مِّن
شَىْءٍ ۖ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٢﴾ وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا
مَّعَ أَثْقَالِهِمْ ۖ وَلَيُسْـَٔلُنَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عَمَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ
﴿١٣﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ
إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ ٱلطُّوفَانُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿١٤﴾

٧ ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، خراپەکانیان دەسڕینەوەو باشتر لەوی کردوُیانە، ئێمە پاداشیان پێدەدەین.
٨ ئێمە مرۆمان ڕاسپارد کە دەگەڵ داک و باوکی خۆی چاکەبکا. هەرگا ئەوان هەڵیان پێچای، هەر لەڕوی نەزانیتەوە شەریک بۆمن بڕیاربدەی، تۆ نابێ بەقسەیان بکەی. هەموُلاتان هەر دەگەڕێنەوە لای خۆم؛ ئەوسا خۆم حاڵیتان دەکەم، ئێوە چکارێکتان دەکرد.
٩ ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، ڕەگەڵ پیاوچاکانیان دەخەین.
١٠ لەمەردمدا ئی‌واش هەیە، ئێژێ: ئێمە باوەڕیمان بەخوا هەیە؛ هەرگاش لەسەر خوداناسین ئازاردرا، وادەزانێ ئازاری خەڵک وەکوُ سزای خودا وایە. ئەگەریش لەپەروەرندەت یاریێک بێ، ئێژن: ئێمەشتان دەگەڵ بوُین. مەر خوا لەوەی کە لەسینەی خەڵکی دنیادایە، ئاگادارتر نیە؟
١١ خودا بڕوادارەکان باش دەناسێت و دوُڕزانیش باش دەناسێ.
١٢ خوانەناسان بەخاوەن باوەڕان دەڵێن: کەونە شوێنی ڕێگای ئێمە، ئۆباڵی گوناهەکانتان وەمل دەگرین؛ کە ناشکرێ هیچ ئۆباڵی گوناهانیان وەستۆبگرن؛ بێ‌گومانە کە ئەوانە درۆزنن.
١٣ باری‌گرانی خۆیان و باری گرانی خەڵکی‌دیش - وەل باری گرانی خۆیان - هەڵدەگرن و ڕۆژی قیامەت لەسەر ئەو بوختان‌کردنە، دەکەونە بەرپرسیارەوە.
١٤ ئێمە نوُحمان ڕاسپاردە لای هۆزەکەی؛ هەزارساڵی پەنجاساڵ کەمیان لەناوما؛ چونکە هەر لەسەر ناهەق بوُن، تۆفان ئەوانی ڕاماڵی.

---

١٤- ڕاماڵین: ڕاستەوڕاست بەرەوخۆدان و ماشتنەوە.

فَأَنجَيۡنَٰهُ وَأَصۡحَٰبَ ٱلسَّفِينَةِ وَجَعَلۡنَٰهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ
﴿١٥﴾ وَإِبۡرَٰهِيمَ إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُۖ ذَٰلِكُمۡ
خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١٦﴾ إِنَّمَا تَعۡبُدُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ أَوۡثَٰنٗا وَتَخۡلُقُونَ إِفۡكًاۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعۡبُدُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ لَكُمۡ رِزۡقٗا فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ
وَٱعۡبُدُوهُ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥٓۖ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن تُكَذِّبُواْ
فَقَدۡ كَذَّبَ أُمَمٞ مِّن قَبۡلِكُمۡۖ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ
ٱلۡمُبِينُ ﴿١٨﴾ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ كَيۡفَ يُبۡدِئُ ٱللَّهُ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ
يُعِيدُهُۥٓۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴿١٩﴾ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأٓخِرَةَۚ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٢٠﴾ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَرۡحَمُ
مَن يَشَآءُۖ وَإِلَيۡهِ تُقۡلَبُونَ ﴿٢١﴾ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ
وَلَا نَصِيرٖ ﴿٢٢﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَلِقَآئِهِۦٓ
أُوْلَٰٓئِكَ يَئِسُواْ مِن رَّحۡمَتِي وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢٣﴾

١٥ ئێمە خۆی و هەرکێ لە گەمیەکەدابوون، نەجاتن دان. ئەمەشمان کردە بەڵگەیەک بۆ هەمۆ خەڵکی دنیایە.
١٦ ئیبراهیمیش وەبیربێنە؛ کاتێ بەهۆزەکەی خۆی گوت: ئێوە خواپەرستن و لەوبترسن؛ ئەگەر بیزانن ئەمکارە هەر بەقازانجی خۆتانە.
١٧ لەبری ئەوەی ئێوە خوداپەرستن، بتگەلێک دەپەرستن و درۆی گەورەش هەڵدەبەستن. ئەوی دەیانپەرستن و غەیرەزخودان، خۆ ناتوانن رۆزیوبدەن. رۆزی لەخوا داواکەن و بیپەرستن و شوکری بکەن. هەمۆلاتان بۆلای ئەو دەگەڕێننەوە.
١٨ ئەگەر باوەڕ بەمن نەکەن، کۆمەڵانی بەرلەئێوەش هەبوون کە باوەڕیان نەکرد. ڕاسپاردە جگە لە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی - بەئاشکرا - هیچی تری لەسەرنیە.
١٩ ئاخۆ هێندە ڕانەماون کە بزانن خودا چۆن شت وەدیدێنێ و پاش نەمان دەیهێنێتەوە؟ ئەمە لای خودا هاسانە.
٢٠ بێژە: گەشتێ لەم سەرزەمینە بدن و تماشاکەن، چێکرنی چۆن دەس پێکرد؟ پاشان [هەر] خوا ئافراندنی؛ پاشینیش وەدی دەهێنێ. خودا توانای بەسەر هەمۆشتدا هەیە.
٢١ بەمەیلی خۆی، هەرکێ ئازاربدا دەیداو، هەرکەسێکیش خۆی حەزبکا وەبەربەزەیی خۆی دەخاو، هەر دەوهێننەوە بۆلای خۆی.
٢٢ لەعەرزو لەعاسمانێ بن، ناتوانن خۆڕزگاربکەن؛ غەیرەزخوداش هیچ هاناو یاریکارۆنین.
٢٣ ئەوکەسانەی باوەڕیان نەکرد بەنیشانانی خوداو بەدیداری، ناهومێد بوون لەبەزەم و جەزرەبەی بەژان بەشیانە.

---

**١٥- گەمیە:** کەشتی. **٢٠- چێکرن:** دروس کردن، سازدان.
**ئافراندن:** بەدی هێنان، خولقاندن. **پاشین:** دوایین.

فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُواْ ٱقۡتُلُوهُ أَوۡ حَرِّقُوهُ
فَأَنجَىٰهُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلنَّارِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ
٢٤ وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡثَٰنٗا مَّوَدَّةَ بَيۡنِكُمۡ
فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ ثُمَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُ بَعۡضُكُم
بِبَعۡضٖ وَيَلۡعَنُ بَعۡضُكُم بَعۡضٗا وَمَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ
وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٢٥ ۞ فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٞۘ وَقَالَ
إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٢٦ وَوَهَبۡنَا
لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَجَعَلۡنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلۡكِتَٰبَ
وَءَاتَيۡنَٰهُ أَجۡرَهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
٢٧ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ
مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨
أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقۡطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأۡتُونَ
فِي نَادِيكُمُ ٱلۡمُنكَرَۖ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ
أَن قَالُواْ ٱئۡتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ
٢٩ قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٣٠

٢٤ تەنیاوەرامی هۆزەکەی هەرئەمەبۆ، کە: بەکوشتن بیکوژن یان بیسوتێنن. خودا لەئاگری پاراست. ئەم ڕوداوە بۆئەوانەی خاوەن بڕوان، زۆرنیشانەی تێداهەیە.

٢٥ گوتی: ئێوە لەبری خودا بۆیە بوتان دەپەرستن، کە لەژینی دنیاییدا ئێوە یەکترتان خۆش دەوێ؛ پاشان لەڕۆژی قیامەتا حاشا لەیەکتر دەکەن و نەفرین بۆ یەکتر دەنێرن؛ جێشتان لە ئاگردا دەبێ و کەسیش یاریدەتان نادا.

٢٦ ئیتر لوت بڕوای پێ هێنا. گوتی: ئەوا من کۆچ دەکەم بەرەولای پەروەرندەی خۆم. هەر ئەو خاوەن دەستەڵاتەو لەکارزانە.

٢٧ ئێمە ئیسحاق و یەعقوبمان بەوی بەخشی و پێغەمبەری و کتێبیشمان کردە بەشی نەتەوەی ئەو؛ لەدنیادا پاداشی ئێمەی پێگەیشت و لەقیامەتیش ئەو لەپیاوە چاکەکانە.

٢٨ باسی لوتیشیان بۆبکە، ئەوسا کە بەهۆزەکەی گوت: ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، لەدنیادا کەس بەرلەئێوە وای نەکرد.

٢٩ ئێوە سواری پیاوان دەبن و ڕێگریو کردوتە پیشەو لەدیوەخانی خۆتاندا ئاکاری ناشیرین دەکەن؟ تەنیا وەرامی هۆزەکەی هەر ئەمەبو: ئەگەر قسەکانت ڕاستن، ئازاری خوامان بۆ بێنە.

٣٠ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لەسەر ئەوهۆزەبەدفەڕە، یاریدە لەتۆ دەخوازم.

---

٢٥-لەبری: لەجیاتی، لەباتی. ٢٧-«پاداشی ئێمەی پێگەیشت» یا: ئێمە پاداشیمان پێدا.

وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُوٓاْ إِنَّا مُهۡلِكُوٓاْ
أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِۖ إِنَّ أَهۡلَهَا كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ٣١
قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطٗاۚ قَالُواْ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَن فِيهَاۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ
وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ٣٢ وَلَمَّآ
أَن جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا
وَقَالُواْ لَا تَخَفۡ وَلَا تَحۡزَنۡۖ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهۡلَكَ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَ
كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ٣٣ إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهۡلِ
هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ
٣٤ وَلَقَد تَّرَكۡنَا مِنۡهَآ ءَايَةَۢ بَيِّنَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ
٣٥ وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗا فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ
ٱللَّهَ وَٱرۡجُواْ ٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ
٣٦ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي
دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٣٧ وَعَادٗا وَثَمُودَاْ وَقَد تَّبَيَّنَ
لَكُم مِّن مَّسَٰكِنِهِمۡۖ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ
أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَكَانُواْ مُسۡتَبۡصِرِينَ ٣٨

۳۱ ئەوساش کە ڕاسپاردەکانمان مژدەیان برد بۆ ئیبراهیم، گوتیان: دەبێ خەڵکی ئەم شارە قڕبکەین، چونکە خەڵکەکەی ناهەقن.

۳۲ گوتی: لوّتیش هەرلەوێە. گوتیان: ئێمە باشتر دەزانین کێ لێیە، خۆی و خاوخێزانی - جگەلەژنەکەی - ڕزگاردەکەین؛ کە ئەو لە بەجێماوانە.

۳۳ وەختێ کە ڕاسپاردەکانمان چوٚنەجەم لوّت، بەدیتنیان شڵەژاو تەنگانەی هاتێ. گوتیان: مەترسەو خەممەخۆ؛ ئێمە تۆش و خێزانەکەت - غەیری ژنت - ڕزگاردەکەین، کە ئەو لە بەجێماوانە.

۳۴ ئێمە بۆسەر خەڵکی ئەمشارە بەڵایەک - لەحەواوە - دەبارێنین، سزای لەڕێ لادانیان بێ.

۳۵ نیشانێکی ئاشکرامان لێ بەجێهێشت؛ بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.

۳۶ بۆ مەدیەنیش شوعەیبی برای ئەوانمان ناردەلایان. گوتی: گەلۆ! ئەشێ خوداپەرستن؛ بەتەماش بن ڕۆژی سەڵا و لێڕادەبێ؛ لەم عەرزەشدا مل لەخراپکاری مەنێن.

۳۷ ئەوان بڕوایان پێ نەکرد. ئەوسا لەرزە وای داگرتن، کە لەماڵی خۆیاندا هەستیان لێ بڕا.

۳۸ هۆزی عادو سەموٚدیشمان هەر بەقڕدان؛ کە لە شوێنەوارەکانیان ئەمەتان بۆ دەرکەوتوە. شەیتان کارەکانیانی جوان نیشان دان و ڕێی لێگرتن، دەشیانزانی [ هەق لە ناهەق هەڵاوێرن ].

---

۳۳- جەم: لا. **تەنگانەی هاتێ:** هەستی بە بێدەرەتانی کرد.

وَقَٰرُونَ وَفِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مُّوسَىٰ
بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ
٣٩ فَكُلًّا أَخَذۡنَا بِذَنۢبِهِۦۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِ حَاصِبٗا
وَمِنۡهُم مَّنۡ أَخَذَتۡهُ ٱلصَّيۡحَةُ وَمِنۡهُم مَّنۡ خَسَفۡنَا بِهِ
ٱلۡأَرۡضَ وَمِنۡهُم مَّنۡ أَغۡرَقۡنَاۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ
وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ٤٠ مَثَلُ ٱلَّذِينَ
ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ
ٱتَّخَذَتۡ بَيۡتٗاۖ وَإِنَّ أَوۡهَنَ ٱلۡبُيُوتِ لَبَيۡتُ ٱلۡعَنكَبُوتِۖ
لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٤١ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا يَدۡعُونَ مِن
دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٤٢ وَتِلۡكَ
ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِۖ وَمَا يَعۡقِلُهَآ إِلَّا ٱلۡعَٰلِمُونَ
٤٣ خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَةٗ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٤٤ ٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ
وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ
وَٱلۡمُنكَرِۗ وَلَذِكۡرُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَصۡنَعُونَ ٤٥

٣٩ قارۆنیش و فیرعەونیش و هامانیش [ هەربەوەدەردەچوُن] . دیارە مۆسا
گەلێ نیشانەی ئاشکرای بۆیان هێنا ؛ بەلام خۆیان - لەم زەمینە -
لەخەلکی بەزلترزانی. نەشیانتوانی بەدەس ئێمەوە دەربچن.
٤٠ ئێمە هەریەک لەوانەمان بەتاوانەکەی خۆیان گرت. جا هێندێکیان بای
زۆرتوندی پڕلەچەومان ناردەسەریان ؛ هێنیدکیشان نارەتەی زل
دایگرتن و هێندێکیشمان بەناخی زەویداڕۆبرد ؛ هێندێکیشیانمان
لەئاودا نوقمکردن. خوا ناهەقی لێنەکردن ؛ بەلام خۆیان ناهەقیان لە
خۆیان کرد.
٤١ ئەوکەسانەی غەیرەزخودا دۆسگەلێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردوە -
گەربزانن - وەکۆ کاکلەمۆشانیان بەسەرهاتوە، کە خانوی بۆخۆی تەنیوە.
دیارە خانوی کاکلەمۆشان لەهەمۆمالان سس ترە.
٤٢ خوا دەزانێ چین ئەوانەی غەیرەزخۆی ؛ کە ئەوان هانایان پێدەبەن.
هەرخۆی خاوەن دەستەلات و لەکارزانە.
٤٣ ئەونەزیلانە بۆ خەلک دێنینەوەو زانایان نەبێ، تێی ناگەن.
٤٤ خوا ئاسمانان و زەمینی بە هەقانەت چێکردۆن. بێ گومانە ئەمە پەندە بۆ
ئەوانەی بڕوادارن.
٤٥ ئەوەی بۆت بەرێکراوە - لەم کتێبە - بیخوێنەوەو نوێژیبکە ؛
نمێژخوێندن [ مرۆ] لە کاری ناشیرین و نارەوا دەپارێزێ. یادی خودا
هێزاترەو خودا لەهەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.

---

٤٠-چەو: زیخ، ورتکەبەرد. ٤٣-نەزیلە: مەسەل.

۞ وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا
ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ
إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ٤٦
وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَۚ فَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ
يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَمِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ مَن يُؤۡمِنُ بِهِۦۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ
إِلَّا ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٧ وَمَا كُنتَ تَتۡلُواْ مِن قَبۡلِهِۦ مِن كِتَٰبٖ
وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَۖ إِذٗا لَّٱرۡتَابَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ٤٨ بَلۡ هُوَ
ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ فِي صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَۚ وَمَا يَجۡحَدُ
بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّٰلِمُونَ ٤٩ وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ
ءَايَٰتٞ مِّن رَّبِّهِۦۖ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ
مُّبِينٌ ٥٠ أَوَلَمۡ يَكۡفِهِمۡ أَنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ
يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحۡمَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِقَوۡمٖ
يُؤۡمِنُونَ ٥١ قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡ شَهِيدٗاۖ
يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
بِٱلۡبَٰطِلِ وَكَفَرُواْ بِٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٥٢

٤٦ ئەگەر دەگەڵ ئەهلی‌کتێب دەکەونە وتووێژەوە، بەوپەڕی نەرم‌ونیانی قسەیان لەتەکابکەن؛ مەگین لەتەک ئەوانەیان کە ناهەقی‌یان کردوە. ئێوە بێژن: بەوقورعانە کە بۆ ئێمە هاتەخوارو بەوکتێبەی بۆئێوە هاتۆتەخوارێ، بڕوادەکەین؛ خودای ئێمەو خودای ئێوە هەر یەکێکە، ئێمە خۆمان بەو دەسپێرین.

٤٧ هەروەها ئەم کتێبەشمان هەنارد بۆتۆ؛ جا کەسانێ ئێمە کتێبمان پێداون، دەیسەلمێنن. لەوانیشدا [خەڵکی مەککە] ئی‌وا هەن بڕوای پێ‌دێنن. غەیرەز خودانەناسانیش، هیچ کەس نیە بەنیشانەکانی ئێمە بڕوای نەبێ.

٤٨ تۆ بەرلەوە قورعانت بۆ بێتەخوارێ، نەت‌دەتوانی هیچ کتێبێکی وەخوێنی یان بەدەستی خۆت بینوسی؛ ئەگەر وابا، دڵ‌چەپەڵان گومانیان لێ‌پەیدادەبۆ.

٤٩ بەڵکوو قورعان نیشانەگەلێ ئاشکراس لەسینەی ئەو کەسانەدا، کەزانستیان پێدراوە. غەیرلە ناهەقیکارانیش، هیچ کەس نیە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوای نەبێ.

٥٠ گوتیشیان: بۆ لەپەروەرندەی خۆیەوە نیشانگەلی [تایبەتی] بۆ نایەتەخوار؟ بێژە: نیشانەگەلی وا لای خودایە، من هەر تەنیا ترسێنەری نیشاندەرم، نەهیچی‌تر.

٥١ بۆیان ئەوەندە بەس نیە کە ئێمە ئەم کتێبەمان بۆ تۆ ناردۆتەخوارەوەو کە بۆیان دەخوێنرێتەوە؟ بێ گومانە کە لەمەدا- بۆ ئەوانەی بڕوادێنن - بزی‌و ئامۆژگاری هەیە.

٥٢ بێژە: کە خوا ئاگادارە لەمن‌و لەئێوە، بەسە. هەرچی هەیە لەناو ئاسمانان‌و زەمین، ئەو دەیزانێ؛ ئەوانەی بڕوایان بە پڕوپۆچ هێناو، لە خودایە حاشایان کرد، هەر زیانیان لەخۆداوە.

---

٥١- بزی: دلۆڤانی، بەزەیی.

وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِۚ وَلَوۡلَآ أَجَلٞ مُّسَمّٗى لَّجَآءَهُمُ ٱلۡعَذَابُ
وَلَيَأۡتِيَنَّهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٥٣ يَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِ
وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ٥٤ يَوۡمَ يَغۡشَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ
مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۡ وَيَقُولُ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ
٥٥ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٞ فَإِيَّٰيَ فَٱعۡبُدُونِ
٥٦ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ٥٧ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ غُرَفٗا تَجۡرِي
مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ نِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ٥٨ ٱلَّذِينَ
صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ٥٩ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٖ لَّا تَحۡمِلُ
رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٦٠ وَلَئِن
سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ
لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٦١ ٱللَّهُ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ
عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٦٢ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم
مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ مِنۢ بَعۡدِ مَوۡتِهَا
لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۚ قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ٦٣

٥٣ داوات لێدەکەن کە زۆرزۆ وابکەی بەڵایان بەسەربێ. ئەگەر وەخت‌و سەحاتی دیاری‌نەکرابا، ئازاریان بۆ دادەباری. هەربینا لەنەکاوێکدا تۆشیان هات‌و پێش‌ناحەسن.
٥٤ وا بەپەلە ئازاردانت لێ دەخوازن، کەچی بێ سۆ دۆژەهـ دەورەی لە خودانەناسان داوە.
٥٥ ئەوێ ڕۆژێ لەبان سەرو لەژێرپاوە ئازار دایان‌دەپۆشێت‌و پێان ئێژێ: دەسا سزای‌کردەوەی خۆتان بچێژن.
٥٦ ئەی ئەوانەی خاوەن بڕوان‌و خۆ بەعەبدم دەزانن! زەمینی من بەرفڕەهە، هەر تەنیا من بپەرستن.
٥٧ هەمۆکەسێک [تاڵاوی] مەرگ دەچێژێ؛ لەپاشانا دەتان‌هێننەوە لای‌خۆمان.
٥٨ ئەوی خاوەن باوەڕو ئاکارچاک بۆبن، لەبەهەشتا دەیانبەینە ناو ژۆرگەلێک جۆباریان بەبەردادەڕواو تاهەتا هەر لەوێ‌دەبن. ئای چەن چاکە پاداشی خەباتکارەکان!
٥٩ ئەوانەی خۆڕاگربۆن‌و تەواو خۆیان داوەتەدەس پەروەرێنیان.
٦٠ ئای کە زۆرن تیرەی ئەو جانەوەرانە، بژیو بۆخۆ پەنانادەن. خودا بەوان‌و بەئێوەش ڕۆزی دەدا؛ بۆخۆی بیسەروزانایە.
٦١ ئەگەر تۆ لەمانەپرسی: کێ عاسمانان‌و زەمینی وەدی هێناو خۆرو هەیڤی دەستەمۆکرد؟ بێ‌گومان دەبێژن: خودا. دەسا چلۆن [لە ڕێگەی هەق] کلا دەکرێن؟
٦٢ خودا هەر چۆنی گەرەک بێ، ڕۆزی هەرکام لە عەبدەکانی خۆی کەم‌وزیاد دەکا. خوا بۆهەمۆشت زانایە.
٦٣ ئەگەر لەمانە بپرسی: کێیە وا لەوحەوایەوە بارانە دادەبارێنێ‌و هەر بەو ئاوە زەوی زیندۆدەکاتەوە پاش مردنێ؟ بێ‌گومان دەبێژن: خودا. بێژە: شوکرانە بۆخودا. بەڵام زوربەی ئەمانە دەوانە ناگەن.

---

٥٦- بەرفڕەهـ: بەرگوشاد، هەروا. ٥٨- ژۆر: ئوتاق، ئۆدە. ٦١- دەستەمۆ: ڕام، کەوی.

وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ
لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٦٤﴾ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى
ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا
هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا۟ فَسَوْفَ
يَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ
ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ
﴿٦٧﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ
لَمَّا جَآءَهُۥٓ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾ وَٱلَّذِينَ
جَٰهَدُوا۟ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٦٩﴾

## سُورَةُ الرُّومِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِىٓ أَدْنَى ٱلْأَرْضِ وَهُم مِّنۢ بَعْدِ
غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾ فِى بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ ٱلْأَمْرُ
مِن قَبْلُ وَمِنۢ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾
بِنَصْرِ ٱللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَآءُ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾

٦٤ ئەم ژیانەی سەردنیایە، هەمۆ هەرگەپ‌وگاڵتەیەو چی‌ترنیە؛ ژیانی ڕاستەقینە هەر لەودنیایە؛ ئەگەر ئەوانە بیزانن.

٦٥ هەرگا سواری گەمیە دەبن، بەدڵی پاک لەبەرخوا دەپاڕێنەوە. ئەگەر خوا نەجاتی دان‌و گەیاندنیە سەروشکانی، دەڵێن: خودا شەریکی هەن.

٦٦ با لەوچاکەی ئێمە دەربارەمان کردۆن، حاشابکەن؛ با ڕای‌ببوێرن‌و خۆش‌بژین، لەپاشە ڕۆژا تێدەگەن.

٦٧ ئاخۆ نابینن مەککەمان بۆکردۆنە شوێنی هێمن، کە خەڵکی دەوروبەریشیان دەڕفێندرێن؟ چۆن ئەوانە بەپۆچ بڕوایان هێناوەو چاکەی خودا لەبیردەکەن؟

٦٨ کێ لەوکەسە ناهەقترە درۆبۆخوا هەڵدەبەستێ، یان ئەگەر ڕاستیشی بۆدێ پێی درۆیە؟ ئاخۆ بۆ خودانەناسان جێ لەجەهەندەم نەماوە؟

٦٩ ئەوانەی لەڕای ئێمەدا چۆنەخەزا، ئێمەش ئەوان بەڕێگەری خۆماندا دەبەین. دیارە خودا لایەنگری کارچاکانە.

# ڕۆم

٦٠ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ ئەلیف، لام، میم. ٢ ڕۆمی شکان.

٣ لەنزیکتر کەوشەنی ئەم سەرزەمینە. لەدوای ئەم ژێرکەوتنەیان جارێ‌تر سەردەکەونەوە؛

٤ لەماوەی کەمتر لەدەساڵ. پێش ئەوشکانەو لەدوایەش، هەمۆ کار کاری خودایەو ئەوێ ڕۆژێ باوەڕداران کەیفێ دەکەن،

٥ بەیاریدە لەخوداوە. خودا حەزکا یاریدە بەهەرکەس دەدا. هەرخۆی خاوەن دەستەڵاتەو دلۆڤانە.

---

٦٥- گەمیە: کەشتی.

وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ
٦ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ
٧ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ
وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ
بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ٨ أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ
كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ
وَأَثَارُواْ ٱلۡأَرۡضَ وَعَمَرُوهَآ أَكۡثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتۡهُمۡ
رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ
أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ٩ ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ ٱلسُّوٓأَىٰٓ
أَن كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ بِهَا يَسۡتَهۡزِءُونَ ١٠ ٱللَّهُ
يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ١١ وَيَوۡمَ تَقُومُ
ٱلسَّاعَةُ يُبۡلِسُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ١٢ وَلَمۡ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَآئِهِمۡ
شُفَعَٰٓؤُاْ وَكَانُواْ بِشُرَكَآئِهِمۡ كَٰفِرِينَ ١٣ وَيَوۡمَ
تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوۡمَئِذٖ يَتَفَرَّقُونَ ١٤ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَهُمۡ فِي رَوۡضَةٖ يُحۡبَرُونَ ١٥

۶ خودایه بەڵێنی داوەو لێ پەشیمان‌نابێتەوە، بەڵام زوربەی خەڵک نازانن.
۷ لە ڕواڵەتی ژینی دنیا ئاگادارن‌و هیچ ئاگاشیان لە پاشەڕۆژەکە نیە.
۸ ئاخۆ ئەوانە تاوێستا خۆیان بەبیریاندا نەهات کە ئاسمانان‌و زەمین‌و هەرچی لەناوئەواندایە، هەر بەڕاستی خودا بەرهەمی هێناون‌و ئاکامی بۆ دیاری کردوون؟ کەچی زۆربەی ئەم مەردمە باوەڕناکەن کە دەگەڵ پەروەرندەیان هەر ڕوبەڕو دەکرێنەوە.
۹ ئاخۆ هیچ گەشت‌وگوزاریان لەمزەمینە نەکردوە، تابڕوانن پێشینەکانی ڕابردو - کە لەمان تواناتربون‌و زەویان کێڵاو ئاوەدان‌تریشیان کردو پێغەمبەرانیشیان بەنیشانەگەلی ئاشکراوە هاتنەلایان - چیان بەسەرهات؟ خودا غەدری لێ‌نەکردن؛ بەڵام خۆیان هەر غەدریان لەخۆیان کرد.
۱۰ لەئاکاما ئەوانەی خراپەیان کرد، خراتریان تۆش هاتەوە؛ کە نیشانەکانی خوایان بەدرۆزانی‌و حەنەکی خۆیان پێدەکرد.
۱۱ خوا ئەوخەڵکە دروس دەکاو دواجاریش دەیهێنێتەوە. سەرەنجامیش هەموان بۆلای ئەو دێننەوە.
۱۲ ئەوڕۆژە سەلاڕادەبێ، تاوانباران دژداماون‌و متەقیان لەبەر دەرنایە.
۱۳ ئەوشتانەش بەشەریکی خوایان زانین، نایەن تکایان بۆبکەن؛ لەو شەریکانەشیان هەر حاشایەدەکەن.
۱۴ ڕۆژێ کە قیامەت هاتەڕو، ئەوڕۆژە بەش‌بەش دەبنەوە.
۱۵ جا ئەوانەی ئەوسا خاوەن بڕوابون‌و ئاکاری پەسندیان بوبێ، جێگەیان لەناو باخچەیەو کەیف‌سازن.

---

۱۱- حەنەک: گاڵتەو گەپ. ۱۲- دژدامان: کزومات دانیشتن.

متەق لەبەردەرنەهاتن: دەنگ لێ‌دەرنەهاتن، کڕو کپ بون.

وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآيِٕ ٱلۡأٓخِرَةِ فَأُوْلَٰٓئِكَ
فِي ٱلۡعَذَابِ مُحۡضَرُونَ ١٦ فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمۡسُونَ
وَحِينَ تُصۡبِحُونَ ١٧ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
وَعَشِيّٗا وَحِينَ تُظۡهِرُونَ ١٨ يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ
ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَيُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ وَكَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ
١٩ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٞ
تَنتَشِرُونَ ٢٠ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ
أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ
إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢١ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ
فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ ٢٢ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ مَنَامُكُم بِٱلَّيۡلِ
وَٱلنَّهَارِ وَٱبۡتِغَآؤُكُم مِّن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ
لِّقَوۡمٖ يَسۡمَعُونَ ٢٣ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ يُرِيكُمُ ٱلۡبَرۡقَ
خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَيُحۡيِۦ بِهِ ٱلۡأَرۡضَ
بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٢٤

١٦ ئەوی خواشیان نەناسیوەو بەنیشانەکانی ئێمەو روبەڕوبۆنی قیامەت بێ برِوابۆن، دەیانهێننەپێش بۆئازار.
١٧ هەمۆ بەرەبەیانان و سەر لەنگۆریش پەسنی پاکی خودا بدەن.
١٨ سوپاس بۆئەو لەئاسمانان و لەزەمین، شەوانەش و دەمی نیوەڕۆش هەر وەتر.
١٩ زیندی لەمردۆ دەردەخاو مردۆ لەزیندۆ دەردێنێ؛ زەویش دوای ئەوەی مردوە، گیانی وەبەردێنێتەوە، ئێوەش هەروا دێننەدەرێ.
٢٠ لەنیشانەکانی ئەوە، کە ئێوەی لەخۆڵ چێ‌کردو ئەوسا ناکاو بۆنەمرۆو لەدنیا بڵاو بۆنەوە.
٢١ هەر لەنیشانانی ئەوە کە لەخۆتان، ئاوجۆتی بۆ بەرهەم‌هێنان؛ کە پێان بحەسێنەوەو خۆشەویستی و ئەوینی خستۆتە ناوتان. لەمەدا بۆکەسانێ کە بەوردی سەرنجە بدەن، بەڵگە زۆرن.
٢٢ هەر لەنیشانانی ئەوە داهێنانی ئەم عاسمانان و زەمینەو وێک نەچۆنی زمانی پێ‌ئاخافتن و ڕەنگ و ڕۆتان؛ کە لەمەدا بەڵگەزۆرن بۆ زانایان.
٢٣ هەر لەنیشانەکانیەتی: خەوی شەوان و ڕۆژانتان، گەڕانتان بۆ دەس‌خستنی رسق و ڕۆزی؛ کەهەر لەسایەی ئەوڕایە. لەمەدا بەڵگەی زۆر هەیە بۆ ئەوکەسانەی دەبیسن.
٢٤ هەر لەنیشانەکانیەتی: بروسکەتان پیشان‌دەدا ترس و هومێدی پێوەیە؛ لەوحەوایەش بارانۆ بۆ بەڕێ‌دەکا، تا زەمینی مردوی پێ‌زیندۆکاتەوە. لەمەدا نیشانە زۆرن بۆ ئەوکەسانەی تێدەگەن.

---

١٧- سەرلەنگۆر: دوای نیوەڕۆ، عەسر.
٢٠- چێ‌کردن: دروس کردن، سازدان. ٢١- ئاوجۆت: هام‌جۆت، هاوسەر.
٢٢- وێک نەچون: لەیەک نەچۆن. ئاخافتن: قسە کردن.

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ بِأَمْرِهِۦ ۚ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ
دَعْوَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ إِذَآ أَنتُمْ تَخْرُجُونَ ﴿٢٥﴾ وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ﴿٢٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ
ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾ ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ
أَنفُسِكُمْ ۖ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِى
مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ
أَنفُسَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾
بَلِ ٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَهْوَآءَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ فَمَن يَهْدِى مَنْ
أَضَلَّ ٱللَّهُ ۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ
حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ
ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ
لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ۞ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ
وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟
دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾

٢٥ هەر لەنیشانەکانیەتی کە ئەم عاسمان‌وزەمینە، بەفەرمانی ڕاوەستاون. پاشان هەرگا - تەنیا یەکجار - لەم زەمینە بانگۆدەکا، ئێوە لەپڕ دەردەکەون.
٢٦ هەرکێ هەیە لەئاسمانان‌و زەمیندا، کری ئەون؛ گشتی بۆئەو بەرفەرمانە.
٢٧ خۆی ئەوخەڵکە وەدی دێنێ‌و دواجاریش دەیهێنێتەوە، کە بۆئەو هاسانتریشە. لەئاسمانان‌و زەمیندا نموونەی باشترین ئاکار لای خودایە. هەرخۆی خاوەن دەستەڵات‌و لەکارزانە.
٢٨ مەسەلێکی لە خۆتان بۆ هێناونەوە: ئاخۆ ئێوە لەوبژیوەی لەئێمەوە پێوگەییوە، بەنیەکانۆ دەکەنە هاوبەشی خۆتان؟ هەردولا وەکو یەک‌دەبن؟ هەر وەک ئێوە ترستان لەیەکتر هەیە، ئاواش ترسۆلەمان هەیە؟ ئێمە ئاوا نیشانەکان - پوخت‌و پاراو - بۆ ئەوکەسانەی تێدەگەن، دەخەینەڕوٚ.
٢٩ بەڵام ئەوانەی ناهەقن، هەرچی ئارەزوی خۆیانە لەدوی دەچن؛ چش نازانن. هەرکەسێکیش خودا ڕێگەی لێ‌بگۆڕێ، کێ‌دەتوانێ شارەزای کا؟ کەسیشیان دەهانا نایە.
٣٠ تۆ هەر ڕوٚ لەم‌دینە بکەو هەر بەرەوهەق هەنگاو بنێ؛ دینێکی بنەڕەتی‌یەو لەسروشتا خوا ئەوخەڵکەی هەر بۆیەکتاپەرستی وەدی‌هێناوە. کاری خوداش گۆڕانی بەسەردا نایە. دینی‌پتەوو پایەدار هەر ئەمەیە؛ بەڵام زوربەی ئاپۆرەی مەردم نەزانن.
٣١ بگەڕێنەوە بۆلای‌و لێی بترسن‌و نوێژبکەن‌و لەڕێزەی ئەوانەمەبن شەریکی بۆپەیدادەکەن.
٣٢ ئەوانە کە دینی خۆیان لەیەک جوداکردۆتەوەو دەستەدەستە بونەتەوە، هەردەستەیەک بەبیروباوەڕی خۆیان دڵیان خۆشە.

---

٢٦- کر: کردۆ، سازدراو.

وَإِذَا مَسَّ ٱلنَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا۟ رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَآ أَذَاقَهُم
مِّنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ﴿٣٣﴾ لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ
ءَاتَيْنَٰهُمْ ۚ فَتَمَتَّعُوا۟ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾ أَمْ أَنزَلْنَا عَلَيْهِمْ
سُلْطَٰنًا فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا۟ بِهِۦ يُشْرِكُونَ ﴿٣٥﴾ وَإِذَآ أَذَقْنَا
ٱلنَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا۟ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ
إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ ﴿٣٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ
وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٣٧﴾ فَـَٔاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ
حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ
وَجْهَ ٱللَّهِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَآ ءَاتَيْتُم مِّن رِّبًا
لِّيَرْبُوَا۟ فِىٓ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ فَلَا يَرْبُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ ءَاتَيْتُم مِّن زَكَوٰةٍ
تُرِيدُونَ وَجْهَ ٱللَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُضْعِفُونَ ﴿٣٩﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى
خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ۖ هَلْ مِن
شُرَكَآئِكُم مَّن يَفْعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَىْءٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ
عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٤٠﴾ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ
أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾

۳۳ ئه‌م مه‌ردمه گه‌ر به‌ڵایه‌کیان به‌سه‌ردێ، هانا ده‌به‌ن بۆپه‌روه‌رنده‌ی خۆیان و به‌ره‌وئه‌و ده‌گه‌ڕێنه‌وه. ئه‌گه‌ر دوایه تۆشی به‌خته‌وه‌ری کردن، ناکاو هێندێک [له‌و خۆشیه‌دا] شه‌ریک بۆ په‌روه‌رنده‌یان په‌یدا ده‌که‌ن.
۳۴ ده‌با ئه‌وچاکه‌ی له‌بیرکه‌ن که ئێمه ده‌رباره‌ن کردۆن. به‌ئاره‌زۆ ڕای ببوێرن، زۆرنا خایه‌نێ ده‌زانن.
۳۵ ئاخۆ ئێمه به‌ڵگه‌یه‌کمان بۆ ئه‌مانه ناردۆته‌خوار که ده‌رباره‌ی ئه‌و شتانه‌ی ئه‌وان ده‌یکه‌نه‌شه‌ریکم، قسه‌بکا؟
۳۶ هه‌رگا ئێمه به‌ومه‌ردمه تامی به‌خته‌وه‌ریمان چه‌شت، پێی شاد ده‌بن. ئه‌گه‌ر له‌سزای کرداری خراپیاندا تۆشی ناله‌باری هاتن، هیچ هومێدێکیان نامێنێ.
۳۷ ئاخۆ ئه‌وانه نازانن که ناردنی بژیو به‌مه‌یلی خودایه؛ بۆیه‌کێ زۆر به‌ڕێ ده‌کاو بۆیه‌کێ که‌م؟ بۆ ئه‌وانه‌ی به‌باوه‌ڕن، له‌مه‌دا زۆرنیشانه هه‌ن.
۳۸ که‌وایه تۆ به‌شی خزم و هه‌ژارو ڕێبواری ئاتاج، وه‌لا بنێ و هه‌ر که‌س به‌شی خۆی بده‌یه. ئه‌م ئاکاره په‌سن‌تره بۆ ئه‌وانه‌ی ڕه‌زای خودایان گه‌ره‌که‌و ئه‌وانه ڕزگاره‌کانن.
۳۹ ئه‌وه‌ی به‌ناوی سۆ ئه‌یده‌ن که له‌ناو ماڵی خه‌ڵکدا زێده‌ببێ، لجه‌م خودا زێده‌نابێ. [به‌ڵام] ئه‌و ماڵی که به‌زه‌کات ده‌یده‌ن و ده‌تانه‌وێ خودا له‌خۆتان ڕازی که‌ن، زۆرترتان پێ ده‌گاته‌وه.
۴۰ خودا هه‌ر ئه‌وکه‌سه‌یه که ئێوه‌ی دروس کردو ئه‌وسا ڕۆزی پێدان؛ له‌پاشان ده‌تان‌مرێنێ و دیسان ده‌تانخاته‌وه ژین. ئاخۆ ئه‌وانه‌ی که ئێوه کردوتانن به‌شه‌ریکی، ئه‌وکارانه‌یان پێده‌کرێ؟ خوا بێ‌عه‌یبه‌و له‌وه پایه‌به‌رزتره که بڵێن: شه‌ریکی هه‌یه.
۴۱ گه‌نده‌کاری ئه‌م مه‌ردمه - له‌به‌ژو ده‌ریا - خۆی‌نواند. ده‌با سزای هێندێک له‌ئاکاره‌کانیان پێ بچێژێ؛ شایه‌تا بگه‌ڕێنه‌وه.

---

۳۹- «زۆرترتان پێ ده‌گاته‌وه»: هه‌روا که دیاره پاچڤه‌ی ئه‌م پاژه تۆزێ ئازاده‌و دۆر له له‌فزه؛ هۆی ئه‌مه‌ش «التفات»ێکه که له ئایه‌ته‌که‌دا هه‌یه‌و «التفات»یش - وا که له زمانی عه‌ره‌بیدا هه‌یه - له زمانی کوردی و فارسیدا نیه.

قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلُۚ
كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّشۡرِكِينَ ﴿٤٢﴾ فَأَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ ٱلۡقَيِّمِ مِن
قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۖ يَوۡمَئِذٖ يَصَّدَّعُونَ ﴿٤٣﴾ مَن
كَفَرَ فَعَلَيۡهِ كُفۡرُهُۥۖ وَمَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا فَلِأَنفُسِهِمۡ يَمۡهَدُونَ ﴿٤٤﴾
لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ
ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٤٥﴾ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن يُرۡسِلَ ٱلرِّيَاحَ مُبَشِّرَٰتٖ وَلِيُذِيقَكُم
مِّن رَّحۡمَتِهِۦ وَلِتَجۡرِيَ ٱلۡفُلۡكُ بِأَمۡرِهِۦ وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ وَلَعَلَّكُمۡ
تَشۡكُرُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوۡمِهِمۡ فَجَآءُوهُم
بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱنتَقَمۡنَا مِنَ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْۖ وَكَانَ حَقًّا عَلَيۡنَا نَصۡرُ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَيَبۡسُطُهُۥ
فِي ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ يَشَآءُ وَيَجۡعَلُهُۥ كِسَفٗا فَتَرَى ٱلۡوَدۡقَ يَخۡرُجُ مِنۡ
خِلَٰلِهِۦۖ فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ
﴿٤٨﴾ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيۡهِم مِّن قَبۡلِهِۦ لَمُبۡلِسِينَ
﴿٤٩﴾ فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ
مَوۡتِهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٥٠﴾

۴۲ بێژە: بەعەرزابگەڕێن، سابڕوانن؛ ئەوانەی بەرلەئێوەبوُن، چیان بەسەر هات؟ بەشی زۆریان شەریکیان بۆخوادەزانی.
۴۳ دەسا تۆ ڕۆکە لەو دینە پایەدارە، بەرلەوڕۆژەی کە خودا بڕیاری داوەو هەر وەدی دێ. ئەوێ ڕۆژێ بڵاوەی دەکەن.
۴۴ هەرکێ خودای نەناسیوە، هەرزیانی لەخۆی داوە؛ کێش ئاکاری چاکی بوە، جێگەی خۆیان خۆش‌کردوە.
۴۵ هەتاوەکوُ لە چاکەی خۆی، پاداشی بڕواداران و ئاکارچاکان بداتەوە. خودا خۆشی لەناشکوری‌کەران نایە.
۴۶ یەکێک لەنیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە بایانی مزگێنی‌دەر بەڕێ‌دەکا تا لە بزی خۆی بەئێوە بچێژنێ. گەمیەش هەر بەفەرمانی ئەو بێن و بچن و لەسایەی دەهەندەیی ئەو، ڕۆزی خۆتان پەیدابکەن؛ بەشکوُ شوکرانەبژێربن.
۴۷ بەرلەتۆش زۆرپێغەمبەرمان ناردەسەرگەلانی خۆیان و گەلێ بەڵگەی پتەویان بردەلایان. جا ئەوانەی دژیان وێستان، وەبەر تۆڵەی ئێمەکەوتن؛ ئەوی بڕواشیان پێکردن، هەرخۆمان یارمەتیمان دان.
۴۸ هەرخودایە ئەوبایانە بەڕێ‌دەکا، ئەوانیش هەور دەبزوێنن؛ ئەوسا هەر چۆنی گەرەک‌بێ، ئەو هەورانە لە ئەزمانا پرژوبڵاو دەکاتەوەو کەوالّ‌کەواڵیشیان دەکا. کەدەبینی لەوانەوە دڵۆپە دێتەخوارەوە؛ مەیلی بێنی و بۆهەرکامێ لەعەبدانی خۆی بنێرێ، دڵخۆش دەبن.
۴۹ کەچی بەرلەوە بارانیان بۆبباری، ناهومێدبوُن.
۵۰ دەبڕوانە بەزەی خودا چی‌کردوە! زەوی مردوُ لەنوێ زیندوُدەکاتەوە. زیندوُکرنەوەی مریانیش کاری ئەوە. هەرخۆی توانای بەسەر هەموُشتدا هەیە.

---

۴۶-بزی: بەزەیی.

وَلَئِنْ أَرْسَلْنَا رِيحًا فَرَأَوْهُ مُصْفَرًّا لَّظَلُّوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ يَكْفُرُونَ
﴿٥١﴾ فَإِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوْا۟
مُدْبِرِينَ ﴿٥٢﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِ ٱلْعُمْىِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ ۖ إِن تُسْمِعُ إِلَّا
مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ ﴿٥٣﴾ ۞ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم
مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ
قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ﴿٥٤﴾
وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ ۚ
كَذَٰلِكَ كَانُوا۟ يُؤْفَكُونَ ﴿٥٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ
لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ۖ فَهَٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ
وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٥٦﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ
ظَلَمُوا۟ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٥٧﴾ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا
لِلنَّاسِ فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَلَئِن جِئْتَهُم بِـَٔايَةٍ
لَّيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ
يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٩﴾ فَٱصْبِرْ إِنَّ
وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴿٦٠﴾

٥١ خۆ ئەگەر بایەک بنێرین بەرهەمیان زەرد هەڵبگێڕێ، بەشوێنیدا گازندەو ناشکوری دەکەن.

٥٢ تۆ ناتانی کارێک بکەی ئەم مریانە گوێت پێ بدەن. ئەگەر خۆ لەتۆ کەڕبکەن، هەرچەندە بانگیشیان بکەی، لێت نابیسن.

٥٣ ڕێشاندەری کوێرانیش نیت، لەگومڕایی وەیانگێڕی. هەر ئەوانە لێت دەبیسن، بەنیشانانی ئێمە بڕوادەکەن و چیان پێ بڵێی لارەملْن.

٥٤ خودا کە ئێوەی دروس کرد، لەسەرەتادا بێ هێزبوٚن؛ پاش بێ هێزی، گوڕی پێدان؛ لەپاشانا هێزوگوڕی لێ ستاندن و پیری کردن. بەمەیلی خۆی دەئافرێنێ، زاناو توانا هەرخۆیەتی.

٥٥ ڕۆژێ کە سەڵا ڕادەبێ، تاوانباران سوێندێ دەخۆن جیا لەساتێک نەمانەوە. ئاوا هەر شوێن درۆکەوتن.

٥٦ ئەوکەسانە بەزانست و باوەڕدارن، پێیان ئێژن: هەر وەکوٚ خودا نوٚسیویە، تا ڕۆژی سەڵا ماونەوە؛ سا ئەمە ڕۆژی سەڵایە؛ بەڵام ئێوە نەوٚزانیوە.

٥٧ لەو ڕۆژەدا ئەوکەسانەی کەوا غەدریان کردوە، بەهانەیان قازانجیان پێ ناگەیەنێ و ڕێشیان نادرێ داوای لێ خۆشبوٚنێ بکەن.

٥٨ وائێمە لەم قورئانەدا هەموٚ جۆرە نەزیلەمان بۆ ئەوخەڵکە هێنایەوە. کەچی هەرگا نیشانەیەکیان بۆبێنی، بێ سۆ خودانەناسەکان، ئێژن: ئێوە لەقسەی پوٚچ بەولاوە چیترتان نیە.

٥٩ ئاوا خودا مۆردەخاتە سەردڵی ئەوکەسانەوە کە نایانەوی بزانن.

٦٠ سا خۆت بگرە، بەڵێنی خودا دێتەجێ؛ نەکا ئەوانەی دڕدۆنگن، تۆ لەڕێ هەق بترازێنن.

---

٥٨— نەزیلە: مەسەل. ٦٠— دڕدۆنگ: بەگومان، دوٚدڵ.

# سورة لقمان

بسم الله الرحمن الرحيم

الٓمٓ ﴿١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٢﴾ هُدٗى وَرَحۡمَةٗ
لِّلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٣﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم
بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٥﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ
لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ
عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿٦﴾ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا
كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٧﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ جَنَّٰتُ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾
خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٗاۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٩﴾ خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ
بِكُمۡ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖۚ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا
مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ﴿١٠﴾ هَٰذَا خَلۡقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا
خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿١١﴾

# لوقمان

٣٤ ئایەت

بەناو خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ ئەلیف، لام، میم.
٢ ئەمانە نیشانەکانی کتێبی پڕ لە کارزانین؛
٣ ڕێ‌شاندەرو بەزەیین بۆ ئەوکەسانەی چاکەدەکەن؛
٤ ئەوانەی نوێژدەکەن و زەکات دەدەن و ڕۆژی‌سەلا دەسەلمێنن؛
٥ ئەوانە پەروەرندەیان ڕیگەی ڕاستی وەبەرناون؛ ڕزگارانن.
٦ لەم‌خەڵکەدا ئی‌واهەیە کڕیاری قسەی بێتامەو لە نەزانی، دەیەوێ
خەڵک لە ڕێگەی خوا کلابکاو دەیکاتە گاڵتەجاڕی خۆی. ئەوانەی
ئەوکارە دەکەن، ئەشێ زۆربەسۆکایەتی ئازاربدرێن.
٧ هەرگا نیشانەکانمانی لەڕۆدا دەخوێنرێنەوە، بەفیزەوە پشتی‌ئەکاتە
ئەولاوەو لەگوێن کەسێ کە هەردوگوێی گران‌بۆبن، وەکۆ نەی‌بیستبێ
وایە. سا تۆ مژدەی ئازارێکی ژاناوی بەوکەسە بدە.
٨ ئەوانەی بڕوایان‌هێناو ئاکاری چاکیان ڕەچاوکرد، بەشی ئەوان باغاتی
پڕخێروبێرە.
٩ هەتاسەر هەر لەوێ دەبن. بەڵێنی خوا هەر دێتەجێ؛ هەر خۆی خاوەن
دەستەڵات و لەکارزانە.
١٠ ئاسمانەکانی لەوبەرزە وەدی‌هێنا، بەبێ ئەمەی هیچ ئەستوندەکێ
ببینن. کێواتی خستە سەرزەمین کە لەرزە بەئێوە نەکا؛ هەمۆجۆرە
جانەوەری دەوێدا بڵاوکردەوە. ئاوێکیشمان لەحەواوە بۆڕژاندن، کە
لەوێدا جۆتەی گش جۆرە ڕوەکی بەبەهرەمان شین کردەوە.
١١ ئەمە کارەکانی خودا؛ دەسا ئێوە نیشانم‌دەن غەیرەخودا چیان‌کردوە.
ئەوانەی لەدوی ناهەقین، بەئاشکرا ڕێ لەخۆیان هەڵە دەکەن.

---

٧-لە گوێن: هەروەکۆ.

وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا لُقۡمَٰنَ ٱلۡحِكۡمَةَ أَنِ ٱشۡكُرۡ لِلَّهِۚ وَمَن يَشۡكُرۡ فَإِنَّمَا
يَشۡكُرُ لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٞ ١٢ وَإِذۡ قَالَ
لُقۡمَٰنُ لِٱبۡنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ
لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣ وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ
وَهۡنًا عَلَىٰ وَهۡنٖ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيۡنِ أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ
إِلَيَّ ٱلۡمَصِيرُ ١٤ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ
لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗاۖ
وَٱتَّبِعۡ سَبِيلَ مَنۡ أَنَابَ إِلَيَّۚ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأُنَبِّئُكُم
بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٥ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ
خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ
بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ١٦ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ
بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ
مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٧ وَلَا تُصَعِّرۡ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ
مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٖ ١٨ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ
وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩

١٢ لوقمانیشمان له‌کارزانیدا ڕاهێنا، که: له‌سه‌رته هه‌ر شوکرانه‌ی
خودابکه‌ی؛ هه‌رکه‌سێکی شوکرێ ده‌کا، شوکره‌که‌ی هه‌ربۆخوی ده‌کا؛
هه‌رکه‌سێکیش پێ‌نه‌زان بێ[ با بزانێ] خودا له‌ بێ‌نیازیدا شایانی
تاریف‌کردنه.
١٣ کاتێ لوقمان - که‌ خه‌ریکی ئامۆژگاری کوڕه‌که‌ی بۆ - پێگوت: ڕوڵه‌م!
که‌س مه‌که‌ شه‌ریک بۆخودا، شه‌ریک بۆخودا بڕیاردان، ناهه‌قیه‌کی
زۆرمه‌زنه.
١٢ ئامۆژگاری مرۆمان کرد سه‌باره‌ت به‌دای‌و بابی. دایکی که‌ به‌و ئاوس بوه،
چه‌ندی کوێره‌وه‌ری دیوه؛ له‌مه‌مک بڕینه‌وه‌شی دوساڵ وه‌ختی
خایاندوه. که: تۆ سپاسی من بکه‌و سوپاسی دایکوبابت که، دواجار
دێنه‌وه‌ بۆلای من.
١٥ ئه‌گه‌ریش دنه‌ی تۆیان‌دا، شتێ‌بکه‌ی به‌ شه‌ریکم - که‌ خۆت هیچی
لێ‌نازانی - فه‌رمانیان به‌جێ‌مه‌هێنه؛ له‌دنیادا به‌خۆشی ده‌گه‌ڵیان
بژی‌و هه‌ر له‌شوێن ئه‌وانه‌بڕۆ که‌ به‌ره‌ومن گه‌ڕاونه‌وه. له‌ئاکاما هه‌ر
ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌لای من، ئه‌وسا تێتان‌ده‌گه‌یه‌نم چۆکردوه.
١٦ کوڕیژگه‌ی خۆم! کرده‌ی به‌قاس تۆمی خه‌رده‌ل له‌ سه‌رزه‌مین له‌ناو
به‌ردێک، یان له‌ته‌شقی عاسمانان بێ، خودا ده‌یهێنێته‌ گۆڕێ. خوا
هه‌مۆشتی لێ‌دیاره‌و ئاگاداره.
١٧ کوڕیژگه‌ی خۆم! نوێژێ‌بکه‌و هانه‌ی کاری چاکه‌بده‌و به‌رله‌کاری خراپ
بگره‌و چت به‌سه‌رهات، خۆڕاگربه؛ ئه‌مه‌ له‌وکارنه‌یه‌ خوا ویستۆیه‌تی.
١٨ به‌فیزه‌وه‌ ڕۆ له‌خه‌ڵک وه‌رمه‌گێڕه؛ به‌لۆت‌به‌رزی له‌ڕێ مه‌ڕۆ. خودا
ئه‌وانه‌ی خۆش‌ناوێ له‌ڕێگه‌ خۆیان باده‌ده‌ن؛ شایی به‌خۆن.
١٩ شێنه‌یی به‌ڕێدابڕۆو به‌ده‌نگی نزم بپه‌یوه؛ چونکه‌ ده‌نگی هه‌ره‌ناخۆش
له‌که‌رانه‌وه‌ ده‌رده‌چێ.

---

١٦- **قاس:** ئه‌ندازه. ١٨- **خۆیان باده‌ده‌ن:** به‌ لارولەنجه‌وه‌ ئه‌ڕۆن. **شایی به‌خۆبۆن:** به‌ حاڵی خۆ که‌یف‌ساز بۆن. ١٩- **شێنه‌یی:** له‌ سه‌رخۆیی. **بپه‌یوه:** قسه‌ بکه؛ له **په‌یوین** یا **په‌یڤین:** قسه‌کردن.

أَلَمْ تَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَسْبَغَ
عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ۗ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِى ٱللَّهِ
بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَٰبٍ مُّنِيرٍ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟
مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ
ٱلشَّيْطَٰنُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٢١﴾ ۞ وَمَن يُسْلِمْ
وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ۗ
وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٢٢﴾ وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُۥٓ ۚ
إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ
﴿٢٣﴾ نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٢٤﴾
وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ
ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٢٦﴾ وَلَوْ أَنَّمَا فِى ٱلْأَرْضِ
مِن شَجَرَةٍ أَقْلَٰمٌ وَٱلْبَحْرُ يَمُدُّهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ
مَّا نَفِدَتْ كَلِمَٰتُ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٧﴾ مَّا خَلْقُكُمْ
وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَٰحِدَةٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٨﴾

٢٠ ئاخۆ ئێوه نه‌تاندیوه خوا هه‌رشتێ له‌ئاسمانان‌و زه‌میندان، بۆ ئێوه‌ی که‌وی
کردوه‌و به‌ئاشکراو به‌نهێنی به‌هره‌گه‌لی به‌سه‌رتانا ڕژاندوه؟ هه‌ر
له‌وخه‌ڵکه‌ش که‌سی وا هه‌ن له‌سه‌رخودا کێشه‌ده‌که‌ن، بێ‌ئه‌وه‌ی چی
لێ‌بزانن، یان خۆیان شاره‌زابوبن، یان کتێبێک بۆیان ڕۆشن بکاته‌وه.
٢١ ئه‌گه‌ر به‌وانه بگوترێ: ئه‌وی خودا ناردیه‌خوارێ ئێوه په‌یره‌وی لێبکه‌ن؛
ئێژن: ئێمه هه‌ر په‌یڕه‌وی ئه‌وشتانه‌ین که باوانمانی له‌سه‌ربۆن.
باشه‌یتانیش بانگیان بکا بۆسه‌ر ئازاری به‌ئاگر.
٢٢ هه‌رکه‌سێک به‌دڵێکی پاک ڕوی له‌خوابێ‌و ئاکارچاک بێ، دیاره ئاڵقه‌ی
هه‌ره‌پته‌و ئه‌وگرتۆیه‌و ئاکامی هه‌مۆ کارێکیش به‌ره‌و خوایه.
٢٣ ئه‌وکه‌سانه‌ی حاشاده‌که‌ن، حاشایان غه‌مبارت نه‌کا. هه‌مۆ دێنه‌وه لای
خۆمان؛ ئه‌وسا خه‌به‌ریان پێده‌ده‌ین که چیان ده‌کرد. خودا له‌ڕازی
دڵانیش ئاگای هه‌یه.
٢٤ واده‌که‌ین که‌مێ ڕای‌بوێرن، پاشان ناچار به‌ره‌و ئازاری دژواریان
ڕاده‌کێشین.
٢٥ ئه‌گه‌ر له‌وانه بپرسی: کێ عاسمانان‌و زه‌مینی وه‌دی هێنا؟ ئێژن: خودا.
تۆ بێژه: شوکر بۆخودا؛ به‌ڵام زوربه‌یان نه‌زانن.
٢٦ هه‌رشتێکی له‌عاسمانان‌و زه‌میندان، گش هی‌خودان. خوا له‌گشتان
بێ‌نیازه‌و شایانی تاریف کردنه.
٢٧ هه‌رچی دار له‌م زه‌مینه‌هه‌ن ببنه‌قه‌ڵه‌م، مه‌ره‌که‌فیان له‌به‌حربێ‌و
حه‌وت به‌حری دیش بێنه‌پاڵی، هێشتا قسه‌کانی خودا دوایی نایه. خودا
خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتی له‌کارزانه.
٢٨ ئافراندن‌و مراندن‌و ژیاندنتان له‌یه‌ک نه‌فه‌ر پترنیه، خودا ده‌بیسی‌و
ده‌بینێ.

---

٢٠- به‌هره: نیعمه‌ت (به‌هره‌ی خودا زوره).

أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ
وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ كُلّٞ يَجۡرِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَأَنَّ ٱللَّهَ
بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٢٩ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ
مِن دُونِهِ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ٣٠ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ
ٱلۡفُلۡكَ تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ لِيُرِيَكُم مِّنۡ ءَايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّ
فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٖ ٣١ وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوۡجٞ
كَٱلظُّلَلِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ
فَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٖ كَفُورٖ
٣٢ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡ وَٱخۡشَوۡاْ يَوۡمٗا لَّا يَجۡزِي وَالِدٌ
عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوۡلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ
حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ
ٱلۡغَرُورُ ٣٣ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ
وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ
وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ٣٤

## سُورَةُ السَّجۡدَةِ

٢٩ بۆ نەتدیوە خوا شەو دەڕۆژ هەڵدەکێشێ و ڕۆژیش دەشەو هەڵدەکێشێ؛ خۆرو هەیڤیشی کەوی‌کرد؟ هەریەکەیان تاماوەیێ دیاری‌کراو لەتەڤگەڕدان. خودا لە هەرکارێ بیکەن ئاگادارە.
٣٠ هەردەبێ بەمەبزانن خودا ڕاستەو هانا بۆهەرشتێ بەرن - لە غەیرەزئەو - کارێ پۆچە. پایەبەرزی هەرە مەزن، هەر خودایە.
٣١ تۆ نەتدیوە لەسۆنگەی چاکەی خوداوە گەمیە لەدورەدەریادا لەگەڕاندایە؛ تا نیشانەکانی خۆیتان نیشان بدا؟ هەر لەمەدا زۆر بەڵگەهەن بۆ هەمۆ خۆڕاگرانی شوکربژێر.
٣٢ هەر کاتێکیش پێلی زلی وەک هەوری پڕ، خۆیان بەسەرهەڵدەکێشن، بەدڵپاکی‌و بڕوای بێ‌غەش لەبەر خوا دەپاڕێنەوە. وەختێ ڕزگاری کردن‌و گەینە سەربەژ، هێندێ لەوان مام‌ناونجین. هیچ کەس لەنیشانەکانمان حاشای‌نیە، مەگین گەلی فریوبازانی پێ‌نەزان.
٣٣ ئەی خەڵکینە! دەبێ لەپەروەرندەتان ترسۆ هەبێ؛ ترسی ئەو ڕۆژەشتان هەبێ کە هیچ باوکێک ئوباڵی فرزەندی خۆشی لەسەر نیەو هیچ فرزەندێکیش بۆ بابی سودی نابێ. بەڵێنی خودا هەر ڕاستەو نابێ هەرگیز ژینی دنیا فریوتاندا. نەشچن شەیتان بە بەخشندەیی خودا فریوتان‌بدا.
٣٤ زانستی ڕۆژی سەڵایە لای خودایە؛ بارانەش ئەو دەیبارێنێ‌و دەشزانێ تۆلی زگ‌پڕان چی‌تێدایە. کەس نازانێ کاری سبەی ڕۆژێ چیەو کەس نازانێ لەکامەسەرزەمین دەمرێ. خودا زاناو ئاگادارە.

سەجدە

٣٠ ئایەت

---

٣٢- پێل: شەپۆلی ئاو. بەژ: وشکی، وشکانی. مام‌ناونجی: بەینی زۆروکەم؛ یانێ: دڵپاکی ناو گەمیەکەیان نەماوەو بەتەوایش لەبیریان نەچوەتەوە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿٢﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۚ بَلْ هُوَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا
مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣﴾ ٱللَّهُ
ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ
ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ ۚ أَفَلَا
تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ
إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥﴾ ذَٰلِكَ
عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦﴾ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ
كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ثُمَّ جَعَلَ
نَسْلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٨﴾ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ
مِن رُّوحِهِۦ ۖ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۚ قَلِيلًا
مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٩﴾ وَقَالُوٓا۟ أَءِذَا ضَلَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ أَءِنَّا لَفِى
خَلْقٍ جَدِيدٍۭ ۚ بَلْ هُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ كَٰفِرُونَ ﴿١٠﴾ ۞ قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم
مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾

## ده‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

١ ئه‌لیف، لام، میم.
٢ ئه‌م كتێبه‌ له‌ڕاهێنه‌ری دنیاوه‌ ناردراوه‌و بێ‌گومانه‌.
٣ ئاخۆ ئێژن: هه‌ر له‌خۆوه‌ ئه‌م درۆیه‌ی هه‌ڵبه‌ستوه‌؟ به‌ڵكۆ ڕاسته‌و له‌په‌روه‌رنده‌ی تۆڕایه‌؛ تا به‌هۆی ئه‌م، ترس وه‌به‌رهۆزێک بێنی، كه‌ به‌رله‌تۆ كه‌س ترسی وه‌به‌رنه‌ناون؛ به‌شكۆ به‌ڕێی‌ڕاست بزانن.
٤ ئه‌وخودایه‌ی ئاسمانه‌كان‌و زه‌مین‌و هه‌رچی له‌ناو ئه‌ودوه‌دا به‌شه‌ش ڕۆژ وه‌دی‌هێناوه‌؛ پاشان له‌سه‌ر ته‌ختی فه‌رمانڕه‌وایی خۆی دامه‌زراوه‌. غه‌یره‌ز ئه‌و، گه‌وره‌و تكاكارێكتان نیه‌. ده‌سا بۆ بیرناكه‌نه‌وه‌؟
٥ هه‌رچی كاره‌ له‌م ئاسمان‌و زه‌مینه‌دا پێكی‌دێنێ‌و له‌ڕۆژێكدا هه‌ڵده‌كشێته‌وه‌ بۆلای؛ كه‌ به‌پێی ژماره‌ی ئێوه‌ هه‌زارساڵه‌.
٦ ئه‌وه‌ زانا به‌نادیارو دیاران‌و هه‌ر خۆی خاوه‌ن ده‌سته‌ڵات‌و دلۆڤانه‌.
٧ ئه‌و كه‌سێكه‌ هه‌مۆشتی - به‌وپه‌ڕی ڕێكی‌و له‌باری - دروس كردو مرۆشی - له‌سه‌ره‌تادا - له‌ماكی قوڕ وه‌دی هێنا.
٨ له‌پاشان نه‌ته‌وه‌ی ئه‌می له‌پالاوته‌ی چۆڕه‌ئاوێكی كه‌م‌بایه‌خ وه‌دی‌هێنا.
٩ ئه‌وسا ڕاسته‌وپاسته‌ی كردو له‌گیانی خۆی فۆی‌پێداكرد؛ گوێچكه‌و چاوو دڵیشی داوه‌به‌ئێوه‌. كه‌متان شوكرانه‌ بژێرن.
١٠ گوتیشیان: ئه‌گه‌ر له‌ناخی هه‌ردا گوم‌بۆین، ئاخۆ دیسان ده‌ژینه‌وه‌و له‌نوێ دبینه‌وه‌ مرۆ؟ دیاره‌ ئه‌وان له‌ ڕۆبه‌ڕۆبۆنه‌وه‌یان ده‌گه‌ڵ په‌روه‌رنده‌ی خۆیان حاشاده‌كه‌ن.
١١ بێژه‌: ئه‌وفرشته‌ی پێمێرد - كه‌ ئێوه‌ی دراوه‌ته‌ده‌ست - ده‌ومرێنێ‌و پاشان ده‌برێنه‌وه‌ بۆلای په‌روه‌رنده‌و.

---

٧-ماک: هه‌ر ڕه‌گه‌زو بنچینه‌یێ كه‌ شتی لێ پێک‌هاتۆه‌. ١١-پێمێرد: ئیزرایل، مه‌ڵكه‌مۆت.

وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُوا۟ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ
رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ
﴿١٢﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَءَاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ
مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٣﴾
فَذُوقُوا۟ بِمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمْ ۖ
وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾ إِنَّمَا يُؤْمِنُ
بِـَٔايَٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِهَا خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَسَبَّحُوا۟ بِحَمْدِ
رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۩ ﴿١٥﴾ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ
عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ
يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ
بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ
لَّا يَسْتَوُۥنَ ﴿١٨﴾ أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ
جَنَّٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ نُزُلًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فَسَقُوا۟
فَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ ۖ كُلَّمَآ أَرَادُوٓا۟ أَن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَآ أُعِيدُوا۟ فِيهَا وَقِيلَ
لَهُمْ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٠﴾

۱۲ کاتێ تۆ تاوانباره‌کان به‌سه‌رشۆڕی ببینیه‌وه، که لای په‌روه‌رنده‌یانن: ئه‌ی
په‌روه‌رنده‌ی گلامان! دیتمان و بیستمان و ته‌واو باوه‌ڕمان هێناوه؛ سا تۆ
بمانگه‌ڕێنه‌وه؛ ئه‌مجاره کاری چاک ده‌که‌ین.
۱۳ ئه‌گه‌ر حه‌زمان بکردایه، هه‌مۆکه‌سمان به‌ره‌وخۆ شاره‌زا ده‌کرد؛ به‌ڵام من
به‌ڵێنم داوه که جه‌هه‌نده‌م - له‌خێڵی جنۆکه‌و مرۆ - تژی ده‌که‌م.
۱۴ ده‌بچێژن! له‌بیرتان چۆ که تۆشی ئه‌م ڕۆژه ده‌بن؛ ئێمه‌ش ئێوه
له‌بیرده‌که‌ین و له‌سۆنگه‌ی ئه‌وکارانه‌دا ده‌تانکرد، تاسه‌ر هه‌رئازاربچێژن.
۱۵ هه‌رئه‌وانه به‌نیشانه‌کانی ئێمه بڕواده‌که‌ن، که هه‌رگا ئه‌و نیشانه‌گه‌لیانه
وه‌بیر بهێننه‌وه، خۆ ده‌خه‌نه سه‌ر سوژده‌وه‌و به‌سوپاسه‌وه په‌سنی پاکی
په‌روه‌رنده‌ی خۆیان ئه‌ده‌ن و خۆیان به‌زل نازانن؛
۱۶ برکیان له پێ‌خه‌فه‌کانیان جاڕزده‌بێ و به‌ترس و به‌هومێده‌وه هانا وه‌به‌ر
په‌روه‌رنده‌ی خۆ ده‌به‌ن و، له‌وبژیوه‌ی پێمان‌داون خێرێ ده‌که‌ن.
۱۷ که‌س نازانێ له بارته‌قای ئه‌وکارانه‌ی کردۆیانه چ پاداشێکی
چاوڕۆشنه‌وکه‌ریان بۆ تاقه‌ت کراوه.
۱۸ چۆن که‌سێ بڕوای‌هێناوه، وه‌ک ئه‌وه‌یه که له‌ڕای خودا لای‌داوه؟ وه‌ک
یه‌کترنین.
۱۹ به‌ڵام ئه‌وانه‌ی‌وا خاوه‌ن باوه‌ڕو ئاکارچاک بۆگن، له‌پاداشی ئه‌وکارانه‌ی
کردۆیانه، ئه‌نوایان له‌دوڕ باغاته.
۲۰ ئه‌وکه‌سانه‌ش که له ڕێگه لایانداوه، بڵێسه‌ی ئاگر شوێنیانه‌و تا بخوازن
لێی‌ده‌ربچن، ده‌یانهێننه‌وه ناوئاگر. پێشیان ئێژن: ده‌بچێژن ژانی به‌ئاگر
سۆتانێ، که ئێوه به‌درۆتان زانی.

---

۱۳-تژی: پڕ	۱۶-برک: خاڵیگه، که‌له‌که.	جاڕز: بێزار.	۱۹-دوڕ: ناوه‌ڕاست.

وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ
لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ
أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا
مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ ۖ وَجَعَلْنَٰهُ
هُدًى لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٣﴾ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ
بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا۟ ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ رَبَّكَ
هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ
﴿٢٥﴾ أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ
يَمْشُونَ فِى مَسَٰكِنِهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ ۖ أَفَلَا يَسْمَعُونَ
﴿٢٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا نَسُوقُ ٱلْمَآءَ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلْجُرُزِ فَنُخْرِجُ
بِهِۦ زَرْعًا تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَٰمُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ ۖ أَفَلَا يُبْصِرُونَ ﴿٢٧﴾
وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْفَتْحُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٨﴾
قُلْ يَوْمَ ٱلْفَتْحِ لَا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِيمَٰنُهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ
﴿٢٩﴾ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَٱنتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ ﴿٣٠﴾

## سُورَةُ الأَحْزَابِ

٢١ بێ‌گومانە ئێمە بەجگە ئازارە هەرەگەورەکە، ئازاری ئەم دنیایەشیان
پێ دەچێژین؛ شایەتا بگەڕێنەوە.
٢٢ کێ لەوکەسە ناهەقترە، کە نیشانەکانی پەروەرندەی وەبیر بهێننەوە،
پاشان وازی‌لێ‌بهێنێ؟ تۆڵە لەو تاوانبارانە دەکەینەوە.
٢٣ کتێبمان بە مۆساش داوە؛ کردیشمانە ڕێ‌نیشاندەر بۆ زاروزێچی
ئیسرائیل. سا تۆش لە روبەڕوبۆنی ئەم[قورئانە] بێ‌گومان بە.
٢٤ لەوانیشدا چەندکەسێکمان کردەڕێبەر، کە هەر بە فەرمانی خۆمان
ڕێنوێنی مەردم بکەن؛ چونکە توانی خۆڕاگرتنیان تێدابۆ؛ بەتەواوی
باوەڕیشیان بە نیشانانمان هێنابۆ.
٢٥ دیاریشە پەروەرندەی تۆ - ڕۆژی سەلا - خۆی بەوکارانە ڕادەگا کە ئەوانە
لەسەریان پێک‌نەدەهاتن.
٢٦ ئەو چەندین بەرەی مرۆیەی کە لەناو ماڵەکانیاندا دەخولانەوەو ئێمە
هەمۆمان قڕکردن، ئاخۆ ڕاستەقینەی بۆ ئەوان دەرنەخست؟ لەمەدا زۆر
نیشانەهەن، مەر نابیسن؟!
٢٧ ئاخۆ ئەمانە نابینن کە ئێمە بۆ زەوی قاقڕ ئاو دەنێرین، ڕوەکی وای
پێ‌شین دەکەین، تێرەخۆرەی خۆیان‌و ماڵاتیشیانە؟ مەر نابینن؟!
٢٨ ئێژن: ئەگەر قسەوڕاستە، ئەو سەرکەوتنە کەی دەبێ؟
٢٩ بێژە: ڕۆژی سەرکەوتنێ، خوانەناسان بڕواکەیان قازانجێکی بۆیان نابێ؛
هیچ مۆلەتیشیان نادرێ.
٣٠ سا تۆ واز لەوانە بێنەو چاوەنۆڕبە؛ ئەوانیشە چاوەنۆڕن.



## ئەحزاب

٧٣ ئایە

٢٧- قاقڕ: زەوینێ کە گیای لێ سەوز نابێ. ڕوەک: هەرچی لە زەوی شین دەبێ.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ٱتَّقِ ٱللَّهَ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَۗ إِنَّ ٱللَّهَ
كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١﴾ وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ مِن
رَّبِّكَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٢﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِۚ
وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٣﴾ مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي
جَوْفِهِۦۚ وَمَا جَعَلَ أَزْوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تُظَٰهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمْۚ
وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَآءَكُمْ أَبْنَآءَكُمْۚ ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَٰهِكُمْۖ وَٱللَّهُ
يَقُولُ ٱلْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي ٱلسَّبِيلَ ﴿٤﴾ ٱدْعُوهُمْ لِأٓبَآئِهِمْ
هُوَ أَقْسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ
فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمْۚ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٞ فِيمَآ أَخْطَأْتُم
بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا
﴿٥﴾ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْۗ
وَأُوْلُواْ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ
مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ إِلَّآ أَن تَفْعَلُوٓاْ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِكُم
مَّعْرُوفٗاۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِي ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورٗا ﴿٦﴾

## وەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

۱ ئەی پێغەمبەر! تۆ ترست هەر لەخودابێ و مەچۆ سەرقسەی ئەوانەی
خواناناسن و ئەوانەی دوڕوویی دەکەن. خودا زاناو لەکارزانە.
۲ هەر ئەو فەرمانە پێک بێنە، کە لجەم پەروەرێنەوە بۆت دێتەخوار. خودا
لەهەرکارێ دەیکەن، ئاگادارە.
۳ هەر خۆت بەخودا بسپێرە، خوا بریکارت بێ، بەسە.
۴ خوا بۆ هەناوی هیچ پیاوێ، جوتێ دڵی دانەناوە. ژنانیشتان،
کەبانگ دەکەن: «ئەتۆ وەکوو دایکی خۆمی» نەیکردوون بەدایکی ئێوە. ئەو
زڕکوڕەکانیشتانی نەکردوتە کوڕی ئێوەو ئەمە هەر قسەی خۆتانەو هەر
لەزاری خۆتانەوە داکەوتوە. خودا ئەوی ڕاستە دەیڵێ و هەر خۆی ڕێگە
نیشان دەدا.
۵ هەر بەناوی باوکی خۆیان بانگیان بکەن؛ وا لەبارترە لای خودا. ئەگەر
بابیشیان ناناسن، برای دینی و دۆستی ئێوەن. ئەگەر پێشوش لەمەدا
بەهەڵەچوبن، گوناهێکتان لە سەر نابێ. بەڵام ئەگەر لە دڵەوەو بە
ئانقەس بێ، [ بەرپرس ئەبن]. خودا لەگونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
۶ پێغەمبەر بۆ موسوڵمانان لەخۆیانیش فەرزترەو؛ ژنەکانی پێغەمبەریش
دایکی موسولمانەکانن. وەک لەنوسراوی خوادایە، خوێش و خزمان [ بۆ
میرات بردن لە یەکتر] شیاوترن لەوانەی خاوەن باوەڕن و لەوانەش کە
ئاوارە بون؛ جا مەگین هەر بتانەوێ چاکە دەگەڵ یەکێ لە دۆستانو
بکەن. ئەمەش لە نوسراوەکەدا خەت دراوە.

---

۴- مەبەست لە زڕکوڕ، لێرەدا ئەوکوڕەیە کە ژن و مێرد ئەیهێننە ماڵی خۆیان و ناوی کوڕی خۆیانی لێ دەنێن.

۶- خەت دان: شت نوسین.

وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ
وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا ٧
لِّيَسۡـَٔلَ ٱلصَّٰدِقِينَ عَن صِدۡقِهِمۡۚ وَأَعَدَّ لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابًا أَلِيمٗا
٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ جَآءَتۡكُمۡ
جُنُودٞ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا وَجُنُودٗا لَّمۡ تَرَوۡهَاۚ وَكَانَ ٱللَّهُ
بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرًا ٩ إِذۡ جَآءُوكُم مِّن فَوۡقِكُمۡ وَمِنۡ أَسۡفَلَ
مِنكُمۡ وَإِذۡ زَاغَتِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلۡقُلُوبُ ٱلۡحَنَاجِرَ
وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ١٠ هُنَالِكَ ٱبۡتُلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَزُلۡزِلُواْ
زِلۡزَالٗا شَدِيدٗا ١١ وَإِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم
مَّرَضٞ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورٗا ١٢ وَإِذۡ قَالَت طَّآئِفَةٞ
مِّنۡهُمۡ يَٰٓأَهۡلَ يَثۡرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمۡ فَٱرۡجِعُواْۚ وَيَسۡتَـٔۡذِنُ فَرِيقٞ
مِّنۡهُمُ ٱلنَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوۡرَةٞ وَمَا هِيَ بِعَوۡرَةٍۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا
فِرَارٗا ١٣ وَلَوۡ دُخِلَتۡ عَلَيۡهِم مِّنۡ أَقۡطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُواْ ٱلۡفِتۡنَةَ
لَأٓتَوۡهَا وَمَا تَلَبَّثُواْ بِهَآ إِلَّا يَسِيرٗا ١٤ وَلَقَدۡ كَانُواْ عَٰهَدُواْ
ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ لَا يُوَلُّونَ ٱلۡأَدۡبَٰرَۚ وَكَانَ عَهۡدُ ٱللَّهِ مَسۡـُٔولٗا ١٥

٧ [ بێنه‌وه‌بیر] ئه‌وێ‌كاتێ كه‌ په‌یمانمان له‌ پێغه‌مبه‌ره‌كان ئه‌ستاند. له‌تۆو نوح‌و ئیبراهیم‌و مۆساو عیسای كوڕی مه‌ریه‌م‌و له‌هه‌مۆیان په‌یمانی زۆر پته‌ومان ساند.
٨ تا له‌ڕاستان - سه‌باره‌ت به‌ ڕاسیه‌كه‌یان - پرسیار بكا؛ بۆ خودانه‌ناسه‌كانیش ئازارێكی زوڕبه‌ژانی سازكردوه‌.
٩ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! له‌بیرمه‌كه‌ن چۆن‌چاكه‌یه‌ك خودا ده‌رباره‌ی ئێوه‌ی كرد؛ له‌شكرگه‌لێكتان هاته‌سه‌ر؛ ئێمه‌ بامان وێڕای چه‌ن‌له‌شكر بۆناردن؛ كه‌ ئێوه‌ نه‌تان‌ده‌دیتن. هه‌رچی ئێوه‌ ده‌یكه‌ن، خودا باش ده‌یبینێ.
١٠ له‌وده‌مه‌دا كه‌ له‌ژوڕو له‌ژێره‌وه‌ بۆتان هاتن، چاوتان ڕه‌شكه‌وپێشكه‌ی ده‌كرد؛ دڵتان [ وه‌ته‌په‌ته‌پ كه‌وت‌و] گه‌ییشته‌ قوڕقوڕاگه‌تان؛ زۆرخه‌یاڵی جۆراوجۆرتان له‌خودا به‌دڵداده‌هات.
١١ له‌وشوێنه‌دا ئه‌زمۆنی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان هاته‌گۆڕێ‌و به‌له‌رزینێكی زۆربه‌هێز، دڵی هه‌موان كه‌وته‌له‌رزه‌.
١٢ له‌وعانه‌شدا ئه‌وكه‌سانه‌ی دوڕۆبۆن‌و ئه‌وانه‌ش كه‌ ده‌غه‌زێكیان له‌دڵدابوُ، هه‌ر ده‌یانگوت: ئه‌وبه‌ڵێنه‌ی خوداو پێغه‌مبه‌ر ده‌یاندا هه‌ر بۆفریوی ئێمه‌بوُ.
١٣ هێندێك له‌وان گازی ده‌كرد: ئه‌ی دانیشتوانی مه‌دینه‌! ئێره‌ جێگای ئێوه‌ نیه‌، ده‌ی وه‌گه‌ڕێن. هێندێكیشیان ده‌هاتن ئیزنیان له‌ پێغه‌مبه‌ر ده‌خواست: كه‌سمان له‌سه‌ر ماڵه‌كانمان دانه‌ناوه‌ ئاگای لێ‌بێ. ماڵیان بێ‌پارێزگارنه‌بوُ، هه‌ر نیازی ڕاكردنیان بوُ.
١٤ ئه‌گه‌ر ده‌وری ماڵه‌كانیان لێ‌گیراباو بیانگوتایه‌: له‌دین په‌ژیوان‌ببنه‌وه‌؛ هێنده‌ زۆری نه‌ده‌خایاند، له‌دین پاشگه‌زده‌بۆنه‌وه‌.
١٥ ئه‌وان پێشتر په‌یمانیان دابوُبه‌خودا، كه‌ له‌به‌ردوژمن نابه‌زن؛ دیاره‌ په‌یمان به‌خودادان لێ‌پرسینه‌وه‌شی هه‌یه‌.

---

١٠-ڕه‌شكه‌وپێشكه‌: ته‌م‌و ڕه‌شایی هاتنه‌به‌رچاو له‌به‌رترس‌و. . .

قُل لَّن يَنفَعَكُمُ ٱلْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ ٱلْمَوْتِ أَوِ ٱلْقَتْلِ وَإِذًا
لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٦﴾ قُلْ مَن ذَا ٱلَّذِى يَعْصِمُكُم مِّنَ ٱللَّهِ إِنْ
أَرَادَ بِكُمْ سُوٓءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً ۚ وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ
وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٧﴾ ۞ قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّهُ ٱلْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَٱلْقَآئِلِينَ
لِإِخْوَٰنِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا ۖ وَلَا يَأْتُونَ ٱلْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٨﴾ أَشِحَّةً
عَلَيْكُمْ ۖ فَإِذَا جَآءَ ٱلْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ
كَٱلَّذِى يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَإِذَا ذَهَبَ ٱلْخَوْفُ سَلَقُوكُم
بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى ٱلْخَيْرِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا۟ فَأَحْبَطَ
ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿١٩﴾ يَحْسَبُونَ ٱلْأَحْزَابَ
لَمْ يَذْهَبُوا۟ ۖ وَإِن يَأْتِ ٱلْأَحْزَابُ يَوَدُّوا۟ لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ
فِى ٱلْأَعْرَابِ يَسْـَٔلُونَ عَنْ أَنۢبَآئِكُمْ ۖ وَلَوْ كَانُوا۟ فِيكُم
مَّا قَٰتَلُوٓا۟ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٢٠﴾ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ
حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾
وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُوا۟ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ
وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا ﴿٢٢﴾

١٦ بێژە: راکردن لەمردن یان لەکوشتن، هیچ دادێکی ئێوەنادا؛ ئەوساکەش
هەر کەمێکی‌تر لەدنیادا رایدەبوێرن.
١٧ بێژە: گەر خودا بخوازێ بەلایەکتان بەسەربێنی، یان چاکەێ دەرباره بکا،
کێ دەستی‌وەبەردەهێنێ‌و دەوپارێزێ؟ غەیرەز خودا نە سەرروەریان
دەس‌دەکەوێ‌و نە کەس یاریدەیان‌دەدا.
١٨ دیارە خودا خۆی دەزانێ چکەسانێ لەنگۆ دەبۆنە لەمپەرو کێش بۆن
دەنگی براکانی خۆیان دەدەا: «وەرنەلامان». کەمتریشیان لەم شەڕەدا
بەشداردەبۆن.
١٩ لەحاند ئێوە چاوچنۆکن؛ هەرگا ترسێ دێتە پێشێ، دەیانبینی هەر زەق
لەتۆ دەڕوانن‌و چاویان سپی هەڵدەگەڕێ؛ وەک یەکێ لەترسی مردن
بێ‌هۆش بۆبێ. وەختێ ترسیش بەسەردەچێ، گەزارەتان لێ‌دەکێشن؛
دەست بە زمان‌شڕی دەکەن‌و چاونەزێری تالانەکەن. ئەوانە هەرگیز
باوەڕیان نەهێناوە؛ هەمۆکاریان لای خودا بەفیڕۆچوەو ئەمەش لای
خودا هاسانە.
٢٠ وائەزانن کە دوژمنە هاودەسەکان نەڕویشتۆن. خۆ ئەگەریش
ئەوهاودەسانە بێنەوە، ئەمانە ئاوات ئەخوازن وەل عارەوە
چۆڵ‌نشینەکاندا بان‌و هەر دەنگوباسی ئێوەیان بپرسیبا. ئەگەر
لەناوتانیش مابان - کەمیان نەبێ - لەشەڕدا بەشدار نەدەبۆن.
٢١ بێ‌سۆ پێغەمبەری خودا سەرمەشقی چاکە بۆ ئێوەو بۆ هەر کەسێ کە بە
خوداو ڕۆژی سەلا هیوادارەو هەر خەریکی یادی خوایە.
٢٢ کاتێ کە خاوەن‌باوەڕان چاویان کەوتە ئەو دژمنە هاودەسانە، گوتیان:
ئەمە هەرهەمانە کە خوداو پێغەمبەرەکەی بەلێنیان بەئێمە داوەو
هەربەلێنێ خوداو پێغەمبەری بیدەن، ڕاست دەردەچێ‌و ئیتر بڕواو
هەستی فەرمان‌بردنیان پتر گەشەی‌کرد.

---

**١٨-لەمپەر:** بەرگر، کۆسپ. **١٩-گەزارە:** زمانی درێژ. **چاونەزێر:** تەماحکار.

مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن
قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ لِّيَجْزِىَ
ٱللَّهُ ٱلصَّٰدِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ إِن شَآءَ
أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٤﴾ وَرَدَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا۟ خَيْرًا ۚ وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلْقِتَالَ ۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا ﴿٢٥﴾ وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَٰهَرُوهُم مِّنْ
أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مِن صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ
فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا ﴿٢٦﴾ وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ
وَدِيَٰرَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُمْ وَأَرْضًا لَّمْ تَطَـُٔوهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ
شَىْءٍ قَدِيرًا ﴿٢٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ
ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ
سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ
ٱلْءَاخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَٰتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾
يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَٰعَفْ
لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾

٢٣ پیاوی واهەن لەناوخاوەن باوەڕاندا، ئەو پەیمانی بەخواياندا، پێکیان هێنا؛ جا لەوانە هەیانە گیانی بەخشیوەو هێندێکیشیان چاوەنۆڕن و تۆزقالێکیش [سۆزی خۆیان] نەگۆڕیوە.

٢٤ تاکۆ خودا چاکەی ئەوکەسانەی ڕاست بۆن بداتەوە؛ ئەوکەسانەش کە دۆڕۆ بۆن - گەر حەزبکا - ئازاریاندا، یان تۆبەیان لێ قبۆڵکا. خودا لەگونا دەبۆرێ و دلۆڤانە.

٢٥ خودا دین‌دوژمنەکانی - وێڕای ئەوڕکەی کەبۆیان - کشاندەوەو هیچ بەهرەشیان دەس نەکەوت. لەجەنگدا خاوەن‌باوەڕان خودایان لایە، بەسیانە. خوا توانای بەدەستەڵاتە.

٢٦ ئەهلی کتێبیش، ئەوانەی پشتیوانی دوژمنان بۆن، لەقەلای هێنانەخوارێ و ترسی خستەدڵیانەوەو هێندێ لەوان بەدەستی ئێوە کوژران و هێندێکیشتان بەدیل‌گرتن.

٢٧ زەویەکان و خانوەکان و سامانیان و ئەوزەمینەش کە پاتان‌پێدانەنابۆ، خودا گشتی دابە ئێوە. خودا توانای بەسەر هەمۆشتدا هەیە.

٢٨ ئەی پێغەمبەر! ژنەکانی خۆت بدوێنە: ئەگەر ژین و زەمبەری دنیاتان دەوێ، دەسا وەرن تا هەقی خۆتان بدەمێ و بەبێ‌گازندەو بەخۆشی ڕاهیتان‌کەم.

٢٩ ئەگەریش خواوپێغەمبەرو ماڵی دواڕۆژتان گەرەکە، خودا بۆ کارچاکەکانتان پاداشی گەورەی داناوە.

٣٠ ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر! هەرکەس لەنگۆ خراپەیەکی ئاشکرای لێ ڕۆبدا، دۆسەرە جەزرەبەی دەدرێ؛ ئەمەش لای خودا هاسانە.

---

٢٣-سۆز: گفت، پەیمان. ٢٨-زەمبەر: خشڵ، زیوەر. ڕاهی‌کردن: برێتی لە تەڵاق‌دان.

٣٠-لەنگۆ: لەئەنگۆ، لەئێوە.

۞ وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ
أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا ﴿٣١﴾ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ
لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّۚ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ
فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ﴿٣٢﴾ وَقَرۡنَ
فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ
ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا
يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ
تَطۡهِيرٗا ﴿٣٣﴾ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ
ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾
إِنَّ ٱلۡمُسۡلِمِينَ وَٱلۡمُسۡلِمَٰتِ وَٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ
وَٱلۡقَٰنِتِينَ وَٱلۡقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ
وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلۡخَٰشِعِينَ وَٱلۡخَٰشِعَٰتِ وَٱلۡمُتَصَدِّقِينَ
وَٱلۡمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلۡحَٰفِظِينَ
فُرُوجَهُمۡ وَٱلۡحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا
وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمٗا ﴿٣٥﴾

٣١ هه‌رکامیشتان به‌رفه‌رمانی خوداو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بێ‌و ئاکارچاک بێ،
پاداشه‌که‌ی به دۆچه‌ندان پێده‌ده‌ین‌و بژیوێکی هه‌ره‌باشمان بۆ داناوه.
٣٢ ئه‌ی هاوسه‌رانی پێغه‌مبه‌ر! ئێوه وه‌ک ژنانی‌ترنین؛ ئه‌گه‌ر خۆتان
ئه‌پارێزن، زۆر به‌خاوی قسه‌مه‌که‌ن؛ نه‌وه‌ک که‌سێ غه‌ره‌زێکی
له‌دڵدابێ، قرمی خۆش‌کا؛ هه‌ر چۆن په‌سنده بپه‌یڤن.
٣٣ له‌ماڵ خۆتان ده‌رمه‌که‌ون‌و وه‌ک ده‌ورانی زه‌مانی نه‌زانی پێشۆ، خه‌ملی
خۆتان نیشان‌مه‌ده‌ن. نوێژبکه‌ن‌و زه‌کات بده‌ن؛ له‌فه‌رمانی خوداو
پێغه‌مبه‌ر ده‌رمه‌چن. ئێوه که خه‌ڵکی ئه‌م‌ماڵه‌ن، خوا گه‌ره‌کیه
چه‌په‌ڵیتان له‌سه‌رلاباو پاک‌و خاوێنتان ڕاگرێ.
٣٤ هه‌رچی له‌نیشانانی خواو له‌کارزانی له‌ماڵتاندا بۆ ئێوه ده‌خوێنرێته‌وه،
فێری‌بن‌و بیلێنه‌وه. خوا هه‌مۆشتی لێ‌دیاره‌و ئاگاداره.
٣٥ پیاک‌و ژنی موسوڵمان‌و مێرو پیره‌کی به‌باوه‌ڕ، پیاک‌و ژنی فه‌رمانبه‌رو
پیاوو ژنی قسه‌ڕاست‌و پیاوو ژنی خۆراگرو پیاوو ژنێ بێ فیزو
خۆبه‌زل‌نه‌زان، پیاوو ژنی سه‌ده‌قه‌ده‌رو پیاوو ژنی ڕۆچه‌وان‌و پیاوو ژنی
نامۆس پارێزو ژن‌و پیاوێ که زۆر یادی خودادەکه‌ن، له‌خوداوه
لێخۆشبۆن‌و پاداشێکی گه‌وره‌یان بۆداندراوه.

---

٣٢- **قرم:** ئاره‌زو، ئیشتیا. **بپه‌یڤن:** قسه بکه‌ن. له **په‌یڤین:** قسه کردن.

٣٣- **خه‌مل:** ١) خشڵ، زه‌نبه‌ر؛ ٢) ڕازانه‌وه. ٣٥- **مێر:** پیاو. **پیره‌ک:** ژن. **ڕۆچه‌وان:** به‌ڕۆژۆ.

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ
لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا
مُّبِينًا ﴿٣٦﴾ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِىٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ
أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ
مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ
مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَىْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِىٓ
أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا
﴿٣٧﴾ مَّا كَانَ عَلَى ٱلنَّبِىِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ ٱللَّهُ لَهُۥ ۖ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى
ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ﴿٣٨﴾ ٱلَّذِينَ
يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ۗ وَكَفَىٰ
بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٣٩﴾ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن
رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّۦنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً
وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم
مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾

٣٦ ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان بە هەرکارێک‌دا، هیچ پیاوێک‌و هیچ ژنێکی خاوەن‌باوەڕ ناتوانن پەسندی نەکەن. هەر کەسێکیش لە فەرمانی خوداو پێغەمبەری دەرچێ، ڕێگەی زۆر هەڵەکردوە.
٣٧ ئەوسا ئەوی خودا چاکەی دەگەڵ کردو تۆش چاکەت دەگەڵ کردوە، تۆ پێت ئەوت: دەس لە ژنێ‌خۆ بەرمەدەو دەبێ لە خودا بترسی. شتێکیشت لە دڵی خۆدا دەشاردەوە، کە خوا هەر ئاشکرای دەکرد. هەر لە مەردمیش دەترسای؛ کەچی خودا شیاوتربۆ لێ‌بترسی. جا کاتێ زەید لە هاوجۆتەکەی خۆی بەئارەزۆ گەییشت، ئەومان کردە هاوجۆتی تۆ؛ هەتا خاوەن‌باوەڕەکان لە خواستنی ژنی زڕکوڕانی خۆیان - لە دوای ئەوە تەڵاقیان دان - لۆمە نەکرێن، هەر فەرمانێ خودا بیدا، دەبێ پێک‌بێ.
٣٨ بۆ پێغەمبەر قەیدی نیە کارێک بکا کە خوا بۆی بڕیاری‌داوە. ڕەفتاری خودا دەگەڵ پێغەمبەرانی ڕابردۆشدا هەروا بوە. خوا بەهەرچی فەرمان‌بدا - بێ‌زیادوکەم - دەبێ بکرێ.
٣٩ ئەوکەسانەی هەر فەرمانەکانی خودا دەگەیێنن‌و لەو دەترسن؛ غەیرەز خوداش لە هیچ کەسی‌تر ناترسن. خودا حەسێبگەربێ، بەسە.
٤٠ محەممەد بابی هیچ پیاوێک لە پیاوانی ئێوە نیە. بەڵام ڕاسپاردەی خوایەو ئاخری پێغەمبەرانەو خودا هەمۆشت دەزانێ.
٤١ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! فرە یادی خوا بکەن[و لەیادی ئەو ڕامەوەستن].
٤٢ هەمۆ بەیانی‌و ئێواران لەپاکی‌و بێ‌عەیبی خودا تاریف بکەن.
٤٣ ئەو کەسێکە درۆد بۆئێوە دەنێرێ؛ هەروەهاش فرشتەکانی؛ هەتاوەکۆ لە تاریکی دەرتانبێنێ‌و بەرەوڕۆناکیتان بەرێ. خودا بۆ خاوەن‌باوەڕان دلۆڤانە.

تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَٰمٌ ۚ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ شَٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا
إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا ﴿٤٦﴾ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم
مِّنَ ٱللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا ﴿٤٧﴾ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ
وَدَعْ أَذَىٰهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٤٨﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ
مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا ۖ
فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٤٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ
أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَٰجَكَ ٱلَّٰتِىٓ ءَاتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ
يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ
وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ ٱلَّٰتِى هَاجَرْنَ مَعَكَ وَٱمْرَأَةً
مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِىِّ إِنْ أَرَادَ ٱلنَّبِىُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا
خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۗ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا
عَلَيْهِمْ فِىٓ أَزْوَٰجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ لِكَيْلَا
يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٠﴾

٤٤ ئه‌وێ ڕۆژێ كه دێنه‌به‌ر باره‌گاری ئه‌و، وه سه‌لام به‌خێریان دێنی‌و پاداشێكی پڕبایه‌خی بۆداناون.
٤٥ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر! ئێمه بۆیه ناردۆمانی، شایه‌ت‌و مزگێنی‌ده‌رو ترسێنه‌ربی.
٤٦ به‌ئیزنی ئه‌و، خه‌ڵك بۆخوداپه‌رستی گازی بكه‌ی‌و چرایه‌كی تیشكده‌ربی.
٤٧ به‌وانه‌ی خاوه‌ن باوه‌ڕن مژده‌ش بده، كه له لای خواوه به‌چاكه‌ی زورگه‌وره ئه‌خوێنرێنه‌وه.
٤٨ ئه‌وی خودانه‌ناسان‌و دوڕازه‌كان گه‌ره‌كیانه بیكه‌ی، مه‌یكه؛ گوێ به ئازاریشیان مه‌ده. هه‌ر خۆت به خودا بسپێره‌و خودا بریكاربێ به‌سه.
٤٩ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! ئه‌گه‌ر ژنی باوه‌ڕدارتان ماره‌كردو به‌رله‌وه‌ی ده‌گه‌ڵیان بنۆن ته‌لاقتان‌دان، نابێ تا ماوه‌یه‌كی دیاری كراو قه‌تیسیان كه‌ن؛ به‌شه‌كه‌ی خۆیان بده‌نێ‌و به ڕۆخۆشی ئازادیان كه‌ن.
٥٠ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر! ئێمه ئه‌و ژنانه‌تمان بۆ ڕه‌وادیوی، كه ماره‌ییت پێكه‌یاندون؛ ئه‌وانه‌ش كه له‌تالانێ ده‌س‌كه‌وتۆن‌و خودا كردۆنیه پشكی تۆ. هه‌ر وه‌ها دۆت مامه‌كانت‌و دۆت پلكانت‌و دۆت خالانت‌و كیژه‌كانی خوشكی خاڵت، كه ده‌گه‌ڵ تۆ ئاواره‌بۆن، به‌تۆ ده‌شێن. هه‌ر ژنێكی باوه‌رداریش - به‌ومه‌رجه خۆی ببه‌خشێ به پێغه‌مبه‌رو پێغه‌مبه‌ریش گه‌ره‌كی بێ ماره‌ی‌بكا - ئه‌مه‌ش هه‌رتایبه‌تی تۆیه؛ نه‌ك بۆ باوه‌ڕدارانی‌تر. ئێمه خۆمان زانیومانه كه ده‌رباره‌ی ئه‌و ژنانه‌ی به‌وان ڕه‌وان‌و ئه‌وانه‌ی ده‌بنه كه‌نیزیان، چلۆن بڕیارێكمان داوه، تا هیچ گیروگرفتێك بۆتۆ ڕۆنه‌دا. خودا له‌گونا ده‌بۆرێ‌و دلۆڤانه.

---

٤٤- وه: ئه‌و. وه‌سه‌لام به‌خێریان دێنێ: ئه‌و به‌خێرهاتنیان پێ‌ئێژێ. ٥٠- پشك: به‌ش، پاژ، پار.

۞ تُرْجِي مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ وَتُـْٔوِيٓ إِلَيْكَ مَن تَشَآءُ ۖ وَمَنِ ٱبْتَغَيْتَ
مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ
وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَآ ءَاتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ
مَا فِي قُلُوبِكُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا ﴿٥١﴾ لَّا يَحِلُّ لَكَ
ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعْدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَٰجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ
حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ رَّقِيبًا
﴿٥٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن
يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ
فَٱدْخُلُوا۟ فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَٱنتَشِرُوا۟ وَلَا مُسْتَـْٔنِسِينَ لِحَدِيثٍ ۚ إِنَّ
ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِۦ مِنكُمْ ۖ وَٱللَّهُ لَا
يَسْتَحْيِۦ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن
وَرَآءِ حِجَابٍ ۚ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ۚ وَمَا كَانَ
لَكُمْ أَن تُؤْذُوا۟ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓا۟ أَزْوَٰجَهُۥ
مِنۢ بَعْدِهِۦٓ أَبَدًا ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا ﴿٥٣﴾ إِن
تُبْدُوا۟ شَيْـًٔا أَوْ تُخْفُوهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا ﴿٥٤﴾

۵۱ تۆ سه‌رجێیی هه‌رکامیان وه‌دوا بخه‌ی و کامیان بانگ بکه‌یه لای خۆت، که‌یفی خۆته. ژنی ته‌خسیرکراویشت ئاشتکه‌یه‌وه، گوناهێکت نایه‌ته سه‌ر. ئه‌م کاره باشتر ده‌بێته هۆی ئه‌وه که دڵخۆش بن و خه‌م نه‌خۆن و هه‌مۆیان ڕازی بن به‌وه‌ی که پێت داون. خوا ده‌زانێ ئێوه چیتان به‌دڵدادێ. خودا زاناو له‌سه‌ر خۆیه.

۵۲ دوای ئه‌مانه‌ی - که خودا پێی ڕه‌وادیوی - ژنانی ترت پێ ناشێن؛ بۆشت نیه ئه‌وژنانه‌ت به‌ژنی تر بگۆڕیه‌وه؛ با ده‌لالی و جوانیه‌که‌شیان دڵی تۆی بۆخۆی کێشابێ؛ مه‌گین ئه‌وانه‌ی له‌تالان به‌رتۆ که‌وتون. خودا به‌سه‌ر هه‌مۆشتدا چاوه‌دێره.

۵۳ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن باوه‌ڕان! له‌ماڵه‌کانی پێغه‌مبه‌ر مه‌چنه‌ژورێ، مه‌گین بۆ جه‌مێکی خواردن بان‌کرابن؛ ئه‌گه‌ر چوشن، نابێ وه‌ختێکی وا بچن که ئه‌و جه‌مه خۆراکه ئاماده نه‌بوه. هه‌ر که ژه‌مه‌نانه‌که‌و خوارد، بڵاوه‌که‌ن و خۆ به‌قسه‌وه خه‌ریک مه‌که‌ن. ئه‌م‌کاره‌تان پێغه‌مبه‌ری ئازار ده‌داو له‌به‌ر ئێوه شه‌رم‌ده‌کا ده‌نگۆبدا. خودا له‌قسه‌ی ڕاست‌گوتن شه‌رم ناکا. هه‌ر کاتێکیش داوای شتێک له‌ژنه‌کانی ناوماڵ ده‌که‌ن، له‌پشت په‌رده‌وه بخوازن؛ ئه‌م کاره له دڵپاکی ئێوه‌و ئه‌وانیش نزیکتره. نابێ پێغه‌مبه‌ری خودا له ئێوه ئازارببینێ؛ ناشبێ دوای ئه‌و - تاهه‌تایه - ژنه‌کانی ماره‌بکه‌ن؛ که ئه‌م‌کاره له‌لای خودا گوناهێکی زۆر گه‌وره‌یه.

۵۴ هه‌رشتێ ئاشکرای بکه‌ن، یان وه‌یشێرن، خوا ده‌یزانێ.

---

۵۱- ته‌خسیر: ژنێ که مێرد سه‌رجێیی ناکا. ۵۲- ده‌لالی: جوانی و دڵڕفێنی.

۵۳- جه‌م: ژه‌م، هه‌لی نان خواردن.

لَّا جُنَاحَ عَلَيۡهِنَّ فِيٓ ءَابَآئِهِنَّ وَلَآ أَبۡنَآئِهِنَّ وَلَآ إِخۡوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبۡنَآءِ
إِخۡوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبۡنَآءِ أَخَوَٰتِهِنَّ وَلَا نِسَآئِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتۡ
أَيۡمَٰنُهُنَّۗ وَٱتَّقِينَ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدًا
٥٥ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ
ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابٗا
مُّهِينٗا ٥٧ وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ
بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ٥٨
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ
عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ
ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩ ۞ لَّئِن لَّمۡ يَنتَهِ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ
فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ وَٱلۡمُرۡجِفُونَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ لَنُغۡرِيَنَّكَ
بِهِمۡ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلٗا ٦٠ مَّلۡعُونِينَۖ
أَيۡنَمَا ثُقِفُوٓاْ أُخِذُواْ وَقُتِّلُواْ تَقۡتِيلٗا ٦١ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي
ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا ٦٢

۵۵ ئەگەر ژنان لەڕۆی باوک‌و کوڕانیان‌و براو برازایەکان‌و خوشکەزاکانی خۆیان‌و لەدیتنی ئەوژنانەی کە لەسەردینی خۆیانن‌و هەروەها کەنیزەکانیان ڕۆنەپۆشن، قەیدی نیە. ئەشێ لەخودا بترسن، خودا بۆخۆی لەهەمۆشت ئاگادارە.

۵۶ خوداو فرشتەکانی خوا، پەسنی پێغەمبەرێ دەدەن؛ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! سا ئێوەش پەسنی بدەن‌و بەدڵ‌و گیان سڵاوی خودای لێ‌بکەن.

۵۷ ئەوکەسانەی خوداو پێغەمبەری خودا ئازاردەدەن، بەرنەحلەتی خوداکەوتۆن، لەدنیاش‌و لەقیامەتێ، ئازاری پرسۆکایەتی بۆ داناون.

۵۸ کەسانێکی پیاووژنی خاوەن‌باوەڕ - بە بێ‌ئەوەی کارێکی خراپیان کردبێ - دەڕەنجێنن، بێ سۆتۆشی بوختان و تاوانێکی ئاشکرا بۆگن.

۵۹ ئەی پێغەمبەر! ژنەکانت‌و کچەکانت‌و خێزانی خاوەن‌باوەڕان حاڵی‌بکە، با خۆیان بەچارشێوەکانیان داپۆشن؛ ئەم‌کارە باشتر دەبێتە هۆی‌ئەوە کە بناسرێن‌و ئازار نەدرێن. خودا لەخەتا دەبۆرێ‌و دلۆڤانە.

۶۰ خۆ ئەگەر دۆڕازەکان‌و ئەوکەسانەش غەرەزێکیان لەدڵدایەو ئەو کەسانەی لەناوشاری مەدینەدا [لەدژی دین] دەنگۆ بڵاو دەکەنەوە، دەس هەڵنەگرن، دەیانخەینە بەردەستی تۆو لەئاکامدا - بێجگە ماوەیەکی هندک - لەوشارەدا ناتوانن ببن بەهاوسات.

۶۱ نەحلەت لەوانە کراوەو لە هەر کوێکا وەگیر کەوْن، دەگیرێن‌و هەر بە یەکجاری دەکوژرێن.

۶۲ شێوەی کاری خوا لەناو پێشینەکانی ڕابردۆشا هەروابوەو شێوەی کاروباری خودا گۆڕانی بەسەردا نایە.

---

۶۰- دەنگۆ: شایعە.

يَسْـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِۚ وَمَا يُدْرِيكَ
لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا ﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَٰفِرِينَ وَأَعَدَّ
لَهُمْ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۖ لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا
﴿٦٥﴾ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيْتَنَآ أَطَعْنَا ٱللَّهَ
وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا
فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ
وَٱلْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا ﴿٦٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ
ءَاذَوْا۟ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُوا۟ۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا ﴿٦٩﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ
لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ
فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا
ٱلْإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ لِّيُعَذِّبَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ
وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ وَيَتُوبَ ٱللَّهُ
عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًۢا ﴿٧٣﴾

٦٣ مەردم دەربارەی قیامەتت لێ‌دەپرسن؛ بێژە: هەر خودا دەیزانێ. تۆ چۆزانی؟ وێدەچێ‌بەم زوانەبێ.
٦٤ خودا نەحلەت لەو دین دوژمنانە دەکاو ئازاری لە جەهەندمدا بۆداناون.
٦٥ تاهەتا لەوێدادەبن و کەسیش نابێ بەدۆست و یارمەتی‌دەریان.
٦٦ ئەوێ ڕۆژێ دەموچاویان لەئاگردا ئەم‌دیو ئەودیوی پێدەکرێ، ئێژن: خۆزی بەفەرمانی خوامان کرباو بەرفەرمانی پێغەمبەربایین.
٦٧ دەشڵێن: ئەی پەروەرندەمان! ئێمە وەدوی ئاغاکان و گەورەکانی خۆمان کەوتین؛ ئەوان ئێمەیان گومڕاکرد.
٦٨ ئەی پەروەرێنی هەمۆمان! دۆسەرە ئازاریان‌بدەو فرە بەنەحلەتیان بکە.
٦٩ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! ئێوە وەک ئەوانە مەبن کە ئازاری مۆسایان دا؛ ئەوسا خودا لەو بوختانەی بۆیان دەکرد، پاکانەی کرد؛ لای خوداش پیاوێ لەڕۆبۆ.
٧٠ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! هەر لەخودابترسن و قسەی ڕاست و پتەوبکەن؛
٧١ تا خودا کارۆ ڕاست‌بێنێ و لەگوناهانتان ببۆرێ. هەر کەسێکی بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەری خوابێ، بە سەرکەوتنێکی گەورە گەییشتوە.
٧٢ ئێمە ئەم‌ئامانەتیەمان لەبەرانبەر ئاسمانەکان و زەمین و ئەو هەموکێوانە ڕانا، هیچیان دەخۆیان ڕانەدی بچنەژێری و لێی دەترسان. پاشان مرۆ وەستۆی خۆی گرت، کە نەیزانی و سەبارەت بەخۆی غەدری کرد.
٧٣ هەتا خودا پیاک و ژنەدوڕازەکان و ئەوانەی شەریکان بۆخوا دەناسن - نێرومێیان - ئازاربداو پەژیوانی هەمۆ کەسی باوەڕداریش - پیاوبن یان ژن - قبوڵ‌بکا. خودا لەگونا دەبۆرێ و دلۆڤانە.

---

٦٩- لەڕۆ: بەڕێز، بەقەدر.

# سُورَةُ سَبَإٍ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ
فِى ٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١﴾ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِى ٱلْأَرْضِ
وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ۚ وَهُوَ
ٱلرَّحِيمُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَأْتِينَا ٱلسَّاعَةُ ۖ
قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتَأْتِيَنَّكُمْ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ ۖ لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ
ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَآ أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ
وَلَآ أَكْبَرُ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٣﴾ لِّيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ
كَرِيمٌ ﴿٤﴾ وَٱلَّذِينَ سَعَوْ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُو۟لَٰٓئِكَ
لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴿٥﴾ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ
ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ
ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَلْ نَدُلُّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ
يُنَبِّئُكُمْ إِذَا مُزِّقْتُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمْ لَفِى خَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿٧﴾

# سەبەء

٥٤ ئایەت

## بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ پەسن وسوپاس بۆ خودایێ کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان هەر بۆ
ئەوەو لەودنیاش سپاس وپەسن هەر لەخۆی دەوەشێتەوە. هەر بۆ
خۆشی لەکارزان و ئاگادارە.
٢ هەرچی دەچێتە ناوزەوی و هەرچی لەزەوی دەرکەوێ و هەرچی
لەعاسمان داکەوێ و هەرچی لێیەوە سەرکەوێ، ئەو دەیزانێ و هەر بۆ
خۆشی دلۆڤانەو خەتابەخشە.
٣ ئەوانەی خودا ناناسن، گوتیان: هەرگیز ڕۆژی‌سەلا بۆمە نایە. بێژە:
سوێندم بەو خودایەی کەوا منی ڕاهێناوەو زانای هەمۆ نهێنیەکە،
بێ‌شک سەلاو لێ‌ڕادەبێ. هەرشتێکی بەقورسایی مێرۆلە وردیلەیەک
بێ، یان لەوچۆکتر یان مەزنتر لەنێوانی ئەم عاسمانانەو زەمیندان، تاقی
لەلای ئەو گوم‌نابێ؛ گشتی لەناو نۆسراوەیکی ڕۆن‌کەرەوە هەڵگیراوە.
٤ تا هەرکێ خاوەن‌باوەڕو ئاکارچاک بۆن، پاداشیان بۆ دیاری بکا. بۆ ئەوانە
لێ‌خۆشبۆن و ڕسق و رۆزی پاکژ دەبێ.
٥ ئەوانەی کە تێدەکۆشن بەنیشانەکانی ئێمە باوەڕنەکرێ و خۆیان لە ئێمە
ببوێرن، بەشی ئەوان جەزرەبەدانێ بەژانە.
٦ ئەوکەسانەش کە لەزانین بەش‌دراون، سۆردەزانن ئەوی بۆتۆ ناردراوە
ڕاستەو ڕێگەی بەرەو خاوەن دەستەلاتی پەسن‌دراو نیشان‌دەدا.
٧ خوانەناسەکانیش ئێژن: ئاخۆ ئێوە گەرەکتانە پیاوێکتان بۆ
دەس‌نیشان‌کەین، پێتان ئێژێ: ئەگەر ئێسک و پروسکیشتان بەربادبێ،
سەر لەنوێ زیندۆدەبنەوە؟

---

١- دەوەشێتەوە لە وەشانەوە: پێکەفتن. ٤- پاکژ: جێی تەرخان کراو.

أَفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِۦ جِنَّةُۢۗ بَلِ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ
فِي ٱلۡعَذَابِ وَٱلضَّلَٰلِ ٱلۡبَعِيدِ ﴿٨﴾ أَفَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ
وَمَا خَلۡفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِن نَّشَأۡ نَخۡسِفۡ بِهِمُ
ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ نُسۡقِطۡ عَلَيۡهِمۡ كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَةً لِّكُلِّ عَبۡدٍ مُّنِيبٍ ﴿٩﴾ ۞ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضۡلًاۖ
يَٰجِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُۥ وَٱلطَّيۡرَۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلۡحَدِيدَ ﴿١٠﴾ أَنِ ٱعۡمَلۡ
سَٰبِغَٰتٖ وَقَدِّرۡ فِي ٱلسَّرۡدِۖ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ
بَصِيرٞ ﴿١١﴾ وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهۡرٞ وَرَوَاحُهَا شَهۡرٞۖ
وَأَسَلۡنَا لَهُۥ عَيۡنَ ٱلۡقِطۡرِۖ وَمِنَ ٱلۡجِنِّ مَن يَعۡمَلُ بَيۡنَ يَدَيۡهِ بِإِذۡنِ
رَبِّهِۦۖ وَمَن يَزِغۡ مِنۡهُمۡ عَنۡ أَمۡرِنَا نُذِقۡهُ مِنۡ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٢﴾
يَعۡمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٖ كَٱلۡجَوَابِ
وَقُدُورٖ رَّاسِيَٰتٍۚ ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ
ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾ فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ
إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلۡجِنُّ
أَن لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٱلۡغَيۡبَ مَا لَبِثُواْ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ ﴿١٤﴾

۸ ئاخۆ درۆی به‌ده‌م خواوه هه‌ڵبه‌ستوه، یان شێت بوه؟ نه‌خێر، ئه‌وان که بڕوایان به ڕۆژی قیامه‌تێ نیه، له‌ئازاردا ده‌تلێنه‌وه‌و زۆر له‌ڕێ دوُرکه‌وتوُنه‌وه.

۹ ئاخۆ ئه‌مان له‌پێشه‌وه‌و پاشه‌وه‌ی خۆیان نه‌ڕوانی، له‌م عاسمان‌و زه‌مینه‌دا؟ ئه‌گه‌ر ئێمه بمانه‌وێ واده‌که‌ین زه‌مین قوُتیاندا، یان چه‌ندکوتێکی ئاسمانیان به‌سه‌ردا ده‌خه‌ینه‌خوارێ. له‌مه‌دا به‌ڵگه‌یه‌ک هه‌یه بۆ هه‌رعه‌بدێ ده‌خوازێ بگه‌ڕێته‌وه.

۱۰ ئێمه زێده‌به‌شێکمان دابۆ به‌داوود: ئه‌ی کێوه‌کان‌و باڵداران! ئێوه‌ش وه‌ل ئه‌و په‌سنی پاکی خودا بده‌ن. ئاسنیشمان بۆ نه‌رمکرد.

۱۱ که‌تۆ باڵاپۆش له ئاسن دروس بکه؛ گه‌وچن له‌ئه‌ندازه‌دابن، با کاره‌کانتان هێژابن؛ خۆم کاری ئێوه ده‌بینم.

۱۲ سوله‌یمانیش بامان بۆکه‌وی کردبۆ؛ ته‌نیا له‌دانی به‌یانی سی ڕۆژه‌ڕێ‌و سه‌رله‌نگۆره‌ش سی ڕۆژه‌ڕێ ڕیگه‌ی ده‌بڕی. بۆئه‌و، کانی مسیشمان تاواندبۆوه: چه‌ند جنۆکه‌ش - به‌فه‌رمانی په‌روه‌رنده‌ی - له‌به‌رده‌ستی کاریان ده‌کرد، هه‌رکێ له‌وان خۆی بواردباو له فه‌رمانی مه ده‌رچوُبا، ئێمه ئازاری ئاگرمان پێ‌ده‌چه‌شاند.

۱۳ چی ده‌ویست ئه‌وه‌یان ده‌کرد. هه‌ر له‌کۆشک و ته‌لاره‌وه، تا کوتەڵ‌و بۆتی زلی وێنه‌حه‌وزو چه‌ندین تیانی دابه‌ستراو. ئه‌ی ماڵ‌و خێزانی داوود! شوکرێ‌بکه‌ن؛ له عه‌بده‌کانم که‌متریان شوکرێ‌ده‌که‌ن.

۱۴ له‌وکاته‌شدا که مردنمان بۆبڕیاردا، ئه‌گه‌ر مۆرانه نه‌بوایه‌و دارعه‌ساکه‌ی نه‌خواردایه، که‌س به‌مه‌رگی نه‌ده‌زانی. کاتێ ڕه‌تی‌بردو که‌وت، بۆ جنۆکه‌کان ده‌رکه‌وت، گه‌ر پێواریان بزانیبا، له‌م ئازاره پڕسوُکایه‌تیه ده‌رچوُبوُن.

---

۱۱- **گه‌وچن:** هه‌رچی به ئاڵقه چندرابێ. ۱۲- **سه‌رله‌نگۆره:** سه‌رله‌ئێواره. ۱۳- **کۆته‌ل:** په‌یکه‌ر، هه‌یکه‌ل. **بۆت:** ده‌فر، کاسه. **تیان:** تیانه، مه‌نجه‌ڵی گه‌وره‌ی گوشاد. ۱۴- **موُرانه:** مۆریانه، جانه‌وه‌ری دارخۆر. **ڕه‌ت بردن:** ته‌کان خواردن له‌پڕ. **پێوار:** نادیار، نه له‌به‌رچاو.

لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ ءَايَةٌ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ
كُلُوا مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ
﴿١٥﴾ فَأَعْرَضُوا فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ وَبَدَّلْنَاهُم بِجَنَّتَيْهِمْ
جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَيْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَيْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ
﴿١٦﴾ ذَٰلِكَ جَزَيْنَاهُم بِمَا كَفَرُوا وَهَلْ نُجَازِي إِلَّا الْكَفُورَ ﴿١٧﴾
وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً
وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ ﴿١٨﴾
فَقَالُوا رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ فَجَعَلْنَاهُمْ
أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ
شَكُورٍ ﴿١٩﴾ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا
فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَانٍ
إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ وَرَبُّكَ
عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ ﴿٢١﴾ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ
اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي
الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴿٢٢﴾

١٥ جێگاو شوێنی خەڵکی سەبا نموونەبوون؛ دوو ڕێزەباغ لەلای ڕاست‌و لای
چەپەوە. لەم بژیوەی پەروەرندەتان پێداون، بەشوکرانەوە لێی بخۆن؛
ولاتێکی هێندەخۆش‌و پەروەرندەی وا خەتاپۆش!
١٦ نافەرمانی خودایان کرد؛ ئەوسا ئێمەش لافاوی ئاوی بەندێمان بەردا
سەریان؛ لەجێی دووڕێزەباخەکان، میوەی داری دارسیواک‌و گەزیچارو
کەمێ کنارمان بۆهێشتن.
١٧ ئەوان سپڵەی پێنەزان بوون، ئەم بەڵایەمان بۆناردن؛ ئاخۆ ئێمە بۆ
کەسانێ سپڵەنەبن، هیچ بەڵایان بەسەردێنین؟
١٨ لەناو ئەوان‌و گوندانێ پیتی خۆمان تێ‌خستبوون، چەند دێیەکمان لەپاڵ
یەکتر ئاواکردو مەودای نێوانیانمان بە ئەندازە دانا. دەسا بەشەوان‌و
ڕۆژان - بەبێ‌ترس - بەناویاندا دەربازبن.
١٩ گوتیان: ئەی پەروەرندەمان! مەودای مزڵ تا مزڵمان - لەسەفەردا - بۆ
دوورترکە؛ کە غەدرێک بوو لە خۆیان کرد. ئەوسا گشتمان وەها
لەیەکتردابڕی، بوونەپەندی ڕۆی زەمانە؛ کە ئەمەش چەند بەڵگەیەک بوو
بۆ هەموو خۆڕاگرێکی سوپاسگوزار.
٢٠ شەیتان دی کە گومانی سەبارەت بەوان وەڕاست گەڕا، شوێنی کەوتن؛
هەر دەستەیەک لە باوەڕدارەکانیان مان.
٢١ نەیدەتوانی شەیتان بەسەریاندا زاڵ‌بێ؛ تەنیا بۆیەبوو بزانین کێ بڕوای
بەقیامەت هەیەو کێش لەواندا لێی‌دوودڵە. پەروەرندەت لەهەمووشت
چاوەدێرە.
٢٢ بێژە: ئێوە هاوار لەوشتانەی غەیرەز خودا بکەن کە بەخەیاڵ بە
پەرستووتان دەزانین؛ ئەوانە سەنگی مێروله وردیلەیەک، دەستیان ناڕواو
لەسازدانی ئەم عاسمانانەو زەمینە بەشیان نەبوەو یارمەتی خوایان
نەداوە.

---

**١٦-بەندێ:** سەد، بەربەندی ئاو. **گەزیچار:** داری گەز. **کنار:** داری نەبگ.

وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن
قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ
٢٣ ۞ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قُلِ ٱللَّهُۖ
وَإِنَّآ أَوۡ إِيَّاكُمۡ لَعَلَىٰ هُدًى أَوۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٢٤ قُل
لَّا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّآ أَجۡرَمۡنَا وَلَا نُسۡـَٔلُ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ٢٥ قُلۡ
يَجۡمَعُ بَيۡنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفۡتَحُ بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَهُوَ ٱلۡفَتَّاحُ ٱلۡعَلِيمُ
٢٦ قُلۡ أَرُونِيَ ٱلَّذِينَ أَلۡحَقۡتُم بِهِۦ شُرَكَآءَۖ كَلَّاۚ بَلۡ هُوَ ٱللَّهُ
ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٢٧ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ
بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٨
وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٢٩
قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوۡمٖ لَّا تَسۡتَـٔۡخِرُونَ عَنۡهُ سَاعَةٗ وَلَا تَسۡتَقۡدِمُونَ
٣٠ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن نُّؤۡمِنَ بِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَلَا
بِٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِۗ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ مَوۡقُوفُونَ عِندَ
رَبِّهِمۡ يَرۡجِعُ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ ٱلۡقَوۡلَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ
ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ لَوۡلَآ أَنتُمۡ لَكُنَّا مُؤۡمِنِينَ ٣١

٢٣ تکاش لای ئەو بەهرەنادا؛ مەر بۆ کەسێک ئیزنی بدا. جا ئەو دەمەی
ترسی دڵیان دادەمرکێ، پێیان ئێژن: پەروەرندەی ئێوە چی‌وت؟ ئێژن:
ڕاستی‌و هەر ئەویشە هەرەپایەبەرزی مەزن.
٢٤ بێژە: ئەی کێ لە ئاسمانان و عەرزەوە بژیو بە ئێوە ئەگەینێ؟ بێژە: خودا؛
ئێمەو ئێوەش یان بەرەوخودا شارەزاین، یان ئاشکرا لەڕێی خودا
لامان‌داوە.
٢٥ بێژە: هەرگوناحێ بیکەین، کەس لەنگۆ ناپرسێتەوە؛ ئێوەش هەرکارێکی
دەیکەن، کەس لە مە ناپرسێتەوە.
٢٦ تۆ بێژە: پەروەرندەمان لێکترمان کۆدەکاتەوە؛ پاشان هەرچلۆنێ ڕاستە،
ئاوا بەناومان ڕادەگا. خۆی زانایەو هەرئەو بەکاران ڕادەگا.
٢٧ بێژە: ئەوانەم نیشاندەن کە بە شەریکیتان زانی، هەرگیز خوا شەریکی
نەبوە؛ بەڵکو هەر خوا خۆی خاوەنی دەستەڵات‌و لەکارزانە.
٢٨ ئێمە تۆمان هەربۆیە نارد کە بۆ گش خەڵکی سەرزەمین مژدەدەرو
ترسێنەربی؛ بەڵام زوربەی ئاپۆرەی مەردم نازانن.
٢٩ دەشڵێن: ئەگەر ئێوە ڕاستن، ئەم بەڵێنە کەی دێتەجێ.
٣٠ بێژە: ڕۆژێ کە بڕیارە لەوێدا بەیەکتر بگەن، نە تاوێکتان وەدوادەخەن،
نە تاوێکتان زۆتردەبەن.
٣١ خودانەناسەکان وتیان: ئێمە نە بەم قورعانە بڕوادەکەین‌و نە بەوانە کە
بەرلەو بەڕێ کراون. گەر تۆ ئەو ناهەق‌پیشانەت بدیتایە کە لە هەمبەر
پەروەرندەی خۆیانەوە ڕاگیراون، هێندێ ئاوڕ وەهێندێکیان دەدەنەوەو
دەئاخێون. ئەوانەی بێ دەستەڵات بۆن، بەدەستەڵات‌دارەکانی خۆیان
ئێژن: ئەگەر ئێوە نەبۆنایە ئێمە بڕوامان دەهێنا.

---

٣١-دەئاخێون:قسە دەکەن.لە ئاخافتن:قسە کردن.

قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُوٓاْ أَنَحۡنُ صَدَدۡنَٰكُمۡ
عَنِ ٱلۡهُدَىٰ بَعۡدَ إِذۡ جَآءَكُمۖ بَلۡ كُنتُم مُّجۡرِمِينَ ٣٢ وَقَالَ ٱلَّذِينَ
ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ بَلۡ مَكۡرُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ إِذۡ
تَأۡمُرُونَنَآ أَن نَّكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجۡعَلَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّدَامَةَ
لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَغۡلَٰلَ فِيٓ أَعۡنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ
هَلۡ يُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٣٣ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ
مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ٣٤
وَقَالُواْ نَحۡنُ أَكۡثَرُ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ ٣٥
قُلۡ إِنَّ رَبِّي يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ
لَا يَعۡلَمُونَ ٣٦ وَمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُم بِٱلَّتِي تُقَرِّبُكُمۡ عِندَنَا
زُلۡفَىٰٓ إِلَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَزَآءُ ٱلضِّعۡفِ
بِمَا عَمِلُواْ وَهُمۡ فِي ٱلۡغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ٣٧ وَٱلَّذِينَ يَسۡعَوۡنَ فِيٓ
ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡعَذَابِ مُحۡضَرُونَ ٣٨ قُلۡ
إِنَّ رَبِّي يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥۚ وَمَآ
أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ٣٩

٣٢ خاوەن دەستەڵاتەکانیش بەبێ‌دەستەڵاتان ئێژن: ئاخۆ ئێمەبوین
نەمانهێشت ئێوە بەڕێی ڕاستا بڕۆن، پاش ئەوەی کە ڕێ‌نیشاندەرتان
هاتەلا؟ هەر بۆخۆتان تاوانباربوون.
٣٣ ئەوسا بێ‌دەستەڵاتەکان لەوەرامی ئەوانەدا - کە خاوەن دەستەڵات
بۆگن - ئێژن: ئێوە بەشەووڕۆژ هەر گەڕتان تێ‌دەهاڵاندین کە دەبێ
خوانەناسین و چەندین هاوتای بۆ پەیداکەین. کاتێ دیتیان بۆ ئازاردان،
ئێمە خودانەناسەکان - زنجیر لەمل - رادەکێشینە پای حەساو، بەدڵ
پەشیمان دەبنەوە. دیارە هەرکەس هەر بەرانبەر کردەوەی خۆی سزا
دەدرێ.
٣٤ هەتا ئێستا هەر کەسێکمان لە پێغەمبەرانی خۆمان ناردۆتە هەر
ئاوەدانیەک، لە ئێمەیان بترسێنێ، هەر ئەوانەی لەوپەڕی خۆشیدا
ژیاون، گوتۆیانە: بەوشتانەی ئێوە پێی ڕاسپێراون باوەڕناکەین.
٣٥ گوتۆشیانە: ئێمە لەمەڕ ماڵی دنیاو عەولادەوە لەئێوە پترمان هەیەو
هەرگیز تۆشی ئازار نابین.
٣٦ بێژە: رۆزی، پەروەرندەی من دەینێرێ؛ زۆروکەمی بەستە بەمەیلی
خۆیەتی؛ بەڵام زوربەی ئەمخەڵکە ئەمە نازانن.
٣٧ سامانیش و عەولادی زۆر لەوانەنین لەئێمەۆ نزیک کاتەوە، مەگین
کەسێ بڕوای بەئێمە هێنابێ و ئاکاری چاک ڕەچاوبکا؛ کە لەبەرانبەر
کردەیان دۆسەرە پاداش ئەگرن و بێ‌دەغدەغە لەئۆدەکانی بەهەشتا
دەسێنەوە.
٣٨ ئەو کەسانەش کە بۆ بێ‌بایەخ‌کردنی نیشانەکانی ئێمە کۆشش دەکەن و
دەیانەوێ بەدەس ئێمەوە دەربچن، ئەشێ لەناو جەزرەبەدا بتلێنەوە.
٣٩ تۆ بێژە: پەروەرندەی من بژیوی عەبدانی دەدا، زۆروکەمی بەستە
بەمەیلی خۆیەتی و هەرچی لێشی بەخێربدەن، بۆتان تێ‌هەڵدێنێتەوەو
چاکترین ڕۆزی‌دەر ئەوە.

---

٣٣- تێ‌دەهاڵاندین: تێ‌دەپێچاین.   ٣٥- ئاپۆرە: کۆمای خەڵک.
٣٧- دەسێنەوە: دەحەسێنەوە.   ٣٩- تێ‌هەڵێنانەوە: تۆڵەکردنەوە، پاداشی چاکەدانەوە.

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُواْ
يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُواْ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُواْ
يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ
بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذُوقُواْ عَذَابَ
ٱلنَّارِ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ
قَالُواْ مَا هَٰذَآ إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُكُمْ
وَقَالُواْ مَا هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ مُّفْتَرًى ۚ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلْحَقِّ لَمَّا
جَآءَهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٣﴾ وَمَآ ءَاتَيْنَٰهُم مِّن كُتُبٍ
يَدْرُسُونَهَا ۖ وَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ ﴿٤٤﴾ وَكَذَّبَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَمَا بَلَغُواْ مِعْشَارَ مَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ فَكَذَّبُواْ رُسُلِي ۖ
فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٥﴾ ۞ قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن
تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم
مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾
قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ ۖ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ
كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿٤٧﴾ قُلْ إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٤٨﴾

٢٠ له‌و ڕۆژه‌دا که هه‌موان کۆده‌کاته‌وه، ئه‌وسا به‌فریشتان ئێژی: ئاخۆ ئه‌مانه ئێوه‌یان په‌رستوه؟
٢١ ئێژن: هه‌رتۆی هیچ که‌مایه‌سیه‌کت نه‌بێ؛ هه‌رخۆت گه‌وره‌ی هه‌مۆمانی؛ ئێمه ئه‌وانه ناناسین؛ به‌ڵکۆ ئه‌وان جندۆکه‌یان ده‌په‌رست‌و به‌شی زۆریان باوه‌ڕیان به‌مان هێنابۆ.
٢٢ جا ئه‌وڕۆژه ئێوه ده‌رباره‌ی یه‌کتری نه‌هیچ به‌هره‌یه‌کتان هه‌یه‌و نه‌هیچ زیانێک. به‌وانه‌ش که غه‌دریان‌کردوه، ئێژین: بچێژن ئازاری ئاگر، که به‌درۆتان ده‌زانی.
٢٣ که نیشانه‌ی ئاشکرامان بۆ ئه‌وان ده‌خوێنرایه‌وه، هه‌ر ده‌یانگوت: ببێ‌ونه‌بێ ئه‌م‌پیاوه گه‌ره‌کیه‌تی له‌وشتانه‌ی باب‌وکالتان ده‌یانپه‌رست پێشتان بگرێ؛ گوتیشیان ئه‌مه درۆیه‌و ڕێکخراوه. ئه‌وکه‌سانه‌ی که خودایان نه‌ناسیوه، وه‌ختێ ئه‌م ڕاسته‌یان بۆهات، وتیان: ئه‌مه - ببێ‌ونه‌بێ - جادویێکی ئاشکرایه.
٢٤ ئێمه کتێبگه‌لێکیشمان نه‌دابۆنێ بیانخوێنن؛ به‌رله‌تۆش هیچ پێغه‌مبه‌رمان بۆنه‌ناردۆن که ترسێکیان وه‌به‌ربێنێ.
٢٥ پێشینه‌کانی ئه‌مانه‌ش - وه‌ک ئه‌مانه - بێ‌باوه‌ڕبۆن؛ ده‌یه‌کی ئه‌وشتانه‌شیان پێ‌نه‌گه‌یوه که ئه‌وسا به‌وانمان دابۆ. به‌ڵێ، حاشایان کرد له پێغه‌مبه‌رانم. سا من چۆن ده‌ردێکم پێدان!
٢٦ بێژه: من هه‌ر ئامۆژگاریه‌کتان ده‌که‌م: له‌به‌ر خودا یه‌که‌یه‌که‌و دوان‌دوان ڕاوه‌ستن‌و پێکه‌وه بیربکه‌نه‌وه؛ هه‌واڵه‌که‌تان هیچ شێتی تێدا نیه؛ ئه‌و هه‌رته‌نیا گه‌ره‌کیه‌تی له‌هاتنی ئازارێکی زۆربه‌ژانتان بترسێنێ.
٢٧ بێژه: من هیچ پاداشێکم لێتان ناوێ؛ ئه‌وی ده‌بۆ بیده‌ن به‌منیش بۆخۆتان؛ پاداشی من له‌سه‌رخوایه‌و هه‌رئه‌و - بۆخۆی - له هه‌مۆشت ئاگاداره.
٢٨ بێژه: بێ سۆ په‌روه‌رنده‌م هه‌ق ده‌نێرێ. [هه‌ر بۆخۆشی] چازانی نهێنیه‌کانه.

قُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَمَا يُبۡدِئُ ٱلۡبَٰطِلُ وَمَا يُعِيدُ ﴿٤٩﴾ قُلۡ إِن ضَلَلۡتُ
فَإِنَّمَآ أَضِلُّ عَلَىٰ نَفۡسِيۖ وَإِنِ ٱهۡتَدَيۡتُ فَبِمَا يُوحِيٓ إِلَيَّ رَبِّيٓۚ إِنَّهُۥ
سَمِيعٞ قَرِيبٞ ﴿٥٠﴾ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ فَزِعُواْ فَلَا فَوۡتَ وَأُخِذُواْ مِن
مَّكَانٖ قَرِيبٖ ﴿٥١﴾ وَقَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِهِۦ وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن
مَّكَانِۭ بَعِيدٖ ﴿٥٢﴾ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِهِۦ مِن قَبۡلُۖ وَيَقۡذِفُونَ
بِٱلۡغَيۡبِ مِن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ ﴿٥٣﴾ وَحِيلَ بَيۡنَهُمۡ وَبَيۡنَ مَا يَشۡتَهُونَ
كَمَا فُعِلَ بِأَشۡيَاعِهِم مِّن قَبۡلُۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ فِي شَكّٖ مُّرِيبِۭ ﴿٥٤﴾

## سُورَةُ فَاطِرٍ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ
أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ
شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١﴾ مَّا يَفۡتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحۡمَةٖ فَلَا مُمۡسِكَ لَهَاۖ
وَمَا يُمۡسِكۡ فَلَا مُرۡسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ﴿٣﴾

٤٩ بێژە: ڕاستی جێی پڕوپۆچی گرتەوەو چرۆک هیچ باوێکی نەماو تازە قەت
ناگەڕێتەوە. ٥٠ بێژە: ئەگەر لەڕێگەی ڕاست کلابۆبم، وەباڵی دێتە
ئەستۆی خۆم؛ ئەگەر شارەزاش بۆبێتم، هۆیەکەی ئەو فەرمانەیە کە
پەروەرندەم بۆی‌ناردۆم؛ ئەوە دەبیسێ‌و نزیکە.
٥١ بریا[ ئەوانەت] بدیبا، وەختێ ترسیان ڕێ‌نیشتوەو هیچ دەرەتانێکیان
نیەو لەپەناوە دەگیر هاتۆن.
٥٢ ئەوسا ئێژن: ئەوا باوەڕمان پێ‌هێنا. کەی تازە لەوجێ دۆرەوە
بەوڕادەگەن؟
٥٣ کە دەپێشدا باوەڕیان پێ‌نەهێناوەو لەدۆرەوەو - لە نەدیتە - هەر
بوختانیان بۆ دەهاویشت. ٥٤ ئەوانە دۆر دەخرێنەوە لەوەی وا ئارەزۆی
دەکەن؛ هەروا کە هاوڕیەکانیان - بەر لە ئەوان - بەو دەردە چۆن.
ئەوان تۆشی گومانێکی زۆر دژواربۆن.

## فاتیر

وەناوی خوداکەی دەهندەی دلۆڤانە

٤٥ ئایە

١ شوکرانە هەر بۆخودایە کە عاسمانان‌و زەمینی داهێناوەو فریشتانی دۆباڵ‌و
سێ‌باڵ‌و چوارباڵی کردۆتە ڕاسپاردە. هەر چۆنی بۆخۆی حەزبکا، لە
بەرهەمی زێدە دەکا. خودا لەسەر هەمۆشتێک توانای هەیە.
٢ هەرگا خودا دەرۆی خێرێ لەڕۆی مەردم بکاتەوە، کەس ناتوانێ
گاڵەی‌بداو، ئەگەر ئەویش گاڵەی بدا - بەدەر لەخۆی - کەس ناتوانێ
بیکاتەوە. هەرخۆی خاوەن دەستەڵات‌و لەکارزانە. ٣ ئەی خەڵکینە!
لەبیرتان بێ خودا چەندی چاکە لەسەر ئێوە هەیە؛ ئاخو غەیرەز خودا،
وەدی‌هێنێک هەیە کە لە ئەزمان‌و زەوینا بژیوی ئێوە دابین‌کا؟
بەغەیرەزخۆی هیچ‌شت بۆ پەرستن ناشێ؛ چلۆن لەڕێ کلا دەکرێن؟

---

٤٩-مانای نێزێک بەلەبزی ئەم ئایەتە ئاوایە: «بێژە: هەق هات، ئیتر ناهەق نەشتێک دەس‌پێدەکات‌و نەشتێکیش دەگێڕێتەوە» دیارە کە دەس‌پێنەکردن‌و نەگێڕانەوە بڕیتیە لە: لەبەین چۆن‌و نەمان. کە وابۆ کاکڵەی مانای ئایەتەکە هەر ئەوەیە کە مامۆستا نۆسیویەتی. ٢-**گاڵەی بدا**: بیبەستێ. لە: **گاڵەدان**: بەستن.

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ
﴿٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا
وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ
عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم
مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿٧﴾ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا
فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ
عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٨﴾ وَٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ
ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ
مَوْتِهَا كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ﴿٩﴾ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا
إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرْفَعُهُۥ وَٱلَّذِينَ
يَمْكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَكْرُ أُو۟لَٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ
﴿١٠﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا
وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ
وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿١١﴾

۴ ئەگەر بەتۆ بڕواناکەن، پێغەمبەرانی بەرلەتۆش هەر بە درۆزن دانران. هەمۆکاریش هەر بۆلای خوا دەبرێنەوە.

۵ ئەی خەڵکینە! بێ‌سۆ بەڵێنی خوا ڕاستە؛ ژیانی دنیا نەکا بتانخەڵەتێنێ‌و نەکا شەیتان بە بەخشندەیی خوداتان فریوبدا.

۶ شەیتان دوژمنی ئێوەیە، سا ئێوەش ببنەدوژمنی؛ ئەو هەر بۆیە داروەستەی گازی دەکا، تا لەیارانی ئاگر بن.

۷ ئەوانەی خودانەناس بۆن، ئازارێکی توندیان دەبێ. ئەوی باوەڕیشیان هێناو ئاکاری چاکیان ڕەچاوکرد، لەگوناه عافۆ دەکرێن‌و پاداشی هێژایان هەیە.

۸ ئاخۆ کەسێ خراپەی بۆجوان کراوەو بۆخۆی پەسندی کردوە [ وەکۆ کەسێکە وانەبێ ؟] خوا حەزبکا، هەرکەسێ گومڕا دەکات‌و حەزیش بکا، شارەزای بەرەوخۆی دەکا. نەکا لەبەر خەمی ئەوان، تێدابچی؛ خوا دەزانێ ئەوانە چکارێک دەکەن.

۹ هەر خودایە ئەوبایانە بەڕێ‌دەکاو ئەوانیش هەور دەبزوێنن؛ ئەوسا هەور دەئاژوێن بەرەو سەرزەمینێکی مردۆ؛ زەوی مردۆ بەوە زیندۆدەکەینەوە؛ وەژیاندنی پاشە ڕۆژیش هەرئاوایە.

۱۰ کەسێ قەدرو ڕێزی دەوێ، ڕێزو قەدر گشتی لەدەست خودادایە. وتەی باش هەر بەرەوئەو بەرەژۆر دەچێ‌و ئاکاری چاکیش هەر بەرزی دەکاتەوە. ئەوکەسانەش کە فێڵ بۆخراپە دەکەن، بەتوندی سزا دەدرێن‌و فێڵەکانیان بەهیچ دەچێ.

۱۱ خودا ئێوەی هەوەڵ لەگڵ، پاشانیش لە تنۆکەیەک وەدی هێنا؛ پاشان جۆتەی لێ‌پێک هێنان. چی لەتۆلی مێوینەداو هەرچی لەمێوینە دەزێ، ئەو دەیزانێ. کێ عومری درێژی دەبێ‌و کێ تەمەنی کورتی دەبێ، هەمۆ لەدەفتەر نۆسراوە؛ ئەمە بۆخودا هاسانە.

---

۹-ئاژۆتن: بەڕێ‌کردن،هەناردن. وەژیاندن: ژیاندنەوە.

وَمَا يَسْتَوِي ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ وَهَٰذَا
مِلْحٌ أُجَاجٌ ۖ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ
حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ۖ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ
وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ
ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِى
لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۚ وَٱلَّذِينَ
تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن
تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ ۖ
وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ
﴿١٤﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِىُّ
ٱلْحَمِيدُ ﴿١٥﴾ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٦﴾
وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ ﴿١٧﴾ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ وَإِن
تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَىْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰٓ ۗ
إِنَّمَا تُنذِرُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ
وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِۦ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾

۱۲ دۆدەریا هەن وەکویەک نین: ئەم شیرینەو تینوایەتی دەشکێنێت‌و
ڤەخارنی گۆارایە، ئەو شۆریێکی تاڵ‌و تفتە؛ لە هەرکانیش گۆشتی تازە
بۆخارنێ پەیدادەکەن؛ زەمبەریشیان لێ‌دەردێنن کە پێیان بڕازێنەوە.
دەشبینی گەمیە دەریایان دەقەڵێشن تا ئێوە لەسایەی ئەودا ڕۆزی بۆخۆ
پەیداکەن‌و شوکرانەی لەسەر ببژێرن.
۱۳ شەو دەخاتە ناو ڕۆژەوەو ڕۆژیش دەشەوێ ڕادەکا؛ خۆرو هەیڤیشی
کەوی کرد؛ هەرکامی تاکاتی دیاردە دێن‌و دەچن. ئێوەی پەروەردە
کردوەو پادشاهیش هەر لەئەو دەوەشێتەوە. ئەو شتانەی -
غەیرەزخودا- ئێوە هانایان پێدەبەن، تەنانەتی تۆخڵی تەنکی دەنکی
خورمایە شک‌نابەن.
۱۴ گەر هاواریشیان بۆبەزن، هاوارەکەتان نابیسن؛ بیشی‌بیسن، ناشێن
بەدەنگتانەوەبێن؛ ڕۆژی سەلاش حاشادەکەن کە ئێوە پەرستۆتانن.
غەیرەزخودا - کە هەمۆشتێک دەزانێ- کەس ناتانێ [لەوانە]
ئاگادارت‌کا.
۱۵ ئەی خەڵکینە! ئێوە بەخودا ئاتاجن؛ هەر خودایە بێ‌نیازەو هێژایە
پەسندی بدرێ.
۱۶ ئەگەر حەزکا، هەمۆتان لەبەین دەبات‌و سەرلەنوێ، دەستەیەکی‌تر
پەیدادەکا؛ ۱۷ ئەمەش لای خوا دژوارنیە.
۱۸ هیچ کەس باری گوناهی کەس وەستۆناگرێ. ئەگەر بێتو گران‌بارێک
لەبەر یەکی‌تر وەپاڕێ: شان‌بداتە بەربارەکەی - با خزمی نزیکیشی بێ -
خۆ ناخاتە ژێرباری ئەو. تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ئەوکەسانە بترسێنی
کە نەدیتە لەپەروەرندەکەی خۆیان دەترسن‌و نمێژدەکەن. کێش
دەیەوێ بەپاکژی بژی، هەر خۆی لەوپاکیە بەهرەدەباو چارەنۆسی
هەمۆشیان هەر لای خودایە.

---

۱۲-ڤەخارن: خواردنەوە. خارن: خواردن. زەمبەر: خشڵ. ۱۳-تۆخل: تۆکڵ.

وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ
﴿٢٠﴾ وَلَا الظِّلُّ وَلَا الْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِي الْأَحْيَاءُ وَلَا الْأَمْوَاتُ ۚ
إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَنْ يَشَاءُ ۖ وَمَا أَنْتَ بِمُسْمِعٍ مَنْ فِي الْقُبُورِ ﴿٢٢﴾ إِنْ
أَنْتَ إِلَّا نَذِيرٌ ﴿٢٣﴾ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۚ وَإِنْ مِنْ
أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ وَإِنْ يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ
مِنْ قَبْلِهِمْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ
الْمُنِيرِ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٢٦﴾
أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُخْتَلِفًا
أَلْوَانُهَا ۚ وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا
وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾ وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ
مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ۗ
إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾ إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ
وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً
يَرْجُونَ تِجَارَةً لَنْ تَبُورَ ﴿٢٩﴾ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ
وَيَزِيدَهُمْ مِنْ فَضْلِهِ ۚ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٠﴾

١٩ کوێرو چاوساغ وه‌کۆیه‌ک نین.
٢٠ تاریکایی‌و ڕۆناکاییش وه‌کۆیه‌ک نین.
٢١ به‌رسێبه‌رو گه‌رمای تاویش وه‌کۆیه‌ک نین.
٢٢ گیان له‌به‌ران‌و بێ‌گیانیش هاووێنه‌نین. خودا حه‌زکا، واده‌کا هه‌رکه‌س ببیسێ. تۆ ناتانی ده‌نگت به‌وانه‌ڕابگا که خراونه ناوگۆڕه‌وه.
٢٣ تۆ هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ت له‌سه‌ره تزس وه‌به‌ر خه‌ڵکی بێنی.
٢٤ ئێمه به‌ڕاستی تۆمان نارد مژده‌ده‌رو ترسێنه‌ربی. هیچ کۆمه‌ڵته‌یه‌کیش نه‌بوه که تزس‌وه‌به‌رهێنه‌ریان بۆ نه‌چۆبێ.
٢٥ گه‌ر ئه‌مانه تۆ وه‌درۆده‌خه‌نه‌وه، پێشینه‌کانی ئه‌مانه‌ش پێغه‌مبه‌رانی خۆیانیان هه‌ر به درۆزن ژمێرا؛ گه‌رچی ئه‌وان به‌نیشانه‌گه‌ل پته‌وو به‌سیپاره‌و کتێبی ڕوناکی‌ده‌ره‌وه هاتنه‌لایان.
٢٦ ئه‌وسا خودانه‌ناسانم به غه‌زه‌ب گرت. ده‌سا سزای من چڵون بۆ؟
٢٧ ئاخۆ نه‌ت‌دی، خودا ئاوی له‌وبه‌رزه‌وه باراندوه، میوه‌جاتی هه‌مه‌ڕه‌نگه‌مان پێ‌ڕواند؟ له‌کێوانیش ڕێگه‌وبانی سپی وسۆری جۆراوجۆری به‌ڕه‌نگ جیای وه‌دی هێنان؟ ڕه‌شی وه‌ک قه‌له‌ڕه‌شه‌شیان تێداهه‌یه.
٢٨ له مه‌ردم‌و جانه‌وه‌رو پاتاڵیشدا، هه‌روه‌هایه؛ ڕه‌نگیان له‌یه‌کتر جودایه. له‌ناو عه‌بدانی خودادا هه‌ر ئه‌وانه‌ی فره‌زانان لێی‌ده‌ترسن. خودا خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتی خه‌تاپۆشه.
٢٩ ئه‌وکه‌سانه‌ی کتێبی خوا ده‌خوێننه‌وه‌و نوێژده‌که‌ن‌و له‌وبژیوه‌ی پێمان‌داون - به‌نهێنی‌و به‌ئاشکرایی - خێرده‌که‌ن، به‌هومێدی سه‌ودایه‌کن هه‌رگیز له‌بره‌و ناکه‌وێ.
٣٠ تا به‌رانبه‌ر به‌کۆششیان پاداشی خۆیان پێبداو له‌چاکه‌ی خۆی زێده‌شیان بۆوه‌سه‌ربخا. بێ گومانه ئه‌و خه‌تاپۆش‌و پێ‌زانه.

---

٢٤- کۆمه‌ڵته: کۆمه‌ڵ.   ٢٥- سیپاره: نامیلکه‌ی گچکه، نۆسراوه‌ی چکۆله،

وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ هُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ
يَدَيۡهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِعِبَادِهِۦ لَخَبِيرُۢ بَصِيرٞ ٣١ ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ
ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَاۖ فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ وَمِنۡهُم
مُّقۡتَصِدٞ وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَيۡرَٰتِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ
ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ٣٢ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا يُحَلَّوۡنَ
فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ٣٣
وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٞ
شَكُورٌ ٣٤ ٱلَّذِيٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلۡمُقَامَةِ مِن فَضۡلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا
فِيهَا نَصَبٞ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٞ ٣٥ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمۡ
نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقۡضَىٰ عَلَيۡهِمۡ فَيَمُوتُواْ وَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُم مِّنۡ
عَذَابِهَاۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي كُلَّ كَفُورٖ ٣٦ وَهُمۡ يَصۡطَرِخُونَ
فِيهَا رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ
أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُۖ
فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ٣٧ إِنَّ ٱللَّهَ عَٰلِمُ
غَيۡبِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٣٨

٣١ هەرچی لەناو ئەم کتێبە بەتۆمان ڕاگەیاندوە، ڕاستەو بڕوای بەو کتێبانەش هەیە کە لەخوداوە ناردراون. خودا لەعەبدەکانی خوی ئاگادارو چاوەدێرە.

٣٢ جا ئەوسا ئەم کتێبەمان کردە میرات بۆ ئەوعەبدانەمان کە هەڵمان بژاردن. لەناو ئەوانیشدا کەسانێک هەن غەدرێ لەخۆ دەکەن؛ بڕێکیشیان مامناونجین. هەر لەوانیش کەسانێک هەن - بە ئیزنی خوا - سەبارەت بەکاری چاکە پێشەبڕێ لە هەواڵان دەبڕنەوە؛ کە ئەمە زێدە بەشێکی زۆر هێژایە.

٣٣ دەچنەناو باغاتێکەوە کە نافەوتێن؛ لەوێ دەیانڕازێننەوەو بازوبەندیان لە زێڕو مرواری دەبێ و پۆشاکیشیان لەوێدا لە هەڤرەمیشە.

٣٤ ئەوسا ئێژن: شوکرانە بۆ ئەو خودایەی کەسەری لەسەر نەهێشتین؛ بە ڕاستی پەروەرندەمان زۆر خەتاپۆش و پێزانە.

٣٥ ئەو خودایە لەچاکەی خۆی ئێمەی لەماڵی هەرمان‌دا نیشتەجێ کرد. نە ڕەنجێ لێرا دەکێشین، نە تۆشی ماندویی دەبین.

٣٦ بۆ ئەوانەش کە لەخودا حاشایان کرد، ئاگری جەهەندەم هەیە؛ نە ڕێی مردنیان پێدەدەن، نە جەزرەبەی دۆژەهیان لەسەر سۆک دەکرێ. هەرکەسانێ بەچاکەی خودا نەزانن، ئێمە وایان سزادەدەین.

٣٧ بەزۆڕەزۆڕ لەوێدا دەپاڕێنەوە: پەروەرێنمان! لە دۆژەه بمانهێنەدەر؛ لە ئاکاری پێشوُ پەشیمان بۆینەوە؛ ئەمجارە کاری چاک دەکەین. ئەدی ئێمە تەمەنی وادرێژمان بە ئێوە نەدا کە هەرکەسێ بیویستایە، دەیتوانی پەندی لێ بگرێ؟ ترسێنەریشتان هاتەلا! دە ئەم‌ئازارە بچێژن. هەرکەسێ کە ناهەقی‌کرد، هیچ‌کەسی دەهانا نایە.

٣٨ خوا نهێنی ئەرزو ئاسمانان ئەزانێ و لەڕازی دڵی هەمۆکەس ئاگادارە.

---

٣٣- هەڤرەمیش: هەورێشم. ٣٤- کەسەر: خەم‌و خەفەت.
٣٥- هەرمان: نەفەوتان، هەمیشە بوُن. ٣٧- زۆڕە: دەنگی شیوەن‌و هاوار.

هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِي ٱلْأَرْضِۚ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥۖ وَلَا
يَزِيدُ ٱلْكَٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًاۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَٰفِرِينَ
كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا ٣٩ قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّٰلِمُونَ
بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا ٤٠ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓۚ
إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ٤١ وَأَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن
جَآءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَىٰ مِنْ إِحْدَى ٱلْأُمَمِۖ فَلَمَّا جَآءَهُمْ نَذِيرٌ
مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا ٤٢ ٱسْتِكْبَارًا فِي ٱلْأَرْضِ وَمَكْرَ ٱلسَّيِّيِٕۚ
وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦۚ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ
ٱلْأَوَّلِينَۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا
٤٣ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن
قَبْلِهِمْ وَكَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةًۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَيْءٍ
فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا ٤٤

۳۹ هه‌ر ئه‌و ئێوه‌ی له‌جێگه‌ی پێشینه‌کانتان - له‌م زه‌مینه - جێ‌کرده‌وه. ناسوپاسی ناسپاسان، هه‌ر تۆره‌یی په‌روه‌رێنیان پتر ده‌کاو بێ ئه‌مه‌گی بێ ئه‌مه‌گان، هه‌ر زیانیان زێده ده‌کا.

۴۰ بێژه: ئه‌وانه - له‌جێی خوا- پێتان، شه‌ریکی خودابۆن، نیشانم ده‌ن؛ له‌م زه‌مینه کامه‌شتیان وه‌دی‌هێنا؟ یان له وه‌دی‌هێنانی عاسمانه‌کاندا، که‌نگێ هه‌مکاری خودابۆن؟ یا خود ئه‌مانه کتێبیان لای ئێمه‌وه بۆهاتوه‌و به‌ڵگه‌یه به‌ده‌ستیانه‌وه؟ نه‌خێر، ئه‌وانه‌ی ناهه‌قن هه‌ر به‌ڵێنی خڵه‌تاندن به یه‌ک ده‌ده‌ن.

۴۱ خودایه که ئه‌م عاسمانان‌و زه‌وینه‌ی ڕاگرتوه‌که ناکه‌ون؛ ئه‌گه‌ر که‌وتن - له‌و به‌ده‌ر - که‌سی وانیه ڕاگیریان کا. ئه‌و کاری به‌شێنه‌یین‌و خه‌تاپۆشه.

۴۲ به‌توندی سوێندیان ده‌خواردن، که: به‌خودا سوێنده‌که‌مان، ئه‌گه‌ر ئێمه ترسێنه‌رێک له‌خوداوه بێته‌لامان، پتر له‌هه‌ر کۆمه‌ڵێ‌تر ڕێگه‌ی خودا ده‌گرینه‌به‌ر. که‌چی وه‌ختێ ترسێنه‌رێک هاته‌لایان، فره‌تر له خوا دۆره‌وکه‌فتن؛

۴۳ هه‌ر له‌به‌ر خۆبه‌زل‌زانین له زه‌مین‌داو بۆ فڕو فێڵ؛ فڕوفێڵیش هه‌ر یه‌خه‌ی خاوه‌نی ده‌گرێ. ئاخۆ بێژگه چاره‌نۆسی پێشینه‌کان، چاوه‌نۆڕی شتێک‌تر هه‌ن؟ ئه‌مه ڕێگه‌وشوێنی خوایه‌و قه‌ت نابینی ڕێ‌وشوێنی خوا بگۆڕدرێ‌و جێ‌به‌جێ بێ.

۴۲ ئاخۆ ئه‌وان له‌زمیندا نه‌گه‌ڕاون، تاببینن پێشینه‌کان - که له‌وانه‌ش به‌هێزتر بۆن - چیان به‌سه‌رهات؟ هیچ‌که‌س له‌ناو عاسمانه‌کان‌و زه‌میندا په‌یدانابێ که هێز له خودا بستێنێ؛ زاناو توانا هه‌ر خۆیه‌تی.

---

۴۱-شێنه‌یی: له‌سه‌رخۆیی.

وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَىٰ
ظَهۡرِهَا مِن دَآبَّةٖ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗىۖ
فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرَۢا ﴿٤٥﴾

## سُورَةُ يسٓ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يسٓ ﴿١﴾ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٢﴾ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٣﴾ عَلَىٰ
صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٤﴾ تَنزِيلَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٥﴾ لِتُنذِرَ قَوۡمٗا مَّآ
أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمۡ فَهُمۡ غَٰفِلُونَ ﴿٦﴾ لَقَدۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَىٰٓ أَكۡثَرِهِمۡ
فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٧﴾ إِنَّا جَعَلۡنَا فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ أَغۡلَٰلٗا فَهِيَ إِلَى
ٱلۡأَذۡقَانِ فَهُم مُّقۡمَحُونَ ﴿٨﴾ وَجَعَلۡنَا مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ سَدّٗا
وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ سَدّٗا فَأَغۡشَيۡنَٰهُمۡ فَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ﴿٩﴾ وَسَوَآءٌ
عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠﴾ إِنَّمَا تُنذِرُ
مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكۡرَ وَخَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِۖ فَبَشِّرۡهُ بِمَغۡفِرَةٖ
وَأَجۡرٖ كَرِيمٍ ﴿١١﴾ إِنَّا نَحۡنُ نُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَنَكۡتُبُ
مَا قَدَّمُواْ وَءَاثَٰرَهُمۡۚ وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ ﴿١٢﴾

٢٥ ئەگەر خودا ئەم مەردمەی - بەهۆی ئەوکارانەی دەیکەن - بگرتبا، لەسەر پشتی ئەم زەمینە جۆقەوارێکیش نەدەما؛ بەڵام خودا مەودای داوە تاماوەیێ دیاریکراو بمێننەوە؛ کەنگێ ئەوماوە بەسەرچۆ، خۆی دەزانێ عەبدەکانی چیان کردوە.

## یاسین

٨٣ ئایەت

### بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ یا، سین. ٢ سوێند بە قورئان، کە سەرلەبەر کارزانیە.
٣ تۆیەک لە پێغەمبەرانی. ٤ کەوتۆیە سەر ڕاستەڕێگە.
٥ ئەم قورعانە هەرە خاوەن‌دەستەڵاتی دلۆڤان ناردۆیەتەخوار.
٦ تا بەهۆی ئەو تزس وەبەرگەلێک بێنی کە باب‌وکاڵی پێشۆیان کەس لەخوای نەترساندون‌و بێ‌ئاگابۆن.
٧ بەڵێنی خوا زۆرینەیان دەگرێتەوە؛ سا ئەوان بڕواناهێنن.
٨ ئێمە ملیان دەخەینە ناو زنجیرەوەو تاچەنە شەتەکیان‌دەدەین، کە ناتوانن بۆهیچ لایەک سەربزێون؛ چاوگەلیشیان داشۆڕیاگە.
٩ لەمپەرێکمان لەپێشیانەوە داناوەو لەمپەرێک لەپشتیانەوە؛ تارماییشمان هاویشتە سەرگلێنەیان کە نابینن.
١٠ بۆئەوانە چ‌ترسیان وەبەربهێنی، چ‌نەهێنی، وەکۆیەکە. هەرنابن بەخاوەن‌باوەڕ.
١١ ترس وەبەرهێنانەکەت هەر بۆکەسێک باوی هەیە، پەیڕەوی ئەم قورعانەیەو لە نەدیتە ترسی خودای لەدڵدایە. سا تۆ مزگێنی پێبدە عافۆ دەکرێ‌و پاداشی باشیشی هەیە.
١٢ ئێمە خۆمان مریان زیندۆ دەکەینەوەو هەرکارێکی بەزیندۆیی کردۆیانەو شوێنەواریان، گش دەنۆسین. هەمۆشتمان لە کتێبێکی ڕۆن کەرەوە - هەر بە هەژمار - هەرژماردوە.

---

٢٥-جوقەوار: زیندەوەر، گیان‌لەبەر.   ١٢-مریان: مردوان.   مری: مردو.

وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلًا أَصۡحَٰبَ ٱلۡقَرۡيَةِ إِذۡ جَآءَهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿١٣﴾
إِذۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱثۡنَيۡنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ فَقَالُوٓاْ إِنَّآ
إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ ﴿١٤﴾ قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَمَآ أَنزَلَ
ٱلرَّحۡمَٰنُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَكۡذِبُونَ ﴿١٥﴾ قَالُواْ رَبُّنَا يَعۡلَمُ إِنَّآ
إِلَيۡكُمۡ لَمُرۡسَلُونَ ﴿١٦﴾ وَمَا عَلَيۡنَآ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١٧﴾
قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ وَلَيَمَسَّنَّكُم
مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١٨﴾ قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡۚ أَئِن ذُكِّرۡتُمۚ
بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ ﴿١٩﴾ وَجَآءَ مِنۡ أَقۡصَا ٱلۡمَدِينَةِ رَجُلٞ
يَسۡعَىٰ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُواْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٢٠﴾ ٱتَّبِعُواْ مَن
لَّا يَسۡـَٔلُكُمۡ أَجۡرٗا وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي
فَطَرَنِي وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٢٢﴾ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن
يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ لَّا تُغۡنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا
يُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ إِنِّيٓ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ إِنِّيٓ ءَامَنتُ
بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ ﴿٢٥﴾ قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي
يَعۡلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ﴿٢٧﴾

١٣ بەسەرهاتی خەڵکی ناو ئاواییەکەیان بۆوێنە بۆبگێڕەوە، کە پێغەمبەر
چۆنە لایان.
١٤ ئەو دەمەی کە دۆکەسمان بۆبەڕێ کردن، کەسیان بڕوای پێ نەکردن.
پێغەمبەری سێهەمیشمان ناردەلایان، یارمەتی ئەودوانەبدا. گوتیان:
ئێمە بێ گومانە، بۆلای ئێوە ناردراوین.
١٥ گوتیان: ئێوە هەر مرۆیەکن وەک خۆمان؛ خوا هیچی نەناردۆتەخوار؛ ئێوە
کارتان درۆدانە.
١٦ گوتیان: پەروەرندەی ئێمە خۆی دەزانێ کە ئێمە بۆلای ئێوە
ڕاسپێراوین.
١٧ گوتیان: ئێمە هەرئەوەندەمان لەسەرە، پەیامی ئەو - بەئاشکرا - بەنگۆ
بلێین؛ نەهیچی‌تر.
١٨ گوتیان: پێوقەدەمی ئێوە بۆمە شۆمە؛ دەس‌هەڵنەگرن، بەردەبارانتان
دەکەین و سەخت جەزرەبەتان دەدەین.
١٩ گوتیان: شۆمیۆ لەخۆتانە، ئاخۆ ئەگەر ئێوە ئامۆژگاری بکرێن
[ئاوادەکەن]؟ بەڵکو ئێوە کۆمەڵێکن لەئەندازەی خۆ دەرکەوتۆن.
٢٠ پیاگێک لەوسەری شارەوە بەغاردەهات، گوتی: گەلۆ! بدەنە شوێن
ئەوکەسانە ڕاسپیراون.
٢١ پەیڕەوی ئەمانەبکەن کە بۆخۆیان شارەزای ڕێگەی خودان و هیچ
پاداشیان لێتان ناوێ.
٢٢ من بۆدەبێ ئەوکەسەی منی دروس کرد، نەیپەرستم؛ گشتۆ بۆلای ئەو
دەچنەوە؟
٢٣ چۆن من دەچم - غەیرەزخودا - ئەوشتانە دەپەرستم، هەرگا خودا
گەرەکی بێ بەڵایەکم بەسەر بێنی، تکای ئەوان هیچ بەهرەیەکم بۆناداو
ناتوانن ڕزگارم بکەن؟
٢٤ ئەگەر وابێ، ئەوساکە من بەئاشکرا گومڕابۆگم.
٢٥ من بە پەروەرندەی ئێوە بڕوام هێنا؛ سا بژنەون.
٢٦ وترا: وەرەبەهەشتەوە. گوتی: بریا هۆزەکەشم بیزانیبا،
٢٧ کە ئەوکەسەی منی‌پەروەردەکردوە، لێم خۆش بوەو خستۆمیە ڕێزی
بەڕێزان.

۞ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا
كُنَّا مُنزِلِينَ ٢٨ إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ خَٰمِدُونَ
٢٩ يَٰحَسۡرَةً عَلَى ٱلۡعِبَادِۚ مَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ
يَسۡتَهۡزِءُونَ ٣٠ أَلَمۡ يَرَوۡاْ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم مِّنَ ٱلۡقُرُونِ
أَنَّهُمۡ إِلَيۡهِمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ٣١ وَإِن كُلّٞ لَّمَّا جَمِيعٞ لَّدَيۡنَا مُحۡضَرُونَ
٣٢ وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا
فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ ٣٣ وَجَعَلۡنَا فِيهَا جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ
وَأَعۡنَٰبٖ وَفَجَّرۡنَا فِيهَا مِنَ ٱلۡعُيُونِ ٣٤ لِيَأۡكُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦ
وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۚ أَفَلَا يَشۡكُرُونَ ٣٥ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي
خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلۡأَرۡضُ وَمِنۡ أَنفُسِهِمۡ
وَمِمَّا لَا يَعۡلَمُونَ ٣٦ وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ
فَإِذَا هُم مُّظۡلِمُونَ ٣٧ وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ
ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٣٨ وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ
عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ ٣٩ لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ
ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ٤٠

٢٨ دوای ئه‌و ئێمه هیچ له‌شکرمان - له‌عاسمان‌ڕا- نه‌نارده سه‌ر هۆزه‌که‌ی
ئه‌و، [به‌رله‌مه‌ش] هه‌ر نه‌مان‌ده‌نارد.
٢٩ هه‌ر ته‌نیا نه‌عره‌ته‌یه‌ک بۆ، که له ناکاو گش دامرکان.
٣٠ مخابن بۆ ئه‌وعه‌بدانه، هه‌ر پێغه‌مبه‌رێکیان بۆهات، هه‌ر گاڵته‌و گه‌پیان
پێکردوٚن.
٣١ چۆن ئه‌مانه نه‌یاندیوه که چه‌ندین چین له‌مرۆمان - له‌پێش ئه‌مان -
قڕکردوه‌و تازه نایه‌نه‌وه‌لایان؟
٣٢ بێ گومانه هه‌مۆلاشیان هه‌رده‌هێننه‌وه لای خۆمان.
٣٣ هه‌ر له‌زه‌وی ڕابمێنن، نیشانه‌ی بۆ ئه‌وان تێدا؛ به‌مردوٚیی ئێمه زیندوٚمان
کرده‌وه‌و ده‌نکمان لێ به‌رهه‌م‌هێنا؛ که خۆراکه بۆئه‌مانه.
٣٤ هه‌ر له‌زه‌ویش چه‌ندین باغی خورمابن‌و ڕه‌زی زۆرمان وه‌دی هێناو چه‌ند
کانیاومان لێ هه‌ڵقولاند.
٣٥ هه‌تاکۆ له میوه‌ی خوداو له ده‌سڕه‌نجی خۆیان بخۆن. ئاخۆ هێشتا
شوکرناکه‌ن؟
٣٦ هه‌ر خودا پاک‌و بێ‌عه‌یبه، که جۆته‌ی هه‌مۆشتێکی وه‌دی‌هێنا؛
چ‌له‌وانه‌ی له‌م سه‌رزه‌مینه ده‌ڕوێن‌و چ‌له‌خۆیان، چ‌له‌وانه‌ش که
نایزانن.
٣٧ بۆئه‌وانه، شه‌ویش یه‌ک له نیشانانه؛ ئێمه ڕۆژی لێ‌داده‌ڕنین‌و له ناکاو
تاریکانیان به‌سه‌رداد‌ێ.
٣٨ خۆریش به‌ره‌وبنه‌ی خۆی له‌گه‌ڕاندایه؛ که له خاوه‌ن‌ده‌سته‌ڵاتی
زاناوه‌یه، ئه‌و فه‌رمانه‌ی پێدراوه.
٣٩ هه‌یڤیش ئێمه بۆمان‌دانا به‌چه‌ند قۆناغا تێ‌په‌ڕێ؛ تا وای لێدێ، وه‌ک
په‌لی که‌ونی وشکه‌ڵی داری‌خورما، دێته‌به‌رچاو.
٤٠ نه خۆر توانای هێنده‌ی هه‌یه بگابه‌مانگ، نه شه‌و وه‌پێش ڕۆژ ده‌که‌وێ.
سه‌رله‌به‌ریش له ئاسمانێک مه‌له‌ده‌که‌ن.

---

٣٠- مخابن: به‌داخه‌وه، حه‌یف. ٣٨- بنه: بنکه، مه‌قه‌ڕ. ٣٩- هه‌یڤ: مانگ. که‌ون: کۆنه.

وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿٤١﴾ وَخَلَقْنَا
لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ
وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ ﴿٤٣﴾ إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا
قِيلَ لَهُمُ ٱتَّقُوا۟ مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٤٥﴾
وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ
﴿٤٦﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ أَطْعَمَهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى
ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ
﴿٤٨﴾ مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ
﴿٤٩﴾ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴿٥٠﴾
وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ
﴿٥١﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَٰنُ
وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٥٢﴾ إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً
فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ ﴿٥٣﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ
نَفْسٌ شَيْـًٔا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٥٤﴾

۴۱ ئه‌مه‌ش بۆیان نیشانه‌یه: هاوڕه‌گه‌زانی ئه‌وانمان له‌گه‌میه‌ی تژی‌کراودا هه‌ڵگرتۆه.
۴۲ وێنه‌ی ئه‌ویشمان داهێنا، که ده‌توانن سواری ببن.
۴۳ ئه‌گه‌ر حه‌زکه‌ین نوقمی بن‌ئاویان ده‌که‌ین و ئه‌وسا که هیچ فریاڕه‌سێکیان نابێت و ڕزگار ناکرێن.
۴۴ مه‌گین به‌زه‌یی ئێمه‌یان ده‌فریابێ و تاماوه‌یه‌ک به‌رخوردار بن.
۴۵ هه‌رکاتێکیش پێان بگوترێ: له‌وی له ڕوبه‌ڕوتانه‌و له‌وش له پشته‌سه‌رتانه، خۆپارێزبن، به‌شکۆ به‌ربه‌زه‌ی خواکه‌ون ،[ خۆده‌بوێرن ].
۴۶ هه‌رنیشانه‌یه‌کیان بۆبێ له‌لای په‌روه‌رێنیانه‌وه، ئیللا ده‌بێ ڕوی‌تێ‌نه‌که‌ن.
۴۷ کاتێکیش پێان بوترێ: له‌وبژیوه‌ی خواپێداون، خێری‌بکه‌ن؛ خوانه‌ناسان به‌خاوه‌ن‌باوه‌ڕان ئێژن: ئاخۆ ئێمه خۆراک به‌که‌سێ ببه‌خشین ئه‌گه‌ر خودا مه‌یلی‌لێ‌با بژیوی بۆ دابین‌ده‌کرد؟ ئێوه هه‌ر له گومڕاهی‌دان.
۴۸ ده‌شلێن: ئه‌گه‌ر قسه‌ڕاستن، ئه‌وبه‌ڵێنه، که‌ی به‌جێ‌دێ؟
۴۹ ئه‌وانه هه‌ر چاوه‌نۆڕی یه‌ک نه‌عره‌ته‌ن که له‌کاتێکدا خه‌ریکی هه‌راوکێشه‌ی ناوخۆیانن، ده‌یانگرێ.
۵۰ ناتوانن وه‌سیه‌تیش بکه‌ن؛ ڕێشیان نابێ بچنه‌وه ناو که‌س‌وکاریان.
۵۱ فوش به که‌ڵه‌شاخدا ده‌کرێ؛ ناگا گشت له گۆڕانه‌وه دێنه‌ده‌رو به‌ره‌و په‌روه‌رنده‌ی خۆیان به‌له‌ز ده‌ڕۆن.
۵۲ ئێژن: ئه‌ی هاوار به‌ماڵمان! کێ له‌ناو پێخه‌فه‌که‌مان ڕای‌په‌ڕاندین؟ ئه‌مه هه‌ر ئه‌و به‌ڵێنه‌یه خودادای و پێغه‌مبه‌ره‌کان ڕاستیان‌گوت.
۵۳ ته‌نیا هه‌ر یه‌ک نه‌عره‌ته‌یه‌و ناکاو هه‌مو لای ئێمه کۆده‌کرێنه‌وه.
۵۴ ئه‌وێ‌ڕۆژێ ناهه‌قی له‌که‌س ناکرێ و هه‌ر به‌رانبه‌ر به‌و کرده‌وه‌ی کردوتانه، سزاده‌درێن.

---

۴۱-تژی: پڕ.

إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ ﴿٥٥﴾ هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ
فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ﴿٥٦﴾ لَهُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَلَهُم
مَّا يَدَّعُونَ ﴿٥٧﴾ سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ ﴿٥٨﴾ وَٱمۡتَٰزُواْ ٱلۡيَوۡمَ
أَيُّهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ أَلَمۡ أَعۡهَدۡ إِلَيۡكُمۡ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا
تَعۡبُدُواْ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعۡبُدُونِيۚ
هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٦١﴾ وَلَقَدۡ أَضَلَّ مِنكُمۡ جِبِلّٗا كَثِيرًاۖ
أَفَلَمۡ تَكُونُواْ تَعۡقِلُونَ ﴿٦٢﴾ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ
﴿٦٣﴾ ٱصۡلَوۡهَا ٱلۡيَوۡمَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ﴿٦٤﴾ ٱلۡيَوۡمَ نَخۡتِمُ
عَلَىٰٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَتُكَلِّمُنَآ أَيۡدِيهِمۡ وَتَشۡهَدُ أَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ
يَكۡسِبُونَ ﴿٦٥﴾ وَلَوۡ نَشَآءُ لَطَمَسۡنَا عَلَىٰٓ أَعۡيُنِهِمۡ فَٱسۡتَبَقُواْ
ٱلصِّرَٰطَ فَأَنَّىٰ يُبۡصِرُونَ ﴿٦٦﴾ وَلَوۡ نَشَآءُ لَمَسَخۡنَٰهُمۡ
عَلَىٰ مَكَانَتِهِمۡ فَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ مُضِيّٗا وَلَا يَرۡجِعُونَ
﴿٦٧﴾ وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ أَفَلَا يَعۡقِلُونَ ﴿٦٨﴾
وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ وَقُرۡءَانٞ مُّبِينٞ
﴿٦٩﴾ لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيّٗا وَيَحِقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٧٠﴾

۵۵ ئه‌وانه‌ی ئه‌هلی به‌هه‌شتن، ئه‌وێ ڕۆژێ سه‌ریان گه‌رمه‌و له‌خۆشیدان.
۵۶ خۆیان ده‌گه‌ڵ ژنه‌کانیان، له‌به‌ر سێبه‌ر، له‌سه‌ر ته‌ختان، پاڵ‌که‌فتگن.
۵۷ له‌به‌هه‌شتا هه‌ر میوه‌یه‌ک‌و هه‌رشتێ داوای بکه‌ن، ئاماده‌یه.
۵۸ په‌روه‌رنده‌ی دلۆڤانیش - به‌له‌بزی خۆی - سلاوێکیان بۆده‌نێرێ.
۵۹ ئه‌ی ئه‌وانه‌ی تاوانبارن! ئێوه‌ش ئه‌مرۆ، ئه‌شێ خۆتان جیاکه‌نه‌وه.
۶۰ ئاخر ئه‌ی تۆره‌مه‌ی ئاده‌م! من له‌پێشدا په‌یمانم ده‌گه‌ڵ نه‌به‌ستن که
شه‌یتانێ نه‌په‌رستن؟ ئه‌و ئاشکرا دوژمنتانه.
۶۱ هه‌ر ته‌نیا خۆم بپه‌رستن؛ که ڕێگه‌ی ڕاست هه‌ر ئه‌مه‌یه.
۶۲ گه‌لێکی زۆری له‌ئێوه‌ی له‌ڕێ لادا؛ ئاخۆ هێشتا هه‌ر تێ‌ناگه‌ن؟
۶۳ ئه‌مه ئه‌م جه‌هه‌نده‌مه‌یه، که‌وا به‌ڵێنتان پێده‌درا.
۶۴ به‌هۆی پێ‌نه‌زانیه‌که‌تان، ئه‌مڕۆ ده‌بێ بچنه‌ناوی.
۶۵ ئه‌مڕۆ ئێمه مۆر ده‌خه‌ینه سه‌رده‌میان‌و ده‌ستیان ده‌گه‌ڵمان ده‌په‌یون؛
پاکانیشیان ده‌بنه شایه‌ت که کرده‌وه‌کانیان چبوه.
۶۶ ئه‌گه‌ر حه‌زکه‌ین، چاوه‌کانیشیان کوێرده‌که‌ین؛ به‌ره‌وڕێگا مله‌ده‌که‌ن. سا
کوا سۆمای دینیان هه‌یه؟
۶۷ ئه‌گه‌ر حه‌زیشمان کردبا - هه‌ر له‌جێگه‌که‌ی خۆیاندا - ده‌مانکردنه
شتێکی‌تر؛ ئه‌وساکه نه‌یانتوانیبا بێنه‌پێش‌و به‌ره‌ودواش نه‌گه‌ڕێنه‌وه.
۶۸ هه‌رکه‌سێکیش ته‌مه‌نی زۆری بده‌ینێ، ته‌رح‌و بیچمیشی ده‌گۆڕین. بۆچ
ناتانه‌وێ تێ‌بگه‌ن؟
۶۹ ئێمه ئه‌ومان فێری شێعر نه‌کردوه‌و هیچ پێویستیشی پێ‌نیه. ئه‌مه ته‌نیا بۆ
یادله‌خوداکردنه‌و قورئانێکه شێوه‌ژیان نیشان‌ده‌دا.
۷۰ تا ئه‌وانه‌ی به‌دڵ زیندوُن، له‌خودایان بترسێنێ‌و قسه‌ی خودا ده‌رباره‌ی
خودانه‌ناسان به‌جێ‌بگا.

---

۵۸- له‌بز: فه‌رمایشت، قسه‌ی پیاوی گه‌وره. ۶۵- ده‌په‌یون: قسه‌ده‌که‌ن. له: په‌یوین یا په‌یڤین: قسه‌کردن.

أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَآ أَنْعَـٰمًا فَهُمْ لَهَا
مَـٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ وَذَلَّلْنَـٰهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ ﴿٧٢﴾
وَلَهُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ وَمَشَارِبُ ۖ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾ وَٱتَّخَذُوا۟
مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يَسْتَطِيعُونَ
نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ﴿٧٥﴾ فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ ۘ
إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٦﴾ أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَـٰنُ أَنَّا
خَلَقْنَـٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٧٧﴾ وَضَرَبَ لَنَا
مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَـٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾
قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ
﴿٧٩﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَآ أَنتُم
مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾ أَوَلَيْسَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
بِقَـٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّـٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨١﴾
إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾
فَسُبْحَـٰنَ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾

## سُورَةُ الصَّافَّاتِ

۷۱ ئاخۆ هێشتا نه‌یاندیوه‌ ئێمه‌ به‌ده‌ستی توانامان پاتاڵمان بۆ به‌رهه‌مهێنان،
ئه‌وان بۆنه‌ته‌ خاوه‌نیان؟
۷۲ وا بۆشمان ده‌سته‌مۆکردۆن، که‌ ده‌توانن سواریان بن و لێیان بخۆن.
۷۳ هه‌ر له‌وانیش گه‌لێک جۆره‌ به‌هره‌ده‌به‌ن؛ زۆرشتی ڤه‌خارنیشیان
لێ وه‌رده‌گرن. هێشتا هه‌ر شوکرانه‌ ناکه‌ن.
۷۴ غه‌یره‌زخودا شتگه‌لێکی تریان په‌رست؛ شایه‌تا ده‌هانایان بێن.
۷۵ ناشتوانن ده‌هانایان بێن؛ به‌ڵام ئه‌مان له‌خزمه‌تیان، بۆ پێشمه‌رگه‌یی
ئاماده‌ن.
۷۶ وتاریان دڵته‌نگت نه‌کا؛ هه‌رشتێکی بیشێرنه‌وه‌ و هه‌رشتێکی بیدرکێنن،
ئێمه‌ لێیان ئاگادارین.
۷۷ مرۆ چۆن هێنده‌ نازانێ، که‌ ئێمه‌ له‌تنۆکێکمان ئافراندوه‌؛ که‌چی ئێستا
دوژمنێکی ئاشکرایه‌.
۷۸ ئه‌و مه‌سه‌لێکی بۆ ئێمه‌ هێنایه‌وه‌ و ئافراندنی خۆی له‌بیرکرد؛ ئێژێ: ئێسک
له‌پاش پۆان، کێ زیندۆیان ده‌کاته‌وه‌؟
۷۹ بێژه‌: که‌سێ هه‌وه‌ڵجار دروستی کردۆن، ئه‌و زیندۆیان ده‌کاته‌وه‌؛ بۆ
هه‌مۆ دروستکردنێک خۆی زانایه‌.
۸۰ ئه‌و که‌سێکه‌ له‌ داری شین، ئاگری بۆ په‌یداکردۆن؛ ئێوه‌ش هه‌ر له‌م
[ده‌سته‌چیله‌] ئار پێده‌که‌ن.
۸۱ ئاخۆ که‌سێ توانای هه‌بێ ئه‌م ئاسمانان و زه‌مینه‌ی داهێنابێ، توانای نیه‌
وێنه‌یان دروس‌کاته‌وه‌؟ ئارێ له‌وزه‌یدا هه‌یه‌ و وه‌دی‌هێنی فره‌زانا
هه‌رخۆیه‌تی.
۸۲ هه‌رگا هه‌رشتێکی بوێ په‌یدابێ، به‌فه‌رمان پێی ئێژی: ببه‌! هه‌ر
ده‌س‌به‌جێ په‌یداده‌بێ.
۸۳ پاکی و بێ‌عه‌یبی بۆ که‌سێ که‌ هه‌مۆشت له‌ژێر فه‌رمانی ئه‌ودایه‌ و، هه‌ر
بۆلای ئه‌و دوهێننه‌وه‌.

## سافات

١٨٢ ئایه‌ت

۷۱- پاتاڵ: ئاژاڵ، مه‌ڕومالات.    ۷۳- ڤه‌خارنی: شتی خواردنه‌وه‌.   ڤه‌خارن: خواردنه‌وه‌.
۸۰- شین: سه‌وزی تۆخ، ڕه‌نگی گیا.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفًّا ﴿١﴾ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجْرًا ﴿٢﴾ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكْرًا ﴿٣﴾
إِنَّ إِلَٰهَكُمْ لَوَٰحِدٌ ﴿٤﴾ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَرَبُّ
ٱلْمَشَٰرِقِ ﴿٥﴾ إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِزِينَةٍ ٱلْكَوَاكِبِ ﴿٦﴾ وَحِفْظًا
مِّن كُلِّ شَيْطَٰنٍ مَّارِدٍ ﴿٧﴾ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ
مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴿٨﴾ دُحُورًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ ﴿٩﴾ إِلَّا مَنْ خَطِفَ
ٱلْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴿١٠﴾ فَٱسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا
أَم مَّنْ خَلَقْنَآ ۚ إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ ﴿١١﴾ بَلْ عَجِبْتَ
وَيَسْخَرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ذُكِّرُوا۟ لَا يَذْكُرُونَ ﴿١٣﴾ وَإِذَا رَأَوْا۟ ءَايَةً يَسْتَسْخِرُونَ
﴿١٤﴾ وَقَالُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا
أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿١٦﴾ أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ ﴿١٧﴾ قُلْ نَعَمْ وَأَنتُمْ دَٰخِرُونَ
﴿١٨﴾ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ وَٰحِدَةٌ فَإِذَا هُمْ يَنظُرُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَا هَٰذَا
يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴿٢٠﴾ هَٰذَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢١﴾
۞ ٱحْشُرُوا۟ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَأَزْوَٰجَهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ﴿٢٢﴾ مِن دُونِ
ٱللَّهِ فَٱهْدُوهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٢٣﴾ وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾

## وەناوخوداکەدەمێندەودلۆڤانە

۱ سوێند بەوانەی بۆ ڕیزبەستن لەلای یەکتر ڕادەوەستن،
۲ سوێند بەوانەی لە ناڕەوا پێشی دەگرن،
۳ سوێند بەوانەی قورعان خوێنن، ۴ خودای ئێوە هەر یەکێکە.
۵ پەروەرێنی ئاسمانەکان و زەمینەو هەرچی لەناویاندا هەیەو پەروەرێنی ڕۆژلاتان. ۶ ئێمە عاسمانی نزیکمان بەئەستێران ڕازاندەوە.
۷ لەگش شەیتانێ نافەرمانیشمان پاراست. ۸ [ئیتر] لەبالانشینان کوڵەناکەن و لە گش لاوە ڕاودەنرێن. ۹ هەتا دوریان بخەنەوەو هەمیشەش ئازاریان هەیە. ۱۰ مەگین ئەوەی - هەر لەپڕ - شتێ برفێنێ؛ ئەویش بڵێسەی گڕێکی شوێن دەکەوێ. ۱۱ سا تۆ لەوانە بپرسە: ئاخۆ ئافراندنی ئەوان گرینگترە، یان ئەوانەی ئێمە وەدیمان هێناون؟ ئێمە ماکی ئەوانیشمان لەقوڕێکی پندری پێکەوەلکاو داڕژتوە.
۱۲ تۆ لەوەدا سەیرماوی و ئەوان حەنەکێ خۆدەکەن. ۱۳ ئەگەر نەسیحەتیش بکرێن، نەسیحەت دەگوێ ناگرن. ۱۴ هەر نیشانەیەک دەبینن، دەخوازن گەمەی پێ بدرێ. ۱۵ ئێژن: ئەمە جادوەو هیچی تر نیە.
۱۶ ئاخۆ ئێمە - کە مردین و بوینە خۆڵ و چەند پێشەیەک - ژنۆ زیندۆ دەکرێینەوە؟ ۱۷ وێڕای باب و باپیرانمان؟
۱۸ بێژە: ئارێ و، ئێوە ملکەچ و زەبۆنن. ۱۹ تەنیا تێ ڕاخوڕینێکەو ئەوسا هەر خۆیان دەڕوانن. ۲۰ ئێژن: هەی ماڵ‌ویران خۆمان! ئەمە ڕۆژەکەی سەلایە. ۲۱ بەڵی، ئەمە ئەوڕوژەیە کە پاک‌وپیس هەڵداوێرن و ئێوە بڕواتان نەدەکرد. ۲۲ ئەوانە لێک کۆکەنەوە کە ناهەقی پیشەبون و لفی‌وان و ئەوانەش کە دەیانپەرست، ۲۳ غەیرەزخودا. ئەوسا ڕێگەی جەهەندەمیان پێ نیشان دەن! ۲۴ ڕاشیان بگرن! دەبێ پرسیاریان لێ بکرێ.

---

۱-یا: سوێند بەوانەی بە تەکۆزی ڕێزدەبەستن. ۸- کوڵەکردن: کوڵەگرتن، گوی لە قسەی مەردم ڕاگرتن.
۱۱- پندر: کزر، نیوەوشک. ۱۲- حەنەک: جەفەنگ، قسەی گاڵتەوگەپ.
۱۶- ژنۆ: سەرلەنوێ، دوبارە. ۲۱- هەڵداوێرن: لێک جیادەکەنەوە.

مَا لَكُمۡ لَا تَنَاصَرُونَ ﴿٢٥﴾ بَلۡ هُمُ ٱلۡيَوۡمَ مُسۡتَسۡلِمُونَ ﴿٢٦﴾ وَأَقۡبَلَ بَعۡضُهُمۡ
عَلَىٰ بَعۡضٖ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٢٧﴾ قَالُوٓاْ إِنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَأۡتُونَنَا عَنِ ٱلۡيَمِينِ ﴿٢٨﴾
قَالُواْ بَل لَّمۡ تَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴿٢٩﴾ وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنِۭۖ
بَلۡ كُنتُمۡ قَوۡمٗا طَٰغِينَ ﴿٣٠﴾ فَحَقَّ عَلَيۡنَا قَوۡلُ رَبِّنَآۖ إِنَّا لَذَآئِقُونَ ﴿٣١﴾
فَأَغۡوَيۡنَٰكُمۡ إِنَّا كُنَّا غَٰوِينَ ﴿٣٢﴾ فَإِنَّهُمۡ يَوۡمَئِذٖ فِي ٱلۡعَذَابِ مُشۡتَرِكُونَ
﴿٣٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَفۡعَلُ بِٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهُمۡ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمۡ
لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا
لِشَاعِرٖ مَّجۡنُونِۭ ﴿٣٦﴾ بَلۡ جَآءَ بِٱلۡحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٣٧﴾ إِنَّكُمۡ
لَذَآئِقُواْ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَمَا تُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ
﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٤٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ رِزۡقٞ مَّعۡلُومٞ ﴿٤١﴾
فَوَٰكِهُۖ وَهُم مُّكۡرَمُونَ ﴿٤٢﴾ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٤٣﴾ عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ
﴿٤٤﴾ يُطَافُ عَلَيۡهِم بِكَأۡسٖ مِّن مَّعِينِۭ ﴿٤٥﴾ بَيۡضَآءَ لَذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ
﴿٤٦﴾ لَا فِيهَا غَوۡلٞ وَلَا هُمۡ عَنۡهَا يُنزَفُونَ ﴿٤٧﴾ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ
ٱلطَّرۡفِ عِينٞ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيۡضٞ مَّكۡنُونٞ ﴿٤٩﴾ فَأَقۡبَلَ بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ
بَعۡضٖ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٥٠﴾ قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٞ ﴿٥١﴾

۲۵ چیتانە، بۆچی دەهانای یەکترنایەن ؟!  ۲۶ ئەمڕۆ هەمۆ بێدەنگ و مل‌کەچ
وێستاون.  ۲۷ هێندێ لەوان رۆ لە هێندێکان دەکەن و لێک دەپرسن.
۲۸ ئێژن: بەنێوی خێرخوازی، ئێمەتان لەڕێگە لادا.  ۲۹ ئێژن: نەخێر، هەر
خۆتان بڕواتان نەبۆ.  ۳۰ زۆرێکمان لەسەرتان نەبوە، بەڵکو خۆتان
کۆمەڵێکی سەربزێو بۆن.  ۳۱ وا گفتی پەروەرندەمان لەسەر ئێمە
وەڕاست گەڕا؛ دیارە دەبێ بیشی چێژین.  ۳۲ ئێمە ئێوەمان گومڕا کرد؛
خۆشمان هەر ئەوسا گومڕا بۆین.  ۳۳ گش ئەمانە - لەورۆژەدا - بۆ
جەزرەبەدان هاوبەشن.  ۳۴ ئێمە ئاوا جزیای تاوانباران دەدەین.
۳۵ ئەگەر بەوانە دەوترا: غەیرەزخودا هیچ‌شت بۆپەرستن ناشێ، خۆیان زۆر
بەزل دەزانی.  ۳۶ دەشیان درکاند: ئێمە بۆ شاعیرێکی شێت چۆن
وازدێنین لەوانەی پەرستۆمانن ؟!  ۳۷ بەڵکۆ هەرچی ئەو هاوردی،
هەمۆی ڕاستەو بڕواشی کرد بەپێغەمبەرانی خودا.  ۳۸ ئێوە بێ‌شک
ئازاری بەژان دەچێژن.  ۳۹ هەر لەباتی کاری خۆتان سزادەدرێن.
۴۰ مەگین عەبدەڕاست و پاکەکانی خودا؛  ۴۱ بژیوی باش بۆئەوان دیاری
کراوە؛  ۴۲ میوەجاتەو زۆریشیان ڕێزلێ‌دەگیرێ.  ۴۳ لەباغاتی پڕلە هەمۆ
خێروبێرێک.  ۴۴ لە هەمبەریەک لەسەر تەختان ڕۆدەنیشن.  ۴۵ لەو
بادەیەی کە لەچاوەی ڕەوان ڕادێ، پیاڵەیان پێدادەگێڕن.
۴۶ وەڕەنگ چەرمگ، هەر کەیفە بۆ وەخۆرەوان.  ۴۷ هیچ سەرێشەی
تێدانیەو ئاوەزیشیان لەبەر مەستی لەدەس نادەن.  ۴۸ ژنگەلێکی
چاوگەورەیان لەلاهەیە، لەحاند نامۆ، چاودادەخەن.  ۴۹ لۆس و پاکژ
وەکۆ هێکی ناوهێلێنن.  ۵۰ بۆ وتوویژ رۆیان دەکەنە یەکتری.  ۵۱ یەکێ
لەوناوەدا ئێژێ: ئەمن هەمدەمێکم هەبۆ.

---

۳۰-سەربزێو: یاخی، ئەشقی.  ۴۴-ڕۆدەنیشن: دادەنیشن.  ۴۹-هێک: هێلکە.  هێلێن: هێلانە.

يَقُولُ أَءِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُصَدِّقِينَ ﴿٥٢﴾ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا
لَمَدِينُونَ ﴿٥٣﴾ قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ ﴿٥٤﴾ فَٱطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِى سَوَآءِ
ٱلْجَحِيمِ ﴿٥٥﴾ قَالَ تَٱللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴿٥٦﴾ وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّى
لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ ﴿٥٧﴾ أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّا مَوْتَتَنَا
ٱلْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٥٩﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٠﴾
لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ ٱلْعَٰمِلُونَ ﴿٦١﴾ أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ
ٱلزَّقُّومِ ﴿٦٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهَا فِتْنَةً لِّلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٣﴾ إِنَّهَا شَجَرَةٌ
تَخْرُجُ فِىٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٤﴾ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ
﴿٦٥﴾ فَإِنَّهُمْ لَءَاكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٦٦﴾ ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ
عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٦٧﴾ ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٨﴾
إِنَّهُمْ أَلْفَوْا۟ ءَابَآءَهُمْ ضَآلِّينَ ﴿٦٩﴾ فَهُمْ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ يُهْرَعُونَ ﴿٧٠﴾
وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٧١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا فِيهِم
مُّنذِرِينَ ﴿٧٢﴾ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿٧٣﴾
إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٧٤﴾ وَلَقَدْ نَادَىٰنَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ
ٱلْمُجِيبُونَ ﴿٧٥﴾ وَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٦﴾

۵۲ لێی دەپرسیم: تۆش لەوانەی کە باوەڕیان بەخواهەیە؟
۵۳ ئاخۆ ئەگەر ئێمەمردین، بوینە ئاخ و چەند هەستییەک، هەر حیسابمان لێدەکێشن؟
۵۴ پرسی: ئاخۆ هیچ ئاگایەکتان لێ هەیە؟
۵۵ ئەوسا خۆشی چاوی گێڕا، لەدوڕ جەهەندەمدا دیتی.
۵۶ گوتی: بەخوا، هەر وەخت بۆ لەبەینم بەری.
۵۷ ئەگەر چاکەی پەروەرندەی من نەبوایە، ئێستا منیش وێڕای تۆبوم.
۵۸ تۆ بزانە کە ئێمە تازە نامرین؛
۵۹ جیا لە مردنی پێشومان. هیچ ئازاردانیشمان نیە.
۶۰ کە ئەمەش بەختەوەریەکی زۆر مەزنە.
۶۱ ئەشێ بۆ پاداشی وەها خەباتبکەن، ئەو کەسانەی خەباتکارن.
۶۲ ئاخۆ ئەم پەزێراییە هێژاترە، یاخۆ دارەکەی ژەقنەموت؟!
۶۳ ئەومان کردۆتە بەڵایەک، بۆ گرۆی ناهەقیکاران.
۶۴ ئەو دارێکە لەدوڕ تەختی دۆژەهەوە دێتەدەرێ.
۶۵ بەرێک دەدا، لەهێچمی کەللەسەرانی شەیاتین.
۶۶ دۆژەهیەکان لەودەخۆن و عۆریانی پێ دەماسێنن.
۶۷ پاشان لەسەر ئەو خۆراکە لیخناوێکی هەرەگەرم دەخۆنەوە.
۶۸ پاشان هەر گڕدەخۆنەوە بۆ ناو دۆژەهـ.
۶۹ ئەوان دیتیان کە باو باپیرانیان گومڕان؛
۷۰ بۆیە وا - بەهەڵەداوان - بەشوێن ئەواندا پەلدەبن.
۷۱ بەر لەوانیش زوربەی زۆری پێشینەکانیان گومڕابون.
۷۲ زۆریشمان ترس وەبەرهێن ناردەناویان.
۷۳ دەبڕوانە - لەدواجاردا - ئەوانەی ترسێندرابون، چیان بەسەرهات.
۷۴ جیا لەوانەی بەدڵپاکی خوایانپەرست.
۷۵ نوحیش هاواری بۆهێنایین؛ زۆرباشی دەفریاکەوتین.
۷۶ خۆی و کەس و کارەکەیمان لەخەمی گەورە ڕزگارکرد.

---

۵۳- ئاخ: خاک. هەستی: ئێسک، پێشە. ۵۵- دوڕ: نێوەڕاست، ناوەند. ۵۸- یا: ئاخۆ ئێمە تازە نامرین؟ ۶۶- عۆر: ورگ، سک. ۶۷- لیخناو: لیڵ، شلوێ. ۷۰- پەلدەبن: بەپەلەدەچن.

وَجَعَلۡنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلۡبَاقِينَ ٧٧ وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ٧٨ سَلَٰمٌ
عَلَىٰ نُوحٖ فِي ٱلۡعَٰلَمِينَ ٧٩ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٨٠ إِنَّهُۥ مِنۡ
عِبَادِنَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٨١ ثُمَّ أَغۡرَقۡنَا ٱلۡأٓخَرِينَ ٨٢ ۞ وَإِنَّ مِن
شِيعَتِهِۦ لَإِبۡرَٰهِيمَ ٨٣ إِذۡ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلۡبٖ سَلِيمٍ ٨٤ إِذۡ قَالَ
لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦ مَاذَا تَعۡبُدُونَ ٨٥ أَئِفۡكًا ءَالِهَةٗ دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ
٨٦ فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٨٧ فَنَظَرَ نَظۡرَةٗ فِي ٱلنُّجُومِ ٨٨
فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٞ ٨٩ فَتَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ مُدۡبِرِينَ ٩٠ فَرَاغَ إِلَىٰٓ ءَالِهَتِهِمۡ
فَقَالَ أَلَا تَأۡكُلُونَ ٩١ مَا لَكُمۡ لَا تَنطِقُونَ ٩٢ فَرَاغَ عَلَيۡهِمۡ ضَرۡبَۢا
بِٱلۡيَمِينِ ٩٣ فَأَقۡبَلُوٓاْ إِلَيۡهِ يَزِفُّونَ ٩٤ قَالَ أَتَعۡبُدُونَ مَا تَنۡحِتُونَ
٩٥ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ٩٦ قَالُواْ ٱبۡنُواْ لَهُۥ بُنۡيَٰنٗا فَأَلۡقُوهُ
فِي ٱلۡجَحِيمِ ٩٧ فَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيۡدٗا فَجَعَلۡنَٰهُمُ ٱلۡأَسۡفَلِينَ ٩٨
وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ٩٩ رَبِّ هَبۡ لِي مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
١٠٠ فَبَشَّرۡنَٰهُ بِغُلَٰمٍ حَلِيمٖ ١٠١ فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ قَالَ
يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰۚ قَالَ
يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٠٢

٧٧ ته‌نیا به‌ره‌و تۆره‌مه‌ی ئه‌ومان هێشته‌وه. ٧٨ وامان کرد به‌ره‌ی دوای
ئه‌ویش، هه‌ر ناوی به‌چاکه به‌رن. ٧٩ سڵاو له‌نوح له سه‌رانسه‌ری
دنیادا. ٨٠ ئێمه ئاوا پاداشی کارچاکان ده‌ده‌ین. ٨١ ئه‌و یه‌کێ بۆ
له‌وعه‌بدانه‌م که بڕوایان پێ هێناوم. ٨٢ پاشان ئه‌وه‌کانی‌ترمان وه‌بن
ئاودا. ٨٣ ئیبڕاهیمیش له‌شوێن‌که‌وتوانی ئه‌وبۆ. ٨٤ ئه‌وسا به‌دڵی
پاکه‌وه هاته‌لای په‌روه‌رنده‌ی خۆی. ٨٥ به‌ئاپی‌و هۆزه‌که‌ی خۆی گوت:
ئه‌وه چین ده‌یانپه‌رستن؟ ٨٦ گه‌ره‌کتانه له‌بری خودا په‌رستنێ،
ئه‌وشتانه بپه‌رستن؟! ٨٧ ئاخۆ ئێوه سه‌باره‌ت به په‌روه‌رێنی هه‌مۆدنیا
بیروبڕواتان چلۆنه؟ ٨٨ ئه‌وسا هه‌ر خۆی ده‌ئه‌ستێرانی هه‌ڵڕوانی.
٨٩ گوتی: بێ‌سۆ من نه‌خۆشم. ٩٠ سا ئه‌وان لێی‌ته‌کینه‌وه‌و پشتیان تێکرد.
٩١ په‌نامه‌کی خۆی گه‌یانده بته‌کانیان؛ لێی‌پرسین: ئێوه بۆناخۆن؟!
٩٢ چیتانه، بۆ قسان‌ناکه‌ن؟! ٩٣ په‌نامه‌کی به‌ده‌ستی ڕاست مستێکی
تێ‌سره‌واندن. ٩٤ هۆزه‌که‌ی به‌هه‌ڵه‌داوان لێی‌وه‌کۆ بۆن. ٩٥ گوتی: ئاخۆ
ئێوه شتێ ده‌په‌رستن، که هه‌ر خۆتان دای‌ده‌تاشن؟ ٩٦ که هه‌ر خوایه،
ئێوه‌ش‌و کرده‌وه‌تانی وه‌دی هێنا. ٩٧ گوتیان: شۆره‌دیوارێکی بۆ
هه‌ڵچنن؛ ئه‌وسا ده‌ئاگری باوێن. ٩٨ گه‌ره‌کیان‌بۆ گه‌ڕێکی تێ‌بهاڵێنن،
ئێمه پتر ژێرمان خستن. ٩٩ گوتی: وا من ڕۆده‌که‌مه په‌روه‌رنده‌م؛ به‌م
زوانه به‌ره‌وخۆی شاره‌زام ده‌کا. ١٠٠ په‌روه‌رنده‌م! فرزه‌ندێکی ئاکارچاکم
پێ‌ببه‌خشه. ١٠١ ئه‌وسا ئێمه به لاوێکی له‌سه‌رخۆ مژده‌مان پێدا.
١٠٢ کاتێ گه‌یشته ته‌مه‌نێک که وێڕای ئه‌و خه‌بات بکا، گوتی: ئه‌ی
کوڕیژگه‌که‌ی خۆم! من له‌خه‌ونم‌دا وام‌دیوه تۆ سه‌رده‌بڕم؛ خۆت چۆنی
لێک‌ده‌ده‌یه‌وه؟ گوتی: بابۆ! هه‌رشتێ پێت سپێڕاوه به‌جێی‌بێنه؛ خوا
حه‌زبکا، به‌م‌زوانه تێده‌گه‌ی که منیش له خۆڕاگرانم.

---

٩٧- شۆره: سۆر، دیواری ده‌وری ماڵ‌و حه‌سار‌و شار. باوێن: بخه‌ن. له: هاویشتن: خستن.

فَلَمَّآ أَسۡلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلۡجَبِينِ ١٠٣ وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ١٠٤ قَدۡ
صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٠٥ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ
ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ ٱلۡمُبِينُ ١٠٦ وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٖ ١٠٧ وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي
ٱلۡأٓخِرِينَ ١٠٨ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ ١٠٩ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ
١١٠ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١١١ وَبَشَّرۡنَٰهُ بِإِسۡحَٰقَ نَبِيّٗا مِّنَ
ٱلصَّٰلِحِينَ ١١٢ وَبَٰرَكۡنَا عَلَيۡهِ وَعَلَىٰٓ إِسۡحَٰقَۚ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا
مُحۡسِنٞ وَظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ مُبِينٞ ١١٣ وَلَقَدۡ مَنَنَّا عَلَىٰ مُوسَىٰ
وَهَٰرُونَ ١١٤ وَنَجَّيۡنَٰهُمَا وَقَوۡمَهُمَا مِنَ ٱلۡكَرۡبِ ٱلۡعَظِيمِ
١١٥ وَنَصَرۡنَٰهُمۡ فَكَانُواْ هُمُ ٱلۡغَٰلِبِينَ ١١٦ وَءَاتَيۡنَٰهُمَا ٱلۡكِتَٰبَ
ٱلۡمُسۡتَبِينَ ١١٧ وَهَدَيۡنَٰهُمَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ١١٨ وَتَرَكۡنَا
عَلَيۡهِمَا فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ١١٩ سَلَٰمٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ
١٢٠ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٢١ إِنَّهُمَا مِنۡ
عِبَادِنَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٢٢ وَإِنَّ إِلۡيَاسَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٢٣
إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ ١٢٤ أَتَدۡعُونَ بَعۡلٗا وَتَذَرُونَ أَحۡسَنَ
ٱلۡخَٰلِقِينَ ١٢٥ ٱللَّهَ رَبَّكُمۡ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٢٦

١٠٣ وەختێ هەردو بڕیاری خوایان سەلماندو لەسەر ئەنی تخێلّیکرد، ١٠٤ گازین کردێ: ئەی ئیبراهیم! ١٠٥ ئەوا خەونەکەت وەدی هات؛ ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین. ١٠٦ دیارە ئەمە ئەزمونێکی ئاشکرا بۆ. ١٠٧ ئێمە ئەومان بە قوربانیەکی هەرەگەورە کڕیەوە. ١٠٨ وەشمان کرد بەرەی دوای ئەویش، هەر ناوی بەچاکەبەرن. ١٠٩ سلاّو لەسەر ئیبراهیم بێ. ١١٠ ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین. ١١١ بە ڕاستی ئەو یەکێ بۆ لە عەبدە بڕوادارەکانمان. ١١٢ مژدەی ئیسحاقیشمان پێدا، کە دەبێتە پێغەمبەرێکی ژێهاتی. ١١٣ بەرەکەتمان دا بەخۆیو بەئیسحاقیش. لەناو تۆرەمەکەیاندا هێندیکیان ئاکارچاک بۆنو تێشیاندا بۆن بەئاشکرا غەدریان لەخۆیان دەکرد. ١١٤ دەربارەی مۆساو هارۆنیش چاکەمان کرد. ١١٥ خۆیانو هۆزەکەیانمان لەچۆرتمیزل ڕزگارکرد. ١١٦ بۆخۆمان یاریدەمان دان کە سەر کەوتن. ١١٧ ئەوکتێبەشمان بەوان‌دا، کە هەمۆشت دیاری دەکا. ١١٨ ڕێگەی ڕاستیشمان نیشان‌دان. ١١٩ وامان کرد لە دواڕۆژیشدا هەر ناویان بەچاکەببرێ. ١٢٠ سلاّو لەسەر مۆساو هارۆن. ١٢١ ئێمە ئاوا چاکەکاران پاداش دەدەین. ١٢٢ هەردوکیان لەوعەبدانەم بۆن کە باوەڕیان پێ‌هێناوم. ١٢٣ بێ‌گومانە کە ئەلیاسیش یەکێ لە پێغەمبەرانە. ١٢٤ ئەوسا بەهۆزەکەی خۆی گوت: بۆچ شەرم لە خوداناکەن؟ ١٢٥ «بەعل» [بتە] دەیپەرستن؛ لەچاکترین وەدی هێنەر دەتەکنەوە؟ ١٢٦ لە خواکە پەروەرێنتانەو پەروەرێنی باڤەکانی پێشۆشتانە.

---

١٠٣-ئەنی: هەنیە، توێڵ. تخێلّ کردن: درێژەوەکردن بەسەر ئەرزا. ١٠٤-گازین کردێ: بانگمان لێکرد. ١٠٧-کڕینەوە: بریەتیە لەڕزگار کردن لە چۆرتم. ١١٢-ژێهاتی: هێژا، شیاو، لایق.

فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٢٨﴾
وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي ٱلْآخِرِينَ ﴿١٢٩﴾ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلْ يَاسِينَ ﴿١٣٠﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ
نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣١﴾ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ وَإِنَّ لُوطًا
لَّمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٣٣﴾ إِذْ نَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿١٣٤﴾ إِلَّا عَجُوزًا
فِي ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿١٣٥﴾ ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْآخَرِينَ ﴿١٣٦﴾ وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم
مُّصْبِحِينَ ﴿١٣٧﴾ وَبِٱلَّيْلِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٣٨﴾ وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ
ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٣٩﴾ إِذْ أَبَقَ إِلَى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿١٤٠﴾ فَسَاهَمَ فَكَانَ
مِنَ ٱلْمُدْحَضِينَ ﴿١٤١﴾ فَٱلْتَقَمَهُ ٱلْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ ﴿١٤٢﴾ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ
كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٤٤﴾
۞ فَنَبَذْنَٰهُ بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ سَقِيمٌ ﴿١٤٥﴾ وَأَنۢبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً
مِّن يَقْطِينٍ ﴿١٤٦﴾ وَأَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ مِاْئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ ﴿١٤٧﴾
فَـَٔامَنُواْ فَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ ﴿١٤٨﴾ فَٱسْتَفْتِهِمْ أَلِرَبِّكَ ٱلْبَنَاتُ
وَلَهُمُ ٱلْبَنُونَ ﴿١٤٩﴾ أَمْ خَلَقْنَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ إِنَٰثًا وَهُمْ
شَٰهِدُونَ ﴿١٥٠﴾ أَلَآ إِنَّهُم مِّنْ إِفْكِهِمْ لَيَقُولُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَدَ
ٱللَّهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٥٢﴾ أَصْطَفَى ٱلْبَنَاتِ عَلَى ٱلْبَنِينَ ﴿١٥٣﴾

١٢٧ سا باوه‌ڕیان پێ نه‌کردو دێنه به‌رلێ‌پرسینه‌وه.
١٢٨ مه‌گین عه‌بده ڕاست و پاکه‌کانی خودا.
١٢٩ وامان کرد له دواڕۆژیشدا هه‌رناوی به چاکه ببرێ.
١٣٠ سڵاوی مه له‌سه‌ر ئه‌لیاس.
١٣١ ئێمه ئاوا پاداشی کارچاکان ده‌ده‌ین.
١٣٢ ئه‌و یه‌کێ بۆ له‌وعه‌بدانه‌م که باوه‌ڕی پێ هێناوم.
١٣٣ لۆتیش له پێغه‌مبه‌ران بۆ.
١٣٤ خۆی و که‌س‌وکاریشین وێکرا ڕزگارکرد.
١٣٥ مه‌گین ته‌نیا پیرێژنێک که لای به‌جێ‌ماوه‌کان ما.
١٣٦ پاشان هه‌مۆمان قڕکردن.
١٣٧ بێ‌سۆ ئێوه لای به‌یانی، به‌لایاندا ڕاده‌بۆرن؛
١٣٨ یان شه‌وانه. چۆن له‌وڕۆداوه تێ‌ناگه‌ن؟!
١٣٩ یونسیش هه‌ر یه‌کێک بۆ له پێغه‌مبه‌ران؛
١٤٠ که ڕای‌کرده ناوگه‌می پڕ.
١٤١ له‌پشک خستن به‌شداربۆ؛ ئه‌و دۆڕاندی.
١٤٢ ئه‌وسا ماسیه‌کی زه‌لام، هه‌ڵی‌لۆشی‌و بۆخۆی سه‌رکۆنه‌ی خۆی ده‌کرد.
١٤٣ سا ئه‌گه‌ر ئه‌و پاکی خودای نه‌گوتبایه،
١٤٤ تا ڕۆژێ‌سه‌ڵا ڕاده‌بۆ، له‌ورگی‌دا ده‌مایه‌وه.
١٤٥ فڕێمان‌دایه ده‌شتێکی چۆڵ‌و قاقڕ؛ نه‌خۆشیش بۆ.
١٤٦ ئه‌وسا بڕکه‌ی کوندرێکمان له‌لا شین‌کرد.
١٤٧ ناردمانه ناو سه‌ده‌ه‌زاران یان زێده‌تر.
١٤٨ هه‌مۆ بڕوایان پێ‌هێناو تا ماوه‌یه‌ک ژیانێکی خۆشمان پێدان.
١٤٩ ده‌سا تۆ له‌وانه‌پرسه :توبێژی په‌روه‌رنده‌ی‌تۆ کیژی‌هه‌ن‌و ئی‌وان کوڕن؟!
١٥٠ یان له‌وێ‌بۆن که ئێمه فرشته‌کانمان مێ دروس‌کرد؟
١٥١ باش بزانه، هه‌رچی ده‌یلێن هه‌ر درۆیان هه‌ڵده‌به‌ستن؛
١٥٢ که: خودا منالی بوه. بێ‌گومانه درۆزنن.
١٥٣ ئاخۆ ئه‌و به‌جێ کوڕ، کچی بژاردوه؟

---

١٤٦- کوندر: کۆله‌که.

مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿١٥٤﴾ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٥﴾ أَمْ لَكُمْ سُلْطَٰنٌ مُّبِينٌ
﴿١٥٦﴾ فَأْتُوا۟ بِكِتَٰبِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٥٧﴾ وَجَعَلُوا۟ بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ
نَسَبًا ۚ وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴿١٥٨﴾ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا
يَصِفُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٠﴾ فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ ﴿١٦١﴾
مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَٰتِنِينَ ﴿١٦٢﴾ إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦٣﴾ وَمَا مِنَّآ إِلَّا
لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ ﴿١٦٤﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلصَّآفُّونَ ﴿١٦٥﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلْمُسَبِّحُونَ
﴿١٦٦﴾ وَإِن كَانُوا۟ لَيَقُولُونَ ﴿١٦٧﴾ لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٦٨﴾ لَكُنَّا
عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٩﴾ فَكَفَرُوا۟ بِهِۦ ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿١٧٠﴾ وَلَقَدْ
سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ
جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾ فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٤﴾ وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ
يُبْصِرُونَ ﴿١٧٥﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿١٧٦﴾ فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَآءَ
صَبَاحُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٧﴾ وَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٨﴾ وَأَبْصِرْ فَسَوْفَ
يُبْصِرُونَ ﴿١٧٩﴾ سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾
وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٨٢﴾

## سُورَةُ صٓ

١٥٤ چیتانە، چۆن پێ ڕادەگەن؟ ١٥٥ ئاخۆ هیچ بیرناکەنەوە؟
١٥٦ یان بەڵگەیەکی پتەوتان لەلا هەیە؟ ١٥٧ ئەگەر قسەی ئێوە ڕاستە، سا
کتێبی خۆتان بێنن. ١٥٨ جنۆکەیان دەگەڵ خودا کردەخزم؛ جنۆکانیش
باش دەزانن ئەوانە دەهێننەبەرێ. ١٥٩ خودا دۆرە لەوباسانەی ئەوان
دەیکەن. ١٦٠ مەگین ئەوی بەدڵپاکی عەبدایەتی خودادەکەن.
١٦١ سا وا ئێوەو ئەوانەی دەیانپەرستن، ١٦٢ کەستان بۆبت بەفریو ناچێ؛
١٦٣ مەگین ئەوی دەچێتە نێو دۆزەقەوە. ١٦٤ لە ئێمەدا هەرکامێکمان
جێگەی بۆ دیاریکراوە. ١٦٥ ئێمەین کە بۆخواپەرستی ڕێزدەبەستین.
١٦٦ ئێمەین هەرگیز لەتاریفی ڕاناوستین. ١٦٧ ئەوانیش خۆ هەر دەیانگوت:
١٦٨ ئەگەر ئێمەش لەلایەن پێشینانەوە، کتێبی خۆمان بۆ مابا،
١٦٩ ئێستا لەعەبدە دڵپاکەکانی خوا بۆین. ١٧٠ لەکتێبی خوا حاشایان کرد؛
زۆرناخایەنێ دەزانن. ١٧١ بێ گومانە بەرێش قسەکانی ئێمە - سەبارەت
بە عەبدە ناردراوەکانمان - بەمەردم ڕاگەیەنراوە:
١٧٢ کە هەر ئەوان یاری دەدرێن. ١٧٣ دیاریشە هەر سوپای ئێمە
سەردەکەوێ. ١٧٤ سا تۆ وازیان لێ بێنە هەتا ماوەیەک. ١٧٥ جا بیانبینە؛
ئەوانیش خۆدەبیننەوە. ١٧٦ دەیانەوێ کە زۆتر ئازاریان بدەین؟
١٧٧ هەرکاتێکی بێتەخوارو بەری دەرگایان لێ بگرێ، سپێدەی ترسێندراوان،
ئەوسا گەلێ خراپ دەبێ. ١٧٨ تۆ لەوانەش هەتا ماوەیەک وازبێنە.
١٧٩ جا ببینە، ئەوانیش خۆ دەبیننەو. ١٨٠ پاکی بۆ پەروەرندەی تۆ؛ هەرخۆی
خاوەن دەستەڵاتەو لەوقسانەی کە ئەوان دەربارەی دەکەن، گەلێ
دۆرە. ١٨١ سڵاویش لە پێغەمبەران. ١٨٢ سوپاسیش بۆ ڕاهێنەری هەمۆ
دنیا.

## صاد

٨٨ ئایەت

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

صٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ ﴿١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ ﴿٢﴾
كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ ﴿٣﴾ وَعَجِبُوٓاْ
أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ﴿٤﴾
أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ﴿٥﴾ وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ
مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ﴿٦﴾
مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ﴿٧﴾ أَءُنزِلَ
عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِيۖ بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ
﴿٨﴾ أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَحۡمَةِ رَبِّكَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ ﴿٩﴾ أَمۡ لَهُم
مُّلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ فَلۡيَرۡتَقُواْ فِي ٱلۡأَسۡبَٰبِ ﴿١٠﴾
جُندٞ مَّا هُنَالِكَ مَهۡزُومٞ مِّنَ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴿١١﴾ كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ
نُوحٖ وَعَادٞ وَفِرۡعَوۡنُ ذُو ٱلۡأَوۡتَادِ ﴿١٢﴾ وَثَمُودُ وَقَوۡمُ لُوطٖ وَأَصۡحَٰبُ
لۡـَٔيۡكَةِۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَحۡزَابُ ﴿١٣﴾ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ
فَحَقَّ عِقَابِ ﴿١٤﴾ وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ مَّا لَهَا
مِن فَوَاقٖ ﴿١٥﴾ وَقَالُواْ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبۡلَ يَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٦﴾

## بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ صاد. بەم قورعانە کە پڕلە ئامۆژگاری‌یە[ و دەبێ پەندی لێ وەرگیرێ].
٢ بەڵام خودانەناسەکان، خۆیان بەزل دەزانن و هەر خەریکی دژایەتین.
٣ پێش ئەمانەش زۆر بەرەمان لەناوبردن؛ جا ئەوانە هاواریان‌کرد؛ بەڵام
دەرفەت لەدەس چۆبۆ. ٤ ئەمەیان پێ سەیربوە کە پێغەمبەرێکیان
لەخۆیان بۆهاتوەو ترسی خوایان وەبەردەنێ؛ خودانەناسەکان گوتیان:
بێ‌نەبێ، ئەم‌کابرایە جادۆگەرێ درۆزنە. ٥ چۆن دەیەوێ لەجێی ئەو
هەمۆبتانەی دەتانپەرست، هەر خودایەک بپەرستن؟ ئەمە زۆر شتێکی
سەیرە. ٦ کەلەپیاوانیان کەوتنەڕێ [ وتیان پێیان:] بڕۆن و لەسەر
ئەوانەی تائێستا پەرستۆتانن، لا مەکەون و خۆڕاگربن؛ بێ‌سۆ ئەمە
ویستی مەیە. ٧ ئێمە لەدینەکەی تردا شتێ‌وامان نەبیستوە؛ ئەمە
ڕاستی تێدانیەو هەڵبەستەیە. ٨ چۆنە لەناو هەمۆماندا، قورئان هەر
بۆئەو هاتوە؟ دودڵیشن کە قورئان من ناردبێتم. هێمان ئازاری ئێمەیان
نەچەشتوە. ٩ ئاخۆ ئەوان گەنجینەکانی بەزەیی پەروەرندەی
بەدەستەڵات و دڵاوای تۆیان لایە؟ ١٠ یان ئاسمانان و زەمین و هەرچی
لەناویانداهەیە، دە بەردەستی ئەواندایە؟ دەسا با پەیژەدانێن و
بێنەسەرێ. ١١ ئەوانە لەشکرێکن لە کۆمەڵەکان کە لەوێندەرێ
تێدەشکێن. ١٢ بەرلەمانەش هۆزی نۆح و هۆزی عادو فیرعەونی
چوارنیخەکێشیس هەر بروایان بە پێغەمبەران نەهێنا. ١٣ هۆزی سەمۆد،
هۆزی لۆت و خەڵکی ناو لێڕەوارەکەش، هەر لەو بێ‌باوەڕانە بۆن.
١٤ گش ئەوانە پێغەمبەرەکانی خۆیان بەلاوە درۆزن بوەو هێژای
تۆڵەلێ‌ساندن بۆن. ١٥ ئەوانە هەر چاوەنۆڕن تا لەنەکاو گرمینێ‌وا
پەیدادەبێ، کەتەنانەت بەشی هەنیسک دانێکیش وچان‌نادا.
١٦ هەر دەڵێن: ئەی پەروەرێنمان! بەرلەوە ڕۆژی قیامەت بێ، پسۆلەی
خۆمان بدەیە.

---

١-یا: صاد. بە قورعانی خاوەن شکۆ. ١٣-لێڕەوار: جەنگەڵ، دارستان. ١٦-پسۆلە: بەش، بەهرە.
هێمان: هێشتان، هێشتا.

ٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلْأَيْدِ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٧﴾
إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِشْرَاقِ ﴿١٨﴾ وَٱلطَّيْرَ
مَحْشُورَةً ۖ كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٩﴾ وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحِكْمَةَ
وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ ﴿٢٠﴾ ۞ وَهَلْ أَتَىٰكَ نَبَؤُا۟ ٱلْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا۟
ٱلْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ ۖ
خَصْمَانِ بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ فَٱحْكُم بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ
وَٱهْدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً
وَلِىَ نَعْجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ
لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى
بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٌ
مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ
۩ ﴿٢٤﴾ فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ
﴿٢٥﴾ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ
بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ
عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾

١٧ هەرچی دەیڵێن بابیڵین، تۆ خۆڕاگر بەو داوود وەبیرخۆت بێنەوە؛ کە
عەبدێکی بەدەستەڵاتی ئێمە بۆ؛ لەهەرکارێ پەشیمانی ڕوی تێدەکرد،
هەر پەنای بەئێمە دێنا.
١٨ کێواتیشمان فێرکردبو، کە وێڕای ئەو سەرلەنگۆرەو لەکاتی تاوهەڵاتندا،
هەر تاریفی خودابکەن.
١٩ مەلانیش کۆمەڵ دەبۆن و گشتیان بەرەو ئەو دەهاتن.
٢٠ ئێمە فەرمانڕەواییمان بۆپتەوکرد؛ لەکارزانیندا بەشمان داو بەقسەی ئەو،
هەمۆکێشە کۆتادەبۆن.
٢١ ئەتۆ دەنگ‌وباسی ئەو دادبەرانەت بیست، کە لەشۆرەی نوێژگەکەیەوە
سەرکەوتن؟
٢٢ کە لەداوود وەژۆرکەوتن، لێیان ترسا. گوتیان: نیگەرانیت نەبێ، دۆ
دادبەرین؛ یەک لەئێمە غەدری لەوی‌تر کردوە؛ چۆن ڕەوایە ئاوا
بەناومان ڕابگەو لەدەستۆری خوا لامەدەو ڕاستەڕێمان نیشان بدە.
٢٣ ئەم برایەم نەوەدونۆ پەزی هەیەو من تەنیا پەزێکم هەیە. گوتی: بەمنی
بسپێرەو، لەکێشەدا من دەرۆستی ئەو نەهاتم.
٢٤ گوتی: ئەو کە پەزەکەی تۆ دەخاتەناو پەزەکانی، غەدرێ دەکا. زۆر
شەریکەماڵی‌تریش فێڵێ لەیەکتری دەکەن؛ مەگین ئەوی باوەڕیان
بەخودا هەیەو ئاکارچاکن؛ ئەویش کەمن. داوود زانی ئەزمۆمانە؛ ئیتر
تۆش پەشیمانی هات؛ سوژدەی بردو لەپەروەرندەی پاڕاوە کە
بیبەخشێ. ٢٥ ئێمە لەوهەڵەی بەخشیمان؛ لەنزیکانی خۆمانەو
گەڕانەوەی چاکی هەیە. ٢٦ ئەی داوود! جێ‌نشینیمان لەسەرزەمین
داوە بەتۆ؛ بەتەرزێکی خوداپەسند، بەکاری مەردم ڕابگەو شوێن ئارەزۆی
خۆت مەکەوە؛ کە لەڕێی خودا لاتبدا. ئەو کەسانەی لەڕێی خودا
دەردەکەون، چونکە قیامەتیان لەبیرچۆ، جەزرەبەی توندوتیژیان هەس.

---

١٨- **کێوات:** کۆساران. **سەرلەنگۆرە:** سەرئێوارە. **٢١- شۆرە:** سۆر، دیواری ماڵ و باغ و حەسار.
**دادبەر:** دادخوا. **٢٤- ئەزمۆمانە:** تاقیمان کردۆتەوە.

وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ
فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ
﴿٢٨﴾ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟
ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٩﴾ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ
﴿٣٠﴾ إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّىٓ
أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴿٣٢﴾
رُدُّوهَا عَلَىَّ ۖ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا
سُلَيْمَٰنَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴿٣٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ
لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾
فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ وَٱلشَّيَٰطِينَ
كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ ﴿٣٨﴾ هَٰذَا
عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٩﴾ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ
مَـَٔابٍ ﴿٤٠﴾ وَٱذْكُرْ عَبْدَنَآ أَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلشَّيْطَٰنُ
بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ ۖ هَٰذَا مُغْتَسَلٌۢ بَارِدٌ وَشَرَابٌ ﴿٤٢﴾

٢٧ ئێمه ئاسمان‌و زه‌ویمان - ئه‌وه‌ش كه له به‌ینیاندایه - به‌خۆڕایی دروس
نه‌كرد؛ ئه‌و كه‌سانه‌ی وا بیرده‌به‌ن، خوانه‌ناسن. های له‌وانه‌ی
خوانه‌ناسن، بۆ ئه‌و ئاگره‌ی ده‌یچنیّ! ٢٨ ئاخۆ ئێمه ئه‌وانه‌ی
خاوه‌ن‌باوه‌ڕن‌و ئاكارچاكن، هه‌روه‌ک ئه‌مانه داده‌نێین كه له‌م هه‌رده‌دا
به‌دفه‌ڕن؟ یاخۆ ئێمه خۆپارێزان وه‌ک گوناهباران ده‌ژمێرین؟
٢٩ ئه‌م قورعانه پڕله‌پیت‌و پیرۆزه‌مان به‌خه‌ڵات بۆتۆ نارده‌خوار، تا له‌سه‌ر
نیشانه‌كانی ڕابمێنن‌و خاوه‌ن‌دڵان ئامۆژگاری لیّ وه‌رگرن.
٣٠ سوله‌یمانمان به‌خه‌ڵات به‌خشی به‌داوود. ئای كه‌چه‌ند عه‌بدێكی باش
بوّ! هه‌میشه هه‌ر ڕوی ده‌مه‌بۆ. ٣١ سه‌رله‌نگۆریّ وه‌ختیّ ئه‌سپانی
ڕه‌سه‌نیان له‌به‌ر چاوانی ڕادنا، ٣٢ گوتی: ئه‌وینی ڕه‌وه‌كه‌م یادی خودای
له‌بیربردم؛ تا خۆر له‌ئاسۆ نه‌دیوبۆ. ٣٣ بیان‌گێڕنه‌وه. ئه‌وسا به‌تیخ،
مچۆن‌و ملیان په‌ڕاندن [و كرانه‌خێر]. ٣٤ ئێمه سوله‌یمانیشمان تاقی
كرده‌وه‌و لاشه‌یه‌كمان هاویشته بان كورسیه‌كه‌ی‌و دیسان هه‌رڕوی كرده
ئێمه. ٣٥ گوتی: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌كه‌م! عافۆم‌بكه‌و سامانێكی وام بده‌یه كه
له‌دوای من گیر هیچ كه‌سی‌تر نه‌كه‌ویّ؛ به‌خشنده‌ی هه‌رگه‌وره تۆی.
٣٦ ئێمه‌ش بامان بۆكه‌وی كرد؛ به‌فه‌رمانی ئه‌و - به‌نه‌رمی - بۆهه‌ركوێ‌یه‌ک
بیویستایه ده‌كه‌وته‌ڕێ.
٣٧ هه‌مۆ جسنه شه‌یاتینی پاڵه له قوره‌كاریداو بینه‌كێشیش،
٣٨ هێندێ تریش - كه تۆق‌له‌مل - هاتبۆنه به‌رفه‌رمانی.
٣٩ سامانێكمان پیّ به‌خشیوی كه له‌ژماره ده‌رچوه؛ سا تۆیان چاكه‌ی
لیّ بكه، یان ڕای‌بگره. ٤٠ سوله‌یمانیش له‌نزیكانی خۆمانه‌و گه‌ڕانه‌وه‌ی
چاكی هه‌یه. ٤١ له ئه‌ییوبیش - كه‌له‌عه‌بدانی ئێمه‌بۆ - بیربكه‌وه.
له‌وكاته‌دا كه هاواری بۆ په‌روه‌رنده‌ی خۆی هێنا: ئه‌وا شه‌یتان منی تۆشی
ئازارو له‌ش‌به‌باری‌كرد. ٤٢ پای خۆت بوكته به زه‌مینا، كه ئه‌مه
سه‌رچاویه‌كه بۆ مه‌له‌كردن ده‌ست‌ده‌داو چایكیشه، ده‌شكریّ لیّی
بخۆیه‌وه.

---

٣٠- **روی ده‌مه‌بۆ:** روی له ئێمه‌بۆ. ٣١- **سه‌رله‌نگۆریّ:** سه‌ر له ئێواره. ٣٢- **ڕه‌وه:** كۆمه‌ڵی له‌سپ‌و مایین. ٣٣- **مچۆن:** په‌ل، ده‌ست‌وپیّ حه‌یوان. ٣٦- **كه‌وی:** ڕام. ٣٧- **پاڵه:** كرێكار، فه‌عله. **بینه‌كێش:** مه‌له‌وانیّ كه بتوانیّ بچێته‌بن ئاو.

وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ
٤٣ وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ
نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ ٤٤ وَٱذۡكُرۡ عِبَٰدَنَآ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ
أُوْلِي ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَٰرِ ٤٥ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى
ٱلدَّارِ ٤٦ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ٤٧ وَٱذۡكُرۡ
إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ٤٨ هَٰذَا ذِكۡرٞۚ
وَإِنَّ لِلۡمُتَّقِينَ لَحُسۡنَ مَـَٔابٖ ٤٩ جَنَّٰتِ عَدۡنٖ مُّفَتَّحَةٗ لَّهُمُ ٱلۡأَبۡوَٰبُ
٥٠ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ وَشَرَابٖ ٥١
۞ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ أَتۡرَابٌ ٥٢ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوۡمِ
ٱلۡحِسَابِ ٥٣ إِنَّ هَٰذَا لَرِزۡقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ٥٤ هَٰذَاۚ وَإِنَّ
لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٖ ٥٥ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَا فَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ٥٦ هَٰذَا
فَلۡيَذُوقُوهُ حَمِيمٞ وَغَسَّاقٞ ٥٧ وَءَاخَرُ مِن شَكۡلِهِۦٓ أَزۡوَٰجٌ ٥٨
هَٰذَا فَوۡجٞ مُّقۡتَحِمٞ مَّعَكُمۡۖ لَا مَرۡحَبَۢا بِهِمۡۚ إِنَّهُمۡ صَالُواْ ٱلنَّارِ ٥٩
قَالُواْ بَلۡ أَنتُمۡ لَا مَرۡحَبَۢا بِكُمۡۖ أَنتُمۡ قَدَّمۡتُمُوهُ لَنَاۖ فَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ٦٠
قَالُواْ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدۡهُ عَذَابٗا ضِعۡفٗا فِي ٱلنَّارِ ٦١

۴۳ له‌به‌زیی خۆمانه‌وه، وردو درشتی خێزانیو هێنده‌ی تریشمان
پێ به‌خشی؛ تا ببێته بیره‌وه‌ری بۆ هه‌مۆ خاوه‌ن ئاوه‌زان.
۴۴ قولێ تۆڵی وردو زراو بگره‌ده‌ستتو پێ لێده؛ با سوێنده‌که‌ت لێ نه‌که‌وێ.
ئێمه ئه‌ومان به پیاوێکی به‌حه‌وسه‌له هاته‌به‌رچاو؛ عه‌بدی چاک بۆ؛
به‌ڕاستی ئه‌و تۆبه‌کاربۆ. ۴۵ عه‌بده‌کانمان: ئیبڕاهیمو ئیسحاقو
یه‌عقۆبیش وه‌بیربێرانه‌وه؛ که هه‌مۆیان خاوه‌ن ده‌ستو دڵڕۆشن بۆن.
۴۶ چونکه هه‌میشه قیامه‌تیان وه‌بیرخه‌ڵک دێنایه‌وه، بۆنه دۆستی
تایبه‌تیمان. ۴۷ ئه‌وان به‌لای ئێمه‌وه له هه‌ڵبژارده چاکه‌کانن.
۴۸ ئیسماعیلو زه‌لکیفلو ئه‌لیه‌سه‌عیشت له‌بیر نه‌چێ؛ هه‌مۆیان
له‌پیاوچاکانن. ۴۹ ئه‌مه بۆ بیره‌وه‌ریه‌که‌و؛ ئه‌وانه‌ی خودێ ترس بۆن،
له‌ودنیا جێگه‌یان خۆشه. ۵۰ باغاتێکه نه‌مانی به‌سه‌ردانایه‌و ده‌رگایان بۆ
کراوه‌ته‌وه. ۵۱ له‌وێ پاڵیان‌داوه‌ته‌وه؛ هه‌رمیوه‌و ڤه‌خارنێکی ئاره‌زۆکه‌ن،
داوای ده‌که‌ن.
۵۲ زۆرمێوینه‌ی هاوته‌مه‌نیان له‌لاهه‌یه، له‌ڕوی نامۆ چاوداده‌خه‌ن.
۵۳ ئه‌مانه هه‌ر ئه‌وشتانه‌ن که به‌ڵێنتان پێدرابۆ؛ ڕۆژی قیامه‌تێ ده‌وده‌نێ.
۵۴ ئه‌مه بژیوی ئێمه‌یه‌و هه‌رگیز وشکاویشی نایه. ۵۵ ئه‌مه ئاوا. ئه‌وکه‌سانه‌ش
که له‌ڕێی ئێمه لاده‌ده‌ن، دێنه‌وه‌شوێنێ زۆرخراپ.
۵۶ دوردۆزه‌قه‌و شوێنێکی زۆر ناله‌باره. ۵۷ با ده‌وێدا ئاوا که‌لیو کێمو زۆخاو
بخۆنه‌وه. ۵۸ هه‌ر له‌م ته‌رزه جه‌زره‌بانه، چه‌ندین وێنه‌ی تریش هه‌یه.
۵۹ ئه‌م گرۆیه‌ش که هه‌ربه‌زۆر ده‌گه‌ڵ ئێوه دێنه‌ناوێ؛ ئای به‌خێرنه‌یه‌ن!
ئه‌وانیش ئه‌شێ هه‌ر له ئاگردابن. ۶۰ ئێژن: خۆتان به‌خێرنه‌یه‌ن! ئێوه‌ن
ئه‌م شوێنه خراپه‌و پێشه‌کی بۆمه ڕه‌چاوکرد. ئه‌نوایه‌کی زۆر خراپه!
۶۱ ئێژن: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌مان! کێ پێشه‌کی ئه‌مه‌ی بۆئێمه سازداوه، تۆ
دۆسه‌ره به‌ئاگر جه‌زره‌به‌ی بده.

---

۴۴- زراو: لقی تازه‌لک‌ده‌کردگ.    ۵۶- دوږ: نێوه‌ڕاست.

وَقَالُواْ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالٗا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلۡأَشۡرَارِ ٦٢ أَتَّخَذۡنَٰهُمۡ
سِخۡرِيًّا أَمۡ زَاغَتۡ عَنۡهُمُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ٦٣ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقّٞ تَخَاصُمُ أَهۡلِ
ٱلنَّارِ ٦٤ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٞۖ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ٦٥
رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ ٦٦ قُلۡ هُوَ نَبَؤٌاْ
عَظِيمٌ ٦٧ أَنتُمۡ عَنۡهُ مُعۡرِضُونَ ٦٨ مَا كَانَ لِيَ مِنۡ عِلۡمِۭ بِٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰٓ
إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ ٦٩ إِن يُوحَىٰٓ إِلَيَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ٧٠ إِذۡ قَالَ رَبُّكَ
لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ ٧١ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ
مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ٧٢ فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ
أَجۡمَعُونَ ٧٣ إِلَّآ إِبۡلِيسَ ٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٧٤ قَالَ
يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ
مِنَ ٱلۡعَالِينَ ٧٥ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُۖ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ
٧٦ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ٧٧ وَإِنَّ عَلَيۡكَ لَعۡنَتِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ
ٱلدِّينِ ٧٨ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ٧٩ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ
ٱلۡمُنظَرِينَ ٨٠ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ٨١ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ
لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٨٢ إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ٨٣

٦٢ دەشڵێن: ئاخۆ ئەوپیاوانەی بەپیاوخراپمان دەژماردن، بۆچ نابینین؟
٦٣ کە گاڵتەمان پێدەکردن؛ یان چاو لەدیتنیان کولە؟ ٦٤ ئەم کێشەی
ئەهلی دۆزەهە ڕاستەو ئەشێ هەر وەدی بێ. ٦٥ بێژە: من خۆم هەر
تەنیا ترسێنەرێکم؛ غەیرەز خودای تاک‌وتەنیای زاڵ بەسەر
هەمۆشتێکدا، هیچ‌شت بۆپەرستن ناشێ. ٦٦ پەروەرێنی ئاسمانەکان‌و
زەمینەو هەرچی لە نێوانیاندایە، کۆڵنەدەرو لێ بۆردەیە. ٦٧ بێژە: ئەمە
خەبەرێکی زۆر گرینگە؛ ٦٨ کە ئێوە خۆی لێ دەبوێرن. ٦٩ کاتێ
باڵانشینەکان بناشتیان لە ناو پەیدابۆ، من هیچم لێ‌نەزانیوە. ٧٠ بۆیە
پێم ڕادەگەیەنرێ، چونکە دەبێ ترس وەبەر ئێوە بێنم. ٧١ کاتێ کە
پەروەرێنی تۆ بەفریشتەکانی ڕاگەیاند: واخەریکم مرۆیەک لەقوڕ
چێ‌بکەم؛ ٧٢ هەرگا لەشیم تەواوکردو لەگیانی خۆم فۆم‌پێداکرد،
هەمۆتان سوژدەی بۆبەرن. ٧٣ ئەوسا فریشتەکان گشتیان سوژدەیان
برد؛ ٧٤ ئیبلیس نەبێ. خۆی بەزل دی‌و سپڵەیی کرد. ٧٥ گوتی: ئەی
ئیبلیس! چی‌نەیهێشت سوژدەبەریە بەرئەوەی دەستکردی خۆمە؟ ئاخۆ
فیزت ڕێگەی نەدای، یان لەپایەبەرزەکانی؟ ٧٦ گوتی: دیارە من خۆم
لەو چاکتردەزانم، من لەئاگر، ئەوت لەقوڕ وەدی‌هێنا. ٧٧ گوتی: لێرە
بڕۆدەرێ، لەئێستەوە دەرکراوی؛ ٧٨ نەفرینی منت لەسەربێ، تا
ڕۆژێ‌سەلا ڕادەبێ. ٧٩ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! قانم بدە تا
ڕۆژەکەی کە هەمۆ زیندۆ دەبنەوە. ٨٠ گوتی: تۆ یەکێ لەوانەی کە
مەودایان پێدراوە؛ ٨١ هەتا ئەوڕۆژەو ئەوکاتەی دیاری‌کراو. ٨٢ گوتی:
دەسا سوێند بەدەستەڵاتی تۆ، سەرلەبەریان گومڕادەکەم؛ ٨٣ مەگین
ئەوانەی بەپاکی دەتپەرستن.

---

٦٦–لێبۆردە: گونابەخش. ٦٩– بناشت: دەمەقاڵە، کێشە. ٧٩– قان: دەرفەت.

قَالَ فَٱلْحَقُّ وَٱلْحَقَّ أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ
مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ
﴿٨٦﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾

## سُورَةُ الزُّمَرِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ
ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا
لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ
مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ
فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِبٌ
كَفَّارٌ ﴿٣﴾ لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا
يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٤﴾
خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيْلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ
وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيْلِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ
كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ أَلَا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ﴿٥﴾

٨٤ گوتی: سا ڕاست هەرئەمەیەو هەرچی من دەبێژم ڕاستە.
٨٥ دڵنیابە، تۆش و هەمۆ ئەوکەسانەی شوێن تۆ کەوتۆن، جەهەندەمتان لێ پڕدەکەم.
٨٦ بێژە: من هیچ پاداشێکم لێتان ناوێ؛ لەوانەش نیم کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن.
٨٧ ئەمە بیرەوەری و پەندە بۆ هەمۆ خەڵکی دنیایە.
٨٨ بێگومانە پاش ماوەیەک دەنگ‌وباسی ڕاستی ئەوتان بەلاوە ڕۆن دەبێتەوە.

## زومەر

٧٥ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ ئەمکتێبە لەخوای خاوەن‌دەستەڵات و لەکارزانەو هاتۆتەخوار.
٢ مە ئەمکتێبەمان بەڕاستی بۆتۆ نارد. سا تۆ هەر خوا بپەرستەو بەدڵپاکی هەر لە سەر دینەکەی ئەوبە.
٣ تۆ بزانە دینی پاکژ هەر هی خوایەو ئەوکەسانەی کە بەجێ ئەو گەورەگەلێکیان بۆخۆیان دیوەتەوە، ئێژن: ئێمە هەر بۆیە دەیانپەرستین، لەخوا نزیکمان‌کەنەوە. خودا بەو دوبەرەکایەتیە ڕادەگا، کە لەناو ئەواندا هەیە. دیارە خودا مرۆی درۆزنی سپڵە، بەرەوخۆی شارەزا ناکا.
٤ ئەگەر خودا بیویستایە فرزەندێ بۆ خۆ پەیداکا، لەوخەڵکەی دروستیان‌دەکا بەمەیلی خۆی هەڵی‌دەبژارد. پاکی و بێ‌عەیبی بۆ ئەوە. هەرئەوە خوای تاک‌وتەنیای زاڵ بەسەر هەمۆشتێکا.
٥ عاسمانەکان و زەمینی بەڕاست ئەو وەدی هێناوەو شەوێ دەڕۆژێ دەپێچێ و ڕۆژ دەشەوێ؛ خۆرو هەیڤیشی کەوی کرد؛ هەرکامی تا کاتی دیاردە دێن و دەچن. باش بزانن! بەدەستەڵات و خەتاپۆش هەرخۆیەتی.

---

٥- هەیڤ: مانگ.   کەوی: ڕام.

خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم
مِّنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۚ يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ
خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ
ٱلۡمُلۡكُۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ٦ إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ
ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ
لَكُمۡۗ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٧
۞ وَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيۡهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ
نِعۡمَةٗ مِّنۡهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدۡعُوٓاْ إِلَيۡهِ مِن قَبۡلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادٗا
لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦۚ قُلۡ تَمَتَّعۡ بِكُفۡرِكَ قَلِيلًاۖ إِنَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ
ٱلنَّارِ ٨ أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ
ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ
لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٩ قُلۡ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۗ
وَأَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ١٠

٦ ئێوه‌ی هه‌ر له‌ تاقه‌که‌سێک هێنایه‌دی‌و ژنه‌که‌شی هه‌ر له‌ماکی ئه‌و دروس‌کرد. هه‌شت وڵفیشی له‌پاتاڵ بۆ وه‌دی‌هێنان. ئێوه‌ش ئاوا دروس‌ده‌کا، که‌ له‌زگی دایکانودا - جار له‌دوجار - له‌سێ قۆناغی تاریکدا، هه‌ڵگێڕ وه‌رگێڕتان پێده‌کا. ئه‌وه‌ خودای په‌روه‌رێنتان؛ فه‌رمان هه‌ر له‌ ده‌ستی ئه‌وداو له‌غه‌یره‌ز ئه‌و هیچ‌شت بۆپه‌رستن نابێ. جا که‌وایه‌ به‌ره‌وکوێتان وه‌رده‌گێڕن؟

٧ ئه‌گه‌ر به‌چاکه‌نازانن، خوا له‌ئێوه‌ بێ‌نیازه‌و به‌ پێ‌نه‌زانی عه‌بدانی ڕازی نابێ. ئه‌گه‌ر چاکه‌و ده‌چاودابێ، لێو ڕازی‌یه‌. که‌سیش باری‌گرانی که‌س وه‌ستۆناگرێ. له‌مه‌ولاوه‌ هه‌مۆلاتان بۆلای په‌روه‌رنده‌ی خۆتان ده‌هێننه‌وه‌و پێتان‌ئێژێ چیتان ده‌کرد. له‌نهێنی ناودڵانیش ئاگاداره‌.

٨ ئه‌م مرۆیه‌ که‌ ته‌نگانێکی ده‌گاتێ، ڕۆ هه‌ر له‌خودا ده‌کات‌و له‌به‌ری ده‌پاڕێته‌وه‌. هه‌رکاتێکیش له‌خۆیه‌وڕا به‌هره‌یه‌کی به‌ئه‌و گه‌یاند، له‌بیرده‌کا که‌ ده‌پێشدا له‌به‌ری پاڕاوه‌ته‌وه‌و شه‌ریکانێک بۆ خودا ده‌دۆزێته‌وه‌، تا خه‌ڵکی پێ گومڕابکا. بێژه‌: به‌وسپڵه‌ییته‌وه‌، که‌مێکی‌تریش ڕابوێره‌؛ بێ‌گومانه‌ تۆ له‌یارانی ئاگری.

٩ ئاخۆ ئه‌مه‌ وه‌ل که‌سێکا که‌ شه‌وگاران ڕۆ به‌خودا ڕاوه‌ستاوه‌و سوژده‌ ده‌باو به‌رفه‌رمانه‌و له‌ ڕۆژی‌سه‌ڵا ده‌ترسێ‌و هیوای وایه‌ به‌ربه‌زه‌یی په‌روه‌رنده‌ی خۆی بکه‌وێ، وه‌کوێه‌که‌؟ بێژه‌: ئاخۆ زاناو نه‌زان به‌رانبه‌رن؟ هه‌ر ئه‌وانه‌ی به‌دڵ زیندۆن، ده‌توانن بیربکه‌نه‌وه‌.

١٠ بێژه‌: ئه‌ی عه‌بده‌کانی من! ئه‌ی ئه‌وانه‌ی خاوه‌ن‌بڕوان! له‌ په‌روه‌رنده‌و بترسن؛ بۆ ئه‌وانه‌ی له‌ژیانی ئه‌م دنیایه‌دا چاکه‌یان‌کرد، چاکه‌ هه‌یه‌و زه‌مینی خودا فره‌هه‌. بێ‌گومانه‌ ئه‌و که‌سانه‌ی خۆڕاگرن، به‌ ته‌واوی‌و به‌بێ‌حیساب پاداشی خۆیان وه‌رده‌گرن.

---

٦-وڵف: جۆت. ١٠-فره‌هه‌:گوشاد، به‌ربڵاو.

قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرۡتُ لِأَنۡ أَكُونَ
أَوَّلَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿١٢﴾ قُلۡ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ
﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعۡبُدُ مُخۡلِصٗا لَّهُۥ دِينِي ﴿١٤﴾ فَٱعۡبُدُواْ مَا شِئۡتُم مِّن دُونِهِۦۗ
قُلۡ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَا
ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١٥﴾ لَهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ ظُلَلٞ مِّنَ ٱلنَّارِ
وَمِن تَحۡتِهِمۡ ظُلَلٞۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥۚ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴿١٦﴾
وَٱلَّذِينَ ٱجۡتَنَبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعۡبُدُوهَا وَأَنَابُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰۚ
فَبَشِّرۡ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓۚ
أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿١٨﴾
أَفَمَنۡ حَقَّ عَلَيۡهِ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي ٱلنَّارِ ﴿١٩﴾
لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ تَجۡرِي
مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ ٱلۡمِيعَادَ ﴿٢٠﴾ أَلَمۡ تَرَ
أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ
يُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعٗا مُّخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ
يَجۡعَلُهُۥ حُطَٰمًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٢١﴾

۱۱ بێژه‌: من پێم سپێراوه‌ هه‌ر یه‌ک خودا بپه‌رستم‌و به‌پاکژی هه‌ر له‌سه‌ر دینه‌که‌ی ئه‌وبم.
۱۲ فه‌رمانیشم پێدراوه‌ که‌ یه‌که‌مین موسوڵمان بم.
۱۳ بێژه‌: ئه‌گه‌ر له‌فه‌رمانی په‌روه‌رنده‌ی خۆم ده‌ربچم، له‌جه‌زره‌به‌ی رۆژێکی گه‌وره‌ ده‌ترسم.
۱۴ بێژه‌: هه‌ر خوداپه‌رستم‌و به‌پاکژی له‌سه‌ر دینه‌که‌ی ئه‌و ده‌بم.
۱۵ ئه‌وسا ئێوه‌ش - غه‌یره‌ز خودا- چیتان په‌رست، به‌ئاره‌زوی خۆتان بکه‌ن. ئه‌تۆ بێژه‌: هه‌ر ئه‌وانه‌ زیانبارن که‌ له‌رۆژی قیامه‌تێدا، خۆشیان‌و که‌س‌وکاریشیان ده‌دۆڕێنن؛ دیاره‌ ئه‌مه‌ زیانێکی ئاشکرایه‌.
۱۶ تویّ له‌سه‌رتویّ کڵپه‌ی ئاگر - وێنه‌ی چه‌تر- له‌سه‌رئه‌مان داوێستاوه‌؛ له‌ژێریشیان هه‌ر به‌م‌ته‌رزه‌. خودا به‌مه‌ عه‌بدانی خۆی ده‌ترسێنێ. ئه‌ی عه‌بدانم! لێم بترسن.
۱۷ ئه‌وکه‌سانه‌ی له‌په‌رستنی بته‌کان ته‌کیونه‌وه‌و، به‌ره‌و خودا گه‌ڕاونه‌وه‌، خۆشی له‌وان. سا تۆش به‌ عه‌بده‌کانی من مژده‌بده‌.
۱۸ ئه‌وکه‌سانه‌ی گوی له‌قسان ڕاده‌دێرن‌و به‌شوێن چاکتریاندا ده‌چن، ئه‌وان خودا ڕێی به‌ره‌وخۆی نیشان‌داون؛ ئه‌وانه‌ خاوه‌ن‌ئاوه‌زن.
۱۹ ئاخۆ که‌سێ ئازاری بۆ بڕیاردرا، تۆ ده‌توانی - که‌سێ له‌ناو ئاگردابێ - ڕزگاری که‌ی؟
۲۰ به‌ڵام ئه‌وی مه‌ترسی په‌روه‌رنده‌یان له‌دڵدایه‌، وان له‌ناو چه‌ند ئۆده‌یه‌کدا، چین له‌سه‌رچین سازکراون، جۆباریان به‌به‌رداده‌ڕوا. ئه‌مه‌ به‌ڵێنی خودایه‌؛ خودا هه‌ر به‌ڵێنێ بیدا، لێی په‌شیمان نابێته‌وه‌.
۲۱ ئه‌دی نه‌تدی، خودا له‌و بڵنداییه‌وه‌ ئاو ده‌نێرێ و له‌ زه‌میندا له‌ سه‌رچاوه‌کانه‌وه‌ ڕه‌وانی ده‌کاو کشت‌وکاڵی هه‌مه‌ڕه‌نگه‌ی پێ ده‌ڕوێنێ‌و پاش ماوه‌یه‌ک زه‌ردو وشک هه‌ڵده‌گه‌ڕێ‌و ئه‌وسا ده‌یکاته‌ پوش‌و پار؟ ئه‌وانه‌ی خاوه‌ن ئاوه‌زن، دیاره‌ له‌مه‌ په‌ند وه‌رده‌گرن.

أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ فَوَيۡلٞ
لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ٢٢
ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ
جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ
إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن
يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ ٢٣ أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجۡهِهِۦ سُوٓءَ
ٱلۡعَذَابِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ
٢٤ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ
لَا يَشۡعُرُونَ ٢٥ فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلۡخِزۡيَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ
ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٢٦ وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي
هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ٢٧ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا
غَيۡرَ ذِي عِوَجٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ٢٨ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ
شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ
ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٩ إِنَّكَ مَيِّتٞ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ
٣٠ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ ٣١

٢٢ ئاخۆ كه‌سێ خودا دڵی بۆئیسلام گوشادكردووه‌و دیاره به‌رتیشكی به‌زه‌یی په‌روه‌رنده‌ی خۆی كه‌وتوه، كه‌ی ده‌بێ وه‌ك ئه‌وانه‌بێ كه دڵڕه‌قن؟ هاواره بۆ ئه‌وكه‌سانه دڵڕه‌قن له یادی خودا؛ كه ئه‌مانه به‌ئاشكرا ڕێگه‌ی خۆیان گوم كردوه.
٢٣ خوا چاكترین قسه‌ی هه‌ناردۆته‌خوارێ: كتێبێ كه [قسه‌كانی له جوانیا] وه‌كۆیه‌كن و هه‌ر دوپاته‌ش ده‌كرێنه‌وه. ئه‌وكه‌سانه‌ی ترسی په‌روه‌رنده‌ی خۆیان له دڵدایه، له‌بیستنی مچوركیان به‌له‌شێدادێ و پاشان دڵ و كه‌له‌خیان - به‌یادی خودا - ئوقره ده‌گرێ. ئه‌مه ڕێنوێنی خوایه. كێ پێخوش بێ، به‌ره‌و خۆی شاره‌زای ده‌كا؛ هه‌ر كه‌سیش خوا گومڕای بكا، كه‌سی‌تر شاره‌زای ناكا.
٢٤ ئاخۆ كه‌سێ ناچارده‌بێ سزای به‌ژانی په‌سڵانێ، به‌چاره‌ی خۆی له‌خۆ لادا، ده‌بێ چۆن بێ؟ به‌ناهه‌قانیش ده‌وترێ: ده‌بچێژن سزای كرده‌وه‌كه‌ی خۆتان!
٢٥ پێشینه‌كانی ئه‌مانیش بڕوایان به‌خوا نه‌هێنا؛ له‌شوێنێكه‌وه ئازاریان بۆدابارێ كه هه‌ر هه‌ستیشیان پێ‌نه‌كرد.
٢٦ خودا ده‌ردی سۆكایه‌تی له‌م دنیادا پێ‌چه‌شاندن؛ گه‌ربزانن، دیاره ئازاری ئه‌ودنیا مه‌زن تره.
٢٧ وا ئێمه له‌م قورئانه‌دا بۆ ئه‌م خه‌ڵكه هه‌مۆ جۆره نه‌زیله‌مان هێنایه‌وه؛ شایه‌ت په‌ندی لێ‌وه‌رگرن.
٢٨ قورئانێكه به‌عاره‌بی و خێچ‌وخواری تێدانیه؛ به‌شكۆ له‌خودا بترسن.
٢٩ خوا دۆمرۆ به‌نمۆنه دێنێته‌وه: یه‌ك خولامی چه‌ندكه‌سی دژبه‌یه‌كتره، ئه‌وی‌تریان خولامی تاقه‌كه‌سێكه؛ ئاخۆ ئه‌م‌دوانه وه‌ك یه‌كن؟ سوپاس بۆ خواس. به‌ڵام زوربه‌یان نه‌زانن. ٣٠ تۆش ده‌مری و ئه‌وانیش ده‌مرن.
٣١ پاشان له‌ڕۆژی قیامه‌تا كێشه‌ی ئێوه دێته‌وه لای په‌روه‌رنده‌و.

---

٢٣- كه‌له‌خ: له‌ش، ته‌ن. ٢٤- چاره: ده‌م‌و چاو، ڕۆ. ٢٧- نه‌زیله: مه‌سه‌ل.

۞ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ
إِذْ جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَـٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّذِى
جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾
لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٤﴾
لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم
بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٥﴾ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ
عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ
ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ
أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴿٣٧﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَـٰشِفَـٰتُ ضُرِّهِۦٓ
أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَـٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ
ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ قُلْ يَـٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟
عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَـٰمِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾
مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٤٠﴾

۳۲ سا کێ له‌وه ناهه‌قتره درۆ بۆخوا هه‌ڵبه‌ستێ و ئه‌م ڕاسته‌ی که بۆی هاتوه، نه‌ی سه‌لمێنێ؟ ئاخۆ بۆخودانه‌ناسان له‌دۆژه‌هدا جێگه‌نیه؟

۳۳ ئه‌وکه‌سه‌ی ڕاسته‌که‌ی هێناو ڕاستی سه‌لماند، ئه‌وانه له‌خوا ده‌ترسن.

۳۴ هه‌رچی خۆیان ئاره‌زۆکه‌ن، په‌روه‌رێنیان ده‌یانداتێ؛ پاداشی هه‌مۆ کارچاکان هه‌روا ده‌بێ.

۳۵ هه‌تا خودا خراترین کارێ که‌وا کردویانه ببه‌خشێت و باشتر له‌وه‌ی کاری چاکیان پێک هێناوه، پاداشی خۆیان بداتێ.

۳۶ تۆ به‌وانه‌ی غه‌یره‌زخودان، ده‌ترسێنن؛ مه‌گه‌ر هه‌ر خودا به‌س نیه که ئاگای له‌عه‌بدی خۆی بێ؟ هه‌رکه‌سێکی خودا ڕێگه‌ی لێ‌بگۆڕێ، که‌س ناتوانێ ڕێبه‌ری بێ.

۳۷ هه‌ر که‌سێکیش خودا شاره‌زای کردبێ، که‌س ناتوانێ له ڕێگه‌ی خودا کلی‌کا. بۆچ نازانن خودا خاوه‌ن‌ده‌سته‌ڵات و تۆڵه‌سێنه؟

۳۸ ئه‌گه‌ر تۆ له‌وانه‌پرسی: کێ ئه‌م عاسمانانه‌و هه‌رده‌ی وه‌دی‌هێنا؟ بێگومان هه‌ر ئێژن: خودا. بێژه: ئێوه ئه‌وشتانه‌ی - غه‌یره‌زخودا - دیپه‌رستن، چۆن ده‌بینن؟ ئه‌گه‌ر خودا گه‌ره‌کی بێ، تۆشی به‌ڵایه‌کم بکا، ئاخۆ ئه‌وان به‌ڵای له‌سه‌رمن لاده‌به‌ن؟ یان ئه‌گه‌ر خوا به‌ربه‌زه‌یی خۆیم بخا، ئه‌وان پێش له‌وبه‌زه ده‌گرن؟ بێژه: من هه‌ر خودام به‌سه‌و خۆسپێران، خۆیان هه‌ر به ئه‌و ده‌سپێرن.

۳۹ بێژه: گه‌لۆ! ئێوه کاری خۆتان بکه‌ن، منیش وا کاری‌خۆم ده‌که‌م؛ ئابه‌م زوانه‌ش تێده‌گه‌ن:

۴۰ کێیه تۆشی ئازاری ئابڕۆبه‌ره دێ و جه‌زره‌به‌ی له‌بنه‌نه‌هاتۆی به‌سه‌ردا دێ.

إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ
فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم
بِوَكِيلٍ ﴿٤١﴾ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي
لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ
وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ
لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ
قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ ﴿٤٣﴾
قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ
إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ
قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن
دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٤٥﴾ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ
فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَوۡ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ
مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفۡتَدَوۡاْ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلۡعَذَابِ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ ﴿٤٧﴾

٢١ ئێمەین کە ئەم کتێبەمان بە ڕاستەکی بۆتۆ ڕەوانە کردوە؛ کە مەردم لەسۆنگەی ئەوا شارەزابن. هەر کەسێکی شارەزابێ، قازانجی هەر بەخۆی دەگاو هەر کەسێکش لەڕێ لادا، دژی خۆی جۆلاوەتەوەو؛ تۆ بریکاری ئەوان نی.

٢٢ ئەوانەی کە دێنەمردن، ئەوانەش کە دەخەوڕاچون و نەمردۆن، خودایە گیانیان ڕادەگری. جا ئەو گیانانە - وا مەرگی بڕیارداون - هەرڕادەگرێ؛ ئەوی دیکەش تاوەختێکی دیاری کراو دێڵێتەوە. لەمەدا زۆرنیشانەهەن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.

٢٣ ئاخۆ غەیرەز خودا تکاکارگەلێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردوە؟ بیژە: گەرچی نە هیچ شتێکیان بەدەستەو نە تێش دەگەن؟

٢٤ بێژە: تکا- سەرلەبەر- هەر بۆخودایە؛ عاسمانەکان و زەمینیش هەر سەربەون. لەئاکامدا هەر بۆلای ئەو دەبرێنەوە.

٢٥ هەرگا ناوی خودای یەکتا بەیادبکرێ، ئەوکەسانەی باوەڕیان بەو دنیانیە، دڵیان بەوناوە دەشێوێ؛ ئەگەر باسی غەیرەز خودایان لادەڵێن، وەکەیف دێن.

٢٦ تۆ بێژە: ئەی خودای مەزن! ئەی داهێنەری عاسمانەکان و زەمین! زانا بەنەدیارو دیاران! تۆی بەکاری عەبدانی خۆت ڕادەگەی و ئەو کێشەی لەناویاندا بۆ، کۆتای دەکەی.

٢٧ ئەوکەسانەی پیشەیان ناهەقی بوە، ئەگەر هەرچی لەم سەرزەمینەدا هەیەو هێندەی‌تریش هی ئەوان بێ، ئەیکەنە بارتەقای خۆیان، لە جەزرەبەی خراپی ڕۆژی سەلایە ڕزگاریان‌کا؛ ئەوسا شتێکی وەهایان - لەخوداوە - دێتەبەرچاو، کە هەر بیریشیان بۆی نەچوە.

---

٤١-بریکار: وەکیل. ٤٧-بارتەقا: هەمبەر، بەرامبەر.

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ
يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٤٨﴾ فَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَـٰهُ
نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۭ ۚ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ وَلَـٰكِنَّ
أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٩﴾ قَدْ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَآ أَغْنَىٰ
عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٥٠﴾ فَأَصَابَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ ۚ
وَٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْ هَـٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟
وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥١﴾ أَوَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ
لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾
۞ قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن
رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ
﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ
ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓا۟ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ
إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ
بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَـٰحَسْرَتَىٰ
عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّـٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾

٤٨ ئەمەشیان بۆ ئاشکرا بۆکە چەند خراپەیان دەکرد؛ ئەوشتانەی ئەوان گاڵتەیان پێدەکرد، دەوری گرتۆن.
٤٩ سا هەر وەختی مرۆ تۆشی بەڵایەک دێ، لەبەرمان دەپاڕێتەوە؛ پاشان ئەگەر بەهرەیەکمان پێگەیاندن، ئێژن: هونەری خۆمانە. هیچ نازانن ئەمە ئەزمۆنە بۆئەوان؛ بەڵام دیارە زوربەیان لە نەزانانن.
٥٠ ئەوانەی پێش ئەوانیش بۆن هەر ئەو قسەگەلیانە کرد؛ بەڵام هەرچی ئەوان کردیان، هیچ بەهرەیەکی بۆ نەدان.
٥١ ئەوسا سزای کاری خراپی خۆیان دی. ئەو کەسانەش کە لەناو ئەم مەردمەدا غەدر دەکەن، پاداشی خراپەی خۆیان دەدرێتەوەو ناتوانن خۆڕزگاربکەن.
٥٢ چۆن هێشتا نەیانزانیوە کە بژیو بەدەست خودایە؛ بەهێندێکان زۆر دەداو بە هێندێکان کەم؟ زور نیشانە لەمەدا هەن بۆگەلێ کە بڕوای هەبێ.
٥٣ بێژە: ئەی عەبدەکانی من! ئەی ئەوانەی کە بە لادان لە ئەندازە، ناهەقیۆ لەخۆکردوە! نابێ ئێوە لەبەزەی خوا ناهومێدبن، چۆنکە لە هەمۆ گوناهێک چاو دەپۆشێ؛ ئەو لێبۆردەو دلۆڤانە.
٥٤ وەگەڕێنەلای پەروەرندەی خۆتان و خۆتان هەر بەوی بسپێرن، بەرلەوە ئازارتان بۆبێ و کەسیش دەهاناتان نەیە.
٥٥ بکەونە شوێن ئەو دەستۆرەی پەروەرندەو بۆتانی ناردو لەهەمۆشت باشترە؛ بەر لەوە ئازارتان بۆبێ - لەنەکاوێک - کە هەر هەستیشی پێ ناکەن.
٥٦ نەکا ئەوسا کەسێ بڵێ: ئەی مخابن، من لەفەرمانبەری خودا درێغیم کرد؛ ڕەگەڵ گەپ پێدەران کەوتم.

---

٥٣-لێبۆردە: بەخشندە. ٥٦-مخابن: حەیف، بەداخەوە.

أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ٥٧
أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ
مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ٥٨ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا
وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ٥٩ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ
تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِى
جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ٦٠ وَيُنَجِّى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟
بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ٦١ ٱللَّهُ
خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ٦٢ لَّهُۥ مَقَالِيدُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ٦٣ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا
ٱلْجَٰهِلُونَ ٦٤ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ
أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ٦٥ بَلِ ٱللَّهَ
فَٱعْبُدْ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ٦٦ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ
وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ
مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ٦٧

٥٧ یان بـبێـژێ: ئەگـەر خـودا بەرەوخـۆی ڕێی نـیشـان‌دابام، مـنیش لـە پارێزکاران بوٛم.
٥٨ یان وەختێ کە ئازاردەبینێ، ببێژێ: بریا بگەڕابامەوەو بچومایە ڕیزی ئاکارچاکانەوە.
٥٩ خـۆ گـەلێک لـەنـیشـانـانی مـنت بۆهات؛ بـاوەڕیت پێـان‌نـەهات‌و لە خۆبەزل‌زانینی خۆت، چۆیە ڕیزەی پێ‌نەزانان.
٦٠ ڕۆژی قیامەت تۆ دەبینی ئەو کەسانەی درۆیان بۆ خوا هەڵدەبەست، ڕۆیان ڕەشە. ئاخۆ بۆ خۆبەزل‌زانان شوێنێک لە دۆژەهدا نیە؟
٦١ ئەو کەسانەی خۆیان پاراست - لەبەر ئەوە بەڕێگەی ڕزگاریدا چون - خودا خۆی ڕزگاریان دەکا؛ نە تۆشی ناخۆشی دەبن، نە خەم‌دەخۆن.
٦٢ هەرچی هەیە هەمۆ دەسکاری خودایەو ئاگای لە هەمۆشت هەیە.
٦٣ کلیل‌گەلی ئاسمانەکان‌و زەمینێ بەدەست ئەوە. هەر ئەوانە زیانبارن کە لەنیشانەکانی خوا حاشایان کرد.
٦٤ بێژە: ئاخۆ ئێوە لەمنتان گەرەکە غەیرەز خودا شتێکی‌تر بپەرستم؟ ئەی نەزانان!
٦٥ ئێـمە بەتۆو بـەوانەش کـە بـەرلـەتـۆبۆن، ڕامـان‌گـەیـاند؛ هـەرکەسی‌تر بپەرستی، بێ‌گومانە کارەکەت لێ پۆچەڵ‌دەبێ‌و لەڕیزەی زیانبارانی.
٦٦ تەنها خودا بپەرستەو دەگەڵ شوکربژێران بە.
٦٧ خودایان - وەکو پێویستە - نەناسیوە. ڕۆژی سەلا زەمین هەمۆ وا لەناو مشتی ئەودایەو ئاسمانانیش بەدەستی ئەو پێچراونەوە. خودا پاک‌و بەرزترە لەوشتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکی.

وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ
إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ
٦٨ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْيٓءَ
بِٱلنَّبِيِّۦنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ
٦٩ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ٧٠
وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا
فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ
يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ
هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ
٧١ قِيلَ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئْسَ مَثْوَى
ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ٧٢ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى
ٱلْجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ
خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ٧٣
وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ
نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ٧٤

٦٨ دەکەڵەشاخ دەمێندرا؛ ئەوسا هەرکێ لە عاسمانان‌و زەمینن، بێ هۆش دەبن؛ مەگین کەسێ خوا حەزبکا. جارێ‌تر فوی پێداکرا، کەچی لەپڕ هەمۆیان ڕاستەوەدەبن‌و بەچاوی خۆیان دەیبینن.
٦٩ ئەم زەمینەش بەتیشکی پەروەرێنی خۆی ڕۆناکایی تێ‌دەگەڕێ‌و کتێبی خوا دێتە گۆڕو پێغەمبەرو ئاگاداران دێنەبەرێ‌و چۆن ڕاستە، بەکاری هەموان ڕادەگەن‌و غەدر لە هیچ‌کەس ناکرێ.
٧٠ هەرکەسێ هەرچی کردوە - بەتەواوی - پاداشی پێ‌دەگاتەوە. خودا هەر خۆی لە هەمۆ کردەوەکانیان ئاگادارە.
٧١ ئەو کەسانەی حاشایان لە خواکردوە، بۆ جەهەندەم بەکۆمەڵ ڕەپێچەک دەدرێن. هەر کە لێی‌نزیک بۆنەوە، دەرگاکانیان بۆ ڤەدەکەن؛ گزیرەکانی جەهەندەم پێیان ئێژن: ئاخۆ ئێوە پێغەمبەرتان - لەخۆتان - بۆ نەهاتبۆ، نیشانانی پەروەرێنتان بۆ وەخوێنن‌و ترسی تۆشبۆنی ئەمڕۆتان وەبەربێنن؟ ئێژن: بەڵێ، بەڵام بەڵێنی ئازاردان بۆ ئێمە کە خوانەناس بۆین، جێی خۆیەتی.
٧٢ ئێژن: لەدەرگای جەهەندەم بچنەژۆرێ‌و تاهەتا هەر لەوێدابن؛ جێگەی ئەوانەی بەفیزن، چەند خراپە!
٧٣ ئەو کەسانەش کە هەر لە پەروەرندەیان ترسیان بوە، دەستەدەستە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن‌و دەرگایان بۆ دەکرێنەوەو کاربەدەستانی بەهەشتێ پێیان ئێژن: درووود لەنکۆ، بەخێرهاتن، بچنە ژۆرێ‌و هەروهەر، هەر لەوێدابن.
٧٤ ئێژن: شوکرانە بۆ خودا، کە بەڵێنێ بەئێمەی‌دا، وەڕاست کەڕاو ئەو زەمینەی دا بە ئێمەو لەو بەهەشتا، کوێ ئارەزۆکەین لێی‌دەبین. ئەو پاداشەی دراوە بە خەباتکاران چەندە باشە!

---

٧١- ڕەپێچەک‌دان: خرکردنەوەو دانەبەر، بردن بەخۆشی‌و ناخۆشی. بۆ ڤەدەکەن: بۆیانی دەکەنەوە.

وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ
رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾

# سُورَةُ غَافِرٍ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٢﴾ غَافِرِ
ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوْبِ شَدِيدِ ٱلْعِقَابِ ذِى ٱلطَّوْلِ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ
إِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٣﴾ مَا يُجَٰدِلُ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
فَلَا يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِى ٱلْبِلَٰدِ ﴿٤﴾ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ
نُوحٍ وَٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۖ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ بِرَسُولِهِمْ
لِيَأْخُذُوهُ ۖ وَجَٰدَلُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُوا۟ بِهِ ٱلْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ ۖ
فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى
ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ
وَمَنْ حَوْلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَيَسْتَغْفِرُونَ
لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا
فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟ وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٧﴾

۷۵ فرشتەکانیش دەبینی، لەدەوری تەخت خول دەخۆن و پەسنی پاکی
پەروەرندەی خۆیان دەدەن. هەرچۆن ڕاستە، وا بەناویان ڕاگەیشتوُن و
ئێژن: سوپاس بۆ پەروەرندەی گش جیهان.

# غافیر

۸۵ ئایەت

## بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤانە

۱ حا، میم.
۲ ئەم کتێبە لەلایەن خوای خاوەن دەستەڵاتی چازانەوە ناردراوە؛
۳ کە لەگوناهان دەبوُرێ و پەشیمانی قبوُڵ دەکاو لە جەزرەبە توندوتیژە.
چاکە هەر بەدەس خۆیەتی و جگەلەخۆی هیچ شت بۆپەرستن نابێ و
هەموُشت دێتەوەلای ئەو.
۴ غەیرەز خودانەناسەکان، هیچ کەسێ لەسەر نیشانەکانی خودا کێشەناکا.
گەڕو خولیان بەشاراندا، نەکا تۆ هەڵخەڵەتێنێ.
۵ هۆزی نوُحیش پێش ئەمانەو چەند کۆمەڵیش لەدوای ئەوان، بڕوایان
بەخوانەهێنا. هەر کۆمەڵێ پەلاماری پێغەمبەرەکەی خۆی داوە تا
بیگرن و [ئازاری دەن]؛ بە قسەی هیچیش ویستوُیانە جێ بۆڕاستی
نەهێڵنەوە. ئیتر بەغەزەب گرتوُمن؛ دەسا سزای من چلۆن بوُ.
۶ بەڵێنی پەروەندەی تۆ لەسەر هەموُ ئەوانەی خودانەناس بوُن، وا هاتەجێ
کە ئەوانە جەهەندەمین.
۷ ئەوکەسانەی تەختی خوایان هەڵگرتوەو ئەوانەی بەدەوری ئەودان،
بەسوپاسی پەروەرندەیان خەریکن و بڕوایان هەر بەوی هەیەو داوای
بوُردن بۆخاوەن باوەڕان دەکەن: ئەی پەروەرندی هەموُمان! دیارە
بەزەیی و زانینت هەموُشتی داگرتوە؛ ئەوانەی دەگەڕێنەوەو پەیڕەوی
ڕێگەی تۆدەبن، لەگوناهەکانیان ببوُرەو لەئازاری بەئاگریان بپارێزە.

رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ
مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ
ٱلۡحَكِيمُ ٨ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ
يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمۡتَهُۥۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩ إِنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنَادَوۡنَ لَمَقۡتُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُ مِن مَّقۡتِكُمۡ
أَنفُسَكُمۡ إِذۡ تُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلۡإِيمَٰنِ فَتَكۡفُرُونَ ١٠
قَالُواْ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ وَأَحۡيَيۡتَنَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَٱعۡتَرَفۡنَا بِذُنُوبِنَا
فَهَلۡ إِلَىٰ خُرُوجٖ مِّن سَبِيلٖ ١١ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ
ٱللَّهُ وَحۡدَهُۥ كَفَرۡتُمۡ وَإِن يُشۡرَكۡ بِهِۦ تُؤۡمِنُواْۚ فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ
ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ ١٢ هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ
لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزۡقٗاۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ١٣
فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ١٤
رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلۡعَرۡشِ يُلۡقِي ٱلرُّوحَ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن
يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوۡمَ ٱلتَّلَاقِ ١٥ يَوۡمَ هُم بَٰرِزُونَۖ لَا يَخۡفَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ مِنۡهُمۡ شَيۡءٞۚ لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَۖ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ١٦

٨ ئەی پەروەرندەی هەمۆمان! بیشیان نێرە ناوباغاتی هەمیشەیی، کە خۆت
بەڵێنت پێداون؛ ئەوکەسانەش کە لەباوانی ئەوان و هاولفیانن و بەرەو
تۆرەمەی ئەوانیش - کە ئاکاری چاکیان بۆە - وەل ئەوان بن؛ هەرخۆت
خاوەن دەستەڵات و لەکارزانی.
٩ لەخراپەش بیانپارێزە. هەر کەسێکی لەخراپە بیپارێزی، لەو ڕۆژەدا
بەربەزەیی تۆ دەکەوێ؛ کە ئەمەش سەرکەوتنێکی زۆرمەزنە.
١٠ هاوار لەوکەسانە دەکرێ کە خودایان نەناسیوە: بێگومان تۆڕەیی خودا
لەوڕکەی خۆتان هەتانە، گەورەترە؛ چونکە ئێوە بانگتان دەکەن باوەڕیو
بەخودا هەبێ، کەچی ئێوە حاشادەکەن.
١١ ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! تۆ دوٚجاران مراندوٚتین؛ دوٚجارانیش ژیانت
بەبەردا کردوٚین؛ پێ لەگوناهی خۆدەنین؛ ئاخۆ دەرەتانێک هەیە؟
١٢ ئەمەتان بۆیە بەسەردێ، چونکە هەرگا مەردم خوایان دەپەرست و
هیچی‌تر نا، حاشاوەکرد؛ بەڵام کاتێ شەریکیان بۆ ئەو دادەنا، ئێوە
باوەڕتان دەهێنا. فەرمان تەنیا بۆ خودای بەرزو مەزنە.
١٣ هەر ئەو نیشانانی خۆیتان بۆ دەنوێنێ و لەوحەوایە بژیوتان بۆ بەرێ دەکا.
تەنیا کەسێ لەو ئامۆژگاریە تێدەگا، کە ڕوٚی هەر بەرەو خودابێ.
١٤ دەسا ئێوە بەدڵپاکی هەر هانا بۆخودابەرن و دینی پاکژتان بۆ ئەوبێ؛ جا
با خودانەناسانیش پێ‌تۆڕەبن.
١٥ پلەی بەرز وا لای ئەون، خاوەن تەختە؛ بەفرشتەی تایبەتی دا وڵامی
خۆی بۆ هەر کەسێ لە عەبدانی خۆی حەزبکا، بەرێ دەکا؛ تا لەڕۆژێ -
کە توٚشیان دێ - بیانترسێنێ.
١٦ ئەوێ ڕۆژێ - کە هەموٚیان دێنەوە دەر - هیچ‌شتێکیان لەخودا نهێنی
نیە. لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایی بۆکێ‌یە؟ هەر بۆ خودای تاک و تەنیای
بەسەر هەموٚ شتدا زاڵە.

ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡۚ لَا ظُلۡمَ ٱلۡيَوۡمَۚ إِنَّ
ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٧﴾ وَأَنذِرۡهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡأٓزِفَةِ إِذِ ٱلۡقُلُوبُ
لَدَى ٱلۡحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَۚ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ
يُطَاعُ ﴿١٨﴾ يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ﴿١٩﴾
وَٱللَّهُ يَقۡضِي بِٱلۡحَقِّۖ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقۡضُونَ
بِشَيۡءٍۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ ۞ أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي
ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ مِن قَبۡلِهِمۡۚ
كَانُواْ هُمۡ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ
بِذُنُوبِهِمۡ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٖ ﴿٢١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ
كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَكَفَرُواْ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ
قَوِيّٞ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا
وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَقَٰرُونَ
فَقَالُواْ سَٰحِرٞ كَذَّابٞ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ مِنۡ
عِندِنَا قَالُواْ ٱقۡتُلُوٓاْ أَبۡنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ وَٱسۡتَحۡيُواْ
نِسَآءَهُمۡۚ وَمَا كَيۡدُ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ ﴿٢٥﴾

١٧ له‌و ڕۆژه‌دا هه‌ر که‌س هه‌رچی کردوێه‌تی، سزای کاری خۆی ده‌بینێ؛
ئه‌م ڕۆژه هیچ غه‌درێک نیه. خودا به‌له‌ز به‌کاروباران ڕاده‌گا.
١٨ تۆ له‌و ڕۆژه بیانترسێنه که له‌نه‌کاو تۆشی ده‌بن. له‌وده‌مه‌ی که هه‌مۆ
دڵێک له قوڕگان نزیک ده‌بنه‌وه‌و هه‌مۆ هه‌ر پیش‌ده‌خۆنه‌وه. ئه‌وانه‌ی
ناهه‌قیکارن نه هیچ دۆستیان ده‌س‌ده‌که‌وێ، نه که‌سێ تکای بگیرێ.
١٩ خواش ده‌زانێ کێ چاوی غه‌یانی هه‌یه‌و چیان له‌دڵدا شاردۆته‌وه.
٢٠ خوا به‌ڕاستی پێ‌ڕاده‌گا. ئه‌وانه‌ی ئه‌وان هانایان ده‌به‌نه به‌ر - غه‌یره‌ز
خودا - هیچ کارێکیان له‌ده‌س نایه. هه‌ر خودایه که بیسه‌ریش‌و بینایه.
٢١ ئاخۆ ئه‌وان به‌زه‌میندا نه‌گه‌ڕاون، تا بزانن چاره‌نۆسی پێشینه‌کانی ئه‌وانه
چتۆبوه؟ له‌وانه به‌هێزتربۆن‌و له‌و زه‌مینه شوێنه‌واریشیان زۆرتره؛
له‌تۆڵه‌ی گوناهه‌کانیان خواگرتنی‌و که‌س له‌خودای نه‌پاراستن.
٢٢ که ئه‌وانه پێغه‌مبه‌ریان به‌نیشانه‌ی ئاشکراوه هاتبۆنه‌لاو بڕوایان
پێ‌نه‌کردبۆن؛ ئه‌وێ چاخێ خواگرتنی. خوا توانایه‌و سزادانی توندوتیژه.
٢٣ [له‌وباره‌وه] به‌چه‌ندیشانه‌ی خۆمان‌و به به‌ڵگه‌یه‌ک ئاشکراوه، مۆسامان
نارد،
٢٤ بۆلای فیرعه‌ون‌و هامان‌و بۆلای قارۆن. هه‌مۆ گوتیان: جادۆگه‌رێ
درۆزنه.
٢٥ وه‌ختێ له‌لایه‌ن ئێمه‌وه دینی ڕاستی بۆ ده‌رخستن، گوتیان: کوڕانی
ئه‌وانه‌ی وه‌ل‌ئه‌و بڕوایان هێناوه، له ناوبه‌رن‌و ژنه‌کانیان به‌زیندویی
بهێڵنه‌وه؛ به‌ڵام فێڵی خوانه‌ناسان هه‌رگیز سه‌ری نه‌گرتوه.

وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ
أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ٢٦
وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذۡتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٖ
لَّا يُؤۡمِنُ بِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ٢٧ وَقَالَ رَجُلٞ مُّؤۡمِنٞ مِّنۡ ءَالِ
فِرۡعَوۡنَ يَكۡتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ
ٱللَّهُ وَقَدۡ جَآءَكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمۡۖ وَإِن يَكُ كَٰذِبٗا
فَعَلَيۡهِ كَذِبُهُۥۖ وَإِن يَكُ صَادِقٗا يُصِبۡكُم بَعۡضُ ٱلَّذِي
يَعِدُكُمۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ ٢٨ يَٰقَوۡمِ
لَكُمُ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَ ظَٰهِرِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ
بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَاۚ قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ
أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ٢٩ وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ
أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ٱلۡأَحۡزَابِ ٣٠ مِثۡلَ دَأۡبِ قَوۡمِ نُوحٖ
وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلۡمٗا لِّلۡعِبَادِ ٣١
وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ٣٢ يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ
مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۗ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ ٣٣

٢٦ فیرعەون وتی: لێمگەڕێن مۆسا بکوژم؛ با ئەو هاواربۆ پەروەرندەی خۆی بەرێ؛ من دەترسم دینەکەتان بگۆڕێت و پشێوێنی لەمزەمینە بنێتەوە.
٢٧ مۆسا گوتی: هانادەبەمە بەرکەسێ - کە منیش و ئێوەشی پەروەراندوە - بمپارێزێ لە هەمۆ خۆبەزل زانێ کە باوەڕی بە ڕۆژی قیامەتێ نیە.
٢٨ پیاوێ لەخزمانی فیرعەون - کە باوەڕی بەخوا هەبۆ، بەڵام باوەڕەکەی خۆی ئەشاردەو - گوتی: ئێوە چلۆن پیاوێ وەها دەکوژن، ئێژێ: خوا پەروەرندەمەو لە پەروەرندەی خۆشی‌ڕا، چەند نیشانەی زۆرئاشکرای بۆ هاوردۆن؟ ئەگەر دەڵێن: درۆدەکا، وەباڵ درۆی بە ئەستۆی خۆی. ئەگەریش قسەی ڕاست دەکا، لەوانەی ئەو پێتان دەڵێ، هێندێکیانۆ هەر بەسەردێ؛ چونکە خودا مرۆی لەڕادەلادەری درۆزن شارەزا ناکا.
٢٩ گەلۆ! ئەمڕو فەرمانڕەوایی بۆ ئێوەس؛ لەم هەردەشا ئێوە زاڵن؛ ئەگەر خوا بەگژماندا بێ، ئەوسا کێ یاریمان دەکا؟ فیرعەون گوتی: چی خۆم بەچاکی دەبینم، هەر ئەوەتان پێش دەکەوم و هەر ئەو ڕێگەی کە من نیشانتانی دەدەم، ڕاستەڕێیە.
٣٠ کاورای خاوەن بڕوا گوتی: گەلۆ! من لەوە دڵخورتم ئەو بەڵایەی بەسەر خەڵکی‌ترهاتوە، بەسەرتان بێ؛
٣١ وەک ڕۆداوی هۆزی نۆح و عادو سەمۆدو ئەوانەی پاش‌ئەوان بۆن. خوا نایەوی ناهەقی لە عەبدان بکا.
٣٢ گەلۆ! لێتان نیگەرانم لەو ڕۆژەدا لێوبقەومێ کە دەبێتە هاوارهاوار.
٣٣ ئەوێ ڕۆژێ کە هەمۆتان بەرەوپاش دەگەڕێنەوەو هەڕادەکەن؛ کەس ناتوانێ لەخودا ڕزگارتان بکا. هەر کەسێکیش خودا ڕێگەی لێ‌بگۆڕێ، هیچ‌کەس نایخاتەوە سەرڕێ.

---

٢٦- پشێوێنی: ئاژاوە. ٣٠- دڵخورت: نیگەران.

وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ
مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ
مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ
مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ
أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ
يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ
يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ
وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ
وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ
ءَامَنَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾
يَٰقَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَٰعٌ وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ
دَارُ ٱلْقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ
وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ
فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٤٠﴾

٣٤ لەمەوپێشیش یوسف بەچەندین بەڵگەوە هاتەناوتان؛ کەچی ئێوە
لەبەڵگەکانی دۆدڵ بون، باوەڕیتان پێ نەهێنا. وەختێ کە مرد، گوتتان:
ئیتر پاش ئەو خودا هیچ پێغەمبەرێ نانێرێ. دەسا ئاوا هەرکەسێک
دۆدڵی بکاو لە ئەندازەی خۆی دەربچێ، خودا ڕێگەی لێ دەگۆڕێ.
٣٥ ئەوکەسانەی کە بێ ئەوە بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ، لەمەڕ نیشانەکانی خوا
کێشەدەکەن، لەلای خوداو باوەڕداران کاری زۆر نابەجێ دەکەن. خوا
دڵی هەر خۆبەزل‌زانێکی زۆردار، وا مۆردەکا.
٣٦ فیرعەون گوتی: ئەی هامان! بچۆ قەڵایەک بۆمن سازکە، بەشکۆ بگەم بەو
ئاسۆ دۆرەدەستانە؛
٣٧ ئاسۆکانی ئاسمانەکان؛ بڕوانمە خوداکەی مۆسا. منیش دەڵێم درۆدەکا؛
ئابەم جۆرە فیرعەون کاری گەندی خۆی بەجوان زانی و بۆبە لەمپەری
سەرڕێگەی. هەر فێڵێکی فیرعەون بۆخۆی دۆزیەوە، بە فیڕۆچۆ.
٣٨ ئەو کەسەی خاوەن‌باوەڕبۆ، گوتی: گەلۆ! شوێنم کەون، من ڕاستەڕێتان
شان دەدەم.
٣٩ گەلۆ! ئەم ژینی دنیایە هەر سەرێکەو دەبڕێتەوە؛ ماڵی ئەولا یەکجاری‌یە.
٤٠ هەر کەسێ خراپەبکا، هەر بەئەندازەی خراپەی سزادەدرێ.
هەرکەسیش ئاکاری چاک‌بن - چ‌نێر، چ‌مێ - و باوەڕی بەخودا هەبێ،
ئەوانە دەچنە بەهەشت‌و بێ ژمارە هەمۆ بژیوێکیان هەیە.

۞ وَيَٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى
ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ
لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ
أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ دَعۡوَةٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَلَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ
وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ
﴿٤٣﴾ فَسَتَذۡكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمۡۚ وَأُفَوِّضُ أَمۡرِيٓ إِلَى
ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ
مَا مَكَرُواْۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ
يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۖ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ
ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٦﴾ وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ فِي
ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا
لَكُمۡ تَبَعٗا فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا نَصِيبٗا مِّنَ ٱلنَّارِ
﴿٤٧﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ
قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ﴿٤٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ
جَهَنَّمَ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡمٗا مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٩﴾

٢١ گه‌لۆ! چیمه، من ده‌مه‌وێ ڕزگارتان که‌م، ئێوه له‌منتان گه‌ره‌که بچمه ئاگر؟
٢٢ ده‌تانه‌وێ له‌خودا حاشابکه‌م‌و شتی وا بپه‌رستم‌و بیانکه‌م به شه‌ریکی خوا، که هیچ زانستیم پێ‌نیه؛ که‌چی من گه‌ره‌کمه ئێوه ڕۆبکه‌نه لای هه‌ره‌به‌ده‌سته‌ڵاتی گوناه به‌خش.
٢٣ بێگومان ئێوه ده‌خوازن من شتێ‌وا بپه‌رستم که له‌دنیاو له‌قیامه‌تێ هیچ کارێکی له‌ده‌س نایه. هه‌مۆمان ده‌گه‌ڕێینه‌وه بۆلای خوداو ئه‌وانه‌ی له‌قاس ده‌رده‌چن، هه‌ر تۆشی جه‌هه‌نده‌م ده‌بن.
٢٤ جا ئه‌وده‌مه قسه‌ی منتان دێته‌وه‌بیر. کاری خۆم به خوا ده‌سپێرم؛ خودا چاوی له‌عه‌بده‌کانی خۆی هه‌یه.
٢٥ خوا ئه‌وی له‌ئاکامی خراپی ئه‌و فێڵه‌ی ده‌یانکرد، ڕزگار کردو هه‌رچی سه‌ر به فیرعه‌ونێ بۆن، به‌ڵا ده‌ناوه‌خۆی گرتن.
٢٦ هه‌مۆ سپێده‌و ئێواران ده‌یانبه‌نه سه‌ر ئاورو ڕۆژێ که سه‌ڵا ڕاده‌بێ [فه‌رمان ده‌درێ]: سا ده‌سته‌و به‌سته‌که‌ی فیرعه‌ون، زۆر به‌توندی ئازاربده‌ن.
٢٧ که ئه‌وسا له‌ناو ئاگردا کێشه‌ده‌گه‌ڵ یه‌کترده‌که‌ن. بێ‌هێزه‌کان به‌خاوه‌ن هێزه‌کان ئێژن: ئێمه شوێن ئێوه‌که‌وتبۆین، ئاخۆ ئێوه پێتان ده‌کرێ به‌جێ ئێمه له‌و ئاگره، به‌شێک بۆخۆتان هه‌ڵگرن؟
٢٨ به‌هێزه له‌خۆ باییه‌کان ئێژن: هه‌مۆ له‌ئاگرداین. خودا به‌کاری عه‌بدانی وا ڕاده‌گا.
٢٩ ئه‌وکه‌سانه‌ش که چۆنه‌ناو ئاگره‌وه، له‌گزیره‌کانی ئاگر داواده‌که‌ن: له‌به‌ر په‌روه‌رنده‌ی خۆتان بۆن وه‌پاڕێن، ڕۆژێکمان له‌و ئازاره بۆ که‌م‌کاته‌وه.

---

٤٣- قاس: ئه‌ندازه. ٤٩- بۆن: بۆمان، بۆئێمه.

قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ قَالُواْ
بَلَىٰۚ قَالُواْ فَٱدۡعُواْۗ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ
﴿٥٠﴾ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا
وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ
وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٥٢﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى
ٱلۡهُدَىٰ وَأَوۡرَثۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ ﴿٥٣﴾ هُدٗى
وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٥٤﴾ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ
حَقّٞ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ
وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴿٥٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡ إِن فِي صُدُورِهِمۡ إِلَّا كِبۡرٞ
مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِۚ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلۡبَصِيرُ ﴿٥٦﴾ لَخَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَكۡبَرُ مِنۡ
خَلۡقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٥٧﴾
وَمَا يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلۡمُسِيٓءُۚ قَلِيلٗا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾

٥٠ ئێژن: ئاخۆ ئێوە پێغەمبەرەکانتان بەنیشانەی ئاشکراوە نەهاتەلا ؟ ئێژن: بەڵێ. ئێژن: دەی خۆتان وەپاڕێن؛ دیارە نزای خوانەناسان، بەشی هەر بەفیڕۆچۆنە.

٥١ بێ‌گومانە ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەوکەسانەی کەوا بڕوایان هێناوە، لە ژیانی ئەم دنیایەداو لەو ڕۆژەش‌دا کە شایەتان ڕاس‌دەبنەوە، یاری دەکەین.

٥٢ ئەوێ ڕۆژێ کە ناهەقان پاکانەیان سودێکیان پێ ناگەیەنێ و گشتیان بە نەحلەت کراون و نالەبارترماڵیان هەیە.

٥٣ ئێمەهۆی ڕێنوێنیمان دابەمۆساو کارێکمان کرد کتێبەکە - بە کەلەپۆڕ - بۆ تۆرەمەی ئیسرائیل بمێنێتەوە.

٥٤ کە ڕێگەیان نیشان دەداو بیرەوەریە بۆ کەسانی خاوەن ئاوەز.

٥٥ خۆڕابگرە، بەڵێنی خودا دێتەجێ. بۆگوناهت داوای لێ‌بوردنێ بکەو هەمۆ بەیانی و ئێواران - بەشوکرەوە - هەر پەسنی پاکی پەروەرندەی خۆت بدە.

٥٦ ئەو کەسانەی لەمەڕ نیشانانی خودا کێشەدەکەن - بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیان بۆ هاتبێ - جگە لە فیز، هیچ‌شتیان لەدڵدا نیەو هەرگیز بەئارەزۆ ناگەن. سا تۆ: پەنا بە خوا ببە؛ هەر خۆی بیسەرو زانایە.

٥٧ داهێنانی ئەم ئاسمانان و زەمینە، لە وەدی‌هێنانی مەردم گرینگترە؛ بەڵام مەردم زوربەیان ئەمەنازانن.

٥٨ کۆرو چاوساغ وەکویەک نین؛ ئەو کەسانەش کە بۆنە خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن، دەگەڵ خراپکارەکاندا نابن بەیەک. چ‌هەندکن ئەوانەی بیردەکەنەوە.

---

٥٨- هەندک: کەم

إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَأٓتِيَةٌ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ
لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٩﴾ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ
دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ لِتَسۡكُنُواْ
فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبۡصِرًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ
وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٦١﴾ ذَٰلِكُمُ
ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ
﴿٦٢﴾ كَذَٰلِكَ يُؤۡفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ
﴿٦٣﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ قَرَارٗا وَٱلسَّمَآءَ
بِنَآءٗ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ وَرَزَقَكُم مِّنَ
ٱلطَّيِّبَٰتِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ هُوَ ٱلۡحَيُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدۡعُوهُ
مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۗ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٥﴾ ۞ قُلۡ
إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِيَ
ٱلۡبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرۡتُ أَنۡ أُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٦﴾

٥٩ هاتنی ڕۆژی سەلایە، هیچ گومانی تێدانیە؛ بەلام زۆرینەی ئەم خەلکە بڕواناکەن.

٦٠ پەروەرندەتان گوتۆیە: لەبەرم بپاڕێنەوە، ئەوسا بەدەنگتانەوە دێم. ئەو کەسانەی - هەرلەبەر خۆبەزل‌زانین - نایانەوێ بمپەرستن، بەزەبۆنی دەچنە دوڕجەهەندەمەوە.

٦١ هەرخودایە شەوی بۆ ئێوە پەیداکرد، کە تێیدا بحەسێنەوەو ڕۆژیشی بۆ دیتن دانا. خودا چاکەی دەربارەی مەردم کردوە؛ بەلام زوربەی ئەم مەردمە ناسپاسن.

٦٢ ئەم خودایە ئێوەی پەروەردە کردوەو وەدی هێنی هەمۆشتە؛ لەغەیرەز ئەو هیچ‌شت بۆ پەرستن نابێ. دەی چۆن لە هەق کلا دەکرێن؟

٦٣ هەر بەم‌تەرزە ئەوکەسانەی لەنیشانەکانی خودا حاشادەکەن، لەوەی ڕاستە کلا دەکرێن.

٦٤ ئەو خودایە سەرزەمینی بۆ ئێوە کردەنشیمەن؛ ئاسمانیشی لەسەر بەرز کردۆنەوە. ئەو بیچمی بەئێوەی داوە، لە هەمۆبیچمێک جوانترە. بژیوی باشی پێداون. هەر ئەوە خوای پەروەرێنتان. بەرزیو پیرۆزی بۆ خودا، کە پەروەرێنی دنیایە.

٦٥ هەر زیندوەو لەغەیرەز ئەو هیچ پەرستۆیەکی نیە. دەسا ئێوە بەدلپاکی هەر هانا بۆ خودا بەرن‌و دینی پاکژتان بۆ ئەوبێ. سوپاس بۆخوای ڕاهێنەری هەمۆ جیهان.

٦٦ بێژە: من پاش ئەو بەلگانەی لەلایەن پەروەرندەمڕا بۆم هاتوە، ڕێم نەدراوە ئەوشتانە بپەرستم کە [خوانین‌و] ئێوە هانایان پێدەبەن؛ هەر فەرمانم پێدراوە خۆم بسپێرم بەڕاهێنەری گش جیهان.

هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ
يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا۟
شُيُوخًا ۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ ۖ وَلِتَبْلُغُوٓا۟ أَجَلًا مُّسَمًّى
وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ فَإِذَا
قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٦٨﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ
يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ أَنَّىٰ يُصْرَفُونَ ﴿٦٩﴾ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟
بِٱلْكِتَٰبِ وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ
﴿٧٠﴾ إِذِ ٱلْأَغْلَٰلُ فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾
فِى ٱلْحَمِيمِ ثُمَّ فِى ٱلنَّارِ يُسْجَرُونَ ﴿٧٢﴾ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ
مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا بَل لَّمْ
نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾
ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ
تَمْرَحُونَ ﴿٧٥﴾ ٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ فَبِئْسَ
مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٦﴾ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۚ فَإِمَّا
نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴿٧٧﴾

٦٧ هەر ئەوە ئێوەی دروس کرد لەقوڕێک و لەپاشان لە تنۆکێک و پاشان لە
خوێنێکی جەڵتەو پاشان دەتانهێنێتەدەر بەساوایی و پاشان بە خۆدادێن
هەتا دەبن بە خۆرتێکی خورت و پاشان بەپیری دەگەن و هێندێکیشتان
بەرلەوە پیرببن دەمرن. هەتا دەگەن بە ئەو کاتەی کە بۆتان
دیاری‌کراوە، شایەت [لەخۆتان] ڕامێنن.
٦٨ هەر خۆیەتی ژینێ دەداو دەش‌مرێنێ. هەرکارێکی گەرەکی بێ، هەر پێی
ئێژێ: ببەو، دەبێ.
٦٩ ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە کە لەنیشانانی خودا کێشەدەکەن، چلۆن ڕێ لەخۆ
دەگۆڕن؟
٧٠ ئەوکەسانەی کە هەر بڕوایان نەهێنا بەم قورعانەو بەوشتانەی
پێغەمبەرانمان بۆ ناردوٚن، زۆر ناخایەنێ تێدەگەن.
٧١ ئەوسا کە هەریەک چەند تۆقی دەملدایەو بەزنجیر ڕایان دەکێشن،
٧٢ بۆناو ئاوێکی زۆرگەرم و لەدوای ئەوە لەناو ئاگردا گڕدەگرن.
٧٣ ئەم جارە لێان دەپرسن: کوان ئەوانە دەتانگوت: شەریکی خودان؛
٧٤ غەیرەز خودا. ئێژن: لەبەر چاومان ونن؛ خۆ ئێمە لەسەردنیاش بوٚین،
غەیرەزخوامان نەدەپەرست. خودا ئاوا خوانەناسان گومڕادەکا.
٧٥ سا ئەمە گۆڕی گیانتان بێ! چونکە ئێوە لەسەرزەمین بەناڕەوا
کەیفوٚدەکرد؛ بادی هەواییتان دەنواند.
٧٦ لەدەرگاکانی جەهەندەم بچنەئەودیوو تاهەتایە لەوێدا بمێننەوە.
جێگەی خۆبەزل‌زانەکان چەند ناخۆشە!
٧٧ سا بوێستە، چونکە بەڵێنی خوا ڕاستە؛ یان هێندێکت لەو بەڵێنەی پێان
دەدەین، نیشان ئەدەین، یان مەرگت بەسەردا دێنین. [هەرچۆنێک
بێ] هەمۆ لایەک هەر دەهێننەوە لای خۆمان.

---

٦٧- تنۆک: دلۆپ. جەڵتە: خوێنی بە سیاک. خۆرت: لاو، جحێڵ. خورت: بەهێز، بەقەوەت.
٧٥- گۆڕ: سزا.

وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ
وَمِنۡهُم مَّن لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأۡتِيَ
بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ قُضِيَ بِٱلۡحَقِّ وَخَسِرَ
هُنَالِكَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿٧٨﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَنۡعَٰمَ
لِتَرۡكَبُواْ مِنۡهَا وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمۡ فِيهَا
مَنَٰفِعُ وَلِتَبۡلُغُواْ عَلَيۡهَا حَاجَةٗ فِي صُدُورِكُمۡ وَعَلَيۡهَا وَعَلَى
ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ ﴿٨٠﴾ وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَأَيَّ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِنۡهُمۡ وَأَشَدَّ
قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ
﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم
مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا
رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ
مُشۡرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ
ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾

٧٨ لەپێش تۆشدا گەلێ پێغەمبەرمان ناردن. سەربهۆردی هێندێکانمان بۆباس کردۆی؛ هەیشن کە باسمان نەکردۆن. هیچ پێغەمبەرێ ناتوانێ هەتا خودا ئیزنی نەدا، هیچ نیشانێک نیشان بدا. هەرگا فەرمانی خودا هات، دەبێ ڕاستی بەکاری مەردم ڕابگاو؛ هەرکێ لەسەر پڕوپۆچن، تێدادەچن.

٧٩ هەر خودایە وڵساتی بۆ پەیداکردن، هەتا ئێوە سواریان بن‌و لێیان بخۆن.

٨٠ گەلێک بەهرەی تریشیان بۆ ئێوە هەیە؛ ئەو نیازی لەدڵتاندا، لەسەریان پێکی دەهێنن‌و لەسەریان‌و لەسەرگەمیەش هەڵدەگیرێن.

٨١ زۆرێک لەنیشانانی خۆی، دەخاتە بەرچاوی ئێوە. ئێوە حاشا لەکام نیشانەی خوا دەکەن.

٨٢ ئاخۆ هەرگیز بەزەمیندا نەگەڕاون کە بزانن ئاکامی پێشینەکانیان بەکوێ گەیشت؟ کە لەمانە زۆرترو بەهێزتریش بۆن؛ شوێنەواریشیان لەهەردا پترماوە. سا هەرچی کۆیان‌کردەوە، هیچ بەهرەیەکی بۆنەدان.

٨٣ کە پێغەمبەرانی ئێمە بەنیشانەی ئاشکراوە چۆنەلایان، بەو هۆیە کە زۆر دەزانن، دڵیان خۆش بۆ؛ کەچی ئەوەی ئەوان گەمەیان پێدەکرد، دەوری لێدان.

٨٤ کاتێ دیتیان بەڵای ئێمەیان دێتەسەر، گوتیان: ئیتر خوای تاقانە دەناسین‌و لەوشتانەی دەمانگوت: شەریکی خودان، حاشادەکەین.

٨٥ پاش دیتنی سزای ئێمە، بڕواهێنان قازانجی پێ نەگەیاندن. ئەمە ڕێ‌وشوێنی خودایە؛ دەربارەی هەمۆ عەبدانی هەر وابوە. لەوکاتەدا هەر ئەوانەی خوانەناس بۆن، زەرەریان کرد.

---

٧٨- سەربهۆرد: بەسەرهات، سەرگوروشتە.

# سُورَةُ فُصِّلَتْ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ
ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ
أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿٤﴾ وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ
مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ
فَٱعْمَلْ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ﴿٥﴾ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ
أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَٱسْتَقِيمُوٓا۟ إِلَيْهِ وَٱسْتَغْفِرُوهُ ۗ وَوَيْلٌ
لِّلْمُشْرِكِينَ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ
هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ
أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٨﴾ ۞ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ
ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾
وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ
أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ
فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾

# فوسسیلەت

٥٤ ئایەت

وەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ حا، میم.
٢ هاتۆتەخوار لەوکەسەوە کە دەهندەی دلۆڤانە.
٣ کتێبێکە نیشانانی بەڕۆنی شی‌کراونەتەوە؛ بەزمانی عەرەبیە؛ بۆ گرۆی
مرۆی دەیزانن.
٤ مژدەدەرەو ترسێنەرەو زوربەیان خۆیان لێ بواردو ئامادەنین کە بیبیسن.
٥ گوتیان: لەوەی کە تۆ بۆ ئەومان بانگ دەکەی، دڵمان پۆششی لەسەرەو
گوێمان کەڕەو پەردەیەک هەس لەنێوانی ئێمە و تۆدا. تۆ خەریکی کاری
خۆت بەو، ئێمەش کاری خۆمان دەکەین.
٦ بێژە: منیش مرۆیەکم وەکو ئێوە؛ خودا فەرمانم پێدەدا پێتان بڵێم: تەنیا
خودایەکتان هەیە؛ ڕۆتان هەر بەرەو ئەم بکەن‌و داوای بۆردنی
لێ‌بکەن. واوەیلا بۆ ئەو کەسانەی خودا بەتەنیا نازانن؛
٧ ئەوانە نە زەکات دەدەن، نە برِوایان بە ڕۆژی قیامەتێ هەیە.
٨ ئەوانەی خاوەن‌بروان‌و ئاکارچاکن، هەروهەر پاداشیان هەیە.
٩ ئاخۆ ئێوە لەکەسێکی کە بەدۆ ڕۆژ ئەم زەمینەی وەدی هێنا، حاشا
دەکەن‌و هاوتای بۆپەیدادەکەن؟ ئەوە کە ڕاهێنەری هەمۆ جیهانە.
١٠ کەژو کۆشی لەزەمین بەرزکردەوەو پیتی تێ‌خست؛ هەر لەماوەی
چوارڕۆژاندا، بۆ هەرکێ بژیوی دەوێ - بەیەکسانی - بژیوی
بۆدابین‌کردن.
١١ پاشان ڕوی‌نا لەبەرزایی، کە ئەوسا هەر تاریکان بۆ. بەوان‌و بە
زەمینی‌گوت: خۆش یا ناخۆش، دەبێ بێنە بەر فەرمانم. گوتیان: وا
بەخۆشی هاتین.

فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ
وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ
ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾ فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ فَقُلۡ أَنذَرۡتُكُمۡ صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ
عَادٖ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ إِذۡ جَآءَتۡهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ
خَلۡفِهِمۡ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ قَالُواْ لَوۡ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ
فَإِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا عَادٞ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي
ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَقَالُواْ مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةًۖ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ
ٱلَّذِي خَلَقَهُمۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ
﴿١٥﴾ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ
عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰۖ وَهُمۡ
لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى
ٱلۡهُدَىٰ فَأَخَذَتۡهُمۡ صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ
﴿١٧﴾ وَنَجَّيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾ وَيَوۡمَ يُحۡشَرُ
أَعۡدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ
عَلَيۡهِمۡ سَمۡعُهُمۡ وَأَبۡصَٰرُهُمۡ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٢٠﴾

١٢ ئەوساکە حەوت ئاسمانی لە دوڕۆژدا وەدی هێنا؛ هەر عاسمانەی
فەرمانی کاری خۆی بۆنارد. نزیکتر ئاسمانیشمان بەچرایان ڕازاندەوەو
پارازتمان. خاوەن دەستەلاتی زانا بڕیاری ئەوکارەی داوە.
١٣ ئەگەر هەر قبوڵیان نەکرد، بێژە: بەو هەورەتریشقەو دەترسێنم کە
هۆزەکەی عادو سەمودی وەبەردا.
١٤ ئەوسا کە پێغەمبەرەکان - چ ڕوبەڕو، چ پاشملە - لێیان نزیک دەبونەوە
کە: غەیرەز خوامەپەرستن؛ وتیان: ئەگەر پەروەرێنمان مەیلی لێبا،
فریشتەی دادەبەزاندن. ئێمە لەوەی کە ئێوەی پێ ناردراون،
حاشادەکەین.
١٥ جا هۆزی عاد لەناڕەوا خۆیان لەو سەرزەمینەدا بەزل زانی. دەیانگوت:
کوا؟ کێ لەئێمە بەهێزترە؟ نەیاندیبو ئەو خودایەی ئەوانی دروس کردوە
گەلێک لەوان بەهێزترە؟ هەروا بەنیشانەکانمان بێ بڕوابون.
١٦ ئەوسا ئێمە ڕەشەبایەکی بە هێزمان - لەو ڕۆژانەدا کە شومن - ناردە
سەریان؛ تا ئازاری ئابڕوبەریان - لە ژیانی ئەم دنیایەدا- پێ بچێژین.
بێ‌گومانە سوکایەتی ئازاری ئەولاش زۆرترەو کەسیش دەهانایان نایە.
١٧ ئێمە ڕێگەی بەرەوخومان شانی هۆزی سەمودیش دا. لەباتی شارەزابونی
حەزیان‌کرد هەر نابینابن. ئەوسا لەسۆنگەی ئەوکاری کە دەیانکرد،
هەورەتریشقە گرتنی و ئازاری ئابڕو بەرەیان لێ‌هاتەدی.
١٨ ئەو کەسانەشمان ڕزگارکرد کە ببونەخوداناس و لەگوناهـ خۆیان
دەپاراست.
١٩ لەو ڕۆژەدا کە نەیارەکانی خودا بەرەوئاگر هەمویان کودەکرێنەوەو
دەستەدەستە بەرێ دەکرێن،
٢٠ وەختێ دەگەنەلای ئاگر، لە هەرکارێ کردویانە، گوێچکەو چەم‌و هەمو
پارچەپێستی لەشیان، لەدژیان شایەتی دەدەن.

وَقَالُواْ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا قَالُوٓاْ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ
أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾
وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ
وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ
﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم
مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن يَصْبِرُواْ فَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ وَإِن
يَسْتَعْتِبُواْ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ۞ وَقَيَّضْنَا لَهُمْ
قُرَنَآءَ فَزَيَّنُواْ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ
ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنَّهُمْ
كَانُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسْمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ
وَٱلْغَوْاْ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾ فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابًا
شَدِيدًا وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ جَزَآءُ
أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ
﴿٢٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلْجِنِّ
وَٱلْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٢٩﴾

٢١ [ بەگلەییەوە] پێستانی خۆیان دەدوێنن: چۆن دژمان شایەتیتان دا؟ ئێژن: خوا وەزمانی هێناین، کە دەتوانێ هەمۆشت بێنێتە قسە؛ هەر ئەویشە هەوەڵجار ئێوەی دروس کرد، دەشۆگەڕێننەوە لای ئەو.

٢٢ لەوبارەوە کە گوێ و چاوو گش پێستی ئەندامەکانتان شایەتیتان لەسەربدەن، هیچ خۆتان حاشارنەدەدا؛ بەڵام ئێوە پێتان وابۆ خوا لە زۆرێ لەوکارانەی ئێوە دەیکەن، بێئاگایە.

٢٣ دەربارەی پەروەرندەتان ئێوە واتان گومان دەبرد، کە تەرتوتونای کردن و چۆنە ڕێزەی زیانباران.

٢٤ ئەگەر ئەوان خۆڕاگرن، ئەوە ئاگر جێگەیانە. ئەر داوای لێبۆردنیش کەن، هەرگیز لێیان قبۆڵ ناکرێ.

٢٥ دۆستی واشمان [لەدنیا] بۆپەیداکردن، کاری ئێستەو ئایندەیان بۆخەملاندن. بۆئەمان و ئەو جنۆکەو مرۆڤانەی بەرلەوان بۆن، بەڵێنی خودا هاتەجێ؛ لەبەرئەوەی زیانباربۆن.

٢٦ خودانەناسەکان گوتیان: گوێ بۆئەمقورئانە مەگرن؛ قسەی بێتامی خۆتانی تێکەڵ بکەن؛ بەشکۆ بەسەریا سەرکەون.

٢٧ سا مەزجبێ ئەوکەسانەی خوانەناس بۆن، لە ئێمەوە جەزرەبەی دژوار بچێژن؛ لەوەی دەیانکرد، خراپتر ئازاریان دەین.

٢٨ سزای دوژمنانی خودا هەر ئەمەیە؛ لەسۆنگەی حاشاکردنیان لەنیشانەکانی ئێمە، ئاگری لەبنە نەهاتۆ ئەنوایانە.

٢٩ خودانەناسەکان گوتیان: ئەی پەروەرندەی گلامان! ئەو دۆکەسە لەجنۆکەو مرۆیەمان نیشان بدە، کە ڕێیان لە ئێمە گۆڕی؛ وەژێرپای خۆمانیان دەدەین با لەژێری ژێرەوەبن.

---

٢٢- حاشاردان: حەشاردان، شاردنەوە. ٢٨- سۆنگە: لەبەر، بەخاتر.

إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ
ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ
وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلٗا مِّنۡ غَفُورٖ رَّحِيمٖ ﴿٣٢﴾
وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ
إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ
ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ
وَلِيٌّ حَمِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ
إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ
فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ
ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ
وَلَا لِلۡقَمَرِ وَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمۡ
إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ فَٱلَّذِينَ عِندَ
رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمۡ لَا يَسۡـَٔمُونَ۩ ﴿٣٨﴾

۳۰ ئەوانەش کە گوتۆیانە: پەروەرندەمان خودایەو لەگفتیان لایان نەداوە؛ فرشتە دێنەلایان و پێیان ئێژن: نە بترسن، نە خەم بخۆن؛ مژدەتان بێ گەیشتۆنە ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنتان پێدراوە.

۳۱ ئێمە - لەدنیاو لەقیامەت - دۆستی ئێوەین؛ لەبەهەشتا هەرشتێ ئارەزۆی کەن و چی بخوازن، ئامادەیە.

۳۲ پەزێرایی لەلایەنی گوناه بەخشی دلۆڤانە.

۳۳ کێ لەوکەسە قسەی بەڕێوجێ‌ترە، کە بەرەوخوا گازی دەکاو خۆشی ئاکاری پەسندەو ئێژێ: منیش یەکێ لە موسوڵمانانم؟

۳۴ چاکەو خراپە هەمبەرنین؛ تۆ هەمیشە وەرامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێ کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت.

۳۵ ئەم ئاکارەش هەر تۆشی کەسانێک دەبێ کە بتوانن خۆڕاگربن؛ هەرکێش ئەو ئاکارەی تۆش بێ، دیارە فرە بەختەوەرە.

۳۶ هەر وەختێ لەشەیتانەوە دوچاری خەیاڵاتێک بۆی، گورجێ پەنا بەخوابەرە؛ کە خۆی بیسەرو زانایە.

۳۷ شەوو ڕۆژو خۆرو مانگیش لەنیشانەکانی ئەون. نە بەرەوخۆر سوژدە بەرن، نە بەرەومانگ؛ سوژدە بۆ خودایەک بەرن کە ئەوانی وەدی هێنا؛ ئەگەر هەر ئەو دەپەرستن.

۳۸ ئەگەر ئەوان فیزیان نواند، ئەوی لای پەروەرندەتن - بەشەوو ڕۆژ - هەر پەسندی ئەو دەدەن و وەڕەزنابن.

---

۳۸- وەڕەز: جارز، جاڕس، بێزار.

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ
ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن
يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ
إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ
وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ
خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ
لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴿٤٣﴾
وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ۖ ءَا۬عْجَمِىٌّ
وَعَرَبِىٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ
لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ
يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ
فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ
بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا
فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾

٣٩ لەنیشانەکانی ئەوە زەوی دەبینی مات بووە و هەستی دەبەردا نەماوە. هەرگا بارانمان لێباراند، ڕادەژێ و دەبۆژێتەوە. ئەوی زیندۆی دەکاتەوە، گیان بە بەر مردوش دا دەکا. خودا توانای بەسەر هەمۆشتدا هەیە.

٤٠ ئەوانەی کە سەبارەت بە نیشانانمان لەوەی ڕاستە، کلا دەبن، خۆ لە ئێمە ناشێرنەوە. ئاخۆ کێ لەکێ چاترە؟ ئەو کەسەی دەخرێتە ئاگر، یان ئەوکەسەی ڕۆژی قیامەت بێترس دێ؟ چی خۆتان حەزدەکەن بیکەن؛ ئەو لە هەرچی ئێوە دەیکەن، چاوەدێرە.

٤١ ئەوکەسانەی ئەوکاتە قورئانیان بۆهات، دژی وێستان و بڕوایان پێنەهێنا؛ کە کتێبێکی زۆربەرزو جێگەی ڕێزە.

٤٢ پڕوپۆچ لەڕۆی ناوەستێ - چ ڕوبەڕو، چ پاشملە - ئەمە کارزانێک ناردۆیە کە هەر دەبێ پەسنی بدرێ.

٤٣ ئەوانەی کە بەتۆی ئێژن، بە پێغەمبەرانی پێش تۆش هەر وتراوە. پەروەرندەت بێگومانە کە دەتوانێ گوناهکاران عافۆبکاو بۆشی هەیە ئازاری بەژانیان بدا.

٤٤ گەر ئێمە ئەم قورعانەمان بەعەجەمی بناردایە، دەیانگوت: چۆن نیشانی بەڕونی شی نەکراونەتەوە؟ خۆی عەرەبەو نیشانەکانی عەجەمین؟! بێژە: ئەمە بۆ کەسانێ کە باوەڕیان پێهێناوە، ڕێبەرو چارەی دەردانە؛ ئەوی بڕواشی پێناکەن، گوێ گرانن لەبیستن و چاویان لەدیتنی کوێرە؛ هەر ئێژی لە جێی دۆرەوە گازی دەکرێن.

٤٥ کتێبیشمان دا بە مۆسا، کە لەسەری کێشەکرا. خۆ ئەگەر پەروەرندەی تو پێشۆتر گفتی نەدابا، بەکاریان ڕادەگەیشتن. بێسۆ ئەوان لێی دۆدڵن و بەدگومانن.

٤٦ هەرکەسێ کاری چاک دەکا بۆخۆی دەکاو کەسێکیش خراپەدەکا، لەدژی خۆی کردۆیەتی. پەروەرندەت غەدر لەعەبدانی ناکا.

---

٣٩- ڕاژان: درێژبۆن، کێش هاتن. بۆژانەوە: وەکەیف کەوتن پاش لەڕی و کەساسی.

۞ إِلَيۡهِ يُرَدُّ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِۚ وَمَا تَخۡرُجُ مِن ثَمَرَٰتٖ مِّنۡ أَكۡمَامِهَا
وَمَا تَحۡمِلُ مِنۡ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلۡمِهِۦۚ وَيَوۡمَ يُنَادِيهِمۡ أَيۡنَ
شُرَكَآءِي قَالُوٓاْ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٖ ٤٧ وَضَلَّ
عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَدۡعُونَ مِن قَبۡلُۖ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٖ ٤٨
لَّا يَسۡـَٔمُ ٱلۡإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلۡخَيۡرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٞ
قَنُوطٞ ٤٩ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا مِنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُ
لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّجِعۡتُ إِلَىٰ
رَبِّيٓ إِنَّ لِي عِندَهُۥ لَلۡحُسۡنَىٰۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِمَا عَمِلُواْ
وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنۡ عَذَابٍ غَلِيظٖ ٥٠ وَإِذَآ أَنۡعَمۡنَا عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ
أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٖ
٥١ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرۡتُم
بِهِۦ مَنۡ أَضَلُّ مِمَّنۡ هُوَ فِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ٥٢ سَنُرِيهِمۡ
ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ
أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ٥٣ أَلَآ إِنَّهُمۡ
فِي مِرۡيَةٖ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمۡۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءٖ مُّحِيطُۢ ٥٤

٤٧ ڕۆژی قیامەتێ کەی دەبێ، ئەو دەیزانێ. بەروبۆی هەمۆ ڕوەکێک کە
لەشکۆفە دێنەدەرو هەر مێوینەیەک ئاوسەو چی لەزگداو چی لێ دەبێ،
ئەو دەیزانێ. ئەوێ ڕۆژێ کە خودا بانگیان لێدەکا: شەریکەکانی من
لەکوێن؟ ئێژن: لای تۆ ئەیدرکێنین؛ کەسمان ئاگامان لێ نیە.
٤٨ ئەوشتانەی لەپێشۆدا جێگەی هاناوهاواریان بۆن، لێیان گوم‌بۆن‌و
تێگەیشتۆن کە هیچ دەرەتانیان نیە.
٤٩ مرۆ هەرچەند نزابۆشتی باش بکا، وەڕەز نابێ. هەرگا خراپەشی تۆش
هات، هیچ ئاواتێکی نامێنی‌و ناهومێدە.
٥٠ ئەگەر لەپاش دەردو مەینەتێ تۆشی دێ، تامی خۆشیمان پێ‌چەشاند،
ئێژێ: ئەمە لەخۆم‌ڕایەو باوەڕناکەم قیامەت ڕابێ؛ خۆ ئەگەر بشمبەنەوە
بۆنزیک پەروەرندەی خۆم، سۆر دەزانم پتر چاکەم دەگەڵ دەکا. جا
ئەوانەی دژی ئێمەن، لەهەرکارێ کردۆیانە، خۆمان ئاگاداریان
دەکەین‌و جەزرەبەی زۆر دژواریان پێ‌دەچێژین.
٥١ وەختێ ئێمە دەگەڵ مرۆ چاکەدەکەین، پێ‌نازانێ‌و فیزدەنوێنێ‌و
من‌منیەتی؛ هەرگاش خراپەی تۆش ببێ، بەپانەوە مل دەنێ لەپاڕانەوە.
٥٢ بێژە: ئێوە بە من بێژن، ئەگەر ئەمە لە خواوەبێ‌و ئێوە باوڕی پێ‌نەکەن،
دەی کێ لەوە گومڕاترە هەتاسەر لاساری بکا؟
٥٣ هاکا وامان کرد ئەوانە لەئاسۆکانی زەمین‌و عاسمانداو لەخۆشیاندا
نیشانەکانمان ببینن؛ هەتا لێان ڕۆن بێتەوە کە ئەو ڕاستە. ئاخۆ
هێندەیان بەس نیە، پەروەرندەت لەهەمۆشت ئاگادارە؟
٥٤ باش‌بزانە کە ئەوانە لەدیداری پەروەرندەیان دۆدڵن. باش‌بزانە خۆی
دەوری لە هەرشت داوە.

---

٤٧-«کەسمان ئاگامان لێ نیە» یا: ئێمە هیچ شایەتێکمان لە ناودا نیە.

# سورة الشورى

بسم الله الرحمن الرحيم

حمٓ ﴿١﴾ عٓسٓقٓ ﴿٢﴾ كَذَٰلِكَ يُوحِيٓ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ
ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٣﴾ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ
ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٤﴾ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِن فَوۡقِهِنَّۚ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي
ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ
مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيۡهِمۡ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ
﴿٦﴾ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ
حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي
ٱلسَّعِيرِ ﴿٧﴾ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُدۡخِلُ
مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٨﴾
أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۖ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡوَلِيُّ وَهُوَ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَهُوَ
عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٩﴾ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ
إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾

# شورا

٥٣ ئایەت

وەناوخوداکەکەهندەوکلوڤانە

١ حا، میم. ٢ عەین، سین، قاف.
٣ خودای خاوەن دەستەلاتی زانالەکار، فەرمانی خۆی ئاوا بۆتۆو پێغەمبەرانی بەرلەتۆش بەرێ دەکا.
٤ هەرچی لەناو ئاسمانان و هەرچی لەزەمیندا هەیە، گش بۆئەوەو هەر خۆی جێ بەرزو مەزنە.
٥ لەوانەیە ئاسمانەکان دەرزبەرن و بەسەر یەکدا خرمەبکەن. فریشتانیش بەسوپاسەوە پەسنی پەروەرێنتان دەدەن؛ داوای بەخشین بۆ خەلکی سەرزەمین دەکەن. باش بزانن ئەوە لەگوناه دەبوُرێ و دلوڤانە.
٦ ئەوکەسانەی ئەوشتانەی غەیرەز ئەون، بەدۆستی خۆیان زانیون و خەریکی پەرستنیانن، خوا ئاگای لەکاریان هەیەو ئوبالیان لەستۆی تۆ نیە.
٧ هەروەهاینە قورئانێکی عەرەبیمان بۆتۆ هەنارد، هەتا تۆ بەو، ترس وەبەرخەلکی مەککەو خەلکی دەوروبەری بێنی و لەرۆژی کۆبوُنەوەشیان بترسێنی؛ کە بێگومان هەر وەدی دێ. ئەوسا بەشێک بەهەشتین و بەشێکیان دەچنە جەهەندەم.
٨ ئەگەر خودا مەیلی لێ با، گشتی دەکردە بەرەیەک لەئاییندا؛ بەلام هەر کەسێ خۆی حەزکا، وەبەر بەزەیی خۆی دەخا. ناهەقانیش دۆست و یاریکاریان نیە.
٩ ئاخۆ کەسیان غەیرەز خودا دیوەتەوە کە دۆستیان بێ؟ دۆستی ڕاستی هەر خۆیەتی و ئەو دەتوانێ مریان زیندوُبکاتەوەو توانای هەموُشتی هەیە.
١٠ لەسەر هەرچی پێک نەهاتن، خودا بەناوتان ڕادەگا. ئەو خودایە منی پەروەردەکردوە؛ من خۆم هەر بەوسپاردوەو هەر ڕوُدەکەمەوە لای ئەو.

فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا
وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ أَزۡوَٰجٗا يَذۡرَؤُكُمۡ فِيهِۚ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ
وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾ لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ
يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿١٢﴾
۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ
إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ
وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ
يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ وَمَا
تَفَرَّقُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ
سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى لَّقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ
أُورِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُ مُرِيبٖ ﴿١٤﴾
فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُۖ وَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡۖ
وَقُلۡ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٖۖ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ
بَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡۖ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡۖ
لَا حُجَّةَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٥﴾

۱۱ وەدی هێنی عاسمانەکان و زەمینەو هەر لەخوٚتان جوٗتەی لێ بەرهەمهێنان و لە مالاْتیش ولفی یەکتری دروس کرد تا زوٚرتر پەرەوٗ پێبدا. هیچ شتێ وێنەی ئەونیە؛ هەر خوٚی بیسەرو بینایە.

۱۲ کلیلانی عاسمانان و ئەمزەمینە لجەم ئەوە. ڕوٚزیش هەر بەمەیلی ئەوە بوٚیەکێ فرەدەنێرێ و بوٚیەکێ کەم. ئاگای لە هەموٗشت هەیە.

۱۳ ڕێگەیەکی لەدینداری بوٚنگوٚکێشا، کە ئەسپاردی نوٗحیش هەر لەو ڕێگە بڕوا. هەر ئەمەشمان بەفەرمان بەتوٚڕاگەیاند؛ ئیبڕاهیم و موٗساو عیساشمان ڕائەسپارد، کە هەر لەسەر ئەم دینەبن و مەشیکەن بە چەندبەرەکی. ئەوەی ئێوە بەخەلْکی ڕادەگەیێنن، بوٚ ئەوانەی شەریک بوٚ خواپەیدادەکەن، زوٚردژوارە. خودا هەرکێ خوٚی بخوازێ، لەناو خەلْکا دەیبژێرێ و هەرکەسێکیش بەرەو ئەو بگەڕێتەوە، بەرەو خوٚی شارەزای دەکا.

۱۴ نەش ببونە دەستەدەستە، مەگین وەختێ باسی ئەمدینەیان زانی. ئیرەیی لەناو خوٚیاندا لەبەریەکی هەلْوەشاندن. خوٚ ئەگەر پەروەرندەی توٚ زوٗتر ماوەی بوٚ دیاری نەکردنایە، دەمێک بوٗکاریان کرابوٗ. ئەوانەی کتێبەکەشیان لەپاش ئەوان بوٚبەجێما، لێی کەوتنە بێباوەڕی و گومانەوە.

۱۵ سا بوٚئەمە، توٚگازی لەمەردم بکەو هەروەک فەرمانت پێدراوە، هەر سوٗربە لەسەر ئەم کارەو شوێن ئارەزوٗیان مەکەوە. بێژە: من بە هەرکتێبێ خودا ناردوٗیەتەخوارێ، بڕوام هەیە؛ فەرمانیشم پێدراوە، بە یەکسانی بەکاروبارتان ڕابگەم؛ ئێمەو ئێوە خودا پەروەرندەمانە؛ کردەوەی خوٚمان بوٚخوٚمان، کردەوەی خوٚتان بوٚخوٚتان؛ لەنێوان ئێمەو ئێوەدا جێ بوٚ بەهانە نەماوە؛ خوا هەموٗمان لەیەکتر کوٚدەکاتەوەو چارەنوٗسیش هەر لای ئەوە.

---

۱۵- گازی: بانگ.

وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ
دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ وَلَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٌ
١٦ ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا يُدۡرِيكَ
لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ ١٧ يَسۡتَعۡجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ
بِهَاۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مُشۡفِقُونَ مِنۡهَا وَيَعۡلَمُونَ أَنَّهَا ٱلۡحَقُّۗ
أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي ٱلسَّاعَةِ لَفِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ ١٨
ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ
١٩ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن
كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن
نَّصِيبٍ ٢٠ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ
مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ
وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٢١ تَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ
مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي رَوۡضَاتِ ٱلۡجَنَّاتِۖ
لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ٢٢

١٦ ئه‌مانه‌ی له‌مه‌ڕ خوداوه بڕوبه‌هانه‌یان هه‌یه، له‌پاش ئه‌وه كه
به‌ده‌نگیشیه‌وه هاتوون، هه‌موو بڕوبه‌هانه‌یان له‌لایه‌ن په‌روه‌رنده‌یان
بێبایه‌خه‌و وه‌به‌رتووڕه‌یی كه‌وتوون و به‌توندی جه‌زره‌به ده‌درێن.
١٧ ئه‌و خودایه‌ی ئه‌م كتێبه‌ی بۆڕاستی ناردۆته‌خوارێ، ته‌رازووشی ده‌گه‌ڵ
هه‌نارد. تۆ چوزانی؟ له‌وانه‌یه هاتنی قیامه‌ت نزیک بێ.
١٨ ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان نیه ئه‌وڕۆژه‌دێ، په‌له له‌هاتنی ده‌كه‌ن؛ ئه‌وكه‌سانه‌ش
كه باوه‌ڕییان هێناوه، لێی ده‌ترسن؛ ده‌شزانن كه ئه‌وه ڕاسته. باش
بزانن ئه‌وكه‌سانه‌ی له سه‌ڵاڕابوون دڕدۆنگن، زۆر له‌ڕێ دووركه‌وتوونه‌وه.
١٩ خودا ده‌رباره‌ی عه‌بدانی به‌ڤیانه. به‌هه‌ركه‌س خۆی مه‌یلی لێبێ،
بژیوده‌دا. خاوه‌ن هێزو به‌ده‌سته‌ڵاتیش هه‌ر ئه‌وه.
٢٠ هه‌ركه‌سێكی داهاتی دوارۆژی بوێ، داهاتی پترده‌ده‌ینێ. كێش داهاتی
له‌م دنیایه‌دا گه‌ره‌ک بێ، له‌م‌دنیا به‌شی ده‌ده‌ین و له‌ودنیا به‌شێكی نیه.
٢١ ئاخۆ ئه‌وان شتانێ وا به‌شه‌ریكی خوا ده‌زانن، كه دینێكی وه‌هایان
بۆداهێنابن و خودا ئیجازه‌ی نه‌دابن؟ ئه‌گه‌ر بڕیاری یه‌كجاری ده‌رنه‌چووبا،
كاره‌كه‌یان ده‌بڕایه‌وه. ناهه‌قه‌كان جه‌زره‌به‌ی به‌ژانیان ده‌بێ.
٢٢ ئه‌و ناهه‌قانه ده‌بینی، له‌ئاكامی كرده‌وه‌ی خۆیان ده‌ترسن؛ دیاره هه‌ر
تووشیشیان ده‌بێ. ئه‌و كه‌سانه‌ش كه بوونه خاوه‌ن‌باوه‌ڕو ئاكارچاک بوون،
له‌سه‌یرانگای باخه‌كاندان و چی خۆیان ئاره‌زووبكه‌ن، له‌ئالی
په‌روه‌رنده‌یان پێیان ده‌گا. ئه‌مه‌ش به‌خششێ مه‌زنه.

---

١٨- دڕدۆنگ: دوودڵ. ١٩- به‌ڤیان: میهره‌وان. ٢٢- ئالی: لا، ته‌ره‌ف.

ذَٰلِكَ ٱلَّذِي يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِۗ قُل لَّآ
أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ وَمَن يَقۡتَرِفۡ حَسَنَةٗ نَّزِدۡ
لَهُۥ فِيهَا حُسۡنًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ شَكُورٌ ٢٣ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ
كَذِبٗاۖ فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَۗ وَيَمۡحُ ٱللَّهُ ٱلۡبَٰطِلَ وَيُحِقُّ ٱلۡحَقَّ
بِكَلِمَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٢٤ وَهُوَ ٱلَّذِي يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ
عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَعۡفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ٢٥
وَيَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۚ
وَٱلۡكَٰفِرُونَ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞ ٢٦ ۞ وَلَوۡ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزۡقَ
لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٖ مَّا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ
خَبِيرُۢ بَصِيرٞ ٢٧ وَهُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ
وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥۚ وَهُوَ ٱلۡوَلِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ٢٨ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٖۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمۡعِهِمۡ
إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٞ ٢٩ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا
كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ٣٠ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ
فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ٣١

٢٣ به‌مه خودا موژده به‌وعه‌بدانه‌ی ده‌دا، که بوونه‌خاوه‌ن باوه‌ڕو ئاکارچاک
بوون. بێژه: ئه‌من مزه‌یه‌کم له‌نگوناوێ، مه‌گین خوشویستنی
خزمه‌نزیکه‌کان. هه‌رکه‌سیش چاکه‌یه‌ک بکا، پتر چاکه‌ی ده‌گه‌ڵ
ده‌که‌ین. خودا له‌گونا ده‌بوورێ و به‌چاکه‌ی عه‌بدان ده‌زانێ.
٢٤ یان ده‌بێژن: درۆبۆ خوا هه‌ڵده‌به‌ستێ. ئه‌گه‌ر خودا مه‌یلی لێ بێ، مۆر
به‌سه‌ر دڵته‌وه‌ده‌نێ. خودا- هه‌ر به‌فه‌رمانی خۆی - پوچ له‌ئارادا
ناهێڵێ و ڕاستی له‌جێ، جێدارده‌کا؛ ئه‌و له‌هه‌رچی به‌ناو دڵاندا
ده‌بوورێ، ئاگاداره.
٢٥ هه‌ر ئه‌ویشه په‌ژیوانی له‌عه‌بدانی قبووڵ ده‌کاو له‌کاره‌خراپه‌کانیان
چاوده‌پۆشێ و له هه‌مۆ کرده‌وه‌کانتان ئاگاداره.
٢٦ ئه‌وانه‌ی خاوه‌ن باوه‌ڕن و ئاکارچاکن، نزایان لێ قبووڵ ده‌کاو له‌چاکه‌ی
خۆی به‌شی زۆرتریان ده‌داتێ. بۆخودانه‌ناسه‌کانیش، جه‌زره‌به‌ی
زۆردژوار هه‌یه.
٢٧ ئه‌گه‌ر خودا - بێ‌سه‌روبه‌ر - بژیوی بۆعه‌بدانی خۆی بناردبا، له‌زه‌میندا
یاغی‌ده‌بوون؛ به‌ڵام هه‌ر به‌مه‌یلی خۆی و به‌ئه‌ندازه‌ی به‌ڕێ ده‌کا، که
خۆی له‌عه‌بده‌کانی خۆی ئاگادارو چاوه‌دێره.
٢٨ هه‌ر ئه‌ویشه پاش ناهومێدبوون له‌باران، بارانه داده‌بارێنێ و دڵوڤانی
خۆشی بڵاوده‌کاته‌وه. هه‌ر ئه‌وه بۆ مه‌زنایه‌تی ئه‌شێ هه‌ر په‌سندی بدرێ.
٢٩ هه‌ر له‌نیشانانی ئه‌وون: داهێنانی ئه‌م ئاسمانانه‌و زه‌مینه‌و ئه‌و هه‌مۆ
جانه‌وه‌رانه‌ی - که له‌نێوان ئه‌ودوانه‌دا- بڵاوی کردونه‌ته‌وه. هه‌رگاش
بۆخۆی مه‌یلی لێ بێ، توانای هه‌یه هه‌مۆیان کۆبکاته‌وه.
٣٠ هه‌رگا تووشی به‌ڵایه‌ک بوون، به‌هۆی کرده‌وه‌ی خۆتانه؛ له‌زۆر
گوناهه‌کانیشتان چاوده‌پۆشێ.
٣١ ناشتانن له‌م سه‌رزه‌مینه، خۆ له‌خودا بدزنه‌وه. غه‌یره‌زخوداش، نه هیچ
گه‌وره‌یه‌کتان هه‌یه، نه که‌سیش ده‌هاناتان دێ.

وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلۡجَوَارِ فِي ٱلۡبَحۡرِ كَٱلۡأَعۡلَٰمِ ﴿٣٢﴾ إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ ٱلرِّيحَ
فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٍ
﴿٣٣﴾ أَوۡ يُوبِقۡهُنَّ بِمَا كَسَبُواْ وَيَعۡفُ عَن كَثِيرٖ ﴿٣٤﴾ وَيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ
يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٖ ﴿٣٥﴾ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ
ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ
يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا
غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ
ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا
وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ
بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ﴿٤١﴾ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ
يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ
عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٤٢﴾ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ
﴿٤٣﴾ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن وَلِيّٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ
لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ يَقُولُونَ هَلۡ إِلَىٰ مَرَدّٖ مِّن سَبِيلٖ ﴿٤٤﴾

٣٢ هەر لەنیشانانی ئەون: ئەوگەمیانەی - کە چیائاسا - لەناودەریا دێن و
دەچن. ٣٣ ئەگەر حەزکا، با ڕادەگرێ و لەسەر دەریا بەقەتیسی
دەمێننەوە؛ کە لەمەدا بۆ ئەوانەی خۆڕاگرو سوپاسکارن، بەڵگە فرەن.
٣٤ یان لەسزای کردەوەیان تۆشی نوقم بۆنیان بکا. لە زۆرێ لە گوناهانیشیان
دەبۆرێ. ٣٥ تا ئەوەوانەش دەربارەی نیشانەکانمان کێشەدەکەن، بزانن
کە هیچ دەرەتانێکیان نیە. ٣٦ هەرچی بەئێوە دراوە، هۆی ژیانە
لەدنیایە. ئەوشتەش کە لای خودایە، بۆ ئەوخاوەن باوەڕانەی هەر بە
پەروەرندەی خۆیان پشت ئەستۆرن، باشترەو بەپێزتریشە. ٣٧ ئەوانەشن
لەتاوانی گەورە دۆرن و لەکردەوەی شۆرەیی دەپرینگێنەوەو لەجەنگەی
تۆڕەبۆنیاندا عەفۆدەکەن. ٣٨ ئەوکەسانەش کە بەدەنگی پەروەرێنیانەوە
چۆن و نوێژدەکەن و کارگەلیشیان بەڕاوێژەو لەو بژیوەی پێمان بەخشیون،
دەبەخشن. ٣٩ ئەوکەسانەش ئەگەر زۆرێکیان لێ بکرێ، تۆڵەی خۆیان
دەکەنەوە. ٤٠ سزا بۆ هەر خراپەیەک، خراپەیەکی وەک ئەوە. کێش
لەتۆڵە چاوبپۆشێ و کۆشش بۆئاشتی بکا، پاداشی لەسەر خودایە. بێ سۆ
خودا ناهەقکارانی خۆش ناوێن. ٤١ ئەوکەسانەی لەپاش ناهەقی
لێکردن، تۆڵەی خۆیان دەستێننەوە، خەتابارنین. ٤٢ خەتا هەر
لەوکەسانەیە - نارەوا - ناهەقی لەمەردم دەکەن و ئاکاریان لەوڵاتدا
بەملهوڕیە. ئەوانە ئازارێکی بەژانیان دەبێ. ٤٣ بۆ کەسێکی خۆڕاگربێ و
لەتۆڵە چاوپۆشی بکا، ئەمە یەکێ لەکارە پەسندەکانە. ٤٤ هەرکەسێ خوا
لێی گۆڕیبێ، ئیتر کەسی بەشوێن ئەوا، نابێ بەدۆست. تۆ دەبینی ئەوانەی
ناهەقیکارن، وەختێ جەزرەبەدەبینن، ئێژن: ئاخۆ هیچ دەرەتانێکمان
هەیە؟

---

٣٦- **پشت ئەستۆر:** خاتر جەم، بێ نیگەرانی. ٣٧- **دەپرینگێنەوە:** دۆری دەگرن. **لە پرینگانەوە:** دۆری گرتن. **«ئەوانەشن ...»** یا: ئەوانەش کە لە گوناهە گەورەکان و لە کردەوە شۆرەیەکان، دۆر ئەگرن و لە جەنگەی...

وَتَرَىٰهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ
مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ ۗ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ
خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ
فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ ﴿٤٥﴾ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَآءَ يَنصُرُونَهُم
مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن سَبِيلٍ ﴿٤٦﴾ ٱسْتَجِيبُوا۟
لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۚ مَا لَكُم
مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴿٤٧﴾ فَإِنْ أَعْرَضُوا۟
فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَإِنَّآ إِذَآ
أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ
بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ كَفُورٌ ﴿٤٨﴾ لِّلَّهِ مُلْكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا
وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ۖ
وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾ ۞ وَمَا كَانَ
لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ
رَسُولًا فَيُوحِىَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴿٥١﴾

۴۵ که ده‌یانبه‌نه سه‌رئاگر، ده‌یانبینی زۆر به‌سه‌رکزی داماون و له‌بنه‌وه چاوه‌چاویانه. خاوه‌ن باوه‌ڕانیش ئێژن: زیانباران ئه‌وکه‌سانه‌ن که خۆیان و که‌س‌وکاریان، ڕۆژی‌سه‌ڵا دۆڕاندوه. باش بزانن که ئه‌و ناهه‌قی‌که‌رانه، هه‌تاسه‌ر هه‌ر له‌ئازاردان.

۴۶ غه‌یره‌زخودا هیچ‌که‌س ده‌هانایان نایه. هه‌رکه‌س خودا گومڕای بکا، هیچ ڕێیه‌کی بۆنامێنێ.

۴۷ به‌رله‌وه ڕۆژێ بێ که له‌لای خوداوه هیچ گه‌ڕانه‌وی بۆنیه، به‌فه‌رمانی په‌روه‌رنده‌ی خۆتان بکه‌ن. ئه‌وێ‌ڕۆژێ هیچ په‌ناتان ده‌س‌ناکه‌وێ و هیچ حاشاتان پێ‌ناکرێ.

۴۸ سا ئه‌گه‌ر هه‌ر خۆیان بوارد، ئێمه تۆمان بۆیه‌نه‌نارد له‌سه‌ر ئه‌وانه پاسداربی؛ ته‌نیا ئه‌وه‌نده‌ت له‌سه‌ره، مه‌به‌سته‌که ڕابگه‌یێنی. ئێمه هه‌رگا کارێک ده‌که‌ین مرۆ تامی به‌زه‌یی ئێمه بچێژێ، خۆشیان لێ‌دێ و ئه‌گه‌ر به‌هۆی کرده‌وه‌خراپه‌کانیان ده‌که‌ونه چۆرتمێکه‌وه، هه‌ر ده‌زانن پێنه‌زان‌بن.

۴۹ له‌وئاسمانانه‌و زه‌مینه فه‌رمانڕه‌وا هه‌ر خودایه‌و چی‌بخوازێ دروس ده‌کا؛ به‌یه‌کێ کچ ده‌به‌خشێت و به‌یه‌کێ کوڕ؛ ئیتر به‌مه‌یلی خۆیه‌تی.

۵۰ یان جفیکی کوڕو کچانیان ده‌داتێ و مه‌یلی لێ‌بێ، هێندێکانیش نه‌زۆک ده‌کا. هه‌ر خۆی زانایه‌و توانایه.

۵۱ هه‌رگیز خودا هیچ که‌سێکی له‌ڕۆبه‌ڕۆ، نه‌دواندوه. یان فه‌رمانی له‌ڕای دڵیه‌وه ناردوه، یان له‌پشت په‌رده‌وه‌بوه، یان قاسیدێکی ناردوه‌و ئیزنی‌داوه چی ده‌خوازێ به‌دڵی ڕابگه‌یێنێ. هه‌ر ئه‌و جێ‌به‌رزو کارزانه.

---

۵۰- جفی: دوانه، لفه‌دوانه.

وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَاۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ
وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَاۚ
وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ
مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ ﴿٥٣﴾

## سُورَةُ الزُّخْرُفِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا
لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٣﴾ وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ لَدَيْنَا
لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴿٤﴾ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا
أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ ﴿٥﴾ وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِىٍّ فِى
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٦﴾ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِىٍّ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ
﴿٧﴾ فَأَهْلَكْنَآ أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ
﴿٨﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ
خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ
مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠﴾

۵۲ هەر بەم جۆرەش، ئێمە لەفەرمانی خۆمان، گیانێکمان ناردە لای دڵت.
تۆ دەپێشدا نەتدەزانی کتێب کامەو بڕوا چیە؟ بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە
مەشخەڵێک کە عەبدانمان - ئەوانەی خۆمان بخوازین - بەوە
دەخەینە سەر ڕێگا. تۆش لەڕاستەڕێ، ڕێبەری.
۵۳ ڕێگە بەرەو ئەو خودایەی، هەرچی لەعاسمانەکان و هەرچی لە
زەمینیشدایە، هەر بۆ ئەوە. باش بزانن! هەمۆکارێک هەر بۆلای ئەو
دەچێتەوە.

## زوخروف

### بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤان

٨٩ ئایەت

۱ حا، میم.
۲ بەم کتێبە‌،کە هەمۆشت نیشان دەدا.
۳ بڕیارمان دا ئەم‌قورعانە عەرەبی بێ؛ بەشکۆ بتوانن تێ‌بگەن.
۴ ئەمەش لەماکی‌کتێبدا - لەلای‌ئێمە - گەڵی پایەبەرزەو پڕە لە کارزانی.
۵ هەرچەند ئێوە کۆمەڵێ بلەوەزیش بن، ئاخۆ ئێمە لەم بیرەوەریە وازدێنین.
۶ ئێمە فرە پێغەمبەرمان ناردۆتە لای کۆمەڵانی بەرلە ئێوە.
۷ هەرکەسیشمان بە پێغەمبەری بۆناردن، هەر گاڵتەیان پێکردوە.
۸ ئێمە زۆردارتر لەوانمان قڕکردوە؛ سەربهوردی پێشینەکان ڕابردوە.
۹ ئەگەر تۆ لەوانە پرسی: کێ عاسمانان و زەمینی وەدی هێنا؟ ئێژن: بێ‌شک
خودای خاوەن‌دەستەڵاتی زانا دروستی کردۆن.
۱۰ ئەو کەسێکە ئەم‌زەمینەی بۆئێوە کردەڕایەخ و ڕێگەی بۆپێدا کێشاون؛
شایەتا شارەزاببن.

---

۴- مەبەست لە ماکی کتێب: «لَوح محفوظ»ە، کە سەرچاوەیە بۆهەمۆزانین و ئاگاداریەک سەبارەت بە جیهان.

۵- بلەوەز: لاسارو گوێ‌نەبیس.

وَٱلَّذِى نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا
كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١١﴾ وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ
لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ ﴿١٢﴾ لِتَسْتَوُۥا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ
ثُمَّ تَذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا۟ سُبْحَٰنَ
ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا
لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾ وَجَعَلُوا۟ لَهُۥ مِنْ عِبَادِهِۦ جُزْءًا ۚ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ
لَكَفُورٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَىٰكُم
بِٱلْبَنِينَ ﴿١٦﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا
ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿١٧﴾ أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى
ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾ وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ
ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَٰدُ ٱلرَّحْمَٰنِ إِنَٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ
شَهَٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَٰنُ مَا عَبَدْنَٰهُم ۗ
مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ
كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴿٢١﴾ بَلْ قَالُوٓا۟
إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾

١١ هه‌ر ئه‌ویشه له‌ئه‌ندازه ئاوی بارانی نارده‌خوار؛ سه‌رزه‌مینی مریمان پێ بوژانده‌وه. ئێوه‌ش وا ده‌خرێنه‌ده‌رێ.
١٢ هه‌ر ئه‌ویشه ئه‌م هه‌مو جفته‌ی دروس کرد؛ گه‌می و پاتاڵی وه‌هاشی بۆئێوه وه‌دی‌هێناوه، سواریان ده‌بن.
١٣ ئه‌شێ هه‌رگا له‌سه‌رپشتیان حه‌سانه‌وه، ئه‌وسا چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌تان له‌بیربێ و بێژن: پاکی و بێ‌عه‌یبی بۆ ئه‌وکه‌سه‌یه که ئه‌مه‌ی ڕامی ئێمه‌کرد؛ ده‌نا بۆمان ڕام نه‌ده‌بوْن.
١٤ ئێمه‌ش گشمان به‌ره‌و په‌روه‌رنده‌ی خۆمان ده‌چینه‌وه.
١٥ فرزه‌ندیان له‌به‌نده‌کانی خۆی بۆدانا! ڕاستی مرۆ به ئاشکرا پێ‌نه‌زانه.
١٦ ئاخۆ له‌ناو ئه‌وانه‌دا - که هه‌رخۆی دروستیان ده‌کا - کچانی داوه به‌خۆی و کوڕانیشی کردۆته تایبه‌تی ئێوه؟!
١٧ که‌چی هه‌رگا، یه‌کێ له‌وان مژده‌ی ئه‌وه‌ی پێ بدرێ وا خۆی پێ‌وایه بۆ خودایه، ڕوخساری ڕه‌ش داده‌گه‌ڕێ و له‌ڕکان پیش‌ده‌خواته‌وه.
١٨ ئاخۆ که‌سێ له‌خشڵا به‌خێوکرابێ و له‌شه‌ڕیشا نه‌خۆیابێ، بۆخواده‌بێ؟
١٩ ئه‌و فریشتانه‌ی هه‌مۆیان به‌نده‌ی خودان، به‌مێوینه‌یان داناون. ده‌بێ خۆیان له‌وێ‌بوْبن که ئێمه وه‌دیمان هێنان! شایه‌تیه‌که‌یان ده‌نوْسرێ و لێیان ده‌پرسرێته‌وه.
٢٠ ئێژن: ئه‌ر خوا حه‌زی کربا، ئێمه نه‌مانده‌په‌رستن. له‌مه‌شدا دوْره‌زانستن؛ هه‌ر درۆیان هه‌ڵده‌به‌ستن.
٢١ ئاخۆ ئێمه - به‌ر له‌قورئان - کتێبێکمان به‌وان داوه، که ئێستا بیکه‌نه به‌ڵگه؟
٢٢ به‌ڵکه ئێژن: باب و کاڵمان له‌سه‌ر ئاینێک ڕۆیشتوْن، ئێمه‌ش په‌یره‌وی ئه‌وانین.

---

١٢- گه‌می: که‌شتی. پاتاڵ: ئاژاڵ، ماڵات، وڵسات. ١٥- پاچفه‌ی «جُزء»، «پاژ»ه؛ که‌برێتیه له فرزه‌ند. ١٧- «مژده‌ی ئه‌وه‌ی ـ» مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه مژده‌ی به‌دنیاهاتنی مێوینه‌ی پێ‌بدرێ.
١٨- نه‌خۆیا: نادیار. ٢٢- کاڵ یاکاڵ: باپیر.

وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ
إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ ﴿٢٣﴾
۞ قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ قَالُوٓاْ
إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ
إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُۥ سَيَهۡدِينِ
﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةٗ فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٢٨﴾ بَلۡ
مَتَّعۡتُ هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ وَرَسُولٞ مُّبِينٞ ﴿٢٩﴾
وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٠﴾ وَقَالُواْ
لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ أَهُمۡ
يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَۚ نَحۡنُ قَسَمۡنَا بَيۡنَهُم مَّعِيشَتَهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ
ٱلدُّنۡيَاۚ وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَتَّخِذَ بَعۡضُهُم
بَعۡضٗا سُخۡرِيّٗاۗ وَرَحۡمَتُ رَبِّكَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿٣٢﴾ وَلَوۡلَآ
أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ
لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفٗا مِّن فِضَّةٖ وَمَعَارِجَ عَلَيۡهَا يَظۡهَرُونَ ﴿٣٣﴾

۲۳ هه‌ر به‌م ته‌رزه به‌رله‌تۆش هه‌رپێغه‌مبه‌رێکمان ناردۆته هه‌ر ئاوه‌دانیه‌ک که
له‌ ئێمه‌وه‌ ترسیان وه‌به‌رنێ، هه‌مۆ خۆشگوزه‌رانه‌کانی ئه‌وانه‌، گوتۆیانه:
باب‌وکالمان له‌سه‌ر ئاینێک ڕۆیشتۆن، ئێمه‌ش په‌یڕه‌وی ئه‌وانین.
۲۴ گوتۆیه‌تی: ئه‌دی ئه‌گه‌ر من ڕێیه‌کتان نیشان‌بده‌م که له‌ڕێی باب‌و باپیرتان
دروس‌تر بێ؟ گوتۆیانه: ئێمه به‌وه‌ی ئێوه بۆی به‌ڕێ‌کراون، باوه‌ڕناکه‌ین.
۲۵ ئه‌وسا ئێمه تۆڵه‌مان لێ‌کردۆنه‌وه. سا بڕوانه ئاکامی بێ باوه‌ڕه‌کان به‌کوێ
گه‌ییشت.
۲۶ ئیبراهیمیش به‌ئاپ‌و هۆزه‌که‌ی خۆی گوت: من بێزارم له‌وه‌ی ئێوه
ده‌یپه‌رستن؛
۲۷ مه‌گین له که‌سێ منی‌دروس کردوه؛ که خۆی ڕێگه‌م نیشان ده‌دا.
۲۸ کارێکی کرد ئه‌م وتاره‌ی له‌پاشه‌خۆی بۆ نه‌ته‌وه‌ی هه‌ر بمێنێ؛ شایه‌تا
بیرینگێنه‌وه.
۲۹ ئه‌وانیش‌و باب و کالی ئه‌وانیشم له‌ژیان هه‌ر به‌هره‌وه‌رکرد، تا ئه‌م‌ڕاسته‌و
پێغه‌مبه‌ری ڕێ‌نیشانده‌ریان هاته‌لا.
۳۰ وه‌ختێ ڕاسته‌که‌یان بۆهات،گوتیان:ئه‌مه جادوێکه‌و ئێمه بڕوامان پێ‌نیه.
۳۱ گوتیشیان: بۆ ئه‌م قورعانه، بۆ پیاوێکی به‌وه‌جی ئه‌م دۆبازێڕه نه‌هاته‌خوار؟
۳۲ ئاخۆ ئه‌وان به‌زه‌یی په‌روه‌رنده‌ی تۆ دابه‌ش‌ده‌که‌ن؟ ئێمه بژیوی ئه‌وانمان
له‌سه‌ر دنیا بۆبه‌ش کردۆن. هێندێکمان له‌چاو هێندێکان پایه‌به‌رزترکردوه،
تا هێندێکیان ڕاژه به هێندێکان بکه‌ن. به‌زه‌یی په‌روه‌رنده‌ی تۆ له‌وشته‌ی
کۆی‌ده‌که‌نه‌وه، هێژاتره.
۳۳ خۆ ئه‌گه‌ر بڕیاروانه‌با، نابێ مه‌ردم یه‌ک تیره‌بن، وامان‌ده‌کرد میچ‌وبان‌و
پله‌کانی ماڵه‌کانی ئه‌وانه‌ی خودانه‌ناسن، له‌زێو بوایه‌و به‌ڕێزه‌پله‌کاناندا
سه‌ریان‌که‌ون؛

---

۳۱- به‌وه‌ج: پیاوی به‌نرخ‌و قه‌در. بازێڕ: شار. ۳۲- ڕاژه: خزمه‌ت، کاربۆکردن. ۳۳- پاژی ئه‌وه‌ڵی ئه‌م ئایه‌ته ئاواش ده‌بێ: «ئه‌گه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه نه‌بوایه که مه‌ردم گش به‌ره‌و خودانه‌ناسی بچن‌و ببنه کۆمه‌ڵێکی یه‌کپاره، وامانده‌کرد. . »

وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا وَإِن
كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ
لِلْمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا
فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ
أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ
بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴿٣٨﴾ وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ
إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴿٣٩﴾ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ
ٱلصُّمَّ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَمَن كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٠﴾
فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴿٤١﴾ أَوْ نُرِيَنَّكَ ٱلَّذِى
وَعَدْنَٰهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴿٤٢﴾ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ
إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَإِنَّهُۥ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ
وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴿٤٤﴾ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ
أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا
مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَقَالَ إِنِّى رَسُولُ
رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٦﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ ﴿٤٧﴾

۳۴ هه‌مۆ درگای ماڵه‌کانیشیان له‌زێوباو ته‌ختی زێوینم ده‌دانێ، که‌ له‌
سه‌ریان پاڵ ده‌نه‌وه‌؛
۳۵ شتی تری هه‌مه‌ڕه‌نگه‌ش. گشت ئه‌مانه‌ هه‌ر بۆ خۆشگوزه‌رانی ژینی ئه‌م
دنیان؛ ماڵی ئه‌ولاش په‌روه‌رنده‌ت هه‌ر بۆ ئه‌وانه‌ی داناوه‌ که‌ له‌خوای
خۆیان ده‌ترسن. ۳۶ هه‌رکه‌س له‌ڕاست یادی خودا حه‌زده‌کا کوێرایی
دابێ، هه‌مده‌مێکی شه‌یتانی لێ په‌یداده‌که‌ین.
۳۷ ئیتر هه‌ر ئه‌و هاوده‌مانه‌ له‌ڕێگه‌ هه‌ڵه‌یان ده‌که‌ن؛ لاشیان وایه‌
ڕاسته‌ڕێیان دیوه‌ته‌وه‌.
۳۸ تا ئه‌وکاته‌ی دێته‌لامان؛ ئێژێ: خۆزی مه‌ودای نێوانی من وتۆ، به‌قه‌د
نێوان خۆرهه‌ڵات و خۆرنشین له‌یه‌کتردووربا؛ چه‌ند هه‌مده‌مێ
ناله‌باربوێ.
۳۹ ئیتر ئه‌مرو [ئه‌م قسانه‌] دادۆنادا؛ چونکۆ ئێوه‌ غه‌درتان [له‌خۆ] کردوه‌.
ئه‌شێ گشتۆ پێکه‌وه‌ جه‌زره‌به‌بدرێن.
۴۰ ئاخۆ گه‌ره‌کته‌ گوێکپان لێت ببیسن؟ یاخۆ کوێران و ئه‌وانه‌ی ئاشکرا
له‌گومڕاییدان شاره‌زای ڕاسته‌ڕێ بکه‌ی؟
۴۱ ئه‌گه‌ر تۆ له‌م‌ناوه‌ لابه‌ین، ئێمه‌ دیاره‌ تۆڵه‌یان لێ ده‌که‌ینه‌وه‌.
۴۲ یان ئه‌وشته‌ی به‌ڵێنمان به‌وانه‌داوه‌، واده‌که‌ین بۆخۆت بیبینی. ئێمه‌
باشیان له‌سه‌رزاڵین.
۴۳ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی به‌تۆڕاگه‌یه‌ندراوه‌ پێ دابگره‌؛ که‌تۆ له‌سه‌ر ڕێگه‌ی ڕاستی.
۴۴ ئه‌م قورئانه‌ بۆتۆش و بۆ هۆزه‌که‌شت ده‌بێته‌ هۆی بیره‌وه‌ری و له‌پاشانیش
ده‌رباره‌ی ئه‌م، لێو ده‌پرسن.
۴۵ له‌و پێغه‌مبه‌رانه‌ش پرسه‌ که‌ به‌ر له‌تۆ ناردراون: ئاخۆ مه‌ بڕیارمان داوه‌ -
غه‌یره‌زخودا- هیچ شتی تر په‌رستۆبێ؟
۴۶ مۆساشمان وه‌ل نیشانه‌کانمان هه‌نارده‌ لای فیرعه‌ون و پیاوه
کاربه‌ده‌سته‌کانی؛ گوتی: من له‌ راهێنه‌ری گش دنیاوه‌ ناردراوم.
۴۷ کاتێ نیشانه‌کانی مه‌ی له‌به‌ر ڕانان، له‌پڕ هه‌مۆ له‌تریقه‌ی پێکه‌نینیان دا.

---

۴۵- په‌رستۆ: په‌رستراو.

وَمَا نُرِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ إِلَّا هِىَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا وَأَخَذْنَٰهُم
بِٱلْعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤٨﴾ وَقَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ٱدْعُ لَنَا
رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ
ٱلْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴿٥٠﴾ وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِى قَوْمِهِۦ
قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِى مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ ٱلْأَنْهَٰرُ تَجْرِى مِن
تَحْتِىٓ ۖ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٥١﴾ أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى هُوَ مَهِينٌ
وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴿٥٢﴾ فَلَوْلَآ أُلْقِىَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ
مَعَهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ ﴿٥٣﴾ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ
فَأَطَاعُوهُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٥٤﴾ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا
ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٥٥﴾ فَجَعَلْنَٰهُمْ
سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْءَاخِرِينَ ﴿٥٦﴾ ۞ وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ
مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَأَٰلِهَتُنَا
خَيْرٌ أَمْ هُوَ ۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴿٥٨﴾
إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ
﴿٥٩﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴿٦٠﴾

٤٨ هه‌رنیشانه‌یه‌كی خۆمان نیشانی ئه‌وانه ده‌دا، له‌نیشانه‌كه‌ی پێشه‌وه گرینگتر بۆ. تۆشی ئازاریشمان كردن، به‌شكه‌مێ بگه‌ڕێنه‌وه.
٤٩ وتیان: ئه‌ی كاكی جادۆگه‌ر! له په‌روه‌رنده‌ت بخوازه، ئه‌و په‌یمانی به‌تۆی داوه پێكی بێنێ؛ ئه‌وسا باوه‌ڕت پێ دێنین.
٥٠ له‌پاش ئه‌وه‌ی به‌ڵاشمان له‌سه‌ر لابردن، ئه‌وان په‌یمان‌شكێنیان كرد.
٥١ فیرعه‌ون بۆ ژێرده‌سته‌كانی جاڕی كێشاو گوتی: گه‌لۆ! ئاخۆ هه‌مۆ هه‌ردی میسرو ئه‌وچۆمانه‌ی به‌به‌رمن‌دا فڕكه‌یانه، موڵكی من‌نین؟ ئێوه خۆتان نه‌تاندیوه؟
٥٢ من چاكترنیم له‌م كاورایه كه هیچ نمۆدێكی نیه‌و باش نازانێ قسه‌ش به‌ڕه‌وانی بكا؟
٥٣ ئه‌دی بۆچی گه‌وی زێڕی له‌حه‌واوه به‌سه‌ردا فڕێ‌نه‌دراوه، یان فریشته به‌گه‌ل ده‌گه‌ڵی نه‌هاتۆن؟
٥٤ زانی كاری ژێرده‌سته‌كانی شقكه؛ گش به‌فه‌رمانی ئه‌ویان كرد. ئه‌و هۆزێك بۆن له‌ڕێ لاده‌ر.
٥٥ كه هه‌ر ئێمه‌یان ڕك‌هه‌ستاند، تۆڵه‌ی خۆمان لێ‌كردنه‌وه‌و سه‌ر له‌به‌رمان به‌خنكان‌دان.
٥٦ كارێكمان كرد ببنه چیرۆك‌و نمونه بۆئه‌وانی له‌دوایی دێن.
٥٧ ئه‌وده‌مه‌ش كه سه‌ربهوردی كوڕی مریه‌م هاته‌گۆڕێ، هۆزه‌كه‌ی تۆ له خۆشیان كردیان به‌هه‌را.
٥٨ گوتیان: ئاخۆ ئه‌وانه‌ی په‌رستۆمانن له‌و چاكترنین؟ ئه‌مه‌یان هه‌ر بۆ گێچه‌ڵێ هێنایه‌پێش، چون ئه‌مانه كۆمه‌ڵێكن شه‌ڕ ده‌فرۆشن.
٥٩ ئه‌و هیچ‌نه‌بۆ عه‌بدێك نه‌بێ؛ ئێمه چاكه‌مان ده‌گه‌ڵ‌كردو كردمان به‌نمۆنه‌یه‌ك بۆوه‌چ‌و به‌ره‌ی ئیسرائیل.
٦٠ خۆ ئه‌گه‌ر مه‌یلمان لێ‌بایه، چه‌ند فرشته‌یه‌كمان له‌ئێوه وه‌دی دێناو ده‌مانكردن به‌جێ‌نشین له‌سه‌رزه‌مین.

---

٥٣- گه‌و: بازنه، مۆچه‌وانه. ٥٤- شقك: سۆك.

وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ
مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ
﴿٦٢﴾ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِٱلْحِكْمَةِ
وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى تَخْتَلِفُونَ فِيهِۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ
﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ
﴿٦٤﴾ فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْۖ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا۟
مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴿٦٥﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن
تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٦﴾ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ
بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ يَٰعِبَادِ لَا خَوْفٌ
عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٦٨﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا
وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴿٦٩﴾ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ
تُحْبَرُونَ ﴿٧٠﴾ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍۖ
وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُۖ وَأَنتُمْ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ﴿٧١﴾ وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِىٓ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ
تَعْمَلُونَ ﴿٧٢﴾ لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٣﴾

٦١ ئەو یەکێکە لەنیشانەکانی قیامەت. شکت لەهاتنی نەبێ و پەیڕەوی هەر لەمن بکەن؛ ئەمە ڕێگەیەکی ڕاستە.
٦٢ شەیتانیش ڕێگاو لێنەگرێ؛ ئەو ئاشکرا دوژمنتانە.
٦٣ ئەوساش عیسا بەچەندبەڵگەی دیاری دەرەوە هاتبۆ، گوتی: من وا ڕێگەو شوێنی لەکارزانیم بۆ هێناون؛ تابڕێکیش لەوەتان بۆ ڕۆنکەمەوە کە لەسەری کێشەتانە؛ سا لەخودا ترسۆ هەبێ و شوێن من کەون.
٦٤ پەروەرندەی من و ئێوە هەر خودایە؛ بیپەرستن؛ ئەمە ڕێگەیەکی ڕاستە.
٦٥ جا کۆمەڵان کێشەیان لەناو پەیدابۆ. بۆ ئەوانەی غەدرێ‌دەکەن واوەیلایە لەئازاری ڕۆژێکی تۆش.
٦٦ ئاخۆ غەیرەز ڕۆژی قیامەت چاوەنۆڕی چیتردەکەن؛ کە لەپڕ لیان ڕۆدەداو پێش‌ناحەسن؟
٦٧ ئەوێ ڕۆژی یاران هەمۆ دەبنە نەیاری یەکتری؛ جامەگین خۆپارێزەکان.
٦٨ ئەی ئەوانەی کە هەر خۆمتان پەرستۆە! ئەوێ ڕۆژێ نە ترسێکتان لەسەر هەیە، نە خەم‌دەخۆن.
٦٩ ئەوی بڕوایان هێناوە بەنیشانەکانی ئێمەو هەر بەرفەرمانی خۆمان بۆن،
٧٠ بچنەبەهەشت؛ لە ئێوەو لە هاوسەرانۆ خۆش ڕادەبرێ.
٧١ بە سینی و زەرکی زێوینە لە دەوریانا دێن و دەچن. هەرچی دڵ ئارەزۆی دەکاو چاو لەزەتی لێ‌دەبینێ، تێداهەیەو ئێوەش لەوێدا نامرن.
٧٢ ئەمە هەر ئەو بەهەشتەیە کە بەهۆی کردەوەکانتان، وا بۆ ئێوە ماوەتەوە.
٧٣ میوەی زۆری تێدا هەیەو بۆئێوەیەو لیان دەخۆن.

---

٦٦- حەسین: پێزانین، هەستپێکردن.

إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَـٰلِدُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ
فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٥﴾ وَمَا ظَلَمْنَـٰهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٧٦﴾
وَنَادَوْا۟ يَـٰمَـٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّـٰكِثُونَ ﴿٧٧﴾ لَقَدْ
جِئْنَـٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَـٰرِهُونَ ﴿٧٨﴾ أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا
فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ﴿٧٩﴾ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ۚ بَلَىٰ
وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴿٨٠﴾ قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَـٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا۠ أَوَّلُ
ٱلْعَـٰبِدِينَ ﴿٨١﴾ سُبْحَـٰنَ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ
عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٨٢﴾ فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا۟ وَيَلْعَبُوا۟ حَتَّىٰ يُلَـٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ
ٱلَّذِى يُوعَدُونَ ﴿٨٣﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَـٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ
إِلَـٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٤﴾ وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ
﴿٨٥﴾ وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَـٰعَةَ إِلَّا مَن
شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ
لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾ وَقِيلِهِۦ يَـٰرَبِّ إِنَّ هَـٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ
لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَـٰمٌ ۚ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾

٧٤ تاوانبارانیش هه‌تاسه‌ر له‌ئازاری جه‌هه‌ندم دان و ده‌رناچن.
٧٥ هه‌رگیز وچانیان پی‌نادرێ و هه‌ر له‌وێدا به‌ناهومێدی داماون.
٧٦ هیچ غه‌دریکمان لیٚ نه‌کردن؛ به‌لاٚم خۆیان غه‌دریان له‌خۆیان ده‌کرد.
٧٧ هانا ده‌به‌ن بۆگزیری جه‌هه‌نده‌می: په‌روه‌رنده‌ت ئه‌م ژینه چه‌رمه‌سه‌ره‌مان بۆ نه‌هێڵێ. ئێژێ: هه‌ر لێره ده‌مێنن.
٧٨ ئێمه ڕاستیمان بۆهێنان؛ به‌لاٚم زوربه‌ی زۆر له‌ئێوه ڕاستیو ده‌دزا.
٧٩ ئه‌گه‌ر ئه‌وان له‌سه‌رکاری خۆیان سوٚربوٚن، ئه‌وا ئێمه‌ش له‌سه‌رکاری خۆمان سوٚرین.
٨٠ ئاخۆ ئه‌وان پیان وابوٚ ئێمه نهێنیو سرته‌یان لیٚ‌نابیسین؟ ده‌یبیسین و چه‌ندێکیشمان ڕاسپاردوٚن وان له‌لایان و ده‌نوٚسن.
٨١ بێژه: ئه‌ر خوا فرزه‌ندی بێ، من یه‌که‌مین که‌سێکم که ده‌یپه‌رستم.
٨٢ په‌روه‌رێنی ئاسمانان و زه‌مین و عه‌رش، هیچ که‌مایه‌سیه‌کی نیه‌و، به‌دوٚره له‌و توٚمه‌تانه‌ی ئه‌وانه بۆی هه‌ڵده‌به‌ستن.
٨٣ لیان‌گه‌ڕێ با هه‌ر پڕوپوٚچ بوێژن و خه‌ریکی گاڵته‌کردن بن؛ هه‌تا توٚشی ئه‌و ڕۆژه‌دێن که به‌ڵێنیان پێدراوه.
٨٤ هه‌ر ئه‌ویشه له عاسمانێدا خودایه‌و له‌زمینیشدا خودایه‌و هه‌ر ئه‌ویشه له‌کارزانه‌و زۆر زانایه.
٨٥ پاکی و گه‌وره‌یی بۆکه‌سێ که ئاسمانان و زه‌مین و چی له‌ناوئه‌م دوانه‌دایه، گش بۆئه‌وه؛ ئه‌و ده‌زانێ چوه‌ختێ سه‌لاٚڕاده‌بێ و ده‌تانهێننه‌وه بۆلای ئه‌و.
٨٦ ئه‌وشتانه‌ی غه‌یره‌زخوان و ئه‌وانه ده‌یانپه‌رستن، نکارن ببنه‌تکاکار؛ مه‌رکه‌سانێ که به‌ڕاستی و زانینه‌وه شایه‌تی به‌ن.
٨٧ ئه‌گه‌ر له‌خۆیان بپرسی، کێ ئه‌وانی وه‌دی هێنا، ئێژن: خودا. ده‌ی چۆن له‌هه‌ق کلاده‌بن؟
٨٨ نزای ئه‌ویش که: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌که‌ی من! ئه‌مانه ده‌سته‌خه‌ڵکێکن ئاماده‌نین بڕوابێنن.
٨٩ سا توٚ له‌وانه وازبێنه‌و بێژه: ئێستا بێ‌ترس بن، له‌مه‌وبه‌ولاوه ده‌زانن.

---

٧٨-ده‌دزا له دزان: ناخۆش ویستن.　　٨٦-نکارن: ناتوانن.

# سُورَةُ الدُّخَانِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ
مُّبَٰرَكَةٍۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴿٣﴾ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ﴿٤﴾
أَمۡرٗا مِّنۡ عِندِنَآۚ إِنَّا كُنَّا مُرۡسِلِينَ ﴿٥﴾ رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ إِنَّهُۥ هُوَ
ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٦﴾ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَآۖ
إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴿٧﴾ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ رَبُّكُمۡ
وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٨﴾ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ يَلۡعَبُونَ
﴿٩﴾ فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ﴿١٠﴾ يَغۡشَى
ٱلنَّاسَۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١١﴾ رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ
إِنَّا مُؤۡمِنُونَ ﴿١٢﴾ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكۡرَىٰ وَقَدۡ جَآءَهُمۡ رَسُولٞ مُّبِينٞ ﴿١٣﴾
ثُمَّ تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَقَالُواْ مُعَلَّمٞ مَّجۡنُونٌ ﴿١٤﴾ إِنَّا كَاشِفُواْ ٱلۡعَذَابِ قَلِيلًاۚ
إِنَّكُمۡ عَآئِدُونَ ﴿١٥﴾ يَوۡمَ نَبۡطِشُ ٱلۡبَطۡشَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ
﴿١٦﴾ ۞ وَلَقَدۡ فَتَنَّا قَبۡلَهُمۡ قَوۡمَ فِرۡعَوۡنَ وَجَآءَهُمۡ رَسُولٞ
كَرِيمٌ ﴿١٧﴾ أَنۡ أَدُّوٓاْ إِلَيَّ عِبَادَ ٱللَّهِۖ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ﴿١٨﴾

# دوخان

٥٩ ئایەت

## بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ حا، میم. ٢ بەم کتێبەی هەمۆشت ڕۆن دەکاتەوە،
٣ دەشەوێکی پڕلەپیت و پیرۆزیدا ئێمە ناردۆمانەتەخوار. ئێمە ویستمان ترس
وەبەر مەردم بنین.
٤ هەر لەوێشدا هەرکارێکی سەبارەتە بەکارزانی، هاوێرکرا.
٥ فەرمانەو لە ئێمەڕایەو ئێمە ڕاسپاردە دەنێرین.
٦ بەزەییەکە لەئالی پەروەرندەتڕا. هەر خۆی بیسەرو زانایە.
٧ پەرروەرێنی ئاسمانەکان و زەمینەو هەرچی کە لەناویاندایە؛ ئەگەر
باوەڕیتان هەیە.
٨ لەغەیرەز ئەو هیچ‌شت بۆ پەرستن ناشێ. گیان وەبەربۆنەوەردێنێ و
دەشمرێنێ. ئەو ئێوەی پەروەردەکردو پەروەرندەی باوانی پێشینەشتانە.
٩ کەچی هێشتا هەر لەناو دۆدلّیدان و گەمەدەکەن.
١٠ چاوەنۆڕی ئەوڕۆژەبە کە ئاسمان دۆکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدادەبێ.
١١ ئازارێکی زۆر بەژانەو هەمۆخەڵکی دادەپۆشێ.
١٢ ئەی پەروەرێنی گلامان! ئەوپەتایەن لەسەر لابە؛ ئێمە باوەڕیمان هێنا.
١٣ کوا ئەوانە گوێ لەئامۆژگاری دەگرن؟ پێغەمبەرێ هاتەلایان، هەمۆشتی
تێگەیاندن.
١٤ پاشان ڕۆیان لێ وەرگێڕاو گوتیان: فێرکراوە، شێتە.
١٥ ئێمە تاماوەیەکی کەم، ئەم پەتایە وەلادەبەین؛ ئێوە دەگەڕێنەوە [ سەر
ڕێی پێشۆتان ].
١٦ ئەوێ ڕۆژێ هەڵمەتە گەورەکە دەکەین، ئێمە تۆڵەدەکەینەوە.
١٧ ئێمە هۆزی فیرعەونیشمان بەرلەمان تاقی کردەوەو پێغەمبەرێکی
بەڕێز[ مان ] هاتەلایان.
١٨ کە ئەم بەندەخودایانەم پێ بسپێرن؛ من بۆئێوە پێغەمبەرێ جێ‌باوەڕم.

---

**٤- هاوێر کردن:** لێک جیاکردنەوە. **٦- ئال:** لا، تەرەف.

**١٢- ئەوپەتایەن:** ئەوئازارەمان.

وَأَن لَّا تَعۡلُواْ عَلَى ٱللَّهِۖ إِنِّيٓ ءَاتِيكُم بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ١٩ وَإِنِّي عُذۡتُ
بِرَبِّي وَرَبِّكُمۡ أَن تَرۡجُمُونِ ٢٠ وَإِن لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ لِي فَٱعۡتَزِلُونِ ٢١ فَدَعَا
رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ مُّجۡرِمُونَ ٢٢ فَأَسۡرِ بِعِبَادِي لَيۡلًا إِنَّكُم
مُّتَّبَعُونَ ٢٣ وَٱتۡرُكِ ٱلۡبَحۡرَ رَهۡوًاۖ إِنَّهُمۡ جُندٞ مُّغۡرَقُونَ ٢٤ كَمۡ
تَرَكُواْ مِن جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ٢٥ وَزُرُوعٖ وَمَقَامٖ كَرِيمٖ ٢٦ وَنَعۡمَةٖ
كَانُواْ فِيهَا فَٰكِهِينَ ٢٧ كَذَٰلِكَۖ وَأَوۡرَثۡنَٰهَا قَوۡمًا ءَاخَرِينَ ٢٨
فَمَا بَكَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَا كَانُواْ مُنظَرِينَ ٢٩ وَلَقَدۡ
نَجَّيۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ مِنَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ ٣٠ مِن فِرۡعَوۡنَۚ إِنَّهُۥ
كَانَ عَالِيٗا مِّنَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ وَلَقَدِ ٱخۡتَرۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ عِلۡمٍ عَلَى
ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٢ وَءَاتَيۡنَٰهُم مِّنَ ٱلۡأٓيَٰتِ مَا فِيهِ بَلَٰٓؤٞاْ مُّبِينٌ
٣٣ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَيَقُولُونَ ٣٤ إِنۡ هِيَ إِلَّا مَوۡتَتُنَا ٱلۡأُولَىٰ وَمَا
نَحۡنُ بِمُنشَرِينَ ٣٥ فَأۡتُواْ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٣٦ أَهُمۡ
خَيۡرٌ أَمۡ قَوۡمُ تُبَّعٖ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ أَهۡلَكۡنَٰهُمۡۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ مُجۡرِمِينَ
٣٧ وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا لَٰعِبِينَ ٣٨
مَا خَلَقۡنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٩

١٩ لەحاند خودا خۆتان بەزلترمەبینن؛ من بۆئێوە نیشانەیەکی ئاشکرام
هاوردوە.
٢٠ من بە پەروەرێنی خۆم و ئێوە پەنادەبەم لەوە کە بمکوژن.
٢١ ئەر باوەڕیشم پێ ناکەن، خۆتانم لێ دوٚرخەنەوە.
٢٢ دواجار هانای بۆ پەروەرندەی خۆی هێنا،کە:ئەوانە کۆمەڵێکی تاوانبارن.
٢٣ سا تۆ وەل ئەم عەبدانەی من بەشەو برۆ؛ چون ئەوان دواتان دەکەون.
٢٤ بەئارامی لەدەریاکە بپەڕەوە؛ کە ئەو لەشکرە خنکاون.
٢٥ گەلێ کانیو باغاتیان لەپاش بەجێ مان.
٢٦ فرەکێڵگەو کۆشک و سەرسەرای بەنرخیش.
٢٧ خێروبێریکیش کەتێدا لەو پەڕی خۆشیدا دەژیان.
٢٨ ئابەم جۆرەو؛ دامان بە گەلێکی دیکە.
٢٩ نە ئاسمان شینی بۆگێڕان، نە زمینیش. هەر مۆڵەتیشیان پێ نەدرا.
٣٠ تۆرەمەی ئیسرائیلیشمان لەوئازاری پڕسۆکایەتی ڕزگارکرد:
٣١ لە فیرعەونێ؛ کە خۆی زۆربەزل دەزانیو لەوانە بۆ کە لەئەندازە
دەردەچن.
٣٢ ئەوانیشمان بەدانستە - لەچاو خەڵکی هەموٚ دنیا - بەڕێزترگرت.
٣٣ هێندەشمان نیشانەدانێ کە ئاشکرا، بىن بەمایەی ئەزموٚنێ.
٣٤ وا ئێستا ئەمانە ئێژن:
٣٥ هەر بۆ یەکەمجار کە دەمرین، تازە زیندوٚنابینەوە.
٣٦ سا ئەگەر بەڕاستیتانە، باوانەکانمان بۆبێنن.
٣٧ ئاخۆ ئەمانە باشترن، یاخۆ گەلی «توببەع»و پێشینەکانیان؟ کە قڕانمان
تێ خستوٚن؛ چون تاوانبار بوٚن.
٣٨ ئێمە ئەم ئاسمانانەو زمینەو هەرچی لەناو ئەودوانەدا، بۆ گەمەمان
سازنەداوە؛
٣٩ هەر بۆڕاستی هەموٚمان وەدی هێناون؛ بەڵام زوربەیان نازانن.

---

١٩- حاند: حەنا، بەرامبەر. ٣٧- توببەع: سەرناوی بڕێک لە پادشایانی باشوٚری عەرەبستان بوٚە.

إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ مِيقَـٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِى مَوْلًى
عَن مَّوْلًى شَيْـًٔا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ ۚ
إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾
طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْىِ
ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ
صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ
أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴿٤٩﴾ إِنَّ هَـٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ
﴿٥٠﴾ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى مَقَامٍ أَمِينٍ ﴿٥١﴾ فِى جَنَّـٰتٍ وَعُيُونٍ
﴿٥٢﴾ يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَـٰبِلِينَ ﴿٥٣﴾
كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَـٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴿٥٤﴾ يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ
فَـٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ
إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ۖ وَوَقَىٰهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٥٦﴾ فَضْلًا
مِّن رَّبِّكَ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٥٧﴾ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَـٰهُ بِلِسَانِكَ
لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ فَٱرْتَقِبْ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ ﴿٥٩﴾

## سُورَةُ الجَاثِيَةِ

۴۰ ژوانی هه‌مویان ڕۆژی هه‌ڵاواردنه.
۴۱ ئه‌وڕۆژه دۆست له‌مه‌ڕ دۆستی هیچ‌کارێکی له‌ده‌س‌نایه‌و که‌سیش
ده‌هانایان نایه.
۴۲ مه‌گین که‌سێ وه‌به‌ر به‌زه‌ی خوداکه‌وێ؛ که هه‌رخۆی به‌ده‌سته‌ڵات‌و
دلۆڤانه.
۴۳ به‌ری داره‌که‌ی ژه‌قنه‌مۆت،
۴۴ خواردنی گوناهبارانه.
۴۵ که چه‌شنی خڵته‌ی ڕۆن زه‌یتۆن، له‌ناو سکاندا دێته‌کوڵ؛
۴۶ وه‌ک کوڵینی ئاوی گه‌رم.
۴۷ سا بیگرن‌و ڕای بکێشن بۆناوه‌ڕاستی جه‌هه‌نده‌م.
۴۸ ئه‌وساکه‌ش هه‌ر بۆئازاردان، ئاڤاکه‌لی به‌سه‌رداکه‌ن.
۴۹ ده‌بچێژه! تۆیه‌کی که له‌دنیادا هێزای خاوه‌ن ده‌سته‌ڵات بۆی.
۵۰ ئه‌وه ئه‌وشته هاته‌دی که ئێوه لێی به‌گومان بۆن.
۵۱ ئه‌وا خۆپارێزه‌کانیش وان له‌شوێنێکی هێمندا.
۵۲ له‌نێوانی کانیاوان‌و باغاتاندا،
۵۳ پارچه‌ی ناسک‌و ئه‌ستۆری له‌هه‌ڤره‌میش لخۆده‌که‌ن؛ هه‌مۆ
به‌رانبه‌ربه‌یه‌کن.
۵۴ زۆریش کیژی چاوکه‌ژاڵی سپی وسۆڵمان بۆهاوسه‌ری پێ به‌خشیون.
۵۵ له‌وێدا هه‌رمیویه‌کی به‌دڵیانه، به‌ئارخه‌یانی ده‌خوازن.
۵۶ جگه له‌مه‌رگی هه‌وه‌ڵێ، له‌وشوێنه‌دا تامی مردنێ ناچێژن‌و له‌ئازاری
دۆزه‌هیشی پارازتگن.
۵۷ چاکه‌یه‌و په‌روه‌رنده‌ی تۆکردۆیه‌تی. ئه‌مه‌ش به‌خته‌وه‌ریه‌کی زۆرگرینگه.
۵۸ هه‌ر بۆیه وا به‌هاسانی به‌زمانی تۆمان به‌رێ کرد، که شایه‌ت بیربکه‌نه‌وه.
۵۹ سا تۆ چاوه‌نۆڕی بکه، ئه‌وانیش وا چاوه‌نۆڕن.

## جاسیه

۳۷ ئایه‌ت

---

۴۰- هه‌ڵاواردن: لێک جیاکردنه‌وه. ۴۸- ئاڤاکه‌لی: ئاوه‌کوڵ. ۵۳- هه‌ڤره‌میش: هه‌وریشم.
۵۵- ئارخه‌یانی: خاترجه‌می، ئاسوده‌یی.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ إِنَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾ وَفِى خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٌ
لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ
مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٌ لِّقَوْمٍ
يَعْقِلُونَ ﴿٥﴾ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ فَبِأَىِّ حَدِيثٍ بَعْدَ
ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴿٧﴾ يَسْمَعُ ءَايَٰتِ
ٱللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ
﴿٨﴾ وَإِذَا عَلِمَ مِنْ ءَايَٰتِنَا شَيْـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًا أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ
مُّهِينٌ ﴿٩﴾ مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ وَلَا يُغْنِى عَنْهُم مَّا كَسَبُوا۟ شَيْـًٔا
وَلَا مَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠﴾ هَٰذَا
هُدًى وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴿١١﴾
۞ ٱللَّهُ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَكُمُ ٱلْبَحْرَ لِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِۦ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن
فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى
ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾

# بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤانە

۱ حا، میم.
۲ ئه‌م کتێبه خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتی کارزان ناردوێه‌تی.
۳ له ئاسمانان و زه‌میندا، به‌ڵگه‌زۆرن بۆکه‌سانی خاوه‌ن باوه‌ڕ.
۴ له ئافراندنی خۆتان و بڵاوبوونی جانه‌وه‌ران، چه‌ندبه‌ڵگه‌هه‌ن بۆ ئه‌وانه‌ی
له‌بڕوادا بێ‌گومانن.
۵ له هاتوچوی شه‌وو ڕۆژو له‌و ڕۆزی‌یه‌ی که خودا له‌و حه‌وایه‌وه به‌ڕێی
ده‌کاو زه‌وی مردوێ به‌وهۆیه زیندۆکرده‌وه‌و له‌هه‌ڵکردنی بایه‌کان، نیشانه
هه‌ن بۆ ئه‌وکه‌سانه‌ی تێده‌گه‌ن.
۶ ئه‌مانه نیشانه‌ی خودان که بۆتی ده‌خوێنینه‌وه‌و هه‌موێ ڕاسته. ده‌ی‌سا
له‌پاش باسی خوداو باسی نیشانه‌کانی ئه‌و، به‌کام قسه بڕواده‌که‌ن؟
۷ های له‌وکه‌سه‌ی بوختان‌که‌رو تاوانباره!
۸ هه‌رگا نیشانه‌کانی خوای به‌سه‌ردا ده‌خوێنرێته‌وه، خۆی ده‌یبیسێ. که‌چی
دوایه - به‌هۆی له‌خۆبایی‌بوونی - پێ‌داده‌گرێ و ئێژی هه‌ر نه‌شی‌بیستوه.
سا تۆ مزگێنی پێبده که ئازارێکی به‌ژانی به‌رده‌که‌وێ.
۹ ئه‌ر شتێکیش له نیشانه‌کانی ئێمه، فێرببێ گاڵته‌ی پێده‌کا. ئازارێک به‌شی
ئه‌مانه که ته‌واو ئابڕوێیان ده‌با.
۱۰ دۆزه‌هیشیان وابه‌دواوه. نه ئه‌وشته‌ی له‌دنیادا گیریان هێنا، نه
دۆستانێک - غه‌یره‌زخوا - هه‌ڵیان بژارد، به‌هره‌یان پێده‌گه‌یێنن.
ئازارێکی زۆر سه‌ختیش چاوه‌نۆڕیانه.
۱۱ ئه‌مه ڕێ‌نیشانده‌رێکه. ئه‌وکه‌سانه‌ش حاشا له نیشانه‌کانی په‌روه‌رنده‌ی
خۆیان ده‌که‌ن، ئازارێکی زۆردژوارو به‌ژانیان هه‌س.
۱۲ خوا که‌سێکه ده‌ریای بۆئێوه که‌وی کرد، که له‌گوێره‌ی فه‌رمانی ئه‌و،
گه‌می له‌ناودا بگه‌ڕێ و بۆچاکه‌ی ئه‌و تێ‌بکۆشن؛ به‌شکه شوکرانه‌بژێربن.
۱۳ هه‌رچی له‌ناو عاسمانه‌کان و زه‌میندان، گش هی‌ئه‌ون؛ ئه‌و بۆئێوه‌ی
که‌وی کردوێ. که له‌مه‌دا نیشان زۆرن بۆ ئه‌وانه‌ی ڕاده‌مێنن.

---

۱۲- که‌وی: ڕام. ۱۳- ڕاده‌مێنن: تێده‌فکرن.

قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَغۡفِرُواْ لِلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجۡزِيَ
قَوۡمَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٤﴾ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا فَلِنَفۡسِهِۦۖ
وَمَنۡ أَسَآءَ فَعَلَيۡهَاۖ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ ﴿١٥﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا
بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ
وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ وَءَاتَيۡنَٰهُم بَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِۖ
فَمَا ٱخۡتَلَفُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّ
رَبَّكَ يَقۡضِي بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ
﴿١٧﴾ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ فَٱتَّبِعۡهَا وَلَا تَتَّبِعۡ
أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمۡ لَن يُغۡنُواْ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ
شَيۡـٔٗاۚ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۖ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُتَّقِينَ
﴿١٩﴾ هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ
﴿٢٠﴾ أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءٗ مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ
مَا يَحۡكُمُونَ ﴿٢١﴾ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ
وَلِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾

١٢ تۆ بەباوەڕداران بێژە: با ئەوکەسانە ببەخشن کە بۆ ڕۆژەکانی خودا
بەهیوانین؛ تا بەهەر گرۆیەک - بەپێ کردەوەیان - پاداش بدا.
١٥ هەرکەس کارێکی باش‌دەکا، بۆ خۆیەتی؛ هەرکەسیش خراپەدەکا، دژی
خۆی کرد. پاشان ئێوە هەر بۆلای پەروەرندەتان دەبرێنەوە.
١٦ ئێمە کتێب‌و کارزانی‌و پلەی پێغەمبەرایەتیمان دابە تۆرەمەی ئیسرائیل؛
بژیوی پاک‌و چاکیشمان پێ‌گەیاندن. لەچاو هەمۆ خەڵکی دنیاش
سەرمان خستن.
١٧ سەبارەت بەدینەکەشیان زۆر نیشانەی دیاری‌دەرمان پێ‌سپاردن.
لەناوەخۆش گرفتاری کێشە نەبون، مەگین وەختێ کە لەم دینە ئاگادار
بۆن؛ ئەویش هەر لەبەر ئێرەیی نێوان خۆیان. پەروەرندەت ڕۆژی سەڵا
بەوکارانەیان ڕادەگا، کە لەسەری پێک نەهاتۆن.
١٨ دواجار ئەتۆمان خستە سەر ڕێگەوشوێنێک لەم ئایینە؛ شوێنی کەوەو
شوێن ئارەزۆی ئەونەزانانە مەکەوە.
١٩ ئەوان ناتوانن لەخوداتا بێ‌نیازکەن. ناهەقان دۆستی یەکترن؛ خواش
دۆستی خۆپارێزانە.
٢٠ ئەم قورئانە سۆمای چاوە بۆ مەردم‌و بەزەیی‌و ڕێ‌نیشاندەرە بۆ ئەوانەی
لەبڕوادا بێ‌گومانن.
٢١ ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن، وادەزانن ئێمە لەژی‌و مەرگیاندا وەک ئەوانەیان
دادەنێین کە بۆنە خاوەن‌باوەڕو ئاکارچاک بۆن؟ زۆر خراپی تێگەیشتۆن.
٢٢ خوا بەڕاستی ئەم عاسمانانەو زەمینەی وەدی هێنا، تا هەرکەسێ چەی
کردوە، پاداشی وەرگرێتەوەو ناهەقیشیان لێ‌ناکرێ.

أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ
وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا
تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ
إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ
عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن
كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ
ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ
﴿٢٧﴾ وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ۚ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰٓ إِلَىٰ كِتَٰبِهَا ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ
تَعْمَلُونَ ﴿٢٨﴾ هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ
مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٩﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴿٣٠﴾ وَأَمَّا
ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا
مُّجْرِمِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم
مَّا نَدْرِى مَا ٱلسَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾

٢٣ ئاخۆ تۆ ئه‌وکه‌سه‌ت دیوه که ئاره‌زۆی خۆی ده‌په‌رست؟ خودا - که ئاگای لێ هه‌بۆ - ڕێی لێ‌گۆڕیٚ و گوێچکه‌و دڵیشی مۆر کردو لێڵایی خسته سه‌رچاوی. سا کێ هه‌یه له‌پاش خودا، ڕێی نیشان‌دا؟ ده‌ی بۆچی بیرناکه‌نه‌وه؟

٢٤ هه‌روا گوتیان: بێژگه له‌ژینی دنیامان چیترنیه. هه‌ر ده‌مرین‌و ده‌ژینه‌وه‌و هه‌ر سروشت ده‌مان‌مرێنێ. هیچ‌شتێ له‌مه‌ش نازانن؛ هه‌ر له‌خۆوه گومان‌ده‌به‌ن.

٢٥ هه‌رگاش نیشانه ئاشکراکانی مه‌یان بۆوه خوێنن، بڕوبیانۆ ده‌هێننه‌وه‌و ئێژن: ئه‌گه‌ر قسه‌و ڕاستن، باب‌و کاڵمان بۆبێننه‌وه.

٢٦ بێژه: خودا ژیو پێده‌داو له‌پاشان ده‌تان‌مرێنێ‌و پاشان له ڕۆژی قیامه‌تا - که بێ‌گومانه هه‌ر دادیٚ - هه‌مۆتان کۆده‌کاته‌وه. به‌ڵام زوربه‌ی ئه‌م مه‌ردمه های لێ‌نیه.

٢٧ ده‌سته‌ڵاتی ئه‌م ئاسمانان‌و زه‌مینه هه‌ر به‌خوایه. ڕۆژێ که سه‌ڵا ڕاده‌بیٚ، ئه‌م ته‌رزه هه‌رزه‌وێژانه زه‌ره‌رده‌که‌ن.

٢٨ ده‌شبینی هه‌مۆتیره‌یه‌ک به‌ڕیز به‌سه‌ر چۆکداهاتۆن؛ هه‌رتیریه‌کیش بانگ‌ده‌کریٚ، بۆدیتنی سیایی کرده‌وه‌که‌ی خۆی. . ئه‌وا ئه‌مڕۆ پاداشی کرده‌وه‌کانتان ئه‌درێته‌وه.

٢٩ ئه‌مه کتێبی ئێمه‌یه، که به‌ڕاستی‌و به‌زه‌ره‌دی ئێوه ده‌دویٚ. هه‌رچی کرده‌وه‌ی ئێوه‌ش بۆ، ئێمه هه‌مۆمان ده‌نۆسین.

٣٠ سا ئه‌وانه‌ی به‌باوه‌ڕو ئاکارچاک بۆن، په‌روه‌رینیان ده‌یانخاته به‌ربه‌زه‌یی؛ که ئه‌مه به‌خته‌وه‌ریه‌کی زۆرگرینگه.

٣١ به‌ڵام خودانه‌ناسه‌کان [ پیان ئه‌وتری :] ئاخۆ نیشانه‌کانی منتان بۆ نه‌ده‌خوێنرایه‌وه که خۆتان به‌زل ده‌زانی‌و کۆمه‌ڵێکی تاوانبار بۆن؟

٣٢ هه‌رگاش وترا، که به‌ڵێنی خودا ڕاسته‌و سه‌ڵا ڕابۆن هیچ گومانی تێدانیه، ئێوه وتتان: هه‌رنازانین قیامه‌ت چیه؟ لامان خه‌یاڵێکی خاوه‌و دڵمان قنیاتی پیٚ‌نایه.

---

٢٤- «**هه‌رده‌مرین‌و ...**»: مه‌به‌ست ئه‌ویه که: ئێمه ده‌مرین‌و منداڵه‌کانمان ده‌مێننه‌وه. یا: بڕیک ده‌مرن‌و بڕێک دێنه دنیاوه. ٢٦- **ها:** خه‌به‌ر، ئاگا. ٢٩- **زه‌ره‌د:** زیان، زه‌ره‌ر.

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٣٣﴾
وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَـٰذَا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا
لَكُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٣٤﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ ٱتَّخَذْتُمْ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ
ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ فَٱلْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٣٥﴾
فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٣٦﴾ وَلَهُ
ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٧﴾

## سُورَةُ الأَحْقَافِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَـٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ مَا خَلَقْنَا
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ ۖ
ٱئْتُونِى بِكِتَـٰبٍ مِّن قَبْلِ هَـٰذَآ أَوْ أَثَـٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ
صَـٰدِقِينَ ﴿٤﴾ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن
لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَـٰفِلُونَ ﴿٥﴾

٣٣ هەرکارێکی خراپیان لەدەس هاتبۆ، ئاشکرا نیشانیان‌درا. ئەوشتانەش حەنەکی خۆیان پێدەکرد، دەوری لێدان.

٣٤ پێیان وترا: وا ئەمرۆ لەبیرتان دەکەین؛ هەر وەک ئێوە تۆش‌هاتنی ئەمڕۆتان نەدەهاتەبیر. جێتان لەناو ئاگردایە؛ هیچ‌کەسیش یاریتان ناکا.

٣٥ چونکە ئێوە نیشانەکانی ئێمەتان کردبوە جێ گەمەی خۆتان. ژینی دنیا ئێوەی هەڵخەڵەتاندبۆ. ئیتر ئەمڕۆ لەئاگر دەریان‌ناخەن و ڕێگە نیە داوای لێ‌بۆردنیش بکەن.

٣٦ سا سوپاس هەر بۆخودایە؛ ڕاهێنەری عاسمانەکانو زەمینو هەمۆ خەڵکی جیهانیشە.

٣٧ لە ئاسمانان و زمینیش، شکۆو گەورەیی بۆ ئەوەو هەر خۆی خاوەن‌دەستەلاتی لەکارزانە.

٣٥ ئایەت

## ئەحقاف

بەناو خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ حا، میم.

٢ ئەم کتێبە لەخودای بەدەستەڵاتی لەکارزانەوە ناردا.

٣ ئەم ئاسمانانەو زەمینەو هەرچی لەناویاندا هەیە، بۆڕاستی وەدیمان هێنان و مەودایان دیاری کراوە. ئەوکەسانەش کە خودایان نەناسیوە، لەچی ترسیان وەبەربێرن، خۆ دەبوێرن.

٤ بێژە: ئەوشتانەی ئێوە - غەیرەز خودا - هانایان دەبەنەبەرێ، چیان لەم هەردە چێ‌کردوە؟ یان ئەگەر لەعاسمانەکان بەشداربۆگن، نیشانم‌دەن. گەر ئێوە بەڕاستیتانە، کتێبێک بەرلەم [قورئانە] هاتبێ، یان قسەی دەربارەی زانست - کە هەر لە کەوناراوە ماوە - بۆمی بێرن.

٥ کێش لەوکەسە گومڕاترە هانا بۆ غەیرەز خوا دەبا؟ بۆکەسێ کە هەتا قیامەت پەرسڤی پێ‌ناداتەوەو هەر ئاگاشیان لە پاڕانەوەیان نیە.

---

٣٣- حەنەک: جەفەنگ، گاڵتەوگەپ.

٤- کەونارا: لە مێژینە، کۆن. ٥- یا: بۆکەس‌گەلێ کە تا قیامەت پەرسڤی پێ نادەنەوەو-

وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾ وَإِذَا
تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ هَٰذَا
سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ
لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ ۖ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا بَيْنِى
وَبَيْنَكُمْ ۖ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٨﴾ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ
وَمَآ أَدْرِى مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ وَمَآ أَنَا۠
إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ
وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ
إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ ۚ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا۟ بِهِۦ
فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ ﴿١١﴾ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ
إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ
ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا
ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٣﴾
أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾

٦ هەرگا مەردم هەمۆیان کۆدەکرێنەوە، ئەوان دەبنەدوژمنیان و حاشادەکەن لەوانەی پەرستۆیانن.
٧ هەرگا نیشانەئاشکراکانی مەیان بۆ وەخوێنن - ئەوانە وا کاتێ قورئانیان بۆهات حاشایان لێکرد - ئێژن: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادوە.
٨ یان دبێژن: هەر بۆخۆی هەڵی‌بەستوە. بێژە: ئەگەر هەر بۆخۆم هەڵم‌بەستبێ، پێتان ناکرێ لای خودا هیچ بۆمن بکەن؛ خوداش پتر ئاگادارە لەو توانجەی کە دەقورعانەکەی دەگرن؛ هەر ئەو بەسە بۆ شایەتی لەنێوان من و ئێوەدا؛ هەر ئەویشە گوناهبەخشی دلۆڤانە.
٩ بێژە: لەناو ئەو هەمۆ پێغەمبەرانە، من یەکێ نائاساییم نیم؛ ناشزانم لەمن یا لەنگۆ چدەقەومێ. من هەر ئەوەندەم لەسەرە پەیڕەوی ئەو فەرمانەبم کە پێم ڕادەگەیەندرێ. من هەر تەنیا بەئاشکرا ترسێنەرم و چی‌تریش نیم.
١٠ بێژە: ئاخۆ چ دەڵێن ئەر [ئەم قورعانە] لەخواوەبێ و ئێوە حاشای لێ‌بکەن و یەک لە تۆرەمەی ئیسرائیلیش شایەتی‌بدا لەسەر وێنەکەی و بڕوابێنێ و ئێوە هەر خۆبەزل زان‌بن؟! خودا خێڵی غەدرکەران بەرەوخۆی شارەزاناکا.
١١ ئەوانەی خودانەناسن، بۆخاوەن‌باوەڕان ئێژن: ئەگەر هیچ شتێکی باشی تێدا هەبا، بەرلە ئێمەی بۆنەدە چۆن. ئێستا کە نەیگەیشتۆنێ، ئێژن: ئەمە درۆیەکی کەونارایە.
١٢ لەپێش ئەمیش کتێبی مۆسا پێشەواو بەزەیی بۆ. ئەم قورئانە ئەویشی بە ڕاست زانیوەو بەئەزمانی عەرەبی‌یە؛ تا ناهەقان بترسێنی و مژدەبێ بۆ ئاکارچاکان.
١٣ ئەو کەسانەی وتۆیانە: پەروەرندەمان خودایەو لەدوایشدا هەر لەسەرقسەی خۆیان مان، نە ترسێکیان لەسەر هەیە، نە خەم‌دەخۆن.
١٤ ئەوکەسانە لەقەرەبۆی کارەکانیان بەهەشتین و هەتاسەر هەر تێیدادەبن.

---

٨- توانج: تانەو تەشەر ١٠- مەبەست لە وێنەی قورئان، تەوراتە. ١١- کەونارا: لەمێژینە، زۆرکۆنە.

وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ
كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ
أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ
عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى
ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ فِىٓ أَصْحَٰبِ
ٱلْجَنَّةِ ۖ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِى قَالَ
لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن
قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ
مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ
ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟
خَٰسِرِينَ ﴿١٨﴾ وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ۖ وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ
فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ
بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾

۱۵ ئێمه به‌مرۆمان ئه‌سپارد که ده‌گه‌ڵ دایک و بابی خۆی چاکه‌بکا. دایکی به‌تۆلی هه‌ڵی‌گرت، ڕه‌نجی کێشا؛ که داشی‌نا، ڕه‌نجی کێشا. هه‌ڵگرتن و له‌مه‌مک بڕینه‌وه‌شی سی‌هه‌یڤی برد؛ هه‌تا گه‌یشته خورتانی و ته‌مه‌نی گه‌ییشته چڵ ساڵ؛ گوتی: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌ی من! خۆت ڕام‌هێنه، سپاسی ئه‌و چاکه‌بکه‌م که ده‌رباره‌ی من و دایک و باوکمت کرد؛ کاری وا هێژام فێربکه تۆڕازی کا؛ تۆره‌مه‌شم له‌کاری چاکه ڕابێنه؛ وا به‌ره‌وتۆ که‌ڕامه‌وه‌و خۆم هه‌ر به‌تۆ ئه‌سپاردوه.

۱۶ هه‌رکه‌سیش وه‌ک ئه‌وانه‌بن، ئێمه کاره‌باشه‌کانیان لێ وه‌رده‌گرین و له گوناهیشیان خۆش ده‌بین و وه‌ل به‌هه‌شتیه‌کان ده‌بن. ئه‌وبه‌ڵێنه‌ی که پێیان دراوه، ڕاسته.

۱۷ ئه‌ومرۆیه‌ش که به باب و داکی ده‌گوت: لام‌لێ‌لاده‌ن! ئاخۆ به‌ڵێنم پێده‌ده‌ن جارێ‌تر زیندۆده‌بمه‌وه‌و له‌گۆڕ ده‌رم‌ده‌هێننه‌وه؟ چه‌ند به‌ره‌وچین له‌پێش مندا هاتۆن‌وچۆن. داک و بابیش هه‌ر په‌نایان به‌خوا ده‌برد[ وده‌یانگوت:] هه‌ی ماڵ‌ویران بڕوابێنه! به‌ڵێنی خودایه‌و ڕاسته. ئه‌ویش ده‌یگوت: ئه‌وشتانه هه‌ر چیرۆکی پێشینانه‌و چی‌تر نیه.

۱۸ ئه‌وکه‌سانه‌ش هه‌ر به‌ده‌ردی کۆمه‌ڵانێک - له‌جندۆکه‌و مرۆیان - چۆن، که به‌رله‌وان فه‌وتان و تۆش جه‌زره‌به‌ی ئێمه هاتن و زیانباربۆن.

۱۹ ئێمه بۆ هه‌ریه‌ک له‌وانه پله‌وپایه‌مان داناوه. تا خوا به هه‌رکه‌س به‌گوێره‌ی کارو کرده‌وه‌ی پاداش بات. ناهه‌قیشیان لێ‌ناکرێ

۲۰ ڕۆژێ به‌ره‌ی خوانه‌ناسان به‌رانبه‌ر ئاگر ڕاده‌نین [پێان ده‌ڵین:] خۆشی دنیاو ده‌رباز کردو به‌باشی به‌هره‌تان لێ‌برد؛ ئه‌مڕۆش زۆر به‌سۆکایه‌تی ئازار ده‌درێن؛ چونکه ئێوه له‌سه‌رزه‌مین - به‌خۆڕایی - خۆتان زۆربه‌زل ده‌زانی و له‌ڕێگه‌ی ڕاستۆ لادابۆ.

---

۱۵- هه‌یڤ: مانگ. خورتانی: گه‌نجی، لاوه‌تی، جحێڵی. تۆل: پێزه، پز، بێچوی هێشتا نه‌زاو.

۞ وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ
مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦٓ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ
عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ٢١ قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا فَأۡتِنَا
بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٢٢ قَالَ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ
وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ ٢٣
فَلَمَّا رَأَوۡهُ عَارِضٗا مُّسۡتَقۡبِلَ أَوۡدِيَتِهِمۡ قَالُواْ هَٰذَا عَارِضٞ مُّمۡطِرُنَاۚ
بَلۡ هُوَ مَا ٱسۡتَعۡجَلۡتُم بِهِۦۖ رِيحٞ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ٢٤ تُدَمِّرُ كُلَّ
شَيۡءِۭ بِأَمۡرِ رَبِّهَا فَأَصۡبَحُواْ لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمۡۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي
ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ٢٥ وَلَقَدۡ مَكَّنَّٰهُمۡ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمۡ فِيهِ
وَجَعَلۡنَا لَهُمۡ سَمۡعٗا وَأَبۡصَٰرٗا وَأَفۡـِٔدَةٗ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُمۡ سَمۡعُهُمۡ
وَلَآ أَبۡصَٰرُهُمۡ وَلَآ أَفۡـِٔدَتُهُم مِّن شَيۡءٍ إِذۡ كَانُواْ يَجۡحَدُونَ
بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ٢٦ وَلَقَدۡ
أَهۡلَكۡنَا مَا حَوۡلَكُم مِّنَ ٱلۡقُرَىٰ وَصَرَّفۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ
٢٧ فَلَوۡلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرۡبَانًا ءَالِهَةَۢۖ
بَلۡ ضَلُّواْ عَنۡهُمۡۚ وَذَٰلِكَ إِفۡكُهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ٢٨

٢١ برای عادیش وەبیر بێنە، کە لە ئەحقاف ترسی وەبەر هۆزەکەی‌نا: ئێوە
نابێ غەیرەزخودا بپەرستن؛ من لەئێوە نیگەرانم کە لەڕۆژی گەورەدا
ئازارببینن. بەر لە ئەوو لەپاش ئەویش ترسێنەران هاتن‌و چون.
٢٢ گوتیان: ئاخۆ هەر بۆیە هاتۆیەلامان، لامان‌بدەی لەوانەی
دەیانپەرستین؟ ئەگەر لەقسەڕاستانی، ئەوهەڕەشەی لە ئێمەت کرد،
بەجێی‌بێنە.
٢٣ گوتی: ئەویش خوا دەیزانێ؛ من بەچی ڕاسپێراوم، بەئێوەی ڕادەگەیەنم؛
بەڵام وەک من دەتانبینم، ئێوە کۆمەڵێ نەزانن.
٢٤ کاتێ لەلای شیوەکانیان هەورێکیان دی، گوتیان: ئەمە بارانمان
بۆدەبارێنێ. بەڵکوو ئەمە هەر هەمانە کە ئێوە بۆی بەپەلەبوون؛ هەوری
بایەو جەزرەبەدانی بەژانی لەگەڵدایە؛
٢٥ بەفەرمانی پەروەرندەی، هەموو شت تێک‌وپێک دەدا. ئیتر کارێکیان
بەسەرهات تەنیا هەر جێ‌ماڵەکانیان دەبیندرا. ئێمە پاداشی کۆمەڵی
تاوانباران ئاوادەدەین.
٢٦ لەوشوێنەدا گوزەرانێکمان دابوونێ، کە بەئێوەمان نەداوە. گوێ‌و چاوو
دڵیشمان بەوانیش دابوو؛ ئەوان لەگوێ‌و چاوو دڵیان هیچ بەهرەیان
دەس نەکەوت؛ کە نرخێکیان بۆ نیشانەکانی خودا دانەدەناو ئەوەی
حەنەکیان پێدەکرد، دەوری لێدان.
٢٧ فرە لەو بازێڕانەمان قڕتێ‌خستوون کە هەر لەدەوری ئێوەبوون. هەموو جۆرە
نیشانەمان بۆڕاناون، کە بەشکوو بگەڕێنەوە.
٢٨ ئەدی بۆچی ئەوشتانەی غەیرەز خودا دەیانپەرست تا بەوهۆیە لەخوایان
نزیک کەنەوە، هیچ دەهانایان نەهاتن؟ بەڵکوو ئەوان لە دەسیان چون؛
ئەمەش لەو درۆیانەبوو کە بۆخۆیان هەڵیان بەستوون.

وَإِذۡ صَرَفۡنَآ إِلَيۡكَ نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَلَمَّا
حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْۖ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوۡاْ إِلَىٰ قَوۡمِهِم مُّنذِرِينَ
٢٩ قَالُواْ يَٰقَوۡمَنَآ إِنَّا سَمِعۡنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰ
مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٖ مُّسۡتَقِيمٖ
٣٠ يَٰقَوۡمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن
ذُنُوبِكُمۡ وَيُجِرۡكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ٣١ وَمَن لَّا يُجِبۡ دَاعِيَ ٱللَّهِ
فَلَيۡسَ بِمُعۡجِزٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَيۡسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءُۚ أُوْلَٰٓئِكَ
فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ٣٢ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضَ وَلَمۡ يَعۡيَ بِخَلۡقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰۚ بَلَىٰٓ
إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٣٣ وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ
أَلَيۡسَ هَٰذَا بِٱلۡحَقِّۖ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا
كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ٣٤ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ
وَلَا تَسۡتَعۡجِل لَّهُمۡۚ كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَ مَا يُوعَدُونَ لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا
سَاعَةٗ مِّن نَّهَارِۭۚ بَلَٰغٞۚ فَهَلۡ يُهۡلَكُ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٣٥

## سُورَةُ مُحَمَّدٍ

٢٩ هێندێکیش له‌جندۆکانمان نارده‌لای تۆ، که گوێ له‌م‌قورئانه بگرن؛ کاتێ هاتن، گوتیان: مات‌بن‌و گوێ‌بده‌ن. وه‌ختێ بیستیان، هاتنه‌وه ناو خێڵه‌که‌یان‌و ترسی خوایان وه‌به‌رنان.
٣٠ گوتیان: گه‌لۆ! ناوه‌رۆکی کتێبێکیان بۆوه‌خوێندوین، که پاش مۆسا نارد‌راوه؛ به کتێبه‌کانی پێشوشی بڕوا هه‌یه؛ هانه بۆڕاستی ده‌دات‌و شاره‌زای ڕاسته‌ڕێ ده‌کا.
٣١ گه‌لۆ! وه‌رن به‌ده‌نگ ئه‌م که‌سه‌وه بچن که گازی بۆ خودا ده‌کاو بڕوای پێکه‌ن. له‌گوناهانۆ خۆش ده‌بێ‌و له ئازاردانی به‌ژانتان ده‌پارێزێ.
٣٢ هه‌رکه‌سێکیش به‌ده‌نگ ئه‌وکه‌سه‌وه نه‌چێ - که به‌ره‌وخودا بانگ ده‌کا - له‌م زه‌مینه ده‌ره‌تانی ده‌س ناکه‌وێ‌و غه‌یره‌زخودا هیچ که‌سی ده‌هانانایه. کێش ئاوابن، دیاره ڕێیان لێ‌گۆڕاوه.
٣٣ ئاخۆ ئه‌وان نه‌یانزانی ئه‌وخودایه که زه‌مین‌و ئاسمانانی وه‌دی‌هێناو له وه‌دی‌هێنانیشیاندا تۆشی ناته‌وانی نه‌بۆ، ده‌توانێ زیندۆش کاته‌وه‌و بش‌مرێنێ؟ ئارێ ئه‌و له‌سه‌ر هه‌مۆشت توانای هه‌یه.
٣٤ ئه‌وێ ڕۆژێ که ئه‌وانه‌ی خوانه‌ناس بۆن، لای ئاگر ڕایان‌ده‌نێن[ وپێیان ده‌ڵێن]: ئاخۆ ئه‌م‌شته ڕاست‌نیه؟ ئێژن: ڕاسته، سوێند به په‌روه‌رنده‌مان. ئێژێ: چونکه ئێوه هه‌ر حاشاتان لێکرد، سا ئه‌و ئازاره بچێژن.
٣٥ تۆش هه‌ر وه‌کۆ پێغه‌مبه‌ره لێ‌بڕاوو نه‌به‌زه‌کان، سۆربه له‌سه‌ر کاره‌که‌ت‌و خۆڕاگربه؛ وه‌ک ئه‌وانیش خۆڕاگربۆن. بۆ ئه‌وانه‌ش په‌له‌ت نه‌بێ؛ ئه‌و ڕۆژی بڕیاردراوه بێننه‌لامان، واده‌زانن مانه‌وه‌یان هه‌ر سه‌عاتێ له ڕۆژێکی خایاندوه. ئه‌مه‌ش په‌ندێکی ته‌واوه. ئاخۆ که‌سێک - بێژگه له ڕێ‌لاده‌ره‌کان - به جه‌زره‌به له‌به‌ین ده‌چێ؟

٣٨ ئایه‌ت

محه‌مه‌د



٣٥-لێ‌بڕاو: مرۆی خاوه‌ن ئیراده. ئه‌وێ ڕوژی- یا:ئه‌وێ ڕۆژی، ئه‌وه‌ی ببینن وابڕیاریان پێ‌ده‌درێ، واده‌زانن-

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿١﴾ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُوا۟ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مِن
رَّبِّهِمْ ۙ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ﴿٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
ٱتَّبَعُوا۟ ٱلْبَٰطِلَ وَأَنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّبَعُوا۟ ٱلْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ
ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَٰلَهُمْ ﴿٣﴾ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ
إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا۟ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلْحَرْبُ
أَوْزَارَهَا ۚ ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَا۟ بَعْضَكُم
بِبَعْضٍ ۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٤﴾ سَيَهْدِيهِمْ
وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ﴿٥﴾ وَيُدْخِلُهُمُ ٱلْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ ﴿٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓا۟ إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٨﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ
فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٩﴾ ۞ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ
كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ دَمَّرَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ۖ وَلِلْكَٰفِرِينَ أَمْثَٰلُهَا ﴿١٠﴾
ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَأَنَّ ٱلْكَٰفِرِينَ لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ ﴿١١﴾

# وه‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

۱ ئه‌وانه‌ی دژی خوا بوٚن‌و له‌مپه‌ریٚک بوٚن له‌ڕیٚی خودا، هه‌موٚ کرده‌وه‌کانیانی لیٚ پوٚچه‌ڵ کرد.
۲ ئه‌وانه‌یش که خوداناس‌و ئاکارچاک بوٚن‌و به‌م قورئانه‌ش - که ڕاسته‌و له په‌روه‌رنده‌یانه‌وه بوٚ محه‌ممه‌د به‌خه‌ڵات هاتوٚته‌خواریٚ - باوه‌ڕیان کرد، خودا هه‌موٚگوناهه‌کانیانی پوٚشی‌و کاروباری ژیانیانی بوٚ سامان‌دان.
۳ چونکه هه‌رچی دژایه‌تی خودایان کرد، شویٚن کاری ناڕه‌واکه‌وتن. ئه‌وی خاوه‌ن باوه‌ڕیشن له‌دوٚی ئه‌و فه‌رمانه ده‌چن؛ که به‌ڕاستی له په‌روه‌رنده‌یان‌ڕایه. ئاوا خودا چه‌ند نموٚنه بوٚئه‌م خه‌ڵکه دیٚنیٚته‌وه.
۴ ئیتر هه‌رگا توٚشی ئه‌و بیٚ‌دینانه‌بوٚن، له‌ملیان ده‌ن؛ پاش ونجڕونجڕ کردنیان شه‌ته‌کیان ده‌ن. ئه‌وسا یان هه‌ر به‌چاکه ئازادیان بکه‌ن، یا به‌رخویٚنیان لیٚ‌بستیٚنن؛ هه‌تا شه‌ڕ کوٚتایی پیٚ‌دیٚ. ئه‌گه‌ر خودا بیویستبا، بوٚخوٚی توٚڵه‌ی لیٚ‌ده‌ستاندن؛ به‌ڵام ویستی به‌یه‌کتریتان بئه‌زموٚ. ئه‌وکه‌سانه‌ش که له‌ڕای خودا کوژراون، کرده‌یان به‌فیڕوٚنادا.
۵ به‌م زوانه ڕیٚگه‌یان پیٚ نیشان‌ده‌داو کاروباری ژیانیان بوٚ ته‌کوٚز ده‌کا.
۶ ده‌شیانباته ئه‌و به‌هه‌شته‌ی که پیٚشه‌کی بوٚی باس کردوٚن.
۷ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! ئه‌گه‌ر یاری خودابکه‌ن، خوداش یاریده‌تان ده‌داو له‌به‌ر نه‌یاران نابه‌زن.
۸ ئه‌وانه‌ش که دین دوژمنن، به‌شیان هه‌ر نه‌گبه‌تی ده‌بیٚ‌و کاره‌کانی لیٚ‌پوٚچ کردوٚن.
۹ چونکه ئه‌وان له‌مه‌ی که خودا ناردوٚیه، خوٚشیان نایه؛ ئه‌وسا ئه‌ویش کاره‌کانی لیٚ‌تیٚک‌داون.
۱۰ ئاخوٚ ئه‌وان به‌زه‌میندا نه‌گه‌ڕاون، تا بڕوانن پیٚشینه‌کانی ئه‌وانه چیان به‌سه‌رهات؟ خودا ته‌رت‌و تونای کردن؛ بوٚ له‌دین‌لاده‌ره‌کانیش هه‌رشتیٚکی ئاواهه‌یه.
۱۱ چونکه خودا سه‌روه‌ری ئه‌و که‌سانه‌یه که باوه‌ڕیان پیٚ‌هیٚناوه‌و ئه‌وانه‌ی خودانه‌ناسن، بیٚ‌سه‌روه‌رن.

---

۴-ونجڕونجڕ کردن: شڕو له‌ت‌وپه‌ت کردن. به‌رخویٚن: فیدیه. ۵-ته‌کوٚزکردن: سامان‌دان.

إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن
تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأۡكُلُونَ كَمَا تَأۡكُلُ ٱلۡأَنۡعَٰمُ
وَٱلنَّارُ مَثۡوٗى لَّهُمۡ ١٢ وَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةٗ مِّن قَرۡيَتِكَ
ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَتۡكَ أَهۡلَكۡنَٰهُمۡ فَلَا نَاصِرَ لَهُمۡ ١٣ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ
مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُم ١٤ مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ
ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ
يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ
وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡۖ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ
وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا فَقَطَّعَ أَمۡعَآءَهُمۡ ١٥ وَمِنۡهُم مَّن يَسۡتَمِعُ إِلَيۡكَ
حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُواْ مِنۡ عِندِكَ قَالُواْ لِلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًاۚ
أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ ١٦ وَٱلَّذِينَ
ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ١٧ فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا
ٱلسَّاعَةَ أَن تَأۡتِيَهُم بَغۡتَةٗۖ فَقَدۡ جَآءَ أَشۡرَاطُهَاۚ فَأَنَّىٰ لَهُمۡ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ
ذِكۡرَىٰهُمۡ ١٨ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ
وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ ١٩

۱۲ خودا خاوه‌ن باوه‌ڕانی ئاکارپه‌سند، ده‌نێرێته ناو باغاتێک جۆباریان به‌به‌رداده‌ڕوا. ئه‌وانه‌ی نه‌شیان‌ناسیوه، له‌دنیادا ڕای ده‌بوێرن و ده‌له‌وه‌ڕێن؛ وه‌ک له‌وه‌ڕانی ئاژەڵ و جێگه‌یان له‌ئاگردایه.

۱۳ فره باژێڕی واهه‌بوه له‌خه‌ڵکی باژێڕه‌که‌ی تۆ - ئه‌وه‌ی تۆیان لێ وه‌ده‌رنا - که‌ڵێک به‌هێزوگوڕتربۆن، قڕمان کردۆن؛ که‌سیش ده‌هانایان نه‌هات.

۱۴ ئاخۆ که‌سێ له په‌روه‌رنده‌ی خۆیه‌وه به‌ڵگه‌ی ڕۆنی بۆهاتبێ، وه‌ک که‌سێکه کرده‌وه خراپه‌که‌ی خۆی بۆ خه‌ملاوه‌و شوێن ئاره‌زۆی خۆیان که‌وتۆن؟

۱۵ ئه‌و به‌هه‌شته‌ی خودا به‌پارێزگارانی به‌ڵێن داوه، چۆن‌چۆنیه؟ چه‌ندین ڕوباری وای‌تێدا، ئاوه‌که‌یان شلوێ نابێ. چه‌ندروباری شیری تێدا، هه‌رگیز تامی‌نه‌گۆڕاوه. چه‌ندین ڕوباری شه‌رابی پێداده‌ڕوا، تا وه‌یخۆن که‌یفی‌پێده‌که‌ن. چه‌ند ڕوباریش له هه‌نگڤی پالاڤته هه‌ن. هه‌رمیوه‌یه‌کیش بخوازن، تێداهه‌یه؛ خۆشبۆنی په‌روه‌رنده‌شیان. چۆن ئه‌مانه ده‌بنه لنگه‌ی ئه‌وکه‌سانه که تاهه‌تا هه‌ر ده‌بێ له‌ئاگردابن و له‌سه‌ریانه ئاڤاکه‌لاندی وه‌خۆن و ڕیخۆڵه‌یان له‌ت‌وپه‌ت کا.

۱۶ هێندێکیان دێن گوێت لێده‌گرن؛ وه‌ختێ له‌لای تۆ ده‌رده‌چن، له‌زانیاره‌کان ده‌پرسن: ئێسته چی‌وت؟ خودا مۆری به‌سه‌ر دڵیانه‌وه ناوه‌و شوێن ئاره‌زۆی خۆیان که‌وتۆن.

۱۷ ئه‌وکه‌سانه‌ش که هاتۆنه‌سه‌ر ڕاسته‌ڕێ، پتر شاره‌زایان ده‌کاو ترسی خوایان پترده‌خاته دڵه‌وه.

۱۸ ئاخۆ ئه‌وان چاوه‌نۆڕن گوزوگوممه‌ت ئێسته سه‌ڵایان لێ‌ڕابێ؟ئه‌وا ئێستا نیشانه‌کانی په‌یدابۆن؛ وه‌ختێ سه‌ڵاشیان لێ‌ڕابۆ، په‌ندی ئه‌وان سودی چیه؟

۱۹ سا بزانه غه‌یره‌زخودا هیچ شت بۆپه‌رستن نابێ. بۆ هه‌ڵه‌ی خۆت و پیاوان و ژنه‌کانی خاوه‌ن باوه‌ڕ، داوای لێ‌خۆشبۆنێ بکه. خوا له‌هه‌ڵگێڕوه‌رگێڕتان و له‌شوێنی هه‌میشه‌یی‌تان ئاگاداره.

---

۱۵- **شلوێ:** لێڵ. **هه‌نگڤ:** هه‌نگوین. **ئاڤاکه‌لاندی:** ئاوه‌کوڵ. ۱۸- **گوزوگوممه‌ت:** کتوپڕ،ناخلاف.

وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ ۖ فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ
مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ ۙ رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ
يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِىِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَأَوْلَىٰ لَهُمْ
٢٠ طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ ۚ فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ
لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ٢١ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟
فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ٢٢ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ
فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ ٢٣ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ
أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ٢٤ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم
مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ۙ ٱلشَّيْطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ
لَهُمْ ٢٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ كَرِهُوا۟ مَا نَزَّلَ
ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ ٱلْأَمْرِ ۖ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ
٢٦ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ
وَأَدْبَٰرَهُمْ ٢٧ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ
وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ٢٨ أَمْ حَسِبَ
ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَٰنَهُمْ ٢٩

۲۰ ئه‌وانه‌ی خاوه‌ن باوه‌ڕن ئێژن: بۆچه سوٗره‌تێک نایێته خواره‌وه؟ ئه‌مجاره که سوٗره‌تێکی پته‌و هات‌و له‌مه‌ڕ خه‌زاوه باسی‌کرد، تۆ ئه‌وانه‌ی ده‌غه‌زێکیان له‌دڵدایه ده‌بینی وات لێ ده‌ڕوانن، وه‌ک که‌سێ له‌ترسی مردن توٗشی فێداری هاتبێ. بۆ ئه‌وانه واباشتره.

۲۱ [بۆئه‌وانه] به‌رفه‌رمانی‌و په‌یڤینی به‌جێ‌وڕێ‌یه [هێژاتره]. هه‌رگاش خه‌زا بڕیاردرا، ئه‌گه‌ر ئه‌وسا به‌رانبه‌ر به‌خودا ڕاست‌بن، هه‌ر به‌قازانجی خۆیانه.

۲۲ ئاخۆ ئه‌گه‌ر ده‌سته‌ڵاتو وه‌ده‌س که‌وت، له‌م زه‌مینه خراپه ڕێوه‌ده‌به‌ن‌و په‌یوه‌ندی خزمایه‌تیتان ده‌چڕێنن؟

۲۳ سا ئه‌وانه خودا به‌ر نه‌حله‌تی خستوٗن؛ گوێیان که‌ڕو چاوه‌کانی لێ کۆرکردوٗن.

۲۴ ئاخۆ ئه‌وان له‌وقورئانه ڕانامێنن، یان دڵیان گاڵه‌دراوه؟

۲۵ ئه‌وکه‌سانه‌ی له‌پاش له‌دین شاره‌زابوٗن وه‌رگه‌ڕاون، دیاره شه‌یتان دنه‌ی داون‌و کاره‌کانی بۆخه‌ملاندوٗن.

۲۶ چون ئه‌وانه به‌وکه‌سانه‌ی که حه‌زیان له‌وشته‌نیه که خوا ناردوٗیه‌ته‌خوارێ، وتوٗیانه: ئێمه له‌بازه‌کارێکدا به‌قسه‌وده‌که‌ین. خوداش له‌وه‌ی ده‌یشارنه‌وه ئاگاداره.

۲۷ ده‌بێ چۆن بن ئه‌وسه‌رده‌مه‌ی فرشته گیانیان ده‌کێشێ‌و ده‌ڕوخسارو پشته‌وه‌یان ده‌سره‌وێنی؟

۲۸ چونکه ئه‌وان وه‌شوێن شتێکی وا که‌وتوٗن که خودای توٗڕه‌کردوه‌و به ڕه‌زای ئه‌و ڕازی نه‌بوٗن؛ ئه‌وسا ئه‌ویش کاریانی لێ پوچ‌کردون.

۲۹ ئاخۆ ئه‌وانه‌ی غه‌ره‌زیان له‌دڵدایه، لایان وایه خودا ڕک‌و کینه‌یان ئاشکراناکا؟

---

۲۱- **په‌یڤین:** قسه‌کردن. ۲۴- **گاڵه‌دان:** داخستنی درگاو په‌نجه‌ره.

وَلَوْ نَشَآءُ لَأَرَيْنَٰكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَٰهُمْ ۚ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى
لَحْنِ ٱلْقَوْلِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَٰلَكُمْ ﴿٣٠﴾ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ
ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ ﴿٣١﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّوا۟ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ
لَهُمُ ٱلْهُدَىٰ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَسَيُحْبِطُ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٣٢﴾
۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوٓا۟
أَعْمَٰلَكُمْ ﴿٣٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ مَاتُوا۟
وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ﴿٣٤﴾ فَلَا تَهِنُوا۟ وَتَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّلْمِ
وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ ﴿٣٥﴾ إِنَّمَا
ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۚ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ
وَلَا يَسْـَٔلْكُمْ أَمْوَٰلَكُمْ ﴿٣٦﴾ إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ
تَبْخَلُوا۟ وَيُخْرِجْ أَضْغَٰنَكُمْ ﴿٣٧﴾ هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ
لِتُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ ۖ وَمَن يَبْخَلْ
فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ ۚ وَإِن
تَتَوَلَّوْا۟ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾

۳۰ ئه‌گه‌ر حه‌زمان بکردایه، ده‌مانهێنانه به‌رچاوت و ئیتر هه‌ر به وردبوٚنه‌وه له بیچمیان، باش ده‌وناسین. بێ‌گومانه به‌ڕاوێژی ئاخافتنیش ده‌یانناسی. خواش هه‌موٚکاره‌کانتانی ئاگالێیه.
۳۱ به‌تاقیتان ده‌که‌ینه‌وه تا بزانین، کێ له ئێوه تێکوشاوه‌و کێتان خوٚڕاگرتربوه. به‌راوردی ده‌نگ‌وباسی ئێوه‌ش ده‌که‌ین.
۳۲ ئه‌وانه‌ی خوانه‌ناس بوٚن و بوٚنه له‌مپه‌ر له‌ڕای خوداو له‌دوای ئه‌وه زانیبوٚشیان ڕێگه‌ی ڕزگاربوٚن کامه‌یه، هه‌ر دژی پێغه‌مبه‌ر وه‌ستان، هه‌رگیز ئه‌وانه ناتانن زیان به‌خوابگه‌یه‌نن و به‌م‌زوانه کاره‌کانیان پوٚچه‌ڵ ده‌کا.
۳۳ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! له فه‌رمانی خوداو پێغه‌مبه‌ر ده‌رمه‌چن و کارتان پوٚچه‌ڵ مه‌که‌نه‌وه.
۳۴ ئه‌وانه‌ی له‌دین لایانداو بوٚنه له‌مپه‌ر له‌ڕای خوداو دوایی به‌بێدینی مردن، هه‌رگیز خوا لیان خوٚش‌نابێ.
۳۵ سس مه‌بنه‌وه‌و داوای شه‌ڕویستانێ مه‌که‌ن؛ هه‌ر ئێوه به‌سه‌ر ئه‌واندان؛ ئێوه خوداتان ده‌گه‌ڵه‌و هه‌رگیز پاداشی خه‌باته‌که‌تان لێ‌که‌م‌ناکاته‌وه.
۳۶ هه‌رچی ژیانی دنیایه، هه‌موٚ هه‌ر گاڵته‌وگه‌پێکه. ئه‌گه‌ر ئێوه بڕواو هه‌بێ و خوٚپارێزبن، پاداشی خوٚتان ده‌داتێ و هیچ ماڵیشتان لێ‌ناخوازێ.
۳۷ هه‌رچه‌ند زوٚر به قیرسیچمه‌یش داوای ماڵێکتان لێ‌بکا، ڕژدی ده‌که‌ن و ڕکوٚنیتان ده‌رده‌خا.
۳۸ باهه‌موٚتان ئاگاداربن؛ بانگتان ده‌که‌ن که‌ماڵ له‌ڕای خوا به‌خت که‌ن. ئی‌واشتان ده‌ناوداهه‌یه ڕژدی ده‌کا؛ هه‌رکه‌سێکیش ڕژدی ده‌کا، ڕژدی ده‌رباره‌ی خوٚی ده‌کا. خوا له‌گش که‌س بێ‌نیازه؛ ئێوه ژارو به‌له‌نگازن؛ ئه‌گه‌ر پشتیشی تێ‌بکه‌ن، چینێکی‌تر به‌ئێوه ده‌گوٚڕێته‌وه، که هه‌رگیز وه‌ک ئێوه نه‌چن.

---

**۳۰-ڕاوێژ:** ده‌راوی ده‌م. **۳۷- به قیرسیچمه‌یی:** به پێ‌داگرتنه‌وه، به چه‌قی. **ڕکوٚنی:** قین و ڕک.
**۳۸-ژار:** نه‌دار، هه‌ژار. **به‌له‌نگاز:** به‌سته‌زمان، بێچاره.

# سُورَةُ الفَتْح

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ﴿١﴾ لِّيَغْفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ
وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٢﴾
وَيَنصُرَكَ ٱللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا ﴿٣﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ
ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِيمَٰنًا مَّعَ إِيمَٰنِهِمْ ۗ وَلِلَّهِ جُنُودُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٤﴾ لِّيُدْخِلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ
جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ
سَيِّـَٔاتِهِمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ ٱللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٥﴾ وَيُعَذِّبَ
ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ
بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ
وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٦﴾ وَلِلَّهِ جُنُودُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٧﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ
شَٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٨﴾ لِّتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ
وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٩﴾



# فەتح

۲۹ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

۱ ئێمەین کە وەسەرمان خستی، بەو سەرخستنە بەرچاوە.
۲ هەتا خودا لەهەڵەکانی پێشوُت و لەو هەڵانەی لەوەبەولاوە تۆشیان دێی،
عافۆت بکاو چاکەی دۆرلە کەمایەسیت دەگەڵ بکاو ڕێگەی ڕاستت
نیشان بدا.
۳ تا خودا یارمەتیت بدا، بەتەرزێ وا کە ببیەخاوەن دەستەڵات.
۴ هەرئەویشە ئۆقرەو هەدای دابەدڵی ئەوانەی خاوەن باوەڕبۆن؛ تا وێڕای
بڕوای هەیانە، بڕوایان بەقەوەت تربێ. لەشکرگەلی ئاسمانەکان و
زەمینیش، هەمۆ بەرفەرمانی خوان و خودا زانای لەکارزانە.
۵ هەروەها پیاوو ژنانی خاوەن باوەڕ بەرێ‌کاتە ناو باغاتێک، جۆباریان
بەبەردادەڕواو هەتاسەر هەر لەوێ دەبن و خەتاو نالەبارەکانیان عافۆ
بکا. لجەم خودا، ئەم ڕۆداوە سەرکەوتنێکی مەزن بۆ.
۶ هەتاوەکۆ ڕۆبینانی پیاووژن و شەریک بۆ خوداناسەکان، نێرومێویان - کە
سەبا بەخوا گومانی خراپیان دەبرد - ئازاربدا. زۆرخراپیان لێ قەوماوەو
خوا غەزبی لێ‌گرتۆن و نەحلەت لەهەومۆیان دەکاو جەهەندەمی
بۆداناون و دوارۆژێکی ڕەشیان هەیە.
۷ لەشکرەکان - لەئاسمانەکان و زەمین - هەمۆ بەرفەرمانی خوان و خودا
خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
۸ ئێمە تۆمان کل کردوە، ئاگادارو مژدەدەرو ترسێنەربی.
۹ ئەشێ ئێوە بڕوابێنن بەخواو پێغەمبەری خوداو لەیاریدەی درێغ نەکەن و
ڕێزی شایانی لێگرن و هەمۆ بەیانی و ئێواران پەسنی بدەن.

---

**۴- هەدا:** ئارام، سەکەنین.   **۶- سەبا:** سەبارەت، لەمەڕ، دەربارەی.   **۸- کل کردن:** ناردن، هەناردن.

إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ۚ
فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيْهُ
ٱللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٠﴾ سَيَقُولُ لَكَ ٱلْمُخَلَّفُونَ
مِنَ ٱلْأَعْرَابِ شَغَلَتْنَآ أَمْوَٰلُنَا وَأَهْلُونَا فَٱسْتَغْفِرْ لَنَا ۚ يَقُولُونَ
بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِى قُلُوبِهِمْ ۚ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ
شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًۢا ۚ بَلْ كَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ
خَبِيرًۢا ﴿١١﴾ بَلْ ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَنقَلِبَ ٱلرَّسُولُ وَٱلْمُؤْمِنُونَ إِلَىٰٓ
أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِى قُلُوبِكُمْ وَظَنَنتُمْ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ
وَكُنتُمْ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٢﴾ وَمَن لَّمْ يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ فَإِنَّآ
أَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ سَعِيرًا ﴿١٣﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ
يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا
رَّحِيمًا ﴿١٤﴾ سَيَقُولُ ٱلْمُخَلَّفُونَ إِذَا ٱنطَلَقْتُمْ إِلَىٰ
مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ ۖ يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا۟
كَلَٰمَ ٱللَّهِ ۚ قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَٰلِكُمْ قَالَ ٱللَّهُ مِن قَبْلُ ۖ
فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا ۚ بَلْ كَانُوا۟ لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٥﴾

۱۰ ئه‌و كه‌سانه‌ی په‌یمان له‌گه‌ڵ تۆ ده‌به‌ستن، بابزانن په‌یمان ده‌گه‌ڵ خوا ده‌به‌ستن. ده‌ستی خودا ده‌سه‌رده‌ستی ئه‌وان‌ڕایه. سا هه‌ركه‌سێ په‌یمانی به‌جێ نه‌هێنی، هه‌ر خۆی له‌په‌یمان شكێنی زه‌ره‌رده‌كا؛ هه‌ر كه‌سێكیش ئه‌و په‌یمانه‌ی - كه ده‌گه‌ڵ خودا به‌ستۆیه - به‌جێ‌بێنێ، له‌دواڕۆژا پاداشی گه‌وره‌ی ده‌داتێ.

۱۱ ئه‌و عه‌ره‌به كۆچه‌رانه‌ی دواكه‌وتبوٚن، وه‌تۆئێژن: دارایی‌و ماڵ‌و خێزانمان نه‌یانهێشت بگه‌ینه ئێوه؛ داوای به‌خشینمان بۆبكه. سه‌رزاره‌كی شتێ ئێژن، كه له‌دڵیانه‌وه‌نایه. بێژه: ئه‌گه‌ر خوا زیانێک له ئێوه‌با، یان به‌هره‌یه‌كتان پێ‌بدا، كێ ده‌توانێ ده‌س ده‌كاری خودابدا؟ به‌ڵكه خودا له‌هه‌ركرده‌وه‌یێ ده‌یكه‌ن، ئاگاداره.

۱۲ نه‌خێر ئێوه پێتان وابۆ پێغه‌مبه‌رو باوه‌ڕداران هه‌رگیز تازه نایه‌نه‌وه ناوماڵ‌و خێزانی خۆیان. هه‌ر به‌دڵیش ئه‌م خه‌یاڵه‌و به‌شتێكی باش ده‌زانی. گومانێكی بێجاو ده‌برد؛ دیاره ئێوه كۆمه‌ڵێكی زۆر بێ‌خێر بوٚن.

۱۳ هه‌ركه‌سێكیش بڕوای نه‌بێ به‌خواو پێغه‌مبه‌ری خودا، ئێمه بۆ ئه‌و بێدینانه، كڵپی ئاگرمان نیڵ‌داوه.

۱۴ ده‌سته‌ڵاتی ئه‌م عاسمانان‌و زمینه به‌ده‌س خوایه؛ كێ حه‌زبكا عه‌فوٚی ده‌كاو كێش حه‌زكا جه‌زره‌به‌ی ده‌داو خوداش له‌گوناه ده‌بوٚرێ‌و دلۆڤانه.

۱۵ هه‌ر ئه‌وانه‌ی دواكه‌وتبوٚن، ئێستا ئێژن: هه‌رگا به‌ره‌وتالانێک چوٚن، لێمان گه‌ڕین ئێمه‌ش به‌شوێن ئێوه‌دابێین. گه‌ره‌كیانه قسه‌كه‌ی خودا بگۆڕن. بێژه: هه‌رگیز ئێوه له‌شوێن ئێمه نایه‌ن؛ خودا پێشه‌كی گوتۆیه. ئه‌وسا ئێژن: نه‌خێر دیاره له‌حاند ئێمه چاوچنۆكن. نه‌خێر ئه‌وان كه‌م تێده‌گه‌ن.

قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَىٰ قَوْمٍ أُو۟لِى بَأْسٍ شَدِيدٍ
تُقَٰتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ ۖ فَإِن تُطِيعُوا۟ يُؤْتِكُمُ ٱللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا ۖ
وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦﴾ لَّيْسَ
عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ ۗ
وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ
وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٧﴾ ۞ لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ
ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ
فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ وَمَغَانِمَ
كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٩﴾ وَعَدَكُمُ ٱللَّهُ
مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَٰذِهِۦ وَكَفَّ أَيْدِىَ
ٱلنَّاسِ عَنكُمْ وَلِتَكُونَ ءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَٰطًا
مُّسْتَقِيمًا ﴿٢٠﴾ وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ ٱللَّهُ بِهَا ۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرًا ﴿٢١﴾ وَلَوْ قَٰتَلَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لَوَلَّوُا۟ ٱلْأَدْبَٰرَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٢٢﴾ سُنَّةَ
ٱللَّهِ ٱلَّتِى قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾

۱۶ به‌و عه‌ره‌به کۆچه‌رانه‌ی - که پێشوٚ خۆیان‌دزیه‌وه - بێژه: هه‌ر له‌م
به‌ینانه‌دا بانگتان‌ده‌که‌ن، بچنه سه‌رگه‌لێکی گه‌ڕناس؛ یان هه‌ر شه‌ڕتان
ده‌گه‌ڵ ده‌که‌ن، یان خۆ به‌ده‌سته‌وه ده‌ده‌ن. جا ئه‌ر ئێوه به‌رفه‌رمان
بن، له خوداوه پاداشێکی باش وه‌رده‌گرن؛ ئه‌گه‌ر خۆشتان‌بدزنه‌وه -
وه‌ک پێشوٚ خۆتان‌دزیه‌وه - ده‌تانخاته به‌ر جه‌زره‌به‌یه‌کی به‌ژان.
۱۷ گازنده له‌کۆر ناکرێ؛ گله‌ییش له‌سه‌ر شه‌ل نیه؛ له‌ش به‌باریش قه‌یدێ
ناکا. هه‌رکه‌سێکیش به‌فه‌رمانی خواو پێغه‌مبه‌ری ئه‌وبکا، ده‌ینێرێته ناو
باغاتێک جۆباریان به‌به‌رداده‌ڕوا. هه‌ر که‌سێکیش خۆببوێرێ،
جه‌زره‌به‌ی به‌ژانی ده‌دا.
۱۸ ئه‌و ده‌سته‌خاوه‌ن باوه‌ڕه‌ی که وا له‌ژێرداره‌که‌دا ده‌گه‌ڵتا بوٚنه هاوپه‌یمان،
خودایان لێ‌ڕازی بوه؛ ده‌یزانی چیان له‌دڵدایه. سا ئۆقره‌و دڵنیایی
نارده‌سه‌ریان‌و به‌سه‌رکه‌وتنێکی نزیک پاداشی‌دان؛
۱۹ ماڵی تالانی زۆریشیان ده‌س ده‌که‌وێ. خودا خاوه‌ن‌ده‌سته‌ڵاتی
له‌کارزانه.
۲۰ خوا به‌ڵێنی گه‌لێ تالۆی پێتان‌داوه که ده‌یگرن. به‌ڵام زوٚتر ئه‌مه‌ی
داپێتان‌و نه‌یهێشت ده‌ستی خه‌ڵکیتان بگاتێ‌و هه‌تا نیشانه‌یه‌کیش بێ بۆ
خاوه‌ن‌باوه‌ڕه‌کان‌و بۆڕاسته‌ڕێ زۆرتر شاره‌زاتان بکا.
۲۱ تالانێکی‌تریش هه‌یه، هێشتا ده‌ستان پێ‌نه‌گه‌یوه‌و خودا باشی ئاگالێیه‌و
خوا هه‌موٚ کاری پێده‌کرێن.
۲۲ ئه‌گه‌ر ئه‌و دین‌دوژمنانه شه‌ڕیشیان وه‌ل بکردبان، سوٚربزانن پشتیان
ده‌کرده‌مه‌یدان‌و ڕایان‌ده‌کرد. له‌پاشانیش نه دۆستێکیان ده‌س
ده‌که‌وت‌و نه که‌س ده‌هانایان ده‌هات.
۲۳ یاسایه‌که له‌خوداوه‌و له پێشوٚشدا هه‌ر وابوه‌و له‌و یاسای خودا داینـاوه،
هه‌رگیز گۆڕانێک نابینی.

---

۱۶-گه‌ڕناس: ئازا له شه‌ڕ، بوێر. ۲۰-تالۆ: تالان. ۲۳-یاسا: قانوٚن.

وَهُوَ ٱلَّذِى كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنۢ
بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٢٤﴾ هُمُ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْهَدْىَ
مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُۥ ۚ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَآءٌ مُّؤْمِنَٰتٌ
لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَـُٔوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ
لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ لَوْ تَزَيَّلُوا۟ لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٢٥﴾ إِذْ جَعَلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ ٱلتَّقْوَىٰ
وَكَانُوٓا۟ أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٢٦﴾
لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ ۖ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ
ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ
لَا تَخَافُونَ ۖ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ
فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ
ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٢٨﴾

۲۴ هه‌ر ئه‌ویش بۆ له‌ده‌ست ئه‌وانی پارازتن و ئه‌وانیشی له‌ده‌س ئێوه؛ وه‌ختێ له‌ئاقاری مه‌ککه خودا کردی‌و ئێوه به‌سه‌رياندا زاڵ بۆن. ئێوه هه‌ر کارێکوده‌کرد، خودا ده‌یدیت.

۲۵ هه‌ر ئه‌وان بۆن که له‌ڕێگای دین لایانداو بۆنه له‌مپه‌رو نه‌یانهێشت بچنه کابه؛ ڕێشیان نه‌دا قوربانیه‌که‌تان - که گلیان‌دابۆه‌وه - بگاته شوێنی خۆی. [ئه‌گه‌ر ئیزنمان بدایه له مه‌ککه ده‌گژیان ڕاچن] له‌وانه‌بۆ زۆر مێروژنی باوه‌ڕدار - که ئێوه نه‌تان‌ناسیبۆن - ده‌به‌ر پێ‌یانودا بچن‌و بێ ئه‌وه خۆتان بزانن، ببنه موشکولۆزمه‌ی ئه‌وان. خودا هه‌رکێ خۆی حه‌ز ده‌کا، ده‌یخاته به‌ر به‌زه‌یی خۆی. ئه‌گه‌ر له‌وشوێنه لاچۆبان، بێ‌سۆ دین‌دوژمنه‌کانمان به‌ئازارێکی به‌ژان دوچارده‌کردن.

۲۶ ئه‌وسا که دین دوژمنه‌کان، بادی‌هه‌وایی نه‌زانانه‌یان دنواند، خودا ئۆقره‌و هێمنایه‌تی نارده‌خوارێ بۆ ناودڵی پێغه‌مبه‌ری‌و باوه‌ڕدارانی [یارانی] و وای کرد که خۆپارێزبن‌و بۆ ئه‌م‌کاره‌ش له هه‌مۆ که‌س شیاوترو هێژاتربۆن. خوا بۆ هه‌مۆشت زانایه.

۲۷ خوا ئه‌و خه‌ونه‌ی که پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی دیبوی، وه‌ڕاست گێڕا: خوا حه‌زکا به‌بێ‌هیچ‌ترسێک ده‌چنه‌ناو ماڵی کابه‌وه‌و پۆڕی خۆ کورت‌ده‌که‌نه‌وه، یان ده‌یتاشن. ئه‌وشتانه‌ی نه‌ۆزانیبۆ، ئه‌و ده‌یزانی. جگه له‌مه‌ش به‌وزوانه تۆشی سه‌رکه‌وتنێک ده‌بن.

۲۸ هه‌رخودایه که پێغه‌مبه‌ری خۆی ناردو ڕێنوێنی‌و دینی ڕاستیشی ڕه‌گه‌ڵ‌خست؛ تا به‌سه‌رهه‌مۆ دینێکا زاڵی بکا. خواش بۆ ئاگالێبۆن به‌سه.

---

۲۷-پۆڕ: مۆی سه‌ر.

مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ
تَرَىٰهُمۡ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبۡتَغُونَ فَضۡلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنًاۖ سِيمَاهُمۡ
فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِۚ وَمَثَلُهُمۡ
فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ
عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنۡهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمًۢا ﴿٢٩﴾

## سُورَةُ الحُجُرَاتِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ
إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ
فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ
لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴿٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يَغُضُّونَ أَصۡوَٰتَهُمۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ
قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٌ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ ﴿٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
يُنَادُونَكَ مِن وَرَآءِ ٱلۡحُجُرَٰتِ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ﴿٤﴾

۲۹ محه‌ممه‌د پێغه‌مبه‌ر خوداس؛ ئه‌وانه‌ش که ده‌گه‌ڵ ئه‌ون، له‌به‌رانبه‌ر دین‌دوژمنان توندوتیژو له‌ناو خۆدا دلۆڤانن. له کڕنۆش‌و سوژده چاوت پێده‌که‌ون. هه‌ر به‌هێڤی ڕه‌زامه‌ندی‌و چاکه‌ی خودان. دروشمی سوژده‌بردنیان به‌ناو چه‌وانه‌وه هه‌یه؛ وێنه‌شیان له‌ته‌ورات‌دایه‌و نموونه‌شیان له‌ئینجیلدا. شبێنراوه به‌چناوێک تیشه‌ی به‌ره‌ژۆر هه‌ڵچوبێ‌و وه‌چی فره‌ی ده‌رکردبێ‌و ستۆربوبێ‌و له‌سه‌رلاسک خۆی‌گرتبێ‌و وه‌رزێران سه‌یری بمێنن؛ تا چاوچنۆکانی سپڵه‌ی پێی قه‌ڵس کا. ئه‌وانه‌ی خاوه‌ن باوه‌ڕو ئاکارچاکن، خوا به‌ڵێنی لێ‌بوردن‌و پاداشێ گه‌وره‌ی پێداون.



# حوجورات

ئایه ۱۸

وه‌ناوخوداکه‌ی ده‌نگه‌ی ده‌لۆڤانه

۱ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! نه‌چن وه‌پێش خواوپێغه‌مبه‌ره‌که‌ی که‌ون؛ با ترستان له‌خودابێ؛ خودا بیسه‌رو زانایه.

۲ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! ناشێ ده‌نگتان سه‌رده‌نگی پێغه‌مبه‌رکه‌وێ. ده‌نگیش هێنده به‌رزمه‌که‌ن، وه‌ک وه‌ل یه‌کترا داخێون؛ که کارتان لێ‌پۆچه‌ڵ‌بێ‌و خۆتان به‌خۆتان نه‌زانن.

۳ ئه‌وکه‌سانه‌ی لجه‌م پێغه‌مبه‌ری خودا ده‌نگیان نزم ده‌که‌نه‌وه، ئه‌وکه‌سانه‌ن خوا ده‌رباره‌ی پارێزگاری، دڵی تاقی کردونه‌وه. لێ‌خۆشبون‌و پاداشی مه‌زن بۆوانه.

۴ ئه‌وکه‌سانه‌ی له‌و دیوی هۆده‌کانه‌وه بانگت ده‌که‌ن،زۆربه‌یان ئاوه‌زیان نیه.

---

۲۹- هێڤ: ئاوات. چناو: کێڵگه، چێندارو،تۆمی وه‌شیاگ. تیشه: ڕه‌گی تازه ڕواوی ده‌غڵ.
لاسک: ساقه‌ته. به‌جێ«وه‌چی فره‌ی ده‌رکردبێ» ده‌شکرێ: هیزی دابێ‌و. . .
۲- داخێون: قسه‌بکه‌ن. ۳- «خوا ده‌رباره‌ی...»یا: خودا دڵیانی بۆپارێزگاری تاقی کردۆته‌وه.

وَلَوۡ أَنَّهُمۡ صَبَرُواْ حَتَّىٰ تَخۡرُجَ إِلَيۡهِمۡ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ
رَّحِيمٞ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ
أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ ﴿٦﴾
وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ فِيكُمۡ رَسُولَ ٱللَّهِۚ لَوۡ يُطِيعُكُمۡ فِي كَثِيرٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ لَعَنِتُّمۡ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِي قُلُوبِكُمۡ وَكَرَّهَ إِلَيۡكُمُ
ٱلۡكُفۡرَ وَٱلۡفُسُوقَ وَٱلۡعِصۡيَانَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلرَّٰشِدُونَ ﴿٧﴾
فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَنِعۡمَةٗۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٨﴾ وَإِن طَآئِفَتَانِ
مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا
عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتۡ
فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ
﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَ أَخَوَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ
لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ
عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا
مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ
ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١١﴾

۵ ئه‌گه‌ر خۆیان ڕاگرتایه هه‌تا ده‌رده‌چۆی بۆلایان، بێ‌شک بۆئه‌وان باشتربۆ. خوا ده‌شبۆرێ و دلۆڤانه.
۶ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! هه‌رگا له‌فه‌رمان لاده‌رێک ده‌نگ‌و باسێکتان بۆدێنێ، به‌وردی لێی وردبنه‌وه؛ نه‌کا له‌ڕوی نه‌زانیه‌وه گه‌لێکان تۆشی زیان‌که‌ن‌و له‌کرده‌تان په‌ژیوان بن.
۷ پێویسته ئه‌مه‌ش بزانن که پێغه‌مبه‌ری خوداتان له‌ناودایه. ئه‌گه‌ر له زۆرکارانده شوێنتان که‌وتبا، تۆشی ناره‌حه‌تی ده‌بۆن؛ به‌ڵام خودا ئه‌ڤینی بڕوابه‌دینی دابه ئێوه‌و ئه‌وه‌ی له دڵتانا خه‌مڵاند. بێ‌باوه‌ڕی‌و له‌ڕێ‌لادان‌و سه‌رپێچی له‌لاتان دزێوکردوه. له‌ڕێ شاره‌زا ئه‌وانه‌ن.
۸ ئه‌مه‌ش به‌خشش‌و چاکه‌یه له‌خوداوه‌و؛ خودا زانای له‌کارزانه.
۹ هه‌رگا له‌ناو باوه‌ڕداران دۆگرۆ ده‌گژیه‌ک ڕاچۆن، ئێوه ئاشتیان‌بکه‌نه‌وه؛ ئه‌گه‌ر یه‌کیان گه‌ره‌کی بۆ ناهه‌قی له‌وی‌تربکا، ئێوه‌ده‌گژ ئه‌وه‌ڕاچن که هه‌ر ده‌یه‌وێ شه‌ڕبکا؛ هه‌تا بۆ فه‌رمانی‌خودا مل که‌چ ده‌کا. ئه‌وسا - به‌بێ‌لایه‌نگیری - پێکیان بێنن‌و به‌یه‌کسانی به‌کێشه‌که‌یان ڕابگه‌ن. له‌و که‌سانه‌ی به‌یه‌کسانی پێ‌ڕاده‌گه‌ن، خوا خۆشی دێ.
۱۰ خاون‌باوه‌ڕ هه‌مۆیان هه‌ر برای‌یه‌کن؛ براکانتان پێکه‌وه ئاشت‌بکه‌نه‌وه. ئه‌شێ له‌خودابترسن؛ به‌شکۆ به‌ربه‌زه‌یی که‌ون.
۱۱ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! با هێندێکتان گاڵته به هێندێکان نه‌که‌ن؛ له‌وانه‌یه ئه‌وانه‌ی گه‌پیان پێده‌ده‌ن، له گه‌پ‌ده‌ره‌کان باشتربن. ژنیش هه‌روا؛ له‌وانه‌یه ئه‌وانه‌ی ده‌بنه‌گاڵته‌جاڕ، له‌وی گاڵته‌یان پێده‌که‌ن، په‌سندتربن. له سیله‌ی چاوداگرتن‌و ته‌شه‌ر ده‌یه‌کترگرتن‌و ناوو ناتۆره لێک هه‌ڵدان، ده‌س هه‌ڵگرن؛ چونکه له‌پاش بڕواهێنان، له‌ڕێی‌لادان، به‌دنێویه‌و ناپه‌سه‌نده. کێش په‌ژیوان نه‌بێته‌وه، له‌ڕێزه‌ی ناهه‌قه‌کانه.

---

۷- دزێو: ناله‌بار، ناشیرین. ۱۱- سیله: گۆشه‌ی چاو.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ
وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن
يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ
رَّحِيمٞ ١٢ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ
شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ
عَلِيمٌ خَبِيرٞ ١٣ ۞قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّاۖ قُل لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ وَلَٰكِن
قُولُوٓاْ أَسۡلَمۡنَا وَلَمَّا يَدۡخُلِ ٱلۡإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمۡۖ وَإِن تُطِيعُواْ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥ لَا يَلِتۡكُم مِّنۡ أَعۡمَٰلِكُمۡ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤
إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ
وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلصَّٰدِقُونَ ١٥ قُلۡ أَتُعَلِّمُونَ ٱللَّهَ بِدِينِكُمۡ وَٱللَّهُ
يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ
١٦ يَمُنُّونَ عَلَيۡكَ أَنۡ أَسۡلَمُواْۖ قُل لَّا تَمُنُّواْ عَلَيَّ إِسۡلَٰمَكُمۖ بَلِ ٱللَّهُ
يَمُنُّ عَلَيۡكُمۡ أَنۡ هَدَىٰكُمۡ لِلۡإِيمَٰنِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٧ إِنَّ ٱللَّهَ
يَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٨

١٢ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن باوه‌ڕان! له زۆرێک له گومانان خۆبپارێزن. چونکه هێندێک گومانی واهه‌ن گوناهن. له‌کاروباری یه‌کتریش مه‌کۆڵنه‌وه. پاشه‌مله‌ش خراپه‌ی یه‌کتر مه‌بێژن. ئاخۆ که‌ستان وازی لێیه که گۆشتی برای خۆی به‌مردویی بخوا؟ دیاره قیزتان لێ دێته‌وه. ئه‌شێ له‌خودا بترسن. خوا په‌ژیوانی قبوڵه‌و دلۆڤانه.

١٣ ئه‌ی خه‌ڵکینه! هه‌ر له‌نێرومێوێکه‌وه ئێوه‌مان وه‌دی‌هێناوه‌و کردوٗمانن به چه‌ندگه‌لێک‌و چه‌ندهۆزێک هه‌تا یه‌کتری بناسن. به‌ڕێزترینتان لای خودا، پارێزکارتره‌کانتانن. خوا زانایه‌و ئاگاداره.

١٤ عه‌ره‌به‌کانی ده‌شته‌کی گوتیان: باوه‌ڕیمان هێنا. بێژه: هێشتا باوه‌ڕیتان نه‌هێناوه؛ به‌لام بێژن: خۆمان به‌ده‌سته‌وه‌داوه؛ هێمان بڕوای ئیسلامه‌تی نه‌چۆته ناو دڵتانه‌وه. ئه‌گه‌ر ئێوه به‌رفه‌رمانی خوداو پێغه‌مبه‌ری ئه‌وبن، له پاداشی کرده‌وه‌تان هیچ شتێ که‌م ناکاته‌وه. خودا له‌گونا ده‌بوٗرێ‌و دلۆڤانه.

١٥ خاوه‌ن باوه‌ڕ ئه‌وکه‌سانه‌ن که بڕوایان به‌خواو پێغه‌مبه‌ری هه‌یه‌و توٗشی دوٗدڵی نه‌بوٗنو به‌گیان‌وماڵ له‌ڕێی خودا تێکۆشاون‌و هه‌ر ئه‌مانه به‌ڕاستیانه.

١٦ بێژه: ئاخۆ گه‌ره‌کتانه خودا له‌ودینه‌ی هه‌تانه، ئاگادارکه‌ن؟ که‌چی خوداش له‌هه‌رشتێ له ئاسمانان‌و زه‌میندان، ئاگاداره‌و خوا بۆ هه‌موٗشت زانایه.

١٧ هه‌رچونکه بوٗنه موسوڵمان، منه‌ت به‌سه‌ر تۆداده‌که‌ن. بێژه: ئه‌گه‌ر ڕاست ئه‌که‌ن خاوه‌ن‌باوه‌ڕن، له موسوڵمان‌بوٗنی خۆتان، منه‌ت به‌سه‌رمندامه‌که‌ن؛ به‌لام خودا منه‌ت له‌سه‌ر ئێوه ده‌کا، که ڕێگای بڕواهێنانی نیشان‌داون.

١٨ هه‌ر نهێنی له عاسمانان‌و زه‌میندان، خوا ده‌یزانێ‌و هه‌رچی ده‌یکه‌ن ئه‌و ده‌یبینێ.

---

١٢- پاشه‌مله: پاش‌مله، پشته‌سه‌ر.

# سُورَةُ قٓ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ ١ بَلۡ عَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡ
فَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا شَيۡءٌ عَجِيبٌ ٢ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗاۖ ذَٰلِكَ
رَجۡعُۢ بَعِيدٞ ٣ قَدۡ عَلِمۡنَا مَا تَنقُصُ ٱلۡأَرۡضُ مِنۡهُمۡۖ وَعِندَنَا كِتَٰبٌ
حَفِيظُۢ ٤ بَلۡ كَذَّبُواْ بِٱلۡحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمۡ فَهُمۡ فِيٓ أَمۡرٖ مَّرِيجٍ
٥ أَفَلَمۡ يَنظُرُوٓاْ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوۡقَهُمۡ كَيۡفَ بَنَيۡنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا
وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٖ ٦ وَٱلۡأَرۡضَ مَدَدۡنَٰهَا وَأَلۡقَيۡنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ
وَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجِۢ بَهِيجٖ ٧ تَبۡصِرَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِكُلِّ عَبۡدٖ
مُّنِيبٖ ٨ وَنَزَّلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ مُّبَٰرَكٗا فَأَنۢبَتۡنَا بِهِۦ جَنَّٰتٖ
وَحَبَّ ٱلۡحَصِيدِ ٩ وَٱلنَّخۡلَ بَاسِقَٰتٖ لَّهَا طَلۡعٞ نَّضِيدٞ ١٠
رِّزۡقٗا لِّلۡعِبَادِۖ وَأَحۡيَيۡنَا بِهِۦ بَلۡدَةٗ مَّيۡتٗاۚ كَذَٰلِكَ ٱلۡخُرُوجُ ١١ كَذَّبَتۡ
قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَأَصۡحَٰبُ ٱلرَّسِّ وَثَمُودُ ١٢ وَعَادٞ وَفِرۡعَوۡنُ وَإِخۡوَٰنُ
لُوطٖ ١٣ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡأَيۡكَةِ وَقَوۡمُ تُبَّعٖۚ كُلّٞ كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ
١٤ أَفَعَيِينَا بِٱلۡخَلۡقِ ٱلۡأَوَّلِۚ بَلۡ هُمۡ فِي لَبۡسٖ مِّنۡ خَلۡقٖ جَدِيدٖ ١٥

# قاف

٤٥ ئایه‌ت

## به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

١ قاف، سوێند بەم قورئانە بەڕێزە، ٢ دیارە سەریان لەوە سوڕما کە
ترس وەبەرهێنێکیان لەخۆیان بۆپەیدابوە؛ ئەوانەی خودانەناس بۆن،
گوتیان: ئەمە شتێ سەیرە. ٣ ئاخۆ ئەگەر مردین و بۆینە مشتێ خۆڵ،
[دەژینەوە؟] ئەم گەڕانەوەیە دۆرە. ٤ ئێمە هەرزۆ زانیومانە زەوی
چەندیان لێ کەم دەکا؛ کتێبێکیشمان لەلایە هەمۆشتێکی تێدایە.
٥ بەڵکۆ ئەوان کە ئەم ڕاستەیان هاتەلا، هەر باوەڕیان پێ نەکردو کارەکەیان
لێ ئاڵۆزا. ٦ ئاخۆ ئەوان بۆ عاسمانیان نەڕوانیوە، کە بەسەر
سەریانەوەیە، چتۆ وەدیمان هێناوەو چلونمان ڕازاندۆتەوەو هیچ کەلێنی
تێدانیە؟ ٧ ئەم هەردەشمان ڕاخستوەو کێوپارەمان تێ خستوەو جۆتەی
هەمۆ ڕوەکێکی بەردڵمان دەناودا ڕواند؛ ٨ تا چاوی دڵ ڕۆشن کات و
ببێتە هۆی بیرەوەری بۆ هەرعەبدێک حەزبکا بگەڕێتەوە.
٩ لەوبەرزەوە ئاوێ بەپیت و بەهرەمان بەرەژێر نارد؛ فرەباغاتمان پێ ڕواند؛
ئەو لبەش کە درەو دەکرێ؛ ١٠ دارەخورمای بەرزەباڵاش بەهێشوی
بزمارکوتەوە؛ ١١ بژیوە بۆ عەبدەکان و سەرزەمینی مریشمان پێ بۆژاندەوە؛
دەرکەوتنیش هەروەهایە. ١٢ بەرلەوانەش، هۆزی نۆح و خودانی ئاوی
بیرەکەو سەمۆدیش هەر بێ بڕوابۆن. ١٣ هۆزی عادو دەستەودایەرەی
فیرعەون و هۆزی لۆتیش، ١٤ گرۆی خاوەن دەحلەکان و ژێردەستەکانی
توببەعیش، هیچیان بە پێغەمبەرانیان باوەڕنەکرد؛ ئەوسا هەڕەشەکانی
من وەڕاستگەڕا. ١٥ ئاخۆ ئێمە لە وەدیهێنانی پێشین ماندۆببۆین؟
بەڵکۆ ئەوان بەگومان بۆن کە دەتوانین سەرلەنوێ وەدی بهێنین.

---

٤-«هەمۆسە» یا: هەمۆشتێکی ڕادەگرێ. ٩-لب: دانە، دەنک. ١٠-بزمارکوت: جۆرێک هۆشە.
١٤-دەحل: بێشە، دارستان. ١١-مەبەست لە«دەرکەوتن» ژیانەوەی پاش مردنە.

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ وَنَعۡلَمُ مَا تُوَسۡوِسُ بِهِۦ نَفۡسُهُۥۖ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ
مِنۡ حَبۡلِ ٱلۡوَرِيدِ ﴿١٦﴾ إِذۡ يَتَلَقَّى ٱلۡمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٞ
﴿١٧﴾ مَّا يَلۡفِظُ مِن قَوۡلٍ إِلَّا لَدَيۡهِ رَقِيبٌ عَتِيدٞ ﴿١٨﴾ وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ
ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ﴿١٩﴾ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِۚ ذَٰلِكَ
يَوۡمُ ٱلۡوَعِيدِ ﴿٢٠﴾ وَجَآءَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّعَهَا سَآئِقٞ وَشَهِيدٞ ﴿٢١﴾ لَّقَدۡ
كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ
﴿٢٢﴾ وَقَالَ قَرِينُهُۥ هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ ﴿٢٣﴾ أَلۡقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ
عَنِيدٖ ﴿٢٤﴾ مَّنَّاعٖ لِّلۡخَيۡرِ مُعۡتَدٖ مُّرِيبٍ ﴿٢٥﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا
ءَاخَرَ فَأَلۡقِيَاهُ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلشَّدِيدِ ﴿٢٦﴾ ۞ قَالَ قَرِينُهُۥ رَبَّنَا مَآ أَطۡغَيۡتُهُۥ
وَلَٰكِن كَانَ فِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٖ ﴿٢٧﴾ قَالَ لَا تَخۡتَصِمُواْ لَدَيَّ وَقَدۡ قَدَّمۡتُ
إِلَيۡكُم بِٱلۡوَعِيدِ ﴿٢٨﴾ مَا يُبَدَّلُ ٱلۡقَوۡلُ لَدَيَّ وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ﴿٢٩﴾
يَوۡمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمۡتَلَأۡتِ وَتَقُولُ هَلۡ مِن مَّزِيدٖ ﴿٣٠﴾ وَأُزۡلِفَتِ
ٱلۡجَنَّةُ لِلۡمُتَّقِينَ غَيۡرَ بَعِيدٍ ﴿٣١﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٖ
﴿٣٢﴾ مَّنۡ خَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِ وَجَآءَ بِقَلۡبٖ مُّنِيبٍ ﴿٣٣﴾ ٱدۡخُلُوهَا
بِسَلَٰمٖۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُلُودِ ﴿٣٤﴾ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيۡنَا مَزِيدٞ ﴿٣٥﴾

١٦ دیارە ئێمە مرۆمان دروس‌کردووەو دەشزانین چۆن خەیالاتی بەدڵدادێ.
ئێمە بۆ ئەو لە شادەماری لاملی نزیکترین. ١٧ ئەوێ کاتێ لەلای ڕاستو
چەپیشەوە جوتێ فرشتە ڕۆنیشتوون[بۆی دەنوسن]. ١٨ هەر ورتەی
لەدەم دەربچێ، چاوەدێرێکی لاهەیە. ١٩ بوورانەوەی ئاویلکەدان،
وادیاری دا؛ هەر ئەمەشە کە تۆ نەت‌دەویست تووشی بی.
٢٠ فوو بەکەلەشاخادەکرێ؛ ئەوێ ڕۆژی؛ دەبێ هەڕەشە وەدی بێ.
٢١ هەرکەسێ دێ، یەکێک وەپێشەخۆی داوەو یەکێکیش شایەتی دەدا.
٢٢ تۆ لەمانە بێ هەواڵ بوی؛ وا سەرپۆشمان لەسەر لادای؛ چاوت ئەمڕۆ
زۆر بڕەدەکا. ٢٣ فرشتەکەی هاوڕێی ئێژێ: وا لەلای من ئامادەیە.
٢٤ بەهەردوکتان، هەمۆسپڵەیەکی لاسار، باوێژنە ناو دۆژەهەوە.
٢٥ کە بەری لەچاکەگرتو لەڕێی لاداو خەڵکیشی وەگومان‌دەخست.
٢٦ کەسێ بۆ کە وێڕای خودا، شتی‌دیکەشی دەپەرست. سا بەتوندی
بیانخەنەبەر جەزرەبەوە. ٢٧ ئەوی هاوڕێیەتی ئێژێ: ئەی پەروەرندەی
گلامان! دنەی سەرپێچیم نەداوە؛ بەلام هەرخۆی لەوپەڕی
گومڕاییدابو. ٢٨ ئێژێ: لای من کێشەمەکەن؛ من پێشەکی هەڕەشەم
پێ ڕاگەیاندوون. ٢٩ بەڵێنی من گۆڕانی بەسەردا نایەو ناهەقی لەعەبدان
ناکەم. ٣٠ ڕۆژێ دەبێ کە بەجەهەندەمێ ئێژین: ئاخۆ پڕبوی؟ ئێژێ:
ئاخۆ پتریش هەیە؟ ٣١ بەهەشتیش لەخۆپارێزان نزیک بۆتەوەو دوورنیە.
٣٢ کە ئەمە بۆ ئەوکەسانەی بەرەوخودا گەڕاونەوەو خۆپارێزبوون، سۆزدراوە.
٣٣ ئەوانەی کە بەنهێنی لەخودای خۆیان ترساونو بەدڵێکی پاکەوە
هاتوونەوەلای . ٣٤ هەمۆتان بچنەژوورەوەو بێ‌ترس بن؛ ئەمەیە ڕۆژی
هەرمانێ. ٣٥ هەرچی ئارەزوشی بکەن تێیدا هەیەو زێدە لەویشمان
لاهەیە.

---

١٦-شادەمار: شاڕەگ. ١٩-ئاویلکەدان: گیانەلا، گیان کەنشت. بوورانەوە: لە سەرخۆچوون.
٣٢-یا: کە ئەمە هەر ئەویە وا بە ئێوە بەڵێن دراوە. بۆ هەر تۆبەکاریکەوا سنووری خوای پاراستوە.

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي
الْبِلَادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ ﴿٣٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ
لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا
السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا
مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ
قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾ وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ
وَأَدْبَارَ السُّجُودِ ﴿٤٠﴾ وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ
﴿٤١﴾ يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَٰلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ ﴿٤٢﴾ إِنَّا
نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ ﴿٤٣﴾ يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ
عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَٰلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ ﴿٤٤﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ
وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ ﴿٤٥﴾

## سُورَةُ الذَّارِيَاتِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا ﴿١﴾ فَالْحَامِلَاتِ وِقْرًا ﴿٢﴾ فَالْجَارِيَاتِ يُسْرًا ﴿٣﴾
فَالْمُقَسِّمَاتِ أَمْرًا ﴿٤﴾ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ ﴿٥﴾ وَإِنَّ الدِّينَ لَوَاقِعٌ ﴿٦﴾

۳۶ ئێمە گەلێک چین وبەرەن - کە دەپێش ئەوانەدابۆن - قرتێ‌خستۆن، لەمانەش بەهێزتربۆن‌و زۆر وڵاتیان پشکنیون؛ ئاخۆ ئەوان هیچ دەرەتانیان بۆڕەخسا؟
۳۷ ئەم وتارە بۆ هەرکەسێ دڵ زیندوە، یان باشی گوێ لێ‌دەدێرێ‌و بیریشی هەر لەلای ئەوە، دەبێتە هۆی پەندگرتن‌و بیرکردنەوە.
۳۸ ئەم ئاسمانان‌و زمینەو هەرچی لەناویاندا هەیە، بەشەش ڕۆژ وەدیمان هێناو هیچ ماندگیشمان تۆش نەهات.
۳۹ سا خۆبگرە لەبەرانبەر ئەوشتانەی ئەوان ئێژن. هەر پەسنی پاکی پەروەرندەی خۆت بدە؛ لەپێش گزینگی هەتاوداو بەر لەدەمی ڕۆژاوابۆن.
۴۰ لەشەویشدا هەر پەسنی‌پاکی ئەوبدەو دوای هەمۆ سوژدەبردنیش.
۴۱ هەردەمێکیش بانگ‌ڕاهێڵێک لەجێگایەکی نزیک‌ڕا گازی‌دەکا، گوێی‌بۆبگرە.
۴۲ لەوڕۆژەدا کە نەعرەتەڕاستەکەیان گوێ‌لێ‌دەبێ، ئەمە ڕۆژی دەرکەوتنە.
۴۳ ئێمە خۆمان ژی دەبەخشین‌و دەمرێنین؛ وەگەڕیش بۆلای ئێمەیە.
۴۴ ئەوێ‌ڕۆژێ کە زەمین دەقەڵشێتەوەو بەلەز دەریان‌دەهاوێژێ، ئەمە بۆ وەکۆکردنێ، لامان شتێکی هاسانە.
۴۵ ئێمە باشتر دەزانین ئەوان چ‌ئێژن؛ تۆ زۆردارێک نی لەسەریان؛ هەر کەسێکی لە هەڕەشە ترسی‌هەیە، بەم قورئانە تۆ وەبیری بخەرەوە.

٦٠ ئایەت

## زاریات

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤانە

۱ بەوبایانەی دەتوانن بڵاوکەنەوە، ۲ بەوهەورانەی گرانبارن،
۳ بەوانەی کە بەهاسانی ڕێ‌دەپێون، ۴ بەوانەی کاردابەش کەرن،
۵ هەر بەڵێنێ کە پێتانی دەدەن، ڕاستە. ۶ ڕۆژی جەزا هەر ڕۆدەدا.

---

۳۸- ماندگی: ماندویی، شەکەتی. ۴۳- وەگەڕ: گەڕانەوە. ۴۴- «ئەمە بۆوە کۆکرنێ--» یا: ئەمە وەکۆ کردنێکە، کە بۆئێمە هاسان دەبێ.

وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡحُبُكِ ٧ إِنَّكُمۡ لَفِي قَوۡلٖ مُّخۡتَلِفٖ ٨ يُؤۡفَكُ عَنۡهُ مَنۡ
أُفِكَ ٩ قُتِلَ ٱلۡخَرَّٰصُونَ ١٠ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي غَمۡرَةٖ سَاهُونَ ١١
يَسۡـَٔلُونَ أَيَّانَ يَوۡمُ ٱلدِّينِ ١٢ يَوۡمَ هُمۡ عَلَى ٱلنَّارِ يُفۡتَنُونَ ١٣ ذُوقُواْ
فِتۡنَتَكُمۡ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَسۡتَعۡجِلُونَ ١٤ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ
وَعُيُونٍ ١٥ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُحۡسِنِينَ
١٦ كَانُواْ قَلِيلٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مَا يَهۡجَعُونَ ١٧ وَبِٱلۡأَسۡحَارِ هُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ
١٨ وَفِيٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ حَقّٞ لِّلسَّآئِلِ وَٱلۡمَحۡرُومِ ١٩ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ ءَايَٰتٞ
لِّلۡمُوقِنِينَ ٢٠ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١ وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ
وَمَا تُوعَدُونَ ٢٢ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ إِنَّهُۥ لَحَقّٞ مِّثۡلَ مَآ أَنَّكُمۡ
تَنطِقُونَ ٢٣ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ٢٤
إِذۡ دَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَقَالُواْ سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞ قَوۡمٞ مُّنكَرُونَ ٢٥ فَرَاغَ إِلَىٰٓ
أَهۡلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجۡلٖ سَمِينٖ ٢٦ فَقَرَّبَهُۥٓ إِلَيۡهِمۡ قَالَ أَلَا تَأۡكُلُونَ
٢٧ فَأَوۡجَسَ مِنۡهُمۡ خِيفَةٗۖ قَالُواْ لَا تَخَفۡۖ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٖ
٢٨ فَأَقۡبَلَتِ ٱمۡرَأَتُهُۥ فِي صَرَّةٖ فَصَكَّتۡ وَجۡهَهَا وَقَالَتۡ عَجُوزٌ عَقِيمٞ
٢٩ قَالُواْ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٠

٧ به‌وئاسمانه‌ی ڕێ‌ڕێ‌یه[ و شه‌پۆلان ده‌دا] ، ٨ قسه‌و یه‌کتر ناگرێته‌وه.
٩ له‌قورئان ده‌ته‌کێته‌وه، هه‌رکێ تەکێنراوه‌ته‌وه. ١٠ ده‌ک به‌کوشت چن
ئه‌وانه‌ی درۆنه‌خشینن. ١١ ئه‌وانه که‌وتۆنه گێژاوی نه‌زانی‌و ئاگایان له
هیچێک نیه. ١٢ پڕس ده‌که‌ن: که‌نگێ ڕۆژی جه‌زایه دێ؟ ١٣ ئه‌وێ ڕۆژێ
که ده‌یانخه‌نه سه‌رئاگر. ١٤ بچێژن ئه‌وئازاره‌تان که ئێوه بۆی به‌په‌له‌بۆن.
١٥ ئه‌و که‌سانه‌ی خۆپارێزن، شوێنیان باغات‌و کانیاون. ١٦ هه‌رچی
په‌روه‌رنده‌ی ئه‌وان بۆی‌داناون، وه‌ری ده‌گرن؛ ئه‌وان پێشۆ ئاکارچاک
بۆن. ١٧ شه‌وانه که‌متر ده‌خه‌وتن. ١٨ به‌ری‌به‌یان، داوای لێ‌بۆردنیان
ده‌کرد. ١٩ له‌ماڵیاندا به‌شێ هه‌بۆ بۆ پارسه‌کان‌و بێ‌به‌شان. ٢٠ له‌زه‌میندا
به‌ڵگه زۆرن بۆ ئه‌وانه‌ی له‌ بڕوادا بێ گومانن. ٢١ هه‌روه‌ها له‌ناو
خۆشتاندا؛ ئاخۆ له‌خۆتان ناڕوانن؟ ٢٢ ڕۆزیتان‌و هه‌رچی به‌ڵێنتان
پێده‌درێ، له‌عاسمانه. ٢٣ سا سوێند به په‌روه‌رێنی ئه‌زمان‌و زه‌مین،
ئه‌مه ڕاسته؛ هه‌روه‌ک بۆخۆتان داخێون. ٢٤ ئاخۆ باسی
میوانه‌به‌ڕێزه‌کانی ئیبراهیمت بۆهاتوه؟ ٢٥ کاتێ که لێی وه‌ژۆرکه‌وتن،
گوتیان: سه‌لام. گوتی: سه‌لام؛ ده‌سته‌یه‌کی نه‌ناسراون. ٢٦ په‌نامه‌کی
خۆی گه‌یانده خاو خێزانی‌و گوێره‌که‌یێ چاقی هاورد. ٢٧ وه‌ختێ که لێی
نزیک کردن، گوتی: له‌به‌رچیه ناخۆن؟ ٢٨ ئه‌وساکه ترسێکی ڕێ‌نیشت.
گوتیان: تۆنیگه‌ران مه‌به‌و بۆنی لاوێکی زانایان مزده پێدا. ٢٩ ژنه‌که‌ی
به‌هاواره‌وه هات‌و پۆکێکی له‌خۆی ناو گوتی: من پیرێژنێکم بێ‌زک‌و زا.
٣٠ گوتیان: په‌روه‌رنده‌ی تۆ ئاوایه‌نه‌ی گوتوه، ئه‌و خۆی کارزان‌و زانایه.

---

١٠- درۆنه‌خشین: درۆباز، درۆزن. ١٩- پارسه‌ک: گه‌دا، خوازه‌لۆک.

٢٣- داخێون: قسه‌بکه‌ن. ٢٩- پۆک: چه‌مۆڵه، پۆکاوڵ.

۞ قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ ﴿٣١﴾ قَالُوا إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَىٰ قَوْمٍ
مُّجْرِمِينَ ﴿٣٢﴾ لِنُرْسِلَ عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن طِينٍ ﴿٣٣﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ
لِلْمُسْرِفِينَ ﴿٣٤﴾ فَأَخْرَجْنَا مَن كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٣٥﴾ فَمَا وَجَدْنَا
فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِّنَ الْمُسْلِمِينَ ﴿٣٦﴾ وَتَرَكْنَا فِيهَا آيَةً لِّلَّذِينَ يَخَافُونَ
الْعَذَابَ الْأَلِيمَ ﴿٣٧﴾ وَفِي مُوسَىٰ إِذْ أَرْسَلْنَاهُ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ بِسُلْطَانٍ
مُّبِينٍ ﴿٣٨﴾ فَتَوَلَّىٰ بِرُكْنِهِ وَقَالَ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ ﴿٣٩﴾ فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ
فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ وَهُوَ مُلِيمٌ ﴿٤٠﴾ وَفِي عَادٍ إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الرِّيحَ
الْعَقِيمَ ﴿٤١﴾ مَا تَذَرُ مِن شَيْءٍ أَتَتْ عَلَيْهِ إِلَّا جَعَلَتْهُ كَالرَّمِيمِ ﴿٤٢﴾
وَفِي ثَمُودَ إِذْ قِيلَ لَهُمْ تَمَتَّعُوا حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٤٣﴾ فَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ
فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ وَهُمْ يَنظُرُونَ ﴿٤٤﴾ فَمَا اسْتَطَاعُوا مِن قِيَامٍ
وَمَا كَانُوا مُنتَصِرِينَ ﴿٤٥﴾ وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا
فَاسِقِينَ ﴿٤٦﴾ وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْيدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ وَالْأَرْضَ
فَرَشْنَاهَا فَنِعْمَ الْمَاهِدُونَ ﴿٤٨﴾ وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ
لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٤٩﴾ فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ ۖ إِنِّي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾
وَلَا تَجْعَلُوا مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ ۖ إِنِّي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥١﴾

۳۱ گوتی: ئه‌ی ڕاسپارده‌کان! کارتان چیه؟ ۳۲ گوتیان: ئێمه کل‌کراوین
بۆسه‌ر هۆزی تاوانباران. ۳۳ تا گزموڵه‌قوڕی ڕه‌ق‌بۆی وه‌ک به‌ردیان
لێ‌ببارێنین. ۳۴ په‌روه‌رنده‌ت هه‌مۆنیشانه‌ی لێداون، بۆ ئه‌وانه‌ی له
ئه‌ندازه لایانداوه. ۳۵ ئه‌وسا باوه‌ڕداره‌کانمان لێ وه‌ده‌رنا. ۳۶ ئێمه غه‌یره‌ز
ته‌نیا ماڵێک، خوداناسمان ده‌س‌نه‌که‌وت. ۳۷ له‌وشوێنه‌شدا
نیشانه‌یه‌کمان به‌جێ‌هێشت، بۆ ئه‌وانه‌ی که له ئازاردانی به‌ژان ترسیان
هه‌یه. ۳۸ له به‌سه‌ر هاتی موساشدا، که به به‌ڵگه‌ی ئاشکراوه
به‌ڕێمان‌کرده لای‌فیرعه‌ون. ۳۹ به‌ونیازه که خاوه‌نی هێزوپێزه، بایه‌خی
به‌مۆسانه‌داو گوتی: جادوگه‌رێکه یان لیوه‌بوه. ۴۰ ئه‌وساکه خۆی‌و
له‌شکره‌که‌یمان گرت‌و فڕێمان‌دانه ناو ده‌ریاوه‌و گله‌ییش له‌خۆی کرا.
۴۱ له‌مه‌ڕعادیش، گڕه‌بامان نارده‌سه‌ریان. ۴۲ هه‌رشتێ که هاته‌به‌ری،
وه‌ک پێشه‌ی پواوی لێکرد. ۴۳ ده‌رباره‌ی هۆزی سه‌مۆدیش، که
پیان‌ڕاگه‌یه‌ندرا: هه‌تا ماوه‌یه‌ک ڕایبوێرن. ۴۴ له فه‌رمانی په‌روه‌رنده‌یان
لایاندا؛ هه‌تا دیتیان وه‌به‌ر هه‌وره‌تریشقه‌یێ‌که‌وتن. ۴۵ نه‌یانکرا
ڕاست‌بنه‌وه‌و که‌سیش ده‌هانایان نه‌هات. ۴۶ هۆزی نۆحیش -
له‌پێشۆڕا - [به‌رغه‌زه‌بی ئێمه که‌وتن] که گه‌لێکی نافه‌رمان‌بۆن. ۴۷ ئه‌م
ئاسمانه‌شمان به‌هێزی خودی خۆمان وه‌دی‌هێناو بێ‌سۆ په‌ره‌شی
پێده‌ده‌ین. ۴۸ زه‌مینیش ئێمه ڕامان‌خست؛ ئای که چه‌ند ڕاخه‌ری
باشین. ۴۹ له هه‌رشتێ جۆتێکمان وه‌دی‌هێناوه؛ به‌شکۆ بیری
لێ‌بکه‌نه‌وه. ۵۰ سا هه‌مۆتان به‌ڕاکردن به‌ره‌وخوابن، که له‌وڕا من
به‌ئاشکرا ترس وه‌به‌ر ئێوه دێنم. ۵۱ وێرای خوداش هیچ شتی‌تر
مه‌په‌رستن؛ ئه‌و به‌منی سپاردوه، به‌ئاشکرا ترسی ئه‌وتان وه‌به‌ربێنم.

---

۳۳- گزموڵه: خڕی چکۆله له قوڕ. ۳۹- لیوه: لێوه، شێت.

كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُواْ سَاحِرٌ أَوۡ مَجۡنُونٌ
﴿٥٢﴾ أَتَوَاصَوۡاْ بِهِۦۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٞ طَاغُونَ ﴿٥٣﴾ فَتَوَلَّ عَنۡهُمۡ فَمَآ أَنتَ
بِمَلُومٖ ﴿٥٤﴾ وَذَكِّرۡ فَإِنَّ ٱلذِّكۡرَىٰ تَنفَعُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٥٥﴾ وَمَا
خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنۡهُم مِّن رِّزۡقٖ
وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطۡعِمُونِ ﴿٥٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلۡقُوَّةِ ٱلۡمَتِينُ
﴿٥٨﴾ فَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذَنُوبٗا مِّثۡلَ ذَنُوبِ أَصۡحَٰبِهِمۡ فَلَا يَسۡتَعۡجِلُونِ
﴿٥٩﴾ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن يَوۡمِهِمُ ٱلَّذِي يُوعَدُونَ ﴿٦٠﴾

## سُورَةُ الطُّورِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلطُّورِ ﴿١﴾ وَكِتَٰبٖ مَّسۡطُورٖ ﴿٢﴾ فِي رَقّٖ مَّنشُورٖ ﴿٣﴾ وَٱلۡبَيۡتِ
ٱلۡمَعۡمُورِ ﴿٤﴾ وَٱلسَّقۡفِ ٱلۡمَرۡفُوعِ ﴿٥﴾ وَٱلۡبَحۡرِ ٱلۡمَسۡجُورِ ﴿٦﴾ إِنَّ
عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٞ ﴿٧﴾ مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٖ ﴿٨﴾ يَوۡمَ تَمُورُ ٱلسَّمَآءُ
مَوۡرٗا ﴿٩﴾ وَتَسِيرُ ٱلۡجِبَالُ سَيۡرٗا ﴿١٠﴾ فَوَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ
﴿١١﴾ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي خَوۡضٖ يَلۡعَبُونَ ﴿١٢﴾ يَوۡمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ
جَهَنَّمَ دَعًّا ﴿١٣﴾ هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿١٤﴾

۵۲ بەرلەمانەش هەروابوە؛ هەرکاتی پێغەمبەرێکیان بۆ هاتوە، گوتۆیانە: یان
جادوگەرە، یان شێتە.
۵۳ مەگەر ئەوان یەکترینیان بەو قسە ڕاسپاردوە؟ [نە،وانیە] بەڵکو ئەوان
هەر بۆخۆیان گەلانێکی نافەرمان بوِن.
۵۴ سا تۆ واز لەوانە بێنە؛ کەسیش سەرکۆنەی تۆ ناکا.
۵۵ تۆ هەر وەبیریان بخەوە؛ بیرەوەری بەهرەدەدا بەوانەی خاوەن باوەڕن.
۵۶ من هەربۆیە جندۆکەو مرۆم دروس کرد، بمپەرستن.
۵۷ من هیچ ڕۆزیم لەوان ناوێ و نامگەرەکە ئەوانە خۆراکم دەنێ.
۵۸ هەر خودا ڕۆزی دەنێرێ و خودان هێزێکی پتەوە.
۵۹ بەهرەی ئەو غەدرکەرانەش وەک بەهرەی ئەوانەدەبێ، کە هاوباوەڕی
خۆیان بوِن؛ ئیتر لێم بەپەلە نەبن.
۶۰ واوەیلا بۆ خوانەناسان، لەو ڕۆژەدا کە بەلێنیان پێدراوە!

## تۆر

۴۹ ئایەت

وەناو خوداکەی کەهندەو دلۆڤانە

۱ بەکێوی تۆر، ۲ بەکتێبێ کە نوِسراوە، ۳ لە کەوەڵ، بڵاو بوِتەوە؛ ۴ بەماڵە
ئاوەدانەکە، ۵ بەوبانەی بلندکراوە، ۶ بەودەریایەی بلق ئەدا، ۷ ئازاری
پەروەرندەی تو هەر ڕوِدەدا؛ ۸ کەسیش پێشی پێ‌ناگیرێ. ۹ لەو
ڕۆژەدا کە عاسمان تێکەوەداوێ، ۱۰ هەمۆ چیا لە ڕۆییندا پەلەدەکەن؛
۱۱ ئیتر ئەو ڕۆژە هاوارە لەو کەسانەی بێ باوەڕبوِن. ۱۲ ئەوانەی کە چوِبوِنە
ناو پڕوپوِچ و گەپیان دەدا؛ ۱۳ لەو ڕۆژەدا بەدەلەکدان بەرەو ئاگری
دۆزەقیان ڕادەکێشن. ۱۴ ئەوەتانێ ئەو ئاگرەی بڕواتان نەدەکرد هەبێ.

---

۵۴- سەرکۆنە: لۆمە. ۵۸- خودان: خاوەن.
۳- کەوەڵ: پێست. ۶- بلق: دەنگی کوڵینی ئاو. ۱۳- دەڵەکدان: پاڵ پێوەنان.

أَفَسِحْرٌ هَٰذَآ أَمْ أَنتُمْ لَا تُبْصِرُونَ ﴿١٥﴾ ٱصْلَوْهَا فَٱصْبِرُوٓا۟
أَوْ لَا تَصْبِرُوا۟ سَوَآءٌ عَلَيْكُمْ ۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾
إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ وَنَعِيمٍ ﴿١٧﴾ فَٰكِهِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ
وَوَقَىٰهُمْ رَبُّهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٨﴾ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَا
كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ ۖ وَزَوَّجْنَٰهُم
بِحُورٍ عِينٍ ﴿٢٠﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلْحَقْنَا
بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَآ أَلَتْنَٰهُم مِّنْ عَمَلِهِم مِّن شَىْءٍ ۚ كُلُّ ٱمْرِئٍۭ بِمَا كَسَبَ
رَهِينٌ ﴿٢١﴾ وَأَمْدَدْنَٰهُم بِفَٰكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٢٢﴾ يَتَنَٰزَعُونَ
فِيهَا كَأْسًا لَّا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ ﴿٢٣﴾ ۞ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ
لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَّكْنُونٌ ﴿٢٤﴾ وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ
﴿٢٥﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِىٓ أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ ﴿٢٦﴾ فَمَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيْنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلُ
نَدْعُوهُ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْبَرُّ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٨﴾ فَذَكِّرْ فَمَآ أَنتَ بِنِعْمَتِ
رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ ﴿٢٩﴾ أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَّتَرَبَّصُ بِهِۦ رَيْبَ
ٱلْمَنُونِ ﴿٣٠﴾ قُلْ تَرَبَّصُوا۟ فَإِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُتَرَبِّصِينَ ﴿٣١﴾

١٥ ئاخۆ ئەمە جادوە، یان ئێوە کوێربوونەو نابینن؟
١٦ بچنەناوی؛ هەڵبکەن یاخۆ هەڵنەکەن، وەکوێەکەو هەر بەهۆی ئەوکارانەی کە کردووتانە، سزادەدرێن.
١٧ ئەوانەی وا خودێترس بوون، وان لەبەهەشتو خۆشیدا.
١٨ بەختەوەرن لەوشتانەی پەروەرێنیان پێی بەخشیون؛ لەئازاری جەهەندەمیشی پارازتن.
١٩ لە هەمبەر کردەوەکانتان بخۆن و وەخۆن، نۆشتان بێ.
٢٠ لەسەرتەختی لەپەنای‌یەک، پاڵ کەفتوون و کیژی سپی چاوبەڵەکمان پێ بەخشیون.
٢١ ئەوانەی باوەڕیان‌هێناو تۆرەمەشیان چوونە سەرباوەڕی ئەوان، مە تۆرەمەی ئەوانیش وەک خۆیان دەبەینە بەهەشتو لەپاداشی کردەوەیان هیچ شتێ کەمناکەینەوە. هەموکەسێ بارمتەی کاری خۆیەتی.
٢٢ هەرمیوەیەکو هەرگۆشتێ بۆخۆیان ئارەزوی دەکەن، پێمان‌داون.
٢٣ پیاڵە پێکتر دەگۆڕنەوەو نە هەرزەوێژی تێدایەو نە هۆی تووشی گوناه بوونێ.
٢٤ تازەلاوانی خولامیان بەدەورەدا دێن‌ودەچن؛ هەر ئێژی دانەی‌مروایِن لەقاپۆڕدا.
٢٥ ڕوو لە یەکتری دەکەن و پێکەوە وتو وێژیانە.
٢٦ ئێژن: ئێمە لەپێشوودا لەناو کەس‌وکاری خۆمان نیگەران بوین.
٢٧ ئیتر خودا خۆی چاکەی دەگەڵ کردین و لەئازاری گڕەوهاڵاوی پارازتین.
٢٨ ئێمە بەرێ هاوارمان هەر لەوکردوە؛ هەر ئەویشە خاوەن‌چاکەی دلۆڤانە.
٢٩ سا وەبیریان بخەرەوە - لەسایەی پەروەرندەتڕا- تۆ نە فاڵبینی نە دینی.
٣٠ یان پێت ئێژن: بوێژێکەو چاوەنۆڕین هاکا شتێکی بەسەرهات.
٣١ بێژە: ئێوە چاوەنۆڕبن، ئەوا ئێمەش وەل ئێوەدا چاوەنۆڕین.

---

٢٠-یا:ـ کیژی سپی چاوبەڵەکیشمان کردوتە هاوسەرینیان. ٢٤-قاپۆڕ: قابلۆخ، سەدەف.
٢٩-دین: شێت، دێوانە.

أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلَٰمُهُم بِهَٰذَآ ۚ أَمْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ ﴿٣٢﴾ أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥ ۚ
بَل لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾ فَلْيَأْتُوا۟ بِحَدِيثٍ مِّثْلِهِۦٓ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ
﴿٣٤﴾ أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا۟
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ
رَبِّكَ أَمْ هُمُ ٱلْمُصَۜيْطِرُونَ ﴿٣٧﴾ أَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فِيهِ ۖ فَلْيَأْتِ
مُسْتَمِعُهُم بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٣٨﴾ أَمْ لَهُ ٱلْبَنَٰتُ وَلَكُمُ ٱلْبَنُونَ ﴿٣٩﴾
أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ ﴿٤٠﴾ أَمْ عِندَهُمُ ٱلْغَيْبُ فَهُمْ
يَكْتُبُونَ ﴿٤١﴾ أَمْ يُرِيدُونَ كَيْدًا ۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هُمُ ٱلْمَكِيدُونَ ﴿٤٢﴾
أَمْ لَهُمْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٤٣﴾ وَإِن يَرَوْا۟ كِسْفًا
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطًا يَقُولُوا۟ سَحَابٌ مَّرْكُومٌ ﴿٤٤﴾ فَذَرْهُمْ حَتَّىٰ يُلَٰقُوا۟
يَوْمَهُمُ ٱلَّذِى فِيهِ يُصْعَقُونَ ﴿٤٥﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِى عَنْهُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا
وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤٦﴾ وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ عَذَابًا دُونَ ذَٰلِكَ وَلَٰكِنَّ
أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٧﴾ وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ۖ وَسَبِّحْ
بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٤٨﴾ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَإِدْبَٰرَ ٱلنُّجُومِ ﴿٤٩﴾

## سُورَةُ النَّجْمِ

٣٢ ئاخۆ لەڕوی خەونەکانیانەوە ئێژن، یان هەر خۆیان کۆمەڵێکی بلەوەزن ؟
٣٣ یان ئێژن: هەڵی بەستوە. نەخێر، ئەوان بێ باوڕن. ٣٤ ئەگەر ئەوانە ڕاست
دەکەن، با وتاری وەکۆ ئەم قورئانە بێنن. ٣٥ ئاخۆ ئەوان هەر لەنەبۆ
هاتۆنەدی؟ یان خۆیان خۆیان دروسکرد؟ ٣٦ یان ئەوانن ئاسمانەکان و
زمینیان وەدی هێنا؟ نەخێر، دیارە ناسەلمێنن. ٣٧ یان گەنجینەی
پەروەرندەت وا لای ئەوان؟ یان هەرخۆیان هەمەکارەن؟ ٣٨ یان پەیژەیێ
وایان هەیە بینێن و گوێ ڕابدێرن؟ کێ لەوان کوڵەی کردوە، با
بەڵگەیەکی ڕون بێنێ. ٣٩ ئاخۆ کیژەکان بۆخوان و کوڕەکانیش بەشی
ئێون؟ ٤٠ یان بۆمزە داوای شتێکیان لێدەکەی، ئەوان لەژێری
دەرنەچن و بۆیان زۆرگران بوەستێ؟ ٤١ یان نهێنی وا لای خۆیان و
دەنۆسن؟ ٤٢ یان ئەوانە گەرەکیانە فێڵێک بکەن؟ خوانەناسان خۆیان
فێڵیان لێکراوە. ٤٣ یان بێژگە خوا پەرستۆیەکی تریان هەس؟ خوا پاکترە
لەوشتانەی کە بە شەریکی دادەنێن. ٤٤ گەر بشبینن پارچەیەک لەم
عاسمانە دادەکەوێ، ئێژن: هەورێکی پڕپشتە. ٤٥ سا تۆ لەوانە وازبێنە،
تا ئەوانە تۆشی ڕۆژی خۆیان دەبن؛ کە ئەو ڕۆژە هەستیان دەبەردا
نامێنێ. ٤٦ ئەوێ ڕۆژێ حیلەکەیان هیچ بەهرەیەکیان ناداتێ و کەسیش
دەهانایان نایە. ٤٧ بۆ ئەوانەی پیشەیان ناهەقی بوە، جگەلەمەش
جەزرەبەیێ تریان هەیە؛ بەڵام زۆربەیان نازانن. ٤٨ بۆ فەرمانی
پەروەرندەت خۆڕاگربە، تۆ بەبەرچاوی ئێمەوەی؛ هەر کاتێ لەجێ
ڕادەبی، پەسنی پەروەرندەت بدە. ٤٩ لە شەویشدا شوکری بکەو
پەسنی بدە؛ لەودەمەشدا کە هەسارە ئاوادەبن.

٦٢ ئایەت

## نەجم

٣٢- بلەوەز: لاسار، گوێ‌نەبیس. ٣٨- کوڵە کردن: گوێ‌ڕاداشتن.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلنَّجۡمِ إِذَا هَوَىٰ ﴿١﴾ مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمۡ وَمَا غَوَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يَنطِقُ
عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ ﴿٥﴾
ذُو مِرَّةٖ فَٱسۡتَوَىٰ ﴿٦﴾ وَهُوَ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٧﴾ ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ ﴿٨﴾
فَكَانَ قَابَ قَوۡسَيۡنِ أَوۡ أَدۡنَىٰ ﴿٩﴾ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَىٰ عَبۡدِهِۦ مَآ أَوۡحَىٰ ﴿١٠﴾
مَا كَذَبَ ٱلۡفُؤَادُ مَا رَأَىٰٓ ﴿١١﴾ أَفَتُمَٰرُونَهُۥ عَلَىٰ مَا يَرَىٰ ﴿١٢﴾ وَلَقَدۡ رَءَاهُ
نَزۡلَةً أُخۡرَىٰ ﴿١٣﴾ عِندَ سِدۡرَةِ ٱلۡمُنتَهَىٰ ﴿١٤﴾ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلۡمَأۡوَىٰٓ ﴿١٥﴾
إِذۡ يَغۡشَى ٱلسِّدۡرَةَ مَا يَغۡشَىٰ ﴿١٦﴾ مَا زَاغَ ٱلۡبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ﴿١٧﴾ لَقَدۡ رَأَىٰ
مِنۡ ءَايَٰتِ رَبِّهِ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ ﴿١٨﴾ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ
ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلۡكَ إِذٗا قِسۡمَةٞ
ضِيزَىٰٓ ﴿٢٢﴾ إِنۡ هِيَ إِلَّآ أَسۡمَآءٞ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ
وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ أَمۡ لِلۡإِنسَٰنِ مَا تَمَنَّىٰ ﴿٢٤﴾ فَلِلَّهِ
ٱلۡأٓخِرَةُ وَٱلۡأُولَىٰ ﴿٢٥﴾ ۞ وَكَم مِّن مَّلَكٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي
شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ﴿٢٦﴾

## بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

۱ بە ئەستێرە، کاتێ بەرەو ئاسۆ دەخزێ، ۲ یارەکەتان نە گوم‌بوە، نە ڕێشی
هەڵەکردوە. ۳ بە ئارەزۆی خۆی ناخێوێ. ۴ هەرچی ئێژێ، لەخواوە
تێگەیەنراوە. ۵ فرشتەیێ فرە توانا فێری کرد. ۶ فرشتەیێ بەئاوەزو
فرەزانا، کە بە شکڵی خۆی ڕاوێستا. ۷ [هەوەڵجارێ] لەئاسۆی
هەرەبەرزبۆ؛ ۸ لەپاشا نزیک کەوتەوەو شۆڕوەبۆ؛ ۹ بەقەد ماڵی
دۆکەوانان یا نزیکتر؛ ۱۰ ئەوسا خودا هەرمەبەستێ کەواویستی
بەعەبدی خۆی ڕایگەێنێ، پێی ڕاگەیاند. ۱۱ دڵی ئەو هەرچی دیتۆیە،
درۆنەبوە. ۱۲ ئاخۆ لەسەر ئەوی دیویە ئێوە کێشەی دەگەڵ دەکەن؟
۱۳ بێ‌گومانە جارێکی دیکەشی دیوە، کە ئەوساکەش داپەڕیوە؛ ۱۴ لەلای
دارەکنارەکەی ئەوپەڕەوە، ۱۵ کە لەپاڵ شوێنی بەهەشتە. ۱۶ لەکاتێکا
کنارەکە داپۆشیوە، ئەوی کە دەبێ داپۆشێ. ۱۷ سۆمای لێ
نەگوێزتۆتەوەو هیچ ڕەشکەوپێشکەشی نەکرد. ۱۸ دیارە زۆریش لەنیشانە
گەورەکانی پەروەرندەی خۆی دیتوە. ۱۹ ئاخۆ ئێوە هەر لات‌و عوززاتان
دیوە؟ ۲۰ سێهەمیشیان کە «مەنات»ەو یەکێ‌تر لەبوتەکانە؟ ۲۱ ئاخۆ
زارۆی ئێوە نێرەو خواش کیژی هەس؟ ۲۲ ئەگەر وابێ، بەشکردنێ
نارەوایە.
۲۳ تەنیا ئەوانە چەند ناون کە ئێوەو باب‌و باپیرتان، ئەوانەتان پێ‌ناوناون‌و
خوداش هیچ بەڵگەی پتەوی لەمەڕ ئەوانەوە نەنارد. هەر وەدۆی گومان
دەکەون‌و ئەوەی کە دڵیان دەخوازێ؛ کەچی لەلای پەروەرندەی
خۆشیانەوە ڕێگەیان نیشان‌دراوە. ۲۴ ئاخۆ مرۆ چی ئارەزۆ کا، بۆی پێک
دێ؟ ۲۵ ئاخرین‌و هەوەڵینیش هەر بۆخودان. ۲۶ لەو هەمۆ
عاسمانانەدا، چەند بە چەند فریشتەهەیە؛ کەسیان تکای لێ‌ناگیرێ؛
مەگین کەسێ دوایی خودا ئیزنی‌بداو تکا بۆ کەسێکی‌بکا کەخۆی حەزکاو
پێ‌ڕازی‌بێ.

---

۱-یا: بە ئەستیرە، ئەودەمەی کە ئاوادەبێ. ۳-ناخێوی: قسەناکا؛ لە ئاخافتن: قسە کردن.
۹-ماڵ: مابەینی هەردۆک سەری کەوان. ۱۴-کنار: داری نەبگ؛ یا: لەلای «سَدْرةالمُنْتَهیٰ».

إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ لَيُسَمُّونَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ تَسْمِيَةَ ٱلْأُنثَىٰ ﴿٢٧﴾
وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِى مِنَ
ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا ﴿٢٨﴾ فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا ٱلْحَيَوٰةَ
ٱلدُّنْيَا ﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن
سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱهْتَدَىٰ ﴿٣٠﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا
فِى ٱلْأَرْضِ لِيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟
بِٱلْحُسْنَى ﴿٣١﴾ ٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَ
إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ
وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ فَلَا تُزَكُّوٓا۟ أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ
بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾ أَفَرَءَيْتَ ٱلَّذِى تَوَلَّىٰ ﴿٣٣﴾ وَأَعْطَىٰ قَلِيلًا وَأَكْدَىٰٓ
﴿٣٤﴾ أَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْغَيْبِ فَهُوَ يَرَىٰٓ ﴿٣٥﴾ أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِى صُحُفِ
مُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ وَإِبْرَٰهِيمَ ٱلَّذِى وَفَّىٰٓ ﴿٣٧﴾ أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ
﴿٣٨﴾ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَنَّ سَعْيَهُۥ سَوْفَ
يُرَىٰ ﴿٤٠﴾ ثُمَّ يُجْزَىٰهُ ٱلْجَزَآءَ ٱلْأَوْفَىٰ ﴿٤١﴾ وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلْمُنتَهَىٰ
﴿٤٢﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَىٰ ﴿٤٣﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا ﴿٤٤﴾

٢٧ ئەو کەسانەی بڕوا بە پاشەڕۆژناکەن، فرشتەکان بەناوی کچان
ناودەبەن. ٢٨ کە هیچیشیان لێ‌نازانن؛ هەر وەشوێن گومان دەکەون و
گومانیش جێی ڕاست ناگرێ. ٢٩ تۆ لەو مرۆیە وازبێنە کە لەیادی
ئێمەکردن خۆ دەبوێرێ و بەدەر لەژینی دنیایە، هیچی‌تری نەویستوە.
٣٠ هەر ئەوەندەی لێ‌دەزانن. پەروەرندەت زاناترە کە کێ ڕێگەی لێ
تێکچوەو کێش لەسەر ڕێگەی ئەوچوە. ٣١ هەرچی لەناو ئاسمانەکان و
زەمیندان، گش بۆ خودان؛ تا سزای ئەوانە بدا کە خراپەیان کردوەو
چاکەی باشیش دەربارەی کارچاکان بکا. ٣٢ ئەوانەی خۆیان دوردەگرن
لەگوناهانی مەزن و کاری کرێت؛ مەر گوناهی وردیلەبێ. پەروەرندەت
بەخشینی زۆر بەرفرەهەو ئەویش ئێوە لەخۆتان باشتردەناسێ؛ وەختێ
ئێوەی لەم هەردە پەیداکردوە؛ کە دەپێشدا پیزەیەک بوُن لەناوزگی
دایکەکانتان. هیچ پاکانەی خۆتان مەکەن؛ بۆخۆی باشترتان دەناسێ کە
کێ لەخودا ترساوە. ٣٣ ئاخۆ تۆ ئەو مرۆیەت دی کە پشتی هەڵکردو
ڕۆیی؟ ٣٤ کەمی بەخشی و چرۆکی کرد. ٣٥ ئاخۆ بەنەدیار دەزانێ و خۆی
دەبینێ؟ ٣٦ یان لەوە ئاگا نەکراوە، لەڕۆپەڕەکانی موُسا چی نوُسراون؟
٣٧ یان ئیبراهیم، کە ئەرکی خۆی بە تەواوی بەجێ‌هێنا؟ ٣٨ کە کەس
ئۆباڵی کەسی‌تر وەستۆناگرێ؛ ٣٩ مرۆ بۆخۆی خەبات نەکا، هیچ
پاداشێکی پێ‌ناگا. ٤٠ بۆ هەر کارێکیش ماندوُبێ، پاداشی خۆی هەر
پێدەگا. ٤١ لەپاشانیش - بەباشترین شێوە - پاداشی پێدەدرێ.
٤٢ گەڕانەوەش هەر بۆلای پەروەرندەتە. ٤٣ هەر ئەو دەخاتەخەنین و
دەگریێنێ. ٤٤ هەر ئەویشە ژیان دەداو دەش‌مرێنێ.

---

٣٢-کرێت: پیس و خراپ. بەرفرەهـ: هەراو، پان و بەرین. پیزە: بێچوی ناوزک، تۆڵ. ٣٩-یا: مرۆ بێڕگە لەبەرهەمی تەقالای خۆی، هیچی بۆنامێنێتەوە. ٤٠-یا: ئاکامی تەقالاکەشی، بەم زوانە دەبیندرێ.

وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَىٰ ﴿٤٦﴾ وَأَنَّ
عَلَيْهِ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْأُخْرَىٰ ﴿٤٧﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ أَغْنَىٰ وَأَقْنَىٰ ﴿٤٨﴾ وَأَنَّهُۥ هُوَ رَبُّ
ٱلشِّعْرَىٰ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّهُۥٓ أَهْلَكَ عَادًا ٱلْأُولَىٰ ﴿٥٠﴾ وَثَمُودَا۟ فَمَآ أَبْقَىٰ ﴿٥١﴾
وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ هُمْ أَظْلَمَ وَأَطْغَىٰ ﴿٥٢﴾ وَٱلْمُؤْتَفِكَةَ
أَهْوَىٰ ﴿٥٣﴾ فَغَشَّىٰهَا مَا غَشَّىٰ ﴿٥٤﴾ فَبِأَىِّ ءَالَآءِ رَبِّكَ تَتَمَارَىٰ ﴿٥٥﴾
هَٰذَا نَذِيرٌ مِّنَ ٱلنُّذُرِ ٱلْأُولَىٰٓ ﴿٥٦﴾ أَزِفَتِ ٱلْـَٔازِفَةُ ﴿٥٧﴾ لَيْسَ لَهَا مِن
دُونِ ٱللَّهِ كَاشِفَةٌ ﴿٥٨﴾ أَفَمِنْ هَٰذَا ٱلْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ ﴿٥٩﴾ وَتَضْحَكُونَ
وَلَا تَبْكُونَ ﴿٦٠﴾ وَأَنتُمْ سَٰمِدُونَ ﴿٦١﴾ فَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ وَٱعْبُدُوا۟ ۩ ﴿٦٢﴾

## سُورَةُ القَمَرِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ ﴿١﴾ وَإِن يَرَوْا۟ ءَايَةً يُعْرِضُوا۟
وَيَقُولُوا۟ سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ ﴿٢﴾ وَكَذَّبُوا۟ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُمْ ۚ
وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ ﴿٣﴾ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّنَ ٱلْأَنۢبَآءِ
مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ ﴿٤﴾ حِكْمَةٌۢ بَٰلِغَةٌ ۖ فَمَا تُغْنِ ٱلنُّذُرُ
﴿٥﴾ فَتَوَلَّ عَنْهُمْ ۘ يَوْمَ يَدْعُ ٱلدَّاعِ إِلَىٰ شَىْءٍ نُّكُرٍ ﴿٦﴾

٤٥ هه‌ر ئه‌ویشه وڵفی نێرومێوینه‌ی وه‌دی هێناوه؛ ٤٦ له‌وتنۆکه‌ی که ڕژاوه.
٤٧ له‌سه‌ریه‌تی دیسان دروستی‌کاته‌وه. ٤٨ هه‌رئه‌ویشه هیچ ناگوزۆری
نه‌هێشت‌و ده‌سمایه‌شی به ئێوه‌دا. ٤٩ هه‌ر بۆ خۆشی په‌روه‌رنده‌ی
گه‌لاوێژه. ٥٠ هه‌ر ئه‌ویشه ئاسه‌واری عادی یه‌که‌می بڕیه‌وه.
٥١ له‌سه‌مۆدیش جۆقه‌واری نه‌هێشتوه. ٥٢ هۆزی نۆحیش - له‌به‌رێ‌دا- که
له‌وانه ناهه‌قترو لاسارتربۆن. ٥٣ ئاوایی هۆزی لۆتیشی سه‌ره‌وژێرکرد.
٥٤ هه‌رچی ده‌بۆ به‌رخۆ بدرێ، وه‌بن خۆی‌دا. ٥٥ په‌روه‌رنده‌ت که ئه‌و هه‌مۆ
چاکه‌ی هه‌یه، تۆ له‌کامیان به‌گومانی؟ ٥٦ ئه‌مه یه‌کێ له‌ترس
وه‌به‌رهێنه‌رانه؛ وه‌ک ترسێنه‌رانی پێشۆ. ٥٧ ڕابۆنی سه‌لا نزیکه.
٥٨ غه‌یره‌زخودا که‌س په‌رده‌ی له‌سه‌ر لانادا. ٥٩ ئاخۆ ئێوه له‌م وتاره
سه‌یرماون؟ ٦٠ پێکه‌نین‌تانه‌و ناگریه‌ن؟ ٦١ هه‌ر به‌گاڵته ڕای‌ده‌بوێرن.
٦٢ ده‌سا بۆخوا سوژده‌به‌رن‌و بیپه‌رستن.

٥٥ ئایه‌ت

## قه‌مه‌ر

وه‌ناو خودای که‌ره‌مه‌ندو دلۆڤانه

١ وا په‌سلان نزیک که‌وته‌وه‌و هه‌یڤ بۆبه دۆ که‌رته‌وه. ٢ هه‌ر نیشانه‌یه‌ک
ببینن، بڕواناکه‌ن‌و دبێژن: ئه‌مه جادوه‌و هه‌رهه‌یه. ٣ ئیتر بڕوایان
نه‌هێناو شوێن ئاره‌زۆی خۆیان که‌وتن. هه‌رکاره‌ش شوێنی خۆی هه‌یه.
٤ ئه‌وه‌نده‌یان ده‌نگ‌وباسی به‌رێ بیستۆن، که ده‌بۆ ترسیان بێته‌به‌ر.
٥ ئه‌مه کارزانی ته‌واوه؛ به‌لام ئه‌م ترسێنه‌رانه به‌هره‌ناده‌ن! ٦ ساتۆ له‌وانه
وازبێنه؛ ڕۆژێ بانگده‌ر بانگیان ده‌کا بۆ ڕۆداوێکی زۆرناخۆش.

---

٤٥- **وڵف:** جۆت. ٥١- **جوقه‌وار:** زینه‌وه‌ر، گیاندار. ١- **که‌رت:** پاژ، کوت، تیکه، پار.

خُشَّعًا أَبْصَٰرُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ ٱلْأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ ٧
مُّهْطِعِينَ إِلَى ٱلدَّاعِ ۖ يَقُولُ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا يَوْمٌ عَسِرٌ ٨ ۞ كَذَّبَتْ
قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا۟ عَبْدَنَا وَقَالُوا۟ مَجْنُونٌ وَٱزْدُجِرَ ٩ فَدَعَا
رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَغْلُوبٌ فَٱنتَصِرْ ١٠ فَفَتَحْنَآ أَبْوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ بِمَآءٍ مُّنْهَمِرٍ
١١ وَفَجَّرْنَا ٱلْأَرْضَ عُيُونًا فَٱلْتَقَى ٱلْمَآءُ عَلَىٰٓ أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ ١٢
وَحَمَلْنَٰهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَٰحٍ وَدُسُرٍ ١٣ تَجْرِى بِأَعْيُنِنَا جَزَآءً لِّمَن كَانَ
كُفِرَ ١٤ وَلَقَد تَّرَكْنَٰهَآ ءَايَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ١٥ فَكَيْفَ كَانَ
عَذَابِى وَنُذُرِ ١٦ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ
١٧ كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ١٨ إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ
رِيحًا صَرْصَرًا فِى يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ ١٩ تَنزِعُ ٱلنَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ
نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ ٢٠ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ٢١ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ
لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ٢٢ كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِٱلنُّذُرِ ٢٣ فَقَالُوٓا۟ أَبَشَرًا
مِّنَّا وَٰحِدًا نَّتَّبِعُهُۥٓ إِنَّآ إِذًا لَّفِى ضَلَٰلٍ وَسُعُرٍ ٢٤ أَءُلْقِىَ ٱلذِّكْرُ عَلَيْهِ
مِنۢ بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ ٢٥ سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ ٱلْكَذَّابُ
ٱلْأَشِرُ ٢٦ إِنَّا مُرْسِلُوا۟ ٱلنَّاقَةِ فِتْنَةً لَّهُمْ فَٱرْتَقِبْهُمْ وَٱصْطَبِرْ ٢٧

٧ چاوشۆڕو کز، لەگۆڕستان دەردەکەون؛ ئێژی کوللەن بڵاوبۆگن.
٨ هەڵەداوان بەرەوبانگدەرەکە دەچن. خودانەناسەکان ئێژن: ئەمە ڕۆژێکی
چەتۆنە. ٩ بەرلەمانەش هۆزی نۆح باوەڕیان نەبۆ. عەبدی ئێمەیان
ناونابۆ درۆزن و گەفیان لێکرد. ١٠ لەپەروەرندەی پاڕاوە، کە: من شکستم
خواردوە، هانام بە تۆ. ١١ ئەوسا هەمۆ دەرگاکانی بەرزاییمان بۆبارانێکی
بەلۆزەو خستەسەرپشت. ١٢ لەم زەمینەش چاوەکانیمان تۆقاندن.
ئاوگەینەیەک؛ بەو ئەندازەی کە بڕیاری بۆدرابۆ. ١٣ ئەومان بەئامیرێ
هەڵگرت، کە لەچەند تەختەوبزماران لێک درابۆ. ١۴ لەژێر چاوەدێری
خۆمان وەگەڕکەوت، بۆ پاداش دان بەکەسێ کە بە قسەکانی بێ‌باوڕبۆن.
١٥ بەجێمان هێشت کە ببێتە نیشانەیەک. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟ ١٦ دەسا
چۆن بۆ جەزرەبەو هەڕەشەکانم؟ ١٧ ئەم قورعانەشمان ساناکرد کە بیری
لێ‌بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟ ١٨ عادیش باوەڕیان نەهێنا؛ دەسا
چۆن بۆ جەزرەبەو هەڕەشەکانم؟ ١٩ ئێمە لەڕۆژێکی شۆم‌دا، بایەکی
ساردوبەهێزی بێ‌وچانمان ناردەسەریان.
٢٠ خەڵکەکەی لەجێ دەردێنان؛ دەت‌وت کۆتەرەی دارخورمان، بەڕیشەوە
هەڵکێشراون. ٢١ دەسا چۆن بۆ جەزرەبەو هەڕەشەکانم؟ ٢٢ ئەم
قورئانەشمان ساناکرد کە بیری لێ‌بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟
٢٣ سەمۆدیش بەترسێنەران بێ‌باوەڕبۆن. ٢۴ وتیان: جاچۆن وەشوێن
مرۆیەک دەکەوین، لەخۆمان و بەتەنیابێ؟ ئەگەر وابێ، ئەوسا ئێمە
لەگومڕاییو دەبەنگی‌داین. ٢٥ چۆن لەناو هەمۆ ئێمەدا، فەرمانی خوا
هەر بۆ ئەودێ؟ بەڵکۆ پیاوێ درۆزنی خۆپەسندە. ٢٦ سبەی ڕۆژێ
پێدەزانن کێ ڤڕبێژی خۆپەسندە. ٢٧ ئێمە سایەوشترێکیان بۆدەنێرین
کە بیان‌ئەزمۆین. سا تۆ هەر چاوەدێریان بەو خۆت ڕاگرە.

---

٩- **گەف**: ١) ترساندن بە قسە، هەڕەشە؛ ٢) گاڵتە. ١١- **بەلۆزەو**: خوڕ. ١٢- **چاوەکانی**: سەرچاوکەکانی. ١٣- **ئامیر**: ئەسپاو، ئامراز. ١٧- **سانا**: هاسان، ئاسان. ٢۴- **دەبەنگ**: بێ‌ئاوەز، گێل.
٢٦- **ڤڕبێژ**: درۆزن، بوختیان‌کەر.

وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ ٱلْمَآءَ قِسْمَةٌۢ بَيْنَهُمْ ۖ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ ﴿٢٨﴾ فَنَادَوْا۟ صَاحِبَهُمْ
فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ ﴿٢٩﴾ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٣٠﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ
صَيْحَةً وَٰحِدَةً فَكَانُوا۟ كَهَشِيمِ ٱلْمُحْتَظِرِ ﴿٣١﴾ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ
لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿٣٢﴾ كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍۭ بِٱلنُّذُرِ ﴿٣٣﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَا
عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ ۖ نَّجَّيْنَٰهُم بِسَحَرٍ ﴿٣٤﴾ نِّعْمَةً مِّنْ عِندِنَا ۚ
كَذَٰلِكَ نَجْزِى مَن شَكَرَ ﴿٣٥﴾ وَلَقَدْ أَنذَرَهُم بَطْشَتَنَا فَتَمَارَوْا۟
بِٱلنُّذُرِ ﴿٣٦﴾ وَلَقَدْ رَٰوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِۦ فَطَمَسْنَآ أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا۟
عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ صَبَّحَهُم بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ ﴿٣٨﴾
فَذُوقُوا۟ عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٣٩﴾ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ
﴿٤٠﴾ وَلَقَدْ جَآءَ ءَالَ فِرْعَوْنَ ٱلنُّذُرُ ﴿٤١﴾ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كُلِّهَا فَأَخَذْنَٰهُمْ
أَخْذَ عَزِيزٍ مُّقْتَدِرٍ ﴿٤٢﴾ أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُو۟لَٰٓئِكُمْ أَمْ لَكُم بَرَآءَةٌ
فِى ٱلزُّبُرِ ﴿٤٣﴾ أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ ﴿٤٤﴾ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ
وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ
﴿٤٦﴾ إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى ضَلَٰلٍ وَسُعُرٍ ﴿٤٧﴾ يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِى ٱلنَّارِ
عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا۟ مَسَّ سَقَرَ ﴿٤٨﴾ إِنَّا كُلَّ شَىْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾

۲۸ پێشیان بێژە کە ئاوەکە لەناویاندا بەش کراوە؛ هەرکەس لەنۆرەئاوی خۆی
ئامادەبێ. ۲۹ گاسی هەواڵی خۆیان‌کرد؛ ئەویش هات بەدەنگیان‌وەو
پەلی [ وشترەکەی] قوت‌کرد. ۳۰ دەسا چۆن بۆ جەزرەبەو هەڕەشەکانم؟
۳۱ نەعرەتەیەکمان بۆناردن؛ وەک پۆش‌وپاری بۆژۆیان لێ بەسەرهات.
۳۲ ئەم قورعانەشمان ساناکرد کە بیری لێ‌بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟
۳۳ هۆزی لۆتیش هەمبەربە ترسێنەرەکان بێ‌باوەڕبۆن.
۳۲ گێژەڵۆکەی زیخ و چەومان ناردەسەریان؛ جگەلەکەس‌وکاری لۆت - کە
سۆ زۆ ڕزگارمان کردن. ۳۵ لەچاکەو بەزەیی خۆن‌ڕا؛ ئاوا چاکەی
سوپاسکاران دەدەینەوە. ۳۶ ترساندنی لەزەبری هەڵمەتی ئێمە؛ [بەلام
ئەوان] لەوگەفانە بەگومان بۆن. ۳۷ دەیانەویست کاری خراپ دەگەڵ
میوانانی بکەن؛ سۆمای چاوانم لێ‌ساندن. دەبچێژن ئازارو
هەڕەشەکانم. ۳۸ ئەوسا لەبەرەبەیاندا، ئازاری لەبنەنەهاتۆ هاتەسەریان.
۳۹ سا بچێژن ئازارو هەڕەشەکانم. ۲۰ ئەم قورئانەمان سانا کرد کە بیری
لێ‌بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟ ۲۱ ترسێنەران هاتیشنەلای
دەستەودایەرەکەی فیرعەون. ۲۲ سەرلەبەری نیشانەکانی ئێمەیان
بەدرۆزانی. ئەوسا ئێمە گرتمانن، بەگرتنی دەستەڵاتداری توانا. ۲۳ ئاخۆ
خوانەناسی ئێوە لەوەکانی‌تر چاترن، یان لەناوکتێبەکاندا پاکانەیان بۆ
هاتگە؟ ۲۲ یان دبێژن: ئێمە گشمان پێکەوەین و سەردەکەوین؟
۲۵ هەربینائەو ئاپۆرەیە لەشەڕ شکاو، پشت بکەنەوەو ڕابکەن. ۲۶ بەڵکە
دەبێ لەپەسلانیش کۆببنەوە؛ کە باری ئەو حەستەم‌ترەو تاڵتریشتان لێ
دەبۆرێ. ۲۷ تاوانباران لە دەبەنگی و گومڕایی‌دان. ۲۸ ئەوێ ڕۆژێ کە
دەمەورۆ لەئاگردا ڕەکێش دەکرێن، دەبچێژن گڵپەی ئاگری جەهەندەم.
۴۹ ئێمە هەمۆ بۆنەوەرمان بەئەندازە ئافراندوە.

۲۹- **گاسی:** بانگ کردن. **قوت کردن:** بڕین. ۳۱- **بۆژۆ:** گیای بۆنگرتۆ کە حەیوان نایخوا. شیاوی باسە خوالێ خوشبو مامۆستاهەژار «بۆژۆ»ی بەجێ «مُحْتَظِر» هێناوە، کە بە مانای پەچەدروسکەرە. ئەگەر وایە، پاچڤەی ئەم پازە ئاواش دەگونجێ: وەک پۆش‌وپاری پەچەسازیان بەسەرهات.
۳۴- **سۆ:** سوبح، بەیانی زۆ. ۴۷- **دەبەنگ:** بێ‌ئاوەز، نەفام.

وَمَآ أَمۡرُنَآ إِلَّا وَٰحِدَةٞ كَلَمۡحِۭ بِٱلۡبَصَرِ ٥٠ وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَآ
أَشۡيَاعَكُمۡ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ ٥١ وَكُلُّ شَيۡءٖ فَعَلُوهُ
فِي ٱلزُّبُرِ ٥٢ وَكُلُّ صَغِيرٖ وَكَبِيرٖ مُّسۡتَطَرٌ ٥٣ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ
فِي جَنَّٰتٖ وَنَهَرٖ ٥٤ فِي مَقۡعَدِ صِدۡقٍ عِندَ مَلِيكٖ مُّقۡتَدِرِۭ ٥٥

## سُورَةُ الرَّحۡمَٰنِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلرَّحۡمَٰنُ ١ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ ٢ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ ٣
عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ ٤ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ ٥ وَٱلنَّجۡمُ
وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ ٦ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ
٧ أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ ٨ وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ
وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ ٩ وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ ١٠
فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَٱلنَّخۡلُ ذَاتُ ٱلۡأَكۡمَامِ ١١ وَٱلۡحَبُّ ذُو ٱلۡعَصۡفِ
وَٱلرَّيۡحَانُ ١٢ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ١٣ خَلَقَ
ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ١٤ وَخَلَقَ ٱلۡجَآنَّ
مِن مَّارِجٖ مِّن نَّارٖ ١٥ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ١٦

٥٠ کاری ئێمە یەکجارەیەو هەر لەچاوتروکانێکدا کوتایی دێ.
٥١ پێشوُش زۆری وەک ئێوەمان قڕتێ خستوُن. ئاخۆ کەس بەبیریدادێ؟
٥٢ هەرکارێکی کردوُیانە، وا لەناو دەفتەراندایە. ٥٣ کەم و زۆری خەت
دراوە. ٥٤ خۆ پارێزان لەباغاتو دەمچۆمانن. ٥٥ لەنشیمەنی پەسندو
لای خونکاری بەدەستەڵات.

## رەحمان

وەناو خوداکەی دەهندەی دلۆڤانە

٧٨ ئایەت

١ خوای دڵاوا،
٢ ئەم قورئانەی دەرس داوە.
٣ مرۆی ئافراند؛
٤ لە ئاخافتنی تێگەیاند.
٥ خۆرو هەیڤیش - بەئەندازە - دێنو دەچن.
٦ گیاوردیلەو بەساقەتەش سوژدە دەبەن.
٧ عەزمانی بەرزکردەوەو تەرازوی دامەزراندوە؛
٨ کە لەئەندازە دەرنەچن.
٩ کێشانەتان بەرانبەربێ و نەکا تەرازوُتان سەرکا.
١٠ ئەم هەردەمان بۆمەردم وەدی هێناوە.
١١ میوەی تێداو دارەخورمای خاوەن پشکۆژ.
١٢ دەندکی لەناو کەلوُداو شینکەی بۆنخۆش.
١٣ دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
١٤ مرۆی لەحەڕی زوهابوُی چەشنی سواڵەت، وەدی هێنا.
١٥ جنۆکەشی لەبڵێسەی بێدوُکەڵ وەدی هێناوە.
١٦ دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشادەکەن.

---

٥٣-یا: وردو درشتی نوُسراوە. ١١-پشکۆز: خونچە. ١٢-دەندک: دەنک، دانە. کەلوُ: بەرگی دەنک لەبەری گیا(کەلوُی نوُک). شینکە: گزوگیای تازەڕواو. ١٤-زوهابوُ: وشکەوەبوُگ.
سواڵەت: پارچەی شکاوی دەفری گلێن.

رَبُّ ٱلْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ ٱلْمَغْرِبَيْنِ ﴿١٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٨﴾
مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ﴿١٩﴾ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ﴿٢٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ
رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢١﴾ يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٢٢﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢٣﴾ وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ
﴿٢٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢٥﴾ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴿٢٦﴾ وَيَبْقَىٰ
وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٢٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٢٨﴾ يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ ﴿٢٩﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٠﴾ سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ﴿٣١﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٢﴾ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ
أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ ۚ لَا تَنفُذُونَ
إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ﴿٣٣﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٤﴾ يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا
شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلَا تَنتَصِرَانِ ﴿٣٥﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا
تُكَذِّبَانِ ﴿٣٦﴾ فَإِذَا ٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَٱلدِّهَانِ
﴿٣٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٨﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْـَٔلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ
إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ ﴿٣٩﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٠﴾

١٧ هه‌ردوشوێنی خۆرهه‌ڵات و خۆرنشینی ڕاهێناوه.
١٨ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
١٩ جه‌مسه‌ری دۆده‌ریایانی گه‌یانده‌یه‌ك.
٢٠ به‌رزه‌كێكیان له‌نێواندا كه به‌سه‌ر یه‌كتردا نایه‌ن.
٢١ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رندو حاشاده‌كه‌ن ؟
٢٢ له‌هه‌ردوكان مرای و مه‌رجان ده‌رده‌چن.
٢٣ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
٢٤ گه‌ڕۆكانی به‌باده‌وه‌ی چیائاسا - له‌ده‌ریادا - كاری ئه‌وه.
٢٥ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رندو حاشاده‌كه‌ن ؟
٢٦ هه‌ركێ ژینی له‌سه‌رزه‌مینه، نامێنێ.
٢٧ هه‌ر خودانی خاوه‌ن شكۆی به‌رزو به‌ڕێزت ده‌مێنێ.
٢٨ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
٢٩ هه‌ركێ له‌ناو ئاسمانه‌كان و زه‌مینن، هه‌مۆكارێكیان هه‌ر به‌وه‌و ئه‌و گش ڕۆژێ به‌كارێكه‌وه خه‌ریكه.
٣٠ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
٣١ ئێمه به‌كارتان ڕاده‌گه‌ین، ئه‌ی گرۆی مرۆو جنۆكان !
٣٢ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
٣٣ ئه‌ی گرۆی جنۆكه‌و مرۆ! گه‌ر توانیتان له‌گش ئاسۆی عاسمانه‌كان و زه‌مینێ ده‌ربازبن، ده‌سا بچن؛ ناشتوانن لیّان ده‌ربچن، مه‌گین به‌ده‌سته‌ڵاته‌وه.
٣٤ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
٣٥ گڕی به‌دۆكه‌ل و بێ‌دوكه‌ڵی ئاگر داتانده‌گرێ؛ ئه‌وسا كه‌س ده‌هاناونایه.
٣٦ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
٣٧ سا هه‌ركاتێ ئه‌م عه‌زمانه قه‌ڵشی بردو به‌ڕه‌نگی گوڵ و كه‌وڵی سور هاته‌به‌رچاو،
٣٨ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟
٣٩ له‌وڕۆژه‌دا هیچ‌كه‌س - له‌مرۆو جنۆكه - بۆ گوناهێ كه كردۆیه، نایه‌ته به‌رپرسینه‌وه.
٤٠ ده‌یسا ئێوه له‌كام چاكه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌كه‌ن ؟

---

١٩- جه‌مسه‌ر: جێگه‌ی پێكه‌وه‌لكانی دۆشت.	٢٠- به‌رزه‌ك: بڵندایی نێوان ته‌ختایی.
٢٤- باده‌وه: بایه‌وانی كه‌شتی.	٣٧- كه‌وڵ: چه‌رم.

يُعۡرَفُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ بِسِيمَٰهُمۡ فَيُؤۡخَذُ بِٱلنَّوَٰصِي وَٱلۡأَقۡدَامِ ﴿٤١﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٢﴾ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ
﴿٤٣﴾ يَطُوفُونَ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَ حَمِيمٍ ءَانٖ ﴿٤٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٤٥﴾ وَلِمَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٤٧﴾ ذَوَاتَآ أَفۡنَانٖ ﴿٤٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٩﴾ فِيهِمَا عَيۡنَانِ
تَجۡرِيَانِ ﴿٥٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥١﴾ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٖ
زَوۡجَانِ ﴿٥٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٣﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشِۭ
بَطَآئِنُهَا مِنۡ إِسۡتَبۡرَقٖۚ وَجَنَى ٱلۡجَنَّتَيۡنِ دَانٖ ﴿٥٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا
تُكَذِّبَانِ ﴿٥٥﴾ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٞ قَبۡلَهُمۡ
وَلَا جَآنّٞ ﴿٥٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٧﴾ كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ
وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴿٥٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٩﴾ هَلۡ جَزَآءُ
ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ﴿٦٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٦١﴾ وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ ﴿٦٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٦٣﴾ مُدۡهَآمَّتَانِ ﴿٦٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٥﴾ فِيهِمَا
عَيۡنَانِ نَضَّاخَتَانِ ﴿٦٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٧﴾

۴۱ تاوانباران به‌ته‌حرو زه‌ڕا ده‌ناسرێن؛ ئیتر له‌قژی سه‌ریان و له‌قاچه‌کانیان ئه‌نه‌وێن.
۴۲ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۴۳ ئه‌مه هه‌ر ئه‌و دۆزه‌هه‌یه تاوانباران بڕوایان وانه‌بۆ هه‌یه.
۴۴ له‌ناویداو له‌ناو ئاوێکی که‌لی‌دا ده‌خولێنه‌وه.
۴۵ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۴۶ بۆ هه‌رکه‌سیش له‌په‌روه‌رنده‌ی ترساوه، دۆباغ هه‌یه.
۴۷ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۴۸ هه‌ردو خاوه‌ن دره‌ختی به‌په‌لک‌و پۆپن.
۴۹ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۵۰ له‌هه‌ردۆدا دۆسه‌رچاوه‌ی ڕه‌وان هه‌یه.
۵۱ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۵۲ گش میوه‌یه‌کیان تێدایه، که هه‌مۆ ولفی‌یه‌کترن.
۵۳ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۵۴ له‌سه‌ر ڕایه‌خێ پاڵ که‌فتۆن، که ئاسه‌ریان له ئاوریشمی ئه‌ستۆره‌و به‌ری گه‌ییشتۆی هه‌ردوباغ، له‌وان نزیک که‌وتۆته‌وه.
۵۵ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۵۶ کیژۆڵه‌ی هێند داوێن‌پاکیان له‌ناودایه، که به‌رله‌وان که‌سێ - مرۆیان جنۆکه - هه‌رگیز ده‌ستی بۆ نه‌بردۆن.
۵۷ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۵۸ هێنده جوانن، ئێژی یاقۆت‌و مه‌رجانن.
۵۹ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۶۰ ئاخۆ پاداشی کاری چاک، غه‌یره‌ز چاکه‌دانه‌وه‌یه؟
۶۱ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۶۲ غه‌یره‌ز ئه‌مان دۆ به‌هه‌شتی‌تریش هه‌یه.
۶۳ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۶۴ که‌سکی تۆخن، به‌ڕواڵه‌ت ڕه‌ش ده‌نوێنن.
۶۵ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟
۶۶ جۆتێ کانی له‌واندا هه‌ن، فیچقه ده‌که‌ن.
۶۷ ده‌یسا ئێوه له‌کام چاکه‌ی په‌روه‌رنده‌و حاشاده‌که‌ن؟

---

۴۱-**زه‌ڕا:** چڕو چاو، ته‌حرو دیدار. ۴۴-**که‌لی:** ئاوی کوڵ هاتۆ. ۶۴-**که‌سکی تۆخ:** یه‌کجار سه‌وز.

فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴿٦٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٩﴾
فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ ﴿٧٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧١﴾ حُورٌ
مَّقْصُورَٰتٌ فِى ٱلْخِيَامِ ﴿٧٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٣﴾
لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ﴿٧٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٧٥﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِىٍّ حِسَانٍ ﴿٧٦﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٧﴾ تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٧٨﴾

## سُورَةُ الوَاقِعَةِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ﴿١﴾ لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ ﴿٢﴾ خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ
﴿٣﴾ إِذَا رُجَّتِ ٱلْأَرْضُ رَجًّا ﴿٤﴾ وَبُسَّتِ ٱلْجِبَالُ بَسًّا ﴿٥﴾
فَكَانَتْ هَبَآءً مُّنۢبَثًّا ﴿٦﴾ وَكُنتُمْ أَزْوَٰجًا ثَلَٰثَةً ﴿٧﴾ فَأَصْحَٰبُ
ٱلْمَيْمَنَةِ مَآ أَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴿٨﴾ وَأَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ مَآ أَصْحَٰبُ
ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴿٩﴾ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ ﴿١٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿١١﴾
فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿١٢﴾ ثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ وَقَلِيلٌ مِّنَ ٱلْءَاخِرِينَ
﴿١٤﴾ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ ﴿١٥﴾ مُّتَّكِـِٔينَ عَلَيْهَا مُتَقَٰبِلِينَ ﴿١٦﴾

۶۸ لەناویاندا میوەجات و دارەخورماو هەنار هەیە.
۶۹ دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشادەکەن ؟
۷۰ لەناویاندان گەلێ کیژی ئاکارچاک و بەدیمەن جوان.
۷۱ دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشادەکەن ؟
۷۲ زەری چاوڕەش لەناو خێوەتاندا دەژین.
۷۳ دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشادەکەن ؟
۷۴ کە بەرلەوان هیچ مرۆو هیچ جنۆکەیەک، هەرگیز دەستی بۆنەبردۆن.
۷۵ دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشادەکەن ؟
۷۶ لەسەر ڕایەخی کەسک و جوان پاڵ دەکەون؛ کە وێنەیان لەدنیادا نەبینراوە.
۷۷ دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشادەکەن ؟
۷۸ ممبارەکە ناوی پاکی پەروەرندەت؛ خاوەن شکۆو شایانی ڕێزلێگرتنە.

## واقیعه

۹۶ ئایەت

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

۱ هەرگا ڕۆداوەکە ڕۆیدا، ۲ کەس ناتوانێ لەو ڕۆداوە حاشابکا.
۳ بەرز دەکاو نزم دەکا؛ ۴ کاتێ زەوین ڕادەتلەکێ بەڕاتلەکان، ۵ کەژیش
دەهاڕێن بەهاڕین، ۶ لەچەشنی تۆز بڵاودەبن، ۷ ئێوە دەکرێنە سێ تیرە:
۸ تیرەیەکیان دەستی ڕاستیو بەختیارن. ۹ تیرەی تریان دەستی چەپیو
نەگبەتبارن. ۱۰ تیرەیەکیش لەپێشەوەن، وەپێش کەوتۆن. ۱۱ کە ئەوانە
لەئێمەوە نزیک کەوتۆن. ۱۲ لەباغاتی تژی لە خۆشیدا دەژین. ۱۳ بەشێک
لەوانی پێشینە، ۱۴ کەمێکیش لەوانی پاشین، ۱۵ لەسەر تەختی
جەواهیربەند، ۱۶ هەمبەربەیەک پاڵ دەکەفن.

---

۷۲-زەری: جوانی سپی پێستی ئامال زەرد. ۴-ڕاتەلەکان: جۆڵانی بە توند. ۱۲-تژی: پڕ، لێواولێو.

يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَٰنٌ مُّخَلَّدُونَ ﴿١٧﴾ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ
﴿١٨﴾ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ ﴿١٩﴾ وَفَٰكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ
﴿٢٠﴾ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٢١﴾ وَحُورٌ عِينٌ ﴿٢٢﴾ كَأَمْثَٰلِ ٱللُّؤْلُوِ
ٱلْمَكْنُونِ ﴿٢٣﴾ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٤﴾ لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا
تَأْثِيمًا ﴿٢٥﴾ إِلَّا قِيلًا سَلَٰمًا سَلَٰمًا ﴿٢٦﴾ وَأَصْحَٰبُ ٱلْيَمِينِ مَآ أَصْحَٰبُ
ٱلْيَمِينِ ﴿٢٧﴾ فِى سِدْرٍ مَّخْضُودٍ ﴿٢٨﴾ وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ ﴿٢٩﴾ وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ
﴿٣٠﴾ وَمَآءٍ مَّسْكُوبٍ ﴿٣١﴾ وَفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ ﴿٣٢﴾ لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا
مَمْنُوعَةٍ ﴿٣٣﴾ وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ ﴿٣٤﴾ إِنَّآ أَنشَأْنَٰهُنَّ إِنشَآءً ﴿٣٥﴾ فَجَعَلْنَٰهُنَّ
أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتْرَابًا ﴿٣٧﴾ لِّأَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ ﴿٣٨﴾ ثُلَّةٌ مِّنَ
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٩﴾ وَثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْءَاخِرِينَ ﴿٤٠﴾ وَأَصْحَٰبُ ٱلشِّمَالِ مَآ أَصْحَٰبُ
ٱلشِّمَالِ ﴿٤١﴾ فِى سَمُومٍ وَحَمِيمٍ ﴿٤٢﴾ وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿٤٣﴾ لَّا بَارِدٍ
وَلَا كَرِيمٍ ﴿٤٤﴾ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُتْرَفِينَ ﴿٤٥﴾ وَكَانُوا۟ يُصِرُّونَ
عَلَى ٱلْحِنثِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٤٦﴾ وَكَانُوا۟ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا
وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿٤٧﴾ أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٤٨﴾ قُلْ إِنَّ
ٱلْأَوَّلِينَ وَٱلْءَاخِرِينَ ﴿٤٩﴾ لَمَجْمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٥٠﴾

۱۷ تازه‌لاوی هه‌میشه‌لاو، له‌ده‌وره‌یان دێن و ده‌چن. ۱۸ به زه‌رک و به‌تونگه‌و
پیاڵه، باده‌ی ڕه‌وان له‌سه‌ر چاوه‌یان ده‌ده‌نێ. ۱۹ نه له‌خومار سه‌ریان
دێشێ و نه ئاوه‌زیش له‌ده‌ست ئه‌ده‌ن. ۲۰ میوجاتیش، هه‌رکامی هه‌ڵی
ده‌بژێرن، ۲۱ گۆشتی مه‌لیش، له‌وانه‌ی ئاره‌زۆی ده‌که‌ن، ۲۲ کیژی سپی
چاوبه‌ڵه‌کیش، ۲۳ هه‌مۆ ئیژی مرارین له‌ناو قاپۆڕدا، ۲۲ پاداشی
کرده‌وه‌یانه. ۲۵ که له‌وێدان، نه قسه‌ی هه‌رزه ده‌بیسن، نه وتارێکی
ناڕه‌وا. ۲۶ مه‌گین درووود له‌یه‌کتر که‌ن و وه‌رامی پێ‌بده‌نه‌وه. ۲۷ ئه‌وی
تیره‌ی ده‌سته‌ڕاستن؛ ئه‌وان چۆن به‌خته‌وه‌رێکن؟ ۲۸ لای دارکناری
بێ‌چقڵن. ۲۹ مۆزی پاڵ‌پێکه‌وه‌دراویش، ۳۰ سیبه‌رێکی بێ‌بڕانه‌وه‌ش،
۳۱ ئاویش هه‌روهه‌ر ڕه‌وانه، ۳۲ میوه‌ش زۆرو زه‌به‌نده‌یه، ۳۳ نه دوایی دێ و
نه پاوانه، ۳۲ نوێن و بانی به‌رزو نه‌رم، ۳۵ ئێمه خۆمان کیژه‌کانمان
به‌تایبه‌تی به‌رهه‌م هێنا؛ ۳۶ بڕیارمان بۆدان هه‌ر کچ‌بن.
۳۷ شۆخۆشه‌ویس، هاوته‌مه‌نن، ۳۸ به‌شی ده‌سته‌ڕاستیه‌کانن. ۳۹ هێندێک
له‌وانی پێشینه؛ ۴۰ هێندێکیش له‌پاشینه‌کان. ۴۱ ئه‌وانه‌ش که ده‌سته‌ی
چه‌پن، تۆشی چ‌نه‌گبه‌تێک هاتۆن؟ ۴۲ وان له‌ناوه‌ند گڕه‌باو ئاواکه‌لی‌دا.
۴۳ چڕه‌دۆکه‌ڵ سێبه‌ریانه. ۴۴ نه فێنکایی تێدا هه‌یه، نه له‌به‌ری ده‌سێنه‌وه.
۴۵ چونکه ئه‌وان له‌دنیا خۆش‌گوزه‌ران بۆن. ۴۶ له‌سه‌ر گوناهانی گه‌وره پێداگر
بون. ۴۷ ئه‌شیان وت: ئاخۆ گه‌ر ئێمه بۆینه خۆڵ و چه‌ندپێشه‌یه‌ک،
دیسان زیندۆده‌کرێینه‌وه؟ ۴۸ یان باف و کالانی ئێمه؟
۴۹ بێژه: بێ‌شک، ئه‌وی له‌پێشۆدابۆن و ئه‌وانی له‌دوایی هاتۆن، ۵۰ به‌کۆمه‌ڵ
کۆده‌کرێنه‌وه؛ له‌ژوانگه‌ی ڕۆژێ که دیاری‌کراوه.

---

۳۳-پاوان: قه‌ده‌غه. ۴۸-باف: باوک.

ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا ٱلضَّآلُّونَ ٱلْمُكَذِّبُونَ ﴿٥١﴾ لَأٓكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ ﴿٥٢﴾
فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٥٣﴾ فَشَٰرِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْحَمِيمِ ﴿٥٤﴾ فَشَٰرِبُونَ
شُرْبَ ٱلْهِيمِ ﴿٥٥﴾ هَٰذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿٥٦﴾ نَحْنُ خَلَقْنَٰكُمْ فَلَوْلَا
تُصَدِّقُونَ ﴿٥٧﴾ أَفَرَءَيْتُم مَّا تُمْنُونَ ﴿٥٨﴾ ءَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ
ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٥٩﴾ نَحْنُ قَدَّرْنَا بَيْنَكُمُ ٱلْمَوْتَ وَمَا نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ ﴿٦٠﴾
عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ أَمْثَٰلَكُمْ وَنُنشِئَكُمْ فِى مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ وَلَقَدْ
عَلِمْتُمُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْأُولَىٰ فَلَوْلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ
﴿٦٣﴾ ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ﴿٦٤﴾ لَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَٰهُ
حُطَٰمًا فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ ﴿٦٥﴾ إِنَّا لَمُغْرَمُونَ ﴿٦٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ
﴿٦٧﴾ أَفَرَءَيْتُمُ ٱلْمَآءَ ٱلَّذِى تَشْرَبُونَ ﴿٦٨﴾ ءَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ ٱلْمُزْنِ
أَمْ نَحْنُ ٱلْمُنزِلُونَ ﴿٦٩﴾ لَوْ نَشَآءُ جَعَلْنَٰهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ
﴿٧٠﴾ أَفَرَءَيْتُمُ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى تُورُونَ ﴿٧١﴾ ءَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَآ أَمْ
نَحْنُ ٱلْمُنشِـُٔونَ ﴿٧٢﴾ نَحْنُ جَعَلْنَٰهَا تَذْكِرَةً وَمَتَٰعًا لِّلْمُقْوِينَ
﴿٧٣﴾ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٤﴾ ۞ فَلَآ أُقْسِمُ
بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿٧٦﴾

۵۱ ئه‌وسا ئێوه ئه‌ی گومڕایانی بێ‌باوه‌ڕ! ۵۲ ده‌بێ به‌ری داری زه‌قنه‌مۆتێ
بخۆن. ۵۳ گه‌ده‌تانی لێ‌پڕبکه‌ن. ۵۴ ئه‌وسا ئاواکه‌لی به‌سه‌ر ئه‌ودا
وه‌خۆن؛ ۵۵ وه‌کو چۆن وشتری تینوۆ بێته‌سه‌رئاو. ۵۶ ڕۆژی ژمار وایان
میوانداری ده‌کرێ. ۵۷ ئێمه ئێوه‌مان دروس‌کرد، سا بۆچی باوه‌ڕتان
نه‌بۆ؟ ۵۸ ئاخۆ ئێوه ئه‌و ئاوی شاوه‌ته‌و دیوه، که ده‌یرێژن؟ ۵۹ ئاخۆ ئێوه
وه‌دی‌دێنن، یانه ئێمه وه‌دی‌دێنین؟ ۶۰ ئێمه بڕیاری مه‌رگمان بۆتان
داوه‌و که‌س وه‌پێش ئێمه ناکه‌وێ؛ ۶۱ که به‌چینێکی وه‌ک ئێوه
وه‌تان‌گۆڕین و ته‌رزێکتان سازبده‌ینه‌وه، که ئێوه هایتان لێ‌نیه. ۶۲ خۆ
ئێوه له‌دروست بۆنی یه‌که‌م‌جارتان ئاگادارن؛ ده‌ی بۆ هیچ بیرناکه‌نه‌وه؟
۶۳ ئاخۆ ئه‌وتۆمه‌ی ده‌یچێنن، دیتوتانه؟ ۶۴ پێتان وایه ئێوه‌ن که
به‌رهه‌می‌دێنن، یان ئێمه بۆتان ده‌ڕوێنین؟ ۶۵ گه‌ر ئێمه بمان‌ویستایه،
ده‌مانکرده پۆشی به‌ربا؛ ئه‌وسا ئێوه سه‌یرۆده‌کرد. ۶۶ ده‌وگوت: ئێمه
دۆڕاندمان؛ ۶۷ به‌ڵکو بێ‌به‌ش ماوینه‌وه. ۶۸ ئاخۆ ئه‌وئاوه‌تان دیوه،
ده‌یخۆنه‌وه؟ ۶۹ ئاخۆ ئێوه له‌وهه‌وره‌وه ناردۆتانه، یان ئێمه بۆمان
باراندۆن؟ ۷۰ گه‌رئێمه بمان‌ویستایه، دمانکردبه ئاوێکی‌تاڵ؛ده‌یسا بۆ
شوکرانه‌ناکه‌ن؟ ۷۱ ئاخۆ ئه‌و ئاگره‌و دیوه هه‌ڵیده‌که‌ن؟ ۷۲ ئێوه داری
ئاگره‌که‌تان دروس کرد، یان ئێمه وه‌دیمان‌هێنا؟ ۷۳ ئێمه ئه‌ومان کرده
هۆی بیره‌وه‌ری‌و به‌ڕێوه‌چونی ژیانی هه‌رده‌گه‌ڕان. ۷۴ سا تۆ ناوی
په‌روه‌رنده‌ی مه‌زنی خۆت، هه‌ر به‌پاکی‌و دۆره‌که‌مایه‌سی بێنه. ۷۵ ده‌سا
سوێندم به‌وشوێنانه‌ی ئه‌ستێره‌یان لێ هه‌ڵدین‌و ئاوا ده‌بن، ۷۶ بێ‌گومان
- ئه‌گه‌ر بیزانن - ئه‌مه سوێندێکی گه‌وره‌یه.

---

۵۳- گه‌ده: سک، ورگ. ۶۱- های: خه‌به‌ر، ئاگا. ۷۳- هه‌رده‌گه‌ڕ: ته‌ره، چۆڵگه‌رد.

إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ٧٧ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ٧٨ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا
ٱلۡمُطَهَّرُونَ ٧٩ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٨٠ أَفَبِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ
أَنتُم مُّدۡهِنُونَ ٨١ وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ ٨٢ فَلَوۡلَآ
إِذَا بَلَغَتِ ٱلۡحُلۡقُومَ ٨٣ وَأَنتُمۡ حِينَئِذٖ تَنظُرُونَ ٨٤ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ
إِلَيۡهِ مِنكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُبۡصِرُونَ ٨٥ فَلَوۡلَآ إِن كُنتُمۡ غَيۡرَ مَدِينِينَ
٨٦ تَرۡجِعُونَهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٨٧ فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ
٨٨ فَرَوۡحٞ وَرَيۡحَانٞ وَجَنَّتُ نَعِيمٖ ٨٩ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ
ٱلۡيَمِينِ ٩٠ فَسَلَٰمٞ لَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ ٩١ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ
ٱلۡمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ ٩٢ فَنُزُلٞ مِّنۡ حَمِيمٖ ٩٣ وَتَصۡلِيَةُ جَحِيمٍ
٩٤ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ حَقُّ ٱلۡيَقِينِ ٩٥ فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ ٩٦

## سُورَةُ الحَدِيدِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١ لَهُۥ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ٢
هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٣

۷۷ بێ‌گومانه ئه‌مه قورئانی به‌ڕێزه.
۷۸ له‌ناوه‌ڕۆکی نووسراوێک وه‌شێراوه.
۷۹ غه‌یره‌ز پاکان که‌س ناتوانێ ده‌ستی لێدا.
۸۰ له‌داهێنه‌ری دنیاوه ناردراوه.
۸۱ ئاخۆ ئێوه به‌م قسه گه‌مه‌تان دێتێ؟
۸۲ ده‌یکه‌نه بژیوی خۆتان، که باوه‌ڕی پێ ناهێنن؟
۸۳ ئه‌دی ساتێ مردن قوڕقوڕاگه‌ی گرتوون،
۸۴ ئێوه‌ش چاوه‌نۆڕی مه‌رگن.
۸۵ ئێمه‌ش ئه‌وسا زۆر له‌نگۆی لێ‌نزیکترین؛ به‌ڵام هه‌ر ئێوه‌ن نابینن.
۸۶ ئه‌وسا ئه‌گه‌ر پێتان‌وایه ناکه‌ونه‌به‌ر پرسینه‌وه،
۸۷ ئه‌گه‌ر لاتان‌وایه ڕاستن، ده له‌مردنی وه‌گێڕن.
۸۸ به‌ڵام ئه‌وه‌ی نزیکی ئێمه‌یه‌و ده‌مرێ،
۸۹ له‌پاداشا ده‌سێته‌وه‌و، ده‌چته به‌هه‌شتی پڕخۆشی.
۹۰ ئه‌گه‌ریش له‌وکه‌سانه‌بۆ که ده‌گه‌ڵ ده‌سته‌ڕاستانن،
۹۱ درووود بۆتۆ، له‌وکه‌سانه‌ی ده‌سته‌ڕاستن.
۹۲ به‌ڵام ئه‌گه‌ر له‌وانه‌بۆ که باوه‌ڕیان نه‌هێناوه‌و گومڕابۆگن،
۹۳ له‌ئاواکه‌لی میوانن.
۹۴ ده‌شی به‌نه دۆژه‌هه‌وه.
۹۵ بێ‌گومان ڕاست هه‌رئه‌مه‌یه.
۹۶ سا تۆ ناوی په‌روه‌رنده‌ی مه‌زنی خۆت، هه‌ر به‌پاکی‌و دۆره‌که‌مایه‌سی بێنه.



## حه‌دید

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤانە

۲۹ ئایه‌ت

۱ هه‌رچی هه‌یه له‌عاسمانه‌کان‌و زه‌مین، گشتی په‌سنی خودا‌ده‌ده‌ن؛ ئه‌ویش خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتی له‌کارزانه.
۲ ئه‌م عاسمانانه و زمینه هه‌مۆ به‌رفه‌رمانی ئه‌ون. زیندۆده‌کاو ده‌ش‌مرێنێ‌و له‌سه‌ر هه‌مۆشت توانایه.
۳ پێشۆ ئه‌وه‌و، دوایی ئه‌وه‌و، له‌به‌رچاوه‌و نادیاره‌و، له هه‌مۆ شت ئاگاداره.

هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ
عَلَى ٱلْعَرْشِ ۚ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ۖ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ
بَصِيرٌ ﴿٤﴾ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ
﴿٥﴾ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ ۚ وَهُوَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ
ٱلصُّدُورِ ﴿٦﴾ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُوا۟ مِمَّا جَعَلَكُم
مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۖ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَأَنفَقُوا۟ لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿٧﴾
وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۙ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ وَقَدْ
أَخَذَ مِيثَٰقَكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبْدِهِۦٓ
ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ لِّيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمْ
لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٩﴾ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَا يَسْتَوِى مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ
وَقَٰتَلَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَقَٰتَلُوا۟ ۚ
وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١٠﴾ مَّن ذَا
ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥ وَلَهُۥٓ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿١١﴾

۴ ئه‌م گش عاسمانان‌و هه‌رده‌ی به‌شه‌ش ڕۆژان وه‌دیهێناو له‌پاش ئه‌وه‌، له‌سه‌ر ته‌ختی فه‌رمانڕه‌وایی دامه‌رزا. هه‌رچی به‌زه‌ویدا ڕۆچیّ‌و هه‌رچی لێی وه‌ده‌ربکه‌ویّ‌و هه‌رچی له‌عاسمان دێته‌خوار، هه‌رچی پیا سه‌رده‌که‌ویّ، ئه‌و ده‌یزانیّ‌و له‌هه‌ر کویّ‌بن، ده‌گه‌ڵتانه‌و خوا کرده‌وه‌تان ده‌بینیّ.
۵ له عاسمانان‌و زه‌میندا ده‌سته‌ڵات هه‌ر به‌ده‌ست ئه‌وه‌و هه‌مۆکارێک ده‌برێنه‌وه‌ بۆلای خودا.
۶ شه‌و ده‌ڕۆژیّ هه‌ڵده‌کێشیّ و ڕۆژیّ ده‌ناوشه‌و ڕاده‌کاو له‌نهێنی هه‌مۆ دڵان ئاگاداره‌.
۷ بڕوابێنن به‌خوداو پێغه‌مبه‌ری خواو له‌وماڵه‌ی بۆی هێشتۆنه‌وه‌، له‌ڕای خودا به‌خت بکه‌ن. ئه‌وکه‌سانه‌ی له‌ئێوه‌، خاوه‌ن باوه‌ڕن‌و ماڵ له‌ڕای خودا ده‌به‌خشن، پاداشی مه‌زنیان هه‌یه‌.
۸ ئه‌دی چیتانه‌ باوه‌ڕی ناکه‌ن به‌خوا؟ که‌چی پێغه‌مبه‌ریش داواتان لێده‌کا، تا به‌ په‌روه‌رنده‌ی خۆتان بڕوابێنن. ئه‌گه‌ر باوه‌ڕیتان هه‌بیّ، ئێوه‌ په‌یمانۆ پێداوه‌.
۹ هه‌ر ئه‌ویشه‌ چه‌ندنیشانه‌ی دیاری‌ده‌ره‌ی بۆسه‌ر عه‌بدی خوی نارده‌ خوار، تا له‌تاریکی ده‌رۆخاو به‌ره‌و ڕۆناکیتان به‌ریّ. که‌ خوا سه‌باره‌ت به‌ئێوه‌ دڵسۆزێکی دلۆڤانه‌.
۱۰ ده‌ی چیتانه‌ ماڵی خۆتان له‌ڕای خودا به‌خت ناکه‌ن؟ که‌ هه‌رشتێک له‌ ئاسمانان‌و زه‌ویدان، هه‌ر بۆ خودا ده‌مێننه‌وه‌. ئه‌وکه‌سانه‌ی له‌پێش گرتنی مه‌ککه‌دا ماڵی خۆیان به‌خت کردو ده‌گز نه‌یاره‌کان ڕاچۆن، پایه‌ی هه‌ره‌به‌رزیان هه‌یه‌؛ ده‌گه‌ڵ ئه‌وکه‌سه‌ وه‌ک یه‌ک نین که‌ له‌ پاشان ماڵی خۆی به‌خت کردوه‌و ده‌گز دوژمنان ڕاچوه‌. که‌ هه‌مۆشیان خودا به‌ڵێنی پێداون چاکه‌یان ده‌رباره‌ده‌کا. خودا له‌هه‌رکاریّ ده‌یکه‌ن، ئاگاداره‌.
۱۱ کێی وا هه‌یه‌ وامیّ ڕه‌وا بدا به‌خوا تا چه‌ند قاتی بداته‌وه‌و پاداشی باشیشی هه‌بی؟

يَوۡمَ تَرَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَسۡعَىٰ نُورُهُم بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَبِأَيۡمَٰنِهِم
بُشۡرَىٰكُمُ ٱلۡيَوۡمَ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ ذَٰلِكَ
هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٢ يَوۡمَ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتُ لِلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱنظُرُونَا نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا
فَضُرِبَ بَيۡنَهُم بِسُورٖ لَّهُۥ بَابُۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحۡمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ
ٱلۡعَذَابُ ١٣ يُنَادُونَهُمۡ أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمۡ فَتَنتُمۡ
أَنفُسَكُمۡ وَتَرَبَّصۡتُمۡ وَٱرۡتَبۡتُمۡ وَغَرَّتۡكُمُ ٱلۡأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَآءَ أَمۡرُ
ٱللَّهِ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ١٤ فَٱلۡيَوۡمَ لَا يُؤۡخَذُ مِنكُمۡ فِدۡيَةٞ وَلَا
مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ مَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُۖ هِيَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ
١٥ ۞ أَلَمۡ يَأۡنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخۡشَعَ قُلُوبُهُمۡ لِذِكۡرِ ٱللَّهِ
وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلۡحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلُ
فَطَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَمَدُ فَقَسَتۡ قُلُوبُهُمۡۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ١٦
ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ
لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ١٧ إِنَّ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ وَأَقۡرَضُواْ
ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا يُضَٰعَفُ لَهُمۡ وَلَهُمۡ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ١٨

١٢ ڕۆژێک دێ کە تۆ دەبینی مێرووژنی خاوەن‌باوەڕ، تیشک‌دانەوەی کردەیان پێش کەوتووەو لەلای ڕاستیانەوە دەڕوا. خۆشی لەخۆتان ئەمڕۆکە دەچنە ناو باغاتێکەوە جۆباریان بەبەردادەڕواو هەروهەر، هەر تیادەبن. ئەمەیە بەهرەی زۆرگرینگ.

١٣ ئەوێ ڕۆژێ دوڕازەکانی مێروژن، وەخاوەن‌باوەڕان ئێژن: ئێوە لامان لێ‌بکەنەوە تا تروسکێک لەڕۆناکیتان وەرگرین. پێیان ئێژن: بەرەودوای خۆتان وەگەڕێن، لەوێ ڕۆناکی پەیداکەن. ئیتر ئەوسا شوڕەیەکیان لەنێوان دەبێتەلەمپەر، درگای هەیە؛ لەژوورەوەی بەزەوی‌یەو لەدەرەوەی جەزرەبەیە.

١٤ بانگیان دەکەن: ئاخۆ ئێمەش هەر دەگەڵ ئێوەدا نەبوین؟ ئێژن: ئارێ؛ بەڵام ئێوە خۆتان تووشی بەڵاکردو چاوەنۆڕبوون و دوودڵی لێونەگەڕاو بەئارەزۆ فریوتان‌خوارد؛ هەتا فەرمانی خودا هات؛ شەیتان ئێوەی بەخودا بادی‌هەواکرد.

١٥ ئیتر ئەمڕۆنە لەئێوەو نە لەوانەی خوانەناس بوون، سەرانەو لێ وەرناگیرێ. جێو ئاگرەو هەر ئەویشتان پێ‌ڕەوایەو چارەنووستان زۆر خراپە.

١٦ بۆ کەسانی خاوەن‌باوەڕ، ئاخۆ ئەودەمە نەگەیوە کە دڵیان بۆیادی خوداو بۆ ئەو ڕاستەی ناردوێەتی بکورکێنێ‌و بەدەردی ئەوانە نەچن کە دەپێشدا ئێمە کتێبمان دابوێ‌و ئەوسا لەپاش ماوەکی زۆر، تووشی دڵڕەقی هاتن‌و زۆربەیان لەڕێ لایاندا؟

١٧ ئەوەبزانن، کە خودایە زەمین زیندوودەکاتەوە، پاش مردنی. زۆرنیشانەی ئاشکرامان بۆ ئێوە ڕۆن‌کردۆتەوە، بەشکەمی ئێوە تێ‌بگەن.

١٨ بێ‌سۆ پیاوان‌و ژنانی خێرومەندو ئەوانەش کە وامی‌ڕەوا دەدەن بەخوا، چەند قاتیان پێدەگاتەوەو پاداشی باشیشیان دەبێ.

---

١٣- شوڕە: دیوار بەدەوری ماڵ‌و بێستانداو سوڕ. بەزەوی: بەزەیی، ڕۆحم.

١٤- چاوەنۆڕبوون: چاوەنۆڕی ئەوە بوون کە بڕواداران کەی تووشی بەڵاو چۆرتم دەبن.

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَۖ وَٱلشُّهَدَآءُ
عِندَ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ وَنُورُهُمۡۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ
بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٩﴾ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ
ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ
وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ
مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ
مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ﴿٢٠﴾
سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ
وَٱلۡأَرۡضِ أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ
ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٢١﴾ مَآ أَصَابَ
مِن مُّصِيبَةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ
مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴿٢٢﴾ لِّكَيۡلَا
تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ وَٱللَّهُ
لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ
ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِۗ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٢٤﴾

۱۹ ئه‌و كه‌سانه‌ی به‌خوا و پێغه‌مبه‌ره‌كانی باوه‌ڕده‌كه‌ن، له‌ڕاستی لایان‌نه‌داوه. ئه‌و كه‌سانه‌ش كه له‌ڕای خودا كوژراون، وان لای په‌روه‌رنده‌یان‌و پاداشی خۆیان پێده‌گاو ڕۆشناكی خۆیان هه‌یه. ئه‌وانه‌ش كه ناسپاسن‌و به‌نیشانه‌كانی ئێمه باوه‌ڕناكه‌ن، ئه‌وان یارانی ئاگرن.

۲۰ بزانن، ژی له‌دنیایه هه‌ر گه‌مه‌و بادی هه‌وایه‌و بۆخۆبه‌جوان نیشان دان‌و خۆ له‌سه‌ر یه‌كترڕانان‌و فره‌بوُنی عه‌ولادو داراییتانه‌و وه‌ک چناوێک به‌هۆی بارانه شین بوه‌و وه‌رزێری پێ‌خه‌نی بوه‌و به‌ره‌به‌ره‌وشک ده‌بێ‌و ده‌بینی زه‌رده‌ه‌ڵگه‌ڕاوه‌و له‌دواییدا بوه‌ته‌كاوكۆتی به‌ربا. له‌ولاش ئازاری دژوارو لێ‌خۆشبوُن‌و ڕه‌زامه‌ندی خودا هه‌یه. ژینی دنیا هه‌ر مایه‌ی خه‌ڵه‌تاندنه‌و چی‌تر نیه.

۲۱ ڕكه‌بكه‌ن بۆ به‌خشینی په‌روه‌رنده‌و ئه‌و به‌هه‌شته‌ش كه پانایی ئه‌م عه‌زمان‌و زمینه‌یه‌و بۆ ئه‌وانه ئاماده‌یه كه باوه‌ڕیان به خوداو پێغه‌مبه‌رانی خودا هه‌یه. ئه‌م چاكه‌یه له خواوه‌یه‌و ده‌رباره‌ی كه‌سێكی ده‌كا كه بۆخۆی مه‌یلی له‌سه‌ربێ. چاكه‌ی خودا زۆرگه‌وره‌یه.

۲۲ هه‌ر به‌ڵایه‌ک ڕۆده‌دا له‌م سه‌رزه‌مینه‌و هه‌ر به‌ڵایه‌ک كه به‌سه‌رخودی خۆتان دێ - به‌ر له‌وه‌ی وه‌دی بهێنین - له‌ده‌فته‌رێكدا نوُسراوه‌و ئه‌مه لای خودا هاسانه.

۲۳ هه‌تا ئێوه بۆشتێ له‌ده‌ستوُده‌چێ، خه‌م نه‌خۆن و به‌ده‌سكه‌وتوُ دڵخۆش نه‌بن. خوا هه‌ر ئه‌وانه‌ی خۆش ناوێ كه به‌فیزن‌و شانازی به‌خۆیان ده‌كه‌ن:

۲۴ ئه‌وانه‌ی ڕژدی ده‌كه‌ن‌و خه‌ڵكیش بۆڕژدی هان‌ده‌ده‌ن. هه‌ر كه‌سیش لاساری ده‌كا، خودا ئه‌وسا بێ‌نیازه‌و هه‌ر شیاوی تاریف كردنه.

---

۲۰-چناو: تۆمی وه‌شیاگ. پاچڤه‌ی ئه‌م‌پاژه واش ده‌بێ:«وه‌ک بارانێک شیناتیه‌كه‌ی وه‌رزێری پێ خه‌نی بوه‌و»

لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ
بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ
بِٱلْغَيْبِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَٰهِيمَ
وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِمَا ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ ۖ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ ۖ
وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم
بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ
وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً
ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا
رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ۖ فَـَٔاتَيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ ۖ
وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٢٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
وَءَامِنُوا۟ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ وَيَجْعَل لَّكُمْ
نُورًا تَمْشُونَ بِهِۦ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٨﴾ لِّئَلَّا يَعْلَمَ
أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ
ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢٩﴾

٢٥ ئێمه پێغه‌مبه‌رانمان نارد به‌چه‌ند به‌ڵگه‌ی ئاشكراوه‌و وێڕای ئه‌وان،
كتێب و هۆی هه‌ڵسه‌نگاندنمان نارده‌خوار؛ هه‌تا خه‌ڵك بێ جیاوازی
له‌ناویه‌كا ڕه‌فتاربكه‌ن. ئاسنیشمان ناردۆته‌خوار، كه هێزی بڕشتی زۆره‌و
زۆر به‌هره‌ی بۆ مه‌ردم تێداو؛ تا خودا بۆخۆی بزانێ كێ له‌نه‌دیار
دێته‌یاری خۆی و پێغه‌مبه‌ره‌كانی. دیاره خودا خاوه‌ن هێزو ده‌سته‌ڵاته.
٢٦ ئێمه نوح و ئیبراهیمیشمان به‌ڕێ كرد؛ پله‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تی و كتێبیشمان
دابۆ به‌نه‌ته‌وه‌كه‌یان. شاره‌زایان لێ هه‌ڵكه‌وت و له‌ڕێ لاده‌ریشیان زۆر
بۆن.
٢٧ له‌پاشان به‌شوێن ئه‌واندا گه‌لێك پێغه‌مبه‌رمان ناردن؛ دوای ئه‌وانیش
عیسای كوڕی مه‌ریه‌من ناردو ئینجیلمان پێ خه‌ڵاتكرد. دلۆڤانی و
به‌زه‌یشمان خسته دڵی په‌یڕه‌وانی؛ ئه‌و ڕه‌به‌نیه‌ش كه هه‌یانه ئێمه بۆمان
نه‌نۆسیون، بۆخۆیان دایانهێناوه. ئه‌م كاره‌شیان بۆ ڕه‌زامه‌ندی خودابۆ؛
بۆشیان نه‌كرا وه‌ك پێویسته پێكی بێنن. جا ئه‌وانه‌ی له‌واندا خاوه‌ن
باوه‌ڕبۆن، پاداشی خۆیانمان دانێ؛ زۆربه‌شیان له‌ڕێ لاده‌ربۆن.
٢٨ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! ترسۆ له خواهه‌بێ و بڕوا به پێغه‌مبه‌ری
ئه‌وبێنن. خوا دۆسه‌ره چاكه‌تان ده‌رباره‌ده‌كاو تیرێژێكتان وه‌پێش ده‌خا؛
به‌هۆی ئه‌و به‌ڕێدا بڕۆن و له‌گوناهانۆ ده‌بۆرێ و هه‌ر ئه‌ویشه خه‌تاپۆش و
دلۆڤانه.
٢٩ ئه‌هلی كتێب وانه‌زانن له‌وچاكه‌ی لای خوداهه‌یه، ئه‌وان هیچ‌شتیان
به‌ده‌سته. چاكه هه‌مۆی لای خودایه‌و هه‌ركه‌سێ خۆی مه‌یلی لێ بێ
به‌چاكه ده‌یخوێنێته‌وه‌و ئه‌وچاكه‌ی كه لای خودایه، زۆرهێژایه.

---

٢٧- ڕه‌به‌ن: سه‌ڵت، بێ‌ژن.

# سُورَةُ المُجَادَلَةِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ
وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ
مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْ ۖ إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔى
وَلَدْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ وَزُورًا ۚ وَإِنَّ
ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ
لِمَا قَالُوا۟ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ
بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ
مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ۖ فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ
مِسْكِينًا ۚ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۗ
وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ كُبِتُوا۟
كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ
عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا
عَمِلُوٓا۟ ۚ أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾



# موجادیلە

بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

٢٢ ئایەت

١ خودا قسەی ئەوژنەی بیست کە سەبارەت بەمێردەکەی دەگەڵ تۆ کێشەی
دەکردو گازندەی لای خودادەکرد. خودا دەیبیست کە ئێوە وتووێژتان بوٚ؛
خوداش بیسەروبینایە.
٢ ئەو کەسانەی لەناو ئێوە، بەپیرەکی خوٚیان ئێژن: «تۆدایکمی»؛ ژنەکان
نابن بە داکیان؛ هەر ئەو ژنانە داکیانن کە دیویانن؛ ئەوان قسەی خراپ
دەکەن و بوختانە هەڵی‌دەبەستن. خودا لەگونا دەبۆرێ و خەتاپۆشە.
٣ جا ئەوانەی بەهاوجوٚتی خوٚیان ئێژن: «توٚدایکمی» و پاشی پەشیمان
دەبنەوە، بەرلەوەی پێکەوە بنوٚن، ئەشێ کۆلەیەک ئازادکەن. خوا واوٚ
ئاموٚژگاری دەکا. خودا لەهەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.
٤ هەرکێ نەیبوٚ، با دوٚمانگی یەک لەدویەک، بەڕوٚژوبێ؛ بەرلەوە بکەن
بەیەکتر. کەسێ ئەمەشی نەتوانی، خوٚراک بەشێست هەژار بدا. ئەمە
بوٚیە کە باوەڕتان بە خواو پێغەمبەری هەبێ و ئەمە سنوٚری خودایە. بوٚ
ئەوانەش کە خودایان نەناسیوە، ئازارێکی بەژان هەیە.
٥ ئەوکەسانەی دژایەتی خوداوپێغەمبەری دەکەن، دوچاری ناچاری دەبن؛
وەک ئەوانەی بەرلەوان قەرەبەخت بوٚن. ئێمە گەلێک نیشانەی زوٚر
ئاشکرامان ناردوٚتەخوار، ئەوی بڕوایان پێ‌ناکا، بەشیان جەزرەبە
دانێکی ئاوڕوبەرە.
٦ ئەوێ ڕوٚژێ کە خوا - تێکڕا - هەموان زیندوٚ دەکاتەوە، پێیان ئێژێ
چیان‌کردوە؛ خوا کردەیانی ژماردوەو بوٚخوٚیان لەبیریان چوە. خوا لە
هەرشت ئاگادارە.

---

٢- پیرەک: ژن.

أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ مَا يَكُونُ
مِن نَّجۡوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمۡ وَلَا خَمۡسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمۡ
وَلَآ أَدۡنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكۡثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمۡ أَيۡنَ مَا كَانُواۖ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم
بِمَا عَمِلُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٧ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ
نُهُواْ عَنِ ٱلنَّجۡوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ وَيَتَنَٰجَوۡنَ بِٱلۡإِثۡمِ
وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوۡكَ بِمَا لَمۡ يُحَيِّكَ
بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ لَوۡلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُۚ حَسۡبُهُمۡ
جَهَنَّمُ يَصۡلَوۡنَهَاۖ فَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا
تَنَٰجَيۡتُمۡ فَلَا تَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوۡاْ
بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٩ إِنَّمَا ٱلنَّجۡوَىٰ
مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ لِيَحۡزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيۡسَ بِضَآرِّهِمۡ شَيۡـًٔا
إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٠ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمۡ تَفَسَّحُواْ فِي ٱلۡمَجَٰلِسِ فَٱفۡسَحُواْ يَفۡسَحِ
ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ١١

٧ ئاخۆ ئه‌تۆ نه‌تزانیوه که هه‌رشتێ له عاسمانان و زه‌وی بێ، خوا ده‌یزانێ؟
هه‌تا سێ‌که‌س به‌یه‌که‌وه چپه‌بکه‌ن، دیاره ئه‌و چواره‌مینیانه‌و پێنج‌بن
ئه‌و شه‌شه‌مینیانه‌و که‌متربن و زێده‌تربن، له هه‌رکوێ بن، ئه‌و هه‌میشه
ده‌گه‌ڵیانه‌و پاشان له ڕۆژی قیامه‌تێ، پێیان ئێژێ چه‌یان ده‌کرد. خودا
هه‌مۆشت ده‌زانێ.
٨ ئه‌ی تۆ ئه‌وانه‌ت نه‌دیوه، پێیان وترا: چپه‌مه‌که‌ن؛ ئه‌وکاره‌ی که وتیان
مه‌یکه‌ن، هه‌ر ده‌یکه‌ن و له‌ناڕه‌وا چپه‌یانه‌و گوناو سه‌رپێچی ده‌که‌ن و
له‌قسه‌ی پێغه‌مبه‌ر ده‌رده‌چن؟ خۆ ئه‌گه‌ر تۆشی تۆش ده‌بن،
ئه‌وسه‌لامه‌ی له‌تۆی ده‌که‌ن، له‌وسه‌لامه جیاوازه که خودا له‌تۆی
کردوه. له‌پاڵ خۆیانیشدا ئێژن: ده‌ی بۆ له‌سه‌ر ئه‌م وته‌یه خودا
جه‌زره‌به‌مان نادا؟ ده‌چنه جه‌هه‌نده‌م به‌سیانه‌و سه‌ره‌نجامیان
زۆرخراپه.
٩ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! هه‌رگا ئێوه چپه‌تان کرد، بۆ گوناه و
ده‌س‌درێژی و نافه‌رمانی له‌پێغه‌مبه‌ر سرته‌مه‌که‌ن؛ چپه‌که‌شتان
بۆچاکی و خۆپارێزی بێ و له‌وخودایه ترسۆ هه‌بێ که هه‌مۆتان له‌لای ئه‌و
کۆده‌کرێنه‌وه.
١٠ سرته له‌شه‌یتانه‌وه‌یه، هه‌تا خاوه‌ن‌باوه‌ڕانی پێ‌خه‌مگین کا؛ هه‌ر چه‌ند
به‌بێ‌ئیزنی خودا، هیچ زیانێکیان لێ‌نادا. با هه‌رکێ خاوه‌ن‌باوه‌ڕن،
خۆیان به خودا بسپێرن.
١١ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! هه‌رگا له‌کۆڕ پێیان‌وتن: جێگه‌وه‌که‌ن،
جێگه‌وه‌که‌ن! هه‌تا خوداش جێگه‌ی ئێوه‌بکاته‌وه. گه‌ر گوتیشیان:
ڕاسته‌وه‌بن، ڕاسته‌وه‌بن! خوا ئه‌وانه‌ی له‌نگۆ باوه‌ڕیان هێناوه‌و ئه‌و
که‌سانه‌ش که له‌زانیاری به‌شدارن، به‌چه‌ندپله به‌رزتریان ده‌کاته‌وه‌و
هه‌رکارێکی ئێوه‌بیکه‌ن، خوا ده‌یزانێ.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ
صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ
(١٢) ءَأَشۡفَقۡتُمۡ أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ
وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ
وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ (١٣) ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا
غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مَّا هُم مِّنكُمۡ وَلَا مِنۡهُمۡ وَيَحۡلِفُونَ عَلَى ٱلۡكَذِبِ
وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ (١٤) أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدًاۖ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ (١٥) ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمۡ
عَذَابٞ مُّهِينٞ (١٦) لَّن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ
شَيۡـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (١٧) يَوۡمَ يَبۡعَثُهُمُ
ٱللَّهُ جَمِيعٗا فَيَحۡلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحۡلِفُونَ لَكُمۡۖ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍۚ أَلَآ
إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ (١٨) ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمۡ ذِكۡرَ
ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ
(١٩) إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡأَذَلِّينَ (٢٠)
كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ (٢١)

۱۲ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن باوه‌ڕان! هه‌رگا ویستۆ سرته‌وه‌ل پێغه‌مبه‌ربکه‌ن، به‌ر له‌سرته‌کردنه‌که خێرێک بکه‌ن. ئه‌مه بۆ ئێوه خاسترو پاکژتره. گه‌ر نه‌شتان بۆ، ئه‌وا خودا لێو ده‌بوڕێ‌و دلۆڤانه.

۱۳ ئاخۆ له‌به‌رتان گران‌هات به‌ر له‌سرته خێرێ بکه‌ن؟ ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌شتان نه‌کردو خودا له‌مه عافوَی کردن، ده‌سا ئێوه نوێژ بکه‌ن‌و زه‌کات بده‌ن‌و به‌رفه‌رمانی خوداو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بن. خوا له‌ هه‌مۆ کرده‌وه‌تان ئاگاداره.

۱۴ ئاخۆ تۆ ئه‌وانه‌ت نه‌دیت که بۆنه دۆستی ئه‌وانه‌ی خودا غه‌زه‌بی لێ‌گرتۆن؟ له ئێوه‌نین؛ له‌وانیش نین؛ به‌درۆ سوێند به خواده‌خۆن‌و ده‌شزانن که درۆده‌که‌ن.

۱۵ خودا ئازاری دژواری بۆ ئه‌مانه سازکردوه‌و کاره‌که‌یان زۆرخراپه.

۱۶ سوێندیان کردوبوه مه‌تاڵێک بۆ خۆیان‌و بۆنه له‌مپه‌ری ڕێی خودا؛ سابۆیان ئازارێکی ئابڕوبه‌ر هه‌یه.

۱۷ نه سامان، نه ڕۆڵه‌کانیان - له به‌رامبه‌ری خوداوه - ناتوانن هیچیان بۆبکه‌ن؛ ئه‌وانه جه‌هه‌نده‌مین‌و هه‌تاسه‌ر هه‌ر له‌وێ ده‌بن.

۱۸ ڕۆژێ که خوا گشتیان زیندوَده‌کاته‌وه، ئه‌وجار سوێندێ بۆ ئه‌و ده‌خۆن، وه‌کۆ بۆ ئێوه سوێند ئه‌خۆن؛ لاشیان وایه شتێکیان ده‌باراندایه. باش بزانن که ئه‌مانه درۆزنن.

۱۹ شه‌یتان له‌سه‌ریان زاڵ‌بوه‌و یادی خودای له‌بیربردۆن؛ ئه‌وان کۆمه‌ڵه‌ی شه‌یتانن. باش بزانن که هه‌ر کۆمه‌ڵه‌که‌ی شه‌یتان زیانبارن.

۲۰ ئه‌و که‌سانه‌ی دژایه‌تی خوداو پێغه‌مبه‌ری ده‌که‌ن، له هه‌مۆکه‌س زه‌بۆن‌ترن.

۲۱ خودا خۆی بڕیاری داوه: بێ‌گومانه من‌و پێغه‌مبه‌ره‌کانم سه‌ر ده‌که‌وین. خوا توانای به‌ده‌سته‌ڵاته.

---

**۱۶-مه‌تاڵ:** قه‌ڵغان، سپه‌ر. **له‌مپه‌ر:** به‌رگر، مانیع.

لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ
حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ
أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ
ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى
مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟
عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾

## سُورَةُ الحَشْرِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ
﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ مِن دِيَـٰرِهِمْ
لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ ۚ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا۟ ۖ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ
حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا۟ ۖ وَقَذَفَ
فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ ۚ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِى ٱلْمُؤْمِنِينَ
فَٱعْتَبِرُوا۟ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَبْصَـٰرِ ﴿٢﴾ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ
ٱلْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ﴿٣﴾

٢٢ تۆنابینی ئەوانەی باوەڕیان هەیە بەخوداو بە ڕۆژی‌سەلا، نابێ هەرگیز بِبنە دۆستی ئەوکەسانەی پێچەوانەی خوداو پێغەمبەری خودان. تەنانەت ئەگەر باوکیشیان، یان فرزەندیان، یان برایان، یان لە هۆزەکەی خۆیان بن؛ کە ئەمانە خودا بڕوای لە دڵیان جێگیر کردوەو بەهێزێکی تایبەتی خۆی یاری کردوُن؛ دەیان‌نێرێتە باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتاسەر هەر لەوێ دەبن؛ خودایان لیِ‌ڕازی بوەو ئەوانیش لەخودا ڕازین. ئەوانە کۆمەڵەی خودان؛ باش بزانن هەر کۆمەڵی خوا ڕزگارن.

## حەشر



بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

٢٤ ئایەت

١ هەر بەپاکی‌و بێ‌عەیبی خودا هەڵدەڵێن، هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەمیندا هەن؛ هەر خۆی خاوەن دەستەڵات‌و لەکارزانە.
٢ کە هەر ئەوە کۆمەڵی پێ‌نەزانانی، لەوانەی ئەهلی‌کتێب بوُن - لە وەدەرنانی هەوەڵ‌دا - لەزێدی خۆ تەرەکردن. ئێوە پێتان وانەبوُ کە دەردەکەون؛ خۆشیان وایان خەیاڵ دەکرد قەڵاکانیان لەخودایان دەپارێزێ. خودا لەشوێنێکی واوە پارێزی بردەسەر ئەوان، کە لە خەیاڵیشیان نەبوُ. وای تزس هاویشتە دڵیان، ماڵی خۆیان بەدەستی خۆو بەدەستی خاوەن‌باوەڕان، کاول دەکرد. سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن‌ئاوەزان!
٣ ئەگەر خودا ئاوارەیی لەسەر ئەوان نەنوُسیبا، هەر لەدنیا توُشی ئازاری دەکردن و لەودنیاش بەشیان ئازاری بەئاگربوُ.

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۖ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ
ٱلۡعِقَابِ ٤ مَا قَطَعۡتُم مِّن لِّينَةٍ أَوۡ تَرَكۡتُمُوهَا قَآئِمَةً
عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيُخۡزِيَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٥ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ
عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ
قَدِيرٞ ٦ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ
وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ
دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا
نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٧
لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأَمۡوَٰلِهِمۡ
يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ٨ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ
يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ
مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ
وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٩

٣ ئه‌مه‌ش چونکه ئه‌وان دژی خوداوپێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بوْن. هه‌رکه‌ش دژی خوداو پێغه‌مبه‌ری ئه‌وبێ، توْڵه‌ی خودا زوْر دژواره.

٥ هه‌ردار خورمایه‌کتان برِی، یان لێی‌گه‌رِان له‌سه‌ر ره‌گی خوْ بمێنن، هه‌موْی به‌ئیزنی خودا بوْ؛ تا ئه‌و له‌رێ‌لاده‌رانه توْشی سوْکایه‌تی‌بکا.

٦ هه‌رتالاْنێک له‌دانیشتوْی ئه‌و گوندانه که خوا دای به پێغه‌مبه‌ری، ئه‌وانه‌نین که ئێوه به‌سواری ئه‌سپ یان به‌وشتره‌وه بوْی چوْن. به‌لاْم خوا پێغه‌مبه‌رانی - ئه‌گه‌ر حه‌زکا- له‌سه‌ر هه‌رکه‌سێ زاڵ ده‌کا. خوا بوْ هه‌موْشت توانایه.

٧ هه‌رتالاْنێ له‌دانیشتوْی ئه‌و شارانه خوا بوْ پێغه‌مبه‌ری ناردوه، بوْ خوداو بوْ پێغه‌مبه‌ریه‌و بوْ خزمه‌نزیکه‌کان و هه‌تیوان و هه‌ژاران و رێبوارانه؛ نه‌ک ببێته سه‌رمایه‌ی ئاڵ‌وگوْرکردن له‌ناو ده‌وڵه‌مه‌نده‌کانوْ؛ هه‌رچی پێغه‌مبه‌ر ده‌وداتێ، لێی وه‌رگرن؛ له هه‌رچیشتان بێ‌به‌ش کا، ده‌ستی بوْمه‌به‌ن. ده‌بێ له خودابترسن؛ که توْڵه‌ی خوا زوْردژواره.

٨ [ئه‌و تالاْنه] بوْ ئه‌و هه‌ژاره دوْره‌ولاْتانه‌یه، که له‌ماڵ و زێدی خوْیان ده‌رکراون؛ چاوه‌نوْری به‌هره‌و ره‌زامه‌ندی خوان و یاریده‌ی خوداو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ده‌که‌ن؛ که ئه‌مانه راسته‌کانن.

٩ ئه‌و که‌سانه‌ش که به‌رله‌وان له مه‌دینه نیشته‌جێ‌بوْنوْ به‌دڵ برِوایان‌هێنا، حه‌ز به‌وئاوارانه ده‌که‌ن که په‌نایان پێ‌هێناون و به دڵیش ئێره‌یی نابه‌ن به‌وه‌ی که به‌وان دراوه‌و ئه‌وان له‌پێشتر ده‌زانن، هه‌رچه‌ند ده‌ست ته‌نگیشیان هه‌یه. که‌سانێکیش خوْ له‌رِژدی ده‌پارێزن، ئه‌وانه رِزگاره‌کانن.

وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا
وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا
غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى
ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ يَقُولُونَ لِإِخۡوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ
ٱلۡكِتَٰبِ لَئِنۡ أُخۡرِجۡتُمۡ لَنَخۡرُجَنَّ مَعَكُمۡ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمۡ
أَحَدًا أَبَدٗا وَإِن قُوتِلۡتُمۡ لَنَنصُرَنَّكُمۡ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ
﴿١١﴾ لَئِنۡ أُخۡرِجُواْ لَا يَخۡرُجُونَ مَعَهُمۡ وَلَئِن قُوتِلُواْ لَا يَنصُرُونَهُمۡ
وَلَئِن نَّصَرُوهُمۡ لَيُوَلُّنَّ ٱلۡأَدۡبَٰرَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾
لَأَنتُمۡ أَشَدُّ رَهۡبَةٗ فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ
لَّا يَفۡقَهُونَ ﴿١٣﴾ لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى
مُّحَصَّنَةٍ أَوۡ مِن وَرَآءِ جُدُرِۭۚ بَأۡسُهُم بَيۡنَهُمۡ شَدِيدٞۚ تَحۡسَبُهُمۡ
جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ ﴿١٤﴾
كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَرِيبٗاۖ ذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ
أَلِيمٞ ﴿١٥﴾ كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ فَلَمَّا كَفَرَ
قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾

١٠ ئه‌و که‌سانه‌ش که له‌دوای ئه‌مانه هاتون، ئیژن: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌مان! له‌ئیمه‌و له‌وبرایانه‌مان وا پیش ئیمه باوه‌ڕیان هیناوه، خوش‌به؛ کینه‌ی ئه‌وانه‌ن مه‌خه‌دڵ باوه‌ڕداربون. ئه‌ی په‌روه‌رنده‌ی هه‌موومان! توی دڵسوزی‌و دلوڤانی.

١١ ئه‌دی نه‌تدی دوڕازه‌کان به‌هاوسونفه‌کانی خویان - له‌وانه‌ی ئه‌هلی کتیب‌و دژی دین بون - گوتیان: ئه‌ر ئیوه ده‌رکران، بیگومانه ئیمه‌ش وه‌لتان ده‌رده‌چین و هه‌رگیز به‌زیانی ئیوه گوی‌ڕایه‌ڵی هیچ‌که‌سی نابین؛ ئه‌گه‌ر ده‌گژیشتان ڕاچون، ئیمه یارمه‌تیتان ده‌ده‌ین. خواش شایه‌ته که ئه‌وانه دروزنن.

١٢ دیاره ئه‌گه‌ر ده‌ریش‌کران، ئه‌وان ده‌گه‌ڵیان ده‌رناچن؛ ئه‌گه‌ر وه‌لیشیان بجه‌نگن، ئه‌وان یاریده‌یان ناده‌ن؛ خو ئه‌گه‌ر یاریده‌شیان ده‌ن، پشتیان تیده‌که‌ن‌و هه‌ڵدین؛ له‌پاشانیش که‌سی ده‌هانایان نایه.

١٣ بی‌گومان دڵیان له‌ئیوه پترده‌ترسی تا له‌خوا؛ چونکه ئه‌وان که‌سانیکی وان تی‌ناگه‌ن.

١٤ به‌تیکڕایی ئه‌وان به‌گژتاندانایه‌ن، مه‌گین له‌ناو ئه‌و شارانه‌ی قه‌ڵای زورپته‌ویان هه‌یه؛ یان له‌ودیو دیوارانه‌وه. ناکوکی توند که‌وتوته نیوانیانه‌وه؛ تو پیت‌وایه به‌کومه‌ڵ یه‌کیان‌گرتوه، به‌ڵام دڵیان لیک بڵاوه؛ چون ئه‌مانه مه‌ردمانیکی نه‌فامن.

١٥ وه‌ک ئه‌وانه‌یان به‌سه‌ردی، که پیش ئه‌وان - به‌م زوانه - ئاکامی کرده‌ی خویان چه‌شت. ئه‌وانه ئازاریکی به‌ژانیان ده‌بی.

١٦ وه‌کوشه‌یتان، کاتی به‌بنیاده‌می‌گوت: خوامه‌ناسه؛ وه‌ختی له‌خودا ته‌کیه‌وه، گوتی: لیم نزیک مه‌به‌وه، من له‌وخودایه ده‌ترسم په‌روه‌رینی گش دنیایه.

فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِي ٱلنَّارِ خَٰلِدَيۡنِ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ
نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ
﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿١٩﴾ لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ
ٱلۡجَنَّةِۚ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا
ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ
ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ
﴿٢١﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ
هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ
ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ
﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ
يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢٤﴾

## سُورَةُ المُمۡتَحنَةِ

١٧ سەرئەنجامی هەر دوکیان هەر ئەوەیە کە تاهەتایە، لە ئاگردا دەمێننەوە.
سزای ناهەقان ئەمەیە.
١٨ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەشێ لەخودا بترسن؛ با هەرکەسێ بێنێتەوە
بەرچاوی خۆی، بۆسبەینێ چەی وەپێشەخۆی خستوەو تڕستان لەخودا
هەبێ. خودا لە هەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.
١٩ نەچن وەکۆ ئەوانەبن کە خودایان لەبیرکردو خواش ئەوانی لەبیرەخۆیان
بردەوە. ئەوانە لەڕێ لادەرن.
٢٠ ئەوکەسانەی جەهەندەمین، وەل ئەوکەسانەی بەهەشتین، وەکۆیەک
نین. هەر ئەوانەی لە بەهەشتن، بەختەوەرن.
٢١ ئەگەر ئێمە ئەمقورئانەن ناردبایەتە سەرکەژێک، تۆ دەتدی کە داهاتوەو
لەترسی خوا لەت لەت بوە. ئەم نمونانە بۆ مەردم دێنینەوە، بەشکۆ
ئەوان ڕابمێنن.
٢٢ ئەو خودایەکی ئەوتۆیە کە غەیرەزئەو کەس بۆ پەرستنێ نابێ؛ لە نەدیارو
لە دیاران ئاگادارەو دلاوایەو دلۆڤانە.
٢٣ ئەو خودایە - کە لەوبەدەر شیاوی پەرستنێک نیە - پادشایە؛
لەکەمایەسی بەدوۆرە؛ سەرچاوەی هێمنایەتی، هێمنی دەرە؛ بەسەر
هەمۆشت ڕادەگا؛ گش دەستەڵات بەدەس ئەوە؛ بەسەر هەمۆ شتدا
زاڵە؛ هیچ شتێ دەرۆستی نایە. پاکە خودا لەوشتانەی ئەوان دەیکەنە
شەریکی.
٢٤ هەر ئەوە خودای وەدیهێنی داهێنەری وێنەگەر؛ ناوی هەرەجوان بۆ
ئەوە؛ هەرشتێکی لە عاسمانان و زەمیندان، پەسنی پاکی ئەودەدەن و
هەر خۆیەتی بەدەستەڵاتی لەکارزان.



موتەحینە

١٣ ئایەت

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ
إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ
وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي
وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ
وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ١ إِن
يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم
بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ ٢ لَن تَنفَعَكُمۡ أَرۡحَامُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَفۡصِلُ بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٣ قَدۡ
كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ
إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا
وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ إِلَّا
قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ
رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ٤ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا
فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغۡفِرۡ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٥

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

١ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی دوژمنانی من و خۆتان. ئێوە دۆستایەتیۆ بەوان رادەگەینن؛ کەچی ئەوان بەودینە ڕاستەقینەیە کەبۆ ئێوە هاتۆە، بڕوایان نیە[و] لەبەرئەوە بەخودای پەروەرندەتان بەباوەڕن، ئێوەو پێغەمبەر لەزێدی خۆ دەردەکەن. ئەر بۆ خەزا لەڕای من و ڕەزامەندیم دەردەکەون،[دۆستایەتی ئەوان مەکەن]. پەنامەکی پیان ئێژن: خۆشمان دەوێن؛ کەچی ئەمن لە هەرشتێ دەیشێرنەوەو هەرشتێ ئاشکرای دەکەن، لە خۆتان ئاگادارترم. کێ لەنگۆ ئەوکارەبکا، ڕێگەی ڕاستی لێ تێکچوە.
٢ ئەگەر دەگیریان بکەون، دوژمنایەتیتان دەکەن؛ بۆ ئازارتان دەستوزمان وەکاردەخەن؛ حەزدەکەن لەدین وەرگەڕێن.
٣ ڕۆژی سەڵا، نە خزمانۆ نە جگەرگۆشەکانیشتان هەرگیز دەفریاتان نایەن؛ لێکتان جودادەکاتەوەو چی بیکەن خودا دەیبینێ.
٤ ئیبراهیم و ئەوکەسانەی دەگەڵ ئەو بوُن، بۆنگۆ نموُنەی زۆرباشن؛ کە بەهۆزەکەی خۆیان وت: ئێمە لەنگۆو لەوشتانەی - لە خوابەدەر - دەپەرستن، بەدوُرین و باوەڕمان بە ئێوەنەماو، تا هەتایە دوژمنایەتی و ڕکوُنی کەوتوُتە نێوانمانەوە؛ تا ئەوکاتەی ئێوە باوەڕ بە خودای تاقانە دێنن. جیالەوە کە ئیبراهیم بەئاپێ خۆ گوُت: داوای خۆشبوُنت بۆ دەکەم؛ دەربارەی تۆ هیچی ترم بۆ دەگەڵ خوداناکرێ. ئەی پەروەرندەی گلامان! خۆمان بە تۆ سپاردوەو هەموُمان ڕوُمان دەتۆیەو وەگەڕانی دوارۆژیش هەر بەرەوتۆیە.
٥ ئەی پەروەرندەی هەموُمان! مەمانخەبەر تیروتانەی ئەوانەی کە توُناناسن؛ لە گوناهیشمان ببوُرە؛ هەر خۆت خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانی.

لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ ۚ
وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٦﴾ ۞ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجْعَلَ
بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً ۚ وَٱللَّهُ قَدِيرٌ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿٧﴾ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم
مِّن دِيَـٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ
﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَـٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم
مِّن دِيَـٰرِكُمْ وَظَـٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ
هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٩﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَـٰتُ
مُهَـٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَـٰنِهِنَّ ۖ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَـٰتٍ
فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ ۖ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ۖ وَءَاتُوهُم
مَّآ أَنفَقُوا۟ ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۚ
وَلَا تُمْسِكُوا۟ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُوا۟ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُوا۟ مَآ أَنفَقُوا۟ ۚ
ذَٰلِكُمْ حُكْمُ ٱللَّهِ ۖ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ
شَىْءٌ مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُوا۟ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ
أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾

٦ بێگومانه ئه‌وانه نموونه‌ی باشن بۆ ئێوه‌و بۆ ئه‌وکه‌سه‌ی که هومێدی به‌خوداو رۆژی سه‌لا هه‌یه. هه‌ر که‌سێکیش خۆده‌بوێرێ، خودا په‌کی پێ‌ناکه‌وێ‌و هه‌ر شایانی په‌سن‌دانه.

٧ شایه‌د خودا له‌ناو ئێوه‌و ئه‌و که‌سانه‌ی دوژمنایه‌تیو ده‌کردن، دۆستایه‌تی دامه‌زرێنێ. خوا توانایه‌و خوا ده‌بۆرێ‌و دلۆڤانه.

٨ خودا به‌رتان لێ‌ناگرێ که ئێوه ده‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی به‌گژئێوه‌دا نه‌چوون‌و له‌زێد وه‌ده‌ریان نه‌ناون، چاکه‌یان ده‌رباره‌بکه‌ن‌و به‌یه‌کسانی ره‌فتاریان ده‌گه‌ڵدابکه‌ن. خوا مرۆی خاوه‌ن ئینسافی خوه‌ش‌گه‌ره‌که.

٩ ته‌نیا هه‌ر رێگه‌تان‌نادا ده‌گه‌ڵ ئه‌وانه ببنه‌دۆست که له‌سه‌ر دین، شه‌ریان ده‌گه‌ڵتانا کردو ئێوه‌یان له‌زێدی خۆتان ئاواره کرد. له‌سه‌ر ده‌رکردنی ئێوه‌ش، بوونه پشتیوانی یه‌کتر. هه‌رکه‌سیش ببیته دۆستیان، دیاره غه‌درێ له خۆده‌کا.

١٠ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! ئه‌گه‌ر ژنی به‌باوه‌ڕی ئاواره ده‌گاته‌لاتان، بیانخه‌نه به‌ر ئه‌زموونه‌وه. خوا له‌بیروباوه‌ڕیان ئاگادارتره. گه‌ر ناسیتانن به‌ڕاستی بڕوادارن، بۆلای خودا نه‌ناسانیان مه‌نێرنه‌وه. نه ئه‌مان به‌وان ده‌شێن‌و نه ئه‌وانیش به‌مان ده‌شێن. هه‌رچیش به‌ختیان کردوه، بیانده‌نه‌وه. گه‌ر ئێوه ماره‌یان که‌ن‌و ماره‌یه‌که‌یان بده‌نێ، هیچ گوناهێکتان ناگاتێ. ژنانی خودانه‌ناسانیش لای خۆتان گل‌مه‌ده‌نه‌وه؛ هه‌ر چیتان لێ‌به‌خت کردوون بیسێننه‌وه؛ با ئه‌وانیش هه‌رچێکی به‌ختیان کردوه داوای بکه‌ن. ئه‌مه ده‌ستووری خودایه که به نێوانتان ڕاده‌گا. خودا زانای له‌کارزانه.

١١ ئه‌گه‌ر ژنێکیشتان ره‌وی بۆلای خوانه‌ناسه‌کان‌و ئێوه تالانتان لێگرتن، به‌وکه‌سانه وا ژنه‌کانیان هه‌لاتوون، هینده‌بده‌ن که داویانه. ترسیشوو له‌وخودایه بێ که بڕواتان پێ‌هێناوه.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشۡرِكۡنَ
بِٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَلَا يَسۡرِقۡنَ وَلَا يَزۡنِينَ وَلَا يَقۡتُلۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأۡتِينَ
بِبُهۡتَٰنٖ يَفۡتَرِينَهُۥ بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ وَلَا يَعۡصِينَكَ
فِي مَعۡرُوفٖ فَبَايِعۡهُنَّ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُنَّ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ
١٢ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ
قَدۡ يَئِسُواْ مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلۡكُفَّارُ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡقُبُورِ ١٣

## سُورَةُ الصَّفِّ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ
١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ٢
كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ٣ إِنَّ
ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم
بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ ٤ وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ لِمَ
تُؤۡذُونَنِي وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡۖ فَلَمَّا
زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٥

١٢ ئەی پێغەمبەر! ئەگەر ژنانی باوەڕدار دێنەلات‌و پەیمان‌دەدەن هیچ‌شتێکی - لەخوابەدەر - نەپەرستن‌و تۆشی دزی‌وحیزی نەبن‌و منالّی خۆیان نەکوژن‌و منالّی‌تر بەدرۆ نەکەنە مندالّ مێردەکانیان‌و بۆکاری چاک لەفەرمانی تۆ دەرنەچن، ئەوساکە تۆش پەیمانیان دەگەلّ ببەستەو لێ‌خۆشبۆنیان بۆ لەخودا داوابکە. خوا دەبۆرێ‌و دلۆڤانە.

١٣ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەوکەسانەی خودا غەزەبی لێ‌گرتۆن، لەهاتنی ڕۆژی سەلّا ناهومێدبۆن؛ وەکۆ خودانەناسەکان لەمریەکانی گۆڕستان ناهومێدن.

## سەف

١٤ ئایەت

وەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ هەر شتێکی لەئاسمانان‌و زەمیندان، هەر پەسندی خوادەدەن‌و هەر ئەو خاوەن‌دەستەلّاتی لەکارزانە.

٢ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! بۆ داخێون‌و کردەوەی بەدۆدانیە؟

٣ خودا زۆر لەوە تۆڕەیە کە ئێوە شتێک بلّێن‌و ولۆنەکەن.

٤ خوا ئەو کەسانەی خۆش‌دەوێ کە بۆ خەزا لەڕای‌خودا، ڕیزدەبەستن؛ ئێژی دیواری قورقوشمە.

٥ کە مۆسا بەهۆزی خۆی گوت: گەلۆ! بۆچیم ئازار دەدەن، سۆر دەشزانن کە من پێغەمبەری خودام بۆ لای ئێوە؟ وەختێ ئەوان خۆیان لادا، خوداش دلّی وانی لادا. ئەوانەی لەڕێ دەردەچن، خودا ڕێگەی بەرەوخۆیان نیشان نادا.

---

٢-داخێون: قسە دەکەن. لە ئاخافتن: قسە کردن. ٣-ولۆ: بەم‌جۆرەز ولۆنەکەن: ئەوی گوتۆتانە نەیکەن. ٤-قورقوشم: سرپە.

وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا
لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا
جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰٓ إِلَى ٱلْإِسْلَٰمِ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ
﴿٧﴾ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ
ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ
عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴿٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هَلْ أَدُلُّكُمْ
عَلَىٰ تِجَٰرَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿١٠﴾ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ
فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١١﴾
يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ
طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٢﴾ وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا ۖ نَصْرٌ
مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوٓا۟
أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّۦنَ مَنْ أَنصَارِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ
قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ
وَكَفَرَت طَّآئِفَةٌ ۖ فَأَيَّدْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ عَلَىٰ عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا۟ ظَٰهِرِينَ ﴿١٤﴾

۶ که عیسای کوڕی مه‌ریه‌میش گوتی: ئه‌ی به‌ره‌ی ئیسرائیل! ئه‌من پێغه‌مبه‌ری خودام بۆلای ئێوه؛ئه‌و ته‌وراته ده‌سه‌لمێنم که له‌پێش مندا هاتوه؛مژده‌ۆ لێ بێ پێغه‌مبه‌رێک له‌پاش من دێ وه‌ناو ئه‌حمه‌د. وه‌ختێ به‌چه‌ند نیشانه‌ی دیاری‌ده‌ره‌وه هاته لایان،گوتیان:ئه‌مه هه‌ر به‌ئاشکرا جادوه.
۷ سا کێ له‌وه ناهه‌قتره درۆ بۆخوا هه‌ڵده‌به‌ستێ، له‌وه‌ختێکا که بۆ ئیسلام گازی ده‌کرێ؟ خودا گرۆی غه‌درکاران به‌ره‌و خۆی شاره‌زاناکا.
۸ گه‌ره‌کیانه تیشکی خودا هه‌ر به‌فوی ده‌م وه‌کوژێنن. خواش تیشکی خۆی هه‌ر سه‌رده‌خا؛ جا با خودانه‌ناسانیش خۆشیان نه‌یه.
۹ ئه‌و خودایه پێغه‌مبه‌ری خۆی به‌ڕێ‌کرد، بۆ ڕێبه‌ری‌و ڕاگه‌یاندنی دینی ڕاست، تا سه‌ری‌خا به‌سه‌ر هه‌مۆ دینه‌کاندا؛ جا با بت په‌رسته‌کانیش خۆشیان نه‌یه.
۱۰ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! ده‌تانه‌وێ مامڵه‌یه‌کتان پێ‌بێژم که له‌ئازارێکی به‌ژان ڕزگارۆکا؟
۱۱ بڕواو به‌خواو به پێغه‌مبه‌ری ئه‌و بێنن‌و به دارایی‌و گیانی خۆتان له‌ڕای خودا تێ‌بکۆشن؛ ئه‌مه بۆئێوه باشتره گه‌ر بیزانن.
۱۲ له‌گوناهانۆ ده‌بۆرێ‌و ده‌تانباته ناو باغاتێک جۆباریان به‌به‌ردا ده‌ڕواو خانوی زۆر خۆش‌و خاوێنتان له‌به‌هه‌شتی هه‌میشه‌یدا ده‌داتێ؛ ئه‌مه ده‌سکه‌وتی گه‌وره‌یه.
۱۳ شتێ‌تریش - که ئێوه حه‌زی‌لێده‌که‌ن - یاریده‌دانێ له خوداوه‌و سه‌رکه‌وتنێکی نزیکیش. ئه‌م مژده‌یه به‌باوه‌ڕداره‌کان بده.
۱۴ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن‌باوه‌ڕان! یاریکارانی خودابن، وه‌کۆ عیسای کوڕی مه‌ریه‌م به‌یارانی حه‌واری گوت: کێ به‌ره‌وخوا ده‌بێته یاریده‌ری من؟ ده‌سته‌ی حه‌واریه‌کان وتیان: ئێمه یاریده‌ری خوداین. ئه‌وسا له به‌ره‌ی ئیسرائیل هێندێکیان بڕوایان هێناو هێندیکیش هه‌ر بێ‌باوه‌ڕمان. ئیتر ئێمه خاوه‌ن‌باوه‌ڕه‌کانیانن یارمه‌تی کرد، تا ده‌رۆستی دوژمنانی خۆیان هاتن.

---

۷- **گازی ده‌کرێ:** بانگ ده‌کرێ.

# سُورَةُ الجُمُعَةِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡمَلِكِ ٱلۡقُدُّوسِ ٱلۡعَزِيزِ
ٱلۡحَكِيمِ ١ هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ
عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ
مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٢ وَءَاخَرِينَ مِنۡهُمۡ لَمَّا يَلۡحَقُواْ بِهِمۡۚ
وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٣ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ
ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٤ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ
يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ
ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥
قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ إِن زَعَمۡتُمۡ أَنَّكُمۡ أَوۡلِيَآءُ لِلَّهِ مِن
دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٦ وَلَا يَتَمَنَّوۡنَهُۥٓ
أَبَدَۢا بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ٧ قُلۡ إِنَّ
ٱلۡمَوۡتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنۡهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمۡۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ
إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٨



# جومعە

١١ ئایەت

بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ هەرچی لەناوعاسمانەکان و زەمینە، پەسنی ئەو خودایە دەدەن کە
پادشایەکی پاک و دوور لە هەمۆ کەمایەسی و بەدەستەلات و کارزانە.
٢ هەر ئەویشە لەناو نەخوێندەواراندا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆکل کردن،
کە نیشانەکانی ئەویان بۆوەخوێنێ و لە کتێب و لە کارزانی ڕایان بێنێ؛
هەر چەند ئەوان لەپێشۆدا لەو پەڕی گومڕایی دا بۆن؛
٣ بۆ هێندێ تریش لەمانە، وا هێشتا پێان نەگەیشتۆن. خودا خاوەن
دەستەلاتی لەکارزانە.
٤ ئەمە چاکەیە لەخواوە، حەزی لێ بێ دەربارەی هەرکەسی دەکا. چاکەیێ
کە لای خودایە، زور هێژایە.
٥ سەر گوروشتەی ئەو کەسانەی تەوراتیان پێ هەڵگرتۆن و لەبەردەرچۆن،
وەکۆ نەقڵی ئەو کەرەیە کە چەندکتێبی لێ بارە. سەر گوزەشتێ نالەبارە بۆ
ئەوانەی لەنیشانەکانی خودا حاشایان کرد. خوداش ئەوانەی ناهەقن
بەرەوخۆی شارەزاناکا.
٦ بێژە: ئەی ئەوانەی کە جۆن! ئەگەر ئێوە پێتان وایە - زیاد لە مرۆ - هەر
ئێوە دۆستانی خودان، دەسا ئەگەر گفتۆ ڕاستە، مردنی خۆتان بخوازن.
٧ هێندیان خراپەکردوە، هەرگیز مردنێ ناخوازن. خوداش لەناهەقیکاران
ئاگادارە.
٨ بێژە: ئەو مەرگەی کە ئێوە لێی ڕادەکەن، هەر دەۆگاتێ و پاشان هەر
دەتانبەنەوە لای زانای نەدیارو دیاران؛ ئەوسا هەر خۆی پێتان ئێژێ
چیوکردوە.

---

٣-یانێ: هێشتا بە دنیا نەهاتۆن. ٤-یا: خودا خاوەن چاکەی زۆرو زەبەندەیە. ٦-یا: بێژە ئەی ئەوانەی
کە بۆنە جۆلەکە!

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ
فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ
تَعۡلَمُونَ ٩ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ
وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ
١٠ وَإِذَا رَأَوۡاْ تِجَٰرَةً أَوۡ لَهۡوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗاۚ قُلۡ
مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ مِّنَ ٱللَّهۡوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِۚ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ١١

## سُورَةُ المُنَافِقُونَ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ
إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١
ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ
فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ٣ ۞ وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ تُعۡجِبُكَ أَجۡسَامُهُمۡۖ
وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ
صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٤

٩ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! هەر وەختێ لەڕۆژی هەینی بۆ نوێژی هەینی
بانگ ئەدرێ، ئێوە بەلەز بەرەویادی خودا بچن‌و کڕین‌و فرۆتن وێل‌کەن؛
گەر بیزانن، ئەمە بۆ ئێوە خاسترە.
١٠ هەرگا لەنوێژی بۆنەوە، بەهەردێدا بلاوبن‌و بۆچاکەی خودا بکۆشن‌و
گەلێک یادی خودا بکەن؛ شایەتا ڕزگاریتان بێ.
١١ هەرگا دیتیان مامڵەیە یان گەمەیە، بەرەو ئەوێ بلاودەبن‌و تۆ بەپێوە
بەجێ دێڵن. بێژە: ئەوی لای خودایە، لە گەمەش و لەبازرگانیش
چاترەو خوا چاکترین ڕۆزی‌دەرە.

## مونافیقون

بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١١ ئایەت

١ وەختێ دوڕوٚ دێنەلای تۆ، ئێژن: شایەتیت بۆ دەدەین کە تۆ پێغەمبەری
خودای؛ خواش دەزانێ کە تۆ پێغەمبەری ئەوی‌و خوا گەواهە کە -
بەڕاستی - هەرچی دوڕوٚن درۆزنن.
٢ سوێندي خۆیان کردوٚتە قەڵغان خۆیان‌و لەمپەرن لەڕێگەی خوداو
ئاکاریان زۆر نالەبارە.
٣ چونکە ئەمان، بەرێ باوەڕیان هێناوەو پاشان لەدین لایانداوە، چا
سەردڵیان مۆرکراوەو دەهیچ ناگەن.
٤ ئەگەر چاویشت پێکەوتن، لەقەلافەتیان سەیرت دێ. کە دەش‌پەیڤن‌و تۆ
قسەکانیان دەبیسی، ئێژی دارن بەدیوار هەڵپەسێراون. هەر هەرایەک
لەدژی خۆیان دەزانن. ئەوٚ دوژمنن؛ تۆ خۆیان لێ‌بپارێزە. خوا بیانکوژێ؛
ئەمانە ڕوٚدەکوێ‌دەکەن؟ *

---

٤-قەلافەت: بیچم. دەش‌پەیڤن: قسەدەکەن.
هەڵپەسێران: هەڵسپێران. * یا: چلۆن لە ڕێگە لادەدرێن؟!

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ
وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ٥ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ
أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ إِنَّ
ٱللَّهَ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ٦ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ
لَا تُنفِقُوا عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّوا وَلِلَّهِ
خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ
٧ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ
مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ
ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا لَا تُلْهِكُمْ
أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ
ذَٰلِكَ فَأُولَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ٩ وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَٰكُم
مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِيٓ
إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٠ وَلَن
يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ١١

## سُورَةُ التَّغَابُنِ

٥ خۆ ئەگەر پێشیان بۆترێ: وەرن پێغەمبەری خودا داوای بەخشینۆبۆدەکا؛
سەربادەدەن. دەشیانبینی فیزدەنوێنن و خۆلادەدەن.
٦ ئەگەر ئەتۆ داوای بەخشینیان بۆبکەی، یان داوای بەخشینیان نەکەی، بۆ
ئەوان تەوفیری نیە. هەرگیز خودا نایانبەخشێ. خوا گرۆی لەڕێلادەران
بەرەوخۆی شارەزاناکا.
٧ هەر ئەمانەشن کە ئێژن: شتێ مەدەن بەوکەسانەی کە لای پێغەمبەری
خودان، هەتا بڵاوەی لێدەکەن. هەمۆ سامان و گەنجینەی ئەم
عاسمانان و زەمینەش سەر بەخودان؛ بەڵام ئەو دوڕازانە هیچی
تێناگەن.
٨ ئێژن: ئەگەر گەڕاینەوە بۆمەدینە، بێگومان بەدەستەڵاتان، ڕۆت و لاتی
لێدەردەکەن. دەستەڵاتیش هەر بۆخواو بۆپێغەمبەری و ئاپۆرەی
باوەڕدارانە؛ بەڵام ئەو دوڕازانە هیچێ نازانن.
٩ ئەی گەلی خاوەنباوەڕان! سامان و زارۆڵەکانتان یادی خواتان نابێ لەبیر
بەرێتەوە. ئەوانەی وایان بەسەردێ، زیانبارن.
١٠ لەو بژیوەش کە ئێمە پێمانبەخشیون، لەڕای خودای بەخت بکەن؛ بەر
لەوەی یەکێ لە ئێوە مردن تەک بەتەکیەوەداو، بێژێ: ئەی پەروەرندەی
من! بۆچی تاماوەیێنزیک مەودات نەدام، کە ئەوسا خێران بکەم و
لەڕیزی کار چاکەکانبم؟
١١ هەر کەسێکیش وەختی مردنی هابتێ، خوا هەرگیز وەدرەنگی ناخا. خودا
لەهەرکارێ دەیکەن، ئاگادارە.

## تەغابون

١٨ ئایەت

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ
وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ١ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ
وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ٢ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ٣
يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَۚ وَٱللَّهُ
عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٤ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُ
فَذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ
رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٞ يَهۡدُونَنَا فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْۚ وَّٱسۡتَغۡنَى
ٱللَّهُۚ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٞ ٦ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي
لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ
وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَاۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٨ يَوۡمَ
يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعۡمَلۡ
صَٰلِحٗا يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا
ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩

## وەناوێخوداکەکە‌مێنەوەکەوڵوونا‌نه

۱ هەرچی هەیەو لەناوی ئەو ئاسمانانەو زمینەیە، پەسنی پاکی خودا دەدەن. هەر بۆ خۆی فەرمانڕەوایەو سپاس هەر بۆ ئەو ڕەوایەو بۆ هەموکارێک توانایە.
۲ هەر ئەویشە کە ئێوەی وەدی‌هێناوە. سا هێندێکتان باوەڕۆ پێ‌نەهێناوەو هێندێکیشتان بەبڕوایە. هەرکارێکیش ئێوە دەیکەن خوا دەیبینێ.
۳ عەزمانەکان‌و زەمینی بەڕاستی وەدی هێناوەو وێنەی بۆ ئێوە کێشاوەو شکڵێ فرەجوانی دانێ و هەر بۆلای ئەویش دێنەوە.
۴ هەرچی لەناو عەزمانان‌و زەمیندایە ئەو دەیزانێ؛ هەرشتێکیش بشێرنەوەو ئاشکراکەن، ئەو دەیزانێ و خودا لەنهێنی دڵان ئاگادارە.
۵ ئاخۆ ئێوە دەنگ و باسی ئەوکەسانەۆ پێ‌نەگەیوە کە پێشۆ خودا نەناس بۆن، سزای کردەوەیان چەشت‌و تۆشی ئازاری بەژان بۆن.
۶ چونکە ئەوان پێغەمبەرەکانی خۆیان بەبەڵگەی دیاری دەرەوە هاتنەلایان. ئەوسا وتیان: جاچۆن مرۆ دەتوانن ڕێ نیشان مە دەن؟ ئەوسا حاشایان‌کردو ڕویان‌وەرگێڕاو خوداش پەکی پێ‌نەکەوت‌و بێ‌نیازەو هەر شایانی پەسن‌دانە.
۷ ئەوانەی خوایان نەناسی، پێیان وابو هەرگیز زیندۆناکرێنەوە. بێژە: ئارێ سوێند بە پەروەرندەی خۆم، بێ‌سۆ زیندۆ دەکرێنەوە؛ پێشتان ئێژن کە چکارێکتان کردوەو ئەمەش لای خودا هاسانە.
۸ دەسا ئێوە بڕوابێنن بە خوداو بە پێغەمبەری و بەو ڕۆناکیە کە هەناردۆمانەتە خوار. خوداش لە هەرکارێ دەیکەن ئاگادارە.
۹ لەو ڕۆژەدا کە هەمۆتان - لە سەلادا - کۆوەدەکا، ئەوە ڕۆژی تێشکانە. هەر کەسێ خاوەن‌باوەڕو ئاکار چاکە، هەر خراپەیە کردۆیە، ڕای‌دەماڵێ‌و دەینێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردادەڕواو هەتاسەر هەر تیادەبن. ئەمەیە دەسکەوتی گەورە.

---

۶- مە: ئێمە. نیشان مە دەدن: نیشان ئیمە بدەن.

وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ
ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٠ مَآ أَصَابَ مِن
مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ
شَيۡءٍ عَلِيمٞ ١١ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ فَإِن
تَوَلَّيۡتُمۡ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ١٢ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٣ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا
لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ
فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤ إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ
فِتۡنَةٞۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ١٥ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ
وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ وَمَن
يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٦ إِن تُقۡرِضُواْ
ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا يُضَٰعِفۡهُ لَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ
حَلِيمٌ ١٧ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨

## سُورَةُ الطَّلَاقِ

١٠ ئەوکەسانەش کە خودایان نەناسیوەو نیشانەکانی ئێمەیان باوەڕنەکرد،
ئەوان یارانی ئاگرن‌و هەتاسەر هەر تیادەبن‌و چارەنوسیان زۆرخراپە.
١١ کەس هیچ بەڵای بەسەرنایە، مەگین خودا فەرمان بدا.هەرکێش بڕوای
بەخودابێ، دڵی شارەزای خۆی دەکاو خودا هەمۆشت دەزانێ.
١٢ بەر فەرمانی خودابن‌و پێغەمبەر چی‌وت وابکەن. خۆ ئەگەر خۆشۆببوێرن،
لە سەر پێغەمبەری ئێمە، هەر هێندەیە - بە ئاشکرا - رابگەیێنێ.
١٣ خودای مەزن، بەغەیرەز ئەو هیچ‌شت بۆ پەرستن نابێ. باوەڕداران با خۆ
بە خودا بسپێرن.
١٤ ئەی کەلی خاوەن‌باوەڕان! هێندێک لەژنانی ئێوەو منالانۆ دژمنتانن؛
خۆتانیان لێ‌بپارێزن. ئەگەر چاویان لێ بپۆشن‌و وازبێنن‌و بیانبەخشن،
خوداش لەگوناه دەبۆرێ‌و دلۆڤانە.
١٥ ئەو دارایی‌و منالانەی هەتانن، مایەی ئەزمۆنن. پاداشێ کە لای
خودایە، ئەو هێژایە.
١٦ دەبێ لە خودا بترسن تا دەتوانن؛ گوێ‌ڕادێرو بەرفەرمان‌بن؛ ماڵ لەڕای
خودا ببەخشن، بۆتان چاکەو؛ ئەو کەسانەی لەڕژدی خۆدەپارێزن،
ئەوانە ڕزگارەکانن.
١٧ ئەگەر ئێوە وامێ ڕەوا بەخودا ڕەواببینن، چەندقات پێتان ئەداتەوەو
لەگوناهانۆ خۆش دەبێ. هەر خودا بۆ شوکر دەبێ‌و لەسەر خۆیە.
١٨ لەپەنامەکی‌و خۆیایان ئاگادارە؛ بەدەستەلات‌و کارزانە.

١٢ ئایەت

## تەلاق



١٨- خۆیا: ئاشکرا.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا۟
ٱلْعِدَّةَ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ ۖ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ
وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَـٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ
ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۚ لَا تَدْرِى لَعَلَّ
ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴿١﴾ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ
بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا۟ ذَوَىْ عَدْلٍ مِّنكُمْ
وَأَقِيمُوا۟ ٱلشَّهَـٰدَةَ لِلَّهِ ۚ ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤْمِنُ
بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ
مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
بَـٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴿٣﴾ وَٱلَّـٰٓـِٔى يَئِسْنَ
مِنَ ٱلْمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمْ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَـٰثَةُ أَشْهُرٍ
وَٱلَّـٰٓـِٔى لَمْ يَحِضْنَ ۚ وَأُو۟لَـٰتُ ٱلْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ
وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا ﴿٤﴾ ذَٰلِكَ أَمْرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ
إِلَيْكُمْ ۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعْظِمْ لَهُۥٓ أَجْرًا ﴿٥﴾

# وه‌ناو خوداکه‌ی به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

۱ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر! ئه‌گه‌ر ژنانۆ ته‌لاق دان، ماوه‌یه‌کیان بۆدیاری که‌ن و بیبژێرن. له خودای په‌روه‌رنده‌تان شه‌رم بکه‌ن. له ماڵ خۆیان ده‌ریان مه‌که‌ن؛ ده‌ریش نه‌چن. جا مه‌گین هه‌ر به‌ئاشکرا کارێکی شۆره‌یی بکه‌ن. ئه‌مه که‌وشه‌نی خودایه‌و هه‌رکێ له‌که‌وشه‌نی خودا به‌ولاترچێ، ناهه‌قی له‌خۆی کردوه. تۆ چزانی، له‌وانه‌یه له‌پاش ئه‌مه خوا شتێ‌تر وه‌دی بێنێ.

۲ سا هه‌رکاتێ ماوه‌که‌ی خۆیان به‌سه‌ربرد، ئه‌وسا به‌ته‌رزێکی په‌سند ڕایانگرن یان لێان جیاببنه‌وه؛ به‌شێوه‌یێ که له‌ناو خۆتاندا باوه. دۆکه‌سی ڕاست‌و دروستیش هه‌ر له‌خۆتان له‌م‌کاره ئاگادار بکه‌ن، که شایه‌تی بۆ خوابده‌ن. هه‌رکێ بڕوای به خواو ڕۆژی سه‌لاهه‌یه، به‌مه ئامۆژگاری ده‌کرێن. هه‌رکێش له خودا بترسێ، ده‌روێکی لێ ده‌کاته‌وه.

۳ له‌شوێنێکه‌وه بژیوی بۆده‌نێرێ که به‌خه‌یاڵیدانایه. هه‌رکێ خۆی به خوا بسپێرێ، ئه‌وی به‌سه؛ خوا به‌مه‌به‌ستی خۆی ده‌گا. دیاره خودا بۆ هه‌رشتێ ئه‌ندازه‌یه‌کی داناوه.

۴ ئه‌و ژنانه‌ۆ که له عوزرپێدا هاتن ناهمێن‌و ئه‌وانه‌ی که عوزر ناشۆن - ئه‌رشکتان بو - ئه‌شێ سێ‌مانگ چاوه نۆڕبن. ئه‌وانه‌ش که سکیان هه‌یه، ماوه‌ی چاوه‌نۆڕیه‌که‌یان دانانی سکه‌که‌یانه. هه‌رکێش له‌خودا بترسێ، خودا کاری هاسان ده‌کا.

۵ ئه‌مه فه‌رمانی خودایه بۆ ئێوه‌ی ناردۆته‌خوارێ. هه‌رکێش له‌خودا بترسێ، خه‌تاکانی داده‌پۆشێ‌و پاداشی گه‌وره‌ی ده‌داتێ.

---

۱- که‌وشه‌ن: سنۆر.

أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟
عَلَيْهِنَّ ۚ وَإِن كُنَّ أُو۟لَٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا۟ عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ۚ
فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۖ وَأْتَمِرُوا۟ بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ ۖ وَإِن
تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ ﴿٦﴾ لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ ۖ
وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا
إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ۚ سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ﴿٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ
عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِۦ فَحَاسَبْنَٰهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَٰهَا
عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨﴾ فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ﴿٩﴾
أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ
قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ﴿١٠﴾ رَّسُولًا يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ
لِّيُخْرِجَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ
وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا
ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ قَدْ أَحْسَنَ ٱللَّهُ لَهُۥ رِزْقًا ﴿١١﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ
سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ
ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًۢا ﴿١٢﴾

٦ لە هەرکوێدا خۆتان دەژین - بەرانبەر بەدەس ڕۆینتان - جێی ئەوانیش بکەنەوە. هێندەشیان زۆر بۆمەهێنن کە بیانخەنە تەنگانەوە. گەر منداڵیشیان لەسکدا، ئێوە لێیان بەخت بکەن تا سکەکەیان دادەنێن. ئەوسا ئەگەر شیریان‌دا بەمنداڵەکەوُ، کرای خۆیانیان بدەنێ‌و لەناو خۆتان بەتەرزێ ڕەوا پێک‌وەرن. خۆ ئەگەر پێکیش نەهاتن، با یەکێ‌تر بۆی شیربدا.

٧ کێ دارایە، لەدارایی خۆی بەخت کاو کێش بژیوی کەم پێ‌گەیوە، لەوەندەی خودا پێداوە بەخت بکا. خودا ئەرک ناخاتە سەرکەس، مەگین لەوەندەی پێداوە. خوا زۆ لەپاش تەنگانە فەرحانی دێنێ.

٨ شارگەلی زۆر لەفەرمانی پەروەرندەی خۆیان‌و پێغەمبەرانی وەدەرکەوتن؛ ئەوسا پێمان بژاردنەوە؛ بژاردنەوەیێکی زۆر توندو ئازارمان‌دان بە ئازاردانێکی دژوار.

٩ ئیتر ئاکامی ئاکاری خۆیان چەشی‌و هەمۆ بەرهەمی کردەیان هەر زیان بوُ.

١٠ خودا بۆیان جەزرەبەی زۆر توندو تیژی ئامادە کرد. دەسا ئەی خاوەن‌ئاوەزان! ئەوانەی خاوەن‌باوەڕن، ئەشێ لەخودا بترسن. ئەوا خودا قورعانی بۆ ناردونەخوار.

١١ پێغەمبەرێکی ناردوە کە نیشانە ڕون‌کەرەوەکانی خواتان بۆوەخوێنێ، تا ئەوانەی بەباوەڕو ئاکارچاکن لە تاریکایی دەربخاو بەرەو ڕۆشناکیان بەرێ‌و هەرکێش بە خوای بڕوا هەبێ‌و ئاکار چاک بێ، دەینێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردادەڕواو هەر وهەر، هەر لەوێ دەبن. دیارە خودا بژیوێ باشی دەداتێ.

١٢ ئەو خودایەی حەوت عەزمان‌و وەک ئەوانەش، زەمینی وەدی هێناوە؛ فەرمانی بەنێوانیاندا دێت‌و دەچێ. تا بزانن خوا بۆ هەمۆشت توانایەو زانستی خوا هەمۆشتی دەورەداوە.

# سُورَةُ التَّحْرِيمِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَۚ وَٱللَّهُ
غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١ قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَٰنِكُمْۚ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْۖ
وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ٢ وَإِذْ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَٰجِهِۦ حَدِيثٗا
فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِۦ وَأَظْهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُۥ وَأَعْرَضَ عَنۢ بَعْضٖۖ
فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ قَالَتْ مَنْ أَنۢبَأَكَ هَٰذَاۖ قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْخَبِيرُ
٣ إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَاۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيْهِ
فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوْلَىٰهُ وَجِبْرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَۖ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ
بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ٤ عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا
خَيْرٗا مِّنكُنَّ مُسْلِمَٰتٖ مُّؤْمِنَٰتٖ قَٰنِتَٰتٖ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٖ سَٰٓئِحَٰتٖ
ثَيِّبَٰتٖ وَأَبْكَارٗا ٥ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ
نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ
لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ٦ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَعْتَذِرُواْ ٱلْيَوْمَۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ٧



# تەحریم

١٢ ئایەت

## بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤانە

١ ئەی پێغەمبەر! بۆ ئەوشتەی خودا بەتۆی ڕەوادیوە - بۆ دڵداری ژنەکانت - لەخۆتی ناڕەوادەکەی؟ خوا دەبۆرێ و دلۆڤانە.

٢ ئەوا خودا بڕیاری‌دا بەهەڵوەشانی سوێندانۆ. هەر خودا مەزنی ئێوەیەو هەر خۆی زانای لەکارزانە.

٣ ئەوێ جارێ کە پێغەمبەر لای بڕێ لەهاوسەرانی قسێکی بەسرتەدرکاند. جا وەختی وێ ئەوەی وت بە [هەوێکەی] و خواش پێغەمبەری تێگەیاند؛ پێغەمبەر هێندێ لەو نهێنیەی گوت و لە هێندێکی وازی هێنا. وێ گۆ: ئەمە کێ بەتۆی گوت؟ گوتی: زانای ئاگادار پێی ڕاگەیاندم.

٤ باش ئەوەیە کە هەردوکتان بەرەوخوا بگەڕێنەوە. دیارە دڵتان بەرەو ناڕەوا لایداوە. گەر لەدژی ئەم ببنەیەک، ئەوسا خودێ مەزنیەتی و لەمەبەولا جوبرائیل و باوەڕدارانی بەرکەتی و فرشتەکان، پشتی‌دەگرن.

٥ ئەگەر ئێوە تەڵاق بدا، شایەتا پەروەرندەی ئەو ژنانی لەنگۆ باشتری - لەباتی ئێوە - بداتێ؛ ژنانێکی گەردەنکەچی بە باوەڕی بەرفەرمانی لەخراپە پەژیوانی خواپەرستانی ڕۆژۆگر، لەبێوە ژنان و کیژان.

٦ ئەی گەلی خاوەن‌باوەڕان! خۆتان و کەس‌وکاریشتان لەو ئاگرە بپارێزن کە سۆتەنی لە مەردم و لە تەوەنە. فریشتەی بەزەبرو زەنگ و توندوتیژی پێ‌ڕادەگەن؛ خوا چۆنیان فەرمان‌پێبدا، لە فەرمانی دەرناکەون و هەرچی بەوانی دەسپێرێ بەجێی‌دێنن.

٧ ئەی ئەوانەی خوانەناس بوۆن! ئەمرۆ تەوازی پێ‌ناوێ. دیارە هەرچی کردۆتانە هەر لەوە جەزاتان دەدرێ.

---

٣- وێ: پیتی ئیشارە بۆمێوینە؛ 　وێ‌گۆ: ئەو ژنە گوتی. 　٦- تەوەن: بەرد، کوچک، کەڤر.

٧- تەوازی: داوای بۆردن کردن، عوزخوازی.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمۡ
أَن يُكَفِّرَ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيُدۡخِلَكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي
مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يَوۡمَ لَا يُخۡزِي ٱللَّهُ ٱلنَّبِيَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
مَعَهُۥۖ نُورُهُمۡ يَسۡعَىٰ بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَبِأَيۡمَٰنِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَآ
أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا وَٱغۡفِرۡ لَنَآۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٨
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ
وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٩ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا
لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ
عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمۡ يُغۡنِيَا عَنۡهُمَا
مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَقِيلَ ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ١٠
وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱمۡرَأَتَ فِرۡعَوۡنَ إِذۡ
قَالَتۡ رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرۡعَوۡنَ
وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ١١ وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ
عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا
وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ ١٢

٨ ئه‌ی گه‌لی خاوه‌ن باوه‌ڕان! به‌ره‌وخوا بگه‌ڕێنه‌وه، گه‌ڕانه‌وه‌ی ڕاست و
دروست؛ شایه‌تا په‌روه‌رنده‌تان گوناهۆ له‌سه‌ر لابه‌رێ و بۆنێرێته ناو
باغاتێک جۆباریان به‌به‌ردا ده‌ڕوا. له‌و ڕۆژه‌دا خوا پێغه‌مبه‌رو ئه‌وانه‌ی
وه‌ل ئه‌و باوه‌ڕیان هێناوه، سۆک وهه‌ناسه سارد ناکاو تیشکی ئه‌وان
له‌پێشیان و له‌ئالی ڕاسته‌یانه‌وه ته‌ڤگه‌ڕیه‌تی و ئێژن: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌مان!
تیشکه‌که‌مان بۆزیاترکه‌و لێمان خۆشبه؛ خۆت له‌سه‌ر هه‌مۆشت توانای.
٩ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر! وه‌ل ئه‌و خودانه‌ناسانه‌و ئه‌ودۆڕازانه جه‌نگ بکه،
زه‌بروزه‌نگیشیان نیشانده. ئه‌نوای ئه‌وانه ئاگره‌و چاره‌نۆسیان زۆر خراپه.
١٠ خوا ژنی نۆح و ژنی لۆت - بۆ ئه‌وانه‌ی خوانه‌ناسن - به‌نمونه دێنێته‌وه.
هه‌رتک له‌بن دۆعه‌بدی چاکی ئێمه بۆن، غه‌یانه‌تیان ده‌گه‌ڵ کردن.
نه‌یانتوانی له‌لای خودا هیچ‌شتیان ده‌رباره‌بکه‌ن. وترا: ئێوه‌ش بڕۆنه ناو
ئاگره‌وه، وێڕای ئه‌وانه‌ی ده‌یچنێ.
١١ خودا ژنه‌که‌ی فیرعه‌ونیش - بۆ که‌سانی خاوه‌ن باوه‌ڕ - به‌نمونه
دێنێته‌وه. که له‌به‌ر په‌روه‌رنده‌ی خۆی پاڕایه‌وه: تۆ له‌لای خۆت
له‌به‌هه‌شتا ماڵێکم بۆ دیاری بکه‌و ڕزگارم که له فیرعه‌ون و کرده‌وه‌ی ئه‌و؛
له کۆمه‌ڵی ناهه‌قانیشم ڕاهی‌که.
١٢ مه‌ریه‌می کچی عیمڕانیش، ئه‌وه‌ی شه‌رمی له‌کاری شۆره‌یی پاراست.
ئه‌وسا ئێمه له‌فۆی خۆمان تێمان ده‌ماند؛ به‌وتارو کتێبانی په‌روه‌رنده‌ی
بڕوای هێناو له‌ڕێزه‌ی فه‌رمانبه‌ران بۆ.

---

٨- ئالی: لا، ته‌ره‌ف. ته‌ڤگه‌ڕ: هه‌میشه له جۆڵه‌و بزوتندا. ١١- ڕاهی: ڕزگار.

# سُورَةُ المُلْك

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ
ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾
ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ۖ مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن
تَفَٰوُتٍ ۖ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾ ثُمَّ ٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ
يَنقَلِبْ إِلَيْكَ ٱلْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ ﴿٤﴾ وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ
ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ
ٱلسَّعِيرِ ﴿٥﴾ وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ
﴿٦﴾ إِذَآ أُلْقُوا۟ فِيهَا سَمِعُوا۟ لَهَا شَهِيقًا وَهِىَ تَفُورُ ﴿٧﴾ تَكَادُ تَمَيَّزُ
مِنَ ٱلْغَيْظِ ۖ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴿٨﴾
قَالُوا۟ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ
إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ كَبِيرٍ ﴿٩﴾ وَقَالُوا۟ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَٰبِ
ٱلسَّعِيرِ ﴿١٠﴾ فَٱعْتَرَفُوا۟ بِذَنۢبِهِمْ فَسُحْقًا لِّأَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١١﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿١٢﴾

# مولک

٣٠ ئایەت

## وەناوی خوداکەی کەهندەوی لۆڤانە

١ مەزنایەتی و پایەبەرزی بۆ ئەوکەسەی، خونکاری بەدەس خۆیەتی و لەسەر
هەمۆشت توانایە.
٢ ئەوە کە مردن و ژینی داهێناوە، تا ئێوە تاقی‌کاتەوە کامتان ئاکاری جوانترە.
هەر ئەویشە لێ‌بۆردەی خاوەن‌دەستەڵات.
٣ ئەوکەسەی حەوئاسمانی چین‌لەسەرچینی سازداوە.لە دەسکاری ئەو
خوایەدا هیچ نارێکی‌یەک نابینی.جارێکی‌تر تماشاکە،ئاخۆ قەڵشێکی
تێدایە؟
٤ دیسانەوە چاوی پێدابگێڕەوە. سۆمای چاوت بەداماوی و بەڕاماوی بەرەوخۆت
دەگەڕێتەوە.
٥ ئێمە ئاسمانی دنیامان بە زۆر چرا ڕازاندەوە. کردیشمانن بە کەرستەی
ڕاوەدۆنانی شەیتانان. ئازاری گڕپەداریشمان بۆسازکردۆن.
٦ بۆ ئەوانەش کە بڕوایان بە پەروەرندەیان نیە، جەزرەبەی جەهەندەم هەیەو
ئای چ ئەنجامێ خراپە!
٧ گەر دەیانهاوێنەناوی، نێڵەنێڵی جەهەندەمیان گوێ‌لێ‌دەبێ و هەر
هەڵدەچێ.
٨ وەختە لەداخا شەق بەرێ. تا جۆنێکی تێ‌داوێژن، گزیرەکانی جەهەندەم
پێان ئێژن: ئاخۆ ئێوە ترسێنەرتان نەهاتەلا؟
٩ ئێژن: بەڵێ، ترسێنەر هاتبوەلامان؛ ئەوسا باوەڕمان پێ‌نەکردو گوتمان: خوا
هیچ‌شتی نەناردۆتەخوار؛ ئێوە بێ‌سۆ لەناو گومڕایی گەورەدان.
١٠ ئەشڵێن: ئەگەر گوێ‌بیس‌باین یاخۆ تێ‌گەیباین، نەدەبۆینە یارانی ئەم
ئاگردانە.
١١ ئاوا گوناهانی خۆیان پێ‌لێ‌دەنێن. هەی لەئارادا نەمێنن ئەم هەوالانی
دۆزەهە! ١٢ ئەو کەسانەی - لەنەدیدە - لەپەروەرێنیان ئەترسن،
لێ‌خۆشبۆن و پاداشێ گەورەیان هەیە.

---

٢-لێ‌بۆردە: گونابەخش. ٨- جۆن: دەستە، تاقم. ١١- پێ‌لێ‌نان: پێ‌هاتن، قبوڵ‌کردن.

وَأَسِرُّوا۟ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُوا۟ بِهِۦٓ ۖ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٣﴾ أَلَا
يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ
ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا فَٱمْشُوا۟ فِى مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا۟ مِن رِّزْقِهِۦ ۖ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ
﴿١٥﴾ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا هِىَ
تَمُورُ ﴿١٦﴾ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ۖ
فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾ وَلَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ
كَانَ نَكِيرِ ﴿١٨﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَٰٓفَّٰتٍ وَيَقْبِضْنَ ۚ مَا
يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُ ۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍۭ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى
هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ۚ إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ
﴿٢٠﴾ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ ۚ بَل لَّجُّوا۟ فِى عُتُوٍّ
وَنُفُورٍ ﴿٢١﴾ أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا
عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢٢﴾ قُلْ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ
وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۖ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٢٣﴾ قُلْ هُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ
صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلْ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٢٦﴾

١٣ ئێوە سرتە قسەبکەن، یان وەدەنگی بەرزی بێژن، ئەو لەڕازێ کە
بەدڵاندا دەبوڕێ ئاگادارە.
١٤ ئاخۆ کەسێ ئافراندویە، چۆن نازانێ؟ وردیلەبین و ئاگادار، هەر خۆیەتی.
١٥ ئەوە کە ئەم زەمینەی بۆ کەوی کردوٚن؛ شانەوشان تێیدا بگەڕێن و
لەبژیوەکەی بخۆن. هەستانەوەش بۆلای ئەوە.
١٦ ئاخۆ ئێوە لەوکەسەی لەعاسمانە ترسوٚنیە، کە بەهەردا ڕۆتان بەرێ و لەپڕ
زەوین بێتە لەرین؟
١٧ ئاخۆ ئێوە لەوکەسەی لە ئاسمانە ترسوٚنیە، باڕنێکی زیخ و چەوتان
لێ هەڵبکا؟ ئەوساکە زوٚ پێدەزانن هەڕەشەی من چتۆبوە.
١٨ خۆ بەرلەوانەش هەر هەبوٚن بەنیشانەکانی منیان بڕوا نەبوە؛ سا چۆنیان
بەگژداهاتم.
١٩ ئاخۆ ئەوان ئەو مەلانەیان نەدیون کە لەسەروٚی ئەوانەوە لەنگەریانەو
باڵ لێک دەدەن؟ غەیرەز خودا کێ دەتوانێ ڕاگیریانکا؟ خودا بۆخۆی
لەهەموٚشت چاوەدێرە.
٢٠ ئاخۆ بەغەیری ئەو کێیە سوپاو یاریدەدەرتان بێ؟ نەخێر خودانەناسەکان
[ بەخۆبینی] خەڵەتاون.
٢١ ئەدی کێیە ئەوکەسەی بژیوتان دەدا، ئەگەر بژیوی لێ بڕین؟ نەخێر
ئەوان لەسەر خۆبەزل‌زانین و ڕەوینەوە پێ داگرن.
٢٢ ئاخۆ کەسێ دەمەوڕوٚ بەهەردا دەخشێ چاکتر بەڕێگەدەزانێ، یان
ئەوکەسەی بەئاسایی بەسەر ڕاستەڕێدا دەڕوا؟
٢٣ بێژە: ئەوە کە ئێوەی وەدیهێناوەو گۆش و چەم و دڵی دانێ. ئێوە کەمتر
شوکرێ دەکەن.
٢٤ بێژە: ئەوە کە ئێوەی لەم‌زەمینەدا پەرژوبڵاو کردوٚتەوە؛ لای ئەویش
کۆدەکرێنەوە.
٢٥ دەشڵێن: ئەگەر ئێوە ڕاستن، ئەو بەڵێنەو کەی دێتەجێ؟
٢٦ بێژە: تەنیا خودا لەمە ئاگادارە. من هەر ئەوەندەم لەسەرە پێتان بێژم:
دەبێ لە خودا بترسن.

---

١٥- کەوی: ڕام. ١٧- باڕن: گژەبا، بای توند. چەو: ورتکەبەرد.

فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِى
كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ﴿٢٧﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِىَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِىَ
أَوْ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٨﴾ قُلْ هُوَ
ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا ۖ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ
﴿٢٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ ﴿٣٠﴾

## سُورَةُ القَلَمِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

نٓ ۚ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴿١﴾ مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ ﴿٢﴾
وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ ﴿٣﴾ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾
فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ ﴿٥﴾ بِأَييِّكُمُ ٱلْمَفْتُونُ ﴿٦﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٧﴾ فَلَا تُطِعِ
ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٨﴾ وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ ﴿٩﴾ وَلَا تُطِعْ كُلَّ
حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ
أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ عُتُلٍّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ
﴿١٤﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٥﴾

۲۷ جا ئەوکاتەی لە نزیکەوە دەیبینن، خوانەناسان چرۆچاویان گرژدەبێ و
پێیان ئێژن: وا ئەمەیە کە ئێوە داواتان دەکرد.
۲۸ بێژە: بە من بێژن ئەگەر، خودا من و ئەوکەسانەی لەگەڵ منن لەناوبەرێ،
یان بەربەزەیی خۆیمان خا، دەی‌سا کێ خودانەناسان لەئێش‌وژان
دەپارێزێ؟
۲۹ بێژە: ئەوە خوای دڵاوا؛ باوەڕیمان پێ‌هێناوەو خۆمان هەر بەوسپاردوە؛
ئەنگۆش هەربینا زانیتان کێ ئاشکرا گومڕابوە.
۳۰ بێژە: بە من بێژن ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچۆ بە ناخی زەوینا، ئەوسا کێ ئاوی
زەلاڵی ڕەوانتان دەفریادەخا؟

## قەلەم

٥٢ ئایەت

بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤانە

۱ نۆن، سۆند وەبنۆس، بەوەش کە دێتە نڤیسین، ۲ وەسای چاکەی
پەروەرندەت، تۆ لێوەنیت. ۳ تۆ پاداشێ واشت هەیە دوایی نایە.
۴ ئاکاریشت فرە بەرزە. ۵ زۆ دەبینی، ئەویش چاویان پێ دەکەفێ، ۶ کێ لە
ئێوە شێتایەتیتان تێدایە. ۷ بێ‌گومان پەروەرندەی تۆ چاتر بەوانەدەزانێ
کە ڕایێ ئەویان گومکردوە؛ باشتریشی ئاگالێیە، کێن ئەوانەی شارەزای
ڕێن. ۸ سا تۆ ناشێ بە فەرمانی ئەو بێ‌باوەڕانە بکەی. ۹ حەزدەکەن گەر
تۆ نەرم‌بێ، ئەویش نیانی بنوێنن. ۱۰ نابێ گوێش بەو کەسە بدەی، کە
زۆر سۆندخۆرە، خوێڕیە؛ ۱۱ هەر تانەلەخەڵک دەداو قسە بۆ ئەم و ئەو
دەبا؛ ۱۲ لەکاری چاکە لەمپەرە؛ شەڕفرۆشە، تاوان کەرە؛ ۱۳ ڕەزاقورسە،
لەپاش ئەمەش زۆڵێکە خۆی سەپاندوە؛ ۱۴ هەر بەوهۆیە کە زەنگینەو
چەند کوڕی هەن، ۱۵ گەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ وەخوێنن، ئێژێ: ئەمە
چیرۆکی پێشینەکانە.

---

۱۴- زەنگین: دەوڵەمەن.

سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلۡخُرۡطُومِ ﴿١٦﴾ إِنَّا بَلَوۡنَٰهُمۡ كَمَا بَلَوۡنَآ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ إِذۡ أَقۡسَمُواْ
لَيَصۡرِمُنَّهَا مُصۡبِحِينَ ﴿١٧﴾ وَلَا يَسۡتَثۡنُونَ ﴿١٨﴾ فَطَافَ عَلَيۡهَا طَآئِفٞ مِّن رَّبِّكَ
وَهُمۡ نَآئِمُونَ ﴿١٩﴾ فَأَصۡبَحَتۡ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ فَتَنَادَوۡاْ مُصۡبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ
ٱغۡدُواْ عَلَىٰ حَرۡثِكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَٱنطَلَقُواْ وَهُمۡ يَتَخَٰفَتُونَ ﴿٢٣﴾
أَن لَّا يَدۡخُلَنَّهَا ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكُم مِّسۡكِينٞ ﴿٢٤﴾ وَغَدَوۡاْ عَلَىٰ حَرۡدٖ قَٰدِرِينَ ﴿٢٥﴾ فَلَمَّا
رَأَوۡهَا قَالُوٓاْ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾ بَلۡ نَحۡنُ مَحۡرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوۡسَطُهُمۡ أَلَمۡ أَقُل
لَّكُمۡ لَوۡلَا تُسَبِّحُونَ ﴿٢٨﴾ قَالُواْ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقۡبَلَ
بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ يَتَلَٰوَمُونَ ﴿٣٠﴾ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ ﴿٣١﴾ عَسَىٰ
رَبُّنَآ أَن يُبۡدِلَنَا خَيۡرٗا مِّنۡهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ ٱلۡعَذَابُۖ وَلَعَذَابُ
ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴿٣٣﴾ إِنَّ لِلۡمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ
﴿٣٤﴾ أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ ﴿٣٦﴾ أَمۡ
لَكُمۡ كِتَٰبٞ فِيهِ تَدۡرُسُونَ ﴿٣٧﴾ إِنَّ لَكُمۡ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ ﴿٣٨﴾ أَمۡ لَكُمۡ أَيۡمَٰنٌ
عَلَيۡنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّ لَكُمۡ لَمَا تَحۡكُمُونَ ﴿٣٩﴾ سَلۡهُمۡ أَيُّهُم
بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴿٤٠﴾ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَآءُ فَلۡيَأۡتُواْ بِشُرَكَآئِهِمۡ إِن كَانُواْ صَٰدِقِينَ ﴿٤١﴾
يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ ﴿٤٢﴾

١٦ بەم زوانە سەری بێقلی داغ دەکەین. ١٧ ئێمە ئەوانەمان ئەزمۆ، وەک
خاوەنانی باغەکەن بەرئەزمۆندا، کە سوێندیان خوێند: سۆزی بەری
باخەکەیان هەمۆدەڕنن. ١٨ «ئەگەر خواحەزکا»شیان نەوت. ١٩ ئەوساکە
ئەوان خەوتبۆن، لەلایەن پەروەرندەتڕا بەڵایەکی بۆداباری. ٢٠ ئیتر
وەکۆ زەمینێکی سۆتاوی قاقڕی لێ‌هات. ٢١ ئەوسا سۆزی، هەمۆ بانگی
یەکتریان کرد: ٢٢ ئەگەر ئێوە میوەڕنن هەر بەیانی بگەنە سەرکێڵگەی
خۆتان. ٢٣ ڕێوە چۆن و پێکەوە چپەیان دەکرد: ٢٤ کە نابێ ئەمڕۆ چ هەژار
بێتەناو باخەکەی ئێوە. ٢٥ بڕیاریاندا مەرجەکەیان بەجێ بێنن؛
واشیان‌دەزانی دەتانن. ٢٦ وەختێ چاویان پێداگیڕا، وتیان: ڕێمان
لێ تێکچوە. ٢٧ نەخێر، ئێمەین بەش بڕاوین. ٢٨ بە ئاوەزترینەکەیان گوتی:
ئەدی پێم‌نەوتن بۆ پەسنی پاکی خوا نادەن!؟ ٢٩ گوتیان: ئێمە
پەروەرندەی‌خۆمان بەدۆر لە کەمایەسی دەزانین؛ ئێمە
ناهەقیمان‌دەکرد. ٣٠ ئەوسا ڕۆیان کردەیەک و سەرکۆنەی یەکتریان
دەکرد. ٣١ وتیان: هەی ماڵ‌وێران خۆمان، ئێمە هەڵەڕۆییمان کرد.
٣٢ شایەتا پەروەرندەمان لەوە چاترمان بداتێ؛ ئومێدمان هەر بە
پەروەرندەی خۆمانە. ٣٣ ئازاری [دنیا] ئاوایە. گەر بزانن، بێ‌گومان
ئازاری دواڕۆژ دژوارترە. ٣٤ بۆ ئەوانەی خۆپارێزن، لجەم پەروەرندەی
خۆیان باغاتی پڕخۆشی هەیە. ٣٥ ئاخۆ ئێمە باوەڕداران وەکۆ بەدکاران
دادەنێین؟ ٣٦ چیتانە؟ کۆ پێ‌ڕادەگەن؟ ٣٧ ئاخۆ کتێبێکتان هەیە کە
لەوێدا دەیخوێننەوە؟ ٣٨ هەرچی خۆتان دەتانەوێ تێیداهەیە؟ ٣٩ یان
سۆندێکتان لەسەرمانە کەهەتا ڕۆژی سەڵایە هەرچیتان‌دەوێ ئەوەبێ؟
٤٠ لێان پرسە: کێ دەستەبەری ئەم کارەس؟ ٤١ یان چەند شەریکێکیان
هەیە؟ ئەگەر ڕاستن، با شەریکەکانیان بێنن. ٤٢ ئەوێ ڕۆژێ - کە
لەتاوان - دەرپێ دەلینگان دەکەون و پێیان دەڵێن سوژدەببەن و
ناتوانن.

١٦- بێقل: کەپۆ، لۆت. ٤٠- دەستەبەر: زامن.

خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ
٤٣ فَذَرۡنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِۖ سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ
لَا يَعۡلَمُونَ ٤٤ وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٌ ٤٥ أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ أَجۡرٗا فَهُم
مِّن مَّغۡرَمٖ مُّثۡقَلُونَ ٤٦ أَمۡ عِندَهُمُ ٱلۡغَيۡبُ فَهُمۡ يَكۡتُبُونَ ٤٧ فَٱصۡبِرۡ
لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ ٤٨ لَّوۡلَآ
أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعۡمَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلۡعَرَآءِ وَهُوَ مَذۡمُومٞ ٤٩ فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ
فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٥٠ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزۡلِقُونَكَ بِأَبۡصَٰرِهِمۡ
لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكۡرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجۡنُونٞ ٥١ وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ٥٢

## سُورَةُ الحَاقَّةِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلۡحَآقَّةُ ١ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ٢ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ٣ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ
وَعَادُۢ بِٱلۡقَارِعَةِ ٤ فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهۡلِكُواْ بِٱلطَّاغِيَةِ ٥ وَأَمَّا
عَادٞ فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ ٦ سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ
سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗاۖ فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ
كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ ٧ فَهَلۡ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٖ ٨

۴۳ چاوداده‌خه‌ن و زه‌بۆنی دایانده‌گرێ؛ که‌ ئه‌مانه‌ ئه‌وساکه‌ ساق وچاقیش
بۆن، پێیان وتۆن سوژده‌به‌رن.
۴۴ تۆ من بێڵه‌ بۆ ئه‌وانه‌ی به‌م قورعانه‌ باوه‌ڕناکه‌ن؛ که‌م که‌م بۆیان
له‌دۆده‌ده‌م، که‌ هه‌ر خۆشیان پێ نه‌حه‌سێن.
۴۵ مه‌وداو ماوه‌شیان پێده‌ده‌م؛ فێڵم زۆر به‌رێ وجێیه‌.
۴۶ ئاخۆ تۆ کرایه‌ی کارت له‌وان ده‌وێ، که‌ له‌ژێرباری ده‌رنه‌چن؟
۴۷ یان ته‌ته‌ڵه‌ی نهێنیه‌کانیان له‌لایه‌و بۆخۆیان خه‌تی لێده‌ده‌ن؟
۴۸ ده‌سا تۆ هه‌ر بۆ فه‌رمانی په‌روه‌رنده‌ت خۆڕاگربه‌؛ نه‌چی وه‌ک یارۆی
ماسی بی، که‌ له‌ داخانا هه‌ر پیشی ده‌خوارده‌وه‌و ئه‌وساکه‌ ده‌پاڕایه‌وه‌.
۴۹ ئه‌ر دلۆڤانی په‌روه‌رنده‌ی وه‌فریای نه‌که‌وتایه‌، بێ سۆ به‌ سه‌رکۆنه‌کراوی
فرێی ئه‌درایه‌ ڕۆته‌نێک.
۵۰ ئه‌وسا په‌روه‌رنده‌ی، ئه‌وی هه‌ڵبژاردو کردی به‌یه‌ک له‌پیاوخاسان.
۵۱ وه‌ختێ خودانه‌ناسه‌کان قورعانیان بیس، هه‌ر وه‌ختابو به‌ چاوانیان
هه‌ڵت دێرن. ده‌شیانگوت: بێ‌گومان دینه‌.
۵۲ که‌ هه‌ر بیره‌وه‌ریه‌کیشه‌ بۆ هه‌مۆ خه‌ڵکی دنیایه‌.

## حاقة

٥٢ ئایه‌ت

وه‌ناوی خوداکه‌ی که‌ هێنده‌ دلۆڤانه

۱ کاره‌ساته‌که‌ ڕۆده‌دا. ۲ کام کاره‌سات؟ ۳ تۆ چوزانی ئه‌وکاره‌ساته‌ چلۆنه‌؟
۴ سه‌مۆدو عاد ڕوداوه‌ دڵکوته‌که‌یان به‌درۆدانا. ۵ هۆزی سه‌مۆد
به‌نه‌عره‌تێکی بێ وێنه‌، قڕانیان کرد. ۶ هه‌رچی هۆزه‌که‌ی عادیش بۆ،
به‌بایه‌کی هه‌ره‌به‌هێز له‌به‌ین چۆن. ۷ ماوه‌ی حه‌وشه‌وو هه‌ش ڕۆژان،
به‌بێ وچان، ناردیه‌سه‌ریان. له‌م ماوه‌دا لاشه‌یان لێ تخێل ببۆن؛
ده‌ت وت کۆته‌ره‌ی دارخورمای ناوزڕاون. ۸ ئاخۆئه‌تۆ پاشماوه‌یه‌کیان
ده‌بینی؟

---

۴۴-له‌دۆدان: شل کردنی به‌ن و گوریس. ۴۷-ته‌ته‌ڵه‌: پارچه‌ ته‌خته‌یان پارچه‌ به‌ردێ پانکه‌ڵه‌ بۆ له‌سه‌رنۆسین. ۴۹-ڕۆته‌ن: زه‌وی گیالێ نه‌ڕواو، قاقڕ. ۵۱-دین: شێت، لێوه‌.

وَجَآءَ فِرْعَوْنُ وَمَن قَبْلَهُۥ وَٱلْمُؤْتَفِكَـٰتُ بِٱلْخَاطِئَةِ ﴿٩﴾ فَعَصَوْا۟ رَسُولَ
رَبِّهِمْ فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً ﴿١٠﴾ إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَـٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ
﴿١١﴾ لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَآ أُذُنٌ وَٰعِيَةٌ ﴿١٢﴾ فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ
نَفْخَةٌ وَٰحِدَةٌ ﴿١٣﴾ وَحُمِلَتِ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةً وَٰحِدَةً ﴿١٤﴾
فَيَوْمَئِذٍ وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ﴿١٥﴾ وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِىَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ
﴿١٦﴾ وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَـٰنِيَةٌ
﴿١٧﴾ يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴿١٨﴾ فَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ
كِتَـٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقْرَءُوا۟ كِتَـٰبِيَهْ ﴿١٩﴾ إِنِّى ظَنَنتُ أَنِّى مُلَـٰقٍ
حِسَابِيَهْ ﴿٢٠﴾ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴿٢١﴾ فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿٢٢﴾
قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ﴿٢٣﴾ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِى ٱلْأَيَّامِ
ٱلْخَالِيَةِ ﴿٢٤﴾ وَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَـٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَـٰلَيْتَنِى لَمْ أُوتَ كِتَـٰبِيَهْ
﴿٢٥﴾ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴿٢٦﴾ يَـٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغْنَىٰ
عَنِّى مَالِيَهْ ۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّى سُلْطَـٰنِيَهْ ﴿٢٩﴾ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ ٱلْجَحِيمَ
صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِى سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَٱسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ إِنَّهُۥ
كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣٤﴾

٩ فیرعەونیش و ئەوانەی بەرلەویش بوون و مەردمی شارە ژێرورِوکراوەکانیش،
خەتایان کرد. ١٠ دژایەتی پێغەمبەری پەروەرندەی خۆیان دەکرد. سا
گرتیانی، گرتنێ لەڕادەبەدەر. ١١ ئێمە - کاتێ لەهی هات و بواری برِی،
لەوشتەدا کە بەسەر ئاودا دەگەڕێ - هەڵمان‌گرتن. ١٢ تا بیکەینە
بیرهێنەرەوە بۆ ئێوەو ئەو گوێیانەی لەسەر هەستن، وەری بگرن.
١٣ ئەوسا هەرگا تەنیا جارێک دەکەڵەشاخ دەمێندرا، ١٤ ئەم زەمینەو
کەژەکانیش هەڵگیران و یەکجارەکی تێک دەتەپێن، ١٥ سا ئەورۆژە
بەسەرهاتەکە رۆدەدا. ١٦ ئەم عاسمانە قەڵش دەباو لەو رۆژەدا
فشەڵەیە. ١٧ فرشتە دەچنەکەناران و تەختی پەروەرندەی تۆ،
لەسەرسەری ئەوانەوە - لەو رۆژەدا - هەشت فرشتە هەڵیدەگرن.
١٨ ئەو رۆژە ئێوە ڕادەنێن و هەرچی بۆشاردنەوەیە لەئێوە حەشار نادرێ.
١٩ ئەوسا هەرکێ نامەی کردەی نرابێتە دەستی راستی، ئێژێ: وەرن
نامەکەی من بخوێننەوە. ٢٠ من سۆر دەمزانی کە تۆشی لێ‌پرسینەوە
هەردەبم. ٢١ ئیتر ئەو لەناو ژیانێکی خۆشدایە؛ ٢٢ لە بەهەشتێکی
بەرزایە؛ ٢٣ میوەی وا لەبەردەستایە. ٢٤ سا بخۆن و بخۆنەوە نۆشی
گیانۆ؛ ئەمە بۆ ئەو کارانەیە کە لەرۆژانی رابردۆ کردۆتانە. ٢٥ بەڵام کەسێ
کە نامەکەی دەنێنە لەپی چەپیەوە، ئێژێ: خۆزی نامەی خۆمم
پێ‌نەدرایە. ٢٦ نەشم‌زانیبا دەربارەم چی‌تێدایە. ٢٧ خۆزی ئەوسا مردنم
یەکجاری بوایە. ٢٨ سامانم بەهرەی بۆم نەبۆ. ٢٩ دەستەڵاتم وا لەبەین
چۆ. ٣٠ سا بیگرن و زنجیری کەن. ٣١ ئەوسا بۆ دۆژەهی بەن. ٣٢ پاشان
لەناو زنجیرێکی حەفتێ گەزی شەتەک دەن و رەکێشی کەن. ٣٣ ئەو
باوەری بە خودای مەزن نەدێنا. ٣٤ بۆنان‌دان بەهەژارانیش هیچ کەسی
دنە نەدەدا.

---

١١-لەهی: لافاو.

فَلَيۡسَ لَهُ ٱلۡيَوۡمَ هَٰهُنَا حَمِيمٞ ﴿٣٥﴾ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنۡ غِسۡلِينٖ ﴿٣٦﴾ لَّا يَأۡكُلُهُۥٓ
إِلَّا ٱلۡخَٰطِـُٔونَ ﴿٣٧﴾ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ﴿٣٩﴾
إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿٤٠﴾ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَاعِرٖۚ قَلِيلٗا مَّا تُؤۡمِنُونَ ﴿٤١﴾
وَلَا بِقَوۡلِ كَاهِنٖۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٣﴾ وَلَوۡ
تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا
مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ عَنۡهُ حَٰجِزِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِنَّهُۥ لَتَذۡكِرَةٞ
لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿٤٨﴾ وَإِنَّا لَنَعۡلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ ﴿٤٩﴾ وَإِنَّهُۥ لَحَسۡرَةٌ عَلَى
ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ وَإِنَّهُۥ لَحَقُّ ٱلۡيَقِينِ ﴿٥١﴾ فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٥٢﴾

## سُورَةُ المَعَارِج

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَأَلَ سَآئِلُۢ بِعَذَابٖ وَاقِعٖ ﴿١﴾ لِّلۡكَٰفِرِينَ لَيۡسَ لَهُۥ دَافِعٞ ﴿٢﴾ مِّنَ
ٱللَّهِ ذِي ٱلۡمَعَارِجِ ﴿٣﴾ تَعۡرُجُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيۡهِ فِي
يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥ خَمۡسِينَ أَلۡفَ سَنَةٖ ﴿٤﴾ فَٱصۡبِرۡ صَبۡرٗا جَمِيلًا ﴿٥﴾
إِنَّهُمۡ يَرَوۡنَهُۥ بَعِيدٗا ﴿٦﴾ وَنَرَىٰهُ قَرِيبٗا ﴿٧﴾ يَوۡمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلۡمُهۡلِ
﴿٨﴾ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ﴿٩﴾ وَلَا يَسۡـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمٗا ﴿١٠﴾

٣٥ جا ئه‌مڕۆ لێروکانه‌دا، چدۆستی نین.
٣٦ خواردن نیه، مه‌گین کێماوی زامداران.
٣٧ نایخۆن، مه‌گین خه‌تاکاران.
٣٨ سا سوێنده‌که به‌وشته‌ی ئێوه ده‌یبینن،
٣٩ به‌وه‌ش که ئێوه نایبینن،
٤٠ ئه‌وه قسه‌ی ڕاسپێراوێ به‌رکه‌تی‌یه.
٤١ نه وته‌ی هه‌ستیاریشه؛ که‌متر باوه‌ڕێ ده‌هێنن.
٤٢ وته‌ی فاڵگره‌وه‌ش نیه. که‌م وایه بیربکه‌نه‌وه.
٤٣ ناردراوه‌ته خواره‌وه، له وه‌دی‌هێنی گش جیهان.
٤٤ ئه‌گه‌ر هێندێ له‌قسه‌کانی به‌ده‌م‌ئێمه‌وه کردبا،
٤٥ گومان‌نیه، به‌هه‌مۆ توانا ده‌مانگرت.
٤٦ ئه‌وسا ڕه‌گی لاملیشیمان هه‌ڵده‌بڕی.
٤٧ که‌سیش له‌نگۆ نه‌یده‌توانی له‌مپه‌ری بێ.
٤٨ ئه‌م‌قورعانه بیره‌وه‌ریه بۆ ئه‌وانه‌ی خۆپارێزن.
٤٩ بێ‌گومان ئێمه ده‌شزانین تێتانداهه‌ن باوه‌ڕنه‌که‌ن.
٥٠ دیاره ئه‌مه حه‌سره‌تیشه بۆ ئه‌م خودانه‌ناسانه.
٥١ که دیاریشه ڕاستێکه هیچ گومانێکی تێدانیه.
٥٢ تۆ به یادی ناوی په‌روه‌رنده‌ی گه‌وره‌ت، هه‌ر په‌سنی پاکی ئه‌و بده.

## مه‌عاریج

٤٤ ئایه‌ت

به‌ناو خوداکه‌ی به‌خشنده‌و دلۆڤانه

١ یه‌ک داوای کرد ئازارێ‌بێ، ٢ بۆ له‌خودا به‌دۆره‌کان، هیچ له‌مپه‌ری نه‌یه‌ته
به‌ر. ٣ له‌خوای خێوی چه‌ند پله‌وه. ٤ فرشته‌کان‌و جوبرائیل له ڕۆژێکا
به‌ره‌ونه‌و پێ‌هه‌ڵده‌چن، که ڕێی په‌نجاهه‌زارساڵه. ٥ تۆ خۆبگره به‌خۆ
گرتنێکی په‌سند. ٦ ئه‌وان به‌دۆری ده‌بینن. ٧ ئێمه‌ش نزیکی ده‌بینین.
٨ ڕۆژێ عاسمان وه‌ک حه‌لاندی کانزاده‌بێ؛ ٩ که‌ژانیش وه‌ک هری ده‌بن؛
١٠ ئاواڵ له ئاواڵ ناپرسێ؛

---

٤١- هه‌ستیار: شاعیر.
٨- حه‌لاندن: تاواندنه‌وه. کانزا: هه‌رچی له کان په‌یداده‌بێ. ٩- هری: خوری، په‌شم.

يُبَصَّرُونَهُمْ يَوَدُّ ٱلْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِى مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾
وَصَٰحِبَتِهِۦ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِى تُـْٔوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ
جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهَا لَظَىٰ ﴿١٥﴾ نَزَّاعَةً لِّلشَّوَىٰ ﴿١٦﴾ تَدْعُوا۟
مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٧﴾ وَجَمَعَ فَأَوْعَىٰٓ ﴿١٨﴾ ۞ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ خُلِقَ هَلُوعًا
﴿١٩﴾ إِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ جَزُوعًا ﴿٢٠﴾ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلْخَيْرُ مَنُوعًا ﴿٢١﴾ إِلَّا
ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٢٢﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَآئِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَٱلَّذِينَ فِىٓ
أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ ﴿٢٤﴾ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ ﴿٢٥﴾ وَٱلَّذِينَ يُصَدِّقُونَ
بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٢٦﴾ وَٱلَّذِينَ هُم مِّنْ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٢٧﴾ إِنَّ عَذَابَ
رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ ﴿٢٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَٰفِظُونَ ﴿٢٩﴾ إِلَّا عَلَىٰٓ
أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴿٣٠﴾ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ
ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ﴿٣١﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَٰنَٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ
﴿٣٢﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِشَهَٰدَٰتِهِمْ قَآئِمُونَ ﴿٣٣﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ
﴿٣٤﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى جَنَّٰتٍ مُّكْرَمُونَ ﴿٣٥﴾ فَمَالِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ
﴿٣٦﴾ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ عِزِينَ ﴿٣٧﴾ أَيَطْمَعُ كُلُّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ
أَن يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ ﴿٣٨﴾ كَلَّآ إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّمَّا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾

۱۱ له‌به‌ریه‌کتریان ڕاده‌نێن؛ تاوانبار فره‌حه‌زده‌کا - بۆ ڕزگاری له ئازاری
ئه‌وی ڕۆژێ - له‌باتی خۆی، کوڕه‌کانی، ۱۲ هاوسه‌ریشی، براکه‌شی،
۱۳ ئه‌و به‌شه له‌هۆزه‌که‌شی - که ئه‌و ده‌په‌نای خۆده‌گرن - ۱۴ هه‌رچی
له‌سه‌رزه‌ویش هه‌یه، گشتی بداو ڕزگارببێ. ۱۵ هه‌رگیز نابێ؛ ئه‌مه
بڵێسه‌ی ئاگره. ۱۶ پێستی سه‌رو ئازای ئه‌نامی داده‌ڕنێ. ۱۷ بانگێشتنی
که‌سێ ده‌کا که پشتی‌کرده دینه‌وه‌و ئاوڕی وێ نه‌دایه‌وه؛ ۱۸ ئه‌وه که
کۆی ده‌کرده‌وه‌و ده‌یخسته ناوسنۆقه‌وه. ۱۹ بێ‌سۆ مرۆ بێ‌تابشت و زۆر
چاوچنۆک، چێ‌کراوه. ۲۰ هه‌ر تۆشی ناگوزۆری بۆ، هاوارده‌کا. ۲۱ ئه‌گه‌ر
ده‌که‌وێته خۆشیش، چکۆسێکه. ۲۲ مه‌گین ئه‌وانه‌ی نوژخۆنن؛ ۲۳ ئه‌و
که‌سانه‌ی قه‌د نایه‌ڵن نوێژیان بچێ؛ ۲۴ ئه‌وی له‌سامانیشیاندا به‌شێک
هه‌یه، ۲۵ بۆپارسه‌ک و دۆره‌به‌شان؛ ۲۶ ئه‌وکه‌سانه که بڕوایان به ڕۆژی
سه‌ڵایه هه‌یه؛ ۲۷ ئه‌وانه‌ش که له‌ئازاری په‌روه‌رێنیان نیگه‌رانن؛ ۲۸ - که
ئازاری په‌روه‌رێنیان، بۆ ئارخه‌یان‌بۆنێ نابێ - ۲۹ ئه‌وکه‌سانه‌ی که جێ
شه‌رمیان ده‌پارێزن؛ ۳۰ مه‌گین له‌ڕوی ژنی‌خۆیان یان ئه‌وانه‌ی
که‌نیزیانن؛ ئه‌وسا سه‌رکۆنه‌ناکرێن. ۳۱ سا هه‌رکه‌سێ به‌ده‌رله‌مانه
بخوازێ، ئه‌وانه له‌قاس لاده‌رن. ۳۲ ئه‌و که‌سانه‌ش که ڕاگری ئامانه‌تی‌و
به‌ڵێنیانن؛ ۳۳ ئه‌و که‌سانه‌ش شایه‌تی به‌ڕاستی ده‌ده‌ن؛ ۳۴ ئه‌و
که‌سانه‌ش که له‌سه‌رنمێژه‌کانیان چاوه‌دێرن؛ ۳۵ ئه‌وانه له‌ناو باخاندا
به‌ڕێزه‌وه وه‌رگیراون. ۳۶ ده‌ی ئه‌و بێدینانه چیانه؟ دێنه‌لات و
به‌مۆنێکه‌وه ده‌ڕوانن. ۳۷ ده‌سته‌ده‌سته له‌ئالی ڕاست و چه‌په‌وه.
۳۸ ئاخۆ هه‌ر یه‌کێک له‌مانه به‌ته‌مایه که بچێته ناو به‌هه‌شتی به‌خێروبێر؟
۳۹ هه‌رگیز ناشێ؛ ئه‌وان بۆخۆیان ده‌زانن که له‌چیمان دروس کردۆن.

---

۳۱-قاس: ئه‌ندازه. ۳۶-مۆن: ڕوگرژی. ۳۷-ئالی: لا، ته‌ره‌ف.

فَلَآ أُقۡسِمُ بِرَبِّ ٱلۡمَشَٰرِقِ وَٱلۡمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ ﴿٤٠﴾ عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ
وَمَا نَحۡنُ بِمَسۡبُوقِينَ ﴿٤١﴾ فَذَرۡهُمۡ يَخُوضُواْ وَيَلۡعَبُواْ حَتَّىٰ يُلَٰقُواْ يَوۡمَهُمُ ٱلَّذِي
يُوعَدُونَ ﴿٤٢﴾ يَوۡمَ يَخۡرُجُونَ مِنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ سِرَاعٗا كَأَنَّهُمۡ إِلَىٰ نُصُبٖ يُوفِضُونَ
﴿٤٣﴾ خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۚ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمُ ٱلَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴿٤٤﴾

## سُورَةُ نُوحٍ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ
عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴿٢﴾ أَنِ ٱعۡبُدُواْ
ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ﴿٣﴾ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ
إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُۖ لَوۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ
﴿٤﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوۡتُ قَوۡمِي لَيۡلٗا وَنَهَارٗا ﴿٥﴾ فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا
فِرَارٗا ﴿٦﴾ وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوۡتُهُمۡ لِتَغۡفِرَ لَهُمۡ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ
فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ وَأَصَرُّواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ ٱسۡتِكۡبَارٗا
﴿٧﴾ ثُمَّ إِنِّي دَعَوۡتُهُمۡ جِهَارٗا ﴿٨﴾ ثُمَّ إِنِّيٓ أَعۡلَنتُ لَهُمۡ وَأَسۡرَرۡتُ
لَهُمۡ إِسۡرَارٗا ﴿٩﴾ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ﴿١٠﴾

۴۰ سا سوێند ئەخۆم بەدانەری خۆرهەڵات و خۆراوایان، ئێمە لە وزەماندایە،
۴۱ کە بیانگۆڕین و چاتریان بێنینە جێ؛ کەس پێشی ئێمەش ناکەوێ.
۴۲ سا تۆ لەوانە وازبێنە با هەر چەنەچەن بکەن و گەپێ بدەن، تا تۆشی ڕۆژی
خۆ دەبن کە وا بەڵێنیان پێ ئەدرێ.
۴۳ ئەوێ ڕۆژێ لەگۆڕستان دێنەدەرێ، هێندبەپەلەن ئێژی بەرەو بتان
دەچن.
۴۴ چاوشۆڕن و سۆکایەتی دەوری داون؛ ئەمە ئیتر ئەو ڕۆژەیە کە وا بەڵێنیان
پێدەدرا.

## نوح

۲۸ ئایەت

بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

۱ ئێمە نۆحن بەڕێکردە لای هۆزەکەی، کە: هۆزەکەت بترسێنە بەرلەوە
تۆشی ئازاری بەژان ببن.
۲ وتی: گەلۆ! من بۆئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام و [پێوئێژم]:
۳ خوداپەرستی بکەن و لێی بترسن و بەگوێم بکەن.
۴ لەگوناهانۆ دەبۆرێ و دەتان هێڵێ تا ماوەێی دیاریکراو؛ چون هەرگا خوا
ئاکامی هات، وەدواناخرێ؛ بریا ئەوەتان زانیبا.
۵ وتی: ئەی پەروەرندەی من! بەشەووڕۆژ بانگم کردن،
۶ بەڵام بەبانگ کردنی من، پتر لەپێشۆ ڕەوەک بۆن.
۷ هەر چەندی من تێم گەیاندن، کە تۆ لەگوناهیان ببۆری، گۆشی خۆیان
بەتبلەکانیان ئاخنی و خۆیانیان دەجلکان پێچاو پیان داگرت و خۆیانیان
زۆر بەزل زانی.
۸ هەمیسان بەدەنگی بەرز بانگم کردن.
۹ لەدواییشدا، بەئاشکراو پەنامەکی تێم گەیاندن.
۱۰ هەر پێم گوتن: داوای بۆردن لەپەروەرندەتان بکەن؛ ئەو بێ‌گومان زۆر
لێبورە.

---

۷-تبل: قامک، تلی، ئەنگوس.

يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل
لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا ﴿١٢﴾ مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴿١٣﴾
وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا ﴿١٤﴾ أَلَمْ تَرَوْا۟ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ
طِبَاقًا ﴿١٥﴾ وَجَعَلَ ٱلْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ ٱلشَّمْسَ سِرَاجًا ﴿١٦﴾
وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ نَبَاتًا ﴿١٧﴾ ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ
إِخْرَاجًا ﴿١٨﴾ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ بِسَاطًا ﴿١٩﴾ لِّتَسْلُكُوا۟ مِنْهَا
سُبُلًا فِجَاجًا ﴿٢٠﴾ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِى وَٱتَّبَعُوا۟ مَن لَّمْ يَزِدْهُ
مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ إِلَّا خَسَارًا ﴿٢١﴾ وَمَكَرُوا۟ مَكْرًا كُبَّارًا ﴿٢٢﴾ وَقَالُوا۟
لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ
وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّوا۟ كَثِيرًا ۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا ﴿٢٤﴾
مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمْ أُغْرِقُوا۟ فَأُدْخِلُوا۟ نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا۟ لَهُم مِّن دُونِ
ٱللَّهِ أَنصَارًا ﴿٢٥﴾ وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ
دَيَّارًا ﴿٢٦﴾ إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا۟ عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوٓا۟ إِلَّا فَاجِرًا
كَفَّارًا ﴿٢٧﴾ رَّبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِىَ
مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا تَبَارًۢا ﴿٢٨﴾

١١ تا له‌حه‌واوه بارانێک په‌له‌ده‌رتان بۆ بنێرێ. ١٢ به‌دارایی و به کوڕانیش یاریۆ
بداو باغاتۆ بۆ په‌یدا بکاو جۆبارتان بۆ وه‌دی بێنێ. ١٣ چۆن له‌شکۆی خوا
ناترسن؟ ١٤ که‌چی ئێوه‌ی پله‌پله وه‌دی هێنا. ١٥ ئاخۆ به‌چاو نه‌تاندیوه
چتۆ خودا حه‌وبه‌رزایی - توێ له‌سه‌رتوێ - ئافراندوه؟ ١٦ له‌ناویاندا
هه‌یڤی تریفه‌دار کردو خۆریشی کرده‌چرایه‌ک. ١٧ هه‌ر خودایه ئێوه‌ی
له‌م زه‌مینه رواند، به‌ڕواندن. ١٨ پاشان ده‌ۆباته‌وه ناوی و دیسان
ده‌رۆده‌کاته‌وه، به‌ده‌رکردن. ١٩ هه‌ر خودایه هه‌ردی بۆ کردۆن به‌ڕایه‌خ؛
٢٠ که هۆن له‌ڕێگه پان‌وبه‌رینه‌کانیا، بێن‌و بچن. ٢١ نوح وتی: ئه‌ی
په‌روه‌رنده‌م! ئه‌مانه له‌من یاخی بۆن؛ ئه‌مانه شوێن که‌سێ که‌وتۆن که
سامان‌و فرزه‌ندانی - غه‌یره‌ز زه‌ره‌ر - هیچی له‌وان زێده‌نه‌کرد.
٢٢ فێڵیشیان کرد؛ به‌ڵام فێڵێکی جانانه. ٢٣ وتۆشیانه: له‌وانه‌ی په‌رستۆتانن
مه‌ته‌کنه‌وه‌و هه‌رگیز له «وه‌دد» و له «سواع» ده‌س به‌رمه‌ده‌ن؛ له
«یه‌غۆس» و «یه‌عۆق» و «نه‌سر»یش هه‌ر وه‌تر. ٢٤ زۆریشیان گومڕا
کردوه؛ ده‌تۆش - به‌جگه له گومڕایی - هیچێ له‌م سته‌مکارانه زێده
مه‌که. ٢٥ به‌رانبه‌ر به گوناهه‌کانیان، به‌ئاو خنکان؛ ئه‌وسا خرانه ناو ئاگر.
ئیتر له‌م خودایه به ده‌ر، یاریده‌ریان په‌یدانه‌کرد. ٢٦ نوحیش وتی:
په‌روه‌رنده‌م! له‌م سه‌ر هه‌رده ئه‌و که‌سانه‌ی تۆ ناناسن، جۆقه‌واریان
لێ‌مه‌هێڵه. ٢٧ چونکه ئه‌گه‌ر بیانهێڵی، عه‌بدانت گومڕا ده‌که‌ن‌و هه‌ر
زارۆیه‌کیشیان ببێ، تاوانبارو سپڵه‌ده‌بێ. ٢٨ په‌روه‌رێنم! من‌و داک
وبابی من‌و ئه‌وانه‌ی به‌باوه‌ڕه‌وه له‌ماڵمدان‌و پیاوه‌کان‌و ژنه‌کانی
خاوه‌ن‌باوه‌ڕ عه‌فوبکه‌و ناهه‌قانیش به‌جارێ ته‌رت‌وتۆناکه.

---

١٣- ئه‌م ئایه‌ته ئاواش مانای دراوه‌ته‌وه: «چۆن له ڕێزگرتنی خودا ناهومێدن؟» مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه که: بۆ ئاکاروڕه‌فتارتان وانیه که ئومیده‌واربن خودا له ڕۆژی سه‌ڵادا، ڕێزتان لێ‌بگرێ؟ «ته‌فسیری که‌ششاف». ٢٠- هۆن: ئێوه، ئه‌نگو. ٢٦- جوقه‌وار: خاوه‌ن گیان، گیان له‌به‌ر.

# سُورَةُ الجِنِّ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓا۟ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا
عَجَبًا ﴿١﴾ يَهْدِيٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ﴿٢﴾
وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا ﴿٣﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ
يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا ﴿٤﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ
وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿٥﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ
مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ﴿٦﴾ وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا۟ كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ
ٱللَّهُ أَحَدًا ﴿٧﴾ وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا
شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن
يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ وَأَنَّا لَا نَدْرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ
بِمَن فِي ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾ وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ
وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ ۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا ﴿١١﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعْجِزَ
ٱللَّهَ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُۥ هَرَبًا ﴿١٢﴾ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ
ءَامَنَّا بِهِۦ ۖ فَمَن يُؤْمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴿١٣﴾

۲۸ ئایەت

# جین

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

۱ بێژە: پێم ڕاگەیەنراوە، چەند کەسێ لە جنۆکەکان گوێیان هەڵخست؛ ئەوسا
وتیان: ئێمە قورئانێ سەیرمان بیست. ۲ بۆ ڕاستەڕێیە ڕێبەرەو ئێمە
باوەڕمان پێ هێناو هەرگیز کەسێ ناکەینە شەریکی خودا. ۳ زۆر بڵندە
شکۆی پەروەرێنی ئێمە؛ نە ژنی پەیداکردوە نە فرزەندێک. ۴ دیارە
بێئاوەزەکەمان دەربارەی خوا قسەی توڕرەهاتی دەکرد. ۵ ئێمە
پێمان وابۆ هیچ‌کەس - لەمرۆڤ و لەجنۆکە - هیچ درۆیەک بەدەم خواوە
هەڵنابەستن. ۶ دەشمانزانی پیاوانێ لەبەرەی مرۆ، پەنادەبەن بەپیاوانێ
لە جنۆکەو سەرکێشیان پتردەکەن. ۷ ئەوانیش - هەر وەکوو ئێوە-
لایان وابۆ هەرگیز خودا هیچ‌کەس زیندوناکاتەوە. ۸ ئێمە گەینە ئەم
عەزمانە، دیمان پڕە لەپاسداری توندوتۆڵ و ئەستێرەگەلێ ڕادەخشن.
۹ ئێمە لە چەند شوێنێکەوە ڕۆدەنیشتین کۆڵەبکەین؛ هەر کەسێکی
لەمەبەولا کۆڵەبکا، مەشخەڵێکی دەبینێ لەبۆسەیدایە. ۱۰ تێش
نەگەیوین ئاخۆ دەربارەی ئەوانەی لەزەمیندان، بڕیاری خراپ داروە،
یان پەروەرێنیان ویستۆیە ڕاستەڕێیان نیشان بدا. ۱۱ لەناو مەشدا
کارچاک هەن و تێشماندا هەیە وانیە؛ ئێمە گەلێ ڕێگەمان
وەبەرخۆداون. ۱۲ ئێمە لەوە تێگەیشتوین کە لەزەمین دەرەقەتی خودا
نایەین؛ تەنانەت بەهەڵاتنیش لەدەستی ئەو ڕزگارنابین. ۱۳ وەختێ
ئێمە ئەم ڕێنیشاندەرەمان بیست، باوەڕی خۆمان پێ هێنا. هەر
کەسێکیش بڕوای بە پەروەرندەی بێ، نە لەکەمبوونێ دەترسێ، نە
لەغەدرلێکردنێ.

---

۹- مەشخەڵ: گڕی بەرزی ئاگر. بۆسە: کەمین.

وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَٰسِطُونَ ۖ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ
تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا ﴿١٤﴾ وَأَمَّا ٱلْقَٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا ﴿١٥﴾
وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴿١٦﴾ لِّنَفْتِنَهُمْ
فِيهِ ۚ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴿١٧﴾ وَأَنَّ
ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ
يَدْعُوهُ كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴿١٩﴾ قُلْ إِنَّمَآ أَدْعُوا۟ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ
بِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٠﴾ قُلْ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ قُلْ إِنِّى
لَن يُجِيرَنِى مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾ إِلَّا بَلَٰغًا
مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦ ۚ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ
خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴿٢٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعْلَمُونَ
مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا ﴿٢٤﴾ قُلْ إِنْ أَدْرِىٓ أَقَرِيبٌ
مَّا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّىٓ أَمَدًا ﴿٢٥﴾ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا
يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ
يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ لِّيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا۟
رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَىْءٍ عَدَدًۢا ﴿٢٨﴾

١٤ وا هێندێکمان موسوڵمانین، هێندێکیشمان له ڕێی لاده‌ر؛ ئه‌وانه‌ی که موسوڵمانن، ڕێگه‌ی ڕاستیان دیوه‌ته‌وه.
١٥ ئه‌وانه‌ش که له ڕێگه‌ی ڕاس لایانداوه، ده‌بنه ئێزنگی جه‌هه‌نده‌م.
١٦ گه‌ر ئه‌وانیش هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌م ڕێگه‌یه‌بن، بێ گومانه له ئاوێکی زه‌به‌نده تێراوایان ده‌که‌ین.
١٧ هه‌تا له‌وێدا بیان‌ئه‌زموێن، هه‌ر که‌سێکیش له‌یادی په‌روه‌رنده‌ی خۆی کلابێ، ئازارێکی زۆر دژواری به‌سه‌ردێنێ.
١٨ مزگه‌وته‌کانماڵی خودان؛ ده‌گه‌ڵ خودا، هاواری که‌سی‌تر مه‌که‌ن.
١٩ له‌وده‌مه‌شدا که عه‌بدی خودا هه‌ڵوێستا نوژێ بکا، هه‌ر وه‌خت‌بوو له‌سه‌ری ببنه پارچه‌یه‌ک.
٢٠ بێژه: ئه‌من هه‌ر هاوار له په‌روه‌رنده‌ی خۆم ده‌که‌م‌و که‌سی لێ‌ناکه‌م به‌شه‌ریک.
٢١ بێژه: من له‌ده‌ستم نایه زیانێکم بۆتان ببێ؛ یان بۆخه‌مه سه‌ر ڕاسته‌ڕێ.
٢٢ بێژه: من - به‌ده‌ر له خودا - هه‌رگیز هیچکه‌س په‌نام ناداو لای ئه‌ونه‌بێ، هیچ ئه‌نوایه‌کی شک نابه‌م.
٢٣ جا مه‌گین ڕاگه‌یاندنێک له خوداوه‌و گه‌یاندنی په‌یامانی. هه‌ر که‌سێکیش نافه‌رمانی خوداو پێغه‌مبه‌ری بکا، به‌شی ئاگری دۆژه‌هه؛ تاهه‌تایه.
٢٤ تا ئه‌وکاته‌ی ئه‌وه‌یان دێته به‌رچاوان که به‌ڵێنیان پێدراوه. جا ده‌زانن کێ یاوه‌ری بێ‌هێزتره‌و له‌ژماره‌شدا که‌متره.
٢٥ بێژه: هیچ ئاگام لێ‌نیه ئه‌وی به‌ڵێنۆ پێ‌ده‌درێ، نزیکه یان په‌روه‌رنده‌م مه‌ودایه‌کی بۆداناوه.
٢٦ له نه‌دیاران ئاگاداره‌و نهێنی خۆی بۆ که‌سێ ئاشکراناکا؛
٢٧ مه‌گین بۆ ڕاسپاردێکی لێی ڕازی‌بێ؛ ئه‌وسا له‌پێش‌و پاشیه‌وه پاسه‌وانان به‌ڕێ ده‌کا.
٢٨ تا بزانێ به‌دروستی په‌یامگه‌لی په‌روه‌رنده‌یان ڕاگه‌یاند. هه‌مۆشتیشیان ده‌زانێ‌و هه‌مۆشتی هه‌ژماردوه.

---

١٥- ئێزنگ: داری سۆتان، هێزم.

# سُورَةُ المُزَّمِّلِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ٢ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا
٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ٤ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا
ثَقِيلًا ٥ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ٦ إِنَّ لَكَ فِي
ٱلنَّهَارِ سَبۡحٗا طَوِيلٗا ٧ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا ٨
رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ٩ وَٱصۡبِرۡ
عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ١٠ وَذَرۡنِي وَٱلۡمُكَذِّبِينَ
أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ وَمَهِّلۡهُمۡ قَلِيلًا ١١ إِنَّ لَدَيۡنَآ أَنكَالٗا وَجَحِيمٗا ١٢
وَطَعَامٗا ذَا غُصَّةٖ وَعَذَابًا أَلِيمٗا ١٣ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ
وَكَانَتِ ٱلۡجِبَالُ كَثِيبٗا مَّهِيلًا ١٤ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا
عَلَيۡكُمۡ كَمَآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ رَسُولٗا ١٥ فَعَصَىٰ فِرۡعَوۡنُ ٱلرَّسُولَ
فَأَخَذۡنَٰهُ أَخۡذٗا وَبِيلٗا ١٦ فَكَيۡفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرۡتُمۡ يَوۡمٗا يَجۡعَلُ
ٱلۡوِلۡدَٰنَ شِيبًا ١٧ ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرُۢ بِهِۦۚ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَفۡعُولًا ١٨
إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ١٩

## موززەممیل

### وەناوخوداکەی بەخشندەوەی لاوڤانه

٢٠ ئایەت

١ ئەی ئەوکەسەی خۆت بەجلکان داپۆشیوە! ٢ شەو هەستەوە؛ مەگین
کەمێ، ٣ لە نیمەکەی؛ یان کەمێکی لێ دابڕە؛ ٤ یان کەمێکی
دەسەربخە. ئەم قورئانەش بەلەسەرخۆیی بخوێنەو بەڕەوانی. ٥ بەم
زوانە ئێمە وتارێ گرانت دەخەینەسەر. ٦ شەونخۆنی بۆڕامانێ جێدارترەو
بۆ وتاریش لەبارترە. ٧ لە ڕۆژیشدا مەودای هات‌وچۆت درێژە. ٨ هەر
ناوی پەروەرندەی خۆت بەیادبکەو لەغەیرەز ئەو، لە هەمۆشت بتەکەوە.
٩ پەروەرێنی خۆرهەڵات و خۆراوایە؛ بەغەیرەز ئەو هیچ‌شت بۆ پەرستن
نابێ. هەر ئەو بەبریکار بگرە. ١٠ بۆ ئەوقسانەش کە ئەیکەن، خۆڕاگربە.
لێشیان لادە؛ بە لالێدانێکی پەسند. ١١ لەمنیش گەڕێ دەگەڵ ئەو
بێباوەڕانەێ نازپەروەردە. تۆش مەودایەکیان بدەیە. ١٢ بێ‌سۆ زەنجیری
سەنگین‌و جەهەندەم لەلای ئێمەیە. ١٣ خۆراکێکی گەرۆگریش،
ئازارێکی زۆر بەژانیش. ١٤ لەو ڕۆژەدا بۆم ئەلەرزێ‌و کەژ دەهەژێن،
کێوەکان دەبنە گردولکەی ڕەملی خزۆک. ١٥ ئێمە پێغەمبەرێکمان بۆئێوە
کل کرد، شایەت بێ بەسەرتانەوە؛ هەر وەک بۆئالی فیرعەون
پێغەمبەرێکمان بەڕێ کرد. ١٦ فیرعەون بەیا پێغەمبەرەکەی نەدەکرد؛
ئەوسا ئێمەش ئازارێکی بەژانمان دا. ١٧ سا ئەر ئێوە هەر بە بێ‌دینی
مانەوە، چلۆن خۆتان دەپارێزن لەو ڕۆژە وا منداڵەکانیش پیردەکا.
١٨ عەزمانی پێ‌شەقاردەبێ. بەڵێنی خواش هەر دێتەجێ. ١٩ ئەم قورئانە
بیرەوەریەکە [ بۆمەردم ] ؛ کێ حەزبکا، بەرەو پەروەرندەی خۆی ڕێکە
دەردەکا.

---

١٤- **بۆم:** زەمین.	**هەژان یا هەژین:** شەکانەوە.	١٥- **کل کردن:** ناردن، ڕەوانە کردن.

١٦- **بەیا کردن:** بە قسەکردن، بە گوێ گرتن.

۞ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ
مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ۚ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ
عَلَيْكُمْ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ ۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ۙ
وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَءَاخَرُونَ
يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ۚ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟
ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ
عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا ۚ وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿٢٠﴾

## سُورَةُ المُدَّثِّر

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمْ فَأَنذِرْ ﴿٢﴾ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴿٣﴾ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾
وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ﴿٥﴾ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴿٦﴾ وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ ﴿٧﴾
فَإِذَا نُقِرَ فِى ٱلنَّاقُورِ ﴿٨﴾ فَذَٰلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ ﴿٩﴾ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ
غَيْرُ يَسِيرٍ ﴿١٠﴾ ذَرْنِى وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا
مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطْمَعُ
أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّآ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ لِءَايَٰتِنَا عَنِيدًا ﴿١٦﴾ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴿١٧﴾

۲۰ په‌روه‌رنده‌ت ئاگاداره که تۆو هێندێک له‌و که‌سانه‌ی ده‌گه‌ڵ تۆدان، نزیک دۆبه‌ش له سێ‌به‌شی ئه‌و شه‌وگاره‌و نیوه‌یی و سێ‌یه‌کیشی، بۆ شه‌ونوێژان هه‌ڵده‌ستنه‌وه. هه‌ر خوداشه که ئه‌ندازه بۆ شه‌و و ڕۆژان داده‌نێ. ئه‌و ده‌زانێ هه‌رگیز بۆتان ناژمێردرێ. ئه‌وا چاوپۆشی لێکردن. ده‌سا هه‌ر له قورئانه‌که - چه‌ندی بۆو ده‌لوێ - بخوێنن. خوا ده‌یزانێ هێندێکو نه‌خۆش‌ده‌که‌ون؛ هێندێکیشتان بۆبژیوێ خودابیدا، به‌ولاتا بڵاوده‌بن؛ کۆمه‌ڵێکیش له‌ڕای خودا ده‌چنه خه‌زا؛ سا چه‌ندی بۆتان بۆزده‌خوا، لێی بخوێنن. نوێژبکه‌ن‌و زه‌کات بده‌ن‌و ماڵی خۆتان به‌ده‌سته‌واو - به‌ده‌سته‌واوێکی په‌سند - بده‌ن به‌خوا. هه‌ر پێش بارێ به‌ڕێی بکه‌ن، باشتره‌که‌ی لای خودا پێوده‌گاته‌وه؛ وێڕای پاداشی گه‌وره‌تر. هه‌ر بۆردن له‌خوا بخوازن؛ خوا له‌گوناهان خۆش ده‌بێ‌و دلۆڤانه.

## مووده‌سسیر

### وه‌ناوی خوداکه‌ی که‌هندکه‌ر و دلۆڤانه

٥٦ ئایه‌ت

۱ ئه‌ی که‌سێکی جلکت به‌سه‌ر خۆداداوه! ۲ ڕابه، ترس وه‌به‌ربێنه.
۳ ڕاش‌گه‌یێنه که په‌روه‌رنده‌ت مه‌زنه. ۴ به‌رگیشت خاوێن ڕاگره.
۵ له هه‌رچی ناپاکه دۆربه. ۶ مه‌ش‌به‌خشه‌و پێت وابێ بۆشه.
۷ بۆخاتری په‌روه‌رنده‌ت خۆڕاگربه. ۸ هه‌رکاتێکیش ده‌که ڵه‌شاخ ده‌مێندرا،
۹ ئه‌و ڕۆژه ڕۆژێکی تۆشه؛ ۱۰ بۆ بێدینان نه‌هاسانه.
۱۱ تۆ لێم‌گه‌ڕێ بۆ ئه‌و که‌سه‌ی من ته‌نیا وه‌دیم هێناوه؛ ۱۲ دارایی فره‌شم دایه؛ ۱۳ چه‌ند کوڕێکیش که ئاگاداری لێده‌که‌ن؛
۱۴ هه‌مۆ کارێکم بۆ ڕێک خست؛ ۱۵ هێشتا هه‌ر چاوی له‌وه‌یه بۆی پترکه‌م.
۱۶ هه‌رگیز؛ چون بۆنیشانانمان لاساربوه. ۱۷ تۆشی ئازارێ وای ده‌که‌م، پێی هه‌ڵبچێ.

---

۲۰- بۆز: لوان، ڕه‌خسان.    ۶- بۆش: فره، زۆر. یانی: پێت‌وابێ که یه‌کجار زۆرت به‌خشیوه.

إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ نَظَرَ
﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ أَدۡبَرَ وَٱسۡتَكۡبَرَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ
يُؤۡثَرُ ﴿٢٤﴾ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا قَوۡلُ ٱلۡبَشَرِ ﴿٢٥﴾ سَأُصۡلِيهِ سَقَرَ ﴿٢٦﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ
مَا سَقَرُ ﴿٢٧﴾ لَا تُبۡقِي وَلَا تَذَرُ ﴿٢٨﴾ لَوَّاحَةٞ لِّلۡبَشَرِ ﴿٢٩﴾ عَلَيۡهَا تِسۡعَةَ عَشَرَ
﴿٣٠﴾ وَمَا جَعَلۡنَآ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةٗۙ وَمَا جَعَلۡنَا عِدَّتَهُمۡ إِلَّا فِتۡنَةٗ
لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيَسۡتَيۡقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَيَزۡدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنٗاۙ
وَلَا يَرۡتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ
وَٱلۡكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلٗاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي
مَن يَشَآءُۚ وَمَا يَعۡلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَۚ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡبَشَرِ ﴿٣١﴾ كَلَّا
وَٱلۡقَمَرِ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذۡ أَدۡبَرَ ﴿٣٣﴾ وَٱلصُّبۡحِ إِذَآ أَسۡفَرَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهَا لَإِحۡدَى
ٱلۡكُبَرِ ﴿٣٥﴾ نَذِيرٗا لِّلۡبَشَرِ ﴿٣٦﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَتَقَدَّمَ أَوۡ يَتَأَخَّرَ ﴿٣٧﴾ كُلُّ
نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلۡيَمِينِ ﴿٣٩﴾ فِي جَنَّٰتٖ يَتَسَآءَلُونَ
﴿٤٠﴾ عَنِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٤١﴾ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ
ٱلۡمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمۡ نَكُ نُطۡعِمُ ٱلۡمِسۡكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ
ٱلۡخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ ﴿٤٧﴾

۱۸ ئەو هەر ڕاماو هەڵی سەنگاند. ۱۹ ئەی مەرگی بێ؛ خۆی چۆنی
لێکداوەتەوە؟ ۲۰ دیسان نەژی؛ چۆنی بۆچوٚ؟ ۲۱ لەپاشانا تواشای کرد.
۲۲ ئەوسا کە ڕوی گرژ کردو ترش هەڵگەڕا. ۲۳ لەپاشان پشتی هەڵکردو
فیزی نواند. ۲۴ ئەوسا گوتی: ئەم قورعانە - ببی و نەبێ - جادوێکە
لەکۆنەوە دەیگێڕنەوە. ۲۵ ببی و نەبێ، ئەمە هەر وتەی مرۆیە.
۲۶ بەم زوانە دەیهاوێمە دۆزەقەوە. ۲۷ کوا ئەزانی دۆزەق چیە؟
۲۸ نە دەهێڵێ و نە وازدێنێ. ۲۹ پێستی مرۆ ڕەشەو دەکاو دەبرژێنێ.
۳۰ نۆزدە فرشتەی لەسەرن. ۳۱ ئێمە بێژگە لە فریشتان، کەسمان نەکردۆتە
کاربەدەستی ئاگر. بۆیەش ژمارەکەمان وا داناون تا خودانەناسان
بئەزموێن. تا ئەوانەی کە کتێبیان پێدراوە، هیچ گومانێکیان نەمێنێ. تا
ئەوانەش بەباوەڕن، باوەڕیان لەزێدەیی بێ؛ ئەوکەسانەش کە کتێبیان
پێدراوەو باوەڕداران، دوٚدڵ نەبن. تا ئەوانەی دەغەزێکیان لەدڵدایەو
ئەوانەی خودێ نەناسن، بێژن: خودا لەم نمونەنیشاندانە چەی
ویستگە؟ ئاوا خودا هەرکێی بوێ گومڕای دەکاو کێی بوێ شارەزای دەکا.
پێشمەرگەی پەروەرندەی تۆش - لەخوا بەدەر - کەس ژمارەیان
نازانێ. باسی دۆزەق هەر بەتەنیا بۆ بیرەوەری مرۆیە. ۳۲ نەچن باوەڕی
پێ نەکەن؛ سوٚند بەم هەیڤە، ۳۳ بەو شەوگارەش کە ڕادەکا،
۳۴ بەوسپێدەی ڕوبەندی خۆ وەلادەدا، ۳۵ ئەم ئاگرە یەک لەبەڵا
گەورەکانە؛ ۳۶ ترس وەبەرمرۆهێنە. ۳۷ کێ لەئێوە مەیلی لێ بێ
بێتەپێشێ، یان بگەڕێتەوە دواوە. ۳۸ هەمۆکەسێک لەگرۆی کردەی
خۆیدایە. ۳۹ جا مەگین دەستەڕاستیەکان، ۴۰ لەناو باخان پرسێ
لەیەکتری دەکەن، ۴۱ سەبارەت بەگوناهباران: ۴۲ چی ئێوەی دەدۆزەق
کێشا؟ ۴۳ ئێژن: ئێمە لەڕێزەی نوێژکەران نەبوین؛
۴۴ خۆراکیشمان بەهەژاران نەدەبەخشی؛ ۴۵ لەکۆڕی هەرزەبێژاندا،
ئێمەش لە هەرزەوێژان بوین؛ ۴۶ باوەڕیشمان بەڕۆژی سەلایەنەبوٚ؛
۴۷ تا مردنمان لێ میوان بوٚ.

فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ
﴿٤٩﴾ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴿٥١﴾ بَلْ يُرِيدُ
كُلُّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً ﴿٥٢﴾ كَلَّا بَل لَّا يَخَافُونَ
ٱلْءَاخِرَةَ ﴿٥٣﴾ كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ ﴿٥٤﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿٥٥﴾
وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ﴿٥٦﴾

## سُورَةُ القِيَامَةِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴿١﴾ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾ أَيَحْسَبُ
ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴿٣﴾ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴿٤﴾ بَلْ
يُرِيدُ ٱلْإِنسَٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴿٥﴾ يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴿٦﴾ فَإِذَا بَرِقَ ٱلْبَصَرُ
﴿٧﴾ وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ ﴿٨﴾ وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴿٩﴾ يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ
أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴿١٠﴾ كَلَّا لَا وَزَرَ ﴿١١﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمُسْتَقَرُّ ﴿١٢﴾ يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ
يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴿١٣﴾ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ
مَعَاذِيرَهُۥ ﴿١٥﴾ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ
وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾

٢٨ ئیتر تکای تکاکاران، هیچ بەهرەیەکیان بۆنادا. ٢٩ چیان بو، لە
وەبیرهێنەوە ڕەوینەوە؟ ٥٠ دەت وت ئەوان گوڕە خەرگەلی ڕەڤۆکن،
٥١ کە لەترسی شێر هەڵاتۆن. ٥٢ بەڵکو هەریەک لەوانە وایان گەرەک بۆ
نامەی وەکری بۆبێنن. ٥٣ هەرگیز، بەڵکو لەڕۆژی پەسڵان ناترسن.
٥٤ هەرگیز، دیارە ئەم قورعانە بیرهێنەرە. ٥٥ کێ کەیفی لێ بێ وەیخوێنێ.
٥٦ هیچ کەسیش نایخوێنێتەوە مەگین خودا مەیلی لێ بێ. خودا شیاوی
لێ‌ترسانەو بۆ خەتابەخشیش هێژایە.

## قیامەت

٤٠ ئایەت

بەناوی خوای گەورەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ سوێندەکەم بەڕۆژی سەڵا، ٢ سوێندیش دەخۆم بەوێژدانەکەی ڕەخنەگر،
٣ چۆن مرۆ واخەیاڵ دەکا ئێمە هەرگیز پێشەگەلی لەیەکدی کۆناکەینەوە؟
٤ بەڵکو توانابیمان هەیە سەرپەنجەکانیشی سازکەین. ٥ نەخێر مرۆ هەر
دەیەوێ تاوان بخاتە پێشەخۆی. ٦ ئەو دەپرسێ: ڕۆژی سەڵا ڕابۆن
کەی دێ؟ ٧ هەرگا چاو بەمۆلەق وەستا؛ ٨ مانگیش گیرا؛ ٩ خۆرو
مانگیش لەیەکتر کۆکرانەوە؛ ١٠ مرۆ ئەو ڕۆژە دبێژێ: ڕێگەی دەرەتانێ
کوانێ؟ ١١ هەرگیز، پەناگایەک نیە. ١٢ ئەوێ ڕۆژێ مەکۆلای
پەروەرندەتە. ١٣ لەو ڕۆژەدا مرۆ هەواڵی پێدەدرێ، چی پێشەکی بەڕێ
کردو چیشی لەدوا بەجێ‌ماوە. ١٤ نەخێر مرۆ بەوێژدانی خۆی دەزانێ؛
١٥ باگەلێکیش بروبیانۆ بێنێتەوە. ١٦ تۆ زمانی لێ مەخەگەڕ، تا بەپەلە
بیخوێنیەوە؛ ١٧ چونکە ئەرکی کۆکردن و وەخوێندنی لەسەرمەیە.
١٨ هەرگا ئێمە خوێندمانەوە، ئەوساکە تۆ لەدوایدا بیخوێنەوە.
١٩ لەپاشانیش شیکردنەوەی لەسەرمەیە.

---

٥٠- ڕەڤۆک: سڵ‌کەر،ڕەوەک. ٥٢- وەکر: کرایەوە.

كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ ﴿٢٠﴾ وَتَذَرُونَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ﴿٢١﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾
إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍۭ بَاسِرَةٌ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ ﴿٢٥﴾
كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِىَ ﴿٢٦﴾ وَقِيلَ مَنْ ۜ رَاقٍ ﴿٢٧﴾ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَٱلْتَفَّتِ
ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمَسَاقُ ﴿٣٠﴾ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ
﴿٣١﴾ وَلَـٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٣٢﴾ ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ يَتَمَطَّىٰٓ ﴿٣٣﴾ أَوْلَىٰ لَكَ
فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰٓ ﴿٣٥﴾ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَـٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾
أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِىٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ
ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَـٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧىَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴿٤٠﴾

## سُورَةُ الإِنسَانِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَـٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ﴿١﴾
إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَـٰهُ سَمِيعًۢا
بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيْنَـٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾
إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلْكَـٰفِرِينَ سَلَـٰسِلَا۟ وَأَغْلَـٰلًا وَسَعِيرًا ﴿٤﴾ إِنَّ
ٱلْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿٥﴾

٢٠ نـەخـێـر، دیـاره هۆن هـەر دنـیـاتـان خـۆش دەوێ؛ ٢١ دوارۆژیـش
وەلادەنێن. ٢٢ ئەوێ رۆژێ فرەڕۆهەن گەشەدەكەن؛ ٢٣ چاودەگێڕن
بەرەو پەروەرندەی خۆیان. ٢٤ دیمیش هەنە ترش وتفتن؛ ٢٥ چاوەنۆڕن
جەزرەبەی كەمەرشكێنیان بەسەربێنن. ٢٦ نەخێر، هەر بەخۆنازانێ تا
مـەرگ بـەربێـنگی دەگرێ. ٢٧ وتـراویشـە: كـەسی فـریاڕەسی كێـیە؟
٢٨ لێشی ڕۆنە چاخی جیابۆنەوەیە. ٢٩ لینـگ ولەتـەریش تێک هـاڵن.
٣٠ ئەو ڕۆژەیە جێ‌هاژۆتن بەرەو پەروەرندەی تۆیە. ٣١ نە هـەرگیز بڕوای
هێـنـاوەو نـە نمێژیشی كردوە. ٣٢ بەڵام وتۆیە درۆیەو خۆی بواردوە.
٣٣ پاشـی - بـەخۆبادانـەوە - چۆ بـۆلای كـەس‌وكـارەكـەی. ٣٤ ئەمـە بـۆتۆ
شیاوترو لەبارترە. ٣٥ جارێ‌تریش، ئەمە بۆتۆ شیاوترو لەبارترە. ٣٦ ئاخۆ
مرۆ هەر لای وایە بەخۆڕایی وڵی دەكەن؟ ٣٧ ئاخۆ ئەو دڵۆپێک نەبۆ كە
دەڕژێتە ناو تۆڵەوە؟ ٣٨ دوایە بۆبە جەڵتەخوێن‌و دروستی كردو سازی
دا؟ ٣٩ ئـەوسا هـەر لەو تـنۆكەوە جۆتـەی نـێرومێوی چـێكرد. ٤٠ ئاخـۆ
كەسێ وا ناتانێ مردۆ زیندۆبكاتەوە؟



# ئینسان

## وەناوخوداكەیكەڵكەوكلۆڤانە

٣١ ئایەت

١ بێ‌گومانە ماوەیەک لەم ڕۆژگارە بەسەرمرۆدا تێپەڕی‌و ئەو شتێ نەبۆ باس
بكرێ. ٢ ئێمە مرۆن لەتنۆكێكی ئاوێتە وەدی‌هێنا تا بیئەزمۆین؛ گوێ
بیستن‌و سۆمای دیتنیشمان پێدا. ٣ خۆمان ڕێگەمان نیشاندا؛ جا یان
شوكرانەبژێرە یان پێ‌نەزان. ٤ ئێمـە زنجیرو تۆقێكی گەلێ زۆرو ئاگرێ
بڵێسـەدارمـان بۆ بێ‌دینـەكـان سازداوە. ٥ ئاكـارچاكـان لـەبادەیـەک
دەخۆنەوە، ئاویتەكەی لەچەمەی كافۆرەوەیە.

---

٢٠- هۆن: ئێوە، ئەنگۆ. ٢٤- تفت: تاڵ. ٢٨- چاخ: كات، وەخت. ٢٩- لەتەر: بۆز.

عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفۡجِيرٗا ٦ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ
يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ٧ وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا
وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ٨ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا
٩ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسٗا قَمۡطَرِيرٗا ١٠ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ
ٱلۡيَوۡمِ وَلَقَّىٰهُمۡ نَضۡرَةٗ وَسُرُورٗا ١١ وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّةٗ وَحَرِيرٗا
١٢ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِۖ لَا يَرَوۡنَ فِيهَا شَمۡسٗا وَلَا زَمۡهَرِيرٗا ١٣
وَدَانِيَةً عَلَيۡهِمۡ ظِلَٰلُهَا وَذُلِّلَتۡ قُطُوفُهَا تَذۡلِيلٗا ١٤ وَيُطَافُ عَلَيۡهِم بِـَٔانِيَةٖ
مِّن فِضَّةٖ وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَا۠ ١٥ قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٖ قَدَّرُوهَا تَقۡدِيرٗا ١٦
وَيُسۡقَوۡنَ فِيهَا كَأۡسٗا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ١٧ عَيۡنٗا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلۡسَبِيلٗا
١٨ ۞ وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيۡتَهُمۡ حَسِبۡتَهُمۡ لُؤۡلُؤٗا مَّنثُورٗا
١٩ وَإِذَا رَأَيۡتَ ثَمَّ رَأَيۡتَ نَعِيمٗا وَمُلۡكٗا كَبِيرًا ٢٠ عَٰلِيَهُمۡ ثِيَابُ سُندُسٍ
خُضۡرٞ وَإِسۡتَبۡرَقٞۖ وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٖ وَسَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ شَرَابٗا
طَهُورًا ٢١ إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمۡ جَزَآءٗ وَكَانَ سَعۡيُكُم مَّشۡكُورًا ٢٢ إِنَّا
نَحۡنُ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ تَنزِيلٗا ٢٣ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعۡ
مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا ٢٤ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ٢٥

۶ چەمەیٚیکە عەبدانی خوا لەو دەنۆشن؛ بەفیچقەش هەڵی دەقوڵێنن.
٧ هەرچی لەخۆدەگرن دەیکەن؛ ترسیشیان لە ڕۆژێ هەیە کە بەڵاکەی بۆ
گلا ئەتەنێتەوە. ٨ لەو خۆراکەی کە خۆیان حەزی لێدەکەن، بە هەژارو
بە هەتیوو بە دیل‌گیراوی دەبەخشن. ٩ ئێمە - هەر لەڕاهی خودا - ئەم
خۆراکەتان دەدەینێ، نە پاداشێکمان لێوەدەوێ نە شوکرانەش. ١٠ ئێمە
ترسی پەروەرێنی خۆمان هەیە لە ڕۆژێکا کە زۆر تۆش‌و نەگبەت‌و
پڕمەترسی‌یە. ١١ خودا لەبەڵای ئەو ڕۆژە پاراستنی‌و تۆشی گەشەو
خۆشی کردن. ١٢ چونکە ئەوان خۆڕاگر بۆن، لەپاداشا بەهەشت‌و
حەریری پێدان. ١٣ لەبەهەشتا لەسەر تەخت پاڵ ئەکەفن‌و نە تینی
تاوێ دەبینن، نە سەرمایێ. ١۴ سێوەری درەختەکانی بەسەریانا
شۆربۆنەوەو میوەکەیان لەبەردەستە. ١۵ بەدەفری زێوو بەچەندین زەرکی
مینا، بەسەریانەوە دەگەڕێن. ١۶ زەرکی زێوین کە ڕاس بە قاس سازیان
داون. ١٧ بەوزەرکانە بادەیێکیان پێ‌دەنۆشن، ئاویتەکەی زەنجەفیلە.
١٨ چەمەیێکە بەناویدا ڕەوان ئەبێ؛ ناونراوە بەسەلسەبیل. ١٩ لاوانێ - کە
هەر بەلاوی دەمێننەوە - بەسەریانەوە ئەگەڕێن؛ گەر بیان‌بینی
وائەزانی مراری پڕژێندراون. ٢٠ گەر دەیبینی، هەر خێرو خۆشی
دەبینی‌و قەڵەمڕەوێکی زۆرگوشاد. ٢١ پارچەی تەنک‌و سفتی کەسکیان
دەبەردایە کە لەهەفرەمیش چێ‌بوەو بە زۆر مۆچەوانەی زێویش
ڕازاونەوەو پەروەرێنیان بادەی پاکی پێ نۆشاون. ٢٢ ئەمە پاداشی
ئێوەیەو تەقەلاتان شایانی ڕەزامەندی‌یە. ٢٣ ئێمەین کە ئەم قورئانەمان
- وردەوردەو بەش بەش - بۆ تۆ هەناردوە. ٢۴ سا خۆبگرە بۆ فەرمانی
پەروەرندەت؛ هەرگیز گوی لەوانە مەگرە تاوانبار یا پێ‌نەزانن.
٢۵ هەر ناوی پەروەرندەی خۆت بەیادبکە؛ هەمۆ بەرەبەیانان‌و ئێوارانیش.

---

٧- لەخۆگرتن: لەسەرخۆ پێویست کردن، نەدر. ١٩- مراری: مرواری، دوڕ.

٢١- کەسک: سەوز. هەفرمیش: هەوریشم. مۆچەوانە: دەسبەندی خشڵ.

وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ وَسَبِّحۡهُ لَيۡلٗا طَوِيلًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ
هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمۡ يَوۡمٗا ثَقِيلٗا ﴿٢٧﴾ نَّحۡنُ
خَلَقۡنَٰهُمۡ وَشَدَدۡنَآ أَسۡرَهُمۡۖ وَإِذَا شِئۡنَا بَدَّلۡنَآ أَمۡثَٰلَهُمۡ تَبۡدِيلًا
﴿٢٨﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلٗا ﴿٢٩﴾
وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿٣٠﴾
يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمَۢا ﴿٣١﴾

## سُورَةُ المُرۡسَلَاتِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡمُرۡسَلَٰتِ عُرۡفٗا ﴿١﴾ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴿٢﴾ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴿٣﴾
فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴿٤﴾ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴿٥﴾ عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا ﴿٦﴾ إِنَّمَا
تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٞ ﴿٧﴾ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ﴿٨﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ
﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ نُسِفَتۡ ﴿١٠﴾ وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتۡ ﴿١١﴾ لِأَيِّ يَوۡمٍ أُجِّلَتۡ
﴿١٢﴾ لِيَوۡمِ ٱلۡفَصۡلِ ﴿١٣﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ﴿١٤﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ
لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٥﴾ أَلَمۡ نُهۡلِكِ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ نُتۡبِعُهُمُ ٱلۡأٓخِرِينَ
﴿١٧﴾ كَذَٰلِكَ نَفۡعَلُ بِٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١٨﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٩﴾

٢٦ بەشەویش سوژدەی بۆبەرەو لەدرێژایی شەوگاریشدا هەر پەسنی پاکی
ئەو بدە. ٢٧ ئەوان حەزیان هەر لەدنیای بێ‌بەقایەو ڕۆژێ‌گران دەخەنە
پاش‌خۆیانەوە! ٢٨ ئێمە وەدیمان هێناون و هەمۆ ئازای بەندەنیانمان
داپێچاون؛ هەرگاش حەزکەین، بەچینێکی وەک ئەوانیان وەدەگۆڕین.
٢٩ ئەمانە بیرهێنەرێکن، هەرکێ حەزکا ڕێگە بەرەو پەروەرەندەی بەدی
دەکا. ٣٠ حەزکردنیش بەنگۆنیە، جا مەگین خودا حەزبکا. زانای کارزان
هەر خۆیەتی. ٣١ هەر کێی حەزکا وەبەر بەزەیی خۆدەخاو بۆئەوانەش کە
ناهەقن، جزیای بەژانی سازداوە.

٥٠ ئایەت

## مورسەلات

بەناو خوای بەخشندەی دلۆڤانە

١ سۆند بەوانەی - یەک لەدوای یەک - ناردراون، ٢ بەو با توندانەش
هەڵدەکەن، بەهەڵکردن، ٣ بەوانەیش کە ئەپرژێنن، بەپرژاندن،
٤ بەوانەش بەهەڵوەژاردن هەڵداوێرن، ٥ بەوانەش کە یادی خودا دەخەنە
بەردڵانەوە، ٦ بۆبەهانە لێ قەتاندن یان ترساندن؛ ٧ کە هەرچی سۆزو
پێدەدرێ، هەر دێتەجێ. ٨ سا هەر دەمێ ئەستێرەکان کوژانەوە،
٩ هەرگاش کەلێن دەکەوێتە عەزمانەوە، ١٠ هەرکاتێکیش کەژان هەژان و
تێک ڕۆخان، ١١ هەرگاش وادە بۆپێغەمبەران داندرا، ١٢ بۆکامەڕۆژ
دواخراوە؟ ١٣ بۆ ڕۆژی هەلاواردنێ. ١٤ کۆ زانیوتە ڕۆژی هەلاواردن
چیە؟ ١٥ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێ‌باوەڕان. ١٦ ئەدی ئێمە
پێشینەکانمان قڕنەکرد؟ ١٧ هەر ئەوەشمان دەگەل پاشینەکانیان کرد.
١٨ هەر ئەوکارەش بەتاوانبارەکان دەکەین. ١٩ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە
لەبێ‌باوەڕان.

---

٧- سۆز: گفت، قەول. ١٠- هەژان: ڕاتەکان، شەکانەوە.

أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٢٠﴾ فَجَعَلْنَٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾ إِلَىٰ قَدَرٍ
مَّعْلُومٍ ﴿٢٢﴾ فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ ﴿٢٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٤﴾
أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا ﴿٢٥﴾ أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا ﴿٢٦﴾ وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ
شَٰمِخَٰتٍ وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا ﴿٢٧﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٨﴾
ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٩﴾ ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ
شُعَبٍ ﴿٣٠﴾ لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ ﴿٣١﴾ إِنَّهَا تَرْمِى بِشَرَرٍ
كَٱلْقَصْرِ ﴿٣٢﴾ كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ ﴿٣٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٤﴾
هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴿٣٥﴾ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴿٣٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ
لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٧﴾ هَٰذَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ ۖ جَمَعْنَٰكُمْ وَٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ فَإِن كَانَ
لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ ﴿٣٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى
ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ ﴿٤١﴾ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٤٢﴾ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔا
بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٤٤﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ
لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٥﴾ كُلُوا۟ وَتَمَتَّعُوا۟ قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ ﴿٤٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ
لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱرْكَعُوا۟ لَا يَرْكَعُونَ ﴿٤٨﴾ وَيْلٌ
يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٩﴾ فَبِأَىِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٠﴾

٢٠ ئاخۆ ئێوەن لەئاوێکی بێ‌بایەخ وەدی نەهێنا؟ ٢١ لەجێیەکی پتەودا جێن
نەکردەوە؟ ٢٢ تا ماوەیێ دیاری‌کراو؟ ٢٣ خۆ توانیمان؛ ئای کە چەندە
چاکمان توانی. ٢٤ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لەبێ‌باوەڕان. ٢٥ ئەدی ئێمە
زەمینمان نەکردەمەکۆ؟ ٢٦ بۆ ژیاوان و نەماوان؟ ٢٧ هەر لەوێشدا
چەن چیای بەرزن دامەزراندو ئاوی خۆشن پێ‌نۆشاندن. ٢٨ ئەوێ
ڕۆژێ هاوارە لە بێ‌باوەڕان. ٢٩ وەڕێ‌کەون بەرەوشتێ کە بەدرۆتان
دەزانی. ٣٠ ڕێوەبچن بەرەوسێبەری دۆکەڵێکی سێ‌چوکڵە؛
٣١ سایەناداو مرۆش لەگڕ وەلانادا. ٣٢ ماکی دۆکەڵ پڕیشکەی وا دەهاوێژێ
کۆشک ئاسایی؛ ٣٣ هەر دەبێژی وشترانی بەرگن زەردن.
٣٤ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لەبێ‌باوەڕان. ٣٥ ئەمڕۆ ڕۆژێکە ناپەیڤن. ٣٦ ڕێگەی
تەوازیشیان نادەن. ٣٧ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێ‌باوەڕان. ٣٨ ئەمڕۆ
ڕۆژی هەڵاواردنە؛ ئێوەمان وەل پێشینان کۆکردەوە. ٣٩ سا ئەگەر
فێڵێکتان هەیە، وەزن لەخۆمی دەکارکەن. ٤٠ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە
بێ‌باوەڕان. ٤١ ئەوانەش کە خودێ‌ترسن، لە نێوانی سێبەران و
کانیاوانن؛ ٤٢ میوەهاتیش هەر چەندی دڵیان دبێژە. ٤٣ ئەمەش
پاداشی ئاکارۆ، سا بخۆن و بخۆنەوە؛ نۆشی‌گیانۆ. ٤٤ ئێمە ئاوا پاداشی
کارچاکان دەدەین. ٤٥ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێ‌باوەڕان. ٤٦ ئێوەش
گرۆی تاوانباران! بخۆن و کەمێ ڕابوێرن. ٤٧ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە
بێ‌باوەڕان. ٤٨ ئەگەر کەسێ پێان بێژێ: کڕنۆش بەرن، کڕنۆش نابەن.
٤٩ ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێ‌باوەڕان. ٥٠ دەسا ئەوان - پاشی قورعان -
بەکام قسە بڕوادەکەن؟

---

٢٥-مەکۆ: جێ کۆبۆنەوە. ٣٠-چوکڵە: سوچ، گۆشە. ٣٥-پەیڤین: قسە کردن. ٣٦-تەوازی: عوزرخوازی.

# سُورَةُ النَّبَإِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ١ عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلْعَظِيمِ ٢ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ٣
كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ٤ ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ٥ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا ٦
وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ٧ وَخَلَقْنَٰكُمْ أَزْوَٰجًا ٨ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا
٩ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ١٠ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ١١ وَبَنَيْنَا
فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ١٢ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ١٣ وَأَنزَلْنَا
مِنَ ٱلْمُعْصِرَٰتِ مَآءً ثَجَّاجًا ١٤ لِّنُخْرِجَ بِهِۦ حَبًّا وَنَبَاتًا ١٥ وَجَنَّٰتٍ
أَلْفَافًا ١٦ إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ كَانَ مِيقَٰتًا ١٧ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ
فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ١٨ وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ أَبْوَٰبًا ١٩ وَسُيِّرَتِ
ٱلْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ٢٠ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ٢١ لِّلطَّٰغِينَ
مَـَٔابًا ٢٢ لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ٢٣ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا
٢٤ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ٢٥ جَزَآءً وِفَاقًا ٢٦ إِنَّهُمْ كَانُوا۟
لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ٢٧ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا ٢٨ وَكُلَّ شَىْءٍ
أَحْصَيْنَٰهُ كِتَٰبًا ٢٩ فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ٣٠

# نەبەء

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

٤٠ ئایەت

١ لەچی لەیەکدی دەپرسن؟ ٢ لەدەنگ و باسەکەی مەزن؛ ٣ ئەوەی ئەوان
لەسەری مشتومڕیانە. ٤ نەخێر [هیچ برسی پێناوێ] زۆ دەزانن.
٥ هەمیسان [پرسی پێناوێ] زۆ دەزانن. ٦ ئەدی ئێمە ئەمهەردەن نەکردە
ڕایەخ؟ ٧ کەژو چیاکانیش سینگان؟ ٨ ئێوەشمان جوت وەدی هێنا.
٩ خەویشتانمان کردەهۆی حەسانەوەتان. ١٠ شەویشمان دانا بۆ پۆشاک.
١١ ڕۆژیشمان کردە هۆی ژیان. ١٢ لەسەرۆشتان حەوتی پتەومان
دامەزراند. ١٣ چرایێ زۆر بە ورشەشمان وەدی هێنا.
١٤ لەوهەورانە - کە بارانەیان پێوەیە - ئاوی بەخوڕمان داڕژاند؛ ١٥ هەتا
دەخڵ و ڕوەکی پێ بخەینەڕۆ. ١٦ دارستانی چڕوپڕیش. ١٧ بێ سۆ ڕۆژی
هەڵاواردن، کاتی بۆ دیاریکراوە. ١٨ هەر ئەوڕۆژەی دەکەلەشاخ
دەمێندرا، ئەوسا پۆل پۆل پەیداو دەبێ. ١٩ ئەم عەزمانە دەکرێتەوەو
دەرگادەرگا دەبێتەوە. ٢٠ کەژەکانیش لەشوێنی خۆ خزێنراون و گشتی
بۆنە تراویلکە. ٢١ بێ شک دۆژەهـ بەرەگەیە؛ ٢٢ بۆ سەربزێوەکان، جێ
گەڕانەوەیە. ٢٣ لەوێدا بۆماوەیێ زۆر قەتیس دەبن. ٢٤ لەوێدا نە خەو
دەچێژن نە ڤەخارن. ٢٥ مەگین ئاوەکوڵ و زۆخاو. ٢٦ پاداشێکی
هەمبەر [بەکردەوەکانیان]. ٢٧ چون ئەوان هێڤیدار نەبۆن
لێ پرسینەوەیەک هەبێ. ٢٨ نیشانەکانی ئێمەیان - زۆر بەتوندی -
بەدرۆ دانا. ٢٩ ژمارەی هەموشتیشمان هەر بەنۆسراوی لەلایە.
٣٠ سا بچەژن؛ ئەوی بۆتانی زیادئەکەین، هەر تەنیا جەزرەبەدانە.

---

٧- **سینگان:** جۆرێک بزماری دارین. ١٥- **ڕوەک:** هەرچی لەزەوین شین دەبێ.
١٧- **هەڵاواردن:** لێک جیاکردنەوە. ٢٠- **تراویلکە:** ڕەمڵ و زیخێ کە لەبەر تاو بریقەدەداو لە ئاو دەکا.
٢١- **بەرەگە:** بۆسە، کەمین. ٢٤- **ڤەخارن:** شتی خواردنەوە. وشەی: «**بَرْد**» هەم بە مانای فێنکی هاتوە،
هەم بەمانای خەو.

إِنَّ لِلۡمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَآئِقَ وَأَعۡنَٰبٗا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتۡرَابٗا ﴿٣٣﴾ وَكَأۡسٗا
دِهَاقٗا ﴿٣٤﴾ لَّا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوٗا وَلَا كِذَّٰبٗا ﴿٣٥﴾ جَزَآءٗ مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً
حِسَابٗا ﴿٣٦﴾ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا ٱلرَّحۡمَٰنِۖ لَا يَمۡلِكُونَ
مِنۡهُ خِطَابٗا ﴿٣٧﴾ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ صَفّٗاۖ لَّا يَتَكَلَّمُونَ
إِلَّا مَنۡ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَقَالَ صَوَابٗا ﴿٣٨﴾ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمُ ٱلۡحَقُّۖ فَمَن
شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾ إِنَّآ أَنذَرۡنَٰكُمۡ عَذَابٗا قَرِيبٗا يَوۡمَ
يَنظُرُ ٱلۡمَرۡءُ مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا ﴿٤٠﴾

## سُورَةُ النَّازِعَاتِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ﴿١﴾ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ﴿٢﴾ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا
﴿٣﴾ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ﴿٤﴾ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ﴿٥﴾ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ
﴿٦﴾ تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾ قُلُوبٞ يَوۡمَئِذٖ وَاجِفَةٌ ﴿٨﴾ أَبۡصَٰرُهَا
خَٰشِعَةٞ ﴿٩﴾ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ ﴿١٠﴾ أَءِذَا كُنَّا
عِظَٰمٗا نَّخِرَةٗ ﴿١١﴾ قَالُواْ تِلۡكَ إِذٗا كَرَّةٌ خَاسِرَةٞ ﴿١٢﴾ فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ
وَٰحِدَةٞ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ﴿١٤﴾ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴿١٥﴾

٣١ بۆ پارێزگارانیش جێگەی بە ئاوات گەییشتن هەیە: ٣٢ باغستانو ڕێزی
ڕەزان. ٣٣ پۆلەکیژی مەمک خڕی هاوتەمەنیش. ٣٤ پیاڵەی پڕیش
٣٥ لەوێ هەوانتە نابیسنو یەکدیش ناخەنە درۆوە.
٣٦ خەڵاتی پەروەرندەی تۆ، بەخششی بەسەروبەرە. ٣٧ پەروەرێنی
عاسمانەکانو زەمینو هەرچی لەناو ئەودوانەیە؛ ئەو خودایەی
ڕۆزیدەرە، هیچیان ناشێن بیدوێنن‌و بیدوێنن. ٣٨ ڕۆژێکی کە
جوبرائیلو فرشتەکان هەموو بەڕێز ڕاوەستاون؛ نائاخێون مەگین کەسێ
لەوڕا ودمی پێدرابێ، ئەویش قسێکی چاک بکا. ٣٩ وێ ڕۆژێ ڕۆژی
ڕاستیە؛ سا هەرکەسێ کە پێخۆشە، با ڕێبازی گەڕانەوە بەرەو لای
پەروەرندەی خۆی بگرێتەبەر. ٤٠ ئێمە لەجەزرەبەیێکی کە نزیکە،
ترسن‌وەبەرئێوەناوە. وێڕۆ مرۆ چاو بۆ ئەوشتە دەگێڕێ کە پێشەخۆی
ناردۆیەتی. هەرکەسیش خودای نەناسی هەر دبێژە: ئەی‌کاشکایە
ئاخ‌بومایە.

٤٦ ئایە

## نازیعات

## وەناوخوداکەیکەهەندەوکلۆڤانە

١ سوێندەکە بەو هەسارانەی کە هەڵدێن‌و ئاوادەبن،
٢ بەوانەش کە لەئاسۆیێ بۆ ئاسۆیەکی‌تردەچن، ٣ بەوانەش کە وەک
مەلەوان مەلەدەکەن، ٤ بەوانەش کە بۆ پێش‌بڕکێ پەلەدەکەن، ٥ سۆند
بەوانەش کە تەڤبیری کاران دەکەن، ٦ لەوڕۆژەدا لەرزێن [زەمین]
دەلەرزێنێ. ٧ ئیتریشی بەدوادێ. ٨ لەوروژەدا دڵانێک زۆر
هەراسانن. ٩ چاوانیشیان سیس و کزن. ١٠ ئێژن: ئاخۆ دەمانگێڕنەوە
سەرزەمین؟ ١١ لەپاش ئەوە کە چەندپێشەیێ کلۆربۆین؟ ١٢ ئێژن: ئیتر
ئەگەروابێ، ئەم وەگەڕانە دۆڕانە. ١٣ کەچی ئەمە هەر کاری یەک
نارەتەیە. ١٤ ئەوسا لەپڕ وەو بیاوانە ئەکەون. ١٥ ئاخۆ سەرگوروشتەی
مۆسات بۆهاتوە؟

---

٣٥- هەوانتە: قسەی مفت‌و بێ قازانج. ٣٧- دوان: قسەکردن. دواندن: قسەلەگەڵ‌کردن.
٣٨- نائاخێون: قسەناکەن. ٥- تەڤبیر: تەکبیر، ڕاوێژ. ١٣- نارەتە: گوڕە، نەعرەتە. ١٤- وەو: لەو.

إِذْ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٦﴾ ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿١٧﴾
فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَرَىٰهُ
ٱلْـَٔايَةَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٢٠﴾ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ
فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ
﴿٢٥﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ بَنَىٰهَا
﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾
وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾
وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٣﴾ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ
ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ﴿٣٥﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ
لِمَن يَرَىٰ ﴿٣٦﴾ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ
هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ
﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا
﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ
مَن يَخْشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾

## سُورَةُ عَبَسَ

١٦ کە پەروەرندەی گاسی کرد لەشیوی پیرۆزی «طُوا». ١٧ بەرەو فیرعەون
ڕێکەوە؛ ئەو لە ئەندازە دەرچوە. ١٨ پێشی بێژە: ئاخۆ توای پاک ببیەوە؟
١٩ منیش بەرەو پەروەرێنت ڕێت شاندەمو لێی بترسی؟ ٢٠ ئەوسا بەڵگە
هەرەگەورەکەی نیشان‌دا. ٢١ باوەڕێشی پێ‌نەکردو ئەشقیابو. ٢٢ لەپاشا
پشتی تێکردو دەستی کردە تەقالادان. ٢٣ ئیتر خەڵکی کۆکردوەوە
جاڕێ کێشا؛ ٢٤ وتی: ئەمن پەروەرێنی هەرەپایەبەرزتانم. ٢٥ ئەوسا
خودا گیرۆدەی ئازاری پەسڵان‌و دنیای کرد. ٢٦ بێگومانە لەم‌باسەدا
درزێ هەیە بۆ هەرکەسێ کە ئەترسێ. ٢٧ ئاخۆ چێکردنی ئیوە دژوارترە،
یان ئەو ئەزمێنەی ئەو دروستی کردوە؟ ٢٨ قەوارەی بەرزکردوەو لەباری
کرد. ٢٩ شەوەکەشی تاریک کردو چێشتەنگاویشی لێ‌دەرخست.
٣٠ لەپاش ئەوە ئەم هەردەی بە تلدانەوە پان کردوە. ٣١ ئاوی لێ
هێنایەدەرو جێ لەوەڕی لێ پەیدا کرد. ٣٢ کێواتیشی بەپتەوی لێ
دامەزراند. ٣٣ بۆ کامورەوا لێبوونی خۆتان‌و بۆ ئاژەڵیشتان.
٣٤ هەرکاتێکیش بەڵا هەرەگەورەکە هات، ٣٥ لەوڕۆژەدا مرۆ وەبیری دێتەوە
چی کردوە. ٣٦ جەهەندەمیش بۆ هەرکەسێکی دەبینێ، دێتە بەرچاو.
٣٧ جا هەر کەسێ کە سەربزێوی کردوەو ٣٨ ژینی دنیای بژاردوە، ٣٩ دیارە
جەهەندم جێیەتی. ٤٠ بەڵام کەسێ لەگەورەیی پەروەرندەی خۆی
ترساوەو لەئارەزۆی دڵی خۆی وازی هێناوە، ٤١ دیارە بەهەشت ئەنوای
ئەوە. ٤٢ لێت دەپرسن: ڕۆژی سەڵا کەی‌و لەکوێ دادەمەرزێ؟
٤٣ تۆ چۆن لەم بارەوە دەدوێی؟ ٤٤ هەر پەروەرندەی تۆ کاتەکەی دەزانێ.
٤٥ تۆ هەر تەنیا ترسێنەری بۆکەسێ‌کە لێی‌دەترسێ. ٤٦ ئەوێ ڕۆژێ کە
دەیبینن، واتێدەگەن بەدەر لەئێوارەی ڕۆژێک یان چێشتانێ نەماونەوە.

٤٢ ئایەت

## عەبەسە

٢٦- درز: دەرس، پەند. ١٨- توای: گەرەکتە، دەتەوێ. ٣٣- کامورەوا: کامەران.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾ أَوْ
يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ ﴿٤﴾ أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾
وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخْشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ
عَنْهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾ كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ﴿١١﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿١٢﴾ فِى صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ
﴿١٣﴾ مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍۭ ﴿١٤﴾ بِأَيْدِى سَفَرَةٍ ﴿١٥﴾ كِرَامٍۭ بَرَرَةٍ ﴿١٦﴾ قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ
مَآ أَكْفَرَهُۥ ﴿١٧﴾ مِنْ أَىِّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ﴿١٨﴾ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ثُمَّ
ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ ﴿٢١﴾ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴿٢٢﴾ كَلَّا لَمَّا
يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴿٢٣﴾ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا
﴿٢٥﴾ ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا ﴿٢٦﴾ فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبًا وَقَضْبًا ﴿٢٨﴾
وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةً وَأَبًّا ﴿٣١﴾ مَّتَٰعًا لَّكُمْ
وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٢﴾ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴿٣٣﴾ يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾
وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ
يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٌ
يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴿٤٠﴾ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَفَرَةُ ٱلْفَجَرَةُ ﴿٤٢﴾

## بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ گرژبۆ، ڕۆشی وەرگێڕا! ٢ کە بێ چاوەکە هاتەلای. ٣ تۆ چوزانی !
بەشکەویستی پابێتەوە. ٤ یا پەندبگرێ و ئەوپەندە بەهرەی پێ بدا.
٥ کەچی ئەوی خۆی بەبێ نیاز دەزانێ، ٦ هەر بەوەوە خجلّ دەبی.
٧ ئەگەر پاکیش نەبێتەوە، گوناهێ لەسەرتۆ نیە. ٨ بەڵام کەسێ
بەهەڵەداوان دێتەلات، ٩ هەر ئەویشە ترسی هەیە. ١٠ تۆ خۆتی لێ
دەخافڵێنی. ١١ قەت وامەکە! چون ئەم نیشانانە پەندن. ١٢ کێ
حەزبکا ئاموژگاری لێ وەردەگرێ. ١٣ لەناوەندی لاپەڕەکانی هێژادا،
١٤ بەپاکژی هەڵگیراون. ١٥ بەدەستی ڕاسپاردەگەلی، ١٦ هەڵبژاردەی
بەئەمەگ[ نۆسراوەتەوە] . ١٧ دەک ئەو مرۆیە بەکوش چێ، کە هیچی
دەچاودا نیە. ١٨ لەچی دروستی کردوە؟ ١٩ لە دڵۆپێک وەدی هێناو
ئەندازەشی بۆ داناوە. ٢٠ پاشان ڕێگەشی بۆ خۆش کرد. ٢١ جا مراندی و
لەگۆڕی نا. ٢٢ دواجار هەرگا مەیلی لێ بێ، دیسان زیندۆی دەکاتەوە.
٢٣ بەڵام نەخێر! بەچی فەرمانی پێداوە، هێشتا بەجێی نەهێناوە.
٢٤ دەی با مرۆ بڕوانێتە خۆراکی خۆی. ٢٥ ئێمە خۆمان ئاوەکەمان بۆڕژتوە،
بەڕژاندن. ٢٦ پاشان ئەم هەردەشمان قەڵاشت، بەقەڵاشتن.
٢٧ ئەوسا دانەشمان لێ ڕواند. ٢٨ ڕەزو سەوزاییش هەروەتر.
٢٩ بنەزەیتۆن و دارخورماش. ٣٠ باغستانی چڕوپریش. ٣١ میوەو لەوەڕی
چایەریش ٣٢ بۆبژیوی خۆتان و ماڵاتەکەتان. ٣٣ هەرگاش گوڕژنی
بەقەوهات. ٣٤ ئەوێ ڕۆژێ برا لەبرای ڕادەکا. ٣٥ لەدایکیشی ولە
باویشی. ٣٦ لەهاوسەری و لەجگەرگۆشەکانیشی. ٣٧ لەو ڕۆژەدا
هەرکەسێ کاری خۆی هەیەو نایپەرژێتە سەر کەسی تر. ٣٨ دیمی واهەن
- لەوڕوژەدا - سۆرو سپی دیاری دەدەن. ٣٩ دەم بەپێکەنین و شادن.
٤٠ هێندێ ڕوش هەن - ئەوێ ڕۆژێ - تۆزی مەینەتیان لێ بارن. ٤١ قورمو
سیان دای پۆشیون. ٤٢ ئەوانەن خوانەناسانی لەدین لادەر.

---

٦- خجلّ بۆن: خەریک بون، (پێوە) ماندو بۆن. ٣١- چایەر: لەوڕگە. ٣٣- گوڕژن: گرمە.
٤١- قورمو سیان: ڕەشایی نیشتوی دۆکەڵ.

## سُورَةُ التَّكۡوِيرِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ
سُيِّرَتۡ ﴿٣﴾ وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ ﴿٤﴾ وَإِذَا ٱلۡوُحُوشُ حُشِرَتۡ
﴿٥﴾ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ ﴿٦﴾ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ ﴿٧﴾ وَإِذَا
ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ﴿٨﴾ بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ ﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ
﴿١٠﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ ﴿١١﴾ وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ
أُزۡلِفَتۡ ﴿١٣﴾ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ ﴿١٤﴾ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ﴿١٥﴾
ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴿١٧﴾ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾
إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿١٩﴾ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٖ
ثَمَّ أَمِينٖ ﴿٢١﴾ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ
﴿٢٣﴾ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ ﴿٢٤﴾ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٖ ﴿٢٥﴾
فَأَيۡنَ تَذۡهَبُونَ ﴿٢٦﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٧﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن
يَسۡتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾

## سُورَةُ الانفِطَارِ

# تەکویر
## وەناوخوداکەی دلەند و دلوڤانە

٢٩ ئایەت

١ وەختێ کە خۆر تۆپەڵ کرا[ و ڕەش هەڵگەڕا]، ٢ وێجا هەمۆ هەسارەکان
پەژمەران و وەررێندران، ٣ کەژانیش لەشوێنی خۆیان خزێندران،
٤ لەوکاتەشا وشترانی لەسەرزانێ بێ خۆکران، ٥ هەرگاش لاوزو جانەور
لەئاقارێکا کۆکران، ٦ هەلێ هەمۆ دەریاکانیش هەڵچۆن و تێکەڵ
بەیەک بۆن، ٧ کاتێ هەمۆ گیانەکانیش ولفی یەک بۆن، ٨ لەدۆتی
زیندەبەگۆڕیش پرسیارکرا: ٩ بە کیژان گونەهـ گوژاوە؟ ١٠ هەرگاش
نامەی کردەوەکان کرانەوە، ١١ کە ئاسمانیش وەلابرا،
١٢ هەردەمێکیش کڵی دۆژەهێ نێڵدرا، ١٣ بەهەشتیش وەنزیک خرا،
١٤ هەمۆ کەسێ دەزانێ کە چی لەگەڵ خۆیا هێناوە. ١٥ سا سوێندئەخۆم
بەو هەسارە گەڕۆکانەی، ١٦ خول دەخۆن و دەگەڕێنەوە ناو لانە؛
١٧ بەم شەوە کە تاریک دادێ، ١٨ بە سپێدە، کاتێ هەناسەی پێدادێ،
١٩ ئەم قورعانە - بێگومانە - قسەی ڕاسپێراوێکی زۆر بەڕێزە. ٢٠ زۆر
بەهێزە، لای خودێ تەخت، جێدارە. ٢١ قسەی دەڕوا، لەوێ جێگەی
مەتمانەیە. ٢٢ هاوڕێکەشتان لێوە نیە. ٢٣ بێ سۆیە کە لەئاسۆیە
بەڕۆشنی دیتۆیەتی. ٢٤ لە درکاندنی نهێنیش چکۆس نیە. ٢٥ ئەوی
ئێژێ، هیچی قسەی شەیتانی دەرکراو نیە. ٢٦ سا ئێوە بەرەوکوێ
دەچن؟ ٢٧ ئەم قورئانە هەر پەندە بۆ خەڵکی دنیا. ٢٨ بۆ هەرکامتان
کە بیەوێ شوێنی ڕێگەی سەرڕاس کەوێ. ٢٩ بەویستنی خۆشتان نیە،
مەگین خودای پەروەرندەی گش جیهانێ، خۆی حەزبکا.

١٩ ئایەت

ئینفیتار

---

٢- وێجا: ئەوسا. ٤- خۆ: خاوەن، خێو. ٥- لاوز: جانەوەری کێوی. ٧- ولف: جۆت.
٩- کیژان: کام، کامە. ٢٤- چکۆس: رژد، چنۆک.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلۡكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتۡ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ
فُجِّرَتۡ ﴿٣﴾ وَإِذَا ٱلۡقُبُورُ بُعۡثِرَتۡ ﴿٤﴾ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ
وَأَخَّرَتۡ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِي
خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾
كَلَّا بَلۡ تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّينِ ﴿٩﴾ وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامٗا
كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿١٢﴾ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ
ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ ﴿١٤﴾ يَصۡلَوۡنَهَا يَوۡمَ ٱلدِّينِ ﴿١٥﴾ وَمَا هُمۡ عَنۡهَا بِغَآئِبِينَ
﴿١٦﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ﴿١٧﴾ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ
﴿١٨﴾ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ﴿١٩﴾

## سُورَةُ المُطَفِّفِينَ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكۡتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسۡتَوۡفُونَ ﴿٢﴾
وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ ﴿٣﴾ أَلَا يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ أَنَّهُم
مَّبۡعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴿٥﴾ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦﴾

## بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤان

۱ هەرگا کە عەزمان قەڵەشا، ۲ کاتێکیش ئەستێران وەرین،
۳ هەردەمێکیش زەریا تەقین و لێک دران، ۴ هەرساتێکیش گۆڕستان
ژێروڕۆکران، ۵ هەمۆکەسێ پێدەزانێ چەی پێش خست و چەی بەجێ
هێشت. ۶ ئەی بنیادەم! چی تۆی لەحاند پەروەرندەی بەخشندەت
بادی هەوا کرد؟ ۷ ئەوەی کە دروستی کردی و ئەندامەکانی وێخستی و
ڕێکی کردی. ۸ بە هەر شکڵێکیش خۆی ویستی، دەری خستی.
۹ هەرگیز ئەمەۆ نایەتەبیر؛ بەڵکۆ ئێوە پرسینەوەو لا دەرەوە. ۱۰ [وەل
ئەوەشا] چەند پاسگرتان بەسەرەوە. ۱۱ خاوەن ڕێزن، نڤیسیارن؛
۱۲ لەهەرکارێ ئێوە دەیکەن، ئاگەدارن. ۱۳ بێ گومان ئاکارچاکەکان لە
خۆشیدان. ۱۴ بەدکارانیش جەهەندەمین. ۱۵ ڕۆژی ژمار دێنەناوی.
۱۶ ناشتانن خۆی لێ ببوێرن. ۱۷ کۆزانیوتە ئەورۆژی ژمارە چیە؟
۱۸ هەمیسان تۆ کوێت زانیوە ڕۆژی ژمارێ چتۆیە؟ ۱۹ ڕوژێکە کەس بۆ
کەسی تر هیچ شتێکی لەدەست نایەو ئەوێ ڕۆژێ فەرمان هەر فەرمانی
خوایە.

## موتەففیفین

۳۶ ئایەت

## بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤان

۱ هاوارە لە کەمفرۆشان. ۲ ئەوکەسانەی بەپێوانە شتێ لەمەردم دەسێنن،
ئەشێ هەمۆیان پێ بدەن. ۳ ئەگەر خۆشیان بۆیان پێوان، یان
بەکێشانەیان پێدان، لێی کەم دەکەن. ۴ ئاخۆ ئەوانە نازانن کە هەر
زیندۆدەکرێنەوە؟ ۵ بۆڕۆژێکی گەورەوگران؟ ۶ ئەورۆژەی کە هەمۆ
مەردم بۆدیداری پەروەرندەی هەمۆ دنیا ڕادەوەستێن.

---

۹- دەرەوە: درۆیە. ۱۰- پاسگر: کێشکچی. ۱۱- نڤیسار: نۆسەر.

كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴿٧﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ ﴿٨﴾ كِتَٰبٌ
مَّرْقُومٌ ﴿٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾
وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمْ
عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ثُمَّ يُقَالُ
هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿١٧﴾ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ
﴿١٨﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٢٠﴾ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ
﴿٢١﴾ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعْرِفُ فِى
وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿٢٥﴾
خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ ۚ وَفِى ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾ وَمِزَاجُهُۥ
مِن تَسْنِيمٍ ﴿٢٧﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
أَجْرَمُوا۟ كَانُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَضْحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِهِمْ
يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمُ ٱنقَلَبُوا۟ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾
وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَآ أُرْسِلُوا۟ عَلَيْهِمْ
حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾ فَٱلْيَوْمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنَ ٱلْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ﴿٣٤﴾

٧ نەخێر، باوەڕبەمەناکەن؛ با بزانن سیایی ئەم بێ فەڕانە والە «سِجّین».
٨ کۆ زانیوتە «سِجّین» چیە؟ ٩ کتێبی نیشانە دارە. ١٠ لەوڕۆژەدا لە
بێباوەڕان هاوارە. ١١ ئەو کەسانەی ڕۆژی لێپرسینەوەیان پێ درۆیە.
١٢ هەر ملهوڕی تاوابناریش ئەوەی بە لاوەدرۆیە. ١٣ هەرگا نیشانانی
ئێمەی بۆ وەخوێنن، ئێژێ: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانە. ١۴ کە واش نیە؛
بەڵکۆ ئەوان ژەنگی کارەکانی خۆیان بۆتە توێژێکی سەردڵیان. ١٥ هیچ
وانیە! دیارە ئەوان لەوڕۆژەدا لە [بەزەیی] پەروەرێنیان، فرەدوڕن.
١۶ لەئاکاما ئەوان - بێ سۆ - دەچنە دۆژەهـ. ١٧ پێیان ئێژن: ئەمە هەوە
کە ئێوە پێتان درۆبۆ. ١٨ بابشزانن سیایی ئاکارچاکەکان لە «علّیین»دا
[نۆسراوە]. ١٩ کۆ دەزانی «علّیین» چەس؟ ٢٠ کتێبێ نیشانەدارە.
٢١ هەرکێ نزیک بەخودابێ، دەیبینێ[ و لێی ئاگادارە]. ٢٢ بەڕاستی
ئاکارچاکەکان لەخۆشیدان. ٢٣ وەبان تەختەکانیانەوە چاودەگێڕن.
٢۴ لەچارەیان تەڕو بەلی خوشگوزەرانی دەزانی. ٢٥ بادەیەکی سەر
بەمۆریان بۆڤەخارنێ دەدەنێ. ٢۶ مۆرەکەی سەری لەمیشکە؛ با ئەوی
حەزی لێدەکەن، بۆشتێوا پێکەوە کێ بەرکێ بکەن. ٢٧ ئاوێتەشی
لەتەسنیمە. ٢٨ چەمەیەکە، ئەوی نزیک خراونەوە، لەوسەرچاوە
دەخۆنەوە. ٢٩ تاوانکاران - لەسەردنیا - بە دینداران پێدەکەنین.
٣٠ هەرگا بەلایاندا دەچۆن، چاویان لەیەکتر دادەگرت. ٣١ هەرکاتێکیش
دەچۆنەوە لای کەسانیان، بەحەنەک دەیانگێڕاوە. ٣٢ کە چاویشیان
پێدەکەوتن، دەیانگوت: ئەمانە گومڕان. ٣٣ هیچکامیش ڕانەسپێرابۆن
کە دەبێ ئاگاداریان بن. ٣۴ وا ئەمڕۆش خوداناسەکان بەبێدینەکان
ئەخەنن.

---

١۴- توێژ: پەترۆخە، قرتماخە. ٢۴- چارە: دموچاو، بیچم. تەڕوبەل: ناسک‌ولاو، تەڕوتازە.
٢٥- ڤەخارن: خواردنەوە. ٣١- حەنەک: جەفەنگ، گاڵتەوگەپ.

عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾

## سُورَةُ الانشِقَاقِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ﴿١﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ
﴿٣﴾ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ ﴿٤﴾ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ﴿٦﴾ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ
كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿٧﴾ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ﴿٨﴾ وَيَنقَلِبُ
إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ﴿٩﴾ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ ﴿١٠﴾ فَسَوۡفَ
يَدۡعُواْ ثُبُورٗا ﴿١١﴾ وَيَصۡلَىٰ سَعِيرًا ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا ﴿١٣﴾
إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴿١٤﴾ بَلَىٰٓۚ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرٗا ﴿١٥﴾ فَلَآ أُقۡسِمُ
بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾
لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ﴿١٩﴾ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قُرِئَ
عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَ۩ ﴿٢١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُكَذِّبُونَ
﴿٢٢﴾ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴿٢٣﴾ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٤﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ ﴿٢٥﴾

٣٥ له‌بانی ته‌خته‌کانه‌وه چاوده‌گێڕن.
٣٦ ئاخۆ خودانه‌ناسه‌کان پاداشی کرده‌وه‌ی خۆیان وه‌رگرتوه؟

# ئینشیقاق

٢٥ ئایه‌ت

وه‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

١ هه‌رگا عه‌زمان ته‌ره‌کی برد، ٢ فه‌رمانی ڕاهێنه‌ریشی به‌جێ هێناو ده‌بێ
واش بێ. ٣ هه‌رگا زه‌مینیش ڕاخرا، ٤ هه‌رچی تێیدابۆ فڕێی داو
هیچ شتی ده‌ناودانه‌ما، ٥ فه‌رمانی په‌روه‌رێنی خۆی به‌جێ هێناو ده‌بێ
واش بێ. ٦ ئه‌ی مرۆ! ڕه‌نجی زۆر ده‌ده‌ی بگه‌ی به‌په‌روه‌رێنی خۆت؛
سا تۆشی دێی. ٧ ئه‌وسا هه‌رکه‌س نۆسراوه‌که‌ی له‌لای ڕاستیه‌وه
پێ بدرێ، ٨ له‌وه‌به‌ولا پرسیارێکی که‌م و هاسانی لێده‌کرێ.
٩ به‌دڵخۆشیش ده‌چته‌وه‌لای که‌س وکاری. ١٠ به‌ڵام ئه‌وی نۆسراوه‌که‌ی
له‌ئالی پشتیه‌وه بۆبێ، ١١ ئه‌و دواجار هاواری مه‌رگی خۆی ده‌کا.
١٢ ده‌شچێته‌ناو ئاگرێکی به‌کڵپه‌وه. ١٣ ئه‌و له ناو ماڵ و منداڵیا زۆر به‌که‌یف
بۆ. ١٤ ئه‌و پێی وابو که هه‌رگیز ناگه‌ڕێته‌وه. ١٥ ئارێ په‌روه‌رێنی ئاگای
له‌حاڵی بۆ. ١٦ سا سوێنده‌که به سۆرایی ده‌وری ئاسۆ، ١٧ به‌م شه‌وگاره‌و
به هه‌رشتێ دایده‌پۆشێ، ١٨ به‌ومانگه وه‌ختێ پڕده‌بێ، ١٩ ئێوه
بێ شک له‌بارێکه‌وه تۆشی بارێ‌تر ده‌بن. ٢٠ چیانه ئه‌مانه باوه‌ڕێ
هه‌رناهێنن؟ ٢١ هه‌رده‌مێکیش قورئانیان له‌لا ده‌خوێنن، سوژده‌نابه‌ن؟
٢٢ نه‌خێر! خودانه‌ناسه‌کان هه‌ر به درۆشی ده‌زانن. ٢٣ خواش له‌وی
له‌دڵیاندایه [له‌گش که‌س] ئاگادارتره. ٢٤ تۆش مزگێنی به‌مان بده،
تۆشی ئازاری به‌ژان دێن؛ ٢٥ مه‌گین ئه‌وی به‌باوه‌ڕو ئاکارچاک بن،
که‌پاداشیان دوایی نایه.

---

١٠- ئالی: لا، ته‌ره‌ف.

# سورة البروج

بسم الله الرحمن الرحيم

وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ﴿١﴾ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ﴿٢﴾ وَشَاهِدٍ وَمَشۡهُودٍ
﴿٣﴾ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ﴿٤﴾ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ ﴿٥﴾ إِذۡ هُمۡ عَلَيۡهَا
قُعُودٌ ﴿٦﴾ وَهُمۡ عَلَىٰ مَا يَفۡعَلُونَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ شُهُودٌ ﴿٧﴾ وَمَا نَقَمُواْ
مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ﴿٨﴾ ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَتُوبُواْ فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ
عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ ﴿١٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ
جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡكَبِيرُ ﴿١١﴾ إِنَّ بَطۡشَ
رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ هُوَ يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ ﴿١٣﴾ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ ﴿١٤﴾
ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ ﴿١٥﴾ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡجُنُودِ
﴿١٧﴾ فِرۡعَوۡنَ وَثَمُودَ ﴿١٨﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي تَكۡذِيبٖ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ مِن
وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ ﴿٢٠﴾ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ﴿٢١﴾ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ﴿٢٢﴾

# سورة الطارق

٢٢ ئایەت

## بوروج

وڵاتاوغوڵاکەکەڵهەندەوکلۆڤانە

١ بەو عاسمانە بەکەلوانە، ٢ بەڕۆژە دیاری کراوەکەش، ٣ بە بینەرو
بەوەش کە دێتەبەرچاوان، ٤ قڕانکەوتە نێوانی خەندەک لێدەران.
٥ هەر نێڵەی بۆ گڕی بەرزی ئاگربەران. ٦ خودی خۆشیان بەسەریەوە
ڕۆنیشتبۆن. ٧ چاوەدێری ئەوکارەش بۆن کە دەربارەی باوەڕدارەکانیان
دەکرد. ٨ تەنیا بۆیەش لەوانە بەرکداچۆبۆن، هەر چونکە خوای هەرە
خاوەن دەسەلاتی شایانی تاریف کردنیان پەرستبۆ. ٩ ئەوخودایەی
ئاسمانەکان و زەمینی لەبەردەستەو لەهەمۆشت بەئاگایە. ١٠ بۆ ئەوانەی
پیاوەکانی باوەڕدارو ژنەکانی باوەڕداریان خستبوە ناو ئاگرەوەو
لەدوایشدا پەژیوان نەبۆنەوە، بێ لەئازاری جەهەندەم، تۆڵی
شەواتەکەش هەیە. ١١ بۆ ئەوانەش کە دیندارو ئاکارچاک بۆن، باغاتێ
هەس جۆباریان بەبەردادەڕوا. ئەمەیە دەسکەوتی مەزن. ١٢ بێگومان
هەڵمەت بردنی پەروەرندەت زۆر حەستەمە. ١٣ ئەو هەر خۆی وەدی
دەهێنێ و دوبارەشی دەکاتەوە. ١٤ هەر ئەویشە عافۆدەکاو بەڤیانە.
١٥ خودانی تەختی بەقەدرە. ١٦ زۆربەکارە بۆ هەرشتێ گەرەکی بێ. ١٧ ئاخۆ
ئەتۆ هەوال و باسی شەرکەرەکانت پێگەییشت؟ ١٨ لەشکرەکانی
فیرعەون و هۆزی سەمۆد؟ ١٩ دیارە ئەوانی بێدینن لەمانە هەر
حاشادەکەن. ٢٠ خواش لەلای پشتەویانڕا دەوری داون.
٢١ ئاشکرایە ئەم قورئانە زۆر بەڕێزە. ٢٢ لەتەتەلەی هەرەبەرزی
پاراستۆ[ ڕۆنۆس کراوە ].

١٧ ئایەت

## تاریق

١- کەلو: برجی عاسمان ٣- یا: بەشایەت و بەشایەتی لەسەردراو، ٥- نێڵە: گڕی بەتەوزمی ئاگر.
ئاگربەر: ئامادە بۆ سۆتان. ١٠- بێ: جگە. تۆڵ: تۆڵە، قەرەبوی زڵم ساندنەوە.
شەواتە: تەواوسۆتان. ١٤- ڤیان: میهرەوانی.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ٣ إِن كُلُّ
نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ٤ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ٥ خُلِقَ مِن مَّآءٖ
دَافِقٖ ٦ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ٧ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ٨
يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ٩ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٖ وَلَا نَاصِرٖ ١٠ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجۡعِ ١١
وَٱلۡأَرۡضِ ذَاتِ ٱلصَّدۡعِ ١٢ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ١٣ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ١٤ إِنَّهُمۡ
يَكِيدُونَ كَيۡدٗا ١٥ وَأَكِيدُ كَيۡدٗا ١٦ فَمَهِّلِ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا ١٧

## سُورَةُ الأَعۡلَىٰ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ٢ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ
٣ وَٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلۡمَرۡعَىٰ ٤ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحۡوَىٰ ٥ سَنُقۡرِئُكَ
فَلَا تَنسَىٰٓ ٦ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ وَمَا يَخۡفَىٰ ٧ وَنُيَسِّرُكَ
لِلۡيُسۡرَىٰ ٨ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ٩ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ ١٠
وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلۡأَشۡقَى ١١ ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ١٢ ثُمَّ لَا يَمُوتُ
فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ ١٣ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ١٤ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ١٥

### بەناوی خوای کە بەخشندەو دلۆڤانە

١ بەوعەزمانەو بەوەی کە شەو خۆرادەنێ، ٢ کۆ دەزانی ئەوشەوگەردە
کامەیانە؟ ٣ ئەستێرەکەی هەرەگەشە. ٢ هەرکەسێ گیانی دەبەردا،
پاسەوانی هەر لەسەرە. ٥ با مرۆ لەخۆرامێنێ کە لەچی وەدی هاتوە.
٦ لە تراوێ فڕکەدەکا. ٧ لەنێوان پشت و بەرملان دێتەدەرێ. ٨ خوا
دەتوانێ جارێ‌تر بیهێنێتەوە. ٩ لەوڕۆژەدا کە نهێنی خۆیادەبن. ١٠ ئەو
نەهیچ هێزێکی هەیە، نە یاریکار. ١١ بەوحەوایەی ئاوهەڵدەگرێ و
دەیداتەوە، ١٢ بەوزەمینەش کە زۆر درزوکەلێنی هەن، ١٣ ئەم قورعانە
هەمۆکێشە دەبڕێتەوە. ١٤ هیچ قسەی لاقردیش نیە. ١٥ ئەو خەریکن
فێڵێک دەکەن. ١٦ وا منیش فێڵی خۆم دەکەم. ١٧ سا تۆ ماوەی ئەم
دین دوژمنانەبدە، کەمێکیان لێ ڕابوەستە.

٩-خۆیا: ئاشکرا. ١٤-لاقردی: گاڵتەوگەپ.

## ئەعلا

١٩ ئایەت

### بەناوی خوای کە بەخشندەو دلۆڤانە

١ پەسنی ناوی پەروەرندەی هەرەپایەبەرزت بدە. ٢ ئەوە دنیای
دامەزراندو لەباریکرد. ٣ بۆ هەرشت ئەندازەی داناو ڕێی نیشان دا.
٢ ئەوە چایەری خستەڕۆ. ٥ کردیە شینی ئامالّ ڕەش و پۆش و پاریش.
٦ ئێمە ئەوەت پێدەخوێنین، ئیتر تۆ لەبیرت ناچێ. ٧ مەگین شتێ خوا
حەزبکا؛ ئەو لە ئاشکراو نهێنی ئاگادارە. ٨ لەبەریشت هاسان دەکەین،
هەتا هاسانترین ڕیگە پەیدا بکەی. ٩ ئاموژگاری بکە، ئەگەر ئاموژگاری
بەهرەبدا. ١٠ کەسێ لەخوا ترسی هەبێ، هەرزوٚ پەندی لێ وەردەگرێ.
١١ بەدفەڕەکەش هەر خۆی لێ‌دۆر دەخاتەوە. ١٢ ئەو کەسەی‌کە دەچێتە
ناو ئاری گەورە. ١٣ پاشان لەوێدا نە دەمرێ، نە زیندیشە.
١٢ دیاریشە هەرکێ پاک ژیا، ڕزگاربوە. ١٥ یادی نێوی پەروەرندەی کردو
نوێژی بەجێ هێنا.

٤-چایەر: لەوەڕگە. ٥-ئامالّ: نزیک بە. ١٢-ئار: ئاگر

بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿١٦﴾ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ﴿١٧﴾ إِنَّ
هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾

## سُورَةُ الغَاشِيَةِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ ﴿١﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ﴿٢﴾
عَامِلَةٞ نَّاصِبَةٞ ﴿٣﴾ تَصۡلَىٰ نَارًا حَامِيَةٗ ﴿٤﴾ تُسۡقَىٰ مِنۡ عَيۡنٍ ءَانِيَةٖ ﴿٥﴾
لَّيۡسَ لَهُمۡ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٖ ﴿٦﴾ لَّا يُسۡمِنُ وَلَا يُغۡنِي مِن جُوعٖ ﴿٧﴾
وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاعِمَةٞ ﴿٨﴾ لِّسَعۡيِهَا رَاضِيَةٞ ﴿٩﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ ﴿١٠﴾
لَّا تَسۡمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةٗ ﴿١١﴾ فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ ﴿١٣﴾
وَأَكۡوَابٞ مَّوۡضُوعَةٞ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصۡفُوفَةٞ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِيُّ مَبۡثُوثَةٌ ﴿١٦﴾
أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلۡإِبِلِ كَيۡفَ خُلِقَتۡ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ
رُفِعَتۡ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلۡجِبَالِ كَيۡفَ نُصِبَتۡ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَيۡفَ
سُطِحَتۡ ﴿٢٠﴾ فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ ﴿٢١﴾ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم
بِمُصَيۡطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلۡعَذَابَ
ٱلۡأَكۡبَرَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ إِلَيۡنَآ إِيَابَهُمۡ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾

١٦ بەڵام ئێوە ژینی دنیا هەڵدەبژێرن.  ١٧ کەچی لەولا، باشترو بەپێزتر
هەیە.  ١٨ دیارە ئەمە لەنۆسراوە پێشینەکانیشدا هەیە.
١٩ نۆسراوەیێ کە دراون بە ئیبراهیم و بەمۆسا.

## غاشیە

بەناوی خودا کە بەخشندەو دلۆڤانە

٢٦ ئایەت

١ ئاخۆ باسی بەڵای گەورەت بۆ هاتوە، کە هەمۆشت دادەپۆشێ؟
٢ ئەوێ ڕۆژێ گەلێ ڕوخسار بزڕکاون.  ٣ لەکارکردندا چەوساون.
٤ گرفتاری ئاورێکی سوتێنەر دەبن.  ٥ قەخارنیان لەسەرچاوەی
هەرەگەرمەوە بۆدێنن.  ٦ هەرگیز بژیویان نادەنێ، مەگین
لەدڕکەشیلانێ.  ٧ قەڵەوناکاو لەنێزیش بێ نیازناکا.  ٨ ڕوخساریش
هەن خۆش وگەشن.  ٩ ڕازین لەکردەوەی خۆیان؛  ١٠ لەبەهەشتی
بەرزوتەرزا.  ١١ کە لەوێدا قسەی پڕوپۆچ نابیسن.  ١٢ چەمەی ڕۆن و
ڕەوانی فرەی تێدایە.  ١٣ تەختی تێدا داندراون.
١٤ زەرکیشیان لەلادانراون.  ١٥ باڵگەی نەرمیش ڕیزکراون.
١٦ زۆریش ڕایەخ ڕاخراون.  ١٧ ئەمانە چۆن ڕانەماون، کە وشتر چڵون
چێ بوە؟  ١٨ لەوعەزمانەش کە چۆن وا بڵند کراوە؟
١٩ لەوکەژانەش کە چۆن وەها دامەزراوە؟  ٢٠ لەم زەمینەش چۆن وا هەراو
ڕاخراوە؟ ٢١ سا تۆ ئامۆژگاری بکە، ئەتۆ هەرتەنیا پەندێری.
٢٢ تۆ لەسەریان نەبۆیە خاوەن دەستەڵات.  ٢٣ مەر ئەوکەسەی ڕۆ
وەرگێڕێ و نەیەوێ خودا بناسێ.  ٢٤ ئەوسا خودا بە جەزرەبەیێ گەورەتر
سزای ئەدا.  ٢٥ بێ گومانە کە هەمۆیان هەر بۆلای ئێمە دێنەوە.
٢٦ لەدواییدا خۆمان بەکاریان ڕادەگەین.

---

٢- **بزڕکان:** ڕەنگ پەڕین.  ٧- **نێزی:** برچێتی، برسیەتی.  ١٤- **زەرک:** شەربە، لیوان.
٢١- **پەندێر:** ئامۆژگاری کەر.

# سُورَةُ الفَجۡرِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡفَجۡرِ ١ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ٢ وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ ٣ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ
٤ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ٥ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ
٦ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ٧ ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ ٨
وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ ٩ وَفِرۡعَوۡنَ ذِي ٱلۡأَوۡتَادِ ١٠
ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ١١ فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ ١٢ فَصَبَّ
عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ ١٣ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ ١٤ فَأَمَّا
ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكۡرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ
١٥ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ ١٦
كَلَّاۖ بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ ١٧ وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ
ٱلۡمِسۡكِينِ ١٨ وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا ١٩
وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا ٢٠ كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلۡأَرۡضُ دَكّٗا
دَكّٗا ٢١ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلۡمَلَكُ صَفّٗا صَفّٗا ٢٢ وَجِاْيٓءَ يَوۡمَئِذِۭ
بِجَهَنَّمَۚ يَوۡمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكۡرَىٰ ٢٣

# فەجر

بەناوی خودای بەخشندەی دلۆڤان

٣٠ ئایەت

١ سۆندەکە بەبەری بەیان، ٢ لەشەوانیشدا بەدەیان، ٣ بەجوت، بە تاک،
٤ بەو شەوگارە کە ڕادەبرێ، ٥ ئاخۆ سوێندی وەهاخواردن، بۆ خاوەن ئاوەز
بەس نیە؟ ٦ خۆ دیتت کە پەروەرندەت چیکرد بەرانبەر هۆزی عاد؛
٧ بەرەی ئیرەم خێوی خانوی ئەستۆنداری [تەرزو گوشاد]؛
٨ ئەوماڵانەی وێنەیان لەشارانیشدا چێنەکرابوُ. ٩ هۆزی سەموُدیش،
ئەوانەی لەناو دۆڵ و گەلیەکاندا بەردیان تاشی؛ ١٠ فیرعەونیش، خێوی
کۆشکانی گەورەو بلند؛ ١١ ئەوانەی لە وڵاتاندا یاخی ببوُن. ١٢ خراپ
هەبوُ، ئەوان زێدەتریشیان کرد. ١٣ ئەوساکە پەروەرندەی تۆ وەبەر
قەمچی ئازاری دان. ١٤ بێ سۆکە پەروەرندەی تۆ، هەموُ ئەوانە
دەبینێ. ١٥ بەڵام مرۆ هەرکاتێکی پەروەرندەی دەیخاتەبەرئەزموُنەوەو
ڕێزی لێ دەگرێ و بەهرەی پێدەگەینێ، ئیژێ: [ئەوا] پەروەرندەم قەدری
گرتم. ١٦ ئەگەریش - هەر بۆئەزمونێ - پەروەرندەی بژیوی لێ
کەمکردەوە، ئەوسا ئیژێ: پەروەرندەم سۆکایەتی بەسەرهێنام.
١٧ نەخێر، بەڵکو ئێوە ڕێزلەهەتیوُ نانێن. ١٨ بۆ نان بەهەژار بەخشینیش،
ئێوە هانەی یەکتر نادەن. ١٩ میراتیش بەهەڵپە دەخۆن.
٢٠ خۆشەویستنی ماڵیشتان لەئەندازە دەرکەوتوُە. ٢١ نابێ وابێ! هەرگا
زەمین زۆر بە سەختی تێکشکێنرێ و، ٢٢ فەرمانی پەروەرندەت بێ و
فریشتەکانیش پۆل بەپۆل ڕیز ببەستن، ٢٣ دۆژە هیش بێننە پێشەوە،
ئەوێ ڕۆژێ مرۆ خۆی وەبیردێتەوە؛ بەڵام ئەم وەبیرهاتنەوە، کوا بەهرەی
پێدەگەینێ؟

---

٩- گەلی: دۆڵ، دەرە، شیو، بوهل. ٢٢- پۆل: کۆمەڵێک باڵندە.

يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي قَدَّمۡتُ لِحَيَاتِي ﴿٢٤﴾ فَيَوۡمَئِذٖ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٞ ﴿٢٥﴾
وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٞ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرۡجِعِيٓ
إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ﴿٢٨﴾ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴿٢٩﴾ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ﴿٣٠﴾

## سُورَةُ البَلَدِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴿١﴾ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴿٢﴾ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ
﴿٣﴾ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ﴿٤﴾ أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ
أَحَدٞ ﴿٥﴾ يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا ﴿٦﴾ أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ
﴿٧﴾ أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيۡنَٰهُ
ٱلنَّجۡدَيۡنِ ﴿١٠﴾ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴿١٢﴾
فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ ﴿١٤﴾ يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ
﴿١٥﴾ أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَوَاصَوۡاْ
بِٱلصَّبۡرِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ ﴿١٨﴾ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ ﴿١٩﴾ عَلَيۡهِمۡ نَارٞ مُّؤۡصَدَةُۢ ﴿٢٠﴾

## سُورَةُ الشَّمۡسِ

٢٢ ئیژیٚ : خۆزی بۆژیانم چاکەم وەپێش خۆم خستبا. ٢٥ سا ئەوڕوژە کەس
وەک ئەو جەزرەبە نادەن. ٢٦ کەسیش وەک ئەو بەزنجیر شەتەک
نادریٚ. ٢٧ تۆش ئەی گیانی لەخەم ڕخسیوا ٢٨ بەدڵخۆشی بچۆوە لای
پەروەرندەت؛ چۆن ئەوت لەخۆ ڕازی کرد. ٢٩ سا تۆش ڕەگەڵ عەبدەکانی
من بکەوە. ٣٠ [وێرای ئەوان] بچوە بەهەشتی منەوە.

## بەلەد

٢٠ ئایەت

وەناوی خودا کە دلۆڤانی و دلۆڤانە

١ سۆندیٚ دەخۆم بەم باژێڕە، ٢ تۆش نیشتەجێی ئەم باژێڕەی؛
٣ بەباب و نەتەوەکەشی، ٤ ئێمە جسناتی مرۆمان دەگەڵ خەمان وەدی
هێنا. ٥ ئاخۆ ئێستا وابیردەبا هەرگیز کەس دەرۆستی نایە؟
٦ ئیژیٚ : سامانێکی زۆرم لەدەس داوە. ٧ ئاخۆ ولۆ خەیاڵ دەکا کە
هیچکەس ئەوی نەدیوە؟ ٨ ئەدی ئێمە دۆدیدەمان پیٚ نەداوە؟
٩ زمانێکیش و جۆتیٚ لێو؟ ١٠ ڕێگەی هات و نەهاتیشمان نیشان نەدا؟
١١ وەلێکان ئەو خۆی لە ڕێگەی هەڵەت نەدا؟ ١٢ کۆ دەزانی مەبەس لە
ڕیٚ هەڵەت چیە؟ ١٣ ئازاد کردنی کۆیلەیە. ١٤ یا نان دانە، لە ڕۆژی
قاتی و قڕی دا. ١٥ بەهەتیوێکی بێکەسی نزیکی خۆی.
١٦ یان هەژارێکی خاکەسەر. ١٧ دیسان ئەبیٚ لەوانەش بیٚ کە بۆنەخاوەن
باوەڕو بۆ خۆگری و دلۆڤانی یەکتریان ڕاسپاردوە. ١٨ ئەوانە
بەختەوەرانن. ١٩ کەسانێکیش کە بەنیشانانی ئێمە بی بڕوابۆن، ئەوانە
بەدبەختەکانن. ٢٠ چارەنۆسیان ئاگریٚ پیٚ دەرەتانە.

## شەمس

١٥ ئایەت

١- باژێڕ: شار. ٧- ولۆ: بەم جۆرە. ١١- وەلێکان: وەلیٚ، بەلاٚم.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ﴿١﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ﴿٢﴾ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ﴿٣﴾
وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ﴿٤﴾ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴿٥﴾ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا
﴿٦﴾ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ﴿٨﴾ قَدۡ
أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ
بِطَغۡوَىٰهَآ ﴿١١﴾ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا ﴿١٢﴾ فَقَالَ لَهُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ
نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقۡيَٰهَا ﴿١٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمۡدَمَ
عَلَيۡهِمۡ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمۡ فَسَوَّىٰهَا ﴿١٤﴾ وَلَا يَخَافُ عُقۡبَٰهَا ﴿١٥﴾

## سُورَةُ اللَّيۡلِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ﴿١﴾ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ﴿٢﴾ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴿٣﴾
إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ﴿٤﴾ فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ﴿٦﴾
فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ
﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ﴿١٠﴾ وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ﴿١١﴾ إِنَّ عَلَيۡنَا
لَلۡهُدَىٰ ﴿١٢﴾ وَإِنَّ لَنَا لَلۡأٓخِرَةَ وَٱلۡأُولَىٰ ﴿١٣﴾ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴿١٤﴾

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ سوێند بەخۆرو بەتیشکی، ٢ بەم هەیڤەش کە بە دوێدادێ، ٣ سوێند بەو
رۆژەش کە تیفتیفەی هەتاودەدا، ٤ بەو شەوەش کە دایدەپۆشێ،
٥ بەو عاسمانەو بەوەی ئەوی وەدی هێنا، ٦ بەو زەمینەو بەوەش کە وا
پانی ڕاخست، ٧ بەگیانی مرۆسوێندەکەو بەوەش کە ڕێکی خستوە،
٨ ئەوسا هەموٚ تاوانباری و پارێزگاری دەویژدانی گەیاندوە. ٩ دیارە هەرکێ
گیانی خاوێن ڕاگرتوە، ڕزگاربوە. ١٠ هەرکەسێکیش دەگوناهیەوە
پێچاوە، دۆڕاندوێیە. ١١ هۆزی سەموٚد چون لەڕادە لایان‌دابوٚ، باوەڕیان
بەخودا نەبوٚ. ١٢ کە لەهەموان چارەڕشتر ڕاستەوەبوٚ. ١٣ ئەوسا
پێغەمبەری خودا پێانی‌وت: لە حوشترخواو لە ئاودانی ئاگاداربن.
١٤ جا باوەڕیان پێ نەکردو پەیان‌کرد. ئەوساکە پەروەرندەیان، لە سوٚنگەی
گوناهەکەیان، بەلایەکی ناردە سەریان، هەموٚی ڕێکی زەوی کردن.
١٥ لەئاکامی ئەمکارەشی ترسی نیە.

---

**٢-هەیڤ:** مانگ. **٣-تیفتیفەدان:** لاولوسەدان، جوان‌ولوس کردن. **١٤-پەی‌کردن:** دەست‌وپابڕین.

# لەیل

٢١ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ سوٚند بەوشەوە کاتێ هەرشت دادەپۆشێ، ٢ بەوڕۆژەش کەم
[لەسەردنێ] خۆرادەنێ، ٣ بەوەش کەم کە نێرومێوی وەدی هێنا،
٤ خەباتێ‌وە جۆراوجۆرە. ٥ کێ لەئێوە دەبەخشێو لە خوداترسا،
٦ بە پاداشی هەرەباشیش بڕوای هەیە، ٧ بەرەو جێگەی سانەوە ڕێی
هاسان دەکەین. ٨ بەلام ئەوی ڕژدی کردو وتی: کارم بەکەس نیە،
٩ پاداشی هەرە باشیشی پێ دروٚبوٚ، ١٠ ڕێگە هەرە دژوارەکەی
دەخەینەبەر. ١١ ئەگەر مردیش، مالەکەی سوٚدی پێ‌نادا. ١٢ ڕێ
نیشاندان لە سەر ئێمەس. ١٣ دنیاو سەلاش هی ئێمەیە. ١٤ لە
ئاگری بلێسەدار ئێوەم ترساند.

---

**٢-دنێ:** دنیا.

لَا يَصْلَىٰهَآ إِلَّا ٱلْأَشْقَى ﴿١٥﴾ ٱلَّذِى كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ وَسَيُجَنَّبُهَا
ٱلْأَتْقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن
نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ﴿١٩﴾ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ ﴿٢١﴾

## سُورَةُ الضُّحَىٰ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ﴿٢﴾ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾
وَلَلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ
فَتَرْضَىٰٓ ﴿٥﴾ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴿٦﴾ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا
فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴿٨﴾ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ
﴿٩﴾ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿١٠﴾ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾

## سُورَةُ الشَّرْحِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِىٓ
أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ
مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ﴿٨﴾

١٥ کێ لە هەموان بێ فەڕترە، تێی دەکەوێ. ١٦ ئەوی کە بڕوای نەکردو
ڕوی وەرگێڕا. ١٧ هەرکێش پارێزگارترینە، لێی دوردەبێ. ١٨ ئەوی ماڵی
خۆی دەبەخشێ، هەتاوەکو پاک بێتەوە. ١٩ بۆیەشی بەکەس نەبەخشی
کە پاداشی بدرێتەوە. ٢٠ هەرویستویە ڕەزامەندی پەروەرندەی
هەرەبەرزی بەدەس بێنێ. ٢١ بەم زوانەش ڕازی دەبێ.

## زوحا

١١ ئایەت

بەناوی خوای کەبەخشندەو دلۆڤانە

١ سۆندێ دەخوم بەچێشتەنگاو، ٢ بەجەنگەی هەدادانی شەو،
٣ پەروەرندەت نە وازی لە تۆهێناوە، نە لێت قەڵسە. ٤ دیارە دوارۆژ بۆتۆ لە
دنیا چاترە. ٥ بەم زوانەش پەروەرندەت چاکەی وەهات دەگەڵ دەکا،
ڕازی دەبی. ٦ چما نە سێویەک بۆی، ئەو پەنای پێدای؟ ٧ دی گومڕایو
ڕێی نیشاندای؟ ٨ دی هەژاریو لەئاتاجی دەری ختی؟ ٩ سا تۆش
هەتیو مەڕەنجێنە؛ ١٠ دەرۆزەکەر مەتارێنە؛ ١١ تۆ هەر باسی چاکەی
پەروەرندەت بکە.

٢- جەنگە: هەڕەت. هەدادان: داسەکەنان، ئارام گرتن. ٦- سێوی: منداڵی باب و دایک مردو.

## ئینشیراح

٨ ئایەت

بەناوی خوای کەبەخشندەو دلۆڤانە

١ ئەدی ئێمە تۆمان سینە فرەه نەکرد؟ ٢ قورساییشمان لەسەرشانانت
لانەبرد؟ ٣ ئەوەی پشتی چەماندبۆی؟ ٤ ناوبانگیشتمان بەرزەوەکرد.
٥ لەپاش تەنگانە فەرحانین؛ ٦ ئارێ، لەپاش تەنگانە فەرحانی هەیە.
٧ هەرگا لەکارت قوتاربۆی، ڕاستەوەبە[ بۆکارێکترا ].
٨ ئەوسا لەبەرپەروەرێنت بلالێوە.

١- فرەه: گوشاد.

## سُورَةُ التِّينِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ ﴿١﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ وَهَٰذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ ﴿٣﴾
لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ
﴿٥﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾
فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴿٧﴾ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴿٨﴾

## سُورَةُ العَلَقِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ اقْرَأْ وَرَبُّكَ
الْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ كَلَّا إِنَّ
الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ ﴿٦﴾ أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ ﴿٧﴾ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ ﴿٨﴾ أَرَأَيْتَ
الَّذِي يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰ ﴿١٠﴾ أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَىٰ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ
بِالتَّقْوَىٰ ﴿١٢﴾ أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ كَلَّا لَئِن
لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ
﴿١٧﴾ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾

# تین

٨ ئایە

## بەناو خوا کە دەهندەو دلۆڤانە

١ سۆند بە هەژیر، بە زەیتۆنیش، ٢ سۆندیش بە تۆری سینایە، ٣ بەم
باژێڕەش کە مەترسی وەبەرنایە، ٤ ئێمە مرۆن لەڕێکترین شێوەدا وەدی
هێناوە. ٥ پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ پلەی هەرە بەرەژێر؛
٦ مەر ئەوانەی باوەڕدارو ئاکارچاک بۆن، کە پاداشیان دوایی نایە.
٧ [سا ئەی مرۆ!] چی تۆی دەسخەڕۆکردوە کە ژینەوەت پێ درۆیە؟
٨ ئاخۆ خودا لە هەمۆ فەرمانڕەوایان باشتر بەکاران ڕاناگا؟

# عەلەق

١٩ ئایە

## بەناو خوا کە دەهندەو دلۆڤانە

١ وانە بەناو پەروەرندەت! کە زیندەوەر کاری ئەوە. ٢ جسنی مرۆی
لەجڵتەیێ وەدی هێنا. ٣ بخۆنە کە خودانیتۆ لەهەرکەس دەهندەترە.
٤ ئەوخودایەی بەهۆی بنۆسی ڕاهێنا. ٥ مرۆی لەشتێ ڕاهێنا کە زۆتر پێی
نەزانیبۆ. ٦ نەخێر، دیارە مرۆ سەربزێوی دەکا؛ ٧ کاتێ دیتی
لەخەڵکیدی بێنیازە. ٨ دیارە بۆلای پەروەرێنتە گەڕانەوە. ٩ ئاخۆ
ئەو[ زەلامەت] بینی بەری دەگرت، ١٠ لە بەندەیێ کە خەریک بۆنۆژی
دەکرد؟ ١١ کو ئەبینی ئەگەر لەسەر ڕاستەڕێبا، ١٢ یان فەرمانی بە
لەخوداترسی دابا؟ ١٣ هیچ بیرت لێکردۆتەوە، ئەگەر باوەڕی نەهێناو
ڕوی وەرگێرا،[ خۆی تیادەبا]؟ ١٤ مەگەر ئەو نەیدەزانی کە خودا
دەبینێ؟ ١٥ نا، ئەر هەر وازی نەهێنا، لە پێشەسەری دەنەوین؛
١٦ پێشەسەری درۆکەری خەتاکاری. ١٧ دەبا ئەوسا هاوار بۆیانەکەی بەرێ.
١٨ ئێمەش گزیری دۆژەهی لێ دەنگ دەدەین. ١٩ هەرگیز پەیڕەوی
لەومەکەو سوژدە بەرەو نزیک بەوە.

---

١-وانە: بخوێنە.   ٢-جەڵتە: خوێنی بەسیاگ.   ٣-ڕاهێنان: فێرکردن.

## سورة القدر

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ ﴿٢﴾
لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴿٣﴾ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ
فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ سَلَٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾

## سورة البينة

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ
حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴿٢﴾
فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴿٣﴾ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ
بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿٤﴾ وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ
لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ
ٱلْقَيِّمَةِ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ
فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ إِنَّ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٧﴾

٥ ئایەت

# قەدر

بەناوی خواکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ ئێمەین کە ئەم قورعانەمان لە شەوی هەرەبەڕێزدا ناردۆتە خوار.
٢ کۆ دەزانی ئەو شەوە بەڕێزە کامە؟
٣ شەوێکە هێندە بە قەدرە، هەزارمانگ بارتەقای ناکا.
٤ لەو شەوەدا فرشتەکان و جوبرائیل - بەئیزنی پەروەرندەیان - دادەوەزن و هەمۆکار جێ بەجێ دەکەن.
٥ هەر خۆشی و هێمنایەتیە هەتا بۆلێڵەی بەیانی.

٨ ئایەت

# بەیینە

بەناوی خواکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ ئەوان ئەهلی کتێبانەی لەدین دەرچۆن، وەل ئەوانەی بت پەرست بۆن، نەدەترازان تا بەڵگەیێ ڕۆنیان بۆدێ.
٢ پێغەمبەرێک لە خوداوە چەند ڕۆپەڕێکی پاکژیان بۆ وەخوێنێ.
٣ گەلێک نۆسراوی بەنرخیان تیاهەیە.
٤ ئەوانەی ئەهلی کتێبن، لەبەریەک هەڵنەوەشابۆن؛ مەگین وەختێ ئەم بەڵگە ڕۆنەیان بۆهات.
٥ فەرمانیشیان هەر ئەوەندە پێدرابۆ کە ئەبێ خواپەرست بن و لەدین ئەودا دڵپاک بن و بەرەو هەقانەت بڕۆن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ کە ئەمە دینی دروستە.
٦ ئەو کەسانەی کەوا ئەهلی کتێب بۆن و لەدین دەرچۆن، دەگەڵ بت پەرستەکاندا تا هەتایە، لەئاگری جەهەندەمدان. ئەمان خراپترین کەسن.
٧ ئەو کەسانەش کە بۆنە خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن، باشترین کەس هەرئەوانن.

جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَآ أَبَدًا رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾

## سُورَةُ الزَّلْزَلَةِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا
﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾
بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا
لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا
يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾

## سُورَةُ العَادِيَاتِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴿١﴾ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ﴿٢﴾ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا
﴿٣﴾ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ﴿٤﴾ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ
لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴿٦﴾ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ﴿٧﴾ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ
ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ ۞ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي ٱلْقُبُورِ ﴿٩﴾

٨ لەپەروەرندەیانەوە پاداشیان بەهەشتی عەدنە؛ جۆباری بەبەردادەڕواو
هەمیشە هەر لەوێ دەبن. خودا لەوان ڕازی بووو ئەوانیش
لەخوداڕازین. کێ لە خودای خۆی ترساوە، ئەمەی دەبێ.

## زیلزال

٨ ئایەت

وەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ هەرگا زەمین بەبۆمەلەرزە توندەکەی هاتەلەرزین، ٢ ئەم زەمینەش
گرانباری خۆی وەدەرخست، ٣ مرۆش پرسی: چی قەوماوە، بۆوادەکا؟
٤ ئەوێ ڕۆژێ بەسەرهاتەکەی باس دەکا. ٥ کە فەرمانی پەروەرێنی بەجێ
دێنێ. ٦ لەو ڕوژەدا مەردم بەپەرژوبڵاوی دێنە دەرێ تا هەرکەسە کاری
خۆیان نیشان بدەن. ٧ سا هەرکەسێ بەسەنگایی مێرولەی هەرەوردیلە،
چاکەی هەبۆبێ، دەیبینێ. ٨ هەر کەسێکیش بەقورسایی مێرولەی
هەرەوردیلە، خراپەی بۆبێ، دەیبینێ.

## عادیات

١١ ئایەت

وەناوی خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ بەو چارەوای بەلینگدانێ دەنرکێنن، ٢ بەوانەش کە ژێری پایان ئاورینگ
دێنن، ٣ سۆندبەوانەش بەریبەیان هێرش دەبەن، ٤ جا لەوێ تۆز
هەڵدەستێنن، ٥ دەشکەنە ناو ئاپۆرەوە، ٦ ڕاستی مرۆ لەڕاستی
پەروەرندەی خۆی پێ نەزانە؛ ٧ خۆشی باش ئەمەدەزانێ. ٨ لە ئەوینی
ماڵی دنیا گەلێ ڕژدە. ٩ ئاخۆ ئەوەندە نازانێ، کەی هەرکێ لە
گۆڕستاندان دەرخران و بڵاو کران،

---

٢-ئاورینگ: پریشکە ئاگری وردیلە. ٥-ئاپۆرە: کۆمای خەڵک پێکەوە.

وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ﴿١٠﴾ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌۢ ﴿١١﴾

## سُورَةُ القَارِعَةِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلْقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ
﴿٣﴾ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴿٤﴾
وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴿٥﴾ فَأَمَّا
مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ
﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ
﴿٩﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴿١١﴾

## سُورَةُ التَّكَاثُرِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ كَلَّا سَوْفَ
تَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ
عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا
عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾

١٠ هەرچی لەناودڵانیشدایە زاندران،
١١ ئەوێ ڕۆژێ پەروەرندەی لە نۆکوبەد ئاگادارە؟

## قاریعە

ئایەت ١١

بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ ئەو دڵکوتە، ٢ دڵکوت چیە؟
٣ کۆت زانیوە دڵکوت چیە؟
٤ ئەو ڕۆژە گش ئەو مەردمە وەک پەپۆلەی پرژاو دەبن.
٥ کێوەکانیش وەک خوری شیکراو دەبن.
٦ هەر کەسێکی تای تەرازۆی داهاتوە،
٧ تۆشی ژیانی خۆش بوە.
٨ هەر کەسێکیش لەکێشانە سۆکی هێنا،
٩ ئەوە ئەنوای «هاویە» یە.
١٠ کۆ زانیوتە لە «هاویە» مەبەس چیە؟
١١ ئاگرێکی بەنێڵەیە.

١١-نێڵە: گڕی ئاگری زۆر بەتەوژم.

## تەکاسور

ئایەت ٨

بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ شانازیتان بەفرەیی[ماڵ ومنداڵ] ئێوەی بە خۆیەوە خافڵاند.
٢ تا هەمۆتان بۆنە میوانی گۆڕستان.
٣ زوور ناخایەنێ دەزانن.
٤ جارێ تریش، زۆر ناخایەنێ دەزانن.
٥ بەڵام ئەگەر ڕاستەقینەو بزانیبا،
٦ ئاشکرا دۆژەهتان دەدی.
٧ دیسانەکەش، هەر بە ئاشکرا دەتاندی. ٨ لە پاشان هەر لەوڕۆژەدا
دەربارەی خۆشی دنیاوە لێودەپرسن.

## سُورَةُ العَصْرِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَالْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا
وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴿٣﴾

## سُورَةُ الهُمَزَةِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ﴿١﴾ الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ ﴿٢﴾
يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ ﴿٣﴾ كَلَّا لَيُنبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ ﴿٤﴾
وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ ﴿٥﴾ نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ ﴿٦﴾ الَّتِي تَطَّلِعُ
عَلَى الْأَفْئِدَةِ ﴿٧﴾ إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ ﴿٨﴾ فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ ﴿٩﴾

## سُورَةُ الفِيلِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ
فِي تَضْلِيلٍ ﴿٢﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرْمِيهِم
بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴿٥﴾

## عەسر

٣ ئایەت

بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ سۆند بەهەڕەتی ئێوارە،
٢ مرۆگشتی زیانبارە؛
٣ مەگین ئەوی بۆنەتە خاوەنباوەڕو کارچاک بۆنو یەکتریشیان بۆ کاری ڕاست دنەداوەو بۆ خۆگری ڕاسپاردوە.

## هومەزە

٩ ئایەت

بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ هەوارە لەهەرکەسێکی بەتەشەری خوسپکەرە؛
٢ ئەوی ماڵی کۆکردوەو دەیبژێرێ.
٣ خەیاڵ دەکا دراوەکەی لە مردنی دەپارێزێ.
۴ نانا،با وا خەیاڵ نەکا؛ بێشک فڕێدەدرێتە ناو «حوتەمە»وە.
٥ کا دەزانی نیاز لەو «حوتەمە» چیە؟
۶ ئاگرێکە خودا هەڵیگیرساندیە.
٧ بەسەر پەڕەی دڵاندا دێ.
٨ کە ئەمەیان بەسەردا گاڵەدراوە؛
٩ لە ئەستۆنەگەلێکی بەرزو بڵندا.

## فیل

٥ ئایەت

بەناو خوداکەی بەخشندەو دلۆڤانە

١ ئەدی نەتدی پەروەرندت چپەندێکی بە سەرفیل سوارەکان هێنا؟
٢ ئەدی فێڵو گزیەکانی هەمۆ لێ پوچەڵ نەکردن؟
٣ دەستە دستەە باڵداری هەناردە سەریان.
۴ گزمۆلەقوڕی وەک بەردیان تێدەگرتن؛
٥ تا بەدەردی کایەکی خوراوی بردن.

## سورة قريش

بسم الله الرحمن الرحيم

لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ
﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم
مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾

## سورة الماعون

بسم الله الرحمن الرحيم

أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى
يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾
فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ
﴿٥﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴿٧﴾

## سورة الكوثر

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ﴿١﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴿٢﴾
إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ﴿٣﴾

## قورەیش

٤ ئایەت

وەناو خوداکەی دەهندەی دلۆڤانە

١ بۆ پێکەوەمانی قورەیش،
٢ کە سالانە دۆجار دەچن بەرەو زۆزان و گەرمیان،
٣ با خودانی ئەم خانوە بپەرستن؛
٤ کە ئەوانی لەنیزی بێ نیاز کردو دلنیای کردن نەترسن.

٤-نیزی: برسیەتی.

## ماعون

٧ ئایەت

وەناو خوداکەی دەهندەی دلۆڤانە

١ ئاخۆ تۆ ئەو[ زەلام]ەت دی ڕۆژی جەزای لادرۆبۆ؟
٢ هەر ئەویش بۆکە هەتیوی [ بێدەرەتانی] ئەڕانی.
٣ بۆ نان دان بە هەژارانیش هانەنادا.
٤ هاوار بۆ ئەو نۆژکەرانەی،
٥ هۆش بە نۆژەکەیان نادەن.
۶ ئەوی دەستەی ڕۆبینانن،
٧ دەبنە بەرگر لە باربۆدان و زبارەش.

۶-ڕوبینی: ڕیا؛ ڕوبین:ڕیاکار. ٧-باربو: یارمەتی‌دانی هەژارو پەک کەوتە بەپۆل و مال لەلایەن هاوساو هاومالانەوە. زبارە: ئاریکاری کۆمەل لەکاردا.

## کەوسەر

٣ ئایەت

وەناو خوداکەی دەهندەی دلۆڤانە

١ ئێمە زۆرشتمان دابەتۆ.
٢ ساتۆ بۆ پەروەرندەی خۆت نمێژو قوربانی بکە.
٣ ئەوی لێت بە ناتۆرەیە، بۆ خۆی وەجاخی کۆرەیە.

## سورة الكافرون

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾
وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾
وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾

## سورة النصر

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ ﴿١﴾ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ
يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ
وَٱسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًۢا ﴿٣﴾

## سورة المسد

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿١﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا
كَسَبَ ﴿٢﴾ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴿٣﴾ وَٱمْرَأَتُهُۥ
حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴿٤﴾ فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ ﴿٥﴾

## کافیرون

٦ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ بێژە : ئەی خوانەناسەکان!
٢ ئەوی ئێوە دەیپەرستن، نایپەرستم.
٣ ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، نایپەرستن.
٤ ئەوەش پەرستوتانە من نایپەرستم.
٥ ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، نایپەرستن.
٦ دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆمە.

## نەسر

٣ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ هەرکاتێ یارمەتی خودا گەییشتە ئێوەو سەرکەوتن،
٢ خەڵکیشت دی - گرۆگرۆ - دێنە ناو دینی خوداوە،
٣ هەر تاریف و شوکری پەروەرندەت بکەو داوای بوردنی لێ بکە. ئەو هەمیشە پەژیوانان قبوڵ دەکا.

## مەسەد

٥ ئایەت

بەناوی خوداکەی بەخشندەی دلۆڤانە

١ ئەبولەهەب هەردودەستی شەلەبێ و عەمری نەمێنێ.
٢ نە سامانی و نە ئەوی پەیدای کردوە بەهرەی بۆدا.
٣ هەربینا، ئاگری بەگڕ ئەیسوزێنێ.
٤ ژنەکەشی دەستەچیلە بەکۆڵ دێنێ.
٥ گورزەهۆنی سیرمەی دوبادی دەملدا.

---

٣- هەربینا: بەم زوانە.　٥- گورزەهۆن: جۆری گوریس.　سیرمە : باریکەیەک لە چەرم.
دوباد: دوجار بادراو.

## سورة الإخلاص

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ
وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾

## سورة الفلق

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن
شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى
ٱلْعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾

## سورة الناس

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ
ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِى
يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾
مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾

## ئیخلاس

٤ ئایەت

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

١ بێژه: ئه‌و خودایه تاکه.
٢ خودایه‌کی بێ‌نیازو جێ نیازه.
٣ که‌س له‌ونه‌بوه‌و ئه‌ویش له‌هیچ‌که‌س نه‌زاوه.
٤ هه‌رگیز که‌سیش نه‌یتوانیوه هه‌مبه‌ری بێ.

## فه‌له‌ق

٥ ئایەت

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

١ بێژه: من خۆده‌پارێزم، به وه‌دی‌هێنی زا له‌ماک،
٢ له وه‌زه‌نی هه‌رچی دوروستی کردوه؛
٣ له ڕۆشه‌ی شه‌و، کاتێ تاریکایی دادێ؛
٤ له تۆشی جادۆگه‌رانێ پف ده‌که‌نه چه‌ندگرێیه‌ک؛
٥ له کێچه‌ڵی ئێره‌یی‌به‌ر، وه‌ختێ‌که ئێره‌یی ده‌با.

٢-وه‌زه‌ن: ئازار ٥-ئیره‌یی: به‌غیلی، حه‌سودی.

## ناس

٦ ئایەت

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی دلۆڤانه

١ بێژه: من خۆده‌پارێزم به خودانی ئه‌م مه‌ردمه،
٢ فه‌رمانڕه‌وای ئه‌م مه‌ردمه،
٣ خودای [گه‌وره‌ی] ئه‌م مه‌ردمه،
٤ له‌به‌ڵای وازوازی‌هێنی خۆپه‌ناده‌ر؛
٥ ئه‌وی دڵی ئه‌م مه‌ردمه کرمێ ده‌کا؛
٦ له‌جنۆکه‌و له مه‌ردمیش.

# فهرس بأسماء السور وبيان المكي والمدني منها


| السورة | رقمها | الصفحة | | السورة | رقمها | الصفحة | | السورة | رقمها | الصفحة | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| الفاتحة | ١ | ١ | مكية | الزمر | ٣٩ | ٤٥٨ | مكية | المرسلات | ٧٧ | ٥٨٠ | مكية |
| البقرة | ٢ | ٢ | مدنية | غافر | ٤٠ | ٤٦٧ | مكية | النبأ | ٧٨ | ٥٨٢ | مكية |
| آل عمران | ٣ | ٥٠ | مدنية | فصلت | ٤١ | ٤٧٧ | مكية | النازعات | ٧٩ | ٥٨٣ | مكية |
| النساء | ٤ | ٧٧ | مدنية | الشورى | ٤٢ | ٤٨٣ | مكية | عبس | ٨٠ | ٥٨٥ | مكية |
| المائدة | ٥ | ١٠٦ | مدنية | الزخرف | ٤٣ | ٤٨٩ | مكية | التكوير | ٨١ | ٥٨٦ | مكية |
| الأنعام | ٦ | ١٢٨ | مكية | الدخان | ٤٤ | ٤٩٦ | مكية | الانفطار | ٨٢ | ٥٨٧ | مكية |
| الأعراف | ٧ | ١٥١ | مكية | الجاثية | ٤٥ | ٤٩٩ | مكية | المطففين | ٨٣ | ٥٨٧ | مكية |
| الأنفال | ٨ | ١٧٧ | مدنية | الأحقاف | ٤٦ | ٥٠٢ | مكية | الانشقاق | ٨٤ | ٥٨٩ | مكية |
| التوبة | ٩ | ١٨٧ | مدنية | محمد | ٤٧ | ٥٠٧ | مدنية | البروج | ٨٥ | ٥٩٠ | مكية |
| يونس | ١٠ | ٢٠٨ | مكية | الفتح | ٤٨ | ٥١١ | مدنية | الطارق | ٨٦ | ٥٩١ | مكية |
| هود | ١١ | ٢٢١ | مكية | الحجرات | ٤٩ | ٥١٥ | مدنية | الأعلى | ٨٧ | ٥٩١ | مكية |
| يوسف | ١٢ | ٢٣٥ | مكية | ق | ٥٠ | ٥١٨ | مكية | الغاشية | ٨٨ | ٥٩٢ | مكية |
| الرعد | ١٣ | ٢٤٩ | مدنية | الذاريات | ٥١ | ٥٢٠ | مكية | الفجر | ٨٩ | ٥٩٣ | مكية |
| إبراهيم | ١٤ | ٢٥٥ | مكية | الطور | ٥٢ | ٥٢٣ | مكية | البلد | ٩٠ | ٥٩٤ | مكية |
| الحجر | ١٥ | ٢٦٢ | مكية | النجم | ٥٣ | ٥٢٦ | مكية | الشمس | ٩١ | ٥٩٥ | مكية |
| النحل | ١٦ | ٢٦٧ | مكية | القمر | ٥٤ | ٥٢٨ | مكية | الليل | ٩٢ | ٥٩٥ | مكية |
| الإسراء | ١٧ | ٢٨٢ | مكية | الرحمن | ٥٥ | ٥٣١ | مدنية | الضحى | ٩٣ | ٥٩٦ | مكية |
| الكهف | ١٨ | ٢٩٣ | مكية | الواقعة | ٥٦ | ٥٣٤ | مكية | الشرح | ٩٤ | ٥٩٦ | مكية |
| مريم | ١٩ | ٣٠٥ | مكية | الحديد | ٥٧ | ٥٣٧ | مدنية | التين | ٩٥ | ٥٩٧ | مكية |
| طه | ٢٠ | ٣١٢ | مكية | المجادلة | ٥٨ | ٥٤٢ | مدنية | العلق | ٩٦ | ٥٩٧ | مكية |
| الأنبياء | ٢١ | ٣٢٢ | مكية | الحشر | ٥٩ | ٥٤٥ | مدنية | القدر | ٩٧ | ٥٩٨ | مكية |
| الحج | ٢٢ | ٣٣٢ | مدنية | الممتحنة | ٦٠ | ٥٤٩ | مدنية | البينة | ٩٨ | ٥٩٨ | مدنية |
| المؤمنون | ٢٣ | ٣٤٢ | مكية | الصف | ٦١ | ٥٥١ | مدنية | الزلزلة | ٩٩ | ٥٩٩ | مدنية |
| النور | ٢٤ | ٣٥٠ | مدنية | الجمعة | ٦٢ | ٥٥٣ | مدنية | العاديات | ١٠٠ | ٥٩٩ | مكية |
| الفرقان | ٢٥ | ٣٥٩ | مكية | المنافقون | ٦٣ | ٥٥٤ | مدنية | القارعة | ١٠١ | ٦٠٠ | مكية |
| الشعراء | ٢٦ | ٣٦٧ | مكية | التغابن | ٦٤ | ٥٥٦ | مدنية | التكاثر | ١٠٢ | ٦٠٠ | مكية |
| النمل | ٢٧ | ٣٧٧ | مكية | الطلاق | ٦٥ | ٥٥٨ | مدنية | العصر | ١٠٣ | ٦٠١ | مكية |
| القصص | ٢٨ | ٣٨٥ | مكية | التحريم | ٦٦ | ٥٦٠ | مدنية | الهمزة | ١٠٤ | ٦٠١ | مكية |
| العنكبوت | ٢٩ | ٣٩٦ | مكية | الملك | ٦٧ | ٥٦٢ | مكية | الفيل | ١٠٥ | ٦٠١ | مكية |
| الروم | ٣٠ | ٤٠٤ | مكية | القلم | ٦٨ | ٥٦٤ | مكية | قريش | ١٠٦ | ٦٠٢ | مكية |
| لقمان | ٣١ | ٤١١ | مكية | الحاقة | ٦٩ | ٥٦٦ | مكية | الماعون | ١٠٧ | ٦٠٢ | مكية |
| السجدة | ٣٢ | ٤١٥ | مكية | المعارج | ٧٠ | ٥٦٨ | مكية | الكوثر | ١٠٨ | ٦٠٢ | مكية |
| الأحزاب | ٣٣ | ٤١٨ | مدنية | نوح | ٧١ | ٥٧٠ | مكية | الكافرون | ١٠٩ | ٦٠٣ | مكية |
| سبأ | ٣٤ | ٤٢٨ | مكية | الجن | ٧٢ | ٥٧٢ | مكية | النصر | ١١٠ | ٦٠٣ | مدنية |
| فاطر | ٣٥ | ٤٣٤ | مكية | المزمل | ٧٣ | ٥٧٤ | مكية | المسد | ١١١ | ٦٠٣ | مكية |
| يس | ٣٦ | ٤٤٠ | مكية | المدثر | ٧٤ | ٥٧٥ | مكية | الإخلاص | ١١٢ | ٦٠٤ | مكية |
| الصافات | ٣٧ | ٤٤٦ | مكية | القيامة | ٧٥ | ٥٧٧ | مكية | الفلق | ١١٣ | ٦٠٤ | مكية |
| ص | ٣٨ | ٤٥٣ | مكية | الإنسان | ٧٦ | ٥٧٨ | مدنية | الناس | ١١٤ | ٦٠٤ | مكية |

## عَلَامَاتُ الوَقْفِ وَمُصْطَلَحَاتُ الضَّبْطِ

م تُفِيدُ لُزُومَ الوَقْفِ

لا تُفِيدُ النَّهْيَ عَنِ الوَقْفِ

صلى تُفِيدُ بِأَنَّ الوَصْلَ أَوْلَى مَعَ جَوَازِ الوَقْفِ

قلى تُفِيدُ بِأَنَّ الوَقْفَ أَوْلَى

ج تُفِيدُ جَوَازَ الوَقْفِ

∴ ∴ تُفِيدُ جَوَازَ الوَقْفِ بِأَحَدِ المَوْضِعَيْنِ وَلَيْسَ فِي كِلَيْهِمَا

ه الدِّلَالَةُ عَلَى زِيَادَةِ الحَرْفِ وَعَدَمِ النُّطْقِ بِهِ

ه الدِّلَالَةُ عَلَى زِيَادَةِ الحَرْفِ حِينَ الوَصْلِ

ه الدِّلَالَةُ عَلَى سُكُونِ الحَرْفِ

م الدِّلَالَةُ عَلَى وُجُودِ الإِقْلَابِ

ه الدِّلَالَةُ عَلَى إِظْهَارِ التَّنْوِينِ

ه الدِّلَالَةُ عَلَى الإِدْغَامِ وَالإِخْفَاءِ

و ى ن الدِّلَالَةُ عَلَى وُجُوبِ النُّطْقِ بِالحُرُوفِ المَتْرُوكَةِ

س الدِّلَالَةُ عَلَى وُجُوبِ النُّطْقِ بِالسِّينِ بَدَلَ الصَّادِ

وَلَمَّا وُضِعَتْ بِالأَسْفَلِ فَالنُّطْقُ بِالصَّادِ أَشْهَرُ

~ الدِّلَالَةُ عَلَى لُزُومِ المَدِّ الزَّائِدِ

۩ الدِّلَالَةُ عَلَى مَوْضِعِ السُّجُودِ . أَمَّا كَلِمَةُ وُجُوبِ السُّجُودِ

فَقَدْ وُضِعَ تَحْتَهَا خَطٌّ

۞ الدِّلَالَةُ عَلَى بِدَايَةِ الأَجْزَاءِ وَالأَحْزَابِ وَأَنْصَافِهَا

وَأَرْبَاعِهَا

(٤) الدِّلَالَةُ عَلَى نِهَايَةِ الآيَةِ وَرَقْمِهَا .

## نیشانەکانی ڕێنووسی خوێندنەوە

. خاڵ (نوقتە)، نیشانەی دوای هاتنی ڕستە .

: دووخاڵ (دوونوقتە)، نیشانەی باس لێکردن و لێکۆڵینەوە .

، ویرگول، نیشانەی وچانێکی کورت .

؛ خاڵ بەند (نوقتەبەند)، نیشانەی مابەینی ڕستە و نیوە ڕستە،

یان مابەینی دوو ڕستە کە ماناکانیان پێکەوە تەواو دەبێ.

« » گیومە، نیشانەی گێڕانەوەی مەبەستێک بە زمانی کەسێکەوە.

! نیشانەی سەرسوڕمان ـ نیشانەی ڕووی قسە لێ کردن .

؟ نیشانەی پرسیار کردن و بەجێی خاڵ، لە پاش ڕستەی پرسیاری.

؟! نیشانەی پرسیاری سەرسوڕهێنەر .

( ) پەرانتێز، نیشانەی مانا لێدانەوە و ڕوون کردنەوە .

[ ] کرۆشە، نیشانەی ڕستە یا مەبەستێک جیاوازی .

ـــ کورتەخەت، نیشانەی جیاکردنەوەی مەبەستەکان .

... چەندخاڵ، نیشانەی کورت کردنەوەی مەبەست .

٥ نیشانەی وچانێکی سووک، کە وشەی لێ دەبێتە دووبارەوە.

**وەناوخودا کە دەهندەو دلۆڤانە**

خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ی کۆچی - هەتاوی (١٩٨٩ی - ز) بۆکە مامۆستا هەژار - هەزار درۆدو رەحمەتی خودا، لەسەر گیانی پاکو رۆحی بەرزی - بڕیاری دا، پاش مێژۆەکەی ئەردەلان، وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بەکوردی دەست پێ بکا.

پێشتر زۆرجاران دۆستانو بەردەستانی مامۆستا، بۆ ئەوکارە گەورەو گرانە، لێی پاڕابۆنەوەو رۆیان لێ خستبۆ؛ بەلاّم هەمۆجارێ وەرامی ئەو بلیمەتە هەر ئەوەندە بۆ کە: «کاکە! ئەوە گاڵتە نیە.»

لەسەرەتای ئەو ساڵەدا(١٣٦٨) بەداخەوە، نەخۆشیەکانی سەریان هەڵداوە؛ خۆی دەیفەرمۆ؛ «هەستم بەمردن کردۆە؛ لەژیانیش زۆر وەڕەزم؛ بەلاّم ئاواتو ئارەزۆ دوایی نایە. بریا ئەو مێژۆەشم تەواوکردایە.»

ــ قوربان! ئەگەر خودا بیکاو مەودا هەبێ، دڵی ئێمەش دێنیتە جێ؟

ــ جارێ بابزانین چۆن دەبێ.

بۆکەسێ مامۆستای ناسیبا، وەلاّمیوا دڵخۆشیەکی گەورەبۆ.

ئەو قسە مایەوە بۆ مانگی خەرمانان؛ تا ئەودەم لێکدانەوەو وێکخستنی مێژۆ، دوایی هاتبۆ؛ وەرگێڕانیشی لەنیوە تێپەڕ ببۆ. جارێ کە لە خزمەتی بۆین، باسی وەرگێڕانی قورئان هاتەپێشێ. لەجوابی ئەوپرسیارەدا کە: باشە قوربان! ئەگەر تۆ ئەوکارە نەکەی، کێ بیکا؟ فەرمۆی:«نازانم چۆن دەبێ؛ بەلاّم - لەسەرخودا - ئەمکارەم تەواوکرد، دەستیپێدەکەم. ئیدی چەندەم ماوە مابێو چەندیشی تێدا سەرکەوم، خوا ئەیزانێ.»

ئای لەو خۆشیە! ئەی خودا تۆبڵەی؟ ئاخۆ ئەمجارەش مامۆستا بەوێنەیێ کە تا ئێستا دیتۆمانە، سەردەکەوێ؟

بەڵێ راستە تا ئەورۆ، زمانو وێژەی کورد - لە پەخشانو وەرگێڕاندا - هاوتای هەژارو بگرە چەندقات لەو خوارتریشی بەخۆوە نەدیوە، بەلاّم «طاها حسین» گوتەنی:«قورئان، قورئانەو بەس»؛ بەڕاستی ئەمکتێبە بۆخۆی کارێکی جیاکارە. سەبارەت بە مێژۆ، رامیاری، ئابۆری، خدەو نەریتو حقۆقو... باس دەکاو ئەدەبیاتێکی یەکجار بەهێزو سەیری تێیدا خولقاوە. مامۆستا ئەوی تائێستا دەستی بۆ بردۆە وەریگێڕێ - فارسی یان عەرەبی - لە تەواویدا، قەڵەمەکەی خۆی بەقەوەتتر دیتۆەو بەسەرمەبەستەکەدا زاڵ بۆە. جا هەر بەو بۆنەوە شێوەی وەرگێڕانی ئازادی هەڵبژاردۆەو بە زەوقو رای خۆی، ئەگەر لە شوێنێکدا بەپێویستی زانیبێ، رازاندۆیەتەوەو لقو پۆی جوانی لێ زیاد کردۆە. ئەگەریش لە لایەکەوە چەوتی دیتبێ، راستیکردۆتەوەو زبڵو زیادیەکی بەرچاوکەوتبێ، لێی سڕیوەتەوەو چۆنی ویستبێ، ئەسپی رەسەنی قەڵەمی، لەدەشتی پانو بەرینو رەنگینو زەنگینی وێژەوانی کوردیدا،تاوداوەو تێیدا گەڕاوە؛ لێرەدا ئەمباسانە نیە!

با ئەوەشمان لەبیر نەچێ، هەروا کە بۆ زانینی رادەی هێزو قەوەتی شان و باسکی پاڵەوانێک، دەبێ ئەزموونێکی وای بۆ دانێین کە ئەوپەڕی زۆرو توانی خۆیمان بۆ دەرخا، دەنا بە تاقیکردنەوەی سووک و هاسان، هیچمان بۆ روون نابێتەوە؛ سنووری بڕست و بڕشتی قەڵەمی مامۆستا هەژار لە وەرگێڕاندا، بەوی تا ئێستا کردوویە، دەرناکەوێ. لە هەموو ئەوکارانەدا ئاشکرایە کە وەرگێڕاوەکە زۆر سەرکەوتووترەو نووسراوەی ماکی هەر زوو بەجێ هێشتووە. کە وابوو وەرگێڕانی قورئان بەو قەڵەمە، هەلێکی تایبەتیەو قەت دووپاتە نابێتەوە؛ ئاخر بە بڕوای خاوەنی قەڵەمەکە، ئەو قورعانە، لەتەشقی عاسمانەو دەستی کەسی ناگاتێ و بۆی نابێ لەچاوی ئەو، کاری خۆی لەبەرچاوبێ. بەو بڕوایە، ئێستا کە مامۆستا رەزای داوە خۆی لێبدا، دیارە ئەوی لە زەوق و زانین و هەست و توانین لایە، وەکاری دێنێ و هیچی تێدا بۆ هیچ کاتێکی تر و کارێکی تر، ناهێڵێتەوە.

بریا بمانزانیبا ئەمجارە چ فیکرێکی بۆدەکاتەوەو بماندیبا ئەمکارە چی لێ دەردەچێ.

پاییز لە نیوەیدابوو، کاری مێژوو دوایی هات؛ بەڵام مامۆستا تەواو خۆی ماندوو کردبوو؛ دڵەکوتەیەکی حەستەمی تووش ببوو؛ دووجاریش خوێن رشابووەوە. وەک بڵەی ئەوهەمکە مەینەتەی ساڵانی عومری، وردە وردە لە ناخیدا بوونەتە دمەڵێک؛ کەوا ئێستا دەمی کردووتەوەو خوێن هەڵدەداتەوە. یان هەموو ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی رابردووی ژیانی، کۆبوونەتەوەو روویان کردووتە ناخی و ئەو دڵەکوتە حەستەمەیان بەرهەم هێناوە.

بەوحاڵەش لە سەرەتای سەرماوەزی ئەوساڵەدا، مامۆستا - لەسەر بڕیارێ کە دابوی - کاری گەورەو گرانی وەرگێڕانی قورئانی بەزمانی کوردی دەسپێکرد؛ بەڵام چۆن دەسپێکردنێک؟! هەمووڕۆژێ تا سەری شەوان و هەموو شەوێ تا بەری بەیان، دەستی، قەڵەمەکەی لە ئامێز گرتبوو؛ پێکەوە نووسابوون و بەسەر پەڕی قاقەزاندا سەمایان دەکرد؛ نە وچانێک و نە پشوودانێک. ئەگەر کاتی ژەمەن ئەگەییشت، دادەمەعسووم[1] نان و پێخۆرێکی لەسەر قاپێ دادەناو بەهێمنی لەپاڵ دەستیەوە دادەنیشت. پارووێکی چکۆلەی بۆدەگرت و بەم وێنە چەن پارووێک نانی دەخوارد؛ راستت دەوێ قەت نەیزانی سوێربوو یان کەمخوێ، تاڵ بوو یان شیرین، خۆش بوو یان ناخۆش!

خواردنەکە بەم وێنە بەڕێوە دەچوو؛ دژوار، پێک هاتن لەسەر سات و کاتی نووستن بوو. دوکتور دیانگوت: «لای کەم شەش ساعەت نووستنی نیازەو لەوە کەمتر، زۆری زەرەر هەیە. سەعاتی یازدە تا پێنجی بەیانیش، باشترین کاتی خەوە.» خۆی دەیفەرموو: «هیچی وانیە! ئەگەر بەقسەی ئەو دوکتورانە بکەم، دەبێ لەترسی مردن، هەر دەخەو راچم و مردووی زیندووبم؛ تا ئەوکاتەی کە بەڕاستی دەمرم!»

پاش کێشەو رجایێکی زۆر، لەسەر چوارسەعات پێک هاتین؛ ئەویش تەنانەت تاقەشەوێکی بەڕێوە نەبردو هەموو شەوێک بەجۆرێک خۆی لە نووستن دەبواردو خەریکی

---

١ - خێزانی بەوەفاو مێهرەوانی مامۆستا.

نوسین دەبۆ. سەری شەو چورتێکی دەداو هەڵدەستاوە؛ ئەمجار تا کازێوەی بەیان باوێشکێکی نەدەدا.
ــ مامۆستا گیان! بۆ ئەمەندە خۆت ئازار دەدەی؟ باشتر نیە هێندێک هێدیتر خەریک بی؟
ــ برای بابم! هەوداکە ناسک بۆتەوەو مەودا زۆر نیە. توخوا لێمگەڕێن بەڵکۆ کارەکەم تەواوکەم.
بەم وێنە هێشتا گەلاوێژی ساڵی ٦٩ هەڵنەهاتبۆ، دوایین کاری مامۆستا دوایی هات و هەر بەدەنگی خۆی لەسەرشریت تۆمارکرا.[۱] یانێ کەمتر لە نۆمانگ!
کەسێ جارێ هەمۆ قورئانی خوێندبێ، دەزانێ کە هەر نوسینەوەی سی جزمی، ساڵێک دەبا؛ بێرەدیار وەرگێڕانەوەی؛ ئەویش چتۆ وەرگێڕانێک؟! خوێنەری هێژا بەخوێندنەوەی تاقەدێڕێکی تێدەگا کە شتێکی ئاسایی نیەو تاقانەیەکی بەرکەتی و جیاوازە. لە زۆر شوێنان هەستدەکەی فریشتانیش چاویان لەدەستی مامۆستا بۆەو پاپا بۆگن بزانن پۆشەنی کوردی بە بەژنی ئەم ئایەتە، چۆن دەڕازێتەوەو لەزۆر شوێنان بێ شک دەبی تەنانەت خوداش ئافەرینی لێکردۆە.
بەڵی وادیارە مامۆستا، بۆ ئەم ئاخرین بەرهەمەی، لە هەمۆ بیرو زانست و هزرو هەست و رۆح و گیانی، جەوهەرێکی پیرۆزی بەرهەمهێناوەو لەسەر قاقەزی رشتۆە؛ تا ببێتە هۆی مانەوەو پەرەساندنی زمانی کوردی و بەخۆداهاتنەوەو شانازی گەلی کورد.
بۆیەش وای لێ بەپەلە بۆ، نەوەک تۆشی چورتمێک بێت و کارەکەی ناتەواو بمێنێتەوە.
لێرەدا بۆ لێکدانەوەو باشتر ناسینی ئەم دیاریەی مامۆستامان، پێویستە چاوێک بە دەوروبەرماندا بگێڕین و بزانین - بۆ وێنە - لە زمانی فارسیدا، وەرگێڕانی قورئان لە چ قات و قۆناخێکدایە:
ئەمکارە لەو زمانەدا، مێژوێکی هەزارو سەدساڵەی هەیە.[۲] لەم هەمۆساڵانەدا، زیاتر لە ٣٠٠ جار عەرەبی‌زانە قورئان‌ناسەکانی فارس، دەستیان بۆ ئەوکارە بردۆەو هەمۆجارێ تێکۆشاون پاچفەیەکی بێ‌هەڵەترو لەبارتر بەرهەم بێنن. بەتایبەت لەم چەرخەدا، چەن وێژەوانی عەرەبی‌زانی فارسی زمان، وەکۆ: «ابوالقاسم پاینده»، «مهدی الهی‌قمشه‌ای»، «محمّدمهدی فولادوند»، «عبدالمحمّد آیتی»، «ابوالقاسم امامی»، «بهاءالدین خرمشاهی» و... هەڵکەوتۆن کە هەرکام تا ئەوڕادەی لەوزەی زانست و قەوەتی قەڵەمیاندابۆە، لەممەیدانەدا تێکۆشیون و وەرگێڕاوەیەکی تازەیان

---

١- مەبەست لەم کارە، ئەوەبۆ کە: لەکاتی نۆسینەوەو خوێندنەوەو بەڕامبەرکردنەوەیدا، لە هەرکوێ پێویست بۆ، گوێ بۆ گفتی دانەرەکەی بگرین و وەک دەلێن: نوێژی شکدار نەخوێنین. لەڕاستیشدا هەرچەند زۆر خراپ تۆمار کراوەو دەنگەکە زۆر کزو لاوازە، بەڵام بەهرەی فرەی پێگەیاندین و هۆی دڵدامەزرانێکی یەکجارگەورە بۆ.
٢- بڕوانە بۆ «قرآن کریم»، بهاءالدین خرمشاهی، لاپەڕەی ٦٦٦.

وەدی هێناوەو وەک نهۆمێکی نوێ، لەسەر ئەو بناغە مێژینەیان داناوەو بەم جۆرە ئەو کۆشکە بەرزو بەرچاوەیان بەوێنەیەکی بڵیندترو لەبارتر رازاندۆتەوە. ئەڵبەت لە سەرۆی هەمۆانەوە، وەرگێڕاوەی جوان و بێ گرێ و رەوانی مامۆستای زانای زانستگا، ئوستاد «فولادوند» ە کە ماوەی سی (٣٠) ساڵ لە ژیانی خۆی لەسەر داناوەو پاشانیش کۆمەڵێک پێنج - شەش کەسی لە قورئان زانەکانی ئێران، سێ ساڵی رەبەق پێدا هاتۆنەوەو - وا کە نۆسیویانە - هەڵەو پەڵەیان لێ سڕیوەتەوەو لەساڵی ١٣٧٤ی کۆچی - هەتاوی (١٩٩٥ی - ز) لەچاپیانداوە.

بەڵێ راستە کە مامۆستا «فولادوند» هەمۆ کاری پێشینانی لەبەر دەستدا بۆەو تەنانەت - وەک خۆی دەفەرموێ - لەگەڵ پاچڤە ئینگلیسی و فەرانسی و ئوردوەکانیشدا بەرامبەری کردۆتەوەو تا ئەوڕادە پێ دڵنیایە کە دەڵێ:

«گر بگویم سخنم الهام است      پیش وحی ابدی بی‌ادبی است»

بەڵام بۆ کاری وا هەیەو شتێکی ئاساییە کە لەو وردەکاریانەدا، جاروبار پای قەڵەمی خلیسکابێ؛ یان پاژێک لە مەبەستەکە، خۆی لێ حەشاردابێ. کەوابۆ پێدا چۆنەوەولێکدانەوەی، لەلایەن چەن کەسی‌کەوە، بێ شک کارێکی پێویستەو مامۆستا «فولادوند» بۆخۆشی بەوکارە رازی بۆەو زۆریش سپاسی کردۆن. تازە بەوحاڵەش، تا ئەورۆ کە ئەو کتێبە سێ جار لە چاپ دراوەو هەرجارەش زۆر چەوتیان لێ سڕیوەتەوە، هێشتاش - ئەوی ئێمە دیتۆمانە - زیاد لە پەنجا هەڵەی وردو درشتی تێدا ماونەتەوەو بەرچاوی خۆی و گرۆی یارانی یاریدەری نەکەوتۆن.

کە ئەمەمان زانی، ئەگەر دیسان بیرێک لە بەرهەمەکەی مامۆستا هەژاری نەمرمان بکەینەوە، چەند تێ بینیەکی گرینگ خۆ دەنوێنن:

١ـ لەمێژۆی زمانی‌کوردیدا، مامۆستاهەژار بناغەدانەری وەرگێڕانی سی جزمی قورئانە.

٢ـ واکە گوتمان، مامۆستا لەبەر نەخۆشی و لەترسی ناتەواو مانەوەی کارەکە، زۆری لێ بە پەلە بۆ؛ هەشت - نۆ مانگ بۆ کاری وا، هێندە کورتە، ئەگەر کەسێ بڕواش نەکا، لۆمەی ناکرێ.

٣ـ بەداخەوە ناساغی و پاشان ئەجەل، مامۆستامانی ئەوەندە مۆڵەت نەدا، جارێکی پێدا بێتەوە؛ ناعیلاج ئەرکی گرانی ئەمکارە یەکجار دژوارە - لەسەر راسپێری خۆی - کەوتە سەر شانی مە.[1] راستەکەی ئەوەیە بەرێ نەماندەزانی کارەکە ئەوسەری لەکوێیەو بەدۆی خوێدا تاکوێمان دەبا.

---

١- ئاخرو ئۆخری گەلارێزانی ساڵی ١٣٦٩ی کۆچی - هەتاوی (١٩٩٠ی - ز) بۆ کە چۆمە خزمەتی مامۆستا. داگیرسابۆ، لەسەریەک دەکۆخی و نەفەسی سوار ببۆ. هەر دانیشتم، فەرمۆی: «ماجید! ئەوا بە مەعسۆم و عەبدوڵلاشم گوتوە (دادەمەعسۆم خێزانی و کاک عەبدوڵلا برای مامۆستا): قەڵەمێکی سۆرم بە کاک هادی [ مورادی] داوەو لێم داوا کردۆە بەدەس کۆلکەمەلاوە نەجاتم بدا! هەرکوێکی هەرچێکی پێدەکا، حەقی خۆیە. ئەتۆش لەسەرت بێ، «ئیدیت» و «ویرایش» و ئەو قسەقۆڕانەی خۆتی لێ زیادکەو چۆناوچۆنی ←

**ئێمە چمان کردوە؟**

بەشوێن کۆچی دوایی مامۆستادا، ئێمە کەسەر لەسەردڵ و ئەرک لەسەرشان ماینەوە؛ کەسەری ئەوەی کە: باش دەمانزانی چگەوهەرێکی بێوێنەمان لەدەس داوەو تازە کوا دایکی رۆژگار - بۆ زمان و ویژەی ئەم گەلە بەستەزمان و لێقەوماوە - رۆڵەیەکی وەها بێنێتەوە؟ ئەرکی ئەوەش هەر نەماندەزانی چۆن دەس بۆ کاری ئەو قورعانە بەرین و لەکوێوە دەستی پێبکەین! هەر وشەیەکی شوێنەوارێکی ئەو قەڵەمەیەو هەر دێرێکی یادگارێکی ئەو دەست و چاوانە؛ نە دڵ بڕوایی دەداو نە زەین هاوکاری دەکا.

هەرچۆنێک بۆ پاش ماوەیەک لێ بڕاین کە ئەم رچە بشکێنین و ناوی خودای لێ بەرین و خەریک بین. تا ئەودەم، کاک سەید ئەحمەد چوار جزمی نۆسیبوەوەو پێدابۆین و بەم شێوە دەستمان پێکرد:

١ـ بڕیارماندا - پێش هەمۆشتێ - بیخوێنینەوەو تێبگەین؛ دیارە تا باشی تێ نەگەییشتوین، ناتوانین دەست ببزێوین. جا ئەمە بۆخوی دۆباری لێ پەیدابۆ: دوای هێندێک خوێندنەوەو لەیەلیا ژیان، وا هۆگری بۆین، مەپرسە! دەبێ خۆت ببیە

---

→چاپیش، بۆخۆت دەزانی؛ ئەوە تازە کاری منی بەسەرەوە نەماوە.»

دڵم لەرزاو ئاوم لەچاو تزا؛ زانیم هەستی بە شتێک کردوە، دەنا لەو هەمۆسالانەی بەردەستی بۆم، بۆ دانەدانەی کارەکانی دەیفەرمۆ: «نەکەی دەستێکی تێ بەری و من بێ خەبەربم.» برێ جار پێدەکەنی و بەگاڵتەوە هەڵیدەدایە: «دەبێ هەر بزانم چت کردوە؛ جا با نەشزانم چت کردوە!»

گوتم: جا قوربان ئاوا بۆ؟ تا خۆت بە رەوای نەزانی، هیچ کارێک نابێ و ناکرێ. جا چۆن بێ پرس و رەزای خۆت، کەسمان دڵی بڕوا دەدا لێی بروانێ و پێیدەکرێ دەستی بۆ بەرێ؟

فەرمۆی: «ئەوقسانەی ناوێ؛ جزمێکم دا بە کاک هادی، بەچاوی رخنەگری چاوێکی لێکاو لەگەڵ قورئاندا بەرامبەریکاتەوە؛ ئەوەتە هێناویەتەوەو دەبینم هەرکوێکی دەستی لەسەر ناوە، بەجێگەیەو هەر پێشنیارێکی هەیە، حیسابیە. ئێستا من سەفەرێکی دۆرم لەبەرەو وێدەچێ زۆریشم پێ بچێ. با کاک ئەحمەد[ سەعادەتی] بەو وێنە وەستایانەیە خۆی دەیزانێ، لەسەرڕا بینۆسێتەوەو ئێوەش کاری خۆتان بکەن. منیش ئەگەر گەڕامەوەو ماوەم مابۆ، کارەکەتان دەبینمەوە؛ ئەگەریش ئەجەل نەیهێشتم -کە پێم وانیە بمهێڵێ- بەگوێم بکەن، ئارخەیانم.»

سەرم داخست و تاسم کرد؛ زانی پیسی پێ پێکاوم، باری قسەکەی گۆڕی و چوە سەر قسەو باسی تر.

چەن رۆژ لەودوا مامۆستا چۆ بۆ ئورۆپاو نزیک سێ مانگێک مایەوە؛ لای مانگێکی لە نەخۆشخانە نۆستبۆ. هاتەوە چۆمە خزمەتی. زۆر وەڕەز بۆ؛ دەیفەرمۆ: «ئەوی پێم خۆشە، لێمیان قەدەغە کردوە. جا ئەگەر پیاو نەخوێنێتەوەو نەنۆسێ، ژیان کوا فلسێ دێنێ؟» ئەوجار لەبەر خۆیەوە ئەم بەیتەی «مەحوی» خوێندەوە:

«بەجێ ماوم لە یاران نابەجێ ماوم ئەجەل زوبە!
بەمردن لەم قوسوری ژینە ئیستیعفانەکەم چبکەم»

هەواڵی و لە حاڵی ئێمە بزانی. لەولاشەوە کەمەکەمەو بەرەبەرە، ویژەو گفتی وا خۆیان نیشانداین، کە هەر نەمانشنەفتبۆن. ئەڵبەت زوربەی ئەمانە، بە تێگەیشتن لە مەبەستی ئایەتەکە، مانای خۆیان دەردەخستن؛ بەلام ئەوی کە دڵی پێ دابمەزرێ، ناسینەوەی ریشەو رەتەوەی وشەکەیە: لەکوێ دەیڵێن؟ وتەی سۆرتر یا سۆکتری کامەیە؟و... کە ئەوە بۆخۆی کارێکی لێ درۆس بۆ: دۆزینەوەی مانای راستو پڕبەپڕی ئەو گفتانەو لەپای رۆپەڕدا هێنانی؛ بۆ یاریدەی خوێنەرانو زۆترو باشتر تێگەیشتنیان. ئەوەش بزانین ئەگەر وشەیەک چەن مانای هەبۆە، لێرەدا هەر ئەو مانا یا ئەو مانایانەی هاتۆە کە مەبەستی رستەکەیەو کارمان بەسەر باقیەوە نەبۆە. زۆرمان پرسیو زۆریشی بۆگەڕاین؛ بەوحاڵەش - دوای ئەم هەمکە ساڵە - چەن وشە ماونەتەوە کە نایانزانینو بریتین لە: «بەلای بەلاتە»، «چوارنیخەکێش»، «داوەستاندن»و «ياربەيار».

جا ئەگەر خوێنەری زانا، شوێنو ناسنامەی ئەوانەمان بۆدەرخەنو بۆمانی بنێرن، چاکەیان لەبیر ناکەینو لە چاپی داهاتۆدا دیانۆسینو بۆ باشترین جواوەکانیش، لە بەرامبەر هەر وشەیەکەوە، بەرگێک لەم قورئانە پیرۆزە - بەدیاری - دەنێرین.

ئەمجار ئەگەر جاروبارە، برێ وشەی ساناو ئاسایی دەبینی مانامان کردۆنەتەوە، یان دەبینی کە وتەیەکمان لەچەن لاوە هێناوە، هەر لەبەر ئەو مەبەستەیە.

٢ــ لێکدانەوەو بەرامبەرکردنەوەی یەک بەیەکی ئایەتە کوردیەکان، لەگەڵ قورعانو وەرگێڕاوە فارسیەکانو تەفسیرە عەرەبیەکاندا.

خوێنەری زانا دەزانێ زۆر ئایەتیوا لە قورئانێدا هەیە کە قورعانزانەکان یەکجۆر مانایان لێنەداونەوە؛ ئێمە بۆ ئەم کارە، زیاتر لە دە تەفسیری جێمتمانەی عەرەبیو وەرگێڕاوەی هەرەباشی فارسیمان دیوە. بەتایبەت تەفسیری «کَشّاف»و «بَیضاوی»و «المَراغی»و «قاسمی»مان هەر دەبەر دەستێدابۆە.

٣ــ «ئیدیت» یان «ویرایش»ی ئەم وەرگێڕاوە: لەبەر ئەوەی مامۆستا لەم پاچڤەدا ئازاد نەبۆە، راستە لە زوربەی زۆریدا توانیویە رێزەکاری زانیاری، بە شیرینکاری ئەدەبی بنەخشێنێو ئەو دوانە - وەستایانەو زانایانە - وێکڕا تێکخا؛ بەلام لەبرێ شوێنیشدا ئەوەی بۆپێک نەهاتۆە. زیاد لەوە، جارو بارە رستەیەکمان بەرچاو دەهات کە دەگەڵ عەرەبیەکەیدا یەک نەبۆن. ئەڵبەت - وەک وتمان - ئەوە شتێکی ئاساییەو لە قەدرو قیمەتی ئەم کارە گەورە، کەم ناکاتەوەو کاری «ئیدیت» بەم بۆنەوە پەیدا بۆە. وەک دەڵێن: ئەگەر نۆسراوە، زیاتر لە دەیەکی نیازی بە گۆڕینو ئاڵوگۆڕ نەبێ، بۆ کار لەسەرکردن دەشێو تەنیا نۆسەرێ هیچ کاری بە «ئیدیتور» نیە، کە جارێ شتێکی نەنۆسیوە! بەلام قەڵەمی مامۆستا جیاوازە؛ فیلم دەوێ وشەیەکی دەستبۆبەریو رستەی گشتەک خاوەونەبێو کار تێک نەچێ؛ بەس چار چیە؟

جارێکیتر لەسەرڕا پێدا هاتینەوەو لەگەڵ قورعان بەرامبەرمان کردەوە. کە

دەبینین، زوربەی ئەوانەی وا لە عەرەبیەکەیان ناکەن، فەرقەکەیان لە تۆکلّی رستە یان مەبەستەکەدایەو کاکلّی مانا هەر یەکە. ئەگەر وایە، چماندەوە لە تێکولّ وەک یەک کردنەوەو چی تێدایە لەبەر ئەو شتە بێ بایەخە، کارەکە تێک وەمەکان دەین؟ ئەوی تێگەیشتوو زانایە، چاوی لەپوختەی مانایە؛ ئەوەش وا تێنەگەیشتوە، بەئێمە چاری ناکرێ.

ماوە باسی ئەو شوێنانە وا لەباری ماناوە، دەگەلّ قورعانەکە یەک نین. پاش سێ ودوّ کردنێکی زۆر، هاتینە سەر ئەو بڕیارە، هەر لەو گەنجینە کەلّک وەرگرین وا ماموّستا بۆمانی بەجێ هێشتوەو لەلامانە: دەریایەکی گەورە لە وشەو بێژەو مەتەلّۆکو لەبزو واتی وێژەیی و وێژەی تایبەتی و وتەی هەلّکەوتەو کوتەی پێشینانو قسەی نەستەقو نموّنەی بێ وێنەی یەکگرتنەوەی وێژەوانی و هەستی ناسکو بیری قوّلّو قەلّەمی مەلەوان؛ کە بە کوردیو کورتی، زمانێکی بێ گرێو پاراوی بەرهەم هێناوە. بۆچی ئێمە لەپالّ ئەم زریا بێ بنە، دەمتینوو ناهمێ، پەنجە هەلّپێکینو دەسەپاچە داکەفین؟

جا وەرە بگەڕەو هەر لە لەبزو وێژەی ماموّستا، ئی‌وا پەیداکە لێرەدا جێی خوّی بێو غەوارە نەنوێنێو غەریبی نەکا؛ واتە: ماناکە راست بێتەوەو کێشی رستەکە تێک نەچێو تامو چێژەی تایبەتی واتەی ماموّستاشی هەبێ.

ئەم کارە بەدەم هاسانەو کارێکی یەکجار گرانە؛ زۆرجار لەسەر تاقەوشەیەکی نەسولّح، چەن رۆژانو بگرە حەوتوّ، راوەستاوینو لە راستیدا داکەوتوین. زۆرجاریش لەبەر راستو پڕبەپڕ هێنانەوەی تاقەئایەتێک، لەسەررا هەموّ قورعانە کوردیەکەمان پشکنیوە. مەگەر خوا بزانێ چەن جار ئاخمان لە ناخەوە هەلّکێشاوەو پڕبەدلّ «بریا ماموّستا بوّبا»مان گوتوە.

**تایبەتیەکانی ئەمکارە**

لەماوەی ئەو چەن سالّەدا کە ئەم وەرگێڕاوە جوانە، ئاودەنگی ژیانمان بوّە، چەن تێ بینیەکی جێ تێ ڕامانمان تێدا دیوە؛ کە بریتین لە:

١ـ پێشەکی لەبیرمان بێ کە ئامانجی گەورەی ماموّستا، پەرەدان بە زمانو فەرهەنگی کوردی بوّ؛ بەوێنەیەک کە لە هەموّ کارەکانیدا حەولی هەوەلّی پێک هێنانی زمانێکی یەکگرتوّی پەرەساندوّ بوّ. یەکجار لە شەڕەگەڕەکو هەر خوّ بەکورد زانینو باقی کوردی ئەو ولّاتە پەرژو بلّاوە، بەچاوی غەوارە لێ ڕوانین وەڕەز بوّ. کەسێ پێشەکی «شەرەفنامە»و «مەلای جزیری»و «هەنبانەبوّرینە»ی خوێندبێتەوە، لەم بڕوا بنەڕەتیەی ماموّستا ئاگادارە.

لێرەشدا وێژەوانە دلّسوّزەکەمان، بەوێنەیەکی زوّر بەرچاو، شوێنی ئەو ئامانجەی گرتوەو بوّی تێکوّشاوەو تێیدا خوّی ماندوّ کردوە. لە زوّر ئایەتان وشەی کرمانجیو هەورامیو لەکیو لوری هێناوەو هێندەش جوانو بەجێ لەناو رستەکەدا جێگیر بوّگن، توّ ئێژی شوێنی هەزارسالّەی خوّیانە! تەنانەت لە زاراوەی سوّرانیشدا، وتەی سنەو

سارالّ و لەیلاخ و هەوشارو تیلەکۆو هەوەتۆو کەلاتەرزان و خورخورەو بێلەوارو گاوەرۆی وا خونجاندۆەو وەها رستەکەی پێ رازاندۆتەوە - وەک گوڵێ لە پۆپەی چڵێ - لەوە جوانترو خونجیلانەتر نابێ. زیاد لەوانەش زۆرن وشەی وا کە لە بنەرەت هەریەکن؛ بەلام لەوشوێنانەی دۆرو نزیکی کوردستان، وەک یەکیان ناڵێن. لێرەشدا دەبینین قەڵەمەکەی مامۆستا، هەرتاوێ بارێکی لێ خۆش دەکاو هەرساتێ ناوێکی لێ دەنێ و تا ئەوجێگەی دەستی داوەو پێی کراوە، هیچیانی لەبیر نەکروە.

٢ـ ئەم کتێبە بە وێنەیەکی بێ وێنە، لە گوتەی نامۆ پارێزراوە؛ تائەورادە کە لە سەرانسەری ئەم شەشسەدو چەن سەفحەدا، پەنجا وشەی عەرەبی یان رۆژاوایی نادۆزیەوە.

لەبیرمان بێ کە دۆزمانی کوردی و فارسی - لەباری زماناسیەوە - دۆچڵی لقێکن؛ وشەی وا کە رەسەنی هەردۆزمانەو تەنیا کەمێک لە وتندا جیاوازن، یەکجار زۆرن؛ کەوابۆ ناسینەوەی ریشەو بنەچەی فرەیەک لەو ویژەو واژە فارسی و کوردیانە، نەکارێکی وا هاسانەو نەش پێویستە. هەرچۆنێک بێ، وشەی وەها کە سۆر دیارە فارسیەو کورد نایژنی، لەم قورئانە بەکوردیە، بەدەگمەن چاوت پێکەوێ.

٣ـ لەقورئاندا وشەی وا هەن کە زۆرجاران دوپاتە کراونەتەوە. مامۆستا بۆ مانای فرەیەک لەمانە، یەک بەرامبەری دانەناوەو بە چەشنێکی زانایانە، لەزوربەی ئەو جێگایانە، وشەی وای بۆدابین کردوە، کە پڕ بەپڕی مەبەستی رستەکەیە. بەم وێنە جارێکی‌ترو جۆرێکی‌تر هێزو توانی زمانە شیرینەکەمانی پیشانداوە. بۆنمۆنە، وشەی «کافر» ئەم بەرانبەرانەی هەیە: «خوانەناس»، «سپڵە»، «دین‌دوژمن»، «خۆبەزل‌زان»، «لەدین‌لادەر»، «ناشکوری‌کەر»، «ئێرەیی‌بەر»، «لەرێ‌خوالادەر»، «بێ‌باوڕ»، «لەدین‌پەژیوان»، «پێ‌نەزان»، «حاشاکەر»و. . . یا بۆ وشەی «إذْ» لەسۆرەتی تەکویردا، «وەختێ»، «وێجا»، «لەوکاتەشا»، «هەلێ»، «کاتێ»، «هەرگاش»و «هەردەمێکیش»و«. . .ش»ی داناوە. جا ئەگەر خوێنەری هێژا، ئەمکارە لەل فارسیەکاندا لێک‌داتەوە، بۆی دەردەکەوێ‌و دەبینێ لەکوی یەکتر دەگرنەوە.

وشەی واش هەن کورد نیمانەو مامۆستاش گەرەکی‌نەوگە عەرەبیەکانی بنۆسێ؛ ناچار لەم شوێنانە - تارادەیەک - لەمانا دۆر کەتۆتەوە. وەک: «وَحی»، «عَدالَت»، «نِعْمَت»، «حُکم»و «نَفس»و...

٤ـ ئەوانەی کتێب‌و نامیلکەکانی مامۆستا هەژاریان - کەم یان زۆر - خوێندبێتەوەو هێندێکیش گوێیان وەزن‌و مۆسیقای کەلام لێکداتەوە، لەونۆسراوانەدا جۆرێک بەرامبەری‌و خۆش هاتنەوە لەسەر زارو زمانیان دیتۆەو بەرگوێ هاتۆە کە تایبەت بە خۆیەو جیا لە هۆنراوەو هەڵبەستە، لەهیچ پەخشانێکی‌کەدا بەرچاویان نەکەوتۆەو گوێیان لێ نەبۆە. لێرەشدا هەرهەوە؛ بەلام بەوێنەیەکی هەموانی‌و بەشێوەیەکی تانەیخوێنیەوە، نایزانی. بەلێ سەرانسەری ئەم پاچڤە، کێشدارەو مۆسیقای تایبەتی

هەيە ؛ كێشێكى بێگرێ و ڕەوان ، كە گوێى بەهەستى پێ دەسێتەوەو سەرنجى خوێنەرى خاوەن زەوق و هونەر ، بەرەوخۆى ڕادەكێشێ . لێرەدا - مشتێ لە دەشتێ - چەن ئايەتێک لەيەل «تەفعيل»ە كانيدا دێنينەوە :

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەوجا گوترا | زەميناوْت | هەڵقوڕێنە | بەرزايى بەس | ببارێنە | ئاوڕۆچوُبە | ناخى ئاخاو |
| - - - - | - - - U | U - U - | - - - - | U - - U | U - - - | - - - - |
| مفعولاتُن | مفاعيلُن | فاعِلاتُ | مفعولاتُن | مفاعيلُ | مفعولاتُ | مفعولاتُن |
| كارسەرى گرت | لەسەرجۆدى | لەنگەرى گرت | وتراتارن | ئەوانەى نا | هەقيكارن[1] | |
| - - U - | - - - U | - - U - | - - - - | - - - U | - - - U | |
| فاعلاتُن | مفاعيلُن | فاعلاتُن | مفعولاتُن | مفاعيلُن | مفاعيلُن | |

ئەمانە چەن تايبەتيەكى ئەم وەرگێڕاوە بەرزەبوُن كە ئێمە ڕەچاومان كردوُن ؛ خوێنەرى زيرەک و زانا ئەر خۆى ببێتە ئاواڵى و بيخوێنێ و ورديكاتەوە ، ڕەنگە زۆر نەخش و نيگارو شيرينكارى تريشى بەرچاو كەوێ . بەڕاستى وەختێ وەرگێڕاوەى مامۆستا لەپاڵ فارسيەكان - تەنانەت باشترينيشيان - دادەنێين ، هەيهۆى دەوێ ! و تازە تێدەگەين ئەم كارە چەندە سەركەوتوەو تاكوێ گەيشتوە . ئاخ ئەگەر زمانەكەمان ئەوڕۆكە لە جيهاندا ناسْرابا ، بێ شک ئەم پاشين يادگارەى مامۆستا ، نوبيلى ئەدەبى دەگرت .[2]

ئێستەش وا كە لەبەرچاوە ، پاشەڕۆژ ڕۆشنەو بەم ڕوُداوە گەورەى ئەدەبيە ، زمان و

---

١ - مامۆستاى هەستيارو بەناوبانگ «دكتر محمدرضا شفيعى كدكنى» لە كتێبى بايەخدارى «موسيقى شعر»دا ، مۆسيقاى شيعرو هۆنراوەى كردوُتە چوار بەشەوە : ١) قەراخى ، واتا : «رديف»و «قافيه» . ٢) دەروُنى ، واتا : هاودەنگ بوُن و وێک هاتنەوەى پيتە دەنگدارو بێدەنگەكان . ٣) تێكولى ، واتا : كێشى عەروُزى . ٤) مانايى ، واتا : خشڵ و زەنبەرە «بديعى»يەكان .
شياوى باسە لەم وەرگێڕاوەدا ، هەرچوار جۆرى ئەو مۆسيقايانە دەبينين . زياد لەوەش ، وێک هاتنەوەى پيت و وشەى ئاخرى ڕستە ، واتا : «سجع»مان هەيە ؛ كە تايبەت بە پەخشانەو لێرەدا ، لە زۆر جێگايان خۆ وەبەرچاو دەخەنەوەو پاچقەكە دەڕازيننەوە .
ديارە هەڵدەگرێ و پێويستە بۆ تەواو ڕۆشن بوُنەوەى ئەم خاڵە لەم وەرگێڕاوە ، كتێبێ تايبەتى بنوُسرێ ؛ كە هيواداريين هەستيارانى زانامان ، لەداهاتوُدا ئەم كارەشمان بۆبكەن .

٢ - فارس دەڵێن : «تاووس»ت دەوێ ، دەبێ ڕەنجى هيندوُستان چوُنێ بكێشى ؛ بۆ جوان و بێ گەردو گرێ گەياندنى ئەم كتێبە بەدەستى خاوەنى خۆى - كە گەلى كوردە - سەردوگەرمى زۆرمان كێشاو تاڵ و سوێرى زۆرمان چێژا ؛ كەگێڕانەوەى لەم شوێنەدا ناگونجێ و بڕێكى هەر دەس لێ نەدانى چاترە !
بۆ وێنە ، قەراربوُ چاپەمەنى «سرۆش» ئەم كتێبەمان بۆ چاپ كاو دوساڵيش مەوداى بۆداندرا . چوارساڵان تێپەڕى كردو ئيجازەى چاپ وەرنەگيراو كارەكە هەروا مايەوە . ئەمجار لەوێ گرێ بايەک هەڵيكردو گۆڕانێكى واى بەسەرهات ، خۆم پێ نەگيرا ؛ جێم هێشت و سرۆشى كوردى داخرا . لەسەر ئيزنى مامۆستاو بنەماڵەكەى ، بڕيارمدا لە شوێنێكى تر چاپيكەم . لەو عانە كە لەيەل شوێنێكى جێ بڕوا پێک هاتبوين و كار خەريک بۆ جێ بەجێ ←

وێژەی کورد، لە هەمۆ داوی نەیاران دابین‌بۆەو تازە وا بنجی داکوتاوەو پۆی هەڵداوە، بەهیچ گێژەلۆکەو هەرەس‌و سێلاوێک، نانەوێ‌و لەبن نایە.

لە مێژۆی وێژەی جیهاندا، دانەدانەیەک شاکاری وا هەڵکەوتۆن کە تێپەڕینی ساڵ‌و مانگ، لەبیری نەبردۆنەوەو بۆنەتەهۆی مانەوەو پەرەساندنەوەی زمانەکیان. وەک: «دیوان حافظ»، «گلستان سعدی»، «فاوست گوتە»، «هەژاران هۆگۆ»، «کمدی الهی دانتە»، «رۆمانەکان شیکسپیر»و... ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە ئەم قورئانە کوردیە، یەکێکە لەو شاکارانە.

جا لەمێژە بەڵای یەکجار گەورەی گیانی زمان‌و فەرهەنگەکەمان، خۆبەکەم‌زانین‌و لەخۆناهمێ‌بۆنمانە. زۆرمان دیۆن - لەبەر ئەودەردەگرانە - لەتەک منداڵانیان بەکوردی قسەناکەن! ئێمە مردۆ، ئێوە زیندۆ؛ چاوی‌لێکەن چەن ساڵی‌تر، با ئەم‌قورئانە کوردیە ماوەیەک لەسەر دەست‌و دەم‌وزاری خەڵکەوە دەسەودەس‌و دەمەودەم بێ، کەس‌نابینی خودا گوێی ساقی پێدابێ‌و بیبیسێ‌و گەشەی پێ‌نەکاو بەشانازیەوە زاروزێچی خۆی تێ‌نەگەیێنێ‌و بۆ فێربۆنی‌و فێرکردنی، بەدڵ‌وگیان تێ نەکۆشێ.

ئێستەش ئێمەین‌و ئاواتێک‌و داخوازێک:

بەئاواتین گیانی پاکی مامۆستامان لێ رازی بێ‌و کارەکەمان هەر بەو وێنەبێ وا لێمانی خواستۆە.

لەخوای گەورەش داواکارین کە ئەم بەرهەمە پیرۆزە ببێتە هۆی یەک‌دڵی‌و بەختەوەری گەلەکەمان. رۆحی بەرزی مامۆستاشمان، بە رۆحم‌و بەزەی خۆی شادکا.

موحەممەدهادی موڕادی          موحەممەدماجد مەردوخ‌روحانی

---

←بێ، بەرپرسی ئەودەمی سرۆش ناردیەسەرم کە: قورئانەکەی هەژارمان بدەیەوە.

سەرم سوڕما، چۆن ئەوی کە پێشتر بەڕاشکاوی دەیگوت: هیچ‌کارمان بەکوردی نابێ، ئێستا کەوتونەوە بیری؟!

پاش قسەلێ‌کردنێکی زۆر، پێک‌نەهاتین؛ هەڕەشەو گورەشەش هیچی لێ شین نەبۆ؛ کارمان کێشایە مەحکەمە. چەن ساڵ لە قرچەی تاوسان‌و سۆڵەی زۆسان، شارەوشارکەو لە مەحکەمەدا حازربەو لەخوار کورسی قازی وەک پیاوکوژو تاڵانچی‌و تاوانبار، رەپ راوەستەو نۆرەی قسەت هات، بەکورتی قسە بکەو راگەیێنە کە دز نیت‌و قەتیش دزیت نەکردۆەو ئێستەش گیرودەی ئەمانەتێکی وەهای،چاوی گەلێکی لەشوێنە.

لە ئاکامدا ئەگەر قازی پیاوێ پیاوانە نەبایاو دەرگای دڵی لەسەر حەق‌خوازی‌و حەق‌بێژی داخستایا، لێم قەومابۆ؛ بەڵام شوکور هێشتا پیاوەتی‌و جوامێری نەمردۆە. راستە دەڵێن: ئەگەر نەترسی، هەر تاقەجارێ دەمری؛ کە ترسای، هەرساتێ جارێ.

بەم‌جۆرە لەمانگی گوڵانی ساڵی ٧٩(مەی ٢٠٠٠)، ئاوکرا بەمل ئاورا. ئەڵبەت ئەوەشمان لەبیربێ، تائەوکاتە کاکە هادی بەیەکجاری‌و جارجارەش من، لەسەر ئەو کارەپیرۆزە کاری خۆمانمان دەکردو گوێمان نەدەداچدەبێ.

ماجد

ژمارە: ٣٢٥٩٥٤

کات: ١٣٧٩.٩.٢

## «بەناوی خوداکە دەهندەو دلۆڤانە»

## بەخۆمان ئەم قورئانەمان ناردۆتە خوار؛ هەر ئێمەش ئەیپارێزین

بەیاری خوا، سی جزمی ئەم کتێبە پیرۆزە، بەخەتی «عثمان طه» لەلایەن «یانەی چاودێری بەسەر چاپەمەنی قورئانی پیرۆز»ەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی «عاصم» لەسەر گێڕانەوەی «حفص»دا، بەرامبەر کراوەو کارنامەی ژمارە «١٦٧»ی بۆ داندراوەو بەپێی ئەوە، لەلایەن «وەزارەتی رۆشنبیری ئیسلامی»ەوە بە چاپەمەنیەکانی «احسان» و «تازەنگاه» رێ دراوە، وەرگێڕاوەکەی مامۆستا هەژاری لە بەرامبەرنێن و بازدە هەزاری، لە ئەندازەی وەزیری، بۆ هەوەڵ جار، لە چاپخانەی گەورەی قورئانی کەریم، لە چاپ دەن.

دیارە بۆ لە چاپ دانەوەی، مادەی تایبەتی پێویستە.

ومن الله التوفیق
سیدمحمد موسوی
معاون فرهنگی
٧٩/٨/٣٠


تەلەفۆن / فاکس: ٧٥٣٣١١٩ - ٢١ (٩٨+)

(س.پ): ١٥٨١٥/٣٦٥٩

Tazenegah Press@Hotmail.Com



نشر احسان

انتشارات تازه نگاه